ئان ماری سێلینکۆ *

# دێزیره

عەبدوڵڵای حەسەنزادە کردوویەتە کوردی


ناوی کتێب: دێزیره

نووسینی: ئان ماری سێلینکۆ

ترجمه به فارسی: مهدی علوی

وەرگێڕانی کوردی: عەبدوڵڵا حەسەنزادە

کامپیۆتەرو هەڵەبڕی: وەرگێڕ

دیزاین: مینا سوڵتانزادە

ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی گشتی:




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕادەی چاپکراو: ٢٠٠٠ دانه
چاپخانه:

## پێشبار

ئەوه چاپی کوردیی ڕۆمانی "دێزیره" نووسینی نووسەری به ڕەگەز ئوتریشی، خاتوو ئان ماری سێلینکۆ لەبەر دەستی خوێنەری بەڕێزدایه. بەپێویست دەزانم لەبارەی وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەو زمانی وەرگێڕانەکەیەوه هێندێ ڕوونکردنەوەی پێشوەخت بۆ خوێنەره کوردیزمانو کوردیزانەکان بخەمه ڕوو:

### لەبارەی نووسەرەوه

چونکه دەترسم هەرنەبێ بەشێک له خوێنەره بەڕێزەکان هەروەک خۆم تائێستا کەمتر لەگەڵ ناوو ژیاننامەی نووسەری ئەم ڕۆمانه ئاشنا بووبن، حەز دەکەم کورتەیەک لەبارەی ژیانی ئەو خانمەوه باس بکەم.

خانمی ئان ماری سێلینکۆ ڕۆژی یەکەمی مانگی سێپتامبر(ئەیلوول)ی ١٩١٤ له بنەماڵەیەکی به ڕەگەز جوولەکەدا له شاری ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش (نەمسا) لەدایک بووه. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی هەر لەوشاره تەواو کردوەو دوایه له زانکۆی ڤییەن لیسانس (بەکالۆریۆس)ی له زمانو مێژووودا وەرگرتوه. هەر ئەوکاته که



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێندکاری زانکۆ بووە بەدەم خوێندنەکەیەوە کاری ڕۆژنامەنووسییشی کردوە. ساڵی١٩٣٧ یەکەم ڕۆمانی بەناوی "ئەمن کچێکی ناشیرن بووم" بە زمانی ئەڵمانی بڵاو بۆتەوە کە ساڵی ١٩٥٥ لە ئەڵمان کراوەتە فیلم.

پاش ئەوە مێردی بە دیپلۆماتێکی دانمارکی کردوەو ساڵی ١٩٣٩ لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی دووەمی جیهانیدا بۆتە پەنابەری دانمارک. ساڵی ١٩٤١ دووەمین کتێبی بە ناوی "سبەی هەمیشە باشترە" بڵاو بۆتەوەو ساڵی ١٩٤٣ سێیەمین بەرهەمی بە ناوی "مێردەکەم ئەمڕۆ ژن دێنێ" لە چاپ هاتۆتە دەرێ. هەر لەساڵی ١٩٤٣دا دوای هێرشی ئەڵمان ناچار بووە لەگەڵ مێردەکەی لە دانمارک ڕابکەنو پەنا بۆ وڵاتی سوێد بەرن.

سێلینکۆ لە سوێد لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی خاچی سوورو هەروەها وەک هەواڵنێر بۆ ڕۆژنامەکان کاری کردوە. هەر لەو ساڵانەدا دایکیو خوشکی لە ئۆردووگای نازیەکان کوژراون.

بەناوبانگترین کتێبی سێلینکۆ ڕۆمانی بەر دەستتان "دێزیرە"یە، کە ساڵی ١٩٥١ بڵاو بۆتەوە. ئەم ڕۆمانە ژیانو بەسەرهاتی یەکەمین ماشووقەی ناپلیۆن بوناپارت بەناوی دێزیرە کلاری کچێ هەریرفرۆشێکی خەڵکی "مارسەی" لە فەڕانسە دەگێڕێتەوە کە سەرەنجام بۆتە شاژنی وڵاتی سوێد. ئەم کتێبە کە بە زمانی ئەڵمانی نووسراوە بە ماوەیەکی زۆر کورت بە چەندین زمانی زیندووی دنیا وەرگێڕدراوەو سێلنکۆی کردۆتە یەکێک لە نووسەرە ناودارەکانی جیهان.

ئان ماری سێلینکۆ ٧١ ساڵ ژیاوەو ڕۆژی ٢٨ی ژووئیە(تەمووز)ی ساڵی ١٩٨٦ لە شاری کۆپێنهاگ پێتەختی وڵاتی دانمارک کۆچی دوایی کردوەو هەر لەو شارەش نێژراوە.

### لەسەر وەرگێڕانی ئەم کتێبە

وەک لەپێشەوە گوتم ئەمن تا هاوینی ڕابردوو نە ڕۆمانی دێزیرەم دیتبوو، نە تەنانەت ناوی نووسەرەکەشیم بیستبوو. لە سەفەرێکی هاوینی ڕابردوودا دوو هاوڕێی خۆشەویستم؛ کوێستان گادانی لە نۆڕوێژو موحەممەد ئیسماعیلی لە سوێد –نازانم ئاگایان لێکتر هەبوو یان نا– هەرکام بەجیاو بە پێداگرتنەوە تکایان لێکردم "دێزیرە" بکەمە کوردیو ئەمنیش بێدڵیم نەکردنو بەڵێنم پێدان. بەڵام چونکە چاپی فارسیی کتێبەکە لە دەستدا نەبوو زەحمەتی پەیداکردنی کتێبەکەش هەر کەوتە سەر شانی خۆیانو زۆری نەخایاند کە بە هەردووکیان سێ "ترجمە"ی فارسیی کتێبەکەیان بۆ پەیدا کردم. ئەمن هەر بە گەیشتنی یەکەمین "ترجمە" دەستم پێکردو دوایەش بۆم دەرکەوت ئەگەر هەرسێکیشیانم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەر یەکەوە لەبەر دەست بایەن هەر ئەوەیانم هەڵدەبژارد. لەو پێوەندی‌یەدا بۆ هەموو زەحمەتەکانیان سوپاسی هەردووکیان دەکەم

**لەبارەی کارەکەی خۆشمەوە پێویستە هێندێک شت بڵێم:**

–ئەم کتێبە بە زمانی بێگانەو بەپیتی لاتین نووسراوەو ژمارەیەکی زۆر ناوی تێدان کە بۆ من نائاشنانو بەداخەوە "مترجم"ی فارسییش نووسینە لاتینی‌یەکەی دەگەڵ ناوەکان نەهێناوەو تەنانەت بۆخۆشی زۆرجار ناوێکی بە دوو جۆرو بگرە سێ جۆریش نووسیوە. بۆیە ئەمن ناچار بووم هەرناوێک دەگەڵی ئاشنا نیم بەو جۆرە بنووسم کە دەگەڵ "میزاجی کوردەواری"م سازگار بووە، بەڵام هەوڵم داوە ناوەکان لە هەموو جێیەک وەکیەک بنووسرێن. جا ئەگەر لە هێندێ جێگا ناوەکانم بە هەڵە نووسیبن داوای لێبووردن لە شارەزایان دەکەم.

–ڕۆمانەکە لە دەرێو بۆ دەرێو لەسەر دەرێ نووسراوەو بۆیە زۆر ناوو بەرناوی تێدان کە دۆزینەوەی بەرامبەری تەواویان لە زمانی کوردی‌دا لانی کەم بۆ من نەکهەر ئاسان، بەڵکوو کردەنییش نەبوو. بەناچار بۆ بەشێکیان هەر ناوە بێگانەکەیانم هێناوەو لە کۆتایی ئەم وەرگێڕانەدا هەوڵم داوە بە کورتە فەرهەنگۆکێک هەم ئەوانو هەم هێندێ وشەی کەمترناسراوی کوردی، یان بە ڕەگەز فارسیو عەرەبی ڕوون بکەمەوە.

بەو ئاواتە کە هەروەک فارسیی ئەو ڕۆمانە کەوتۆتە بەر دڵی منو دۆستەکانم، وەرگێڕدراوە کوردی‌یەکەشی سەرنجی خوێنەرانی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

**بەرەبەری نەورۆزی ١٣٩٤ (٢٠١٥)**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی یەکەم:

## کچێ هەریرفرۆشی مارسەی

### ١

بیستوومە هەر ژنێک ڕواڵـەتێکی ڕازاوەی هـەبێ، نەکـهـەر سـەرنجی پیـاوان ڕادەکێشێ بەڵکوو بە ویستەکانیشی دەگا، کەوایە ئەمنیش بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەم. بۆخۆم دەزانـم گـەورە بـووم بـەڵام هەڵـدانی جەسـتەم ئەوەنـدە بـەرچاو نیـەو بۆیـە بـە پێداچوونـەوەی بارودۆخی ڕواڵەتیو جلدەبەرکردنم نەکهەر هەڵدانو پێگەیشتنی خۆم دەردەخەم، بـەڵکوو نموودو نوێنگەیەکی پتریشی پێدەدەم.

نۆڤامبری ڕابردوو جێژنی چاردەیەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونمم گـرتو ئـەم دەفتـەری بیرەوەریـیـە جـوانو دڵگـرە دیـاریی بـاوکم بـۆ چاردەیـەمین جێژنـی لـەدایکبوونم بـوو، دەفتەرێک کە پێم خەسار بوو پەڕە سپیو جوانەکانی بە نووسینەکانی خۆم ڕەش بکەمەوە. قفڵێکی چووکەڵە کە لەسەر لێواری بەرگەکەی هەیە ئەو دەرەتانەم بۆ دەڕەخسێنێ کە وەک سندووقێکی چووکەڵە دایخەمو هەرچی تێیدایە بەدوور لە دەستوێڕاگەیشتنی خەڵکی دیکـە بۆخۆم، تەنیا بۆخۆمی ڕابگرم. تەنانەت ژوولیی خوشکیشم لەوشـتانە ئاگـادار نـابێ کـە لەسەر پـەڕەکانی دەنەخشێن. ئـەم دەفتـەرە دوادیـاری بـوو کـە لـە بـاوکی خۆشەویستمم وەرگرت. باوکم فڕانسوا کلاری بازرگانی ئاوریشـم بـوو و لـە بەنـدەری مارسـەی خـەریکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازرگانی بوو بەڵام مخابن دوومانگ لەمەوبەر بە ئازاری سیپەلاک بۆ هەتاهەتایە بەجێی هێشتمو بە تەنیای هێشتمەوە.

ئەو ڕۆژە کاتێک دەفتەری بیرەوەری‌یەکەی دیاریی باوکمم لەسەر مێزەکەو لەنێو دیاری‌یەکانی دیکەدا بینی، پرسیم:

–باوکە، چی لەم دەفتەرەدا بنووسم؟

–زەردەیەکی پڕخۆشەویستی ڕوخساریی داگرت، ماچێکی گەرمی نێوچاوانمی کردو بە جوانترین وشەکانو دڵگرترین دەربڕین وەڵامی دامەوە.

–بیرەوەری‌یەکانی هاونیشتمان بێرنادین ئووژنی دێزیرە کلاری.

بەڵام بەدوای ئەم قسەیەدا لەنەکاو ئەو زەردەخەنە گەرمو لەبەردڵانە لە ڕوخساری باوکم سڕایەوەو خەفەتێکی سارد جێگای گرتەوە.

ئەمشەو دەست بە نووسینی مێژوولکەی ژیانی لەمەودوای خۆم دەکەم چونکە ئەوەندە هەژاوم کە خەو لە چاوانم ڕەویوەو لەوانەیە بەم کارە ئارام ببمەوە. بەسپایی لە جێیەکەم هاتوومە دەرێو تەنیا ئاواتم ئەوەیە کە شۆقی لەرزۆکی مۆمەکەو با بڵێم دەنگی هەڵوەرینی فرمێسکەکانیشم، ژوولیی خوشکم کە نەختێک لەولاتر خەوتوە، وەخەبەر نەهێنن.

ئەوەی منی هەژاندوەو خەوی لەچاوان تەراندووم، بیری سبەینێیە. سبەینێ کە دەبێ دەگەڵ سۆزانی براژنم بچینە سەردانی ئالبیتو داوای لێبکەین کە وەک نوێنەری پارلەمان کۆمەگمان بکا تا ڕێگایەک بۆ ئازادکردنی ئەتینی برام بدۆزینەوە. دوو ڕۆژ لەمەوبەر، پۆلیس لەنەکاوو بێ سێودوولێکردن ئەوی گرت. ئێستاش ژیانی لە مەترسی‌دایە. بەڕواڵەت لە ڕۆژگاری ئێمەدا ئەوجۆرە ڕووداوانە ئەوەندەش جێی سەرسوڕمان نین. هەرچەند پێنجساڵ بەسەر شۆرشی مەزندا تێپەڕیوە بەڵام وەک خەڵک دەڵێن هێشتا شۆرش تەواو نەبووە. ئێستاش هەر ڕۆژەی سەری چەندینکەس لە مەیدانی گەورەی شار دەدرێتە بەر تیغی گیووتینو هێشتا چینی نەجیبزادەو دەستوپێوەندەکانیان ناتوانن هەست بە بێترسی بکەن. بەخۆشی‌یەوە ئێمە چونکە پێوەندیمان بە نەجیبزادەکانەوە نیە لەو نیگەرانی‌یە بێخەمین. باوکم هەمیشە خەریکی کاری خۆی بوو و بە هەوڵی شێلگیرانە دوکانە چکۆڵەکەی باپیرمی کردبووە یەکێک لە فرۆشگا گەورەکانی ئاوریشم لە مارسەی. ئەو پێش شۆرش وەک چاوەدێری کڕینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێداویستی‌یەکانی دەربار دیاری کرابوو و هێندێکیش مەخمەری ئاوریشمی شینی بۆ شاژن ناردبوو. دیارە ئەتینی برام دەیگوت پارەی ئەو مەخمەرانە هەرگیز نەدرا. باوکم هەرکات یەکەمین دانەکانی ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤی بۆ دەخوێندینەوە، چاوی پڕ دەبوون لە فرمێسکو دەگریا.

دوای مردنی باوکم، ئەتینی برام کارەکانی باوکمی وەئەستۆ گرت. پاش گیرانی ئەتین، ڕۆژێک ئاشپەزەکەمان ماری کە لەڕاستی‌دا بە دایەنی منیش دەژمێردراو هەرچی لە شاردا ڕووی دابایە ئاگای لێبوو، منی بردە قەراغێکو گوتی:

–ئووژنی! بیستوومە ئالبیت دێتە ئێرە، براژنت دەبێ بچێ بیبینێو بۆ ئازادکردنی ئەتین داوای یارمەتیی لێبکا.

ئەوشەوە لەسەر مێزی نانخواردن هەموومان خەفەتبار بووینو نەماندەتوانی چاو لەسەر دوو کورسی هەڵگوێزین، کورسیی باوکم لە تەنیشت دایکمو کورسیی ئەتین لە تەنیشت سۆزان. دایکم ڕێگای بە هیچ کەسمان نەدەدا لەسەر کورسیی باوکم دانیشێ. هەموو زەینو هۆشی من لەسەر ئالبیتو داخوازەکەمان لەو بوو،و لەبەر هەژانی زۆر هەویری نانەکەم لەنێو قامکانمدا دەگوشیو دەمکردە گرمووڵەی چکۆڵە. ئەم کارەی من سەرنجی ژوولیی ڕاکێشا، ئەو هەرچەند تەنیا چوارساڵ لەمن گەورەترە، بەڵام هەمیشە دەیەوێ بەرامبەر بەمن وەک دایەگەورە ڕەفتار بکاو فەرمانپێدانەکەی شێتم دەکا. ئەوشەوەش سەرەنجام خۆی پێڕانەگیراو بە تووڕەیی گوتی:

–ئووژنی! نازانی گرمووڵەکردنی نان کارێکی دزێوو ناپەسندە؟

بەبیستنی دەنگی ژوولی دەستم لەوکارە هەڵگرتو گوتم:

–ئالبیت هاتۆتە ئێرە.

ئەمجارەش وەک هەموو جارەکان هیچیان گوێیان نەدایە قسەکەمو ئەمنیش سەرلەنوێ دووپاتەم کردەوە:

–ئالبیت لە شارەکەمانە.

ئەمجارەیان دایکم ڕووی کردە منو پرسی:

–ئووژنی، ئالبیت کێیە؟

سۆزان نەکهەر هیچی نەدەگوت، لەوانە بوو گوێی لە قسەکانیشمان نەبێو لەحاڵێکدا سەری بەردابۆوە دەنکە فرمێسکەکانی بەردەبوونەوە نێو قاپی سووپەکەی. ئەمن بە سەربەرزی لە ئاگاداریی خۆمەوە وەڵامم دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئالبیت! باشه ئەو نوێنەری ژاکووبی (یعقوبی)یەکانی "مارسەی"یە. ئەو حەوتوویەک لێرە دەبێ‌و بەڕۆژ لە باڵەخانەی ئەنجومەنی شار دادەنیشێ. سۆزان دەبێ سبەینێ بچێتە سەردانی، بپرسێ بزانێ ئەتین بۆ گیراوەو بۆی ڕوون بکاتەوە کە گیرانی ئەو تەنیا هەڵەیەک بووە.

سۆزان لەحاڵێکدا چاوی بەفرمێسکی دەمنەوە بڕیبوون گوتی:

–بەڵام ئەو من وەرناگرێ.

دایکم بە دوودڵی‌یەوە گوتی:

–ئەمن پێم‌وایە باشترە لەجیاتی سۆزان داوا لە پارێزەرەکەمان بکەین بچێتە سەردانی ئالبیت.

هێندێ‌جار بەڕاستی لە ڕەفتاری ئەندامانی بنەماڵەکەمان بێزار دەبم، بۆ وێنە ڕفتاری خودی دایکم. ئەو ڕێگا بە هیچ‌کامێکمان نادا کارێک بێ دەست‌تێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەو جێبەجێ بکەین، ئەوەدەم مەسەلەیەکی ئاوا ژیانەکی (حەیاتی) کە بەڕاستی مەسەلەی مان‌ونەمانە دەداتە دەست پارێزەرێکی پیرو گەمژە. پێم‌وایە ئەمە تایبەتی دایکم نیە بەڵکوو هەموو گەورەکان هەر وان. بەهەرحاڵ بەڕاوێژێکی قایمتر لە پێشوو گوتم:

–ئێمە دەبێ بۆخۆمان بچینە سەردانی ئالبیت، بەتایبەتی سۆزان وەک هاوسەری ئەتین دەبێ ئەوکارە بکا. ئەگەریش سۆزان دەترسێ، ئەمن بۆخۆم دەچم ئالبیتی دەبینم‌و داوای ئازادیی کاکم دەکەم.

دایکم لەحاڵێکدا دەیەویست بە خۆخافڵاندن بە خواردنەکەیەوە گوێ‌پێنەدانی خۆی بەمن نیشان بدا گوتی:

–ئێستا کە وا ئازا بووی، بچۆ بزانم دێڵێ بچیە باڵەخانەی ئەنجومەنی شار یان نا؟.

–بڕوانە دایە! ئەمن پێم وایە...

–لێ‌وەبڕە! ئیدی نامەوێ لەم‌بارەیەوە گوێم لە هیچ بێ.

سۆزان کە بۆ دەمەساتێک سەرنجی بۆ لای ئێمە ڕاکشابوو، دووبارە سەری داخستەوەو دەنکە فرمێسکەکانی یەک لەدوای یەک تکانە نێو قاپی سووپەکەی.

دوای شێوخواردن ئەمن بەپەلە چوومە نهۆمی سەرێ تا بزانم پێرسۆن هاتۆتەوە یان نا، چونکە شەوانە دەرسی زمانی فەڕانسەی پێ‌دەڵێم. دەتوانم بڵێم ڕوخساری وەک ئەسپێکی پیر دەچێ، بەژنی زۆر بەرزەو لەڕادە بەدەر لاواز. دەبێ بڵێم ئەو تەنیا پیاوی مووزەردە کە دەی‌ناسم‌و هۆیەکەشی ئەوەیە کە سوێدی‌یە. دیارە هەر خوا دەزانێ ئەم وڵاتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتۆتە کوێی تۆپی زەوی، ڕەنگە لەجێیەک لە نزیک قوتبی شیمال بێ. پێرسۆن جارێکیان لەسەر نەخشە نیشانی دام بەڵام ئەمن وەک هەمیشە لەبیرم چۆتەوە. بەهەرحاڵ، باوکیشی لە ستۆکهۆڵم دوکانی هەریرفرۆشیی هەیەو ئەوان کڕینو فرۆشتن دەگەڵ دوکانەکەی ئێمەش دەکەن. بۆیە پێرسۆن بۆماوەی ساڵێک هاتۆتە مارسەی هەتا شێوەی کاروکاسبی بەتایبەتی بازرگانیی هەریر لە باوکم فێر بێ. چونکە هەموو کەس پێیگوتبوو تەنیا لە مارسەی دەتوانێ چەندوچۆنی ئەم کارە فێر بێ. ئەوە بوو کە ڕۆژێکیان سەروسەکوتی پێرسۆنی لاو لە ماڵەکەی ئێمە دەرکەوتو ڕۆژی یەکەم تەنانەت یەک وشەش لە قسەکانی حاڵی نەدەبووین. دیارە ئەو پێی وابوو بە فەڕانسەیی قسە دەکا بەڵام ئەو جۆرە فەڕانسەیی‌یە کەس نەیبیستبوو. دایکم پێی وابوو لەو ئاڵۆزبڵۆزی‌یەدا باشتر وایە پێرسۆن لەماڵی ئێمە بژی‌و هەربۆیەش لە نهۆمی سەرێ ژوورێکی بۆ ڕێکخست.

کاتێک گەیشتمە نهۆمی سەرەوە، هەروەک لە لاوێکی سەنگین چاوەڕێ دەکرا، هاتبۆوە ماڵێ‌و ئێمە دوو بەدوو لە ساڵۆنەکەی سەرێ دانیشتین. لەو وەختانەدا عادەتەن ئەو هێندێ وتاری ڕۆژنامەکانی بۆ دەخوێندمەوەو ئەمنیش کەموکوڕیی دەربڕینەکەیم بۆ ڕاست دەکردەوە. ئەو شەوەش وەک زۆر شەوی دیکە ئەمن نوسخەیەکی کۆنی بەیان‌نامەی مافی مرۆڤم دەست دایە کە زۆر لەمێژ بوو باوکم هێنابوویەوە ماڵێ. ئێمە هەریەکەی چەندین جارمان لە زمانی یەکترەوە گوێ بۆ گرتبوو چونکە بڕیارمان دابوو وشە بەوشە لەبەری بکەین‌و نێوەرۆکەکەی بە گیان‌ودڵ تێبگەین. روخساری سەرەئەسپیی لاوە سوێدی‌یەکە دۆخێکی جیددیی وەرگرتو گوتی ئێرەییت پێدەبەم چونکە سەربە نەتەوەیەکی کە بیروباوەڕی بەرزی وەک ئازادی، بەرامبەری‌و مافی سەروەریی گەلی نیشانی خەڵکی جیهان داوە. ئەو پاش ئەم وتارە کورتو جوانە لە پەنای من دانیشتو لێی زیاد کرد:

خوێنێکی چەند زۆر بۆ جێگیربوونی ئەم قانوونانەو هاتنەسەربەری نەمامی ئازادی ڕژاوەتە سەر زەوی‌و چەند خوێنی خەڵکی بێ تاوانیش کیژۆڵە ئووژنی! ئەم خوێنانە نابێ خەسار بنو بەفیڕۆ بچن.

پێرسۆن هەمیشە دایکمی بە "خاتوو کلاری"و منی بە "کیژۆڵە ئووژنی" بانگ دەکرد. دیارە چونکە بێگانەیە ڕەنگە گیروگرفتێک نەیەتە پێش ئەگینا بۆ هاونیشتمانانی فەڕانسە ئەو جۆرە بەکارهێنانە قەدەغەیەو هەموومان دەبێ بە "هاونیشتمان" ناو ببرێین. لەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتەدا لەنەکاو ژوولیی خوشکم هاتە ژووریّو لەحاڵێکدا بۆ ماوەی یەک خولەک بانگی دەکردمە دەریّ، ڕێنوێنیی کردم بچمە ژوورەکەی سۆزان.

سۆزان بەسەر مۆبڵەکەدا کووڕ ببۆوەو پەرداخێک خواردنەوەی بەدەستەوە بوو. باو بوو دەیانگوت ئەم خواردنەوانەو شەربەتەکانی بۆردۆ زۆر بەکەلکو وزەبەخشن بەڵام ئەمن هەرگیز ئەم شەربەتانەم نەخواردۆتەوە چونکە دایکم پێی وایە کچانی جحێڵ پێویستی‌یان بە وزەبەخش نیە. دایکیشم لە تەنیشت سۆزان دانیشتبوو و بە تەواوی دیار بوو کە هەوڵ دەدا زۆر جیددی خۆی دەرخا. ئەو هەرکاتێک دەیەویّ ئەم قەڵافەتە لەخۆی نیشان بدا بەپێچەوانە بیّتواناتر لە جارەکانی دیکە دیاری دەدا. شانە باریکو کووڕەکانی‌و ڕوخساری کە لەبن کڵاوی تایبەتیی بێوەژناندا چووکتر لە ئەندازەی خۆی دیاری دەدا دایکی بەستەزمان زیاتر وەک منداڵێکی هەتیوی بیّدەسەڵات دەردەخا تا بێوەژنێکی بەدەسەڵات. دایکم وەختێک منی دیت لەحاڵێکدا هەولّی دەدا ڕاوێژێکی قایم‌و بەدەسەڵاتانەی هەبیّ گوتی:

–ئێمە بڕیارمان داوە سبەینیّ سۆزان بچێتە سەردانی ئالبیتی نوێنەرو هەوڵ بدا چاوی پێی بکەویّ. هەروا ئەتۆش دەگەڵی دەچی ئووژنی!

سۆزان کە دەتگوت دەنگی دەرنایەو تەنیا وەک بۆڵاندن قسەی دەکرد گوتی:

–ئەمن دەترسم بە تەنیا بچمە نێو ئەو هەموو حەشیمەتە.

بە بیستنی قسەی سۆزان تیّگەیشتم کە شەربەتی بۆردۆش ئەوەندە وزەبەخش نیەو ورە ناداتە مرۆڤ، لەوانەشە بە پێچەوانە بنیادەمی تەمبەڵو خەواڵوو بکا. ئەوەی بە هیچ‌جۆر تیّی‌نەدەگەیشتم ئەوە بوو کە بۆچی ئەمن دەگەڵ سۆزان بچم نەک ژوولی کە لەمن گەورەتر بوو. دایکم لە کۆتایی قسەکانی‌دا گوتی:

–سۆزان بڕیاری داوە هەولّی ئازادکردنی ئەتین بداو ئەگەر ئەتۆشی دەگەڵ بی بۆی دەبێتە هۆی ئارامی‌و دڵگەرمی.

ژوولی بەپەلە لێی زیاد کرد:

–بەڵام ئەتۆ دەبیّ پێشی زمانی خۆت بگری‌و ڕێگا بدەی سۆزان قسە بکا.

لەوە زۆر خۆشحاڵ بووم کە سۆزان بڕیاری داوە بچێتە سەردانی ئالبیت. بەباوەڕی من ئەمە باشترین کاری گونجاوو تەنانەت تەنیا ڕێگەچارەی گونجاویش بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان هەمیشە بەچاوی منداڵێک سەیری منیان دەکرد، ئەمنیش هیچم نەگوت. دایکم لەحاڵێکدا لەجێی خۆی هەڵدەستا گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–سبەینێ بۆ هەمووانمان ڕۆژێکی پڕکار دەبێ، کەوایە باشترە چەندی بکرێ زووتر بخەوین.

بەپەلە چوومەوە سالۆنو بە پێرسۆنم گوت کە چزووپە دەبێ ئیسڕاحەت بکەم. ئەویش دەسبەجێ ڕۆژنامەکانی کۆ کردنەوەو بە نیشانەی ئەدەب سەری دانواندو گوتی:

–کیژۆڵە کلاری شەوێکی خۆشتان بۆ بەئاوات دەخوازم.

تازە گەیشتبوومە شیپانەی دەرگای چوونەدەر کە هەستم کرد ئەو لەبن لێوانەوە شتێک دەڵێ. سەرم وەرگێڕاو پرسیم:

–کاک پێرسۆن قسەیەکتان کرد؟

–دەمەویست بڵێم...

بەڵام قسەکەی تەواو نەکردو ئەمن لێی نزیکتر بوومەوە تا لە بوومەلێڵی ئێوارێدا بتوانم بەوردی ڕوخساری ببینمو بەڵکە مەبەستەکەشی لە هێڵەکانی ڕوخساریدا بخوێنمەوە. چونکە دەمەویست زووتر بڕۆم بنووم حەوسەلەی مۆمهەڵکردنم نەبوو. هەر دەمەویست ڕوخساری ڕاکشاوو درێژی پێرسۆن ببینم. ئەو لەسەری ڕۆیشت:

–تەنیا دەمەویست بڵێم... دەمەویست بڵێم ئەمن بەزوویی دەبێ بچمەوە وڵاتی خۆم.

–ها، زۆر بەداخم کاکە، بۆ؟

–دیارە ئەمن هێشتا لەو بارەیەوە شتێکم بە خاتوو کلاری نەگوتوە، چونکە نەمدەویست لە هەلومەرجێکی وادا سەرودڵی بگرم. بەڵام بۆخۆت دەزانی کە ساڵێک پترە لێرەمو لە بازرگانییەکەی ستۆکهۆڵمیش پێویستییان بەمن هەیە. دیارە بە هاتنەوەی بەڕێز ئەتین کارەکان دێنەوە سەر دۆخی ئاساییو ئەمن دەتوانم بچمەوە ستۆکهۆڵم.

ئەمە درێژترین وتار بوو کە تا ئەوکاتە لە زمانی پێرسۆنم بیستبوو. بەڵام تێنەگەیشتم بۆچی ئەو بابەتەی پێش ئەوانی دیکە دەگەڵ من دێنایە گۆڕێ. هەتا ئەوکاتە وام دەزانی کە ئەویش وەک ئەندامانی دیکەی بنەماڵە، من زۆر بەگرنگ وەرناگرێ بەڵام هەستم کرد کە وانیەو لەحاڵێکدا وەک خاتووونە گەورەکان دەگەڕامەوە سەر مۆبڵەکە، داوام لێکرد لە پەنام دانیشێو قسەکەی بکا. بەژنە بەرزەکەی وەک چەقوویەکی نوشتاوە دەچوو، دەستی لەسەر ئەژنۆیانی دانابوونو دەمتوانی تێمانەکەی لە ڕوخساریدا بخوێنمەوەو هەستم کرد کە نازانێ قسەکەی چۆن دەست پێبکا. بۆیە بەئەدەبەوە لێمپرسی:

–ئەرێ ستۆکهۆڵم شارێکی جوانە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دیاره بۆمن جوانترین شاری دنیایه! ئەو پارچه سەهۆڵانه که لەسەر ئاوەکانی مالار مەله دەکەن‌و ئەو ئاسمانه سپی‌یه که دەڵێی مەلافەیەکی سپیی تازەشۆراوەو ئەو زستانه زۆر درێژانەی.

بەو لێکدانەوەیه که له تاریفەکەیم هەبوو، نەمدەتوانی ستۆکهۆڵم به شارێکی جوان دابنێم‌و جگه لەوەش مەسەلەی ئەو پارچەسەهۆڵه سپی‌یانه که ئەو باسی دەکردن بۆمن ڕوون نەبوو. دوایه به سەربەرزی‌یەوه لەسەری ڕۆیشت:

–فرۆشگاکەمان له یەکێک له تازەترین ناوەندەکانی بازرگانیی ستۆکهۆڵم واته ڤاسترالانگاتان هەڵکەوتوەو ڕاست کەوتۆته پشتەوەی کۆشکی پادشایەتی.

هەرچەند بەڕواڵەت گوێم لەو بوو بەڵام لەڕاستی‌دا بیرم له سبەینێ‌و لەوە دەکردەوه که جلەکانم چۆن دەبەر بکەم‌و چۆن ڕواڵەتی خۆم پتر بڕازێنمەوە... دووباره گوێم له دەنگی پێرسۆن بوو که دەیگوت:

–کیژۆڵه کلاری داخوا دەتوانم تکایەکت لێ‌بکەم؟

لەبیری ئەوەدا بووم که سبەینێ دەبێ له هەمیشه ڕازاوەتر بم بەڵکوو بتوانم ویستەکەم واته ئازادیی ئەتین بەدەست بێنم. بەهەرحاڵ، به بیستنی دەنگی پێرسۆن وەڵامم دایەوە:

–چ‌تکایەک بەڕێز؟

به منگەمنگ‌و وەک ئەوەی لاڵەپەته بێ بەدژواری وەڵامی دایەوە:

–دەمەویست تکا بکەم ئەگەر بکرێ ئەو بەیان‌نامەی مافی مرۆڤه که بەڕێز کلاری هێنابوویەوه ماڵێ بدەی بەمن. دیاره دەزانم داواکەم زۆر ڕووادارانەیه. کیژۆڵه ئووژنی.

ڕاستی دەکردو هەقی بوو. باوکم هەمیشه ئەو بەیان‌نامەیەی له چەکمەجەی مێزی تەنیشت تەختی خەوی خۆی داویشت‌و دوای مەرگی ئەویش، ئەمن ئەوم بۆخۆم هەڵگرتبوو. پێرسۆن که سەرنجی ڕەنگی منی دابوو لێی زیاد کرد:

–کیژۆڵه ئووژنی! ئەمن وەک گەنجینەیەکی گران‌بایی دەی‌پارێزم.

ئەمن که نەمدەویست بۆ دواجار گاڵتەی دەگەڵ بکەم‌و سەر بخەمه سەری گوتم:

کەوایه کاکم دەیەوێ ببێته کۆمارخواز؟

ئەویش وەک هەمیشه وەڵامی دایەوه که کیژۆڵه ئەمن سوێدیم‌و دەشزانی سوێد وڵاتێکی پادشایی‌یه.

دوایه ئەمنیش وەڵامم دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–زۆرباشە، بەڕێز، ئەتۆ دەتوانی دەگەڵ خۆتی بەرێو بە دۆستە سویدیەکانتی نیشان بدەی.

لەوکاتەدا دەرگای سالۆنەکە کرایەوەو گوێم لە دەنگی قیناویو قیژەی ژوولی بوو کە دەیگوت:

–ئووژنی! ئەدی کەنگێ بەنیازی بچیە ژوورەکەتو بخەوی؟

ئەو پاشان لە حاڵێکدا وای نیشان دەدا کە نەیزانیوە پێرسۆن لەوێیە درێژەی دایە:

–ئۆی، نەمزانی بەڕێز پێرسۆنیش لێرەیە. ببوورە بەڕێز! ئەم منداڵە دەبێ بچێ بخەوێ. هەستە ئووژنی. هەستە وەرە.

ئەمن خەریک بوو بەستنی قژەکانم تەواو دەکرد بەڵام ژوولی هێشتا لە نوێنەکەیدا ڕاکشابوو،و بە پرتەوبۆڵە منی سەرکۆنە دەکرد:

–ئووژنی، ڕەفتاری تۆ بەڕاستی ئابڕووبەرە. ئەتۆ نازانی پێرسۆن پیاوێکی گەنجەو دانیشتنی تۆ لە پەنا وی، ئەویش بە تاریکی کارێکی دروست نیە. ئەتۆ لەبیرت چۆتەوە کە کچێ فڕانسوا کلاریی. بابم هاونیشتمانێکی ڕێزدارو خۆشناو بوو لەحاڵێکدا پێرسۆن ناتوانێ فەڕانسەییش بەجوانی قسە پێبکا. ئەتۆ ئاخرەکەی دەبیە هۆی ڕیسوابوونی بنەماڵەکەمان.

لە حاڵێکدا بیرم لە تووڕەهاتو چەنەبازیی ژوولی دەکردەوە، مۆمەکەم کوژاندەوەو خزامە نێو نوێنەکەمو لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر مێردێک بۆ ژوولی پەیدا بێ، ئەمنیش ڕزگاریم دێو ژیانێکی ئاسوودەترم دەبێ.

هەوڵم دەدا بخەوم بەڵام نەمدەتوانی خۆم لەدەست بیری سبەینێو دیدار لە ئەنجومەنی شار ڕزگار بکەم. بیرێکی دیکە کە یەخەی بەرنەدەدام، بیری گیووتین بوو. هەتا چاوم لەسەر یەک دادەنان دەهاتە بەرچاومو لەو کاتەدا بوو کە بۆ ڕزگاربوون لەو یادە، خێرا سەرم دەنێو بالیفەکەمڕا دەکردو دامدەگرت بەڵکوو دیمەنی گیووتینو ئەو سەرانەی لە لەش جیا دەبوونەوە لەبیر خۆم بەرمەوە.

دووسال لەمەوبەر ئاشپەزەکەمان ماری، بەدزیی هەمووان منی بردە مەیدانی گەورەی شار. ئێمە بەنێو ئاپۆرای خەڵکەکەدا ڕێیەکمان کردەوەو خۆمان گەیاندە نزیک سەکۆی ئیعدام. دەمەویست هەموو وردەکاری‌یەکانی ڕێوڕەسمەکە ببینمو بۆ ئەوەی دەنگی شەقەشەقی ددانەکانم کەم بکەمەوە، هەتا هێزم تێدا بوو ددانم پێکدا دەگرتن. عارەبانەیەکی سوور بیست ژنو پیاوی نەجیبزادەی هێنانە بن سەکۆیەکە. هەموویان جلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕازاوەو ڕێکوپێکیان دەبەردا بوو بەڵام هێندێ سڕوسیپاڵی پیسیان بە شاڵواری ئاوریشمینی پیاوەکانو سەردەستەی ژنەکانەوە نووساندبوونو دەستی هەموانیشیان لەپشتەوەڕا بەستبوو.

خاکەمشاریان لە دەوراندەوری سەکۆی ئیعدام ڕۆ کردبوو،و هەموو ڕۆژێ بەیانیو ئێواران بەتایبەتی دوای ڕێوڕەسمی ئیعدام خاکەمشارەکەیان دەگۆڕیو خاکەمشاری تازەیان لێ ڕۆ دەکرد. بەوحاڵە ئەو خاکەمشارە هەمیشە بە ڕەنگی سوورو ترسێنەری خۆی بینەری دەهەژاندو تەواوی مەیدانەکە پڕ لە بۆنی خوێنی مەییوو خاکەمشار بوو. گیووتینیش وەک عارەبانەکە ڕەنگی سوور داگەڕابوو،و چەندینساڵ مانەوە لەبەر هەتاو ئەوی توێتوێ کردبوو.

یەکەمین قوربانیی دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە پیاوێکی گەنج بوو کە دەیانگوت بەدزی نامەی دەگەڵ دوژمنانی بێگانە گۆڕیوەتەوە. کاتێک بەرپرسی ئیعدام، گەنجەکەی ڕادەکێشایە بن گیووتین، لێوەکانی ئەو گەنجە بزووتن. پێم وابوو دوعا دەخوێنێ. ئەو چۆکی داداو ئەمن چاوم لێکنانو لەوکاتەدا گوێم لە دەنگی بەربوونەوەی تیغی گیووتینەکە بوو.

وەختێک چاوم هەڵێنا، بەرپرسی ئیعدامم دی کە سەرێکی خوێناویی بەدەستەوە بوو. ڕوخساری ڕەنگپەڕیوی قوربانییەکە وەک گێچ سپی بوو،و چاوەکانی کە بە ترسو ئازار دەرپەڕیبوون دەمنەوە ڕامابوون. دڵم لە لێدان وەستابوو، دەمی قوربانییەکە دەتگوت بۆ هاوار داپچڕاوە، هاوارێکی بێدەنگو بێبڕانەوە. لە دەوروبەری خۆم زەنازەنایەکی لێڵو تێکەڵپێکەڵم دەبیست، هەنیسکی گریانێکو هێندێ پێکەنینی بێزهەستێن. لەپڕ لە دوورەوە گوێم لە دەنگێک بوو،و پاشان هەموو شتێک تاریک هەڵگەڕاو چاوم دەڕەشەوە هاتن... و ئیدی هیچ تێنەگەیشتم.

پاش تاوێک کەمێک هاتمەوە سەرخۆ بەڵام ئەوانەی لە دەوروبەرم بوون دەستیان کردبوو بە سەرکۆنەم. چاوم لێکنان هەتا ئەو سەرە خوێناوییە نەبینم. هەستم کرد ماری لە ڕەفتاری من بەخۆدا شکاوەتەوەو گوێم لێبوو کە خەڵک جنێویان پێدەداین. لەوکاتە بەدواوە، بیری ئەوچاوە بەئازارداپچڕاوەو ئەو هاوارە بێدەنگە خەوی لەچاوم تەراندوە.

کاتێک هاتمەوە ماڵێ بەتوندی دەگریام، باوکم دەستی دەستۆی کردمو گوتی:

-گەلی فەڕانسە سەدانساڵ ڕەنجی کێشاوەو سەرەنجام لەنێو هەناسەی زۆرلێکراوانەوە دوو بڵێسەی سەرکێش سەریان هەڵداوە، بڵێسەی دادخوازیو گڕی قینلەزگی. گڕی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قینلەزگی بەرەبەرە لەنێو بەستێنێک خوێندا دەنیشێتەوە بەڵام ئەوی دیکە، ئەو بڵێسە پیرۆزە هەرگیز بەتەواوی ناکوژێتەوە. ئەمەت لەبیر نەچێ کچم.

-بابە! لەوانەیە مافی مرۆڤ هەڵوەشێتەوە؟

-نا کچم، مافی مرۆڤ هەڵوەشانەوەی نیە. هەرچەند لەوانەیە هێندێکەس بۆ ماوەیەک بەئاشکرا یان بەدزی، لەژێر پێی بنێنو پێشێلی بکەن. بەڵام کەسانێک کە وا بکەن بێگومان گەورەترینو خوێناویترین تاوانی مێژوویان کردوەو هیچوەختو لە هیچکوێ کەس مافی ئەوەی نابێ داوای لێبووردن بۆ تاڵانچی‌یانی ئازادی و بەرامبەریی براکانی خۆی بکا.

ئەوکاتەی باوکم ئەم قسانەی دەکرد، ڕاوێژی قسەکردنی گۆڕابوو، لە دەنگی‌دا- بەڵێ لە دەنگی‌دا هەستم بە دەنگ‌دانەوەیەکی خوایی دەکرد، ڕەنگە وەک بۆخۆم تێی دەگەیشتم دەنگی پەیامێکی غەیبی بووبێ. ئێستاش بە تێپەڕینی ڕۆژگار هەتا ڕۆژانێکی زیاتر تێدەپەڕن، قسەکانی باوکم باشتر باشترو وەردەگرمو ئەمشەو هەست دەکەم لەپەنامە. نیگەرانی ئەتینمو تۆزیکیش لە دیداری سبەینێ لە ئەنجومەنی شار دەترسم. بەڵام هەمیشە مرۆڤ بەشەو پتر ترساوە تا بەڕۆژ.

خۆزگە لەئێستاوە دەمزانی بەسەرهاتی ژیانم خەفەتبزوێن دەبێ یان شادیخوڵقێن. ئارەزوو دەکەم لە ژیانمدا ئەزموونی بەولاوەتر لە ڕووداوە ئاسایی‌یەکانم هەبێ. بەڵام پێش هەموو کارێک دەبێ مێردێک بۆ ژوولی وەبینمو بەرلەوەش دەبێ ئەتینی برام لە زیندان ئازاد بکەین.

شەو خۆش بابە، دیوتە کە دەستم بە نووسینی ژیان‌نامەکەم کردوە!

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

۲

## بیست‌وچوار سەعات دواتر

ئەمن مایەی شەرمەزاریی بنەماڵەکەمم.

جگە لەوەش، ڕووداوەکانی ئەمڕۆ ئەوەندە زۆرن کە نازانم لە کوێوە دەست پێبکەمو کامیان پێشتر بنووسم. یەکەمین خەبەر، ئازادیی ئەتینە. ئەو ئێستا لە نهۆمی خوارێو لەلای دایکمو سۆزانو ژوولی دانیشتوەو دەڵێی لە قاتیەیە ماوەتەوە، بەجۆرێک کەوتۆتە سەر خواردن هەر وابزانە لەئاوو نانی وشک بەولاوە شتێکی نەخواردوە. دیارە ئەو تەنیا سێ ڕۆژ بوو گیرابوو.

بەڵام خەبەری دووەم لەبارەی خۆمەوەیە، ئەمڕۆ دەگەڵ لاوێکی جوانچاک ئاشنا بووم. بەڵام مخابن دەربڕینی ناوەکەی زۆر دژوارە، بوناپات... بوناپارت یان شتێکی وەک ئەمانە. سێیەم ئەوە کە هەموو ئەوانەی لە نهۆمی خوارێ دانیشتوون لەمن قەڵسنو دەڵێن بوومە هۆی سەرشۆڕیی بنەماڵەو بۆیەش دوور خراومەوە ژوورەکەی خۆم تا بخەوم.

ئەوان هاتنەوەی ئەتینیان کردۆتە جێژن بەڵام هەر لەبیریان نیە کە دیتنی ئالبیت پێشنیاری من بووەو ئێستا هیچیان دەست لە سەرکۆنەی من هەڵناگرن. لە هەمووی خەراپتر ئەوەیە کە ئەمن کەسێکم نیە لەبارەی دواڕۆژو ئەو هاونیشتمان بوناپارتەوە قسەی دەگەڵ بکەم. بەڕاست ناوێکی چەند قورسی هەیە، پێم وانیە قەت بتوانم فێری بم. ڕاستە ئەمن کەسم نیە کە لەبارەی ئەو پیاوە گەنجەوە قسەی دەگەڵ بکەم بەڵام باوکی باشو دلۆڤانی من دەبێ باش تێگەیشتبێ مرۆڤ وەختێک دەوروبەری لێی حاڵی نابن، چەند هەست بە تەنیاییو بێکەسی دەکاو هەر بۆیەش دەفتەری بیرەوەریی بە دیاری دامێ تا هاودەمی تەنیاییم بێ.

ئەمڕۆم بە هاتوهاوارێکی زۆر دەست پێکرد. یەکەمین ئاڵۆزی ئەوکاتە دروست بوو کە ژوولیی پێیگوتم بە فەرمانی دایکم دەبێ ئەو کراسە خۆڵەمێشیە بێزهەستێنە دەبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەمو حەتمەن دەبوو یەخەیەکی سپییشم لەسەر لێدابایە. ئەمن هەوڵم دا هەرنەبێ یەخە سپییەکە لەکۆڵ خۆم بکەمەوە بەڵام ژوولی وەک هەمیشە بەهاتوهاوارەوە گوتی:

ئەتۆ پێتوایە ئێمە ڕێگە دەدەین ئەتۆ بە جلکی بێیەخەوەو وەک کچانی بەرەڵای بەندەرگا لەماڵ دەرکەوی؟ لەماڵچوونەدەر بێیەخەو ئەویش بۆ ئیدارەیەکی دەوڵەتی چۆن دەبێ؟

هەر لەوساتەدا کە ژوولی لە ژوورەکە چووە دەر ئەمن قوتووە سووراوەکەیم هەڵگرت. دیارە لە چاردەیەمین جێژنی لەدایکبوونەدا بۆخۆشم قوتووە سووراوێکم بەدیاری وەرگرتبوو بەڵام ڕەنگە پەمەیییە منداڵانەکەیم هیچ بەدڵ نەبوو،و ڕقم لێی بوو، بەپێچەوانە هەستم دەکرد سووراویی بەڵاڵووکیڕەنگی ژوولی دیمەنێکی جوانتر بە ڕوخسار دەبەخشێ. بەهەرحاڵ زۆر بەسەلیقەوە کەمێکم لێ دە لێوانم داو هەرلەو کاتەدا بیرم لە خانمانی نەجیبزادە دەکردەوە کە چۆنو بە چزەحمەتێک ناچارن چەندین توێ ڕەنگو کەرەسەی خۆڕازاندنەوە لە دەموچاویان هەڵسوون تا ئاکامی دڵخوازی خۆیان بەدەست بێنن. دیارە ئەمن ئەم داستانەم لە ڕۆژنامەیەکو لە وتارێکدا دەربارەی شاژنی سەربەگیووتینپەڕێندراوی خۆمان خوێندبۆوە. لەنەکاو دەنگی ڕەخنەو سەرکۆنەی ژوولی شیرازەی بیری پساندم. ئەو بەنەڕەنەڕ دەیگوت:

–سووراوەکەم! دەبێ چەند جارت پێبڵێم بەبێ پرس دەست لە کەلوپەلی من نەدەی؟!

ژوولی ئەمەی گوتو بەپەلە چووە لای تەختەکەی. ئەمنیش کەلکم لەو دەرفەتە وەرگرتو نەختێک پۆدرم لە دەموچاوم داو دوایە بە سەرەقامکی شێداری خۆم برۆو مژۆڵەکانم ڕێکوپێک کردن. بێگومان نەختێک تروسکانەوە ئەوان زۆر جوانتر دەکا. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ژوولی لەسەر لێواری تەختەکەی دانیشتبوو بە چاوێکی ڕەخنەگرانە تەماشای منی دەکرد. پاشان دەستم بە کردنەوەی ئەو کاغەزانە کرد کە شەوی پێشتر قژەکانم پێبەستبوون بەڵام هێشتا قژەکانم هەر قرژ بوونو باش شانە نەدەکران. پەلەپەلی من لەلایەکو قژە قرژو سەرکێشەکانم کە بەئاسانی ڕێک نەدەخران لەلایەکی دیکە سەریان لێشێواندبوومو ئاسان نەبوو ئەم قژانە بکرێنە ئەڵقەئەڵقەیەکی ڕێکوپێک. ڕاست لەو وەختەدا دەنگی دایکمم لە دەرێڕا بەر گوێ کەوت کە دەیگوت:

–ژوولی هێشتا ئەو منداڵە ساز نەبووە؟ بۆئەوەی سۆزانو ئووژنی بتوانن سەری سەعاتی دوو لە باڵەخانەی ئەنجومەنی شار بن دەبێ چزوویە نانی نیوەڕۆمان بخۆین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوڵم دەدا چەندی بکرێ زووتر ئامادە بم بەڵام هەتا پترم پەلە کردبایە قژەکانم ئاڵۆزتر دەبوون. تێگەیشتم بەئاسانی ناتوانم قژەکانم ڕێکبخەم، بەناچار ڕووم کردە ژوولیو گوتم:

–ژوولی، دەکرێ یارمەتیم بدەی؟

بەڕاستی دەستەکانی ژوولی مۆجیزە دەکەن. چونکە ئەوەندەی چاو بترووکێنی قژە ئاڵۆزو شێواوەکانی منی ڕێکوپێک کردو چۆنم دەویست وای لێکردن. هەرلەوکاتەدا لەبن لێوانەوە گوتم:

–لە گۆڤارێکدا وێنەی مارکیز دو فوونتانیی گەنجم دیت کە قژەکانی بە شێوەی ئەڵقەئەڵقەی کورت لەسەر نێوچاوانی ڕێکخستبوون. پێم وایە ئەو مۆدێلە قژە دەگەڵ ڕوخساری منیش دێتەوە. وا دیارە ئەو بۆیە وا دەکا کە خەڵک تێبگەن بەوەخت لە دەمی تیغی گیووتین ڕزگاری بووە. چونکە لەوکاتەوەی ئازاد بووە، ئیدی قژەکانی کورت نەکردوونەوە. وا بزانم کاتێکیش پارێزەر تالین لە زیندان ئەوی بینی قژەکانی درێژ بوون.

بەڵام ژوولی کە وا دیار بوو هیچ کەیفی بەم وتاردانەی من نایە، بە حاڵەتێکی داپیرانەوە گوتی:

–ئیوژنی، بەقسەی من بکەو نووسراوی گۆڤارەکان لەبارەی فوونتانییەوە مەخوێنەوە.

–ژوولی، پێویست نیە ئەوەندە خۆ بەکەم بگریو خۆت ناشارەزا نیشان بدەی. ئەمن ئیدی منداڵ نیمو باش دەزانم چۆن بوو کە تالین فوونتانیی جوانی لە زیندان ئازاد کردو دوایەش...

–ئاخ ئیوژنی، بەڕاستی وات لێهاتوە کەس دەگەڵت دەرنابا. ئەم قسانەت لەکوێ بیستوون؟ حەتمەن لە ماری ئەویش لە قوژبنی ئاشپەزخانە، ها؟!

دیسان دەنگی دایکم بەرز بۆوە کە هاواری دەکرد:

–ئەرێ ژوولی، ئەم منداڵە لە کوێیە؟

ئەمن بە بیانووی ئەوە کە دەمەوێ یەخەی جلەکانم ڕێکوپێک بکەم ڕووم دەولای کردو هەر لەوکاتەشدا خێرا چوار دەسرۆکەم کە پێشتر ئامادەم کردبوون لە بەر بەرۆکی کراسەکەم هاویشتن، دوو لەلای ڕاستو دوو لەلای چەپ. ژوولی کە بەپێچەوانەی بۆچوونی من چاوی لێببوو هاواری کرد:

–دەسبەجێ ئەو دەسرۆکانە فڕێ دە. ئەتۆ ناتوانی بەو تەشکودیمەنەوە بچیە دەرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـەڵام ئـەمن وام نیشـان دا کـە گـوێم لـەهیچ نـەبووەو بەپەلـە دەسـتم بـە کردنـەوەو داخستنەوەی چەکمەجـەکان کـرد تـا چـی زووتـرە میـداڵی شۆڕشـەکەم بدۆزمـەوە. دیـارە گومانێک نەبوو کە ئەوم لە دواچەکمەجەدا دیتەوەو لەسەر سنگی خۆمم داو دەگـەڵ ژوولـی لە پلیکانەکان چوومە خوارێ.

دایکمو سۆزان دەستیان بە نانخواردن کردبوو، سۆزانیش وەک من میـداڵی شۆڕشـەکەی لە سنگی دابوو. لە ڕۆژەکانی یەکەمی شۆڕشدا، هەرکەس یەک لـەو میداڵانـەی لـە سـنگی دەدا، بـەڵام ئێسـتا تـەنیا ژاکووبی‌یـەکانو ئـەو کەسـانە کـە وەک ئێمـە ناچـارن سـەری ئیدارەکانی دەوڵەت بدەن یان دەچنە سەردانی نوێنەرانی حکوومەت ئەو کارە دەکەن. دیارە لـە ڕۆژە نائارامـەکانو ڕۆژانـی گیروگرفتێکـی وەک ڕاونـانی ژیرۆندی‌یـەکان لـە سـاڵی ڕابـردوودا کـەس نـەیدەوێرا بـێ میـداڵی سـێ‌ڕەنگی کۆمـاری لـەماڵ وەدەر کـەوێ. ئـەمن بۆخۆشم لەسەرەتادا ئەو میداڵانەم کە لەڕاستی‌دا نموونەیـەک لـە ئـاڵای فەڕانسـە بـوون، زۆر خۆش دەویستن بـەڵام ئێسـتا زۆرم دڵ بەلایانـەوە نیـەو پـێم وانیـە دانـانی نیشـانەی بیروباوەڕی سیاسی لەسەر جلوبەرگ کارێکی ئەوەندە جوان بێ.

دوای شێوخواردن، دایکم دوو پەرداخ شەربەتی بـۆردۆی تێکـردن. یـەک بـۆ مـنو ئـەوی دیکە بۆ سۆزان. ڕۆژی پێشتر تەنیا سۆزان بوو کە پەرداخێکی لەو شەربەتە (بەقسـەی وان) وزەبەخشـە دەخـواردەوە بـەڵام ئـەمڕۆ ئـەمنیش لێـی بێبـەش نـەبووم. دایکـم پاشـان لەحاڵێکدا پەرداخێک شەربەتی دەدامێ گوتی:

کەمکەمە بیخۆوە، ئەم شەربەتە وزەبەخشە.

بـەڵام ئـەمن بەپێچەوانـەی ئامۆژگـاریی دایکـم قـومێکی درێـژم لێخـواردەوە، تامەکـەی شـیرنو کـەمێکیش تفت بـوو، لەنـەکاو هەسـتم کـرد گەرمایـەکی خۆشـم بەلـەشدا هـات. زەردەخەنەیەکم بۆ ژوولی کرد، دەنکە فرمێسکم لە گۆشەی چاوانی‌دا بەدی کردنو ژوولـی دەستی هاویشتە ئەستۆم بەمیهرەبانی نێوچاوانی ڕەنێوچاوانم خشاندو بەسرتە گوتی:

–ئووژنی، وریای خۆت بە.

بەڕاستی هەستم بـە کـەیفو دەمـاغ دەکـردو لەوانەشـە کـاری شـەربەتی بـۆردۆی دایکم بووبێ. بەگاڵتەوە سەری لووتمم ڕە ڕوومەتی ژوولی خشاندو بەسرتە پێمگوت:

–نەکا بترسی پارێزەر ئالبیت دڵم لێبستێنێ؟

ژوولی بە قسەکەی من ڕاچەنی‌و بەتوندی گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئووژنی، ئەتۆ قەت فێر نابی جیددی بی؟ چوون بۆ ئەنجومەنی شار گاڵتە نیە، ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە ئەتین زیندانی‌یە. دەزانی کە...

دوا قومی شەربەتەکەمم خواردەوەو تێیەوە ڕامام:

–دەزانم ژوولی، لە مەبەستەکەت حاڵیم. زۆرجار ڕێ دەکەوێ کە کەسوکاری تۆمەتبارێکیش دەگرن،و دیارە ئەتۆ بیر لەوە دەکەیەوە کە مەترسی لە دەوروبەری سەری منو سۆزانێش دەسووڕێ. هەروا تۆو دایکیشم. بەڵام ئەو دووەتان نایەنو مەترسی‌یەکی زۆرتان لەسەر نیەو...

–بریا توانیبام دەگەڵ سۆزانێ بچم، بەڵام ئەگەر شتێک بقەومێ دایکم پێویستیی بەمن هەیە.

–نیگەران مەبە ژوولی، هیچ ناقەومێ. ئەگەریش بقەومێ ئەمن دڵنیام ئەتۆ ئاگات لە دایکم دەبێ، هەروا لە فکری ئازادیی منیشدا دەبی. ئەم دووانەمان هەمیشە پێکەوە دەبینو یەکتر بەتەنیا جێ ناهێڵین، وانیە ژوولی؟!

لە تەواوی ڕێگادا تا ئەنجومەنی شار، سۆزان دەمی هەڵنەپچڕی قسەیەک بکا. زۆر خێرا دەڕۆیشتینو سۆزان تەنانەت کاتێک بە بەرامبەر فرۆشگا جوانەکانی "کانی‌بێر"یشدا تێدەپەڕیین ئەوەندە هەژابوو چاوی لە چەپو ڕاستی خۆی نەدەکرد. کاتێک گەیشتینە مەیدانی گەورەی بەرامبەر باڵەخانەی ئەنجومەنی شار، لەپڕ سۆزان قۆڵی منی گرت. هەوڵم دەدا چاوم بە دەزگای گیووتینەکە نەکەوێ بەڵام ناچار بووم بۆنی خوێنی مەییوو خاکەمشار کە مەیدانەکەی پڕ کردبوو، هەڵمژم. لەسەر ڕێگای خۆمان تووشی هاونیشتمان ڕێنارد بووین کە چەندین ساڵ کڵاوەکانی دایکمی دەدووری. ئەو سەرەتا بەوردی سەیری دەوروبەری خۆی کردو پاش ئەوەی دڵنیا بوو کەس چاوی لێ نیە سڵاوی لێکردین. مسۆگەر زانیبووشی کە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی کلاری زیندانی کراوە.

حەشیمەتێکی زۆر لەبەر دەم دەرگای چوونەژووری باڵەخانەی ئەنجومەنی شار کۆ ببوونەوە. کاتێک ئێمە ویستمان ڕێگای خۆمان بۆ ژووری باڵەخانەکە بکەینەوە، یەکێک قۆڵی سۆزانێی گرتو بەو کارە ترس سەرتاپای لەشی سۆزانی بەستەزمانی داگرتو ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. ئەو کەسەی قۆڵی وی گرتبوو پرسی:

–هاونیشتمان کاری چیت هەیە؟

ئەمن کە زانیبووم سۆزان چۆن ترساوە خێراو بە دەنگێکی بەرز وەڵامم دایەوە:

–ئێمە دەمانەوێ سەردانی پارێزەر ئالبیت بکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوپیاوە کە پێم وایە دەرکەوانی باڵەخانەکە بوو، بەبیستنی قسەکانی من قۆڵی سۆزانێی بەر داو گوتی:

– دەرگای دووەم لەلای ڕاست.

ئێمە بە داڵانە نیوەتاریکەکەدا ڕۆیشتینو دەرگاکەمان دۆزیەوەو کە کردمانەوە کەوتینە شوێنێکی پڕهەنگامەو ئاخنراو لە دەنگی سەرگێژکەرو هەوای ناخۆشو قورس.

لەپێشدا نەماندەزانی چبکەین. ئاپۆرای حەشیمەتی بەپێوەو دانیشتوو لەو داڵانە باریکەدا بەڕادەیەک بوو کە بەئاسانی نەماندەتوانی بجوولێینەوە. لەوسەری ژوورەکە دەرگایەکی دیکە دیار بوو کە پیاوێکی گەنج بە جلوبەرگی یەکشێوەی ژاکووبیەوە لەپەنای ڕاوەستابوو نیگابانیی دەدا. جلوبەرگێک بە یەخەیەکی درێژەوە، کڵاوێکی ڕەش بەنیشانەی سێڕەنگەوەو چاکەتێکی ئاوریشم بە قۆڵی گوڵدۆزیکراوەوە کە داروەکازێکیشی بەدەستەوە بوو. ئەمن کە پێم وابوو دەبێ یەکێک لە سکرتێرەکانی ئالبیت بێ دەستی سۆزانێم گرتو هەوڵم دا بەنێو خەڵکەکەدا ڕێگایەک بۆ ئەوسەر بکەمەوە. دەستی سۆزانێ لە سەهۆڵ ساردتر بوو،و وەک شووڵەبی دەلەرزی بەڵام ئەمن دڵۆپە ئارەقم لەسەر نێوچاوانم هەست پێدەکردنو لەبەر سەرلێشێواوی نەفرینم لەو دەسرۆکانە دەکرد کە لە باخەڵمدا بوون. کاتێک گەیشتینە پەنا پیاوە گەنجەکە سۆزان بە دەنگێکی گیراوەوە گوتی:

–ببوورە، دەمانەویست هاونیشتمان پارێزەر ئالبیت ببینین.

–بەڵێ؟

–دەمانەویست هاونیشتمان پارێزەر ئالبیت ببینین.

–هەموو ئەوانەی لەم ژوورەن دەیانەوێ بیبینن. ئێوە ناوی خۆتان ڕاگەیاندوە هاونیشتمان؟

سۆزان بە ناهومێدی سەری ڕاوەشاندو ئەمن بێماتڵی پرسیم:

–چۆن دەبێ ئەوکارە بکەین؟

–ناوی خۆتانو هۆی سەردانەکەتان لە پەڕەکاغەزێک بنووسن. ئەوانەی بۆخۆیان نەتوانن بنووسن ئەمن کارەکەیان بۆ دەکەم. دیارە بەخۆڕایی نا...

سۆزان کە دیتبووی ئەو پیاوە دەڕوانێتە قەدوقەلافەتی ئێمە وەڵامی دایەوە:

–ئێمە بۆخۆمان دەتوانین بنووسین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژاکووبی‌یە گەنجەکە بەبیستنی ئەم وەڵامە پێی‌گوتین لەسەر لێواری پەنجەرەکەی ئەوبەر کاغەزو پەڕەمووچ هەیەو ئێمە دەتوانین کەلکیان لێ‌وەرگرین. بۆ دەمەساتێک هەستم کرد کە ئەو لاوە دەتوانێ یەکێک لە نیگابانەکانی بەهەشت بێ.

ئێمە دووبارە بە پاڵپێوەنانی حەشیمەت خۆمان گەیاندە پەنجەرەکەو سۆزان بەپەلە پەڕەکاغەزێکی هەڵگرتو ناوی سەردانکەرانی هاونیشتمان سۆزان کلاری‌و هاونیشتمان بێرنادین ئووژنی دێزیرە کلاری تۆمار کرد. بۆ نووسینی هۆی سەردانەکە هەردووکمان تێ‌مابووین‌و تێکەوە ڕامابووین. سەرەنجام ئەمن گوتم:

–ڕاستی‌یەکەی بنووسە سۆزان.

–ئەودەم وەرمان ناگرن.

–هەرچۆنێک بێ پێش ئەوەی بمان‌بینن هێندێ زانیاری لەسەر ئێمە وەدەست دێنن‌و بێ‌گومان کارەکانی ئێرە ئەوەندەش بێ‌سەرەوبەرە نین.

بەهەرحاڵ سۆزان لەحاڵێکدا هەناسەیەکی هەڵدەکێشا بە نابەدڵی هۆی سەردانەکەی گیرانی هاونیشتمان ئەتین کلاری نووسی‌و دووبارە گەڕاینەوەو ڕێگایەکمان بۆلای فریشتەی نیگابان، ژاکووبی‌یەکەی خۆمان کردەوە. ئەویش چاوێکی لە کاغەزەکە کردو گوتی:

–ڕاوەستن.

پاشان چووە ژووری‌و لەبەر چاومان ون بوو. بۆ من ساتەکان بەقەد ساڵێکیان دەخایاندو سەرەنجام لاوە ژاکووبی‌یەکە هاتەوەو گوتی:

–دەبێ چاوەڕێ بن. هاونیشتمان پارێزەر وەرتان دەگرێ‌و کاتێک نۆرەتان هات ناوتان دەخوێننەوە.

زۆری پێ‌نەچوو دەرگا کرایەوەو کەسێک لە ژووری‌ڕا فەرمانێکی بە فریشتەی نیگابان داو ئەویش هاواری کرد:

–هاونیشتمان ژۆزێف پوتی.

پیرەپیاوێکم دی کە دەگەڵ کیژۆڵەیەکی منداڵکار لەسەر لاتەختی پەنا دیوار هەستاو ئەمنیش دەسبەجێ سۆزانم ڕاکێشایە سەر ئەو دوو جێگا بەتاڵەو گوتم:

–باشترە دانیشین، لەوانەیە ناچار بین چەند سەعات چاوەڕێ بین.

لە هەلومەرجی تازەدا بارودۆخی ئێمە زۆر لەپێشوو باشتر ببوو و دەمان‌توانی پاڵ وەدیواری پشتەوەمان بدەین. جارجارە چاو لێک نێین‌و بۆ ماندوویی‌دەرکردن قامکی لاقمان لەنێو کەوشەکانماندا ببزێوین. زۆر زوو چاوێکم لە دەوروبەرمان کردو سیمۆنی پیر،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوشدرووی گەڕەکی خۆمانم لەنێو حەشیمەتەکەدا ناسیەوە. کوڕەکەی وی، سیمۆنی لاوم وەبیر هاتەوە کە هەژدە مانگ لەوە پێش چۆن توانی بەو لاقە گۆچانییەوە بەباشی لە ڕێژەی لاواندا بەشدار بێ.

هەرئەودەم، واتە ساڵونیوێک بەر لەوە، دیمەنێکم دیت کە تاماوم هیچکاتێک لەبیرم ناچێتەوە. وڵاتەکەمان لە هەموو لاوە کەوتبووە بەر پەلاماری دوژمنانو وڵاتانی دیکە چاوی دیتنی بەیاننامەی کۆمارییان نەبوو. ئەو ڕۆژانە دەیانگوت هێزەکانمان لە درێژخایەندا توانای خۆڕاگری لە بەرامبەر دوژمنانی بەهێزیاندا نابێ. بەڵام ڕۆژێکیان بەیانی بەدەنگی گۆرانییەک کە لەپەنجەرەوە دەبیسترا وەخەبەر هاتم. بەپەلە لە نوێنەکانم دەرپەڕیمو ڕامکردە بەرهەیوانێو ڕێژەی لاوانی داوخوازی مارسەیم بینی. ئەوان سێ دەزگا تۆپیان وەپێش خۆیان دابوون هەتا وەختێک لە پاریس دەچنە بەردەم وەزیری بەرگری دەستبەتاڵ نەبن.

ئەمن زۆر لەوانەی نێو ڕێژەکەم دەناسین، دوو برازایەکەی دەرمانفرۆش، خوایە گیان! تەنانەت کوڕە لاقگۆچانییەکەی سیمۆنی پیریش هەوڵی دەدا لاقەکەی بەدوای خۆیدا ڕاکێشێو بگاتە ئەوانی دیکە، لیۆنی شاگردی دوکانی خۆشمان لەنێو واندا بوو و دیارە بێئیزنی باوکیشم. لەدوای لیۆنەوە سێ لاوی پۆشتەوپەرداخم دیتن، سێ لاوی چاوگەشو سەرڕەش کە کوڕانی لویی بانکدار بوون. مافی مرۆڤ ئەو لاوە دەوڵەمەندانەشی خستبووە پاڵ هاونیشتمانانی ئازادیخوازی فەڕانسەیی،و ئێستا ئەوان بە جوانترین جلوبەرگەکانیانەوە دەچوون شەڕ بۆ فەڕانسە بکەن. بەخۆم نەبوو هاوارم کرد:

-ماڵئاوا بەڕێزانی لوویی، سەفەر خۆش، بەسلامەتی.

ئەو سێیانە چاوێکیان لە سەرەوە کردو دەستیان بۆ ڕاوەشاندم. لەدوای وانەوە کوڕەکانی قەسابی گەڕەکی خۆمان دەڕۆیشتن، بەدوای وانیشدا کۆڵکێشانی بەندەرگا. ئەمن ئەوانم بە جلوبەرگە خەتخەتەکانیانو قاپقاپە دارینەکانیان ناسیەوەو ئەوان هەموو، بەڵێ هەموویان پێکەوە دەیانخوێندەوە: "بۆ پێشەوە ڕۆڵەکانی نیشتمانم بۆپێشەوە" سروودێکی تازە کە بە یەکشەو ناوبانگێکی هەمیشەیی وەرگرتو ئەمنیش دەگەڵیان هاوئاواز بووم. لەنەکاو هەستم کرد ژوولیش لە تەنیشتم ڕاوەستاوەو ئێمە هەردووکمان گوڵە ڕۆزە پەمەییەکانی بەرهەیوانێمان لێکردنەوەو بۆمان هاویشتن.

زرینگانەوەی دەنگی "ڕۆژی شانازیو سەربەرزی هاتوە" هەموو جێیەکی پڕ کردبوو و لە قووڵایی زەمانو مەکاندا دەنگی دەدایەوەو فرمێسکەکانی ئێمەش بەسەر گۆناماندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لووزەویـــان دەبەســـت. لـــە خـــوارێ فڕانچیـــی بەرگـــدروو دوو دانـــەی لـــەو گوڵانـــەی هاویشتبوومانن گرتنـەوەو بـە پێکەنینـەوە تەماشـای کـردین. ژوولـی هـەردوو دەسـتی بـۆ ڕاوەشاندنو دەگەڵیان هاودەنگ بوو کە: "هاونیشتمانی ئازاد، دەستو بازووت بەهێز بێ".

ئـەوان بـە جلوبـەرگی بـۆر یـان شـینی خەتخـەتو چەکمـەی چـەرم یـان قاپقاپـە دارینەکانیانەوە هێشتا هەر هاونیشتمانە ئاسایییەکانی جاران بوون.

لە پـاریس تـەنیا کۆمـەڵێک لـەو لاوانـە جلوبـەرگو کەرەسـتەی تـەواوی سـەربازییان پـێدرا، چونکـە جلوبـەرگ بـەڕادەی پێویسـت نـەبوو. بـەڵام چبەجلوبـەرگو کەرەستەوەو چبێئەوانەو بە دەستی بەتاڵ، ئەوان دوژمنانیان بەرەودوا کشاندەوە، هەموویان، هـەموو سیمۆنەکان، لیۆنەکان فڕانچییـەکانو لوویییـەکان لـە شـەڕگەلێکی وەک شـەڕی ڤـالمیو ڤاتینی سەربەرزو سەرفیراز هاتنە دەر، و ئێستا ئەو سروودەی ئەوان لـە کـاتی چـوون بـۆ پاریسدا دەیانخوێند لە گۆشەوکەناری فەڕانسە دەخوێندرێو هەمووش پێیدەڵێن سروودی "مارسەییەز" (مارسەیی) چونکە هاونیشتمانە مارسەیییەکان ئەویان دەگەڵ خۆیـان بـردە هەموو فەڕانسە.

لـــەکاتێکدا ئـــەمن بیـــرم لـــەو دیمەنانـــە دەکـــردەوە، کەوشـــدرووی پیـــریش بـــەنێو حەشیمەتەکەدا ڕێگای خۆی بۆلای ئێمە کردەوەو بە دلۆڤانی بەڵام بـە سەرلێشێواوییەوە دەستی ئێمەی گوشی، ئێمە جۆرێک هاودەردیمان لە ڕوخسـارییدا خوێنـدەوە. ئـەو پاشـان بەپەلە بابەتی وتوویژەکەی گۆڕی بۆ باسی قەڵتاغی بەرەکەوشان کـە ئـەم ڕۆژانـە جـۆری باشی کەم دەست دەکـەوێو ئـەمجار باسـی لێخۆشـبوونی بـاجی کـرد کـە دەیـەوێ دەگـەڵ ئالبیت بیهێنێتە گۆڕێو قسەی هێنایە سەر کوڕە لاقگۆچانییەکەی کە هیچ خەبـەری لێـی نیە. لەو جەنگەیەدا ناوی خوێندرایەوەو ناچار بوو بەجێمان بێڵێ.

چاوەڕوانییەکەمان چەند سـەعاتی کێشـا. جارجـار ئـەمن چـاوم لێکدەنـانو بـەکردەوە سەرم وەشانی سۆزانێ دەکرد. هەتا چاوم هەڵدێنا شـۆقی هـەتاوم دەدی کـە مەیلەوسـوور هەڵگەڕابوو و لە پەنجەرەوە دەهاتە ژووری. ئەمجا ئیدی خـەڵکێکی کـەمتر لـە ژوورەکـەدا مـابوونو وا دەهاتـە بـەرچاو کـە ئالبیـت چاوپێکەوتنـەکانی کـورتتر کردوونـەوەو بۆیـە فریشتەی نیگابان خێراخێراتر ناوەکانی دەخوێندنەوە. بەڵام هێشتا خەڵکێکی زۆر مـابوون کە نۆرەیان لەپێش ئێمە بوو و ئێمە هێشتا دەبوو چاوەڕوان بین.

جارێکی دیکە هاتمەوە سەر یادی ژوولیو ئەوە کە پـێش هـەرکارێک دەبـێ مێردێکـی بـۆ پەیدا بکەم. ئەو لـە ڕۆمانـەکانیشدا خوێندبوویـەوە کـە قارەمانـانی داسـتان هەمیشـە لـە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەمەنی هەژدەساڵیدا تووشی داوی سۆزو ئەڤین دەبن. لەنەکاو ڕووم کردە سۆزانێو پرسیم:

-سۆزان! ئەتۆ لەکوێ دەگەڵ ئەتین ئاشنا بووی؟

-زەوقم تێکمەدە. دەمەوێ هۆشم لەسەرەخۆ بێو بزانم لەوێ دەبێ بڵێم چی.

لە کاتێکدا سۆزان هەروا بەچاو ئاماژەی بۆ دەرگای ژوورەکە دەکردو تێیەوە ڕامابوو، ئەمن جارێکی دیکە گوتم:

-ئەگەر ئەمن خەڵکم وەرگرتبایە هیچوەخت چاوەڕێم نەدەهێشتنو پێمباشتر بوو بۆ هەرکامیان کاتێکی دیاریکراو دابنێمو لەوەختی خۆیدا بیانبینم. چونکی بەڕاستی ئەو چاوەڕوانییە سامناکە.

-چەند قسەی بێسەروبەر دەکەی ئووژنی! بەڕاستی پێتوایە لەژیانتدا دەرفەتی وات دەست دەکەوێ خەڵکی بەنۆرە وەرگریو ئەوان چاوەڕوانی تۆ بن؟

هیچم نەگوت چونکە هەستم دەکرد خەوم دێ. ئێستا تێدەگەیشتم کە ئەو شەربەتەی دایکم لەپێشدا بنیادەم وەکەیف دەخاو دوایە دایدەهێزێنێو ئاخرەکەشی بنیادەمی بە ماندوویی لەپێ دەخا. بەڵام بێشک هێزێک نادات بنیادەم. لەوکاتەدا گوێم لە دەنگی سۆزانێ بوو کە لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

-باوێشک مەدە ئووژنی، جوان نیە.

-ئۆی، پێم وابوو ئەوەندەم ئازادی هەیە. چما ئێمە لە کۆمارێکی ئازاددا ناژیین؟

لەوکاتەدا بە دەنگی نیگابانەکە کە ناوێکی دیکەی دەخوێندەوە ڕاچڵەکیمو سۆزان دەستی لەسەر دەستم داناو لەحاڵێکدا سەرم لە ساردیی دەستی سوڕ مابوو گوێم لێبوو گوتی:

-خوایە گیان، هێشتا نۆرەی ئێمە نەهاتوە ئووژنی.

هێندەی پێنەچوو خەوێکی قووڵم لێکەوت، وەک ئەوەی لە ماڵێو لەنێو نوێنی خۆمدا بم. لەنەکاو شۆقێکی توند جاڕزی کردم بەڵام پێم باشتر بوو چاو هەڵنەیەنمو هەروا بە خەواڵوویی گوتم:

-ژوولی، لێمگەڕێ. ماندووم، لێمگەڕی بنووم.

گوێم لە دەنگێکی نەناسراو بوو کە دەیگوت:

-هەستە هاونیشتمان.

بەڵام ئەمن دیسان گوێم نەدایە هەتا دیتم یەکێک دەستی لەسەر شانم داناوەو ڕامدەتلەکێنێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-هەستە هاونیشتمان. ئەتۆ ناتوانی لێرە بخەوی.

بە بۆڵەبۆڵ گوتم:

-لێمگەڕێ.

بەڵام لەنەکاو بەترسەوە لەخەو ڕابوومو دەستی بێگانەکەم لەسەر شانم لادا. نەمدەزانی لەکوێم، ژوورێکی نیوەتاریکو پیاوێکی فانۆسبەدەست کە داهاتبۆوە سەرم. خوایە گیان، ئێرە کوێیە، ئەمن لەکوێم؟

-نیگەران مەبە هاونیشتمان!

ئەمە دەنگی پیاوە بێگانەکە بوو کە دەیەویست ئارامم بکاتەوە، دەنگێکی ئارامو خۆش بەڵام نەناسراوو ڕەنگە بێگانەش. ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی هەست بکەم تووشی مۆتە بوومو هەرلەو حاڵەدا وەڵامم دایەوە:

-نەترسام، بەڵام نازانم لە کوێمو ئێوە کێن؟

پیاوە نەناسیاوەکە شۆقی فانۆسەکەی لە ڕوخسارم دوور خستەوەو ئیستا دەمتوانی وردترو بەڕوونی بیبینم. لاوێک بوو جوانچاک بە چاوێکی مەیلەوڕەشو ڕوخسارێکی دڵگیرەوە کە زەردەخەنەیەکی گەرمی لەسەر دەموچاوان بوو. جلوبەرگێکی تاریکی دەبەردا بوو و سەربەرگێکیشی لەسەریەوە پۆشیبوو. پیاوە گەنجەکە بە ئەدەبەوە گوتی:

-بەداخم کە نارەحەتت دەکەم هاونیشتمان. بەڵام ئەمن دەبێ بچمەوە ماڵێو ناچارم نووسینگەی پارێزەر ئالبیت دابخەم.

-نووسینگە؟ کێ منی هێناوەتە ئێرە؟

سەرم دێشاو لاقم قورس بوون. دووپاتەم کردەوە:

-کام نووسینگە؟ ئێوە کێن؟

-ئێرە نووسینگەی پارێزەر ئالبیتەو چونکە دەتەوێ ناوی من بزانی دەبێ بڵێم ناوی من هاونیشتمان ژۆزێف بوناپارتەو سکرتێری کۆمیتەی ئەمنیەتی گشتیی پاریسمو لە ماوەی سەفەری پارێزەر ئالبیت بۆ مارسەیدا وەک سکرتێر دەگەڵی دەبم. کاتی ئیداریی ئێمە لەمێژە تەواو بووەو ئەمن دەبێ دەرگاکان دابخەم، چونکە بەشەو مانەوەی کەسێک لە باڵەخانەی ئەنجومەنی شار پێچەوانەی بڕیارە. بۆیە ناچار بووم هاونیشتمان لەخەو هەستێنم تا ئێرە بەجێ بێڵێ.

ئەنجومەنی شار، ئالبیت. ئێستا وەبیرم دەهاتەوە کە لەکوێمو بۆچی. بەڵام سۆزان لەکوێ بوو؟ ئەمن ئەوم لێ ون ببوو، بۆیە لە پیاوە گەنجەکەم پرسی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەدی سۆزان لە کوێیە؟

لەوکاتەدا زەردەخەنەکەی بوو بە نەرمەپێکەنینێکو وەڵامی دایەوە:

-ئەمن شانازیی ناسیاوی دەگەڵ سۆزانێم نەبووەو تەنیا شت کە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە دواکەس کە چاوی بە هاونیشتمان ئالبیت کەوتوە دوو سەعات لەمەوبەر ئێرەی بەجێ هێشتوەو ئەمن تەنیا کەسم کە لە نووسینگە ماوەو ئێستا دەمەوێ بچمەوە ماڵێ.

-بەڵام ئەمن دەبێ چاوەڕوانی سۆزانێ بم، داوای لێبووردنت لێدەکەم هاونیشتمان بوو...ما...

-هاونیشتمان بوناپارت.

-زۆرباشە هاونیشتمان بوناپارت، داوای لێبووردنت لێدەکەم. بەڵام ئەمن دەبێ هەرلێرە چاوەڕوانی سۆزانێ بم. ئەگینا ئەگەر بێ وی بچمەوە ماڵێ هەڵایەکی گەورە دروست دەبێو ناچار دەبێ دانی پێدا بنێم کە لە ئەنجومەنی شار لێم ون بووە. هیوادارم گیروگرفتەکەم تێبگەی.

ئێوە زۆر کەللەڕەقن هاونیشتمان.

ئەو پاشان فانۆسەکەی لە عەرزی داناو لە تەنیشت من لەسەر نیوتەختەکە دانیشتو پرسی:

-ناوی بنەماڵەی ئەم سۆزانە چیەو بۆچی هاتبوو ئالبیت ببینێ؟

-ناوی سۆزان کلاری‌یەو خێزانی براکەم ئەتین کلاری‌یە. ئەتینیان گرتوەو ئەمنو سۆزان هاتبووین داوای ئازادبوونی بکەین.

پیاوە لاوەکە لە حاڵێکدا داوای لە من دەکرد کەمێک ڕاوەستم هەستاو فانۆسێکی بەدەستەوە گرتو لەپشت ئەو دەرگایە کە فریشتەی نیگابان تەواوی ئەو ڕۆژە نیگابانیی لێدەدا ون بوو. ئەمنیش وەدوای کەوتم، ئەو داهاتبۆوە سەر مێزێکی گەورەی کارو لەنێو کاغەزو دۆسیەکاندا لە شتێک دەگەڕا. کە منی دیت سەری هەڵبڕیو گوتی:

-ئەگەر ئالبیت براژنەکەتی دیبێ دەبێ دۆسیەی براکەت لێرە بێ. چونکە نوێنەر هەمیشە پێش دیتنی کەسانی وەک ئێوە داوای دۆسیەی نەفەرە گیراوەکە دەکاو چاوێکی پێدا دەخشێنێ.

چونکە نەمدەزانی چیی جواب بدەمەوە، لەبن لێوانەوە گوتم:

-نوێنەر پیاوێکی میهرەبانو دڵنەرمە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو تێمەوە ڕامابوو، لە ڕوانینەکەیدا جۆرێک حاڵەتی گاڵتەپێکردن دەبینراو هەرلەو حاڵەشدا وەڵامی دایەوە:

-لە هەمووی گرنگتر پیاوێکی لەبەردڵانە هاونیشتمان! ڕەنگە زۆریش دڵنەرم بێو هەربۆیە هاونیشتمان ڕۆبسپێر ئەندامی کۆمیتەی ئەمنیەتی گشتی داوای لەمن کرد یارمەتیی بدەم.

ئەمن بێڕاوەستانو بێئەوەی بیر لە قسەکەم بکەمەوە گوتم:

-کەوایە ئێوە ڕۆبسپێر دەناسن.

خوایە گیان! سەرەنجام لێرە کەسێکیش پەیدا بوو کە نوێنەر ڕۆبسپێر بناسێ. کەسێک کە باشترینو نزیکترین دۆستانی خۆی فیدای کۆمار کرد.

هەر لەو وەختەدا پیاوە گەنجەکە بەخۆشحاڵیەوە هاواری کرد:

-ئەها. دیمەوە، ئەتین کلاری. بازرگانی خەڵکی مارسەی، ڕاستە؟

-بەڵام ئەویان بەخۆڕایی گرتوە ئەو کارە لە هەڵەیەک بەولاوەتر نەبووە.

هاونیشتمان بوناپارت ئاوڕی دایەو سەر منو گوتی:

-چکارێک هەڵە بووە؟

-گرتنی وی.

-باشە بۆ گرتوویانە؟

-ئێمەش هۆیەکەی نازانین، بەڵام دەتوانم دڵنیات بکەم کە هەڵەیەک ڕووی داوە.

لەنەکاو فکرێکم بەمێشکدا هاتو تروسکەیەکی هیوا لە دڵمدا درەوشا، ڕووم تێکردو گوتم:

-بڕوانە، ئێوە گوتتان هاونیشتمان ڕۆبسپێر ئەندامی کۆمیتەی ئەمنیەتی گشتی دەناسن. دەکرێ پێیبڵێن کە لەبارەی ئەتینەوە هەڵە کراوەو گیراوەو...

بە دیتنی ڕوخساری جیددیی پیاوە گەنجەکە دڵم ڕاوەستا. ئەو لە حاڵێکدا بە ئارامی سەری ڕادەوەشاند گوتی:

-ئەمن لەوبارەیەوە ناتوانم هیچ بکەم چونکە ئیدی کارێک نەماوە بکرێ. تەماشای ئێرە بکەن...

ئەو دوایە زۆر بە سەنگینی دۆسیەیەکی لەسەر مێزەکە هەڵگرتو لە حاڵێکدا بەمنی نیشان دەدا گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەوەتا. بۆخۆت بیخوێنەوە. پارێزەر ئالبیت بەخەتی خۆی ڕای خۆی لەژێر نامەکە نووسیوە.

ئەمن داهاتبوومەوە سەر کاغەزەکەو هەرچەند ئەو فانۆسەکەی لە نزیک کاغەزەکە ڕاگرتبوو بەوحاڵە لە هێندێک وشە بەولاوە کە بەپەلەو ڕێشکەوپێشکە نووسرابوونو لەپێش چاوم هەڵدەپەڕین، هیچم نەدەدی. لە حاڵێکدا فرمێسک لە چاوانمدا قەتیس مابوو گوتم:

–ئەمن حاڵم باش نیە. دەکرێ جەنابت بۆمی بخوێنیەوە؟

_شتەکە تەواو ڕوونە. زیندانییەکە ئازاد بکرێ.

–یانی... یانی ئەوە کە... یانی ئەتین ئازاد...

–بەڵێ براکەتان ئازاد کراوەو زۆر وێدەچێ لەمێژ بێ دەگەڵ سۆزانێ چووبنەوە ماڵێو ئێستا لە دەوری یەکتر خەریکی شێوخواردن بنو مسۆگەر ئەندامانی بنەماڵە دەگەڵ وی کەوتوونە وتووێژو ئێوەیان هەر لەبیر چۆتەوە. بەڵام بۆچی... بۆ دەگری... چبووە هاونیشتمان...

گریان بەری نەدەدامو خۆم پێڕانەدەگیرا. دەنکە فرمێسک بەسەر گۆنامدا خلۆر دەبوونەوەو گریان دەرفەتی نەدەدام. کەچی بۆخۆشم نەمدەزانی بۆ دەگریم. خۆمن خەفەتبار نەبووم ئەدی بۆ... بەڵام نەمدەزانی جاری وایە مرۆڤ لەبەر ئەوپەڕی شادمانییش دەگری.

–خۆشحاڵم، زۆر خۆشحاڵم بەڕێز.

هەستم کرد پیاوە گەنجەکە بە دیتنی حاڵی من نارەحەت بووە. ئەو دۆسیەکەی لەسەر مێزەکە داناو خۆی بە خرتوپرتی سەر مێزەکەوە سەرگەرم کرد. دەجانتاکەم گەڕام بەڵکوو دەسرۆکەیەک بدۆزمەوە بەڵام دیتم لەبیرم چووەو دەسرۆکەیەکم لەگەڵ خۆم نەهێناوە، لەنەکاو ئەو دەسرۆکانەم وەبیر هاتنەوە کە لە بەرۆکی خۆمم هاویشتبوونو بەناچار دەستم دەبەرۆکم ڕاکرد. لەوکاتەدا لەنەکاو پیاوە لاوەکە سەری هەڵبڕی، نەیدەتوانی ئەوەی دەیبینێ باوەڕی پێبکا. دەرکێشانی چوار دەسرۆکە بەدوای یەکدا بووە هۆی ئەوەی ئەو وابزانێ ئەمن جادووگەرم. لە حاڵێکدا لە شەرمان ئارەقە پەڕیبووە نێوچاوانم هەستم کرد پێویستە ڕوونکردنەوەیەک بدەمو بۆیە گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەوانەم لە بەرۆکم نابوون تا خەڵک بە منداڵم تێنەگەن. ئاخر دەزانی لەماڵێ هەموو بە چاوی منداڵێک سەیرم دەکەن. بەڵام بە سەرسوڕمانەوە دیتم هاونیشتمان بوناپارت وەڵامی دایەوە:

ئێوە ئیدی منداڵ نین بەڵکوو خاتووونێکی جحێڵنو ئێستاش پێموایە باشترە ئەمن بتانگەیەنمەوە ماڵێ خۆتان. چونکە بۆ ژنێکی جحێڵ ڕەوا نیە لەم سەعاتەی شەودا بەتەنیایی لە شاری بچێتە جێگایەک.

–ئەمە ئەوپەڕی گەورەیی ئێوەیە بەڕێز، بەڵام ئەمن... ئەمن ناتوانم قبووڵ... بکەم. ئێوە گوتتان کە دەتانەوێ بچنەوە ماڵێ خۆتان.

ئەو لەحاڵێکدا زەردەخەنەی کەوتبووە سەر لێوان گوتی:

–کەس نابێ قسە لە قسەی دۆستێکی ڕۆبسپێر بکا، وانیە؟ باشە ئێستا وا باشە هەرکەسە یەک لەو نوقڵانە بخەینە دەممانو بکەوینە ڕێ.

ئەو پاشان چەکمەجەیەکی مێزەکەی کردەوەو کیسەیەکی چووکەڵەی پڕ لە نوقڵو شوکولاتی لەپێشم ڕاگرتو گوتی:

–ئالبیت هێندێک هەمیشە لەو شیرنییانەی لە چەکمەجەکانیدا هەیە. یەکی دیکەش هەڵگرە. خۆشە. نا؟ ئەم ڕۆژانە کەمکەس دەتوانن ئەمجۆرە شیرنییانە بەکار بەرن.

دواڕستەکەی نەختێک ڕەخنەو تانووتی پێوە دیار بوو. دەگەڵ ئەوەی زۆرم حەز نەدەکرد پێشنیارەکەی لەبارەی بردنەوەمەوە ڕەت بکەمەوەو جگە لەوەش هەروەک ئەو گوتی لەوکاتەی شەودا چوونەوە بەتەنیا بۆ ژنێکی جحێڵ جوان نەبوو، بەوحاڵە گوتم:

–ماڵەکەمان لەو سەری شارەو ئەمکارە ڕێگای ئێوە دوور دەخاتەوە. بەڕاستی داوای لێبووردن دەکەم کە بە گریانی خۆم ئێوەم ناڕەحەت کرد.

ئەو لەحاڵێکدا شانبەشانی من دەڕۆیشت گوتی:

–ئەمن دەهەستی ئێوە دەگەم. بۆخۆشم خوشکو برام هەنو زۆریشم خۆش دەوێن. بەتایبەتی ئەو خوشکەم کە هاوتەمەنی ئێوەیە.

ئێستا ئیدی کەمترم شەرم لێدەکردو بۆیە پرسیم:

–ئێوە خەڵکی مارسەی نین، وانیە؟

–ڕاستە، بەڵام ئێستا تەواوی ئەندامانی بنەماڵەکەم بێجگە لە برایەکم، لە مارسەی دەژین.

–هەستم کرد شێوەزاری ئێوە لەگەڵ ئێمە جیاوازە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەمن خەڵکی دورگەی کۆرسم، پەنابەرو ڕاکردوویەک لە کۆرس. ئێمە هەموومان دەوری ساڵێک لەمەوبەر ناچار بووین بێینە فەڕانسە. دایکم، براکانم، خوشکەکانمو بۆخۆشم. ئێمە دارونەداری خۆمان لە کۆرس بەجێ هێشتو گیانی خۆمان هەڵگرتو هەڵاتین.

هەناسە لەسنگمدا ڕاوەستابوو، هەستم دەکرد قسەکانی پتر وەک داستانێک دەچن. بۆیە پرسیم:

–بۆچی؟

–چونکە ئێمە ئەڤینداری نیشتمانەکەمانین.

بەڵام بەدبەختی لەوەدایە کە نەزانیی من ئەندازەی نیەو هەربۆیە گوتم:

–چما کۆرس سەربە ئیتالیا نیە؟

ئەو بە دڵێکی ڕەنجاوەوە وەڵامی دایەوە:

–ئەم قسانە چین؟ بیستوپێنجساڵ پترە کۆرس ئی فەڕانسەیەو ئێمەش وەک هاونیشتمان بە فەڕانسەیی پەروەردە بووین، هاونیشتمانانی ولاتپارێزی فەڕانسەیی. هەر بەو هۆیەش ئەو حیزبانەمان قبووڵ نەکردن کە دەیانەویست کۆرس بدەن بە ئینگلستان. ساڵێک لەمەوبەر لەنەکاو گەلەکەشتی‌یەکانی ئینگلیس لە لێوارەکانی کۆرس دەرکەوتنو پێموایە ئێوە خەبەری ئەو بەسەرهاتەتان بیستوە، وانیە؟

بە سەرلەقاندن قسەکانیم پشتڕاست کردنەوە، پێموایە لەوبارەیەوە هێندێ شتم بیستبوو، بەڵام بەداخەوە هەموویم لەبیر چووبۆوە. ئەو جارێکی دیکە لەسەری ڕۆیشت:

–ئێمە هەموومان ناچار بووین ڕابکەین، دایکمو هەموومان.

دەنگی گیرابوو و جۆرێک ڕقو بێزارییشی تێدا هەست پێدەکراو وەک قارەمانانی داستانانێک دەچوو، قارەمانێکی بەڕاستی‌و دوور لە ماڵوحاڵ.

–داخوا دۆستانێکیشتان لە مارسەی هەن؟

–برایەکەم کۆمەگمان دەکا. ئەو توانی یارمەتی‌یەکی کەمی دەوڵەتی بۆ دایکم جوور بکا. چونکە ئەو لە دەستی ئینگلیسی‌یەکان ڕای‌کردبوو. برایەکەم لە فەڕانسەو لە کۆلێژی "بێری ئێن" دەرسی خوێندوەو ژەنڕاڵە.

ئەمن تەنیا توانیم بە هەناسەیەکی درێژ ئافەریمی خۆم نیشان بدەم. چونکە کاتێک یەکێک دەڵێ برایەکەی ژەنڕاڵە مرۆڤ دەبێ شتێک لە وەڵامیدا بڵێ. بەڵام ئەمن هیچم بەمێشکدا نەهاتو ئەویش بابەتی باسەکەی گۆڕی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێوە دەبێ کچێ خوالێخۆشبوو کلاری، بازرگانی هەریر بن، دروستە؟

-ئێوە بەچیڕا دەزانن؟

ئەو لەحاڵێکدا دووبارە زەردەی دەهاتێ گوتی:

- ئێوە نابێ پێتان سەیر بێ. دەبێ بڵێم چاوە بێئەژمارو تیژبینەکانی قانوون هەموو شتێکو هەموو جێیەک دەبینن‌و ئەمن وەک کارمەندێکی دەوڵەت یەک لەو چاوە بێئەژمارانەم. بەڵام ڕاستی‌یەکەی بڵێم بۆخۆتان پێتان گوتم کە خوشکی ئەتین کلارین‌و ئەمنیش لەڕووی دۆسیەکەوە تێگەیشتم کە ئەتین کلاری کوڕی خوالێخۆشبوو فڕانسوا کلاری‌یە.

ئەو کەمێک بەپەلە قسەی دەکردو هێندێک پیتیشی بە شێوەزاری بێگانە دەردەبڕین‌و لێحاڵی‌بوونیان بۆمن دژوار بوو، بەڵام ڕاستی‌یەکەی ئەوە بوو کە ئەو بێگانەیەکو خەڵکی کۆرس بوو. پیاوە گەنجەکە لەسەری ڕۆیشت:

-پاشان هەق بەئێوە بوو و گیرانی براکەتان لە هەڵەیەک زیاتر نەبوو، لەڕاستی‌دا فەرمانی گرتنەکە ناوی بەباوکتان فڕانسوا کلاری دەرچووبوو.

-بەڵام خۆ باوکم نەماوە.

-تەواو ڕاستەو هەڵەکەش لێرەدا بوو، تەواوی ئەمانە لە دۆسیەی براکەتدا نووسراون. ئەم دوایی‌یانە لە پێداچوونەوەی بەڵگەکانی سەردەمی پێش شۆڕشدا بەڵگەیەک دەست کەوتبوو کە لەودا باوکی ئێوە داوای کردبوو بەرناوێکی نەجیب‌زادانەی بدرێتێ.

-بەڕاست؟! بەڵام ئێمە هیچ ئاگامان لەو بەسەرهاتە نەبووەو ئەوەندەی خۆم بزانم باوکم زۆر حەزی لە نەجیب‌زادەیی نەبوو، نازانم بۆ دەبێ کاری وای کردبێ؟

-ڕەنگە لەبەر کاروباری بازرگانی ئەوکارەی کردبێ، تەنیا بەوهۆیە. پێم‌وایە ویستوویەتی وەک بەرپرسی ئامادەکردنی پێداویستی‌یەکانی دەربار هەڵبژێردرێ.

-بەڵێ، قسەی ئێوەیە. جارێکیش هێندێ مەخمەری ئاوریشمی شینی بۆ شاژن ناردە ڤێرسای. هەریرەکانی باوکم هەمووکەس باسی دەکردن‌و باشی‌یەکەیان زۆر بەناوبانگ بوو.

- بەهەرحاڵ ئەو داخوازەی وی هۆی دەرچوونی فەرمانی گرتنەکە بووە. بەڵام کاتێک مەئمووران چوونە ئادرەسەکەی تووشی ئەتین کلاری بوون‌و ئەویان گرتوە.

-بەڵام ئەمن دڵنیام ئەتین هیچ ئاگایەکی لەو داخوازە نەبووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–پێموایە سۆزانێ براژنت توانیویەتی بێتاوانیی مێردەکەی بە نوێنەر ئالبێت بسەلمێنێو هۆی ئازادبوونی براکەشت هەر ئەوە بووەو براژنیشت بەپەلە چۆتە زیندان تا خۆی بگەیەنێتە براکەت. بەڵام هەمووی ئەمانە ڕووداوگەلێکن کە ڕابردوونو ئەوەندە بۆمن گرنگ نین.

ئەو لێرەدا ساتێک ڕاوەستاو پاشان لەحاڵێکدا دەنگی ئارامتر بوو و دیمەنێکی میهرەبانانەتری هەبوو گوتی:

–ئەوەی جێی سەرنجی منە ئەو مەسەلانە نین کە پێوەندییان بە بنەماڵەی ئێوەوە هەیە، بەڵکوو خودی خۆت هاونیشتمانی نۆجوانە، بەڕاستی ناوت چیە؟

–ناوم بێرنادین ئووژنی دێزیرەیەو لەماڵێ هەموو پێمدەڵێن ئووژنی. بەڵام بۆخۆم دێزیرەم پێخۆشترە.

–هەموو ئەم ناوانە جوانن، بەڵام ئێستا ئەمن بە چناوێکت بانگ بکەم کیژۆڵە بێرنادین ئووژنی دێزیرە؟

لەشەرمان سوور هەڵگەڕابوومو خۆشحاڵ بووم کە لەبەر تاریکایی ناتوانێ ڕوخسارم ببینێ. پاشان هەستم دەکرد وتووێژەکەمان گەیشتۆتە جێگایەک کە دایکم پێی خۆش نابێ، بەهەرحاڵ وەڵامم دایەوە:

–ئێوەش وەک ئەوانی دیکە بە ئووژنیم بانگ بکەن. بەڵام دەبێ جارێک بێیە ماڵی خۆمانو ئەودەم لەلای دایکم پێشنیار دەکەم کە بە ناوە تەعمیدییەکەم بانگم بکەی. ئەگەر وابێ گیروگرفتێک نابێ چونکە دەزانم ئەگەر دایکم تێبگا کە...

–ئۆی. ئەوان قەت ڕێگایان پێنەداوی دەگەڵ دۆستە گەنجەکانت بچیە گەڕان؟

–نا. ئەمن هیچ نازانم، چونکە هیچوەخت دۆستایەتیی غەریبەیەکم نەکردوە.

دیارە لەووەختەدا کە بێ بیرکردنەوە قسەم دەکرد هەرگیز پێرسۆنم لەبیر نەبوو و ئەوم بەتەواوی لەبیر چووبۆوە. ئەو لەحاڵێکدا زەردەخەنەی دەهاتێ گوتی:

–بەڵام ئێستا ڕەنگە کەسێک بناسی ئووژنی. نا؟

–کەنگێ دێیە ماڵی ئێمە؟

–پیتوایە دەبێ چی زووترە ئەوکارە بکەم؟

ئەمن دەمەساتێک بۆ وەڵامدانەوەی ڕاوەستام. بیرێک کە پێشتر بەمێشکمدا هاتبوو بەری نەدەدامو بەردەوام ناوی ژوولیم وەبیر دەهاتەوە. ژوولی، بەڵێ ژوولی کە حەزی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێندنەوەی ڕۆمان دەکردو مسۆگەر بەدیتنی ئەو پیاوە گەنجە بە شێوەزاری بێگانەوە زۆر خۆشحاڵ دەبوو. پیاوە گەنجەکە کە دیتی ئەمن بێدەنگم، جارێکی دیکە گوتی:

–باشە، وەڵامت نەدامەوە کیژۆڵە ئووژنی؟

–سبەینێ چۆنە؟ سبەینێ دوای داخرانی فرۆشگاکان. ئەگەریش دنیا زۆر گەرم بێ دەتوانین لە باخچەی ماڵێ دانیشین، چونکە ئێمە ماڵێکی چووکەڵەی هاوینیمان هەیە کە ژوولییش زۆری پێخۆشە.

لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە ڕەفتارێکی زۆر سیاسییانەم هەبووەو لەو فیزماڵکلێدانەی خۆم ڕازی بووم.

–ژوولی؟ ژوولی کێیە. تائێستا تەنیا باسی سۆزانو ئەتینمان کردوەو نازانم ژوولی کێیە؟

ئێستا گەیشتبووینە شەقامەکەی خۆمانو ئەمن هەوڵم دەدا خێراتر قسان بکەمو وەڵامم دایەوە:

–ژوولی خوشکێ منە.

لەحاڵێکدا دەمتوانی تامەزرۆییو پرسیار لە دەنگیدا بخوێنمەوە پرسی:

–خوشکێ گەورەتر یان چووکتر؟

–خوشکێ گەورەتر، ئەو هەژدەساڵی تەمەنە.

–مسۆگەر جوانیشە؟

–زۆر زۆر.

لەحاڵێکدا ئەوم لە جوانیی ژوولی دڵنیا دەکرد، بۆخۆم تێمابووم کە داخوا بەڕاستی ژوولی وەک دەڵێم جوانە یان نا. زۆر دژوارە مرۆڤ لەبارەی جوانیی خوشکێ خۆیەوە داوەری بکا.

–سوێند دەخۆی ئووژنی؟

–بەڕاستی چاوە هەنگوینییەکانی جوانن.

–ئەرێ دڵنیای دایکت بە دیتنی من نارەحەت نابێ؟

دوودڵیو نادڵنیابوون لە قسەکانیدا دەردەکەوتو نەیدەزانی چەندە دەتوانێ متمانە بە بانگهێشتنەکەی من بکا. ئەگەر بەویستایە ڕاستگۆیانە وەڵامی بدەمەوە دەبوو بڵێم بۆخۆشم کەمتر لەو دوودڵ نیم. بەڵام غیرەتم وەبەر خۆم ناو گوتم:

–دڵنیام کە ئەو بەدیتنت خۆشحاڵ دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوڵم دا ئەم ڕستەیە بە باوەڕبەخۆبوونو دڵنیاییەوە دەرببڕم چونکە نەمدەویست ژوولی ئەو شانسەی لەکیس بچێ. جگە لەوەش، لێرەدا خاڵێک هەبوو کە بۆخۆشم بۆم گرنگ بوو. بۆیە پرسیم:

–پێتوایە دەتوانی براکەشت لەگەڵ خۆت بێنی، برا ژەنڕاڵەکەت؟

–دیارە. دیارە دەتوانم. ئەو زۆریشی پێخۆش دەبێ چونکە ئێمە لە مارسەی دۆستمان زۆر نین.

–بڕوانە، ئەوی ڕاست بێ ئەمن تائێستا ژەنڕاڵێکی ڕاستەقینەم لەنیزیکەوە نەدیتوە.

–زۆر باشە. سبەینێ یەکێکیان دەبینی. دیارە ئەو ئێستا فەرماندەر نیەو خەریکە کار لەسەر هێندێ نەخشەو بەرنامە دەکا بەڵام بەهەرحاڵ ژەنڕاڵێکی ڕاستەقینەیە.

هەوڵم دەدا سیمای ژەنڕاڵێکی ڕاستەقینە لە مێشکی خۆمدا بکێشمەوە. دڵنیا بووم کە هیچوەخت دیدارم دەگەڵ ژەنڕاڵێک نەبووەو تەنانەت وەک ڕاستەقینە لەدوورەوەش ژەنڕاڵێکم نەدیبوو، هێندێ وێنەی ژەنڕاڵەکانی کۆن بە کڵاوە چەرمە گەورەکانیانەوە تەنیا شت بوون کە دیتبوومنو دوای شۆڕش دایکم ئەوانیشی لە ژووری دانیشتن کۆ کردبوونەوەو لە ژووری بن شیروانییەکەدا عەمباری کردبوون. لەبەر ئەوەی پێم وابوو بەڕێز بوناپارت گەنجە گوتم:

–مسۆگەر جیاوازیی تەمەنی خۆتو براکەت زۆر زۆرە.نا؟

–زۆر نا. ڕەنگە هەر یەکساڵ بێ.

بە سەرسوڕمانەوە هاوارم کردو گوتم:

–چی؟ برایەکەت تەنیا ساڵێک لەخۆت گەورەترەو ژەنڕاڵیشە؟

–نا، ئەو ساڵێک لەمن گەنجترەو تەنیا بیستوچوارساڵی تەمەنە. بەڵام زۆر بەهۆشەو بیرۆکەی سەرسوڕهێنی لە مێشکدان. بۆخۆت سبەینێ دەیبینی.

گەیشتبووینەوە نزیک ماڵێو دەمتوانی ئەوێ ببینم. شۆقی چراکانی نهۆمی خوارێ لە پەنجەرەوە لە دەرێ دەداو بێگومان ئەندامانی بنەماڵە خەریکی شێوخواردن بوون. لەحاڵێکدا ئاماژەم بۆ وێ دەکرد گوتم:

–ئەمە ماڵەکەمانە، ئەو خانووە سپییە.

لەنەکاو ڕەفتاری بەڕێز بوناپارت گۆڕاو ئەو کە وا دیار بوو بە دیتنی ماڵەکە ڕاچەنیوەو متمانەی بەخۆی نەماوە، خێرا ماڵئاوایی خواستو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-کیژۆڵە ئووژنی! ئەمن نابێ لەوە زیاتر ماتڵت بکەم چونکە بێگومان بنەماڵەکەت نیگەرانتن.

چونکە هەستیشی کرد دەمەوێ سوپاسی بکەم، بێڕاوەستان گوتی:

-ئا، نا. پێویستیی بە سوپاس نیە. هاوڕێیەتیی تۆ بۆمن شانازییەکی گەورە بوو. لەبارەی بانگهێشتنەکەی سبەینێشەوە ئەگەر بە جیددیت بووبێ سبەینێ ئێواری دەگەڵ برایەکەم دێمە سەردانت. دیارە ئەمە لەحاڵەتێکدایە کە دایکت لەو بابەتەوە نارەحەت نەبێو نەبمە مایەی زەحمەت.

لەمکاتەدا دەرگا کرایەوەو لە تاریکاییدا گوێم لە دەنگی ژوولی بوو، گوتم:

-ئەوێیە، پێش دەرگای باغەکە.

جارێکی دیکە دەنگی ژوولی بەرز بۆوە کە بە بێسەبری بانگی دەکردم:

-ئووژنی! ئەتۆی ئووژنی؟

-بەڵێ خۆمم، هەرئێستا دێم ژوولی!

لەحاڵێکدا بەرەو ماڵ غارم دەدا گوێم لە دەنگی بەڕێز بوناپارت بوو کە دەیگوت:

-خوا حافیز کیژۆڵە.

پێنج دەقیقە زیاتری نەبرد کە تێگەیشتم مایەی شەرمەزاریی بنەماڵەکەمم. دایکم، سۆزانو ئەتین هەرسێک لە دەوری مێزی نانخواردن بوون لە نانخواردن ببوونەوەو ئێستا فنجانە قاوەکانیان بەدەستەوە بوو، ژوولی بە سەرکەوتنەوە منی بردە ژووریو گوتی:

-ئەوەتا، لێرەیە.

دایکم چاوێکی لێکردمو گوتی:

-سوپاس بۆ خوا. لە کوێ بووی کچم؟

لەحاڵێکدا بە سەرکۆنەوە سەیری سۆزانێم دەکرد، گوتم:

-سۆزان بەتەواوی منی لەبیر چوو. ئەمن خەوم لێکەوتو...

سۆزان کە فنجانی قاوەکەی بەدەستی ڕاستەوە بوو بە دەستی چەپیشی دەستی ئەتینی گرتبوو. ئەو بە سووکایەتییەوە فنجانەکەی لە مێزەکە ڕاکێشاو گوتی:

-بەڕاستی کە... جاریێ لە ساڵۆنی ئەنجومەنی شار وا دەخەوی کە ناتوانم خەبەرت بکەمەوەو ناچار بەتەنیا دەچمە دیتنی ئالبیت، چونکە نەمدەتوانی بڵێم چاوەڕێ بە بزانم کیژۆڵە ئووژنی بڕیار دەدا لە خەو هەستێ یان نا. و ئێستاش لەسەر شەڕەکە...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دەزانم ئەتۆ لەلای ئالبیتەوە بەپەلە چوویە زیندانو بەجارێک منت لەبیر چوو خانم. بەڵام بەوحاڵە گلەییت لێناکەم.

دایکم کە هێشتا نیگەران دیار بوو پرسی:

–بەڵام ئەو هەموو وەختە لەکوێ بووی؟ ئێمە ماریمان بەدوای تۆدا ناردە ئەنجومەنی شار بەڵام دەرگاکانی باڵەخانە داخرابوونو دەرکەوان گوتبووی جگە لە سکرتێری تایبەتیی ئالبیت کەسی لێنیەو مارییش نیوسەعات پێش ئێستا هاتەوە. خوایە گیان! ئووژنی کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە کە ئەتۆ بەوشەوە تەواوی شارت پشکنیوەو لەوانە بوو چمەترسیگەلێکت بێتە پێش...

دایکم دەسبەجێ زەنگە چووکەڵە زیوینەکەی کە هەمیشە لەپەنا دەستیەوە بوو، بەتوندی لێداو داوای لە ماری کرد خواردنی من بێنێ. پاش تەواوبوونی فەرمانی دایکم بە ماری ڕووم تێکردو گوتم:

–بەڵام بەو شەوە بەتەنیا نەهاتوومەوە دایە. سکرتێرەکەی ئالبیت هێنامیەوە.

ماری دەفری سووپەکەی لەپێش دانام بەڵام هێشتا کەوچکەکەم بۆ زارم نەبردبوو کە هاواری سۆزانێ بەرز بۆوە:

–سکرتێری ئالبیت؟ ئەو کابرا بێئەدەبو ناقۆڵایە کە لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو ناوەکانی دەخوێندەوە؟

–نا. ئەو نیگابانێکی ئاسایی بوو. سکرتێری ئەسڵیی ئالبیت لاوێکی جوانچاکەو وەک بۆخۆی دەیگوت لە ئاسیاوانی ڕۆبسپێرە. پاشان...

بەڵام دیسان ئەوان دەرفەتیان نەدا قسەکەم تەواو بکەمو ئەتین کە چونکە ئەو چەند ڕۆژەی بەندیخانە ڕیشی نەتاشیبوو سەروسیمای گۆڕابوو قسەکەی پێبڕیمو پرسی:

–ئەم سکرتێرە ناوی چ بوو؟

–ناوێکی قورسی هەبوو کە بە زەحمەت وەبیرم دێتەوە. بوناپات یان شتێکی وەک ئەوە. پاشان...

ئەتین کە هەستی دەکرد جێی باوکمی گرتۆتەوە، دووبارە بە نەڕەنەڕ قسەکەی پێبڕیمو گوتی:

–ئەتۆش بەو شەوە درەنگە بەتەنیا تەواوی شارەکە دەگەڵ ئەم ژاکووبییە نەناسیاوە گەڕای؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێجار ئەندامانی بنەماڵە ناتوانن بە مەنتیق بیر بکەنەوە. لەپێشدا چونکە پێیان وابوو بەتەنیا هاتوومەوە سەرکۆنەیان دەکردمو ئێستاش کردبوویانە هەرا کە بۆ بەتەنیا نەبوومو کەسێکی شیاو ئاگای لێم بووە.

-ئەو هێندەش نەناسیاو نیە چونکە خۆی بەمن ناساند. بنەماڵەکەی لە مارسەی دەژینو بۆخۆشیان لە کۆچبەرە کۆرسی‌یەکانن. پاشان ئەمن...

-جارێ سووپەکەت بخۆ دوایە قسەکەت تەواو بکە ئەگینا خواردنەکەت سارد دەبێتەوە.

ئەتین جارێکی دیکە بە ڕاوێژێکی پڕسووکایەتی‌یەوە گوتی:

-کۆچبەرە کۆرسی‌یەکان! مسۆگەر لەو ئاژاوەگێڕانەن کە لە وڵاتی خۆیان تووشی مەسەلەی سیاسی بوونو ئێستاش هاتوون شانسی خۆیان لەژێر ئاڵای ژاکووبی‌یەکان‌دا تاقی بکەنەوە. تەنیا کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕنو بەس.

ئەمن بۆ دیفاع لە دۆستە تازەدۆزراوەوەکەم کەوچکەکەم دانایە عەرزیو گوتم:

-پێم وایە بنەماڵەیەکی جێی ڕێزنو برایەکەشی ژەنڕاڵە. دیارە...

-براکەی ناوی چیە؟

-نازانم بەڵام پێموایە بوناپات بێ. دیارە ئەمن...

-ناوی وام نەبیستوە. چونکە زۆربەی ئەفسەرانی حکوومەتی پێشوو دەرکراونو زۆربەشیان تەمەنیان زۆرەو بۆیە بێپەروا پلەی سەربازی دەدەنە ئەو تازەبەسەرداکەوتووانە. ئەم ژەنڕاڵە تازانە نە خوێندەواری‌یەکی حیسابی‌یان هەیە، نەڕەفتارێکی شیاوو نە ئەزموونی کارکردن.

ئەمجار ئەمن قسەکەم بە ئەتین بڕیو گوتم:

-ئەوانیش ئەزموونی پێویست وەدەست دێننو جگەلەوەش ئێمە لەحاڵی شەڕداین. دیارە دەبێ بڵێم...

-گوتم نانەکەت بخۆ کچێ.

-دەمەویست بڵێم کە ئەمن بۆ سبەینێ ئەوو براکەیم بانگهێشتن کردوون بێنە ماڵێ.

پاش گوتنی ئەم قسەیە چونکە خەیاڵم تەخت بوو دەستم کرد بە نان‌خواردنو دیارە دەشمزانی هەموویان بە سەرسوڕماوی لێم دەڕوانن. ئەمجارە دایکم پرسی:

-کێت بانگهێشتن کردوە کچم؟

-دوو پیاوی شیاوو ڕێکوپێک. هاونیشتمان ژۆزێف بوناپارت یان ناوێکی وەک ئەمەو برا چووکەو ژەنڕاڵەکەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قسەکەم ئەوەندەی ئازایەتیو باوەڕبەخۆبوون تێدابوو کە ئەتینی تووڕە کردو لەحاڵێکدا مستی لە مێزەکە دەدا گوتی:

-ئەتۆ دەبێ ئەو بانگهێشتە وەرگریەوە. لەم ڕۆژگارە کەسلەکەسەو لەو شێواوییەدا هیچ کەس دوو ئاژاوەگێڕی کۆرسی کە هیچکەس ناوونیشانیان نازانێ بانگ ناکاتە ماڵێ خۆی.

ئەمجار نۆرەی دایکم بوو کە دەست بە ئامۆژگاری بکا:

-جگەلەوەش، بۆ تۆ جوان نیە پیاوێکی نەناسیاو کە بەڕێکەوت لە ئیدارە تووشی بووی بانگ بکەیە ماڵێ خۆت. بەڕاستی ئەم ڕەفتارە شیاوی تۆ نیە ئووژنی. ئەتۆ ئیدی منداڵ نی کچم.

ئەمە یەکەمجار بوو یەکێک لەم ماڵە پشتڕاستی دەکردەوە کە ئەمن ئیدی منداڵ نیم.

ژوولی بە ڕاوێژێکی پڕ لە پەرۆشیو بەداخبوون گوتی:

ئووژنی، ئەمن لەجیاتی تۆ شەرم دەکەم.

بەئاواتی ئەوەی بتوانم کار بکەمە سەر دڵی میهرەبانی دایکم گوتم:

-بەڵام دایە، ئەم کۆچبەرە کۆرسیيانە دەکرێ بڵێی لەم شارەی ئێمەدا دۆستو ئاشنایەکیان نیەو تەنیان.

کەچی دووبارە ئەتین بە نارەزایەتییەوە گوتی:

-کەسانێک کە ئەمنو دایکم هیچ شتێک لەبارەی خۆیانو ئەسڵونەسەبیانەوە نازانین بەڕاستی بۆ باسو بیرلێکردنەوە نابن. ئەتۆ بیرت لە ئابڕووی خۆتو بنەماڵەو خوشکەکەت کردۆتەوە؟

ئەمن بەخەیاڵی ئەوە کە ژوولی یارمەتیم دەدا تێیەوە ڕامامو گوتم:

-ئەم سەردانە زەبرێک لە ژوولی نادا.

کەچی بەپێچەوانەی گومانی من ئەو هەروا بێدەنگ بوو و دەمی هەڵنەدەپچڕی. لەلایەکی دیکەوە ئەزموونی دووسێ ڕۆژ زیندانو ئاڵۆزیی فیکریی ئەوەش بەجارێک کاری کردبووە سەر ئەتینو ببووە هۆی ئەوە کە سەبرو حەوسەلەی نەمێنێ، بۆیە بە ڕقهەستاوی هاواری کرد؛

-بەڕاستی ئەتۆ مایەی شەرم و ئابڕووچوونی ئێمەی.

لێرەدا بوو کە دایکم پشتیوانیی لەمن کردو گوتی:

-ئەتین ئەو منداڵەو زۆر ئاگاداری چاکەو خەراپەی کارەکانی نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ بەدبەختی لەو کاتەدا ئارامم لێهەڵگیراو هاوارم کرد:

-بۆ یەکەمجارو دواجار دەیڵێم با هەموو بزانن کە ئەمن نە منداڵمو نە مایەی سەرشۆڕیی بنەماڵەکەم.

بۆ ساتێک هەموو بێدەنگ بوونو پاشان دایکم فەرمانی دا:

-دەسبەجێ برۆ ژوورەکەت ئووژنی!

-بەڵام ئەمن هێشتا برسیمەو تازە دەستم بە نانخواردن کردوە.

دەنگی زەنگە زیوینەکەی دایکم هەستاو دوایە فەرمانی بە ماری دا خواردنەکەم بۆ بەرێتە ژوورەکەم و دواتر ڕووی تێکردم وگوتی:

-کچم، ئێستا بڕۆو باش بحەسێوەو بیر لە ڕەفتاری خۆت بکەوە. ئەتۆ بەڕاستی بوویە مایەی نیگەرانیی دایکتو برا باشەکەت ئەتین. شەو خۆش کچم.

ماری شێوەکەی منی بردە ئەو ژوورە کە ئەمن و ژوولی پێکەوە بەکارمان دێنا. ئەو پاش ئەوەی خواردنەکەی دانا لەسەر تەختەکەی ژوولی دانیشتو گوتی:

-چقەوماوە، بۆچی هەموو ئەوندە تووڕەن؟

ئەمن و ماری کاتێک تەنیاین زۆر ناڕەسمیو دۆستانە قسە دەکەینو لە ڕاستیدا نەک بە خزمەتکار بەڵکوو بە دۆستی من دەژمێردرێ. جگەلەوەش، ئەو لەمێژساڵەو لەوساوە کە ئەمن منداڵێکی وردیلە بوومو پێویستیم بە چاوەدێری هەبوو لە ماڵی ئێمە کاری کردوەو ئەمن دڵنیا بووم کە منی پتر لە پیەری کوڕی کە لە گوندێک دەژیا خۆشتر دەوێ. بەهەرحاڵ لە وەڵامی ماریدا شانم هەڵتەکاندو گوتم:

-هەموو ئەو هەرایە بۆ ئەوەیە کە ئەمن دوو لاوی نەجیبم بانگهێشتن کردوون کە سبەینێ بێنە ماڵی ئێمە.

-ئای چەند وشیاری ئووژنی. ئێستا وەختێکە کە کیژۆڵە ژوولی پێویستیی بەوجۆرە دیدارانە هەیە.

هەمیشە ئەمن و ماری لە زمانی یەکتر حاڵی دەبووینو وەک دەڵێن تێکدەگەیشتین. ئەو کە سەرنجی حاڵی منی دابوو بەسرتە گوتی:

-ئێستا ئیشتیات لە فنجانێک کاکاو هەیە؟ فنجانێک لە پاشەکەوتە تایبەتییەکەی خۆمان.

ئەمن و ماری پاشەکەوتێکی تایبەتیمان هەبوو کە دایکم ئاگای لێنەبوو و ماری لەکاتی پێویستداو بێ ئاگاداریی دایکم لە دۆڵابییەکە هەڵیدەگرت. بەهەرحاڵ دوای خواردنەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاکاوەکەو کاتێک تەنیا مامەوە دەستم بە نووسین کرد. ئێستا لای نیوەشەوەو ژوولی هێشتا لە نهۆمی خوارێیەو لەوە کە منیان ناردۆتەوە ژوورەکەی خۆم ڕقم لێیانە.

ئێستا ژوولی هاتەوە ژووریو دەستی بە دەرهێنانی جلەکانی کردو ئاگادار بووم کە دایکم بڕیاری داوە سبەینێ میوانداری لە دوو کەسەکە بکا چونکە دەزانێ وەرگرتنەوەی ئەو بانگهێشتنە زۆر دژوار دەبێ. ژوولی بە بێموبالاتیو بە حاڵەتێکی کەمتەرخەمانە لێی زیاد کرد:

-بەڵام دەبێ بزانی کە ئەمە یەکەمینو دوایەمین سەردانیان دەبێ.

ئەو پاشان لەبەر ئاوێنە ڕاوەستاو خەریک بوو کرێمی لە دەموچاوی دەدا. ئەو کرێمەی ژوولی بەکاری دێنا ناوی "لەیلا دوو" بوو. ژوولی لە جێگایەک خوێندبوویەوە کە مادام دوپاری لە هەموو جێیەکو تەنانەت لە بەندیخانەش هەمیشە ئەو کرێمەی بەکار هێناوە. بەڵام ژوولی بەنیاز نەبوو ببێتە مادام دووپارییەکی دیکە. ئەو هەرلەوکاتەدا لەمنی پرسی:

-ئێستە پێم بڵێ ئەو پیاوە شکڵی چۆن بوو؟

ئەمنیش لەحاڵێکدا هەوڵم دەدا خۆمی لێ گێل بکەم گوتم:

-کێ؟ کام پیاو؟

-ئەو پیاوەی تۆی گەیاندەوە ماڵێ.

-لەبەر شۆقی مانگەشەو زۆر جوانچاک دەهاتە بەر چاو. هەروا لەبەر شۆقی فانۆسیش. بەڵام هێشتا لەبەر تیشکی هەتاو نەمدیوە.

ئەمە یەکەمینو دوامین قسە بوو کە ژوولی توانی لەبن زمانمی دەرکێشێ.

***

۳

## مارسەی لە سەرەتای وەرزی گوڵاندا

## (بە قەولی دایکم، مانگی خۆشەویستی مای "ئەیار")



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوی ناپلیۆنه.

کاتێک بەیانی بەیادی وی لە خەو هەستام، چاوم هەڵنەهێنا تا ژوولی وا بزانێ هێشتا نوستووم بەڵام قورسایی ئەڤین لەسەر دڵم هەست پێدەکەم. هەتا ئێستا نەمدەزانی ئەم هەستە چۆن بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێ بەڵام ئێستا قورسایی‌و پەستانی ئەڤین لەسەر دڵی خۆم هەست پێدەکەم.

باشترە هەموو شتێک هەر بەو جۆرەی ڕووی داوە دەرببڕم، بۆ ئەوکارەش دەبێ لەو پاش‌نیوەڕۆیەوە دەست پێبکەم کە بوناپارتەکان هاتنە ماڵی ئێمە. هەر بەوجۆرە کە ئەمن‌و ژۆزێف بوناپارت قەرارمان دانابوو، ئەم دووانە پاش‌نیوەڕۆی ڕۆژی دوای دیداری ئێمە دەگەڵ ئالبیت هاتنە ماڵی ئێمە. ئەتین کە هەمیشە درەنگتر دەهاتەوە ماڵێ، ئەو ڕۆژە زووتر دوکانەکەی داخستبوو و دەگەڵ دایکم چاوەڕێی وان بوو تا ئەو دوو لاوە لەکاتی هاتنەماڵدا وا هەست نەکەن کە ئێمە لە ماڵێ پیاومان نین.

دەکرێ بڵێم تەواوی ئەو ڕۆژە کەس قسەی دەگەڵ من نەکردبوو، ئەمن دەمزانی ئەوان هێشتا لە ڕەفتاری نەشیاوی من تووڕەن. پاش نانی نیوەڕۆ ژوولی کەوتە فکری دروستکردنی کێکەوە بەڵام دایکم هێشتا لەژێر شوێنەواری قسەکانی ئەتین لەبارەی ئاژاوەگێڕە کۆرسی‌یەکاندا بوو، ئەو پێی‌وابوو ئەم کارە پێویست نیە.

ئەمنیش چوومە باغی. هەوا پڕ لەبۆنی بەهاری بوو و ئەمن یەکەمین گوجوولەکانی یاسی بنەوشەییم بەرچاو کەوتن. پاشان دەسرۆکەیەکم لە ماری وەرگرتو کەوتمە تۆزتەکاندنی کەپرە هاوینی‌یەکە. کاتێک دەسرۆکەی تۆزتەکاندنەکەم بۆ ماری بردەوە، لە ئاشپەزخانە چاوم بە ژوولی کەوت کە بەقژی شێواوو دەموچاوی سووڕداگیرساوو نێوچاونی شەڵاڵی ئارەقەوە خەریک بوو کێکی لە فێڕەکە دەردێنا، بە دیتنی ئەم وەزعە بەخۆم نەبوو گوتم:

-ژوولی! ئەتۆ خەریکی هەموو کارەکان خەراپ دەکەی.

-بۆچی؟ ئەمن شێوەی کێک‌دروستکردنی دایکمم بەتەواوی لەبەر چاو گرتوەو دوایەش دەبینی کە میوانەکان ئەم کێکەیان پێخۆش دەبێ.

-ئەمن کارم بە کێک نیە. باسی سەروپۆتەڵاکی خۆت دەکەم، دەموچاوی سووڕداگیرساوو قژە ئاڵۆزەکانت. وەختێک میوانەکان دێن ئەتۆ بۆنی شیرنی‌و خواردنت لێدێ‌و... بێزەحمەت واز لەمانە بێنەو کەمێک بە سەروسیمای خۆت ڕابگە. باوەڕ کە ئەمە زۆر لە کێک‌دروستکردن گرنگترە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژوولی لەحاڵێکدا تووڕە دیار بوو ڕووی کردە ماریو بە ڕقهەستاوی هاواری کرد:

-دیوتە؟ دیوتە ئەم منداڵە قسەی چۆن دەکا؟

ماری هەر لەوکاتەدا کە دەستی درێژ کردبوو تا دەفری کێکەکە لە دەستی ژوولی وەربگرێ، گوتی:

-کیژۆڵە ژوولی، ئەگەر بیروڕای منت بوێ دەڵێم هەقیەتی.

لە ژوورەکەی خۆمان ئەوکاتەی ژوولی خەریکی ڕێکوپێککردنی سەروسیمای خۆی بوو ئەمنیش لە پەنای پەنجەرە ڕاوەستابوومو چاوم لە دیمەنەکانی دەرێ دەکرد. ژوولی بە سەرسوڕمانەوە، بەڵام بە بێموبالاتی پرسی:

-ئەتۆ بەنیاز نی خۆت بگۆڕی؟

لەڕاستیدا ئەمن پێویستییەکم بەوە نەدەدی. دیارە لە قووڵایی دڵدا ژۆزێفم ناخۆش نەدەویست. بەڵام بە خەیاڵی خۆم ئەوم بۆ ژوولی دانابوو. لەبارەی ژەنڕاڵی براشیەوە، لەجێدا پێموا نەبوو ئەو گوێ بداتە منو ئەمجار نەشمدەزانی دەگەڵ ژەنڕاڵێک چۆنو لەبارەی چیەوە دەکرێ قسە بکەی. پێم وابوو تەنیا جلوبەرگە سەربازییەکەی بۆ من جێی سەرنج دەبێو هیوادار بووم لەبارەی بیرەوەرییەکانی خۆی لە شەڕەکانی ڤالمیو ڤاتینییەوە قسەمان بۆ بکا. بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر مێشکی منی بەخۆیەوە خەریک کردبوو ئەوە بوو کە ئەتین چۆنیان ڕەفتار دەگەڵ دەکاو خواخوام بوو ڕەفتارێکی جوانو دۆستانەی لەگەڵیان هەبێو ئەم میوانداریەیە بە خێروخۆشی بگوزەرێ. هەر لەو کاتەدا کە لەپەنجەرەوە سەیری دەرێم دەکرد پتر لە هەموو کاتێک نیگەرانو پەشێو بوومو لەنەکاو چاوم بەو دووانە کەوت کە لە دەرگایماڵەکەمان نزیک دەبوونەوەو هەر لەوحاڵەدا هەستم کرد پێکەوە خەریکی باسێکی گرنگن.

بەپێچەوانەی بۆچوونی من ئەو پیاوێکی وردیلە بوو و تەنانەت لە ژۆزێفی براشی کە دەستەپیاو بوو کورتەباڵاتر دیار بوو. هیچشتێکی نائاساییو سەرسوڕهێنی تێدا نەبوو. نە ئەستێرەی بریقەدارو نە نیشانەیەکی بەرچاو. تەنیا کاتێک گەیشتنە بەر دەرگا ئەمن ئەستێرە زێڕینەکانی سەر شانیم دیتن. جلکەکانی سەوزێکی تاریک بوونو چەکمە درێژەکانیشی تروسکەیان نەدەداو ڕەنگە پڕبەپێیشی نەبوون. ئەمن نەمتوانی ڕوخساری ببینم چونکە لەبن کڵاوێکی گەورەدا شاررابۆوە، بەڵام میداڵی کۆماری لەسەر کڵاوەکەی بەتەواوی دیار بوو. هیچوەخت پێم وانەبوو سەروسیمای ژەنڕاڵێک ئەوەندە سادەو بێڕازانەوە بێو ئەمانەش هەموو بوونە مایەی دڵساردیی منو لەبن لێوانەوە گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-چسەروسیمایەکی نابووتە؟

لەوکاتەدا ژوولییش هاتە بەر پەنجەرە پەنا منو دیارە ئەو لەپشت پەردەوە خۆی شاردبۆوەو نەیدەویست میوانەکان بە دڵەخورپەکەی بزانن. ژوولی کە گوێی لە قسەکەی من ببوو گوتی:

-ئەو قسەیە چبوو کردت ئووژنی؟ بەڕێکەوت زۆریش جوانچاکە. ئەتۆ ناتوانی لە سکرتێری ڕێکخراوێکی دەوڵەتی چاوەڕوانیی لەوە زیاترت هەبێ.

-لەبارەی بەڕێز ژۆزێفەوە قسەی تۆیە، ئەو زۆر تەڕپۆشو ڕێکوپێک دێتە بەرچاوو بێگومان کەسێک هەمیشە کەوشەکانی بۆ بۆیاغ دەکا. بەڵام چاوێکیش لە برا چووکەکەی واتە ژەنڕاڵ بکە. قەت پێم وانەبوو سوپای ئێمە ئەفسەری ئەوەندە وردیلەی تێدا هەبن.

-دیمەنی زەینیی تۆ لەو چۆن بوو ئووژنی؟

لەحاڵێکدا بە نیشانەی بێگرنگنەبوونو جۆرێک دڵساردی شانم هەڵدەتەکاندن وەڵامم دایەوە:

-وەک ژەنڕاڵێک. پیاوێک کە مرۆڤ بە دیتنی سام بیگرێو ناچار بێ فەرماندەرییەکەی قبووڵ بکا.

ئەوە کە هەموو ئەم ڕووداوانە تەنیا لە دوو مانگدا ڕوویان دابێ بۆ من بەزەحمەت جێی باوەڕەو پێموایە لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەمجار ژۆزێفو ناپلیۆنم لە ژووری میوانداریی ماڵێ خۆمان دیوە، چەندین ساڵ تێپەڕیوە. کاتێک ئەمنو ژوولی چووینە ژوورێ هەردوو برا یەکپێ لەبەرمان هەستانو سەری ڕێزیان نەکهەر بۆ ژوولی بەڵکوو بۆ منیش دانواند. پاشان هەموو بەحاڵەتێکی زۆر ڕەسمیو شەقوڕەق لە دەوری مێزی هێلکەییشکڵی ماهاگۆنی دانیشتین. دایکم لەسەر گەورەترین مۆبڵ دانیشتبوو و ژۆزێف بوناپارتیش لە تەنیشتی بوو. لەبەری دیکەی مێزەکە ژەنڕاڵی بێسوپا لەسەر کورسییەک دانیشتبوو کە بە ناخۆشترین کورسیی ماڵی ئێمە دەژمێردرا. ئەتیینیش لە تەنیشت وی دانیشتبوو. ئەمنو ژوولییش لەنێوان دایکمو ئەتین دانیشتبووین. لەم کاتەدا دایکم دەستی بە قسە کرد:

-هاونیشتمان ژۆزێف بوناپارت. ئەمن دەبێ بۆ مەسەلەی دوێنێو گەیاندنەوەی ئووژنی بۆ ماڵێ، پڕبەدڵ سوپاسی ئێوە بکەم.

لەوکاتەدا ماری لەحاڵێکدا کێکەکەی ژوولیو پەرداخەکانی شەربەتخواردنەوەی لەسەر سینییەک دانابوون هاتە ژوورێ. هەر لەوکاتەدا کە دایکم خەریک بوو کێکەکەی دەبڕیو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەربەتی دە پەرداخەکان دەکرد، ئەتینیش هەوڵی دەدا سەری قسە دەگەڵ ژەنراڵ داگیرسێنێ.

-هاونیشتمان ژەنراڵ دەتوانم بپرسم داخوا هاتنی جەنابت بۆ شارەکەمان لەبەر کارو فەرمانێکی تایبەتی بووە؟

لەجیاتی ژەنراڵ ژۆزێف خێرا وەڵامی دایەوە:

-دیارە دەتوانی بپرسی. چونکە سوپای فەڕانسە سوپایەکی گەلییەو بەو ماڵیاتە بەڕێوە دەچێ کە خەڵک دەیدەنو دیارە هەر هاونیشتمانێکیش هەقی هەیە لە چەندوچۆنی کاری ئەو سوپایە ئاگادار بێ. ڕاست ناکەم ناپلیۆن؟

دەتگوت ناوی ناپلیۆن لەگوێی هەموومان‌دا دەنگدانەوەیەکی بێگانەو تازەی هەیەو هەمووان سەریان بۆلای ژەنراڵ وەرسووڕاندو ئەویش وەڵامی دایەوە:

هاونیشتمان کلاری، ئەتۆ هەرچیت پێخۆش بێ دەتوانی لە منی بپرسیو ئەمنیش هەرگیز نهێنی‌کاری ناکەمو زانیاریو نەخشەکانم پێویستی‌یان بە شاردنەوە نیە. بەباوەڕی من دەوڵەتی کۆماری لەو شەڕە بێکۆتایی‌یەی بەرگری لە سنوورەکان‌دا تەنیا سەرچاوەو هێزەکانی کەم دەکاتەوە. ئەو جۆرە شەڕانە جگە لە خەرجی، هیچ سوودێکی دیکەیان نیە، نە شانازیو سەربەرزی‌یەکو نە سوودی ماڵیو پڕبوونی خەزێنەی وڵات.

وەختێک دایکم دەوریی کێکەکەی بۆ ژەنراڵ ڕاداشت، ئەو زۆر بەئەدەبەوە سوپاسی دایکمی کردو دووبارە سەری بۆلای ئەتین وەرگێڕاو گوتی:

-ئێمە دەبێ شێوەکانی شەڕی خۆمان بگۆڕینو لەجیاتی شەڕی بەرگری شەڕی هێرشبەرانە بکەین. بەوکارە هەم دەتوانین بناخەی دارایی وڵات قایم بکەینو هەم بە ئورووپا بسەلمێنین کە لەشکری گەلیی فەڕانسە لەشکرێکی تێشکاو نیە.

سەرنجی من بۆلای ئەو ڕاکشابوو. دیارە نەک بۆ قسەکانی کە شتێکی زۆریان لێحاڵی نەدەبووم. بەڵکوو ئەوەی سەرنجی ڕادەکێشام ڕوخساری بوو کە پێش ئەوکاتە لەبن کڵاودا شاراوە بوو. ڕوخساری وی ئەگەریش زۆر جوان نەبوو لەبەر چاوی من دڵگرترین ڕوخسار بوو کە تا ئەودەم لە خەوو بێداری‌دا دیتبووم. لەمکاتەدا بوو کە هۆی ڕاکێشرانم بۆ لای ژۆزێف بوناپارت تێگەیشتم. ئەم دوو برایە بەشێوەیەکی دوور لەباوەڕ وەکیەک دەچوون، بەڵام ڕوخساری ژۆزێف بەقەد هی ناپلیۆن دڵگرو کاریگەر نەبوو. ئەم ڕوخسارە ڕاست ئەو کاریگەری‌یەی هەبوو کە لە خەیاڵی خۆمدا بۆ ڕوخساری ژەنراڵێک بەپێویستم دەزانی. جۆرێکی دیکە بڵێم سیمای ناپلیۆن ئاوێنەی بالانوێنی بۆچوونو ئاواتەکانی من



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو. لەم جەنگەیەدا گویم لە دەنگی ئەتین بوو کە بە سەرسوڕماوییەکی زۆرەوە دەیپرسی:

-شەڕی هێرشبەرانە؟

بێدەنگییەکی خنکێنەر باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو، هەموومان بێدەنگ بووینو ئەمن هەستم دەکرد ژەنراڵ قسەیەکی سەرسوڕهێنی کردوەو ئەتین هەروا بە دەمێکی نیوەداپچڕاوەوە تێیەوە ڕامابوو. سەرەنجام گوتی:

-بەلام هاونیشتمان ژەنراڵ! چما سوپاکەمان لەباری چەکوچۆڵەوە دەگەڵ کەموکوڕییەکی زۆر بەرەوڕوو نیە، ئەدی ئێمە چۆن دەتوانین...

ئەمجار نۆرەی ژەنراڵ بوو کە پێکەنینی بێتە سەر لێوانو لەحاڵێکدا دەستی ڕادەوەشاند گوتی:

-کەموکوڕی؟ نا. ئەم وشەیە هەموو ڕاستییەکە ناگەیەنێ. سوپای ئێمە سوپای کۆنەپۆشانە. سەربازانی ئێمە لە سنوورەکان بە جلوبەرگی دڕاوو قاپقاپەی دارینەوە شەڕ دەکەنو بارودۆخی تۆپخانەمان ئەوەندە جێی داخە کە زۆری پێناچێ وەزیری بەرگری کارنۆ ناچار دەبێ بە تیروکەوان بەرگری لە فەڕانسە بکا.

ئەمن بێ‌وەی بەخۆم بزانم داهاتبوومەوەو تێیەوە ڕامابووم. دیارە ژوولی دوایە وەبیری هێنامەوە کە ڕفتارەکەم زۆر دزێو بووە. بەلام چارەیەکم نەبوو، چونکە دەمەویست بە هەرجۆر بووە جارێکی دیکە پێکەنینەکەی ببینم. دەموچاوێکی چکۆلەو پێستێکی ڕاکشاوو تاوەگازی هەبوو دەگەڵ قژێکی قاوەیی مەیلەوسوور کە دەگەیشتە سەر شانانی. لەکاتی پێکەنیندا ئەو ڕوخسارە ڕاکشاوو جیددییە لەناکاو دەگۆڕاو دەتگوت لاوێکی زۆر منداڵکارتر لەوت لەبەر دەمدایە.

لەناکاو خۆم خڕ کردەوە چونکە هەستم کرد کەسێک ڕووی تێکردووەو ئەویش ژۆزێف بوناپارت بوو کە بە دابی فەڕانسەییان ئارەزووی لەشساغیی بۆ دەکردم. چاوە درەوشاوەکانی منیان خستەوە یادی قەولوقەراری ڕۆژی پێشترمانو گوتم:

-باشترە ئەتۆش وەک هەمووان بە ئووژنی بانگم بکەی.

دایکم بە بیستنی ئەم وتووێژە نێوچاوانی تێکنا بەلام ئەتین ئەوەندە نوقمی قسەکانی ژەنراڵ بوو کە گوێی لە قسەکانمان نەبوو. لەوکاتەدا لەوی پرسی:

-بە باوەڕی تۆ لە کام بەرەدا دەتوانین شەڕی هێرشبەرانە بە سەرکەوتنەوە بەرەوپێش بەرین؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دیاره لە سنوورەکانی ئیتالیا. ئێمە دەتوانین ئوتریشی‌یەکان لە ئیتالیا وەدەر نێین‌و ئەم شەڕە شەڕێکی زۆر کەمتێچوو دەبێ. سوارەنیزامی ئێمەش لە ئیتالیا لەباری خواردەمەنی‌و تفاقەوە گیروگرفتیان نابێ چونکە ئیتالیا وڵاتێکی بەپیت‌و بەرەکەتە.

–بەڵام خەڵکی ئیتالیا چی؟ ئەوان هێشتا لایەنگری ئوتریشی‌یەکانن، وانیە ژەنڕاڵ؟

–ئێمە ئەوان لە زنجیری دەسەڵاتی ئوتریش ئازاد دەکەین‌و لە هەموو ئەو شوێنانەی دەیانگرین بەیاننامەی مافی مرۆڤ جێبەجێ دەکەین.

هەرچەند ژەنڕاڵ بابەتی باسەکەی زۆر پێ خۆش بوو بەڵام هەستم دەکرد پرسیارە یەک لەدوای یەکەکانی ئەتین ئەویان جاڕز کردوە. لەوکاتەدا ژۆزێف بوناپارت کە لە وەزعەکە ئاگادار ببوو لەکاتێکدا لە شووشەکەوە سەیری دەرێی دەکرد بۆ گۆڕینی بابەتی وتووێژەکە ڕووی کردە دایکم‌و گوتی:

–باغەکەتان زۆر جوانە.

بەڵام ژوولی نەی‌هێشت دایکم وەڵام بداتەوەو گوتی:

–جارێ وەک پێویست جوان نەبووە. کاتێک یاسە بنەوشی‌یەکان‌و سوورەگوڵەکانی دەپشکوون‌و چواردەوری کەپرەکە دەگرن، جوانیی ئێرە سەدچەندان دەبێ...

ئەمن لەو وەڵامەی ژوولی‌و لەنەکاو بێدەنگبوونی تێگەیشتم کە دەستوپێی خۆی ون کردوون چونکە دەمزانی یاسی بنەوشی‌و سوورەگوڵ لە یەک کاتدا گوڵ ناکەن. ئەتین کە دیار بوو بەنیاز نیە دەست لە باسی شەڕ هەڵگرێ‌و نەی‌دەویست بۆ تاوێکیش بێڵێ ژەنڕاڵ ئاسوودە بێ جارێکی دیکە پرسی:

–ئەتۆ نەخشەی شەڕێکی هێرشبەرانەی هەمەلایەنە لە بەرەی ئیتالیات تەواو کردوە؟

–بەڵێ، وەختە تەواو بێ‌و ئەم ڕۆژانەش بۆخۆم لێرە سەرگەرمی لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوەی شوێنە قایمەکانی مەڵبەندە جنووبی‌یەکانم.

–کەوایە پیاوانی دەوڵەتمان سەرگەرمی لێکدانەوەو بەراوردی چەندوچۆنی لەشکرکێشی بۆسەر ئیتالیان؟

–هاونیشتمان ڕۆبسپێر بۆخۆی منی ناردۆتە ئەم سەردانەو بەباوەڕی خۆشم پێش دەستپێکردنی شەڕێکی وا ئەم جۆرە سەردانانە زۆر پێویستن.

ئەتین لەحاڵێکدا بە نیشانەی سەرسوڕمان فیتووی لێدەدا گوتی:

–چ نەخشەیەکی سەرسوڕهێن‌و چەندیش ئازایانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەردەیەک کەوتە سەرلێوی ژەنراڵو وەک ئەوەی زەردەخەنەکەی پتری ئەتین ڕاکێشابێ ئەو کە کەم وابوو بە شتێک بهەژێ، بەتامەزرۆییو لەحاڵێکدا وەک منداڵێکی قوتابخانە زمانی تێکدەئاڵقا گوتی:

–ئای ئەگەر ئەم نەخشە باشە سەرکەوێ، ئای کە چەند نەخشەیەکی سەرسوڕهێنە، هەر خوا بکا سەرکەوێ.

–دڵ لە دڵ مەدە هاونیشتمان کلاری، سەر دەکەوین.

ژەنراڵ لەکاتێکدا ئەم ڕستەیەی دەگوت هەستایە سەرپێو پاش وەستانێکی کورت گوتی:

–ئیستا دەبێ بزانین کام لەو دوو خانمە گەنجە لوتف دەکەن باغەکە بەمن نیشان بدەن.

لە یەکساتدا ئەمنو ژوولی هەستاینە سەرپێ، ژوولی چاوێکی لە ژۆزێف کردو زەردەیەکی هاتێ. بەهەرحاڵ نازانم چڕووی دا بەڵام دوو دەقیقە زیاتری نەخایاندبوو کە ئێمە چوار کەس بەبێ بەشداریی دایکمو ئەتین لەنێو باغ بووین.

چونکە ڕێگا خیزڕێژەکەی لای کەپرێ زۆر باریک بوو ئێمە ناچار بووین دوو دوو پێیدا بڕۆین. ژوولیو ژۆزێف لەپێشەوە دەڕۆیشتنو ئەمنیش دەگەڵ ناپلیۆن بەدوایاندا دەڕۆیشتین. تینم بۆ مێشکم دێنا قسەیەک وەبینم بیکەم چونکە دەمەویست بیرەوەرییەکی خۆشی منی لە زەیندا وەمێنێ. بەڵام وا دیار بوو ئەو هێندەش بەو بێدەنگییە سەغڵەت نیەو نوقمی بیرەکانی خۆیەتی. ئەوەندە ئارام دەڕۆیشت کە ژوولیو ژۆزێف جارلەجار پترمان لێ دوور دەکەوتنەوەو سەرەنجام گەیشتمە ئەو ئاکامە کە ئەمکارەی بەئەنقەستەو بەئەنقەست بەسپایی دەڕوا. لەنەکاو بێ ڕێخۆشکردن لێی پرسیم:

–پێت وایە کاکم و خوشکت کەنگێ زەماوەند دەکەن؟

بۆ دەمەساتێک پێم وابوو باشم گوێ لێنەبووەو بە سەرسوڕمانەوە چاوم تێیەوە بڕی. بۆخۆم هەستم دەکرد ڕەنگی ڕوخسارم گۆڕاوە. ئەو جارێکی دیکە دووپاتەی کردەوە:

–باشە پێت نەگوتم ئەو دووانە کەنگێ زەماوەند دەکەن؟ بەهەرحاڵ هیوادارم هەرچی زووە...

لەحاڵێکدا هەستم دەکرد زمانم گیراوەو تووشی لاڵەپەتەیی بووم، وەڵامم دایەوە:

–بە...بەڵام ئەمانە... تازەو هەرئێستا یەکتریان دیوەو جگە لەوە ئێمە نازانین...

–خوا ئەم دووەی بۆ یەکتر دروست کردوون. ئەتۆ بۆخۆشت ئەمە باش دەزانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەمن؟

بە چاوی زەقەوە تێیەوە ڕامام. ئەمە هەرئەو ڕوانینە بوو کە کاتێک خەتایەکم دەکرد بۆ ڕزگاربوون لە سەرکۆنەی ئەتین بەکارم دەبردو ئەویش بە بۆڵەبۆڵ دەیگوت:

-ڕوانینی منداڵانە!

بەهەرحاڵ ئەم ڕوانینەشم کارساز نەبوو و ئەو بێئەوەی کاری تێکرابێ گوتی:

-تکایە ئاوام لێمەڕوانە.

هەستم دەکرد هەرئێستا لەشەرمان دەبمە دڵۆپێک ئاوو بە زەوی‌دا دەچمە خوار. کەچی هەر لەوکاتەدا هەستم بە ڕقهەستانیش دەکرد. بەڵام ئەو جارێکی دیکە وەقسە هات:

چما بۆخۆت دوێنێشەوێ پێت وا نەبوو زەماوەندی ئەم دووانە فکرێکی زۆرباشە. جگە لەوە چما بەباوەڕی تۆ ئەو وەختی مێردکردنی نەهاتوە؟

-هاونیشتمان ژەنڕاڵ، ئەمن هەرگیز بیرم لەوە نەکردبۆوە.

هەر لەوکاتەدا هەستم دەکرد کە لەوانەیە وەزعی ژوولیم خستبێتە مەترسی‌یەوە. ئەو ڕاوەستاو تێمەوە ڕاما. ڕەنگە نیوە سەرولمێک لەمن کەڵەگەتتر بوو، وا دیار بوو لەوەی کەسێکی دەست کەوتوە کە لەکاتی قسەکردن لەگەڵی‌دا دەتوانێ سەر دابخا خۆشحاڵو ڕازی بوو. دنیا بەرەو تاریکی دەچوو و بوومەلێڵی ئێوارەی بەهارێ خەریک بوو وەک پەردەیەک بکەوێتە نێوان ئێمەو ژوولی‌و ژۆزێف. ڕوخساری ژەنڕاڵ ئەوەندە نزیک بوو کە دەمتوانی چاوانی ببینم. چاوەکانی بریسکەیان دەداو لەوپەڕی سەرسوڕمان‌دا دیتم پیاوی واش هەن کە برژانگی درێژیان هەبێ.

-ئەتۆ نابێ قەت هیچ لەمن بشاریەوە کیژۆڵە ئووژنی! چونکە ئەمن دەتوانم قووڵایی دڵی ژنانی جحێڵ ببینم. جگە لەوە، ژۆزێف بەمنی گوت کە ئەتۆ دوێ شەو قەولت داوە ئەوی بە خوشکە گەورەکەت بناسێنی. تەنانەت پێت گوتبوو کە خوشکت زۆریش جوانە. ڕاست ناکەم؟ مسۆگەر ئەتۆ دەلیلێکی گونجاوت بۆ درۆیەکی چکۆڵە کە کردووتە هەیە.

-ئێمە دەبێ توندتر بڕۆین ئەوان ئێستا گەیشتوونە کەپرێ.

-ئەتۆ ناتەوێ دەرفەت بە خوشکت بدەی پێش دەزگیرانەتی دەگەڵ کاکم باش بی‌ناسێ؟

ئارامی‌و نەرمی‌یەکی تایبەتی لە دەنگی‌دا هەبوو، حاڵەتێکی وەک لاواندنەوە. شێوەزارەکەشی کەمتر لە کاکی وەک بێگانان دەچوو. ئەو بە ئارامی‌یەکی تایبەتی‌یەوە گوتی:

-زووتر لەوەی بەبیردا بێ ژۆزێف دەنێرێتە خوازبێنیی خوشکت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دنیا ئیدی تاریک ببوو و تەنیا شیمایەکی روخساریم دەدی بەڵام دەتوانم بڵێم زەردەخەنەی لەسەر لێوان بوو. بە سەرسوڕمانەوە پرسیم:

–ئەتۆ بەچیڕا دەزانی؟

وەک باسی سروشتیترینو ئاساییترین کار بکا، وەڵامی دایەوە:

–ئێمە دوێشەوێ لەوبارەیەوە قسەمان کردوە.

–بەڵام کاکت دوێشەوی خوشکمی نەدیبوو.

ئێمە دووبارە وەڕێ کەوتینو هەروا کە هێدیهێدی دەڕۆیشتینو ئەو بە ئارامیو باوەڕبەخۆبوونەوە قسەی لەگەڵ دەکردم، وەک ئەوەی دوو دۆستی نزیکو چەندینساڵە بین گوتی:

–ژۆزێف باسی دیدارەکەی دوێنێتانی بۆمن گێڕایەوەو باسی ئەوەشی کرد کە ئێوە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندن. ئەوەشی بۆ باس کردم کە باوکت ئەم بەینانە مردوە، بەڵام جیازێکی بەرچاوی بۆ تۆو خوشکت بەجێ هێشتوە. بەڵام لەبەرامبەردا بنەماڵەی ئێمەو دەوروبەرمان زۆر دەستتەنگن.

–ئەتۆ چەند خوشکیشت هەن؟

لەبیرم نەچووبوو کە شەوی ڕابردوو باسی خوشکێکی هاوتەمەنی منی کردبوو.

–بەڵێ ئەمن سێ خوشکو سێ برای لە خۆم چووکتریشم هەنو ئەمنو ژۆزێف دەبێ ژیانی دایکمو ئەوانیش دابین بکەین. دیارە دایکم یارمەتییەکی کەمی دەوڵەتیی هەیە چونکە بە نیشتمانپەروەرێکی زیانپێگەیشتووی کۆرسی دەژمێردرێ. بەڵام ئەو یارمەتییە تەنانەت بەشی کرێخانووەکەش ناکا. نازانم ئەتۆ شتێک لە تێچووی زۆر گرانی گوزەران لە فەڕانسە دەزانی یان نا؟

–کەوایە کاکت لەبەر خاتری جیازەکەی خوشکم دەیەوێ زەماوەندی دەگەڵ بکا؟

هەرچەند هەوڵم دەدا ڕاوێژی دەنگم نیشاندەری گوێپێنەدانم بێ بەڵام لەبەر ناڕەحەتیو تووڕەیی دەنگم دەلەرزی.

–ئەمە چقسەیەکە دەیکەی کیژۆڵە ئووژنی؟ خوشکێ تۆ کچێکی جوان، لەبەردڵانو بەشەرمەو چاوی یەکجار جواننو دڵنیام کە ژۆزێف پەسندی دەکاو ئەو دووە دەتوانن ژیانێکی باشیان پێکەوە هەبێ.

ئێستا هەنگاوەکانی خێراتر ببوونو بەڕواڵەت مەسەلەکە بۆ ئەو بڕابۆوە. ئەمنیش وەڵامم دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-دیاره ئەمن قسەکانی تۆ بە ژوولی دەڵێم.

-حەتمەن دەبێ ئەوکارە بکەی، ئەمنیش ڕاست هەربۆیە هەموو وردەکاری‌یەکانم بۆتۆ شی کردەوە. پێی بڵێو وەبیریشی بێنەوە کە ژۆزێف بەزوویی دێتە خوازبێنیی ئەو.

بەتوندی سەرم لێشێوابوو و بەردەوام بیرم لەو بێشەرمی‌یە دەکردەوەو هەروەها لە تانووتەکانی ئەتین کە ئەوانی ناو نابوو ئاژاوەگێڕانی بی‌ناوونیشانی کۆرسی. لەحاڵێکدا ساردیی ڕاوێژی قسەکردنم بەتەواوی دیار بوو گوتم:

-دەتوانم لێت بپرسم بۆچی هێندە لەفکری ژنهێنانی کاکتدای؟

-ئای. تکایە بەسپایی قسە بکە. کیژۆڵە ئووژنی، ئەتۆ دەبێ بزانی کە ئەمن پێش وەئەستۆگرتنی فەرماندەریی ئەو هێزانەی لەسنووری ئیتالیا جێگیر بوون دەمەوێ ژیانی ئەندامانی بنەماڵەکەم ڕێک بخەم. ژۆزێفیش نەکەهەر تامەزرۆی ژنهێنانە بەڵکوو لە هێندێ بواری وەک سیاسەتو ئەدەبیاتیش‌دا زەوقێکی زۆری هەیەو ڕەنگە ئەگەر هەوڵ بدا بتوانێ لە یەکێک لەم بوارانەدا سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بێنێو کارێکی باشیش پەیدا بکا. دیارە ئەمن دوای سەرکەوتن لە یەکەم شەڕی خۆمدا لەفکری گوزەرانو ئاسوودەیی بنەماڵەکەمدا دەبم. هیوادارم باوەڕ بە قسەکانم بکەی کیژۆڵە ئووژنی، ئەمن زۆر باشم ئاگا لێیان دەبێ.

ئیدی گەیشتبووینەوە کەپرێو ژوولی کە چاوی پێمان کەوت پرسی:

-ژەنڕاڵ هەتا ئێستا دەگەڵ ئەم منداڵە لە کوێ بوون؟ ئێمە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی جەنابتو ئووژنی بووین.

بەڵام دەمتوانی بەباشی تێبگەم کە ئەوان ئێمەیان هەر بەتەواوی لەبیر چووبوو. بن کەپرەکە کورسیی زۆر لێبوون بەڵام لە پەنای یەکو دەست لەنێو دەستی یەکتر دانیشتبوونو ڕەنگە پێیان وابووبێ لەو بوولێڵە بەرەو تاریکی‌یەدا کەس نایانبینێ.

پاش ئەوە هەر چوار کەسمان چووینەوەماڵێو برایانی بوناپارت دەیانەویست بڕۆن. بەڵام ئەتین گوتی:

-ئەگەر هاونیشتمان ژەنڕاڵو هاونیشتمان ژۆزێف بوناپارت شێومان دەگەڵ بخۆن دەبێتە هۆی شانازیی منو دایکم. باوەڕ بکەن زۆر لەمێژە وتووێژی ئەوەندە دڵگرم نەبووە.

ئەتین لەکاتی دەربڕینی ئەم ڕستانەدا بە حاڵەتی تکاکردنەوە چاوی لە ژەنڕاڵ دەکرد، بەڵام زۆری گوێ نەدەدایە ژۆزێف. ئەمنو ژوولی بەپەلە چووینەوە ژوورەکەمان هەتا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستێک بە قژماندا بێنین. ژوولی وەختێک زانی لەخۆمان بەولاوە کەسمان لەکن نیە گوتی:

سوپاس بۆ خوا کە هەردووکیان کەوتنە بەر دڵی دایکمو ئەتین.

-ژوولی، دەبێ ئاگادار بی کە ژۆزێف بوناپارت بەم زووانە دێتە خوازبێنیت. دیارە زیاتر...

نەختێک ڕاوەستامو قسەکەمم بڕی. بەڵام سەرەنجام لەحاڵێکدا دڵم لەوەی بە زمانمدا دەهات دەگووشرا لەسەری ڕۆیشتم:

-دیارە پتریش لەبەر جیازەکەت!

ژوولی کە لەبەر قینو نارەحەتی ڕوخساری وەک پۆلووی ئاگر داگیرسابوو، گوتی:

-چۆن دەتوانی قسەی وا بێزهەستێنت بەزماندا بێ؟

-ئەو بۆخۆی بەمنی گوت کە بنەماڵەکەیان دەستتەنگنو دیارە ناتوانێ زەماوەند دەگەڵ کچێک بکا کە جیازێکی بەرچاوی نەبێ. چونکە بەو داهاتە کەمەوە کە هەیەتی دەبێ یارمەتیی دایکو خوشکو براکانیشی بدا. دیارە بەباوەڕی من ئەو فکرو ڕەفتارەی زۆر جێگای پەسندە.

لەو کاتەدا ژوولی لەحاڵێکدا دوو پاپیۆنی ڕەشی لە قژەکانی دەدا بۆ هەزارەمینجار وشیاری کردمەوە کە دەست لە تاقمی جوانکارییەکەی نەدەمو ئەمنیش لە بەرامبەردا پرسیم:

-باشە بۆخۆی بەتۆی نەگوت دەیەوێ زەماوەندت لەگەڵ بکا؟

-نازانم ئەم فکرە لە کوێڕا لەسەری داوی ئووژنی؟ ئێمە تەنیا لەبارەی ژیانو خوشکو برا بچووکەکانیەوە قسەمان کرد.

کە گەڕاینەوە ژووری نانخواردنو لای میوانەکان ژوولی لەنەکاو دەستی دەقوڵی من وەرێناو ڕوومەتی ڕە گۆنام خشاند. روخساری زۆر گەرمو تادار بوو. هەر لەوحاڵەدا بەسرتە گوتی:

-ئووژنی، نازانم بۆ، بەڵام زۆر خۆشحاڵم.

دەستیم دەدەستی خۆم گرت، بەپێچەوانەی ڕوخساری گڕگرتووی دەستی وەک سەهۆڵ سارد بوون. بیرم کردەوە کە بێگومان ژوولییش دڵی لەدەست داوە، بەڵام بۆخۆم تووشی دۆخێکی وا نەببوومو تەنیا هەستم دەکرد کە دڵم دەگووشرێ. نازانم بۆچی ئەم ناوەم نامۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەهاتە بەرچاو، ناپلیۆن! ئەگەر قەرار بێ مرۆڤ کەسێکی خۆش بوێ باشترە ناوێکی وای هەبێ، ناپلیۆن.

هەموو ئەم بەسەرهاتانە هی دوومانگ لەمەوبەر بوونو دوێنێ سەرەنجام ژوولی بوو بە دەزگیران. ئەوو دەزگیرانەکەی، ژۆزێف بوناپارت لەبن کەپرێ دانیشتوونو ئەمنو ناپلیۆنیش لەوسەری باغیو لە پەنا پەرژینی ڕاوەستاوین، بێئەوەی جاڕزیان بکەین. دایکم بە منی سپاردوە هەموو کاتی ئێوارەو خۆرئاوا لە باغ بمو ئاگام لەم دووانە بێ، چونکە بەقەولی دایکم ژوولی کچێکی گەنجو لە بنەماڵەیەکی ناودارە.

دوای ئەو یەکەمین دیدارە، دەکرێ بڵێین هەموو ڕۆژێ برایانی بوناپارت دەهاتنە سەردانمانو دیارە بە بانگهێشتنی ئەتینیش. ئەمە بە کەس قبووڵ نەدەکرا کە ئەتین وا بە تامەزرۆیی میوانداری لە کەسێک بکا. ئەو هەرگیز لە قسەکردن دەگەڵ ژەنڕاڵی لاو تێر نابێ، هەرچەند ناپلیۆنی بەستەزمان لەم وتووێژانە کوندەجەرگیش بێ. ئەتین لەو کەسانەیە کە خەڵکی لەسەر بناخەی سەرکەوتنەکانیان هەڵدەسەنگێنن. کاتێک بۆ یەکەمجار ئەمن باسی برایانی بوناپارتم کردو ئەوانم بە پەنابەری کۆرسی ناو برد، ئەتین ئامادە نەبوو ناویشیان ببیسیو ئەوانی بە ئاژاوەگێڕ ناو برد. بەڵام لەوکاتەوە کە ژۆزێف کوتەکاغەزێکی ژمارەی مانگی دیسامبری بڵاوکراوەی مۆنیتۆری نیشان دا کە خەبەری سەرکەوتنی ناپلیۆن بۆ پلەی سەرتیپیی تێدا نووسرابوو، ئەتین ئاشقی ناپلیۆن بوو.

ناپلیۆن توانی ئینگلیسییەکان لە توولۆن دەربکا. داستانەکە ئاوا بوو کە ئینگلیسییەکان ئەم جاریشو ئەمجار بە بیانووی لایەنگری لە پادشای دەرکراوو مەحکوومبەمەرگی فەڕانسە دەگەڵ ئێمە کەوتبوونە شەڕ. دیارە ناپلیۆن دەیگوت کە ئەوان سەدوپەنجا ساڵ پێشتر هەر ئەم ڕەفتارەیان دەگەڵ پادشای خۆیان هەبووە. بەهەرحاڵ ئینگلیسییەکان بە سازان دەگەڵ شاپەرستانی فەڕانسەیی شاری توولۆنیان گرت. پاش ئەوە بوو کە هێزەکانی فەڕانسە بە فەرماندەریی ناپلیۆن لە ماوەیەکی کورتدا ئەوانیان لە توولۆن وەدەر نا. دیارە ئەوانی پێش ناپلیۆن نەیانتوانیبوو ئەم کارە بکەن. بەمجۆرە بۆ یەکەمجار ناوی ناپلیۆن لە فەرمانە سەربازییەکاندا بینراو ناپلیۆن بوو بە سەرتیپ. دیارە ناپلیۆن ناچار بوو تەواوی بەسەرهاتی گەمارۆی توولۆن بۆ ئەتین بگێڕێتەوەو ئەم کارە بۆ ئەو جاڕزکەر بوو. بەڵام ناپلیۆن بەوی گوت کە بۆ ئەو سەرکەوتنە پێویستیی بە هیچ تاکتیکێکی سەربازی نەبووەو تەنیا چەند دەزگا تۆپو ناپلیۆنێک بۆ ئەوکارە بەس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوون. چونکە ئەو دەیزانی تۆپەکانی لە چشوێنێک دامەزرێنێ تا باشترین ئاکام بەدەست بێنێ.

پاش گرتنەوەی توولۆن، ناپلیۆن بۆ دیتنی ڕۆبسپێر چووە پاریس. لەو ڕۆژانەدا، ڕۆبسپێر بە بەهێزترین ئەندامی کۆمیتەی ئەمنیەتی نیشتمانی دەژمێردراو ئەو کۆمیتەیەش لەڕاستیدا بەرزترین دەسەلاتی حکوومەتیی فەڕانسە بوو. ناپلیۆن بۆ دیتنی ڕۆبسپێری گەورە سەرەتا ناچار بوو ڕۆبسپێری لاو، برای ڕۆبسپێری گەورە ببینێ. سەرەنجام ڕۆبسپێر کە ئیدەو بۆچوونەکانی ناپلیۆنی بۆ پەلاماردانی ئیتالیا پەسند کردبوو، ئەوەی وەک پێشنیارێکی بەنرخ دەگەڵ کارنۆ وەزیری بەرگری هێنایە گۆڕێو داوای لێکرد ڕێگا بە ناپلیۆن بدرێ نەخشەکانی خۆی ئامادە بکاو نیشانیان بدا. ناپلیۆن دەیگوت کارنۆ بە دەستوەردانی ڕۆبسپێر لە کاروباری وەزارەتەکەی خۆیدا زۆر قەڵس بوو، چونکە لەڕاستیدا ئەم داستانە پێوەندییەکی بە ڕۆبسپێرەوە نەبوو. بەڵام هیچکەس نەیدەتوانی پێچەوانەی ڕۆبسپێر بجووڵێتەوە چونکە تەنیا حوکمێکی ئیمزاکراوی ناوبراو بەس بوو بۆئەوەی کابرای بەرێتە بەر تیغی گیووتین. بۆیە کارنۆ بە ڕووخۆشی ناپلیۆنی وەرگرتو نەخشەکانی وی لەبارەی هێرش بۆسەر ئیتالیاوە پەسند کرد. کارنۆ لە قۆناغی یەکەمدا داوای لە ناپلیۆن کرد سەری شوێنە قایمەکانی باشووری وڵات بدا تا لەو دەرفەتەدا ئەویش لە پرۆژەکانی ورد بێتەوە. ناپلیۆن بۆخۆی لەو باوەڕەدا بوو پرۆژەکانی لە وەزارەتی بەرگری تۆزیان لەسەر دەنیشێ. بەڵام ژۆزێف پێی وابوو زۆری پێناچێ ڕۆبسپێر کاروبارەکە ڕێکدەخاو بۆ سەرفەرماندەریی هێزەکانی فەڕانسە لە ئیتالیاش کەس لە ناپلیۆن لێوەشاوەتر نیە.

ئەتێنو هەموو دۆستانی ئێمە بەتوندی ڕقیان لەم پیاوە واتە ڕۆبسپێر دەبێتەوە. بەڵام هیچکەس ئەوەی بەزماندا نایە چونکە دەتوانێ زۆر مەترسیخوڵقێن بێ. دەڵێن ڕۆبسپێر داوای لە دادگاکانی شۆڕش کردوە بیروباوەڕی سیاسیو بیروبۆچوونی کارمەندانی دەوڵەتی بۆ بنووسن. دەیانگوت ئەوان تەنانەت ژیانی تایبەتیی خەڵکی ئاساییش دەخەنە ژێر چاوەدێری. بەپێی بەیاننامەیەک کە ڕۆبسپێر دەریکردوە، هەر کۆمارخوازێکی ڕاستەقینە دەبێ لەفکری ژیانێکدا بێ کە لەسەر بناغەی بایەخە شۆڕشگێڕانەکان دامەزرابێو شەق لە جوانییەکانی ژیان هەڵدا. تەنانەت ئەم دواییانە بە فەرمانی وی هێندێ شوێنی خەراپەش لە پاریس داخراونو کاتێک ئەمەم لە ئەتین پرسی بەتووڕەیی وەڵامی دایەوە کە باشترە نەچمە نێو ئەو باسانەوە. ئێستا تەنانەت هەڵپەڕین لە کۆڵان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەقامەکانیش کە هەرزانترین سەرگەرمیی خەڵک لە ڕۆژانی جێژنو شادمانیدایە بە زیدەڕۆیی دانراوەو قەدەغە کراوە. بەهەرحاڵ ئێمە بە فەرمانی ئەتین هەقمان نیە لەلای برایانی بوناپارت ڕەخنە لە ڕۆبسپێر بگرین. وتووێژەکانی خۆی دەگەڵ ناپلیۆنیش زۆربەی کاتەکان لە مەسەلەی نەخشەکانی شەڕی ئیتالیادا کورت دەبنەوەو ناپلیۆن زۆربەی وەختەکان لە وەڵامەکانی خۆیدا وەبیر دێنێتەوە کە بڵاوکردنەوەی ئامانجەکانی ئازادی، برایەتیو بەرامبەری لەنێو تەواوی ئورووپاییەکاندا ئەرکی گومانهەڵنەگری ئێمەیە، تەنانەت ئەگەر پێویست بێ بە زەبری گوللەتۆپەکانیش.

ئەمن زۆربەی کاتەکان هەر بۆئەوەی لە ناپلیۆن نزیک بم گوێ بۆ ئەمقسانە ڕادەگرم بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو شتانەی دەیانبیسم زۆرم ماندوو دەکەنو لەهەمووش خەراپتر ئەوکاتەیە کە ناپلیۆن هێندێ بەشی کتێبی "ڕێوشوێنەکانی بەکارهێنانی تۆپخانەی نوێ" بۆ کاکم دەخوێنێتەوە. بۆ بەدبەختی، ئەتینی ساویلکە پێی وایە شتێک لەو بابەتانە تێدەگا. بەباوەڕی من ناپلیۆن لەو وتاربێژانەیە کە شێوەی شیفتەکردنی بیسەرەکانیان باش دەزانن ئەوان ئاشقی خۆیان دەکەن.

بەڵام کاتێک بەتەنیا بین ئەو هیچوەخت باسی تۆپو تۆپخانە ناکاو زۆرتریش وایە. عادەتەن ژوولی دوای شێوخواردن دەیگوت:

—دایە، پێت وانیە باشتر بێ میوانەکانی خۆمان بەرینە نێو باغی بۆخۆیان پیاسەیەک بکەن؟

—بچن ڕۆڵەکانم بچن!

بەمجۆرە ئێمە چوارکەس واتە ژۆزێف، ناپلیۆن، ژوولیو من دەچووینە کەپرێ. بەڵام عادەتەن پێش ئەوەی بگەینە وێندەرێ ناپلیۆن دەیگوت:

—ئووژنی! داخوا دەگەڵ پێشبڕکەیەک موافیقی! بابزانم کاممان زووتر دەگەینە قەراغ پەرژینەکان.

ئەودەم ئەمن قولینچکی داوێنەکەمم دەگرتنو ژوولی بەڕێوەبردنی پێشبڕکەکەی دەگرتە ئەستۆو هاواری دەکرد:

—ئامادە، وەرنە سەرچۆک، وەڕێکەون.

بەدوای فەرمانی ژوولیدا ئەمنو ناپلیۆن وەک دوو غاردەری زۆر جیددی بەرەو پەرژینەکان دەخۆ دەنووساینو وەختێک ئەمن بە هەناسەبڕکەو بە قژشێواوی دەگەیشتمە شوێنی مەبەست، ژوولیو ژۆزێف لە بن کەپرێ لەبەر چاوی ئێمە ون ببوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێجار ناپلیۆن پێشبڕکێیەکەی دەبردەوەو هێندێجاریش ئەمن، دەمزانی ئەو بەئەنقەست خۆی وەدوا داوە هەتا ئەمن بیبەمەوە. بەرزایی پەرژینەکان دەگەیشتە سنگی منو هەردووکمان پاڵمان وێدەدان. ئەمن هێندێجار ئەنیشکم دەخستە سەر پەرژینەکەو چاوم لە ئەستێرەکانەوە دەبڕیو لەوحاڵەدا خەریکی قسەکردن دەبووین. هێندێ جار بابەتی وتووێژەکەمان ڕۆمانێک بوو بەناوی ئازارەکانی ڤۆرتەر لە نووسینی نووسەری کەمناسراوی ئەڵمانی گۆتە. ئەمن ناچار بووم ئەم کتێبە بشارمەوە چونکە دایکم ئیزنی خوێندنەوەی ئەوجۆرە داستانانەی بەمن نەدەدا. دیارە بۆخۆشم زۆرم حەز لێینەبوو. ئەم داستانە کە کەمتریش جێی باوەڕە، غەمنامەی پیاوێکی گەنجە کە سەرەنجام سەری خۆی بەفەتەرات دەداو لەنێوی دەبا. هۆی ئەوکارەش بێوەفایی ژنێکە کە حەزی لێکردوەو دوایە مێردی بە نزیکترین دۆستی پیاوە گەنجەکە کردوە.

ناپلیۆن بەپێچەوانەی من شەیدای ئەو بەرهەمەیەو جارێکیان لێمپرسی داخوا لەوانەیە ئەویش ڕەفتارێکی وەک قارەمانی ئەو داستانە هەڵبژێرێ کە ئەوەندە ئۆگریەتی؟

-نا، هەرگیز. چونکە ئەوکەسەی خۆشم دەوێ مێرد بە کەسێکی دیکە ناکا.

بەدوای ئەم وەڵامەدا پێکەنیو لەنەکاو بە ڕوخسارێکی زۆر جیددیـیەوە تێمەوە ڕاماو ئەمنیش پێم باش بوو بابەتی وتووێژەکە بگۆڕم. زۆربەی کات ئێمە لەحاڵێکدا پاڵمان وەپەرژینەکە دابوو زۆر بە بێدەنگی سەیری چیمەنی ئەودیو پەرژینەکانمان دەکردو ئەمن پێم وابوو نارەناری گوڵو گیاکانو دەنگی هەناسەی ئارامی وان دەبیسم. جارجاریش باڵندەیەک ئاوازێکی غەمگینانەی دەخوێندو هەستم دەکرد مانگ وەک فانۆسێکی ڕەنگزیوین بەبەر سنگی ئاسمانەوە هەڵاوەسراوە. لەحاڵێکدا سەیری چیمەنی بێدەنگو نووستووم دەکرد لەبەر خۆمەوە لە خوای خۆمم دەویست تەمەنێکی هەمیشەیی بدا بەو شەوەو ڕێگا بەمنیش بدا هەتاهەتایە لەپەنای بمێنمەوە. هەرچەند لە هێندێ نووسیندا بابەتگەلێکم خوێندبۆوە کە نکوولییان لە هێزە "ئەودیوسروشتەکان" (ماوراء الطبیعة) دەکردو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەسەر پاریسیشدا هەوڵی دەدا هۆو پاساوی مرۆیی بۆ هەموو دیاردەکان بدۆزێتەوەو ئەم بێبڕواییە لە خەڵکدا پەرە پێبدا بەڵام ئەمن هەرکات شاد یان خەمناک دەبووم تەنیا بیرم لە یەکشت دەکردەوە، لە خوایەکی گەورەو میهرەبان لە دەرەوەی زەمانو مەکان. دوێنێ ناپلیۆن بێپێشەکی لێیپرسیم:

-ئووژنی ئەتۆ قەت بیرت لە چارەنووسی خۆت کردۆتەوەو داخوا لێی ناترسی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێندێ وەخت کە بەتەنیا دەمێنینەوە، ئەو لە ویژدانی دۆستانەی تۆ کەلک وەردەگرێ کە هەرچەند دەزگیرانەکانو ژنومێردەکانیش کەلکیان لێوەرناگرن بەڵام ئەمن بە نیشانەی خۆمانەبوونێکی لەڕادەبەدەری دەزانم. بەهەرحاڵ سەرێکم ڕاوەشاندو گوتم:

–ترس؟ لە چارەنووسم؟... نا. ناترسم. چونکە کەس نازانی دەستی قەزاوقەدەر چچارەنووسێکی بۆ نووسیوە. کەوایە مرۆڤ بۆ دەبێ لە شتێک بترسێ کە هیچی لێنازانێ؟

–پێمسەیرە کە زۆرکەس پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە ئاگایان لە چارەنووسی خۆیان نیە، لەحاڵێکدا ئەمن لە چارەنووسی خۆم ئاگادارم.

لەوەختی گوتنی ئەم ڕستەیەدا لەبەر شۆقی مانگەشەوێ ڕەنگپەڕیوییەکەی زۆر لەپێشوو زیاتر دەهاتە بەرچاوو بەچاوی کراوەوە سەیری شوێنێکی دووری دەکردو هەر لەوحاڵەدا گوتی:

–ئەمن دروستکەری چارەنووسی خۆممو ئاگام لە دواڕۆژی خۆم هەیە.

ئەمن سەرسوڕماو لە بیستنی قسەکەی پرسیم:

–باشە، لێیدەترسێی؟

لەفکردا بوو، دەتگوت بیر لەودیوی زەمانو مەکان دەکاتەوە. ئەمجار بە وشەو ڕستەی کورتو پچڕپچڕ گوتی:

–نا. ئەمن دەزانم هێندێ کاری گەورە دەکەم. ئەمن هاتوومە سەر دنیا بۆئەوەی هێندێ وڵاتی تازە بێنمە ئاراوەو حکوومەتیان بەسەرەوە بکەم. ئەمن یەکێک لە دروستکەرانی مێژووم، لە پیاوانێکی کەمئەژمار کە مێژووی مرۆڤایەتی دروست دەکەن.

وەک کەسێکی لاڵ زمانم تێکدەئاڵقاو تێیەوە ڕامابووم. هەرگیز ئەوجۆرە قسانەم لەکەس نەبیستبوونو لەنەکاو پێکەنینێکی نەخوازراو بەسەرمدا زاڵ بوو. بەهۆی پێکەنینی من سەری بردە دواوەو بەتوندی نێوچاوانی تێکنا. دوایە ئاوڕی دایەوە سەر منو گوتی:

–پێدەکەنی ئووژنی؟!... ئووژنی!... ئەتۆ پێدەکەنی؟

–تکا دەکەم، تکا دەکەم لێم ببوورە. ئەم پێکەنینەم لەترسانە. ڕوخساری تۆ جۆرێک بوو کە منی ترساند. چونکە لەبەر شۆقی مانگەشەوێ بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو ڕەنگی گۆڕابوو. هەربۆیە منی ترساند. ئەمن لەکاتی ترساندا بۆئەوەی بتوانم بەسەر خۆمدا زاڵ بم هەوڵ دەدەم پێبکەنم... ئەمە خوویەکە... دەزانی...

–ئەمن نەمدەویست تۆ بترسێنم ئووژنی بەڵام دەتوانم ترسی تۆو هۆی ترسانەکەت هەست پێبکەم. هەقتە ئووژنی، چارەنووسە گەورەکەی من ترسخوڵقێنە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ چەند دەقیقە هەردووکمان بێدەنگ بووین. لەنەکاو فکرێکم بەدڵدا هاتو گوتم:

–باشە ئەمنیش وام. ئەمنیش یەکێک لە مێژووسازانی ڕۆژگارم.

ناپلیۆن بە قسەکەی من سەری سوڕماو چاوی لێکردم بەڵام بێئەوەی گوێی بدەمێ لەسەر قسەکانم ڕۆیشتم:

–مێژووی مرۆڤ کۆمەڵێک چارەنووسی کەسەکانە، هەر ئەوانە چارەنووسی جیهان ساز ناکەن کە ئیمزای حوکمو فەرمانەکانیان لەئەستۆیەو لە باشترینو کارامەترین شێوەکانی بەکاربردنی تۆپەکان شارەزانو دەزانن کەنگێو چۆن بیانتەقێنن. بەباوەڕی من خەڵکی دیکەش لە بناخەڕێژانی مێژووی مرۆڤایەتین، هەموو ئەو ژنوپیاوانەی دەبنە نیشانەی گوللەتۆپەکان یان سەریان لە لەشیان جیا دەبێتەوە، تەواوی ئەوانەی بەئومێدەوە دەژین، ئاشق دەبنو سەرەنجام دەمرن دروستکەرانی مێژووی مرۆڤایەتین.

–هەقتە ئووژنیی خۆشەویست، ڕاست دەکەی. بەڵام ئەمن چارەنووسی بەمیلیۆن کەس لەوانە دەگۆڕم. ئەتۆ دەتوانی باوەڕ بە قسەکەم بکەی ئووژنی؟ داخوا دەتوانی باوەڕ بەوە بکەی کە دەیڵێمو دێتە دییش؟

لەحاڵێکدا ئەم قسانەی بەڕاوێژیکی نەرم دەردەبڕین ڕوخساری ئەوندە لەمن نزیک بوو کە پێم وابوو دەتوانم وێنەی خۆم لە ئاوێنەی چاوەکانیدا ببینم.

ئەو شەوە خەو لەچاوانم ڕەویبوو و هەرچەند ماوەیەک بوو ژوولی مۆمەکانی کووژاندبوونەوە بەڵام ئەمن هەروا دە میچی ژوورەکەوە ڕامابووم. سەرەنجام لەتاریکیدا گوێم لە دەنگی ژوولی بوو کە دەیگوت:

–ئەتۆش خەوت نایە کچەکە؟

–نا، هەوای ژوورەکە زۆر گەرمو جاڕزکەرە.

–دەمەوێ بابەتێکی گرنگت پێبڵێم، نهێنییەک کە نابێ کەس پێی بزانێ، هیچنەبێ تا سبەینێ پاشنیوەڕۆیە. بەڵێن دەدەی بەکەسی نەڵێی ئووژنی.

هەژانێکی توند هەموو لەشمی داگرتبوو، دەمەویست هەرچی زووترە لەوەی ژوولی دەیگوت ئاگادار بمو بۆیە وەڵامم دایەوە:

–بەڵێن دەدەم ژوولی، بەڵێن دەدەم بە هیچکەسی نەڵێم.

–سبەینێ دوانیوەڕۆیە بەڕێز ژۆزێف بوناپارت دێ بۆئەوەی قسە لەگەڵ دایکم بکا.

–دەگەڵ دایکم، لەبارەی چیەوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڕاستی ئەتۆ چەند گەمژەی ئووژنی، باشە دیارە لەبارەی ئێمەوە، منو خۆی. ئەو دێ من بخوازێ.

سەرم لەسەر باڵنجەکە هەڵبڕیو هاوارم کرد:

–ژوولی... ژوولی کەوایە بوویە دەزگیراندار؟...

–وست بە کچێ! مەیکە بەهەرا. ئێستا نا، بەڵام سبەینێ پاشنیوەڕۆیە دەخوازرێم. دیارە ئەگەر دایکم ناڕازی نەبێ.

خۆم لەسەر تەختەکە فڕێ داو غارم دایە لای ژوولیو هەر لەوحاڵەدا لاقم لە پێچکی مۆبڵێک دراو لەتاوی ئازارەکەی زریکەم گەییە ئاسمان.

–ئارام بە ئووژنی! ئەتۆ دەتەوێ هەموو خەڵکی ماڵێ لەخەو هەستێنی؟

بەڵام بێئەوەی گوێ بدەمە بۆڵەبۆڵی ژوولی خۆم خزاندە نێو جێیەکەیو بەهەژانەوە شانەکانیم ڕاتەکاندن. بەڕاست نەمدەزانی خۆشیو شادمانیی خۆم چۆن دەرببڕمو پەیتاپەیتا دووپاتەم دەکردەوە:

–کەوایە ئەتۆ هەر بەڕاست بوویە دەزگیراندارو بەم زووانەش زەماوەند دەکەی.

هەستم دەکرد کەوتوومە حاڵەتێکی نیوەمەستییەوەو شلبوونەوەیەکی خۆش هەموو لەشمی داگرتوە. ژوولیو ژۆزێف ببوونە دەزگیرانو دایکم، ئەتینی ناردە ژێرزەمین هەتا بۆ جێژنگرتنی ئەو ڕێوڕەسمە خواردنەوەیەکی تایبەتی کە باوکم چەندین ساڵ پێشتر کڕیبوویو بۆ ڕۆژێکی وای ڕاگرتبوو، بێنێ. دایکم خاتوو لیزیا بوناپارتو هەموو منداڵەکانیشی بۆ سبەیشەوێ بانگهێشتن کردبوو تا بەوجۆرە دەگەڵ بنەماڵەی تازەی ژوولی ئاشنا بین. ئارەزووم دەکرد دەمگوت خۆزگە کەوتبامە بەر دڵی خاتوو لیزیا. هیوادارم... نا. هەرگیز نابێ شتی وا بێنیە سەر کاغەز چونکە لەوانەیە سەر نەگرێ. تەنیا دەبێ نزا بکەیو بە باوەڕێکی دەروونی ئومێدت پێی هەبێ.

ئەمڕۆ بەیانی زوو وەخەبەر هاتمو زوو لەجێی هاتمە دەر. هەتا ئێستا دەرفەتم نەبووە بەتەنیا بمو بۆیە دوای ڕۆیشتنی ناپلیۆن دەسبەجێ خۆم گەیاندەوە ژوورەکەم تا درێژە بە نووسینی یادداشتەکانم بدەم. بەڵام زەینم زۆر پەرێشانەو بۆم کۆنترۆڵ ناکرێ. فکری جۆراوجۆر وەک شارە مێرووڵەی بەر هەتاو هەریەکەی بەلایەکدا دەڕۆنو بە گۆڕینی پەیتاپەیتای ڕێگا بارە چکۆڵەکانیان بەملاولادا ڕادەکێشن. هەروەک مێرووڵەکان پووشکەکایەکی چکۆڵە، دەنکە گەنم یان خیزێکی وردیلە بەشانیان هەڵدەگرن، فکرەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منیش خەونەکانی دوارۆژمیان لەسەر باڵەکانیان داناوە. بەڵام چونکە ناتوانم کۆنترۆڵیان بکەم ئەم بارانە زوو دەکەونە سەر زەوی.

نازانم بۆچیو چۆن بوو کە میوانە سویدی‌یەکەمان بەڕێز پێرسۆنم بەجارێک لەبیر چۆوە کە قەرارە ئەمڕۆ ماڵو وڵاتی ئێمە بەجێ بێڵێ. لەوکاتەوە کە ڕێی برایانی بوناپارت بۆ ماڵی ئێمە کراوەتەوە کەمتر دەرفەت ماوە بیر لەو بکەینەوە. پێم وانیە ئەو زۆری ئۆگری بەو دوو برایەوە هەبێ. کاتێک بیروڕای ویم لەبارەی دۆستە تازەکانمانەوە پرسی، هەر ئەوەندەی گوت کە:

–بەئاسانی لەوانو لە قسەکانیان حاڵی نابم چونکە ئەوان نەکهەر زۆر دەڵێن بەڵکوو زۆریش خێرا قسە دەکەن‌جگە لەوە شێوەزارەکەشیان لە هی ئێمە جیاوازە.

ئەمنیش تاڕادەیەک هەقم بەو دەدا چونکە تێگەیشتنی شێوەزاری کۆرسی بۆئەو دژوار بوو. دوێنێ پاش‌نیوەڕۆ بۆی باس کردم کە جانتاکانی بەستوونو بە دەلیجانی سەعات٩ی بەیانیی ئەمڕۆ وەڕی دەکەوێ. ئەمن بڕیارم دا بەڕێی بکەم. یەکەم دەموچاوە درێژووکەو سەرەئەسپی‌یەکەیم پێ‌جوانەو دووەمیش چونکە ڕاوەستانی لەبەر دەرگای دەلیجان لەکاتی بەڕێبوون‌دا سەرگەرمی‌یەکەو مرۆڤ دەتوانێ لەوێ خەڵکی جۆراوجۆر ببینێو هێندێ‌جاریش خانمانی تەڕپۆشی پاریسی. کەچی بەپێچەوانەی بڕیاری پێرسۆن، سەفەرەکەیم لەبیر چۆوەو بیرکردنەوە لە ناپلیۆن منی لەو بەسەرهاتە غافڵ کرد.

بەڵام بەخۆشی‌یەوە ئەمڕۆ بەیانی کە لەخەو هەستام کەوتمەوە یادی سەعاتی ڕۆیشتنی پێرسۆن. دەسبەجێ لە نوێنان هاتمە دەرو بەپەلە جلم دەبەر کردنو بەزەحمەت دەرفەتێکم بۆ ڕێک‌خستنی قژەکانم بەدەست هێناو بەپەلە خۆم گەیاندە ژووری نان‌خواردن. پێرسۆن خەریک بوو دوا قاوڵتیی ماڵی ئێمەی دەخوارد. دایکمو ئەتین بە دەوروبەری‌دا دەهاتنو دەچوونو ئامۆژگاری‌یان دەکرد هەتا دەتوانێ خواردن بخوا چونکە بەستەزمانە سەفەرێکی دووورودرێژی لەپێش بوو. لەپێش‌دا دەبوو تا ڕاین بچێو پاشان بە تێپەڕین لە ئەڵمان بچێتە لووبێکو لەوێوە بە بەلەم بڕواتە سوێد. ئەمن نەمدەزانی ئەو بۆئەوەی بگاتە لووبێک ناچارە چەند جار دەلیجان بگۆڕێ. ماری خواردنی سەفەری بۆ ئامادە کردبوو، لە سەبەتەیەکی تایبەتی‌دا مریشکێکی برژاوو دوو بوتڵ خواردنەوەو چەند هێلکەی کوڵیوو هێندێک مرەبای گێلاسی بۆ دانابوو سەرەنجام ئەمنو ئەتین لەحاڵێک‌دا هەریەکەمان لەلایەکی دەڕۆیشتین ئەومان بۆلای وێستگەی دەلیجان بەڕێ کرد. ئەتین یەکێک لە جانتاکانی بۆ هەڵگرتبوو بۆخۆشی بە هانکەهانکو بەزەحمەت بەستەیەکی گەورەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جانتایەکی چووکترو سەبەتەی خواردەمەنییەکەی هەڵگرتبوو. ئاخرەکەی تکام لێکرد ڕێگا بدا کۆمەگی بکەمو ئەویش لەحاڵێکدا بەستەیەکی بۆلای من ڕادەداشت وەبیری هێنامەوە کە ئەو بەستەیە شتێکی یەکجار بەنرخی تێدایەو ڕوونی کردەوە:

–جوانترین هەریر کە لەژیانمدا دیتوومە لەو بەستەیەدایە. ئەم هەریرە لەوانەیە کە خوالێخۆشبووی باوکتان بۆ ناردن بۆ ڤێرسایو بۆ شاژنی کڕیبوو، بەڵام ڕووداوەکانی ڕۆژگار دەرفەتیان بە شاژن...

ئەتینیش لە پەسندی قسەکانی پیرسۆندا لێی زیاد کرد:

–بەڵێ بەڕاستی هەریرێکی شایانە بوو. لە هەموو ئەو ساڵانەدا ئەمن هەرگیز پارچەیەکی زێڕچنی وام بەکەس نەفرۆشتبوو و باوکیشم هەمیشە وەبیری دێنایەوە کە تەنیا شیاوی جلێکی شایانەو دەرباری‌یە.

ئەمن بەحاڵەتێکی ڕەخنەگرانەوە گوتم:

–بەڵام ئەمڕۆ خاتووونە پاریسی‌یەکان جلکی ناسک بە باشتر دەزانن.

ئەتین بە ناڕەزایەتی‌یەوە بۆلاندیو وەڵامی دایەوە:

–خاتووونە پاریسی‌یەکان لەمێژە خاتوونبوونیان لەبیر چۆتەوە. ئەوان پارچەی مووسلینی ناسکیان پێباشترە کە لەشیانی تێدا دیار بێو ئەودەم جەنابیشت ئەم کارە ناو دەنێی تەڕپۆشی؟ نا، ئەم ڕۆژانە ئەم جۆرە پارچە زێڕچنانە لە فەڕانسە دەبەر ناکرێنو داخوازیان نیە.

دوایە پێرسۆن ڕووی کردە منو گوتی:

–زۆ خۆشحاڵم کە توانیومە ئەم هەریرە بکڕم. ئەمن بەشێکم لەو مووچەیەی لە دەزگای کلاریم وەردەگرت پاشەکەوت کردو خۆشحالم کە پاشەکەوتەکەم بەشی ئەو مەبەستەی کرد. ئەمە یادگارو بیرەوەری‌یەکی بەنرخە، بیرەوەری‌یەک لە باوکی خوالێخۆشبووتانو دەزگای کلاری.

ئەمن بەدڵەوە لە ئەتین ڕازی بووم کە توانیبووی ئەو پارچە زێڕچنو قورسە کە بێگومان مۆدی بەسەر چووەو لە فەڕانسە کەس نایکڕێ بە نرخێکی باش بە پێرسۆن بفرۆشێو بێشک فرۆشگای کلاری لەو موعامەلەیەدا زیانی پێنەگەیشتبوو. ئەتین بە قەڵافەتێکی هەقبەدەستانەو دڵسۆزانەوە گوتی:

–فرۆشتنی ئەم پارچەیە بۆمن ئاسان نەبوو بەڵام لە وڵاتی بەڕێز پێرسۆندا کە وڵاتێکی پادشایەتی‌یە بەبێشک خاوەنشکۆ شاژنی سوێد پێویستیی بە پارچەیەکی وا دەبێو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیوادارم ئەم قوماشە ببێتە هۆی ئەوە کە بەڕێز پێرسۆن بکرێتە بازرگانی تایبەتیی دەربار.

وەک کچە هەریرفرۆشێک کە ئاگاداری وردەکاریی پیشەکەی بابم بووم گوتم:

-بەڵام ئەتۆ نابێ ئەم هەریرە زێڕچنە ماوەیەکی زۆر ڕابگری چونکە دەزانی ئاوریشم بە تێپەڕینی ڕۆژگار زیانی پێدەگاو دەشکێ.

کەچی ئەتین ڕوونی کردەوە کە ئەم قوماشە چونکە داوداوی زێرینی تێدا بەکار براون تووشی چارەنووسێکی لەو بابەتە نابێ.

بەستەبارەکە تاڕادەیەک قورس بوو و ئەمن بەناچار خستبوومە سەر هەردوو قۆڵی خۆم بەڵام بەوحاڵە پشووم سوار ببوو. هەرچەند هێشتا بەیانی‌یەکی زوو بوو بەڵام بەوحاڵە هەتاو لەڕادە بەدەر بەتین بوو، مووی سەرم بەنێوچاوانی شەڵاڵی ئارەقەو سەر ڕوومەتمەوە نووسابوون بەڵام بە هەرحاڵ سەرەنجام گەیشتینە وێستگەی کالیسکەکان. چونکە بەڕادەی پێویست دوا کەوتبووین دەرفەتێکی زۆرمان بۆ ماڵئاوایی نەبوو، موسافیرەکانی دیکە سواری کالیسکە ببوونو جێی خۆیان گرتبوو. ئەتین لەحاڵێکدا لەبەر ماندوویی هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا بەستەبارەکەی پێرسۆنی کە بەدەستەوە بوو بەرز کردەوە تا بیخاتە نێو کالیسکەکەو لەوکاتەدا بەخۆی نەزانی جانتاکەی لەسەر لاقی خانمێکی بەساڵداچوو داناو پێرسۆنیش کە لەفکری ماڵئاوایی لە ئەتینو دەستگوشینی ئەودا بوو هێندەی نەمابوو سەبەتە خواردنەکە فڕێداتە سەر زەوی. لەمکاتەدا وتوویژێکی توند لەنێوان پێرسۆنو کەژاوەچی‌یەکەدا کە خەریک بوو کەلوپەلەکەی پێرسۆنی دەخستە سەر باری کەژاوەکە، هەڵگیرسا. پێرسۆن پێی چەقاندبوو کە ڕێگا نادا بەستە گەورەکە لەبەر چاوی دوور بێو پێی‌باشترە لە هەموو سەفەرەکەدا لەسەر ئەژنۆی خۆی دانێو کابرای کالیسکەچییش بەوە ڕازی نەدەبوو. سەرەنجام لەحاڵێکدا ئارامیو حەوسەلەی لەدەست دابوو هاواری کرد:

-هەموو لەجێی خۆتان دانیشن!

ئەو پاشان دەستی دە قوتووەکەی تەنیشتی ڕاکردو هۆڕنی کەژاوەکەی لێدا. ئەوکاتەی دەرگای کالیسکەکە پێوە درا لاوە سوێدی‌یەکە دووبارە دەرگای کەژاوەی کردەوەو هاواری کرد:

-کیژۆڵە ئووژنی! ئەمن هەتاهەتایە بەڕێزەوە دەی‌پارێزم.

ئەتین لە حاڵێکدا شانی هەڵدەتەکاند، گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەم کابرا شێتە سویدییە باسی چدەکاو ڕێز لەچی دەگرێ؟

لەحاڵێکدا بەبێباوەڕی بیرم لە چاوە پڕفرمێسکەکانم دەکردەوە وەڵامم دایەوە:

–باسی بەیاننامەی مافی مرۆڤ دەکا. ئەو بەیاننامەیە کە ئەسڵەکانی مافی مرۆڤی لەسەر چاپ کراون.

هەرلەوکاتەدا کە وەڵامی ئەتینم دەدایەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە دایکو باوکی پێرسۆن چەندە بە دیتنی دەموچاوی سەرەئەسپیی کوڕەکەیان خۆشحاڵ دەبن. هەروا بیرم لەوە دەکردەوە کە پیاوێکی لەبەردڵان بەیەکجاری لە ژیانی من چووە دەرێ.

ئەتین لەوێڕا چۆوە دوکانێو ئەمنیش دەگەڵی چووم. ئەمن لە دوکانێ هەستم بە ئارامی دەکردو بەتەواوی ئاسوودە بووم، چونکە لەوکاتەوە کە کچێکی چکۆلە بووم زۆربەی کاتەکان دەگەڵ باوکم دەچوومە دوکانێو ئەو، شوێنی بەرهەمهێنانی کرمەکانی ئاوریشمو جیاوازییەکانیانی فێر دەکردم. جگە لەوە ئەمن هەموو جۆرە قوماشێکی هەریرم باش دەناسیو باوکم هەمیشە دەیگوت کە ئۆگریی ئەو کارە لە خوێنو نیهادی مندایەو کچە هەریرفرۆشێکی بەڕاستیم. بەڵام بۆخۆم جۆرێکی دیکەم بیر دەکردەوەو زۆرجار سەرنجم دەداو دەمدی کە باوکم دەگەڵ ئەتین کوتە قوماشێک لەنێو قامکیان دەگرن یان لەنێو مستیاندا دەیگوشنو دواتر بەوردی سەیری دەکەن بزانن داخوا داوەکانی زوو گنج دەبن یان نا؟و ئەوە کە لە ئاوریشمی تازە دروست کراوە یان ئاوریشمی کۆنی تێدا بەکار براوەو سەرەنجام داخوا دەشکێ یان نا؟

ئەو ڕۆژە هەرچەند بەیانییەکی زوو بوو بەوحاڵە چەند کەس کڕیار لەدوکانێ بوون. ئەمنو ئەتین بەگەرمی پێشوازیمان لێکردن بەڵام ئەمن دەسبەجێ تێگەیشتم کە ئەوان کڕیاری گەورە نینو لەو هاونیشتمانانەن کە پارچەی مووسلینیان بۆ یەخەیەکی تازە دەویست یان پارچەیەکی هەرزانبایی بۆ نیوباڵتۆیەک یان بەرە کەوایەک. ئیدی خەبەرێک لەو خاتووونە نەجیبزادەو دەوڵەمەندانە نەبوو کە شتی زۆریان دەکڕیو بەتایبەتی لە سەرەتای وەرزی میوانداریەکانی ڤێرسایدا شتی زۆرو گرانباییان بەڕادان دەدا. هێندێک لەوانە کەوتبوونە بەر گیووتینو هێندێکیش هەڵاتبوونە ئینگلستان بەڵام زۆریان لە حەشارگەکانی خۆیاندا شاردرابوونەوەو بەدەردی دەڵێن وەک مشک خزیبوونە ژێر زەویو لە کەلێنو قوژبنان بەناوی خوازراوەوە وەک نەناسیاوێک دەژیان. ئەتین هەمیشە دەڵێ کە پەکخستنی جێژنو میوانداریەکان لەلایەن کۆمارەوە بۆ بازرگانان زۆر بە زیان بووەو گوناحی هەمووشی لە ئەستۆی ئەو ڕۆبسپێرە ترسێنەرەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەیەک لە دوکانێ خۆم بە کڕیارەکانەوە خافڵاندو هانم دان جۆرە سەرپۆشێکی سەوزی ناشیرن بکڕن کە هەستم دەکرد ئەتین زۆر حەز دەکا لەکۆڵی ببنەوەو سەرەنجام چوومەوە ماڵێ. لەڕێگادا وەک هەمیشە بیرم لە ناپلیۆن دەکردەوەو غەمی ئەوەم دەخوارد کە داخوا لە ڕێوڕەسمی دەزگیرانەتیی ژوولی‌دا جلکی تایبەتی‌و بەشکۆی ژەنراڵی دەکاتە بەری یان نا.

کاتێک گەیشتمەوە ماڵێ تێگەیشتم کە دایکم بە بیستنی هەواڵی هاتنی ژۆزێفو وتوویژ دەربارەی ژوولی زۆر ناڕەحەتە. ناڕەحەتیی دایکم پتر لەبەر ئەوە بوو کە خۆی بۆ وتوویژێکی وا ئامادە نەکردبوو. سەرەنجام لە جەنگەی گەرمای نیوەڕۆیەدا بۆ وتوویژو تەگبیروڕا دەگەڵ ئەتین لەماڵ وەدەر کەوت. دایکم کاتێک هاتەوە ژانەسەرێکی توندی گرتبوو، بۆیە لەسەر نیوتەختەکەی خۆی ڕاکشاو ڕای‌سپارد هەروەخت هاونیشتمان ژۆزێف بوناپارت هات بانگی بکەین.

ژوولی وەک شێتان بەملاولادا دەڕۆیشت. جارێک لەنێو ساڵۆنەکەدا پیاسەی دەکردو تاوێکی دیکە دەچووە نێو باغی‌و لەوێ درێژەی بە پیاسەکەی دەدا. دەموچاوی لەبەر تووڕەیی‌و ناڕەحەتی شین هەڵگەڕابوو، ئەمن هەستم دەکرد وەزعی باش نیەو دەمزانی کە هەرکاتێک تووشی هەژانێکی توند بێ زگئێشەیەکی بەئازار دەگرێ. ئاخرەکەی بەناچار ئەو کچە شێواوو پەرێشانحاڵەم دەگەڵ خۆم بردە نێو باغی‌و لەسەر نیوتەختێکی بن کەپرێ لەتەنیشتی دانیشتم. مێشەنگوینە بە دەوری سوورەگوڵاندا دەسووڕانو شلبوونەوەیەکی وەک خەواڵوویی هەموو لەشمی داگرتبوو. هەستم دەکرد لە ژیانی خۆم ڕازیم‌و بیرم دەکردەوە کاتێک مرۆڤ یەکێکی خۆش بوێ‌و دڵنیا بێ کە ئی خۆیەتی ژیانی زۆر بۆ سادەو پڕلەئارامی دەبێ. ئەگەر ڕۆژێک دژایەتی دەگەڵ زەماوەندی منو ئەو کرابایە بێ‌گومان دەگەڵ ناپلیۆن لە مارسەی‌و لەماڵو هێلانەی خۆمان ڕامدەکرد.

سەعات پێنجی دوانیوەڕۆ دەسکە گوڵێکی گەورە لە شیپانەی دەرگاکەمان دەرکەوت کە ژۆزێفیش لە پشتیەوە شارابۆوە. ماری دەگەڵ ئەو دەسکە گوڵەو ژۆزێف هاتە ساڵۆنێ‌و دوایە دایکمی لە هاتنی ژۆزێف ئاگادار کردو سەرەنجام دەرگای ساڵۆنێ لەسەر ئەو دووانە پێوە درا. بەتامەزرۆیی گوێم بەکونی کلیلەکەوە نابوو بەڵکوو شتێک لە وتوویژەکەیان کە بەسرتە قسەیان دەکرد هەڵکرێنم بەڵام هەوڵەکەم بێ‌ئاکام بوو، حاشا لە تاقە وشەیەکیش. ژوولی لەپەنا من پاڵی وەدەرگا دابوو، ڕووم تێکردو گوتم:

—سەدوپەنجا هەزار فڕانکی زێڕ!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو خۆی خڕ کردەوەو پرسی:

-گوتت چی؟ باسی چدەکەی؟

-باوکم بۆ هەرکامێکمان سەدوپەنجا هەزار فرانکی جیاز لەبەرچاو گرتوە. چما ئەوکاتەت لەبیر نەماوە کە پارێزەرەکە وەسیەتنامەی باوکمی دەخوێندەوە؟

ژوولی لەحاڵێکدا دەسرۆکەکەی بۆ سڕینەوەی ئارەقەی نێوچاوانی دەردێنا گوتی:

-ئێستا ئەو مەسەلەیە بۆمن هیچ بایەخێکی نیە.

هەرلەوکاتەدا دەنگی پێکەنینێک لەپشت ئێمەوە هاتە بەرگوێ کە دەیگوت:

-باشە، دەتوانم پیرۆزباییتان لێبکەم؟

خاوەندەنگەکە کەسێک نەبوو جگە لە ناپلیۆن کە دەمەساتێک پێشتر گەیبۆوە ماڵێو ئێستا ڕووبەڕووی دەرگا لەپەنا ئێمە ڕاوەستابوو، ئەمجار ڕووی کردە ژوولیو گوتی:

-دەتوانم وەک شووبرای لەمەودوای تۆ بەشداری ئەم چاوەڕوانییە بم؟

ژوولی ئیدی بەجۆرێک جاڕز ببوو کە خۆی پێڕانەگیراو لەحاڵێکدا سەری بەهەنیسکانەوە هەڵدەگیرا گوتی:

-چدەکەن بیکەن بەڵام واز لەمن بێنن.

بەدوای ئەم قسەیەی ژوولیدا ئەمنو ناپلیۆن ئارامو بە پێدزە چووینە سەر نیوتەختێک لەوسەری ژوورەکەو بێدەنگ لەوێ دانیشتین. ئەمن بەزەحمەت خۆم پێڕادەگیراو ئەم بارودۆخەم زۆر بێماناو نەزانانە دەهاتە بەرچاو. لەوکاتەدا ناپلیۆن بەسپایی دە کەلەکەی منی سرەواندو بەسرتەو لەحاڵێکدا حاڵەتێکی گەوجانە بە روخساریەوە دیار بوو گوتی:

-ئووژنی! دەکرێ تکا بکەم ئارامترو خۆڕاگرتر بی؟

لەم جەنگەیەدا دایکم لەپڕ دەرگای کردەوەو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

-ژوولی! تکا دەکەم وەرە ئێرە.

ژوولی وەک شێتان خۆی دەژووری ڕاکردو بەدوای ویدا دووبارە دەرگا لەسەر ویو دایکم پێوە درایەوە، ئەمن لەحاڵێکدا دە ناپلیۆنەوە ڕامابووم پێکەنیمو بۆئەوەی ڕێگای هەموو جۆرە هەلپەرستییەکم گرتبێ، هەر بەدەم پێکەنینەوە هاوارم کرد:

-ئارام بە ناپلیۆن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەناکاو کەوتمە یادی جلوبەرگی تایبەتی‌و شکۆداری ژەنڕاڵی‌و نەختێک کشامەوە دواوە تا بەوردی سەیری جلەکانی بکەم. بەڵام ڕوانینەکەم حاڵەتی سەرکۆنەی بەخۆوە گرت چونکە هەر ئەو جلە سەوزە کاڵبووەوەی جارانی دەبەردا بوون.

–جەنابی ژەنڕاڵ! ئەمڕۆ ئەتۆ دەبوو جلی ڕەسمی‌و شکۆدارت دەبەر کردبایە.

کەچی هێشتا ڕستەکەم تەواو نەببوو کە لەقسەکەم پەژیوان بوومەوە چونکە دیتم ڕوخساری کەمێک سوور هەڵگەڕاو بەنەرمی وەڵامی دایەوە:

–ئووژنی! ئەمن جلی ڕەسمیم نیە، چونکە هیچ وەخت دراوی پێویست بۆ کڕینی دەستەجلێکی وام نەبووەو دەوڵەتیش هەر ئەو دەستە جلوبەرگەی کارمان دەداتێ نەک زیاترو جلی ڕەسمی دەبێ بە دراوی خۆمان بکڕین‌و بۆخۆشت دەزانی کە...

ئەمن کە لە هەڵەی خۆم سەرم لێشێوابوو بەنیشانەی پەسندی قسەکەی بەتامەزرۆیی سەرم ڕاوەشاندو گوتم:

–دیارە دەزانم کە ئەتۆ دەبێ یارمەتیی دایکت‌و بنەماڵەکەت بدەی‌و جگەلەوەش جلی زیادی پێویست نیە.

لەم کاتەدا دەنگی دایکم قسەکانی پێبڕیم. ئەو بەرامبەرمان ڕاوەستابوو و لەحاڵێکدا وەک دەڵێن بەچاوێک پێدەکەنی‌و بەچاوێک دەگریا، بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

–ڕۆڵەکانم خەبەرێکی گرنگم بۆتان هەیە. زۆر گرنگ‌و جێگای خۆشحاڵی. ژوولی‌و ژۆزێف... ئووژنی! کچم باشترە زوو بەدوای سۆزانی‌دا بچی‌و بانگی بکەیەوە. بەڕاست بزانە ئەتین هاتۆتەوە یان نا، چونکە ئەو گفتی بەمن دابوو سەعات پێنج‌ونیو لەماڵێ بێ.

ئەمن دەسبەجێ‌و بەخێرایی لە پلیکانەکان وەسەر کەوتم‌و خەبەرم بە هەردووکیان دا. سەعاتێک دواتر کۆڕی بچووکی ئێمە جێژنی ئەو ڕووداوەمان گرتبوو.

وردەوردە هەوا تاریک ببوو بەڵام ئیدی ژۆزێف‌و ژوولی لەفکری کەپری نێو باغی‌دا نەبوون، بەڵکوو باسی خانوویەک لە دەوروبەری شاریان دەکرد کە بۆ ژیانی خۆیان لەبەر چاویان گرتبوو. بەمجۆرە بەشێک لە جیازەکەی ژوولی بۆ کڕینی ئەم خانووە جوانە خەرج کرابوو. ناپلیۆنیش بۆ ئاگادارکردنی دایکی ماڵی ئێمەی بەجێ‌هێشت‌و ئەمنیش دەسبەجێ چوومەوەو ژوورەکەی خۆم بۆئەوەی درێژە بە یادداشتەکانم بدەم.

ئەو شلبوونەوە خۆشە لە لەشم چووبووە دەرو تەنیا ماندوویی‌و ڕەنگە کەمێکیش ناساغی جێی گرتبۆوە. لەوەودوا ئیدی ئەمن لەو ژوورە سپی‌یەدا بەتەنیا دەمامەوەو نەکهەر نەمدەتوانی جاروبار دەستێک لە قوتووی کەلوپەلی جوانکاری‌یەکەی ژوولی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوەشـێنم، بـەڵکوو لـە خوێندنـەوەی بـەدزیی ڕۆمانەکانیشـی بێبـەش دەبـووم. بـەڵام ئەمدەویست خەفەتبار بمو پێم وابوو دەبێ بیر لە مەسەلەیەکی شادیهێن بکەمەوە. دەبوو بزانم ڕۆژی لەدایکبوونی ناپلیۆن چڕۆژێکە. پێموایە پاشەکەوتەکانم بەشی کڕینی دەستێک جلی ڕەسمیی دەکرد، بەڵام ئەو جلوبەرگە کە تایبەتی ژەنراڵێکە لەکوێ دەتوانم بکڕم؟

٤

## مارسەی، لە نێوەندی هاویندا

ناپلیۆن گیراوەو ئەمن لە شەوی ڕابردووەوە دەگەڵ مۆتەیەکی ترسێنەر دەستەویەخەم. جگەلـەمن تـەواوی خـەڵکی شـار وەک شـێتان سـەرگەرمی هەڵپـەڕینو دەستڕاوەشـاندنن. دەستەدەستەی زۆری خەڵک لەپێش باڵەخانەی ئەنجومـەنی شـار هەڵدەپـەڕنو دەستەکان یـەک لـەدوای یـەک بـەڕێژە دەڕۆنو شـارەدار خـەریکی وەڕێخسـتنی جێژنێکـی گشـتییە، یەکەمین جێژنی گشتیی دووساڵی دوایی. چەند ڕۆژ لەمەوبەر ڕۆبسپێرو برایەکەی لەلایەن نوێنـەرانی گەلـەوە لـە هـەموو مـافێکی شارسـتانی بێبـەش کـرانو پارێزراوییـان لێوەرگیرایەوەو ڕۆژێک دواتر درانە بەر گیووتینو ئێستا هەموو ئەو کەسانەی بـەجۆرێک پێوەندییان پێیـەوە هـەبووە لـەژێر مەترسیی ڕاونـانو گـرتنـدان. لـەو نێـوەدا ژۆزێفـیش ئـەوکارەی لەدەسـت چـوو کـە لـەڕێگای دۆسـتایەتیی نـاپلیۆن دەگـەڵ بـرا گەنجەکـەی ڕۆبسپێرەوە دەستی کـەوتبوو، تائێسـتا پتـر لـە نـەوەد کـەس لـە ژاکووبییـەکان ئیعدام کراون. ئەتین بە ڕەنجاوی لەو خەبەرە دەڵێ هەرگیز لە گونـاحی من خـۆش نـابێ کـە پێـی برایانی بوناپارتم بۆ ماڵێ کردۆتەوەو دایکیشم پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەمنو ژوولـی لەو جێژنە گەورەیەدا کە شارەوانی ئامـادەی کـردوە بەشدار بـین. هەرچەنـد ئـەم جێژنـە یەکەمین جێژنی گەورەیە کە دەتوانم تێیدا بەشدار بم بەڵام هیچ حەزم لەو کارە نیە. ئەمن لەحاڵێکدا نازانم ئەوان چییان لە ناپلیۆن کردوە تەنانەت لێویشم بە پێکەنین ناکرێتەوە هەتا ئەوەی بچمە جێژنو هەڵپەڕین.

هـەتا ئـەو چەنـد ڕۆژەی ڕابـردوو ئـەمنو ژوولـی شـادو بـەدەماخ بـووین. ژوولـی بـە تامەزرۆیی تەواوەوە سەرگەرمی ئامادەکردنی جلکی بووکێنیی خۆی بوو و پتر لە سـەدجار پیتیBی لەسەر بەرگە باڵنجو پارچەی سەرمێزو خاولیو دەسرۆکەکان گوڵدۆزی کردبوو چونکە کاتێکی زۆری بۆ زەماوەندەکەی نەمابوو و تەنیا شەش حەوتووی دیکە دەبوو ئـەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێوڕەسمە بەڕێوە بچێ. ژۆزێف دەکرێ بڵێی هەموو شەوێ دەهاتە سەردانمانو زۆر وەختیش دایکیو خوشکو براکانی دیکەی دەگەڵ خۆی دێنا. ناپلیۆنیش هەروەخت گرفتاری سەردانی سەنگەرەکانو ئەرکەکانی دیکە نەبووایە دەکرێ بڵێین هەموو ڕۆژەکەی دەگەڵ ئێمە بەسەر دەبردو هێندێجار ئاجودانەکانی سوتوان ژانوو و سەروان مارموونیش دەگەڵی دەهاتن. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وتووێژی بێبڕانەوەی ئەوان لەبارەی بابەتە سیاسییەکانەوە بەهیچجۆر بەدڵی من نەبوو. هەر لەم وتووێژانەڕا تێگەیشتم کە ڕۆبسپێر دەوری دوو مانگ لەمەوبەر شێوەیەکی تازەی دەنگدانی لەجێی شێوەی پێشوو داناوەو بەپێی ئەم شێوەیە لەمەودوا هەرکام لە ئەندامانی کۆمیتەی ئەمنیەتی گشتی دەتوانن فەرمانی گرتنی هەرکام لە نوێنەران دەربکەن. دەڵێن زۆر لە نوێنەران تاوانبارنو لەڕێگای وەرگرتنی بەرتیلەوە سامانێکی زۆریان کۆ کردۆتەوەو لەونێوەدا نوێنەرانێکی وەک تالینو باراس بە میلیۆنەرە تازەکان ناو دەبرێن. بێجگە لەوە ڕۆبسپێر لە هەنگاوێکی دوور لەچاوەڕوانیدا مارکیز دو فۆنتیی کەپێشتر بەهۆی تالینەوە لە زیندان ئازاد کرابوو و دەگوترا کە پێوەندیی دەگەڵی هەیە، جارێکی دیکە ناردۆتەوە بەندیخانە. دیارە هیچکەس لەهۆی ئەوکارەی ڕۆبسپێر ئاگادار نیەو لەوانەشە تەنیا بۆ ڕەنجاندنی تالین ئەوکارەی کردبێ. زۆرکەسیش لەو بڕوایەدان کە ڕۆبسپێر هێندێ بەڵگەی لەسەر مارکیز دو فۆنتی لەدەستدا هەبوونو تالینو باراسیش لەترسی ئەوەی بەتۆمەتی بەرتیلخۆری بگیرێن بە هاوکاریی کەسێک بەناوی فووشێ ئەوپیلانە نهێنییەیان بەدژی وی ڕێکخستوە.

سەرەتا قبووڵی ئەم دەنگۆیانە بۆ ئێمە زۆر دژوار دیار بوو بەڵام کاتێک یەکەمین ڕۆژنامەی چاپی پاریسمان بەدەست گەیشت لەنەکاو خەبەرەکە وەک بۆمبا لەشاردا تەقیەوەو دۆخەکەی گۆڕی، ئاڵاکان لە پەنجەرەکانەوە هەڵواسرانو دوکانەکان داخرانو خەبەرەکان زاربەزار لەشاردا بەگوێی هەمووان گەیشتن. شارەدار چاوەڕوانی پاریس نەماو دەسبەجێ هەموو بەندییە سیاسییەکانی ئازاد کردو هەموو ئەندامانی وەفاداری کڵووبی ژاکووبییەکانیش بە بێدەنگی گیران. هەر لەوکاتەدا هاوسەری شارەدار سەرگەرمی ئامادەکردنی لیستێک لە هاونیشتمانانی ناوداری مارسەی بوو تا بۆ جێژنی گەورەی گشتی لە ساڵۆنی ئەنجومەنی شار بانگهێشتنیان بکا.

ناپلیۆنو ژۆزێف هاتنە سەردانی ئەتین، هەردووکیان شێواوو پەرێشان دیار بوونو دەگەڵ ئەتین چوونە ساڵۆنەکەو دەرگایان لەسەر خۆیان پێوە دا. زۆر لەو دیدارە نەگوزەرابوو کە دیتمان ئەتین تووڕەیە، بە ڕقهەستاوی ڕووی کردە دایکمو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئاخرەکەی ئەم ئاژاوەگێڕە کۆرسی‌یانە ئێمە دەکێشنە کونجی زیندان.

ناپلیۆن چەندین سەعات بەتەنیا لە کەپرێ دانیشتبوو بەمنی دەگوت پێم وایە دەبێ لەفکری دۆزینەوەی کارێکی دیکەدا بم. پاشان پرسیاری کرد:

–ئەتۆ پێت وایە ئەمانە ئەفسەرێک لە سوپادا دەهێڵنەوە کە کەوتبێتە بەر سەرنجی ڕۆبسپێر؟

ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمجار دیتم ناپلیۆن ئەنفیە بەکار دێنێ. لەوەودوا هەموو ڕۆژێ مارموون‌و ژانوو بەدزیەوە لەماڵی ئێمە سەری ناپلیۆنیان دەداو هیچکام لەوان تەنانەت بەفکریشیان‌دا نەدەهات کە ناپلیۆن بەیەکجاری لە سوپا دەربکرێ. کاتێک ئەمن قسەکانی ئەم دووانەم بۆ ناپلیۆن گێڕانەوە تا بەوجۆرە دڵخۆشیم دابێتەوە، بە بێ‌موبالاتی‌یەوە شانی هەڵتەکاندن‌و گوتی:

–ژانوو گەمژەیە، گەمژە بەڵام ڕاستو بەئەمەگ.

–بەڵام ئەتۆ هەمیشە ئەوت بە باشترین دۆستی خۆت دادەنا؟

–دیارە ئووژنی، بەئەمەگ تاسنووری مردن. بەڵام بێ زەینێکی بیرمەند، ساویلکەو گەمژە.

–ئەدی مارموون چۆنە؟

–مارموون دەگەڵ وی جیاوازە، ئەو بەمن وەفادارە چونکە دڵنیایە نەخشەکانم بۆ شەڕ لەگەڵ ئیتالیا سەر دەکەون. ئەو دەزانێ کە سەرکەوتنی ئەم نەخشەیە مسۆگەرو بێ‌ئەملاولایە.

بەڵام گەڕانی گەردوون پێچەوانەی ئەوە بوو کە ئێمە چاوەڕوان بووین. شەوی ڕابردوو ناپلیۆن لەگەڵ ئێمە خەریکی شێوخواردن بوو کە لەنەکاو دەنگی هەنگاوی سەربازانمان بەرگوێ کەوت. ناپلیۆن لەجێی خۆی هەستاو چووە بەر پەنجەرە، چونکە ئەو ناتوانێ ببینێ چوار سەرباز پێکەوە دەڕۆن‌و ئەو لەناوی یەکەکەیان، ناوی فەرماندەرەکەیان‌و ئەوە کە لەکوێوە دەچنە کوێ، ئاگادار نەبێ. سەربازەکان لەپێش ماڵی ئێمە ڕاوەستان‌و دەنگی پێیان تەواو بوو. دوایە گوێمان لە دەنگی پێیان بوو کە بەسەر خیزڕێژی باغی‌دا دەڕۆیشتن‌و سەرەنجام بەتوندی لە دەرگا درا. ئێمە هەموومان وەک پەیکەری بێ‌گیان ڕەق ڕامابووین. ناپلیۆن چاوی لە پەنجەرە وەرگێڕاو دە دەرگاوە ڕاما. لەنەکاو دەرگا کرایەوەو ماری دەگەڵ سەربازێک هاتە ژوورێ. ماری هەرئەوەندەی توانی بڵێ

–خاتوو کلاری...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەربازەکە قسەکەی پێبڕیو پرسی:

-داخوا ژەنراڵ ناپلیۆن بوناپارت لێرەیە؟

دەتگوت ئەو سەربازە پێشتر چەندجاری ئەو ناوە دووپاتە کردۆتەوە تا بتوانێ بەجوانی دەریبڕێ. ناپلیۆن بە وردەهەنگاو لە پەنجەرە دوور کەوتەوەو چووە لای. سەرباز پاژنەکانی لێکدانو سڵاوی سەربازیی کردو گوتی:

-ئەمرم پێیە حوکمی گرتنی هاونیشتمان ژەنراڵ بوناپارت ڕابگەیەنم.

پاشان سەرباز کوتە کاغەزێکی بۆلای ناپلیۆن ڕاداشتو ئەویش کاغەزەکەی وەرگرتو لە دەموچاویی نزیک کردەوە. لەم کاتەدا ئەمن لەجێی خۆم هەستامو گوتم:

-دەچم چرایەک دێنم.

-سوپاست دەکەم خۆشەویستم پێویست نیە، بەچاکی دەتوانم حوکمەکە بخوێنمەوە.

ئەو پاشان دەستی هێنایە خوارو سەیری سەرتاپای سەربازەکەی کردو چووە لایو لەحاڵێکدا پتەی لە دوگمەی سەرەوەی یەخەکەی دەدا گوتی:

-تەنانەت لە شەوانی گەرمی هاوینیشدا دوگمەی جلکی گرۆبانێکی سوپای کۆماری دەبێ داخرابێ هەروەک بڕیارەکان حوکم دەکەن گرۆبان!

کاتێک گرۆبانی سەرلێشێواو خەریکی داخستنی دوگمەکەی بوو ناپلیۆن ئاوڕی دایەوە سەر ماریو گوتی:

-ماری! شمشێرەکەی من لە سالۆنەکەیە، بێزەحمەت بیدە بە گرۆبان.

دوایە گەڕایەوە سەر دایکمو لەحاڵێکدا بەنیشانەی ڕێزدانان سەری بۆ دادەنواند گوتی:

-لەوەی تووشی زەحمەتم کردن داوای لێبووردن دەکەم هاونیشتمان کلاری!

دەنگی مامزەی چەکمەکانی ناپلیۆن هاتە بەر گوێو گرۆبانیش بەدوایدا لە ژوورەکە وەدەر کەوت. ئێمە هەموو لەجێی خۆمان مابووینەوە. دووبارە دەنگی پێیان لەنێو باغی بیستراو پاشان دەنگی هەنگاوی ڕێکوپێکی سەربازان لەکۆڵانێوە هاتە بەر گوێو دوورو دوورتر کەوتەوە. سەرەنجام ئەوە ئەتین بوو کە بێدەنگیی شکاند:

-باشترە نانەکەمان تەواو بکەین چونکە هیچ کۆمەگێکمان لەدەست نایە.

خەریکی تەواوکردنی خواردنەکەمان بووین کە دووبارە گوتی:

-هەوەڵڕۆژێ پێمنەگوتن؟ ئاژاوەگێڕێک کە هەوڵ دەدا لەژێر سێبەری شۆڕشدا بە جێگەوپێگەیەک بگا.

تاوێک دواترو کاتێک ویستمان دێسێر بخۆین جارێکی دیکە ئەتین گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ژوولی! زۆر لەوە پەژیوانم کە بەدەزگیرانەتیی تۆو ژۆزێف ڕازی بووم.

پاش نانخواردن دەسبەجێ بە دەرگای پشتەوەدا لـەماڵ هاتمـە دەر. هەرچەنـد تائێستا دایکم چەند جاری خاتوو بوناپارتو بنەماڵەکەی بانگهێشتن کردبوو بـەڵام خـاتوو لیزیا بوناپارت هیچوەخت نەیویستبوو لەبەرامبەردا ئێمە بۆ ماڵێ خۆی بانگهێشتن بکا، دیـارە ئەمن دەمتوانی هۆی ئەم ڕەفتارەی وی بزانم. چونکە بنەماڵـەی بوناپـارت لـە یـەکێک لـە هەژارنشینترین گەڕەکەکانی شارو لە شوێنێکی پشتەوەی بـازاڕی ماسیفرۆشـان دەژیـانو بێگومان خاتوو بوناپارت شەرمی دەکرد لـە مـاڵێکی وادا میوانـداری لـە ئێمـە بکـا. بـەڵام ئێستا ئەمن بەناچاری دەبوو بچمە وێندەرێ هەتا خەبەری ڕووداوەکە بدەمە ئەوو ژۆزێفو بزانم بۆ یارمەتیدانی ناپلیۆن چیمـان پێدەکـرێ. هـیچ کاتێـک ئـەو ڕێگـا پڕقۆرتوپێچـەو کۆڵانە تەنگو تاریکەکانی پشتەوەی بازاڕی ماسیفرۆشـانم لـەبیر نـاچێ. چونکـە هەسـتم دەکـرد نـابێ تەنانـەت دەقیقەیـەکیش بـەفیڕۆ بـدەم، لـەپێشدا بەپەلـە غـارم دەداو هـەتا گەیشتمە مەیدانی پێش باڵەخانەی ئەنجومەنی شـار سـاتێکیش بیـرم لـەوە نـەکردەوە کـە خێراییم کەم بکەمەوە. لەوێ کەمێک هەنگاوەکانم شل کردەوە. لەشم شەڵاڵی ئـارەق بـوو. قژەکانم بە نێوچاوانمو ڕومەتە ئارەقاوییەکانمەوە چەسپابوونو دڵـم بـەجۆرێکی لـێدەدا کە دەنگی دەسەرم دەگەڕا. خەڵک لە مەیدانێ سەرگەرمی هەڵپەڕین بـوون. پیـاوێکی لـەڕی داڵەگۆشت دەستی بەباسکم گرتو ئـەمن بەتونـدی پـاڵم پێـوە نـاو بێئـەوەی گـوێ بدەمـە پێکەنینە بێزهەستێنەکەی دەستم کردەوە بەغاردانو چەندین جاری دیکەش ئەو بوونـەوەرە قێزەونانە لەسەر ڕێگام شین بوونەوە.

لەنەکاو گوێم لە پێکەنینێکی کچانە بوو کە دەیگوت:

–هۆپ... ئەمن هەرگیز... ئای ئەم کچە چووکەڵە کلاریی جحێڵە...

ئەمە دەنگی ئەلیزا بوناپارت گەورەترین خوشکی ناپلیۆن بوو کە تەمەنی لە حەڤدەساڵ زیاتر بوو. بەڵام ئـەو شـەوە بـەو خۆجوانکردنـەو بـەو جلانـەوە کـە دەبـەریدا بـوون زۆر گـەورەتر لـە تەمـەنی ڕاسـتەقینەی خـۆی دیـار بـوو. ئـەو کـە لەپـەنا پیـاوێکی جحێـڵ ڕاوەستابوو بە وشەگەلێکی پچڕپچڕ داوای لەمن دەکرد تاوێـک ڕاوەسـتمو لـە شـادییەکەی واندا بەشدار بم، بەڵام ئەمن بێئەوەی گوێی بدەمێ بـەڕێی خـۆمدا ڕۆیشـتمو لـە کـۆڵانێکی باریکدا کە دەچووە بازاڕی ماسیفرۆشان لەچاوان ون بـوومو لـە قـووڵایی تاریکاییـیـەکی تێکەڵ بە ئاوازی قسەی سووک، پێکـەنینی شـێتانەو هـاواری بەدمەسـتانەدا کـە لـەدەرکو دیوارەوە بەسەرمدا دەبـارین نـوقم بـووم. لـەتاریکایی کـۆڵاندا دەنگـی ناڵـەی نێرەکتکێـک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگدانەوەی ئەو فەزا ناخۆشەی ناخۆشتر دەکرد. کاتێک گەیشتمە بازاڕی ماسیفرۆشانو چاوم بە شۆقی چەند فانۆس کەوت کە لەبەر دەرگای دوکانەکان هەڵواسرابوون هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا. بۆ تاوێک لەوەی هێندە تووشی ترسو تۆقان ببووم بەخۆمدا شکامەوە. هەروەها لە بەراوردی ئەو شوێنە دەگەڵ خانووی سپیو ڕازاوەی خۆمان بەو هەموو یاسە بنەوشیو سوورەگوڵانەوە. بازاڕم بەجێهێشتو سۆراغی ماڵی بوناپارتەکانم لە پیاوێکی ڕێبوار پرسی. کۆڵانێکی تەنگو تاریکی پێ نیشاندام کە کەوتبووە پشتەوەترو گوتی:

–سێیەمین ماڵ لە لای چەپ.

یەکەمجار ژۆزێف بەمنی گوتبوو کە ماڵەکەیان لە ژێرزەمینێکدایەو ئەمن بەدیتنی ریزەپلیکانێکی باریک پێیاندا چوومە خوارو پاش کردنەوەی دەرگایەک خۆم لە ئاشپەزخانەی خاتوو بوناپارتدا دیتەوە. ژوورێکی گەورە کە چونکە شۆقی ئەو تەنیا مۆمەی لە فنجانێکی شکاودا دانرابوو، بەشی نەدەکرد، نەمدەتوانی بەچاکی بیبینم. بۆنێکی ناخۆش فەزایەکەی پڕ کردبوو، کاتێک چاوم بە ڕووناکایی ژوورەکە ڕاهات ژۆزیفم دی کە بەکراسێکی گنجو بێکڕاواتەوە لەپەنا مێزێک دانیشتوەو لەبەر شۆقی مۆمەکە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیە. لووسینی نۆزدەساڵەش لە بەرامبەری دانیشتبوو، داهاتبۆوە سەر مێزەکەو خەریکی نووسین بوو. لەسەر مێزەکەو لەنێوان ئەو دووانەدا چەند دەوری دەبینران کە پاشماوەی خواردنیان تێدابوو. لە سووچێکی تاریکی ئاشپەزخانەش بەڕواڵەت یەکێک خەریکی جلشوتن بوو و ئەمن گوێم لە دەنگی شڵپەشڵپی ئەو دەستانە بوو کە بەهەموو هێزیانەوە خەریکی شوشتن بوون. هەوا گەرمو خنکێنەر بوو و هەستم بە سەرسووڕان دەکرد. لەم وەختەدا دەنگی خاتوو بوناپارتم هاتە بەرگوێ کە بە فەڕانسەییە شەقوشڕەکەی دەیگوت:

–کەسێک هاتۆتە ئێرە؟

ئەمجا دەنگی شڵپەشڵپەکە ڕاوەستاو دایکی ناپلیۆن هێدیهێدی هاتە نێوەڕاستی ئاشپەزخانەو کەوتە بەر شۆقی مۆمەکەو هەر لەوکاتەشدا دەستەکانیی بە بەروانکەکەی وشک کردنەوە.

–ئەمنم ئووژنی کلاری.

لەنەکاو ژۆزێفو لووسین یەکدەنگ هاواریان کرد:

–بۆخاتری خوای زووتر پێمان بڵێ چقەوماوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەوان ناپلیۆنیان گرت.

بۆ تاوێک بێدەنگی‌یەکی مەرگبار باڵی بەسەر وێدا کێشاو ئەمجار خاتوو بوناپارت بە ناڵاندنەوە گوتی:

–یا مریەمی پیرۆز، یا دایکی مەسیح!

ژۆزێف بە داماوی‌و بە ڕاوێژێکی وەک گریانەوە گوتی:

- ئەمن ڕووداوێکی وام پێش‌بینی دەکرد.

ئەوان منیان لەسەر مۆبلێکی پێچک‌شکاو دانیشاندو داوایان لێ‌کردم هەموو بەسەرهاتەکەیان بۆ بگێڕمەوە. لەم ساتەدا لوویی برای شازدەساڵەو زۆر قەڵەویشیان لە ژوورەکەی تەنیشتی‌ڕا هاتو بێ‌جووڵەو ئارام لە سووچێک ڕاوەستا. ئەمن خەریکی قسەکردن بووم کە لەنەکاو دەنگێکی وەک قیژاندن قسەکەمی پێ‌بڕیمو دەرگاکە بەتوندی کرایەوەو ژێڕۆمی چکۆڵە برای دەساڵەی ناپلیۆن غاری دایە ئاشپەزخانەو بەدوای ویشدا کارۆلینی دوازدەساڵە لەحاڵێک‌دا جنێوی پیسی پێ‌دەدان هاتە ژووری‌و کارۆلین بۆ ئەستاندنی شتێک کە ژێڕۆم دەیەویست بیخاتە دەمیەوە دەستی دەیەخەی نابوو. خاتوو بوناپارت زللەیەکی لە بنانگوێی ژێڕۆم داو بەزمانی ئیتالیایی دەستی بە سەرکۆنەی کارۆلین کردو ئەوەی ژێڕۆم دەیەویست قووتی دا لە دەستی دەرهێناو کاتێک زانی تەنیا کوتێک نان‌شیرنیی بادامدارە لەتی کردو هەریەکەی لەتێکی دانێ‌و هاواری کرد:

–بێدەنگ بن میوانمان هەیە.

کاتێک کارۆلین چاوی بەمن کەوت لەحاڵێک‌دا دەچوو لەپەنا مێزەکەو لەسەر کۆشی لووسین دانیشێ گوتی:

–ئەڵڵا... ئەڵڵا یەکێک لە کلاری‌یە دەوڵەمەندەکان!

بۆ ساتێک بیرم کردەوە کە چەند بنەماڵەیەکی ترسناکن، بەڵام دەسبەجێ لەو بیرکردنەوەیەم خەجاڵەت بوومەوە چونکە ناکرێ گوناحی هەژاری‌و زۆریی ئەندامانی بنەماڵە بخەیە ئەستۆی یەک‌یەکی ئەوانو ئەوەش کە لەبەر دەستتەنگی جگە لە ئاشپەزخانە ژوورێکی دانیشتنیان نەبوو بە گوناحێکی نەبەخشراو دانەدەنرا. ژۆزێف جارێکی دیکە پرسیاری لەمن کرد:

–چ‌کەسێک ناپلیۆنی گرت، داخوا دڵنیای کە سەرباز بوونو پۆلیس نەبوون؟

–دڵنیام کە سەرباز بوون.

–کەوایە ئەویان زیندانی نەکردوەو ئەمە جۆرێک گرتنی سەربازی‌یە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاتوو بوناپارت به ناڵینەوه پرسی:

-چما فەرقێکیش دەکا؟

-زۆر جیاوازه. بەپێی ڕێوشوێنه سەربازی‌یەکان هیچوەخت ژەنڕاڵێک بێدادگایی‌کردن ئیعدام ناکەن‌و ئەوی له دادگایەکی سەربازی‌دا دادگایی دەکەن.

خاتوو بوناپارت یەکێک له چوارپێچکەکانی ئاشپەزخانەی هێنایه پێشەوەو له تەنیشت من دانیشتو لەحاڵێکدا بەوپەڕی ناهومێدی‌یەوه دەسته تەڕەکانیی که هێشتا بەهۆی جلشوتنەوه ساردو تەڕ بوون، لەسەر دەستی من دادەنان پرسی:

-خانم ئەتۆ نازانی ئەم ڕووداوه بۆ ئێمه چەند سامناکه. لەنێو ئێمەدا ناپلیۆن تەنیا کەسه که داهاتێکی بەردەوامو ڕێک‌وپێکی هەیەو بۆخۆشی بێ‌ئەندازه دەست به خەرجی‌یەوه دەگرێ‌و پتر له توانای خۆی کار دەکاو زیاتر له نیوەی مووچەکەی دەدا بەمن بۆئەوەی گوزەرانی منداڵەکان دابین بکەم. حەیف که وای لێ‌هاتو مخابن که تووشی ئەو ڕووداوه بوو.

لەوکاتەدا دەنگی لوویی قەڵەویچکه هاته بەرگوێ که سەرکەوتووانه دەیگوت:

-چاک بوو. ئێستا که گرتوویانه ئیدی ناتوانێ بەزۆر من بەرێته نێو سوپا.

لووسین که بەقسەی برا نۆجوانەکەی قەڵس ببوو هاواری کرد:

-دەمت داخه لوویی.

لوویی هەرچەند شازدەساڵ له تەمەنی ڕابردوه لەعومری خۆی‌دا ڕۆژێک چیه کاری نەکردوەو ڕەنگه مەبەستی ناپلیۆنیش له پێداگرتن لەسەر ئەوەی ئەو بچێته نێو سوپا هەر ئەوه بێ که نانخۆرێک لەکۆڵ دایکی بکاتەوه. هەرچەند باوەڕ ناکەم ئەم نۆجوانه تەمبەڵو لەشپەروەره تەنانەت ڕێژەی سەربازییشی پێ‌بدرێ. بەڵام وا دیاره ناپلیۆن ویستوویەتی بێ‌باته بەشی سوارەنیزام. لەم کاتەدا دەنگی خاتوو بوناپارت جارێکی دیکه هەودای بیرەکانمی پساند:

-ئەتۆ نازانی هۆی گیرانەکەی چی بوو؟

ژۆزێف لەحاڵێکدا لەبەر نارەحەتی گۆشەی لێوەکانی دەلەرزی لەبن لێوانەوه لەجیاتی من وەڵامی دایەوه:

-بێ‌گومان ئاشنایەتی دەگەڵ ڕۆبسپێر هۆی ئەم ڕووداوه بووه. بەدبەختی‌یەکەی لەوەدا بوو که نەخشه شێتانەکانی تەسلیمی وەزیری بەرگری کردن‌و شێتی‌یەکەشی ئەوه بوو که ئەوانی به ڕێگای ڕۆبسپێردا دان بەو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاتوو بوناپارت لەبن لێوانەوە گوتی:

–سیاسەت. ئەی نەفرەت لەو سیاسەتە لەعنەتییە. خانم قەولت پێدەدەم کە ئەم سیاسەتە لەعنەتییە بۆتە هۆی چارەڕەشیی بنەماڵەی من. خوا لێیخۆش بێ باوکی منداڵەکانم گیانی خۆی لەسەر سیاسەت داناو نەکهەر لە پێوەندی دەگەڵ ئەوانەدا کە وەکیلایەتیی دەکردن ناسەرکەوتوو بوو، بەڵکوو بۆئێمەش جگەلە کۆڵێک قەرز هیچی بەجێ نەهێشت. ئێستاش دەزانی کوڕەکانم لە بەیانی تا ئێوارێ ویردی زمانیان چیە؟ دەبێ لەفکری پێوەندییەکی کاریگەردا بین، دەبێ لە ڕۆبسپێر نزیک بینو دۆستایەتیی دەگەڵ بکەین، ئەگەر بتوانین دەگەڵ باراس ئاشنا بین زۆر باش دەبێو...هەرئەمانە ئێمەیان تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە کردو کارەکەشی کێشایە زیندان. بەڵێ خانم، زیندان!

ئەمن لەحاڵێکدا سەرم داخستبوو، بەنەرمی گوتم:

–بەڵام خانم! لەبیرتان نەچێ کە کوڕەکەتان ناپلیۆن بلیمەتە.

–بەڵێ بۆ بەدبەختی قسەی تۆیە.

ئەو ژنە بەستەزمانە هەروا دە گڕی لەرزۆکی مۆمەکەوە ڕامابوو. ئەمن سەرم هەڵێناو لەحاڵێکدا چاوم دە ژۆزێفەوە بڕیبوو، گوتم:

–ئێمە دەبێ لەپێشدا بزانین بردوویانەتە کوێو دوایە هەوڵ بدەین کۆمەگی بکەین.

–بەڵام ئێمە خەڵکێکی دەستتەنگینو کەسیش ناناسین بتوانێ یارمەتیمان بدا.

لەحاڵێکدا گوێم دابووە قسەی پڕلەناڵەی خاتوو بوناپارت، نەمدەتوانی چاو لەژۆزێف وەرگێڕم. سەرەنجام لووسین گوتی:

–بێگومان فەرماندەری سەربازیی مارسەی بە شوێنی زیندانیبوونی ناپلیۆن دەزانێ.

هەرچەند ئەندامانی بنەماڵە لووسینیان بە بەچکەشاعیرێکی خەیاڵپەرست دەزانی بەڵام بەپێچەوانەی ئەمانە یەکەمین پێشنیاری ژیرانەم لە دەمی ئەو بیستو بەدوای ئەم قسەیەدا لێمپرسی:

–فەرماندەری سەربازیی مارسەی ناوی چیە؟

–سەرهەنگ لووفابێر. بەڵام ئومێدێکم پێی نیە چونکە ناپلیۆنی خۆش ناوێ. چەند ڕۆژ لەمەوبەر ناپلیۆن پاش سەردانی سەنگەرەکانی مارسەی چونکە بارودۆخەکەی پێباش نەبوو هەرچی بە زاریدا هات بەم سەرهەنگە پیرەی گوت.

بێئەوەی گوێ بدەمە نێوەرۆکی وەڵامی ژۆزێف دەسبەجێ گوتم:

–ئەمن سبەینێ دەچمە سەردانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرسوڕماو لە بیستنی دەنگی خۆمو وەک بڵێی بێبیرکردنەوە قسەیەکم لەدەم دەرپەڕیوە کە بۆخۆشم نامۆو سەرسوڕهێنە درێژەم پێدا:

–خاتوو بوناپارت! بێزەحمەت ئەتۆ جلەکانی بنەوەو شتە پێویستەکانی دەگەڵ هێندێک خواردن لە بەستەیەکدا ڕێکوپێک بکەو سبەینێ بەیانی بۆ منیان بنێرە. ئەمن ئەوان بۆ سەرهەنگ دەبەمو داوای لێدەکەم بیانگەیەنێتە ناپلیۆنو تکای لێدەکەم...

خاتوو بوناپارت کە لەبەر هەژان بێئەوەی بەخۆی بزانێ بە ئیتالیایی قسەی دەکرد هەر بەوزمانە سوپاسی منی کردو هەرلەو دەمەدا دەنگێکی گەورە هاتو ئاو وەنێو ئاشپەزخانە گەڕاو کاڕۆلین لەخۆشییان هاواری کرد:

–دایە، ژێڕۆم دە بەرمیلی ئاوەکە کەوت.

هەر لەووەختەدا کە خاتوو بوناپارت چووکترین کوڕەکەی لە بەرمیلە ئاوەکە هێنابۆوە دەرو دەیەویست تەمبێی بکا، ئەمن هەستامە سەر پێ. ژۆزێفیش چوو چاکەتەکەی هەڵگرێ بۆئەوەی بمگەیەنێتەوە ماڵێو لووسین گوتی:

–ئەتۆ زۆر میهرەبانی کیژۆڵە ئووژنی. ئێمە چاکەی تۆو ئەوەی دەرهەقی ئێمە ئەنجامت داوە قەت لەبیر ناکەین.

ڕاست لەوکاتەدا بوو کە کەوتمەوە یادی قسەکانی خۆمو تێگەیشتم کە دیداری ئەو سەرهەنگە بۆمن چەند ترسناکە.

کاتێک بۆ ماڵئاوایی لە خاتوو بوناپارت، شەوخۆشم لێدەکرد دڵنیای کردم کە سبەینێ بەیانی بەستەکە بە پوولێتدا دەنێرێتە ماڵی ئێمەو دوایە وەک شتێکی تازەی وەبیر هاتبێتەوە گوتی:

–بەڕاست پوولێت لەکوێیە؟ ئەو گوتی دەگەڵ ئەلیزا دەچنە سەردانی دۆستێکو نیوسەعات دواتر دێنەوە. کار گەیوەتە جێگایەک کە کچان دەیانەوێ تا ئەم سەعاتە لە کۆڵانو شەقامان بن.

لەمکاتەدا ڕوخساری ڕەنگکراوی ئەلیزام هاتەوە بیر، دیارە بێگومان ئەو ئێستا دەگەڵ دۆستەکانی سەرگەرمی هەڵپەڕینو خۆشی بوو، بەڵام پوولێت چی؟ ئەو بەزەحمەت دەگەیشتە تەمەنی من!

ئەمنو ژۆزێف بێدەنگو خەفەتبار بە کۆڵانەکانی شاردا وەڕێ کەوتین. ئەوشەوەم وەبیر هاتەوە کە ژۆزێف بۆ یەکەمجار منی گەیاندەوە ماڵێ. پێم وایە هەر چوار مانگو شتێک لەو ڕۆژە گوزەرابوو. ئەوشەوە سەرەتای ئەم بەسەرهاتە بوو و ئەمن، هەرچەند ئەودەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێموا نەبوو، منداڵێک زیاتر نەبووم‌و ئێستا تێدەگەیشتم هەموو مرۆڤێک ئەوکاتە دەگاتە پێگەیشتنی بەڕاستی کە یەکێکی بەدڵو بەگیان خۆش بوێ.

کاتێک هێندەمان نەمابوو بگەینەوە ماڵی خۆمان، ژۆزێف گوتی:

-ئەوان بەئاسانی ناتوانن بیدەنە بەر گیووتین.

زۆر وێدەچوو ئەمە بەرهەمی بیرکردنەوەی ئەو لە تەواوی ڕێگاکەدا بووبێ. دوایە گوتی:

-خەراپترین کار کە دەتوانن دەرهەقی بکەن، بەپێی ڕێوشوێنی سەربازی... لە خەراپترین حاڵەتدا دەتوانن بیدەن گوللەبارانی بکەن.

-ژۆزێف!!؟

شۆقی مانگەشەو لە ڕوخساری ژۆزێفی دەدا، هەستم کرد شێوەی دەموچاوی گۆڕاوەو بە ناباوەڕی گەیشتمە ئەو ئاکامە ڕاتڵەکێنە کە ئەو کەیفی بە ناپلیۆن نایە. بەڵێ ئەو براکەی خۆش نەدەویست‌و ڕەنگە ڕقیشی لێی بووبێ. چونکە ناپلیۆن دەگەڵ ئەوەی گەنجتر بوو توانیبووی کارێک بۆ ئەو بدۆزێتەوە، وا بکا زەماوەند دەگەڵ ژوولی بکاو... ژۆزێف دوای ڕاوەستانێکی کورت لێی زیاد کرد:

-بەڵام...بەڵام ئێمە. ئەمن، ناپلیۆن‌و براو خوشکەکانی دیکەمان هەموو پێکەوە بەستراوین‌و دەبێ لە چاکەوخەراپەی ڕۆژگاردا وەک تاقە یەکپەیکەر لەپەنای یەکتر بین‌و یەکتر بەتەنیا نەهێڵینەوە.

ئیدی گەیشتبووینەوە دەرگای ماڵێ‌و بە "شەوخۆش"ێکی کورت لێک جیا بووینەوە. ئەمن بێئەوەی بێڵم کەس بزانێ چوومەوە ماڵێ. ژوولی چووبووە سەرجێی بەڵام مۆمێک کە لەسەر مێزی خۆجوانکردنەکەی بوو هێشتا داییساو بێگومان ئەو چاوەڕێی من بوو. هەرکە چوومە ژووری هۆدەکەمان پرسی:

-چووبوویە سەردانی بوناپارتەکان، وا نیە ئووژنی؟

-با.

لەحاڵێکدا بەپەلە خەریکی داکەندنی جلەکانم بووم لێم زیاد کرد:

-ئەوان لە ژێرزەمینێکی تەنگو تاریکی وەک کەوێڵدا دەژین‌و خاتوو لیزیا بەو شەوە درەنگە خەریکی شوشتنی جلەکانیان بوو. ژێرۆم ئەو کوڕە شلووقو جاڕزکەرەشیان دە بەرمیلی ئاوەکەیان کەوت. شەوخۆش ژوولی. خەوێکی خۆشت هەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەیانی لەسەر مێزی قاوڵتی ئەتین ڕایگەیاند کە دەبێ زەماوەندی ژوولی وەدوا کەوێ. چونکە هیچ پێیخۆش نیە مێردی خوشکەکەی کەسێک بێ کە براکەی بەهۆی لایەنگری لە ژاکووبیەکانو پێوەندی بەوانەوە کەوتۆتە بەندیخانە. ئەو پێیداگرت کە مەسەلەیەکی وا دەتوانێ ببێتە شەرمی بنەماڵەو ناوبانگی فرۆشگای کلاری خەوشدار بکا. ژوولی بەگریانەوە گوتی:

-زەماوەندی من نابێ دوا بکەوێ.

بەدوای ئەم قسەیەدا چۆوە ژوورەکەیو دەرگای لەسەر خۆی پێوە دا. بەڵام هیچکەس لەوبارەیەوە قسەی دەگەڵ من نەکرد چونکە جگە لەژوولی کەس نەیدەزانی ئەمن دڵم بە ناپلیۆنەوەیە. دیارە لەو بارەیەوە دەبێ ماری دەرباوێم چونکە بێگومان هەموو شتێک بەباشی دەزانێ. دوای تەواوبوونی قاوڵتی ماری هاتە ژووری نانخواردنو ئاماژەی بۆمن کردو ئەمنیش دەسبەجێ بەدوایدا چوومە ئاشپەزخانەو لەوێ پوولێتم دی کە بەستەیەکی بەدەستەوەیەو داوام لێکرد دەسبەجێو پێش ئەوەی کەس پێمان بزانێ لە ماڵێ دەرکەوین. ئەگەر ئەتین زانیبای ئەمن دەمەوێ بە بەستەیەک جلی ژێرەوەو پێویستیەکانی دیکەی ناپلیۆن بوناپارتەوە بچمە سەردانی فەرماندەری سەربازیی مارسەی لە ڕقان شێت دەبوو.

هەرچەند ئەمن تەواوی تەمەنی خۆم لە مارسەی بەسەر بردبوو و پوولێتیش هەرساڵێکو شتێک بوو لەوێ بوو بەڵام ئەو کۆڵانو شەقامەکانو گەڕەکەکانی شار زۆر لەمن شارەزاتر بوو. ئەو بەوردی دەفتەری فەرماندەری سەربازیی مارسەی پێدەزانیو لە تەواوی ئەو ڕێگایەشدا لەحزەیەک زاری لەکالان نەکەوت. هەرچەند هەردووکمان هاوتەمەن بووین بەڵام شێوەی جلدەبەرکردن، بەڕێداڕۆیشتنو هەڵسوکەوتی زۆر گەورەتر لەمن دیار بوو. ئەو بەردەوام لێوەکانیی بەزمان تەڕ دەکردن تا وا بکا پتر بدرەوشێن. لووتی پوولێتیش وەک هی ناپلیۆن ڕاکشاوو قەڵەمی بوو، قژە ئاڵۆزو پڕپێچەکانی بە شکڵی هەزاران ئەڵقەی چووکەڵە بەدەوری سەریدا هەڵواسرابوونو ئەویش ئەوانی بە قردێلەیەکی شین لە پشتەسەری بەستبوون. پوولێت وەک دەڵێن لە هەڵگرتنی مووی بن برۆیدا ئەوەندەی زێدەڕۆیی دەکرد کە پتر لە خەتێکی باریکی لێنەمابۆوەو دوایە بە خەڵووز ئەو خەتەی ڕەشتر کردبوو. هەرچەند ئەو لەبەر چاوی من جوان دیار بوو بەڵام دایکم پەسندی نەدەکردو هیچ پێیخۆش نەبوو ئەمن تێکەڵاویم دەگەڵی هەبێ.

پوولێت جارێکی دیکە بابەتەکەی هێنایە سەر باسی مایکیز دو فۆنتی یان خاتوو تالینی ئێستاو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–نازانی. خەڵکی پاریس شێتو شەیدای وینو پێیدەڵێن خانمی تێرمیدۆر، نوێنەر تالینیش هەر لەگەڵ لەزیندان ئازاد بوو زەماوەندی دەگەڵ کرد.

دوای ئەوە پوولێت کەمێک ڕاوەستاو حەسایەوەو ئەمجار لەحاڵێکدا چاوەکانی لەبەر سەرسوڕمانو تامەزرۆیی بە شێوەیەکی نائاسایی زەق ببوون، دەستی کرد بە باسی چەندوچۆنی جلەکانی مارکیز دو فۆنتیو ئەو کچە گەنجە بە شەوقو زەوقێکەوە باسی جلەکانو شێوەی جلپۆشینی کارکیزی دەکرد دەتگوت باسی پیرۆزترین شتەکانی سەر دنیا دەکا. ئەمن هاتمە سەر ئەوە کە هێندێک زانیاریی دەربارەی زەماوەندی نوێنەر تالینو مارکیز لێوەربگرم بەڵام ئەو بێگوێدانە پرسیاری من ئەمجار دەستی کرد بەتاریفو پێهەڵدانی جوانییەکانی:

–قژەکانی وەک شەوە ڕەشنو چاوەکانیشی هەر وان. ئەو ئێستا لە کۆشکێک دادەنیشێ کە بەکۆشکی لاشومیر بەناوبانگە. ئەم کۆشکە لەپاریس لای هەمووان ناسراوەو دارو دیواری بە پەردەی ئاوریشمین ڕازاونەوە. هەموو دوانیوەڕۆیەک کۆمەڵێکی بێئەژمار لە گەورەگەورانی فەڕانسەو ناودارانی مەیدانی سیاسەت لە ماڵەکەی کۆ دەبنەوەو بیستوومە کە هەرکەس گیروگرفتێکی لە دامودەزگای دەوڵەتی هەبێ ئەو وەک کلیلی چارەسەری گیروگرفتەکانی هەڵدەبژێرێو گرفتەکەی دەگەڵ باس دەکا. ئەمن تەواوی ئەمانەم لە موسافیرێک بیستوون کە دوێنێ لەپاریس هاتبۆوە، بەڵێ، ئەم پیاوە...

ئەمن بە تامەزرۆییو بەهومێدی دیتنەوەی دەلاقەیەکی هیوا ناوی ئەو پیاوەم لێپرسی بەڵام کیژۆڵە جارێکی دیکە لە باسەکە لای داو گوتی:

ئەمن دوێنێ کاتی تێپەڕین لە مەیدانی گەورەی پێش ئەنجومەنی شار تووشی بووم. دیارە هیوادارم ئەوەی دەیڵێم وای دانێی کە نەتبیستوەو دەگەڵ کەسی باس نەکەی، سوێند دەخۆی کە وابێ؟ دەبێ بە هەموو شتە پیرۆزەکان سوێند بخۆی ئووژنی! چونکە ناپلیۆن لەم بارەیەوە زۆر توندم لێدەگرێو دەبێ بڵێم لەو بارانەوە زۆر خەراپ حاڵییە... بەڕاستی پێتوایە ئەتینی برات هێندێک هەریرم دەداتێ کە جلکێکی تازەی لێبدوورم؟ پێم وایە پارچە هەریرێکی ئەرغەوانیی زۆر تەنک بۆ جلکە نوێیەکەم شتێکی زۆرباش دەبێ...

لەم کاتەدا قسەکەی پچڕیو لەحاڵێکدا بە قامک ئاماژەی بۆ باڵەخانەیەک دەکرد گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–چاوت لەوێیە؟ ڕاست ئەوێیە. ئەویّ دەفتەری فەرماندەری سەربازییە. پێتخۆشە ئەمنیش لەگەڵت بێم؟

سەرم بە نیشانەی دژایەتی ڕاوەشاندو گوتم:

–پێم وایە بەتەنیا بم باشترە. ئەتۆش هەرلێرە چاوەڕێم بەو دوعای سەرکەوتنم بۆ بکە.

ئەو لەبن لێوانەوە شتێکی گوتو لەحاڵێکدا قامکی کردبوو بەخاچ گوتی:

–ئەمن لە دەرگای خوا دەپاڕێمەوە. چونکە دوعاکردن کارێکی ئاسانەو هیچی تیّناچیّ.

لەکاتێکدا بەستەکەم لە بنهەنگڵم نابوو، بە هەنگاوی درێژو سەرێکی بەرزەوە چووم بۆ باڵەخانەی فەرماندەریو لەحاڵێکدا دەتگوت بەدەنگی خۆم لە خەو ڕادەپەڕم، بەدەنگی خۆم کە ڕووم کردبووە نیگابانەکە وەخۆ هاتمەوە کە بە دەنگێکی دلێرو قایم داوام لە نیگابانەکە دەکرد ڕێنوێنیم بکا بۆلای سەرهەنگ لافابێر. چوومە ژوورێکی سادەو بیّرازاندنەوەو بەدیتنی مێزێکی گەورە کە سەرهەنگی فەرماندەر لە پشتی دانیشتبوو دڵم بەجۆرێک دەستی بە لێدان کرد کە هەستم کرد هێزی قسەکردنم نیە. سەرهەنگ دەموچاوێکی چوارگۆشەو سووری هەبوو کە ڕیشێکی خۆڵەمێشی دایپۆشیبوو، سەریشی بە کڵاوێکی چەرمی قەدیمی داپۆشرابوو. بەستەکەم لەسەر مێزەکە داناو بە نائومێدیو سەرلیّشێواوی تفم قووتدایەوە بەڵکوو بێمەوە سەرەخۆو قسەیەک بکەم. بەڵام لەجیاتی من سەرهەنگی فەرماندەر وەپێش کەوتو پرسی:

–هاونیشتمان! ئەم بەستەیە چیەو ئەتۆ کێی؟

–هاونیشتمان سەرهەنگ لافابێر، ئەم بەستەیە جلکی بنەوەی تێدایەو ئەمنیش ناوم کلارییە.

بۆ تاوێک هەستم کرد کە سەرهەنگ بە چاوە شینە بیّوازەکانی لە سەرتاپام ورد بۆتەوەو سەرەنجام پرسی:

–ئەتۆ یەکێک لە کچەکانی خوالێخۆشبوو فڕانسوا کلاریی بازرگانی ئاوریشمی؟

–بەڵێ.

–ئەمن باوکی تۆم دەناسیو جارجار سەعاتێک وەختی خۆمان بۆ سەرگەرمی پێکەوە دەگوزەراند. ئێستا هاونیشتمان کلاری ئەتۆ دەتەویّ ئەمن چلەم بەستەیە بکەم؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەم بەستەیە هی ژەنڕاڵ ناپلیۆن بوناپارتە کە ئەم دواییی‌یانە گیراوەو ئێمەش نازانین لەکوێیە. بەڵام ئەتۆی سەرهەنگ مسۆگەر دەزانی لەکوێیەو ئەم بەستەیەش وەک گوتم جگە لە جلکو نەختێک کێک هیچی تێدا نیە.

–دەتوانم بپرسم کچی فڕانسوا کلاری چ‌پێوەندی‌یەکی بە بوناپارت ژاکووبی‌یەوە هەیە؟

–برایەکەی دەزگیرانی ژوولیی خوشکمە.

لەحاڵێکدا هەستم دەکرد ڕوخسارم داگیراوەو سوور هەڵگەڕاوە هەرلەو حاڵەدا لە وەڵامەکەم ڕازی بوومو پێم وابوو کارێکی گەورەم کردوە.

–ئەدی بۆچی ژۆزێفی برای یان ژوولیی خوشکت نەهاتوونە لای من؟

دووبارە قورسایی ڕوانینەکەیم کە بە چاوە بێ‌وازەکانی تێمەوە ڕامابوو، هەست پێ‌دەکردو وام دەزانی ئەو لە هەموو شتێک ئاگادارە. سەرەنجام زۆر بەزەحمەت وەڵامم دایەوە:

–ژۆزێفیش وەک زۆر لەخزمانی گیراوەکان دەترسیو ژوولییش گرفتاریی خۆی هەیەو شەوو ڕۆژ چونکە ئەتینی برام دژی زەماوەندی ئەوو ژۆزیفە، ئەسرین دەرێژێو هەمووومان بەجۆرێک دەگەڵ ئەو گیروگرفتە دەستەویەخەین چونکە... بەڵێ هاونیشتمان سەرهەنگ چونکی جەنابت ژەنڕاڵت گرتوەو ئەم گیروگرفتەت بۆ ئێمە دروست کردوە...

–دانیشە.

ئەم تاقە وشەیە هەموو وەڵامی وی بە قسەکانم بوو، ئەمنیش لەسەر لێواری مۆبلێک کە لەنزیک مێزەکە بوو دانیشتم. سەرهەنگ ئەنفیەدانێکی چووکەڵەی لەگیرفانی دەرهێناو لە پەنجەرەوە ڕوانیە دەرێ. بۆ دەمەساتێک وام بەبیردا هات کە بەتەواوی لەبیری چووە ئەمن لەوێم، بەڵام لەنەکاو بەتەواوی ئاوڕی دایەوە سەر منو لەحاڵێکدا ڕاستەوڕاست تەماشای چاوانمی دەکرد، گوتی:

–باش گوێ بگرە هاونیشتمان، ئەتینی برات هەقیەتی. بوناپارتێک ناتوانێ ببێتە بەشێک لە بنەماڵەی کلاری. باوکی خوالێخۆشبووت پیاوێکی زۆر شەریفو جێگای ڕێز بوو، بۆیە گوتم پینەیەکی نەگونجاوە. تێ‌دەگەی؟ ئەمن ئەو ژۆزێف بوناپارتەی باسی دەکەی ناناسمو پێم وانیە سەرباز بێ، ڕاستە؟ بەڵام لەبارەی برایەکەی دیکە، واتە ئەو ناپلیۆن بوناپارتەوە...

لەکاتێکدا سەرم بەجۆرێکی تایبەت ڕادەوەشاند قسەکەیم پێ‌بڕیو بە ڕاوەستان لەسەر وشەی ژەنڕاڵ، گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ژەنڕاڵ ناپلیۆن بوناپارت.

-زۆر باشە. بەقەولی تۆ ژەنڕاڵ. فەرمانی گیرانی ئەم ژەنڕاڵە ئەمن نەمداوەو ئەمن تەنیا فەرمانێکم جێبەجێ کردوە کە لە وەزارەتی بەرگریو لە پاریسەوە بەدەستم گەیشتوە. ئەو دەگەڵ ژاکووبییەکانەو ئەوەندەی ئەمن بزانم هەموو ئەفسەرانی وەک ئەو کە لە سوپادان گیراون.

-ئەدی... چچارەنووسێک چاوەڕوانیەتی؟

-هێشتا لەوبارەیەوە فەرمانێکم وەرنەگرتوە.

ڕەفتاری سەرهەنگ جۆرێک بوو کە تێگەیشتم دەبێ چیزوویە ئەوێ بەجێ بێڵم. بۆیە هەستاو لەحاڵێکدا ئاماژەم بە بەستەی سەر مێزەکە دەکرد، گوتم:

-ئەم جلانەو کێکەکە چی؟ جەنابت دەتوانی بیانگەیەنیە دەستی؟

-ئەمە چقسەیەکە؟ زۆر لەمێژە ئەویان لە مارسەی لابردوەو لێرە نیە، ئەویان بردۆتە قەڵای کاری لە ئانتیب.

بێ گومان توانای ئەم زەبرەو ئەم کارەساتەم نەبوو. ئەویان لێرە دوور خستبۆوەو ئەمن بە هیچجۆر نەمدەتوانی دەستم ویێڕا بگا. بە شێواویەوە گوتم:

-بەڵام ئەو پێویستیی بەمانەو بە حەمامکردن هەیە. ئەدی دەبێ چ...

لەنەکاو دەموچاوە سوورەکەی سەرهەنگ شین هەڵگەڕاو ئەمن هەرچی هەوڵم دەدا فرمێسکەکانم بسڕم گریان بواری نەدەدام. هەر لەوحاڵەدا جارێکی دیکە گوتم:

-هاونیشتمان سەرهەنگ! جەنابت ناتوانی ئەم بەستەیەی بۆ بنێری؟

-ڕۆڵەی شیرنم، ئەتۆ پێتوایە ئەمن هیچ کاری دیکەم نین بیانکەم هەتا وەختی خۆم لە ناردنی جلکی بنەوەی لاوێکی سەرکێش خەسار بکەم کە بەنەزانی خۆی ناو ناوە ژەنڕاڵ؟

گریانی من تەواو نەدەبوو، سەرهەنگ جارێکی دیکە پەنای بۆ ئەنفیەدانەکە بردو دیار بوو کە ئەم وەزعەی پێخۆش نیە. سەرەنجام گوتی:

-بەسە، ئەو گریانە ببڕەوە.

سەرهەنگ لەپشت مێزەکە هاتە دەرێو لەملای مێزەکەو لەپەنای من ڕاوەستاو دووپاتەی کردەوە:

-گوتم ئیدی مەگری!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهەر جۆرێک بوو چاوەکانم وشک کردنەوەو چاوم تێیەوە بڕی. لە نزیک من ڕاوەستابوو، لەچاوانیدا حاڵەتی گومان دیاریی دابوو، سەرەنجام بە سەرنجدان بەگریانی دووبارەی من گوتی:

-حەوسەلەی گریانم نیە کچێ! لێیوەبڕە!... زۆرباشە بۆئەوەی بەخۆشحاڵی لێرە بڕۆی بەڵێن دەدەم ئەم بەستەیە بە سەربازێکدا بنێرمە قەڵای کاریو تکا لە فەرماندەری قەڵا بکەم بیدا بە بوناپارتی تۆ. ئێستێ ڕازی بووی کچم؟

دەمەویست پێبکەنم بەڵام فرمێسک بواریان نەدەدا. لەنەکاو خۆم لەپەنا دەرگا دیتەوەو بیرم کەوتەوە کە خەریکم بێماڵئاوایی‌و سوپاس ئەوێ بەجێ بێڵم. گەڕامەوە. سەرهەنگ لەپەنا مێزەکەی ڕاوەستابوو و بە نێوچاوانێکی گرژەوە دە بەستەکەوە ڕامابوو.

-هاونیشتمان سەرهەنگ. سوپاست دەکەم.

سەرهەنگ چاوی لەسەر بەستەکە هەڵگرت، دەنگی ساف کردو گوتی:

-باش گوێ بگرە هاونیشتمان کلاری، بەشێوەیەکی خۆمانە دووشتت پێدەڵێم. یەکەم دڵنیا بە مەترسییەک هەڕەشە لە گیانی ئەم ژەنراڵەی تۆ ناکاو دووەمیش، بوناپارتێک بۆ کچێ فڕانسوا کلاری پینەیەکی نەگونجاوە. ماڵئاوا هاونیشتمان.

پوولێت بەشێکی ڕێگاکە دەگەڵ من هاتو لە تەواوی ڕێگاکەشدا یەکبین قسەی دەکردو وەک وڕوڕەی جادوو بێدەنگ نەدەبوو. هەریری ئەرغەوانی زۆر جوانە، خاتوو تالین گۆرەویی ئاوریشم لە ڕەنگی لاقی دەپێ دەکا، ناپلیۆن کێکی زۆر پێخۆشە بەتایبەتی کێکی بادامدار. ئەتۆش بادامت پێخۆشە؟ ئەرێ ڕاستە جیازی ژوولی ئەوەندە زۆرە کە خانوویەکی جوان بۆخۆیو ژۆزێف بکڕێ؟ کەنگێ دەتوانم بۆ وەرگرتنی پارچە هەریرەکە بچمە دوکانێ...؟

ئەمن لەڕاستیدا گوێم لە قسەکانی نەدەگرتو تەنیا یەکڕستە بوو کە وەک سەربەندی گۆرانییەکی لەبیرنەکراو لەمێشکمدا دووپاتە دەبۆوە: "بوناپارتێک بۆ کچێ فڕانسوا کلاری پینەیەکی نەگونجاوە".

کاتێک گەیشتمەوە ماڵێ تێگەیشتم کە سەرەنجام ژوولی قسەی خۆی بردۆتە سەرێو زەماوەندەکەی دوا ناکەوێ. ئەمنیش لە سووچێکی باغی لەگەڵی دانیشتم تا لە گوڵدۆزیی دەسرۆکەکانی سەرسفرەدا هاوکاریی بکەمو پێکەوە پیتیBیان لەسەر بنووسین. ب،ب و دووبارە ب.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***

# ٥

## مارسەی، لە نیوەی سپتامبردا

نازانم شەوی زەماوەندی ژوولی چۆن گوزەرا، هەر ئەوەندەم لەبیرە کە شەوی پێشتری بۆمن شەوێکی دژوارو پڕئاڵۆزی بوو.

ڕێوڕەسمی زەماوەندی ژوولی زۆر بە خۆبەخۆیی‌و ئارام ڕێکخراو تەنیا ئەندامانی بنەماڵەی ئێمەو بوناپارتەکان تێیدا بەشدار بوون. دایکم‌و ماری بەتوندی خەریکی ئامادەکردنی پێویستی‌یەکانی میوانداری‌و یەک لەوان سازکردنی کێک‌و ئامادەکردنی کرێمی میوە بۆ ئەوشەوە بوون بەجۆرێک کە شەوی پێشتر دایکم لەبەر ماندوویی‌و نیگەرانی پێ‌ڕاهاتبوو. ماندوویی لەکارو نیگەرانی لەوە کە میوانداری‌یەکە باش بەڕێوە دەچێ یان نا. دیارە ئەمە شتێکی تازە نەبوو، دایکم هەمیشە پێش میوانداری‌یە گەورەکان تووشی ئەو نیگەرانی‌یە دەبوو، هەمیشەش میوانداری‌یەکان بە باشترین شێوە بەڕێوە دەچوون. ئەو شەوە بە فەرمانی دایکم هەموومان دەبوو زووتر بخەوین تا ڕۆژی میوانداری‌یەکە سەروڕووخۆش بین. دیارە حەمامکردنیش یەکێک لە بەرنامە تایبەتی‌یەکانی ئەوشەوەی ژوولی بوو. ئەمە ئاکامی ڕووناکبیربوونی باوکم‌و بیروباوەڕە تایبەتەکانی بوو کە شوێنەواری لەسەر ژیانی ئێمەش دانابوو. ئێمە لەچاو خەڵکی دیکە پترمان حەمام دەکردو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش مەرگی باوکیشم دایکم پێی لەسەر ڕەچاوکردنی بۆچوونەکانی باوکم لەلایەن هەموو ئەندامانی بنەماڵەوە دادەگرت. یەکێک لەو بەرنامانە کە لە باوکم بۆمان مابۆوە ئەوە بوو کە هەرنەبێ مانگی جارێک لە دەبەیەکی دارینڕدا کە باوکم بۆ ئەمەی دیاری کردبوو خۆمان بشۆین. چونکە لەوشەوەدا ڕێوڕەسمی زەماوەندی ژوولی لەپێشدا بوو دایکم ڕادەیەکی زۆر بۆنی یاسەمەنی تێکەڵی ئاوی دەبەکە کردو ژوولی لەو شەوەدا خۆی وەک مادام پۆمپادوور دەهاتە بەرچاو.

هەرچەند ئەو شەوە لە هەمیشە زووتر چووینە سەر جێگا بەڵام خەو نەدەچووە چاوی منو ژوولیو هەر باسی ژیانی تازەو ماڵی تازەی ژوولیمان دەکرد. ماڵەکەی لە دەوروبەری مارسەی بوو و بە کالیسکە نیوسەعاتێک پتر لە ماڵی ئێمە دوور نەبوو. لەنەکاو بە دەنگی فیتوویەک کە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دەهاتە بەر گوێ، هەردووکمان بێدەنگ بووین. کەسێک لەبن پەنجەرەی ژوورەکە بەشێک لە سروودی بەناوبانگی مارسەیەزی بە فیتوو لێدەدا،... "ڕۆژێک سەرکەوتوویەک هات"...

بەخۆم نەبوو هەستامو لەسەر نوێنەکەم دانیشتم. ئەمە دووەمین بەندی سروودی مارسەیەز بوو و بە نیشانەی تایبەتیی ناپلیۆن دەژمێردرا. ئەو هەتا دەهاتە سەردانمان لە دوورەوە بە لێدانی ئەم فیتووە هاتنی خۆی ڕادەگەیاند.

لە نوێنەکە دەرپەڕیمو بەپەلە پەنجەرەم کردەوەو بەرەو دەرەوە نوشتامەوە. هەوا تاریکوتەڵەم بوو، وا دەهاتە بەرچاو کە تۆفان بەڕێوەیە. لێوەکانم خڕ کردنەوەو هەر ئەو فیتووەم لێدایەوە. زۆر کەمن ئەو کچانەی دەتوانن فیتوو لێبدەنو ئەمن یەکێک لەو ژمارە کەمەم. کەچی بەداخەوە نەکەهەر کەس تاریفی ئەو هونەرەی من ناکا بەڵکوو بۆ کچێکی وەک من بە ڕەفتارێکی نەشیاویشی دادەنێن.

هێشتا فیتووەکەی من تەواو نەببوو کە گوێم لە وەڵامەکەی بوو. تارمایییەک کە لەپەنا دەرگای هاتنەژووری ماڵێ ڕاوەستابوو خۆی لە قووڵایی تاریکایی دەرکێشاو پێی‌نایە باریکەڕێ خیزڕێژەکەی باغی.

هەموو شتێک تەنانەت پەنجەرەپێوەدانو کەوشدەپێکردنیشم لەبیر چوو. لەبیرم نەبوو سەربەرگێکیش بە شانمدا بدەم. ئیدی لەغەمی ئەوەدا نەبووم چبکەمو چ نەکەمو بێخەبەر لەوەی ئەو جلکەخەوەی دەبەرمدایە بۆ چوونەدەر گونجاو نیە، بە غاردانو سەرلێشێواوی لە پلیکانەکان چوومە خوار. تازە پێم لە خیزە زبرەکانی نێو باغی نابوو کە لووتوبزووت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێـی هەڵـەنگووتم. وێـڕای دەنگـی گرمـەی هەورەتریشـقەکان کـە لـە دوورەوە فـەزای دەقەڵاشتەوەو لە هەموو جێیەک دەنگی دەدایەوە گوێم لە دەنگی ناپلیۆن بوو کە دەیگوت:

–سەرمات نیە ئووژنی؟ سەرمات نەبێ؟

–نا، تەنیا لاقم کەمێک... پێخواسمو کەوشم دەپێ نەکردوون.

ئەو بەپەلە کۆمەگی کرد تا دەگـەڵی بچمـە سـەکۆی پـەنا پلیکانـەکانی باڵەخانـە. پـاش ئـەوەی لەسـەر سـەکۆیەکە دانیشـتم، چاکەتەکـە خـۆی بـە شـانانمدا داو داوای لێکـردم دەخۆمیەوە پێچم. دەسبەجێ پرسیم:

–ئەتۆ کەنگێ هاتیەوە؟

–هەرئێستا لەڕێوە دێمو هێشتا نەچوومەوە ماڵێ دایکم ببینم.

زووراییی پارچەی زبری چاکەتەکەی دەموچاومی ئەزیەت دەدا بەڵام بەهەرحاڵ پێم خۆش بوو. لە تاریکاییدا چاوێکم لێکردو پرسیم:

–زۆر سەخت گوزەرا، نا؟

–نا، ئەوەندە نا. هەتا لەبیرم نەچووە سوپاست دەکەم بۆ ئەو بەستەیە کە ناردبووت. ئـەو بەسـتەیەم دەگـەڵ نامەیـەکی سـەرهەنگ لافـابێر بەدەسـت گەیشـتو سـەرهەنگ لـە نامەکەدا پشتڕاستی کردبۆوە کە ئەو بەستەیەی لەسەر تکـای شەخسـی تـۆ بـۆمن نـاردوە. زۆرم پێخۆش بوو دادگایی سەربازیم بکەن، بەڵام هەوڵەکانم بێسوود بـوونو ئـەوان ئـەو دادگایەشیان بەمن ڕەوا نەدی.

سەرم هەڵبڕیو دە ڕوخساریەوە ڕامام، بەڵام تاریکتر لـەوە بـوو کـە بتـوانم ڕوخسـاری ببینمو تەنیا سێبەرێکی وەک تارماییم دەدیتو بە سەرسوڕماوی پرسیم:

–دادگای سەربازی؟ دادگایەکی وا بۆتۆ مەترسیخوڵقێن نەبوو؟

–بۆچی دەبێ مەترسیدار بێ؟ ئەگەر وا بایە دەرفەتم دەبوو نەخشەکانم بۆ کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی پایەبەرز ڕوون بکەمەوە. هەر ئەو نەخشانە کە بە ڕۆبسـپێردا بـۆ ئـەم وەزیـرە گەوجەی بەرگریم ناردن. لەوحاڵەدا دەمتوانی سەرنجی ئەندامانی دادگای سەربازی بـۆلای خۆمو نەخشەکانم ڕابکێشم. بەڵام حەیف کە ئیدی...

ئەو جووڵەیەکی کـردو بەحاڵـەتێکی خەمناکانـە سـەری خسـتە سـەر دەسـتەکانیو دوای کەمێک ڕاوەستان گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڵام مخابن کە ئێستا نەخشەکانم لە ئارشیڤی وەزارەتی بەرگری تۆزیان لەسەر نیشتوەو هاونیشتمان کارنۆش شانازی دەکا کە سوپای فەڕانسە بەهەزاران ڕۆژڕەشی دەتوانێ بەرگری لە سنوورەکانی نیشتمانمان بکا.

–ئێستێ ئەتۆ دەتەوێ چ بکەی؟

–ئەوان ئازادیان کردم چونکە بەڵگەیەکیان بەدژی من نەبوو بەڵام هیچ کام لە کاربەدەستانی وەزارەتی بەرگری نەزەرێکی باشی بەرامبەرم نیە. لە مەبەستەکەم حاڵی دەبی ئووژنی؟ ئەوان حەزیان لەچارەی من نیەو بێگومان من دەنێرنە یەکێک لە نزمترین شوێنەکانی بەرەو...

قسەکەیم پێبڕیو سەرنجیم بۆ بارانبارین ڕاکێشاو گوتم:

–چەند دڵۆپە بارانی درشت وە دەموچاوم کەوتن.

–گرنگ نیە!

ئەو جارێکی دیکە لەسەر قسەکانی ڕۆیشتو بۆی ڕوون کردمەوە کە چڕووداوگەلێک دەتوانن چاوەڕێی ژەنراڵێک بن کە کەوتۆتە بەر ڕقوقین. ئەمن کە هەستم بە سەرما دەکرد، لاقەکانمم خڕ کردنەوەو چاکەتەکەی ژەنراڵم پتر لە پێشوو دەخۆمەوە پێچا. گرمەی هەورەتریشقەکان جارێکی دیکە هەموو جێیەکی پڕ کردو ئەسپێک بە تەنگاوی حیلاندیو ئەو گوتی ئەسپی ویە کە هەوسارەکەی دە پەرژینی باغی خستوە.

بارانەکە توندی کردو بریسکەیەک هەموو جێیەکی ڕووناک کردەوە. بەگرمەی دووبارەی هەورەتریشقە، ئەسپەکە تەنگاوتر لەپێشوو حیلاندیو سمکۆڵی لە زەوی کردو ناپلیۆن هاواری لێکرد کە ئارام بێ. لەمکاتەدا یەکێک لە پەنجەرەکانی ژوور سەرمان کرایەوەو ئەتین سەری لە پەنجەرە هێنایە دەرو هاواری کرد:

–کەسێک لەوێیە؟

بەسرتە داوام لە ناپلیۆن کرد بچینە ژووری ماڵێو لەوە زیاتر لەبەر باران نەخووسێین. بەڵام جارێکی دیکە دەنگی ئەتین قسەکەمی پچڕی:

–کێ لەوێیە؟

هەر لەوکاتەدا گوێم لە دەنگی سۆزانێش بوو کە بە ئەتینی دەگوت:

–پەنجەرەکە پێوە دەو وەرە ژوورێ. ئەمن دەترسم.

–کەسێک لەوێ لەنێو باخچەیە، ئەمن دەبێ بچم بزانم کێیە.

ناپلیۆن لەجێی خۆی هەستا، ڕوو بەپەنجەرە ڕاوەستاو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بەڕێز کلاری، ئەمنم.

جارێکی دیکە بریسکەیەک لێیداو ئەمن بۆ دەمەساتێک توانیم تارمایی لاوازی کە لە جلوبەرگی تەنگی سەربازیدا لەقالب درابوو ببینمو دووبارە تاریکایی بەسەر هەموو جێیەکدا زاڵ بوو، هەورەتریشقە گرماندی، ئەسپەکە نائارامتر لە پێشوو حیلاندیو ڕێژنەباران بە لێزمە هەموو شتێکو هەموو جێیەکی گرتەوە. دووبارە دەنگی ئەتین دەگەڵ دەنگی باران تێکەڵاو بوو:

-کی لەوێیە؟

-ئەمنم، ژەنڕاڵ ناپلیۆن!

-بەڵام ئەتۆ دەبێ لە زیندان بی، جگەلەوەش ئەتۆ بەو نیوەشەوەو بەو هەوا ئاڵۆزە لە باغی ماڵی ئێمە چ دەکەی ژەنڕاڵ؟

ئەمن ڕاپەڕیم، سەربەرگە سەربازییەکەم کە دەگەیشتە سەر لاقم ڕێکوپێک کردو لەپەنای ناپلیۆن ڕاوەستام. بەڵام ناپلیۆن بە دیتنی من بە دەنگێکی ئارام گوتی:

-دانیشە ئووژنی! دانیشەو لاقانت بە سەربەرگەکە داپۆشە، چما دەتەوێ نەخۆش بکەوی؟

- قسە دەگەڵ کێ دەکەی ژەنڕاڵ؟

ئێستا بارانەکە خۆشی کردبۆوەو ئارامتر دەباریو ئەمن دەمتوانی بەڕوونی ڕادەی تووڕەیی ئەتین لە لەرزینی دەنگیدا بخوێنمەوە. بەڵام بەهەرحاڵ هاوارم کرد:

-ئەتین! ئەمنم ئووژنی! ئەو قسە دەگەڵ من دەکا.

بارانەکە لێیکردبۆوەو چونکە شۆقی مانگەشەو لە کەلێنی هەورانەوە لێیدەداین بەهۆی نالەباربوونی جلەکانمەوە دەترسامو لەبەر شۆقی مانگ دەمتوانی ئەتینی ببینم کە کڵاوی تایبەتی شەوی لەسەرە.

-ژەنڕاڵ، ئەتۆ دەبێ ئەم بەسەرهاتە ڕوون بکەیەوە!

-بەوپەڕی شانازییەوە خوشکە گەنجترەکەت دەخوازم بەڕێز کلاری.

لەم دەمەدا سۆزانم لە پشتەوەی ئەتینەوە دی کە قژەکانی بۆ قەدگرتن بەستبوونو قەڵافەتێکی سەیری پەیدا کردبوو. ئەتین هاواری کرد:

-ئووژنی! زووتر وەرەوە ژوورێ.

ناپلیۆن لەحاڵێکدا بەهیوای یەکتردیتنەوە لە ڕێوڕەسمی زەماوەندی ڕۆژی دواتردا ماڵئاوایی لەمن دەکرد شەوخۆشی کردو دەنگی مامزەی چەکمەکانی لە باریکەڕێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خیزڕێژەکەی باغییەوە بەرگوێ کەوت. ئەمن بەئارامی چوومەوە ژووریو تەنانەت لەبیریشم چوو چاکەتەکەی وێ بدەمەوە. کە بە داڵانەکەدا تێدەپەڕیم ئەتینم بەجلی خەوەوە لەبەر دەرگای ژوورەکەی بینی کە مۆمێکی بەدەستەوە بوو، لەبەرئەوەی هەوڵم دەدا یەکتر نەبینین چاکەتەکەی ناپلیۆنم پتر لەپێشوو دەخۆمەوە پێچاو بەپێخواسی، ئارامو بێدەنگ خۆم خزاندە گۆشەیەکو چوومەوە ژوورەکەی خۆم. هەرلەوحاڵەدا گوێم لێبوو کە بە تووڕەییەوە دەیگوت:

-ئاخ خۆزگە باوکم مابایەو ئەم دیمەنەی دیتبایە...

لە ژوورەکەی خۆمان ژوولیم دی کە وەک پەیکەرێک لەسەر لێوی تەختەکە دانیشتبوو، بە دیتنی من بێپێشەکی گوتی:

-گوێم لە هەموو شتێک بوو ئووژنی!

ئەمن بێ ئەوەی ئاماژە بەو بابەتە بکەم کە مەبەستی ژوولی بوو، بێئەوەی گوێ بدەمە قسەکەیو لەحاڵێکدا هەوڵم دەدا تەشتی تایبەتی جلشوتن پڕکەم لەئاوو لاقولەتەری قوڕاویم بشۆمەوە وەڵامم دایەوە:

-دەبێ دەسبەجێ لاقانم بشۆمەوە تا هەموو جێیەک قوڕاوی نەبێ.

کە لە شوتنەوەی لاقەکانم بوومەوە چوومە نێو جێو پاش ئەوەی ڕاکشام، سەربەرگەکەی ناپلیۆنم بەخۆمدا داو بە ژوولیم گوت:

-ئەمە سەربەرگی وییەو دەزانم ئەگەر بەخۆمیدا بدەم خەونی خۆشخۆش دەبینم.

ژوولی جارێکی دیکە بە ڕاوێژێکی وەک بۆڵەبۆڵ گوتی:

-خانمی ژەنڕاڵ بوناپارت!؟

-نا ژوولی، بەهەڵە مەچۆ. بەپێچەوانەی بۆچوونی تۆ ئەگەر لەسوپا دەریبکەن زۆ خۆشحاڵتر دەبم.

-ئەمە زۆر خەراپ دەبێ.

-بەڕاست پێتوایە ئەمن ئاواتی هاوسەرێکم هەیە کە هەموو تەمەنی لە بەرەکاندا بەسەر بەرێو تەنیا جاروبار بێتەوە ماڵێو ئەو وەختیش هۆشوبیری هەر لەسەر بەرەو شەڕ بێو تەواو؟ نا ژوولی، پێمباشترە لە سوپا دەریکەن، بەڵکوو ئەودەم بتوانین ئەتین ڕازی بکەین لە دوکانێ کارێکی بداتێ.

-هیچکاتێک ناتوانی ئەتین ڕازی بکەی کاری وا بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژوولی کە دەیەویست نیشان بدا ئەمە دواقسەیەتیو دەیەوێ درێژە بەم وتوویژە نەدا، بەگوتنی ئەم ڕستەیە دەسبەجێ مۆمەکەی کوژاندەوەو دەجێی خزی. بەڵام ئەمن سەرەڕای ئەم ڕەفتارەشی وەڵامم دایەوە:

–ئەمنیش پێم وانیە ئەم کارە کردەنی بێ چونکە ئەو بەڕاستی بلیمەتە. بەڵام هەر لەوکاتەدا هیچ حەزی لە بازرگانیی ئاوریشم نیە... شەو خۆش ژوولی.

ژوولی زۆر بەدرەنگەوە لە دەفتەرخانەی بەڵگەنامە ڕەسمییەکان ئامادە بوو چونکە هەولی ئێمە بۆ دۆزینەوەی دەستەوانە تازەکانی نەگەیشتبۆ هیچکوێو دایکیشم پێی دەچەقاند کە پێکهێنانی ڕێوڕەسمی مارەبڕین بەبێ دەستەوانە نابێ. دایکم هێشتا هەر لە ڕابردوودا دەژیاو ئامادە نەبوو باوەڕ بکا کە ئیدی وەک سەردەمی گەنجیەتیی خۆی ئەو ڕێوڕەسمانە لە کلیسا ناگیرێنو دوای شۆڕش خەڵک بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی مارەبڕین دەبێ بچنە دەفتەری بەڵگەنامە ڕەسمییەکانو ئەو بووکو زاوایانە زۆر کەمن کە بتوانن ڕێوڕەسمی کلیسا بەڕێوە بەرن. چونکە دۆزینەوەی یەکێک لەو قەشانە کە سوێندی وەفاداری بەکۆماریان خواردوەو مافی بەڕێوەبردنی ئەو ڕێوڕەسمانەیان هەیە، زۆر لەوە کە بیری لێدەکەنەوە دژوارترە. دیارە ژوولیو ژۆزێفیش زۆر دەربەستی پێکهێنانی ڕێوڕەسمێکی وەها نەبوون.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زیکروفیکری دایکم ئەوە بوو کە ژوولی ڕازی بکا کەلک لەو تۆڕە سپییە وەربگرێ کە بۆخۆی کاتی زەماوەند بەسەریەوە بووە. لەبارەی مۆسیقاشەوە دایکم باوەڕی وایە کە هەر ئەو مۆسیقا کۆنەی سەردەمی جحێڵیی خۆی کە بەئۆرگ لێدەدرا باشترینەو پێکهێنانی ڕێوڕەسم بێئەو مانایەکی نیە. جلکی زەماوەندی ژوولی ڕەنگی پەمەییو خاوەنی پەراوێزێکی گوڵدۆزیکراوی زۆر جوان بوو،و چونکە لە جلوبەرگو ڕازاندنەوەیدا گوڵی سوور بەکار برابوو، ئەتین کە پێشتر لەوە ئاگادار بوو، وای ڕێکخستبوو بازرگانێکی ئاشنای لەپاریس جووتێک دەستەوانەی لەو ڕەنگەی بۆ بنێرێو ئێستا ئێمە لە غەمی دۆزینەوەی ئەو دەستەوانانەدا بووینو نەماندەدۆزینەوە. بڕیار بوو ڕێوڕەسمەکە سەعات دەی بەیانی بەرپا بکرێو سەرەنجامیش ڕاست پێنج دەقیقە پێش سەعاتی دیاریکراو توانیمان دەستەوانەکە لەبن نوێنی ژوولیدا وەبینین. سەرەنجام ژوولی زۆر بەپەلە دەگەڵ دایکمو دوو شایەتی مارەبڕینەکەی واتە ئەتینو خاڵە سامیس چوونە دەفتەرخانە. خاڵە سامیس براگەورەی دایکم یەک لەو کەسانەیە کە تەنیا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتی سەرەخۆشیو زەماوەندان دەردەکەون. ژۆزێفیش تەنیا دەگەڵ دوو شایەتی خۆی واتە ناپلیۆنو لووسین لە دەفتەرخانە چاوەڕێیان بوون.

گەڕان لە دەستەوانەکانی ژوولی بەجۆرێک وەختی گرتم کە ئیدی دەرفەتی خۆگۆڕینو جوانکاریم نەماو بۆیە لەحاڵێکدا لەپەنا پەنجەرەی ژوورەکەمان ڕاوەستابووم هاوارم کرد:

-بەختەوەر بی ژوولی!

بەڵام ژوولی وا بەپەلە دەڕۆیشت کە گوێی لە دەنگم نەبوو. کالیسکەیان بە گوڵە سپی‌یەکانی باخچەی خۆمان ڕازاندبۆوەو هیچ وەک کالیسکە ئاسایی‌و کرێگرتەکان نەدەچوو.

بە تکاو ڕەجا توانیبووم ئەتین ڕازی بکەم ساتەنی شینی دڵخوازی خۆمم لە دوکانێ بۆ بێنێتەوەو داوام لە کیژۆڵە لیزێتی بەرگدرووشمان کە هەمیشە جلکەکانمانی دەدووری، کردبوو کە داوێنی جلەکانم زۆر فرەوان نەدوورێ. بەڵام بەداخەوە داوێنەکە بەوجۆرەی دڵخوازی من بوو دەرنەچوو، و تەواو وەک مۆدێلی پاریسی‌یەکان نەبوو، پشتێنەکەشی وەک دڵخوازی منو بەوجۆرە کە لەوێنەکانی خاتوو تالین‌دا دیتبووم نەدەکەوتە جێی خۆی. لەو وێنانەدا خاتوو تالین بەو کراسانەوە ناسناوی "خانمی تێرمیدۆر" یان "ڤینووسی شۆرش"ی پێ درابوو. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش هەستم دەکرد زۆر جوان دەرچووەو لەو جلکانەدا خۆم وەک شاژنی سەبا دەهاتە بەرچاو کە خەریکە دەچێتە بارەگای حەزرەتی سولەیمان. چونکە لە هەموو ئەمانە بگوزەرێ هەرچۆنێک بێ ئەمنیش بوومە دەزگیران، هەرچەند ئەتین وەک جێنشینی باوکم لەو بەسەرهاتە جگە لە هەڵڵاوهەنگامەی دوێشەو هیچی لەبیر نیە.

پێش ئەوەی بتوانم باش بە سەروسیمای خۆم ڕابگەمو ئامادە بم میوانەکان گەیشتنە جێ. خاتوو لیزیا جلێکی سەوزی تاریکی دەبەردا بوو، و قژەکانی کە تاقە موویەکی سپییشیان تێدا نەبوو زۆر سادەو وەک ژنە دێهاتی‌یان لە پشتەسەریەوە خڕ کردبوونەوە. ئەلیزاش ئەوەندەی توانیبووی ڕەنگو ڕۆنی لە دەموچاوی هەڵسووبوو، و تەواوی ئەو قردێلانەی لە حەتووەکانی ڕابردوودا بە فێڵوتەڵەکە لە ئەتینی ستاندبوون بەخۆیەوە هەڵواسیبوون. لە تەنیشت وی پوولێت ڕاوەستابوو دەتگوت پەیکەرێکی عاجی سپی‌یە کە کراسێکی مووسلینی ئەرغەوانیی دەبەر کرابێ. خوا دەزانێ ئەتین چۆن ڕازی ببوو ئەم پارچە گران‌بایی‌یە کە لە باشترین پارچەکانی دوکانێ بوو بداتە وی. نێوچاوانی گرژو قژی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێواوی لوویی نیشانەی نارەزایەتی بوونو لەپەنا ویش کارۆلین ڕاوەستابوو کە بۆ یەکەمینجار سەروسیمایەکی ڕازاوەو ڕێکوپێکی هەبوو. سەرەنجامیش ئەو کورە شلووقو ترسێنەرە واتە ژێرۆم کە هێشتا پێی دەژووریٚ نەنابوو هاواری لیٚهەستابوو داوای خواردنی دەکرد. ئەمنو سۆزان خەریکی میوانداری لە بنەماڵەی بوناپارت بووین کە خاتوو لیزیا وەبیری هێنایەنەوە خەبەرێکی سەرنجڕاکێشی بۆ ئێمە پێیە.

لەبەر ئەوەی خاتوو لیزیا تا ئەوکاتە هیچی وەک دیاریی زەماوەند نەدابووە ژوولی، سۆزان بەخۆی نەبوو بەپەلە پرسی:

-لەبارەی زەماوەندی ژوولییەوە؟

دیارە ئەمن هەرچەند ئاگام لەوپەڕی دەستتەنگیو گیروگرفتی دارایی وان هەبوو بەڵام پێم وابوو خاتوو لیزیا دەیتوانی هەرنەبیٚ کوتەپەڕۆیەکی گوڵدۆزیکراوی دەستی خۆی بە دیاری بداتیٚ. بەهەرحاڵ لە وەڵامی سۆزاندا خاتوو لیزیا لەحاڵێکدا سەری ڕادەوەشاندو پێکەنینێکی پڕنهینی کەوتبووە سەر ڕوخساری گوتی:

-ئای، نا نا!

بۆچوونەکانی منو سۆزان هەموو بە هەڵە دەرچوونو نەمانتوانی بزانین ئەو بابەتەی خاتوو بوناپارت مەبەستیەتی چیە بەڵام سەرەنجام ئەو خۆی پەردەی لەسەر ئەو نهێنییە هەڵگرت. خەبەرە سەیرو سەرسوڕهێنەکەی لیزیا خانم ناساندنی یەکی دیکە لە ئەندامانی بنەماڵەی بوناپارت بوو. زڕبرای خاتوو لیزیاو خاڵی زاوا بەناوی بەڕێز فێچ کە پتر لە سیساڵ تەمەنی نەبوو،و پێشتریش قەشە ببوو. بەڵام ئەو خاڵە فێچە کە هێندەش پابەندی بیروباوەڕی مەزهەبی دیار نەبوو لەم ڕۆژگارە ئاڵۆزو نائارامەدا مەزهەبی وەلا نابوو،و ڕووی کردبووە بازرگانی. ئەمن کە تاڕادەیەک لەو ناساندنە سەرم سوڕمابوو، پرسیم:

-باشە، ئەو چدەکاو کاروباری چۆنە؟

خاتوو لیزیا بە خەمباری سەرێکی ڕاوەشاندو ڕاستگۆیانە گوتی:

-ئەگەر ئەتین پێشنیاری کارێکی گرنگو بەرچاوی پیٚبکا ڕەنگە ئامادە بیٚ کارێکی باش لە دەزگای کلاری وەربگریٚ!!

زۆری پیٚنەچوو خاڵە فێچ بۆخۆشی گەیشتە جیٚ. پیاوێکی دەموچاوخڕو لەبەردڵان بە جلوبەرگێکی هەرچەند کۆن بەڵام خاوێنو ڕێکوپێکەوە کە ڕەفتارێکی زۆر خۆمانەی لەگەڵ ئێمە هەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتنەوەی بووکو زاواو هاوڕێکانیشیان زۆر وەدرەنگ نەکەوت. لەپێشدا کالیسکەی ڕازاوە بە گوڵی سپی گەیشتە جێ. ژوولی، ژۆزیف، دایکمو ناپلیۆنی لێ دابەزین. ئەتین، لووسینو خاڵە سامیسیش لە کالیسکەی دووەمدا بوون. ژوولیو ژۆزێف هاتنە لای ئێمەو ژۆزێف لەپێشدا دەستی دەملی دایکی کردو بوناپارتەکانی دیکەش هاتنە لای ژوولی. خاڵە فێچیش بێئەوەی گوێ بداتە ئەوە کە دایکم هەر نایناسێو نازانێ کێیەو لەکوێڕا هاتوە، چووە لای دایکمو بەگەرمی دەستی دەگەڵ کرد بە سڵاوو ئەحواڵپرسین. بەڵام ئەم ئارامی‌یە تاوێک زیاتری نەخایاندو ئەندامانی دوو بنەماڵە تێکچڕژانو ئەو ئاڵۆزبڵۆزی‌یە دەرفەتێکی پێکهێنا کە ئەمنو ناپلیۆن تاوێک پێکەوە بین. کەچی ئەتین کە زۆری ئەو بابەتە بەدڵ نەبوو بە کۆکەیەک منی تێگەیاند کە پێی‌ناخۆشە.

لەسەر مێز بووکو زاوا لەنێوان خاڵە سامیسو ناپلیۆندا دانیشتنو ئەمن بێئەوەی بۆخۆم ئاگام لە چەندوچۆنەکەی هەبێ، لەنێوان لووسینو خاڵە فێچدا دانیشتبووم. ژوولی بەجۆرێک هەژابوو کە سەرگۆناکانی سوور هەڵگەڕابوونو چاوەکانی وەک چرا دەدرەوشانەوە، هەستم کرد بۆ یەکەمجار لە ژیانی‌دا بەڕاستی جوان بووە. تازە سووپەکانمان تەواو ببوون کە خاڵە فێچ لێکدالێکدا چەند جاری پەرداخ لە مێزەکە ڕاکێشا. هەمووومان تێگەیشتین کە ئەو بەیادی ڕۆژگاری قەشەگەری دەیەوێ وتارمان بۆ بدا، وتارێکی زۆر دوورو درێژ کە هەمووومانیماندوو کرد. لەبەر ئەوەی بەپێی هەلومەرجی سیاسیی رۆژ باسی خوای بەسەلاح نەدەزانی ڕووی قسەی وەرگێڕایە سەر چارەنووسو قەزاوقەدەرو ئیرادەی خواو باسی ئەمانەی کرد. ئەو پاشان گوتی ئێمە دەبێ سوپاسی ئیرادەی خواو چارەنووسی خۆمان بکەین کە شادمانی‌یەکی وا گەورەی پێبەخشیوینو توانیومانە لە کۆڕێکی ڕێکو سازگاردا لە دەوری یەک کۆ بینەوەو ئەم شێوە بەتاموچێژە لەپەنا یەکتر بخۆین. ئاکامەکە چاوداگرتنی پڕمانای ژۆزێف، زەردەخەنەی ژوولیو بەدوای ئەویشدا پێکەنینی ناپلیۆن بوو. بەڵام دایکم تەنیاکەس بوو کە بە قسەکانی خاڵە فێچ چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسکو سەرەنجام بە خەفەتباری چاوی دە منەوە بڕی.

لەونێوەدا چاولێکردنی ئەتین بۆ من زۆر توندو ڕقهەستاوانە دیار بوو کە دەلیایەک سەرکۆنەی تێدا شارڕابۆوە. چونکە ئەو دەستی چارەنووسە کە بەقسەی خاڵە فێچ، ژۆزێفو ژوولیی پێکگەیاندبوو و ببووە هۆی پێوەندیی نێوان دوو بنەماڵەی کلاریو بوناپارت بێگومان لە قۆڵی من هاتبووە دەر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش ئەوە نۆرە گەیشتە ئەتین کە قسەکانی زۆر بەپەلەو هەر لەوکاتەدا ناخۆش بوونو دوای ئەوەش هەموومان ساغیو بەختیاریمان بۆ ژوولیو ژۆزێف بەئاوات خواست. کە لە نانخواردن بووینەوە، هەموومان بەئیشتیاو تامەزرۆیی خەریکی خواردنی کێکی بادامدار دەگەڵ میوەی تازەی شەکرلێدراو بووین کە لە شاکارەکانی ئاشپەزیی ماری بوونو کەمکەس دەیتوانی لەوەدا بیگاتێ. بەڵام لەنەکاو ناپلیۆن ڕاست بۆوەو بێ هیچ پێشەکییەک گوتی:

–تکایە ساتێک بێدەنگ بن.

لەحاڵێکدا هەموو ڕاچەنیبووینو بە بێدەنگیی تەواو چاومان لەو بوو بەڕاوێژێکی توندو سەربازی گوتی لەوەی لەم کۆڕەدا ئامادەیەو پێوەندیی دەگەڵ بنەماڵەیەکی وا هەیە زۆر خۆشحاڵەو دیارە ئەو خۆشحاڵییەو بەشداری لەم کۆڕەدا بە منەتی چارەنووس نازانێ بەڵکوو قەرزداری وەزارەتی بەرگریو کاربەدەستانی لەپاریسە کە بەبێ هیچقسەیەک ئازادیان کردوە. ئەو پاشان تۆزێک راوەستاو ئەمن لە ڕوانینی بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەی هەستم کرد ئەوان وەک پێویست ئەویان وەرنەگرتوەو ئێستاش سەرنجی هەموویان لەسەر ژنومێردە گەنجەکەیە. بەهەرحاڵ ناپلیۆن دوای بێدەنگیو بیرکردنەوەیەکی بزوێنەر، چاوێکی لەمن کردو ئەمن دەسبەجێ تێگەیشتم چنیازێکی هەیەو بەڕاستی زراوم لە قسەکانی دواتریو ئاکامەکەیان چووبوو. سەرەنجام وەقسە هاتو گوتی:

–ئێستا کە هەردوو بنەماڵەی کلاریو بوناپارت بەخۆشیو شادمانی لێرە کۆ بوونەوە، ئەمن لەم دەرفەتە کەلک وەردەگرمو بەهەمووان ڕادەگەیەنم کە شەوی ڕابردوو پێشنیارم بە کیژۆڵە ئووژنی کردوەو ئەویش قبووڵی کردوە ببێتە هاوسەری من.

لەنەکاو هەڵلایەکو لەڕاستیدا گەردەلوولێکی سەیر لەویدا وەڕێ کەوتو پیرۆزبایی ئەندامانی بنەماڵەی بوناپارت ئارامیی میوانداریەکەی شێواندو ئەمن لەنەکاو خۆم لەنێو باوەشی خاتوو لیزیادا دیتەوە. بەڵام بەسەر شانی ویدا چاوێکم لە دایکم کرد، ئەو وەک بریسکە لێیدابێ یان مار پێوەیدابێ گێژو سەرسام بەرچاو دەکەوتو هیچ شوێنەوارێکی ڕەزامەندی لە ڕوخساریدا دیار نەبوو. ئەو ئاوڕی دایەوە سەر ئەتینو ئەتین کە لە ڕوانینی پرسیاراویی دایکم تێگەیشتبوو لەڕووی داماوییەوە شانی هەڵتەکاندن. ڕاست لەو دەمەدا ناپلیۆن بەئارامی چووە لای ئەتینو لەسەر سەری ڕاوەستاو بە زەردەخەنەوە تێیەوە ڕاما. ئەوەی زۆر سەرسوڕهێنە توانای نیگای ناپلیۆنو شوێنەواری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوەڕپێنەکراوی لەسەر خەڵکە. هێندەی چاو لەسەر چاو دانێی لێوەکانی ئەتین بە زەردەخەنە پشکووتن‌و دەستی ناپلیۆنی گوشی.

پوولێت یەکەمین کەسی بنەماڵەی بوناپارت بوو کە منی دەباوەش گرتو بە خوشکی خۆی ناو بردم. بەڕێز فێچیش بە زمانی ئیتالیایی هێندێ شتی بە خاتوو لیزیا گوتو ئەویش بە خۆشحاڵی هەربەو زمانە وەڵامی دایەوە. پێم‌وایە خاڵەفێچ لەبارەی جیازەکەی منەوە پرسیاری لێکرد کە داخوا جیازی منیش بەقەدەر جیازەکەی ژوولی دەبێ یان نا؟ لەبەر ئەوەی هەموو هەژابوون کەس ئاگای لە ژێرۆم نەبوو. گەنجترین ئەندامی بنەماڵەی بوناپارت بەجۆرێک گەدەی خۆی لە خواردنەکانی دەوروبەری ئاخنیبوو کە ئیدی هەناسەی لێبڕابوو. لەنەکاو هاواری خاتوو لیزیا گەیشتە ئاسمان‌و ئەمن بە یەکەم ڕوانین دیتم ژێرۆمی دەباتە دەرێ کە ڕوخساری وەک گێچ سپی هەڵگەڕابوو. ئەمن دایکو کورم ڕێنوێنی کرد بچنە هەیوانێ‌و لەوێ ژێرۆم تووشی ڕشانەوەیەکی توند بوو. هەرچەند دوای ئەوە نەختێک باشتر بوو بەڵام ئیدی ئەوانی دیکە دەرفەتیان نەبوو قاوەی دوای شێویان لە هەیوانێ بخۆنەوە.

ژوولی‌و ژۆزێف زۆر زوو کۆڕی میوانەکانیان بەجێهێشتو سواری ئەو کالیسکە گوڵ‌لێدراوە بوون کە بۆ بردنەوەیان بۆ ماڵی تازەیان لەپێش باڵەخانەکە ڕاوەستابوو. ئێمە هەمووومان بۆ بەڕێکردنیان هەتا دەروازەی گەورەی باغی چووین. چونکە دیتم گریانی دایکم هەتا دێ توندتر دەبێ دەستم دەملی کردو هەوڵم دا دڵخۆشیی بدەمەوەو پێی بڵێم کە شتێک لەئارادا نیە بۆ گریان ببێ. پاش ڕۆیشتنی بووکو زاواو کاتێک دووبارە لە دەوری یەک دانیشتینەوە ئەتین زۆر بە ئەدەبەوە خاڵە فێچی تێگەیاند کە پێویستیی بە کارمەندی تازە نیەو ئەگەر بتوانێ بەپێی ئەو بەڵێنەی داویەتی کارێک بۆ ژۆزێفو لووسین پەیدا بکا کارێکی گەورە دەبێ. سەرەنجام بە تەواوبوونی میوانداری، هەموو بوناپارتەکان جگە لە ناپلیۆن ماڵی ئێمەیان بەجێهێشت. دوای ڕۆیشتنی میوانەکان دووبەدوو بۆ پیاسەکردن چووینە نێو باغی‌و لەوکاتەدا خاڵە سامیس کە پێشتریش گوتم تەنیا بۆ شایی‌و شینان لە دەوروبەری ئێمە دەردەکەوێ کاتو ڕۆژی زەماوەندەکەمانی لەمن پرسی. لە وەڵامی وی‌دا دایکم ڕووی کردە ناپلیۆن‌و لەحاڵێکدا بۆ یەکەمجار دەمدی بەدەسەڵاتو جیددی‌یە، دەستەکانی لەسەر سنگی دانان‌و بەحاڵەتێکی ململانەخوازانە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ژەنراڵ بوناپارت، دەبێ بەڵێن بدەی پەلە لە ڕێوڕەسمی زەماوەندەکە نەکەی‌و هەتا ئووژنی دەگاتە تەمەنی شازدەساڵی ڕاوەستی.

ناپلیۆن لەحاڵێکدا زەردەخەنەیەکی ئارامی لەسەر لێوان بوو، وەڵامی دایەوە:

–خاتوو کلاری، بڕیاردان لەوبارەیەوە لەئەستۆی من نیە بەڵکوو لە دەسەڵاتی جەنابت، بەڕێز ئەتین‌و کیژۆڵە ئووژنی خۆی‌دا دەبێ.

دایکم بە تێماوی سەرێکی ڕاوەشاندو گوتی:

–ژەنراڵ، نازانم چنهێنی‌یەک لە زاتی تۆدا هەیە کە هەست دەکەم دەگەڵ ئەوەی گەنجی خەڵکی دیکە ناتوانن بەرامبەرت ڕاوەستن‌و بیانەوێ یان نەیانەوێ ملکەچی بۆچوونەکانت دەبن. هەرنەبێ لە بنەماڵەی خۆتان‌داو لەوەتا پێکەوە ئاشنا بووین لە بنەماڵەی ئێمەش‌دا وا بووە. بۆیە ئەو تکایەت لێ‌دەکەم چونکە ئووژنی هێشتا زۆر گەنجە.

ناپلیۆن بێ‌ئەوەی قسەیەک بکا سەری بۆ دایکم دانواندو بەنیشانەی ڕێزدانان پشتەدەستیی ماچ کردو ئەمن تێ‌گەیشتم کە داواکەی دایکمی قبووڵ کردوەو ئەم ڕەفتارەی دەبێ وەک بەڵێنێکی جیددی چاو لێ‌بکەی.

وە سبەینێ‌ڕا، بەپێی حوکمێک فەرمان بە ناپلیۆن درا دەسبەجێ بچێتە "وەندی"و فەرماندەریی یەکەیەکی پیادەنیزام لە هێزەکانی ژێر ئەمری ژەنراڵ هاچ وەئەستۆ بگرێ. لەبەر هەتاوی گەرمی سێپتامبر لەسەر چیمەن دانیشتبووم‌و چاوم تێوە بڕیبوو. ناپلیۆن بە هەژاوی و ڕەنگ‌بزڕکاوی لەڕقان، بەرامبەر بەمن بەپیاسەکردن ئەملاو ئەولای دەکردو ڕێژنەبارانێک وشەی توندو پچڕپچڕی بەسەر من‌دا دەباراند. ئەو دەیەویست چۆنیەتیی ڕەفتارێکی نەشیاوو پڕسووکایەتی کە دەگەڵی کراوە لەمن حاڵی بکا.

–چوونەوەندی! ڕاوانی چەند شاپەرستی ڕاکردووی خۆشێرەوە! چەند نەجیب‌زادەی لێقەوماو کە لەبەر بەدبەختی پەنایان بردۆتە بەر ڕەعیەتە وەفادارەکانیان! نا هەرگیز. ئەمن تۆپچی‌یەکی پسپۆڕو کارامەم نەک پاسەوان‌و ژاندارم.

هەنگاوەکانی خێراتر ببوون‌و دەستەکانی کە لە پشتەسەریەوە تێک‌ئاڵقابوون بەتوندی یەکتریان ڕادەگوشی‌و دەنگی ببووە هاوارێکی ڕق‌هەستاوانە.

–ئەوان تەنانەت دادگایەکی سەربازییشیان بە من ڕەوا نەدی‌و ئێستا دەیانەوێ من لە وەندی بنێژن‌و پێیان وایە سەرهەنگێکی پیرو خانەنشینم. دەیانەوێ بە دوورخستنەوەی من لە بەرە بۆ هەتاهەتایە لەبیر خەڵکم بەرنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاویکم لە ڕوخساری کرد. کاتێک ڕقی هەڵدەستێ چاوەکانی سەیر دەدرەوشێن‌و دەڵێی شۆقێکی مەیلەوزەردیان لێ دەردەکەوێ وەک دوو لەتکە شووشەی بریقەدار، سەرەنجام غیرەتم وەبەر خۆم ناو گوتم:

–باشتر نیە دەست لەکار بکێشیەوە؟ بەو پارەیەی لە باوکم بۆم بەجێ‌ماوە دەتوانین مەزرایەکی چکۆڵە بکڕین، خانوویەکو دەگەڵ چەند دۆنم زەویی کشتوکاڵ. ئێمە دەتوانین لەو زەوی‌یانەدا...

جووڵەیەکی وەک لەرزینی کرد، ڕاوەستاو تێمەوە ڕاماو ئەمن درێژەم دایە:

–ئەگەریش دەگەڵ ئەم پێشنیارە ڕێک نەبی دەتوانی لە فرۆشگا دەگەڵ ئەتین کار بکەی...

–ئووژین! شێت بووی؟ بەڕاستی ئەمن بۆ ژیان لە مەزرا دروست بووم بۆ ئەوەی مریشکو کەڵەبابان ڕابگرم یان بۆئەوەی لە دوکانێکی چکۆڵەو لەکن براکەی تۆ قردێلەی هەریر بفرۆشم؟

–ئەمن نیازی ڕەنجاندنی تۆم نەبوو، هەرویستم ڕێگەچارەیەک پێشنیار بکەم، پێم وابوو...

ئەو یەکسەر دەستی کرد بەپێکەنین، پێکەنینێکی تیژو ئازاردەرو ئەوەندەش توند کە هەموو گیانیی وەلەرزە خستبوو:

–ڕێگەچارەیەک! ڕێگەچارەیەک ئەویش بۆ باشترین‌و شیاوترین ژەنڕاڵی تۆپچیی فەڕانسە؟! ئەتۆ بەڕاستی گومانت لەوەدا هەیە کە ئەمن شیاوترین ژەنڕاڵی تۆپچیی فەڕانسەم؟

دووبارە دەستی بە پیاسەکردن کردەوە بەڵام ئەمجار لەوپەڕی بێدەنگی‌دا، لەنەکاو ڕاوەستاو بێ‌پێشەکی گوتی:

–ئەمن سبەینێ دەڕۆم!

–بۆ وەندێ؟

–نا. بۆ پاریس. دەچم قسە دەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی بەرگری دەکەم.

–بەلام ئەمکارە... مەبەستم ئەوەیە ئەمکارە لەباری ڕێوشوێنە سەربازی‌یەکانەوەو بۆ ئەفسەرێک بە بڕیارشکاندن‌و سەرپێچی لە دەستوور دانانرێ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

با، ئەگەر سەرپێچی‌یەکی وا لە ژێردەستانی من ڕوو بدا دەسبەجێ فەرمان دەدەم گوللەبارانیان بکەن. لەوانەیە کاتێک دەگەمە پاریس دەگەڵ منیش هەروا بکەن دیارە ئاجودانەکانم مارموونو ژانووش دەگەڵ خۆم دەبەم.

مارموونو ژانوو دوو ئاجودانی تایبەتیی وی لە ئۆپێراسیۆنی توولۆن بەدواوە هەروا لە مارسەی مابوونەوەو لەڕاستی‌دا چارەنووسی وان پێکەوە گرێ درابوو،و ئەوەی بەسەر وی دەهات بۆ ئەو دووانەش یەکلاکەرەوە بوو.

–ئووژنی! داخوا دەتوانی هێندێک پارەم بە قەرز بدەیتێ؟

کاتێک بە سەرلەقاندن وەڵامی ئەرێم دایەوە، لێی زیاد کرد:

–چونکە مارموونو ژانوو پارەی تەواویان نیە بۆ ئەوەی حیسابی ژوورەکەیان بدەن. ئەوانیش وەک خۆم لەوەتا ئەمن گیراوم مووچەیەکیان وەرنەگرتوەو ئەمن دەبێ ئەوان لە بارمتەی خاوەن‌میوانخانەکە بێنمە دەر. ئەتۆ دەتوانی چەندم بەقەرز بدەیتێ؟

ماوەیەک بوو کە پارەکەمم پاشەکەوت دەکرد تا جلوبەرگێکی تازەی ژەنراڵیی بۆ بکرِمو ئیستا دەوروبەری نەوەدو هەشت فرانکم لە کاونتەری جلەکانو لەژێر جلەکانمدا شاردبۆوەو پێش‌ئەوەی وەڵام بدەمەوە ئەو دووبارە گوتی:

–هەرچەندی هەتەو دەتوانی پێم‌بدەی بمدەیە ئووژنی!

ئەمن دەسبەجێ بەرەو ژوورەکەم غارم دا تا بچم پارەکەم بێنمو تاوێک دواتر لەحاڵێک‌دا پارەکەم لەدەستمدا دەگوشی هاتمەوە لای. ناپلیۆن لەپێش‌دا پارەکەی لەمن وەرگرتو خستیە گیرفانی بەڵام جارێکی دیکە دەری‌هێنایەوەو بەوردی ژماردی‌و گوتی:

–کەوایە ئەمن نەوەدوهەشت فرانک بەتۆ قەرزدار بووم. دڵنیا بە ئووژنی، دەبینی هەموو ئەوانەی لە پاریسن قانیع دەکەم بۆ ئەوەی فەرماندەریی بەرزی بەرەی ئیتالیا بەمن بسپێرن، ئەوان دەبێ وا بکەن ئووژنی، دەبێ!!

–کەنگێ وەڕێ دەکەوی؟

–هەرچی زووترو هەرکە ئاجودانەکانم لە بارمتەی میوانخانەچی دەرهێنان. لەبیرت نەچێ نامەم بۆ بنێرە ئووژنی! بنووسەو زۆریش بنووسە. دەتوانی نامەکانت بنێریە وەزارەتی بەرگری، ئەوان نامەکان بۆ هەرجێیەکی بەرە کە پێویست بێ بەرێ دەکەنو پێویست نیە نیگەرانیان بی. بۆخۆشت هەوڵ بدە خەفەت نەخۆی ئووژنی...

–لەم‌ماوەیەدا ئەمنیش زۆر کارم هەن کە دەبێ بیانکەم. لە لێرەنەبوونی تۆدا دەبێ گوڵدۆزیی جیازەکانم بکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەرێ ئەرێ! بدووره خانمی ژەنراڵ بوناپارت! پیتی ب لەسەر هەمووان بکێشەوە.ب، ب،و دیسان ب.

لەم کاتەدا جڵەوی ئەسپەکەی کە سەرەڕای هەموو هۆشدارەکانی ئەتین دیسان دەنەردەکانی باغی خستبوو، کردەوەو سوار بوو و بەرەو نێوەندی شار وەڕێ کەوت. هەتا ئەسپەکە لە شەقامە بێدەنگو چۆڵەکەی ئێمەدا دوورو دوورتر دەکەوتەوە سوارەکەشی چووکترو تەنیاتر دەهاتە بەرچاو.

***

٦

## پاریس دوازده مانگ دواترو سێیەمین ساڵی شۆرش

بێگومان هیچشتێک لەوە ناخۆشتر نیە کە مرۆڤ لە ماڵو هێلانەی خۆی ڕابکا.

دوو شەو بوو ڕەنگی دۆشەگو نوێنم نەدیبوو و سەرم وەسەرین نەکردبوو. پشتم بەسەختی دێشێ چونکە ئەمە چوارەمین ڕۆژە کە یەکبین لەسەر نیوتەختی دەلیجان دانیشتوومو هەست دەکەم بەهۆی هەڵبەزدابەز لەسەر ئەو نیوتەختە دارینە بەدرێژایی سەفەر هێندێ جێی لەشم شین هەڵگەڕاون. لە هەمووی خەراپتر ئەوەیە کە پارەیەکیشم پێنەماوە کە بتوانم کرێی گەڕانەوە بۆ ماڵێ بدەم. بەڵام پێویستییشم پێی نیە چونکە ڕێگایەکی گەڕانەوەشم نیەو تەنیا ڕێگا، ئەو ڕێگایەیە کە لەپێشمەو ئەمن دەبێ بەو ڕێگایەدا بڕۆمە پێش.

ئێستا دوو سەعاتێک دەبێ گەیشتوومە پاریس، شەو نزیکەو لە بوولێڵی ئێوارانڎا هەموو ماڵەکان وەکیەک دەچن، خانووگەلێکی ڕەنگخۆڵەمێشی کە یەک لە پشت یەکتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵکەوتوون بۆئەوەی باغێک هەبێ. خانوێکی ڕەنگ‌خۆڵەمێشیو دوایە خانوێکی دیکەو خانوێکی دیکەو یەکی دیکەو...

قەت پێم وانەبوو پاریس ئەوەندە گەورە بێو لەم سەفەرەشدا ئەمن تەنیا موسافیری دەلیجان بووم کە پێش‌ئەوە پاریسم نەدیبوو. بەڕێز بلانش کە یەکێک لە بازرگانانی پاریس بوو و لە سێیەمین ڕۆژی سەفەردا هاتبووە نێو کۆڕی موسافیرانی دەلیجانەکەمان چونکە دەیزانی ئەمن ناشارەزام دروشکەیەکی بۆ بەکرێ گرتم. پاش ئەوەی سواری کالیسکە بووم کوتە کاغەزێکم کە ناوونیشانی خوشکێ ماریم لەسەر نووسیبوو بە پیاوە دروشکەچی‌یەکە نیشان داو هەموو ئەو پارەیەی پێشم مابوو دە دەستیم کرد. بەڵام چونکی پارەی زیادیم بۆ بەخشیش پێنەمابوو، ڕەفتاری کالیسکەچی دەگەڵ من زۆر بێئەدەبانە بوو. بەخۆشی‌یەوە ناوونیشانەکە بەتەواوی دروستو سەرڕاست بوو و خزمەکانی مارییش لەماڵ بوون.

ماڵی بنەماڵەی کلاپین لە کۆڵانی باک بوو کە دیارە ئەوان لە بەشێکی باڵەخانەیەکی گەورەدا نیشتەجێ بوون. لەبەر ئەوەی شارەزای پاریس نیم نازانم ئەم کۆڵانە کەوتۆتە کام بەشی شارەوە بەڵام پێم وایە مەودایەکی زۆری دەگەڵ کۆشکی تویلری نەبێ. چونکە لە ڕۆیشتن‌دا کالیسکەکە بەپێش کۆشک‌دا تێپەڕیو ئەمن کە لە ڕابردوودا وێنەکانیم دیتبوون، ناسیمەوە. بۆئەوەی دڵنیا بم خەون نابینم چەندجارم لەخۆم هەڵقورینجیو ئێستا دەمتوانی باوەڕ بکەم کە لەپاریسمو تویلرییشم بەچاوی خۆم دیوە، لە هەمووشی ڕاستتر ئەوە بوو کە لەماڵێ ڕامکردبوو.

خاتوو کلاپین، خوشکێ مارییش هەر وەک ماری، لەگەڵم میهرەبان بوو. لەپێش‌دا ئەو لەحاڵێک‌دا دەستەکانیی بە بەروانکەکەی وشک دەکردنەوە، دەرگای لێکردمەوەو بە دیتنی کچێکی نەجیب‌زادە کە خوشکەکەی بە دایەنی ئەو دەژمێردرێ کەمێک شێواو بەخۆدا شکایەوە. بەڵام کاتێک پێم‌گوت بەنهێنیو بێئاگادارکردنی هیچ‌کەس بۆ کارێک هاتوومە پاریسو هەربۆیە پارەشم پێنیە، هاتەوە سەرخۆو پێی‌گوتم کە دەتوانم شەوێ لەماڵێ وان بمێنمەوە. ئەو دوایە لە منی پرسی دەمەوێ چەند لەپاریس بمێنمەوەو سەرەنجام داخوا برسیمە یان نا؟

ئەمن بەرلەوەی پێی‌بڵێم لەبرسان توانای قسەکردنیشم نیە، کۆپۆنی نانی خۆمم کە دەگەڵ خۆم هێنابوو دا بەو، چونکە ئەوساڵە بەهۆی خەراپیی بەروبوومی گەنمەوە نان بەتەواوی جیرەبەندی کرابوو و بەدوای ویدا هەموو کەرەسەی خواردەمەنی بەچەشنێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرسوڕهێن گران ببوو. لەبارەی پرسیارەکەی دیکەشیەوە گوتم بەوردی نازانم چەند دەمێنمەوەو لەوانەیە شەوێک یان دوو شەو لەماڵێ وان بم. تازە دەستم بە خواردنی ئەو تۆزە خواردەمەنی‌یە کردبوو، کە بەڕێز کلاپین مێردی خوشکێ ماری، کە پیشەکەی دارتاشی‌یە هاتەوە. ئەو لەنێو قسەکانی‌دا گوتی ئەو ژوورانەی ئەوان تێیان‌دا دەژین بەشێک لە باڵەخانەیەکی گەورەی نەجیبزادەکانە کە پێشتر هی یەکێک لە نەجیبزادەکانی سەربەحکوومەت بووەو ئێستا دەوڵەت دەستی بەسەردا گرتوەو هەر بەشێکی داوە بە بنەماڵەیەکی پڕحەشیمەت.

وەک لە قسەکانی بەڕێز کلاپین دەردەکەوت ئەم ژنو مێردە منداڵیان زۆر بوونو سێیانم کە چکۆڵە بوون دەدیتن کە لەسەر عەرزی ژوورەکە یان بیوونەوەو بەملاولادا دەخزین. تاوێک دواتر دوو منداڵی دیکەی گەورەتر لەوانیشم دین کە بەغاردان لە کۆڵانێڕا هاتنەوەو هێشتا نەگەیشتبوونەوە هاواریان گەییە ئاسمان کە داوای خواردنیان دەکرد. وەختی نان‌خواردن لە ئاشپەزخانە دیتم خاتوو کلاپین ئەوەندەی کۆنەی منداڵان بە دەرکو دیوارەوە هەڵواسیوە کە خێوەتی عەشیرەتە نیوە وەحشی‌یەکان وەبیر دێنێتەوە. پاش نان‌خواردن دەسبەجێ، خاتوو کلاپین بەمنی گوت کە بەنیازە لەم دەرفەتە کەلک وەرگرێو سەعاتێک دەگەڵ مێردەکەی بچێتە دەرێ. بوونی منداڵی زۆرو پێویستیی چاوەدێری‌کردنیان عادەتەن ئەو دەرەتانەی پێ‌نەدەداو ئێستا دەرفەتێک بوو کە منداڵەکان بخەوێنێو بە دڵنیایی لەوەی ئەمن لەوێم بێ‌نیگەرانی سەعاتێک دەگەڵ مێردەکەی بەسەر بەرێ. ئەو منداڵەکانی دوو دوو بردە نێو نوێنانو چووکترینەکەشیانی لە لانکەیەک‌دا خەواند کە لە دیواری ئاشپەزخانە قایم کرابوو.

پاشان خاتوو کلاپین کڵاوێکی کە بە پەڕێکی وشترمرغ ڕازابۆوە کردە سەری‌و بەڕێز کلاپینیش هەرچی لەنێو بەستە پۆدرێک‌دا بوو لە قژە تەنکەکانی داو ژنو مێرد کە ئامادە ببوون، لەماڵ وەدەر کەوتن.

ئێستا دەم‌توانی قووڵایی تەنیایی‌و غەریبیی خۆم لەم شارە گەورەو بێ‌سەرەوبەرەیەدا بەچاکی هەست پێ‌بکەم‌و بۆیە دەستم دەجانتا سەفەری‌یەکەمڕا کرد بەڵکوو شتێکی ئاشنا وەبینم کە تەنیایی‌و غەریبیی خۆمی پێ‌بڕەوێنمەوەو لەناکاو دەستم وە دەفتەری بیرەوەری‌یەکانم کەوت کە لە دواساتەکان‌دا دە جانتاکەمم هاویشتبوو. لەپێش‌دا دەستم بە هەڵدانەوەی پەڕەکانی کردو بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، جارێکی دیکە بەو شتانەدا چوومەوە کە ڕوویان دابوو، ئێستاش دەچم تا بە پەڕەمووچێکی قەڵشیوو قوتووە مەرەکەبێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆزڵیّنیشتوو کە لەسەر قەوەزەی ئاشپەزخانە دیومنەوە، دووبارە وەدوای نووسینەکانم بکەومو چۆنیەتیی ڕاکردنم لە ماڵێ بگێڕمەوە.

ئێستا ساڵێک لەوکاتە کە دواپەڕی بیرەوەرییەکانم نووسیوە تێپەڕیوە. بەڵام ئەوماوەیە لە ژیانی کچێکدا کە وەک بێوەژنان لە دەزگیرانەکەی دوور بووە، ناکرێ ڕووداوێکی جێی سەرنج ڕووی دابێ، چونکە لە تەواوی ئەوساڵەدا ناپلیۆن دوور لەمنو لەپاریس بوو. دوای ڕۆیشتنی وی ئەتین لە دوکانیّڕا هێندێک پارچەی بۆمن هێنایەوە تا خەریکی ئامادەکردنی جیازەکەم بمو دیارە پارەکەشی لەو شتە کەم دەکردەوە کە باوکم بۆ منی دانابوو. ئەمن کە سەرگەرمییەکی دیکەم نەبوو، بەشکڵی جۆراوجۆر پیتی "ب"م لە سووچی دەسرۆکەو مەلافەو شتی لەو بابەتە دووریبوو. جێدەرزی لەسەر هەموو جێیەکی قامکانم مابۆوەو دێشان. زۆر وەختانیش دەچوومە ماڵە فەقیرانەو ژێرزەمینییەکەی خاتوو لیزیاو سەرم دەدا. بەڵام خاتوو لیزیا لە ئاوسانو گرانیی سەرسوڕهێنی پێویستییەکانی بەولاوە، باسی هیچ ناکاو هەمیشە لە ناپلیۆن بەگلەییە کە بۆچی پارەی پێویستی بۆ نانێرێتەوە. لەلایەکی دیکە ژۆزێفو ژوولیش هێشتا وەک ڕۆژەکانی هەوەڵی ژیانیان بە ڕەمزوڕازەوە سەیری یەکتر دەکەنو لە قسەکانیاندا کینایەی وا بەکار دەبەن کە هیچکەسی دیکە تێیناگا. پێکەنینی خۆشحاڵانەی وان تەواوبوونی نیەو جارجار بێغەمییەکەیان تاڕادەیەک گەوجانە دێتە بەرچاو. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش زۆر وەخت دەچمە سەردانیان چونکە ژوولی پێیخۆشە لەو شتانە ئاگادار بێ کە ناپلیۆن بۆ منیان دەنووسێو ئەمنیش حەز دەکەم ئەو نامانە بخوێنمەوە کە بۆ ژۆزێفیان دەنووسێ.

بەداخەوە هەمووی ئێمە لەو باوەڕەداین کە دەزگیرانەکەم لەپاریس ڕۆژگارێکی زۆر خۆشی نیە. ساڵێک پێش ئێستا ئەو دەگەڵ دوو ئاجودانەکەیو هەروەها لوویی قەڵەوو ورگن گەیشتە پاریس. بردنی لوویی زیاتر بۆیە بوو کە خاتوو لیزیا لە ماڵێ نانخۆرێکی لێ کەمبێتەوە. هەروەک لەپێشەوەش گومانی بۆ دەچوو، سەرەتا کاربەدەستانی وەزارەتی بەرگری لەگەڵی توند بوون. چونکە ئەو بە سەرپێچییەکی ئاشکرا لەجیاتی چوون بۆ وەندی چووبووە پاریس. ناپلیۆن جارێکی دیکە نەخشەکانی خۆی لەبارەی بەرەی ئیتالیاوە دەگەڵ وەزیری بەرگری هێنانە گۆڕێو ئەویش بۆ ڕزگاربوون لە داوی باسە بێکۆتاییەکانی ناپلیۆن ئەوی ناردە سەردانی ئەو بەرەیە. دیارە لەو نێوەدا باسێک لە فەرماندەریی بەرزی هێزەکانی فەڕانسە نەهاتە گۆڕێ. ناپلیۆن چووە شوێنی ئەرکە پێسپێردراوەکەی. بەڵام کاتێک گەیشتە وێ زۆر لە ژەنڕاڵەکانو فەرماندەرەکانی بەرەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باشوور بەڕوویەکی زۆرخۆشەوەیان وەرنەگرتو تەنانەت وشیاریش کرایەوە کە دەست دە کاروباری فەرماندەیی ئەفسەرەکانی دیکە وەرنەدا. پاشان ئەو لەحاڵێکدا تووشی مالاریا ببوو بە ڕوخسارێکی زەردو جلوبەرگێکی شڕەوە جارێکی دیکە گەڕایەوە پاریس. کاتێک دووبارە چۆوە وەزارەتی بەرگری وەزیر کە بەدیتنی قەڵس بوو ئەوی لە ژوورەکەی خۆی دەرکرد. بەدوای ئەم ڕووداوەدا سەرەتا نیوەی مووچەکەی دەدرا، بەڵام زۆری پێنەچوو کە ئەویشیان لێبڕیو لەڕاستیدا ئەو بەکردەوە لە سوپا دەرکرا... ناپلیۆن کەوتبووە خەراپترین هەلومەرجی مومکینو نەماندەزانی چۆن ڕۆژگاری دەگوزەرێنێو ژیانی بەڕێوە دەبا. لەوانەشە بەهۆی بەبارمتەدانانی سەعاتێک کە یادگاری باوکی بوو چەند ڕۆژێکی تێپەڕاندبێو خۆی لە برسیەتی دەرباز کردبێ. لەم هەلومەرجەداو لەحاڵێکدا لوویی پێ بەخێو نەدەکرا ناچاری کرد بچێتە نێو سوپا. جارجار کارێکی کاتیی بۆ یارمەتیی خەڵکی دیکە لە وەزارەتی بەرگری دەست دەکەوتو بەهێندێ کاری وەک کێشانەوەی نەخشەی سەربازی چاوەکانیی لەجاران پتر شەکەتو شپرێو دەکردن. مەیدانی ژیانی وا لەسەر بەرتەنگ ببۆوە کە سەرئەژنۆکانی کۆنە شاڵوارەکەی وەک برینێکی چڵکن دەمیان کردبۆوەو سەفەر بۆ ئیتالیا لەڕاستیدا دواهەناسەی بە جلکە پەڕپووتە سەربازییەکانی کێشابوو و ئەو ناچار بۆخۆی هەوڵی دەدا ئەو دادڕاوییانە بدوورێتەوەو پینەیان بکا. بەڵام ئەوەشی هەوڵێکی بێهوودە بوو، چونکە جلکی ڕزیو بە زۆری پینەوپەڕۆ وای لێنەدەهات کەلکی هەبێو هەرجارەی برینێکی دیکە لەسەر ئەو پەیکەرە پوواوە دەمی دەکردەوە. لە ڕووی ناچارییەوە داخوازیی دەستێک جلکی تازەی بۆ وەزارەتی بەرگری نارد. بەڵام سوپای فەڕانسە بوودجەیەکی وەهای نەبوو دەستێک جلک بداتە ژەنراڵێک کە خزمەتەکەی هەڵواسراوە. سەرەنجام ناپلیۆنیش ناچار بوو ڕوو بکاتە جێگایەک کە هەموو کەس لەکاتی لێقەوماندا بۆ بەدەستهێنانی داخوازەکانیان ڕوویان تێدەکرد، کۆشکی لاشومێرو ماڵی خاتوو تالین.

وڵاتی ئێمە ئێستا بەهۆی کۆڕێکی بڕیاردانەوە کە پێیدەگوترێ دیرێکتوارو پێنج ئەندامی هەن بەڕێوە دەچێ. دیارە بەقسەو باوەڕی ژۆزێف تەنیا یەکێک لەو پێنج کەسە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی لەدەستدایەو ئەویش باراسە. ئەو یەکێک لەو کەسانەیە کە هەمیشە سواری شەپۆلی ڕووداوەکان دەبنو ڕەوتی ڕووداوەکان بەهەر جۆرێک بێ ئەوان لە لووتکەی دەسەڵاتدا دەبن، لەوانەشە وەک قانگەلاشکی لێواری بەندەرگەکان بن کە هەمیشە لەسەر ئاوو لە ژوورووی شەپۆلەکانن. هەرچەند قسەی وا لەبارەی یەکێک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێبەرانی وڵاتەوە ڕەنگە زۆرجوان نەبێ، بەڵام بەهەرحاڵ ڕاستییەکە ئەوەیە کە باراس پێش شۆرشیش یەکێک لە نەجیبزادەکان بووەو ناسناوی "کۆنت"یشی هەبووە بەڵام ئەم پێوەندییەش هیچ وەزەندییەکی بەو نەگەیاندو بە سواربوونی شەپۆلی شۆرش، کۆنتی دوێنێ بوو بە ژاکووبییەکی دەمارگرژ. زۆری پێنەچوو کە بە کۆمەگی تالینو نوێنەرێکی دیکە بەناوی فووشێ زەمینەی ڕووخانو گیرانی ڕۆبسپێری ئامادە کردو بەقەول، کۆماری فەڕانسەی لە وەزەندیی ملهوڕەکان پاراست.

ئەو پاشان ڕێی کەوتە کۆشکی لووکزامبوورگو ئێستا یەکێک لە پێنج بەڕێوەبەرو ئەندامی کۆڕی بڕیاردانو بەڕێوەبەریی وڵاتەو گومانی تێدا نیە کە بەهێزترینیشیانە. ئەو پێنجکەسە بۆ بەدواداچوونو بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات هەموو ڕۆژێ کەسانی ديارو ناوداری وڵات دەبیننو باراس کە زەماوەندی نەکردوەو سەڵتە تکای لە خاتوو تالین کردوە کە دوانیوەڕۆیان میوانداری لە میوانەکانی ئەو بکاو وەک دەڵێن میوانداری لە میوانەکانی کۆمار بکا. یەکێک لە دۆستانو هاوکارانی ئەتین  بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە کە لەو میوانداریيانەدا زێدەخەرجی بەجۆرێکە کە وەک دەڵێن لەجیاتی ئاو شیروشەربەت بەجۆگەلەکاندا دەڕواو هەموو خەڵکانی خاوەنناوو قازانجپەرست کە لە بارودۆخی نالەبارو پشێویی شەڕ بۆ دەوڵەمەندبوون کەلک وەردەگرن، لەوێ خڕ بوونەوە. بەشێک لەوانە ئەو کەسانەن کە دەستیان لە سەوداو مامەڵەی  خانووبەرەو زەویدا هەیەو کۆشکەکانی دەوڵەمەندو نەجیبزادەکان کە دەوڵەتی کۆماری دەستی بەسەردا گرتوون بەنرخێکی کەم دەکڕنو بەنرخێکی یەکجار گران بەو تازەبەسەرداکەوتووانەی کە لە بەرەکەتی پێوقەدەمی کۆمار دەوڵەمەند بوون دەفرۆشنەوەو لەو ڕێگایەوە قازانجێکی زۆر لە تەنکەی گیرفانیان دەنێن.

جگەلەوە لەوێ مرۆڤ دەتوانێ کەسانی خاوەنناو، ژنانی بەناوبانگو دۆستانی دیکەی خاتوو تالین ببینێو دەگەڵیان ئاشنا بێ کە ناودارترینو ناسراوترینیان خاتوو تالین خۆیو هەروەها ژووزفین بوئارنەن... خاتوو بوئارنە کە دەڵێن گراویی باراسە هەمیشە قردیلەیکی سوور لە ملی داڵێنێ تا بەوجۆرە پێوەندیی خۆی دەگەڵ قوربانییەکانی گیووتین نیشان بدا. ئێستا ئیدی ڕۆژگارێکە کە پێوەندی دەگەڵ قوربانییانی گیووتین نەکهەر مایەی سەرشۆڕیو ڕیسوایی نیە بەڵکوو بۆ هێندێکان بۆتە ئامرازی خۆنواندنو فەخرفرۆشتنیش. خاتوو بوئارنە کە لەڕاستیدا یەک لە کۆنتێسەکانی پێشوویەو بێوەژنی ژەنڕاڵ بوئارنەیە کە لە قوربانییە بەناوبانگەکانی گیووتینە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایکم کە بە بیستنی قسەی دۆستو هاوکارەکەی ئەتین تووشی سەرگێژە ببوو پرسی:

-یانی بەباوەڕی تۆ ئیدی ژنی نەجیبو شەریف لە پاریس پەیدا نابێ؟

-بۆچی خاتووون؟ بەڵام دڵنیا بە کە لە کیمیا نایابترو گرانباییترە.

دایکم کە ئیدی بە بیستنی ئەم قسانەو دیتنی پێکەنینە پڕماناکانی ئەوپیاوە گێژ ببوو داوای لەمن کرد پەرداخێک ئاو بێنم.

سەرەنجامو بەهەر هەوڵوتەقەلایەک بوو ناپلیۆن توانی دوانیوەڕۆیەک خاتوو تالینو خاتوو بوئارنە ببینێو بەوان ناسێندرا. ئەوان پاش وتوویژ دەگەڵ ناپلیۆن داخی خۆیان لەوە دەربڕی کە وەزارەتی بەرگری دەستێک جلی تازەو پۆستی فەرماندەریی بەرزی بەرەی ئیتالیا بەو ڕەوا نابینێو بەڵێنیان پێدا کە هەرنەبێ دەستێک جلی تازەی بۆ وەربگرن. بەڵام ئەوان داوایان لێکرد ناوەکەی بگۆڕێ چونکە دەربڕینی ناوە کۆرسی‌یەکەی بۆ فەڕانسەیی‌زمانان دژوار دیار بوو. ناپلیۆنیش دەسبەجێ نامەیەکی بۆ ژۆزێف نووسیو لەوێدا باسی کرد کە دەیەوێ ناوەکەی بگۆڕێ کە دیارە کارێکی ناقانوونی نیە. ئەو هەروەها بە ڕاوێژێکی ئامۆژگاری‌کەرانە داوای لە ژۆزێف کرد ئەوانیش ئەوکارە بکەن چونکە لەپاریس هیچکەس ناتوانێ ناوەکەیان بە شێوەزاری کۆرسی دەرببڕێو باشترە لەجیاتی بیئۆناپارت ناوی بوناپارت هەڵبژێرن. بەمجۆرە ناپلیۆن لەوە بەدوا لەجیاتی بیئۆناپارت ناوی بوناپارتی لەسەر خۆی داناو داوای لە ژۆزێف کرد ئەم بابەتە بە هەموو بنەماڵە ڕابگەیەنێ تا لە نووسینی نامەکانیاندا لەبەرچاوی بگرن. ئەو لە نامەکەیدا نووسیبووی ئەمن هاونیشتمانێکی فەڕانسەییمو دەمەوێ ئەوکاتەی ناوی خۆم لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی فەڕانسە دەنەخشێنم ناوێکی فەڕانسەییم هەبێ.

بەهەرحاڵ ناوی وی چبیئۆناپارت بێو چبوناپارت ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە جلەکانی شڕو کۆنو سەعاتێک کە یادگاری باوکیەتی بەبارمتە دانراوە، بەڵام ئەو هێشتا بیر لەوە دەکاتەوە کە مێژوویەکی نوێ بۆ جیهان دروست بکا. ژۆزێفیش کە هەمیشە چاوی لەو کردوە دەسبەجێ ناوی خۆی کردە بوناپارتو دیارە لووسینیش کە وەک عەمباردار بەتازەیی کارێکی لە یەکەیەکی تەداروکاتی لەشکری سەن ماکزیم دەست کەوتبوو و بەتازەییش دەستی بە نووسینی وتاری سیاسی کردبوو، لەم ڕێگایەدا وەشوێن برا گەورەکانی کەوت. ژۆزێف ماوەیەک بوو وەک فرۆشیاری گەڕۆک لەلایەن ئەتینەوە سەفەری دەکردو قەرارو مەدارگەلێکی کڕینو فرۆشتنی دەبەستن کە بەباوەڕی ئەتین لەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگایەوە داهاتێکی باشی دەست دەکەوت. بەڵام ژۆزێف بۆخۆی زۆر دڵی بەوە خۆش نەبوو کە وەک پارچەفرۆشێکی گەڕۆک بناسرێ.

لە مانگەکانی ڕابردوودا چەند نامەیەک زیاترم لە ناپلیۆن پێنەگەیشتوون بەڵام هەرنەبێ حەوتووی دوو نامە بۆ ژۆزێف دەنووسێ. دەگەڵ هەموو ئەمانەش وێنەیەکم بۆ نارد کە وەختی ڕۆیشتن داوای لێکردبووم‌و بە باوەڕی خۆشم زۆر ناشیرنە. لووتم بەوجۆرەی لە وێنەکەدا دیارە وەرگەڕاوو سەربەرەژوور نیە بەڵام چونکە لەپێشدا پارەی وێنەگرەکەم دابوو، ناچار بووم قبووڵی بکەم‌و هەرئەویشم بۆ ناپلیۆن نارد. کەچی ئەو تەنانەت زەحمەتی سوپاسێکی ڕووت‌وقووتیشی بەخۆی نەداو دیارە زۆر لەمێژ بوو لە نامەکانیشی‌دا هیچی سەرنجڕاکێش بەرچاو نەدەکەوت‌و هەمیشە بە "نازەنینەکەم" دەستی پێدەکردو بە "لەدڵمدای" تەواو دەبوو. لەو نووسینانەدا نە قسەیەک لە کاتی زەماوەندەکەمان هەبوو نە یادێک لەوە کە ئەمن پاش دوومانگی دیکە دەبمە شازدەساڵ. لەبەرامبەردا نامەی چەندین لاپەڕیی بۆ ژۆزێفی برای دەنووسین‌و لەواندا باسی مەجلیسی میوانداریی خاتوو تالین‌و خاتووونە نەجیبزادەو تەڕپۆشە پاریسی‌یەکانی زۆر دەکرد. لە نامەیەکی‌دا بۆ ژۆزێف نووسیبووی کە ئەمن ئێستا دەزانم ژنانی بەهۆش‌و بەتوانا دەتوانن چنەخشێکی بەنرخ لە ژیانی پیاواندا بگێڕن، ئەو لە نامەی ژۆزێفدا بە تامەزرۆیی‌یەکی زۆرەوە باسی ژنانی هەڵکەوتەو نەخشی وان لە ژیانی پیاوانی‌دا کردبوو.

بە هیچ‌زمانێک ناتوانم ڕادەی دڵئێشانم لە خوێندنەوەی نامەی ژۆزێف دەرببڕم. لە حەوتووی ڕابردووەوە ژوولی بڕیاری داوە دەگەڵ ژۆزێف بچێتە یەکێک لە سەفەرە کاری‌و درێژەکانی ژۆزێف‌و چونکە ئەمە یەکەم‌جارە کە یەکێک لە ئێمە بۆ ماوەیەکی تاڕادەیەک درێژ لە مارسەی دوور دەکەوینەوە دایکم بەردەوام ئەسرین دەڕێژێ‌و ناڕەحەتە. بۆ ئەوەی دایکم لەو ناڕەحەتی‌یە ڕزگاری بێ ئەتین بڕیاری دا بۆ ماوەی مانگێک بی‌نێرێتە لای برایەکەی واتە خاڵە سامیس. دایکم بۆ ئەو سەفەرە حەوت جانتای بەستبوون‌و ئەمن جانتاکانم بۆ بردنە وێستگەی دەلیجان. شوێنی ژیانی خاڵە سامیس چوار سەعات لە مارسەی دوورەو دوای ئەو سەفەرە بوو کە دایکم دیتی لەش‌ساغی‌یەکەی تەواو نیەو داوای لە ئەتین کرد بیباتە ناوچەیەک کە ئاوی مەعدەنیی هەبێ‌و ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ئەمن بەشێوەیەکی دوور لەگومان بەتەنیا دەگەڵ ماری لە ماڵێ بمێنمەوە.

ڕۆژێکیان وەختێک دەگەڵ ماری لەبن کەپرێ دانیشتبووم، فکری ڕاکردن لەماڵێ‌و سەفەر بۆ پاریس لەسەری دام. گوڵە ڕۆزەکان ماوەیەک بوو ڕوویان دە سیس‌بوون



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردبوو، گەڵادارەکان دەستیان کردبوو بە وەرینو ئەو ڕۆژە یەکێک لە ڕۆژەکانی پاییز بوو، یەکێک لەو ڕۆژانە کە مرۆڤ ئەوندە خەفەتبارو دڵتەنگ دەبێ کە هەست دەکا تەنیا هەنگاوێکی بۆ مردن ماوەو پێم وایە بۆیە بوو کە هەموو شت تەنانەت بیرکردنەوەشم توندو ڕەزاگران بوون. لەنەکاو خاولی‌یەکم کە دەمەویست پیتی ب لە گۆشەکەی نەخش بکەم لە زەوی داناو گوتم:

–دەبێ بچمە پاریس. دیارە دەزانم شێتی‌یەکی ڕووتەو ئەندامانی بنەماڵە هەرگیز لەمکارەم خۆش نابن... بەڵام دەبێ... بەڵێ دەبێ بچمە پاریس.

ماری کە بێدەنگ لە سووچێک دانیشتبوو،و خەریکی نۆکسپی‌کردن بوو بێ‌ئەوەی سەر هەڵبڕێ گوتی:

–باشە! ئەگەر پێتوایە دەبێ بچی، بچۆ.

لەحاڵێکدا بەبێ ئاگا دە قالۆچەیەکی ڕەنگزردەوە ڕامابووم کە لەسەر لێواری مێزەکە دەهاتو دەچوو، وەڵامم دایەوە:

–زۆرسادەیە ماری! بەڵام جگە لەم دووانەمان نابێ هیچکەس لەم ماڵە ئاگاداری ئەم ڕووداوە بێ. پێم وایە لە دەلیجانی سبەینێدا کە دەچێتە پاریس جێگام دەست دەکەوێ.

ماری لەحاڵێکدا توێکڵەنۆکێکی دەنێو قامکانی‌دا دەپلیشاندەوەو قالۆچە زەردەکەش بێ‌گوێدانەتلپەی تەقینی کەلووە نۆکەکە بەسەر لێواری مێزەکەدا ڕێگای خۆی دەبڕی پرسیاری کرد:

–پارەی تەواوت بۆ سەفەر پێیە؟

–بەڵێ پێم وایە ئەگەر ئەو دووشەوەی بەنیازم وەمێنم نەچمە میوانخانەو لە سالۆنی وێستگەی دەلیجان لەسەر نیوتەختەکان بی‌گوزەرێنم، ئەوەی پێمە بەشی سەفەرەکەم دەکا.

ماری کە بۆ یەکەمین‌جار سەری هەڵبڕیبوو، و تێمەوە ڕامابوو گوتی:

–بەڵام ئەمن پێم وابوو ئەتۆ لەمە زیاترت پاشەکەوت هەیە، لە دۆڵابی جلکەکانتو ژێر جلکەکانتدا مەبەستمە!

–نا، ئەمن بەشێکی زۆریم بە قەرز داوە بە یەکێک.

–ئەدی شەوێ لە پاریس چۆنو لە کوێ بەسەر دەبەی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا ئیدی قالۆچە زەردەکە گەیشتبووە کۆتایی ڕێگاکەی‌و ئاخری مێزەکەو ئەمن بەئارامی هەڵمگرتو ڕوو بەلایەکەی دیکە دامنایەوەو تێیەوە ڕامام تا بزانم چۆن وەڕێ دەکەوێتەوەو بەڕاوێژێکی تایبەتی‌یەوە گوتم:

–لە پاریس؟! باش نازانمو بیرم لێ‌نەکردۆتەوە. باشە بەستراوەتەوە بەوە کە...

–بەڵام ئێوە هەردووکتان بەڵێنتان بە دایکت دابوو کە هەتا نەبیە شازدەساڵ زەماوەند نەکەن؟ ئەی چۆن ئێستا دەتەوێ بچیە پاریس؟

–بەڵام ماری، سەرنج بدە ئەگەر ئەمن ئێستا نەچم لەوانەیە زۆر درەنگ بێ‌و لەجێدا زەماوەندێک لەئارادا نەبێ.

بەبێ‌ئاگاو بێ‌ئەوەی بیر لە قسەکانم بکەمەوە قسەم دەکردنو بۆ یەکەمجار هەرچی بەمێشکمدا دەهات دەمڕشتە قاڵبی وشەکانەوە.

تویکڵە نۆکەکەن یەک لەدوای یەک لەنێو قامکەکانی ماری‌دا دەمیان دەکردەوەو ماری بەحاڵەتێکی تایبەتی پرسی:

–ئەو ژنە ناوی چیە؟

بە بێ‌موبالاتی شانم هەڵتەکاندن، تەنانەت خۆشم نەمدەزانی ناوی چیە داخوا بیرکردنەوەکەم ڕاستەو ژنێک لەگۆڕێدا هەیە یان ناو بەهەرحاڵ وەڵامم دایەوە:

–دڵنیا نیم، نازانم. ڕەنگە خاتوو تالین بێ، لەوانەشە کەسێکی دیکە، بۆ وێنە گراوی‌یەکەی باراس کە ناوی ژووزفینەو پێشتر کۆنتس بووە. بەڵام زۆر لە قسەکانم دڵنیا نیم. ماری نابێ زۆریش دەرهەقی ڕەشبین بی. جگە لە هەمووی ئەمانە ساڵێک پترە منی نەدیوەو بێگومان وەختێک دووبارە بمبینێ...

–بەڵێ، قسەی تۆیەو ئەتۆ دەبێ بچیە پاریس. پی‌یەری هاوسەری منیش کاتێک بانگ کرایە خزمەتی سەربازی، بەناچار منی بەجێ هێشت...و ئیدی هەرگیز نەهاتەوە. کاتێک کوڕە چووکەڵەکەمان هاتە سەر دنیا بۆم نووسی کە ناچار بووم منداڵەکە بە کەسێکی دیکە بسپێرمو بۆخۆم وەک دایەن لەماڵی کلاری کار بکەم چونکە بۆ گوزەراندنی ژیان پێویستیم بەپارە هەیە. بەڵام ئەو هەرگیز بەنامەش وەڵامی نەدامەوە. دەبوو ئەمنیش هەر ئەودەم چووبامە سەردانی.

ئەمن لە چارەنووسی ماری ئاگادار بووم و ئەو چەندین جاری بۆ گێڕابوومەوەو دەتوانم بڵێم دەگەڵ داستانی غەمەکانی ماری گەورە ببوومو نامیهرەبانی‌و بێوەفایی‌یەکانی پی‌یەر داستانی لەمێژینەو کۆنە هاودەمی ژیانی من بوون، بۆیە وەڵامم دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڵام ئەتۆ نەتدەتوانی بچیە سەردانی چونکە ئەو زۆر دوور بوو.

جارێکی دیکە قالۆچە زەردەکە گەیشتبووە لێواری دیکەی مێزەکەو کۆتایی ڕێگاکەی‌و لەسەر لێواری ئەو هەڵدێرە بە نائومێدی پەلەقاژەی دەکردو ڕەنگە پێشی وا بووبێ گەیوەتە ئاخری جیهان‌و خالی کۆتایی مانای بوون. ماری جارێکی دیکە گوتی:

–ئەتۆ دەتوانی بچیە پاریس‌و تەنانەت چەند شەوی سەرەتاش دەتوانی لە ماڵی خوشکم وەمێنی‌و دواتر دەتوانی بڕیار بدەی کە دەبێ چبکەی.

–بەڵێ دوایە خوا گەورەیە.

ئەمن دەگەڵ گوتنی ئەم ڕستەیە هەستامە سەرپێ‌و لەحاڵێکدا جانەوەرەکەم لەسەر مێز هەڵگرتبوو، و لەسەر گیایەکەم دادەنا گوتم:

–ئەمن سەرێکی نێو شاری دەدەم تا خەبەرێکی دەلیجانی سبەینێ‌و سەعاتی وەڕێکەوتنەکەی بزانم.

ئەمن ئەو شەوە باری سەفەرم بەستو چونکە هەموو ئەندامانی بنەماڵەش لە سەفەر بوون لە کیفێکی کۆن‌و شەپەتوور بەولاوە هیچم نەدۆزیەوە. کراسێکی هەریری شینم بۆ زەماوەندی ژوولی دووریبوو دە کیفەکەم هاویشت، چونکە ئەوم بە جوانترین جلی خۆم دەزانی. لەدڵی خۆمدا گوتم کاتێک بۆ دیتنی وی بچمە ماڵی خاتوو تالین دەتوانم ئەم کراسە دەبەر بکەم.

وەسبەینێ بەیانی‌ڕا ماری هەتا ویستگەی دەلیجان بەڕێی کردم. کاتێک بە شەقامە ئاشناکانی شارەکەماندا تێدەپەڕیم دەتگوت خەون دەبینم، خەونێکی خۆش‌و لەبەردڵان کە لەودا مرۆڤ هەموو کردەوەکانی بە دروست‌و ئاقڵانە دەزانێ. لە دواساتی ماڵئاواییدا ماری ملوانکەیەکی زێڕینی زۆر قورسی وێدام‌و گوتی:

–ئەمن پارەیەکی پاشەکەوتم نەبوو چونکە هەموو مووچەکەم بۆ خەرجی بەخێوکردنی پیەری چکۆڵە دەنێرم. بەڵام ئەم ملوانکە زێڕینەت پێ‌بێ، ئەم میداڵە یادگاری ئەو ڕۆژەیە کە تۆم لە مەمکێ کردەوەو لەو ڕۆژەدا دایکت بە دیاری دایمێ. بەسادەیی دەتوانی بی‌فرۆشی کچەکەم.

–بی‌فرۆشم؟ بۆچی؟

–چونکە بۆ هاتنەوە پێویستیت بە پارە دەبێ.

ماری دوای گوتنی ئەم ڕستەیە خێرا ڕووی لێ‌وەرگێڕا‌و دوور کەوتەوە چونکە نەی‌دەویست وەڕێکەوتنی دەلیجانەکە ببینێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چـوار ڕۆژی تـەواوو لەسـەر یـەک بـەوجادە پڕتۆزوخۆڵانـەدا لـەنێو دەلیجانەکـە دانیشـتبووم‌و لەپەسـتا بـە ڕاتڵەکانـە تونـدەکانی هەڵلاوپێـدام دەکـرد. دەلیجـان هـەر سێ‌سەعات جارێک بۆ گۆڕینی ئەسپەکانی ڕادەوەستاو لە تەواوی ئەو سێ سەعاتەدا ئەمن یان پاڵم وەشانی ڕەقوتەقی ژنێکی تازەباری ڕەشپۆش دابوو کە لەلای ڕاستم دانیشـتبوو یان خۆم هاویشتبووە سەر ورگی زلی پیاوێکی زۆر قەڵەو کە کەوتبووە لای چەپم. بەینێک نا بـەینێک ئەسـپەکان دەگـۆڕان‌و جـارێکی دیکـە دەلیجـان وەڕێ دەکەوتـەوە. ئـەمن تـەنیا بەفکرێکەوە سەرگەرم بووم، ئەوە کە چۆن بۆ داوای دیتنی وی دەچمە دەرگای ماڵی خاتوو تالین. هێندێ جاریش خۆمم دێنایە بەرچاو کە بەرامبەری ڕاوەستابووم‌و دەمگوت:

–ناپلیۆن، ئەمن هاتمە ئێرە بۆلای تـۆ چونکـە دەمزانـی سـەفەری مارسـەی بۆتـۆ زۆر قورسە، هاتووم کە لێرە لەپەنا یەکتر بین.

داخـوا ئـەو بـەدیتنی مـن خۆشـحاڵ دەبـێ؟ سـێبەرگەلی بێگانـە لەسـەر دیـواری ئاشپەزخانەی خوشکێ مـاری هـەودای بیرەکانمیـان دەپسـاند. چونکـە ئـەو جێگایـەم لـە ڕووناکایی ڕۆژدا نەدیبوو نەمدەتوانی ئەم سێبەرە بناسمەوە.

بێ‌گومان ناپلیۆن بە دیتنی من خۆشحاڵ دەبـێ‌و مـن بـە دۆسـتە تازەکـانی دەناسـێنێ‌و بێ‌شکیش دوای بەجی‌هێشتنی وان ناچار دەبووین سەعاتێک پێکـەوە پیاسـە بکـەین چونکـە پارەمان نەبوو پێی بچینە ڕێستووران. لەوانەشە ئەو دۆسـتی وای هـەبن کـە ئـەمن بتـوانم چەند ڕۆژێک لە ماڵیان بمێنمەوە تا بتوانین نامەیەک بۆ دایکم بنێرین‌و ئیزنی زەماوەندی لێ‌وەرگرین. ئەوجار دوای زەماوەند ئیدی... گوێم لـە دەنگی لاقان بـوو، بـەدوای ئـەوەدا خاتوو کلاپین‌و مێردەکـەی گەیشتنەوە. هیـوادار بـووم نیوتـەختێکی ڕەحـەتیان هـەبێ کـە بتوانم شەوێ لەسـەری بخـەوم‌و سبەینێ... ئـەی خوایـە گیـان!... سبەینێ چدەقـەومێ... خوایە گیان. چەند تامەزرۆی سبەینێ...

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٧

## پاریس، بیستوچوار سەعات دواتر

ڕەنگە باشتر بێ لەجیاتی بیستوچوار سەعات بڵێم تەمەنێک دواتر. شەوەو ئەمن جارێکی دیکە لە ئاشپەزخانەی خاتوو کلاپین دانیشتووم. ڕەنگە باسکردنی من لە ڕابردوو خۆڕایی بێو ئەوەی بە دوێنێی دەزانم شتێک نەبێ جگە لە مۆتەیەکی ناخۆشو دڵتەزێنو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا کاتی ئەوەیە چاو لەخەو هەڵێنمو خۆ لەو مۆتەیە ڕزگار کەم. بەڵام نا، چما ئاوی چۆمی سێنم لە مەودایەکی زۆر نزیکەوە بەچاوی خۆم نەدی؟ هەروەها شۆقی چراکانی پاریس کە لەسەر بەرزی‌و نزمی‌یەکانی ڕووی ئاوەکە سەمایان دەکردو منیان بۆ لای خۆیان بانگ دەکرد؟ ئەوە نەبوو بۆخۆم بەسەر میلە بەردینەکەدا نووشتابوومەوەو تەماشام دەکردن؟ ڕەنگە باشتریش بووایە مردبامو شەپۆلەکانی ئاو قووتیان دابامو بە پاریسدا بردبایانم بێئەوەی هەست بەهیچ بکەم. بەڵێ، بریا مردبایەم.

بەڵام مخابن کە وا نەبوو، و ئێستا ئەمن لە تەنیشت مێزی شەقوشڕو لەرزۆکی ئاشپەزخانە دانیشتوومو بیری جۆراوجۆر مێشکیان ئاخنیومو سەرم دەسووڕێنن. ئەوەی بیستبووم هەمیشە لەگوێمدا دەزرینگێتەوەو دووپاتە دەبێتەوەو باران هەروا لەپەنجەرە دەدا. تەواوی ئەو ڕۆژە باران باری‌و ئەمن لە ڕێگای ماڵی خاتوو تالین‌دا هەموو لەشم خووسا. ئەمن ئەو ڕۆژە جلکە جوانو دڵگرە شینە ئاوریشمەکەمم دەبەردا بوو. بەڵام کاتی تێپەڕین بە باغەکانی تویلری‌و ئوونوورەدا تێگەیشتم کە ئەو جلکە بۆپاریس یەکجار بێبایەخە. لێرە خانمەکان بەجۆرێکی دیکە جل دەبەر دەکەن، جلی وا تەنگ کە بە لەشیانەوە چەسپاوەو وەک جلەکانی ئێمە ناکەوێتە سەر قولاپەیان بەڵکوو بە قردێلەیەک لە پشتینی خۆیانی خڕ دەکەنەوەو دەی‌بەستن. ئەوان وەک ئێمە ملپێچ بەکار ناهێنن بەڵکوو بەهۆی فێنکایی هەوای پاییز هێندێ پارچەی تەنک وەک دەسماڵ بەسەر شانیان‌دا دەدەن، جلەکانیان قۆڵدرێژ نین‌و لەجیاتی ئەوە جلی بێقۆڵ دەکەنە بەریان. بەڕاستی لە دۆخی ڕواڵەتیی خۆم شەرمەزار بوومو دەستولاقی خۆم لێون ببوون. چونکە هەستم دەکرد بەچاوی دێهاتی‌یەکی بێدەستوپل لێم دەڕوانن.

دۆزینەوەی کۆشکی لاشومیر لە کۆڵانی ویدووە کارێکی زۆر دژوار نەبوو. بەتایبەتی کە خاتوو کلاپین باشی ڕێنوێنی کردبومو ڕێگای نیشان دابووم. هەرچەند زۆر تامەزرۆ بووم، ماوەیەک لەبەر ویترینی دوکانەکانی پالێ ڕۆیاڵ ڕاوەستامو ئەمە نیوسەعاتێکی لە وەختی من گرت. دەرەوەی باڵەخانەی کۆشک، شتێکی زۆر سەرنجڕاکیشی نیەو ڕەنگە زۆریش لە ماڵەکەی ئێمە لە مارسەی گەورەتر نەبێ‌و بە شێوەی ماڵە دێرینەو دێهاتی‌یەکان سەربانەکەی سواغ کراوە. بەڵام پەردە زێڕدۆزی‌یەکانی لەپشت پەنجەرەکانەوە درەوشانەوەیەکی سەرسوڕهێنیان هەیە. هەرچەند هێشتا دوانیوەڕۆیەکی زوویە بەڵام ئەمن دەمەویست بۆ سەرسامکردنی وی ئامادە بمو بۆیە بڕیارم دابوو لە یەکێک لە ساڵۆنەکان پێش هاتنی ناپلیۆن چاوەڕوانی هاتنی بم. هەروەک لەوم بیستوە خاتوو تالین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕایگەیاندوە هەرکەس بیهەوێ بیبینێ دەتوانێ پاشنیوەڕۆیان بێتە ماڵەکەی. ئەو هەروەها بۆ ژۆزێفیشی نووسیبوو کە هەرکەس بیهەوێ دەتوانێ بچێتە لاشومیر چونکە دەرگای ماڵی خاتوو تالین بۆ هەمووان کراوەیە. تاقمێک خەڵکی بێکار لەپێش ماڵەکە خڕ بوونەوەو بە ڕوانینی عەیبگرانەی خۆیان لە سەرتاپای ئەو میوانانە کە دەیانەوێ بچنە وێندەرێ ڕادەمێنن. ئەمن بێئەوەی ئاوڕ وەڕاستوچەپی خۆم بدەم ڕاستەڕێ چوومە لای دەرگای چوونەژوور. کە دەستم بە دەزگیرەکەوە نا دەرگا کرایەوەو چاوم بە خزمەتچییەک کەوت. ئەم پیاوە یۆنیفۆڕمێکی سووری دوگمەزیوینی دەبەردا بوو و تەواو وەک خزمەتچییانی نەجیبزادەکانی ڕۆژگاری پێش شۆڕش دەچوو. ئەمن ئاگام لەوە نەبوو کە خەڵکانی خاوەنناوی کۆمار هەقیان هەیە خزمەتچیی یۆنیفۆڕمدەبەریان هەبێ. دیارە نابێ لەبیر بەرینەوە کە نوێنەری تالین لە ڕۆژگارێکی نەک زۆر دووردا بۆخۆی یەکێک لەو خزمەتچییانە بوو. کابرای خزمەتچی بە لەخۆباییبوونەوە لە سەرتاپامی ڕوانیو بە حاڵەتێکی بەڕواڵەت خۆبەکەمگرانەوە پرسی:

–هاوشارەکەم چکارێکت هەبوو؟

ئەمن کە چاوەڕێ نەبووم تووشی پرسیاری وا بم، بە زمانهەڵەنگووتنەوە گوتم:

–دەمەویست بچمە ژوورێ.

–ئەمەی دەزانم هاونیشتمان، بەڵام داوەتنامەت پێیە؟

لەحاڵێکدا سەرم بە نیشانەی بێخەبەری ڕادەوەشاند وەبیرم هێنایەوە چما هەمووکەس ناتوانێ بچێتە سەردانی خاتوو تالین؟

کابرای خزمەتچی لەحاڵێکدا بە بێشەرمییەوە تەماشای سەرتاپای منی دەکرد بەڕاوێژێکی پڕلە گاڵتەپێکردنەوە گوتی:

–خانمانی وەک تۆ دەتوانن بۆ گەڕانو سەیران بچنە شەقامی ئێنوورە یان پالێ ڕۆیاڵ.

ئەمن کە لەبەر ڕقو تووڕەیی خەریک بوو بتەقم، گوتم:

–بەڵێ؟ مەبەستت چیە هاونیشتمان؟ ئەمن دەبێ بچمە ئەم ماڵە چونکە ناچارم لەوێ کەسێک ببینم.

بەڵام ئەو لەحاڵێکدا دەرگای کردبۆوەو منی دەردەکرد گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بە فەرمانی خاتوو تالین ئەو هاونیشتمانانەی داوەتنامەیان پێنیە تەنیاو بێهاوڕێی پیاو هەقیان نیە بێنە ژوور. ئەو بەوەندەش ڕازی نەبوو و بەڕاوێژێکی پڕ لەگاڵتەو پێپێکەنین گوتی:

-ناکا ئەتۆ یەک لە دۆستانی تایبەتیو نزیکی خاتوو تالین بی؟

کابرای دەرکەوان پاش دەرکردنم دەرگای لەسەر پێوە داموو ئەمن چوومە نێو ئەو ئاپۆرایە کە لەشەقام کۆ ببوونەوە. دەرگاکە بەردەوام دەکرایەوەو پێوە دەدرایەوە بەڵام چەند ژنی جحێڵ کە منیان بۆلایەک پاڵ پێوە نابوو،و بەرامبەرم ڕاوەستابوون نەیاندەهێشت بتوانم خاتوو تالین ببینم. لەوکاتەدا یەکێک لەو ژنانە کە جوانکاریی یەکی زۆرتوندی کردبوو چاوێکی لەمن داگرتو گوتی:

-ئەمەش ڕێوشوێنی تازەیە. هەتا مانگێک لەمەوبەر بێ هیچ گیروگرفتێک هاتوچۆی ویمان دەکرد بەڵام گۆیا بڵاوکراوەیەکی بێگانە هێندێشتی ناخۆشی لەبارەی خاتوو تالینەوە نووسیوەو بۆتە هۆی ئەم ڕێوشوێنە تازەیە.

پێکەنینی بێموبالاتانەی ئەو کچە لەکاتی گوتنی ئەم قسانەدا بووە هۆی ئەوە کە مەودای نێوان ددانەکانی بەشێوەیەکی ناشیرن لە پشت لێوە سوورکراوەکانی دەرکەوێ. لەمساتەدا کچێکی دیکە گوتی:

-ئەو بۆخۆی بایەخ بەم قسانە نادا بەڵام باراس دەڵێ دەبێ ڕواڵەت بپارێزرێ.

ئەمن کە دەمتوانی لەبن ئەو هەموو جوانکارییەشەوە جێگای برینان بە ڕوخساری ئەو کچەوە ببینم هەوڵم دا پتری لێدوور بکەومەوەو ئەو کە وای دیت مۆڕەیەکی لە جلە لەمۆدەکەوتووەکەی من کردو پرسی:

-تازە هاتوویە ئێرە؟

جارێکی دیکە ئەو کچە کە لێوەکانی لەبەر زۆرلێدانی ڕەنگی سوورو پەمەیی مەیلەو بنەوش ببوون بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

-ئەی کە باراسی نەفرەتی... دووساڵ پێش ئێستا ئەو شەوانە هەوڵی دەدا ژوورێکی دەست کەوێ شەوی تێدا بەسەر بەرێ بەڵام ئێستا کاری گەیوەتە جێگایەک کە بوئارنەکان نەبێ وەرناگرێ.

دوایە لەحاڵێکدا بڵقی چکۆڵەو سپی لەسەر لالغاوەی دەرکەوتبوون لێی زیاد کرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–پێرێ ڕووزالی دەگەڵ دۆستە گەنجو دەوڵەمەندەکەی چووبووە وێو بۆ منی گێڕایەوە کە ئەو بزنە پیرە، هەرئەم بوئارنەیە، ئەم ڕۆژانە دەگەڵ ئەفسەرێکی لاو دەبینرێ دەچنە ئەملاوئەولا.

ئەوان ئەمجار هاتنە سەر باسی ژووزفینو تەمەنیو ئەوە کە ڕەنگە باراس بۆیە بەرامبەر بەو پێوەندییە هیچنەڵێ چونکە پێویستیی بەو ئەفسەرە لاوە هەیەو خوا دەزانێ چنەخشەگەلێک لەمێشکیدا پەروەردە دەکاو نیازی وایە ئەوان بەو ئەفسەرە گەنجە جێبەجێ بکا. ئەوانیش باسی ئەوەیان کرد کە ژووزفین دوو منداڵی دوازدەو چاردەساڵەی هەنو یەکێکیش لەونێوە وەڵامی دایەوە کە بوونی ئەم منداڵانە ناتوانێ بەڵگەی پیربوونی ژووزفین بێ. ئەو پیاوە گەنجەی ئەم قسەیەی کردبوو ڕووی کردە منو لێی زیاد کرد:

–هاونیشتمان، پێم وایە ئەتۆ تازە لە شارەکانی دیکەوە هاتووی بەڵام گومانم نیە کە تێرێزی جوانت دیوە، ئەو یەکەمین ژنە کە لە کۆڕی نیشتمانی قسە دەکاو ئەمڕۆش لەبارەی خوێندنی زۆرەملیی کچانەوە دەدوێ. بەڕاست هاونیشتمان ئەتۆش ئۆگریت بەم مەسەلانەوە نیە؟

بەڵام ئەمن لەوە زیاتر ڕانەوەستامو لەوێ دوور کەوتمەوە. باران هەروا دەبارییو جلکە شینەکەی من خەریک بوو دەخووساو بۆخۆشم هەستم بە سەرما کرد. ئیدی توانای هەڵگرتنی باری ئەم وەزعەم نیەو ناتوانم لەوە زیاتر لێرە ڕاوەستم.

لەم کاتەدا چاوم بە کالیسکەیەک کەوت کە تازە لەپێش خانووەکە ڕایگرتبوو. وەک شێتان لەحاڵێکدا بە ئەنیشکان درِم بە حەشیمەت دەدا ڕێگای خۆم بۆ لای کالیسکەکە کردەوەو لەنەکاو خۆم ڕووبەڕووی ئەفسەرێکی لاو دیتەوە، لەڕاستیدا ئەوەی لەپێش چاوی من بوو چاکەتێکی سەربازی بوو و هیچی دیکە. کەچی کاتێک سەرم هەڵبڕی ڕوخساری ئەفسەرێکم بینی کە لە کالیسکەکە دابەزیبوو، ئەوەندە کەڵەگەت بوو کە بۆ دیتنی ڕوخساری دەبوو تێیهەڵەڕوانم. بەڵام ئەو کڵاوەکەی هێندە هێنابووە سەر نێوچاوانی کە توانیم تەنیا لووتە ڕاکشاوەکەی ببینم. هەرلەوکاتەدا کە پیاوە گەنجەکە لەبەر چوونەپێشی من هەنگاوێک کشابۆوە گوتم:

- داوای لێبووردن دەکەم هاونیشتمان، بەڵام ئەمن ناچارم دەگەڵ تۆ بم. بمبوورە هاونیشتمان!

ئەفسەری لاو بەسەرسوڕماوییو وەک ئەوەی نەتوانێ لە قسەکەم حاڵی بێ پرسی:

ئەتۆ چیت دەوێ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵێ، تەنیا چەند دەقیقە، تەنیا بۆ چەند دەقیقە دەمەوێ دەگەڵت بێم. دەزانی ژنان بەتەنیا هەقیان نیە بچنە ژووریو دەبێ حەتمەن پیاوێکیان دەگەڵ بێو ئەمنیش... بەڵێ ئەمن ناچارم بچمە ژووریێ...و کەسیشم دەگەڵ نیە.

ئەفسەری لاو تەماشایەکی سەرتاپای منی کردو هەرچەند بەڕواڵەت زۆر لە بەرهەمی ڕوانینەکەی ڕازی نەبوو بەڵام لە یەک لەحزەداو لەنەکاو بڕیاری داو لەحاڵێکدا قۆڵی بۆلای من ڕاداشتبوو گوتی:

–دەگەڵم وەرە هاونیشتمان.

دەرکەوانی گۆرین بە یەکەم چاولێکردن ناسیمیەوەو بەڕقەوە لێم مۆڕ بۆوەو بەناچار بێئەوەی دەم بکاتەوە سەری بۆ ئەو ئەفسەرە دانواندو شنێلە سەربازییەکەی لێوەرگرت. ئەمن چوومە لای ئاوێنەیەکی باڵانوێنو قژەکانم کە بەتەڕی کەوتبوونە سەر نێوچاوانم بەلایەکدا خستنو بۆم دەرکەوت کە لەسەرمان لووتیشم سوور هەڵگەڕاوەو دەدرەوشێ. هەرلەوکاتەدا کە دەمەویست قوتووی پۆدرەکەم لە کیفەکەم بێنمە دەر ئەفسەرە باڵابەرزەکە بە بێسەبری گوتی:

باشە هاونیشتمان ئامادەی؟

بەپەلە بۆلای وەرسووڕام. جلێکی سەربازیی جوانو جواندووراوی بە سەرشانی زێڕینەوە دەبەردا بوو. کە سەرم هەڵبڕیو سەیری دەموچاویم کرد لە حاڵەتی ڕێکگووشراوی زارە چووکەڵەکەی کە لەبن ئەو لووتە گەورەیەدا نموودێکی نەبوو، هەستم بە نارەزایەتی کردو تێگەیشتم لەوە کە منی دەگەڵ خۆی هێناوەتە ئەو جێیە نارەحەتە. لەنەکاو فکری ئەوە کە ئەویش من وەک بەشێک لەو کچە بەرەڵڵایانە سەیر دەکا، وەک بریسکە بەمێشکمدا ڕابردو هەموو گیانمی کردە یەکپارچە ئاگرو شەرم. لەبن لێوانەوە گوتم:

لەمن ببوورە چونکە نەمدەزانی چبکەم.

ئەو بەحاڵەتێکی جیددی باسکی بۆلای من ڕاداشتو گوتی:

–کاتێک چووینە مەجلیس دەبێ ڕەفتارێکی شیاوت هەبێو شەرمەندەو سەرشۆڕم نەکەی.

پێشخزمەتی یۆنیفۆرمپۆش دەرگایەکی سپیی گەورەی بۆ لێکردینەوەو پێمان نایە سالۆنێکی گەورەوە کە حەشیمەتێکی زۆر شەپۆلی تێدا دەدا، لەم ساتەدا پێشخزمەتێکی دیکە کە چاوێکی پڕپرسیاری لە ئێمە دەکرد هاتە لامانو بێڕاوەستان ئاوڕی دایەوە سەر منو پرسی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ناوی جەنابت؟

بەخێرایی بەمێشکمدا هات کە نابێ کەس بزانێ ئەمن لێرەمو بۆیە لەبن لێوانەوە بەسرتە گوتم دێزیرە! ئەو دوای وەستانێکی کورتو بەڕاوێژێکی دڵناسکانە دووپاتی کردەوە:

–دێزیرە؟... و دوایە چی؟

بەنا هومێدی سەرێکم ڕاوەشاندو لەبن لێوانەوە دووپاتەم کردەوە، تکا دەکەم... ناوێکی دیکەم نیە.

ئەو پاشان فەرمانی بەخزمەتچی‌یەکە کرد کە هاتنی هاونیشتمان دێزیرەو ژەنراڵ ژان باتیست بێرنادۆت ڕابگەیەنێو ئەویش جێبەجێی کردو بە دەنگێکی بەرز هەمووی لە بوونی ئێمە لەوێ ئاگادار کردنەوە. کەسانێک کە لە دەوروبەرمان ڕاوەستابوون ئاوڕیان دایەوە سەرمانو خاتووونێکی قژڕەش کە جلێکی ڕەنگ‌زەردی وەک تۆڕی دەبەردا بوو لەوانی دیکە جیا بۆوە، هاتە لای ئێمەو لەحاڵێکدا ڕووی دە ئەفسەرە لاوەکە بوو گوتی:

–ڕێکەوتێکی چەند خۆشە، هاونیشتمان ژەنراڵ، بەڕاستی بەدیتنت خۆشحاڵم.

بەدوای ئەوەدا ڕوانینێکی پڕلەڕەخنە لەو دووچاوە ڕەشە درشتەوە بەرەو ڕووی من وەڕێ کەوتو لەسەر هەتا لاقمی گرتەوەو لەحزەیەکی زۆر کورت لەسەر کەوشە پیسەکانم ڕاوەستاو کۆتایی هات.

دوایە ئەفسەرە لاوەکە لەحاڵێکدا بۆ ڕێزدانان سەری بۆ دادەنواند، نێوچاوانی خۆی لە دەستوپلی نزیک خستەوەو گوتی:

–خاتوو تالین میهرەبانیی جەنابتو مەجلیسە ئەفسوونکەرەکەتان بەجۆرێکە منیشی وەک هەر سەربازێکی بچووک لە کورتترین دەرفەتی ڕزگاری لە بەرەدا بۆلای خۆی ڕاکێشا. بەڕاستی کۆڕی تێریز پەناگەی هەمووانە.

–ئای سەربازی بەستەزمانی لەبەرە گەڕاوەوە دیسان وەک هەمیشە بەخێراتن دەکاو هەر بە گەیشتن بە پاریسیش هاودەمێکی دەست کەوتوە...

جارێکی دیکە قورسایی نیگای ئەو دوو چاوە ڕەشە وردبینەم لەسەر هەموو ئەندامی لەشم هەست پێکردو هەوڵم دا چۆک دادەمو جووڵەیەکی وەک ڕێزگرتن ئەنجام بدەم بەڵام ڕەفتارم ئەوەندە ناشیانە بوو کە ئەو تۆزە سەرنجدانەش لە ڕوانینەکەی هەڵاتو چاوی لەمن وەرگێڕاو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دەگەڵم وەرە ژان باتیست، ئەتۆ دەبێ باراس ببینیو قسەی دەگەڵ بکەی. ئەو ئێستا لە ژوورێکی چووکەڵەی باغی دەگەڵ ئەو ژەرمەن ئیشتێلە جاڕزکەرە بەتەنیایە، دەزانی مەبەستم کێیە. کچەکەی نێکەر پیەر دەڵێم کە بەو ڕۆمانە پەیتاپەیتایانەی هەموو خەڵکی جاڕز کردوە. ئێمە دەبێ هەرچی زوویە باراسی لەچنگ ئەو هاودەمە ماندووکەرە ڕزگار بکەینو دڵنیام ئەویش خۆشحاڵ دەبێ کە ئەتۆ...

ئیدی ئەو دووانە منیان بەجێ هێشتو دوور کەوتنەوەو تاوێک دواتر ئەوان لەنێو ئاپۆرای میوانانیدا لەبەر چاوم ون بوون. لەنەکاو خۆم لەنێو ئەو ساڵۆنە بەشکۆیەی خاتوو تالیندا بەتەنیا دیت.

ئەوەندەی دەمتوانی خۆم کێشایە پەنای نزیکترین پەنجەرەو ئەو ساڵۆنە گەورەیەم بۆ دیتنی ناپلیۆن خستە ژێر نیگام بەڵام مخابن کە سوودێکی نەبوو. دیارە ساڵۆنەکە پڕ لە جلوبەرگی سەربازی بوو بەڵام هیچیان وەک ئەوەی مەبەستی من بوو پەڕپووتو شڕ نەبوون. هەتا ساتەکان پتر تێدەپەڕین ئەمنیش پترم خۆ بەرەو پەنجەرەکە ڕاکێش دەکرد، نەکهەر جلەکانم تەحەممول نەدەکران بەڵکوو کەوشەکانم لەوەش خەراپتر بوونو لەبەر چاوی ئەو خانمانە کە تەنیا بەرەکەوشێکی تەنکیان  بە هەودایەکی باریکی زەرد یان سپی لەبەری پێی خۆیان بەستبوو زۆر گەپجاڕ دیار بوون. لەم کەوشانەدا قامکی لاقانو نینۆکی پەمەیی ڕەنگو زیویڕەنگی وان بەتەواوی دیار بوو. لە ژوورێکی چەسپاو بە ساڵۆنەکەدا کۆمەڵێک خەریکی ویێڵۆنلێدان بوونو خزمەتچییانی بەرگسوور سینیی گەورەی شەربەتو شیرنیی جۆراوجۆریان بەمیوانەکاندا دەگێڕا. تەنیا قومێکم لە شەربەتەکە خواردەوەو کوتێکیشم ماسیی ئازاد خستە زارمەوە بەڵام زۆرم پێخۆش نەبوو.

ئەمجا دیتم دوو پیاو هاتنو لەپەنا منونزیک پەنجەرەکە ڕاوەستانو بێئەوەی گوێ بدەنە من پێکەوە دەستیان بە قسەکردن کرد. ئەوان باسی چوونەسەری بێسەرەوبەرەو سەرسوڕهێنی خەرجی ژیانو نرخی شتومەکی خواردەمەنییان دەکردو دەیانگوت خەڵکی پاریس لەوە زیاتر ئەم ئاوسانە هەوسارپچڕاوەیان پێ قبووڵ ناکرێو ڕاپەڕینێکی گشتی مسۆگەرە. یەک لەو دووانە ڕووی کردە ئەوی دیکەو گوتی:

–فووشێی خۆشەویست! ئەگەر ئەمن لەجێگای باراس بام ساتێک لە گوللەبارانکردنی یاخیبووان ڕانەدەوەستام.

کابرای دیکە دوای ئەوەی کەمێک ئەنفیەی دەلووتی ڕاکرد بەڕاوێژێکی سستو داهێزاو وەڵامی دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڵام بۆ ئەوكارەش دەبێ لەپێشدا پیاوێک وەبینی کە فەرمانی تەقە بدا.

هاودەمەکەی واتە کابرای یەکەم دوای دووجار پشمین وەبیری هێنایەوە کە ئەو ڕۆژە ژەنراڵ بێرنادۆتی لەنێو میوانەکاندا دیتوە. بەڵام پیاوەکەی دیکە کە ناوی فووشێ بوو سەرێکی ڕاوەشاندو گوتی:

–ئەو پیاوە دەڵێی؟ قەت بیری وا مەکەوە، چونکە ئەو کاری وا ناکا. بەڵام ئەو هەژارە کورتەبالآیە کە وەدوای ژووزفین دەکەوێ چۆنە؟

لەم کاتەدا دەنگی چەپڵەلێدانی کەسێک لە سالۆنەکەدا بەرگوێ کەوتو ئەمن گوێم لە دەنگی لەرزۆکی خاتوو تالین بوو کە بەزەحمەت ڕەسەر هەڵلاو هەنگامەی حەشیمەتی نێو سالۆنەکە کەوتبوو، دەیگوت:

–تکایە هەمووتان وەرنە سالۆنی سەوز... هەواڵێکی سەرنجڕاکێشم بۆ هەموو دۆستان پێیە.

ئەمنیش پێبەپێی حەشیمەت چوومە سالۆنەکەی دیکە بەڵام ئەوێ قەڵەباڵغتر لەوە بوو کە بتوانم دەوروبەری خۆم ببینمو لەوە کە دەگوزەرێ ئاگادار بم. تەنیا شت کە دەمتوانی بیبینم ئەو دیوارانە بوون کە بە هەریری خەتخەتی سەوزو سپی داپۆشرابوون. جارێکی دیکە سینیی خواردنەوە بەنێو میواناندا گەڕانو ئەمنیش پەرداخێکم هەڵگرتو ئەمجار هەمووان هەوڵیان دا لێکنزیکتر ڕاوەستنو ڕێگا بۆ میواندار بکەنەوە. تێرێز تالین جارێکی دیکە بەپەنا مندا تێپەڕیو ئەمجارە وردتر تەماشای خۆیو جلەکانیم کرد. ئەو قۆڵی دەقۆڵی پیاوێکدا بوو کە جلوبەرگێکی ڕازاوەو زێڕدۆزیکراوی کردبووە بەرو چاویلکەیەکی دەسکدرێژی دەچاودا بوونو بۆخۆشی زۆر بەفیزو ئیفادە دیار بوو. لەمکاتەدا نەفەرێک لەبن لێوانەوە گوتی:

–باراسی خۆشەویست ڕۆژبەڕۆژ قەڵەوتر دەبێ!

لەم کاتەدا بوو کە تێگەیشتم یەکێک لە پێنج ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی فەڕانسەم بەپێشدا ڕادەبرێ. جارێکی دیکە دەنگی تێرێزتالین بەرز بۆوە کە هەمووی بانگ دەکردن لە دەوری نیوتەختێک کە لەوێ بوو کۆ ببنەوەو ئێمەش وامان کردو لەوکاتەدا بوو کە ئەوم دیت.

ڕاست لەسەر نیوتەختەکەو لە تەنیشت خانمێک کە جلکی سپیی دەبەردا بوو دانیشتبوو. ئەو هێشتا چەکمە کۆنەکانی دەپێدا بوون بەڵام شاڵوارەکەی زۆر بەوردەکاری ئوتوو کرابوو، نیوقەدێکی سەربازیی نوێشی دەبەردا بوو کە هیچ پلەو نیشانەیەکی لەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانەنرابوو. تازەی ڕیش تاشیبوو بەڵام ڕەنگپەڕیوی‌یە نەخۆشانەکەی ئاشکرا بوو. زۆر قیت‌وقنج لەسەر جێگاکەی دانیشتبوو، وەک تەماشای ڕزگارکەری گیانی خۆی بکا دە تێریز تالینەوە ڕامابوو. ئەو خانمەی لەپەنای بوو دەستەکانیی دەپشتەوە گرتبوونو سەری چووکەڵەی بەقژی لوولەوە بەرەو پشتەوە ڕاگرتبوو. چاوەکانی نیوەکراوە بوون، پێلووەکانی بەڕەنگی زیوین ڕەنگ کردبوونو قردێلەیەکی سوور کە لەدەوری ملی هاڵاندبوو سپیایی دەموچاویی پتر دەردەخست. دەسبەجێ ناسیمەوەو زانیم کەس نیە ژووفین بێوەژنەکەی بوئارنە نەبێ. لێوی کە لەسەر یەکی دانابوون حاڵەتێکی گاڵتەجاڕی بە زەردەخەنەکەی دەداو وەک هەمووان بەخۆم نەبوو کەوتمە دوای نیگای چاوانی نیوەکراوەی، تێگەیشتم ڕووی زەردەخەنەکەی دە باراسە.

جارێکی دیکە دەنگی تێریز تالین هاتە بەر گوێ کە دەی‌پرسی هەمووان پەرداخی خواردنەوەکەیان بەدەستەوەیە یان ناو لەوکاتەدا دەستێک دوو پەرداخی وێدانو ئەویش بەپێکەنینەوە یەکێک لەوانی بۆ ڕاداشتو گوتی:

–ژەنراڵ... پەرداخی تۆیە!

ئەمجا ئەو نیگای میهرەبانانەو کەمێکیش دڵسۆزانەی خۆی بە ناپلیۆن بەخشی‌و گوتی:

–هاونیشتمانانی خۆشەویست، خوشکو برایان! بۆمن شانازی‌یەکی گەورەیە کە خەبەرێک بە دۆستان ڕابگەیەنم کە پێوەندیی بە ژووزفینی خۆشەویستمانەوە هەیە...

تێریز تالین کاتێک دەیەوێ بەرز قسە بکا دەنگی حاڵەتێکی وەک قیژاندن پەیدا دەکا. بەڕاستی ناتوانم دەری ببڕم کە چ هەستێکی ڕەزامەندی لەوکارەو لەو ڕووداوە لە ڕوخساری تێریزدا دیار بوو، ئەو لە نیوتەختەکە نزیک بۆوەو دەستی هەڵێنا. ناپلیۆنیش بەپێوە ڕاوەستا بەڵام تاڕادەیەک شێواوو پەرێشان دیار بوو، ژووزفین جارێکی دیکەو هەر بەو حاڵەتە تایبەتی‌یەی خۆی سەرە چکۆڵەکەی بەرەودوا خوار کردەوەو لەو حاڵەتەدا پێلووە زیوین ڕەنگەکانی زۆر سەیر سەرنجیان ڕادەکێشا. تێریز تالین جارێکی دیکە بەدەنگی بەرز گوتی:

–بەڵێ دۆستانی من! هەمووتان بزانن کە ژووزفینی خۆشەویست هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە کە جارێکی دیکە وەجاخی پیرۆزی بنەماڵە ڕووناک بکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له هەمووﻻوە دەنگی پێکەنینی پڕلە گاڵتەپێکردنو تانووت دەهاتە بەر گوێ بەڵام ژووزفین بێئەوەی گوێ بداتە ئەو شتانە خۆی بە قردێلە سوورەکەی دەوری ملیەوە خافڵاندبوو. تێرێز جارێکی دیکە درێژەی دایە:

هەروەک گوتم پێکهێنانی وەجاخی پیرۆز...

تێرێز تالین بۆ ئەوەی شوێنەواری وتارەکەی هەڵسەنگێنێو کاریگەرتری بکا، تۆزێک ڕاوەستاو لە ڕوخساری باراسەوە ڕاماو ئەویش بە سەرلەقاندن قسەکەی تالینی پشتڕاست کردەوەو دوایە تێرێز درێژەی پێدا:

–بەڵێ، ژووزفین دەبێتە دەزگیرانی هاونیشتمان ژەنراڵ ناپلیۆن بوناپارت.

لەنەکاو دەنگی "نا" وەک شەیپوور دە سالۆنەکە گەڕاو ئەمن ئەویشم وەک دەنگەکانی دیکە بیست. بەڵام وا دیار بوو ئەم دەنگە وەک دەنگەکانی دیکە تێنەپەڕیو هەروا لە فەزای سالۆنەکەدا بە هەڵواسراوی مایەوەو بێدەنگییەکی مەرگبار دەرکەوتو دوایە تێگەیشتم کە ئەم دەنگە لە گەرووی من هاتۆتە دەرێ.

لەو ساتەوەختەدا ئەمن لەپێش نیوتەختەکە ڕاوەستابووم، تێرێز تالین بە سیمایەکی سەرسوڕماوەوە چووە لایەک. بۆنی لەشی منی تووڕەو پەرێشان کردبوو، ئەو ژنەی جلی سپیی دەبەردا بوو تێمەوە ڕامابوو! بەڵام ئەمن هەر تەماشای ناپلیۆنم دەکرد، دە چاوانیەوە ڕامابووم کە وەک دوو لەتکە شووشەی ڕوونو بێحاڵەت بوون. هەڵاویشتنی ڕەگی لاسەری ڕاستیم بەچاو دەدی، ئێمە دووکەس بۆ ساتێک ڕووبەڕووی یەکتر ڕاوەستاین. ساتێک بە درێژایی هەرمان. پاشان چاوێکم لەو ژنە کرد، لە پێلووە درەوشاوە ڕەنگزیوینەکانیو گنجەکانی دەوری چاوانیو لێوەکانی کە لەبەر سووری شین دەچوون. ئای کە چەندم ڕق لێی بوو. پەرداخی خواردنەوەکەمم هاویشتە بەر پێیو هەرچی تێیدا بوو بە جلکەکانی هەڵپرژاو وەک شێتان هاواری کرد.

لەبەر بارانو بە شەقامی ئاوگرتوودا غارم دەداو غارم دەدا. نازانم چۆنو کەنگێ سالۆنی سەوزم بەجێ هێشتو خۆم گەیاندە داڵانەکە، نازانم چۆن بەنێو ئەو میوانانەدا کە لەترسان ڕێگایان بۆ دەکردمەوەو بەپێش ئەو خزمەتچییانەدا کە دەیانەویست بمگرن تێپەڕیم. پاشان بامدایەوە شەقامێکی دیکە، دڵم بەتوندی لێیدەداو دەتگوت هەر لەڕووی سروشتییەوە ڕێی خۆم دۆزیوەتەوەو دەمزانی دەبێ بەو ڕێیەدا بڕۆم. گەیبوومە دیواری کەناری ئیسکلە، غارم داو دیسان غارم دا. بەکەوتنو هەستانەوە، نە جارێک بەڵکوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆرجار. سەرەنجام گەیشتبوومە سەر پردێ. ئێستا هەموو شتێک تەواو دەبوو، هێدی هێدی بەدرێژایی پردێدا ڕێم گرتە بەر. لەسەر لێواری پردێوە بەسەر ئاوێدا نوشتامەوەو ڕەنگدانەوەی شۆقی چراکانم لەسەر ڕووبەری ئاوێ دیت کە بە زریوەزریو سەمایان دەکردو سەرو خوار دەچوون. ئەی کە جوان بوون! پتر چەمامەوەو ئەو تیشکانەی هەڵدەپەڕین لەمن نزیکو نزیکتر دەبوونەوەو ترپەی باران بەرگوێ دەکەوت. لە هەموو تەمەنمدا هەرگیز بەو توندی‌یە هەستم بەتەنیایی نەکردبوو. تەنیا بووم، تەنیا تەنیا. کەوتمەوە یادی دایکمو ژوولی، بێگومان ئەوان کاتێک لە ڕووداوەکە ئاگادار بن لەمن خۆش دەبن. مسۆگەر ناپلیۆنیش هەرئەمشەو چەندوچۆنی ڕێوڕەسمی دەزگیرانداری‌یەکەی بۆ دایکی یان بۆ ژۆزێف دەنووسێ. ئەمە یەکەمین فکری یەکلاکەرەوە بوو کە پاش ئەو ڕووداوە بەمێشکمدا هات. بەجۆرێک ڕەنجابووم کە تەحەممولم نەمابوو، بۆیە دەستەکانم خستنە سەر لێوی دیوارەکەو هەولْم دا خۆم هەڵکێشمە سەرێو...

دوو دەستی بەهێز وەک دوو پەنجەی ئاسنین کەوتنە سەر شانانمو بەرەودوایان کێشامەوە. هاوارم کردو هەولْم دا ئەو دەستانە لەخۆم دوور خەمەوە، قیژاندم:

-لەکۆڵم بەوە، بەرەڵام کە. بەڵام ئەو دەستانە منیان کێشایە دواوەو لە دیوارەکە دووریان خستمەوە. بۆ ڕاکردن لە دەستانی بە پێلاقە کەوتمە بەرگری لەخۆمو پەلەقاژەم کرد. بەڵام بەپێچەوانەی ئەو هەوڵە بێئاکامە لە دیوارەکە دوور کەوتبوومەوە. هەوا لەوە تاریکتر بوو کە بتوانم ڕوخساری ببینم. لەوپەڕی ناهومێدی‌دا گوێم لە هەنیسکی گریانی خۆم دەبوو و لەو بەینەدا گوێم لە دەنگێکی پیاوانە بوو کە دەنگی ترپەی بارانی دڕی:

-ئارام بە، گەوج مەبە، کالیسکەکە لێرەیە.

کالیسکەیەک لەسەر پردێ ڕاوەستابوو. بە جموجۆڵێکی دڕندانە دەمەویست خۆم ڕزگار بکەم بەڵام بێگانەکە زۆر لەمن بەهێزتر بوو و بەهاسانی منی دە کالیسکەکە هاویشت. دوایە بۆخۆشی لەپەنام دانیشتو فەرمانی بە لێخوڕەکە دا:

-بڕۆ... گرنگ نیە بۆکوێ... هەر بڕۆو تەواو.

ئەوەندەی دەمتوانی خۆم خزاندە قوژبنێکی کالیسکەکەو لە کابرای بێگانە دوور کەوتمەوە. لەنەکاو هەستم کرد لەبەر هەژانو نائومێدی‌و سەرما شەقەشەقی ددانم دێو جۆگەلەیەک لەئاوی باران بەنێو قژەکانمدا کەوتۆتە ڕێو بەسەر گۆنامدا هەڵدەڕژێ. دەستێکی گەرمو بەهێز کەوتە سەر شانمو بە هەنیسکدانەوە گوتم:

-لێمگەڕێ بڕۆم، لەکۆڵم بەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام هەر لەوحاڵەدا لەبەر نائومێدیو داماویی خۆم توند دەستیم گرتو لەنەکاو دەنگێکم لە تاریکایی کالیسکەکەوە هاتە بەرگوێ کە دەیگوت:

-ئەتۆ، ئەتۆ بۆخۆت داوات لەمن کرد لەگەڵت بم، لەبیرت چۆتەوە کیژۆڵە دێزیرە؟

لەحاڵێکدا بەگێژیو سەرسامی پاڵم بەدەستیەوە دەنا گوتم:

-ئەمن... ئەمن ئێستا دەمەوێ تەنیا بم.

-ئای نا! ئەتۆ داوات لەمن کرد لەماڵی خاتوو تالین دەگەڵت بمو ئێستاش دەبێ هەتا ماڵی خۆتان لەگەڵت بم.

دەنگەکە نەرمو بگرە دڵگریش دیار بوو، ئەمن بە دوودڵیەوە گوتم:

-ئەتۆ... ئەتۆ هەر ئەو ژەنڕاڵە... ژەنڕاڵ بێرنادۆتی؟

جارێکی دیکە هەموو ئەو دیمەنانە لەبەرچاوم زیندوو بوونەوەو هاوارم کرد:

-لێمگەڕێ تەنیا بم، ئەمن ئیدی توانای دیتنی ژەنڕاڵانم نیەو لە هەرچی ژەنڕاڵە بێزارم. ژەنڕاڵە بێسۆزەکان.

-زۆر باشە. بەڵام ژەنڕاڵمان هەیە تا ژەنڕاڵ.

پێکەنینێکی کورتم هاتە بەرگوێو دوایە خشەخشی جلەکانیو ئەمجار دیتم نیوباڵتۆیەک کەوتە سەر شانانم.

-نیوباڵتۆیەکەت تەڕ دەبێ، یەکەم چونکە باران تەڕی کردوومو دووەمیش بە فرمێسکەکانم تەڕ دەبێ، چونکە ناتوانم پێشی گریانی خۆم بگرم.

-گرنگ نیە، دەخۆتیەوە پێچە.

لەنەکاو بیرەوەریی نیوباڵتۆی ژەنڕاڵێکی دیکە لە شەوێکی باراناویی دیکەدا وەک بریسکە لە مێشکمدا درەوشایەوە... ئەوی دیکە ناپلیۆن بوو کە... لێخوڕ جارێکی دیکە کالیسکەکەی ڕاگرتو شتێکی پرسی! بەڵام ئەو ژەنڕاڵە نەناسیاوە دووبارەی کردەوە:

-هەر بڕۆ. ئەوەندە. گرنگ نیە دەچیە کوێ.

بەمجۆرە کالیسکە ڕۆییو ڕۆییو ئەمنیش فرمێسکم بەسەر ئەو نیوباڵتۆ سەربازییەدا ڕشتو سەرەنجام دوای ماوەیەک گوتم:

-چەند ڕێکەوتێکی سەیر بوو کە ئەتۆ بەسەر پردەکەدا تێپەڕ دەبووی.

-ڕێکەوتێک لەگۆڕێدا نەبوو. ئەمن چونکە بەرپرسایەتیی هاوڕێیەتیی تۆم قبووڵ کردبوو بەرامبەر بەتۆ هەستم بە بەرپرسایەتی دەکرد. کاتێک ئەتۆ بەوحاڵەوەو بەپەلە سالۆنەکەت بەجێ هێشت، ئەمنیش بەدواتدا هاتم. بەڵام ئەتۆ توندتر لەوە غارت دەدا کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بتوانم بتگەمیو بۆیە پێم باشتر بوو بە کالیسکە وەدوات کەوم. جگە لەوەش دەمەویست ماوەیەک تەنیا بی بەڵکوو ئارام ببیەوە.

-باشە ئەدی بۆ لێمنەگەڕای.

-چونکە نەدەکرا.

ئەوەندە کوترابووم کە توانای هیچ جووڵەیەکم نەبوو و ئیدی هیچیشم بۆ گرنگ نەبوو. دەمەویست بڕۆمو بڕۆم، بێڕاوەستانو بێئەوەی ناچار بم کەسێک ببینم یان دەنگێک ببیسم. لەو شلیو بێحاڵییەدا هەوڵم دا ڕوخساری وەبیر خۆم بێنمەوە بەڵام ڕوخساری ویش لەنێو ئەو هەموو ڕوخسارەدا کە بەبەر چاومدا دەهاتن بزر دەبوو. سەرەنجام بەسپایی گوتم:

-لەوەی بوومە هۆی سەرشۆڕیی تۆ داوای لێبووردن دەکەم.

-گرنگ نیە، بەڵام بەداخم، بەداخ بۆتۆ..

-بەقەستی ئەو شەربەتەم بە داوێنی جلەکانیدا کرد چونکە پەڵەکەی پاک نابێتەوە.

بەڵام گریان لەوە زیاتر بواری نەدامو دیسان هەنیسکی گریانم بەرز بۆوەو هەر لەوحاڵەدا بە هەنیسکدانو بە وشەی پچڕپچڕ گوتم:

-ئەو.. بەڵێ ئەو زۆر جوانە... جوانتر لەمنو ژنێکی گەورەو خاوەنناوە...

-ئەتۆ هەرمەگری، بابێیەوە سەرەخۆ، هەرگریان...

قەت لەژیانمدا وا نەگریابوومو بەڕاستی پێشی گریانی خۆم پێنەدەگیرا. جاری وابوو هاوارم دەکردو دوایە سەری خۆم لەنێو جلە سەربازییە زبرەکەدا دەشاردەوە، هەر لەوحاڵەدا بە هەنیسکدانەوە گوتم:

-گریانی من دەرەجەکانی سەرشانت خەرا دەکا.

-بیری لێمەکەوە، ئەوان پێشتر تەڕ بوون... بگری.

پێم وایە چەند سەعات شەقامەکان گەڕاین هەتا ئیدی سەرچاوەی فرمێسکەکانی من وشکی کرد.

-زۆر باشە ئێستا دەتوانم بتگەیەنمەوە ماڵی خۆت؟ بەڕاست شوێنی ژیانتان کوێیە؟

-ئێوە هەر لێرە دامبەزێنن، بۆخۆم دەڕۆم.

هێشتا بیرم لە ڕووباری سێن دەکردەوە. بەڵام ئەو دەتگوت فکری منی خوێندۆتەوە، دەستێکی لە شانی بەفرمیسکتەڕی خۆی داو گوتی:

-کەوایە درێژە بە کالیسکەسواریەکەمان دەدەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەتۆ بۆخۆت لە نزیکەوە ژەنراڵ بوناپارت دەناسی؟

-نا، یەک جار بەڕێکەوت ئەوم لە ژووری چاوەڕوانیی وەزیری بەرگری دیوەو زۆریشم خۆش ناوێ.

-بۆچی؟

-نازانم. زۆرجار مرۆڤ ناتوانێ هۆی ویستنو نەویستنەکانی تەنانەت بۆخۆشی باس بکا، بەتایبەتی لەبارەی کەسەکانەوە. بۆ وێنە ئەتۆ خۆت. نازانم بۆچی ئۆگرت بووم، بەڕاستی نازانم.

کالیسکە هەروا بەبەر بارانیدا دەچووە پێشو ئێمە بە بێدەنگیی تەواو دانیشتبووین.

شەقام لە بەر شۆقی فانۆسان دەدرەوشاو ڕەنگدانەوەی ڕووناکی لەسەر ڕووبەری تەڕی شەقامەکان کۆمەڵێک ڕەنگی دەنواندن. چاوەکانم وەک دوو پشکۆی ئاگر داییسانو بەناچار چاوم لێکنانو سەرم وە باڵنجی کالیسکەکە کردو گوێم لە دەنگی خۆم بوو کە لەبن لێوانەوە دەمگوت:

-ئەمن ئەوەندەم متمانە پێکرد کە لەژیانمدا ئەو متمانەیەم بەکەس نەبوو، تەنانەت لەدایکیشم پترو زیاتر لە... ئای نا، باوکم حاڵەتێکی جیا بوو دەگەڵ کەس بەراورد نەدەکرا. بەڵام... بەڵام ناتوانم تێبگەم بۆچی...

-ئای زۆرشت هەن کە ناتوانی تێیان بگەی، کچە چکۆڵە زۆرشت.

-بڕیار بوو ئێمە چەند حەوتووی دیکە پێکەوە زەماوەند بکەینو ئێستا ئەو بێ هیچ قسەوباسێک...

-ئەو هەرگیز زەماوەندی دەگەڵ تۆ نەدەکرد کچە چکۆڵە، هەرگیز. ئەو لەمێژە بۆتە دەزگیرانی کچە بازرگانێکی هەریر لە مارسەی. حەتمەن ئەمەشت نەزانیوە، ها؟ ئەمەیان ئەمڕۆ دوانیوەڕۆیە تالین پێیگوتم. ئەو پشتڕاستی کردەوە کە ئەو ژەنراڵە وردیلەیە جیازێکی قورسی کردۆتە قوربانیی گراوییەکەی باراس. ئەمە ڕاست قسەی تالین بوو. ئەو هەروەها باسی کرد کە برای بوناپارتیش دەگەڵ کچێکی دیکەی ئەو بازرگانی ئاوریشمە زەماوەندی کردوە. بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا کۆنتێسێکی لێکەوتووی خاوەن پێوەندییەکی کارامەی کۆمەڵایەتی لە پاریس بۆ بوناپارت کارسازترو گرنگتر لەو جیازە قورسەی "مارسەی"یە. کەوایە دەبێ قبووڵ بکەی کە ئەو هیچکاتێک نەیدەتوانی دەگەڵ تۆ زەماوەند بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگەکەی جۆرە گەرمیو نەرمییەکی ئارامبخشی هەبوو. سەرەتا باش تێنەگەیشتم باسی چدەکاو لەحاڵێکدا نێوچاوانم بەدەست دەشێلا گوتم:

-ئەتۆ باسی چشتێک دەکەی؟

کچی چاک ئەگەر دەبمە مایەی دڵئێشانت دەبێ بمبووری بەڵام باشتر وایە لەهەرحاڵدا دەگەڵ ڕاستییەکە بەرەوڕوو بی. هەرچەند دەزانم زۆر دژوارە. ئەوەی گوتم قسەی تالین بوو. ئەو لەپێشدا دەزگیرانی بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو ئێستاش دەگەڵ کۆنتێسێکە کە بەهۆی نزیکی لە دەسەڵاتدارانی وڵات دەتوانێ بۆ ئەو کارساز بێ. بەڵام ئەتۆی بەستەزمان لەونێوەدا چی، نە ئەو جیازە قورسەت هەیەو نە پێوەندییەکی کارساز.

-ئەتۆ بەچیڕا لە قسەکانت دڵنیای؟

-هەرکەس تۆ ببینێ بێگومان قسەکانی من دەسەلمێنێ. بەڵێ ئەتۆ تەنیا کچێکی چکۆڵەی باشی، کچێکی باش، تەواو. ئەتۆ نە هیچت لە ڕەفتارو کرداری ژنانی ناودار هەیەو نە شتێک لە چەندوچۆنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو ئەوەی لە سالۆنە ڕازاوەکانی میوانداریدا دەگوزەرێ. جگە لەوە تەنانەت پارەیەکیشت نیە چونکە ئەگەر وا نەبایە ئەسکیناسێکت دەخستە مستی خزمەتچیو دەرکەوانەکەی تالین بۆئەوەی لەوێ دەرت نەکا. بەڵێ ئەتۆ... ئەتۆ تەنیا بوونەوەرێکی پاکو پاڵاوتەی...و ئەمن... ئەمن دەمەوێ بتهێنم.

-گاڵتەم پێمەکەو ڕێگا بدە لێرە بڕۆم.

بەدوای ئەم قسەیەداو بۆ نیشاندانی بڕیاری خۆم بۆ دابەزین لە کالیسکەکە، بەپێشەوەدا چەمامەوەو شەقێکم دە شووشەکە هەڵداو هاوارم کرد:

-کالیسکەکە ڕاگرە، تاوێک ڕاوەستە.

کالیسکە ڕاوەستا بەڵام هاواری ژەنڕاڵی نەناسراو کە فەرمانی پێدەدا بڕوا بوو بەهۆی ئەوەی جارێکی دیکە کالیسکە لە قووڵایی تاریکایی شەودا بچێتە پێش.

-ڕەنگە نەمتوانیبێ مەبەستەکەم بەوجۆرەی پێویستە بۆتۆ دەرببڕم. دەبێ بمبووریو قبووڵ بکەی کە ئەو ناشیگەرییەم لەبەر نەبوونی ئەم جۆرە ئەزموونانەیە. چونکە ئەمن هەرگیز دەرفەتی تێکەڵاوی دەگەڵ ژنانم نەبووە. کیژۆڵە دێزیرە کورتەی قسەی من ئەوەیە کە زۆر حەز دەکەم زەماوەندت لەگەڵ بکەم.

-بەڵام سالۆنی میوانداریی خاتوو تالین پڕ بوو لە ژنانی ئەوتۆ کە شیاوی ژەنڕاڵەکانن، و ئەمن شیاوی ئەوە نیم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەتۆ پێت وایە ئەمن دەمەوێ یان دەتوانم یەکێک لەو ژنە بەرەڵڵایانە بێنم.

ئەمن لەوە ماندووتر بووم کە بتوانم وەڵامی بدەمەوەو زۆریش لەوە شەکەتتر بووم کە بتوانم باش بیر بکەمەوە. بەڕاستی نەمدەتوانی لە قسەکانی ئەو پیاوە باڵابەرزە کە پێیان‌دەگوت بێرنادۆت حاڵی بمو دە داخوازەکەی بگەم. ئەوەی دەمزانی ئەوە بوو کە ژیانم لەبەین چووە. هەرچەند نیوباڵتۆ سەربازی‌یەکەم دەخۆمەوە پێچابوو بەڵام لەسەرمان هەڵدەلەرزیمو کەوشە تەڕەکانم وەکوو قوڕقوشم قورسایی‌یان دەخستە سەر لاقانم.

–ئەگەر شۆرش نەکرابا ئەمنیش نەک ژەنڕاڵ بەڵکوو ئەفسەریش نەدەبووم. هەرچەند ئەتۆ زۆر گەنجی بەڵام ڕەنگە بیستبێتت کە پێش شۆرش قەت خەڵکی ئاسایی‌و سەر بە بنەماڵە نێونجی‌یەکان نەیان‌دەتوانی بەپلەی هەورازتر لەسەروانی بگەن. باوکی من سکرتێری پارێزەرێک بوو و لە ماڵی کاسبکارێکیش‌دا لەدایک ببوو. بەڵێ کیژۆڵە دێزیرە خەڵکێکی سادە بووین‌و ئەمن بۆخۆم ڕێگای ژیانی خۆم دەکردەوە. بە پازدەساڵی چوومە نێو سوپاو ماوەیەکی زۆر دەرەجەدار بوومو کەمکەم چوومەپێش تا ئەوەی ئێستا ژەنڕاڵمو فەرماندەری یەکەیەکی سەربازی. ڕەنگە پێت وابێ بۆ ژیان لەگەڵ تۆ زۆر پیرم،ها؟

لەنەکاو کەوتمەوە یادی قسەکانی ناپلیۆن کە ڕۆژێک دەیگوت، ئەتۆ منت خۆش دەوێ‌و پێشهاتەکانی ڕۆژگار ناتوانن شوێنەواری لەسەر دابنێن. لەپاڵ خۆمدا بیرم لە کۆنتێسێکی ناودارو پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە کارسازەکەی‌و هەروەها پێڵووە ڕەنگ‌زیوینەکانی کردەوە...دیارە ناپلیۆن... دیارە وەزعیەتەکەت تێدەگەم.. بەڵام ڕەفتاری تۆ منی لەپێ خست. دیسان دەنگی وی هەودای بیرەکانمی پساند.

–کیژۆڵە دێزیرە، ئەوەی لەتۆم پرسی زۆر گرنگ بوو.

–ببوورە گوێم لێ‌نەبوو چیت پرسی ژەنڕاڵ بێرنادۆت.

– داخوا ئەمن بۆ ژیان دەگەڵ تۆ زۆر پیر نیم؟

–ئەمن نازانم تەمەنت چەندە، جگەلەوە چبایەخێکی هەیە، پێت وایە گرنگە؟

–زۆر گرنگە. ڕەنگە ئەمن لەچاو تۆ زۆر بەتەمەن بم چونکە سی‌ویەک ساڵم تەمەنە.

–ئەمنیش ئەم ڕۆژانە دەبمە شازدە ساڵ. زۆر ماندووم ژەنراڵو پێم‌باشترە بڕۆمەوە ماڵێ.

–ئا. دەبێ ببووری کە ئەمن تێبینیم نەکردبوو. بەڕاست ماڵەکەتان...

ئەمن ئادرەسی ماڵی خاتوو کلاپینم دا بەوو ئەویش دایە دەستی لێخوڕەکەو دووبارە ڕووی کردە منو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–تکا دەکەم بیر لە پێشنیارەکەم بکەوە! چونکە ئەمن ناچارم دە ڕۆژی دیکە بچمەوە شوێنی کارەکەم، لە ناوچەی ڕاینلەند. پێت وایە تا ئەوکاتە بتوانی وەڵامێکم بدەیەوە؟ ئەمن ناوم ژان باتیستە، ژان باتیست بێرنادۆت. چەندین ساڵە بەشێک لە مووچەکەمم پاشەکەوت کردوەو دەتوانم خانوویەکی چکۆلە بۆ تۆو منداڵەکەم بکڕم.

لەخۆوەو بێئەوەی ئاگام لە قسەی خۆم بێ پرسیم:

–بۆ منداڵ؟

–دیارە سروشتییە منداڵم هەبێ. ئەمن چەندینساڵە ئارەزووی بوونی خێزانو منداڵێکم هەیە. بەڵێ کیژۆڵە دێزیرە ئەمن چەندینساڵە ئەم ئاواتەم لە دڵدایە.

ئەمن کە ئیدی ئارامیی خۆم لەدەست دابوو گوتم:

–گوێت لێبێ دەڵێم چی. ئەتۆ من ناناسیو هێشتا ناوەکەشم بە دروستی نازانی. کەچی...

–دیارە کە دەتناسم، تەنانەت پێم وایە لە ئەندامانی بنەماڵە باشترت دەناسم. بڕوانە ژیانی من جۆرێکە کە بۆ بیرلێکردنەوەی دەرفەتێکی زۆر کەمم هەیە. تەمەنی من لە بەرەی شەڕ دەگوزەرێو بۆیە وەک خەڵکی دیکە ناتوانم چەند حەوتوو بۆ دیتنی تۆو بنەماڵەکەت هاتوچوو بکەمو تێکەڵیم هەبێ. ئەمن دەبێ زۆر زوو بڕیار بدەمو هەربۆیەش بڕیاری خۆمم داوە.

ئەو زۆر بەجیددی قسەی دەکردو دەیەویست لەو دەرفەتە کورتەی مۆڵەتەکەی بۆ ژنهێنان کەلک وەرگرێ، ماڵێک بکڕێ...و بەکورتی منداڵێک...

–ژەنڕاڵ، ئەتۆ دەزانی کە هەر ژنێک دەتوانێ تەنیا تاقەکەسێکی خۆش بوێ؟

–لە کوێت زانی؟

بەڕاست هەقی وی نەبوو؟ ئەمن لە کوێ دەمتوانی لە دروستیی قسەکەی خۆم دڵنیا بم. سەرەنجام وەڵامم دایەوە:

–ئەمە شتێکە لە هەموو ڕۆمانەکاندا نووسیویانەو دیارە دەبێ ڕاست بێ.

لەم کاتەدا کالیسکە لەپێش ماڵەکەی کلاپین ڕاوەستا. ئەو پاش کردنەوەی دەرگای کالیسکەکە یارمەتیی منی دا تا دابەزم. فانۆسێک لەسەر دەرگای ماڵەکە داییسا. ئەمن هەر بەوجۆرە کە لەماڵی خاتوو کلاپین لەسەر پەنجەی پێم ڕاوەستابووم، جارێکی دیکەش لەسەر پەنجەم ڕاوەستام تا بتوانم ڕوخساری ببینم. ددانە سپیو ڕێکەکانیو لووتی ڕێکو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاکشاوی سەرنجیان ڕاکێشام. دوایە ئەو کلیلەم وێ دا کە خاتوو کلاپین وێی دابووم، بۆئەوەی دەرگاکە بکاتەوە. لەکاتی وەرگرتنی کلیلەکەدا چاوێکی لێکردمو گوتی:

–خانووەکەتان زۆر ڕازاوەیە!

–ئای نا... ئێمە لە بەشی پشتەوەی ئەم باڵەخانەیەدا دەژیەین،و ئێستاش باشترە "شەوخۆش"ت لێبکەمو سوپاست بکەم... سوپاس بۆ هەموو شتێک.

بەڵام ئەو هەروا لەجێی خۆی ڕاوەستابوو. بۆیە گوتم:

–زوو بچۆوە نێو کالیسکەکە ئەگینا تەڕ دەبی.

لەنەکاو بیرێک بەمێشکمدا هاتو لەحاڵێکدا بزەم دەهاتێ گوتم:

–نیگەران مەبە، لەماڵێ ناچمە دەر.

–ئێستا بوویە کچێکی باش! شەو خۆش. بەڕاست ئەمن کەنگێ دەتوانم بۆ وەرگرتنی وەڵامەکەم بێمەوە؟

سەرم ڕاوەشاندو لەبن لێوانەوە گوتم لە ژیانی هەر ژنێکدا تەنیا...

ئەو دەستی بە نیشانەی ناڕازیبوونو بە حاڵەتی وشیارکردنەوە بڵند کرد. بەڵام ئەمن لەدرێژەی قسەکەمدا گوتم:

–ژەنراڵ، باوەڕ بکە کە ئەو شتە ناکرێ. مەسەلە گەنجبوونی من یان پیریی تۆ نیە، چاوێک لە بەژنوباڵای خۆت بکەو بزانە ئەمن چەند لەتۆ کورتەباڵاترم.

دوای تەواوبوونی ڕستەکە دەسبەجێ دەرگام پێوە دا. وەختێک هاتمە ئاشپەزخانە، پتر لەوەی ماندوو بم تووشی لاوازیو بێهێزی ببووم. خەو لە چاوانم ڕەویبوو، نەشمدەتوانی بنووم. بۆیە لەپشت مێزی ئاشپەزخانە دانیشتمو دەستم کرد بە نووسین. دوو ڕۆژی دیکە، کاتێک ئەم بەڕێز بێرنادۆتە دێتە ئێرەو سۆراغی من دەپرسێ بێگومان منی دەست ناکەوێ چونکە ئەمن لێرە نابم. نازانم لەکوێ دەبم بەڵام بە دڵنیایی لێرە نابم.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٨
## مارسەی. سێ حەوتوو دواتر

سەرمابوون، گەرووئێشە، تای زۆرتوندو لە هەمووش زیاتر ئەوەی شاعیران پێیدەڵێن دڵی شکاو دەستیان دابووە دەستی یەکو منیان لەپێ خستبوو. لە پاریس ناچار بووم ملوانکەکەی ماری بفرۆشم هەتا هەروەک بۆخۆی پێشبینیی کردبوو خەرجی هاتنەوەم دابین بکەم. تازە گەیشتبوومەوە ماری لەجێدا خەواندمیو پزیشکی ئاگادار کرد چونکە تایەکەم زۆر زیاد بوو. دوکتۆر نەیدەتوانی تێبگا ئەمن چۆن و لەکوێ سەرمام بووە چونکە لەمێژ بوو لە مارسەی باران نەباریبوو. لەونێوەدا ماری پەیامێکی بۆ دایکم ناردو ئەویش دەسبەجێ هاتەوە تا ئاگای لەمن بێ. بەڵام تائێستا هیچکەس بە چوونی من بۆ پاریسی نەزانیوە.

ئێستا لە هەیوانێ لەسەر نیوتەختەکە ڕاکشاومو چەند پەتوویان پێدا داوم. دەڵێن زۆر کز بوومو ڕەنگم پەڕیوە. ژوولیو ژۆزێفیش دوێنێ لە سەفەر هاتوونەوەو شەوێ دێنە سەردانی من. هیوادارم شەوێ بتوانم لەگەڵیان بم.

مارییش ئێستا بەغاردان هاتە هەیوانێو بە هەژانێکی زۆرەوە بەیاننامەیەک کە بەدەستیەوەیە ڕادەوەشێنێ.

ژەنراڵ بوناپارت کرا بە فەرمانداری سەربازیی پاریسو ئەو ئاڵۆزییەی لەبەر کەمبوونی شتومەکی خواردەمەنی لە پێتەخت پەیدا ببوو لەلایەن گاردی نیشتمانییەوە تێکشکێندرا.

لە یەکەمڕوانیندا وشەکان لەپێش چاوم هەڵدەپەڕین بەڵام دوایە ئارامتر بوومو خووم پێگرتن. کەوایە ناپلیۆن بۆتە فەرمانداری پاریس. بەیاننامەکە ئەوە نیشان دەدا کە ئاژاوەگێڕەکان هێرشیان کردۆتە سەر تویلری تا نوێنەرانی گەل پارچەپارچە بکەن. باراس لەوپەڕی نائومێدیدا ناچار بووە پشت بە یەکێک لە ئەفسەرانی پێشوو بەناوی ژەنراڵ بوناپارت ببەستێو کردوویەتیە فەرماندەری گاردی نیشتمانی. ئەو ژەنراڵەش داوای لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەنجومەنی نیشتمانی کردوە دەسەڵاتی بێسنووری بدرێتێو ئەنجومەنیش داخوازەکەی وی پەسند کردوە. ئەو دەسبەجێ فەرمانی بە ئەفسەرێکی لاو بەناوی موورات کردوە چەند دەزگا تۆپ لە شیمالو خۆرهەڵاتو خۆرئاوای تویلری دابمەزرێنن. ئەو تۆپانە نیشانەیان پێ لە کۆڵانەکانی سەن ڕووشێو پالێ ڕۆیاڵ گیرابوو. بەڵام حەشیمەتی ئاژاوەگێران بێ گوێدان بەوان هاتنە پێشو لەنەکاو دەنگێک بەرز بۆوە: ئاگر! تەنیا گوللەتۆپێک بۆ کشاندنەوەی ئاژاوەگێران بەس بوو. ئاسایشو ئارامی لەشاردا جێگیر بوو، نوێنەرانی گەلو پیاوانی وەک باراس، لاڕوولی، لێتوورنێر، ڕێبلو کارنۆ سوپاسی ئەو پیاوە دەکەن کە کۆماری لە وەزەندیی ئاژاوەگێران ڕزگار کردو بۆیە ئەویان بە فەرمانداری سەربازیی پاریس هەڵبژارد.

بیرم لەو بابەتە دەکردەوەو دەرگاو پەنجەرەی ماڵی خاتوو تالینو قسەکردنی ئەو دوو پیاوەم وەبیر هاتبۆوە. "فووشێی خۆشەویست! ئەگەر ئەمن لەجیاتی باراس بایەم، ئاژاوەگێرانم وەبەر گوللە دەدا..." "بەڵام ئەو دەبێ پیاوێک بدۆزێتەوە کە فەرمانی تەقەکردن بدا" گوللەتۆپێک بەس بوو، ناپلیۆن فەرمانی تەقاندنی دا! ناپلیۆن فەرمانی دابوو تەقە لە ئاژاوەگێران بکرێ. ئاژاوەگێران، بەڵێ ئاژاوەگێران، ئەو خەڵکەی لە ژێرزەمینەکانو کەوێڵەکاندا دەژیانو توانای کڕینی نان بەو نرخە جەرگبڕەیان نەبوو، خەڵکانێکی وەک دایکی ناپلیۆن خۆی کە لە ژێرزەمینێکدا دەژینو قسەکەی خۆمم وەبیر هاتەوە کە گوتم "کوڕەکەی تۆ بلیمەتە خاتووون" و وەڵامی دایەوە " بەڵێ بۆ بەدبەختی".

هەرچەند جارێک هەودای بیرەکانم پسا بەڵام ئێستا لە ژوورەکەی خۆم خەریکی نووسینم. هەرلەو کاتەدا کە بیرم لە بەیاننامەکەو نێوەرۆکەکەی دەکردەوە، گوێم لە دەنگی ژۆزێفو ژوولی بوو و تێگەیشتم کە هاتنە ژووری ساڵۆنەکە. ئەو دەرگایەی بەرەو هەیوان دەکرایەوە بەتەواوی پێوە نەدرابوو، وتووێژەکەش بۆ شەوێ ڕانەگیرا. گوێم لە دەنگی ژۆزێف بوو کە دەیگوت:

—ناپلیۆن دەگەڵ نامەیەکی درێژ بۆمن پارەیەکی زۆری بۆ دایکم ناردوە. ئەمن کەسێکم نارد خەبەر بە دایکم بداو داوای لێبکا بێتە ئێرە. بەباوەڕی ئێوە گیروگرفتێکی نیە خاتوو کلاری؟

دایکم کە هۆی ئەم قسەیەی ژۆزێفی نەدەزانی پێیگوت بە دیتنی خاتوو لیزیا خۆشحاڵ دەبێ. پاشان ئەو لە ژۆزێفو ژوولیی پرسی داخوا نایانەوێ من ببینن، چونکە زۆر کز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوومو له هەیوانێ ڕاکشاوم. له وەڵامی دایکمدا ژۆزێف لاقەولاقی کرد بەڵام ژوولی لەحاڵێکدا دەگریا بە دایکمی گوت ناپلیۆن لەنامەکەیدا خەبەری دەزگیرانەتی دەگەڵ بێوەژنەکەی ژەنراڵ دو بوئارنەی بەژۆزێف داوەو داوای لێکردوە بەمن بڵێ کە هەمیشە باشترین دۆستی من دەبێ. ئەمجار هاواری شێوەناڵەی دایکمم بیست کە دەیگوت: ئای منداڵە بەستەزمانەکەم. دوایە گوێم لە دەنگی خاتوو لیزیاو پوولێت بوو کە هاتنە ژووریو سەرەنجام دەنگی ژۆزێف کە بە دەنگی بەرز بابەتێکی بۆ دەخوێندنەوەو بێگومان شتێک نەبوو جگە لە نامەی فەرمانداری سەربازیی پاریس.

پاش چەند دەقیقە ژوولیو ژۆزێف هاتنە هەیوانێو لەپەنام دانیشتنو ژوولی دەستی کرد بە لاواندنەوەم. ژۆزێف بەئاشکرا نیگەران دیار بوو و دەستی بە قسەکردن لەبارەی باغەکەوە کرد کە وەک جاران گەش نیەو ڕەنگێکی پاییزیی بەخۆیەوە گرتوە. پێشئەوەی ئەو هیچم پێبڵێ، گوتم:

– کارو پێگەی تازەی براکەتان پیرۆز بێ.

بەڵام ژۆزێف هەروا بەحاڵەتی تووڕەیی نامەکەی لەنێو قامکانیدا ڕێکدەگوشیو سەرەنجام وەڵامی دایەوە:

–زۆر سوپاس. بەڵام بەداخەوە دەبێ خەبەرێکی ناخۆشت بدەمێ ئووژنی، خەبەرێک کە منو ژوولیی زۆر ئێشاند...

–گرنگ نیە ژۆزێف، لەبیری بەرەوە. ئەمن هەموو شتێک دەزانم. پێت سەیر نەبێ دەرگای سالۆنەکە کرابۆوەو ئەمن گوێم لە هەموو شتێک بوو.

هەرلەو دەمەدا خاتوو لیزیا هاتە هەیوانێو لەحاڵێکدا بریسکەیەکی سەیر لە چاوانی دەردەپەڕی گوتی:

–بێوەژنێک بە دوومنداڵەوەو شەشساڵیش لە خۆی گەورەتر. ناپلیۆنی خۆشەویست ئەمە چبووکێک بوو بۆ منت پەیدا کرد؟

ژووزفینم هێنایە بەر زەینی خۆم، بەپێڵووە ڕەنگزیوینەکانو قژە تێکئاڵقاوەکانو ئەو بزە سەرکەوتووانەیەوە. خاتوو لیزیاشم بەرامبەر ڕاوەستابوو، بەو دەستە سوورهەڵگەڕاوانەوە کە دەتگوت لەبەر کاری زۆر بلۆقیان کردوەو بەو ملە باریکو پڕچرچولۆچەوە کە داستانی ڕۆژانی تاڵی ژیانو جلشۆریو منداڵداری بوو. دەستە زبرەکانی بەستەیەک ئەسکیناسیان لەخۆیاندا ڕێک دەگوشی کە فەرمانداری سەربازیی پاریس لە مووچەکەی خۆی بۆی ناردبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاوێک دواتر لە سالۆنەکە لەسەر نیوتەختێک درێژ ببوومو گوێم بۆ قسەکانیان لەبارەی ئەو ڕووداوە مەزنەوە ڕاگرتبوو. ئەتین جارێکی دیکە دەستی بە وتاردان کردبوو، دەیگوت پێوەندی دەگەڵ ژەنراڵ بوناپارت بۆ ئەو مایەی سەربەرزیو شانازی‌یە. دایکمو سۆزان دە گوڵدۆزی‌یەکەوە کە بەدەستیانەوە بوو ڕامابوون، لەو کاتەدا پێمگوت:

–وابزانم وەزعم زۆر باشتر بووە. دەکرێ چەند دانە لەو قوماشانەم بۆ بێنن کە گوڵدۆزیم دەکردن؟ دەمەوێ کاری دروومانەکەی خۆم تەواو بکەم.

هیچکەس بەرهەڵستیی داواکەمی نەکرد بەڵام کاتێک دووبارەو چەندین جار پیتی "ب"م گوڵدۆزی کرد بێدەنگی‌یەکی سامناک باڵی بەسەر وێدا کێشا. لەوکاتەدا بوو کە تێگەیشتم بەشێک لە تەمەنو ژیانم بەخەسار چووە. ڕووم تێکردنو گوتم:

–ئیدی نامەوێ کەس بە ئووژنی بانگم بکا. ناوی من ئووژنی بێرنادێن دێزیرەیەو تکایە لەمەودوا بە دێزیرە بانگم بکەن...

ئەوان بە توورەیی‌و نیگەرانی تەماشای یەکتریان کردو تێگەیشتم کە لە سلامەتیی ئەقڵیی من کەوتوونە گومانەوە.

***

٩

## ڕۆم. سێ ڕۆژ دوای کریسمەس. بیستوحەوتی دیسامبری١٧٩٧

ڕەنگە ئەم مێژووە سەیر بێتە بەرچاو. بەڵام لێرە، لە ئیتالیا ئێستاش هەر تەقویمی پێش شۆرش بەکار دەبرێ. ئەوان لەم ژوورەدا منیان بەتەنیا دەگەڵ پیاوێک داناوە کە لەسەرەمەرگدایە. ناوی ژان پی‌یەر دوفوویەو یەکێک لە ژەنراڵەکانی ستادی ناپلیۆنە. ئەو ئەمڕۆ بۆ خوازبێنی لەمن هاتۆتە ڕۆمو دوو سەعات لەمەوبەر گوللەیەک وە زگی کەوت. لە ژوورەکەی ژۆزێف ئەومان لەسەر نیوتەختێک خەواندوە بەڵام دوکتۆر ئیدی هیوایەکی بە ڕزگاربوونی نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو بێهۆشەو بەدژواری هەناسەی دێو هێڵێکی باریکی خوێن لەسەر گۆشەی لێوی وەڕێ کەوتوەو بەناچار چەند پارچە پەڕۆم لە دەوری چەنەگەی داناون. چاوە نیوەکراوەکانی بێگومان هیچ نابینن‌و ئەمن دەنگی ژۆزێف، ژوولی، دوکتۆرو دوو سکرتێری باڵیۆزخانە لە ژوورەکەی تەنیشتمەوە دەبیسم کە ناتوانن دیمەنی مەرگ ببینن‌و لێی دەترسن‌و دوکتۆریش بەدوایاندا ڕۆیشت. دوکتۆر ئیتالیایی‌یەو بێگومان پێی‌وایە ئاشنایەتی دەگەڵ باڵیۆزی کۆماری فەڕانسە لە ڕۆم‌و کەسێک کە برایەکەی ئیتالیای گرتوە بۆ وی زۆر لە چاوەدێریی ژەنراڵێکی بێناوو ناوبانگی ستاد گرنگترە. بەڵام نازانم بۆچی دڵم خەبەر دەدا کە دوفوو هەرچەند زۆر لەئێمەو دنیای ئێمە دوورە دێتەوە هۆش خۆی. پاش چەندساڵ دەست دەدەمە دەفتەری یادداشتەکانم تا دووبارە بنووسم‌و بەوجۆرە لەباری تەنیایی خۆم کەم بکەمەوە. دەنگی کشانی قەڵەم بەسەر کاغەزداو دەنگی هەناسەی پچڕپچڕی دوفوو تەنیا دەنگن کە بێدەنگیی سامناکی ئەم‌ژوورە دەشکێنن.

دوای ئەو دەمەو ئەو دیدارە لەپاریس ئیدی هەرگیز ناپلیۆنم نەدیتۆتەوە... ناپلیۆن. ئەمە ناوێکە کە تەنیا دایکی پێی بانگ دەکاو تەواو. لەلای خەڵکی دیکەو لە هەموو دنیا ئیدی باس باسی ناپلیۆن بوناپارتە نەک شتێکی دیکە. ئەو بەهاری دواتر دەگەڵ ژووزفین زەماوەندی کرد. تالین‌و باراس شایەتی مارەبڕینەکەی بوون. ئەو دەسبەجێ ڕۆیی بۆ ئیتالیا چونکە حکوومەتی فەڕانسە فەرماندەریی بەرزی بەو سپاردبوو و لە ماوەیەکی کورتی چاردە ڕۆژەدا شەش شەڕی بردنەوە.

ڕەوتی هەناسەکانی ئەو پیاوەی لە سەرەمەرگدا بوو گۆڕاو ئارامتر بوو، پاشان چاوەکانی هەڵێنان، تەواوتەواو. بانگم کرد بەڵام گوێی لەدەنگم نەبوو.

تەنیا لە دووحەوتوودا ناپلیۆن شەش شەڕی بە سەرکەوتوویی تەواو کردن‌و هێزەکانی سوپا شیمالی ئیتالیایان چۆڵ کرد. زۆرجار وتووێژەکانمان لەپەنای میلەکانی باغیم وەبیر دێنەوەو بیریان لێدەکەمەوە. ناپلیۆن هێندێ وڵاتی تازەی بنیات نابوون. یەکەمینیانی ناو نابوو لوومباردی‌و دوامینیشیان کۆماری سیزالپین. ئەو میلانی کردبووە پێتەختی لوومباردی‌و لیژنەیەکی پەنجاکەسی لە ئیتالیایی‌یەکانی هەڵبژارد تا بەناوی فەڕانسەوە ئەو وڵاتە بەڕێوە بەرن. بە شەوێک وشەگەلی وەک ئازادی، بەرامبەری‌و برایەتی لەسەر دەرکو دیواری هەموو باڵەخانە دەوڵەتی‌یەکان نەخشا. میلانی‌یەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناچار بوون پارەیەکی زۆرو سێسەد سەر ئەسپی کالیسکەو باشترینو بەنرخترین گەنجینە هونەرییەکانی خۆیان پێشکێش بکەنو ناپلیۆن هەمووی ناردەوە پاریس. بەڵام پێش هەرکارێک مووچەی سەربازەکانی خۆی لەو پارەیە دا. حکوومەتی ئەنجومەنی نیشتمانی لەژێر باری قەرزدا پەلەقاژەی بوو و نەیدەتوانی موچەی سەربازانی بەرەی جنووب بدا. باراسو ئەوانەی دەوروبەری نەیاندەزانی چڕووی داوەو چمۆجیزەیەک خوڵقاوە. خەزێنەی بەتاڵی فەڕانسە پڕ لەپارە بوو، جوانترین ئەسپانی ئیتالیایی کالیسکەکانی ئەوانیان ڕادەکێشاو بەنرخترین بەرهەمە هونەرییەکان ژوورو سالۆنەکانیانی ڕازاندبۆوە. ناپلیۆن بەتایبەتی سەرنجی ئەو پیاوە پاریسییانەی بۆلای تابلۆیەکی تایبەتی ڕاکێشابوو، وێنەی ژنێک بەناوی ژۆکۆند، بەرهەمی هونەرخوڵقێنی بەناوبانگ لیئۆناردۆ داڤینچی. خانمێک بەناوی موونا کە بە لێوی لەسەریەکدانراوەوە بزەی هاتۆتێو بزەکەی زەردەخەنەی ژووزفین وەبیر دێنێتەوە، ڕەنگە ئەویش هەروەک بێوەژنەکەی بوئارنە ددانی جوان نەبووبن.

سەرەنجام ئەوەی کەس گومانی بۆی نەدەچوو، ڕووی دا. کۆماری فەڕانسە لە کلیسای ڕۆم دابڕابوو و لە درێژایی چوارساڵی دوای شۆڕشدا قەشەکانی کاتۆلیک کە لە بەندی حکوومەتی کۆمار ڕایانکردبوو پەنایان بردبووە ئەودیوی سنوورەکان،و ئێستا پاپ بۆخۆی پێشنیاری سازانی بە فەڕانسە دەکردو دەیەویست لە ناپلیۆنی ئیتالیاگر نزیک بێتەوە.

ئەمانە هەموو بۆ ئەتین خەبەری خۆش بوون. ئەو بەسەعات لە دوکانەکەی خۆی قسەی بۆ ئەوانە دەکرد کە لە دەوری کۆ دەبوونەوە، رابردووی بۆ دەگێڕانەوە،و باسی ئەو ڕۆژانەی بۆ دەکردن کە ناپلیۆن نەخشەکانی خۆی بۆ ئەو شی دەکردنەوەو نەکهەر وەک ژنبرا بەڵکوو وەک باشترینو نزیکترین دۆست هەرچی لەبارەی بەرەی ئیتالیاوە بە زەینیدا دەهات دەگەڵ وی باس دەکرد.

ماوەیەک بوو لەبن سەری دوفوو دانیشتبوومو هێندێجاریش سەریم هەڵدێنا.. بەڵام ئەمەش کۆمەگێکی پێنەدەکرد. نەیدەتوانی بەئاسانی هەناسە بدا. کەفە خوێناوییەکەم لە گۆشەی لێوانی سڕی. ڕەنگ بە ڕووانیەوە نەبوو، دەتگوت سیمایەکی مۆمیاییکراوە. بەناچاری بانگی دوکتۆرم کردو ئەو بە فەڕانسەییە شەقوشڕەکەی ڕوونی کردەوە کە ئەم حاڵەتە بەهۆی خوێنڕێژیی نێوخۆیی دروست بووەو بەپەلە چۆوە لای ژوولیو ژۆزێف. گومانم نیە کە بابەتی قسەکانیان شتێک نیە جگە لە میوانداریەکەی سبەینێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای مۆرکردنی ڕێککەوتن‌نامە دەگەڵ ڤاتیکان حکوومەتی پاریس تووشی نیگەرانیو دڵەخورپەیەکی زۆر بوو. چونکە ناپلیۆن بەتەنیاییو هەرجۆر دەیەویست ڕەفتاری دەکردو بێ گوێدانە بوونو نەبوونی حکوومەت قەرارو مەدارەکانی دەنووسینو ئیمزای دەکردن. ئەو هەرگیز لەفکری ئەوەدا نەبوو پێش ئیمزای قەرارومەدارێک ڕەزامەندیی پاریس وەربگرێ. ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی لەو ڕەفتارە ناڕازی بوونو پرتەوبۆڵەیان دەکرد کە:

–ئەوەی ئەو دەیکا بەولاوەتر لە دەسەڵاتو بەرپرسایەتیی سەرفەرماندەرێکی سەربازی‌یە. ئەو بابەتانە مەسەلەی سەربازیو جەنگی نین بەڵکوو پێوەندی‌یەکی پتەویان دەگەڵ سیاسەتی دەرەوەو لە بەرزترین پلەشی‌دا هەیە.

...ناپلیۆن بە خۆگێل‌کردن لەو ناڕەزایەتی‌یانە تەنانەت بەئەرکی خۆی نەدەزانی وەڵامیش بداتەوە. بەڵام هەرگیز لە ناردنی پارە بۆ پاریس تەنەخیی نەدەکرد. یەکێک لە داخوازەکانی لەبارەی ناردنی هێزی تازەوە ئەو ڕاستی‌یە دەردەخا کە ئەو نەکهەر ئاگای تەواوی لەبەرەی ئیتالیا هەیە بەڵکوو هەلومەرجو وەزعیەتی هێزە فەڕانسەیی‌یەکانی دیکەش لە هەموو کەس باشتر دەناسیو دەزانی. ئەو لە داخوازەکەی‌دا بەڕوونی دیاریی کردبوو چهێزگەلێک، بە چڕادەیەکو لە کامە یەکەکان دەبێ بۆ بەهێزکردنی بەرەی ئیتالیا بەڕێ بکرێن. وەختێک پاریس هاتە سەر ئەو ڕایە کە کۆمەڵێک ڕاوێژکاری سیاسی بۆ ناپلیۆن دیاری بکاو باڵیۆزخانەو باڵیۆزێکیش بۆ وڵاتە تازەدامەزراوەکان دیاری بکرێ لەو وەختەدا بوو کە ئەو سەرەنجام وەڵامی پاریسی دایەوە. نامەی وی پێرستێک لە ناوی ئەو کەسانە بوو کە دەبوو وەک شاندی سیاسیی کۆماری فەڕانسە بنێردرێنە لای ئەو، و سروشتی‌یە کە لەپێشەوەی ئەو پێرستەدا ناوی ژۆزێفی برای دانرابوو.

بەمجۆرە ژۆزێفو ژوولی ڕۆیشتن بۆ ئیتالیا، لەپێش‌دا بۆ پارما، دوایە وەک باڵیۆزی فەڕانسە بۆجینواو سەرەنجام بۆ ڕۆم، دیارە ئەم سەفەرەیان نە لەمارسەی بەڵکوو لەپاریسەوە دەست پێکرد، چونکە ناپلیۆن دوای هەڵبژێران بە فەرمانداری سەربازیی پاریس، نامەیەکی بۆ ژۆزێف نووسیو بۆی باس کرد کە لەپاریس هەڵکەوتو دەرفەتگەلی زۆر باشتر لەوانەی لە مارسەی چاوەڕێی دەکردن دەتوانێ هەڵکەون. ئەمە سروشتی بوو، هەر شتێک ڕووی دابایە ناپلیۆن براکەی خۆی لەبیر نەدەکردو یەکەمکاری پەیداکردنی ئیشێک بۆ ژۆزێف بوو. ئەو کاری دەوڵەتیی خۆی بە سکرتێریی ئەنجومەنی شاری مارسەی دەست پێکردو لەپاریس ناپلیۆن ئەوی بە باراسو سیاسەتمەدارانو ئیمزاکەرانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەرارومەدارە دەوڵەتی‌و سەربازی‌یەکان ناساندو هەروەها بەو دەوڵەمەندە تازەپێگەیشتووانە کە دەستیان لە سەوداو مامەڵەی ملکومالڵدا هەبوو. ژۆزێفیش دەگەڵ ئەوانە کەوتو پاش بەشداری لە چەند موعامەلەی کڕینی خانووی هەرزان‌بایی لە دەوڵەتو فرۆشتنەوەیان بە نرخێکی یەکجار گرانتر توانی سەروسامانێک بە وەزعی دارایی خۆی بدا. بەوجۆرەی ئەتین دەیگوت بەهۆی قازانجی لەڕادەبەدەری ئەو موعامەلانەوە زۆری پێ‌نەچوو کە ژۆزێف توانی خانوێکی چکۆڵە لە شەقامی ڕووشێ بکڕێ.

ئەوکاتەی دەنگوباسی سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن لە ئیتالیاو شەڕەکانی وەک میلزیمۆ، کاستلیۆن، ئارکوولاو ڕیڤۆلی‌دا لەپاریس بڵاو بۆوە، ژۆزێف بە یەکێک لە گرنگترین پیاوانی پاریس دەژمێردرا. ئەو براگەورەی بوناپارت بوو، کەسێک کە ڕۆژنامەکانی دەرەوە ناوی بەدەسەڵاتترین پیاوی فەڕانسەیان لەسەر دانابوو و بڵاوکراوە فەڕانسەیی‌یەکانیش وەک ڕزگارکەری خەڵکی ئیتالیا ناویان دەبرد. پیاوێک کە ڕوخسارە چکۆڵەکەی لەسەر شووشەی دوکانەکان، فنجانەکان، گوڵدانەکان‌و ئەنفیەدانەکان نەخشابوو، لە دیوێک ڕوخساری ئەوو لە دیوەکەی دیکە ئاڵای فەڕانسە...

ڕەزامەندیی حکوومەتی فەڕانسە لەسەر داخوازەکەی ژەنراڵی سەرکەوتوو و ناردنی ژۆزێف بۆ باڵیۆزخانە کەسی تووشی سەرسوڕمان نەکرد. بەمجۆرە ژوولی‌و ژۆزێف چوونە یەکەمین کۆشکی مەرمەڕینی خۆیان لە ئیتالیا، بەڵام ژوولی بەناڕەزایەتی لەو سەفەرە لە نووسینە پڕلە نائومێدی‌یەکانی‌دا داوای لەمن دەکرد بچمە لای. وابوو دایکم ئیزنی بەمن دا بچمو لەوکاتەوە ئەمنیش شان‌بەشانی ژوولی‌و ژۆزێف هەر ڕۆژەی لە کۆشکێکو شوێنێکی دیکەم. ئاوارەیەک کە لە سالۆنی گەورەو بەشکۆدا دەژی، سالۆنی وا کە تەختەکەیان بە مەرمەڕی ڕەش‌و سپی داپۆشراوە، سالۆنگەلێک کە پڕن لە شتی برۆنزیی سەرسوڕهێن‌و دیوەخان‌گەلێک کە...

ئەو کۆشکەی ئێستا تێی‌دا دەژیەین ناوی کۆشکی کۆرزینی‌یەو دەوروبەرمان بە سەربازان‌و ئەفسەرانێک تەنراوە کە بەیانی تا ئێوارێ دەنگی مامزەکان‌و شمشێرەکانیان دێتە بەرگوێ. چونکە ئەندامانی ستادی باڵیۆزخانە زۆرتر لە ئەفسەرانن.

سبەی شەوێ ژۆزێف گەورەترین میواندارییی باڵیۆزخانە بەرپا دەکا تا لەو میوانداری‌یە بەشکۆو کەمهاوتایەدا خۆی‌و ژوولی بە سێ‌سەدوپەنجا کەس لە بەناوبانگترین هاونیشتمانانی ڕۆمی بناسێنێ. حەوتوویەکە خەو نەچۆتە چاوی ژوولی. بەتەواوی ڕەنگی پەڕیوەو ئەڵقەئەڵقەی شین لە دەوری چاوەکانی دەرکەوتوون. ژوولی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو ژنانەیە کە بوونی سێ یان چوار میوان بۆ ئاڵۆزبوونو سەرلێشێوانیان بەسە،و لە بەختی ڕەشی وی، ئێمە لێرە ڕۆژێ هەرنەبێ پازدە میوانمان هەنو ژۆزێفیش هەمیشە ئامادەیە بەهەر بیانوویەکو لە هەردەرفەتێکدا میوانداریی چەندسەد کەسی وەڕێ بخا. هەرچەند فەوجێک خزمەتکار لە ئاشپەزەوە تا کالیسکەچیو کاربەڕێکەر دەوریان گرتووین بەڵام ژوولی خۆی بە تاقە بەرپرسیاری ئەو شانۆسازییە گاڵتەجاڕییە دەزانێو بەگریانەوە دەستم دەستۆ دەکاو نیگەرانی خەراپبوونی کارەکانە. بێگومان ئەو ئەم ڕەفتارو سروشتە ناجوانەی لەدایکم بەمیرات وەرگرتوەو تەنانەت جاری وایە هەست دەکەم قسەکردنیشی دایکمم وەبیر دێنێتەوە.

دوفوو جارێکی دیکە جووڵاو ئەمن ئومێدم پەیدا کرد کە وەهۆش بێتەوە. یەک لەحزە تەماشای منی کرد بەڵام دووبارە چاوە نیوەکراوەکانی لێڵبوونەوەو هەناسەهەڵکێشانی دژوارتر بوو و هەوڵەکەی بۆ هەناسەدانێکی ڕەحەت بێئاکام مایەوەو دوای ئەوەی دووبارە خوێن بەزارێدا هاتە خوار سەری پتر لەجاران دە باڵنجەکەیڕا کرد. لەبن لێوانەوە گوتم: ژان دوفوو! زۆرم هەوڵ دا کۆمەگت بکەم بەڵام وادیارە کارێکم لەدەست نایە.

نە کاتی شەڕو نە لە هەنگامەی سەرکەوتنداو نە ئەوکاتەی خەریکی بەستنی قەرارومەدار دەگەڵ وڵاتانی تازەدامەزراودایە، هیچوەخت ناپلیۆن بنەماڵەکەی خۆی لەبیر ناکاو هەمیشە دەرفەتی پێویستی هەیە بەوان ڕابگا. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە هەرجارەی یەکێک دەهاتو نامەو پارەی پێویستی بۆخاتوو لیزیا دێناو ئەمە قەت لەبیر نەدەچوو. ئێستا ئیدی خاتوو لیزیا گواستوویەتەوە خانوویەکی تاڕادەیەک باشو بەکەلکی حەوانەوەو ژێرۆم، ئەو منداڵە لەتوانابەدەرەش نێردراوەتە قوتابخانەیەکی باش. کارۆلینیش چۆتە قوتابخانەیەکی بەناوبانگی پاریس، هەر ئەو قوتابخانەیە کە ئوورتانس بوئارنە زڕکچی ناپلیۆنیش دەیچێتێ. ئێستا ئیدی بوناپارتەکان ناوبانگێکی جیهانییان پەیدا کردوە بەڵام ناپلیۆن زۆر لەوە قەڵسە کە دایکی ئیزنی داوە ئەلیزا مێرد بەکەسێکی ئاسایی بەناوی فایکس باکسیووچی بکاو لەنامەکەیدا چەند جار دووپاتەی کردۆتەوە کە: ئەو زەماوەندە بەپەلەیە بۆچی؟ ئەویش دەگەڵ قوتابییەکی بێقەدری مۆسیقا، بۆچی دایە، بۆ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر لەمێژ بوو ئەلیزا بەدوای باکسیووچیدا دەگەڕاو هیوادار بوو مێردی پێبکا. ئەودەم کە یەکەمین خەبەرەکانی سەرکەوتنی ناپلیۆن لە بەرەی ئیتالیا بڵاو بوونەوە باکسیووچیی لاو دەسبەجێ داوای زەماوەندی کردو ئەویش بێ قسەلێکردن قبووڵی کرد. پاش زەماوەندی ئەم دووانە، ناپلیۆن لەترسی ئەوەی نەکا پوولێتیش مێرد بە کەسێکی وا بکا، وای ڕێکخست کە خاتوو لیزیاو پوولێت بۆ سەردانی بچنە بارەگای فەرماندەرییەکەی لە مۆنتیبلوو. لەوێ بێئەوەی دەرفەت لەدەست بدا بەپەلە پوولێتی لە ژەنڕاڵێکی خۆی بەناوی لیکێرک مارە کرد کە دیارە هیچکام لە ئێمە ئەومان نەدەناسی.

بۆ بەدبەختی نازانم چۆنە کە ئەو هەرچەند زۆر سەرقاڵی نووسینی هێندێ لاپەڕەی تازەی مێژوویە دیسان منی لەبیر نەچۆتەوە. ئەو بەڕواڵەت لە هەوڵی ئەوەدایە بەجۆرێک ڕابردوو قەرەبوو بکاتەوەو ڕەنگە بڕیاریشی دابێ بەجۆرێک زیان بۆمن ببژێرێتەوە. بۆیە بەهاوکاریی ژوولیو ژۆزێف یەک لەدوای یەک کەسانی دڵخوازی خۆی دەنێرێتە خوازبێنیی من. یەکەمینیان ژانوو ئاجودانی ڕۆژانی خزمەتی خۆی لە مارسەی بوو. ژانووی باڵابەرز بەو قژی زەردو ڕوخساری لەبەر دڵانیەوە بۆ خوازبێنیی من هاتە جێنوا. ئەو لەحاڵێکدا پاژنەکانی بە نیشانەی ڕێزدانان لێکدەدانو داوای لێدەکردم سەعاتێک لەنێو باغ پیاسەی دەگەڵ بکەمو گوێ لە قسەکانی بگرم گوتی داوای زەماوەند لەگەڵ من بۆ وی مایەی شانازی دەبێ. ئەمن سوپاسم کرد بەڵام ناچار بووم داخوازەکەی ڕەت بکەمەوە. کەچی ئەو لەوپەڕی ساویلکەییدا گوتی:

–بەڵام ئەمە فەرمانی ناپلیۆنە!

لەمکاتەدا وەبیرم هاتەوە کە ناپلیۆن لەبارەی ئەم گەنجەوە چۆنی بیر دەکردەوەو چیی دەگوت: "ژانوو تاسنووری مردن وەفادارە بەڵام گەمژەیەکی وەفادار." ئەمن جارێکی دیکەو دوای بیستنی ئاخرقسەشی سەرم بە نیشانەی نارەزامەندی ڕاوەشاندو ژانوو ناچار بوو بگەڕێتەوە مۆنتیبلوو. هەڵبژاردەی دووەم، مارموون بوو کە ئەویشم لە مارسەی دیتبوو. مارموون وشیارتر لەوە بوو کە داخوازەکەی ڕاستەوخۆ دەرببڕێو پێی باشتر بوو بە ئاماژە نیشانی بدا. لێرەشدا قسەی ناپلیۆن لەبارەی مارموونەوەم بیر کەوتەوە: "پیاوێکی بەهۆشە کە پێویستییەکانی خزمەت دەبنە هۆی وەفادارییەکەی". بەڵێ ئەمجۆرە پیاوە هیوادار بوو زەماوەند دەگەڵ ژنخوشکی ژۆزێف بوناپارت بیکاتە یەکێک لە خزمانی ناپلیۆنو سیلەچاوێکیشی لە جیازی قورسو بەرچاوی من هەبوو. داخوازی ناڕاستەوخۆو زیرەکانەی مارموونیش لە "نا" زیاتر وەڵامێکی نەبوو. لەمکاتەدا بوو کە ڕاستەڕێ چوومە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لای ژۆزێفو داوام لێکرد نامەیەک بۆ ناپلیۆن بنووسێو داوای لێبکا ئەفسەرەکانی نەنێرێتە خوازبێنیی من. ژۆزێف کە لە قسەکەی من ڕاچەنیبوو، گوتی:

-ئەتۆ ئاگات لێنیە ناپلیۆن زەماوەند دەگەڵ ژنخوشکێ براکەی بۆ ژەنڕاڵەکانی بە شانازییەکی گەورە دەزانێ.

-ژۆزێف! ئەمن نە حوکمی ڕێزلێنانمو نە ئامرازی ڕێزدانان بۆ لێوەشاوەیی ئەفسەرەکانی. ئەگەریش لەکۆڵم نەبنەوە هەر ئێستا دەچمەوە کن دایکموماڵەکەی خۆم. هیوادارم ئەم وشیارکردنەوەیە بۆئەو بەس بێ..

ئەمڕۆ بەیانی ئەمنو ژوولی بێئەوەی زۆر دەربەستی فێنکاییو بگرە ساردیی هەوا بین لە باغی کۆشک دانیشتبووین. لە نێوەڕاستی ئەم بەشەی باغی پەیکەری برۆنزیی ژنێکی قەڵەو هەیە کە دۆڵفینێکی چکۆڵەی لەسەر قۆڵی ڕاگرتوەو پلووسکە ئاوێکی باریکیش لەزاری دۆڵفینەکە دەڕژێتە خوارێ. ئێمە هەردووکمان دەمانەویست ناوی ئەو میوانە ناودارانە فێر بین کە قەرار بوو لە میوانداریی باڵیۆزخانەدا پێمان بناسێندرێن. هەرلەو کاتەدا ژۆزێف لەحاڵێکدا نامەیەکی بەدەستەوە بوو گەیشتە وێو سەرەتا باسی ئەملاوئەولای کرد. دیارە باش دەزانم ناوبراو ئەو شێوەیە ئەوکاتە بەکار دەبا کە بەنیازە خەبەرێکی ناخۆش ڕابگەیەنێ. سەرەنجام گوتی:

-ناپلیۆن ڕاوێژکارێکی سەربازیی تازەی ناردۆتە لای ئێمە، ژەنڕاڵێکی گەنجو خۆش ئەخلاق بەناوی ژان پییەر دوفوو.

ئەمن کە هەستم دەکرد ئەمناوە بەگوێم ئاشنایە سەرم هەڵێناو پرسیم:

-ئەم ژەنڕاڵە جارێک لە جینوا نەهاتبووە سەردانی تۆ؟

ژۆزێف کە لەم قسەیەو سەرنجی من زۆر خۆشحاڵ بوو وەڵامی دایەوە:

-دیارە خۆشحاڵم کە ئەوت لەبیرەو مسۆگەر بیرەوەرییەکی خۆشیشت لێی هەیە. بەڕاستی باش بوو چونکە ناپلیۆن لە نامەکەی دا نووسیویەتی "هیوادارم ئووژنی دوفووی بەدڵ بێو بایەخی پێبدا". دیارە دەبێ لێی ببووری کە هێشتا وەک پێشوو لەجیاتی دێزیرە بە ئووژنی ناوی بردووی. هەروەها ناپلیۆن بە پێداگرتن لەسەر سەڵتبوونی ئەو لاوە گوتوویەتی...

ئیدی لەوە زیاتر ڕێی قسەکردنم پێنەداو لەحاڵێکدا لەجێی خۆم هەڵدەستام گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–حەتمەنیش پێشنیارێکی تازەی زەماوەند، نا؟ نا ژۆزێف سوپاس. ئەمن پێم وابوو ئەم گەمژەییيانە تەواو بوون. بۆ ناپلیۆن بنووسە ئەم بەڕێز دوفوویە یان نازانم هەرچی دیکە نەنێرێتە ئێرە.

–بەڵام ئەو لەمێژە گەیشتۆتە ئێرە، چارەکە سەعاتێک دەبێ. نامەی ناپلیۆنیش ئەو دەگەڵ خۆی هێناوە.

ئەمن کە بەدەم ئەم وتووێژەوە گەیشتبوومە نزیک دەرگای چوونەژووری باڵەخانەکە، چوومە ژووریّو بەرقەوە دەرگای دیوەخانەکەم پێکدا داو لەوکارەشم هەستم بە ڕەزامەندی کرد، چونکە لەوکۆشکە مەڕمەڕینانەدا پێکدادانی دەرگا دەنگێکی وەک تەقینەوەی لێدێ.

بۆ خۆبواردن لە بەرەوڕووبوونەوەی دوفوو نەچوومە سەر مێزی نیوڕۆژ بەڵام چونکە بەتەنیا نانخواردن لە ژوورەکەی خۆم زۆر ماندووی دەکردم بەناچاری بۆ شێوخواردن چوومە لایان. دیارە ئەوان کورسیی دوفوویان لە تەنیشت من دانابوو چونکە ژۆزێف وەک کۆیلە پەیڕەویی لە داخوازەکانی ناپلیۆن دەکرد. لەکاتی نانخواردندا چاوێکم لێکرد. پیاوێک بوو دەستەپیاوو ڕەشئەسمەر بە ڕیزەددانێکی سپیو دەمێکی گەورەوە. هەر ئەو ددانە سپییانەو ئەو زارە گەورەیە شوێنەوارێکی ناخۆشی لەسەرم داناو دەبێ بڵێم ئەو ددانە درەوشاوانە کە لە بزەی پەیتاپەیتایدا دەردەکەوتن سەیر منیان جاڕز دەکرد.

قسەکانمان لەسەر مێزی نانخواردن چەندینجار بەهۆی هەراوهۆریای دەرەوەی باڵەخانەکە پچڕان. دیارە ئێمە بە بیستنی هەراوهۆریای حەشیمەت لە دەوروبەری باڵیۆزخانە ڕاهاتبووین، هاواری وەک بژی فەڕانسە یان بژی ئازادیو جاروباریش هاواری ڕقهەستاوانەی بمرێ فەڕانسە. زۆر لە ئیتالیاییەکان تامەزرۆی ئامانجەکانی کۆمارن بەڵام کۆمەڵێکی زۆریشیان لە خەرجی سەرسوڕهێنی ژیان کە یەکێک لە دیارییەکانی هێزەکانی ئێمەیە وەگیان هاتوونو توانای قبووڵی ئەو ڕاستییەیان نیە کە کاربەدەستە ڕەسمییەکانیان لەلایەن ناپلیۆنەوە دیاری بکرێن. بەڵام ئەو هاوارانە کە ئەمڕۆ لەسەر دەروازەکانی کۆشکەوە دەهاتنە بەر گوێ دەگەڵ ڕۆژەکانی دیکە فەرقیان هەبوو، هاوارێک بوون بەرزترو زبرترو تێکەڵبەهەڕەشە.

ژۆزێف بۆ پاساوی هۆی ئەو هەڵلایە وەبیری هێنایەوە کە شەوی ڕابردوو چەند هاونیشتمانی ڕۆمی بەهۆی کوژرانی سوتوانێکی فەڕانسەیی لە ڕێستوورانێک گیراون. هێندێ نوێنەری ئەنجومەنی شار لە دەرەوەی کۆشک بوونو داوای دیدارو قسەکردن دەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژۆزێفیان کردبوو. ئەو ئاپۆرای حەشیمەتەش چاوەڕوانی ئاکامی ئەو دیدارو وتوویژە بوو. ژوولی پاش بیستنی قسەکانی ژۆزێف پرسی:

-ئەتۆ بۆ ئەوانت وەرگرت؟ دەمانتوانی شێوەکەمان نەختێک درەنگتر بخۆین.

بەلام ژۆزێف پێیداگرت کە ئەمکارە بەشێک لە ئەرکەکانی وی نیەو ئیشکەرانی بالیۆزخانەش لەوەدا دەگەلی هاوڕان کە دەلیلێک بۆ وەرگرتنی ئەمانە نیە. چونکە ئەمکارە بەشێک لە ئەرکو بەرپرسایەتییەکانی فەرمانداری سەربازیی ڕۆمەو ئەو دەتوانێ وەلامیان بداتەوە.

هاوارەکان سات بەسات بەرزتر دەبوونو ئاپۆرای حەشیمەت وەک لافاوێکی بەگوڕ لەپشت دەروازەی کۆشک شەپۆلی دەدانو دەخرۆشا. ژۆزێف کە ئیدی خۆی پێڕانەدەگیرا هاواری کرد:

-هەرئێستا دەبێ مەیدانەکە چۆل کرێ.

ئەو دواتر هەر بەوحالەوە ڕووی لە سکرتێرێکی بالیۆزخانە کردو گوتی:

-دەسبەجێ بچنە دەفتەری فەرمانداری سەربازیو پێیبلێن کە مەیدانی پێش بالیۆزخانە دەبێ دەسبەجێ چۆل بکرێ. ئەم هەللاو هەنگامەیە قبوول ناکرێ.

کاتێک سکرتێری لاو وەڕێ کەوت ژەنراڵ دوفوو وەبیری هێنایەوە:

-باشترە بە دەرگای پشتەوەی بالەخانەکەدا برۆی ئەوێ ئەمنترە.

ئێمە بە بێدەنگیی تەواو دەستمان بە نانخواردنەکەمان کرد بەلام پێشئەوەی قاوەکانمان بۆ بێنن دەنگی نالی ئەسپان لە فەزادا دەنگی دایەوەو بەڕوالەت کۆمەلێک سوارەنیزام بۆ بلاوەپێکردنی ئەو خەلکەی لە مەیدان خڕ ببوونەوە نێردرابوون. کاتێک ژۆزێف لەسەر مێزەکە هەستا ئێمەش دەگەل وی چووینە هەیوانی نهۆمی یەکەم. مەیدان لەبن پێماندا دەکولی، دەریایەکی پڕشەپۆل لە حەشیمەتو ئاخنراو لە هاتوهاواری ناڕوون بەلام ڕقهەستاوانە. لەنێو ئاپۆرای ئەو حەشیمەتە خرۆشاوەدا نەمانتوانی نوێنەرانی ئەنجومەنی شار ببینین. چونکە پالەپەستۆی حەشیمەت ئەوانی بەرەو دەرگای بالەخانەکە بردبوو و لەبن دەرگاکە گیری دابوون. دوو نیگابانی بالیۆزخانەش بێ جوولەو وەک دوو پەیکەر لە دوو لای بالیۆزخانە ڕاوەستابوون. دەتگوت هەردەم چاوەڕوانی مردنێکی بەئازارو پلیشانەوە لەبن پێی حەشیمەتدان. ژۆزێف بەپەلە ئێمەی لە هەیوانێ بەرەودوا کشاندەوە، بەلام ئەو دەیتوانی لەپشت پەنجەرەوە تەماشای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دیمەنە بکا. ڕەنگی ڕوخساری وەک مردووان سپی ببوو و لەبەر ناڕەحەتیی زۆر لێوی بە ددان گەزیبوو و دەستی لەرزۆکی دەنێو قژەکانی ڕاکردبوو.

سوارەنیزام مەیدانەکەیان گەمارۆ داو لەحاڵێکدا وەک پەیکەری بێجووڵە بەسەر ئەسپەکانیانەوە ڕامابوون چاوەڕوانی فەرمانی هێرش لەلایەن فەرماندەری خۆیانەوە بوون. بەڵام بەڕواڵەت فەرماندەرەکەیان نەیدەتوانی خۆی بە دەرکردنی فەرمان ڕازی بکا.

لەم کاتەدا دوفوو گوتی:

–ئەمن دەچم بەڵکوو بتوانم حەشیمەتەکە ئارام بکەمەوە.

–ژەنڕاڵ نابێ خۆت بخەیە ئەو مەترسیو هیلاکەتەوە. ئەوە شێتییە. تاوێکی دیکە سوارە...

دوفوو لەحاڵێکدا بزەیەکی تەحویلی ژۆزێف دەدا گوتی:

–جەنابی باڵیۆز، ئەمن ئەفسەرمو خووم بە مەترسی گرتوە، باشترە ئەگەر بکرێ پێشگیری لە خوێنڕێژییەکی ناپێویست بکەم.

دەنگی مامزەی چەکمەکانی بەرز بۆوەو ژەنڕاڵی لاو بەپەلە بەرەو دەرگا ڕۆیشتو لە دواهەنگاوەکانیدا گەڕایەوەو چاوێکی لەمن کرد. ئەمن خێرا بەرەو پەنجەرە چووم‌و لە دڵی خۆمدا گوتم دەیەوێ ڕۆڵی قارەمانێکی دلێر بگێڕێ  تا بەوجۆرە سەرنجی من بۆلای خۆی ڕاکێشێو کار بکاتە سەرم. ئەو بەپەلە لە پلیکانەکان چووە خوارو تەنیاو بێچەک بەرەو حەشیمەتە ڕقهەستاوەکە وەڕێ کەوت. لەدڵی خۆمدا گوتم ئەمە چگەوجییەکە؟ ئەوان چییان لەمن دەوێ، ژانوو، مارموونو ئێستاش دوفوو.

تاوێک دواتر دەروازەی خوارێ کرایەوە، ئێمەش پەنجەرەمان کردەوە تا باشترمان گوێ لە دەنگەکان بێ. هاتوهاواری ئاژاوەگێڕەکان ببوو بە نەڕەیەکی پڕهەڕەشەو لەنەکاو هاوارێکی بەسام هەستا: بمرێ... و بمرێیەکی دیکە. لەپێشدا نەمان دەتوانی دوفوو ببینین بەڵام دوایە حەشیمەتی ئاژاوەگێڕ لەپێش دەروازە کشانەوەو ڕێگایان بۆ ئەو کردەوە. کاتێک ئەو دەستی هەڵێنا تا داوای بێدەنگی لە حەشیمەت بکا ویزەی گوللەیەک فەزای دڕیو بەدوای ئەوەدا سوارەکان ئاژاوەگێڕانیان کردە نیشانەی گوللەکانیان.

بەپەلە لە پلیکانەکان چوومە خوارو دەرگای گەورەی باڵیۆزخانەم کردەوە، دوو نیگابان بنپیلی ژەنڕاڵیان گرتبوو تا بیهێننە ژووری باڵەخانەکە. بەڵام لاقەکانی بەسەر زەویدا ڕادەکشانو توانای ڕاگرتنی پەیکەری ئەویان نەبوو. سەری بەلایەکدا کەوتبوو و ڕوخساری گۆڕابوو. زاری خوار ببوو و زەردەخەنە هەمیشەییەکەی لەسەر لێوانی ببووە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەهۆڵو دیمەنێکی ترسێنەری بەخۆوە گرتبوو. لەبەر ژانی زۆر بێهۆش ببوو، دوو نیگابان ڕایان کێشایە دیوەخانو لاقە هەڵواسراوەکانی هەروا بەسەر تەختی مەڕمەڕینی دیوەخاندا ڕادەکشان. دوو سربازەکە چاوێکیان لەمن کردو ئەمن لەخۆوە گوتم:

–نهۆمی سەرێ! بیبەنە سەرێ. دەبێ لە ژوورێکی سەرێ بیخەوێنین.

ڕوخسارگەلی ڕەنگپەڕیو چواردەوریان گرتبووم: ژوولی، ژۆزێف، ڕاوێژکارە قەڵەوەکەی باڵیۆزخانەو مینێ نەدیمەی ژوولی. ئەوان هەموویان بە دیتنی ئەو دوو سەربازە کە دوفوویان لەسەر دەستان دەهێنا کەوتنە لایەک تا ئەو دووانە بیبەنە نهۆمی سەرێ. بێدەنگییەکی مەرگهێن باڵی بەسەر مەیدانی پێش باڵیۆزخانەدا کێشابوو، بۆ بەدیهاتنی ئەم بێدەنگییە تەنیا دوو دەسڕێژ بەس بوو.

دەرگای ژووری ژۆزێفم کە نزیکترین ژوور لە سەرپلیکانەکان بوو، کردەوە. سەربازەکان ئەویان لەسەر نیوتەختێک درێژ کردو ئەمن باڵنجێکم وەبن سەری دا. ژۆزێف کە لەپەنام ڕاوەستابوو گوتی:

–بەدوای پزیشکمدا نارد، ڕەنگە زۆریش مەترسیدار نەبێ.

پەڵەیەک کە لەسەر یۆنیفۆرمە سورمەییڕەنگەکەی دیار بوو ساتبەسات بەربڵاوتر دەبوو. لەحاڵێکدا چاوم لەو پەڵەیە نەدەترووکاند بە ژۆزێفم گوت:

–دوگمەکانی پێشەوەی یۆنیفۆرمەکەی بکەنەوە.

ئەویش هەرچەند بە نابەدڵیو پێناخۆشبوون دوگمە زەردەکانی کردنەوە. پەڵەی سووری خوێن لەسەر کراسە سپییەکەی درەوشانەوەیەکی تایبەتییان هەبوو.

چاوێکم لە ڕوخساری ژەنراڵی لاو کرد. ئەوەندە ڕەنگی بزڕکابوو کە ڕوخساری زەرد هەڵگەڕابوو. دەمی کە کرابۆوە دەنگێکی وەک هەنیسکدانی لێوە دەهات. لەپێشدا ئەو دەنگە پچڕپچڕە ئەو گومانەی بۆ دروست کردم کە لەحاڵی گریاندایە بەڵام زوو تێگەیشتم کە هەوڵ دەدا هەناسە بدا.

سەرەنجام پزیشکە وردیلە ئیتالیاییەکە گەیشتێ. بەڵام سەیر ئەوە بوو ئەوم لە ژۆزێف شێواوتر هاتە بەرچاو. بانگکران بۆ باڵیۆزخانە بۆ ئەو دەرفەتێکی زێڕینو گرانبایی بوو، چونکە بۆخۆشی یەکێک لە پەسنبێژانی کۆماری فەڕانسەو خودی ناپلیۆن بوناپارت بوو. هەر لەوکاتەدا کە ئەو خەریکی کردنەوەی دوگمە کراسەکانی دوفوو بوو، لەحاڵێکدا لەبەر هەژانی زۆر زمانی تێک هەڵدەنگووت بەداخبوونی خۆی لەو ئاڵۆزییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

که لەشار دروست ببوو دەردەبڕیو ئاژاوەگێڕەکانی بە خەڵکیکی نابەرپرس ناو دەبرد.
ئەمن کە ئیدی حەوسەلەی بیستنی قسەکانی ویم نەبوو قسەکەم پێبڕیو پرسیم:
-پێت وانیە بۆ دەرمانی نەخۆشەکە شتێکت پێویست بێ؟
کابرا کە دەگوت بە قسەکەی من ڕاچەنیوەو ئەرکە ئەسڵییەکەی وەبیر هاتۆتەوە وەڵامی دایەوە:
-ئا، بەڵێ. هێندێک ئاوی شیلەوگەرمو ئەگەر بکرێ پارچەپەڕۆیەک.
کاتێک ئەو دەستی بە شوتنەوەی برینەکە کرد، ژۆزێفیش چووە لای پەنجەرەکە. ژوولی پاڵی وەدیوار دابوو و هەوڵی دەدا نارەحەتیو پەرێشانیی خۆی بشارێتەوە. پێش هەرکارێک ژوولیم بردە دەرێو بە ژۆزێفم گوت باشترە ئاگای لێی بێ. ژۆزێف خۆشحاڵ دیار بوو کە دەرفەتێک دروست بووە بۆ ئەوەی بچێتە دەرێو ڕاست لەو دەمەشدا دوکتۆر داوای پەتووی لەمن کردو گوتی:
-دەتوانی پەتوویەک پەیدا بکەی؟ لەشی سارد بۆتەوە، ئەویش بەهۆی خوێنڕێژییەوە... خوێنڕێژیی ژوورەوە کیژۆڵە، هی ژوورەوە...
هەرلەو حاڵەدا کە پەتووەکەم بە دوفوودا دەدا دوکتۆر دووبارەی کردەوە:
-کیژۆڵە، دەترسم کارێک لەمە زیاترمان لەدەست نەیە. چەند ڕووداوێکی ناخۆش... پیاوێکی وا گرنگ...
لەم ساتەدا ڕوانینی دوکتۆر لەسەر دەرەجە زێڕینەکانی دوفوو قەتیس مابوو، لەنەکاو وەک کەسێک کە لەخەو ڕاپەڕیبێ دیتی ژۆزێف لەوێ نیەو بەدوایدا بەپەلە بەرەو دەرگا چوو. ئەمنیش دەگەڵی چوومە ژوورەکەی تەنیشتێ. ژوولی، ژۆزێف، ڕاوێژکاری باڵیۆزخانەو چەندکەس لە سکرتێرەکان لە دەوری مێز دانیشتبوونو بە سرتە قسەیان دەکردو پێشخزمەتەکەش سەرگەرمی میوانداری لەوان بوو. ژۆزێف لەنەکاو هەستا تا بەدەستی خۆی پەرداخی دوکتۆر پڕ بکاو ئەمن باش تێگەیشتم کە ئەم خۆشەویستیدەربڕینەی بوناپارت بووە هۆی ئەوەی پزیشکە وردیلەکە لە ئاسماناندا بکەوێتە فڕینو بە لاڵەپەتەیی بڵێ:
-سوپاستان دەکەم بەڕێزگیان... برای ڕزگارکەرە مەزنەکەمان...
جارێکی دیکە چوومەوە بن سەری دوفوو، هەرچەند زۆر شێواو بووم بەڵام پارچەپەڕۆیەکی خاوێنم دۆزیەوەو ئەو خوێنانەم سڕینەوە کە بەسەر چەنەگەیدا هاتبوونە خوار. بەڵام زوو دەستم لەوکارە هەڵگرت چونکە تێگەیشتم ئەو خوێنە هەروا دێو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سڕینەوەی سوودی نیەو پاش لەحزەیەک وەک خۆی لێدێتەوە. سەرەنجام بە باشترم زانی کوتە پەڕۆیەکە بخەمە ژێر چەنەگەی. هەولێکی زۆرم دا بەڵکوو سەرنجی ڕابکێشمو بەجۆرێک ڕووی ئەو ڕوانینە سەراسیمەیەی پێ دەلای خۆم بکەمو کاتێک ئەم هەولەم بەئاکام نەگەیشت دەستم بۆ دەفتەری بیرەوەرییەکانی خۆم بردو دووبارە دەستم کرد بە نووسین.

چەند سەعاتێک گوزەرابوونو مۆمەکان خەریک بوون دواتیشکەکانی خۆیان بهاوێژن. لەم کاتەدا بوو کە دەنگی وتووێژێکی بەسرتەم لە ژوورەکەی تەنیشتمەوە بەر گوێ کەوتو بەڕواڵەت تا ئەوکاتە کەس نەخەوتبوو...

لەنەکاو ژەنراڵی بێهۆش وەهۆش هاتەوەو کە گوێم لە خشەخشی جووڵانی بوو چۆکم لەپەنای داداو بەدەستێک سەریم بەرز کردەوە. ئەو دەمنەوە ڕامابوو، لە ڕوانینەکەیڕا تێگەیشتم کە تووشی جۆرێک دوودڵیو سەرلێشێوانەو نازانێ لە کوێیەو چیی بەسەر هاتوە. بۆیە گوتم:

-ژەنراڵ دوفوو، ئەتۆ لە ڕۆمی، لە ڕۆمو لە ماڵی باڵیۆز بوناپارت.

لێوەکانی بەحاڵ بزووتنو ئەو بڵقە کەفە خوێناوییانەی لەسەر گۆشەی لێوەکانی بوون تەقینو پەڕینە سەر دەموچاویو ئەمن بە دەستەکەی دیکەم کە ئازاد بوو دەموچاویم پاک کردەوەو لەمساتەدا گوێم لە دەنگی وەک نالینی بوو کە دەیگوت:

-ماری... دەمە... دەمەوێ بچمە لای وی... ماری لەکوێیە؟ پێم بڵێن ماری لەکوێیە؟ ئێستا چاوەکانی گەشاوەیی پێشوویان بۆ گەڕابۆوە، منی ناسی، بەڵام هێشتا بە پرسیارەوە چاوی تێوە بڕیبووم. جارێکی دیکە دووپاتەم کردەوە:

-ئەتۆ لە ڕۆمی ژەنراڵ. بارودۆخ شێواوەو ئەتۆ بریندار بووی... گوللە وەزگت کەوتوە.

دەنگێکی ناڕوون لە نێو لێوانی هاتە دەر، هەستم کرد لە قسەکەم حاڵی بووە. مێشکم لەجاران شێواوتر بوو. بێگومان ئەو پێویستیی بە یارمەتی هەبوو، بەڵام ئەمن چم لەدەست نەدەهات بەڵام لەوانە بوو ماری... بەناچار پرسیم:

-ناوی بنەماڵەی ماری چیەو لەکوێ دەژی؟

بەحاڵەتێکی تووڕەییو نیگەران لەبن لێوانەوە گوتی:

-مەلێن...بە... بەو مەلێن... بە بوناپارت...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دڵنیا بە کە هیچ بەو ناڵێم، بەڵێن دەدەم. ئەگەر نەخۆشییەکەت درێژە بکێشێ ناچار دەبێ خەبەر بەماری بدەم. بەڵام دڵنیا بە کە ناپلیۆن هیچ لەم ڕووداوە نازانێتەوە.

هەوڵم دا زەردەخەنەی ئارامو دڵنیاییبەخشی من ببێتە مایەی متمانەی، بۆیە دووبارە لەسەرخۆ گوتی:

–ئەمن دەبێ... بەڵێ ئەمن دەبێ دەگەڵ ئووژنی... خوشکێ براژنەکەی وی... دەبێ دەگەڵ خوشکێ براژنەکەی وی زەماوەند بکەم... دەگەڵ خوشکێ براژنی بوناپا... ئەمە فەرمانی... بوناپارتەو...

نەمتوانی لە قسەکانی دیکەی حاڵی بمو پاش ڕاوەستانێکی کورت هەر بەوحاڵە درێژەی دایە:

–ماریی بەستەزمانی من، دەبێ وەزعی من تێبگەی... چاوی من هەمیشە بەدوای... تۆو ژۆرژی چکۆڵەوە... ماریی خۆشەویست...

لەم کاتەدا هەردوو دەستی بە تەنیشتیدا بەربوونەوەو هەوڵی دا بەجۆرێک خۆشەویستیی خۆی بۆ من دەربڕێ چونکە پێی وابوو ئەمن ماریم. ئەو دەیەویست ڕازی دڵی خۆی بەماری بڵێو تێیبگەیەنێ کە بۆچی ناچار بووە دەست لەوو لە کوڕە چکۆڵەکەی بەر دا. دەست لەوان بەر دا بۆئەوەی زەماوەند دەگەڵ من بکا، دەگەڵ خوشکی براژنی ژەنڕاڵ بوناپارت. هەموو شتێکی بەو زەماوەندەوە بەسترابۆوە، چوونەسەری پلەوپایەو گەیشتن بە جێگەو پێگەی دوور لە گومانو ئارەزوو.

ئەو چەند دەقیقەیەک هەر بەوحاڵە ئارامی گرت، سەری کە لەسەر دەستم بوو دەتگوت تۆپە قوڕقوشمە ئەوەندە قورس بوو. تۆزێکی دیکەم سەری هەڵکێشاو لەحاڵێک دا دەمەویست سەیری چاوانی بکەم گوتم:

ئادرەسی ماری چیە؟ ناوونیشانەکەی بڵێ تا نامەی بۆ بنووسم.

بۆ ساتێک وشیاریی تەواوی بەدەست هێنایەوەو گوتی:

–ماری موونیە... شەقامی لیۆن... ژمارە سیوشەش... پاریس.

ڕوخساری حاڵەتی ڕاکشاوییەکی تایبەتیی وەرگرت. بە بریسکەپێداهاتنی لووتی دەقووڵکەوتوویی چاوەکانیشی پتر دەرکەوتو هەناسەهەڵکێشانیشی دژوارتر بوو و حاڵەتی هانکەهانکی پەیدا کردو لەبەر گوشاری زۆر سەروچاوی ئارەق دایگرت. بەنەرمی گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–نیگەران مەبە، بەڵێن دەدەم هەمیشە ئاگام لـە مـاریو ژۆرژی چکۆڵـە بـێ، بـەڵێن دەدەم.

بەڵام دیار بوو گوێی لە قسەکانم نیەو چاوەکانی کە دە میچیەوە بڕیبوون نیشـانیان دەدا کە لە قسەکانم حاڵی نەبووە. بە تێکنانی نێوچاوانیو چرچبوونی لێوەکانی ڕاپەڕیمو غارم دایە دەرێو ڕاست لەودەمەدا هەناسـەیەکی سـاردی هەڵکێشـاو ئـەمن بێئاگـا لـەخۆم گوێم لە دەنگی خۆم بوو کە هاوارم دەکرد؛

بگەنێ دوکتۆر، دەسبەجێ.

کابرای وردیلەی ئیتالیایی لەحاڵێکدا لەپەنا نیوتەختەکە ڕاوەسـتابوو و داهـاتبۆوە سەری بە بێباکی وەڵامی دایەوە:

–هەموو شتێک تەواو بوو خاتووون.

ئەمن چوومـە لای پەنجـەرەو پەردەکـەم لادا. ڕوونـاکیی سـەرلەبەیانی هاتـە ژووریو ئەمن مۆمە نیوەسووتاوەکانم کە دواشۆڵەکانیان دەدا کوژاندنەوە.

لە ژوورەکەی تەنیشتمان هێشتا ئـەوان لـە دەوری مێزەکـە دانیشـتبوون. یـەکێک لـە خزمەتچی‌یـەکان مـۆمی تـازەی هێنـانو هـەڵیکردن و ئێسـتا ژوورەکـە ئەوەنـدە ڕوونـاکو بەشکۆیە کە مرۆڤ وەختێک دەچێتە ژوورێ پێـی وایـە  پـێ دەنێتـە جیهـانێکی دیکـە. ڕووم کردە ژۆزێفو گوتم:

–ئەتۆ دەبێ میوانداری‌یەکە وەدوا خەی.

ژۆزێف ڕاچـەنیو هەسـتایە سـەرپێ، هـەروەک ئـەوەی لەنـەکاو لـە خـەوێکی قـورس ڕاپەڕیبێو بەحاڵەتێکی شێواو سەری هەڵبڕیو گوتی:

–چی؟ چت گوت؟ ئای ئەتۆ وەرە دێزیرە!

–ژۆزێف! ئەتۆ دەبێ کاتی میوانداری یەکە وەدوا بخەی.

–ئیمکانی نیە! بەتایبەتی فەرمانم داوە کە...

–بەڵام لەبیرت بێ کە تەرمی مردوویەک لە ماڵەکەتدا لەسەر زەوی کەوتوە.

ژۆزێف بە ڕوویـەکی گرژەوە تێمـەوە ڕامـاو دوایـە بـە جووڵـەیـەکی تێکـەڵ بـە پەلـە لەجێی خۆی ڕاست بۆوەو لە حاڵێکدا بۆلای دەرگا دەچوو لـەبن لێوانـەوەو بەپرتەوبۆڵـە گوتی:

–بزانین چدەتوانین بکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به چوونەدەری ژۆزێف، ژوولی‌و ئەوانی دیکەش وەدوای کەوتن بەڵام ژوولی لەپێش دەرگای ژوورەکەی خۆی کەمێک ڕاوەستاو بە ڕاوێژێکی گوماناوی لە منی پرسی:

–دێزیرە! دەکرێ ئەمنیش لە ژوورەکەی تۆ بخەوم، چونکە لە تەنیایی دەترسم.

–دیارە ئەتۆ دەتوانی لەسەر تەختەکەی من بخەوی چونکە ئەمن بەنیاز نیم بخەوم. دەمەوێ چەند وشەیەک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمدا بنووسم.

چەند گاڵتەجارِ! ئەتۆ هێشتا دەستت لەو کتێبولکەیە هەڵنەگرتوە؟

–بۆ گاڵتەجارە؟

–چونکە هەموو شتێک بەتەواوی گۆڕاوە، بەتەواوی‌و لە بناخەوە.

ئەو دوایە لەحاڵێکدا هەناسەیەکی ساردی هەڵدەکێشا بە جلەوەو بێ‌ئەوەی زەحمەتی جلگۆڕینیش بەخۆی بدا خۆی بەسەر تەختەکەدا دا. ئەو تا نیوەڕۆ خەوتو ئەمنیش پێم باش بوو هەڵی‌نەستێنم. بە درێژایی بەیانی‌یەکەی دەنگی کوتانی چەکوچم گوێ لێ‌دەبوو، کاتێکیش لە پلیکانەکان چوومە خوارێ دیتم چەند کەس خەریکی دروست‌کردنی سەکۆیەک لە ساڵۆنە گەورەکەدان. ژۆزێفیش لە سووچێک ڕاوەستابوو، یەکبین بە زمانی ئیتالیایی فەرمانی بە کرێکارەکان دەدا. کە چاوی بەمن کەوت بەپەلە هاتە لامو گوتی:

–ئەم سەکۆیەم بۆ میوانداری‌یەکەی ئەمشەو ساز کردوە بۆ ئەوەی خۆمو ژوولی لەسەری ڕاوەستین‌و تەماشای ڕێوڕەسمی میوانداری‌یەکە بکەین.

بە سەرسوڕمانەوە پرسیم:

–میوانداری!؟ بەڵام ئەتۆ ناتوانی لە هەلومەرجێکی وادا ئەم میوانداری‌یە پێک‌بێنی.

–ڕاست دەکەی! نا، بەبوونی تەرمێک لەماڵێ دا کارێکی وا دروست نەبوو و لەبەر ئەوەش گوتم بی‌هێننە ئێرە.

ئەو دوای کەمێک ڕاوەستان بە ڕاوێژێکی لەخۆبایی‌بووانەو پڕ لە دەمارگرژی لێی‌زیاد کرد:

–فەرمانم داوە تەرمی دوفوو بۆ ڕێزلێنانی سەربازی لە شوێنێکی تایبەتیی نوێژگەی کلیسا دابنێن. ئەم ڕێوڕەسمە دەبێ زۆر بەشکۆوە بەرپا بکرێ چونکە ئەو ژەنراڵێکی سوپای فەڕانسە بوو. بەڵام میوانداریش گرنگیی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوەند گرنگ کە بەهیچ پاساوێک نابێ چاوی لێ بپۆشرێ. چونکە ئێمە دەبێ بە هەمووانی بسەلمێنین کە نەزمو ئارامیی تەواو لە ڕۆم جێگیرە. ئەگەر ئێمە بەهەر پاساوێک میوانداری‌یەکە تێک بدەین،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵک بەنیشانەی بێتوانایی ئێمەو زاڵنەبوونمان بەسەر بارودۆخەکەیدا لێک دەدەنەوە. جگە لەمەش هەموو ئەم ڕووداوە دەبێ پتر لە پێشوو بە بێبایەخو ئاسایی دابنرێ. هیوادارم لە مەبەستەکەم تێگەیشتبی.

-ژەنەڕاڵ دوفوو ژنو منداڵەکەی بەجێهێشت بۆئەوەی من بێنێ، ئەو بە ئازایەتییەکی چاوقایمانە خۆی کردە نیشانەی قینی حەشیمەتی ئاژاوەگێڕان تاوەکوو سەرنجی من ڕابکێشێ. بەرگوللەکەوتنی ژەنەڕاڵ ئەگەرچی ڕووداوێکی بێبایەخ بێ جێی داخێکی زۆرە. بەهەرحاڵ ئەوەی زۆر پێویستە ئەوەیە کە ئەمن دەبێ چەندی زوویە قسە دەگەڵ برایەکەت بکەم.

-دەگەڵ کامە برام، لووسین؟

-نا، ئەو برا بەناوبانگەت ژەنەڕاڵ ناپلیۆن...!

ژۆزێف زۆری هەوڵ دا سەرسوڕمانی خۆی بشارێتەوە چونک هەموو ئەندامانی بنەماڵە دەیانزانی ئەمن هەمیشە خۆم لە دیدار لەگەڵ وی بواردوە. پاشان لەحاڵێکدا سالۆنەکەم بەجێ دەهێشت بە حاڵەتێکی توندو بێمنەتانە لێم زیاد کرد:

-دیارە مەبەست لەم دیدارە چاوەدێریی ژنومنداڵەکەی ژەنەڕاڵ دوفوویە.

هێشتا دەنگی چەکوچوەشاندنی شێتانەی کرێکاران لە باڵەخانەکەدا دەزرینگایەوە. کاتێک گەیشتمە ژوورەکەی خۆم ژوولیم بەچاوی پڕفرمێسکەوە لەسەر جێگاکەم دی. لەپەنای دانیشتم، ژوولی دەستی دەستۆی کردمو وەک منداڵان دەستی بە گریان کرد، بەدەم هەنیسکدانەوە دەینالاند:

-دەمەوێ بچمەوە ماڵێ خۆمان، لە ژیان لەم کۆشکە نامۆیانەدا وەڕەز بووم. دەمەوێ ئەمنیش وەک خەڵکی دیکە ماڵوهێلانەیەکم هەبێ ئووژنی. ئێمە لێرەو لەم وڵاتە بێگانەیە چدەکەین؛ وڵاتێک کە خەڵکەکەی مردنمان بەئاوات دەخوازنو ئێمە دەکەنە نیشانەی گوللەکانی خۆیان. ئێمە لەم کۆشکە نەفرینکراوانەدا چدەکەین؟ کۆشکی دڵگر بە میچی وەک هی کلیساوە... ئاخ ئووژنی ئێمە نە هی ئەم سەرزەمینەینو نە هی ئەم کۆشکانە...و ئەمن دەمەوێ بچمەوە ماڵەکەی خۆم.

ئەمن لەباوەشم کرد. بێگومان مردنی ژەنەڕاڵ دوفوو، ژوولیی پتر لە پێشوو شارەزای شێوەژیانە بەئازارەکەی کردبوو.

هێشتا زۆر لەم وتووێژە کورتە نەگوزەرابوو کە نامەیەکی کورتمان لە مارسەیەوە بەدەست گەیشت؛ نامەیەکی دایکمو بەدەسخەتی خۆیشی. ئێمە هەردووکمان لەحاڵێکدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر لێوی تەختەکە دانیشتبووین دەستمان بە خوێندنەوەی نامەکە کرد. بەوجۆرەی دایکم خەبەری دابوو ئەتین‌و سۆزان بڕیاریان دابوو بگوێزنەوە بۆ جینوا تا دەزگای کلاری لقێکیش لەو شارە بکاتەوە. چونکە بەقسەی دایکم، ئەم ڕۆژانە ئیتالیاو بەتایبەتی جینوا بە ناوەندێکی گرنگی بازرگانیی ئاوریشم دادەنران‌و بازرگانە وشیارە فەڕانسەیی‌یەکان هەوڵیان دەدا لەو دەرفەتە بێوێنەیەی دەست کەوتبوو، بەهرەی پێویست وەربگرن. دایکیشم کە زۆری پێخۆش نەبوو بەتەنیا لە مارسەی وەمێنێ دەیەویست دەگەڵ ئەو دووانە بچێتە جینوا. ئەو پێی وابوو ئەمن جارێ نیازی جیابوونەوە لە ژوولیم نیەو هەر دەگەڵ وی دەبم. دایکم هەروەها لە خوای خواستبوو چەندی زوویە هاوسەرێکی باش بەنسیب من بکا بەڵام سوێندی دابووم کە بەپەلە بڕیار نەدەم. دواقسەش ئەوە بوو کە ئەتین بڕیاری دابوو ماڵەکەی مارسەی بفرۆشێ.

بە خوێندنەوەی نامەکە گریانی ژوولی ڕاوەستاو هەردووکمان بە سەرسامی دە یەکترەوە ڕاماین‌و ژوولی لەبن لێوانەوە گوتی؛ بەمجۆرە ئێمە ئیدی ماڵێکمان نابێ... ئەمن کە بەزەحمەت تفم قووت دەدا، گوتم:

–هەرچۆنی بێ ئەتۆ ئیدی ناتوانی بچیەوە ماڵە گچکەکەمان لە مارسەی.

ژوولی لەحاڵێکدا لە پەنجەرەوە سەیری دەرێی دەکرد گوتی:

–نازانم... نا، دیارە نا. بەڵام هیچشتێک خۆشتر لە بیرکردنەوە لەو ماڵەو باغەکەو بەتایبەتی کەپرەکە نیە. دەزانی لە تەواوی ئەو مانگانەی سەرگەردانی‌دا کە ئێرەو ئەوێمان دەکردو ئەمن بەشێوەیەکی سامناک غەمگین بووم تەنیا دڵخۆشیم بیرکردنەوە لەو ماڵە بوو. نەک ماڵە چووکەڵەکەی ژۆزێف لە پاریس بەڵکوو ماڵە بابەکەمان لە مارسەی.

هەر لەوساتەدا لە دەرگا دراو بە هاتنەژووری ژۆزێف، ژوولیش دووبارە دەستی کردەوە بەگریان‌و بەدەم هەنیسکدانەوە دەیگوت:

–ئەمن... ئەمن دەمەوێ بچمەوە ماڵەکەی خۆمان...

ژۆزێفیش لە تەنیشت ئێمە لەسەر لێوی تەختەکە دانیشت‌و بە ڕاوێژێکی میهرەبانانەوە گوتی:

–زۆرباشە، هەروا دەکەین. ئەمشەو میوانداری‌یەکە ڕێک دەخەین‌و سبەینێ ئێرە بەجێ دێڵین‌و دەچینەوە پاریس. ئەمنیش لە ڕۆم وەڕەز بووم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دوایە بە ڕێکگوشینی لێوەکانیو داگرتنی چەنەگەی لەسەر سنگی بایەکی دە بەرچەنەگەی خۆی کرد، ڕەنگە بۆئەوە بووبێ کە دەیەویست حاڵەتێکی سەنگینتر پەیدا بکا، ئەمجار گوتی:

-ئەمن داوا لە دەوڵەت دەکەم کارێکی دیکەو ڕەنگە گرنتریش بەمن بسپێرێ. پێتخۆشە دووبارە بچینەوە ماڵەکەی خۆمان لە شەقامی ڕووشێ؟

-دیارە پێمخۆشە بەڵام بەو مەرجە دێزیرەشمان دەگەڵ بێ.

-ئەمن دەگەڵ تۆ دێم ژوولی، چونکە ئیدی جێیەکی دیکەم نیە بیچمێ.

ژوولی سەری هەڵێناو بەچاوی بەفرمێسکەوە دە منەوە ڕاماو گوتی:

-باوەڕ کە دێزیرە، ڕۆژگارێکی خۆشمان لەپێشدا دەبێ. لە پاریسو لە تەنیشت یەکتر؛ ئەمن، ئەتۆو ژۆزێف. ئای نازانی ئەم شارە چەند جوانە دێزیرە؛ پاریس؛ شاری گەورە، شاری پارکە خۆشەکانو شاری چرا ڕەنگاوڕەنگەکان... دیارە ئەتۆ هەقتە نەتوانی جوانییەکانی پاریس بێنیە بەر چاوی خۆت چونکە هیچکاتێک لەوێ نەبووی.

ژوولیو ژۆزێف ژوورەکەی منیان بەجێ هێشت تا خۆیان بۆ سەفەر ئامادە بکەنو ئەمنیش لە جێیەکەی خۆمدا ڕاکشامو سەرم بردە نێو باڵنجەکە. لەبەر بێخەویی زۆر چاوم دەبرژانەوەو هەرلەو کاتەدا هەوڵم دەدا وتووێژی خۆم لەگەڵ ناپلیۆنو سیمای وی بێنمە بەر چاوم. بەڵام کاتێک چاوم لەسەر یەک دادەنان تەنیا وێنەو دیمەنێکی ناواقیعی لەمێشکمدا دروست دەبوو؛ سیمایەکی لەخۆباییو خۆبەزلزان کە ئەمڕۆژانە لەسەر فنجانەکانی قاوە، گوڵدانەکانو ئەنفیەدانەکان نەخشابوو. بەڵام ئەو ڕوخسارانەی لەسەر چینییەکان نەخشابوو زوو لەبەر چاو لاچوونو جارێکی دیکە شۆقی ئەو چرایانە کە لەسەر شەپۆلەکانی سێن دەلەرزینو دەیانزریواند لە بیرەوەریمدا زیندوو بۆوە، دیمەنێک کە هەرگیز ناتوانم لەبیری بکەم.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١٠

## پاریس. شەشەمینساڵی شۆرش. ئاوریل (نیسان)ی ١٧٩٨

جارێکی دیکە ئەوم لە میوانداریيەکدا دی. ناپلیۆن ئێمەی بۆ ئەو میوانداریيە بانگهێشتن کردبوو تا لەڕاستیدا ڕێورەسمی ماڵئاوایی بەجێبگەیەنێ. بەدوای بڕیارێکی کتووپڕدا، ئەو بەخۆیو لەشکریيەکانیەوە بەرەو میسر دەچوو. ئەو بە دایکیی گوتبوو کە لەبن هیرەمەکانی میسر خۆرهەڵاتو خۆرئاوای جیهان پێکەوە گرێ دەداو کۆمارەکەمان دەکاتە ئیمپەڕاتۆريیەکی جیهانی. خاتوو لیزیاش بە بێدەنگی گوێی بۆ قسەکانی ڕاگرتبوو، بەڵام دوای ساتێک ژۆزێفی دەپرسیاران گرت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەرێ ناپلیۆن ئێستاش مالاریایەکەی هەر ماوەو جاروبار تاولەرزی مالاریا دایدەگرێ؟ داخوا نەخۆشیی ئەوتان لەمن نەشاردۆتەوە؟ ئەو کوڕە بەستەزمانەم دەڵێی سەلامەتی ئەقڵیی خۆی لەدەست داوە.

بەڵام ژۆزێف بۆ ئەویشو منو ژوولیشی ڕوون کردەوە کە ناپلیۆن چۆن بە نەخشەکانی خۆی نیازی هەیە بریتانیا لەبەریەک هەڵتەکێنێو دەیەوێ ئیمپڕاتۆریی کۆلۆنیالیستیی بریتانیا تێک بشکێنێ.

ناپلیۆنو ژووزفین لە ماڵێکی چکۆڵە لە شەقامی ڤیکتۆری دەژین؛ ماڵەکە پێشتر هی ئەکتەرێک بە ناوی تالما بووەو ژووزفین ئەو دەورانەی تێکەڵاویی دەگەڵ باراس هەبووەو ئەوکاتە کە چرای کۆڕی میوانداری‌یەکانی تیریز تالین بووە ئەو خانووەی لە ئەکتەری ناوبراو کڕیوە. ئەودەم بەم شەقامەیان دەگوت شانترین. بەڵام دوای سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن لە ئیتالیا ئەنجومەنی شاری پاریس هاتە سەر ئەو باوەڕە کە شەقامەکە بە شانازیی ناپلیۆن ناو بنێ ڤیکتۆریاو ئێستا ئەو شەقامە بەم ناوە ناو دەبرێ.

ئاپۆرای حەشیمەتێک کە ڕۆژی ڕابردوو لە میوانداری‌و لەم ماڵە چکۆڵەو تاڕادەیەک نابووتەدا کۆ ببوونەوە جێی باوەڕ نەبوو. ماڵێک کە تەنیا دوو ژووری چووکەڵەی میوانداری‌و ژوورێکی نانخواردنی هەبوو. ئێستاش کاتێک بیر لەو سیمایانەو تووێژەکان دەکەمەوە تووشی سەرەگێژەو سەرسوڕمان دەبم. دوێنێ بەیانی ژوولی بە نیگەرانی‌و هەژانی بێجێی خۆی نەخۆشیی منی گەیاندە ئەوپەڕی. هێندێ پرسیاری وەک داخوا هەژاوی؟ چهەستێکت بەرامبەری هەیە؟

ئەمن هەژابووم بەڵام نە بەو ڕادەیە کە ژوولی بیری لێدەکردەوە. ئەمن بەڕاستی نەمدەزانی چهەستێکم بەرامبەری هەیە بەڵام لەپاڵ خۆمدا بیرم دەکردەوە کە وەختێک ئەو بزەیە لەسەر لێوەکانی دەنەخشێ هەرچی داوام لێبکا ئەنجامی دەدەم. تەنیا ئومێدم ئەوە بوو کە ئەوو ژووزفین هێشتا لە ڕەفتاری ئەو شەوەی من لەماڵی خاتوو تالین قەڵس بن. لەدڵی خۆمدا دەمگوت ئەو بەهۆی ئەو ڕقەو بێزاری‌یەک کە بەدوای‌دا هاتوە چاوی دیتنی منی نیە، کەوایە ئیدی بزەیەک لەگۆڕێدا نابێ.

دیارە ئەوڕۆژە جلێکی تازەم دەبەردا بوو کە بەتازەیی دووریبووم؛ جلێکی ڕەنگ‌تەڵایی بە داوێنی پەمەیی‌یەوە کە زنجیرێکی برۆنزیم وەک پشتێند لەسەری بەستبوو. ئەم زنجیرەم لە کۆنەفرۆشی‌یەکی ڕۆم کڕیبوو. قژیشم دوو ڕۆژ پێشتر کورت کردبوونەوە، دیارە دەبێ ئەوەش بڵێم کە ژووزفین یەکەم ژنی پاریسی بوو کە قژی کورت دەکردەوە بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا ئیدی هەموو خانمانی شاییبەخۆ بە چاولێکەری قژیان وەک مووی سەری منداڵان کورت دەکەنەوەو بەرەو سەرەوە شانەی دەکەن. بەڵام قژی من لەوە پڕترە کە بەئاسانی بکرێ فۆڕمی پێبدرێ بۆیە پێم باشترە بەرەو سەرەوە هەڵیدەمەوەو لەسەر تەپڵی سەرم بە قردێلەیەکی ئاوریشمین بیبەستم. کەچی دەگەڵ هەموو ئەو جلپۆشینە هەست دەکەم دیسان لەپەنا ژووزفین نموودی ژنە دێهاتییەکم هەیە. جلکە نوێیەکەی من یەخەکراوەیە بەڵام ئێستا لەمێژە کە ئیدی وەک ڕۆژی یەکەمی نووسینی بیرەوەرییەکانم پێویستیم بە دەسرۆکە نیەو لەجیاتی ئەوە بەنیازم تا بۆم بکرێ خۆم لە شیرنیخواردن بپارێزم چونکە ئەگەر وا نەکەم قەڵەویی زیاد لە ئەندازە ڕێکوپێکیی ئەندامم تێکدەدا. لەو نێوەدا ئەوەی هیچ نەگۆڕاوە لووتی سەربەرەژووری منەو پێم وایە تا ماویشم هەروا دەبێ. دیارە ئەمە زۆریش لەبەر دڵان نیە چونکە دوای گرتنی ئیتالیا نیوڕوخسارە کلاسیکەکان پتر سەرنج ڕادەکێشن.

ئێمە دەوروبەری سەعاتی یەک بەرەو شەقامی ڤیکتۆریا وەڕێ کەوتین. ژووری چووکەڵەی میوانداری پڕ لە ئەندامانی بنەماڵەی بوناپارت بوو. ئێستا ئیدی خاتوو لیزیاو کچەکانیشی لە پاریس دەژینو تەواوی ئەندامانی بنەماڵە هەمیشە دەتوانن سەری یەکتر بدەن. بەڵام سەرباری ئەو هەموو سەردانە دیسان لە هەر چاوپێکەوتنێکی تازەدا شڵپەشڵپی ماچەکانیان دووپاتە دەبێتەوە. یەکەمینکەس کە باوەشی بە مندا کرد خاتوو لیزیا بوو، و نەفەری دواتر کە بە تامەزرۆییەکی شیتانە دە باوەشی گرتم خاتوو لیکلێرک یان پوولێت بوناپارتی گۆرین بوو. هەر ئەو کەسەی پێش ئەوەی مێرد بە لیکلێرک بکا دەیگوت:

–لەنێو ئەو ئەفسەرانەی دەیانناسم لیکلێرک تەنیا ئەفسەرە کە هەرگیز ناتوانم تۆزقاڵێک خۆشم بوێ.

بەڵام بێ گوێدان بەو قسەیەی پوولێت، ناپلیۆن ئەوی ناچار کرد مێرد بەو ئەفسەرە بکا. چونکە بەفکری خۆی، شێوەی پەروەردەبوونی پوولێت جۆرێک بوو کە بە چووکترین کەترەخەمی دەیتوانی ناوبانگی بنەماڵەی بوناپارت خەوشدار بکا. لیکلێرک ئەفسەرێک بوو زۆر جیددی کە بەدەگمەن بزەی دەکەوتە سەر لێوان؛ پیاوێکی تاڕادەیەک قەڵەوو لاقکورت بەڵام بەڕاپەڕ کە ڕەنگ بوو لەباری تەمەنەوە بۆ پوولێت نەختێکیش بەتەمەن دیار بێ. ئەلیزا کە ئێستاش هەروەک ڕابردوو جوانکارییەکی توندی هەبوو دەگەڵ باکسیووچیی مێردی لەوێ بوو، و لەبارەی کارێکی گرنگەوە کە ناپلیۆن لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەزارەتخانەیەک بۆ مێردەکەی دۆزیبۆوە هەژدەهەژدە قسەی دەکرد. کارۆلینیش دەگەڵ هاوپۆلەکەی ئوورتانس کچە قەڵەوو قژزەردەکەی ژووزفین، لە قوتابخانە مۆڵەتیان وەرگرتبوو بۆ ئەوەی لە ڕێوڕەسمی براو زڕبابی خۆیاندا بەشدار بنو سەفەرێکی خۆشو پڕسەرکەوتنی لە وڵاتی هیرەمەکاندا بۆ بە ئاوات بخوازن. ئێستا ئەو دووە لەسەر نیوتەختێک دانیشتبوونو بە پێکەنینە جلفەکانی خۆیان گاڵتەیان بە جلە بریقەدارەکەی خاتوو لیزیا دەکرد کە گۆیا پەردەی ژووری نانخواردن وەبیر بنیادەم دێنێتەوە.

لەنێو بوناپارتە زۆربڵێو ڕووداوەکاندا ئەفسەرێکی لاو، قژزەردو باریکەڵە کە نیشانەی ئاجودانیی بەستبوو،و چاوە شینەکانیی دە پوولێتەوە بڕیبوون سەرنجی منی ڕاکێشا. ئەمن لە کارۆلینم پرسی ئەوە کێیە بەڵام ئەو کچە شەیتانە پێش ئەوەی بتوانێ "کوڕی ناپلیۆن" بەدروستی دەرببڕێ لە پێکەنینان شین بۆوە.

کوڕە گەنجەکە کە وادیار بوو هەستی بە پرسیارەکەی من کردبوو دەسبەجێ هاتە نزیک منو بەشەرمەوە خۆی ناساند.

–ئووژەن دوبوئارنە، ئاجودانی تایبەتیی ژەنڕاڵ بوناپارت.

تەنیا کەسانی ئەو بنەماڵەیە کە دیار نەبوون، میواندارەکانمان واتە ناپلیۆنو ژووزفین بوونو سەرەنجام دەرگا کرایەوەو ژووزفین بە دەنگی بەرز ڕایگەیاند:

–بەداخم خۆشەویستانی من، بمانبوورن... ئێمە ئێستا گەیشتووینە جێ. ژۆزێف! تکایە تاوێک وەرە دەرێ چونکە ناپلیۆن دەیەوێ قسەت دەگەڵ بکا. میوانە خۆشەویستەکان، تکایە ئیسڕاحەت بکەن، ئەمن ئێستا دێمە لاتان.

ژووزفین بەدوای ئەم وتاردانە کورتەدا جارێکی دیکە ون بوو،و ژۆزێفیش بەدوایدا ژوورەکەی بەجێ هێشت. خاتوو لیزیا لەحاڵێکدا دڵڕەنجاو دیار بوو شانی هەڵتەکاندو ئەوانی دیکەش دووبارە دەستیان بە قسەکانیان کردەوە. بەڵام لەنەکاو دەنگی هاوارێکی شێتانە کە لە ژوورەکەی تەنیشتێوە دەهات هەمووی بێدەنگ کردن. بەدوای ئەو هاوارەدا دەنگی شکانی شتێک سەرنجی هەمووانی ڕاکێشاو بەڕواڵەت شتێک لە لێواری مێز یان کوورەخانە دراو بەدوایدا دەنگی هەڵوەرینی لەتکە شووشەکان هاتە بەر گوێ. جارێکی دیکە ژووزفین هاتەوە ژوورێو گوتی:

–چکۆڕێکی خۆشی بنەماڵە، بەخۆشییەوە هەموو ئەندامانی بنەماڵە ئامادەن.

ئەو بەدوای ئەم قسەیەدا چووە لای خاتوو لیزیا. ئەو جلی سپیی دەبەردا بوو،و شاڵێکی بنەوشیی بە خەتخەتی کەوڵی قاقمەوە بە شانیدا دابوو. لەمساتەدا دەنگی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژۆزێف لە ژوورەکەی تەنیشتێوە هاتە بەر گوێ، هەرچەند ڕوون نەبوو. ژووزفین کاتێک گەیشتە لای خاتوو لیزیا ڕووی تێکردو پرسی:

–ئای لووسین کوا... ئەتۆ کوڕێکی دیکەت نەبوو بەناوی لووسین؟

خاتوو لیزیا بە ڕقەوە چاوێکی لە بووکەکەی کرد؛ بووکێک کە نەیدەتوانی تەنانەت زەحمەتی فێربوونی ناوی خوشکو براکانی مێردەکەشی بەخۆی بدا. بۆیە پرسی:

–چقەوماوە... ئەو سێیەمین کوڕی منە.

–ئەو نامەیەکی بۆ ناپلیۆن نووسیوەو خەبەری زەماوەندی خۆی پێداوە.

خاتوو لیزیا بە حاڵەتێکی تایبەتی وەڵامی دایەوە:

–ئەمن نەمدەزانی، و ئێستا مسۆگەر کوڕی دووەمم لەو هەڵبژاردنەی براکەی ناڕازییە؟

ژووزفین بە حاڵوباڵ شانە باریکەکانی خۆی جووڵاندنو بزەیەکی مانادراری هێنایە سەر لێوانیوگوتی:

–بەڕواڵەت وایە... گوێ بگرە!

وا دیار بوو فەزای ڕقهەستاوانەی ژوورەکەی تەنیشتێ دەبێتە هۆی سەرگەرمیی وی. لەنەکاو دەرگا بەتوندی کرایەوەو ناپلیۆن لە شیپانەی دەرگادا دەرکەوت. ڕوخسارە لەڕو ڕەقەڵەکەی لەبەر تووڕەیی سوور داگیرسابوو. دەیگوت:

–دایە! ئەتۆ ئاگاداری کە لووسین دەگەڵ کچی میوانخانەچییەک زەماوەندی کردوە؟

خاتوو لیزیا تەماشایەکی سەرتاپای ناپلیۆنی کرد؛ تەماشایەک کە لە قژە قاوەییە مەیلەوسوورەکەیەوە دەستی پێکردو پاش هاتنەخواری بەسەر یۆنیفۆڕمە بەشکۆیەکەیدا لەسەر چەکمە بریقەدارەکانی ڕاوەستا. ئەمجار سەری هەڵبڕیو گوتی:

–بەباوەڕی تۆ هاوسەری برایەکەت عەیبی چیە؟ کریستەن بوویە کچێکی باشو نەجیبە.

–ئاگات لێنیە دایە، کچی میوانخانەچییەکە، کچی دێهاتییەکی نزم کە هەموو شەوێ لە دوکانەکەی خۆیدا میوانداری لە لادێییەکان دەکا دایە! ئەمن ناتوانم مەبەستەکم دەتۆ بگەیەنم.

–ئەوەندەی ئەمن دەزانم کریستیەن بوویە کچێکی باشو خۆشناوە.

خاتوو لیزیا لەحاڵێکدا وشەی خۆشناوی بە لەسەرڕاوەستانێکی تایبەتی دەردەبڕی چاوێکی خێراو پڕمانای لە ژووزفین کرد. ئەمجارە ژۆزێف قسەکەی بە دایکی بڕیو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خۆ هەموومان ناتوانین دەگەڵ کۆنە کۆنتێسەکان زەماوەند بکەین.

کونەلووتی ژووزفین دەستیان کرد بە لەرزینو بزەیەکی هاتێ، هەرچەند بەئاشکرا دیار بوو کە زۆرەملێیە. ڕوخساری ئووژەنی کوڕیشی لەبەر ناڕەحەتی سوور هەڵگەڕابوو.

ناپلیۆن سووڕاو چاوی دە چاوی ژۆزێفەوە بڕین، ڕەگە چکۆڵەی سەر لاسەری ڕاستی وەک چەکوچ لێیدەدا، دەستێکی بە نێوچاوانی خۆیدا هێناو بێئەوەی چاو لە ژۆزێف وەرگێڕێ گوتی:

–ئەمن هەقمە چاوەڕێ بم براکانم ژنی هاوشانی خۆیان بێنن. دایە! داوات لێدەکەم نامەیەک بۆ لووسین بنووسی کە هەتا زووە تەڵاقی بدا یان مارەبڕینەکەی هەڵوەشێنێتەوە. بنووسە ئەمە فەرمانی منە...

ئەو دوایەو بێپێشەکی ڕووی کردە ژووزفینو پرسی داخوا شێو ئامادەیە؟

لەم ساتەدا بوو کە ناپلیۆن بە منی زانیو بۆ یەک چرکە نیگاکانمان تێکئاڵقان. ئەمە ڕاست ئەو ساتە بوو کە لێیدەترسامو لێی بێزار بوومو هەروەها بەئاواتیشیەوە بووم. بەحاڵەتێکی تەنگەتاو بۆلام هاتو ئوورتانسی کە لەسەر ڕێگابوو، لاداو کاتێک گەیشتە ڕووبەڕووم گوتی:

ئووژنی! بەڕاستی سوپاست دەکەم کە بانگهێشتنەکەمت قبووڵ کردوەو هاتوویە ئێرە.

وەک هەمیشە نیگای لەسەر ڕوخساری من چەقیبوو،و زەردەخەنە ئەفسووناوییەکە لەسەر لێوانی دەبینرا. ڕوخساری چووکەڵانەی گەنجو تەڕوتازە دیار بوو، دەتگوت ئێستا هەر ئەو ساتەیە کە قەولی بە دایکم دەدا هەتا نەبمە شازدەساڵ پەلە لە زەماوەندەکەمان نەکا.

–لەوەی بیرم لێدەکردەوە جوانتر بووی ئووژنی...و بەتەواوی گەورەش بووی.

بێئەوەی ئاگام لە قسەی خۆم بێ وەختێک گوێم لەدەنگی خۆم بوو، تێگەیشتم کە گوتوومە:

–ئەمن ئێستا نۆزدە ساڵم. زۆر لەمێژە یەکترمان نەدیوە ژەنراڵ.

–بەڵێ، ماوەیەکی زۆرە، زۆرزۆر ئووژنی. دوادیدارمان کەنگێو لەکوێ بوو؟

بەدوای ئەم پرسیارەدا تەماشایەکی کردمو بەدەنگی بەرز پێکەنی. چاوەکانی دەدرەوشانو شۆقی مۆمەکان لەواندا ڕەنگی دەدایەوەو بێگومان دوا دیدارمانی وەبیر هاتبۆوەو زۆری بە گاڵتەجاڕ هاتبۆ بەرچاو. پاشان هاواری کرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ژووزفین، ژووزفین دەبێ دەگەڵ ئووژنی ئاشنا بی، خوشکێ ژوولی‌یە کە زۆرم بۆ باس کردووی.

ژووزفین لەحاڵێکدا هەوڵی دەدا چەندی بکرێ زووتر بچێتەپەنا ناپلیۆن، گوتی:

–بەڵام ژوولی بەمنی گوت کە کیژۆڵە ئووژنی پێی‌خۆشترە بە دێزیرەی ناو بەرن.

لە ڕوانینو بزەی پڕنهێنیی ژووزفین‌دا هیچ نیشانەیەک لەوە نەبوو کە منی ناسیوەتەوە. ئەو لەحاڵێکدا تێمەوە ڕامابوو گوتی:

–زۆر لوتفت نواند کە بانگهێشتنی ئێمەت قبووڵ کرد کیژۆڵە دێزیرە.

بێ‌هیچ پێشەکی‌یەکو بە حاڵەتێکی بەپەلە ڕووم دە ناپلیۆن کردو گوتم:

–ئەمن دەبێ قسەت لەگەڵ بکەم ژەنڕاڵ.

دەمەساتێک پێکەنین لەسەر لێوی ناپلیۆن بەستی. بێ‌گومان ئەو پێی وابوو... ئەی خوایە گیان... چ هەستێکی منداڵانە. دەسبەجێ لێم زیاد کرد:

–ئەمن دەبێ لەبارەی مەسەلەیەکی گرنگەوە قسەت لەگەڵ بکەم.

ژووزفین ڕووی کردە ناپلیۆنو بە تەنگاوی گوتی:

–پێم وایە وەختی شێوەو دەبێ بچینە سەر مێزی نان‌خواردن.

لەسەر مێزی شێوخواردن ئەمن کەوتبوومە نێوان لیکلێرکی ڕەزاگرانو ئووژەن دوبوئارنەی شەرمێون. ناپلیۆن یەک‌بین قسەی دەکردو ڕووی قسەشی زۆرتر دە ژۆزێفو لیکلێرک بوو. ئەو بەجۆرێک نوقمی قسەکردن بوو کە وەختێک ئێمە سووپەکەمان تەواو کرد، ئەو هێشتا دەستی بۆ خواردن نەبردبوو. لە مارسەی ئەو کەمتر زۆربلێیی دەکردو ئەگەر جاروباریش ڕێکەوتایە قسەکردنەکەی بە وشەگەلی کورتو ڕستەگەلی پچڕپچڕو هاوڕێ دەگەڵ جووڵەی دەستو هێماو ئاماژە بوو. بەڵام ئێستا ئەو ڕەوانو بێ‌گرێ‌وگۆڵ دەدواو دەگەڵ متمانەبەخۆبوونێکی لەڕادەبەدەر بە هیچجۆر گوێشی نەدەدایە بیروبۆچوونی خەڵکی دیکە. کاتێک ئەو گوتی "بریتانیا دوژمنی دێرینەی ئێمە" پوولێت لەبن لێوانەوە بۆڵاندی؛ ئای،نا...خوایە گیان دیسان داستانە کۆنەکە... چەندین جارمان بیستوە کە ڕێکخستنی لەشکری‌یەکانی چۆن دەبێ، بۆچی نیازی هێرش بۆ دوڕگەی ئینگلیزی هەیە، ئێمە دەمان‌زانی کە ئەو تەواوی کەنداوی دۆنکرێکی پشکنیوە. ئەو هەروەها چەندوچۆنو چۆنیەتیی دروستکردنی بەلەمە چووکو تەختەکانی کە دەتوانن لە بەندەرە بچووکەکانی ماسی‌گرتنی بریتانیادا ڕاوەستن بەوردی موتاڵا کردوە. چونکە بە باوەڕی وی بەندەرە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەکان کە بۆ کەشتیی شەڕکەر گونجاون بە هەموو کەرەسەیەکی ئەمنیەتی تەیار کراونو ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ هەرجۆرە هێرشێکی دەریایین.

ناپلیۆن دەنگی ئارامی ژووزفینی کە وەبیری دێنایەوە نانەکەی بخوا پشت گوێ خستو بێگوێدان بەوە کە ئەوانی دیکە لە نانخواردن بوونەوە، درێژەی بە قسەکانی دا. ئەم دووانە یەکتر بە "ئێوە" دەدوێننو ژووزفین ئەو بە بوناپارت بانگ دەکا. بێگومان بەکاربردنی ناوی بنەماڵە خوویەکی لەمێژینەی بنەماڵە جێگەورەکانەو بەیەقین لە رابردوودا کۆنت دوبوئارنەشی هەر بە "ئێوە" دواندوە.

ناپلیۆن لەحاڵێکدا بە پێشەوەدا چەمابۆوەو دە ژەنراڵ لیکلێرکەوە ڕامابوو کە کەوتبووە بەرامبەریو بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد گوتی:

–لەهەواوە...بیری لێ بکەوە ژەنراڵ لیکلێرک. گوردانەکانمان یەک لەدوای یەک لەهەواو لە ڕێگەی ئاوی تێدەپەڕنو خاڵە ستراتیژیی‌یەکانی ئینگلستان دەگرن. گوردانگەلێک کە تەنیا چەکی سووکیان پێیە.

دەمی لیکلێرک کە بۆ دژایەتی دەگەڵ ڕایەکەی ئەو کرابۆوە بەستراو دەنگی خاتوو لیزیا لە ژوورەکەدا زرینگایەوە کە دەیگوت لە خواردنەوەدا زێدەڕۆیی نەکەن. ناپلیۆن بە بیستنی دەنگی دایکی، پەرداخەکەی لەسەر مێزەکە داناو دەستی بە نانخواردن کرد. چەند ساتێک بێدەنگی باڵی بەسەر وێدا کێشاو تەنیا دەنگ کە ئەو ئارامی‌یەی خەوشدار کرد، پێکەنینی بەدزیەوەی کارۆلینی مێرمنداڵ بە قسەی شێوەگاڵتەی باکسیووچی بوو کە گوتی:

–حەیف ژەنراڵ سەربازە پیادەنیزامەکانت ناتوانن پەڕوباڵ دەرکەنو بفڕن.

ناپلیۆن کە لەو قسەیە نارەحەت دیار بوو بێئەوەی ئاوڕ لەو بداتەوە ڕووی کردە ژۆزێفو گوتی:

–ڕەنگە لە داهاتوودا بتوانین گەلاڵەی هێرشێکی هەوایی ئامادە بکەین. لەم بارەیەوە گەلاڵەی چەند داهێنەریشم دیوە، جۆرە باڵۆنێکی گەورە کە جێی سێچوار کەسیان تێدا دەبێتەوەو دەتوانن چەند سەعاتیش لە حەوا بمێننەوە...

سەرەنجام ناپلیۆنیش سووپەکەی تەواو کردو ژووزفین زەنگی لێدا. کاتێک ئێمە خەریکی خواردنی گۆشتفرووج بە سۆسی مارچێوەوە بووین، ناپلیۆن باسی ئەهرامو مێژووەکەیانی بۆ ئە دووکچە گەنجە دەکرد. پاشان وەبیر ئێمەی هێنایەوە کە بە وەدەستهینانی میسر نەکهەر دەتوانێ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستیی ئینگلیز لەنێو بەرێ بەڵکوو گەلی میسریش ئازاد دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-یەکەمین فەرمانم بە یەکەکانی ژێر فەرماندەریم...

لەم کاتەدا دەنگی کەوتنی کورسی‌یەکەی لە ژوورەکەدا دەنگی دایەوەو ئەو کە خێرا هەستابۆوە بەپەلە لە ژوورەکە چووە دەرێو پاش تاوێکی کورت لەحاڵێکدا کاغەزێکی بەدەستەوە بوو هاتەوە ژوورێ.

-گوێتان لێبێ... دەبێ ئەمە ببیسن. سەربازانی من! هیرەمەکانی میسر دوای چل سەدە مێژووی دێرینی خۆیان چاویان دە ئێوە بڕیوە... بەڵێ ئەو هیرەمانەی لەپێش چاوتانن چل سەدە تەماشاچیی تێپەڕینی ڕۆژگار بوونو ئەمڕۆ ئەمن ئەم فەرمانە لە سێبەری ئەو هیرەمانەدا دەردەکەم... خەڵکی ئەم سەرزەمینە موسوڵمانو پێغەمبەری وان حەزرەتی موحەممەدە (ص)...

لەم ساتەدا ئەلیزا قسەکەی پێبڕیو بۆ ئەوەی زانیاری‌یەکانی کە بەرهەمی موتاڵای ئەم دوایی‌یانەی لە پاریس بوون بەوانی دیکە نیشان بدا بە لەخۆبایی‌بوونەوە گوتی:

-پەیڕەوانی موحەممەد (ص) بە خودا دەڵێن "الله".

ناپلیۆن بە نێوچاوانێکی گرژەوە بۆ نیشاندانی بەکەمگرتنی قسەکانی وی هەروەک بیهەوێ مێشێک دەربکا دەستێکی ڕاوەشاندو لەسەر وتارەکەی ڕۆیشت:

ئەمن وردەکاریی زیاتر لەم ئایینەدا دەکەم بەڵام ئەوەی ئێستا لە هەموو شتێک گرنگترە ئەوەیە کە لەسەر مەسەلە مەزهەبی‌یەکان کێشەیان دەگەڵ نەکەین، دەگەڵ وان دەبێ هەر بەوجۆرە ڕەفتار بکەین کە دەگەڵ یەهوودیو ئیتالیایی‌یەکان کردوومانە. دەبێ چۆن ڕێز لە قەشە مەسیحی یەکانو حاخامە یەهوودی‌یەکان دەگرین هەرواش ڕێز بۆ موفتیو ئیمامەکانی ئەو خەڵکە دابنێین... ئەمە بۆ خەڵکی میسر ئەوپەڕی خۆشبەختی‌یە کە قانوونەکانی کۆمار داوامان لێدەکەن ئەوان بەناوی مافی مرۆڤ ئازاد بکەین.

لەم ساتەدا ژۆزێف کە تێیەوە ڕامابوو قسەکەی پێبڕیو گوتی:

-تێناگەم مەبەستت چیە؟... ئەم فەرمانە شتێکی تازە نیەو لەڕاستی‌دا لەسەر بناخەی مافی مرۆڤەو ئەتۆ داتنەهێناوە.

ڕوخساری ژۆزێف لەکاتی گوتنی ئەم قسانەدا هیچ حاڵەتو هەستێکی لێ بەدی نەدەکرا. بۆ یەکەمجارو پاش ساڵانێک ئەوەی زۆر لەوەپێش لە مارسەی بۆم دەرکەوتبوو کەوتەوە بیرم. ئەوەی لە ڕوانینی ژۆزێفدا شەپۆلی دەدا لە بێزاری بەولاوە نەبوو. بەڵێ ئەو ڕقی لە برایەکەی بوو. لەم ساتەدا دەنگی خاتوو لیزیا بەرز بۆوە:

-زۆر باشت نووسیوە کوڕم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژووزفین لەحاڵێکدا بوونی میوانەکان دوای نانخواردنی وەبیر دێنایەوە داوای لە ناپلیۆن کرد نانەکەی تەواو بکاو ئەویش گوێلەمستانەو زۆر بەپەلە دەستی بەخواردن کرد. لەم کاتەدا بەڕێکەوت چاوم بە ڕوخساری ئوورتانس کەوت. ئەم منداڵە... نا ئەمن بۆخۆم بەتاقیکردنەوە تێگەیوم کە کچ لە تەمەنی چاردەساڵیدا ئیدی منداڵ نیە. بەڵێ ئەم کچە گەنجە کە هیچی وەک دایکە جوانو لەبەردڵانەکەی ناچێ سەرتا پا گوێ بوو،و بەوردی گوێی لە قسەکانی ناپلیۆن دەگرت. چاوە شینەکانی وەک بوونەوەرێکی جادووکراو دە ناپلیۆنەوە ڕامابوونو سوورهەڵگەڕانی گۆناکانی بەتەواوی ئاشکرا بوو. داخوا ئەوەی بیرم لێدەکردەوە ڕاستی بوو؟ ئایا ئەو ئاشقی زڕبابی خۆی بوو؟... ئای کە چەند گاڵتەجاڕ بوو... هەر بەو ئەندازەیەش خەفەتهێنو سامناک.

لەودەمەدا دەنگی ئووژەن دوبوئارنە هەودای فکرەکانمی پساند. ئەو وەبیری هێنامەوە کە ڕووی قسەی دایکی لە منەو منی ئاگادار کردەوە. ژووزفین بزەیەکی بۆ من کردو دەستی بۆ پەرداخەکەی بردو هەر لەوحاڵەدا چاوێکی لەمن داگرت کە هەموو گومانێکی لە دڵم سڕیەوەو تێگەیشتم کە بەچاکی ئەو ڕۆژەی لەبیرە. ژووزفین لەحاڵێکدا لەجێی خۆی هەڵدەستا داوای لە هەمووان کرد بۆ قاوەخواردنەوە بچنە ژووری میوانداری. لە ژوورەکەی تەنیشتێ پێشئەوەی ئێمە بچین چەندین میوانی دیکە چاوەڕوانی ناپلیۆن بوون تا سەفەرێکی پڕسەرکەوتنی بۆ بەئاوات بخوازن. وا دەهاتە بەرچاو کە هەموو ئەوانەی لە ڕۆژانێکی نەک زۆر دووردا لە ماڵەکەی خاتوو تالین کۆ دەبوونەوە ئێستا ڕوویان کردۆتە ماڵە چکۆلەکەی ژووزفین لە شەقامی ڤیکتۆریا. کۆمەڵێکی زۆرم کەسانی یۆنیفۆرمپۆشم لەوێ دیتنو هەوڵم دا ئەوەندی بکرێ دەگەڵ کۆنە خوازبێنیکەرانی خۆم ژانو مارموون بەرەوڕوو نەبم. ئەو دووە بە دەنگی بەرز پێدەکەنین. باسی ئەوەیان دەکرد کە لەمیسر قژیان کورت دەکەنەوە. لەم سەروبەندەدا ئەفسەرێک کە قژێکی وەک شەوە، جووتەچاوێکی دڵگرو درەوشاوەو لووتێکی پانی هەبوو ڕووی کردە خاتوو لیزیاو گوتی:

—دیارە یەکێک لە تیۆرییەکانی کوڕەکەت ئەوەیە کە بەم ڕوخسارەوە ئێمە وەک سەرکەوتووە قارەمانە ڕۆمییەکان دەبین بەڵام بە سەری بێئەسپێوە.

خاتوو لیزیا کە بزەیەکی لەسەر لێو بوو،و وای نیشان دەدا کە ئۆگرییەکی تایبەتیی بەو ئەفسەرەوە هەیە، وەڵامی دایەوە:

—سەرم لەم قسەیەت سوڕ نامێنێ ژەنراڵ موورا چونکە دەزانم کوڕەکەم بیروباوەڕی سەیروسەمەرەی هەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وا دیار بوو لەو کاتەدا میوانێکی خاوەن‌ناوو گران‌قەدر هاتوە، چونکە ژووزفین بێ‌پێشەکی سێ‌کەس لە میوانە لاوەکانی لەسەر جێگاکانیان هەستاندن. دەزانن ژووزفین کێی لەو جێگایە دانیشاند؟ بەڵێ، باراس ئەندامی بەرچاوی حکوومەتی کۆماری فەڕانسە. باراس جلێکی شین‌و زێڕدۆزی‌کراوی زۆر جوانی دەبەردابوو،و چاویلکەیەکی دەسک‌درێژی لەچاودا بوو. دەسبەجێ پاش دانیشتنی وی ناپلیۆن‌و ژووزفین لە هەردوو لای دانیشتن‌و پیاوێکی ڕەقەڵەش کە لووتە نووک‌تیژەکەی پێی‌دەگوتم پێشتر ئەوم لەجێیەک دیوە لەپشتەوەی دانیشت. کاتێک ئەو پیاوە بەپێشەوەداو بۆلای باراس چەمایەوە وەبیرم هاتەوە کە ئەو یەکێک لەو دوو پیاوەیە کە وەختی ڕاوەستان لە پەنا پەنجەرەی ساڵۆنی میوانداریی خاتوو تالین ئاگام لە قسەکانیان بوو، ئەوەندەی لەبیرم بێ ناوی فووشێ بوو.

ئووژەنی لاو کە دڵۆپە ئارەق لەسەر نێوچاوانی دەدرەوشان وەک ئاجودانی ناپلیۆن بەرپرسایەتیی ڕێنوێنی‌و دیاریکردنی جێی میوانەکانی لە ئەستۆ بوو. ئەو منو ئەلیزای قەڵەوی بۆلای دوو مۆبڵ کە ڕاست کەوتبوونە بەرامبەری نیوتەختەکەی باراس ڕێنوێنی کرد. پاشان ئەو کورسی‌یەکی زێڕکاری‌کراوی بردە نزیک فووشێ سەرۆکی پۆلیسی پاریس تا لەسەری دانیشێ. لەو دەمەدا پیاوێکی گەنج‌و تەڕپۆش کە لاقیشی نەختێک دەشەلی‌و بە دابی کۆن پۆدری لە مووی سەری دابوو هاتە ژووری‌و فووشێ بە دیتنی وی ڕاست بۆوەو لەحاڵێکدا ئاماژەی بۆ کورسی‌یەکەی خۆی دەکرد گوتی:

–تالیرانی خۆشەویست... فەرموو لەخزمەتدابین.

بابەتی جێی باسی ئەوانەی لە کۆڕەکە ئامادە بوون باڵیۆزی فەڕانسە لە ڤییەن بوو، وەک لە قسەکانیان دەردەکەوت باڵیۆزی ناوبراو بەهۆی هێندێ ڕووداوی ڤییەن لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ پاریسدا بوو. بەڕواڵەت باڵیۆزی ئێمە لە ڕۆژێکی نیشتمانیی ئوتریشدا فەرمانی داوە ئاڵای فەڕانسە هەڵکەن‌و ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵێک لە خەڵک پەلاماری باڵیۆزخانە بدەن‌و بیانەوێ ئاڵای فەڕانسە دابگرن. بەداخەوە دەرفەتی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان‌و ئاگاداربوون لە ڕووداوەکەم بەدەست نەهێنا چونکە ژۆزێف هەرکە ڕۆژنامەکان دەگەنە ماڵێ دەیان‌باتە ژوورەکەی خۆی‌و ئێمە دەرفەتی خوێندنەوەیان بەدەست ناهێنین. لەو فکرانەدا بووم گوێم لە دەنگی ژۆزێف بوو بە تالیرانی دەگوت:

–جەنابی وەزیر داخوا باشتر نەبوو ژەنڕاڵێک وەک باڵیۆز نەنێریە ڤییەن؟ و لەجیاتی وی سیاسەتمەدارێکی پیشەیی لەو پۆستەدا دابنێی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بەڕێز بوناپارت! دەڵێی لەبیرت چووە کە حکوومەتی کۆماری هێشتا بەڕادەی پێویست سیاسەتمەداری پیشەیی جێی متمانەی بەدەستەوە نین. تەنیا کار کە لەدەستمان دێ ئەوەیە کە کار بە باشترینەکان بسپێرین. بۆ وێنە جەنابیشت یەکێک لەو کەسانەی کە لەو بوارەدا وەک ئەندامی یارمەتیدەر لە باڵیۆزخانەی فەڕانسە لە ئیتالیا دیاری کراوی. وایە یان نا؟

تالیران وەڵامێکی پڕبەدەمی بە ژۆزێف دابۆوە چونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە ژۆزێف بوناپارت نەک سیاسەتمەدار بەڵکوو جێنشینو بەدەڵی باڵیۆز بوو. لەوکاتەدا دەنگی گیراوو بە گنەگنی باراس هات کە بە ناپلیۆنی دەگوت:

-جگە لەمانەش بێرنادۆت یەکێک لە پیاوە لێوەشاوەو بەتواناکانمانە کە ژمارەیان کەمە. بەباوەڕی تۆش وانیە ژەنراڵ بوناپارت؟ لەبیرمە ئەوکاتەی جەنابت لە ئیتالیا پێویستیی دەسبەجێت بە هێزی یارمەتیدەر هەبوو وەزیری بەرگری فەرمانی بە بێرنادۆت دا کە بە باشترین یەکەکانی جێگیر لە ڕاینەوە بێتە کۆمەگتان. ئەو لە قەیراناویترین هەلومەرجی زستانیدا تەواوی یەکەکانی ژێر فەرمانی خۆی لەماوەی تەنیا دە سەعاتدا لە ئالپ تێپەڕاند؛ شەش سەعات بۆ وەسەرکەوتنو چوار سەعات بۆ هاتنەخوار. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم جەنابیشت لە نامەی خۆتدا زۆرت پێهەڵگوتبوو.

ژۆزێف لەحاڵێکدا شانی هەڵدەتەکاندن گوتی:

-گومانی تێدا نیە کە ژەنراڵێکی بەتوانایە، بەڵام سیاسەتمەدار؟....

تالیران بەحاڵەتێکی غەمناکانەوە درێژەی دایە:

-بەباوەڕی من ڕەفتاری وی لە هەڵکردنی ئاڵای کۆماردا زۆر دروستو بەجێ بووە. ئاخر لە هەلومەرجێکدا کە هەموو باڵیۆزخانەکان ئاڵای خۆیان هەڵدەکەن بۆچی نابێ فەڕانسە وا بکا؟ پاش ئەو پێشێلکردنە ئاشکرایەی مافە بێئەملاوئەولاکانی ئێمەو ڕەفتارێک کە بە دەستدرێژی بۆسەر خاکی فەڕانسە دادەنرا ژەنراڵ بیرنادۆت دەسبەجێ ڤییەنی بەجێهێشتوە. دیارە پێم وایە داوای لێبووردنی حکوومەتی ئوتریش پێش ژەنراڵ بێرنادۆت دەگاتە پاریس.

پاشان تالیران چاوێکی لە قامکە شووشو باریکەکانو نینۆکە بریقەدارەکانی خۆی کردو درێژەی دایە:

-بەهەر حاڵ ئێمە بۆ باڵیۆزخانەی ڤییەن کەسی لەو لێوەشاوەترمان نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزەیەکی بێڕەنگ لەسەر ڕوخساری گەنمڕەنگو پەڵەپەڵەی باراس دەرکەوتو لەحاڵێکدا چاویلکە دەسکدرێژەکەی دەلەقاندو بە چاوێکی خڕکراوەوە تەماشای ناپلیۆنی دەکرد گوتی:

-پیاوێکی وەک وی دووربین کە بتوانێ پێویستی‌یە سیاسی‌یەکان پێشبینی بکا بەزەحمەت دەست دەکەوێ.

لێوەکانی ناپلیۆن خڕ ببوونەوە دەمارە چکۆڵەکەی سەر لاسەری ڕاستی زۆر خێرا لێی‌دەداو هەر بەو حاڵەتی تووڕەیی‌یەوە چاوی لەباراس دەکرد. باراس لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی:

-جگە لەمانەش بیرنادۆت کۆماریخوازێکی شێلگیرەو ساتێک لە نابووتکردنی دوژمنانی کۆماردا تەنەخی ناکا، چدوژمنی نێوخۆیی بنو چلەدەرەوەی سنوورەکانی فەڕانسە.

ژۆزێف کە زۆر توند ئێرەیی بە باڵیۆزی ڤییەن دەبردو لەبەر ئێرەیی زۆر خۆی بۆ ڕانەدەگیرا گوتی:

-ئەدی کاری تازەی وی چدەبێ؟

جارێکی دیکە ئەو شۆقەی کەوتبووە سەر شووشەی چاویلکە دەسکشاخەکەی باراس لەسەر دیواری ژوورەکە جووڵاو ئەو دوای لەقاندنی چاویلکەکەی گوتی:

-کۆمار پێویستیی بە پیاوانی باوەڕپێکراو هەیەو ئەمن ناتوانم تێبگەم ئەو بۆچی لەوە کە متمانەی پێکراوە هەست بە شادمانی دەکا. ئەو کاری سەربازیی لە سادەوە دەست پێکردوەو چێژ لەوە وەردەگرێ کە لەسوپادا متمانەی پێدەکرێ، ئێستا متمانەی حکوومەتیشی بۆلای خۆی ڕاکێشاوەو سروشتی‌یە کە...

لەجیاتی وی سەرۆکی پۆلیس فووشێ قسەکەی تەواو کردو گوتی:

-وەزیری بەرگریی دواڕۆژمان بێ.

باراس جارێکی دیکە چاویلکەکەی لەقاندو چاوێکی لە سەرتاپای تێرێز تالین کردو بەڕاوێژێکی تایبەتی گوتی:

-ماشەڵڵا! تێرێزی جوانو لەبەردڵانمان!

تێرێز لەحاڵێکدا دەستی لەسەر شانی باراس دادەنا کە نەهێڵێ هەڵستێو وەک دەڵێن سوپاسی ئەو ڕەفتارە سەروەرانەیەی دەکرد، لەنەکاو چاوی بە ناپلیۆن کەوتو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئای... قارەمانی بەرەی ئیتالیاش لێرەیە... چەند دوانیوەڕۆیەکی جوانە ژەنڕاڵ بوناپارت. ژووزفینی خۆشەویست چەند جوان بوویو... بەڕاست ژەنڕاڵ بەنیازی ئەم ئووژەنە لاوەش دەگەڵ خۆت بەریە سەرزەمینی هیرەمەکان؟ ژەنڕاڵ دەمەوێ ئوورارت پێبناسێنم؛ کەسێک کە لەبەرەی ئیتالیا دەهەزار جووت پۆتینی بۆ سوپاکەی تۆ دابین کرد. ئای ئوورار دەبێ بڵێم ئەتۆ ئێستا لەپێش بەدەسەڵاتترین پیاوی فەڕانسە ڕاوەستاوی.

بەدوای قسەی تێرێز تالیندا کابرای کورتەباڵا بەجۆرێک سەری ڕێزی بۆ ناپلیۆن دانواند کە هێندەی نەمابوو نێوچاوانی وەعەرزی بکەوێ. ڕاست لەو دەمەدا ئەلیزا ئەنیشکێکی لە کەلەکەی من داو گوتی:

–ئەم پیاوە یەکێک لە قۆنتەراتچییەکانی سوپاو دوادۆستی تێرێزە. تا ئەم دواییانە تێرێزو باراس پێکەوە بوونو سەرەنجام بۆ ژووزفینێ دەستی لەو بەر دا. ئەم پیرەپیاوە گەمژەیە بەپیری هەوەسی گەنجانە دەکاو تەنانەت خەنەش لەسەری دەداو بەو پیرییە موویەکی سپی لەسەریدا نابینرێ.

لەنەکاو هەستم کرد تەنانەت ساتێکیش لەو فەزایەدا هەڵناکەم؛ تێکچووبوومو ئارەقە پەڕیبووە نێوچاوانم. هەستامو بەپەلە هاتمە دەرێ بەڵکوو لە دالانێ ئاوێنەیەکم دەست کەوێو هێندێ پۆدر لە ملم بدەم کە ئارەقی کردبوو. دالانەکە دەکرێ بڵێی تاریک بوو، شۆقی لەرزۆکی مۆم توانای تێکشکاندنی تاریکایی نەبوو. کاتێک لە ئاوێنەکە نزیک بوومەوە لەنەکاو دوو کەسم ڕووبەڕووی خۆم دیتنو بە شێواویو سەرسوڕماوی هەنگاوێک کشامەوەو لەخۆوە گوتم:

–ببوورن.

لەو ساتەدا یەکێک لەو دوو کەسە هەنگاوێک هاتە پێشترو کەوتە بەر شۆقی مۆمەکەو توانیم ژووزفین بناسمەوە کە دەیگوت:

–داوای لێبووردنی بۆچیە ئازیزم. باشترە تۆ بە بەڕێز شاڕل هیپوولیت بناسێنم.

ئەو پاشان ڕووی کردە پیاوەکەو بۆی باس کرد کە ئەمن ژنخوشکی ژۆزێفی برای ناپلیۆنی مێردی ویمو بەوجۆرە پێوەندیی بنەماڵەیی هەردووکمانی بۆ باس کرد. پاشان ئەو پیاوە گەنجە کە بیستوپێنج ساڵ زیاتر نەدەبوو سەری بۆ من دانواند، ژووزفین جارێکی دیکە ڕوونی کردەوە:

–دێزیرەی خۆشەویست! ئەو بەڕێز شاڕل هیپوولیت یەکێک لە گەنجترینو لێوەشاوەترین...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو کە نەیدەزانی ڕستەکەی چۆن تەواو بکا ناچار ڕووی کردە لاوەکەو پرسی:

-بەڕاست کاری تۆ چیە شاڕل؟

دوایەش بە حاڵەتێکی تایبەتی درێژەی دایە:

-بەڵێ ئەو یەکێک لە قۆنتەراتچییە لێوەشاوەو سەرکەوتووەکانی سوپایە...

ژووزفین کە وا دیار بوو بۆخۆشی دەیزانی ئەو دیمەنە لەڕادە بەدەر گاڵتەجارە پێکەنیو درێژەی پێدا:

-هیپوولیتی خۆشەویست دەبێ بڵێم کیژۆڵە دێزیرە یەکێک لە خەنیمە کۆنەکانی منە.

-چۆن خەنیمێک؟ سەرکەوتوو یان تێشکاو؟

بەڵام ئیدی دەرفەت نەبوو کە ژووزفین وەڵامی ئەم پرسیارە لەنەکاوەی شاڕل هیپوولیت بداتەوە، چونکە هەر لەوەدەمەدا جرنگەجرنگی مامزەی چەکمەکانی ناپلیۆن هاتە بەرگوێو بەدوایدا دەنگی ناپلیۆن لە تاریکاییدا بەرگوێ کەوت کە هاواری دەکرد:

-ژووزفین... ژووزفین، لەکوێ خۆت شاردۆتەوە؟ میوانەکان چاوەڕێنو لە تۆ دەپرسن.

-خەریک بووم ئەو ئاوێنە وێنیزییەم بە کیژۆڵە دێزیرەو بەڕێز شاڕل نیشان دەدا کە لە مۆنتی بلوو بەدیاری دابووتمێ.

ئەو پاشان بێئەوەی نیگەرانییەک لەسیمایدا هەبێ قۆڵی ناپلیۆنی گرت هێنایە لای شاڕلو گوتی:

-دەمەوێ یەکێک لە قۆنتەراتچییە لاوەکانی سوپات پێبناسێنم... ئەتۆش بەڕێز شاڕل، ئێستا ئەتۆش بە ئاواتی دڵت گەیشتیو دەتوانی ئەو دەستانە بگوشی کە ئازادییان بۆ ئیتالیا بەدیاری هێنا.

بزەی گەرمی ژووزفین زۆر زووتر لەوەی بیرم دەکردەوە ڕقو شێواویی ناپلیۆنی لەنێو برد. دوایە ناپلیۆن ڕووی کردە منو پرسی:

-بەڕاست ئووژ... دێزیرە ئەتۆ دەتەویست شتێکم پێبڵێی؟

ژووزفین بە بیستنی قسەی ناپلیۆن ڕووی کردە شاڕل هیپوولیتو داوای لێکرد بۆ بەخێرهێنانی میوانەکان دەگەڵی بچێو بەوجۆرە ئێمەی بەتەنیا جێهێشت.

ئێمە دوو بەدوو لەبەر شۆقی لەرزۆکی مۆمەکە بەرەوڕووی یەکتر ڕاوەستابووین. پاشان دەستم کرد بە پشکنینی کیفە دەستییەکەمو ناپلیۆنیش بەرەو ئاوێنەکە چوو، و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوێدا دە وێنەی خۆیەوە ڕاما. لەبەر شۆقی کزی مۆمەکە دەمتوانی ئەڵقەیەک ببینم کە لە دەوری چاوە دەقووڵکەوتووەکانیو ڕوومەتە قوپاوەکانی پەیدا ببوو. هەروا کە دە ئاوێنەکەوە ڕامابوو بە ڕقەوە گوتی:

-گوێت لێبوو باراس گوتی چی؟

وا نوقمی فکرە دوورودرێژەکانی خۆی بوو کە بێئەوەی بەخۆی بزانێ منی بە"تۆ" بانگ کرد، وشەیەک کە تەنیا دۆستانی زۆر نزیک بۆ یەکتری بەکار دەبەن.

-بەڵێ گوێم لێبوو. بەڵام شتێکی لێ حاڵی نەبووم چونکە سەرم لە سیاسەت دەرناچێ.

ناپلیۆن هەروا کە دە ئاوێنەکەوە ڕامابوو، درێژەی دایە:

-دوژمنانی نێوخۆیی کۆمار! چەند دەربڕینێکی جوانە! دەزانی مەبەستی من بووم؛ چونکە ئەو باش دەزانێ ئەمن ئەمڕۆ چەدەسەڵاتێکم هەیە... بەڵێ، ئێمە ژەنراڵەکان کۆمارمان لە مەترسیی ڕووخان ڕزگار کردو هەرئێمە ژەنراڵەکانیش بە کۆمەگی یەکتر ئەومان لەسەر پێ ڕاگرتوە. لەوانەیە وەختێکیش بێ بمانەوێ حکوومەتی خۆمان دامەزرێنین؛ حکوومەتی ژەنراڵەکان. ئەوان لە ملی شایان داو لەوەتا ئەو مردوە تاجی پادشایەتیی فەڕانسە زۆری بێڕێزی پێکراوەو وەک زبڵوزاڵ فڕێ دراوەتە زەلکاوەکان. لەو نێوەدا دەبێ یەکێک دەست پێش بخاو لەسەر زەوی هەڵیگرێتەوەو ڕێزی لەدەستچووی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەو جۆرێکی قسە دەکرد دەتگوت خەوتوەو خەونەکانی بەزماندا دێن. بۆ دەمەساتێک وامزانی دوو بەدوو لە پەنا میلەکانی باغی ماڵی باوکم ڕاوەستاوین. سەرەتا وەک هەمیشە ترسم ڕێنیشتو دوایە بێئەوەی بەخۆم بزانم ویستم بە پێکەنینی منداڵانەی هەمیشەییم بەسەر ترسەکەمدا زاڵ بم. خێرا ئاوڕی دایەوە سەر منو بە دەنگێکی نێر گوتی:

-بەڵام ئەمن دەچمە میسرو ئەندامانی ئەنجومەنی پێنجکەسیی حکوومەتو نوێنەرانو حیزبە سیاسییەکان بەجێ دێڵم تا پێکەوە بەشەڕ بێنو فەڕانسەیەک کە خەریکە لە ئاوسانی دراویدا دەخنکێ بە قۆنتەراتچییە پارەپەرستەکان بفرۆشن. ئەمن دەچمە میسر هەتا ئاڵای فەڕانسەو کۆمار لە شوێنی دوورو لە سەرزەمینی فیرعەونەکاندا بشەکێنمەوە.

-ژەنراڵ داوای لێبووردن دەکەم کە بەناچار قسەکانت پێدەبڕم. لەم کاغەزەدا ناوی خانمێکم نووسیوەو تکا لە جەنابت دەکەم ئاگات لە ژیانی بێ تا نەکەوێتە سەختیو تەنگانەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناپلیۆن دەسبەجێ کاغەزەکەی لێوەرگرتمو لەبەر شۆقی کزو لەرزۆکی مۆمەکە چاوێکی لێکردو پرسی:

-ماری موونیە! باشە ئەم ژنە کێیە؟

-وا بزانم ئەو هاوسەری ژەنڕاڵ دوفوو و دایکی تەنیا کوڕەکەی بووە.

-بەڕاستی بەداخم. دێزیرە، داخوا ببوویە دەزگیرانی؟

دەمەویست بنەڕێنمو بڵێم لەو یارییە گەپجارەی وەجان هاتووم، بەڵام هەر ئەوەندەم گوت کە:

-دەزانی کە ئەمن تەنانەت دوفوو بەچاکی ناشناسمو نازانم جەنابت بۆ ئەوەندە پێ لەسەر ئازاردانی من دادەگری ژەنڕاڵ؟

-گوتت چی دێزیرە؟ بۆچی؟

-بەو پێشنیارە پەیتاپەیتایەی زەماوەند ژەنڕاڵ! بەڕادەی پێویست لەو ڕووداوە زەجرم کێشاوەو ئێستا پێویستیم بەئارامی هەیە.

-باوەڕ کە دێزیرە، باوەڕ کە ژن تەنیا بە مێردکردن دەتوانێ پەی بە مانای ڕاستەقینەی ژیان بەرێ.

-ئەمن... ئەمن... دەمەوێ ئەم مۆمدانەت لەسەری ڕاکێشم ژەنڕاڵ!

لەڕقان خەریک بوو بتەقمو پایەی مۆمدانەکەم لەنێو دەستمدا ڕێکدەگوشیو بۆ ئارامکردنەوەی خۆم نینۆکم بەجۆرێک لە دەستمدا دەگوشین کە بەگۆشتی دەستمدا چووبوونە خوار. ناپلیۆن ئاوڕی دایەوەو هەنگاوێک لەمن نزیک کەوتەوەو بزەی هاتێ. بزەیەک کە لەیەک کاتدا هەموو شتێکی منی تێدا خڕ ببۆوە، لەیەک کاتدا بۆمن مانای مردنو ژیانو دۆزەخو بەهەشتی دەگەڵ بوو. سەرەنجام بێئەوەی بزە لەسەر لێوی لاچێ گوتی:

-ئێمە دۆستی یەکترین، وا نیە بێرنادین ئووژنی دێزیرە؟

-بەڵێن بدە یارمەتییەک بۆ ئەوژنە ببڕێتەوە، یارمەتیی هاوسەری بێوەکەوتووی ژەنڕاڵێکو هەروەها ئەوەی دەدرێ بە منداڵانی هەتیوی ئەفسەرێکی وا.

لەم کاتەدا دەنگی ژوولیم بەر گوێ کەوت کە دەگەڵ ژۆزێف نزیک دەکەوتنەوە.

-ئای، ئەتۆ لێرەی دێزیرە؟ چاکترە خۆ ساز کەی، چونکە چەندی زووترە دەبێ بڕۆین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دووانە کاتێک ئەم دوو کەسەمانیان لەوێ دیت، سەریان سوڕ ما. ئێمە ئەم دووەمان هێشتا بەرامبەر یەک ڕاوەستابووین‌و لەنەکاو ڕق‌وقین لە سیمام دوور کەوتەوە. زەردەخەنەیەکم کردو دووپاتەم کردەوە:

–بەڵێنی خۆتان لەبیر نەچێ.

–بەڵێن دەدەم کیژۆڵە دێزیرە.

ژۆزێفیش بۆ ماڵئاوایی هاتە پێشەوەو کەوتە نێوان من‌و ئەو. دوو برا دەستێکیان لە شانی یەکتر داو ماڵئاوایی‌یان لێکتر خواست.

***

١١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پاریس، چوار حەوتوو دواتر

شادترین ڕۆژی ژیانی منیش وەک یەکی دیکە لەو هەموو ڕۆژەی ژیانم لە پاریس، هەرلەم شارە دەستی پێکرد. دوای قاوڵتی ئاوپژێنێکی چووکەلەم تاو دایە بۆئەوەی دارخورمایەکی زینەتی ئاو بدەم کە ژوولی لە ئیتالیاوە هێنابووی‌و لە گولدانێکدا ڕایدەگرت. ژوولی‌و ژۆزێف وەک هەمیشە لەسەر مێزی قاوڵتی بەرامبەری یەکتر دانیشتبوون. ژۆزێف سەرگەرمی خوێندنەوەی نامەیەک بوو. ئەمنیش سیلەچاوێکم لێی بوو،و گوێم بۆ قسەکانی گرتبوو.

دیتت ژوولی... بەهەرحاڵ بانگهێشتنەکەمی قبووڵ کرد...

–بیکە بەخاتری خوا ژۆزێف، ئەمن هیچ ئامادییم بۆ میوانداری نیە... جگەلەوی دەتەوێ کێی دیکە بانگهێشتن بکەی؟ باشتر نیە فڕووجی ناسک ساز بکەین؟ ماسیی قزلئالا دەگەڵ سۆسی مایۆنیز چۆنە؟ لەم وەرزەی ساڵدا قزلئالا زۆر کەمە. ژۆزێف، ئەتۆ دەبوو پێشتر پێت گوتبام کە نیازی میوانداریت هەیە.

–دەمەویست لەپێشدا لە هاتنەکەی دڵنیا بم. تەنیا چەند ڕۆژێکە هاتۆتەوە پاریس‌و دەکرێ بڵێین هەموو ڕۆژێکیش میوانەو وەختی ئازادی نیە. هەمووان پێیانخۆشە ڕاستی‌یەکەی ئەوەی لە ڤییەن گوزەراوە لەزمانی خۆی ببیسن...

بۆ پڕکردنی ئاوپژێنەکە چوومە دەرێ. چونکە ئەو دارخورمایانە ئاوێکی تاڕادەیەک زۆریان دەوێ. کاتێک دووبارە هاتمەوە ژووری ژۆزێف قسەی دەکرد:

–بۆم نووسی لە زمانی دۆستی بەڕێزم باراس‌و براکەی خۆم ناپلیۆن زۆرم باسی خۆی‌و کارە بەرچاوەکانی بیستوەو زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بتوانم لە ماڵەکەی خۆم بە شێوێکی سادە میوانداریی بکەم.

ژوولی جارێکی دیکە بە دەنگێکی بەرزو پڕ لە شادمانی گوتی:

–چۆنە بۆ دیسێر تووە فەڕەنگی بە سۆسی شیرنی‌یەوە ساز بکەم؟

–ژوولی نازانم گرنگیی مەسەلەکە تێدەگەی یان نا؟ بە هەرحاڵ ئەو بانگهێشتنی منی قبووڵ کرد. دەزانی دیدارێکی تایبەتی دەگەڵ وەزیری بەرگریی دادێی فەڕانسە چەند گرنگە. ناپلیۆن دەتوانێ هەرکارێک بیهەوێ بکا، بەڵام ئێمە هێشتا ئەمەیان بەتەواوی ناناسین. ژوولی وریا بە خواردنەکە دەبێ زۆر باش بێ‌و...

–کێی دیکە بانگهێشتن دەکەی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوڵدانی گوڵە ڕۆز لەنێوەڕاستی مێزەکە دانرابوو، هەڵمگرتو بردمە ئاشپەزخانە تا ئاوەکە بگۆڕمو کاتێک هاتمەوە ژووری، ژۆزێف دەیگوت:

–کوڕێکی چووکەڵەو دۆستانە لە هەمووی باشترەو ئەمنو لووسین دەتوانین بێغەم لە زەحمەتی خەڵکی دیکە قسەی دەگەڵ بکەین. کوڕێکی چووکەڵە لەخۆمان دەگەڵ ژووزفین، لووسین، کریستیەن، ئەتۆو خۆم. لەو دەمەدا ژۆزێف چاوی بەمن کەوتو لێی زیاد کرد:

–دیارە ئەم کچە چووکەڵەیەش. ئەمشەو دەبێ لە هەمیشە جوانترو ڕازاوەتر بی دێزیرە چونکە دەبێ چاوت بە وەزیری بەرگریی دادێی فەڕانسە بکەوێ.

ئەی کە ئەو میوانداریی‌یە تایبەتی‌یە بنەماڵەیی‌یانە چەندم ئازار دەدەنو گێژم دەکەن. بەپێچەوانە ژۆزێف ئاشقی ئەو میوانداری‌یانەیەو دیارە ئەو میوانداری‌یە تایبەتی‌یانە تەنیا بۆئەوە ڕێکدەخرێن کە ژۆزێف لەوشتانەی لەپشت پەردەوە لەنێو سیاسەتمەداراندا دەگوزەرێن، ئاگادار بێو ئەوان لە نامەکانی خۆی‌داو بەپەیکی تایبەتی‌دا بۆ ناپلیۆن بنێرێتە میسر. کارێکی تازەی باڵیۆزی بە ژۆزێف پێشنیار نەکراوەو بۆخۆشی پێی باشترە لە پاریسو لەنێو جەرگەی ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یەکاندا بێ. جگەلەوە ئەو لە دواهەڵبژاردندا لەلایەن خەڵکی کۆرسەوە بە نوێنەر هەڵبژێراوە، چونکە بەهەرحاڵ سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن لە ئیتالیا سەرنجی تایبەتیی خەڵکی جزیرەیان بۆلای بوناپارتەکان ڕاکێشاوەو لەڕاستی‌دا ناپلیۆن بۆتە مایەی بەخۆنازینی ئەوان.

جگە لە ژۆزێف، لووسینیش لەلایەن خەڵکی جزیرەی کۆرسەوە کاندیدای بەشداری لە هەڵبژاردندا بوو،و بە ئەندامەتیی ئەنجومەنی پێنسەدکەسی هەڵبژێرا. چەند ڕۆژ پێشو یەکدوو ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی ناپلیۆن بۆ میسر، ئەو کریستیەنی هاوسەریشی هێناوەتە پاریس. خاتوو لیزیا خانوویەکی چکۆلەی بۆ دۆزیونەوەو ئەوان هەوڵ دەدەن بەو تۆزە یارمەتی‌یەی نوێنەرایەتیی لووسین ژیانی خۆیان بەڕێوە بەرن. لووسین بیروباوەڕی توندڕۆیانەی چەپی هەیەو کاتێک ناپلیۆن پەیامی بۆ نارد تا ژنەکەی کە کچی میوانخانەچی‌یەک بوو تەڵاق بدا، لووسین بە ڕقەوە وەڵامی دایەوە:

–نیزامیگەری ئەو برایەی منی بەتەواوی شێت کردوە. نازانم ئەو چخاڵێکی لاوازی لە کریستیەندا پێشکدێ؟

کە ژۆزێف ویستی مەسەلەی میوانخانەچی‌بوونی خەزوورەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، لووسین وەڵامی دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–باشه، چما بابی دایکی ئێمه خۆشمان دێهاتی‌یەکی کۆرسی نەبوو کە داروونەداری مەزرایەکی چووکەڵە بوو! بەڵام لەنەکاو پێکەنینێک کە کەوتبووە سەر لێوەکانی لووسین سڕایەوەو بە نێوچاوانێکی گرژەوە زیادی کرد:

–ناپلیۆن بیروباوەڕێکی لەسەردایە کە لەڕوانگەی کۆمارخوازێکەوە بەتوندی سەیروسەمەرەو باوەڕپێنەکراو دێتە بەرچاو. ئێستا ئیدی ئەو لووسینە باریکەڵەیە، پیاوێکی ناسراو بوو،و هەموو ڕۆژێ قسەکانی‌و نووسینەکانی لە ڕۆژنامەکاندا چاپ دەکران. چاوەکانی ئەو لاوە مووخورمایی‌و چاوشینە وەختێک بە هەژانەوە قسە دەکا درەوشانەوەیەکی سەیریان تێدایەو ئێستا بە یەکێک لە وتاردەرە ناسراوەکانی کۆمار دەژمێردرێ. هێشتا نازانم لووسین ئەو میوانداری‌یە تایبەتی‌یانەی ژۆزێفی پێخۆشن یان نا، بەڵام بەهەرحاڵ بۆئەوەی ژوولی‌و ژۆزێفان نەڕەنجێنێ لەو میوانداری‌یانەدا بەشدار دەبێ. بێگومان ئەو لەوخاڵە بێخەبەر نیە کە لەو میوانداری‌یانەدا هەرکەس لەبیری وەدەستهێنانی پێوەندی‌یەکی کارسازی کۆمەڵایەتی‌و جێپێیەکی گونجاو لە بواری سیاسی‌دایە.

وەختێک خەریک بووم جلە ئاوریشمی‌یە زەردەکەم دەبەر بکەم تا بۆ میوانداری‌یەکە ئامادە بم ژوولی بە بێدەنگی هاتە ژوورەکەم‌و وەک هەمیشە لەبن لێوانەوە گوتی خوا بکا هەموو شتێک بەباشی بڕواتە پێش. دوایە لەسەر لێوی تەختەکەم دانیشت‌و گوتی:

–ئەدی ناتەوێ قردێلەیەک لە قژەکانت ببەستی؟ زۆرت لێ‌جوانە.

–حەیفە خەراپیان بکەم. جگەلەوەش، ئەم میوانداری‌یە کەسی تێدا نیە کە بمەوێ لەبەر خاتری وی زۆر بە سەروسیمای خۆم‌ڕابگەم.

هەرلەو کاتەدا کە ئەمن لە قردێلەو قوتووەشانەکەم دەگەڕام، ژوولی درێژەی دایە:

–ژۆزێف لە زمان ئەم وەزیری بەرگری‌یەی دادێ بیستوە کە لەشکرکێشیی ناپلیۆن بۆ میسر بە شێتی دەزانێ‌و پێی‌وایە دەوڵەت نەدەبوو ڕێگای پێبدایە.

ئەمن کە زۆر بێحەوسەلە بووم ئاخرەکەی لە بەستنی قردێلە لەقژم پەژیوان بوومەوەو پێم باشتر بوو بەرەو سەر شانەی بکەم‌و دوو شانەی چووکەڵەی لێبدەم. هەرلەو حاڵەدا بەجۆرێک بۆڵاندنەوە گوتم:

–ئەم میوانداری‌یە سیاسی‌یانە بەجارێک من جاڕز دەکەن.

ژوولی باسی کرد کە ژووزفین لەپێش‌دا بەنیاز نەبوو بێتە میوانداری‌یەکە بەڵام ژۆزێف بەدرێژی لەبارەی گرنگیی ئەم میوانداری‌یەو پێکهاتنی پێوەندی بەینی ناپلیۆن‌و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەزیرێک کە بەڕێوە بوو، قسەی بۆ کرد. ئەم دوایی‌یانە ژووزفین خانوێکی لە دەوروبەری پاریس‌و ناوچەی مالمێزۆن کڕیوەو ئەمڕۆ دەیەویست دەگەڵ چەندکەس لە دۆستانی بچنە وێ. ئەمنیش لەخۆوە هەقم دا بە ژووزفین‌و دووپاتەم کردەوە کە لەموەرزەدا هەوای وێ زۆر دڵگر دەبێ.

پاشان لە پەنجەرە نزیک بوومەوەو لەوێوە دە ئاسمانی ئەرخەوانیی مەیلەو بنەوشی ئێوارەوە ڕامامو تێرتێر بۆنی دڵبزوێنی خونچە لیمۆیانم هەڵمژی. ئەم دیمەنەو ئەو داخوازەی ژووزفین وردەوردە دەبوونە هۆی ئەوەی هەر بەڕاستی لەو میوانە نەناسیاوە بێزار بم. بەڵام دەنگی تەگەری دروشکەیەک هەودای بیرەکانمی پساندو بە ڕاوەستانی دروشکەکە لەپێش ماڵێ، ژوولی جارێکی دیکەو بۆ جاری چەندەم دووپاتەی کردەوە؛ خوا بکا هەموو شتێک بەباشی بگوزەرێ.

کەمترین ئۆگریم بە چوونەخوار لە پلیکانەکان‌و پێشوازی لە میوانەکە لەخۆمدا نەدەدی‌و هەتا دەنگی قسەکانیان زۆر بەرز نەبۆوەو هەستم نەکرد هەموو میوانەکان هاتوون لە ژوورەکەم نەچوومە دەر. سەرەنجامیش چونکە دەمزانی ژوولی چاوەڕێی منە تا میوانەکان بانگ بکاتە سەر مێزی نان‌خواردن، ناچار بووم چوومە نێویان.

تاوێک کەوتمە ئەو فکرەوە کە بەبیانووی سەرئێشان بچمە ژوورەکەی خۆم‌و لەسەر تەختەکەم ڕاکشێم بەڵام بەداخەوە ئەو فکرەم کاتێک بە زەین گەیشت کە پێم نابووە شیپانەی ژووری نان‌خواردن. تاوێک دواتر ئارەزووم کرد کە بریا هەموو شتێکی خۆمم لەدەست دابایەو لەجیاتی‌یان بە سەرئێشە لەسەر جێگای خۆمبام.

ئەو پشتی لە دەرگا بوو! بەڵام دیسان بە یەکەم‌نیگاو بێئەوەی پێویست بێ ڕوخساری ببینم ناسیمەوە. پیاوێکی باڵابەرز بە یۆنیفۆڕمی سورمەیی، سەرشانی تەڵایی‌و نیشانی کۆماری‌یەوە. بێجگە لەو ژۆزێف، ژوولی، ژووزفین، لووسین‌و کریستیەن ئامادە بوون کە لە نیوجغزێک‌دا دەورەیان گرتبوو. بێئەوەی خۆم بمەوێ چاوم دە شانە پانەکانیەوە بڕیبوو، وەک کەسێکی ئیفلیج لە شیپانەی دەرگادا مابوومەوەو توانای هەنگاونانم نەبوو. بەڵام ئەو کەسانەی دەوریان دابوو لە دیتنی من بەوحاڵە سەرسوڕماوتر لەوە بوون کە توانای قسەیەکیان هەبێ. ژۆزێف لەسەر شانی میوانەکانەوە دە منەوە ڕاماو ئەوانی دیکەش بەدوای نیگاکەی‌دا هاتن. سەرەنجام پیاوە باڵابەرزەکە کە تێگەیشتبوو لە پشتەوەی ڕووداوێک قەوماوە خێرایەک ئاوڕی دایەوەو لە سەرسامی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەکـانی پێدەرپـەڕین. ئـەمنیش بەزەحمـەت هەناسـەم دەداو بریسکەم بـەدڵدا دەهـاتن. لەنەکاو دەنگی ژوولی وەخۆی هێنامەوە:

-دێزیرە! وەرە، وەرە هەمووممان چاوەڕێی تۆ بووین.

ڕاست لەوکاتـەدا ژۆزێـف هاتـە پێشـەوە لەپـەنا مـن ڕاوەسـتاو ڕوو لـە میوانـە باڵابەرزەکەی گوتی:

-ژەنڕاڵ بێرنادۆت، با پێتی بناسێنم ژنخوشکم، کیژۆڵە دێزیرە کلاری!

هێزم نەبوو تەماشای کەمو چاوم دە دوگمەیەکی زێڕینی یۆنیفۆرمەکەیەوە بڕیبوو، لەنەکاو گوێم لە دەنگی ژۆزێف بوو کە دەتگوت لە دوورەوەو لە قووڵایی ڕۆژگـارەوە دێتـە بەر گوێم:

-ببوورە ژەنڕاڵی خۆشەویست، جەنابت خەریکی قسەکردن بووی کە قسەکەم پێتان بڕی...

-ئەمن... ئەمن... ئا... لەبیرم چوو، باسی چیم دەکرد؟

لەنێو هەزاران دەنگیشدا بەباشی دەمتوانی ئەمدەنگـە بناسـمەوە. ئەمـە ئـەو دەنگـە بوو لەسەر پردێو لەبن لافـاوی بـاراندا گـوێم لێببـوو؛ دەنگێـک کـە لـە سووچی تـاریکی کالیسکەیەکەوە دەهاتو هەر ئەو دەنگە بوو کە لەسەر شیپانەی ماڵێک لەکۆڵانی "بـاس"و لەپێش ماڵەکەی کلاپین بیستبووم. دەنگی ژوولی کە هـەمووی بانـگ دەکردنـە سـەر مێـزی شێو هەودای بیرەکانمی پساند.

بـەڵام سـەرەڕای تکـای ژوولـی بۆئـەوەی بچنـە سـەر مێـزی شـێوخواردن، ژەنـڕاڵ بێرنـادۆت هەروا لەجێی خۆی چەقیو هەنگاوی هەڵنەهێنایەوە. کاتێک خولکی دووەمیشی ژەنڕاڵی سەرسوڕماوی لە جێی خۆی نەجووڵاند، ژوولی چووە لای میوانەکەیو ڕێنـوێنیی کرد بۆلای ژووری نانخواردنو بەدوای وانیشدا ژۆزێف، ژووزفین، لووسین، کریسـتیەنو ئەمن وەڕێ کەوتین.

وا دیـار بـوو ئـەمجارو ئـەم میوانداری‌یـە دۆسـتانەو تایبەتی‌یـەی شـێوخواردن جیاوازی‌یەکی زۆری دەگەڵ میوانداری‌یەکانی دیکە هەیەو زۆریش فەرقی دەگەڵ ئـەوە هەیـە کە ژۆزێف چاوەڕێی بوو. کورسیی بێرنـادۆت کـەوتبووە نێـوان کورسـی‌یەکانی ژووزفـینو ژوولـیو لووسـینیش لەلایەکـەی دیکـەی ژووزفـین دانیشـتبوو، ژۆزێـف خۆشـی تـەواو ڕووبەڕووی ژەنڕاڵ بوو. مەبەستی سـەرەکیی ژۆزێـف لـەو شـێوە دانیشـتنە ئـەوە بـوو کـە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووبەڕووبوون دەگەڵ ژەنراڵ ئەو دەرفەتەی بۆ بڕەخسێنێ کە وتوویژەکان بە دڵخوازی خۆی کۆنترۆڵ بکاو بەرەوپێش بەرێ.

هەرکەس چاوی لە ژەنراڵ کردبا، دەیزانی کە هەرچەند لەسەر مێزەکەیە بەڵام هۆشی لەپشتەوەی دیوارەکانی سالۆنو لە شوێن خوتخوتەیەکی دیکەی زەینییەو ئاگای لەو شتانە کە لە دەوروبەری دەگوزەرێن نیە. ئەو بێئەوەی سەرنج بداتە کەسانی دەوروبەری خەریکی یاری دەگەڵ ماسییەکی قزلئالا بوو کە لە دەورییەکەی بەردەمیدا کەوتبووە بەر زەربەکانی چەنگاڵەکەیو هەولی ژۆزێفیش بۆ ئەوەی سەرنجی ڕابکێشێ بەرهەمێکی وای نەبوو. ئەمن هەستم دەکرد ئەو خەریکی چارەسەری گیروگرفتێکی زەینییەو بێگومان هەولی دەدا وتوویژەکانی شەوی گۆڕین لە ماڵی تێریز تالینی وەبیر بێتەوە: ناپلیۆن دەزگیرانێکی لە مارسەی هەیە، کچێکی گەنج بە جیازێکی قورسەوەو ئەوە کە برای ناپلیۆن دەگەڵ خوشکی ئەو کچە زەماوەندی کردوەو ناپلیۆن دەستی لەو کچە هەڵگرتوەو ئەو جیازەی کردۆتە قوربانیی...

هەرچەند ژۆزێف سێجاری لەسەریەک هەولی دا سەرنجی ژەنراڵ بۆلای خۆیو ئەوە کە میوانەکانی دیکە بۆ دەستپێکردنی خواردن چاوەڕێی ئەون، ڕاکێشێ، بیرنادۆت بەجارێک ئاوڕی دایەوە لای ژوولیو پرسی:

–خوشکەکەت زۆر لەمێژە لەپاریس دادەنیشێ؟

لەبەر ئەوەی پرسیارەکە زۆر دوور لە چاوەڕوانی بوو، ژوولی بەجۆرێک سەری لێشێوابوو کە تەنانەت نەیتوانی نێوەرۆکی قسەکەشی تێبگاو ژەنراڵ کە ئەمەی دی دووپاتەی کردەوە:

–هەردووکی ئێوە لە مارسەی لەدایک بوون، ڕاستە؟ بەڵام دەمەویست بزانم خوشکت لەمێژە لەپاریس نیشتەجێیە؟

–نا، ئەو تەنیا چەند مانگێکە هاتۆتە پاریسو دیارە یەکەم جاریشیەتیو پێم وایە زۆریش ئۆگری پاریسە، وا نیە دێزیرە؟

ئەمن وەک کچە قوتابییەک کە وەڵامی مامۆستاکەی بداتەوە گوتم:

–پاریس شارێکی زۆر جوانە.

لەمساتەدا ژەنراڵ بە چاوی خڕەوەکراو دە منەوە ڕاماو بەڕاوێژێکی تایبەتی گوتی:

–بەتایبەتی ئەگەر باران نەبارێ!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام کریستیەن، کچە میوانخانەچی‌یەکەی سەن ماکزیمی زۆر بەتامەزرۆیی‌یەوە گوتی:

–تەنانەت ئەگەر بارانیش ببارێ هەر جوانە. بەباوەڕی من پاریس شاری ئەفسانەیی پەری‌یانە.

–قسەی تۆیە خانم، ئەفسانەی پەری‌یان لە هەوای باراناوییش‌دا ڕوو دەدا.

ژۆزێف ئیدی ئارامی‌و خۆڕاگریی لەلا نەمابوو. ئەو ئەو نامە درێژو پڕترش‌وخوێ‌یەی بۆیە نەناردبووە لای وەزیری بەرگریی دادێ‌و ئەوی بۆ ماڵی خۆی بانگهێشتن نەکردبوو کە تەواوی کاتەکەی سەرفی هەوای دڵڕفێن‌و جوانی‌یە ئەفسانەیی‌یەکانی پاریس بێ. بۆیە نۆرەقسەی بەدەستەوە گرتو گوتی:

–ئەمن دوێنێ نامەیەکم لە براکەمەوە پێگەیشتوە... ئەو نووسیویەتی سەفەرەکەی بەپێی بەرنامە دەچێتە پێشو هەتا ئێستاش تووشی ناوگانی بریتانیا کە لەژێر فەرماندەریی دەریاسالار نیلسۆن‌دایە، نەبووە.

–کەوایە دەبێ بڵێم برایەکەتان زۆر خۆش‌شانسە، دەبوو یادێکم کردبایە چونکە هەست دەکەم بەتوندی پێی قەرزدارم.

ژۆزێف نەی‌دەزانی بەم وەڵامەی بێرنادۆت دەبێ خۆشحاڵ بێ یان دڵی بێشێ. بەڵام ئەوە ڕوون بوو کە بێرنادۆت خۆی لە ناپلیۆن بەکەمتر نەدەزانی. ئەگەرچی فەرماندەریی بەرزی بەرەی ئیتالیا بە ناپلیۆن سپێردرابوو بەڵام بێرنادۆتیش هەرئەودەم باڵیۆزی فەڕانسە لە ڤییەن بوو،و ئێستاش بەرەو ئەوە دەچوو کە ببێتە وەزیری بەرگریی فەڕانسە.

لە وەختی نان‌خواردن‌داو لەکاتێک‌دا ئەم ڕووداوانە دەقەومان دیتم ژووزفینی هاوسەری ناپلیۆن حاڵەتێکی نائاسایی پەیدا کردوە. بە وردبوونەوەیەکی کەم بۆم دەرکەوت بەوردی‌و کون‌پشکنانە لە دەوروبەر دەڕوانێ‌و بەردەوامیش من‌و بێرنادۆتی داوەتە بەر سەرنج. پێم وایە کەم‌کەس هەیە وەک ئەو بتوانێ لەوەی لە نهێنی‌خانەی دڵو گیانی ژن‌و پیاوێک‌دا دەگوزەرێ ئاگادار بێ. هەرچەند ئەو لە تەواوی ئەو ماوەیەدا دەمی هەڵنەپچڕیبوو قسە بکا بەڵام کاتێک ژوولی بە پێداگرتنێکی زۆرەوە گوتی ئەمە یەکەمین سەفەری من بۆ پاریسە، ئەو برۆکانیی هەڵتەکاندو ئاوڕێکی پڕمانای لە بێرنادۆت دایەوەو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی ماڵی تێرێز تالینی وەبیر هاتنەوە. بەهەرحاڵ ئەو دەرفەتێکی بەدەست هێنابوو تا قسە سیاسی–نیزامی‌یەکانی ژۆزێف بەو بارەدا بەرێ کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆخۆی دەیەویست. ئەو لەحاڵێکدا بە حاڵەتێکی منداڵانە سەری بەلایەکدا خوار دەکردەوە چاوێکی لە بێرنادۆت داگرتو پرسی:

–مانەوە لە ڤییەن وەک باڵیۆزی فەڕانسە نابێ بۆ تۆ زۆر سادەو دڵخۆشکەر گوزەرابێ ژەنڕاڵ؛ بەتایبەتی لەبەر ئەوەی سەڵت بووی. داخوا ئەتۆ هەمیشە هەستت بە بەتاڵیی جێگای هاوسەر نەدەکرد؟

بێرنادۆت بە حاڵەتێکی لێبڕاوانە کەوچکو چەنگاڵەکەی لەسەر مێزەکە دانانو گوتی:

–ژووزفینی خۆشەویست، بەڕاستی چەند جوانو وردبینانە ئاماژەت بەم مەسەلەیە کرد! هیوادارم لەوە نارەحەت نەبی کە هەروەک جارانو ئەوکاتە کە لەماڵی خاتوو تالین دیبوومی بە ژووزفینم ناو بردی، بەڵام باوەڕ کە لەوماوەیەدا بەتوندی لە سەڵتبوونی خۆم ڕەنجم کێشاوە؛ بەجۆرێک هەر ناتوانم دەریببڕم.

ئەو دوایە چاوێکی بە هەر چوار دەوری مێزەکەو بە ڕوخساری یەکیەکی ئامادەبووواندا گێڕاو گوتی:

–ئێستا لە ئێوە خوشکوبرایان دەپرسم بەباوەڕی ئێوە چبکەم باشە؟

هیچکەس نەیدەزانی ئەو گاڵتە دەکا یان بەڕاستیەتیو بۆیە هەموویان بێدەنگییەکی ناخۆشییان تەحەممول کرد. سەرەنجام ژوولی بەحاڵەتێکی بەئەدەبانەوە گوتی:

–ژەنڕاڵ، پێم وایە هێشتا ژنی شیاوو جێی پەسندی خۆتت نەدۆزیوەتەوە.

–بەڵێ خاتووون... دیارە ئەوم دۆزیەوە بەڵام بەسادەیی لەدەستم ڕایکردو ئێستا...

ئەو دوایە بەحاڵەتێکی وەک گاڵتەکردن شانی هەڵتەکاندنو تەماشای منی کرد. لەو دەمەدا هەموو دەموچاوی یەکپارچە پێکەنین بوو.

کریستیەن کە چێژی لەم جۆرە وتووێژانە وەردەگرتو لەبەر ئەوەی داستانی لەو بابەتەی لە نهۆمی سەرەوەی ڕێستوورانەکەی باوکی لە سەن ماکزیم زۆر بیستبوون، خووی پێگرتبوون گوتی:

–کەوابێ دەبێ ئێستا بگەڕێی بیدۆزیەوە تا داوای زەماوەندی لێبکەی.

–تەواو قسەی تۆیە خاتووون، ئەمن دەبێ داوایەکی وای لێبکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دەسبەجێ دوای ئەم قسەیە لەجێی خۆی هەستاو کورسییەکەی بردە دواوەو ڕوو لە ژۆزێف ڕاوەستاو گوتی:

–بەڕێز بوناپارت شانازی ئەوەم هەیە کە خوازبێنی لە ژنخوشکی جەنابت کیژۆڵە دێزیرە کلاری بکەم!

هەرواش کە چاوی دە ژۆزێفەوە بڕیبوو لەجێی خۆی دانیشتەوە.

بێدەنگییەکی مەرگبار سێبەری خستبووە سەر ساڵۆنەکەو دەنگی چرکەچرکی سەعات وەک دەنگدانەوەیەکی ترسێنەر دە ساڵۆنەکە دەگەڕاو ئەمن پێم وابوو هەموویان گوێیان لە دەنگی لێدانی دڵم هەیە. گوێم لە دەنگی ژۆزێف بوو کە دەیگوت:

–ژەنڕاڵ باش تێنەگەیشتم داخوا ئەو پێشنیارەی جەنابت دەبێ بە جیددی وەربگرم یان وەک گاڵتەیەکی سادە؟

–زۆرزۆر جیددی بەڕێز بوناپارت!

–کەوایە فکر دەکەم دەبێ دەرفەت بە دێزیرە بدرێ تا لەبارەی ئەو پێشنیارەوە کە سەرنجڕاکێش‌و جێی شانازییە بیر بکاتەوە.

–بەڕێز بوناپارت، ئەو وەختێکی زۆری بۆ ئەوکارە هەبووە.

ژوولی کە لەبەر هەژانی زۆر خۆی پێڕانەدەگیراو دەنگی دەلەرزی گوتی:

–بەڵام جەنابت هەمووی چەند دەقیقە پێش ئێستا بۆ یەکەمجار ئەوت دیت.

لەم دەمەدا بێئەوەی ئاگام لەخۆم بێ سەرم هەڵێناو گوتم:

–زۆر بە شادمانییەوە پێشنیارەکەت قبووڵ دەکەم ژەنڕاڵ بێرنادۆت.

داخوا ئەم قسەیە لەزمانی من هاتبووە دەر؟ دەنگی کورسییەکم بەر گوێ کەوت وەک ئەوەی کەسێک بە سەرسوڕماوی لەجێی خۆی ڕاپەڕیبێ. بە بوونی ئەو هەموو ڕوخسارە سەرسوڕماوە کە تێمەوە ڕامابوون نەمتوانی لەوێ ڕاوەستم. نازانم چۆنم خۆ لە ساڵۆنی نانخواردن بردە دەرێ. تەنیا وەختێک وەخۆم هاتمەوە کە لە ژوورەکەی خۆم لەسەر تەختەکەم کەوتبووم‌و دەگریام. لەمکاتەدا دەرگا کرایەوەو ژوولی هاتە لام. لەحاڵێکدا توند دەباوەشی گرتبووم‌و هەوڵی دەدا دڵخۆشیم بداتەوە گوتی:

–مەگری خۆشەویستم، ئەگەر بۆخۆت بەو زەماوەندە ڕازی نەبی، هیچکەس زۆریت لێناکا.

–ناتوانم نەگریم ژوولی، باوەڕ کە لەخۆشییان دەگریم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای ئـەوەی ئـاویّکم بـە چاوانمـەوە داو تارادەیـەک ئـارام بوومـەوەو چوومـەوە سالۆنی بەخێرهێنان، بێرنادۆت بە دیتنی من دەسبەجێ گوتی:

–دیسان گریای کیژۆڵە دێزیرە!

ئەوو ژووزفین لەسەر نیوتەختێک دانیشتبوون بـەڵام ژووزفـین دەسبەجێ هەستاو گوتی:

–ئێستا دەبێ دێزیرە لە تەنیشت ژان باتیست دانیشێ.

بە دانیشتنی من لەسەر نیوتەختەکە ئـەوان هەرکەسە بەکارێکـەوە خـەریک بـوونو هەروەها بۆ زاڵبوون بەسـەر پەرێشـانیو سەرسوڕماویی خۆیـاندا دەگـەڵ یـەکتر کەوتنـە وتوویژ. لەو نێوەدا ژۆزێف بە پەرداخـە خواردنـەوەو ژوولـی بـە دەوریـیـە کێکـەوە هاتنـە لامـانو ژوولـی لـەحاڵێکدا دەیگـوت دوای نـانخواردن دیسـێرمان لـەبیر چـوو خـولقی هەمووانی کرد کە تووە فەرەنگیو توێی شیرن بخۆن. بـە دیسێرخواردنو لـەم دەرفەتـەدا هەموو نەختێک ئارام ببوونەوەو دوای ئەوە بێرنادۆت ڕووی کردە ژوولیو گوتی:

–خاتووون هیـوادارم دەگـەڵ داخـوازی مـن بـۆ سـەعاتێک گـەڕان دەگـەڵ دەزگیـرانم موخالیف نەبی.

ژوولی کە نەیدەزانی دەبێ چوەڵامێکی بداتەوە، سەرەنجام بەشێواوی گوتی:

–دیارە موخالیف نیم ژەنراڵ، بۆ کەنگێ، سبەینێ دوانیوەڕۆ؟

–نا... هەر ئێستا خاتووون.

لەبەر ئەوەی هەوا تاریک دەبوو ژوولی سەرسوڕماوو نیگەران دیـار بـوو، هەسـتی دەکرد کە ڕەنگە گەڕانێکی وا شیاوی کچێکی گەنج نەبێ. ئەمن کە وام دیت پێش ئەوەی ئەو وەڵامێک بداتەو بە بڕیارێکی لێبڕاوانە هەستامە سەر پێو گوتم:

–ژوولی نیگەران مەبە، پاش گەڕانێکی کورت بە کالیسکە دێینەوە.

بەدوای ئـەم قسـەیەدا ئەوەنـدە بەپەلـە ژوورەکـەم بـەجێ هێشـت کـە بێرنـادۆت بـە زەحمەت دەرفەتی ماڵئـاوایی لـەوانی دیکـەی دەسـت کـەوت. کالیسـکەکەی لـە دەری مـاڵێ چاوەڕوانمان بوو،و تاوێک دواتر ئەو کالیسکە سەرئاوەڵایە ئێمەی بردە قووڵایی تاریکایی شەوی بۆنخۆشی بەهاریو پڕ لەبۆنی خۆشـی خونچـە نارنجـەکان. هـەتا لـە نێوەڕاسـتی شار نزیکتر دەبووینەوە زریوەی چراکانی پاریس پڕشۆقتر دەبوون،و زۆری پێنـەچوو کـە ئەسـتێرەکانیش لەسـەر سـنگی ئاسـمانی شـەو دەرکـەوتن. ئێمـە هـەردووکمان ماوەیـەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆرمان بە بێدەنگی گوزەراند، کاتێک گەیشتینە لێواری سێن، بێرنادۆت دروشکەچی‌یەکەی بانگ کردو تاوێک دواتر دروشکە لەسەر پردەکە ڕاوەستا.

—ئەمە پردەکەی گۆرینە. بەدوای ئەم وتەیەی بێرنادۆتدا هەردووکمان بەپێ‌یان بەرەو نێوەندی پردەکە وەڕێ کەوتین‌و لەوێ بەسەر میلەکاندا چەماینەوەو سەیری سەمای شۆقی چراکانی پاریس لەسەر شەپۆلەکانی سێنمان کرد.

—ئەمن دوای گەیاندنەوەی تۆ بە ماڵەکە چەندین جار چوومە کۆڵانی "باس"و سەری ماڵەکەم داو لە سۆراغی تۆم پرسی. بەڵام هیچکام لەوانەی لەوێ بوون ئامادە نەبوون زانیاری‌یەک لەبارەی تۆوە بدەن.

—چونکە ئەوان دەیانزانی کە ئەمن بەدزیی هەمووان هاتبوومە پاریس.

کاتێک دەگەڕاینەوە لای کالیسکەکە ئەو لەنەکاو کەوتەوە یادی قسەکەی منو دووپاتەی کردەوە:

—ئەتۆ دەتگوت بەژنت کورتتر لەوەیە کە بۆ یەکتر بگونجێین.

—دیارەو دەبێ بڵێم کە ئەمن کورتتریش بوومەوە چونکە ئەو وەخت کەوشی پاژنەبڵێندم دەپێ دەکردو ئێستا ئەو کەوشانە لە مۆد کەوتوون. بەڵام گرنگ نیە.

—چۆن گرنگ نیە؟

—ئەمن تۆم هەروەک هەی دەوێ.

لە گەڕانەوە بۆ ماڵێ‌دا وەختێک لە کالیسکەکەدا دانیشتبووین گلەییم لە سەرشانە زێڕینەکانی کردو گوتم ئەو هەموو کانزاو سیمە تێکبادراوە چیەو بەکاری چی دێ، بێرنادۆت بزەیەکی کردو گوتی:

—دەزانم ئەتۆ بیرەوەریی خۆشت لە ژەنڕاڵو هەرچی هی ئەوانە نیە.

لەو قسەیەی‌ڕا ماوەیەک بیرم کردەوەو هاتەوە یادم کە ئەویش ژەنڕاڵێکە داوای لەمن کردوە مێردی پێ‌بکەم؛ ناپلیۆن، ژانوو، مارموون، دوفوو،و ئێستاش ژەنڕاڵ بێرنادۆت.

کاتێک هاتینەوە ماڵێ، ساڵۆنی پێشوازی بەتاڵ بوو، نەک‌هەر میوانەکان ڕۆیشتبوون، بەڵکوو ژوولی‌و ژۆزێفیش لە ساڵۆن نەبوون. ئەوان کە گوێیان لە دەنگی ئێمە بوو دووبارە بەخێرهاتنیان کردینەوەو ژۆزێف ڕووی دە بێرنادۆت کرد گوتی:

—ژەنڕاڵ، هیوادارم لەمەودوا پتر جەنابت ببینم؟

پاش ڕاوەستانێکی کورتو بۆ یەکەمجار گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–هەموو ڕۆژێ ئێوە دەبینین، وا نیە ژان باتیست؟

بەڵام ئەو قسەکەی منی جۆرێکی دیکەو دیارە ڕوو لە ژۆزێف وەڵام دایەوە:

–ئەگەر ئێوە ڕازی بن ئێمە لێبڕاوین چەندی زووە زەماوەند بکەین.

ئەگەرچی ئێمە هێشتا باسێکمان لەوبارەیەو چەندو چۆنو کاتی زەماوەندەوە نەکردبوو بەڵام ئەمنیش دەگەڵی هاوڕا بووم لەوەدا کە هەرچی زوویە زەماوەند بکەین. ئەو قسەکەی خۆی بەمجۆرە درێژە پێدا:

–ئەمن لە سبەینێڕا وەدوای خانوێکی چکۆڵەو گونجاو دەکەومو هەرکات خانووی دڵخوازم دەست کەوت خەریکی سازکردنی زەماوەندەکە دەبین.

لەنەکاو جارێکی دیکە دەنگێکم لە قووڵایی ڕووحو گیانی خۆم گوێ لێبوو کە دەیگوت:

–ئەمن چەندین‌ساڵ بەشێک لە مووچەکەمم پاشەکەوت کردوەو بەوی دەتوانم خانوویەکی چکۆڵە بۆتۆو منداڵەکەمان بکڕم...

گوێم لە دەنگی ژوولی بوو کە وەڵامی دەدایەوە:

ئەمن ئەمشەو باسەکە بۆ دایکم دەنووسم ژەنڕاڵ، شەوێکی خۆش.

–شەو خۆش ئاوەڵزاوای خۆشەویست، بێگومان ناپلیۆنی برام لە بیستنی ئەم خەبەرە زۆر خۆشحاڵ دەبێ.

دوای ڕۆیشتنی بیرنادۆتو لە یەکەمین لەحزەدا کە ژۆزێف دەگەڵ منو ژوولی تەنیا مایەوە گوتی:

–بەهیچجۆر سەر لەم بەسەرهاتە دەرناکەم، بێرنادۆت پیاوێک نیە بەپەلەو بێهەڵسەنگادن بڕیار بدا.

–تەمەنی لەچاو دێزیرە زۆر زۆر نیە؟

–سیوچوارپێنج ساڵ...

ژۆزێف جارێکی دیکە ڕووی دەمن کردو گوتی:

–دێزیرە پێم بڵێ بزانم ئەتۆ سەرنجت داوە کە مێرد بە یەکێک لە بەرچاوترین پیاوانی کۆمار دەکەی؟

بەڵام ژوولی کە هەمیشە نیگەران دیار بوو گوتی:

–بەڵام جیازو کەلوپەلی بووکێ چی؟... ئەگەر بەڕاستی دێزیرە بەم زووانە بەنیازی زەماوەند بێ هەتا زووە دەبێ لە غەمی شتوومەکو پێداویستی‌یەکانی بووکێدا بین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژۆزێف بەحاڵەتی هەمیشەی خۆی گوتی:

-نابێ دەرفەتی بدەینێ ئیراد لە چەندوچۆنی جیازی ژنخوشکی بوناپارت بگرێ.

ئامادەکردنی ئەم شتانە چەندی وەخت پێویستە؟

-زۆر شتان بە ئاسانی دەتوانی لە بازاڕ بکڕی. بەڵام هێندێکیانو لە هەمووان گرنگتر ئەوەی پێویستیی بە گوڵدۆزی هەیە، وەخت دەبا.

ئەمن کە تا ئەودەم بێدەنگ بووم سەرەنجام چوومە نێو وتووێژە خۆشەکەیانەوەو گوتم:

-ژوولی، نیگەرانیی تۆ بەخۆڕاییە، چونکە هەموو ئەمانە ئامادەنو تەنیا نەفەرێکان دەوێ زەحمەتی هێنانیان لە مارسەیڕا وەئەستۆ بگرێ. ئەو گوڵدۆزییانە چەندساڵ پێش ئێستا تەواو بوون.

ژوولی بە چاوێک کە لە سەیران دەرپەڕیبوون تێمەوە ڕامابوو نەیدەزانی بڵێ چیو سەرەنجام گوتی:

-دێزیرە ڕاست دەکا... پیتی "ب" کە سووککراوەی...

ئەمن لەحاڵێکدا بەپێکەنینەوە بەرەو دەرگای ژوورەکە دەچووم لەبن لێوانەوە گوتم ب، ب،و دیسان ب...

بەڵام هێشتا وتووێژی ئەو دووانە دەربارەی سەرسوڕهێنبوونی ئەم بەسەرهاتە تەواو نەببوو،و ژۆزێف بەردەوام دەیگوت ئەم بەسەرهاتە جێی باوەڕ نیە. ژوولیش بەوەندە دەیبڕیەوە کە خۆشحاڵیی لە ڕادەبەدەری خۆی بەجۆرێک دەر ببڕێ.

خوای گەورە. ئەی خوای ئاسمانەکان، ئەی کە چەند بەختەوەرو خۆشحاڵم. ئەی دارنارنجە جوانە پڕغونچەکانو ئەی سوورەگوڵە دلڕفێنەکان کە لەنێو گوڵدانە سورمەییەکاندا دانیشتوون، ئەرێ بەختەوەریو خۆشحاڵیی من تێدەگەن؟

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووەم

## خانمی مارشاڵ بێرنادۆت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١٢

## سوو، دەوروبەری پاریس، پاییزی ١٧٩٨

## شەشەمین ساڵی شۆڕش

لە دوارۆژی دووەمین مانگی هاوینی ١٧٩٨دا، ئەوکاتەی شەشساڵ بەسەر شۆڕشی فەڕانسەدا تێپەڕیبوو، سەعات حەوتی ئێوارێ لە دەفتەری سەبتی ناوچەی "سوو" لە دەوروبەری پاریس لە ژەنراڵ ژان باتیست مارە کرام. دوو شایەتی مارەبڕینەکە لەلایەنی مێردەکەمەوە، بریتی بوون لە: سەروانی هێزی سوارە ئانتوان موورینی دۆستیو بەڕێز فڕانسیس دڕانژە سەردەفتەری بەڵگە ڕەسمییەکانی ناوچەی سوو. ئەمنیش خاڵە سامیسو ژۆزێفم وەک شایەتی مارەبڕین دەگەڵ بوونو لە دواکاتەکاندا لووسینیش گەیشتیو شایەتەکانی من بوونە سێکەس. هاتنی ژۆزێف لەگەڵ من وەک شتێکی سروشتی دەردەکەوتو خاڵە سامیسیش جێی خۆی هەبوو، چونکە هیچ مارەبڕینێک لە بنەماڵەی ئێمەدا بەبێ ئامادەبوونی ناوبراو ئەنجام نەدرابوو.

دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە، هەموومان چووینە شەقامی ڕووشێو ماڵی ژۆزێف بوناپارت. ژوولی میوانداریەکی بەشکۆی ساز کردبوو، دەگەڵ ئەوەی هەموو شتێک لە باشترینو بەرزترین ڕادەی خۆیدا بوو بەوحاڵە ژوولی وەک هەمیشە نیگەرانی کەموکوڕیو خەیاڵاتی مۆتەئاسای خۆی لەو بوارەدا بوو،و بە قەولی خۆی سێ شەوی تەواو خەو نەچووبووە چاوانیەوە. ژۆزێف بۆ پێشگیری لە ڕەنجانی خزمانو نزیکان هەموو ئەندامانی بنەماڵەی بوناپارتی کە لە پاریسو دەوروبەر دەژیان بۆ میوانداریەکە بانگهێشتن کردبوو. خاتوو لیزیا چەند جار لەزمان براکەی دیکەی "فێچ"ەوە داوای لێبووردنی لە ئامادەبووان کردو گوتی چونکە براکەی جارێکی دیکە بۆتەوە قەشەو ناچارە لە کلیسا بێ نەیتوانیوە لە میوانداریەکەدا بەشدار بێ. دایکیشم دیارە بەنیاز بوو لە جینواوە بێ بەڵام بەهۆی نەخۆشیو لەترسی ئەوەی گەرمای هاوین نەخۆشییەکەی توندتر بکا وازی لە ئامادەبوون لە ڕێوڕەسمەکەدا هێنا. ژان باتیستیش بەقسەی خۆی زۆر حەز بە میوانداریی خێزانی ناکاو لەبەر ئەوەش کە هیچکام لە خزمەکانی لە پاریس نەبوون تەنیا دۆستی لەمێژینەی خۆی موورینی بانگهێشتن کردبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەمجۆرە بەکردەوە جێژنی زەماوەندی من بۆ بوناپارتەکان تەرخان کراو ئەوان بوونە تەنیا بەشداران‌و هەڵسوورێنەرانی ئەو ڕێوڕەسمە. بۆیە خاڵە سامیسی بێ‌فیزو دێهاتی‌سروشتی من دەگەڵ هەموو خۆش‌مەشرەفی‌یەکەی نەی‌دەتوانی لە مەجلیس‌خۆشکردن‌دا دەستیان دەگەڵ بکاتەوە. ژۆزێف بۆ سەرسوڕمانی من، ژەنراڵ ژانوو و خانمەکەی لووڕاشی بۆ ئەو میوانداری‌یە بانگ کردبوو. ژانوو لەو دوایی‌یانەدا بە پێشنیاری ناپلیۆن دەگەڵ لووڕا پەرمان کچێ یەکێک لە دۆستانی کۆرسیی خاتوو لیزیا زەماوەندی کردبوو. ژانوو کە بە یەکێک لە ئەفسەرانی ستادی ناپلیۆن لە میسر دەژمێردرا هەر بۆ ئەوە هاتبووە پاریس کە خەبەری گیرانی ئەسکەندەرییەو قاهیرە لە لایەن ناپلیۆنەوەو هەروەها شەڕی سەرکەوتووانەی لە ناوچەی ئەهرام بە ئاگاداریی دەوڵەتدارانی فەڕانسە بگەیەنێ.

ڕێوڕەسمی تایبەتیی زەماوەند بۆ من زۆر ماندووکەر بوو. چونکە بەتازەیی ببووە مۆد کە زەماوەندەکان درەنگ‌وەخت بەرپا بکرێن، بۆیە بە ڕاوێژ دەگەڵ ژۆزێف ساغ بووینەوە زووتر لە سەعات حەوت نەچینە دەفتەری بەڵگەنامە ڕەسمی‌یەکان. ژوولییش کە دەرسەکانی دایکم باش فێر ببوو پێی داگرتبوو کە ئەمن تەواوی ئەو ڕۆژە لە نێو نوێن‌دا بەسەر بەرم تا لەوەختی ڕێوڕەسمەکەدا بەدەماغترو جوانتر بم. دیارە ئەمن دەرفەتی بەجێ‌هێنانی ئامۆژگاری‌یەکانی ژوولیم نەبوو چونکە ناچار بووم یارمەتیی ماری بدەم تا چەندی بکرێ زووتر ئاشپەزخانەکە ڕێک‌وپێک بکەین‌و جگە لەوەش بۆ ئامادەکردنی خانووە تازەکە زۆرکارمان هەبوون کە دەبوو بیانکەین، بەوپێیە دەرفەتی حەسانەوە بۆ من نەدەمایەوە.

دوو ڕۆژ لە دەزگیرانەتیی من‌و ژان باتیست تێ‌پەڕیبوو بەڵام ژوولی هێشتا لە تەکانی ڕووحی‌و زەبری لەنەکاوی ئەو ڕووداوە پێش‌بینی‌نەکراوە ڕزگاری نەببوو کە ژەنراڵ بێرنادۆت بە خەبەرێکی تازەوە گەیشتە جێ. خەبەری پەیداکردنی خانوویەکی گونجاوو داوا لەمن کە بچم بی‌بینیم.

ماڵە چووکەڵەکەمان هەر لەو گەڕەکەی سوویە؛ شەقامی لوون ژمارە ٣. لەنهۆمی خوارێ ئاشپەزخانە، ژووری نان‌خواردن‌و ژوورێکی چووکەڵەشی هەیە کە ژان باتیست مێزی کارو کتێبەکانیی لێ‌داناوە. ئەو هەموو ڕۆژێ کە دێتەوە ماڵێ کتێبی باشترو زۆرتریش دەگەڵ خۆی دێنێتەوەو ناوی لەو ژوورە چکۆڵە ناوە دەفتەری کاری خۆی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە نهۆمی دووەم ژووریکـی دڵگری خـەومان هەیـە بـە شـوێنی جلداکەندنـەوەو ژان باتیست بـەنیازە بـەتاڵایی ژێـر شیروانیەکە بکاتـە دوو ژووری چووکەڵـە بـۆ مانـەوەی ماریو فێرناند. دیارە هەرکام لە ئێمە خزمەتکاری تایبەتیی خۆمـان لـەگـەڵ خـۆ هێنـاوە، ئەمن ماریم هێناوەو ئەویش فێرناند.

دایکم کاتێک لە مارسەی ڕۆیشت نیازی هەبوو مارییش لـەگـەڵ خـۆی بەرێتـە جینـوا بەڵام ماری ملی بەوکارە نەدا. ئەو بێئەوەی باسی بەرنامەکانی بکاو بڵێ بۆ دوارِۆژ نیـازی چیی هەیە تەنیا بەوەندە وازی هێنا کە ژوورێکی لە مارسەی بەکرێ گرت. ئـەو گـوتی بـە ئاشپەزی بـۆ ئـەو کەسانـەی شـانازی دەکـەن خـواردنی میوانـەکانیان کۆنـە ئاشپەزەکەی خاتوو کلاری سازی دەکا، ژیانی خۆی بـەڕێوە دەبـا. هەرچـەنـد مـاری لـە نامـەی خـۆیدا هیچی لەوبارەیەوە بۆ نەنووسیبووم بەڵام ئـەمن خەبـەرم هـەبوو کە هێشتا لـە مارسـەی دەژیو بۆیــــە ڕۆژی دوای دەزگیرانەتیەکـــــەم نامەیــــەکم بــــۆ نووســــیو خەبــــەری دەزگیراندارببوونی خۆمم پێدا.

"ئەمن بوومە دەزگیرانی ژەنراڵ بێرنادۆت کە ڕووداوی دیتنی لەسەری پردێم بۆ بـاس کـردووی. هـەرچی زووەو دوای پەیـداکردنی خـانوێکی گونجـاو ڕێوڕەسـمی زەماوەنـد ڕێکدەخەینو دیارە ئەو بێرنادۆتەی ئەمن دەیناسم، بە یەکڕۆژ خانوو پەیدا دەکا. ئێستا نازانم ئەتۆ کەنگێ دێیە لای من؟"

هەرچەند ئەو وەڵامی نامەکەی منی نەدایەوە بەڵام حەوتوویەک پتر تێنەپەڕیبوو کـە ماری لەپاریسو لەلای من بوو. بە هاتنی وی ژان باتیست لەمنی پرسی:

–ئێستا پێت وایە ئەم دووانە پێکەوە هەڵدەکەن؟

–کام دووانە؟

–ماریی تۆو فێرناندی من.

–فێرناند کێیە؟

دوای ئەم پرسیارە تێگەیشتم کە فێرناند خەڵکی گاسکوونیەو وەک ژان باتیست لە "پوو" لەدایک بووە. ئەم دوو لاوە هاوشـارە پێکـەوە چوونـە قوتابخانـەو لـەوەو دوا وەک دوو هاوڕێی وەفاداری قوتابخانـە لـە یـەکتر جیـا نەبوونـەوە. ئـەم دووانـە دواتـر پێکـەوە چوونە نێو سوپا بەڵام بەپێچەوانەی بێرنادۆت کە پلەکانی سـەرکەوتنی دەبـڕین، فێرنانـد هەمیشە مەترسیی دەرکرانی لەسەر بوو. فێرنانـدی کورتـەباڵاو قەڵـەو هەمیشـە لـە کـاتی ڕێڕۆیشتندا تووشی لاقئێشان دەهاتو هەر کاتێکیش فەرمانی هێـرش دەدرا ژانـەزگێکی وا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توندی دەگرت کە دەیخست. بەمجۆرە هەلومەرجی کارو خزمەتی ڕۆژبەڕۆژ خەراپتر دەبوو بەڵام ئەو دەیەویست ئەگەر وەک سەربازێکی سادەش بێ هەمیشە لە سوپاو لە تەنیشت دۆستە دێرینەکەی، ژان باتیست بمێنێتەوە. ئەو ئاشقی وەبریقەخستنی پۆتین بوو، و لە خاوێنکردنەوەی پەڵەکانی سەر یۆنیفۆڕمی بێرنادۆتدا کارامەییەکی ئەفسووناویی هەبوو. سەرەنجام دووساڵ لەمەوبەر فێرناند شانازیی دەرکران لە سوپای بەرکەوتو ئێستا تەواووەخت لە خزمەتی پۆتینو پەڵەکانی یۆنیفۆڕمی بێرنادۆتو لە خزمەتی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەودا بوو. فێرناند کاتێک دەیەویست خۆی بەمن بناسێنێ گوتی:

-ئەمن خزمەتچیی ئێستاو هاوپۆلی پێشووی ژەنراڵم.

کێشەوهەرای ماریو فێرناند هەر لە یەکەمساتی هاتنی مارییەوە دەستی پێکرد. ئەو فێرناندی بە دزینی خواردن لە ئاشپەزخانەو فێرناندیش ئەوی بە دزینی فلچەو بۆیاغو شۆردنی جلەکانی ژەنراڵ بێئاگادارکردنی ئەو تۆمەتبار دەکرد. کاتێک بۆ یەکەمینجار چووین خانووە چکۆلەکەمان ببینین بە ژان باتیستم گوت:

-دەبێ هەرچی زووە نامەیەک بۆ ئەتین بنووسم کە جیازەکەمم بۆ بنێرێ.

لەحاڵێکدا لەبەر نارەحەتی پەڕەی کونەلووتەکانی دەلەرزین بە ڕاوێژێکی توند گوتی:

-ئەتۆ من بەچی دەزانی، پێت وایە ڕازی دەبم بەجیازی دەزگیرانەکەم ماڵو گوزەران بۆخۆم دابین بکەم؟

-چما ژۆزێف ماڵەکە خۆی بە جیازی ژوولی ڕانەخست؟

-تکایە دێزیرە! بێزەحمەت هیچوەخت من دەگەڵ بوناپارتەکان بەراورد مەکە.

ئەو دوایە لەحاڵێکدا بە میهرەبانی منی بە کچە چکۆلە ناو دەبرد گوتی:

-کچە چکۆلە! هەرچەند ڕەنگە ئەمڕۆ بێرنادۆت نەتوانێ لە خانووێکی چکۆلەی سوو زیاتر کە هێندێ کەس وەک ماڵی بووکەڵەیان دێتە بەرچاو، بۆتۆ ئامادە بکا بەڵام ئەگەر ئەتۆ بتەوێ تەنانەت کۆشکێکی بەشکۆش...

بە پەرێشانی قسەکەیم پێبڕیو بێئەوەی دەرفەتی درێژەدانی قسەکانی پێبدەم، تێمگەیاند کە نەکهەر ئیشتیام لەژیانی نێو کۆشک نیە بەڵکوو تەنیا داخوازو بەڵێنێک کە لەوم دەوێ ئەوەیە کە هەرگیز بیر لە ژیانی نێو کۆشک نەکاتەوە. بە نیگەرانیو دڵڕەنجاوییەوە ڕۆژەکانی ژیان لە کۆشکە بەشکۆکانی ئیتالیامدا وەبیر هاتنەوەو بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیتنی ئەو دەرەجە زێڕینانەی سەرشانی لەدڵی خۆمدا گوتم بێرنادۆتیش یەکێک لە گەورەپیاوانی سبەینێیەو بەو وەبیرهاتنەوەیە بریقانەوەی دەرەجەکانی سەرشانی بۆم بوونە ترسێنەرو دووپاتەم کردەوە:

–تەنیا یەک بەڵێن ژان باتیست، بەڵێنم پێبدە کە هەرگیز لە کۆشکدا ناژیەین!

ئیدی نیشانەیەک لەو بزەیە لەسەر ڕوخساری نەماو بەڕاوێژێکی جیددی بەڵام میهرەبانانە گوتی:

–دێزیرە ئێمە هی یەکترین. ئەمن دوێنێ لە کۆشکێکی ڤییەندا دەژیامو لەوانەشە سبەینێ ناچار بم لە چادرێکو لە بەرەیەک بمو سبەینێیەکی دیکە ستادی فەرماندەرییەکەم لە کۆشکێکی دیکەدا وەرێ بخەمو دیارە لە هەموو ئەم هەلومەرجانەدا تاقە ئاواتم ئەوەیە کە ئەتۆ هەمیشە هاوڕێمو لەگەڵم بی، داخوا حازر نی ئەم تکایەی من قبووڵ بکەی؟

هەستم دەکرد هەردووکمان لەبن داربەڕوویەکی لەمێژینەی باغی دواڕۆژمان ڕاوەستاوین. بەزوویی زەماوەند دەکەینو ئەمن ساغ دەبمەوە کە هاوسەرێکی لێوەشاوەو کابان بمو ماڵەکەی خۆم بۆ هاوسەرەکەم سەرنجڕاکێشترو دڵگیرتر بکەم، ماڵێک بە چەند ژووری چکۆڵە بەڵام خاوێنو پاک لە هەموو پەڵەیەک. ئەمن ئاشقی ئەم ماڵە چکۆڵەیەمو دەمەوێ هی ئەو بم؛ ماڵێک هەر بەم باخچە چکۆڵەوە، نەک چیمەنێکی گەورەو ئەم داربەڕووە کۆنەساڵەو ئەم گوڵە سوورە لەبیرکراوانەوە. بەڵام ئەم دیمەنە زەینییە جوانانە بەیادی میچی بەرزی تەلارەکان، زرینگانەوەی مامزەی پۆتینەکان لەسەر فەرشی مەرمەڕینو ئەو خزمەتچییە یۆنیفۆرمپۆشانە کە لە هەموو سووچێک لە هاتوچوودانو... بەجارێک لەنێو چوون. ژان باتیست جارێکی دیکە پرسیارەکەی دووپاتە کردەوە:

–دەگەڵ من دەبی دێزیرە یان نا؟

–بەڵام ئێمە لەم ماڵەدا بەختەوەر دەبین، بەختەوەر بەختەوەر!

–دەگەڵ من دەبی دێزیرە یان نا؟

بەخۆم نەزانی سەرم کردە سەرشانیو دەرەجە زێڕینەکانی، زەرییە زێڕچنەکان ڕوخسارمیان ئازار دەداو هەر لەوحاڵەدا لەبن لێوانەوە وەڵامم دایەوە:

–هەرگیز لەتۆ دوورو جیا نابم، هەرگیز. بەڵام... بەڵام بۆخۆم لەو ژیانە خۆشحاڵ نابم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەیانیی ڕۆژی زەماوەندەکەم دەگەڵ ماری لەپێش قەوەزەکانی ئاشپەزخانە چۆکمان دادابوو تا قاپە چینی‌یە سپی‌یەکان لەسەر قەوەزەکان دانێینەوە. ئەم دەفرە چینی‌یە سپی‌یانە کە بە گوڵی وردورد ڕازابوونەوە ئەمنو بێرنادۆت پێکەوە هەڵمان بژاردبوون. ماری لە جەنگەی کاردا لێی‌پرسیم:

–ئووژنی! داخوا خەمناکو هەژاو نی؟

سەیرە کە ئەم پرسیارە چەند سەعات دواتریش لەلایەن کەسێکی دیکەوە لەمن کرایەوە. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کاتێک خزمەتچی‌یەکەی ژوولی خەریکی لوولدانی قژی شێواوو سەرکێش لە بەرامبەر ڕازاندنەوەی مندا بوو،و هەوڵی دەدا وەک قژی لوولی ژووزفینیان لێبکا، ژوولییش هەر ئەوپرسیارەی بە جۆرێکی دیکە هێنایە گۆڕێو پرسی:

–زۆرم پێسەیرە، ئەتۆ هیچ پەرێشانو هەژاو نی.

سەرێکم ڕاوەشاندو یەکدوو جار وشەی پەرێشانم لەبن لێوانەوە بەدەمدا هات. چما پاش ئەو شەوە سامناکو پڕلە بەدبەختی‌یەو کاتێک بێرنادۆت پاش ڕزگارکردنم لە داوی مەرگ، لەنێو کالیسکەکەی خۆی کاتی چوونەوە بۆ ماڵەوە بەو قسە دڵگەرمکەرانەی جارێکی دیکە تامەزرۆیی هیواو گەرمای ژیانی بۆ گیانی من گێڕایەوە لە قووڵایی نیهادمدا پێوەندی‌یەکی هەمیشەییم بەرامبەری هەست پێنەکردو خۆم بە هی ئەو نەزانی. مەگەر چەند سەعاتی دیکە بە ئیمزاکردنی پەڕەکاغەزێک لە دەفتەری بەڵگە ڕەسمی‌یەکاندا ئەوەی زۆر پێش ئەودەم بە گیانو دڵ هەستم پێکردبوو، جارێکی دیکە دووپاتە ناکەمەوە. ئەدی هەژانو پەرێشانی بۆچی‌و لەبەرچی؟

ڕێوڕەسمی دەزگیرانەتیی من بەو میوانداری‌یە درێژە درا کە لە ماڵی ژوولی بەرپا کرابوو. با نەی‌شارمەوە کە ئەو میوانداری‌یە بۆمن زۆر مایەی داهێزانو ماندوویی بوو. پاش قسەی سەرەتایی‌و ئاواتی بەختەوەریی ئێمە لەلایەن میوانەکانەوە، نۆرە گەیشتە وتاردانی خاڵە سامیسو لووسین بوناپارت کە ئارەزووی شادمانی‌یان بۆ دوو ڕۆڵەی شۆڕش، منو ژان باتیست کرد. زۆرتری وتووێژەکان لە دەوروبەری ناپلیۆنو لەشکرکێشانی بۆ میسر دەخولانەوەو دەگەڵ ئەوەی ژان باتیست ئەوەی هیچ پێخۆش نەبوو، ژۆزێف هەوڵی دەدا قانیعی بکا کە دەسکەوتەکانی هێزەکانی فەڕانسە بەرهەمی ڕاستەوخۆی بیرو کردەوەی سەرداری بلیمەتی ئێمە ناپلیۆن بوناپارت بوون. لووسینیش بەو باوەڕە کە ناپلیۆن بانگەوازی مافی مرۆڤ بەگوێی دونیادا دەدا بەتوندی پشتیوانیی لە ژۆزێف دەکرد. ژان باتیست بە لەبەرچاوگرتنی قسەکانی لووسین وەڵامی دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–پێم وانیە ئەوەی دەیڵێی کردەنی بێو ئێمە بتوانین میسر بۆ ماوەیەکی زۆر لەدەست خۆماندا ڕاگرین. ئینگلیزی‌یەکانیش باش لەو بێ‌توانایی‌یەی ئێمە ئاگادارن‌و هەربۆیە پێیان باشترە خۆیان تووشی شەڕی کۆلۆنیالیستی دەگەڵ ئێمە نەکەن.

جارێکی دیکە ژۆزێف بە پێ‌داگرتن لەسەر دروستبوونی بۆچوونەکانی خۆی دووپاتەی کردەوە:

–بەڵام ناپلیۆن کۆنترۆڵی ئەسکەندەرییەو قاهیرەی بەدەستەوە گرتووەو شەڕی ناوچەی ئەهرامیشی بە سەرکەوتوویی تەواو کردوە.

–هیچکام لەمانە نابنە هۆی نیگەرانیی ئینگلیستان‌و لە هەمووش گرنگتر ئەوەیە میسر لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیستان‌دا نیەو لەژێر فەرمانی دەوڵەتی عوسمانی‌دایەو بوونی هێزەکانی ئێمە لەسەر نیل لە ڕوانگەی ئینگلیزەکانەوە تەنیا مەترسی‌یەکی کاتی‌و زووتێپەڕە.

–بەڵام هێزەکانی دوژمن لە شەڕی ئەهرامدا نزیکەی بیست‌هەزار کەس تەلەفاتیان بووە لەحاڵێکدا تەلەفاتی ئێمە تەنانەت ناگاتە پەنجا کەسیش. داخوا ئەمە شەڕو سەرکەوتنێکی درەوشاوە نیە؟

ژان باتیست لەحاڵێکدا بە بێ‌موبالاتی شانی هەڵدەتەکاند لەبن لێوانەوە دووپاتەی کردەوە؛ درەوشاوە؟! و دوایە لێی‌زیاد کرد:

ئێوە سەرکەوتنی سوپای فەڕانسە لەژێر فەرماندەریی باشترین ژەنراڵەکانی‌داو بە بەرزترین‌و تازەترین تۆپخانەکانی بەسەر مستێک ئەفریقایی نیوە وەحشی نیوە ڕووتدا کە زۆریان تەنانەت کەوشیشیان دەپێ‌دا نیە بە سەرکەوتنێکی درەوشاوە دادەنێن؟ بەباوەڕی من ئەمەی دەبێ بە سەرکەوتنی تۆپخانە بەسەر تیروکەوان‌دا بزانین!

لووسی دەمی کردەوە تا بەدژی بۆچوونەکەی وی قسە بکا بەڵام لەنەکاو نەزەری گۆڕی‌و لەحاڵێکدا چاوە شینە منداڵانەکانی تۆزی غەمیان لێ‌نیشتبوو گوتی:

–ئەوان لەڕێی وەدی‌هێنانی ئامانجی بەرزی مافی مرۆڤدا گیانیان بەخت کردوە!

بەڵام ژۆزێف کە هێشتا پێی لەسەر بۆچوونەکانی دادەگرت دووپاتەی کردەوە:

–سەرەنجام ئۆپێراسیۆنی ناپلیۆن بەقازانجی ئێمە دەبێ. ئەو تا قووڵایی سەرزەمینی ڕەش دەچێتە پێش‌و ئینگلیستان لە لێوارەکانی مەدیتەرانە دوور دەخاتەوە.

–لەجێ‌دا ئینگلیزەکان باوەڕیان بە شەڕی وشکانی نیەو نایانەوێ لە وشکانی‌دا دەگەڵمان بەرەوڕوو بن، چونکە هۆیەک بۆ ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە نیە، ئەوان ناوگانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەتوانای خۆیان هەیە؛ ناوگانێک کە بۆخۆشت دەزانی زۆر بەهێزترو کارامەتر لە ناوگانی ئێمەیەو زۆری پێناچێ کە ناوگانی دەریایی ئێمە کە ناپلیۆن بوناپارتو هێزەکانیی بردۆتە میسر لەنێو دەبەن... وەختێک قسەی ژان باتیست گەیشتە ئێرە، چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕاو پاشان درێژەی پێدا:

-داخوا ئێوە نازانن حەریف چنەخشەیەکی هەیە؟ مەترسیی پچڕانی پێوەندیی هێزە فەڕانسەیییەکان دەگەڵ سەرزەمینی خۆیان هەردەم زیادو زیاتر دەبێو کاتێک ئەوە ڕوو بدا، ئەودەم براکەتو هێزە سەرکەوتووەکانی لە بیاباندا وەک مشک بە تەڵەوە دەبن. دەبێ بڵێم لەشکرکێشی بۆ میسر قومارێکی سامناکە کە دۆڕاوی ئەسڵیو سەرەکیی ئەو کۆماری فەڕانسە دەبێ.

ئەمن دڵنیا بووم کە ژۆزێفو ژانوو دەسبەجێ لە نامەکانی خۆیاندا خەبەر بە ناپلیۆن دەدەن کە هاوسەرەکەم ئەوی بە قوماربازێک داناوە کە دۆڕانێکی گەورەی لەپێشدایە. بەڵام ئەوەی نە منو نە هیچکەسی دیکە لەپاریس ئاگای لێنەبوو ئەوە بوو کە دروست شازدەڕۆژ پێشتر ناوگانی دەریایی ئینگلیس بە فەرماندەریی دەریاسالار نیلسۆن ناوگانی فەڕانسەیان لە دورگەکانی ئەبولخەیردا تێکوپێک داوە. ژەنڕاڵ بوناپارت کە ناوگانەکەی بە تێکشکاوی دەدیت، بەشێواویو سەرسوڕماوی لەپێش چادرە سەحراییەکەی خۆی پیاسەی دەکردو لە هەوڵی ئەوەدا بوو ڕێگایەک بۆ پێوەندی دەگەڵ فەڕانسە بدۆزێتەوەو بەچاکی دەیزانی جگە لەمردن لە تینووان لە بیابانی سووتێنەردا شتێک چاوەڕێی خۆیو سەربازەکانی نیە. لە شەوی دەزگیرانەتیی مندا کەس فکری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ژان باتیست بێرنادۆت شتێکی پێشبینی کردوە کە لەڕاستیدا پێشتر وەدی هاتبوو.

بۆ دووەمینجار باوێشکم داو بێگومان ئەمە بۆ نۆبووکێک ڕەفتارێکی جوان نەبوو، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ئەمن پێش ئەووەختە زەماوەندم نەکردبوو، و ئاگاداری چەندوچۆنی ئەو جۆرە ڕەفتارانە نەبووم. بەهەرحاڵ ژان باتیست کە دیتبووی ئەمن ماندووم هەستایە سەرپێو گوتی:

دێزیرە! وا دیارە شەو درەنگەو باشتر وایە ئێمەش بچینەوە ماڵێ خۆمان.

لە قسەی بێرنادۆتدا دڵسۆزییەکی تایبەتی شەپۆلی دەداو لەوبەری مێزەکە دووکچە قوتابیی کونپشکن، کارۆلینو ئوورتانس، پەیتاپەیتا سیخورمەیان تێکدەکوتاو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێدەکەنین. کاتی ماڵئاوایی خاڵە سامیسی خۆشمەشرەفیش لەحاڵێکدا چاوی لێدادەگرتمو دەستی بەگۆنامدا دێنا گوتی:

-مەترسە کچم، باوەڕ کە بێرنادۆت سەرت نابڕێ.

ئێمە دوو بەدوو لەو شەوە گەرمە هاوینی‌یەدا بە کالیسکەیەکی سەرئاوەڵا وەڕێ کەوتین. ئەستێرەکانو تەبەقی زیوینی مانگ ئەوەندە نزیک بوون دەتگوت ئەگەر دەست درێژ کەم دەتوانم دەستیان لێبدەم. کاتێک گەیشتینە بەر دەرگای ماڵێ دیتمان ژووری نانخواردن نوقمی ڕووناکی‌یە. شۆقی ئەو مۆمانە کە لەسەر مۆمدانێکی زیوینی گەورەی دیاریی ژووزفینو ناپلیۆن هەڵکرابوون لەونێوەدا سەرنجی ڕادەکێشا. لەسەر مێزەکە دەفرێکی گەورەی پڕ لە ترێ، هەڵووژەو کێک‌بادامی‌و هەروەها پەرداخی بلوورینی بریقەدارو خواردنەوەی فێنک دەهاتە بەرچاو بەڵام هیچ‌کەسی لێنەبوو،و ماڵەکە بێدەنگ دەهاتە بەرچاو.

ئەمن کە لە دیتنیان شادمان بووم گوتم:

-بێگومان ماری ئەمانەی ڕێک‌خستوە.

بەپێچەوانەی بۆچوونی من، ژان باتیست پێی وابوو ئەم کارە، کاری فێرناندە. بەڵام ئەمن کە کێکە بادامدارەکانی ماریم دەناسین پێم داگرت کە ئەم کێکە دەست‌پوختی ماری‌یە کە لەبەر ناسکی لە زاری بنیادەمدا دەتوێتەوە. ژان باتیست کە خەریک بوو شووشە خواردنەوەکەی سەر مێزەکەی تاقی دەکردەوە پێی داگرت کە ئەگەر لەوە زیاتریان لێبخۆین، سبەینێ بەیانی حاڵێکی باشمان نابێ‌و بێگومان تووشی ژانەسەر دەبین.

لەحاڵێکدا بە سەرلەقاندن قسەکەیم پەسند دەکرد، پەنجەرەی لای باغیم کردەوە، بۆنی خۆشی سوورەگوڵ پڕی لووتم بوو. نووکی تیژی گەڵا ڕەنگ‌تاریکەکانی داربەڕوو لەبەر شۆقی زیوینی مانگەشەو لەڕادە بەدەر درەوشاوە بوون. هەر لەوحاڵەشدا بێرنادۆت بەدوای مندا خەریک کوژاندنەوەی مۆمەکان بوو.

ژوورەکە لەجاران تاریکتر ببوو، بۆیە بە کۆمەکۆمە بەرەو پەنجەرە چوومو پەردەکەم لادا بۆئەوەی شۆقی مانگەشەو ژوورەکە ڕووناک بکاتەوە. لەمساتەدا دنگی پێی ژان باتیستم لە ژوورەکەی تەنیشتێڕا بەر گوێ کەوتو لەوە کە بە ڕۆیشتنی وی دەمتوانی بەئاسوودەیی خۆم ئامادە کەم بچمە سەر جێ لەدڵی خۆمدا سوپاسم کرد. بۆیە خێرا جلەکانم گۆڕینو جلی خەوم دەبەر کرد تا بچمە سەر جێگا. بەڵام هێشتا پەتووم بەخۆمدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدابوو کە دەنگی هاوارم دە ساڵۆنەکە گەڕاو ژان باتیست کە بەپەلـە خـۆی گەیانـدبووە پێش تەختەکە پرسی:

-دێزیرە! چڕووی داوە؟ بۆخاتری خوای بڵێ چی بووە؟

-نازانم، ڕەنگە شتێک پێوەی دابم.

دەگەڵ ئەم ڕستەیە ویستم بجووڵێم کە جـارێکی دیکـە تێهـەڵچوونی چزوویـەک لـە لەشم هاواری لێ هەستاندمەوە. ژان باتیست مۆمی هەڵکردو ئەمنیش بـە هـەر زەحمـەتێک بوو خۆم گەیاندە گۆشەیەکی جێگاکـەمو دانیشـتم. وەختێـک پەتووەکـەم لادا لەبـەر شـۆقی مۆمەکـە، چـاوم بـە مەلۆیـەک گـوڵی سـوور کـەوت کـە بـە دڕووە تیژەکانیانـەوە لەسـەر نوێنـەکانم ڕۆ کرابـوون. ئێمـە هـەردووکمان بـە سەرسـوڕماوی‌و دەمـی نیـوە داپچـڕاوەوە تێیانەوە ڕامابووین‌و ئـەمن بـەناچار دەسـتم کـرد بەخڕکردنـەوەیان‌و ئـەویش پەتووەکـەی لەسـەر عـەرزێ ڕاخسـت تـا باشـتر بتـوانین دڕووەکـانی لەسـەر کـۆ بکەینـەوە. ئـەمن بـە حاڵـەتێکی تێکەڵ بەگاڵتەوە گوتم:

-بێشک فێرناند بەمکارەی خۆی ویستوویەتی ئێمە تووشی سەرسوڕمان بکا!

-نا ئەتۆ بەرامبەر وی زۆر ڕەشبینی. دڵنیا بـە ئـەم کـارە، کـاری ماری‌یـە. کـارێکی سەیر، گوڵی سوور ئەویش لەسەر نوێنی سەربازێک، بەڕاستی کە...

ئەو گوڵە سوورانەی ئەو گوتەنی لەسەر نوێنی سەربازێکمان خڕ کردبوونەوە لەسەر مێزەکـە کەڵەکـە ببـوون‌و بۆنەکـەیان ژوورەکـەی پـڕ کردبـوو. ئـەمن کـە لەنـەکاو وەبیـرم هاتبۆوە تەنیا جلی خەوم دەبەردایە خێرا لەسەر جێیەکەم دانیشتم‌و گوتم:

-هەست بە سەرمایە دەکەم بێزەحمەت ئەو پەتووەم وێدە.

بەم قسەیە ئەویش پەتووەکەی پێدا دامو هەرچەند لـە گـەرمان خـەریک بـوو بخنکێم هەوڵم دا لووتم لە سووچێکی بێنمە دەر هەتا هەناسەم سوار نەبێ. ئەویش ئەو مۆمانـەی کووژاندنەوە کە دووبارە هەڵیکردبوونەوە.

وەسـبەینێ‌ڕا بـە سەرسـوڕمانەوە بۆمـان دەرکـەوت کـە سـەرەنجام فێرنانـدو مـاری ڕێککەوتوون‌و ناکۆکی‌یەکانیان لەو بارەیەوە وەلا ناوەو دانانی گوڵە سوورە دڕکدارەکان لەسەر جێگاکەشمان، بەرهەمی ڕێککەوتنی ئەم دووانەو هاوکاریی هاوبەشیان بووە. بەڵام بۆ بەدبەختی هەردووکیان لەبیریان چووبوو دڕووەکانیان لێ‌بکەنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژان باتیست دوو مانگی مۆڵەت وەرگرتبوو تا بتوانین یەکەمین حەوتووەکانی زەماوەندمان دوور لە غەمی کاروبار پێکەوە بگوزەرێنین. بەڵام بە بڵاوبوونەوەی خەبەری تێکشکانی هێزی دەریایی فەڕانسە لە ئەبولخەیر پێی ڕاگەیەندرا کە دەبێ بەیانی‌یان لە کۆشکی لووکزامبوورگ وەک وەزیری بەرگری لە کۆبوونەوەی ڕاوێژی سەرانی حکوومەتی کۆماردا ئامادە بێ.

بۆیە تەویلەیەکی چووکەڵەی لە نزیک ماڵەکەمان بەکرێ گرتو هەمیشە دووئەسپی زین‌کراوو ئامادە لەوێدا ڕادەگیران. ئێستا هەرکاتێک بیر لە یەکەم ڕۆژەکانی زەماوەندمان دەکەمەوە دێتەوە بیرم کە هەر دوانیوەڕۆو ئێوارەیەک لە دەروازەی باغی چاوەڕێی هاتنەوەی ڕادەوەستام. وەختێک لە دوورەوە دەنگی ڕمبەڕمبی سمی ئەسپەکانم گوێ لێدەبوو لێدانی دڵم خێراتر دەبوو چونکە دەمزانی تاوێکی دیکە ژان باتیست دەگاتە جێو چاوم بە ئەسپە کوێتەکەی دەکەوێ. ئیدی دڵنیا بووم کە ئێمە زەماوەندمان کردوەو ئەو بۆ هەمیشە هاوسەری منەو ئەوەی دەی‌بینم خەونێکی خۆش نیە... چەند ساتێک دواتر هەردووکمان لەبن داربەڕووەکە خەریکی قاوەخواردنەوە دەبووینو ئەو دەنگوباسی نهێنیی ئەو ڕۆژەی -ئەوانەی لە ڕۆژنامەی خەبەریی مۆنیتۆریش‌دا چاپ نەدەکران- بۆ من دەگێڕانەوە. ئەمن لەحاڵێک‌دا گوێم بۆ قسەکانی ڕادەگرت سەیری هەتاوی کاتی خۆرئاوابوونم دەکردو جارجاریش ئەو بەڕووە خاسانەم خڕ دەکردنەوە کە کەوتبوونە سەر چیمەنەکە.

شکانی ئەبولخەیر وەک وشیارکردنەوەو نیشانەیەک بوو بۆ دوژمنانی کۆمار. ڕووسیا دەستی کردبوو بە کۆکردنەوەی هێزەکانیو ئوتریش کە هێشتا چەند ڕۆژ لە داوای لێبووردنی لەسەر سووکایەتی بە ئاڵای فەڕانسە لە ڤییەن نەگوزەرابوو جارێکی دیکە دەستی کردبوو بە پێشڕەوی بەرەو سنوورەکانی فەڕانسەو لەلای سویسو شیمالی ئیتالیاوە لە سنوورەکانمان نزیک دەبۆوە.

وڵاتە تازەدامەزراوەکانی ژێر دەسەڵاتی فەڕانسە کە دامەزراندنیان بە بەشێک لە شانازی‌یەکانی ناپلیۆن دادەنرا بە باوەشی ئاوەڵاوە ئوتریشی‌یەکانیان وەرگرتبوو،و ژەنراڵەکانی ئێمە بە سامگرتوویی لە پاشەکشەدا بوون.

یەکێک لەو ڕۆژانە ژان باتیست زۆر درەنگتر لە جاران هاتەوە ماڵێو هەر لەوکاتەدا کە دادەبەزی گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–فەرماندەریی بەرزی بەرەی ئیتالیا بەمن سپێردراوەو بەناچاری فەرمانم داوە هێزەکان پاشەکشە بکەن تا هەرنەبێ بتوانین لوومباردی بپارێزین.

ئەو ڕۆژە کاتێک قاوەکان تەواو بوون دنیا بەتەواوی تاریک ببوو. ئەو مۆمێکو بەستەیەک کاغەزی دەگەڵ خۆی هێنایە نێو باغیو دەستی بە نووسین کرد. لەحاڵێکدا لەترسان پێم وابوو دەستێکی ساردی وەک سەهۆڵ دڵم دەگوشێ پرسیم:

–باشە فەرماندەریی بەرزی بەرەی ئیتالیا قبووڵ دەکەی؟

ئەو سەری هەڵبڕی چاوێکی لێکردمو گوتی:

–چت گوت؟ پرسیت سەرفەرماندەری قبووڵ دەکەم یانا؟ باشە دیارە ئەگەر ئەوان مەرجەکانم قبووڵ بکەن، بەڵێ. بەڵام جارێ گوێ لە قسەکانیان دەگرم بزانم دەڵێن چیو قسەیان چیە؟

قەڵەمەکەی زۆر بەپەلە بەسەر پانایی کاغەزی سپیدا غاری دەداو سەعاتێک دواتر ئێمە هاتینەوە ژووریو ژان باتیست جارێکی دیکە لە ژوورەکەی خۆی دەستی کردەوە بەنووسین. بەجۆرێک نوقمی کاری خۆی بوو کە تەنانەت نەیزانی شێوم بۆ لەسەر مێزەکە داناوەو چووکترین ئاوڕی وێنەداو نووسیو نووسی.

چەند ڕۆژ دواتر بەڕێکەوت لە ژۆزێفم بیست کە ژان باتیست نەخشەی عەمەلیاتیی خۆی دەربارەی بەرەی ئیتالیا پێشانی باراس داوە. یەکەمین پرسیار دەربارەی ژمارەی هێزی پێویست بۆ ڕاگرتنی ئەم بەرەیەو دامەزراندنی چەند پادگان بوو کە بتوانرێ بە کەلکوەرگرتن لەوان هێرشەکانی دواتر ئامادە بکرێن.

بەڵام ئەندامانی حکوومەتی دیرێکتوار نەیانتوانی داخوازەکانی بەجێ بگەیەنن. هەرچەند کۆمەڵێکی زۆر لە سەربازان بۆ خزمەت بانگ کرابوونەوە بەڵام دەوڵەت چەکو جلوبەرگی پێویستی بۆ تەیارکردنی وان لەدەستدا نەبوو. ژان باتیستیش ڕایگەیاند کە لە هەلومەرجێکی وادا ناتوانێ سەرفەرماندەریی بەرەی ئیتالیا وەربگرێو لە ئاکامدا بوو بە وەزیری بەرگریو بۆخۆی بەرپرسایەتیی فەرماندەرییەکەی وەئەستۆ گرت.

دوو حەوتوو دواتر، ڕۆژێک لای نیوەڕۆیە ژان باتیست هاتەوە ماڵێ. ئەمن خەریک بووم یارمەتیی ماریم دەدا بۆ دروستکردنی مرەبای هەڵووژەو هەر کە گوێم لە دەنگی بوو بۆ پێشوازیکردنی غارم دایە باغیو کە چاوم پێیکەوت وشیارم کردەوە کە لێم نزیک نەبێتەوە چونکە هەموو گیانم بۆنی ئاشپەزخانەی لێدەهاتو بۆنی هەڵمو دووکەڵم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرتبوو. لە بەرامبەردا ئەوەندەمان مرەبا دروست کردبوو کە بەشی قاوڵتیی هەموو زستانێی دەکرد. ئەو لە حاڵێکدا بەرەو ماڵ دەچوو گوتی:

-بەڵام بریا توانیبام لێرە بمو لە مرەباکەت بخۆم.

دوایە فێرناندی بانگ کرد تا جلکە سەربازی‌یەکانی تایبەت بە خزمەتی سەربازی‌یەکەی کە لە زاراوەی سەربازی‌دا پێیان دەڵێن جلوبەرگی کار بۆ ئامادە بکاو هەروەها خورجێنی کەلوپەلەکانیش ئامادە بکا. ئەمجار باسی کرد کە ڕۆژی دواتر سەعات حەوتی بەیانی دەبێ پاریس بەجێ بێڵێ. ئەو دووپاتەی کردەوە کە فێرناند بۆخۆی کەلوپەلەکە بۆ سەعات نۆی ئەمشەو ئامادەی ڕۆیشتن بکا. ئیدی لەوە زیاتر هیچم لە ژان باتیست نەبیستو بەپەلە چووە نهۆمی سەرێو منی بە سەرسوڕماویو سەرلێشێواوی لەبەر دەرگای چوونەژوور بەجێ هێشت.

تەواوی ئەو ڕۆژە ئێمە لە باغ، بەتەنیاو لە تەنیشت یەکتر بووین. هەتاو ئیدی گەرمای جارانی نەمابوو،و چیمەنەکان پڕ بوون لە گەڵای زەردو هەڵوەریوی دارەکان. ئەو شەوە یەکەمین شەوی پاییز بوو. ئەمن دەستم لەسەر چۆکانم دانابوونو گوێم بۆ قسەکانی ڕاداشتبوو. سەیر ئەوە بوو لە قسەکانی حاڵی نەدەبوومو تەنیا دەنگیم دەبیستو بەس. سەرەتا وەک عادەتی هەمیشە قسەی لەگەڵ دەکردم بەڵام کاتێک دیتی لە چحاڵدام وتارەکەی گەرمی‌یەکی تایبەتیی وەرگرتو هەر وەک ئەوەی منداڵێک بدوێنێ، زیادی کرد:

-ئەتۆ هەمیشە دەتزانی ئەمن وەک سەربازێک هەموو کاتێک ناچارم بچمە مەیدانی شەڕ، نەتدەزانی؟ چما ئەتۆ مێردت بە نیزامی‌یەک نەکردبوو؟ دەگەڵ ئەوەی دەزانم ژنێکی گەنجو دڵناسکی بەڵام دەبێ لەجاران پتر خۆڕاگرو ئازا بی.

-ئەمن هەرگیز نامەوێ ژنێکی ئازاو بەغیرەت بم!

-باش سەرنج بدە دەڵێم چی. ژووردەن سەرفەرماندەریی سێ لەشکری وەئەستۆ گرتوەو بەمجۆرە ئەو بۆخۆی فەرماندەریی لەشکری دانووب دەکا، ماسناش بە لەشکرێکی دیکەوە پێی سپێردراوە دوژمن لە سنوورەکانی سویس وەدەر بنێو ئەمنیش دەبێ بە لەشکرێکی دیکەوە بەرەو ڕاین بڕۆمو لە شوێنی وێکەوتنی ڕاینو فۆرت لوئیز لە نزیک مایسن پاشەکشە بەدوژمن بکەم. ئەمن بۆ دەستڕاگەیشتن بە لێوارەکانی ڕاینو تێکشکاندنی ئەڵمانی‌یەکان داوای سی (٣٠)هەزار لەشکریم کردوە. هەرچەند ئەوان بەڵێنیان داوە داخوازەکەم قبووڵ بکەن بەڵام ئەمن دەزانم دەوڵەت ناتوانێ داخوازەکەی من وەدی بێنێو بەڵێنەکەی بەرێتە سەرێ. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەمن نە بەسوپایەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاستەقینەوە بەڵکوو بە سێبەری سوپایەکەوە دەچمە ڕاینو دەبێ بە هێزێکی ئاوا دوژمن ڕاو بنێم... باشت گوێ لە قسەکانم هەیە دێزیرە؟...

بەو ئۆگرییەوە کە بە هاوسەرەکەمم هەبوو فرمێسک چاوەکانمی دەبرژاندەوەو هەر لەوحاڵەدا گوتم:

-لەم هەلومەرجەدا ئەتۆ لەوێ کارێکت نابێ بیکەی.

ئەو لەحاڵێکدا شانی هەڵدەتەکاند گوتی:

-بەداخەوە بەرپرسانی دەوڵەتیش دەگەڵ تۆ هاوڕا بوون چونکە داوا لەمن دەکەن بە کۆمەڵێک خەڵکی تازەکارو ناتەیارەوە هێرش بکەمە سەر ڕاین.

ئەمن کە قسەیەکی ناپلیۆنم وەبیر هاتبۆوە لەبن لیوانەوە گوتم:

-ئێمە ژەنڕاڵەکان کۆمارمان نەجات داو دەشیپارێزین. ئەمەم ڕۆژێک لە ناپلیۆن بیست.

-دیارە ڕاستەو هەربۆیەش حکوومەتی کۆمار مووچە دەدا بە ژەنڕاڵەکانو ئەم قسەیە شتێکی سەیری تێدا نیە.

-ئەو پیاوەی ئەمڕۆ بەیانی هەڵووژەم لێکرین نەزەرێکی باشی لەبارەی سوپاو حکوومەتەوە نەبوو. ئەو دەیگوت هەتا ژەنڕاڵ بوناپارت لە ئیتالیا بوو یەک لەدوای یەک سەرکەوتن بەدەست دەهات، ئەوە ئوتریشییەکان بووون کە ئاواتی ئاشتییان دەخواست. بەڵام لەوکاتەوە کە ئەو ئیتالیای بەجێ هێشتو دوور ڕۆیشت تا سەرکەوتن لە میسر بەدەست بێنێ، کارەکان ڕۆژ لەڕۆژ خەراپتر بوون. بەڕاستی شوێنەواری دوور لەگومانی سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن لەسەر خەڵکی ئاسایی کۆڵانو بازاڕ جێگای سەرسوڕمانو تەنانەت گاڵتەجاڕیش نیە؟

-ڕاستە بەڵام ئەوەی بە زەینی هەڵووژەفرۆشەکە نەگەیشتوە ئەوەیە کە شکانی ناپلیۆن لە ئەبولخەیر سەرەتای هێرشی دووبارەی دوژمنانمان دەبێ. ئەو هەڵووژە فرۆشە ناتوانێ تێبگا کە ناپلیۆن ئەگەرچی هێندێک سەرکەوتنی بەدەست هێنابوون بەڵام هەوڵی پێویستی بۆ پاراستنی ئەوەی بەدەستی هێنابوو نەداو بەرهەمەکەی ئەوەیە کە ئێمە دەبێ بەو هێزە کەمو کارلێنەهاتووە سنوورەکانو دەسکەوتەکانی ئەو بپارێزین. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە هاوڕێ بوناپارت بە هێزە تەیارەکانیەوە لە لێوارەکانی نیل خۆی لەبەر تاوێ هەڵخستوە. ئەمەیە ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەو پیاوە بەهێزەی فەڕانسە.

لەحاڵێکدا تێیەوە ڕامابووم، گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-تاجێکی پادشایەتی دە زەلکاوێ کەوتوەو دەبێ کەسێک دەری بێنێتەوەو نەجاتی بدا.

-کێ شتی وای گوتوە؟

-ناپلیۆن!

-بە تو؟

-نا بەخۆی. وەختێک لە ئاوێنەدا تەماشا خۆی دەکردو ئەمن بە ڕێکەوت ئەوم لەوێدا دی.

ماوەیەک هەردووکمان بێدەنگ بووینو دنیاش ئەوەندە تاریک ببوو کە ڕوخساری ژان باتیستم نەدەدی. لەنەکاو هاواری ماری هەودای بیرەکانمی پساند کە دەیگوت:

-نا، سەر مێزی ئاشپەزخانە جێی دانانی دەمانچە نیە. بڕۆ دەرێو هەرچی زوویە ئەمانە دەگەڵ خۆت بەرە دەرێ.

-تکا دەکەم... ڕێگا بدە لێرە خاوێنیان بکەمەوە... بۆ فیشەکتێخستن دەیانبەمە دەرێ.

-پێم گوتی هەتا زووە ئەم چەکانە لە ئاشپەزخانە بەرە دەرێ.

ئەمن بە بیستنی هاتوهاواری ماریو ناوی دەمانچە لەنێو قسەکانیدا، ڕووم کردە ژان باتیستو پرسیم:

-لە شەڕدا کەلک لە دەمانچە وەردەگری؟

-زۆر بەدەگمەن. ئێستا کە ژەنراڵم کەمتر شتی وا ڕوو دەدا.

بە تاریکداهاتن هەستاینو هاتینەوە ژوورێ. ئەو شەوە، بە شەوێکی درێژو درێژترین شەوی ساڵ دەهاتە بەرچاو. چەند سەعات بەچاوی خەواڵووەوە لەجێیدا ڕاکشام بێئەوەی خەو بچێتە چاومو کارم ببووە ژماردنی زەنگەکانی کلیسا چکۆڵەکەی ناوچەی سوو. دەمزانی ژان باتیست لە نهۆمی خوارێو لە ژوورەکەی خۆی بەسەر نەخشەکاندا چەماوەتەوەو خەریکی کێشانی هێڵو جغزی گەورەو بچووک لەسەر نەخشەکانو نیشانە دانانێکە کە هیچیان لێحاڵی نەدەبووم. سەرەنجام چاوم گەرم بوون بۆئەوەی وێژینگێک بدەم، بەڵام لەنەکاو بەترساوی لە جێی دەرپەڕیم هەروەک ڕووداوێکی سامناک ڕووی دابێ. ڕەفتاری ترساویی من ژان باتیستی کە گۆیا سەعاتێک پێشتر بۆ پشوویەکی کورت هاتبووە سەر جێی لەخەو ڕاپەڕاندو بەسپایی پرسی:

-شتێک ڕووی داوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خەونێکی ترسناکم دی. لە خەوێمدا ئەتۆ بە سواری... دەچوویە شەڕ...

–ئەمن سبەینێ بەیانی هەر بەڕاست دەچمە شەڕێ.

چەندینساڵ ژیان لە بەرەی شەڕ ببووە هۆی ئەوەی ئەو فێر بێ زوو بخەوێو بەچووکترین دەنگو جووڵەش زوو خەبەری بێتەوە. ئەو لە درێژەی قسەکەیدا گوتی:

–حەز دەکەم شتێکت وەبیر بێنمەوە دێزیرە؛ بابەتێک کە زۆرجار بیرم لێکردۆتەوە. دەمەوێ بزانم ئەتۆ لەو ڕۆژانەی تەنیاییدا چدەکەی؟

–چدەکەم؟ پرسیارێکی سەیرە! باشە وەک هەمیشە، بۆ وێنە دوێنێ بۆ مرەبادروستکردن یارمەتیی ماریم داو ڕۆژی پێشتر دەگەڵ ژوولی چووینە خەیاتخانەی خاتوو بێرتیە. ئەو لەو کەسانەیە کە دەگەڵ نەجیبزادەکان هەڵاتبوو، بەڵام ئێستا هاتۆتەوە ئێرە. حەوتووی ڕابردووش...

–نا، دەمەوێ بزانم ئۆگریت بە چ شتێکو چکارێک هەیە؟

–ڕاستییەکەت بوێ شتێکی تایبەتیم بەبیردا نایە.

–دێزیرە نامەوێ ڕۆژانی تەنیاییو ئەوکاتەی ئەمن لێرە دوورم بۆتۆ درێژ بێو خەراپت لێبگوزەرێ. بۆیە بیرم کردەوە لەو ماوەیەدا وەختی خۆت سەرفی دەرسخوێندنو فێربوون بکەی.

–دەرسخوێندن! بەڵام ئەمن لە دەساڵییەوە تائێستا دەرسم نەخوێندوە.

–ئەمنیش هەربۆیە گوتم ئەو کارە بکەی.

–ئەمن بە شەشساڵی دەگەڵ ژوولی دەچوومە قوتابخانەو خوشکانی ڕاهیبە دەرسیان پێدەگوتین بەڵام کاتێک گەیشتمە تەمەنی دەساڵی هەموو ئەو قوتابخانانە داخرانو دایکم هاتە سەر ئەو ڕایە کە بۆخۆی فێرکردنی منو ژوولی وەئەستۆ بگرێ کارێک کە هەرگیز نەیتوانی بیکا. بەڕاست ئەتۆ بۆخۆت چماوەیەک چوویە قوتابخانە؟

–ئەمنیش لە یازدە ساڵییەوە تا سێزدە ساڵی دەچوومە قوتابخانەو لەو تەمەنەدا بوو کە لە قوتابخانە دەریان کردم.

–بۆچی؟

–چونکە یەکێک لە مامۆستاکانمان بەدڕەفتاریی دەگەڵ فێرناند کرد.

–ئەتۆش حەتمەن ئەوەی هاتە سەر زارت پێتگوت.ها؟

–نا، تەنیا مستێکم لێدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–حەتمەن ئەمەش تەنیا کار بوو کە دەکرا، نا؟ بەڵام ئەمن پێم وابوو ئەتۆ چەندینساڵ چوویە قوتابخانە چونکە زانیارییەکی بەرچاوت هەیەو هەمیشەش موتاڵا دەکەی...

–سەرەتا تەنیا ئەو بابەتە دەرسییانەم دەخوێندەوە کە لە قوتابخانە نەمتوانیبوو فێریان بم. پاشان لە مەدرەسەی نیزام بە هەوڵێکی زیاتر وەدوای خوێندنەوە کەوتم بەڵام ئێستاش هەر زۆرشت هەیە کە پێویستە فێریان بم. بۆنموونە وەختێک کەسێک بەناوی حوکمداری وڵاتێکی داگیرکراو دەیەوێ ئەوێ بەڕێوە بەرێ دەبێ زانیارییەکی بەربڵاوی لەبارەی بۆچوونە سیاسی، قانوونیو...کانەوە هەبێ.

بەڵام ئەتۆ پێویستیت بە فێربوونی ئەو شتانە نیەو ئەمن پێم وایە ئەتۆ کچە چووکەڵە دەبێ هێندێ دەرس لەبارەی مۆسیقاو ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی فێر بی.

–مەبەستت لە ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی چیە؟ ئەگەر مەبەستت سەما بێ کەمێک شارەزامو لە مارسەیو بەتایبەتی لە جێژنی ساڵوەگەڕی گیرانی باستیلدا لە مەیدانی گەورەی شار دەگەڵ ئەوانی دیکە زۆر هەڵپەڕیوم.

–مەبەستی من تەنیا سەما نەبوو. هەر ژنێکی گەنج دەبێ ڕیزە بابەتێک فێر بێ، بابەتی وەک چۆنیەتیی ڕێزدانان بۆ میوانانو گەورەکان، پێشوازی لە میوانانو شێوەکانی میوانداریو ڕێنوێنیی میوانان لەم ساڵۆنەوە بۆ ئەو ساڵۆن.

–بەڵام ئێمە لە ژوورێکی نانخواردن بەولاوەمان نیەو بۆ نیشاندانی ڕیگای وێ یان ڕێنوێنیی میوان بۆ ژووری کاری تۆش پێویست ناکا ئەو بابەتانە فێر بین.

–ئەگەر ئەمن وەک فەرماندەری سەربازیی ناوچەیەک هەڵبژێردرێم، بمانەوێ نەمانەوێ ئەتۆش دەبیە خانمی یەکەمی ئەو ناوچەیەو دەبێ لە ساڵۆنی ماڵەکەتدا پێشوازی لە زۆر میوانی ناودار بکەی.

لەحاڵێکدا دیمەنێکی ڕقو نارەحەتی لە قسەکانمدا دەبینرا گوتم:

–ساڵۆن؟! ئای دیسان باسی ساڵۆنو کۆشک دەکەی؟

–نازانی کە ئەو وەختەی لە ڤییەن بووم چۆن هەموو گەورەپیاوانو نەجیبزادە ئوتریشییەکانو هەروەها نوێنەرە سیاسییەکانی وڵاتانی دیکە چاوەڕێ بوون هەڵەو خەتایەک لە باڵیۆزی کۆمار ڕوو بدا. بێگومان ئارەزوویان دەکرد ئەمن لە کاتی خواردنی ماسیدا لەجیاتی چەنگاڵ چەقوو بەکار بەرم. ئێمە بەرامبەر بەکۆمار قەرزی گەورەمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر شانە دێزیرە!و دەبێ بە ڕەفتاری شیاوی خۆمان ئەو قەرزە بدەینەوە. نازانی چەند ئارەزوو دەکەم ئەتۆ فێری پیانۆلێدان بی.

–پێم وانیە ئەوەندەش سەرنجڕاکێش بێ.

–ئەتۆ حەزت لە مۆسیقا نیە؟

–بۆخۆشم باش نازانم بەڵام بێگومان زۆر حەز دەکەم گوێ لە مۆسیقا بگرم. ژوولی جارجار پیانۆی لێدەدا بەڵام بەباوەڕی من پیانۆلێدانەکەی بەر دڵان نەدەکەوت پێم وایە خەراپلێدانی مۆسیقا خەیانەت بە مۆسیقایە.

–زۆر حەز دەکەم فێری لێدانی پیانۆ بیو تەنانەت ئاوازدانانیش فێر بی.

ئێستا ئیدی هەستم دەکرد کە ئەو نایەوێ کەس دژایەتیی داخوازەکانی بکا.

–ڕەنگە لەبارەی ئەو دۆستەمەوە قسەم دەگەڵ نەکردبی؛ مەبەستم ڕۆدۆلف کرۆتزی ویلۆنژەنە. لە سەفەری ڤییەن ئەویشم دەگەڵ بوو، لەوێ منی دەگەڵ مۆسیقاناسێک ئاشنا کردو ئەوی بۆ دیتنی من هێنایە باڵیۆزخانەو ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ناوی بیتهۆڤن بوو. ئەو دوو کەسە کۆرتزو بیتهۆڤن زۆر شەوان مۆسیقایان بۆ من لێدەداو ئەمن زۆر لەوە بەداخ دەبووم کە شارەزاییم لە هیچ ئامرازێکی مۆسیقا نەبوو،و خەفەتی ئەوەم دەخوارد کە بۆچی بە منداڵی ئەوکارەم نەکردوە. بەڵام... بەڵێ دێزیرە ڕاستی‌یەکەی ئەوە بوو دایکم ئەگەر پارەی پێویستی بۆ پێویستی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی ژیان دەست دەکەوت زۆر خۆشحاڵ دەبوو.

–دێزیرە! پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە ئەتۆ مۆسیقا فێر بیو هەربۆیەش دوێنێ داوام لە کۆرتز کرد کە مامۆستایەکی باشی مۆسیقام پێ بناسێنێ. ناوەکەی کە لەسەر کوتەکاغەزێک نووسراوە لە چەکمەجەی مێزەکەمدا دەبینیەوە. حەتمەن دەست بە دەرسەکانت بکەو لە نامەکانتدا باسی پێشکەوتنی خۆت لەو بوارەمدا بۆ بنووسە.

جارێکی دیکە بە بیستنی ئەم ڕستەیە دەستە سەهۆڵبەستووەکەم لەسەر دڵم هەست پێکرد کە دڵمی ڕادەگووشی. ئەو جارێکی دیکە درێژەی دایە:

–بە ڕێکوپێکی نامەم بۆ بنووسە. تەنیا نامەکانی تۆم بۆ گرنگن. کەوایە بە ڕێکوپێکی نامەم بۆ بنووسە.

لەپشت پەردەکانەوە هەستم بە هاتنی بەیانیی ڕەنگخۆڵەمێشی دەکرد. بەچاوی کراوەوە دە پەردەکانەوە ڕامامو کەمکەم دەمتوانی ڕەنگی شین ببینمو هەروەها ئەو گوڵانە کە کەوتبوونە سەر تەختی شینی پەردەکە.. ژان باتیست جارێکی دیکە خەوی لێکەوتبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دەرگای ژوورەکە دراو بەدوای ئەوەدا دەنگی فێرناند هاتە بەر گوێ:

-ژەنراڵ سەعات شەشو نیوە.

نیوسەعات دوای ئەوە لەسەر مێزی قاوڵتی دانیشتبووینو بۆ یەکەمجار ئەمن ژان باتیستم لە جلوبەرگی کاری سەربازیدا دەدی؛ نە نیشانەیەکو نە دەرەجەیەکو تەنانەت نە ئەو جلە سورمەیی ڕەنگە بە دوگمە بریقەدارەکانو قایششمشێری تایبەتییەوە. هێشتا دەستم بە قاوڵتی نەکردبوو کە ماڵئاواییە غەمگینانەکەم دەستی پێکردو حیلەی ئەسپەکان خەبەری جیابوونەوەی دەداو کەسێک لە دەرگای داو بەدوایدا دەنگی مامزەی چەکمەکان هاتە بەرگوێو سەرەنجامیش دەنگی فێرناند کە دەیگوت:

-قوربان، بەڕێزان چاوەڕێی جەنابتن.

ژان باتیست داوای لێکرد ڕێنوێنییان بکا بۆ ژوورێو تاوێک دواتر ژوورەکە پڕ بوو لە ئەفسەرانی ئامادەی ڕۆیشتن؛ دە یان دوازدە کەس... ژمارەکەیانم باش لەبیر نیەو ئەوەی لەبیرم ماوە دەنگی لێکدرانی پاژنەکانیانو حاڵەتی خەبەرداروێستانیان بوو. ژان باتیست دەستی بۆ لای ئەوان ڕاداشتو گوتی:

-ئەم بەڕێزانە ئەفسەرانی ستادی منن.

بزەیەکی بێڕەنگو ڕووحو تەنیا وەک ئەرک هاتە سەر لێوی منو ئەو دوایە لێی زیاد کرد:

-خیزانم تامەزرۆی دیداری ئێوە بوو.

ئەو پاشان لەحاڵێکدا هەڵدەستایە سەرپێ گوتی:

-ئەمن ئامادەمو دەتوانین بڕۆین. خواحافیز خۆشەویستم لەبیرت نەچێو بە ڕێکوپێکی نامەم بۆ بنووسە. ئەتۆ دەتوانی نامەکانت بنێریە وەزارەتی بەرگریو ئەوان بە پەیکی تایبەتیدا بۆ منیان دەنێرن. خواحافیز. خواحافیز ماری. ئاگات لە خانم بێ.

ئەو ئێستا لە شیپانەی دەرکی دەرێدا بوو، و ئەفسەرەکان کە شمشێرەکانیان بەستبوو وەڕێ کەوتن. لەنەکاو هەستم کرد شۆقێکی سەیر ژوورە نیوەڕووناکەکەی پڕ کرد. هەموو شتێک لە دەوروبەرم کەوتبووە سووڕان. گڕی نارنجیڕەنگی مۆمەکان دەلەرزیو لەنەکاو تاریکایی هەموو جێیەکی داگرت.

وەختێک وەهۆش خۆم هاتمەوە، لەسەر جێگاکەم خەوتبوومو ژوورەکە پڕ بوو لە بۆنی توندی سرکەو ڕوخساری نیگەرانی ماری یەکەمین شت بوو کە دیتم.

-ئووژنی ئەتۆ لەهۆش خۆ چووی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پارچەیەکی چووکەڵە کە بـە سرکە تـەڕ کرابـوو، لەسـەر نێوچـاوانم بـوو، لامبـردو گوتم:

–دەمەویست ماڵئاوایی لێبکەم، ماری دەزانی بۆ ماڵئاوایی.

***

۱۳

**سوو نزیک پاریس. شەوی ساڵی نوێ**

**دەستپێکردنی دوامینساڵی سەدەی هەژدەیەم**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زرینگانەوەی ئەو زەنگۆلانەی بە بۆنەی ساڵی نوێوە لێدەدران منی لە مۆتەیەک کە وەک دۆڵپا چنگی هاویشتبووە سەر گیانم ڕزگار کرد. دەنگێک کە لە زەنگی کلیسای چووکەڵەی سوو لە نزیکو تاوەرە بڵندەکانی کلیسای لەمێژینەی نۆترِدامو کلیساکانی دیکەی پاریس لە دوورەوە دەهاتە بەر گوێ. لەو مۆتەیەدا کە تووشی ببووم وام دەهاتە بەرچاو کە لەبن کەپرێکی چووکەڵە لە مارسەی دانیشتوومو دەگەڵ پیاوێک کە تەواو وەک ژان باتیست دەچوو قسە دەکەم. دەمزانی کە ئەم پیاوە نە ژان باتیست بەڵکوو بێرنادۆتی چکۆڵەی کوڕمانە. ئەو دەیگوت:

–ئەتۆ دەرسی ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتیت لەبیر خۆت بردۆتەوە دایەو هەروەها پۆلی سەمای خاتوو مۆنتێل. بەڵام ئەو دەنگەی لە زاری ئەوەوە دەهاتە بەرگوێ دەنگی ژان باتیست بوو. دەمەویست بۆی ڕوون کەمەوە کە ئەو دواکەوتنە لەبەر ماندوویی بووە بەڵام لەم جەنگەیەدا ڕووداوێکی سامناک قەوما؛ کوڕەکەم لەپێش چاوانم لەرزیو چووکو چووکتر بۆوە، ئەوەندە کە بەرزیی باڵای لە ئەژنۆی من هەورازتر نەبوو. ئەم کورتەباڵایە کە دەمزانی کوڕەکەمە ئەژنۆمی دەباوەش گرتبوو دەیگوت؛ دایە ئەمن بوومە خۆراکی تۆپەکانو ناردوویانمە بەرەی ڕاین. ئەمن بۆخۆم بە دەگمەن دەمانچە بەکار دێنم بەڵام خەڵکی دیکە تەقە دەکەن، درینگ... درینگ...

لەم ساتەدا کوڕەکەم دەستی بە پێکەنین کردو ترسێکی سامناک بەسەر گیانمدا زاڵ بوو. ئەمن هەوڵم دەدا ئەو کورتەباڵایە بگرمو لە مەترسی ڕزگاری بکەم بەڵام ئەو لەبەرم هەڵدەهاتو سەرەنجام لەبن مێزە سپییەکەی نێو باغیدا لەبەر چاوم ون بوو. ئەمنیش لە غاردان وەستام بەڵام زۆر ماندوو بووم؛ زۆر ماندوو زۆریش خەفەتبار. لەنەکاو ژۆزێفم لەپەنای خۆم دی کە ڕاوەستابوو پەرداخێکی پڕی بەدەستەوە بوو، و بەبزەیەکی شەیتانییەوە دەیگوت:

–بژی زنجیرەی بێرنادۆتەکان.

سەرم هەڵبڕی تەماشای بکەم بەڵام لەجیاتی وی ناپلیۆنم لەپەنای خۆم دیو هەرلەوکاتەدا دەنگی زەنگۆڵەکان لە خەوی هەستاندم.

ئێستا لە دەفتەری کاری ژان باتیست دانیشتوومو پاش هەڵوێژاردنی ئەو نەخشەو کتێبانەی لەسەر مێزی کارەکەی بڵاو بوونەوە جێگایەک بۆ دەفتەری بیرەوەرییەکانم دەکەمەوە. لە شەقامەوە دەنگی پێکەنینێکی مەستانەم دێتە بەرگوێ. نازانم خەڵک بۆچی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە سەرەتای ساڵی نوێدا ئاوا شادمانی دەکەن. بەڵام ئەوەی دەزانم کە بۆخۆم زۆر خەمناکم، خەمناکتر لە هەمیشە. بەڵام بۆچی...

پێش هەموو شتێک لەبەر ئەوەی لە نامەی خۆم بۆ ژان باتیستدا زۆرم توندی نواندو لەلایەکی دیکەش لەو ساڵە نوێیە کە بەڕێوەیە دەترسم.

ڕۆژێک دوای ڕۆیشتنی ژان باتیست بە پەیڕەوی لە داخوازەکەی وی چوومە سەردانی ئەو مامۆستایە کە بەڕێز ڕۆدۆڵف کۆرتز بۆ دەرسی مۆسیقا پێیناساندبووم. ئەو پیاوێکی ڕەقەڵەیە بە ئەندامێکی وەک تەشییەوە کە بۆنێکی ناخۆشی لە هەناسەی دێو لە ژوورێکی بێکەلکی گەڕەکێکی پاریس بەناوی "کارتیە لاتەن" دەژیو دیوارەکانی ژوورەکەی بە گەڵای داری "غان" ڕازاندۆتەوە. ئەو لە سەرەتای قساندا گوتی کە بەهۆی ناڕەحەتیی قامکەکانیەوە کە بۆتە هۆی خواربوونیان ڕووی کردۆتە کاری دەرسگوتنەوە، ئەگینا دەیتوانی کۆنسێرتی زۆر گەورە بەڕێوە بەرێ.ئەو لە منی پرسی داخوا دەتوانم کرێی دوازدە کۆبوونەوەی دەرسی پێشەکی بدەمێ یان ناو ئەمنیش بێ قسەلێکردن پارەکەم دایە. ئەو پاشان داوای لێکردم بچمە پشت پیانۆو نۆتەکانو کلیلی هێرنێت فێر بم. کاتێک دوای یەکەم دانیشتن دەگەڕامەوە ماڵێ ئەوەند گێژو ماندوو بووم کە دەترسام لە ماندوویی‌یان لەهۆش خۆم بچم. لەو کاتەوە تائێستا حەوتووی دووجار دەچمە کارتیە لاتەنو بۆئەوەی بتوانم ئەوەی فێری دەبم لەماڵێش ڕاهێنانی لەسەر بکەم پیانۆیەکم بەکرێ وەرگرتوە. هەرچەند ژان باتیست گوتبووی پیانۆیەک بکڕم بەڵام لە ڕوانگەی منەوە ئەمە بە جۆرێک ماڵبەفیڕۆدان دەژمێردراو خەرجێکی ناپێویستو ئەبلەخەرجانە بوو.

عادەتەن لە ڕۆژنامەی مۆنیتۆردا باسی سەرکەوتنو پێشڕەوی‌یەکانی ژان باتیست لە ئەڵمان دەخوێنمەوە بەڵام هەرچەند نامە زۆر دەنێرێ لە نامەکانیدا شتێک لەبارەی شەڕو چەندوچۆنی شەڕەوە نانووسێو لەجیاتی ئەوە بە پێداگرتنەوە چۆنیەتیی پێشکەوتنی دەرسەکانم دەپرسێ. نامەنووسینی من بەدڵەوە نانووسێو چونکە ناتوانم ئەو بابەتەی مەبەستم باش پەروەردە بکەم نامەکانم ناڕەوانو زۆربەشیان کورتنو ناتوانم ئەوەی لە بیرو زەینمدایە بۆ ئەو بگێڕمەوە. بریا توانیبام بڵێم بەبێ وی چەندە خەفەتبارمو چەندە لە دووریی وی ئازار دەچێژم. لەلایەکی دیکەوە نامەکانی وی وەک نامەی مامێکی گەورەترو بەتەمەنن کە لەواندا زۆر پێ لەسەر گرنگیی دەرسەکانم دادەگرێ. کاتێک پێیزانی کە ئەمن دەرسی ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتیو هەڵپەڕینم دەست پێنەکردوە نامەیەکی بۆ نووسیم کە دەقاودەق لێرەدا دەیهێنمەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرچەند ڕەنگە ماوەیەکی پێبچێ تا جارێکی دیکە چاوم پێت بکەوێ بەڵام گەورەترین داخوازم بەدواداچوونو تەواوکردنی ئەو شتانەیە کە فێریان بووی. لەونێوەدا فێربوونی ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتیو سەما زۆر جێگای سەرنجەو هیوادارم دەرسەکانی بەڕێز مۆنتێل لەبیر نەکەی. هەست دەکەم زۆرم ئامۆژگاری کردی. بۆیە خواحافیزی دەکەم. ئەوەی خۆشی دەوێی ژان بێرنادۆت.

بەڕاستی بەخوێندنەوەی ئەم نامەیە قەڵس بوومو بێگومان هەقیشم بوو. داخوا ئەمە نامەی پیاوێک بۆ هاوسەرە تەنیا جێماوەکەیەتی؟ لە وەڵامی نامەکەیدا نەکهەر هیچ ئاماژەم بەوە نەکرد کە نووسیبووی بەڵکوو تەنانەت باسی ئەوەشم نەکرد کە دەرسەکەمم لەلای بەڕێز مۆنتێل دەست پێکردوە. خوا دەزانێ کێ ئەو بوونەوەرە سەیرو بۆندارەی کە شتێکە لەنێوان قەشەو سەماکەردا بە ژان باتیست ناساندوە. ئەو هەوڵ دەدا باشترین شێوەکانی ڕەفتارو پێشوازی لە میوانانی گەورەو خاوەنناوی نادیار فێری من بکا. ئەو لەدوای منەوە دەڕواو وشیارە بزانێ کاتێک دەچمە دیداری کەسێک، بۆ وێنە ژنێکی جێگەورە ڕەفتارم چۆنەو مەودای نێوان ئەم ژوورە تا ژوورێکی دیکە چۆن دەبڕم یان چۆن نیوتەختێک بۆ دانیشتن پێشانی ئەو دەدەم. دەڵێی ئەو پیاوە من بۆ پێکهێنانی ڕێوڕەسمو میوانداری‌یەکانی دەرباری پادشایەتی دەعاملێنێ. ئەمن، کۆمارخوازێکی پابەندی ڕێوشوێنی کۆماری کە گەورەترین مەجلیسی تێیدا بەشدار دەبم میوانداری‌یەکانی ژوولیو ژۆزێف یان پێشوازی لە سەرۆک باراسە، چپێویستی‌یەکم بە فێربوونی ئەم شتانە هەبوو.

لەبەر ئەوەی لەبارەی دەرسی ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی‌یەوە هیچم بۆ نەنووسیبوو، پەیکێک ئەم نامەیەی لەلایەن ئەوەوە بۆ هێنام.

لەنامەکانی خۆتدا شتێکت لەبارەی دەرسەکانی مۆسیقا، ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئەوانی دیکەوە نەنووسیبوو. هەرچەند لێت دوورم بەڵام خۆشحاڵم کە ئەتۆی بچکۆلەی میهرەبانی من سەرگەرمی دەرسەکانتی.

ژان باتیستی خۆت.

ئەم نامەیەم بەیانی‌یەک پێگەیشت کە زۆر بێ حەوسەلەو خەفەتبار بووم. کەمترین ئیشتیام لە بەجێهێشتنی تەختی خەوەکەم نەبوو، و پێم باشتر بوو هەر لەنێو نوێندا وەمێنم، لەسەر تەختەخەوەکەم ڕاکشابوومو حەوسەلەی دیتنو پێشوازی لە هیچکەس تەنانەت لە ژوولییشم کە ئەو ڕۆژە هاتبووە سەردانم نەبوو. لەمکاتەدا بوو کە ئەو نامەیەم بەدەست گەیشت. تەنانەت نامە تایبەتی‌یەکانی هاوسەرەکەشم نیشان حکوومەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆماری‌یان لەسەرە کە لەژێر ئەو نیشانەشدا وشەکانی ئازادیو بەرامبەری نەخشاون. لەبەر ڕقو نارەحەتی، توندتوند ددانم لەسەر یەک داگرتبوون. بۆچی... بۆچی ئەمنی کچە بازرگانێکی بەڕێزی ئاوریشم لە مارسەی دەبێ ئەو جۆرە دەرسانە فێر بم.؟ بۆچی؟ ژان باتیست ڕەنگە ژەنراڵێکی بەناوبانگو تەنانەت یەکێک لە پیاوانی خاوەن‌ناوی دوارۆژیش بێ، بەڵام ئەو بۆخۆشی لە ماڵو بنەماڵەیەکی سادەو ساکاردا گەورە ببوو. بەهەرحاڵ لە حکوومەتی کۆماری‌دا هەموو هاونیشتمانان یەکسانن‌و ئەمن هیچ حەزم لە شارەزایی چۆنیەتیی ژیانی نەجیب‌زادەیی‌و شێوەکانی پێشوازی لە میوانان‌و ڕێنوێنی‌کردنیان لەم ژوور بۆ ئەو ژوورو شتی دیکەی لەو بابەتە نیە.

لەو وەزع‌وحاڵەدا هەستامە سەرپێ‌و نامەیەکی درێژم بۆی نووسی. لە تەواوی ماوەیەکدا کە نامەم دەنووسی چاوم پڕفرمێسک بوون‌و بۆخۆشم لەڕقان دەلەرزیم؛ خۆ ئەمن مێردم بە واعیزێکی پیر نەکردبوو بەڵکوو پێم وابوو بوومە هاوسەری پیاوێک کە دەتوانێ تێم‌بگا. خۆزگە ئەو پیرەپیاوە وردیلەیە کە بەقامکە گۆجەکانی فێری پیانۆلێدانی دەکردم‌و هەروەها مۆنتێل بۆنخۆش هەردووکیان دەچوونە دۆزەخ‌و ئەمن لە شەڕی وان ڕزگام دەبوو. ئیدی هەرچی لەدەستیانم چاشتبوو بەسی دەکرد. نامەکەم بێ‌ئەوەی بی‌خوێنمەوە بێ‌ماتڵ‌بوون، دایە دەست ماری هەتا دەسبەجێ بەکالیسکە بی‌گەیەنێتە وەزارەتی بەرگری بۆئەوەی ئەوانیش چەندی بکرێ زووتر بی‌نێرنە ستادی فەرماندەریی بێرنادۆت.

دیارە ڕۆژی دواتر زۆر نیگەران‌و نارەحەت بووم کە نەوەکا ژان باتیستم تووڕەو نارەحەت کردبێ. چوومە لای مامۆستای مۆسیقاکەم تا دەرسێکی تازە بخوێنم. دووسەعاتی تەواو بەرامبەر بە پیانۆ دانیشتم تا ڕاهێنان لەسەر پارچەیەکی مووزارت بکەم چونکە دەمەویست ئەگەر بێرنادۆت هاتەوە بە لێدانی ئەم بەرهەمە سەرسوڕماوی بکەم. بەڵام لەپاڵ خۆمدا ماندووتر لە باغە پاییزلێدراوو پڕ گەڵابەڕووەکان بووم. تەواوی حەوتوویەم لەحاڵێکدا بردە سەر کە ساتەکانم زۆر بەسەختی لێ‌دەگوزەران‌و سەرەنجام وەڵامی ژان باتیستم بەدەست گەیشت.

"دێزیرەی خۆشەویست! ئێستاش نازانم نامەکەم چیی تێدا بوو کە تۆی هێندە ڕەنجاندووەو نارەحەتی کردووی. هیچ‌وەخت نیازم نیە وەک کچێکی منداڵ دەرست دادەم بەڵکوو دەمەوێ وەک هاوسەرێکی وشیار، دڵسۆزی هاوسەری میهرەبانی خۆم بم. قسەو کردەوەی تائێستای منیش دەبێ تۆی لەو ڕاستی‌یە ئاگادار کردبێ."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەو پاشـان دووبـارە دەسـتى كردبـوو بەباسـى چەنـدوچۆنى بـەرەوپێشچوونى خوێندنەكەى منو بيرخستنەوەى ئەو ڕاستىيە كە زانست تەنيا بە كارو هـەوڵى شـێلگيرانە بەدەست دێ. لەكۆتايى نامەكەشدا وەک هەميشە داواى كردبـوو لـە نووسـينى نامـە غافـڵ نەبمو لە هەموو شتێک ئاگادارى كەمەوە، يەكلەوان ميهرو خۆشەويستيى خۆم.

هێشتا وەڵامى ئەم نامەيەم نەداوەتەوەو ئێستا شتێک ڕووى داوە كە نووسينى نامەى دژوارتر كردوە. دوێنێ بەيانييش وەک هەميشە لە ژوورى كارى ژان باتيست دانيشـتبوومو تۆپێكى جوگرافيام هەڵدەسووڕاند كە لەسەر مێزەكە بوو،و بيـرم لـەو وڵاتو وشكانىيانە دەكردەوە كە هـيچم لێنـەدەزانين. لەمسـاتەدا مـارى بـە پيـاڵەيـەک ئـاوى گۆشـتەوە هاتـە ژوورێو گوتى:

–ئەمەى بخۆ چونكە پێويستيت بە هێزوەرگرتن هەيە.

–بۆچى؟ ئەمن حاڵم باشەو گيروگرفتێكم نيە ئەوە نەبێ نەختێک قەڵەو بوومو كراسە هەريرە زەردەكەم بۆم تەنگ بۆتەوە.

بـەدواى ئـەم قسـەيەدا بەدەست پيـاڵـە ئاوگۆشـتەكەم وەلا نـاو گـوتم بـە بۆنەكـەى تێكدەچم. مارى بەرەو دەرگا ڕۆيشت لە نزيک وێ ڕاوەستاو جارێكى ديكە بـەپێداگرتنێكى پترەوە گوتى:

–ئـەتۆ دەبـێ بـەڕێكوپێكى خـواردن بخـۆىو بۆخۆشت دەزانـى كـە پێويسـتيت بـە خواردنى ڕێكوپێک هەيە.

–بۆچى؟

بزەيەک هاتە سەر لێوى مارىو دووبـارە هاتـەوە لام دەستێكى لەسـەر شـانم دانـاو گوتى:

–بەڕاست نازانى بۆچى؟

لەحاڵێكدا دەستيم لادەدا هاوارم كرد:

–نا. نازانم... شتى وا ڕاست نيە، نا ڕاست نيە.

دوايە بەگريانەوە ڕۆيشتمە ژوورەكەى خۆمو دەرگـام لەسـەر خـۆم پێـوە داو لەسـەر تەختەكە كەوتم. ديارە ئەمن بۆخـۆم ئـەوەى مـارى دەيگـوت دەمزانـى، بـەڵام نەمدەويست قبووڵى بكەم. شتى وا مـومكين نـەبوو،و ئەگـەر ڕاست بـێ بەڕاسـتى بـۆم سـامناک دەبـێ. ئەوەى هەستم پێكردبوو تـەنيا كەمێک گـۆڕانى حـاڵم بـوو... بـەڵام تەنانـەت ئەويشـم لـە هەمووانو بگرە لە ژووليـيش شـاردبۆوە، چونكـە ئـەو پێـى دادەگـرت كـە دەبـێ بچمـە لاى



كتێبخانەى ديجيتاڵى
www.rabari.org

پزیشکو ئەمنیش لەوە بێزار بووم. لەحاڵێکدا چاوم بڕیبووە میچی ژوورەکەم، بیرم لە چەندوچۆنی حاڵی خۆم کردەوەو هەوڵم دا سیمای منداڵی خۆم بێنمە بەرچاوم. دیارە هەموو ژنێک حەز دەکا منداڵێکی هەبێ. دایکم، سۆزانو هەموو. ژوولی تەنانەت دووجار چووبووە لای پزیشک بەڵکوو بتوانێ منداڵدار بێ. بەڵام هێشتا منداڵی نەبوو. بەڵام بوونی منداڵ بەرپرسایەتی‌یەکی گەورە بوو. مرۆڤ دەبێ بەردەوام وریای بێو بۆی ڕوون بکاتەوە کە چکارێک بکاو خۆی لە چکارێک بپارێزێ بەڵام ئەمن خۆم لەوە بە نائاگاتر دەزانی کە شیاوی ئەو جۆرە ڕێنوێنی‌یانە بم... منداڵێکی چووکەڵەی سەر قژنی سەرڕەشو ڕاست وەک ژان باتیست. ئەمڕۆ ئەوان منداڵانی شازدەساڵە بانگ دەکەنە خزمەتی سوپا؛ کوڕانی کەمتەمەنی وەک ژان باتیستی چکۆڵە دەنێرنە بەرەکانی ئیتالیاو ڕاین هەتا بکوژرێن یان منداڵی دایکانی دیکە بکەنە نیشانەی [چەکی] خۆیانو بیانکوژن.

دەستم لەسەر زگی خۆم دانا، جێیەک کە پێم وابوو ئەو دەوێ‌دایە؛ مرۆڤێکی ساوا کە لەهەناوی مندا دروست دەبوو، داخوا ئەمە ڕاست بوو؟ لەنەکاو هەستم کرد ئەو بوونەوەرە چکۆڵەیە بەشێک لە بوونی منە. خۆشحاڵی‌یەکەم ئەوسەری دیار نەبوو بەڵام... ئەم بوونەوەرە چکۆڵەیەی من... نا ئەو هی کەسی دیکە نیە. بۆ دەبێ ئەو کوڕە چکۆڵەیەی من هەمیشە پەیڕەوی قسەکانی من بێ؟ ئەمن بێ‌گومان بۆچوونەکانی دایکم لەو بوارەدا قبووڵ نەبوونو ئەوانم بە ڕوانگەلێکی وەختبەسەرچوو دادەنا. ئای چەندم درۆی چکۆڵە دەگەڵ دایکم کردبوون. کوڕە چکۆڵەکەشم بێ‌شک هەروا دەکا... ئەویش بێ‌گومان هەر ئەو درۆیانە یان درۆی وەک وان دەگەڵ من دەکاو بۆچوونەکانی من بە کۆنو ماوەبەسەرچوو دادەنێ... بەڵام ئەی بوونەوەرە چکۆڵەو ئەی میوانی بانگنەکراوی چووکەڵەی غەریبە. ئەمن هەرگیز تۆم بۆ ئەم دنیایە بانگهێشتن نەکردبوو.

ماری لە دەرگای دا بەڵام ئەمن لێم نەکردەوە گوێم لە هەستی پێیانی بوو کە چۆوە ئاشپەزخانە. پاش چەند دەقیقە جارێکی دیکە هاتەوەو لە دەرگای داو سەرەنجام بەناچاری دەرگام کردەوە.

–سووپەکەتم گەرم کردۆتەوە.

–ماری! ئەرێ ئەوکاتەی چاوەڕێی لەدایکبوونی پیەری چکۆڵە بووی هەستت بە شادمانی دەکرد؟

ماری لەسەر لێوی تەختەکە دانیشتو ئەمن پرسیارەکەی خۆم دووپاتە کردەوە. ئەو وەڵامی دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دیاره نا. چونکه وەزعێکی لەبارم نەبوو.

–بیستوومە وەختێک... مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک نەیەوێ منداڵەکەی... ئەتۆ دەتوانی بچیە لای ئەو ژنانە کە دەتوانن کۆمەگت بکەم...

ماری بە دوودڵییەوە تەماشای کردمو بەسپایی گوتی:

–بەڵی. ئەمنیش بیستوومە. خوشکیشم چووە لای یەکێک لەو ژنانە، چونکە چەند منداڵی هەبوونو نەیدەویست منداڵێکی دیکەشیان لێزیاد بێ. ئەو پاش ئەو سەردانە ماوەیەک نەخۆش بوو؛ ماوەیەکی زۆر درێژ. ئەو ئێستا ئیدی منداڵی نابێو ناتوانێ لەشساغیی خۆی بەدەست بێنێتەوە. بەڵام ژنانی جێگەورەی وەک خاتوو تالین یان ژووزفین بێگومان پزیشکی باشباش دەناسنو دەتوانن کۆمەگ بکەن. دیارە ئەم کارە لەباری قانوونییەوە بە گوناحو خەتایەکی گەورە دەژمێردرێ.

بە بێدەنگبوونی ماری ئەمنیش لەسەر تەختەکە ڕاکشامو چاوم لێکنانو دەستم لەسەر سنگم دانا. ماری جارێکی دیکە پرسی:

–بەنیازی منداڵەکەت لەبەر بەری؟

ئەمن بێئەوەی بیر بکەمەوە بەتووڕەیی هاوارم کرد نا و ماری لەخۆشییان هەستایە سەرپێو بەمیهرەبانی گوتی:

کەوایە وەرە سووپەکەت بخۆو دوایەش نامەیەک بۆ ژەنراڵ بنووسە. بێگومان ئەو زۆر خۆشحاڵ دەبێ.

سەرم بە نیشانەی ناڕازیبوون ڕاوەشاندو گوتم:

–لەبارەی شتی واوە ناتوانم نامەی بۆ بنووسم. بریا توانیبام بۆخۆم ئەم خەبەرەی پێبدەم.

دوای ئەوەی سووپەکەمم خوارد جلم دەبەر کردن تا بچمە لای مۆنتێلو دەرسێکی تازە بخوێنم.

ئەمڕۆ بەیانی کاتێک ژووزفین هاتە سەردانم زۆرم پێ سەیر بوو. ئەو تائێستا تەنیا دووجار هاتبووە سەردانمو هەردوو جاریش ژوولیو ژۆزێفی دەگەڵ بوون. بەڵام هیچکەس لە دیداری چاوەڕواننەکراوی ئەمڕۆی ئاگادار نابێ. ئەو جلکێکی ناسکی سپیی خوریی جوانی دەبەردا بوو؛ چاکەتێکی تەنگو کورتو کڵاوێکی ڕەش کە بە پەڕێکی سپیی وشترمرغ ڕازابۆوە. بەڵام لەم بەیانییە خەفەتهێنە زستانییەدا ئەویش حاڵی زۆرباش نەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک بـزەی دەهـاتێ چرچولـۆچێکی زۆر لـە گۆشـەی چاوەکـانیدا دەردەکـەوتنو وشکیی لێوەکانیشی هەرچەند ماتیکی لێدابوون ئاشکرا بوو. ئەو گوتی:

-دەمەویست بزانم ئەگەر هاوسەرەکەت لەماڵ نەبوو چدەکـەی؟ ئێمـە وەک بێوەژنـان واینو دەبێ پتر لە ئی دیکە لە فکرو یادی یەکتردا بین. نا؟

لەم کاتەدا ماری چوکلیاتی گـەرمی بـۆ ئێمـە بێوەژنـە خاوەنمێردەکـان هێنـاو ئـەمن بەئەدەبەوە پرسیم:

-ئەرێ بە ڕێکوپێکی خەبەری ژەنراڵ بوناپارتت پێدەگا؟

-بە ڕێکوپێکی نا بەڵکوو جاربـەجار. بوناپـارت ناوگانەکـەی خـۆی لەدەست داوەو ئینگلیزەکان هێڵی پێوەندیی ئەویان پچڕیوە. جارجار کەشتییەکی چکۆڵـە دەتـوانێ بـەنێو هێڵە ئەمنیەتییەکانی ئینگلیزدا تێپەڕێو بێتە ئێرە.

هیچم نەبوو بیڵێمو کاتێک ژووزفین چاوی بە پیانۆ کەوت گوتی:

-ژوولی پێی گوتبووم کە خەریکی فێربوونی پیانۆی.

سەرم بە نیشانەی پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی لەقاندو پرسیم:

-ئەتۆش پیانۆ لێدەدەی؟

- بەڵی، دیارە ئەمن لە شەشساڵییەوە دەستم بەلێدانی پیانۆ کردوە. جگە لەوەش بۆ فێربوونی هێندێ دەرسی دیکەش جاروبـار دەچمـە لای بـەڕێز مۆنتێـل. چونکـە نامـەوێ ببمە مایەی سەرشۆڕیی بێرنـادۆت.

-بوون بە هاوسەری ژەنڕاڵێک کارێکی سادە نیە، ئەویش ئەو ژەنڕاڵانە کە بەردەوام دەچنە بەرەکان.

ئەو پاشان پارچەیەک کێکی بادامداری خستە دەمیەوەو لێی زیاد کرد:

هێندێ دەنگۆ کە پێوەندییان بە هەڵەی کەسەکانەوە هەیە زوو بڵاو دەبنەوە.

بێئەوەی هیچ بڵێم لەدڵی خۆمدا قسەکەیم قبووڵ کـردو نامـە ناخۆشـەکەی خـۆم بـۆ بێرنادۆتم وەبیر هاتەوەو گوتم:

-مرۆڤ ناتوانێ هەمیشە ئەوەی لە مێشکیدایە بیخاتە سەر کاغەز.

ژووزفینیش قسەکەمی بەڕاست زانیو لێی زیاد کرد:

-بەتەواوی ڕاستە، جگە لەوە، خەڵکی دیکەش لەبارەی بابەتگەلێکـەوە کـە لـەجێدا پێوەندییان بەوانەوە نیە نامەی قینلەزگانەو بەدخوازانە دەنووسن.

ئەو پاشان قومێکی لە شەربەتەکەی خواردەوەو زیادی کرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بۆ نموونه ژۆزێف، شووبرای منو زاوای تۆ.

ئەو دوایە دەسرۆکەیەکی پەراوێزتۆڕیی لە جانتا دەستیەکەی دەرهێنا لێوەکانیی خاوێن کردنەوەو گوتی:

-ژۆزێف دەیەوێ داستانی سەردانی دوێنێی لەمن لە مالمێزۆن بۆ ناپلیۆن بنووسێ. دوێنێ کاتێک هاتە وێ شارڵ هیپوولیتیش لەوێ بوو. ئەتۆ هیپوولیتت لەبیرە، گەنجە جوانچاکە قۆنتەراتچییەکە. ئەو بێئەوەی دەربەستی نیگەرانیو نارەحەتییەکانی ناپلیۆن بێ دەیەوێ بە هێنانەگۆڕی ئەو جۆرە بابەتانە پتریشی ئازار بدا.

ئەمن کە هیچ لە قسەکانی ژووزفینو هۆی نیگەرانیو نارەحەتییەکەی حالی نەدەبووم پرسیم:

-چما بوونی هیپوولیت لە مالمێزۆن ئەوەندە گرنگە؟

ژووزفین بە چاوی پڕفرمێسکەوە زیادی کرد:

-هەڵگرتنی باری تەنیایی بۆمن زۆر دژوارەو لە ژیانمدا هیچوەخت تەنیا نەبووم. ئێمە بێوەژنە بەمێردەکان دەبێ بەرامبەر بە ژۆزێف یەکگرتوو بین. پێم وایە ئەتۆ دەتوانی داوا لە ژوولیی خوشکت بکەی وا بکا نەیەڵێ ژۆزێف ئەو داستانە بۆ ناپلیۆن بنووسێ.

باشە ئەمە ئەو شتە بوو کە خاتوو ژووزفین لەمنی دەویستو لەبەر ئەوەش هاتبووە سەردانم.

-ژوولی ئەوەندەی دەسەڵات بەسەر هاوسەرەکەیەوە نیە.

ژووزفین بە چاوی لەترساندەرپەڕیوەوە، بەنیگەرانیو سەرسوڕماوی گوتی:

-کەوایە ئەتۆ ناتەوێ یارمەتیم بدەی؟

-ئەمن ئەمشەو بۆ پیرۆزبایی ساڵی نوێ دەچمە سەردانیان. هەوڵ دەدەم داوا لە ژوولی بکەم ئەم کارە بکا. بەڵام نابێ زۆرمان هیوا بەم مەسەلەیە هەبێ خاتووون.

ژووزفین کە تۆزێک ئارام ببووەوە هەستایە سەرپێو گوتی:

-دەمزانی ئەتۆ وەزعی من تێدەگەی. بەڕاست ئەتۆ بۆ هیچکاتێک نایە ماڵی تێرێز تالین؟ ئەو دوو حەوتوو لەمەوبەر بۆتە خاوەنی منداڵێکو دەبێ سەرێکی بدەی.

ژووزفین کاتێک گەیشتە شیپانەی دەرگا جارێکی دیکە گوتی:

-خانم ئەتۆ خزمێکی زۆرت لە پاریس نینو بێگومان لە تەنیایی ماندوو دەبی. دەتوانین لەم شەوانەدا پێکەوە بچینە شانۆ. تکایە لەبیرت نەچێ داوا لە خوشکت بکە بە ژۆزێف بڵێ ئەو ڕووداوە بۆ ناپلیۆن نەنووسێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیوسەعات زووتر لە وەختی خۆی چوومە شەقامی ڕووشێ. جلوبەرگی تازەو سووری ژوولی هیچ لەگەڵ ڕوخساری وی گونجاو نەبوو، چونکە ڕوخساری کەمڕەنگی ویی کەمڕەنگتر نیشان دەدا. ژوولی بە هەژانو گەرمی‌یەکی زۆرەوە ئەملاو ئەولای دەکردو ئەمبەر ئەوبەری بە ناڵی ڕەنگزیوین دەکرد کە بۆ ڕازاندنەوەی مێزی ساڵی تازەی کڕیبوونی. ئەو پێی وایە ئەو ناڵانە لەساڵی نوێدا شادیو خۆشی دەگەڵ خۆیان دێنن. ئەو پاشان ڕووی دەمن کردو گوتی:

–جێی تۆم لەسەر مێز لە تەنیشت لوویی بوناپارت داناوە، ئەم کوڕێژگە قەڵەوە ئەوەند نەزانە کە ناتوانم لە پەنا هیچ میوانێکی دابنێم.

–ژوولی، دەمەویست تکایەکت لێبکەم. داخوا دەتوانی داوا لە ژۆزێف بکەی لەبارەی شارڵ هیپوولیتو بوونی لە مالمێزۆن هیچ بۆ ناپلیۆن نەنووسێ؟

بەڵام پێش ئەوەی ژوولی وەڵامم داتەوە دەنگی ژۆزێفم لە پشتەوەی خۆم گوێ لێبوو کە دەیگوت:

–نامەی ناپلیۆن ماوەیەک پێشتر بەڕێ کراوەو باسلێکردنیشی بەرهەمێکی نیە.

ئەمن گوێم لە دەنگی پێی ژۆزێف نەببوو،و ئاگام لەوە نەبوو کە هاتبۆ ژوور. بەڵام ئەو ئێستا لەپەنا من ڕاوەستابوو خەریک بوو شەربەتی بۆخۆی تێدەکرد. کە چاوی بەمن کەوت گوتی:

–حازرم گرەو بکەم کە ئەمڕۆ ژووزفین هاتۆتە سەردانی تۆو داوای لێکردووی لەوبارەیەوە نێوبژی بکەی، وا نیە دێزیرە؟

بۆئەوەی وەڵامی نەدەمەوە شانم هەڵتەکاند، بەڵام ژۆزێف لەسەری ڕۆیشت:

–بەڵام نازانم ئەتۆ لەجیاتی کۆمەگ بە ئێمە دەتەوێ پشتیوانی لەو بکەی؟

–مەبەستت لە وشەی "ئێمە" چیە؟

–ئەمنو دیارە ناپلیۆنیش.

–ئەم داستانە پێوەندیی بە تۆوە نیە...و ناپلیۆنیش لە میسر هیچ کارێکی لەدەست نایەو ئەم کارەی تۆ تەنیا بەرهەمێکی هەیبێ ناڕەحەتو خەفەتبارکردنی ئەوە. بۆچی دەتەوێ ئازاری بدەی ژۆزێف؟

ژۆزێف بە سەرسوڕماوی چاوی لەمن کردو گوتی:

–ئێستاش خۆشت دەوێ؟ چەند خەفەتهێنە! پێم وابوو زۆر لەمێژە ئەوت لەبیر چۆتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-لەبیرچوونەوە؟ هیچکەس ناتوانێ یەکەمئەڤینی خۆی لەبیر بەرێتەوە. هەرچی ناپلیۆنە... بەدەگمەن لەوانەیە بیری لێبکەمەوە. بەڵام داخوا دەتوانم ئەو خۆشیو ناخۆشییانە لەبیر بکەم کە لەبەر وی تووشم بوون؟

ژۆزێف کە وا دیار بوو ئەم وتووێژەی پێخۆشە، لێی زیاد کرد:

-بەمجۆرەش دەتەوێ پێشی دڵئێشانو ڕەنجکێشانی بگری؟

-دیارە چونکە بۆخۆم ماناو نێوەرۆکی ڕەنجکێشان دەزانم.

-بەڵام نامەی من ئێستا لەڕێگادایە.

-کەوایە جێیەکیش بۆ باسی زیاتری ئێمە نیە.

ئەو دوایە لەحاڵێکدا پەرداخەکانی پڕ دەکرد، بانگی منو ژوولیی کرد بۆئەوەی جێژنی ساڵی نوێ پێکەوە دەست پێبکەین. تەنیا بۆ ئەرکبەجێهێنانو ڕواڵەتپاراستن بۆلای چووم بەڵام هێشتا دەستم بۆ پەرداخەکە نەبردبوو کە هەستم بە شێواویو دڵشێوان کردو بەپەلە پەرداخەکەم لەسەر مێزەکە دانا. ژوولی بە پەرێشانیو سەرسوڕماوی هاواری کرد:

-حاڵت باش نیە دێزیرە، بۆچی ڕەنگت شین هەڵگەڕاوە؟

دڵۆپە ئارەق نیشتبوونە سەر نێوچاوانم. بۆیە خۆم هاویشتە سەر یەکێک لە مۆبڵەکانو سەرم ڕاوەشاندو گوتم:

-نا، نا. شتێک نیە هێندێ جار تووشی ئەم حاڵەتە دەبم.

بە چاوی نووقاوەوە لەسەر مۆبڵکە کەوتبوومو گوێم لە دەنگی ژۆزێف بوو کە دەیگوت:

-ڕەنگە دووگیان بێ؟

ژوولی شتی وای بە نامومکین دەزانیو لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر شتی وا هەبایە بێگومان ئەو دەیزانی. ژۆزێفیش جارێکی دیکەو هەروەک عادەتی بوو لێی زیاد کرد:

-ئەگەر وەزعی باش نەبێ دەبێ دەسبەجێ خەبەر بە بێرنادۆت بدەین.

بەپەلە چاوم هەڵێنانو گوتم:

-ئێوە هەقی ئەوەتان نیە ژۆزێف، هەرگیز وشەیەکیش لەوبارەیەوە بۆ ئەو نانووسن. دەمەوێ ئەو خۆشحاڵ بێ نەک نیگەران.

-بەچ ئامرازێکو بۆچی؟

-بە کوڕێک.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژوولی که لەپێ کەوتبوو منی دەباوەش گرتو ژۆزێف گوتی:

–بەڵام لەوانەیە منداڵەکە کچ بێ.

–نا. کوڕ دەبێ چونکە بێرنادۆت پێیخۆشە کوڕی هەبێو ئێستا باشترە بچمەوە ماڵێ. هیچ پێویست نیە ئێوە ناڕەحەت بن. تەنیا دەمەوێ لەسەر جێگا بمو شەوی ساڵی نوێ بخەوم.

لەحاڵێکدا ژوولی بەچاوی تەڕەوە تەماشای دەکردم ژۆزێف بە پێکەنینەوە گوتی:

–بژی زنجیرەی بێرنادۆتەکان!

ئەمن خۆشحاڵ لەو ڕەفتارەی ژۆزێف بەرەو ماڵ وەڕێ کەوتم. بەڵام بەداخەوە زەنگی کلیساکان نەیهێشت بخەوم. ئێستا ئەوان بێدەنگ بوونو حەوتەمین ساڵی کۆماری فەڕانسە دەستی پێکردوەو لە سووچێکی دیکەی وڵاتی ئەڵمان ژان باتیست دەگەڵ ئەفسەرانی ستادەکەی هاتنی ساڵی نوێیان کردۆتە جێژنو لەوانەیە ئەوانیش ئارەزووی خۆشبەختیو شادمانییان بۆ خانمی بێرنادۆت کردبێ. بەڵام ئەمن. ساڵی نوێ دەگەڵ تەنیایی خۆم دەست پێدەکەم، تەنیا تەنیا...بەڵام ئەی میوانە چکۆڵەی من کە هێشتا پێت نەناوەتە دونیای بوونەوە، ئەمنو تۆ پێکەوە ئەم ساڵە دەست پێدەکەین. بەئاواتی خۆشترین ڕۆژەکان بۆ بنەماڵەی بێرنادۆت.

***

١٤

سوو، دەوروبەری پاریس. چواری ژووئیەی ١٧٩٩. حەوتەمین ساڵی شۆرش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەشت سەعات پێش ئێستا بوومە خاوەنی کوڕێک. کوڕ بە تووکەسەرێکی وەک شەوە ڕەش‌و وەک ئاوریشم نەرمەوە، بەڵام ماری دەڵێ ئەم مووانە هەموو دەوەرن. چاوەکانیشی شینێکی تێرن‌و دیسان ماری پێی وایە چاوی هەموو منداڵان ئەو ڕەنگەیە.

ئەوەندە کزو لاواز بوم کە هەموو شتێک لەبەر چاوم هەڵدەپەڕێ‌و ئەگەر دەوروبەرم پێ‌بزانن کە ماری دەفتەری بیرەوەری‌یەکانمی بۆ هێناوم بێ‌گومان تووڕە دەبن. مامانەکە پێی وابوو ئەمن ناژیم بەڵام پزیشک بەپێچەوانە هیوای بە ڕزگاربوونم هەبوو. خوێنڕێژیی زۆر لەپێی خستبووم‌و ئەوان بە جۆرێک بە بەرزڕاگرتنی جێی لاقانم هەوڵیان دەدا پێشی بەردەوامیی خوێنڕێژی‌یەکە بگرن.

لەنەکاو دەنگی ژان باتیستم لە دەرێ‌ڕا بەر گوێ کەوت. ژان باتیستی خۆشەویست...

***

## ١٥

**سوو. دەوروبەری پاریس. حەوتوویەک دواتر**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا ئیدی مامانەکەشم کە وەک دێوەزمەیەکم دەهاتە بەر چاو گومانی مردنمی لەسەری خۆی دەرکردوە. باڵنجیان لە چواردەورم داناون‌و ماری بەردەوام خواردنی دڵخوازی خۆمم بۆ دێنێ. شەوو ڕۆژ وەزیری بەرگریی فەڕانسە لە پەنا تەختەکەم دادەنیشێ‌و لەبارەی چۆنیەتیی پێگەیاندنی منداڵەکەمانەوە باسم دەگەڵ دەکا.

ژان باتیست دوو مانگ پێشترو لە هەلومەرجێکی دوور لە باوەڕدا هاتەوە پاریس. لە ساڵی نوێدا جارێکی دیکە نامەم بۆ نووسی، بەڵام زۆر کورت‌و دوور لە تامەزرۆیی‌و هەژان. چونکە نەکەهەر دڵم لێی ئێشابوو بەڵکوو لە قووڵایی ناخمدا هەستم بە ڕقوقین دەکرد. لە مۆنیتۆردا خوێندبوومەوە کە لە هەلومەرجێکدا تەنیا بە سێ‌سەد سەرباز توانیویەتی شاری فیلسبوورگ بگرێ کە هەزارو پێنسەد سەرباز بەرگری‌یان لەم شارە کردوە. ئەو دوای گرتنی ئەو ناوچەیە ستادی فەرماندەری‌یەکەی لە مەڵبەندێک بەناوی ژێرمەر هایم جێگیر کردوەو پاشان ڕووی کردۆتە مانهایم‌و دوای گرتنی شار بەکردەوە بۆتە فەرمانڕەوای مەڵبەندی هێس. ڕەفتاری وی دەگەڵ ئەڵمانی‌یەکان لەسەر بناخەی قانوونەکانی کۆمار بوو،و هێندێک سزای وەک شێللاق‌لێدان‌و تەنگ‌پێهەڵچنینی یەهوودی‌یەکانی هەڵوەشاندبوونەوە. هەربۆیەش چەند سوپاسنامەی لە زانکۆکانی هایدل‌بێرگ‌و گیزنەوە بۆ هاتن. ئەڵمانی‌یەکان خەڵکێکی سەیرن، هەتا ئەوکاتەی شکستیان نەهێناوەو شارەکانیان نەگیراون زۆر خۆبەزل‌زانن‌و خۆیان بە ئازاترین خەڵکان دەزانن‌و بۆ ئەوکارەشیان پاساوی باوەڕپێ‌نەکراوو دوور لەگومان دێننەوە. بەڵام ئەوکاتەی تێ‌دەشکێن بە ناڵینەوە لەحاڵێکدا ددان لە حکوومەتی خۆیان دەچیرەوە دەبەن وا دەنوێنن کە لەپێشدا پێوەندی‌یان دەگەڵ دوژمنەکانیان هەبووە.

دوایە ژان باتیست بە فەرمانی باراس گەڕایەوە پاریس‌و فەرماندەریی یەکەکانی دا بە ژەنراڵ مەسنا. ڕۆژێک پاش‌نیوەڕۆیە لەپەنا پیانۆ دانیشتبووم‌و وەک زۆربەی کاتەکان خەریکی ڕاهاتن لەسەر یەکێک لە بەرهەمەکانی موززارت بووم کە تەنیا دەم‌توانی بەشێکی بەباشی لێ‌بدەم، دەرگاکەی پشتەوەم کرایەوەو ئەمن بەگومانی ئەوەی ماری‌یە دێتە ژوورێ گوتم:

–ئەمە هەر ئەو بەرهەمەیە کە بۆ سەرسوڕماوکردنی ژەنراڵ فێری بووم. ئەتۆ پێت باشە؟

–زۆر بەرزە دێزیرە!و بەڕاستی ژەنراڵ بەبیستنی سەرسامە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەمجۆرە تێگەیشتم کە ژان باتیست هاتۆتەوە ماڵێو دەڵێی هەرگیز ئەو ماوەیە لەیەکتر دوور نەبووین.

کاتێک خەریکی ڕێککردنی مێزی قاوە بووم، تینم بۆ مێشکی خۆم دێنا تا ڕێگایەک بۆ گێڕانەوەی داستانی منداڵداربوونمان بدۆزمەوە. بەڵام چاوە تیژبینەکانی وی لەو بەشەش غافڵ نەبوون. بۆیە پرسی:

-کچی چاک پێم بڵێ بزانم بۆچی بۆت نەنووسیم کە چاوەڕوانی کوڕێکی؟

ئەو تەنانەت فکری ئەوەشی بەمێشکدا نەدەهات کە کچمان ببێو هەر بیری لێنەدەکردەوە.

بە ڕوویەکی ترش و لەحاڵێکدا هەوڵم دەدا تووڕە دیار بم ڕووبەڕووی ڕاوەستامو گوتم:

-چونکە نەمدەویست مامۆستا نسحەتکارەکەم نارەحەت بکەم، چونکە دیار بوو هەرچی ببێتە هۆی پەککەوتنی دەرسەکانم تۆ نارەحەت دەکا. بەڵام نارەحەت مەبە جەنابی ژەنراڵ، منداڵەکەت لەزگی دایکیدا هەموو دەرسەکانی ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتیی بەڕێز مۆنتێل بەباشی فێر بووە.

ژان باتیست بە ئاگاداربوون لەم وەزعە داوای لێکردم چوونی قوتابخانە ڕابگرم. ئەو تەنانەت کەمتر ڕێگای دەدام لە ماڵێش دەرکەوم چونکە نیگەران بوو کە نەکا ئەم جموجۆڵانە لەشساغیم بخەنە مەترسییەوە.

ئەم ڕۆژانە لەپاریس لە هەموو جێیەک باس لە قەیرانێکی نێوخۆییو یاخیبوونێکی ترسناک دەکرا. یاخیبوونگەلێک کە هێندێکیان لەلایەن شاپەرستانەوە ڕێکخرابوون کە بەرەو ئەوە دەچوون دووبارە بە دەسەڵات بگەنەوە. ئەوان نەک وەک ڕابردوو بەڵکوو بێ هیچ ترسوخۆفێک دەگەڵ نەجیبزادەکانو شاپەرستانی ئاوارە کە بە دوژمنانی ڕەسمیی کۆمار دەژمێردران نامەیان پێک دەگۆڕینەوە. هێندێ یاخیبوونی دیکەش لەلایەن هێزە چەپئاژۆکانو ژاکووبییەکانەوە دەرکەوتبوون. دیارە ئەمن هیچکاتێک زۆرم گوێ نەدەدایە ئەو مەسەلانەو بیرم لێنەدەکردنەوە. گوڵو خونچەی سپیو جوان، داری بەڕووە خاسەی داپۆشیوەو ئەمن لەژێر لکی سەرەکیو گەورەی دانیشتبوومو خەریکی ئامادەکردنی پێداویستییەکانی منداڵەکە بووم. ژوولییش لە پەنام دانیشتبوو خەریکی دوورینی بەرگە باڵنجی کوڕەکەم بوو. ئەو هەموو ڕۆژێ دەهاتە سەردانم بەو ئومێدە کە بەڵکوو ئەم نەخۆشییە لێکگرتنەوەی هەبێو ئەویش تووشی بێ چونکە لەمێژ بوو ئاواتی بوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منداڵێک ڕووحو گیانیی تواندبۆوە. دیارە بۆ ژوولی جیاوازیەک لەنێوان کچو کوڕدا نەبوو، ئەو تەنیا ئاواتی منداڵی هەبوو، ئێستا هەرچی دەبێ با ببێ. بەڵام بۆ بەدبەختی ئێستاش کە ئێستایە ژوولی نەیتوانیوە منداڵی ببێ.

پێشتر دوانیوەڕۆیان، ژۆزێفو لووسین بوناپارت بە تامەزرۆیی دەگەڵ ژان باتیست دادەنیشتنو وتووێژیان دەکرد. وام دەهاتە بەرچاو کە باراس هێندێ پێشنیاری پێکردوە، بەڵام ئەو بە دڵئێشاوی خۆی لە قبووڵکردنی پێشنیارەکانی بوارد. ئێستا ئەنجومەنی نیشتمانیی فەڕانسە یان دیرێکتوار پێنج ئەندامی هەن بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستەکانی باراسدا خڕ بۆتەوە. زۆربەی گرووپە سیاسییەکانی پابەندی کۆمار دڵیان بە سەرانی وڵات خۆش نیەو دژی ئەندامانی کەموزۆر گەندەڵی دیرێکتوارن. باراس هیوادارە وەک هەمیشە سواری شەپۆلی ڕووداوەکان بێو بە سوودوەرگرتن لەم هەلومەرجە سێکەس لە پێنج ئەندامی دیرێکتوار لە مەیدانی دەسەڵات ووەدەر نێو پێیخۆشە بۆخۆی بەهاوکاریی ژاکووبی پیەر سییەز کاروباری وڵات بەڕێوە بەرێ.

چونکە باراس دەترسا نەوەکا یاخیبوونەکان بگەنە کۆدیتا، بۆیە داوای لە ژان باتیست کردبوو نەخشی ڕاوێژکاری سەربازیی ئەو بگرێتە ئەستۆ. بەڵام ژان باتیست ملی بەو داخوازە نەداو پێشنیارەکەی ڕەت کردەوەو گوتی باراس بۆخۆشی دەبێ پەیڕەوی قانوونی بنەڕەتی بێو ئەگەریش پێویست بێ ئاڵوگۆر پێکبێ دەبێ نوێنەران لەوبارەیەوە بڕیار بدەن.

ژۆزێف هاوسەرەکەمی بە شێت ناو دەبردو هاواری دەکرد کە:

–ئەتۆ دەتوانی سبەیڕۆژێ ببیە خاوەنی دەسەڵاتی بێسنوور لە فەڕانسە، ئەتۆ بەکۆمەگی ئەو هێزانەی لەژێر فەرمانتدان...

–تەواو ڕاستە. بەڵام ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە دەبێ خۆی لێبپارێزین. بەڕێز بوناپارت وا دیارە ئەتۆ لەبیرت چۆتەوە کە ئەمن کۆمارخوازێکی بەباوەڕو دەروەستم.

لووسین بە دەربڕینێکی کورت وەڵامی دایەوە:

–بەڵام پێت وانیە کە قازانجی کۆمار لەوەدا بێ کە لە هەلومەرجی شەڕدا کەسێکی نیزامی سەرۆکایەتیی حکوومەتی بەدەستەوە بێ... یان بە دەربڕینێکی باشتر پشتیوانی حکوومەتو کۆمار بێ.

ژان باتیست سەری ڕاوەشاندو لە وەڵامدا پێیگوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–هەرجۆرە گۆڕانێک لە قانوونی بنەڕەتی‌دا بەشێکە لە دەسەڵاتی خەڵک. وڵاتی ئێمە دوو مەجلیسی هەن، یەکیان مەجلیسی ڕاوێژە کە پێنسەد ئەندامی هەیەو ئەتۆ خۆشت یەک لەوانی‌و ئەوی دیکە مەجلیسی پیران کە ئەگەر تەمەنت بڕواتە سەرێ دەتوانی ببیە ئەندامی. ئەوە نوێنەرانی مەجلیسن کە لەو بارانەوە دەبێ بڕیار بدەن‌و بەهیچ‌جۆر ئەمە ئەرکی هێزە نیزامی‌یەکان یان یەکێک لە ژەنراڵەکان نیە. بەڵام ئەمن لەوە دەترسم کە ئەم وتووێژانەمان خانم ماندوو بکەن. بەڕاست دێزیرە ئەوە چیە دەی‌دووری؟ زۆر چووکەلەیەو زۆرتر وەک بووکەڵەی منداڵان دەچێ؟

–کراسێکی چووکەڵەیە بۆ کوڕەکەی تۆ ژان باتیست.

دەوری سێ‌حەوتوو لەمەوبەر باراس توانی سێ‌کەس لە هاوکارەکانی لە دیرێکتواردا لەسەر ڕێی خۆی لابەرێ. ئێستا ئەوو سی‌یەز حکوومەتیان بەدەستەوەیە. گرووپە سیاسی‌یە چەپەکان کە دەسەڵاتێکی پتریان هەیە خوازیاری هەڵبژێرانی وەزیرگەلی تازەن. وەزیری کاروباری دەرەوە، تالیران جێگای خۆی دا بە ڕێنار باڵیۆزی فەڕانسە لە جینواو بەڕێز کامباسێر ناودارترین‌و بەسەلیقەترین پارێزەری ئێمە کرا بە وەزیری داد. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە وڵات لە بەشێکی زۆری سنوورەکان‌دا شەڕێکی هەمەلایەنەی بەملەوەیە، تەواوی بەرنامەکانی حکوومەتی کۆماری پێوەندی‌یەکی توندوتۆڵیان دەگەڵ وەزعی سوپا هەیەو باش‌بوونی سوپاش بەستراوەتەوە بە چۆنیەتیی دیاریکردنی وەزیری بەرگری.

ڕۆژێکیان بەیانی، زوو، پەیامهێنێک لە کۆشکی لووکزامبوورگەوە پەیامی بۆ ژان باتیست هێنا کە دەبێ چەندی بکرێ زووتر چاوی بە ئەندامی بەرچاوی حکوومەت بکەوێ. ژان باتیست دەسبەجێ بەرەوشار وەڕێ کەوت‌و ئەمن تەواوی ئەو ڕۆژە لەبن بەڕووە خاسەکە دانیشتم؛ بەڕاستی لەخۆم بێزارو تووڕە ببووم. شەوی پێشتر لە دانیشتنێک‌دا نزیکەی نیوکیلۆم گێلاس خواردبوو،و ئێستا هەستم دەکرد گەدەم ئاڵۆزە. کەم‌کەم هەستی ناڕەحەتی‌یەکەم زیادی کردو لەنەکاو ژانێکی توندو کوشەندە بەسەرم‌دا زاڵ بوو وەک چەقوویەکیان دەزگمڕا کردبێ. هەرچەند ئەم ئازارە زۆری نەخایاند بەڵام بەتوندی لەپێی خستمو توانای جووڵانی لێ‌ئەستاندم. ئای بەڕاستی ئەم ئازارە کوشەندە بوو. بەناچاری بانگی ماریم کرد:

–ماری... ماری...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماری بەپەلە هاتە بن سەرمو چاوێکی لە ڕوخسارم کردو گوتی:

–چەندی زووە دەبێ بچیە سەر جێگا هەتا فێرناندی بەدوای مامان‌دا دەنێرم.

–بەڵام ئەم ئێشە هی گێلاسەکانی دوێشەوە.

ماری بێئەوەی گوێ بداتە قسەی من، لەحاڵێکدا قۆڵی گرتبووم منی بردەوە ژوورەکەم. ئێستا ئیدی نیشانەیەک لەو ئازارە توندە نەبوو، و تاڕادەیەکی زۆر کەمی کردبوو، بۆیە توانیم خێرا لە پلیکانەکان وەسەر کەوم. گوێم لە دەنگی ماری بوو کە بانگی فێرناندی دەکرد. لەبیرم چوو بڵێم کە فێرناند چەند ڕۆژ پێشتر دەگەڵ ژان باتیست لە ئەڵمان گەڕابۆوە. ماری وەختێک هاتەوە ژووری بۆلای من، گوتی:

–ئاخرەکەی ئەم کابرایە بەکەلکی کارێک هات.

ئەو پاشان سێ مەلافەی لەسەر تەختەکە ڕاخستو هەتا ویستم بڵێم ئەم ئازارە هی گێلاسەکانی دوێشەوە جارێکی دیکە ژانەکە توند بۆوەو دەتگوت چەقوویەک لە پشتەوەڕا دە کەلەکەی ڕاستم ڕۆکراوە لەپێش‌دا لە تاوی ئازارەکە هاوارم کردو دوایە دەستم کردە گریان.

ماری هەرچەند شێواوو نیگەران بوو بەڵام بە حاڵەتی فەرماندەرانە گوتی:

–شەرم ناکەی؟ بۆ دەگری، بەسە ئیدی.

–ژوولی لە کوێیە... ژوولیم دەوێ... خەبەری بدەیە، ئەگەر لێرە بێ لە دەردی من حاڵی دەبێ.

لەوکاتەدا فێرناند دەگەڵ ژنە مامانەکە هاتەوەو ماری دەسبەجێ ئەوی بەدوای ژوولی‌دا نارد. چمامانێک! بێگومان لە هیچکوێی دنیا مامانی وا نیە. ئەو چەند جار لەو مانگانەی دوایی‌دا منی دیتبوو، و هەمیشەش مایەی ترسانم ببوو. ئەو دێوە سامناکەکانو داستانی پەری‌یانی وەبیر دێنامەوە. دێوێک بەباسکی سوورو ئەستوورو ڕوخساری سوورو ترسناکو سمێڵێکی ڕاستەقینەوە. ئەوەی لە ڕوخساری ئەو دێڵەدێوەدا لە هەموو شتێک پتر دزێوو ترسناک بوو لێوە سوورو ماتیک‌لێدراوەکانی بوون. جووتە لێوێکی سوور لەبن جووتە سمێڵێکی ڕەش‌دا. قژە خۆڵەمێشی‌یەکانیشی بە کڵاوێکی ئاوریشمی سپی داپۆشرابوون.

دێڵەدێو بە حاڵەتێکی تێکەڵ بە ڕێز چاوێکی لێ‌کردم. لە نیگای‌دا هەستم بە جۆرێک سووکایەتی کردو بەناچار پرسیم:

–دەبێ جلەکانم داکەنمو بچمە نێو جێگا؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–هێشتا وەختمان هەیە. ئەمە سەرەتای کارەو زۆری ماوە تەواو بێ.

کاتێک ماری وەبیری هێنایەوە کە ئاوی کوڵیوی ئامادە کردوە، دیڵەدیو چاوێکی لێکردو پێیگوت باشترە لەجیاتی پەلەکردن لە ئاوی کوڵیو لەفکری ئەوەدا بی قاوەیەکی بۆ سازبکەی. ماری کە پێی وابوو ئەو قاوەی بۆ من دەوێ زوو لە هەڵەی خۆی هاتە دەرێو دیوەزمە بە حاڵەتێکی تایبەتی گوتی:

–نا، نەک بۆ گەرمکردنەوەی خانم بەڵکوو قاوەیەکی گەرمو خەست بۆ ئارامکردنەوەی خۆم.

ئەو دوانیوەڕۆ درێژو ماندووکەرە گەیشتە خۆرئاوایەکی درەنگتێپەڕو بەئازارو خۆرئاوا بوو بە شەوێکی بێبڕانەوە. دوایە بەیانییەکی شادیبەخش بوو بە نیوڕۆیەکی گەرمو دیسان خۆرئاواو شەوێکی دیکە. بەمجۆرە سەعاتەکان بەدوای یەکدا تێپەڕینو ئیدی ئەمن توانای تێگەیشتنی زەمانم لەدەست دابوو. بەڵام ئەو ژانە کوشەندەیە لە پێوانی جەستەی من ماندوو نەدەبوو،و هەردەمە لەلایەکەوە منی دەخستە نێو چەنگاڵی ژەهراویی خۆی. دەنگی هاوارێکم لە دوورەوە دەبیستو یەکێک پەیتاپەیتا هاواری دەکردو هاواری دەکرد. بۆ دەمەساتێک هەموو شتێک لە تاریکییەکی بێبڕانەوەدا نوقم بوو، لەو دەمەدا بوو کە شەربەتێکی سووتێنەر بە گەرووما تێپەڕی بەڵام هێزی قووتدانیم نەبوو. ئیدی توانای هەناسەدانم نەمابوو، دەتگوت کەوتوومە گێژاوی لەنێوچوونو نەبوونەوە بەڵام ژانێکی تازە منی لەو گێژاوە هێنایە دەر. هەستم دەکرد ژوولی لەپەنامەو یەکێک بەردەوام گۆناو نێوچاوانی شەلاڵی ئارەقمی وشک دەکردەوە بەڵام ئەو جۆگەلە لەبڕانەوەنەهاتووەی ئارەق هەروا لە نێوچاوانم هەڵدەقوڵیو دەڕژایە سەر ڕوخسارم. جلەکانم بە لەشمەوە چەسپابوون. دەمتوانی دەنگی ماری ببیسم کە دەیگوت:

–ئووژنی! ئەتۆ دەبێ کۆمەگمان بکەی ئازیزم، دەبێ کۆمەگ بکەی ئووژنی...

دێوەکە لەسەر سەرم ڕاوەستابوو تارماییەکەی وەک دۆڵپا قورسایی دەخستە سەرم. سێبەرەکەی لەسەر دیوار وەک شەیتان سەمای دەکردو دەتگوت شۆقی هەزاران مۆم هەموو جێیەکی ڕوون کردۆتەوە. بەڵام جارێکی دیکەو لەنەکاو تاریک داهاتەوەو هەموو شتێکو هەموو جێیەکی داگرت...

دوور کەونەوە، لەکۆڵم بنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمە دەنگی من بوو کە بە ناڵینەوە ئەم وشانەم بەزماندا دەهاتن. ئەوان هەموویان کشانەوەو دوایە ژان باتیست لەسەر لێوی تەختەکەم دانیشتو دەستی لەسەر نێوچاوانم دانا. جارێکی دیکە ئەو ژانە کوشەندەیە هاتەوە بەڵام ژان باتیست هەروا لەپەنام بوو.

–بۆچی ئەتۆ لەپاریس نی... لە کۆشکی لووکزامبوورگ... چما لە دوایان نەناردبووی؟

–چما نازانی ئێستا شەوە.

–دووبارە بەنیازی بڕۆی، بڕۆی بۆ شەڕ؟

–نا.نا. ئەمن هەرگیز ناچمە هیچکوێ. لێرە دەبم، لە پەنا تۆ. هەر لێرە...

بەڵام ئیدی لەوە زیاتر گوێم لە هیچ نەبوو، جارێکی دیکە ئازار بە لەشمدا هاتو تەواوی جەستەمی پێوا. لە دەریای ژانو ئازاردا نوقم بووم.

جارێکی دیکە ژانەکە ئارام بۆوەو هەستم کرد حاڵم باشتر دەبێ بەڵام ئەوەندە هیلاک بووم توانای بیرکردنەوەشم نەبوو.

دەتگوت لەسەر لانکەی شەپۆلان خەوتووم، بێئەوەی هەستێکم هەبێو بێئەوەی شتێک ببینم یان ببیسم... بەڵام نا دەمبیست... گوێم لێبوو کە...

–داخوا دوکتۆر لێرە نیە؟ ئەگەر لێرە نەبێ دەترسم درەنگ ببێو کار لەکار بترازێ.

دەنگێک، دەنگێک لە دوورەوە کە نەمدەناسی. بەڵام دوکتۆر بۆچی؟ هەستم دەکرد حاڵم باشەو لەسەر شەپۆلان دەڕۆم، ڕووباری سێن بە کۆمەڵێک شۆقەوە کە سەمایان لەسەر دەکرد... قاوەیەکی گەرم گەرووەمی ئاور تێبەردا، جارێک چاوم تروکاند.

–ئەگەر دوکتۆر چی زووە نەگاتێ...

ئەمە دەنگی دێوەکە بوو. چەند گەپچارە، بەڕاستی کە... هیچوەخت بیرم نەدەکردەوە ئەو دەنگی وا بێ. بۆچی وا شڵەژاوە؟ چما هەموو شتێک بەزوویی‌و بەئارامی تەواو نابێ...

لەمکاتەدا دەنگێکی پیاوانەم بەرگوێ کەوت، دەنگێک لە شیپانەی دەرگای ژوورەکەوە:

–جەنابی وەزیری بەرگری، تکایە لە ژووری دانیشتن چاوەڕی بە. ئارام بە قوربان. ئەمن دڵنیات دەکەم جەنابی وەزیر...

چوەزیرێک؟ وەزیری بەرگری لێرەو لە ژووری من چدەکا؟

گوێم لە دەنگی ژان باتیست بوو کە سوپاسی دوکتۆری دەکرد یان تکای لێدەکرد... ناڵاندم مەڕۆ... لێرە بە ژان باتیست، لەلای من... مەڕۆ ژان...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەستم کرد شتێکی تیژ وەلەشم کەوت، لێدانی دەرزیەکو بەدوای‌دا چەند دڵۆپ کامفێری دەگەروو کردمو دواتر فەرمانی بەو دێوە کرد شانەکانم هەڵێنێ. جارێکی دیکە وشیار ببوومەوە. ماری‌و ژوولی لە دوولای نوێنەکەم ڕاوەستابوونو مۆمدانیان بەدەستەوە بوو، پزیشک پیاوێکی وردیلەو کزەڵە بوو کە جلێکی تاریکی دەبەردا بوو. خەرمانەیەک دەوری ڕوخساری دابوو لەوانەشە سێبەری کەوتبێتە سەر بەڵام شتێک لەنیو دەستانی‌دا دەبریسکایەوە؛ چەقوویەک! بەخۆم نەبوو هاوارم کرد:

–ئەم چەقووە چیە؟

ئەوە دەنگی ماری بوو کە بۆی ڕوون دەکردمەوە ئەوەی دیومە چەقوو نیە ئامرازێکە بەناوی فۆرسپێس کە وەختی منداڵبوون کەلکی لێوەردەگیرێ.

–هاوار مەکە ئیوژنی! ئارام بە ئازیزم!

بەڵام ڕەنگە ئەوەی دیتبووم چەقوو بووبێ. جارێکی دیکە ژانێکی گیانتەزێن جەستەمی داگرت. ژانێکی سەخت وەک جارەکانی پێشوو، توندو توندتری کردو ئێستا ئیدی ئەو ژانە سامناکە بڕانەوەی نەبوو. دەتگوت پەیکەرم کوت‌کوت دەکەنو سەرەنجام ژانەکە ئەوەندە توندی کرد کە هیچ حاڵی نەبووم.

ئەمجار دەنگی دێوەکەم بیست کە دەیگوت:

–ئاخری کارە دوکتۆر موولین.

–هاونیشتمان ئەگەر خوێنەکە ڕاوەستێ شانسی ڕزگاربوون هەیە.

دەنگێکی وەکوو ناڵە دە ژوورەکە گەڕا، وەک قیژاندنو زۆر بەرز. هەوڵم دا چاو بکەمەوە بەڵام دەتگوت پێڵووەکانم بەسەر یەکدا چەسپاونو بەتوندی قورسایی‌یان دەنواند.

گوێم لە دەنگی هەنیسکی گریانی ژوولی بوو کە دەیگوت:

–ژان باتیست... کوڕە، کوڕێکی چووکەڵەو لەبەردڵان.

دوای ماوەیەک توانیم چاو بکەمەوە، هەتا توانیم چاوم داپچڕین. ژان باتیست ببووە خاوەنی کوڕێکو ژوولی بەستەیەکی چکۆڵەی سپیی بە باوەشەوە بوو، ژان باتیستیش لە پەنای ڕاوەستابوو.

–چەند چکۆڵە، منداڵێکی چکۆڵە.

ئەمە دەنگی پڕلە شادی‌و خۆشیی ژان باتیست بوو. ئەو ئاوڕی دایەوەو هاتە کن تەختەکەی من. لە پەنا تەختەکە چۆکی داداو دەستی بەسەر دەستی مندا هێنا. ڕوومەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەکەتو نەتاشراوی زبرو هەر لەوکاتەدا بە فرمێسک تەڕ بوو. چما ژەنراڵەکانیش دەگرین؟

–ئێمە کوڕێکمان بووە دێزیرە! کوڕ بەڵام زۆر زۆر چکۆڵە.

ئەمن بە لێوێکی وشکو بریندار بەو هەموو گازلێگرتنەو بە زەحمەتێکی زۆر گوتم:

–هەموو منداڵێک ڕۆژی یەکەم چکۆڵەیە.

ژوولی بەستەکەی بەمن نیشان دا. دەموچاوێکی سوورەساقە بە جووتە چاوێکەوە کە جارجار دەکرانەوەو دوایە دەگەڵ هاوارێک وێک دەهاتن. ئەم ڕوخسارە چووکەڵەیە بەچاوێکی تووڕەو شەڕانی تەماشای دەوروبەری دەکرد، وا دیار بوو لە هاتن بۆ ئەو دنیا نەناسراوە زۆر خۆشحاڵ نیە.

لەم کاتەدا دوکتۆر ڕووی کردە ئەوانەی لە ژوورەکە بوونو گوتی:

–دەبێ تکا لە هەمووانتان بکەم بچنە دەرێ چونکە هاوسەری وەزیری بەرگریی ئێمە پێویستیی بە حەسانەوە هەیە.

–هاوسەری وەزیری بەرگری؟ مەبەستی من بووم ژان باتیست؟

–بەڵێ دێزیرە! ئەمن لە دوێنێوە بە وەزیری بەرگریی فەڕانسە هەڵبژێراوم.

–ئەمنیش هێشتا پیرۆزباییم لێنەکردووی.

–ئەتۆ لەوە گرفتارتر بووی کە دەرفەتێکی وات هەبێ.

ژوولی بەستە سپی‌یەکەی دەلانکە ناو هەموویان جگە لە دوکتۆرو دێڵەدێو چوونە دەرێو تاوێک دواتر ئەمن خەوم لێکەوتبوو.

ئۆسکار! ناوێکی تازەو تەواو نائاشنا، ناوێک کە پێشتر هەرگیز نەمبیستبوو. دەگەڵ ئەوەی تازەش بوو زرینگانەوەیەکی خۆشی هەبوو. زۆر وێدەچوو لە ناوەکانی خەڵکی شیمال بێ. کەوایە کوڕەکەم ناوێکی شیمالیی هەبوو پێیان دەگوت ئۆسکار. هەڵبژاردنی ئەم ناوە دیاریی ناپلیۆن بوو. ئەو پێی دادەگرت کە دەبێ باوکی "تعمیدی"ی ئەم کوڕیژگەیە بێ. ناوی ئۆسکار لە بیابانو لەکاتی خوێندنەوەی کتێبی "ئوسیان" دا چووبووە مێشکیەوە. کاتێک لە یەکێک لە نامە دوورودرێژەکانی ژۆزێف دا خوێندبوویەوە کە ئەمن چاوەڕوانی کوڕێکم دەسبەجێ لە وەڵامدا نووسیبووی:

"ئەگەر ئەو منداڵە کوڕ بوو ئووژنی دەبێ ناوی بنێ ئۆسکارو دەمەوێ بۆخۆم باوکی تەعمیدیی ئەو بم."



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژان باتیست هەرچەند دەبوو لەو بارەیەوە نەزەر بدا بەڵام بێ هیچ دژایەتییەک ئەو پێشنیارەی قبووڵ کرد. کاتێک ئەو نامەیەمان بە ژان باتیست نیشان دا، پێکەنیوگوتی:

دەبێ ڕێز بۆ داوای کۆنە خوازبێنیکەرەکەت دابنێین کچە چکۆڵەکەی من! ئەوەندەی پێوەندیی بە منەوە هەیە ئەو دەتوانێ باوکی تەعمیدیی ئەم کوڕیژگەیە بێو ژوولی لە ڕێوڕەسمی تەعمیددا دەبێتە نوێنەریو ناوی دەنێ ئۆسکار.

لەو دەمەدا ماری کە هاتبووە ژوورێ بێئەوەی لە غەمی ئەو مەسەلانەدا بێ گوتی:

–ئەم ناوە زۆر ناشیرنە.

ژوولی کە بۆخۆی لەسەر نامەی ناپلیۆن ئەم پێشنیارەی هێنابووە گۆڕێ وەڵامی دایەوە:

–ئۆسکار ناوی یەکێک لە قارەمانە ئەفسانەیییەکانی شیماڵە.

چاوێکم لەو ڕوخسارە چکۆڵەیە کرد کە لەنێو پارچە سپییەکانی پەنای خۆمدا لێم دیار بوو،و گوتم:

–بەڵام کوڕی من نە شیماڵییەو نە قارەمانێکی ئەفسانەیی.

ئیدی ئەو ڕوخسارە چکۆڵەیە وەک چەند دەقیقە پێشتر سوورکارە نەبوو،و مەیلەو زەرد بوو. بۆیە پێم وابوو ڕەنگە زەردوویی گرتبێ بەڵام ماری گوتی منداڵان کاتی لەدایکبوون تووشی ئەم حاڵەتە دەبنو پاش چەند ڕۆژ بۆخۆی لەنێو دەچێ.

ژان باتیست کە مەسەلەی ناولێنانەکەی بە کۆتاییهاتوو دەزانی گوتی:

–بە باوەڕی تۆ ئۆسکار بیرنادۆت ناوێکی بەرچاوو لەزارانخۆش نیە؟ بەڵام باسی خۆمان بکەین ئەگەر وەزعی تۆ کۆمەگ بکا پازدە ڕۆژی دادێ دەگوێزینەوە خانووە تازەکەمان.

لەم دوو حەوتووەدا ئێمە دەبوو بگوازینەوە خانوویەکی دیکە.چونکە پێویستییەکانی وەزیریبەرگریبوون ژان باتیستی ناچار دەکرد لە پاریس بژیو هەربۆیە ئەو ماڵێکی چووکەڵەی لە شەقامی سیز ئالپینو لە نزیک ماڵی ژوولی کڕی کە کەوتبووە نێوان دوو شەقامی کۆرسلێسو ڕووشێ. دیارە ئەم خانووە زۆریش لە خانووە چکۆڵەکەی "سوو"مان گەورەتر نەبوو بەڵام هەرنەبێ ژوورێکی تایبەتیی منداڵمان لە پەنا ژووری خەومان هەبوو. جگەلەوە ژوورەکانی پێشوازیو نانخواردنمان بەڕادەیەک گەورە بوون کە ژان باتیست بتوانێ لەوێ پێشوازی لەو ئەفسەرو سیاسەتمەدارانە بکا کە زۆربەی کات شەوانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەهاتنە سەردانی. بەڵام ئێستاو لە هەلومەرجی ئێستادا ساڵۆنی نانخواردن تەنیاشوێنی پێشوازی لە میوانان بوو.

حاڵی من بە شێوەیەکی دوور لەباوەڕو زۆر زوو باش بوو. ماری ئەو خواردنانەم بۆساز دەکا کە پێم خۆشنو ئیدی نیشانەیەک لەو کزیو لاوازی‌یە لەمندا بەدی ناکرێ؛ دەتوانم دانیشمو ناچار نیم ڕاکشێم. بەداخەوە هەموو ڕۆژێ ژمارەیەک خەڵک دێنە سەردانمو بەسەربردنی تەواوی ڕۆژ دەگەڵ میوانان نەختێک ماندووم دەکا. نەکهەر ژووزفین هاتە سەردانم بەڵکوو تێرێز تالینو هەروەها ئەو خاتووونە نووسەرەش کە ڕوخسارێکی سەیری هەبوو،و ناوی ئیستال بوو دەگەڵ ئەوەی ئاشنایەتی‌یەکی کەممان هەبوو هاتنە سەردانم. لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە ژۆزێف بە ڕەسمیاتێکی زۆرەوە کتێبی داستانی خۆی وەک دیاری بۆ من هێنا. ئەو بە نووسینی ئەو کتێبە هەربەڕاست خۆی بە نووسەر دەزانێ. ناوی بەرهەمەکەی ژۆزێف موونیا یان کچە دێهاتیی سەن دنێسەو ئەو بەرهەمە ئەوەندە مرۆڤ ماندوو دەکا کە هەرکات بڕیار دەدەم لاپەڕێکی لێبخوێنمەوە، بەخۆم نیە خەو چاوم قورس دەکا. ژوولی هەمیشە تاریفی دەکاو بە سەرسوڕهێنی دەزانێ.

ئەمن باش دەزانم کە ئەو خەڵکەی هەموو ڕۆژێ دێنەماڵی ئێمە نایەنە سەردانی منو کورە چکۆڵە زەردوویی‌گرتووەکەم، بەڵکوو دێنە سەردانی هاوسەری وەزیری بەرگری، ژەنراڵ بێرنادۆت. ئەو ژنە نووسەرە کە ڕوخسارێکی ناشیرنو هەڵمساوی هەیە پێش ئەوە مێردی بە باڵیۆزی سوێد کردوە بەڵام بەهۆی ئەخلاقی تایبەتیی خۆی گۆیا ئێستا بە جیا لە هاوسەرەکەی دەژی. ئەو لە وتووێژ دەگەڵ مندا گوتی کە سەرەنجام فەڕانسە توانی پیاوێک وەبینێ کە بتوانێ نەزمو ئارامی بگێڕێتەوە نێو کۆمەڵ. ئێستا هەموو کەس بێدوودڵی ژان باتیست بە پیاوێکی بەتواناو سەرۆکی حکوومەت دەزانن. ئەمن هەروەها ڕاگەیەندراوێکم خوێندەوە کە ژان باتیست ڕۆژی یەکەمی دانرانی خۆی بە وەزیری بەرگری ڕوو لە ئەفسەرانو سەربازان دەری کردبوو. ئەم ڕاگەیەندراوە بە ڕادەیەک باش نووسرابوو کە فرمێسکی بەچاوی مندا هێنانە خوار. لەو ڕاگەیەندراوەدا نووسیبووی:

"ئەی سەربازانی فەڕانسە! ئەمن بۆخۆم لە نزیکەوە ئاگام لە ڕەنجو ئازارە سامناکەکانی ئێوە هەبووەو هەروەک خۆتان دەزانن لە زۆریاندا دەگەڵ ئێوەو لە پەنا ئێوە شەریک بووم. سوێند دەخۆم هەتا پێویستی‌یەکانی ئێوە لە خواردنو جلوبەرگو کەلوپەل بەدەست نەیەنم ساتێک نەحەسێمەوە. ئێوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆستانی منیش دەبێ جارێکی دیکە سوێند بخۆن‌و ببنە هاوپەیمان تا بتوانین بەرامبەر بەو شەپۆلە تۆفانانە کە هاتوونە پێشێ ئاگامان لە فەڕانسە بێ‌و لە چنگی دوژمنانی ڕزگار بکەین. ئێمە سەربازان کە سوێندی وەفاداری بە فەڕانسەو کۆمارمان خواردوە دەبێ لە بەرامبەر شەپۆلی بێ‌ئەمانی دوژمنان‌دا سەربەرز بێینە دەر".

ژان باتیست سەعات هەشت لە وەزارەتی بەرگری‌یەوە هاتەوە ماڵێ‌و خواردنێکی زۆر سووک‌و سادەی لە تەنیشت جێیەکەی من خوارد، دوایە چووە ژووری کاری خۆی‌و هەتا ماوەیەک دوای نیوەشەو خەریکی دیکتەکردنی فەرمانە پێویستەکان بە یەکێک لە سکرتێرەکانی بوو. ئەو عادەتەن بەیانان دەوروبەری سەعات شەش ماڵێ بەرەو شەقامی وارێن کە وەزارەتی بەرگری لەوێیە، بەجێ‌دێڵێ. بەوجۆرەی فێرناند دەڵێ ئەو شەوانیش دەرفەتی حەسانەوەی نیە زۆرتری وەختەکان ئەو تەختە سەفەری‌یەی لە ژوورەکەیەتی بە دەست‌لێنەدراوی دەمێنێتەوە. ئاشکرایە کە [هەڵگرتنی] باری ڕزگارکردنی کۆمار ئەویش بەتەنیایی کارێکی زۆر دژوارو تاقەت‌پڕووکێن بۆ ژان باتیستی هاوسەرم دەبێ. جگە لەمانە یەکێک لە گیروگرفتە سەرەکی‌یەکان نەبوونی بوودجەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت بۆ تەیارکردنی نەوەد هەزار سەرباز کە بۆخزمەت بانگ کراونەوەو دەورەی پێویستیان دیوە پارەی پێویستی بەدەستەوە نەبێ‌و وەک بیستوومە ئەمە بۆتە مایەی دەمەقاڵێیەکی توند لەنێوان ئەوو سی‌یەز یەکێک لە دوو پیاوی بەدەسەڵاتی فەڕانسەدا.

خۆزگە هەرنەبێ شەوانە ژان باتیستیان بە تەنیایی‌و بەحاڵی خۆی بەجێ‌هێشتبا بەڵکوو لە ئارامیی تەواودا بتوانێ بەکارەکانی خۆی ڕابگا بەڵام ئەمن هەمیشە خەڵکێکی زۆر دەبینم کە بێ‌ئەوەی گوێ بدەنە ئەم گرفتاری‌یانە، هاتوچووی ماڵەکەمان دەکەن. ئەو دوێنێ بەمنی دەگوت کە سەرانی حیزبە سیاسی‌یەکان هەموویان هەوڵ دەدەن بۆلای خۆیان‌و ڕێکخراوەکانیانی ڕاکێشن. تازە دەستی بە نان‌خواردن کردبوو کە فێرناند خەبەری پێ دا بەڕێز چیاپ لە نهۆمی خوارێ چاوەڕێیەتی. ئەو بەڕێزە تەنانەت بە فێرناندیشی نەگوتبوو چکارێکی بە وەزیری بەرگری هەیە. ژان باتیست دەستی لە خواردن کێشایەوەو دەمی خۆی پاک کردەوەو بەپەلە لە پلیکانەکان چووە خوارێ بەڵکوو چەندی زوویە خۆی لەدەست ئەو پیاوە ڕزگار بکا. دوای دەوری چارەکە سەعاتێک ژان باتیست لەحاڵێک‌دا لە ڕقان سوور هەڵگەڕابوو هاتەوە لای من‌و گوتی:

- ئەو بەڕێزە دووکی ئینهێن ناردبوویە لای من. ئەی کە ئەو بووربوونانە چەند ئینسانی بێشەرمن...

- دەکرێ بپرسم ئەو دووکی ئینهنە کێیەو دەڵێ چی؟

–ناوی لوویی دو بووربوونەو یەکێک لە بەدەسەڵاترین ئەندامانی بنەماڵەی بووربوونەو ئێستا دانیشتووی ئەڵمانەو ئینگلیستان بەتوندی پشتیوانیەتی. ئەو پەیامی بۆمن ناردوە کە ئەگەر دووبارە دەسەڵات بۆ بنەماڵەی بووربوون بگێڕمەوە دەمکاتە بەهێزترین پیاوی فەڕانسە. بەڕاستی بێشەرمی لەمە پتر...

–ئەتۆ چیت جواب دایەوە؟

–لە ژوورەکەم وەدەرم ناو گوتم بە ئاغاکەی بڵێ ئەمن کۆمارخوازمو بە بیروباوەڕی خۆم پابەندم.

–هەموو دەڵێن ئەمڕۆ بەهێزترین پیاوی فەڕانسە ئەتۆیو ئەگەر بتەوێ تەنانەت دەتوانی حکوومەتی دیرێکتواریش برووخێنیو بۆخۆت دەسەڵات بەدەستەوە بگری.

–بەتەواوی ڕاستەو لەڕاستیدا ئەمە هەر ئەو پێشنارەیە کە ژاکووبییەکانو هێندێک لە ژەنراڵەکان دەیکەن. ئەوان دەڵێن ئەمن ئەگەر پێمخۆش بێ دەتوانم دەسەڵاتێکی زیاتر لە دەسەڵاتی حکوومەتی دیرێکتوار بەدەست بێنم.

–ئەتۆش ئەو پێشنیارەت ڕەت کردەوە؟

–بێ هیچ گومانێک. ئەمن پەیڕەوو پشتیوانی قاناوونی بنەڕەتیم.

لەو ساتەدا بوو کە فێرناند خەبەری دا کە ژۆزێفی زاوام دەیەوێ سەردانی بکا. ژان باتیست کە وا دیار بوو ئەو خەبەرەی پێخۆش نیە، داوای لە فێرناند کرد ڕێنوێنیی بکا بۆ نهۆمی سەرێو لای ئێمە. ئەو پاشان ڕووی کردە منو گوتی:

–تەنیا کەس کە نەمدەویست ئەمڕۆ بیبینم ئەو ژۆزێف بوناپارتە بوو.

ژۆزێف وەختێک وەژوور کەوت لەپێشدا چووە لای لانکەکە تەماشایەکی نێوێی کردو گوتی:

–ئەم ئۆسکارە منداڵێکی زۆر ڕووخۆشەو دەتوانم بڵێم ڕووخۆشترین منداڵە کە تائێستا دیومە.

ئەو دوایە داوای لە ژان باتیست کرد کە بچنە دەفتەری کارەکەی تا لەبارەی بابەتێکەوە وتوویژ بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەمن هێندێ قسەم دەگەڵ تۆ هەن کە وێدەچێ ببنە هۆی ماندووبوونو ڕەنجانی دێزیرە.

ژان باتیست لە ڕووی بێوازی‌یەوە سەری ڕاوەشاندو زیادی کرد:

–کەمتر دەرفەتم دەبێ لەپەنا دێزیرە بمو بۆیە پێم باشترە قسەکانت بەکورتی هەر لێرە ببیسم بەڕێز بوناپارت. دیارە کارم زۆرەو دەبێ تەواوی شەوێ کار بکەم.

هەردووکیان لەپەنا تەختەکەی من دانیشتنو لەحاڵێکدا ژان باتیست دەستی لەسەر نێوچاوانی من دانابوو،و بوونی لە تەنیشتم مایەی ئارامیو هەستی بەهێزبوونم بوو، چاوم لەسەریەک دانانو گوێم لێبوو کە ژۆزێف دەیگوت:

–دەمەویست لەبارەی ناپلیۆنەوە قسەت لەگەڵ بکەمو بۆچوونی تۆ لەبارەی گەڕانەوەی بۆ فەڕانسەوە بپرسم.

–بەباوەڕی من ئەو بێئیزنو فەرمانی وەزیری بەرگری ناتوانێ بێتەوە فەڕانسە.

–باشترە بێپەردەو ڕاشکاوانە قسە بکەم. ئێستا مانەوەی لە میسر بە ناوی فەرماندەری بەرزی هێزەکانی فەڕانسە کارێکی خۆڕاییو بێبەرهەمە. پاش لەنێوچوونی ناوگانی فەڕانسە بەکردەوە هێزەکانمان لە میسر کارێکیان نیەو دەکرێ بەرەی میسر...

–بە شکستێکی بێئەملاوئەولا دابنێین.

–ئەمن نەمدەویست بەو توندیو ڕاشکاوی‌یە باسی بکەم. باشترە بڵێم لە بەرەی میسر ئێمە ئومێدی پێشکەوتنمان نیەو باشترە لە بەرەکانی دیکە سوود لە تواناکانی براکەم وەرگیرێ. ئەو تەنیا فەرماندەرێکی شەڕ نیەو ئەتۆ باش دەزانی کە لە بەڕێوەبردنی کاروباریشدا توانایەکی بەرزی هەیەو دەتوانێ لە پاریس خزمەتی بەنرخ پێشکێش بکا، بۆ وێنە لە ڕێکخستنەوەی سوپادا...

ژۆزێف دەمێک ڕاوەستاو وا دیار بوو چاوەڕێیە دەگەڵ کاردانەوەی نەرێنیی ژان باتیست بەرەوڕوو بێ. بەڵام ئەو هیچ کاردانەوەیەکی لەخۆی نیشان نەداو هەروا کە دەستی لەسەر نێوچاوانی من دانابوو لە قەراخ تەختەکە نەبزووت. ژۆزێف جارێکی دیکە درێژەی دایە:

–ئەتۆ بۆخۆت دەزانی ئێستا حکوومەت دەگەڵ زۆر پیلان بەرەوڕوویە.

–وەک وەزیری بەرگری ناتوانم لەو پیلانانە بێئاگا بم بەڵام نازانم ئەمە چپەیوەندی‌یەکی بە فەرماندەریی هێزەکانی فەڕانسە لە میسرەوە هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-کۆمار پێویستیی بە... بەڵێ پێویستیی بە پیاوانی بەهێز هەیە. نابێ ڕێگا بدرێ وڵات لە هەلومەرجی شەڕدا، تووشی ناکۆکیی سیاسیو کێشەگەلی ئاوا بێ.

-پێشنیاری تۆ ئەوەیە کە برایەکەت لە میسر بانگ بکەمەوە تا ئەو پیلانانە دامرکێنێتەوە؟ مەبەستەکەت باش تێگەیشتووم؟

-بەڵێ، پێم وایە کە...

-ئەم کارە ئەرکی پۆلیسە. بەڵێ ئەرکی پۆلیس بێ هیچ زیادو کەمێک؛ بەڕێز.

-دیارە بەڵام ئەگەر ئەو پیلانانە ئامانجیان حکوومەت بێ چی؟ ئەمن بەشێوەی خۆمانە پێت دەڵێم کە بنیاتە بەهێزەکان بەتوندی پێ لەسەر هەوڵی هاوبەشو هەنگاوڕێکخستنی دەسەڵاتە سیاسییەکان دادەگرنو...

-مەبەستت چیە؟

-بۆ نموونە ئەگەر ئەتۆو ناپلیۆن وەک دووکەسی بەدەسەڵات...

-با بەس بێ بەڕێز با بەس بێ. ئەسڵی قسەکەت بکە؛ دەتەوێ بۆ نەجاتی کۆمار لە داوی پیلانە سیاسییەکان پەنا بەرینە بەر حکوومەتی دیکتاتۆری. برایەکەی تۆ ناپلیۆن بەئاواتی ئەوەیە لەمیسر بگەڕێتەوەو بۆ گەیشتن بە پلەی دیکتاتۆری هەوڵ بدا. لە قسەکانتدا ڕاستگۆ بە جەنابی بوناپارت.

ژۆزێف کە هەستی دەکرد بەتوندی کەوتۆتە بەر هێرش گوتی:

-دەگەڵ تالیران لەبارەی بۆچوونە سیاسییەکانیەوە قسەم دەکرد، ئەو باوەڕی وایە کە سێیەزیش دژی دەسکاریی قانوونی بنەڕەتی ناوەستێ.

-ئەمن ئاگام لە بیروباوەڕی تالیران هەیەو بیروبۆچوونی ژاکووبییەکانیش دەزانم. ئەتۆ دڵنیا بە کە شاپەرستەکان چاویان بڕیوەتە کۆدیتایەک، بەڵام ئەمن خۆم، دەبێ بزانی ئە ئەمن سوێندی وەفاداریم بۆ کۆمار خواردوەو لە هەموو هەلومەرجێکدا پێی پابەند دەبم. مەبەستەکەم بەتەواوی تێگەیشتی؟

-داخوا قبووڵتە کە کارنەکردنو هەوڵنەدان لە میسر، پیاوێکی وەک ناپلیۆن تووشی نائومێدی دەکا. جگەلەوە ئەو لەپاریس کارێکی گرنگی هەیە کە ناچارە بیکا. ئەو بەنیازە هاوسەرەکەی تەڵاق بدا. چونکە خەیانەتی ژووزفین زیانێکی گەورەی پێگەیاندوە. وا دابنێ ئەو لەوپەڕی نائومێدیدا بڕیاری هاتنەوە بدا، ئەو وەخت...

بۆساتێک هەستم کرد دەستی ژان باتیست وەک چەنگاڵێکی ئاسنین دەستم دەگوشێ. پاشان ئارام بۆوە، ئەوەم لە جووڵەی دەستی بۆ دەرکەوت. دوایە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەک وەزیـری بـەرگری‌و بـە ناچـاری لـەم هەلومەرجـەدا براکـەت دەدەمـە دادگـای سەربازی‌و پێم وایە بەتاوانی هەڵاتن لە بەرەی شەڕ گوللەبارانی دەکەن.

–بەڵام ناپلیۆن نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینەیەو لـەوە زیـاتر نـاتوانێ لـە ئـەفریقا بمێنێتەوە...

–جێگای ژیانی فەرماندەرێک ئەو شوێنەیە کە سەربازەکانیی لێن. ئەو بۆخـۆی ئـەو لەشکرەی بردۆتـە ئـەفریقاو دەبـێ لـە پـەنایان وەمێنـێ هـەتا ڕێگایـەک بـۆ گەڕانـەوەی لەشکرییەکان پەیدا دەبێ. ئەتۆ جەنابی بوناپارت ئەگەریش کەسێکی نیزامی نەبی، دەبـێ بتوانی ئەم ڕاستییە تێبگەی.

بێدەنگی‌یەکی قورس‌و ئازاردەر بەسەر ژوورەکەدا زاڵ بوو. ئەمن کە وام دیت گوتم:

–ژۆزێف ڕۆمانەکەت زۆر هەژێنەر بوو.

–بەڵێ قسەی تۆیە. هەموو هەر پیرۆزباییم لێدەکەن.

ئەو کە دەیەویست خۆی وا نیشان بدا کە بێفیـزە دەگـەڵ ئـەم قسـەیەی هەسـتاو ژان باتیستیش تا بەر دەرگای چوونەدەرو پلیکانەکان دەگەڵی چوو.

هەوڵم دا بخەوم بەڵام لە نێوان خەوو بێداری‌دا کچۆڵەیەکی چووکەڵەم دی کە دەگـەڵ ئەفسەرێکی پلەنزمی کزەڵە بۆ گەیشـتن بـە میلـەکانی بـاغی پێشـبڕکێ دەکـەن. ڕوخسـاری گرژی ئەفسەرەکە لەبەر شۆقی مانگەشەو بە چەشنێکی ترسێنەر ڕەنگی دەپەڕێ‌و دەڵێ:

–ئەمن وەک نموونە، بۆخۆم هەست بە چارەنووسی خۆم دەکەم‌و بەڕوونی دەیبینم.

کچۆڵەکە پێدەکەنێ‌و ئەو ئەفسەرە جارێکی دیکە دەڵێ:

–ئووژنی! داخوا ئەتۆ متمانە بەمن دەکەی‌و بـاوەڕت پـێم دەبـێ؟ هـەرچی بێتـە پـێش ئووژنی؟

ئەو لە میسر دەگەڕێتەوەو ئەمن ئەمە باش دەزانم، چون چاکی دەناسم. ئەو دێتەوەو ئەگەر دەرفەتی دەست کـەوێ کۆمـار لـەنێو دەبـا. ئـەو هـیچ بایـەخێک بـە کۆمـارو مـافی هاونیشتمانانی دیکە ناداو هەرگیز ناتوانێ دە پیاوێکی وەک ژان باتیست بگا. هەرگیز... و جارێکی دیکە دیمەنێک لەبەر چاوم زیندوو دەبێتەوەو گوێم لێدەبـێ؛ "کچـم هـەرکاتو لـە هەرجێیـەک لـە دوارۆژدا هەرکـەس براکـانی خـۆی لـە ئـازادی‌و بەرامبـەری بێبـەش بکـا، هیچکەس داوای لێبووردنی بۆ ناکا، هیچکەس کچـم". ژان باتیسـتو بـاوکم بیروباوەڕیـان وەک یەکەو ژان باتیستیش وەک باوکم بیر دەکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەختێک سەعات یازدەهەمین کوتکی لێدا، ماری هاتە ژووریَو ئۆسکاری لەنێو لانکەکە هێنایە دەرو لە پەنا منی دانا تا شیری بدەمێ. لەوکاتەدا ژان باتیستیش هاتە لام، چونکە دەیزانی ئۆسکار کەنگێ شیری دەخواو دەشیزانی ئەمن لەو کاتەدا بەخەبەرم.
وەختێک ژان باتیست لەسەر لێوی تەختەکە دانیشت گوتم:

–ژان باتیست! ئەو دێتەوە.

–کێ؟

–بەباوکدانراوی منداڵەکەمان... چیی لێ دەکەی؟

–ئەگەر دەسەڵاتم هەبێ گوللەبارانی دەکەم.

–ئەدی ئەگەر نا...

–لەوحاڵەدا لەوانەیە ئەو دەسەڵات بەدەستەوە بگرێو من گوللەباران بکا. شەو خۆش ئازیزم.

شەو خۆش ژان باتیست.

–بەڵام زۆر بیر لەم قسانە مەکەوە. گاڵتەم کرد. قسەکانم بە جیددی وەرمەگرە.

دەزانم ژان باتیست، دەزانم. شەو خۆش.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١٦

## پاریس. نۆی نۆڤامبری١٧٩٩. ساڵی حەوتەمی شۆرش

ئەو هاتەوە پاریس‌و لە کۆدیتایەکی سەرکەوتوودا چەند سەعات پێش ئێستا بە سەرۆکی دەوڵەت دیاری کرا. چەند کەس لە نوێنەران‌و ژەنراڵەکانیش گیراون‌و ژان باتیست دەڵێ هەردەم دەبێ چاوەڕوانی مەئموورانی پۆلیس بین کە دێن بۆ گرتنی. ئەگەر سەرۆکی پۆلیس فووشێ‌و ناپلیۆن لە پشکنینی ماڵەکەماندا دەستیان بە دەفتەری بیرەوەرییەکانی من ڕابگا، هەردووکیان بە پێکەنینێ دەدڕێن‌و گاڵتە بەمن دەکەن... بۆیە هەرچی بۆ نووسین دەبێ ئەمشەو دەی‌نووسم‌و پاشان قفڵی سەر بەرگی دەفتەرەکە دادەخەم‌و دەیدەم بە ژوولی تا لە قوژبنێک بۆم ڕاگرێ. بەخۆشییەوە ژوولی براژنی فەرمانڕەوای ئێستامانەو دەتوانین هیوادار بین کە ناپلیۆن ڕێگا نادا چەکمەجەکانی مێزی براژنی بپشکنن.

لە ساڵۆنی خانووە تازەکەمان لە سیزاڵپین دانیشتووم‌و گوێم لە دەنگی پێی ژان باتیستە کە لە ژووری نان‌خواردن کە بە ساڵۆنەکەوە چەسپاوە پیاسە دەکاو دەچێتە سەرێ‌و دێتەوە خوار. بە دەنگێک کە گوێی لێبێ گوتم:

–ئەگەر کاغەزو نووسراوەگەلێکت هەن کە دەتوانن گیروگرفتت بۆ بخوڵقێنن بیاندە بەمن تا دەگەڵ دەفتەری بیرەوەرییەکانم بیاندەم بە ژوولی.

بەڵام ئەو بە نیشانەی نارەزایی سەری ڕاوەشاندو گوتی:

–نا ئەمن شتێکم نیە کە بە قەولی تۆ مایەی ژانەسەر بێ. جگە لەوەش بوناپارت لە هەمووکەس باشتر من دەناسێ‌و دەزانێ لەبارەی کردەوەی خائینانەی ئەوەوە بیروبۆچوونم چۆنە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فیرناندیش لە گۆشەیەکی بەلاوەی ژوورەکە خۆی خەریک کردبوو. لێمپرسی داخوا هێشتا ئەو حەشیمەتە بێدەنگەی دەرەوەی ماڵێ هەر لەوێن یان نا. کاتێک وەڵامی دایەوە هێشتا لە دەرەوەی ماڵێ خڕ بوونەوە پرسیم:

–ئەم خەڵکە چییان دەوێ؟

فێرناند سەرەتا مۆمێکی تازەی خستە نێو مۆمدانەکەو دوایە گوتی:

–ئەوان چاوەڕێن بزانن چ ڕووداوێک بۆ ژەنراڵ دێتە پێشێ. لە شاریدا بۆتە دەنگۆ کە ژاکووبییەکان داوایان لە ژەنراڵ کردوە فەرماندەریی گاردی نیشتمانی قبووڵ بکا.

–ئەو دوایە لەسەرەخۆ سەری خوراندو سەرەنجام هاتە سەر ئەوە کە ڕاستییەکەی بە من بڵێ:

–خەڵک نیگەرانی گیرانی ژەنراڵن چونکە پێشتر ژەنراڵ مۆرۆ یان گرتوە.

خۆم بۆ بەسەربردنی شەوێکی درێژ ئامادە کرد. ژان باتیست هێشتا پیاسە دەکاو ئەمنیش سەرگەرمی نووسینم. چەند سەعات دەگوزەرێنو ئێمە هێشتا چاوەڕوانین.

هەروەک بیرم بۆی چووبوو ئەو لەنەکاو گەڕایەوە فەڕانسە. سی ڕۆژ پێشتر سەعاتی شەشی بەیانی پەیکێکی شەکەتو وەستاو لەپێش ماڵی ژۆزێف لە ئەسپ دابەزیو خەبەری دا کە ژەنراڵ بوناپارت دەگەڵ بوورینی سکرتێری لە بەندەری فێرژوو لە کەشتی دابەزیوە. ئەو بە کەشتییەکی چووکی بازرگانی لە هێڵی ئینگلیزەکان تێپەڕیوەو دوای دابەزین لە کەشتییش کالیسکەیەکی بەکرێ گرتوەو هەردەم لەوانەیە بگاتە پاریس.

ژۆزێف بەپەلە جلی دەبەر کردنو لووسینی لەخەو هەستاندو هەردوو برا لە شەقامی ڤیکتۆریا چاوەڕێ ڕاوەستان. ژووزفین کە دەنگی وانی لە بەرامبەر ماڵەکەی خۆی بیستبوو دەسبەجێ جلە تازەکانی کردە بەرو بەستەی خۆجوانکردنەکەی هەڵگرتو خۆی گەیاندە کالیسکەو بڕیاری دا بۆ پێشوازیی ناپلیۆن بچێتە جنووبی پاریس. ئەو دەیەویست بە هەرجۆرێک بکرێ پێشی هاتنەگۆڕی تەڵاق بگرێو بۆ ئەو مەبەستە ئەو دەبوو بەر لە ژۆزێف ناپلیۆن ببینێو قسەی دەگەڵ بکا. بەڵام هێشتا کالیسکەی ژووزفین ئەوەندە لەوێ دوور نەکەوتبۆوە کە ئەو کالیسکە پۆستییەی ناپلیۆنی تێدابوو گەیشتە شەقامی ڤیکتۆریا. دوو کالیسکەکە بەپەنا یەکتردا تێپەڕیبوونو هیچیان بەوی دیکەیان نەزانیبوو. ناپلیۆن بەپەلە لە کالیسکە دابەزیو دوو برا بەپەلە یەکتریان دیتو چوونە یەکێک لە ژوورە بچووکەکان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەختی نیوڕۆیە ژووزفین شەکەتو ماندوو هاتەوەو کاتێک دەرگای ژووری پێشوازیی کردەوە کەوتە بەر نیگای توندو سەرکۆنەکەرانەی ناپلیۆن کە لەسەر تاپای دابووە بەر سەرنج.

-خاتووون ئێمە ئیدی قسەیەکمان بۆ گوتن نیە. سبەینێ ئەمن پێشەکیەکانی تەڵاق ئامادە دەکەمو زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر هەرئێستا بچیەوە مالمێزۆن، ئەمنیش لە هەوڵی دۆزینەوەی ماڵێکی تازەدا دەبم.

ژووزفین بەدەنگی بەرز دەستی بەگریان کرد بەڵام ناپلیۆن ڕووی وەرگێڕاو لەحاڵێکدا لووسینی دەگەڵ بوو چووە ژووری خەوی خۆیو لەوێ سێبرا وتوویژەکانیان درێژە داو سەعاتێک دواتر تالیرانی کۆنە وەزیریشیان ڕەگەڵ کەوت. خەبەری گەڕانەوەی ناپلیۆن وەک شۆقێکی سەرکێش لە ماوەیەکی کورتدا هەموو پاریس گەڕاو بڵاو بۆوە کە ژەنراڵ بوناپارت بە سەرکەوتوویی لە میسر هاتۆتەوە. بەدوای ئەم دەنگۆیەدا کەسانی کونپشکن لە دەوروبەری ماڵەکەی خڕ بوونەوەو لایەنگرانی تامەزرۆی ئەو کە هاتبوونە نێو حەشیمەتەکە هاواریان دەکرد بژی بوناپارتو کاتێک ناپلیۆن لە پەنجەرەوە دەستی بۆ ئەو کۆمەڵە ڕاوەشاند هاواری بژی بوناپارت بەرزو بەرزتر بۆوە.

لەوماوەیەدا ژووزفین بەتەنیا لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشتبوو دەگریاو هەوڵی ئوورتانسی کچی بۆ ئارامکردنەوەیو پێدانی فنجانێک چای بە دایکی چاوبەگریانی بە هیچکوێ نەدەگەیشت. شەوێو کاتێک سەرەنجام ناپلیۆنو سکرتێرەکەی، بوورین بەتەنیا مانەوە ناپلیۆن دەستی کرد بە دیکتەکردنی هێندێ نامە بۆ نوێنەرانی مەجلیسو ژەنراڵەکانو بوونی خۆی لە پاریسی پێڕاگەیاندن. پاش ئەوە ئوورتانسی لەڕو لاواز کە هێشتا ڕوخساری ڕەنگپەڕیو دیار بوو،و بەشێوەی کچانی گەنج جلی دەبەر کردبوون هاتە لای ناپلیۆنو لەحاڵێکدا لووتە قەپۆزبەرانیەکەی، ئەوی گەورەتر لە تەمەنی خۆی نیشان دەدا گوتی:

-بابە بوناپارت، بەنیاز نی قسە دەگەڵ دایکم بکەی؟

بەڵام ناپلیۆن بە ڕاوەشاندنی دەستو وەک ئەوەی مێشێک لەخۆی دەرکا ئاماژەی پێ دا کە لەوێ دوور کەوێتەوەو بۆخۆشی تا لای نیوەشەو دەگەڵ بوورین درێژەی بە کارەکانی دا. سەعاتێک دوای نیوەشەوو کاتێک ناپلیۆن ئامادە دەبوو لەسەر نیوتەختێکی زێڕکاریکراو بخەوێ هێشتا ژووزفین لە ژوورەکەی خۆیدا هەر دەگریا. ناپلیۆن کە گوێی لە دەنگی گریانەکە دەبوو چووە لای دەرگاو قفڵی لێ دا. ژووزفین نزیکەی دوو سەعات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گریاو سەرەنجام ناپلیۆن دەرگای کردەوەو بەیانیی ڕۆژی دواتر ئەو دەگەڵ ژووزفین ئاشت ببۆوە. ئەمن تەواوی ئەو بەسەرهاتەم لە ژوولی بیست کە ئەویش لە ژووزفینو بوورینی بیستبوو. ژوولی پاش تەواوبوونی ئەو داستانە قسەکانی ناپلیۆنی ئاوا گێڕایەوە:

–ئەگەر ژووزفینێ تەڵاق بدەم هەموو [خەڵکی] پاریس لە خەیانەتەکەی ئاگادار دەبنو پێم پێدەکەنن. بەڵام ئەگەر درێژە بەژیان دەگەڵی بدەم هەمووان وا دەزانن کە بەڵگەیەک لەسەر خەیانەتی وی نەبووەو ئەوەی لەو بارەیەوە بڵاو بۆتەوە شتێک نەبووە بێجگە لە بەدگۆیی قینلەزگانەی دوژمنانی من. بەهەرحاڵ نامەوێ خۆم بکەمە گەپجاڕی خەڵک.

ژوولی لە کاتێکدا سەرسوڕماو دیار بوو درێژەی پێ دا:

–دێزیرە بۆچوونی تۆ چیە، داخوا ئەتۆش دەگەڵ ئەو فکرەی ئەو هەی یان نا؟

ژوولی کە زۆری ئیشتیا لە قسان بوو بێئەوەی لەسەر جوابی من ڕاوەستێ زیادی کرد:

–ژانووش دەگەڵ ناپلیۆن لە میسر هاتۆتەوەو ئووژەن دو بوئارنەو ئەفسەرەکانی دیکەش هەموو ڕۆژێ دەگەنەوە. ژانوو لەبارەی چۆنیەتیی ژیانی ناپلیۆن لە میسرەوەش زۆری قسەی دەکرد. بۆ وێنە قسەکانی دەربارەی ژنێک بەناوی پائوولین فۆرژ سەرنجڕاکێش بوون. ئەو ژنە کە خێزانی یەکێک لە ئەفسەرە گەنجەکان بوو بەدزی دەگەڵ مێردەکەی چووبووە میسر.

چونکە دیتم قسەکانی ژوولی تەواوبوونیان نیە لێمپرسی:

–بەڕاست ناپلیۆن چۆنە هیچ گۆڕاوە؟

–بەڵێ زۆر گۆڕاوە. ڕەنگە یەکێک لە هۆیەکانی گۆڕانی سیمای کورتکردنەوەی قژەکانی بێ. ئەو لە میسر قژی کورت کردۆتەوەو بۆیە دەموچاوی قەڵەوتر دێتە بەرچاو. دیارە هەموو شتێک لە قژەکانیدا کورت نابێتەوە. بەهەرحاڵ بۆخۆت ڕۆژی یەکشەممە لە میوانداریی شێو لە موورتفۆنتێن دەیبینی.

هەموو بژاردەکانو کەسانی بەرچاوی پاریسی وەک شاعیرانو نووسەران باغی کوێستانییان هەیە کە جارجارە بۆ حەسانەوە دەچنە وێو چەند سەعاتێک لە سێبەری داراندا دەحەسێنەوە. ژۆزێفیش کە ئێستا خۆی بە یەکێک لەوانە دەزانێ ماڵێکی کوێستانیی جوانی لە موورتفۆنتێن کڕیوە کە باغێکی گەورەو دڵگری هەیەو بە کالیسکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەعاتێک لەپاریس دوورە. قەرارە یەکشەممەی دادێ هەموومان نانی نیوەڕۆ لەوێ دەگەڵ ناپلیۆنو ژۆزێف بخۆین.

کاتی گەڕانەوەی ناپلیۆن بۆ پاریس ئەگەر ژان باتیست هەروا وەزیری بەرگری بووایە بێگومان کۆدیتایەک نەدەکرا. بەڵام چەند ڕۆژێک پێش ئەوە ژان باتیست بەهۆی ناکۆکی دەگەڵ سی‌یەز لەڕقان دەستی لە کاری وەزیری بەرگری کێشایەوە. ئێستا کاتێک بە سەرنجێکی وردترەوە مەسەلەکان هەڵدەسەنگێنم تێدەگەم کە سی‌یەز لە بەسەرهاتی دروستکردنی ناکۆکی دەگەڵ ژان باتیستو کێشە دەگەڵی‌و سەرەنجام هاندانی بۆ دەستلەکارکێشانەوەدا بەئەنقەست کاری کردوەو بە پێش‌بینیی هاتنەوەی ناپلیۆن ئامانجی ئەوە بووە کە کاتی هاتنەوەی ئەو ژان باتیست لە وەزارەتی بەرگری نەبێ. وەزیری ئێستای بەرگری‌و جێنشینی ژان باتیستیش لە ترسی ئەو ژەنراڵانە کە لایەنگری ئەو بوونو هەروەها ئەو نوێنەرانەی دەگەڵ ژۆزێفو لووسین پشتیوانی لەو دەکەن غیرەتی ئەوەی نیە ناپلیۆن بداتە دادگای سەربازی.

لەو ڕۆژە پاییزی‌یانەدا خەڵکێکی زۆر دەهاتنە سەردانی ژان باتیستو لەونێوەدا ژەنراڵ مۆرۆ دەکرێ بڵێین هەموو ڕۆژێ دەهاتە سەردانی‌و لەو باوەڕەدا بوو کە ئەگەر ناپلیۆن بەنیازی کۆدیتا بێ دەستتێوەردانی سوپا بۆ پێش‌پیگرتنی ناچاری دەبێ. هەر لەو ڕۆژانەدا ژمارەیەک لە ژاکووبی‌یەکان کە لەنوێنەرانی پاریس بوون هاتنە سەردانی ژان باتیستو داوایان لێکرد ئەگەر ئاڵۆزی‌و پشێوی لە شاردا دروست بێ فەرماندەریی گاردی نیشتمانی وەئەستۆ بگرێ. ژان باتیست لە وەڵامی واندا گوتی ئەگەر وەزارەتی بەرگری‌و دەوڵەت بەڕەسمی ئەو بەرپرسایەتی‌یە بەو بسپێرن بە باوەشی ئاوەڵاوە قبووڵی دەکا. دیارە نوێنەرەکان کە لەو وەڵامە ڕازی نەبوون بە دڵئێشاوی ماڵی ئێمەیان بەجێ هێشت.

ڕۆژی یەکشەممە خۆمان بۆ ڕۆیشتن بەرەو مووڕتفۆنتێن ئامادە کردبوو کە لەنەکاو لە ژووری پێشوازی‌یەوە دەنگێکی ئاشنام بەرگوێ کەوت کە دەیگوت:

–ئووژنی! هاتووم کوڕە تەعمیدی‌یەکەم ببینم.

بەپەلە لەپلیکانەکان چوومە خوار. ناپلیۆن بە ڕوخسارێکی تاوەسووتو قژێکی کورتەوە لەوێ بوو. بە دیتنی من گوتی:

–ئێمە ویستمان لە نەخافڵ بەسەر تۆو بێرنادۆتدا بدەین. چونکە هەموومان لە مووڕتفۆنتێن میوان بووین ئەمنو ژووزفین بیرمان کردەوە باشترە بێینە ئێرەو [لێرەڕا] پێکەوە بچینە وێندەرێ. جگەلەوەش هاتووین کوڕەکەی ئێوەو کوڕە تەعمیدی‌یەکەی خۆم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ببینم. بەڕاست دەبێ بڵێم ماڵێکی جوانتان هەیەو دەبێ پیرۆزبایی هەموو شتێکتان لێبکەم. بەڵام لەوەتا هاتوومەوە هێشتا هاوڕێ بێرنادۆتم نەبینیوە.

ژووزفینیش کە لە تەنیشت بوناپارت ڕاوەستابوو بە میهرەبانی‌یەوە گوتی:

-وەزعی تۆ تەواو باش بووە دێزیرەی خۆشەویست!

بە هاتنی ژان باتیست بۆ لای میوانەکان، ئەمن چوومە ئاشپەزخانە تا داوا لە ماری بکەم قاوەو خواردنەوە بۆ میوانەکان ئامادە بکا. کە هاتمەوە ژوورەکە ژان باتیست ئۆسکاری هێنابووە خوارو ناپلیۆن بەسەر قۆنداغەکەیدا چەمابۆوەو لەحاڵێکدا ڕوومەتیی قدیلکە دەداو وشتوشتی بۆ دەکرد دەیەویست یاریی دەگەڵ بکا بەڵام ئۆسکار بە دیتنی ڕوخساری نەناسراو دەستی کرد بەگریان.

ناپلیۆن لەحاڵێکدا پێدەکەنی‌و دۆستانە لە شانی ژان باتیستی دەدا گوتی:

-هاوڕێ بێرنادۆت ئەمەش سەربازێکی دیکە بۆ سوپای فەڕانسە.

منداڵەکەم لە دەستی ژان باتیست وەرگرت کە لەترسی تەڕبوونی جلەکانیان ئەوی دوور لەخۆی‌و ناپلیۆن ڕاگرتبوو.

کاتێک خەریکی خواردنی قاوەو بیسکویت بووین، ژووزفین باسی گوڵە سوورە جوانەکانی ماڵی ئێمەی دەکرد. ئەو بۆخۆی ئاشقی گوڵی سوورەو ئەوەندەی ئاگام لێبێ باغە جوانەکەی مالمێزۆنیشی پڕە لە گوڵی سووری جوان. ئەو لەبارەی چەند بڕکە سوورەگوڵەوە کە لەپێش هەیوانێ بوون پرسیاری لەمن کرد کە چۆنیان ئاگاداری دەکەم. ئەم قسانەی ژووزفین بوونە هۆی ئەوەی نەتوانم بەوردی گوێ بۆ وتووێژەکانی ناپلیۆن‌و ژان باتیست ڕابگرم. بەڵام ئەمن‌و ژووزفین هەردووکمان ویکڕا بێدەنگ بووین چونکە گوێمان لە ناپلیۆن بوو کە دەیگوت:

-بیستوومە گوتووتە ئەگەر هێشتا وەزیری بەرگری بایەی منت دەدایە دادگای سەربازی‌و گوللەبارانت دەکردم؟ دەتوانم پاساوی دژایەتیی تۆ دەگەڵ خۆم بزانم؟

-پێم وایە ئەتۆش بەقەدەر من ئاگات لە قانوونەکانی سوپا هەیە هاوڕێ بوناپارت. ڕەنگە لەمن باشتریش. چونکە جێگەوپێگەی تۆ جۆرێک بووە کە چوویە زانکۆی سەربازی‌و بە پلەی ئەفسەری‌یەوە خزمەتت کردوە لەحاڵێکدا ئەمن دەرفەتێکی وام نەبووەو ماوەیەکی زۆر بە پلەی نزمەوە خزمەتم کردوە.

ناپلیۆن هەر بەدانیشتنەوە بەرەو ژان باتیست چەمایەوەو ئەمن لەو دەمەدا باشم ڕوخساری دیت کە بەدوای شتێکدا دەگەڕا. قژە کورتەکەی ببووە هۆی ئەوەی سەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خڕتــرو ڕوومەتــەکانی دەقووڵکــەوتووتر دیــاری بکــەن. پــێش ئەوکاتــە هــەرگیز بــۆم دەرنەکەوتبوو کە چەنەگەی باریکو ڕاکشاوو چوارگۆشە هەڵکەوتوە. بەڵام هیچکام لەوانە نیشانەی گۆڕانی ڕوخساری نەبوون.

تــەنیا شت کــە ڕوخســاری وی دەگــۆڕی زەردەخەنەکــەی بــوو. زەردەخەنەیــەک کــە ڕۆژگارێک زۆر ئۆگری بــوومو لێشــی دەترســام. ئــەم بزەیــە کــە ئێســتا لەســەر ڕوخســاری نەخشابوو خوازیاری شتێک بوو، وەڵامێک یان... بەڕاست ئەم بزەیە چچاوەڕوانی‌یەکی لە ژان باتیست هەبوو،و چیی لێ‌دەویست؟ داخوا ئەو دەیەویست بەسەر ژان باتیستدا زاڵ بێ یان وەک دۆستێک دڵی بداتەوەو بیکاتە ڕازداری خۆی.

–ئەمن جارێکی دی لە میسر گەڕامەوە تا خۆم بدەمە دەست وڵاتەکەم، چونک پێم وایە کاری من لە میسر تەواو بووە. ئەتۆ دەڵێی ئێستا سنوورەکانمان لە ئەمنیەتدانو بۆخۆشت ئەوکاتەی وەزیری بەرگری بووی سەدهەزار سەربازی پیادەو چلهەزار سەربازی سوارەت بۆ شەڕ ئامادە کردوە. کەوایە سوپای فەڕانسە بەبوونی سەدوچلهەزار سەرباز پێویستی‌یەکی وای بە چەندهەزار سەرباز نیە کە نێردرابوونە ئەفریقا. لەحاڵێکدا بۆ هەلومەرجێکی وا پیاوێکی وەک من دەتوانێ بۆ کۆمار...

ژان باتیست بێ‌ئەوەی بشڵەژێ گوتی:

–هەلومەرج ئەوەندەش کە دەڵێی دژوارو نائومێدکەر نیە.

–نائومێدکەر نیە؟ لەوەتا هاتوومەوە لە هەمووان دەبیسمو هەموو دەڵێن کە دەوڵەت بەسەر بارودۆخدا زاڵ نیە. شاپەرستان جارێکی دیکە چالاکیی خۆیان لە "واندە" دەست پێ‌کردۆتەوە تەنانەت گرووپێکیان لە پاریسیش چالاکنو بێ هیچترسێک دەگەڵ بووربوونەکانی دانیشتووی ئینگلیستان نامە دەگۆڕنەوە. باشگا (نادی)ی مانژیش بەجێی خۆیو ئەوانیش خۆیان بۆ شۆڕشێکی ژاکووبی ئامادە دەکەن. ئەتۆ هاوڕێ بێرنادۆت دەبێ ئاگادار بی کە باشگای مانژو ئەندامەکانی نیازی ڕووخاندنی دیرێکتواریان هەیە.

–مسۆگەر ئەتۆ لەمن پترو باشتر باشگای مانژو بیروباوەڕی ئەندامەکانی شارەزای. چونکە براکانت ژۆزێفو لووسین لە دامەزرێنەرانی ئەو باشگایەن.

ناپلیۆن بێ هیچ شڵەژانێک وەڵامی دایەوە:

–لە ڕوانگەی منەوە ئەرکی سوپاو ئەفسەرانی سوپاو سەرکردە سەربازی‌یەکانە کە تەواوی هێزە کارسازو کارامەکان ڕێک بخەنو لە ڕێگای بەرقەرارکردنی ئاشتیو نەزمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گشتیدا بەکاریان بێنن تا حکوومەتێک دروست بکەن کە دەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشدا سازگار بێ.

ئەم وتووێژە منی ماندوو کردبوو بۆیە ئاوڕم دایەوە لای ژووزفین تا جارێکی دیکە قسەی دەگەڵ بکەم. کەچی بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە دیتم ژووزفینیش چاوی دە زاری ژان باتیستەوە بڕیوە دەتگوت وەڵامەکانی بایەخێکی تایبەتیو ژیانەکییان هەیەو هەر لەودەمەدا ژان باتیست وەڵامی دایەوە:

-بەڵام بەباوەڕی من دەستوەردانی سوپاو سەرکردە سەربازییەکان لە کاروباری سیاسیدا خەیانەتێکی گەورەیە.

جارێکی دیکە هەرئەو بزە ئەفسووناوییە لەسەر ڕوخساری ناپلیۆن نەخشاو دووپاتەی کردەوە:

-خەیانەتی گەورە!

ژووزفین بە نیشانەی سەرسوڕمان برۆکانیی هەڵتەکاندنو ئەمن جارێکی دیکە فنجانە قاوەکانم پڕ کردنەوە.

-ئەگەر هەموو نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکان، دووپاتەی دەکەمەوە تەواوی نوێنەرانی هەموو حیزبە سیاسییەکان، بێنە لای منو داوام لێبکەن کە هەموو هێزە کارامەکانی وڵات ڕێک بخەمو بەکۆمەگی پیاوانی لێوەشاوە قەوارەی حکوومەتێکی تازەو پتەو دارێژم داخوا ئەتۆ هاوڕێ بێرنادۆت پشتم دەگری؟ داخوا ئەوانەی دەیانەوێ ئامانجەکانی شۆڕش وەدی بێنن دەتوانن هیوایان بەتۆ هەبێ؟ ژان باتیست بێرنادۆت داخوا فەڕانسە دەتوانێ حیساب لەسەر تۆ بکا؟

چاوە درەوشاوەو خۆڵەمێشییەکانی ناپلیۆن دە ژان باتیستەوە ڕامابوون، ئەو بە زەبرێکی توند فنجانەکەی خۆی لەسەر مێزەکە داناو گوتی:

-گوێ بگرە بوناپارت! ئەگەر بۆ قاوەخواردنەوە نەهاتوویو بۆیە هاتوویە ئێرە من ڕاکێشییە نێو خەیانەتێکی نیشتمانی تکا دەکەم هەتا زوویە لێرە برۆ.

بریسکەی بزەیەک کە کەوتبووە سەر ڕوخسارو چاوانی ناپلیۆن، ون بوو.

-ئەتۆ بەڕاستی دژی دۆستو هاوڕێکانت کە لەوانەیە بۆ ڕزگارکردنی کۆمار متمانەی گەل بەدەست بێنن چەک هەڵدەگری؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگی پێکەنینی ژان باتیست وەک هەورەتریشقە هەموو جێیەکی پڕکرد. ئەو بەجۆرێک شێتانە پێدەکەنی کە خۆی پێڕانەدەگیراو پێکەنین بەری نەدەدا. سەرەنجام بەزەحمەت گوتی:

-هاوڕێ بوناپارت، هاوڕێ بوناپارت ئەوکاتەی ئەتۆ لە بیابانی میسر خۆت لەبەر هەتاو هەڵخستبوو نەک جارێک بەڵکوو سێ جار پێشنیاریان بە من کرد کە نەخشی ئەو پیاوە بەدەسەڵاتە بگێڕمو بەکۆمەگی سەرنێزەی سەربازەکانم وەک ئەتۆو ژۆزێفی برات دەڵین هێزە کارامەکان خڕ کەمەوە، بەڵام ئەمن هەرگیز نەچوومە ژێر باری کارێکی واو ناشچم. حکوومەتی ئێمە لەسەر بناخەی دوو مەجلیس بنیات نراوەو ئەگەر نوێنەرانی خەڵک ناڕازین دەتوانن قانوونی بنەڕەتی بگۆڕن. هەرچەند بەشبەحاڵی خۆم پێم وایە قانوونی بنەڕەتیی ئێستاش بۆ پاراستنی ئەمنیەتی ئێمە بەسە. بەڵام ئەگەر نوێنەرانی خەڵک بێ ئەوەی لە دەرەوەڕا زۆریان بۆ بێ نیازی گۆڕینی حکوومەتیان هەبێ شتێکی جیاوازەو پێوەندیی نە بە منەوە هەیە نە بە سوپا.

-هاوڕێ بێرنادۆت، ئێستا ئەگەر نوێنەران لەژێر پاڵەپەستۆدا بڕیاری گۆڕینی قانوونی بنەڕەتی بدەن، ئەودەم ئەتۆ چدەکەی؟

ژان باتیست لەجێی خۆی هەستاو چووە بەر هەیوانیو لە دەرێوە ڕاما. دەتگوت لە پانایی ئاسمانی پاییزیدا بەدوای وشەگەلی گونجاودا دەگەڕێ کە وەڵامیان پێبداتەوە. ناپلیۆن بەجۆرێک لەپشتەوەڕا سەیری دەکرد کە دەتگوت دەیەوێ بچێتە نێو قووڵایی دڵو گیانیەوەو لێی ئاگادار بێ. هەرئەو ڕەگە چووکەڵەیەی گۆڕین لەسەر لاڕوومەتی ڕاستی ناپلیۆن بەتوندی لێیدەدا. ژان باتیست وەرگەڕاو بە جووڵەیەکی خێرا چووە لای ناپلیۆن دەستی لەسەر شانی داناو گوتی:

-هاوڕێ بوناپارت... ئەمن لە ئیتالیا دەگەڵ تۆ خزمەتم کردوەو ئەتۆ فەرماندەرم بووی، باش دەزانم چۆن نەخشەی هێرشێک دادەڕێژیو بەڕێوەی دەبەی. بەڵێنت پێدەدەم فەڕانسە فەرماندەرێکی لە تۆ باشتری نابیو ئەتۆ دەتوانی متمانە بەم قسانەی گرۆبانێکی پیر بکەی. بەڵام، بەڵام ئەوەی پیاوانی سیاسەتباز بەتۆی پێشنیار دەکەن شیاوی ژەنراڵێکی کۆمار نیە. مەچۆ ژێر بار بوناپارت.

ناپلیۆن سەری بەردابۆوەو دە گوڵدۆزیەکانی پارچەی سەرمێزەکەوە ڕامابوو. هیچ نیشانەیەک لە هەژان بەڕوخساریەوە دیار نەبوو. ژان باتیست دەستی لەسەر شانیی لابردو بە ئارامی چۆوە جێی خۆی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەگەر ئەتۆ بەپێچەوانەی ئەوەی گوتم ئەو ڕێگایە بگری، بێگومان دەگەڵ تۆو لایەنگرانت بەشەڕ دێم، دیارە بەمەرجێک...

ناپلیۆن لەنەکاو سەری هەڵبڕیو گوتی:

–چمەرجێک؟

– بەو مەرجە دەوڵەتی قانوونی ئەو ئەرکە بەمن بسپێرێ.

–ئەی کە چەند کەللەشەقی بێرنادۆت!

لەم جەرگەیەدا ژووزفین پێشنیاری کرد چزوویە بەرەو مووڕتفۆنتێن وەڕێ کەوین.

ماڵە کوێستانییەکەی ژوولی پڕ بوو لە میوانو ئێمە تالیڕانو فووشێشمان لەوێ دیتنو دیارە دۆستانی نزیکی بوناپارت واتە ژەنڕاڵ ژانوو، موڕات، لیکێرکو مارموونیش. هەمووی ئەوانە لەوە کە ناپلیۆنو ژان باتیستیان پێکەوە دەدی سەرسوڕماوو هەرلەوکاتەدا خۆشحاڵ بوون. پاش نانی نیوەڕۆ فووشێ لەحاڵێکدا ڕووێ دە ژان باتیست بوو گوتی:

–ئەمن نەمدەزانی ئەتۆو ژەنڕاڵ بوناپارت دۆستی نزیکی یەکترن.

ژان باتیستیش وەڵامی دایەوە:

–دۆستی نزیک! نەکهەر دۆستایەتی بەڵکوو پێوەندییەکی بنەماڵەییشمان لە نێودایە.

–هێندێکەس لە هەڵبژاردنی خزمو خوێشیشدا ڕەفتارێکی ئاقڵانەو دووربینانەیان هەیە.

ژان باتیست بێئەوەی بە پێکەنینی تەوساویی فووشێ نارەحەت بێ بە ڕووخۆشی وەڵامی دایەوە:

ئەگەر مەبەستت منم دەبێ بڵێم خوا بۆخۆی دەزانێ ئەمن لەو پێوەندییەدا بەهیچجۆر ئەو مەسەلەیەم لەبەرچاو نەبووەو لێی ئاگادار نەبووم.

ڕۆژەکانی دواتر لەنێو کۆڕو کۆبوونەوەکانی پاریسدا هیچباسێک گەرمتر لەباسی کۆدیتا نەبوو، باس لەوە بوو داخوا ناپلیۆن ئەوکارە دەکا یان نا. ڕۆژێکیان کە بەڕێکەوت بە شەقامی ڤیکتۆریادا ڕادەبردم چاوم بە کۆمەڵێک لە لاوان کەوت کە لەپێش ماڵەکەی ناپلیۆن کۆ ببوونەوەو بە ئاوازێکی ڕێکو ڕوو بە پەنجەرەکانی ماڵەکەی هاواریان دەکرد بژی بوناپارت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فێرناند دەیگوت ئەو لاوە بەقاووقیژانە بەزەبری پارە دێننە وێ بەڵام ژان باتیست باوەڕی وا بوو کە خەڵکی پاریس ئێستاش ناپلیۆنو ئەو پارەو پووڵەیان لەبیرە کە ئەو لە ئیتالیاوە دەیناردەوەو دەبووە هۆی بووژانەوەی خەڵکو وەبیرهاتنەوەی ئەمە هۆی ئەو بژیبژیەیە.

دوێنێ کاتێک لە پلیکانان دەهاتمە خوارێ کە بچمە ژووری نانخواردن، تێگەیشتم کە ئەو ڕۆژە ڕۆژە دیاریکراوەکەیە. لەوێ ژۆزێفم دی کە لە بەرامبەر ژان باتیستدا ڕاوەستاوەو بە هەژانەوە داوای لێدەکا دەگەڵی بچێتە سەردانی ناپلیۆن. ژۆزێف کە دەیدی ژان باتیست دوودڵە دەیگوت:

-ئەتۆ دەبێ بچیە سەردانیو گوێ لە قسەکانی بگری. ئەودەم دوای بیستنی قسەکانی قبووڵ دەکەی کە جگە لە ڕزگارکردنی کۆمار ئامانجێکی دیکەی نیە.

بەڵام ژان باتیست نەدەچووە ژێر باری داخوازەکەیو دەیگوت:

-ئەمن ئاگام لە نەخشەکانی هەیەو دەزانم کە چووکترین ئۆگریی بە کۆمار نیە.

کاتێک ژان باتیست گوێی نەدایە دوا داخوازی ژۆزێفیش، ئەو ڕووی کردە منو گوتی:

-دێزیرە! ئەتۆ پێی بڵێ، بڵێ هەرنەبێ گوێ لە قسەکانم بگرێ. بۆ دواجار دەڵێم ژان باتیست ئەتۆ ناتەوێ یارمەتیی براکەم بدەی؟

ئەمن کە نەمدەزانی چوەڵامێکی بدەمەو، گوتم:

-ژۆزێف، هەست دەکەم زۆر ماندووی. حەز دەکەی فنجانێکت قاوە بۆ بێنم.

بەڵام بێئەوەی بانگهێشتنەکەم قبووڵ بکا خێرا ئەوێی بەجێ هێشتو ژان باتیستیش لەحاڵێکدا لە پەنا دەرگای هەیوانێ ڕاوەستابوو، چاوی بڕیبووە باغی شەختەلێدراوی پاییز کە هیچ گوڵو گیایەکی لێنەبوو.

سەعاتێک دواتر ژەنڕاڵ مۆرۆو بەڕێز سازارین سکرتێری پێشووی ژان باتیستو چەند کەسی دیکە لە ئەندامانی وەزارەتی بەرگری وەک ڕنوو وەسەرمان گەڕان. ئەوان بە پێداگرتنەوە داوایان لە ژان باتیست دەکرد فەرماندەریی گاردی نیشتمانی وەئەستۆ بگرێو ڕێگە نەدا ناپلیۆن بچێتە مەجلیسی نوێنەرانو مەجلیسی سەنا. بەڵام ژان باتیست بە لێبڕاوی بەرامبەریان ڕاوەستاو گوتی:

-تەنیا لە یەک حاڵەتدا دەگونجێ پێشنیاری ئێوە قبووڵ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە فەرمانی وەزیری بەرگریم بۆ بێنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێشتا باسو وتووێژی وان تەواو نەببوو کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی شاریش گەیشتنە جێو لەو داخوازەدا ڕەگەڵ ئەوانی دیکە کەوتن. ژان باتیست بێشلوێبوون هەموو شتێکی بۆ ڕوون کردنەوەو گوتی:

–ئەمن ناتوانم لەسەر داوای ئەندامانی ئەنجومەنی شار یان دۆستانم دەست بدەمە کارێکی وا. دۆستی خۆشەویستم ژەنراڵ مۆرۆ باش دەزانێ کە هەر فەرمانێک دەبێ لە ڕێگای دەوڵەتو وەزارەتی بەرگرییەوە بە ئێمە ڕابگەیەندرێو ئەگەر بە هەرهۆیەک دەوڵەتی قانوونی لەئارادا نەبێ یان لە بارەگاکەی خۆیدا جێگیر نەبێ ئەوە نوێنەرانی مەجلیسن کە دەبێ ئەوکارە بکەن.

دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمجار ژان باتیستم لە جلوبەرگی سیڤیلدا دیت. ئەو بۆ یەکەمینجار چاکەتێکی زریشکیی تەنگو درێژی دەبەر کردبوو،و کڵاوێکی گەرگەڕییشی لەسەر نابوو. ئەو جلوبەرگەی دەگەڵ ملپێچە زەردەکەی ئەو گومانەی بۆ دروست کردم کە نەکا نیازی هەبێ لە بالماسکەدا بەشدار بێ. بۆیە لێمپرسی

–دەچیە کوێ؟

–دەچم پیاسە دەکەم. تەنیا دەمەوێ هێندێک بەپێ بڕۆمو ئەوەندە!

پیاسەکەی چەند سەعاتی خایاندو لای خۆراوا کاتێک مۆرۆو دۆستەکانی دیکەی هاتنە سەردانی ناچار بوون دانیشنو چاوەڕێی بن. سەرەنجام کاتێک دنیا بەتەواوی تاریک ببوو، ژان باتیست هاتەوە ماڵێ. هەمووومان لەخۆوە لێمان پرسی:

–باشە، خەبەر چیە؟

–بەپیاسە چوومە کۆشکی لووکزامبوورگو تویلری. گرووپگەلێکی زۆر لە سەربازان لە دەوروبەر دامەزراون بەڵام هەموو جێیەک ئارامە. زۆر لەو سەربازانە کەسانێکن کە لە بەرەی ئیتالیا خزمەتیان دەکردو ئێستا خانەنشین کراونو ئەمن کۆمەڵێک لەوان باش دەناسم.

مۆرۆ گوتی:

–بێگومان ناپلیۆن بەوادەو بەڵێنی زۆر ئەوانی هێناوەتە وێ.

–ئەم بەڵێنە زۆر پێش ئێستا بەهۆی ئەفسەرەکانیانەوە بەوان دراوە، هەر ئەو ئەفسەرانە کە لەنەکاو لە میسر گەڕانەوە؛ کەسانی وەک ژانوو، مەسنا، مورات، مارموون، لیکرێکو ئەوانی دیکەی دەوروبەری ناپلیۆن.

مۆرۆ جارێکی دیکە پرسی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەتۆ پێت وایە ئەو سەربازانە حازر دەبن دەگەڵ گاردی نیشتمانی بەرەورِوو بن؟

–ئەوان لە هەموو شتێک بێخەبەرن. ئەمن وەک غەیرەنیزامی‌یەکی کونپشکن قسەم لەگەڵ گرۆبانێکی پیرو چەند سەربازێک کرد. ئەوان هەموو دڵنیان کە فەرماندەریی گاردی نیشتمانی دەدرێ بە ناپلیۆن. ئەم دەنگۆیە ئەفسەرەکان بڵاویان کردۆتەوەو ئەوانیش باوەڕیان بە قسەکانیان کردوە.

–ئەمە بێشەرمانەترین درۆیە کە تائێستا بیستوومە.

–مۆرۆی خۆشەویست! پێم وایە سبەینێ ناپلیۆن داوا لە نوێنەرانی مەجلیس دەکا فەرماندەریی گاردی نیشتمانی بدەن بەو.

–ئێمەش پێ دادەگرین کە ئەتۆش لەو فەرماندەری‌یەدا شەریکی بی، داخوا ئامادەی؟

ژان باتیست سەری ڕاوەشاندو گوتی:

–ئێوە دەتوانن داخوازێک بدەن بە وەزارەتی بەرگری‌و خودی وەزیرو داوای لێبکەن کە ئەگەر فەرماندەریی گاردی نیشتمانی دەدرێ بە ناپلیۆن بێرنادۆتیش وەک نوێنەری باوەڕپێکراوی وەزارەتی بەرگری لەپەنای بێو لە فەرماندەری‌یەکەی‌دا شەریک بێ.

ئەو شەوە خەو لە چاوم نەکەوت. تەواوی شەوێ ئەو دەنگانەی لە نهۆمی خوارێوە دەهاتن دەرفەتیان نەدەدام چاو لەسەر چاو دانێم. دەنگی زبرو تووڕەی مۆرۆو دەنگی ئەستوورو گڕی سازارین سەرانسەی شەوێ دەهاتە بەر گوێ. هەردەڵێی دوێنێ بوو. بەڵێ هەر دوێنی...

تەواوی ڕۆژەکە خەڵکی جۆراوجۆر لە هاتوچوودا بوون؛ پەیکەکان، ئەفسەرانی لە هەموو پلەوپایەکان‌و سەرەنجام سەربازێکی سادە گەیشتە جێ‌و لەحاڵێکدا ئارەق لەسەروچاوی دەچۆڕا خۆی لە ئەسپەکەی فڕێ داو هاواری کرد:

–بوناپارت بوو بە کونسوولی یەکەم.

ژان باتیست ئەوی لەسەر کورسی‌یەک دانیشاندو داوای لەمن کرد شتێکی خواردنەوەی بۆ بێنم. بەڵام بەرلەوەی سەربازەکە دەم بکاتەوەو قسە بکا، سەروانێکی لاو بەپەلە هاتە ژووریێوگوتی:

–ژەنەراڵ بیرنادۆت، حکوومەتی کونسوولی دامەزراو ژەنەراڵ بوناپارت بوو بە کونسوولی یەکەم.

بەیانیی ئەو ڕۆژە ناپلیۆن سەرەتا چووە مەجلیسی سەنا کە زۆربەی نوێنەرەکانی پیرەپیاوانی ماقووڵو جێی ڕێزو بەدوور لە جەنجاڵین. ئەوان هەرچەند بە دڵڕەنجاوی بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوێیان بۆ قسە پڕهەژانو جەنجاڵییەکانی ڕاگرت. ناپلیۆن باسی پیلانگەلێکی کرد کە بە دژی حکوومەتی کۆماری لە ئاراداو داوای لە نوێنەران کرد لەو هەلومەرجەدا کە مەترسییەکی جیددی هەڕەشە لە فەرانسە دەکا دەسەڵاتی تەواوی بدرێتێ تا ئەو مەترسییە لەنێو بەرێ. سەرۆکی مەجلیس لە وەڵامی قسەکانیدا کە زۆریش ڕوونو ڕاشکاوانە نەبوون وەبیری هێنایەوە کە ئەو دەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەت بۆ ئەوکارە بەدەست بێنێ. ناپلیۆن دوایە دەگەڵ ژۆزێف چووە مەجلیسی نوێنەران، لەوێ هەلومەرج جۆرێکی دیکە بوو. یەکیەکی نوێنەران ئامانجی ناپلیۆن لە چوون بۆ مەجلیسیان بەباشی دەزانی. سەرەتا ئەوان بەتوندی لەبارەی بەرنامەی کاری ئەو ڕۆژەوە وتووێژیان کرد. بەڵام زۆری پێنەچوو کە لووسین بوناپارت وەک سەرۆکی مەجلیس براکەی بانگ کردە پشت مێزی قسەکردنو ڕایگەیاند:

-نوێنەرە بەڕێزەکان؛ ژەنراڵ بوناپارت ڕاپۆرتێکی هەیە کە لەبەر ئەوەی بۆ مانەوەی کۆمار گرنگە دەبێ بە ئاگاداریی مەجلیسی نوێنەرانی بگەیەنێ.

لەوکاتەدا لایەنگرانی بوناپارت لە هەر گۆشەیەکەوە هاواریان کرد بێدەنگ بن... فەرموو ژەنراڵ... لەو نێوەدا دژبەرەکانیش بە جۆرێکی دیکە بە هەراوهوریای خۆیان دەیانەویست پێشی قسەکانی بگرن. بەڵام ناپلیۆن بێئەوەی گوێ بداتە هەراوهوریای وان دەستی بە وتارەکەی کرد. هەموو ئەوانەی قسەکانی ئەویان بیستبوو یەکدەنگ بوون کە ناپلیۆن بە دژواری قسەی بۆ دەکرا. ئەو هێندێ بابەتی دەربارەی پیلان بە دژی کۆمارو خۆی باس کردن بەڵام هەراوهوریایەکە ئەوەندە توند بوو کە نەیدەهێشت کەس گوێی لە قسەکانی بێ.

لەوکاتەدا ژەنراڵێک هاتە مەجلیسو لایەنگرانی بوناپارت لە هەر چوارلاوە ڕوویان کردە مێزی قسەکردنو دژبەرانیش بەرەو دەرگای چوونەدەر وەڕێ کەوتن. بەڵام سەیر ئەوە بوو کە دەرگاکانی مەجلیس لە لایەن سەربازانەوە کۆنترۆڵ دەکران بێئەوەی دیار بێ کێ ئەو فەرمانەی بە سەربازەکان کردوە. هەرچۆنێک بێ ژەنراڵ لیکلێرک مێردی خوشکی ناپلیۆن لە سەرووی ئەو سەربازانەوە کۆنترۆڵی نوێنەرەکانی بەئەستۆوە بوو. گاردی نیشتمانییش کە ئەرکی پارێزگاری لە مەجلیسو نوێنەرەکانی لە ئەستۆ بوو ڕەگەڵ سەربازەکان کەوتبوو. تەلاری مەجلیس ئاڵۆزییەکی بێوێنەی تێکەوتبوو لە هەرسووچێک دەنگێک دەهاتە بەر گوێ. لووسینو ناپلیۆنیش لەپەنا یەکترو نزیک مێزی قسەکردن ڕاوەستابوون کە لەنەکاو هاواری "بژی بوناپارت" لە تەلاری مەجلیسدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زرینگایەوە. لەملاو لەولا دەنگی دیکەش دەگەڵ ئەو دەنگە کەوتنو زۆری پێنەچوو کە هاواری "بژی ناپلیۆن" هەموو جێیەکی پڕ کرد. لەو کاتەدا مورات، ماسناو مارموونیش لە شوێنی تایبەتی ڕۆژنامەنووساندا دەرکەوتن تا ئەو کۆمەڵە دەگەڵ خۆیان هاودەنگ بکەن. نوێنەران کە لە هەموو لایەکەوە خۆیان لە گەمارۆداو پۆتینی سەربازانیان لەسەرلاقی خۆیانو سەرنێزەی تفەنگەکانیان ڕووبەڕووی خۆیان دەدی بەناچاری دەگەڵ ئەوانی دیکە هاوئاواز بوون.

سەربازان لە قوژبنەکانی ساڵۆندا جێگیر بوونو لەو وەختەدا فووشێ سەرۆکی پۆلیس دەگەڵ چەند کەسی هاوڕێی کە جلوبەرگی سیڤیلیان دەبەردا بوو هاتنە مەجلیسو چەند کەس لە نوێنەرانی دژبەریان کە دەیانتوانی گیروگرفت ساز بکەن دەگەڵ خۆیان بردە دەرێ. درزی قووڵی نێوان نوێنەرانی مەجلیسو ناکۆکیی بیروڕای نوێنەران بووە هۆی ئەوەی مەجلیسی نوێنەران نەتوانێ بە ئاسانی بڕیار بداو ناچار بێ چەندین سەعات کۆبوونەوە بکا. سەرەنجام قانوونێکی بنەڕەتیی تازە دانراو سەرۆکی مەجلیس پێشنیارەکانی نوێنەرانی بۆ سیستمی نوێی حکوومەتی خوێندەوەو بڕیار درا دەوڵەتی نوێ لە سێ کونسوول پێک بێو ناپلیۆنیش بەتێکڕای دەنگ وەک کونسوولی یەکەم هەڵبژێردراو کۆشکی تویلری بۆ مانەوەی هەمیشەیی خرایە ژێر دەسەڵاتی.

شەوێ فێرناند ژمارەی تایبەتیی ڕۆژنامەکانی لەحاڵێکدا بۆ هێناین کە هێشتا مەرەکەبەکەیان وشک نەببۆوە. لە سەرتیتری ڕۆژنامەدا ناوی بوناپارت کە بە پیتی درشت چاپ کرابوو دەهاتە بەرچاوو دەکرێ بڵێم چاوئێشێنیش بوو. ئەمن کە لە ئاشپەزخانەو لە پەنا ماری بووم گوتم:

–لەبیرتە لە مارسەی ڕۆژنامەیەکت بۆ هێنام کە خەبەری دامەزرانی بوناپارت وەک فەرمانداری نیزامیی پاریسی تێدا چاپ کرابوو؟

ماری خەریک بوو مەمکەشووشەکەی ئۆسکاری پڕ دەکرد لە شیری کوڵیو، چونکە لەبەر ئەوەی شیری دایک کەم بوو ناچار بووم شیری مانگای بدەمێ. لە درێژەی قسەکەم دەگەڵ ماریدا گوتم:

–ئەمشەو ئەو دەگوازێتەوە بۆ تویلریو لەوانەشە لە ژووری خەوی پادشای فەڕانسە بخەوێ.

ماری لەحاڵێکدا مەمکەشووشەکەی وەمن دەدا لەبن لێوانەوە گوتی:

–ڕاست وەک پادشایەک!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێک لە ژووری خەوی ئۆسکار دانیشتبووموو تەماشای شیرخواردنەکەیم دەکرد کە چەند بەئیشتیاوە شیری دەمژی، ژان باتیستیش هاتە ژووریٚو لە پەنام دانیشت. هێندەی پیٚنەچوو فێرناند کە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو هاتە ژووریٚ.

–ببوورە گەورەم. ئەم نامەیە ژنێکی نەناسیاو هێنای بیدەم بە جەنابت.

بێرنادۆت سەیرێکی کاغەزەکەی کردو دوایە لەپێش منی ڕاگرت. دەستێکی لەرزۆک نووسیبووی:

–ژەنڕاڵ مۆرۆ گیرا...

ژان باتیست کە دەمنەوە ڕامابوو گوتی:

–مسۆگەر ئەم پەیامە خانمی مۆرۆ نووسیویەو بە یەکێک لە خزمەتکارەکانیدا بۆ منی ناردوە.

ئۆسکار خەوتبوو، بۆیە ئێمەش چووینە نهۆمی خوارێو چاوەڕیٚ دانیشتین تا پۆلیس بۆ گرتنی ژان باتیست بێتە ماڵیٚو لەوحاڵەدا ئەمن دەستم کردەوە بەنووسینی بیرەوەرییەکانم.

هێندیٚ شەو هەن کە بیٚکۆتایی دێنە بەرچاو؛ دەڵێی هەرگیز نابڕێنەوە.

لەنەکاو کالیسکەیەک لەپێش ماڵی ئێمە ڕاوەستا. بیٚگومان هاتبوون ژان باتیستی دەگەڵ خۆیان بەرن. دەرپەڕیمو غارم دایە سالۆن. ژان باتیست بیٚ جووڵەو ئارام لە نێوەڕاستی سالۆنیٚ ڕاوەستابوو بەوردی گوێی بۆ هەستوخوستی دەرەوە هەڵخستبوو. چوومە لای، دەستی خستە سەرشانم، لە هەموو ژیانمدا قەت ئەوەندەم لەخۆم نزیک هەست پیٚ نەکردبوو.

لەسەریەک چەندجار لەدەرگا درا، یەک، دوو، سیٚ. ژان باتیست لەحاڵێکدا لە من دوور دەکەوتەوە گوتی:

–ئەمن دەرگای دەکەمەوە.

ڕاست لەوکاتەدا گوێم لە دەنگێک بوو، پێشان دەنگی پیاوێکو پاشان پێکەنینی ژنانە. ئەژنۆم شکابوونو بەناچار لەسەر نزیکترین کورسی دانیشتمو فرمێسک بەچاوانمدا لووزەوی بەست. ئەی خوایە گیان ئەوە ژوولی بوو.

ئێستا هەمووومان لە سالۆن بووین، ژوولی، ژۆزێفو لووسین گەیبوونە جیٚ. بە دەستی لەرزۆک مۆمی تازەم دە مۆمدانەکان هاویشتنو بەجارێک سالۆن وەک ڕۆژ ڕووناک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو. ژوولی جلوبەرگە سوورەکەی خەوی دەبەردا بوو، سەرگۆناکانی گوڵیان کردبوو بەجۆرێک پێدەکەنی کە بەزەحمەت قسەی بۆ دەکرا. تێگەیشتم هەرسێکیان لە تویلریڕا دێنەوە.

—تەواوی شەوێ لەوێ باس باسی قانوونی بنەڕەتیی تازەو ئامادەکردنی لیستی ناوی وەزیرە تازەکان بوو. ژووزفین کە خەریکی کردنەوەی کەلوپەلی خۆیو جێگیربوون لە خانووی شاهانەدا بوو، بەنیاز بوو ئەو شەوە میوانداریی‌یەکی چووکەڵە بەرپا بکا. کالیسکەیەکی دەوڵەتی بەدوای ژوولیو خاتوو لیزیاو خوشکەکانی ناپلیۆن‌دا نێردراو ژووزفین یەکێک لە سالۆنەکانی تویلریی بۆ پێشوازی لە میوانەکان ئامادە کردو بەمجۆرە لە دەوری یەک خڕ بووینەوە، چونکە بەهەرحاڵ ڕۆژێکی گەورە بوو.

ژوولی کە بە دژواری قسەی دەکرد لە درێژەی وتارەکەی‌دا زیادی کرد:

—بەڵێ ڕۆژێکی گەورەیە چونکە ناپلیۆن بەسەر فەڕانسەدا حکوومەت دەکا، لووسین دەبێتە وەزیری نێوخۆو ژۆزێفیش وەزارەتی دەرەوەی لەدەستدا دەبێ یان هیچ نەبێ ناوی لە لیستی وەزیرەکان‌دایە. دەبێ ببوورن ئەگەر ئێوەمان لەخەو هەستاند، بێرەدا ڕادەبردین گوتم باشترە سەرێکی ئێوەش بدەین.

—ئێوە لەخەوتان هەڵنەستاندین.

بەڵام ژۆزێف بێ‌گوێدان بە قسەکەی من ڕووی کردە ژان باتیستو گوتی:

—ئەم سێ کونسوولە چەند ڕاوێژکاریان لە بواری جۆربەجۆردا دەبێو ئەتۆ بێرنادۆت لەوانەیە ببیە یەکێک لەو ڕاوێژکارانە.

ژوولی جارێکی دیکە نۆرەقسەی وەرگرتەوە:

—ژووزفین نیازی وایە ئاڵوگۆڕێک بەسەر تویلری‌دا بێنێ، نازانی لەوێ هەموو شتێک بە پەردەیەکی تۆزو غوبار داپۆشراوەو هەموو شتێک کۆنو تۆزلێ‌نیشتوویە. ئەو دەیەوێ ڕەنگی سپی لە ژووری خەوەکەی بدا... بیری لێبکەوە دێزیرە، ناپلیۆن داوای لە ژووزفین کردوە وەک پادشاو شاژنەکان خزمەتکارو کتیب‌خوێنەوەو ژوورپاک‌کەرەوەو سێ نەدیمەی تایبەتی بۆخۆی دیاری بکا. وڵاتانی دیکە دەبێ تێبگەن کە هاوسەری ڕێبەری تازەی ئێمە لەو مەسەلانە بێ‌خەبەر نیە.

لەو کاتەدا گوێم لە دەنگی ژان باتیست بوو کە دەیگوت:

—بۆ من ئازادیی ژەنڕاڵ مۆرۆ زۆر گرنگەو پێی لەسەر دەچەقێنم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لووسینیش لە وەڵامیدا وەبیری هێنایەوە کە گرتنی ژەنراڵ مۆرۆ تەنیا بۆ پاراستنی گیانیەتیو هۆیەکی دیکەی نیە. دڵنیا بە کە ئەم گیرانە ئەمنیەتی گیانیی وی لە بەرامبەر ئاژاوەگێڕاندا دەپارێزێ. چونکە هیچکەس ناتوانێ خۆشحاڵیی شێتانەی هێندێک لە هاونیشتمانانی پاریسی کۆنترۆڵ بکا.

لەم ساتەدا زەنگی سەعات شەشی بەیانی لێدراو ژوولی هاواری کرد:

–دەبێ بڕۆین، ئەو لە کالیسکەدا چاوەڕێی ئێمەیە.

بە سەرسوڕمانەوە پرسیم:

–کێ لە کالیسکەدا چاوەڕێی ئێوەیە؟

–دایکی مێردەکەم، خاتوو لیزیا. ئەو چونکە زۆر ماندوو بوو نەیتوانی لە کالیسکە دابەزێو ئێمە دەبێ بیگەیەنینەوە ماڵەکەی.

لەنەکاو هەستم کرد زۆر تامەزرۆم خاتوو لیزیا ببینم، ئەویش ڕاست دوای ئەو شەوە لەبیرنەکراوە. لە سالۆنی وەدەر کەوتم، هەوا تەموژ بوو، هەتا گەیشتمە سەر شەقام چەند کەسم دیتن کە خۆیان لە تاریکاییدا شاردەوە. داخوا خەڵک لەپێش ماڵی ئێمە ڕاوەستاونو چاوەڕێن کە...

دەرگای کالیسکەکەم کردەوەو گوتم:

–خاتوو لیزیا، دێزیرەم. دەمەویست پیرۆزباییت لێبکەم.

تارماییەک لە قوژبنی تاریکی کالیسکەکەدا جووڵا بەڵام ئەوێ لەوە تاریکتر بوو کە بتوانم ڕوخساری ببینم.

–پیرۆزبایی لەمن، بۆچی کچم؟

–بۆئەوەی ناپلیۆن بۆتە کونسوولی یەکەمو لووسین وەزیری نێوخۆو ژۆزێفیش...

–ئای کچم ئەو منداڵانە نابێ خۆیان تووشی سیاسەت بکەن.

خاتوو بوناپارت هیچکات زمانی فەڕانسەیی بەباشی فێر نەبووەو بێگومان فێریش نابێ. لەوکاتەوە کە بۆ یەکەمجار لە مارسەی دیتم تائێستا تەنانەت یەک وشەش فێر نەبووەو ناتوانێ لەوکاتە باشتر قسە بکا. ئەو ژێرزەمینە پیسو سامناکەم وەبیر هاتەوە کە بنەماڵەی بوناپارتی تێدا دەژیانو سەیرە کە ئەوان ئێستا دەیانەوێ کۆشکی تویلری بڕازێننەوە. بە نیگەرانییەوە گوتم:

–بەڵام پێم وابوو ئەتۆ زۆر شادمانی.

دەنگێکی وشک لەنێو کالیسکەکەوە وەڵامی دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-نا. ناپليۆن ئی وێ نيەو ئەم كۆشكە بۆ ئەو ساز نەكراوە.

-بەڵام ئێمە حكوومەتی كۆماريمان هەيەو هەموو دەتوانن...

-ژووليی كچمو منداڵەكان بانگ كە، ئەمن زۆر ماندووم. دەبينی كە تويلری بيری وی ژەهراویو گومڕا دەكاو بيروباوەڕی خەراپی لە مێشكدا پەروەردە دەكا. دەی‌بينی.

سەرەنجام ژۆزێف، ژووليو لووسين گەيشتنە نزيك كاليسكەكەو ژوولی منی دەباوەش گرتو سەری هێنايە بن سەرمو گوتی:

-وەزعيەتێكی باش چاوەڕێی ژۆزێفە، سبەينێ نيوەڕۆ وەرە ماڵی ئێمە، دەمەوێ قسەت لەگەڵ بكەم.

ڕاست لەوكاتەدا ژان باتيستيش لە ماڵێ هاتە دەر تا ميوانەكانی بەڕێ بكا. لەنەكاو لە نێو تارێكايی مژاويی شەقامدا هێندێ ڕوخساری نەناسياو كە تەواوی ئەو شەوە درێژەی ئێمە بەخەبەر ببوون سەريان دەرهێناو هاواريان كرد "بژی بێرنادۆت"و جارێكی ديكەو جارێكی ديكە ئەم دەربڕينە دووپاتە بۆوە بژی... بژی... لەوێ لە چەند كەسێك زياتر نەبوونو ئەگەر ئەم دەنگە ببووايە مايەی ترسی ژۆزێف ئەوپەڕی گەمژەيی ئەوی دەردەخست.

بەمجۆرە ڕۆژێكی بارانيی ديكە دەستی پێكرد، ڕۆژێك كە هەورو مژ ڕەنگێكی خۆڵەمێشيی پێ دابوو. هەرئێستا يەكێك لە ئەفسەرانی گاردی نيشتمانی بە پەيامێكەوە لە ماڵی ئێمەيە:

-بەفەرمانی كونسوولی يەكەم، ژەنڕاڵ بێرنادۆت دەبێ سەعات يازدە بچێتە لای.

دەفتەری بيرەوەرییەكانم قفڵ دەكەم بۆ ئەوەی بيدەمە دەستی ژوولی.

***

## ١٧

### پاريس. ٢١ی مارسی١٨٠٤

ئەم كارەی منو لەوكاتەدا چوون بۆ تويلری، ئەويش بۆ ديتنی ناپليۆن، لە شێتی بەولاوە ناوێكی نەبوو.



كتێبخانەی ديجيتاڵی
www.rabari.org

لە سەرەتاوە دەمزانی کارەکەم شێتانەیە بەڵام بەهەرحاڵ لە کالیسکەی خاتوو لیزیادا دانیشتمو ڕووم کردە تویلری. لە ڕێگادا بیرم دەکردەوە چۆنی دەگەڵ بەرەوڕوو بمو چبڵێم. لە دوور زەنگی سەعات یازدەی شەوی ڕادەگەیاند. بە ڕاڕەوە درێژو بێدەنگەکانی تویلری‌دا تێدەپەڕمو دەچمە دەفتەری کارەکەی، بەرامبەری ڕادەوەستمو دەڵێم کە...

کالیسکە بە قەراغ سێن‌دا دەڕۆیشت. لە ساڵانی ڕابردوودا هەموو پردەکانی سێنم ناسیبوون. بەڵام هەرکات دەگەیشتمە یەکێک لەو پردانە، پردێکی تایبەتی لێدانی دڵم توندتر دەبوو. هەمیشە کە دەگەیشتمە ئەو پردە لە کالیسکە دادەبەزیمو پیاسەم دەکرد. لەسەر ئەو پردە، پردی خۆم... ئەو شەوە یەکێک لە یەکەمین شەوەکانی بەهاری ١٨٠٥ بوو. تەواوی ڕۆژەکە باران باریبوو بەڵام ئێستا ئەو هەورە ڕەشانە هەموو ڕەویبوونو ئەستێرە دەیان زریواند. لە دڵی خۆمدا گوتم ناپلیۆن ناتوانێ ئیعدامی بکا. شۆقی ئەستێرەکانی ئاسمانو چراکانی پاریس لەسەر ڕووبەری سێن ڕەنگیان دەدایەوەو لەسەر شەپۆلەکانی هەڵدەپەڕین. ناپلیۆن هەرگیز ناتوانێ گوللەبارانی بکا.

داخوا ناتوانێ؟

بەڵام ئەو هەرچی بیەوێ ئەنجامی دەدا.

بە ئارامی لەسەر پردێ پیاسەم دەکردو دەچوومە سەرێو دەهاتمەوە خوارێو بیرم لەو ساڵانە دەکردەوە کە بەدوور لە هەر ڕەنجو ئازارێک ژیابووم. ئەو زەماوەندو جێژنانەی تێیاندا بەشدار ببووم، ئەو ڕێوڕەسمانەی لە تویلری گیرابوونو لەواندا بە نیشانەی ڕێزدانان بەرامبەر بە ناپلیۆن سەرم دانواندبوو، جێژنی سەرکەوتنی مارینگۆ لە ماڵی ژوولی کە دەستوپێی خۆم لێون ببوون، یان ئەو دەستەجلە ڕەنگاوڕەنگانە کە کڕیبوومن، دەستێک ئاوریشمی زەرد، دەستێکی سپی کە گوڵی سووری لێدوورابوون یان ئەوجلە خەوە سپی‌یە کە گوڵی مەخمەریی تێدا بوون. ئەمانە مەسەلەگەلی کەمبایەخ بوونو گرنگترینیان بریتی بوو لە ددان‌هاتنی ئۆسکاری کوڕم؛ ڕۆژێک کە یەکەم ددانی هات یان ئەو ڕۆژە کە بۆ یەکەمین جار وشەی دایەم لێبیست، ڕۆژێک کە بۆ یەکەمین‌جار توانی چەند هەنگاو بەبێ کۆمەگی من بڕواو بە لاقەلەرزە مەودای نێوان پیانۆکەو کاونتەری جلەکانی بڕی.

ئەو ساڵانەم وەبیر دێنەوە کە ئێستا بوونە ڕابردوو. ڕۆژێکم بیر دەکەوێتەوە کە ناچار بووم بچمە بەردەم کونسوولی یەکەمو ئیکلامی لەبەر بکێشم. ژوولی چەند ڕۆژ لەمەوبەر دەفتەری بیرەوەری‌یەکانمی وێ دامەوەو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خەریکی ڕێکوپێککردنی کاونتەرەکەم بووم، کاونتەرە دارینە ماهاگونی‌یەکەم کە لە مارسەی‌ڕا هێنابووم، ئێستا ئەو کاونتەرەم لە ژووری منداڵەکان داناوە. بەهەرحاڵ لە کاتی ڕێکوپێککردنی‌دا دەفتەری بیرەوەری‌یەکانی تۆم دۆزیەوەو وام پێ‌باشتر بوو بیدەمەوە بەخۆت، چونکە ئیدی پێویستیی بە شاردنەوە نیە. پێت وایە پێویست بێ دیسان بی‌شارمەوە؟

–نا ئیدی زەمانی شاردنەوەی بەسەر چووە.

ژوولی پێکەنی‌و گوتی:

–مسۆگەر بابەتی زۆرت بۆ نووسین هەن، پێم وانیە نووسبێتت کە ئەمن ئێستا دوو کچم هەن.

–نا، شەوی دوای کۆدیتا دەفتەری بیرەوەری‌یەکانم وەتۆ دا بەڵام ئێستا دەنووسم کە ئەتۆ پاش چەندجار سەردانی دوکتۆر پولومبیەو بردنی ژۆزێف بۆ لای وی سەرەنجام دووساڵونیو پێش ئێستا کچە گەورەکەت زەنائید شارلووت ژوولیت بووەو سێزدە مانگ بەر لەئێستاش بوویە خاوەنی کچێکی دیکە بەناوی شارلووت ناپلیۆن. هەروا دەش‌نووسم کە ئۆگریی بێ‌بڕانەوەی تۆ بە خوێندنەوەی ڕۆمان بۆتە هۆی ئەوەی کە بەیادی ناوی یەکێک لە ماشووقەکانی حەرەمسەرای ڕۆژهەڵات یەکێک لە کچەکانت ناو بنێی زەنایید.

هیوادارم کچەکەم لەوە کە ناوێکی ئەوتۆم لێ‌ناوە لێم ببووری.

دەفتەری بیرەوەری‌یەکانم لە ژوولی وەرگرتەوە، پێم وایە پێش هەموو شتێک دەبێ بەسەرهاتی مردنی دایکم بنووسم. هاوینی ڕابردوو ئەمن‌و ژوولی لە باخچە دانیشتبووین کە ژۆزێف بەپەلەو لەحاڵێکدا نامەی ئەتینی بەدەستەوە بوو هاتە لامان. دایکم لە جینوا بەهۆی ڕاوەستانی دڵەوە مردبوو. ژوولی بە بیستنی ئەو خەبەرە لەبن لێوانەوە گوتی بەتاقی تەنیا مامەوە. کاتێک ئەو ڕستەیەی گوت ژۆزێف وەڵامی دایەوە:

–ئەتۆ منت هەم‌و تەنیا نابی.

ژۆزێف تێ‌نەدەگەیشت کە ئەگەرچی ژوولی ئەوی هەیەو ئەمنیش ژان باتیست بەڵام پاش مردنی باوکم ئەوە تەنیا دایکم بوو کە بۆمان مابۆوەو ئەو تەنیاکەس بوو کە هەموو شتێکی منداڵیی ئێمەی لەبیر بوو.

بە تەواوبوونی ئەو ڕۆژە غەمبزوێنە کاتێک شەو داهات ژان باتیست گوتی:

–دێزیرە هەموومان دەبێ قانوونەکانی سروشت قبووڵ بکەین چونکە ناتوانین سەرپێچی‌یان لێ‌بکەین. مردنیش یەکێک لەو قانوونانەیەو ئەوە کە بەمردنمان منداڵانێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەجێ دێڵین. هەروەک بوونمان بە خاوەنمنداڵ قانوونێکە، مردنیش وایە. ئێمە دەبێ بە ڕوانینێکی فەلسەفی ئەو قانوونانە قبووڵ بکەین. ژان باتیست بۆ ئەوەی دڵی من بداتەوە وەبیری هێنایەوە کە هەر ژنێک ڕەنجی منداڵبوون قبووڵ بکاتو بگاتە پلەی دایکایەتی جێگای لە بەهەشتە. بەڵام بەهەرحاڵ هەرچەند قسەکانی دوور لە ئەقڵو مەنتیق نەبوون نەیاندەتوانی زۆر لە باری غەمو خەفەتی من کەم بکەنەوە.

کالیسکەی خاتوو لیزیا وەک تارماییەک کە خەبەری مەرگی پێبێ لە کۆتایی پردە خۆشەویستەکەی من ڕاوەستاوەو چاوەڕێمە. لەسەر مێزی کاری ناپلیۆنیش حوکمێکی ئیعدام هەیەو پێیدەڵێم کە...

-بەڵێ، چدەڵێم؟

بەڵام دەگەڵ وی ناکرێ وەک ڕابردوو قسە بکەی. ئیدی ناتوانی بێئیزنی خۆی لەکنی دانیشی. بەیانیی ئەو شەوە کە چاوەڕوانی گیرانی ژان باتیست بووین، دیدارو وتووێژێک لە نێوان ئەوو ناپلیۆندا ڕووی دا.

-بێرنادۆت، ئەتۆ وەک ڕاوێژکاری لێژنەی کونسوولەکان هەڵبژێردراویو لەو لێژنەیەدا نوێنەرایەتیی وەزارەتی بەرگریت لە ئەستۆ دەبێ.

-ئەتۆ پێت وایە بەڕاستی بە شەوێک گۆڕانی بنچینەیی بەسەر بیروبۆچوونەکانمدا هاتبێ؟

-نا. بەڵام لەو شەوەدا ئەمن بەرپرسایەتیی کۆماری فەڕانسەم وەئەستۆ گرتوەو ناتوانم یەکێک لە کارامەترین پیاوانی فەڕانسە لەدەست بدەم. داخوا ئەم پۆستە قبووڵ دەکەی بێرنادۆت؟

ژان باتیست بۆی گێڕامەوە کە لەو کاتەدا بێدەنگییەکی درێژ لە نێویاندا بەرقەرار بوو. بێدەنگییەک کە لەودا ژان باتیست چاوێکی لەو ژوورەی کۆشکی تویلری کرد کە ببووە دەفتەری کاری بوناپارتو هەروەها لە مێزە گەورەکەی کاری کە پێچکەکانی لەسەر شانی شێران دانرابوون. لەو بێدەنگییە قورسەدا ئەو لە پەنجەرەی ژوورەکەوە سەربازانی گاردی نیشتمانیی دەدیتن کە نیشانی سێڕەنگی شین- سپی-سووریان بە شریتێکی تایبەتی بە سنگیانەوە هەڵواسیبوو. هەر لەو بێدەنگییەدا ئەو لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە کە ئەندامانی دیرێکتوار لە پۆستەکانیان کشاونەوەو حکوومەتی ئێستایان بەڕەسمی ناسیوەو بەکردەوە کۆماریان داوەتە دەست کەسێک تا فەڕانسەی لە شەڕی نێوخۆیی بپارێزێ. لەوکاتەدا ژان باتیست سەری هەڵبڕیو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-کونسوول بوناپارت، قسەی جەنابتە فەڕانسە پێویستیی بە هەموو پیاوانی خۆی هەیەو ئەمنیش ئەو ئەرکە قبووڵ دەکەم.

وەسبەینێ ڕا مۆرۆو هەموو ئەو نوێنەرانەی گیرابوون ئازاد کرانو لەوە زیاتریش ژەنراڵ مۆرۆ دووبارە کرایەوە بە فەرماندەر. ناپلیۆن خۆی بۆ شەڕێکی تازە لە بەرەی ئیتالیادا ئامادە دەکردو ژان باتیستی کردە فەرماندەری بەرزی لەشکری خۆرئاوا تا کەنارەکانی ڕێگای ئاویی مانش لە بەرامبەر هێرشی ئینگلیزەکاندا بپارێزێو بۆ ئەو مەبەستە سەنگەرەکانو هێزەکان لە برۆتانی تا ژیرۆند بەهێز بکا. بەوهۆیەوە ژان باتیست ناچار بوو زۆربەی کاتی خۆی لە بارەگای سەرفەرماندەرییەکەی لە ڕێن بەسەر بەرێو کەمتر دەهاتەوە ماڵێو بۆیەش کاتێک ئۆسکار تووشی کۆخەڕەشە بوو، ئەو لەپاریس نەبوو. سەرکەوتنی ناپلیۆن لە شەڕی مارینگۆدا ئەمڕۆ پاریسی خستۆتە جێژنو هەڵپەڕکێیەکی شێتانەوەو خەڵکی کۆڵانو شەقام لەخۆشییان نازانن چدەکەن. ئێستا لەشکرەکانی فەڕانسە بە سەرانسەری ئورووپادا بڵاو بوونەوە. چونکە مەرجی سەرەکیی ناپلیۆن بۆ ئیمزای زۆر پەیمانی ئاشتی ئەوەیە کە یان بەشێک لە خاکی خۆیان بدەنە فەڕانسە یان ڕێز بۆ دەسەڵاتی فەڕانسە بەسەر وڵاتە داگیرکراوەکاندا دابنێن.

هەموو جێیەک نوقمی ڕووناکییەو شۆقی هەزاران چرا لەسەر شەپۆلەکانی چۆمی سێن سەما دەکەنو بێگومان چۆمی سێن هیچوەخت ئاوا نوقمی ڕووناکی نەبووە. لەبەر خۆمەوە بیرم دەکردەوە کە پاریس چەندە دڵگرو دڵڕفێنەو هەرلەوکاتەدا بەڕاستی ئاشقانی خۆی بەرەو شێتی ڕادەکێشێ. بەڵام بەباوەڕی ژان باتیست پاریسی ئەمڕۆ هەزاران هێندەی ڕابردوو بۆتە مەکۆی شەڕو شێواوی. ئەمن لە جێگەوپێگەیەکدا نیم کە بتوانم لەو بارەیەوە داوەری بکەم. ناپلیۆن ڕێگای داوە ئەو نەجیبزادە دوورخراوانە کە بەناچاری دوور لە فەڕانسە دەژیان بگەڕێنەوە. جارێکی دیکە میوانداریی پڕلە دەهۆ لە ناوچەی سەن ژێرمەن وەڕێ دەخرێنو کۆشکەکانو باغە زەوتکراوەکان دەدرێنەوە خاوەنەکانیان. جارێکی دیکە فانۆسهەڵگرەکانی وەک نووئایلەکان، ڕادێرویلەکان، دومۆنتسکیۆکانو مۆنتمۆرنییەکان لەپێشەوەی کالیسکەی ئاغاکانیاندا وەڕێ کەوتوون. گەورەو پیاوماقووڵانی ڕۆژانی نەک زۆر دووری ڤێرسای جارێکی دیکە بە فیزو ئیفادەوە لە ڕێڕەوو ساڵۆنەکانی تویلریدا هاتوچوو دەکەنو بەرامبەر بە ڕێبەری کۆمار سەر دادەنوێننو ئەو دەستانەی بێوەژنی بوئارنە ماچ دەکەن کە نە ڕەنجی برسیەتییان کێشاوەو نە ئازاری دوورخرانەوە. دوێنێ بوو کە باراس قەرزەکانیی دەدانەوەو دەگەڵ تالین هەر ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خزمەتچی‌یەی ڕۆژانی پێشوو لەو میوانداری‌یانەدا کە بۆ خزمانی قوربانی‌یانی گیووتین ڕێک خرابوون، هەڵدەپەڕی. جارجار بۆ لەبەرکردنو وەبیرهاتنەوەی ناوی ئەو هەموو شازادە، کۆنتو باروونە کە ناچارم بیان‌ناسم بەتوندی تووشی کێشە دەبم.

ئێستا دەڵێی دەنگی کریستیەنی هاوسەری لووسینە لە گوێمدا دەزرینگێتەوە، دەنگی ئەو بێچووە دێهاتی‌یە سەن ماکزیمی‌یە لە شەوێکی بەهاری ساڵی ڕابردوودا کاتی پیاسەکردن دەگەڵ من. بەڵێ گوێم لە دەنگیەتی کە دەڵێ "ئەمن لێی دەترسم، ئەو دڵی نیە" سەدانو هەزاران چاو شایەت بوون کە ئەو چۆن ناپلیۆنی برای هێنایە پشت مێزی قسەکردنو هەمووان دیتیان کەچۆن بە ڕوخسارێکی داگیرساوو چاوێکی پڕ لە گڕی دەسەڵاتخوازی‌یەوە، بۆ یەکەمجار ناوی ناپلیۆنو بژی ناپلیۆنی لێ بەرز بۆوە. بەڵام تەنیا دوو حەوتوو دوای ئەوە بوو کە دیوارەکانی تویلری لە زرینگانەوەی هاواری دوو برا کە لە شەڕو کێشەدا بوون دەلەرزینەوە؛ لووسین بوناپارت وەزیری نێوخۆو ناپلیۆن بوناپارت کونسوولی یەکەم. سەرەتای کێشەکە مەسەلەی سانسۆری چاپەمەنی بوو کە بە یەکێک لە پێشنیارە سەرەکی‌یەکانی ناپلیۆن دەژمێردراو بەدوای وەشدا بابەتی دوورخستنەوەی نووسەران کێشەکەی توندتر کردو وەک هەمیشەش قسەکە هاتە سەر کریستیەن کچە میوانخانەچی‌یەکەی سەن ماکزیمی‌و ئەوە کە ناپلیۆن قەدەغەی کردبوو ئەو بچێتە تویلری. نە وەزیری نێوخۆبوونی لووسین زۆری کێشاو نە داستانی کریستیەن وەک هۆیەکی دووبەرەکی‌و کێشەی بنەماڵەیی. لە زستانێکی ساردو پڕنەگبەتداو لە دوای سەرمابوونێک، کۆخەیەکی کوشەندە دەگەڵ بڵغەمو خوێن ئەو کچە دێهاتی‌یە قەڵەوو گۆشتنو سوورو سپی‌یەی ڕۆژلەڕۆژ لەڕولاوازتر کردو شوێنەوارێک لەو کوڵمە سێوەسوورانە نەما. دوانیوەڕۆی ڕۆژێک ئەمنو ئەو سەرگەرمی قسەکردن دەربارەی بەهاری ئایندەو تەماشای گۆڤاری مۆدێلەکانی جلوبەرگ بووین تا ئەو بتوانێ مۆدێلێک بۆ جلی دڵخوازی خۆی‌و زێڕدۆزی‌یەکانی بدۆزێتەوە. لەحاڵێکدا ئاماژەم بۆ مۆدێلێک دەکرد گوتم:

–بەم جلەوە ئەتۆ دەچیە تویلری‌و بە کونسوولی یەکەم دەناسێندرێی؛ ئەوەندە جوانو سەرنجڕاکێش کە دەبێتە هۆی ئێرەیی ئەو بە لووسین.

بەڵام بەم قسەیەی من بزە لە لێوەکانی کریستیەن تۆراو وەڵامی دایەوە:

–ئەمن لێی دەترسم. سنگی وی دڵێکی تێدا نیە. دڵێک کە حەشارگەی هەستو سۆز بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەنجام بە پێداگرتنی خاتوو لیزیا کریستیەن ڕێگەی پێدرا بچێتە تویلریو حەوتوویەک پاش ئەم باسو کێشەیە ناپلیۆن بە براکەی گوت:

–لەبیرت نەچێ سبەی شەوێ هاوسەرەکەت بۆ تەماشای ئۆپێرا بێنیو بەمنی بناسێنی.

لووسین تەنیا بە وەڵامێکی سادە کورتی کردەوە:

–پێم وانیە هاوسەرەکەم بتوانێ ئەم بانگهێشتنە بەڕێزانەو پڕشانازییە قبووڵ بکا.

لێوەکانی ناپلیۆن کە ببوونە هێڵێکی باریک نیشاندەری نیگەرانیی دەروونیی ئەو بوون. سەرەنجام گوتی:

–ئەمە بانگهێشتن نیە لووسین. فەرمانی کونسوولی یەکەمە.

–هاوسەرم ناتوانێ هیچ فەرمانێک قبووڵ بکا تەنانەت فەرمانی کونسوولی یەکەمیش؛ چونکە ئەو لە دواساتەکانی ژیانی خۆیدایە.

لەسەر گەورەترین تاجەگوڵ کە بۆ ڕێوڕەسمی کفنودفنو ناشتن نێردرابوو ئەم وشانە دەهاتنە بەرچاو؛ "بۆ براژنی نازەنینم کریستیەن– ن. بوناپارت"

ژووبێرتووی بێوەژن کە قژە سوورەکانیو چاڵی سەرگۆنای تاڕادەیەک دەتوانێ کریستیەن وەبیر بێنێتەوە لەپێشدا مێردی بە نووسەرێکی بێناوونیشانی بانک کردبوو. ناپلیۆنیش پێداگر بوو کە لووسین دەبێ کچی یەکێک لەو پیاوماقووڵانە بێنێ کە لە دوورخرانەوە گەڕابوونەوە بەڵام ئەو بێگوێدان بەمانە ڕۆژێک بێپێشەکی دەگەڵ ژووبێرتووی بێوەژن چوونە دەفتەرێکی مارەبڕین لە پاریسو پێوەندیی ژنومێردایەتییان بەست. ناپلیۆنیش بێڕاوەستان فەرمانی دوورخستنەوەی لووسین بوناپارت ئەندامی پێشووی مەجلیسی نوێنەرانو وەزیری نێوخۆی فەڕانسە بۆ دەرەوەی وڵاتی ئیمزا کرد. لووسین پێش ئەوەی پاریس بەجێ بێڵێو بەرەو ئیتالیا بڕوا بۆ ماڵئاوایی هاتە لای ئێمەو وەسبەینێڕا فەڕانسەی بەجێهێشت. ئەو لەحاڵێکدا ڕووی لە بێرنادۆت بوو گوتی:

–ڕۆژەکەت لەبیرە؟ ئەورۆژە دەمەویست باشترین کار کە لە دەستم دەهات بۆ کۆماری فەڕانسە ئەنجام بدەم. ئەمەت دەزانی بێرنادۆت؟

–دەزانم. بەڵام ئەوکارە هەڵەیەکی گەورە بوو، زۆر گەورە...

دووساڵ لەمەوبەر ڕۆژێکیان دەنگی گریانی ئوورتانس ببووە هۆی ئەوەی نیگابانەکان بە نیگەرانییەوە چاو لە پەنجەرەکانی ژوورەکەی بکەن. هۆیەکەشی بڕیاری ناپلیۆن بوو کە زڕکچەکەی کردبوو بە دەزگیرانی لوویی برای. لوویی قەڵەو پەلئەستوور



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچ ئۆگرییەکی بە ئوورتانسی کزەڵۆکە نەبوو،و ئەکتەرە گەپجارەکانی فڕانس پاریسی پێ لەو باشتر بوون بەڵام ناپلیۆن زۆر لە لکانی پینەیەکی ناسازی دیکە بە بنەماڵەکەیەوە دەترسا. بۆیە تەنیا ڕێگا کە بۆ ئۆرتانس مابۆوە ئەوە بوو دەرگا لەسەر خۆی دابخاو لە تەنیاییدا بگری. ئەو تەنانەت دەرگای لەدایکیشی نەدەکردەوەو سەرەنجام ئەوان بە ناچاری بەدوای ژوولییاندا نارد. ژوولی کاتێک گەیشتە وێ ئەوەندەی مست لە دەرگاکەی ئوورتانس دان تا سەرەنجام کچەکە ناچار بوو دەرگاکە بکاتەوە. وەختێک ژوولی چاوی بە کچەکە کەوت، لێیپرسی:

—پێت وایە کۆمەگێکم لەدەست دێ؟

کچەکە سەری ڕاوەشاندو ژوولی بەناچار پرسی:

—کەسێکی دیکەت خۆش دەوێ؟

گریانی کچە ڕاوەستاو حاڵەتێکی جیددیی وەرگرت. ژوولی دووپاتەی کردەوە:

—ئەتۆ کەسێکی دیکەت خۆش دەوێ؟

جووڵاندنی سەری نیشانەی وەڵامی ئەرێ بوو. ژوولی لێی زیاد کرد:

—کەوایە ئەمن دەگەڵ زڕبابت قسە دەکەم.

ئۆرتانس بە نائومێدی شانی هەڵتەکاندو ژوولی لەسەری ڕۆیشت:

—ئەو پیاوەی مەبەستتە لە پیاوانی دەوروبەری کونسوولی یەکەمە؟و پێت وایە زڕبابت ئەو بە شیاوی ئەوە دەزانێ؟

ئوورتانس هیچی نەدەگوتو لە جیاتییان بەپانایی ڕوخساری دەگریاو چاوەکانی کە لەجاران کراوەتر بوون بڕیبوونە ژوولی.

—بەڕاست ئەو پیاوەی دڵت پێوەیە سەڵتە یان نا؟

ئۆرتانس خەریک بوو دەم بکاتەوەو زەردەخەنەیەک بێتە سەر ڕوخساریو لەنەکاو دەستی کرد بە پێکەنین. پێکەنیو پێکەنی، پێکەنینێکی شێتانە.

ژوولی هەردوو شانی گرتنو لەحاڵێکدا ڕایدەتلەکاند نەڕاندی:

—لێوەبڕە؛ ئەگەر دەست لەو پێکەنینە هەڵنەگری ناچار دەبێ خەبەر بەپزیشک بدەم... بەڵام ئوورتانس نەیدەتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکاو هەروا پێدەکەنی. سەرەنجام پیاڵەی سەبری ژوولیی بەحەوسەلەش لەسەریەوە ڕژاو بێ بیرلێکردنەوە زللەیەکی توندی لە لاچاوی کچەکە دا. پێکەنینەکە تەواو بوو، دەمە گەورەو کراوەکەی لێکناو یەکدوو هەناسەی قووڵی هەڵکێشان. ئێستا ئیدی ئارام ببۆوەو ئەمجار گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەمن... ئەمن خۆیم خۆش دەوێ.

ژوولی قەت بیری لە شتی وا نەکردبۆوە. بۆیە پرسی:

-ئەو بۆخۆشی دەزانێ؟

-ئەو کەمتر وایە شتێک نەزانێو ئەوەی خۆشی نەیزانێ سەرۆکی پۆلیس فووشێ پێی دەڵێ.

ژوولی هەستا دەستی کچەی گرتو گوتی:

-باشترین کار هەر ئەوەیە مێرد بە لوویی بکەی. لوویی خۆشەویستترین برایەتیو ئەوی لە هەمووان خۆشتر دەوێ.

ڕێوڕەسمی مارەبڕین چەند حەوتوو دواتر بەڕێوە چوو. پوولێت بۆ ئوورتانس سەرمەشقو نموونە بوو. هەروەها شەڕوهەراکەی بۆ ڕزگاربوون لەو مێردکردنە. لەڕاستیدا ناپلیۆن ئەوی ناچار کردبوو مێرد بە ژەنراڵ لیکلێرک بکاو کاتێک ناچار بوو دەگەڵ مێردەکەی بچێتە سەن دومینگۆ زۆر گریاو زۆری فرمێسک هەڵوەراندن. بەڵام سەرەنجام لەحاڵێکدا بەپانایی ڕوخسار فرمێسکی دەڕشت، دەگەڵ لیکلێرک سواری کەشتی بوو. لیکلێرک لە سەن دومینگۆ تووشی تای زەرد هاتو هەر بەو نەخۆشییەش مردو پوولێت لەژێر شوێنەواری ئەو ڕووداوە داخاوییەدا قژە هەنگوینییەکانی بڕینو لەسەر تابووتی هاوسەرەکەی دانان. لە ڕوانگەی کونسوولی یەکەمەوە ئەم کارەی پوولێت نیشانەی ئەڤینی بێپایانی پوولێت بۆ هاوسەرە کۆچکردووەکەیەتی. بەڵام ئەمن بڕوایەکی دیکەم هەیەو وای بۆ دەچم کە پوولێت هەرگیز مێردەکەی خۆش نەویستوەو بۆیە خۆی ناچار دەدی شانۆسازییەکی وا بکاو ئەم کارەی بۆ ڕازیکردنی خەڵکی دیکە بوو.

قژەکانی پوولێت جارێکی دیکە درێژ بوونەوەو کەوتنە سەر شانانی بەڵام ناپلیۆن پێی وابوو ئەو دەبێ قژەکانی لەسەر سەری خڕ کاتەوەو بەشانەی مرواریینیشان بیانڕازێنێتەوە؛ شانەیەک کە بە بەشێک لە جەواهێراتی بنەماڵەیی خانەدانی بوورگز دەژمێردرا. ئەم خانەدانە یەکێک لە کۆنترینو ڕەسەنترین بنەماڵەکانی ئیتالیایە کە دەگەڵ هەموو دەربارەکانی ئورووپا پێوەندیو بەستراوەیی هەیە. ناپلیۆن پاش مردنی هاوسەری پوولێت ئەوی ناچار کرد مێرد بە کۆنت کامیلۆ بوورگزی پیرو پەلۆ بکا. داخوا بۆ پێکەنین نابێ، پوولێت، هەرئەو کچۆڵەیە کە لە مارسەی دیتبووم ئێستا ناو نرابوو کۆنتێس پوولین بورگز؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵێ ئەوان هەموو گۆڕابوون. لەحاڵێکدا دوائاوڕم لـە ڕەنگدانـەوەی شـۆقی چراکـان لەسەر شەپۆلەکانی سێن دەدایەوە لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە بۆچی، بۆچی تەنیا ئەمن؟ بۆچی هەموویان پێیان وابوو هەرئەمن دەتوانم لـەو کـارەدا سـەرکەوتوو بم؟ جا بـەرەو کالیسکە چووم و لەوێدا جێگیر بووم:

–بڕۆ بۆ تویلری!

بەرنامەی کاریی خۆم واتە دیدار لەگەڵ ناپلیۆنم ئەوەندە بە ئومێدبەخش نـەدەزانی. دووکـی ئینهێن تـازە گیرابـوو. ئـەم پیـاوە کـە لـە بنەماڵـەی بووربـوون دەژمێـردرا چەنـد تۆمـەتێکی لەسـەر بـوون وەک پـارەوەرگرتن لـە ئینگلیـز، هـەوڵی ڕووخانـدنی کۆمـارو سـەرەنجام بەرقـەراریی دووبـارەی حکوومـەتی خانـەدانی بووربـوون. هێزەکـانی نـاپلیۆن نەیان توانیبوو لە خاکی فەڕانسەدا شوێنی هەڵگرن و بیگرن و سـەرەنجام ناچـار بـوون لـە شـارێکی چـووکو سـنووریی ئـەڵمان بـەناوی ئینهـێم بیگـرن. چـوار ڕۆژ پێشـتر نـاپلیۆن فـەرمانی پـەلامارێکی لەنـەکاوو دوورلـە چـاوەڕوانی بـەو شـارە چکۆڵـەی دەرکردبـوو. بـە دەوری سێ‌سەد سەربازی سوارەوە لە ڕاین پەڕینەوەو لەڕاستیدا دووکیان ڕفاندو هێنایانە فەڕانسەو ئێستا ئەم زیندانی‌یە لە قەڵای وێنیس چاوەڕوانی چارەنووسی خۆیـەتی. ئـەمڕۆ دادگایەکی سەربازی ئەوی بە تاوانی خەیانەت و هاوکاری لە پیلانگێڕان بەدژی کونسوولی یەکەمدا بە مـەرگ مـەحکووم کـردوە، دیـارە بـەبێ هـیچ بەڵگەیـەکی یەکلاکـەرەوەو ئێسـتا حوکمی ئیعدامەکە نارراوە بۆ کونسوولی یەکەم. ئیدی ئەوە کە دەتوانێ ئەوحوکمە پەسند بکا یان لە مەحکوومەکە خۆش بێ.

پیاوماقووڵ و نەجیب‌زادە کۆنەکان کە ئێستا هاتوچووی دۆستانەیان دەگەڵ ژووزفین هەیە داوایان لێ‌کردوە کە وا بکا ناپلیۆن لێی ببوورێ. ئەوان هەموو ئەو کاتەی نوێنەرانی سیاسیی بێگانە دەوری تالیڕانیان دابوو لە تویلری ئامادە بوون بەڵام ناپلیۆن هیچ کەسی وەرنەگرت. ژووزفین وەختـی نـانی نیـوەڕۆ هـەوڵی دا لـەو بارەیـەوە قسـەیەک بکا بـەڵام ناپلیۆن بە گوتنی ڕستەی "تکایە مەمڕەنجێنە" بێدەنگی کرد. سەری شەوێش ژۆزێف داوای چاوپێکەوتنی کرد. بەڵام ناپلیۆن بەهۆی سکرتێرەکەیەوە پرسی داخوازەکەی چیەو ژۆزێف لە ڕوونکردنەوەیەکی سەربەستراودا بـە سکرتێرەکەی گـوت هـۆی سـەردانەکەم داخوازێکـە بەناوی عەداڵەت. لەوکاتەدا بوو کە سکرتێر خەبەری بۆ ژۆزێف هێنا کە کونسوولی یەکەم نایەوێ کەس جاڕزی بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژان باتیست لـه کـاتی شـێوخواردندا بـه شـێوەیەکی نائاسـایی کـرو بێدەنگ بـوو، لەنەکاو مستێکی توندی لە مێزەکە داو گوتی:

-دەزانی بوناپـارت چیـی کـردوە؟ بـە کۆمـەگی سێسـەد سـەربازی سوارە دژبـەرێکی سیاسیی خۆی لەودیوی سنوورەکانی فەڕانسەو لە وڵاتێکی بێگانـە گرتـوەو هێناویەتـەوە فەڕانسـەو بـۆ موحاکەمـە داویەتـە دادگـای سـەربازی. بـۆ هەرکـەس تۆسـقاڵێک هەسـتی مرۆڤدۆستانەی لەدڵدا بێ ئەم ڕەفتارە بەزلـەیەکی توندو پڕسووکایەتی دەژمێردرێ.

بە سەرسامی پرسیم:

-چـخەونێکی بۆ زیندانییەکە دیوە، ناتوانێ فەرمانی گوللەبارانکردنی بدا، دەتوانێ؟

ژان باتیست کە زۆر تووڕە دیار بوو وەڵامی دایەوە:

-ئەو باری سوێندی وەفاداری بە کۆماری بە کۆڵەوەیەو هەروا سوێندی خواردوە کە مافی مرۆڤ پێشێل نەکا.

ئێمـە لـەوە زیـاتر باسـی دووکمـان نـەکرد بـەڵام ئـەمن بیـرم لـە حـوکمێکی ئیعـدام دەکردەوە کە ئێستا لەسەر مێـزی کـاری نـاپلیۆن بـوو،و چـاوەڕێی ئیمـزای ئـەو بـوو. بـۆ شکاندنی ئەو بێدەنگییە قورسە گوتم:

-ژوولـی خەبـەری پـێدام کـە ژێـرۆم بونـاپـارت ملـی بـۆ جیابوونـەوە لـە هاوسـەرە ئەمریکاییەکەی ڕاکێشاوە. ژێرۆم هەر ئەومنداڵە شەڕانییەیە کـە ئێسـتا بۆتـە ئەفسـەری هێزی دەریاییو لە سەفەرێکی دەریاییدا لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەدیل گیرا.

ئەو بۆ ڕزگاربوون لەچنگی ئینگلیزەکان لە بەندەرێکی ئـەمریکا لـە کەشتی دابـەزیو دەگەڵ ژنێکی گەنجی باڵتیمۆری بەناوی ئەلیزابێت پاترسۆن زەماوەنـدی کـردو دیـارە ئـەم کـارە نـاپلیۆنی تـووڕە کـرد. ژێـرۆم کـە ئێسـتا لـەڕێگای گەڕانـەوە بـۆ فەڕانسـەدایە بـۆ ڕازیکردنی برا بەناوبانگەکەی ملی داوە کە خاتوو پاترسۆن تەڵاق بدا. تەنیا ڕستەیەک کە ژێـرۆم بـۆ پاسـاودانی کـردەوەی خـۆی نووسـی ئەمـە بـوو کـە خـاتوو پاترسـۆن زۆر دەوڵەمەندە.

ژان باتیست کە وا دیار بوو هیچ حەزی لە بیستنی ئەم بابەتانە نـەبوو بـەمنی گـوت کـە مەسـەلە بنەماڵـەییـەکانی کونسـوولی یەکـەم بـۆ وی هـیچ سـەرنجڕاکێش نـینو لەوکاتەشدا دەنگی تایەکانی کالیسکەیەک کە لەپێش ماڵەکەمان ڕاوەستا هاتە بـەر گـوێ.

تەماشایەکی سەعاتم کردو گوتم:

-سەعات لە دە لایداوەو ئێستا بۆ سەردان زۆر درەنگە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو ساتەشدا فێرناند هاتە ژووریو هەواڵی هاتنی خاتوو لیزیا بوناپارتی ڕاگەیاند.

بە بیستنی ئەم خەبەرە زۆر نیگەران بووم چونکە هاتنی دایکی ناپلیۆن بۆماڵی ئێمە کارێکی بێپێشینە بوو، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو ئێستا لە دواوەی فێرناند ڕاوەستابوو، گوێم لە دەنگی بوو کە دەیگوت:

-شەو باش ژەنراڵ بێرنادۆت، شەو باش خانم.

خاتوو لیزیا لە چەندساڵی ڕابردوودا نەکهەر پیر نەببوو بەڵکە وا دەهاتە بەرچاو کە گەنجیش بۆتەوە. ڕوخساری داڵەگۆشتو ماندوو بەکارو زەحمەتی ڕەنگوڕوویەکی پەیدا کردبوو،و چرچولۆچەکانی دەوروبەری دەمی لەنێو چووبوون. بەڵام ڕەنگی زیوینی قژەکانی گەڕانەوەی بۆ نەبوو. ئەو هێشتا هەر بەشێوەی ژنانی لادێ مووەکانی لەپشتەسەری خڕ دەکردنەوەو بە بەنێک دەیبستن. دیارە چەند ئەڵقە لە بسکەکانیی بە پەیڕەوی لە ژنانی پاریسی خستبوونە سەر نێوچاوانی کە هیچ دەگەڵ شێوەی خۆجوانکردنەکەی نەدەهاتەوە.

ئێمە ڕێنوێنیمان کرد بۆ ژووری پێشوازیو ئەو دوای دانیشتن بەئارامی دەستەوانە خۆڵەمێشییەکانی لە دەستی دەرهێنان. نەمتوانی تەماشای دەستەکانی نەکەمو چاوم بە ئەنگوستیلەیەکی گەورەو گرانبایی کەوت کە ناپلیۆن لە ئیتالیا هێنابووی. بەخۆم نەبوو دەستە سوورو قەڵشیوەکانیم بیر کەوتنەوە کە لە ڕۆژگارێکی نەک زۆر دووریشدا، شەووڕۆژ خەریکی جلشوتن بوون. ئەو بێپێشەکی دەستی بەقسە کرد:

-ژەنراڵ بێرنادۆت! باوەڕ دەکەی کوڕی من ئەو دووکی ئینهێنە گوللەباران بکا؟

-کونسوولی یەکەم نا بەڵام دادگای سەربازی ئەوی بە مەرگ مەحکووم کردوە.

-بەڵام دادگای سەربازییش ویستەکانی کوڕەکەم جێبەجێ دەکاو بەویستی ئەو دەنگ دەدا. ئەتۆ پێت وایە ئەو حوکمی دادگا بۆ جێبەجێکردن پشتڕاست دەکاتەوە؟

-نەک وێدەچێ بەڵکوو حەتمەن ئەوکارە دەکا خانم. چونکە ئەمن هیچ دەلیلێکی دیکە بۆ دەرکردنی فەرمانی گرتنی دووکو سپاردنی بە دادگای سەربازی نابینم. جگەلەوەش دووک لەجێدا لە خاکی فەڕانسە نەگیراوە.

خاتوو لیزیا لەحاڵێکدا دە ئەنگوستیلەکەیەوە ڕامابوو گوتی:

-سوپاست دەکەم ژەنراڵ بێرنادۆت. داخوا دەزانی کوڕەکەم لەبەر چی ئەو کارەی کردوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-نا خانم.

-فکریشت بۆی ناچێ.

-بەداخەوە دەبێ بڵێم نا خانم.

ئەو جارێکی دیکە بێدەنگ بوو. ئەو هەروا کە لەسەر مۆبڵ دانیشتبوو وەک ژنانی شەکەتو لەپێکەوتووی دێهاتی کە تەنیا ماوەیەکی کورت دەرفەتی حەسانەوەیان هەیە بەپێشدا چەمابۆوەو لاقەکانی کەمێک دوور لەیەک دانابوون:

-ژەنراڵ بێرنادۆت، بەباوەڕی تۆ ئەم حوکمەو ئەم فەرمانی ئیعدامە چمانایەکی هەیە؟

ژان باتیست هیچ وەڵامێکی نەدایەوەو هەرلەوکاتەدا قامکی دەنێو مووی سەری ڕاکردبوونو ئەمن هەستم دەکرد ئەم وتووێژە چەندی ئازار دەدا.

خاتوو لیزیا جارێکی دیکە سەری هەڵێناو بە چاوێکەوە کە لەبەر ڕەنجو ترس دەرپەڕیبوو گوتی:

-تاوان! تێدەگەی، ئەمە تەنیا تاوانەو هیچی دی ژەنراڵ.

-ئەتۆ نابێ ئەوەندە ڕۆئەستوورو تووڕە بی خاتوون...

بەڵام خاتوو لیزیا بە شڵەژاوی هەردوو دەستی بەرز کردنەوەو قسەکەی پێبڕی.

-نیگەرانو نارەحەت نەبم؟ کوڕەکەم لە شیپانەی تاوانێکدایەو ئەمن... ئەمنی دایکی وی چۆن دەتوانم لە هەلومەرجێکی وادا ئارام بم چۆن؟

چوومە لایو لەسەر نیوتەختەکە لە پەنای دانیشتمو دەستیم دەنێو دەستم گرت. قامکەکانی بەئاشکرا دەلەرزین. بە پاڕانەوەوە گوتم:

-ڕەنگە ناپلیۆن بۆ کاری خۆی پاساوی سیاسیی هەبێ.

-وست بە ئووژنی.

ئەو پاشان لەحاڵێکدا دە چاوی ژان باتیستەوە ڕامابوو گوتی:

-تاوانی کوڕی من بە هیچ جۆر بۆ پاساودانو لێبووردن نابێ ژەنراڵ. پاساوی سیاسی...

ژان باتیست کە هەوڵی دەدا بە تەواوی ئارام بێ گوتی:

-خانم ئەتۆ کوڕەکەتت چەندساڵێک ناردە زانکۆی سەربازیو لەوێ کردوویانەتە ئەفسەر. ئەتۆ بیر ناکەیەوە کە بەهۆی ئەو پەروەردە فکرییە سەربازییەوە ڕوانینی بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو مەسەلەیە لە ڕوانینی تۆ جیا بێو ئەو بایەخە کە ئەتۆ بۆ گیانی نەفەرێکی دادەنێی ئەو بۆی دانەنێ.

خاتوو لیزیا بە نائومێدی سەری ڕاوەشاندو گوتی:

لێرە باسی مەرگی کەسێک لە مەیدانی شەڕ نیە ژەنراڵ. بەڵکوو پیاوێکیان ڕفاندوەو هێناویانەتە فەڕانسە تا بیخەنە بەردەم دەستەی ئاگر. ئەم تاوانە دەبێتە هۆی بێحورمەتیی فەڕانسە لەنێو گەلانداو ئەمن نامەوێ ناپلیۆن تاوانبارێک بێ. دەتوانی تێم بگەی ژەنراڵ؟

–ئەتۆ دەتوانی قسەی دەگەڵ بکەی خانم.

خاتوو لیزیا کە لێوەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی خڕ کردبوونەوەو دەنگی دەلەرزی گوتی:

–نا، نا بەڕێز، نا... سوودی نیە چونکە ئەو وەڵام دەداتەوە؛ دایە ئەتۆ نازانیو باشترە زووتر بچی ئیسڕاحەت بکەی. دایە دەتەوێ مانگانەکەت بۆ زیاد بکەم؟ نا بەڕێز، نا... لە جیاتی من دەبێ ئەو بچێ... ئەو، ئووژنی.

خەریک بوو دڵم ڕاوەستێ، بە ناهومێدی سەرم ڕاوەشاند.

–جەنابی ژەنراڵ... ئەتۆ ئاگات لێنیە، کاتێک ناپلیۆن گیرابوو،و هەمووما دەترساین گوللەبارانی بکەن، ئەو... کچە چووکەڵەکە، ئووژنی... چووە لای کاربەدەستانی بەرپرسو کۆمەگی کرد. ئێستاش دەبێ ئووژنی بۆخۆی بچێتە سەردانی... دەبێ ئەو ڕۆژەی وەبیر بێنێتەوەو داوای لێبکا کە...

–بەڵام پێم وانیە ئەمە کار بکاتە سەر بڕیاری کونسوولی یەکەم.

–ئووژنی... ببوورە خاتوو بێرنادۆت... خانم ئەتۆ پێت خۆشە وڵاتەکەت لەجیهاندا بە وڵاتێک ناو ببرێ کە کوشتنو تاوانی تێدا ئازادە؟ مسۆگەر پێت خۆش نیە، نا؟ زۆرکەس ئەم ڕۆژانە دەهاتنە سەردانی منو ئەم باسەیان وەبیر دێنامەوە. ئەوان بەمنیان دەگوت کە ئەم دووکەش دایکێکی پیرو دەزگیرانێکی گەنجی هەیە... خانم ڕەحمم پێبکەو یارمەتیم بدە، نامەوێ ناپلیۆنی من یەک...

ژان باتیست بێئامانج لە ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد. خاتوو لیزیا درێژەی دایە:

–ژەنراڵ؛ ئەگەر کوڕەکەی تۆ، ئۆسکاری چکۆڵە، بەڵێ ئەگەر ئەو قەرار بایە ئەم حوکمی ئیعدامە ئیمزا بکا...

ژان باتیست لە نێوەڕاستی ژوورەکە ڕاوەستاو بە ئارامی بەڵام لێبڕاوانە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-دێزیره ساز بەو هەرچی زووه بچۆ تویلری.

هەستامە سەر پێ ڕووم کرده ژان باتیستو پرسیم:

-ئەتۆش دەگەڵ من دێی، نا؟

-کچه چووکەڵە، ئەتۆ بۆخۆت دەزانی هاتنی من لەوانەیە ژیانی دووک بخاتە مەترسییەوەو ئەو شانسەشی لێبستێنێ. بەڵێ ئەتۆ، ئەتۆ دەبێ بەتەنیا قسەی دەگەڵ بکەی هەرچەند سەرکەوتنی تۆش هەر بەدوور دەزانم بەڵام دەبێ هەوڵی خۆت بدەی خۆشەویستم. دەنگی ژان باتیست پڕ لە ڕەنجو بەزەیی بوو.

-بەڵام بۆ من جوان نیە لەم کاتەی شەودا، ئەویش بەتەنیا بچمە تویلری.

پاشان بێئەوەی گوێ بدەمە بوونی خاتوو لیزیاو بێخەم لەوەی گوێی لە قسەکەم دەبێ یان نا، گوتم:

-شەوانە ژنانێکی زۆر بە تەنیا هاتوچووی تویلری دەکەنو هەمووشیان دەچنە دیتنی کونسوولی یەکەم.

بەڵام ژان باتیست دووبارەی کردەوە:

-کڵاوەکەت لەسەر کەو خۆت دەبەر کەوەو چەندی زووه بڕۆ ئازیزم.

خاتوو لیزیا ڕووی تێکردمو گوتی:

-ئەتۆ دەتوانی بە کالیسکەکەی من بچیو لەسەر ئیزنی ئێوە ئەمن هەرلێره چاوەڕێی تۆ دەبم. دیارە ژەنراڵیش جاڕز ناکەمو هەرلێره لە پەنا پەنجەره چاوەڕێ دادەنیشم.

هەرچۆنێک بوو بەپەلە چوومە ژوورەکەی خۆمو بەدەستی لەرزۆکەوە کڵاوە تازەکەمم کە گوڵی پەمەیی تێدان لەسەر کرد.

چوارساڵ لەو شەوەی کریسمس تێپەڕیوە کە بۆمبێک لە دوای کالیسکەی ناپلیۆنەوە تەقیەوەو لەو ماوەیەدا سەرۆکی پۆلیس فووشێ دەکرێ بڵێین هەرمانگەی پیلانێکی بەدژی کونسوولی یەکەم دۆزیوەتەوەو پووچەڵی کردۆتەوە. ئێستا بە لەبەرچاوبوونی ئەم بابەتە هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بچنە تویلری لە هەر دە هەنگاودا جارێک ڕادەگیرێنو پرسیاریان لێدەکرێ. بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی من کارەکان زۆر لەوە کە بیرم لێدەکردەوە سادەتر تێپەڕینو لە هەرکوێ ڕایانگرتم تەنیا وەڵامم ئەوە بوو کە دەچمە سەردانی کونسوولی یەکەم. سەربازان تەنیا بزەیەکیان دەهاتێو چاوێکیان لە سەرتاپام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکردو لەوانەیە لەدڵی خۆیاندا بەجۆرێکی دیکەم لێحاڵی بووبنو ئەمەش بۆ من زۆر بەئازار بوو.

سەرەنجام گەیشتمە ژوورێکی چاوەڕوانی کە لەوێڕا دەتوانی دەرگای چوونەژووری دەفتەری کونسوولی یەکەم ببینی. پێش ئەوە هیچکات ئەم بەشەی تویلریم نەدیبوو، ئەگەریش جارێک بۆ میواندارییی بنەماڵەیی دەهاتم دەچوومە ئەو بەشە کە تایبەتی ژیانی ژووزفینە. دوو سەربازی گاردی نیشتمانی لەپەنا ئەو دەرگایە خەریکی نیگابانی بوون بەڵام هیچ پرسیارێکیان لەمن نەکردو ئەمن بێ هیچ وتووێژێک دەرگام کردەوەو چوومە ژووری چاوەڕوانی. پیاوێکی گەنج بەجلوبەرگی سیڤیلەوە لەپشت مێز خەریکی نووسین بوو. دووجار کۆخیم تا پێی زانی کە ئەمن لەوێمو وەک مارانگازان ڕاست بۆوەو پرسی:

–کیژۆڵە خانم فەرمایشتێکت هەبوو؟

–دەمەوەی کونسوولی یەکەم ببینم.

–بە هەڵە هاتووی کیژۆڵە خانم ئێرە دەفتەری کاری کونسووله.

ئەمن نەمدەتوانی لە مانای قسەی پیاوە گەنجەکە حاڵی بمو بۆیە پرسیم:

–مەبەستت ئەوەیە کە کونسوولی یەکەم لە دەفتەری کارەکەی نیەو چووە ئیسراحەت بکا؟

–نا ئەو لە دەفتەری کارەکەیەتی.

–کەوایە بمبە بۆ لای.

پیاوە گەنجەکە کە تائەودەم چاوی دە زەویەوە بڕیبوو بۆ یەکەمجار سەری هەڵبڕی چاوێکی لە ڕوخسارم کردو گوتی:

–کیژۆڵە خانم، دەبێ کۆنستانت پێشخزمەتی تایبەتیی کونسوول بەتۆی گوتبێ کە ئەو لە پەنا دەرگای پشتەوە چاوەڕێتەو ئێرە تەنیا دەفتەری کاریەتی.

–بەڵام دەمەوێ کونسوولی یەکەم ببینمو قسە دەگەڵ خۆی بکەم نەک پێشخزمەتەکەی. بچوو لێیبپرسە داخوا دەتوانم چەند ساتێک وەختی بگرم. چونکە بابەتێکی زۆر گرنگە.

پیاوە گەنجەکە بە حاڵەتێکی سەیر دەستی بەقسەکرد.

–بەڵام کیژۆڵە...

–بە کیژۆڵەم بانگ مەکە بەڕێز. ئەمن هاوسەری ژان باتیست بێرنادۆتم.

–خا... خا... خانم... ببوورە...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کابرا گەنجەکە جۆرێک تێمەوە ڕاما دەتگوت ڕووحی نەنکی لە بەرامبەر خۆیدا دەبینیو سەرەنجام گوتی:

-ببوورە ئەمن هەڵەم کرد.

-هەموو کاتێک بەهەڵەچوون دەبێ بەڵام ئێستا باشترە ڕێنوێنیم بکەی.

پیاوە لاوەکە بۆ ساتێک ژوورەکەی بەجێهێشت بەڵام بێدواکەوتن هاتەوە.

-دەکرێ تکا بکەم دەگەڵ من تەشریف بێنی. کونسوولی یەکەم کۆبوونەوەیەکی هەیەو داوای کرد تەنیا یەک دەقیقە چاوەڕوان بی. ئەو پێی داگرت تەنیا یەک دەقیقە.

ئەو منی ڕێنوێنی کرد بۆ ساڵۆنێکی چووکەڵە کە لە نێوەڕاستی مێزێکی ڕووبەر مەڕمەڕین دانرابوو کە دەوروبەری کورسیی داپۆشراو بە مەخمەری تاریکی لێدانرابوون. بە ڕواڵەت ئەم شوێنە تەنیا وەک ژووری چاوەڕوانی کەلکی لێوەردەگیرا. چاوەڕوانییەکەم زۆری نەکێشاو بە کرانەوەی دەرگا سێ چوارکەسم دیتن کە ڕوو بە کەسێک کە لەمن دیار نەبوو چەمابوونەوەو شەوێکی خۆشیان بۆ بەئاوات دەخواست. دەرگایان لەسەر پێوە دراو هەرکام لەو پیاوانە بەستەیەکی پڕلە دۆسیەی لەبن هەنگڵدا بوو. لە یەک لەحزەدا سکرتێری لاو لە دەرگایەکەوە هاتە ژووریو لەپشت دەرگای دەفتەری کونسوول ون بوو. بەڵام هێشتا دەرگای بەتەواوی پێوە نەدابۆوە کە بەپەلە گەڕایەوەو گوتی:

-خانمی ژان باتیست بێرنادۆت کونسوولی یەکەم چاوەڕوانی جەنابتە.

کاتێک چوومە ژووریێ دیتم لە پەنا دەرگا چاوەڕێمەو بە دیتنی من گوتی:

-چرێکەوتێکی جوانو دڵگیر، چاوڕواننەکراوترین دیدار کە لەم ساڵانەدا بوومە!

ئەمن شێواو دیار بوومو نەمدەزانی بڵێم چیو دیسان ئەو بوو کە گوتی:

-دانیشە ئووژنی، دانیشەو باسی خۆتم بۆ بکە. بڵێ بزانم حاڵت چۆنە. چۆنە بە تێپەڕینی ڕۆژگار گەنجتر دەبیەوە!

-نا، ئەمن گەنجتر نابمەوە بەڵکوو ڕۆژگار خێرا تێدەپەڕێ. ساڵێکی دیکە دەبێ لە فکری مامۆستایەکدا بم کە دەرس بە ئۆسکار بڵێ.

ئەو منی بۆ کورسیی ڕەحەتیی پەنا مێزی کارەکەی ڕێنوێنی کرد بەڵام بۆخۆی لە بەرامبەر منو لەپشت مێزەکە دانیشت. بە بێئارامی بە دەوری ژوورەکەدا پیاسەی دەکردو ئەمن وەک لەقلەق ملم درێژ دەکردو سەرم بەملاولادا دەسووڕاند تا بتوانم ڕووم دەو بێ. دەفتەری کارەکەی ژوورێکی زۆر گەورە بوو کە لە گۆشەو قوژبنەکانی زۆر مێزی چکۆڵە دەبینرانو لەسەر هەمووشیان کتێبو نووسراوی جۆراوجۆر دانرابوون. بەڵام لەسەر مێزە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەکەی کاری خۆی هەموو شتێک زۆر ڕێکوپێک بوو. تەواوی نووسراوەکان کرابوونە دوو دەستەی ڕێکوپێکو هەریەکەیان لە قوتوویەکی دارینی وەک چەکمەجەدا دانرابوون. لەنێوان ئەو دوو قوتووە دارینەداو ڕاست بەرامبەر بە مۆبڵەکە چاوم بە بەڵگەیەک کەوت کە لاکومۆریکی سووری وەک پەلەیەکی خوێنی لێدرابوو. شۆقی ئاگر لەنێو سۆبەکەدا بڵێسەی لێهەڵدەستاو هەوای ژوورەکە بەجۆرێکی لەتوانابەدەر گەرم بوو. لەم کاتەدا ناپلیۆن چەند پەڕەکاغەزی چاپکراوی لەپێش چاوم ڕاگرتو گوتی:

–ئەتۆ دەبێ ئەمانە ببینی؛ یەکەمین نوسخەکانی قانوونی شارستانیی فەڕانسە کە تازە تەواو بووەو ئامادە کراوە؛ قانوونی شارستانیی کۆماری فەڕانسە قانوونێک کە لەپێناویدا جەنگاینو شۆڕشمان کرد... ئێستا دوای ماوەیەکی زۆر کارلەسەرکردن دراوە بەچاپو بۆهەتاهەتایە دەمێنێتەوە. بەڵێ ئووژنی، ئەمن قانوونێکی شارستانیی تازەم بۆ فەڕانسە ئامادە کردوە.

ئەو چەندساڵ دەرگای لەسەر خۆی پێوە دابوو بە هاوکاریی کارناسانی بواری قانوون، قانوونی شارستانیی تازەی فەڕانسەی ئامادە کردبوو، و ئێستا ئەم قانوونە تەواوو ئامادەی جێبەجێکردن بوو.

–دەبێ ئەمانە وەخوێنی ئووژنی... ئینسانیترین قانوونی دونیایە... ئەم بەشەی پێوەندیی بە منداڵانەوە هەیە. ئیدی منداڵی گەورە هیچجۆرە زێدەیییەکی بەسەر خوشکو براکانیەوە نابێ. ئەمەش... ئەم بەشە پێوەندیی بە دایکو باوکانەوە هەیەو ئەوان بەرعۆدە دەکا پارێزگاری لە منداڵەکانیان بکەن. ئەمەی ببینە...

ئەو لەمساتەدا چەند پەڕە کاغەزی دیکەی لەسەر یەکێک لە مێزەکان هەڵگرتنو دەستی بە هەڵدانەوەیان کرد.

قانوونی تازەی پێوەندیدار بە زەماوەندەوە. ئەم قانوونە نەکهەر ڕێگا بە جودابوونەوە دەدا بەڵکوو ژیانی بەجیای ژنو مێردیشی تێدا پێشبینی کراوە. ئەمەش... بەڵێ ئەمە دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی پیاوماقووڵان، قانوونی هەڵوەشاندنەوەی بەرناوە میراتییەکان.

–خەڵک لە ئێستاڕا ئەم قانوونەیان ناوناوە قانوونی ناپلیۆن... دیارە ئەوەی گوتم ڕاستی بوو، و ئەمن لەبەر خاتری وی درۆم نەکردبوو.

ئەو کاغەزانەی بەدەستیەوە بوون لەسەر پێشسۆبەکەی دانانو لەحاڵێکدا لەمن نزیک دەبۆوە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ببووره خانم، بەم قسانە سەرم ئێشاندی. تکایە کڵاوەکەت دانێ.

–نا، نا، پێویست نیە چونکە لە دەقیقەیەک زیاتر وەختت ناگرم... تەنیا دەمەوێ...

–بەڵام ئەم کڵاوە لەتۆ ناکاڵێتەوە. ڕاستییەکەی دەڵێم. ڕێگا دەدەی هەڵیگرم؟

–نا لە هەمووی بگوزەرێ ئەمە تازەترین کڵاوی منەو ژان باتیستیش دەڵێ زۆرم لێجوانە.

ئەو بەخێرایی کشایەوەو لەحاڵێکدا دووبارە دەستی بە پیاسە کردبۆوە، گوتی:

–دیارە ئەگەر ژەنراڵ بێرنادۆت وای گوتبێ...

تێگەیشتم ڕەنجاندوومە. بەپەلە قردێلەکانی کڵاوەکەمم کردنەوەو هەرلەو کاتەدا پرسی:

–دەتوانم بپرسم چڕووی داوە کە خانم شانازیی ئەم دیدارەی داوە بەمن؟

لە جیاتی وەڵام هەر بەوەندە وازم هێنا کە بڵێم:

–کڵاوەکەم لابرد.

سەرنجم دایە ڕاوەستانەکەی. جارێکی دیکە لێم نزیک بۆوەو لەپشتەوەم ڕاوەستا. بە دژواری دەمتوانی هەست بەوە بکەم کە دەست لە قژەکانم دەدا.

ئووژنی... ئووژنی چکۆڵە...

بەتوندی سەرم داخست تا لەبەر ئەو دەستلێدانە ڕابکەم. ئێستا دەنگی زرینگانەوەی ئەو شەوە بارانییەی هەبوو؛ هەر ئەوشەوە کە دەزگیرانەتیمانی ڕاگەیاند. بە دەنگێک کە بۆخۆشم هەستم بە لەرزینی دەکرد، گوتم:

–دەمەویست تکایەکت لێبکەم.

لەحاڵێکدا لەمن دوور دەکەوتەوە درێژایی ژوورەکەی بڕیو پاڵی وە پێشسۆبەکە دا. ڕووناکیی شۆقی ئاگر لەسەر پۆتینە بریقەدارەکانی ڕەنگی دەدایەوەو هەر لەوحاڵەدا وەڵامی دایەوە:

–دیارە.

–بۆچی دیارە؟

–چونکە چاوەڕوان نەبووم بێیە سەردانم مەگەر شتێک ناچاری کردبی ئەوکارە بکەی. عادەتەن هەموو ئەوانەی دێنە دیتنم ویستو داوایەکیان هەیە. پیاوێک لە هەلومەرجی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

منیدا دەبێ دەگەڵ ئەوجۆرە دیدارانە ڕابێ. ئێستا دەتوانم چکارێکت بۆ ئەنجام بدەم خانمی ژان باتیست بێرنادۆت؟

نەکهەر پرسیارەکەی خۆم بێبیرکردنەوە بوو، بەڵکوو حاڵەتی سووکایەتیکردنی سەرۆکانەی بەولاوەتر لە تواناو سیکەدانەی من بوو. هەموو شتێک وەک ئەو ناپلیۆنە بوو کە لە باخچەی ماڵەکەمان لە مارسەی دیتبووم و تەنیا فەرق کە کردبووی قژە کورتەکانی و یۆنیفۆرمە جوانو جوانددووراوەکەی بوو. بەڕاوێژێکی توند وەڵامم دایەوە:

ڕەنگە لەوەی بەو شەوە درەنگە هاتوومە سەردانت زۆر بەخۆت بنازی؟ پێت وایە ئەگەر هۆیەکی گرنگ لەگۆڕێدا نەبایە کاری وام دەکرد؟

هەستم کرد لە حاڵەتی تووڕەیی من خۆشحاڵە. لەحاڵێکدا لەسەر پەنجەی پێی ڕاوەستابوو بە جووڵەیەکی وەک باندۆڵ پاشوپێشی دەکرد.

-نا... نا هەرگیز چاوەڕێ نەبووم خانمی ژان باتیست بێرنادۆت. بەڵام ڕەنگە لە حەشارگەی دڵمدا ئومێدێکی وام بووبێ. داخوا ئومێدەواربوون گوناحە خانم؟

لەدڵی خۆمدا بیرم کردەوە کە ئەو ئێستاش من بە هیچ نازانێ. ئەمنیش نەمدەتوانی ناچاری بکەم من بە جیددی وەربگرێ. گوڵە ئاوریشمییەکانی کڵاوەکەمم بە قامک ڕێکدەگوشین.

-کڵاوە تازەکەت خەراپ دەکەی خانم!

ئەمن دیسان سەرم هەڵنەبڕیو چاوم لێنەکرد. بەزەحمەت تفم قووت دایەوە دڵۆپە فرمێسکێک لەچاوم هەڵوەریو بەسەر لێوانمدا خلۆر بۆوەو هەوڵم دا بە سەری زمانم بیسڕمەوە.

-ئووژنی، چکۆمەگێکم لەدەست دێ؟

دەنگەکە جارێکی دیکە دەنگی ناپلیۆنی جاران بوو.

-ئەتۆ گوتت خەڵکێکی زۆر بۆ گوتنی داخوازەکانیان دێنە لات. داخوا ئەتۆ داخوازەکانیان بەجێ دەگەیەنی؟

-ئەگەر بتوانم پاساویان بدەم، دیارە.

-پاساودان بۆکێ؟ ئەتۆ... ئەتۆ بۆخۆت ئێستا بەدەسەڵاتترین پیاوی فەڕانسەی. وا نیە؟

-پاساودان بۆخۆم ئووژنی. باشە ئێستا پێمبڵێ بزانم داخوازی تۆ چیە؟

-دەمەوێ لێی خۆش بی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێدەنگی سێبەری بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو تەنیا جاروبار دەنگی قەڵشینی کۆتەرە دارەکانی نێو ئاگر ئەو بێدەنگی‌یەی دەشکاند.

-مەبەستت دووکی ئینهێنە؟

تەنیا سەرم لەقاندو چاوەڕێی وەڵامی ئەو مامو ئەویش منی لە چاوەڕوانی‌دا هێشتەوە. لەبەر پەرێشانی پەلکە گوڵە ئاوریشمی‌یە سوورەکانی کڵاوەکەمم یەکیەک لێ‌دەکردنەوە.

-ئووژنی، کێ داوای لە تۆ کردوە داوایەکی وا لە من بکەی؟

-چگرنگی‌یەکی هەیە. زۆرکەس ئارەزوویەکی وایان هەیەو بۆخۆشم یەک لەوانم.

-بەڵام ئەمن دەبێ بزانم کێ تۆی ناردۆتە ئێرە.

چونکە لەجیاتی وەڵام دیسان گوڵەکان کڵاوەکەمم هەڵکەندبوون ئەو جارێکی دیکە پرسی:

-پرسیم کێ تۆی ناردوە؟ بێرنادۆت؟

سەرم بەنیشانەی وەڵامی نەرێنی جووڵاند.

-خانم ئەمن وا فێر بووم وەڵامی پرسیارەکانم وەرگرمەوە.

سەرم هەڵبڕی‌و چاوم لێ‌کرد، سەری بەپێشەوەدا خوار ببۆوە، لێوەکانی بەسەریەکدا گووشرابوون‌و دڵۆپێک کەف لە گۆشەی زاری‌دا دەرکەوتبوو.

-پێویست نیە بەسەرمدا بنەڕێنی چونکە لێت‌ناترسم.

بەڕاستییش لێی نەدەترسام.

-هێشتا لەبیرم نەچووە کە ئەتۆ هەمیشە پێت خۆش بوو ڕۆڵی ژنانی ئازا بگێڕی‌و هێشتا ئەو دیمەنەی ماڵەکەی تالینم باش لەبیرە.

-ئەوەندەش کە ئەتۆ بیر دەکەیەوە ئازا نیم، لەوانەیە ترسەنۆکیش بم. بەڵام ئەگەر بابەتێکی گرنگ بێتە پێش دەتوانم خۆڕاگر بم.

-ئەو ڕۆژە لە ماڵی خاتوو تالینیش بابەتێکی گرنگو ژیانەکیت هەبوو؟

-بەڵێ هەم گرنگو هەم زۆر ژیانەکی، هەموو شتێکم.

وەڵامی من زۆر سادەو ڕوون بوو. بێدەنگ ببووم تا گوێم لە قسە پڕسووکایەتی‌یەکانی بێ. بەڵام ئەو هیچی نەگوت. سەرم هەڵێناو سەیری چاوەکانیم کرد.

-بەڵام ئەمن پێش ئەو ڕۆژەش ئازایەتیی زۆرم لەخۆم نیشان دابوو. ئەوکاتە کە دەزگیرانەکەم دوای ڕووخانی ڕۆبسپێر گیرابوو، و ئێمە دەترساین گوللەباران بکرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

براکانی کۆمەگ بەویان بە مەترسی‌یەکی گەورە دەزانی. بەڵام ئەمن بێ‌ئەوەی گوێیان بدەمێ بە بوخچەیەکی بن‌هەنگڵمەوە چوومە لای فەرمانداری سەربازیی مارسەی...

–هەربۆیەشە کە دەمەوێ بزانم چکەسێک ئەمشەو تۆی ناردۆتە ئێرە.

–ناسینی وی چپێوەندی‌یەکی بە مەسەلەکەوە هەیە؟

–ئووژنی، با مەسەلەکەت بۆ ڕوون بکەمەوە. کەس یان کەسانێک کە تۆیان ناردۆتە ئێرە من زۆرباش دەناسن. ئەوان تەنیا ڕێگای مومکین بۆ نەجاتی ئینهێنیان زۆر وشیارانە دیوەتەوە. دیارە تەنیا ڕێگای مومکین، تەنیا ڕێگا کە لەوانەیە بەئاکام بگا. دەمەوێ بزانم ئەو کەسەی وا بەوردی من دەناسێ کێیە؟ ئەو نەکهەر من باش دەناسێ بەڵکوو ڕێگای سوودوەرگرتن لەو ناسیاوی‌یەش باش دەزانێو هەرلەو حاڵەدا لەباری سیاسییشەوە دەگەڵ ڕوانگەکانی من نیە. ڕوون بۆوە؟

زەردەیەک هاتە سەر لێوانمو لەدڵی خۆمدا گوتم چۆن هەموو مەسەلەیەک بە ئاڵۆز دەبینێو هەموو شتێک لە ڕوانگەی ئەوەوە دەلیلو هۆی سیاسیی هەیەو ئالوودە بە سیاسەتە.

–خانم، تکا دەکەم مەسەلەکان لە ڕوانگەی منو لە دەلاقەی چاوی منەوە ببینە. ژاکووبی‌یەکان سەرکۆنەم دەکەن کە بۆچی ڕێگام داوە ئەو پیاوماقووڵانەی هەڵاتبوونو ئەوانەی کۆچیان کردبوو بگەڕێنەوە وڵاتو جارێکی دیکە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرچاوم پێ‌داون. لەلایەکی دیکەوە ئەو دەنگۆیە بڵاو دەکەنەوە کە ئەمن دەمەوێ کۆماری فەڕانسە بدەمە دەستی بووربوونەکان. فەڕانسەیەک کە بۆخۆم بناخەدانەری دروستبوونو ژیانەوەی دووبارەی بووم. فەڕانسەیەک کە ناوی ناپلیۆنی دەگەڵ شێلراوە بدرێتەوە بە وان شێتی نیە خانم؟!

دوای قسەکانی چووە لای مێزەکەو بەڵگەیەکی کە مۆرێکی سووری لێ‌درابوو بەدەستەوە گرتو چاوێکی لێ‌کرد. پاشان فڕێی دایە سەر مێزەکەو دووبارە هاتەوە لای من.

–بە ئیعدامی ئەم دووکە ئەمن بە فەڕانسەو دنیای دەسەلمێنم کە بووربوونەکان بەهۆی خەیانەتیان لە ڕوانگەی منەوە مەحکوومن. مەبەستەکەم تێ‌دەگەی؟ بەڵێ دوای ئەوە دەتوانم وردەحیسابەکانم دەگەڵ خەڵکی دیکەش پاک بکەم.

ئەو دوایە دەورێکی مێزەکەی داو جارێکی دیکە لەپێشم ڕاوەستا. ئێستا دووبارە لەسەر پەنجەی ڕاوەستابوو لەپەستا لەسەر پەنجەو پاژنەی لاقی جۆلانەی دەکرد. پاش چەندجار جووڵە جارێکی دیکە زاری کردەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دەزانی چی ئووژنی. حیسابی خۆم دەگەڵ هەموو پیلانگێڕان، هەمیشەناڕازیەیان، قەڵەمبەدەستانو نووسەرانی بەیان‌نامە ڕەنگاوڕەنگەکانو تەواوی ئەو نەزانانە کە من بە سەرەڕۆ ناو دەبەن ڕوون دەکەمەوەو کۆمەڵی فەڕانسە لە شەڕی وان ڕزگار دەکەمو فەڕانسە لە وەزەندیی دوژمنانی نێوخۆییش دەپارێزم.

لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە ئەم دەربڕینەم پێشتر لە کوێ بیستوە... دوژمنانی نێوخۆیی... ئەرێ یەکەمین‌جارو زۆر لەمەوبەر ئەوەم لە زمانی باراس بیستبوو. ئەو لە کاتی قسەکردن‌داو لەحاڵێکدا دە ناپلیۆنەوە ڕامابوو باسی ئەم بابەتەی کرد. سەعاتە زێڕکاریکراوەکەی سەر کوورەخانە کە ڕووپەڕەکەی کەوتبووە نێو دوو شێری تووڕەی زێڕینەوە سەعات یەکی نیوەشەوی نیشان دەدا. بۆیە هەستامو گوتم:

–ئیدی درەنگە!

بەڵام ئەو دووبارە لەسەر کورسیەکە دای‌نیشاندمەوەو گوتی:

–هێشتا نا ئووژنی... چونکە بەڕاستی بە دیتنت خۆشحاڵ بووم... شەو درێژەو دەتوانی سەعاتێک ڕاوەستی...

–بەڵام ئەتۆش ماندوویو پێویستیت بە حەسانەوە هەیە.

–ئەمن زۆرکەم دەخەوم... زۆر خەراپیش...

دەرگایەک کە کاغەز دیواریی لێدرابوو، و لەپێش‌دا پێم‌نەزانیبوو بە دەنگێکی وشک کرایەوە بەڵام ناپلیۆن ئاگای لێ‌نەبوو. گوتم:

–ئەو دەرکە نهێنیە خەریکە دەکرێتەوە!

ناپلیۆن ئاوڕی دایەوەو پرسی:

–چکارێکت هەیە کۆنستانت؟

پیاوێکی وردیلە کە جلی تایبەتی خزمەتچیانی دەبەر بوو لەنێو دەرگاکە دەرکەوتو بەحاڵەتێکی نەک زۆر ڕەسمییش ئاماژەی کردو ناپلیۆنیش چووە لای.

–لەوە زیاتر چاوەڕوان نابم. ئەمن ئیدی ناتوانم بێدەنگی بکەم.

گوێم لە دەنگی ناپلیۆن بوو کە لە وەڵامدا پێی دەگوت:

–پێی بڵێ ئامادە بێو بچێتەوە ماڵێ.

جارێکی دیکە دەرگا پێوە درایەوەو لەدڵی خۆمدا گوتم بێ‌گومان ئەو کەسە خاتوو ژۆرژی ئەکتەری شانۆی فەڕانسەیە. هەموو پاریس ئاگاداری خەیانەتی ناپلیۆن بە ژووزفین بوون. بۆیە جارێکی دیکە هەستامو گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–نابێ لەوە زیاتر جارِزت بکەم.

–نا! ئیدی ئەمن ئێستا تەنیامو هەق نیە ئەتۆش بە تاقی تەنیا بەجێم بێڵی ئووژنی.

ئەو جارێکی دیکە منی لەسەر مۆبڵەکە دانیشاندەوە، گۆڕانی ڕاوێژی زاری وای دەکرد نەتوانم بڕیار بدەم. بەڵام ژوورەکە پتر لەوە کە تەحەممول بکرێ گەرم بوو، لە هەمووش ئەولاتر هەستم دەکرد شەپۆلێک پەرێشانی هەوای ژوورەکەی ئاخنیوەو منی کردۆتە نیشانە. سەیرە پاش چەندین ساڵ هێشتا دەمتوانی گۆڕانی بیرو ڕەفتاری وی تێبگەم. دەمزانی ئەو لەپاڵ خۆیدا خەریکی شەڕ لەگەڵ خۆیەتی، ئەو شەڕی دەگەڵ خۆی بوو تابتوانێ بڕیار بدا. ئومێد بە ڕزگاریی دووک دەبووە هۆی ئەوەی نەتوانم بەجێی بێڵم.

–ئووژنی ئەتۆ بۆخۆشت نازانی چداخوازێکی دوور لەگومانت هەیە. نا، بەهەڵە تێمەگە، خودی دووک گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە بۆ یەکەمینو دوامینجارو بۆ هەتاهەتایە جیهان هەستو داوەریی فەڕانسەو فەڕانسەیییەکان دەرهەق بە بووربوونەکان تێبگا. خەڵکی فەڕانسە دەبێ بۆخۆیان حکوومەتو فەرمانڕەوای خۆیان هەڵبژێرن.

سەرم هەڵبڕیو تەماشام کرد. لە درێژەی قسەکانیدا گوتی:

–خەڵکی ئازادی کۆمارێک، هەتا دووری دوور دەچنە پێش، تا دووری دووری زەویو هەتا تەوەر [قوتب]ەکان...

دەتگوت شێعرێک دەخوێنێتەوە یان خۆی بۆ وتاردانێک ئامادە دەکا. جارێکی دیکە لەپشت مێزەکە ڕاوەستابوو بەڵگەی گۆرینیشی بەدەستەوە بوو، پاکەتێک کە مۆرێکی سووری وەک پەڵەخوێنێک بەسەریەوە چاوی بنیادەمی ئازار دەدا. سەرەنجام بە دەنگێکی بەرز گوتم:

–ئەتۆ لەمنت پرسی ئەمشەو کێ ناردوومیە ئێرە. پێش ئەوەی بڕیاری خۆت بدەی ئەمن وەڵامی ئەم پرسیارەت دەدەمەوە:

ئەو بێئەوەی چاوم لێبکا هەروا کە سەری داخستبوو گوتی:

–بەڵێ! گوێم لێتە.

–دایکت، دایکت منی ناردۆتە لای تۆ.

بەسپایی دەستی هێنایە خوار، پاکەتەکەی لەسەر مێزەکە داناو بە هەنگاوی لەسەرەخۆ چووە بەردەم سۆبەکەو داهاتەوە بڕە دارێکی هەڵگرتو گوتی:

–نەمدەزانی دایکم ئەوەندە ئۆگری مەسەلە سیاسییەکانە. پێم وایە خەڵکی دیکە تینیان بۆ هێناوەو ناچاریان کردوە بێتە نێو ئەم باسانەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بەڵام دایکت ئەم داستانە بە مەسەلەیەکی سیاسی نازانێ.

-ئەی چیە؟

-تاوان.

-ئووژنی، پێت وانیە زۆرت زێدەڕۆیی کردوە؟

-دایکت بەپەلە داوای لەمن کرد بێمە سەردانت ئەگینا ئەم تکایە بۆ من خۆم ئەوەندە خۆش نەبوو.

بزەیەکی بێڕەنگی هاتە سەر لێوان. لەسەر مێزێکی چکۆڵە دەستی کرد بە گەڕانو سەرەنجام پەڕەکاغەزێکی لەنێو کاغەزەکان دەرهێنا. بەڕواڵەت ئەوەی لێیدەگەڕا دیبوویەوە. کاغەزێکی گەورەی لەپێش چاوی من ڕاگرت کە هێندێ نەخشی لەسەر کێشرابوونەوە.

-چۆنە ئووژنی، تائێستا بە کەسم نیشان نەداوە.

لە گۆشەی سەرەوەی کاغەزەکە مێشەنگوینەیەکی گەورە دەهاتە بەرچاوو لە نێوەڕاستیشیدا چوارگۆشەیەک دەبینرا کە چەند مێشی چووکەڵەی تێدا دەکەوتنە بەرچاو. بە سەرسوڕماوی پرسیم:

-مێشەنگوینە!

بە شادمانی وەڵامی دایەوە:

-بەڵێ مێشەنگوینە! دەزانی مانای چیە؟

سەرم بە نیشانە بێئاگایی ڕاوەشاندو ئەو زیادی کرد:

- نیشانەی بنەماڵە!
- نیشانەی بنەماڵە، بەکەلکی چی دێو دەتەوێ لەکوێ بەکاری بەری؟

بە خۆشحاڵیەکی منداڵانەوە باسکی لێککردنەوەو هاواری کرد:

-لە هەموو جێیەک لەسەر دیواران، مافووران، پردەکان، کالیسکەکانو تەواوی جلەکانی تاجلەسەرنانی ئیمپەڕاتۆر.

هەناسە لە سنگمدا ڕاوەستابوو، بە حاڵەتێکی تێکەڵ بەگومان چاوی لێکردم؛ چاولێکردنێک کە گەیشتە قووڵایی هەناوم.

-لە مەبەستم تێدەگەی ئووژنی...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دڵم بەتوندی لێی‌دەدا. ئەو کاغەزێکی دیکەی دەرهێنا. چەند شێرێک لە حاڵەتی جۆراوجۆردا... شێرێک بە خەوتوویی، لە حاڵی نەڕاندن یان بۆسەنانەوەو ئامادەیی هێرشدا. لە تەنیشتی کاغەزەکە نووسرابوو؛ هەڵۆیەکی باڵکراوە.

—فەرمانم بە داویدی نیگارکێش داوە ئاڕمێک دروست بکا.

شێرەکان ئێستا لەسەر ڕووبەری ژوورەکە کەوتبوونو ئەو ئێستا تەنیا لە بیری هەڵۆیەکدا بوو کە باڵی لێک کردبوونەوە، لەحاڵێکدا ئاماژەی بە وێنەی هەڵۆیەکە دەکرد گوتی:

—بڕیارم داوە نیشانی من هەڵۆ بێ. پەسندی دەکەی؟

ژوورەکە ئەوەندە گەرم بوو کە بەدژواری هەناسەم دەهات، هەڵۆ لەبەر چاوم گیانی وەبەر هاتبوو، و هەڵفڕیبوو، و گەورەو گەورەتر دەبوو.

—ئەمە نیشانی منە، نیشانی ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە.

ئایا ئەوەی دەمبیست ڕاست بوو، خەون نەبوو؟ بۆ ئەوەی دڵنیا بم بەخەبەرم جووڵەیەکم کردو لەنەکاو کاغەزی نەقاشی‌یەکەم لە دەستی خۆمدا دیت. بێگومان ناپلیۆن ئەوی وێدابووم. ئەو جارێکی دیکە لەپشت میزەکە بوو، و دەو بەڵگەیەوە ڕامابوو.

ئەو تەواو ئارامو بێجووڵە ڕاوەستابوو. لێوەکانی ڕێکگووشراوو چەنەگەی تەواو چوارگۆشە دیار بوو. دڵۆپەئارەقم لەسەر نێوچاوانم هەست پێدەکرد. ئەو ئاگای لەمن نەبوو. بەپێشەوەدا چەمایەوەو قەڵەمێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرتو چەند وشەیەکی لەسەر ئەو پاکەتە نووسین. دوای دڵنیابوون لە وشکبوونەوەی نووسراوەکە زەنگێکی کە بەشێوەی هەڵۆیەکی بڕونزی دروست کرابوو لێدا.

سکرتێر بەپەلە هاتە ژوورێ. ناپلیۆن بە وردی ئەو بەڵگەیەی لە بەرگێکی دیکەوە پێچاو داوای لە سکرتێر کرد کەرەسەی لاکومۆری بۆ بێنێ. دوای ئەوەی سکرتێر کەرەسە پێویستەکانی بۆ هێنا، ئەو لەحاڵێکدا بەوردی سەیری ئەو بەڵگەیەی دەکرد، جارێکی دیکە لاکومۆری کردو پاشان ڕووی کردە لاوە سکرتێرەکەو گوتی:

—هەر ئێستا بچۆ قەڵای وینسنو ئەم پاکەتە بگەیەنە. ئەتۆ بۆخۆت بەرپرسی گەیاندنی ئەو بە فەرماندەری قەڵاکەی.

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە پرسیم:

—دەتوانم بزانم چبڕیارێکت دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو داهاتەوە سەر زەوی‌و گوڵە سوورەکانی کڵاوەکەمی کە لەبەر پەرێشانی فڕێم دابوونە سەر زەوی خڕ کردنەوەو گوتی:

-کڵاوەکەتت خەرا کرد.

بەدوای ئەم قسەیەدا مستێکی پڕ لە گوڵە وردە ئاوریشمی‌یەکانی وێدام. ئەو کاغەزەی وێنەی هەڵۆی لەسەر کێشرابۆوەم لەسەر مێزە چکۆڵەکە داناو گوڵە ئاوریشمی‌یەکانیشم دەنێو ئاگری سۆبەکە هاویشتن.

-زۆر نارەحەت مەبە چونکە ئەم کڵاوە زۆریش لە ڕوخساری تۆ نەدەکاڵایەوە.

ناپلیۆن بەنێو داڵانە چۆڵەکاندا دەگەڵم هات. کە تەماشای دیوارەکانم دەکرد لە هەموو جێیەک مێشەنگوینەکانم لە حاڵی فڕیندا دەدیتن، دەتگوت تەواوی دارو دیواری تویلری‌یان بە نەخشی مێشەنگوینەکان ڕازاندۆتەوە. دەگەڵ هەر جارێک سڵاوی سەربازی پڕهەراوهۆریای نیگابانەکان ئەمن دەردەپەڕیمو بەمجۆرە ئەوان تانزیک کالیسکەکە بەڕێیان کردم.

ئەمە کالیسکەی دایکتەو ئێستا چاوەڕێی گەڕانەوەی منەو نازانم چوەڵامێکی بدەمەوە؟

-شەوێکی خۆشی بۆ بەئاوات دەخوازمو سوپاسی تۆش دەکەم کە هاتیە سەردانم خانم!

لە ساڵۆنی ماڵی خۆمان خاتوو لیزیام بێ‌جووڵە لەسەر مۆبڵەکەی پەنا پەنجەرەو ڕاست لەوجێیە دیتەوە کە وەختی ڕۆیشتنی من لەسەری دانیشتبوو. هەوا بەرەبەرە بوولێڵ دەبوو،و خەریک بوو ڕووناکی دەکردو باڵندەکان لە نێو باخچە هەڵاوهەنگامەی شادمانی‌یان وەڕێ خستبوو. ژان باتیستیش لە دەفتەری کاری خۆی خەریکی نووسین بوو. ڕووم کردە خاتوو لیزیاو گوتم:

-لێمببوورە کە ماوەیەکی زۆر بەتەنیام جێ‌هێشتی بەڵام خەتای من نەبوو ئەو هەردەمە باسی شتێکی دەکردو ڕێگای نەدەدا ئەوێ بەجێ بێڵم.

-داخوا پەیامێکی بۆ قەڵای وینسن نەنارد؟

-بۆچی خاتوون. ئەو پەیامێکی ناردە وێ، بەڵام لەوبارەیەوە هیچی بەمن نەگوتو تەنیا داوای لەمن کرد شەوێکی خۆشو ئاسوودە بۆ جەنابت بەئاوات بخوازم.

سوپاست دەکەم کچم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاتوو لیزیا دوای ئەو خواحافزی‌یە کورتە هەستاو بەرەو دەرگا وەڕێ کەوت بەڵام لە نزیک دەرگای چوونەدەر ئاوڕی دایەوە سەر منو گوتی:

-بەهەرحاڵو هەرچی ڕوو بدا سوپاسی تۆ دەکەم کچم، ئەتۆ هەوڵی خۆتت دا.

پاش ڕۆیشتنی وی ژان باتیست منی ڕێنوێنی کرد بۆ ژوورەکەی خۆم. ئەوەندە ماندوو بووم کە نەمتوانی جلەکانم بگۆڕمو هەروا لەسەر تەختەکە کەوتمو ئەو پەتوویەکی پێدا دام.

-دەزانی ناپلیۆن نیازی وایە وەک ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە تاج لەسەر نێ؟

ژان باتیست بە بیستنی ئەم قسەیە تێمەوە ڕاماو بەحاڵەتێکی شێواوەوە ژوورەکەی بەجێ هێشتو بۆ ماوەیەکی زۆر دەنگی لاقیم گوێ لێبوو کە لە سالۆن سەروخواری دەکردو دەهاتو دەچوو. ئەوەندەم خەو لەچاوان نەکەوت تاسەرەنجام جارێکی دیکە هەستم کرد لە ژوورێیەو دوای ئەوە بوو کە خەوێکی قووڵم لێکەوتو تانزیک نیوەڕۆ وەخەبەر نەهاتم. خەوم زۆر شێواوو تێکەڵ بە مۆتە بوو. تەواوی ئەو وەختە لەخەومدا کاغەزێکی سپیی گەورەم دەدی کە مێشەنگوینەی سووری جوانجوانی لەسەر کێشرابوونەوە.

لای نیوەڕۆیە ماری نانی بەیانیی بۆ هێنامە سەر جێگاکەمو دەگەڵ ویش نوسخەیەکی ڕۆژنامەی مۆنیتۆری وێدام. لە لاپەڕی یەکەمی‌دا خەبەری ئیعدامی دووکی ئینهێن بڵاو کرابۆوە. ئەو سەعات پێنجی بەیانی لە قەڵای وینسن گوللەباران کرا.

چەند سەعات دوای ئەوەش خاتوو لیزیا پاریسی بەجێ هێشت تا لە ئیتالیا بچێتە لای کوڕە دوورخراوەکەی.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١٨

## پاریس. بیستی مەی(ئەیار)ی ١٨٠٤

فیرناند بە دەنگی بەرز گەیشتنی میوانەکانی ڕاگەیاند.

-پایەبەرز شازادە ژۆزێف.

دەگەڵ ئەم وتەیەی فێرناند، ژوولیی خوشکم هاتە ژووریؔو گوتی:

-خانمی مارشاڵ هیوادارم باش خەوتبی.

گنجەکانی گۆشەی دەمی ژوولی لە کاتی ئەم ڕستەیەدا جۆرێک بوون کە نەمدەزانی نیازی پێکەنینی هەیە یان گریان. بەهەرحاڵ ئەمنیش بە باشترینو ڕەسمیترین شێوە کە بەڕێز مۆنتێل مامۆستای ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی فێری کردبووم وەڵامم دایەوە:

-لە قووڵایی دڵەوە سوپاسی لوتفی جەنابی پایەبەرز دەکەمو دەبێ عەرزتان بکەم خەوێکی زۆر باش بوو پایەبەرز.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەمن ئەمڕۆ زووتر هاتمە ئێرە تا سەعاتێک لە باخچە دانیشین.

باغی ماڵی ئێمە زۆر چکۆڵەیەو بەپێچەوانەی ڕێنوێنییە بەنرخەکانی ژووزفینو ئاگالێبوونی من گوڵە سوورەکانی باخچە هێشتا نەپشکوتوونو لێرە دارێکیشمان نیە کە بتوانێ جێگای بەڕووە خاسەکەی خانووە چکۆڵەکەی گەڕەکی سوو بۆ من بگرێتەوە. بەڵام بەوحاڵەش بۆ من دیمەن لە دیمەنی ئەم باغە چکۆڵە کاتی پشکوتنی یاسەکانو خونچەدەرکردنی ئەو دوو دارسێوە کە ژان باتیست لە یەکەم ساڵەی لەدایکبوونی ئۆسکاردا ناشتوونی جوانتر نیە.

ژوولی پێشئەوەی بەو جلکە ساتەنە شینە تاریکەیەوە لەسەر نیوتەختی باخچە دانیشێ بە دەسرۆکەو بەوردی تۆزوخۆڵەکەی سڕیەوە. پەڕە وشترمرغە شینەکانی کە کەزییەکانی پێڕازاندبوونەوە دەگەڵ ڕەنگی جلەکانی دەهاتنەوەو زۆر بەشکۆ دیار بوون. بەڵام دەگەڵ هەمووی ئەمانە ماری کاتێک لیمۆنادی هێنا چاوێکی زۆر ڕەخنەگرانەی لە ژوولی کردو گوتی:

–ئەرێ باشتر نەبوو پایەبەرز پرێنسێس لە ڕازاندنەوەی خۆیدا وردەکارییەکی زیاتری کردبایە.

ژوولی بە بیستنی قسەی ماری سەری ڕاوەشاندو گوتی:

–ڕەنگە حاڵی خانمی مارشاڵ زۆر لە هیمن باشتر بێ چونکە ژیانێکی ئاسوودەتری هەیە. ئەم جێگۆڕکەیەی دوایی بەجارێک لەپێی خستووم. نازانی ماڵگوازتنەوە بۆ کۆشکی لووکزامبوورگ منی چەند ماندوو کردو چەند دژوار بوو ماری!

ماری جارێکی دیکەو بە ڕاوێژێکی ماناداروەوە گوتێ:

–خانووە چووک بەڵام جوانو لەبەردڵانەکەی شەقامی ڕووشێ بۆ پایەبەرز ژوولی بەس نەبوو؟

–نا ماری، نا. ئەتۆ هەڵەی. ئەمن لەو کۆشکانە بێزارمو هۆی ئەم کارە تەنیا ئەوە بوو کە هەمیشە وەلیعادی فەڕانسە لە کۆشکی لووکزامبوورگ ژیاوەو ئێمەش دەبوو پەیڕەوی لەو نەریتە بکەین. لە قسەکانی ژوولی دەردەکەوت کە میراتگری تاجوتەختی فەڕانسە زۆریش بەختەوەرو ڕازی لەژیانی خۆی نیە. بەڵام ماری بێئەوەی گوێ بداتە ئەو مەسەلانە گوتی:

–خوالێخۆشبوو بەڕێز کلاری هەرگیز ملی بە شتی وا نەدەدا. باوکی تۆ ڕووحی شادبێ کۆمارخوازێکی ڕاستەقینە بوو، و هەرگیز نەیدەتوانی بەم شێوە ژیانە ڕازی بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژوولی که له قسەکانی ماری نارەحەت دیار بوو وەڵامی دایەوە:

-بەڵام ئەمن کارێکم لەدەست نایە ماری!

ئەمن که وام دی داوام له ماری کرد بۆ ماوەیەک بەتەنیا جێمان بێڵێو کاتێک ئەو بەڕادەی پێویست دوور کەوتەوەو زانیم گوێی له دەنگم نابێ، گوتم:

-ژوولی گوێ مەدە قسەی ئەو پیرە هەژدیهایە.

-بەڵام هەر بەڕاستی ئەمن هیچم لەدەست نایە دێزیرە، دەزانی ماڵگوازتنەوە بۆ کۆشکم هەرگیز پێخۆش نیەو ئەم ژیانە پڕلە تەشریفاتە بەڕاستی نەخۆشم دەکاو لەپێم دەخا، دوێنێ له دیداری مارشاڵەکانی فەڕانسەدا ناچار بووم سێ سەعاتی تەواو بەپێوە ڕاوەستمو ئەمڕۆش دەبێ له ئەنوالید...

بۆئەوەی نەختێک لەباری نارەحەتییەکەی کەم بکەمەوە گوتم لە ئەنوالید ناچار نابین بەپێوە ڕاوەستینو دەتوانین دانیشین. دوایە داوام لێکرد لیمۆنادەکەی بخواتەوە.

ئەم لیمۆنادەش وەک لیمۆنادەکانی ڕۆژانی دوایی بێئەندازە شیرن دیار بوو... شیرنایییەکی ئازاردەر. ئەم ڕۆژانە لە هەموو لایەکەوە لافاوی پیرۆزباییو شاباشمان بەسەردا دەبارێ. ژان باتیستی منیش پلەی مارشاڵیی فەڕانسەی وەرگرتوەو دیارە دەزانم ئەمە بۆ زۆر له نیزامییانو هاوتایانی وی ئاواتێکی بەرزو دەستوێرانەگەیشتوویە؛ لە سەربازی سادەوە تا ژەنراڵ. لەبارەی هاوسەری منیشەوە ئەو ئارەزووە وەدی هاتوە بەڵام نە بەوجۆرەو بەو شێوەیە که بیرمان لێدەکردەوە.

دوای ئەو سەردانە شەوانەی من له تویلری، ژۆرژ کادوودال ڕێبەری شاپەرستەکان گیراو دیارە پاش ئیعدامی دووکی ئینهین هیچکەس گومانی لە چەندوچۆنی ئاکامی موحاکەمەی کادوودالّدا نەبوو. کاتێکیش که ژەنراڵ مۆرۆو ژەنراڵ پیرژوو و چەند ئەفسەری دیکە بەتۆمەتی هاوکاری دەگەڵ وی گیران، ئەمن بە توندی نیگەرانی ژان باتیست بوومو هەردەم چاوەڕوانی پیاوانی پۆلیس بووم. بەڵام لەجیاتی ئەوە ژان باتیست دووبارە وەک پێشوو لەلایەن کونسوولی یەکەمەوە بانگ کرایە تویلریو ناپلیۆن که ئەوی دیت گوتی:

-خەڵکی فەڕانسە منیان هەڵبژاردوە. داخوا ئەتۆ دژی دەنگی خەڵکی فەڕانسەو کۆمار دەوەستی؟

-ئەمن هیچوەخت دژایەتیی کۆمارم نەکردوەو تەنانەت بیریش لەکاری وا ناکەمەوە.

-ئێمە تۆ بە پلەی ژەنراڵی سەربەرز دەکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژان باتیست کە بە بیستنی ئەم قسانە ڕاچەنیبوو بەحاڵەتی سەرسوڕمانەوە پرسی:

-ئێمە؟!

-بەڵێ، ئێمە، ئەمن ناپلیۆن ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە.

دەتگوت ژان باتیست زمانی ڕەق بووەو ئەم حاڵەتەی ناپلیۆنی هێنایە پێکەنینو لەحاڵێکدا دەستی بەچۆکی خۆیدا دەداو لە خۆشییان خۆی بەپێوە ڕانەدەگرت گوتی:

-خەیانەتی ژەنراڵ مۆرۆ جێی گومان نیە بەڵام نەک هێندە کە ببێتە هۆی مردنی، بەڵکوو دوور خرایەوەو لەحاڵێکدا هێستا یۆنیفۆرمە نیزامییەکەی دەبەردا بوو سواری کەشتی بوو،و بەرەو ئەمریکا چوو. ئەو تەنانەت شمشێرەکەشی کە وەک خەڵکی دیکە ناوو مێژووی سەرکەوتنەکانیی لەسەر هەڵکەندرابوو دەگەڵ خۆی بردە ئەمریکا.

دوای ئەوە هەموو شتێک بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو ڕووی دا. پێرێ کونسوولی یەکەم بۆ ڕاو چووە سەن کلوودو لەوێ بڕیاری سەنای لەبارەی هەڵبژێرانی بە ئیمپەڕاتۆری فەڕانسەوە پێڕاگەیەندرا. دوێنێش لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی نیزامیدا ئەو وەکازی مارشاڵیی دایە هەژدە کەس لە ژەنراڵەکانو دیارە حەوتوویەک پێشتریش ژان باتیست کە بەشێوەی خۆمانە لە مەسەلەکە ئاگادار ببوو یۆنیفۆرمی مارشاڵییەکەی بە دوورین دابوو. چۆنیەتیی مۆدێلی دوورینی جلەکانیش لە تویلرییەوە درابوو بە ژان باتیست. هەرکام لە مارشاڵەکان پاش وەرگرتنی وەکاز وتارێکی کورتیان خوێندەوەو تەواوی ئەوانیش ناپلیۆنیان بە خاوەنشکۆ ناو برد.

لەکاتی وتارخوێندنەوەی موراتو ماسنادا چاوی نیوەنووقاوی ناپلیۆن سەرنجی هەمووانی بۆلای ئەم ڕاستییە ڕادەکێشا کە ڕۆژانی ئەو دواییەی زۆرسەخت لێگوزەراوەو دەرفەتی حەسانەوەی نەبووە. بەوحاڵە کاتێک نۆرەقسە گەیشتە ژان باتیستو دەستی بە سوپاس لەو شانازییە گەورەیە کرد کە ڕووی دەو کردبوو، ڕوخساری ناپلیۆن بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕاو بزەیەکی پڕلە تامەزرۆیی لە ڕوخساری نیشت. ئەو دوایە هەر بەو بزەیەوە کە هەمووکەسی ناچار دەکرد داخوازەکانی قبووڵ بکا، دەستی ژان باتیستی گرتو پێیگوت کە پێویستە نەکهەر بە ئیمپەڕاتۆر بەڵکوو بە دۆستی خۆشی بزانێ. بەڵام ژان باتیست هەروا بەحاڵەتی ئیکلامی نیزامییەوە ڕاوەستابوو بێئەوەی کەمترین گۆڕان لە ڕوخساریدا دەرکەوێ. ئەمن لە جێگەیەکەوە کە بەتایبەتی بۆ ژنانی مارشاڵەکان ئامادە کرابوو تەماشای ڕێوڕەسمەکەم دەکرد. ئەو ڕۆژە هەرچەند لە داوەتنامەکەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەنووسرابوو، ئەمن ئۆسکارم دەباوەشدا بوو، یەکێک لە بەرپرسانی پێکهێنانی ڕێوڕەسمەکە کە دژی ئەمکارە بوو لەپەستا دەیگوت:

-خانمی مارشاڵ، بیری لێبکەوە ئەگەر منداڵەکە بەگریانی خۆی قسەکانی خاوەنشکۆ بپچڕێ چڕوو دەدا؟!

بەڵام ئەمن بڕیارم دابوو کە ئۆسکار دەبێ لە ڕێوڕەسمی بەرزبوونەوەی باوکی بۆ پلەی مارشاڵیی فەڕانسەدا ئامادە بێ. کاتێک ناپلیۆن دەستی ژان باتیستی دەگوشیو هەزاران تەماشاچی هاواریان دەکرد بژی ئیمپەڕاتۆر، ئۆسکاریش ئاڵایەکی چووکی کە پێشتر بۆم کڕیبوو بە ئیشتیایەکی زۆرەوە ڕادەوەشاند.

لەو ڕۆژەدا ژوولی لە جێیەکی دیکەی تایبەتی ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتی دانیشتبوو. لەبەر ئەوەی گۆیا خزمانی ئیمپەڕاتۆر دەبێ کەسانێکی بەرچاو بن، ناپلیۆنیش بەرناوی شازادەی دابوو بە براکانی جگە لە لووسینو بەرناوی شازادە خانمیشی دابوو بە خوشکەکانی. لەونێوەدا ژۆزێف هەتا کاتێک ناپلیۆن دەبووە خاوەنی کوڕێک بەرناوی وەلیعادی هەڵدەگرت. لەوبارەیەوە بەرناوو عینوانی خاتوو لیزیاش ببووە گیروگرفتێک چونکە ناپلیۆن نەیدەتوانی بەرناوی شاژنی دایکی بداتێ چونکە ئەو هیچکاتێک شاژن نەببوو،و تەنیا هاوسەری پاریزەرێکی بێناوی کۆرسی بەناوی کارلۆ بوناپارت ببوو. ناپلیۆنو براو خوشکەکانی دیکەی زۆربەی کات پێیان دەگوت "دایە خانم" یان "خانمی دایک"و سەرەنجام ئەو بڕیاری دا لە ئیتالیا کە شوێنی ژیانی ئەوو لووسین بوو خۆی بەو عینوانە بناسێنێ. ئوورتانس هاوسەری لوویی زۆرخۆریش بەهۆی مێردکردن بەوو لەڕێگای ژنو ژنخوازییەوە بەرناوی شازادە خانمی وەرگرتبوو،و ئووژەن دوبووئارنە زڕکوڕی ناپلیۆنو کوڕی شاژن ژووزفینیش لە بەرناوی شازادە بێبەش نەبوو.

هەرچەند خوشکانی ناپلیۆن بە هەرجۆر کرا لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا جلەکانی خۆیان بە نیشانەی مێشەنگوینە ڕازاندبۆوە بەڵام ڕۆژنامەی مۆنیتۆر هیچ ئاماژەی بە بەرناوی شازادە خانمیی وان نەکرد. لە تەواوی ماوەی ڕێوڕەسمەکەدا، کارۆلین خوشکی ناپلیۆن کە پێش لێکهەڵوەشانی حکوومەتی دیرێکتوار مێردی بە ژەنڕاڵ مورات کردبوو، لەپەنا من ڕاوەستابوو، ئەویش وەک من بە ژنە مارشاڵ حیساب دەکرا. ڕۆژنامەی مۆنیتۆر مارشاڵەکانی بە بەڕێزو جەناب ناو بردبوو، کارۆلین بەحاڵەتێکی جیددی لە منی پرسی کە داخوا لەپێش چاوی خەڵکی دیکەش بە هاوسەرەکەم دەڵێم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"جەناب"و "بەڕێز"؟ چون نەمدەتوانی ئەو پرسیارە گەوجانەیەی بێوەڵام بهێڵمەوە بەناچاری گوتم:

-ئەو هەر بۆمن جەنابو بەڕێزەو بۆ خەڵکی دیکە پێم باشترە هەر ژان باتیست بێ.

دوای تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە هەر هەژدە مارشاڵو هاوسەرەکانیان بۆ نانخواردن دەگەڵ بنەماڵەی پادشایەتی بانگ کرانە تویلریو شێویان لەوێ خوارد. تەواوی دەرکو دیواری تویلری بە مێشەنگوینی تەلایی ڕازابۆوەو بێگومان بۆ تەواوبوونی بەوەختی ئەو گوڵدۆزیو نەخشونیگارە چەندسەد ژنی بەرگدروو شەووڕۆژ کاریان کردبوو، و ئەو مێشەنگوینانەیان گوڵدۆزی کردبوو. سەرەتا نەمدەتوانی وەبیر بێنمەوە کە ئەو نەخشی مێشەنگوینانە چلە زەینی مندا زیندوو دەکەنەوە. بەڵام پاشئەوەی ماوەیەک لە میوانداریەکە تێپەڕی تێگەیشتم کە ئەو مێشانە هەر ئەو گوڵە سوێسنانەی نیشانەی بنەماڵەی بووربوونن کە ناپلیۆن بە پێچەوانە دایڕشتوونەوە. بێگومان ئەمە نەیدەتوانی بەڕێکەوت بێو زۆرم حەز دەکرد ڕاستیو دروستیی بۆچوونەکەم لە ناپلیۆن بپرسم بەڵام شوێنی دانیشتنی من لەوە دوورتر بوو کە دەرەتانی پرسیارێکی وەها هەبێ. جارجار دەنگی پێکەنینە درێژەکانی ناپلیۆنم گوێ لێدەبوو، و جارێکیان کاتێک بێدەنگی باڵی بەسەر مێزی شێوخواردندا کێشا ئەو کارۆلینی خوشکیی کە لەمبەری مێزەکە دانیشتبوو بە خانمی مارشاڵ ناو برد.

هەروا کە لەنێو باغی لەسەر نیوتەختەکە دانیشتبووین دوای وەبیرهێنانەوەی مەسەلەکان لە ژوولیم پرسی:

-بەباوەڕی تۆ ئەم یارییانە کەنگێ تەواو دەبن؟

ژوولی بەسرتەو لەحاڵێکدا دەسەسرەکەی لەپێش دەمولووتی ڕاگرتبوو وەڵامی دایەوە:

-هێشتا سەرەتای داستانە.

-وەزعت باش نیە ژوولی؟

-لەمێژە خەوی ئاسوودەم نیە. بیری لێبکەوە ئەگەر ئیمپەڕاتۆر منداڵێکی نەبێو ئەمنو ژۆزێف...

ژوولی لەحاڵێکدا دەستی دەملی من کردبوو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دێزیره ئەتۆ تەنیا کەسی کە تێمدەگەی... ئاخر ئەمن کچێ کلاری، بازرگانە هەریرفرۆشەکەی مارسەی نیم. ها، ئەمن ناتوانم...

لەحاڵێکدا دەستی لەملم دەکردەوە گوتم:

–ئەتۆ دەبێ ئارامیی خۆت بپارێزیو لەوە خۆڕاگرتر بی ژوولی. دەبێ کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆت بە هەمووان نیشان بدەی. بە هەموو پاریسییەکانو بە تەواوی فەڕانسەیییەکان.

–بەڵام... بەڕاستی ئەمن کێم؟

ئەتۆ؟ ئەتۆ کچێ فڕانسوا کلاریی بازرگانی هەریری. هیچ کاتێکیش ئەمەت لەبیر نەچێ ژوولی کلاری! بە سەرێکی بەرزو دوور لە شەرمکردنەوە.

ژوولی هەستایە سەرپێو بردم بۆ ژوورەکەی خۆم تا کەمێک بحەسێتەوە. ئەو پەڕە وشترمرغانەی لە کڵاوەکەی دابوون ڕێکهاتبوونو ئەوەندەش گریابوو لووتی سوور هەڵگەڕابوو. ئارام خۆی خستە بەر دەستی من تا قژەکانی بۆ ڕێکبخەمو خۆجوانکردنەکەی بۆ نوێ کەمەوەو لەنەکاو بە دەنگێکی بەرز دەستم بە پێکەنین کردو بە پێکەنینەوە گوتم:

–سەیر نیە ئەتۆ ئەوەندە پەرێشانو ماندووی چونکە عادەتەن ژنانی پیاوماقووڵان نازپەروەردەنو ئیدی شازادە ژوولی بوناپارتیش بەجێی خۆیو دەگەڵ هاونیشتمان بێرنادۆت بەراورد ناکرێ.

–دێزیره ئەتۆ لە بەکەمگرتنی ناپلیۆندا تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبی.

–یانی لەبیرت چۆتەوە کە یەکەمینکەس خۆم بووم کە ئەوم بەجیدی گرت ئەویش کاتێک کە هەموو کەس قسەو ڕەفتاری ئەویان بە گاڵتە دادەنا. بەڵام ئێستا دەبێ زۆر بەپەلە ئامادەی چوون بۆ کلیسا بین چونکە دەمەوێ ڕێوڕەسمی پێوەندیدار بە سەناتۆرەکانەوە ببینم.

فەرمانبەری پۆلیس ڕێگای بۆ کالیسکەی ژوولی کە دەیەویست بچێتە کۆشکی لووکزامبوورگ، کردەوە. لەوێ بوو کە وتاری ڕەسمی دەربارەی دیاریکرانی ناپلیۆن بە ئیمپەڕاتۆری فەڕانسەمان گوێ لێبوو. دەستەیەک سوارەنیزام لەپێشەوەی گرووپەکە دەڕۆیشتنو دوازدە ئەندامی ئەنجومەنی شار بەپێیان لە دوایانەوە دەڕۆیشتن کە دیارە ئەم ڕێپێوانە بۆ ئەو بەڕێزانە ئەوەندەش کارێکی سادەو جێی ڕەزامەندی دیار نەبوو. لەدوای وانیشەوە دوو کەس لە کاربەدەستانی ڕەسمی بە جلوبەرگی تایبەتی جێژنەوە لەپێش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکی دیکەوە دەهاتنە بەر چاو. بەدوای واندا فۆنتان سەرۆکی بەساڵداچووی مەجلیسی سەنا لەنێو پێکەنینی ئامادەبووانو تەماشاچی‌یاندا بەسواری ئەسپ دەڕۆیشت. ئەوان پیرەپیاویان سواری ئەسپێکی قاوەیی‌ڕەنگی ئارامو خۆشڕەو کردبوو،و بۆئەوەی پیرەپیاو بەر نەبێتەوە مەیتەرێکیش لغاوی ئەسپەکەی گرتبوو. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە وا دیار بوو سەرۆکی مەجلیسی سەنا هەموو دەم خەریکە بەر بێتەوە. ئەو لەحاڵێکدا نووسراوێکی بە دەستی چەپیەوە بوو بە دەستی ڕاستی توند قەڵپووزی زینەکەی گرتبوو. بەدوای سەرۆک فۆنتاندا ئەندامانی دیکەی مەجلیسی سەنا لە ڕیزی ڕێکوپێکدا دەڕۆیشتن. لەدوای سەناتۆرەکانیشەوە گرووپێکی مۆسیقا خەریکی لێدانی مارشی سەربازی بوونو ئەمەش دەبووە هۆی ئەوە کە تەنانەت ئەسپە ئارامو لەسەرەخۆکەی فۆنتانیش پەرێشانو تووڕە بێ. ئەفسەرە پلەبەرزەکانی لەشکری پاریسو چوار گوردانی سوارەنیزامیش دواگرووپی بەشدارانی ڕێژەکە بوون.

ئەو گرووپانەی ڕێژەیان دەدا لەپێش کۆشکی لووکزامبوورگ ڕاوەستانو پاشان یەکێک لە شەیپوورچی‌یەکانی سوارەنیزام وەپێش کەوتو بە هەموو لایەکدا دە شەیپووری تووڕاند. سەرۆکی سەنا لەسەر ئەسپەکە پشتی ڕاست کردەوەو تۆمارێکی بەدەستەوە بوو کردیەوە دەستی بە خوێندنەوەی کردو ڕای‌گەیاند کە سەنا بڕیاری داوە ژەنڕاڵ بوناپارت بە ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە هەڵبژێرێ.

ئاپۆرای حەشیمەت لە ئارامیی تەواودا گوێیان بۆ قسەکانی سەرۆکی سەنا ڕاداشتو کاتێک دەنگی لەرزۆکی پیرەپیاو تەواو بوو هاواری بژی ئیمپەڕاتۆر فەزایەکەی پڕکردو بەدوای ئەوەدا سرووودی مارسەی‌یەز لێدراو دووبارە گرووپەکە وەڕێ کەوتەوە. فۆتان وتارەکەی خۆی جارێکی دیکە لەبەردەم هەرکام لە کۆشکەکانی کوورژسیلانیف، واندرێمو کارۆسێلو سەرەنجامیش لەپێش باڵەخانەی ئەنجومەنی شار خوێندەوە.

ئەمنو ژوولی داوامان لە کالیسکەچی کرد چەندی زوویە بمانگەیەنێتە ئەنوالید. چونکە ئەگەر بەوەخت نەگەیشتباینە وێ دەی‌توانی ئابڕووچوونێکی گەورەی لێبکەوێتەوە. ئێمە ڕێنوێنی کراین بۆ جێگایەکی تایبەتی کە بۆ بنەماڵەی ئیمپەڕاتۆر، ژنەکانی بنەماڵەی پادشایەتی‌و خانمانی مارشاڵەکان لەبەرچاو گیرابوو، ڕاستیش سەری وەخت گەیشتینێ. ژوولی خێرا چووە جێگای تایبەتی‌و کەوتە لای چەپی ژووزفینو ئەمنیش لەڕیزی دووەم دانیشتمو بۆ ئەوەی بتوانم ڕێوڕەسمەکە ببینم ناچار بووم زۆرجار مل هەڵێنم. چونکە پەڕە وشترمرغەکانی کڵاوی ژوولی‌و ژووزفین بەر چاویان گرتبووم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەپێش خۆم دەریایەک یۆنیفۆڕمی نیزامیم دەدین. لەڕیزی یەکەمدا حەوسەد ئەفسەری خانەنشین بە یۆنیفۆڕمی کۆنەوە هەبوون کە میداڵەکانیان بە قردێڵەی ڕەنگاوڕەنگ بە سنگی خۆیانەوە هەڵواسیبوون. لەپشت وانیش دووسەد کەس لە خوێندکارانی کولێژی پیشەسازیی پاریس وەک پەیکەری بێگیان ڕاوەستابوون. لەڕیزی هەرەپێشەوە هەژدە کورسیی زێڕکاریکراو تایبەتی مارشاڵەکان بوونو هەژدە مارشاڵ بە جلی سورمەییو سەرشانی تەڵاییەوە دانیشتبوون. ئەفسەرانی خانەنشینو خوێندکارانی زانکۆ ئەوەندە قیتوقنج لەجێی خۆیان ڕاوەستابوون دەتگوت دەرەتانی هەناسەدانیشیان نیە. بەڵام مارشاڵەکان زۆر شادو بەدەماغ دیار بوون. لەونێوەدا ژان باتیستم دی کە زۆر بەگەرمی خەریکی قسەکردن دەگەڵ ژەنڕاڵ ماسنا بوو. ژەنڕاڵ ژانوو سەری هەڵێنابوو تەماشای مەی دەکرد. دەتگوت دەیەوێ هاوسەرەکەی ببینێو لەوانەشە ویستبێتی بە ئاماژە مەبەستێکی وەبیر بێنێتەوە. ژووزفین کە ئەمەی بۆ دەرکەوتبوو باوەشێنەکەی کردەوەو لە بەرامبەر ڕوخساری خۆی ڕاگرت تا بەوجۆرە دزێویی ڕەفتاری ژانوو وەبیر ئەو بێنێتەوە.

بەهاتنی ئوسقوفی مەزن بۆ نێو میحراب، مارشاڵەکانیش بێدەنگ بوون. قەشە لەوپەڕی بێدەنگیدا دەستی بە دوعا کردو لەوکاتەدا دەنگی شەیپوورەکانم لە دەرێ بیست کە دەگەڵ دەنگی هاواری بژی ئیمپەڕاتۆر هاوکات بوو. ئوسقوفی مەزن بە بیستنی ئەو دەنگانە بەئارامی لەجێی خۆی هەستاو چووە لای دەرگاو دەکەس لە خزمەتکارانی کلیساش بەدوایدا ڕۆیشتن. هەرلەوکاتەشدا ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە گەیشتە وێ.

ژۆزێف، لوویی‌و وەزیرانی دیکەش دەگەڵ ناپلیۆن بوونو هەر دوو شازادە جلوبەرگی سەیروسەمەرەیان دەبەردا بوو. سوخمەو سەربەرگی سوور، شاڵواری گوشاد دەگەڵ گۆرەویی ئاوریشمی سپی ڕاست وەک ئەکتەرەکانی شانۆیان لێهاتبوو کە دەتگوت بەنیازن ڕۆڵی کۆمێدی لە شانۆی فەڕانسەدا یاری بکەن. ئوسقوفی مەزنو ئەو کۆمەڵەپیاوەی لەگەڵی بوون کە ئێستا گەیشتبوونە میحراب بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی خۆیانەوە دەتگوت کۆلکەزێڕینەن. ناپلیۆنو ئوسقوفی مەزن لە پێشەوەی ئەوانی دیکەوە دەڕۆیشتن بەڵام جلوبەرگی سەوزی تاریکو بێ بریقوباقی ناپلیۆن تەنیا شت بوو کە لەو دەبینراو هەرلەوکاتەشدا لەوانی دیکەی جیا دەکردەوە. کارۆلینی خوشکی لەحاڵێکدا لە ڕقان ددانی دەچیرەوە دەبردن لەبن لێوانەوە بە ئوورتانسی دەگوت:

–ئەو شێت بووە، ئەمەش بوو بەکار کە لە ڕێوڕەسمێکی ئاوادا، دەستێک جلکی سەرهەنگیی ئەویش بێدەرەجەو نیشانی کردۆتە بەری؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئوورتانس ناچار ئانیشکێکی تێکوتاو بە وستوست! داوای لێکرد بێدەنگ بێ.

ناپلیۆن زۆر بەئارامی لە سێ پلیکانی زێڕکاریکراو کە لەلای چەپی میحراب هەبوون وەسەر کەوت. پێم وایە ئەو تەختە تەختێکی شاهانە بوو کە دیارە ئەمن پێشتر شتی وام نەدیبوو. ئێستا کە لەسەر تەخت دانیشتبوو ڕوخساری غەمبارو چووکەڵانەی وەک سەرهەنگێک دەچوو کە جلوبەرگی کارو خزمەتی دەبەردا بێ. سەرنجم دا تا بتوانم نیشانەیەک ببینم کە لەسەر پاڵپشتی تەختەکە نەخشابوو، سەرەنجام پیتێکی گەورەی Nم دی کە بەئەڵقەیەک لقی غان ڕازابۆوە.

ئەوەندە نوقمی ئەو بەسەرهاتە بووم کە تەنیا دەنگی خشەخشی جلوبەرگی ئاوریشمینی خانمەکان وەبیری هێنامەوە کە دەبێ بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی سوێندخواردن چۆک دابدەم چونکە قەشە دەستی بە خوێندی دوعاو بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی سوێندخواردن کردبوو. ناپلیۆن لەجێی خۆی هەستاو چووە سەر پلیکانی یەکەم. دیسان دەنگی ورتەورتی کارۆلین هەستا کە بە ئوورتانسی دەگوت:

–ئەو گوێی نەدایە قسەی خاڵە فێشو داخوازەکەی ئەوی لەبارەی پێلێنانی گوناحەکانیەوە ڕەت کردەوە.

جارێکی دیکە ئوورتانس ئەو کچە قەڵسەی بێدەنگ کرد. لەمکاتەدا ژووزفینیش ڕوخساری خۆی بە هەردوو دەستان داپۆشیبوو، وای نیشان دەدا کە خەریکی دوعاخوێندنە.

خاڵە فێش هەر ئەو قەشە زۆربلێیەکەی جاران بوو کە لە قەیرانی شۆرشدا ببووە فرۆشیاری گەڕۆکی دەزگای کلاریو پیشە ئەسڵیەکەی خۆی وەک کار لە کلیسا وەلا نابوو. پاش گیرانی ڕۆم لەلایەن سەربازانی فەڕانسەییەوەو کاتێک ناپلیۆن ڕێککەوتنی ئاشتیی خۆی بەسەر ڤاتیکاندا سەپاند ئەویش دڵنیا بوو کە درەنگ یان زوو کراسی سووری قەشەگەری دەبەر دەکاتەوە.

ئێستا ئەو لە کراسی سووری قەشەگەریداو وەکازی زێڕینبەدەست خەریکی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم بوو. ئێستا هەموو لەبەر پێیدا چۆکیان دادابوو. ژەنراڵەکان، ئەفسەرانی خانەنشین کە لە ڕۆژانی قەیرانیو لە کاتی تەنگانەدا بەکۆمەگی جووتیاران، کرێکاران، ماسیگرانو ئیشکەرانی دامودەزگاو بانکەکان پارێزگارییان لە سنوورەکانی کۆمار کردبوو، خوێندکارە لاوەکانی مەدرەسەی بەرزی پیشەسازیی پاریس، ژووزفین یەکەمین شاژنی دوای شۆرشو سەرەنجام لە تەنیشت وی تەواوی ئەندامانی خانەدانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوناپارت. بەڵام بەپێچەوانەی هەمووی ئەمانە ناپلیۆن لەسەر پلیکانی یەکەمی تەختەکە ڕاوەستابوو،و تەنیا بەوەندە بەسی کردبوو کە بەرامبەر بەوحەشیمەتە زۆرە سەر دانوێنێ هەروەک ئەوەی چاوەڕوانی شتێک بێ.

سەرەنجام سوێندنامەکە بە دەستی ناپلیۆنەوە بێنراو حەشیمەت هەناسەیەکی ئاسوودەیان هەڵکێشاو پشوویان هاتەوە بەر. ناپلیۆن نامەکەی لە گیرفانی هێنایە دەر. بەڵام لەڕاستیدا گوێی نەدەدایە نووسراوی سەر کاغەزەکەو بێنیاز لەو قسەی دەکرد هەرچەند خێرا بەڵام بە ڕوونیو بە دەنگێکی ڕەوان کە ئاپۆرای حەشیمەت تێیبگەن.

جارێکی دیکە دەنگی سرتەی کارۆلین هاتە بەر گوێی ئوورتانس کە دەیگوت:

–وتارخوێندنەوە لە ئەکتەرەکانی تێئاتر فێر بووە؟!

پوولێتیش کە نەیدەتوانی پێشی پێکەنینی خۆی بگرێ وەڵامی دایەوە:

– لە هەمووان نا، هەرلە کیژۆڵە ژۆرژ...

وەک هەمیشە ئەمجارەش ئەوە ئوورتانس بوو کە داوای لەو دوو خوشکە دەکرد بێدەنگ بن.

کە گەیشتە دواڕستەکانی وتارەکەیو دەگەڵ دەربڕینیان، ناپلیۆن لە دوا پلیکانی تەختەکەش هاتە خوارێو لەحاڵێکدا لەنێو میحرابەکە ڕاوەستابوو دەستی بۆ سوێندنامەکە بەرز کردەوە.

–ئێستاش سوێند بخۆ کە بەهەموو تواناوە پارێزگاری لە ئامانجەکانی ئازادیو بەرامبەری دەکەی کە بناخەو بنچینەی هەموو قانوونو مافەکانمانن؛ بە هەموو هێزێکەوە کە لەبەر دەستتدایە. سوێند دەخۆی یان نا؟

هەموو دەستەکان بەرز کرابوونەوە، دەستی منیش. دەنگی سوێندخواردنی ئاپۆرای حەشیمەت لە فەزادا دەنگی دەدایەوە. ئۆرگی کلیسا دەستی بە لێدان کردو ناپلیۆن بە هەنگاوی ئارام بەرەو تەخت گەڕایەوە، لەسەری دانیشت بێئەوەی چاو لە ئامادەبووان وەرگێڕێو دەنگی ئۆرگەکەش بەرزو بەرزتر بوو.

پاشان ناپلیۆن لەحاڵێکدا هەژدە مارشاڵی کەلوپەلزێڕینی خۆی دەگەڵ بوونو بەڕێیان دەکرد کلیسای بەجێ هێشتو جلوبەرگە سەوزە تاریکەکەی لەنێو ئەو جلوبەرگە بەشکۆیانەدا وەک خاڵێکی تاریک دەهاتە بەر چاو. لەپێش دەرگای کلیسای گەورە سواری ئەسپە سپییەکەی بوو،و لەحاڵێکدا گاردی تایبەتیی خۆی دەگەڵ بوو بەرەو تویلری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتە ڕێ. لەمساتەدا هاواری شادیی حەشیمەت لە فەزادا دەنگی دایەوەو لەو نێوەدا ژنێک کە منداڵە چووکەکەی لەسەر دەستی ڕاگرتبوو هاواری دەکرد:

–دوعای بۆ بکە! دوعای بۆ بکە!

ژان باتیست لەپەنا کالیسکەکە چاوەڕوانی من بوو، لە ڕێگای چوونەوەماڵدا پێمگوت:

–چونکە لە ڕیزی پێشەوە دانیشتبووی بێگومان ڕێوڕەسمەکەت لە خەڵکی دیکە باشتر بینیوە. داخوا ڕوخساری لە کاتی دانیشتن لەسەر تەختدا چحاڵەتێکی هەبوو؟

–لێوەکانی پێدەکەنین بەڵام لە ڕوانینیدا نیشانەیەک لەو پێکەنینە نەبوو.

هەروا کە بەسواری کالیسکە دەچووینە پێش، دیتم ژان باتیست لە خاڵێکی دوورەوە ڕاماوەو هیچ ناڵێ. لێمپرسی:

–ژان باتیست، بیر لە چی دەکەیەوە؟

–لە یەخەی جلکی مارشاڵییەکەم، چونکە بەزەحمەت هەناسەم دێ. جگەلەوەش بە ڕادەیەک تەنگە ئازارم دەدا.

بەڵام لەبەر چاوی من ژان باتیست لەو جلوبەرگەدا زۆر قۆزتر دیار بوو؛ سوخمەی سپیی ساتەن‌و چاکەتی سورمەیی زێڕدۆزی‌کراو بە گەڵای زێڕینی داربەڕوو دەگەڵ قەمسەڵە شینەکەی بە ئەستەڕی ساتەنی سپی‌و پەراوێزی میلەدۆزی‌یەوە کە ئەویش هەر بە گەڵای زێڕینی داربەڕوو ڕازابۆوە.

–دەزگیرانە کۆنەکەی تۆ زۆرچاک ڕێگای ئاسوودەیی شارەزایە. بۆخۆی بە جلکی ڕەحەتی خزمەتەوە هاتبووە ڕێوڕەسمەکەو ئێمەشی بەو جلوبەرگە زێڕدۆزی‌کراوەوە گەیاندە سنووری خنکان.

لە قسەی ژان باتیستدا هەست بە جۆرێک تانووت‌لێدان‌و گەزینێکی تایبەتی دەکراو کاتێک گەیشتینەوە ماڵێ‌و لە کالیسکە دابەزیین لەنەکاو دەگەڵ دەستەیەک لاوی بەرگشڕ بەرەو ڕوو بووم کە هاواریان دەکرد بژی بێرنادۆت. ژان باتیست پاش ساتێک ڕاوەستان وەڵامی دانەوە:

–بژی ئیمپەڕاتۆر. بژی ئیمپەڕاتۆر.

کاتێک لە ژووری نان‌خواردندا دووبەدوو ماینەوە، ژان باتیست ڕووی تێکردمو بە دەنگێکی ئارام گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–باش وایە بزانی کە ئیمپەڕاتۆر بە نهێنی فەرمانی بە سەرۆکی پۆلیس داوە کە نەکهەر ژیانی تایبەتیی ژەنراڵەکان بەڵکوو تەنانەت نامەنووسینیشیان بگرێتە ژێر چاو.

–ژوولی بە منی دەگوت ئەو بەنیازە زستانی دادێ تاج لەسەر نێ.

ژان باتیست دووبارە بزەیەکی تاڵی هاتێو گوتی:

–کێ تاجی لەسەر دەنێ؟ ڕەنگە نەخشەیەکی کێشابێ کە خاڵە فێش دەگەڵ گرووپی کۆڕو ئۆرگی کلیسای نۆتردام ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنان بەڕێوە بەرێو تاجی لەسەر نێ؟

–نا! ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانەکە پاپ بۆخۆی بەڕێوەی دەبا.

ژان باتیست بەجۆرێک پەرداخی خواردنەوەکەی دە مێزەکە کوتا کە هەرچی تێیدا بوو ڕژایە سەر مێزەکەو بە حاڵەتی باوەڕنەکردنەوە گوتی:

–بەڵام... بەڵام... باوەڕ کە دێزیرە بە باوەڕی من ئەمە ڕێی تێناچێ. ئەو هەرگیز ئامادە نابێ بۆ سەردانی پاپ بچێتە ڕۆم هەتا پاپ ئەوکارە بکا.

–دیارە ئەو ناچێتە ڕۆم بەڵکوو پاپ بۆ تاجلەسەرنانی وی دێتە پاریس!

سەرەتا نەمدەتوانی تێبگەم ژان باتیست بۆچی باوەڕ بەم خەبەرە ناکا بەڵام کاتێک بۆی ڕوون کردمەوە کە پاپ تائێستا هیچکاتێک ڤاتیکانی بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی تاجلەسەرناندا بەجێ نەهێشتوە توانیم هۆی سەرسوڕمانەکەی تێبگەم.

هەرچەند زانیارییەکی قووڵم لە مێژوو نیە بەڵام ئەوەی دەزانم کە تائێستا ڕووداوی ئەوتۆ لە مێژووی ڤاتیکاندا هەڵنەکەوتوە.

لەونێوەدا ئەمنی تووڕە لە هەموو شتێکو بەتایبەتی لە پیسبوونی سەرمێزەکەم بەپەلە خوێم بە جێگای شەربەتەکەی ژان باتیستدا دەکرد بەڵکوو پێش بە لێنەبوونەوەی پەڵەی سەرمێزەکە بگرم.

–بڕوانە ژان باتیست، ژۆزێف دەیگوت ناپلیۆن پاپ ناچار دەکا ئەو کارە بکا.

– خوا دەزانێ هەرچەند بڕوایەکی زۆر قایمم بە کلیسای ڕۆم نیەو لە لایەنگرانی دەمارگرژی نیم بەڵام لە گرۆبانێکی پێشووی شۆڕش شتی وا چاوەڕوان ناکرێ، بەڕاستی لە ئەخلاق بەدوورە پیرەپیاوێکی بەڕێزی وەک پاپ ناچار بکرێ مەودای نێوان پاریسو ڕۆم ببڕێ، ئەویش بەو جادە خەراپەداو بە نەبوونی ئیمکاناتی ڕەحەتی لە ڕێگاکاندا.

بەهەرحاڵ ئێمەش ناچار دەبین لەو جۆرە ڕێوڕەسمانەدا بەشدار بین. بەڕواڵەت ژۆزێفو لوویی بەنیازن ئەو ڕێوڕەسمە بەشێوەو دابی ئیسپانیایی بەڕێوە بەرنو بیرکردنەوە لە بوونی لوویی لەو جلوبەرگەدا بەڕاستی بۆ من جێی باوەڕ نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژان باتیست کە لە خاڵێکی دوورەوە ڕامابوو لەنەکاو گوتی:

-داوای لێدەکەم کارێکم لە سووچێکی فەڕانسەو چەندی بکرێ دوورتر لەپاریس پێ بسپێرێ، چەندی دوورتر بێ باشترە دێزیرە! ئەمن پێم باشە فەرماندارى ناوچەیەک بم، نەک تەنیا فەرماندەری سەربازی بەڵکوو بەرپرسی هەموو کاروباری ئەو ناوچەیە. پێم وایە بەباشی دەتوانم ئەرکێکی وا بەجێبگەیەنم.

ئەمن بەڕاوێژێکی ناڕازییانەوە گوتم:

-لەوحاڵەشدا دیسان لێرە دوور دەبیو ئێمە بەتەنیا جێ دەهێڵی؟

-بەهەرحاڵ دوورکەوتنەوە لەپاریس بۆ من ناچارییە. بوناپارت هێندێ قەرارو مەدارو پەیماننامەی تازەی ئاشتی ئیمزا دەکاو ئەم پەیمانانە وتووێژێکی دوورودرێژیان دەوێو ئەوەش ئێمە مارشاڵەکانین کە دەبێ هەموو ئورووپا بگەڕێینو بە سەربازانی ژێر فەرمانی خۆمانەوە.. بەڵێ بە سەربازانی خۆمانەوە دەبێ تا ئاخری خەت بڕۆین یان سەرکەوتن یان مەرگو گەیشتن بەسنووری مردن.

ژان باتیست هەرلەو کاتەدا کە قسەی دەکرد سەرگەرمی کردنەوەی یەخەی جلەکانی بوو، ئەمنیش تەماشاییم دەکردو بەخۆم نەبوو گوتم:

-جلی مارشاڵی لەبەر تۆدا چووکەڵەو نابووت دیارە!

-قسەی تۆیە کچەکە گیان! جلی مارشاڵی بۆمن زۆر چووکەو هەربۆیەش گرۆبان بێرنادۆت بەزوویی لەپاریس دەڕواو ئێستا باشترە لە غەمی خەوو ئیسراحەتدا بم چونکە شەو درەنگەو ئێمە ماندوو.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ١٩
## پاریس. سی(٣٠)ی نوڤامبری ١٨٠٤

سەرەنجام پاپ بۆ تاجلەسەرنانی ناپلیۆنو ژووزفین هاتە پاریس. ژان باتیستیش لە بەگژداچوونەوەیەکی توندی منداڵدا نیشانی دا کە بەتوندی ئێرەیی بە ناپلیۆن دەبا. ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ لە تویلری ڕاهێنانمان لەسەر ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانی شاژن دەکرد. ماندوویی‌و ژانەسەری ئەوە لەلایەکو ئێرەیی ژان باتیست لەلایەکی دیکە بەجارێک مەیدانیان بەمن تەنگ کردوەو خەو نایەتە چاوانمەوە. بە خەواڵوویی لەپشت مێزی کاری گەورەی ژان باتیست دانیشتوومو لەنێو کتێبو نەخشەکانیدا دەفتەری بیرەوەری‌یەکانم لەسەر مێزەکە داناوەو خەریکی نووسینم. ژان باتیست لە دەرەوەی ماڵەو ئەمن نازانم لەکوێیە...

چەند مانگە پاریس تاولەرزی تاجلەسەرنان دای‌گرتوەو هەموو باسی دەکەنو ئێستا سەرەنجام ئەو ڕۆژە نزیک بۆتەوەو دوو ڕۆژی دیکە ئەو ڕێوڕەسمە بەڕێوە دەچێ. ناپلیۆن گوتوویەتی دەبێ ئەم ڕێوڕەسمە بە باشترین شێوەی گونجاو بەڕێوە بچێو بێجگە لەوە پاپیشی ناچار کردوە بێتە پاریس تا هەموو دونیا بەتایبەتی بووربوونەکانو لایەنگرانیان بەڕێوەچوونی ئەو ڕێوڕەسمە بە هەموو تەشریفاتی مەزهەبی‌یەوە لە کلیسای نۆترڕدام ببینن. گەورەگەورەو پیاوماقووڵانو کاربەدەستانی ڤێرسای کە هەموویان کاتوولیکی دەمارگرژن لەسەر هاتنو نەهاتنی پاپ گرەویان کردبوو. دیارە زۆریان لەوکارە ڕازی نەبوون. بەڵام سەرەنجام کەسێک کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر دەگەڵ شەش ئوسقوفی مەزن، چوار ئوسقوف، شەش قەشەو کۆمەڵێک کاربەدەستو خزمەتکارو گاردی سویسی هاتە پاریس کەسێک جگە لە حەوتەمین پاپی کلیسای کاتولیک نەبوو؛ پاپ پۆلی حەوتەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژووزفین بە شانازیی پاپو بەبۆنەی هاتنیەوە میوانداری‌یەکی گەورەی لە تویلری وەڕێ خست بەڵام پاپ زۆر زوو میوانداری‌یەکەی بەجێ هێشتو ڕانەوەستا بالەیەک ببینێ کە ژووزفین بۆ دوای شێوخواردن ڕێکی خستبوو. کاتێک ژووزفین کە بەڕاستی جگە لە پێخۆشبوونو سەرگەرمیی پاپ مەبەستێکی نەبوو، ئەو مەسەلەیەی دەگەڵ خاڵە فێش کە ئێستا ئوسقوفێکی مەزنی تەواوو کەمال بوو هێنایە گۆڕێ، تەنیا کاردانەوەی خاڵە فێش ئەوە بوو کە بە تووڕەیی سەری ڕاوەشاندو لێی دوور کەوتەوە.

ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتی بە مەبەستی ئامادەبوون بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی تاج‌لەسەرنان‌دا ماوەی چوار حەوتووی تەواو لە فۆنتین بلوو یان تویلری خەریکی ڕاهێنان بوون. ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ ئێمە هاوسەرانی مارشاڵەکانیش بۆ بەشداری لە ڕاهێنان‌دا بانگ کراینە تویلری. کاتێک ئەمن دەگەڵ لوورا ژانوو و خاتوو بێرتیە چووینە تویلری لەپێش‌دا ڕێنوێنی‌یان کردین بۆ ساڵۆنی سپیی ژووزفین. پێشتر ئەندامانی بنەماڵەی بوناپارت لەوێ کۆ ببوونەوەو لە دەمەتەقەدا بوون.

ژۆزێف بەرپرسایەتیی پێکهێنانی ڕێوڕەسەکەی بەئەستۆوە بوو بەڵام ڕاگەیاندنی وردەکاریی بەرنامەو چەندوچۆنی ڕاهێنان لە ئەستۆی دوپێریۆیە کە وەک سەرۆکی تەشریفات مانگانە دووهەزاروچوارسەد فڕانک مووچە وەردەگرێ. دوپێریۆ بەکردەوە بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکەی لە ئەستۆیەو هاوکاریشی لەم بوارەدا بەڕێز مۆنتێلە کە پێشتر مامۆستای ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتیی من بوو. ئێمە چەندکەس لە هاوسەرانی مارشاڵەکانیش لە گۆشەیەک خڕ ببووینەوەو بەنیاز بووین هۆی مقۆمقۆی بنەماڵەی پادشایەتی تێبگەین. لەمساتەدا دەنگی دوپێریۆ سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا کە بەدەنگی بەرز دەیگوت:

–بەڵام ئەمە ویستی خاوەن‌شکۆ ئیمپەڕاتۆر خۆیەتی.

لە وەڵامی ئەودا ئەلیزا باکسیۆچی خوشکی ناپلیۆن گوتی:

–ئەگەر منیش وەک لووسینی بەستەزمان لە فەڕانسە دوور خەنەوە، دیسان مل بەو کارە نادەم.

پوولێتیش بە گاڵتەپێکردنەوە زیادی کرد:

–ئەمن، ئەمن کلکەی جلی وی هەڵگرم. بەڕاستی قسەی پێکەنیناوی دەکەی!

ژۆزێف کە وای دی نیوبژیی کردو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ژوولیو ئوورتانسیش هەرچەند شازادە خانمن کلکەی جلەکان هەڵدەگرنو هیچ ڕەخنەیەکیش ناگرن!

کارۆلین بە حاڵەتێکی شەڕانیو سووکایەتیپێکردنەوە گوتی:

-پایە بەرز!... بۆچی ئێمە کە خوشکی ئیمپەڕاتۆرین نابێ بە شازادە خانم ناو ببرێین؟ داخوا ئێمە لە کچە هەریرفرۆشێک کەمترین...

هەستم دەکرد ڕەنگی ڕوخسارم لە ڕقان سوور هەڵگەڕاوەو کارۆلین درێژەی دایە:

-پاشان ئەم ئوورتانسە... کچی یەک، یەک...

کارۆلین لە وشەیەکی پڕسووکایەتیو گاڵتەجاڕ بۆ شاژن دەگەڕا کە دوپێریۆ دەرفەتی نەداو گوتی:

-خانمەکان تکا دەکەم.

لوورا ژانوو سەری هێنایە بن گوێی منو گوتی:

-کێشەکە لەسەر شنێلی درێژی تاجلەسەرنانو کلکەی یەکجار درێژی ئەوەو ئیمپەڕاتۆر داوای لە خوشکی کردوە دەگەڵ شازادە ژوولیو شازادە ئوورتانس بۆی هەڵگرن.

لەوکاتەدا ژووزفینیش لە دەرگای تەنیشتی ساڵۆنەوە هاتە ژورێ. جلەکانی سەیر دیار بوون. دووپارچەی وەک باڵی لەسەر هەردوو شانی بەستبوون، بەڕواڵەت ئەوانیان لەجیاتی شنێل کە هێشتا ئامادە نەببوو لە جلەکانی بەستبوون. وەختێک ئێمە بەرامبەر بەو بە نیشانەی ڕێزدانان سەرمان دانواند، ژۆزێف بەدەنگی بەرز داوای لە هەمووان کرد لەجێی خۆیان ڕاوەستنو ئامادەی ڕاهێنانی ڕێوڕەسمەکە بن. بەڵام دووبارە دەنگی پرتەوبۆڵەی ڕقهەستاوانەی ئەلیزا باکسیووچی بەرز بۆوە کە دەیگوت:

هەرچی دەیانەوێ بیکەن بەڵام ئەمن ئامادە نیم کلکەی جلەکانی وی هەڵگرم.

لەم ساتەدا دوپێریۆ ڕووی کردە ئێمەو گوتی:

-بەداخەوە ژنە مارشاڵەکانیش لەجیاتی هەژدە تەنیا حەڤدەکەس دەبن چونکە خانمی مورات لەجیاتی خوشکی ئیمپەڕاتۆر کلکەی جلەکە هەڵدەگرێ.

جارێکی دیکە دەنگی کارۆلین لە گۆشەیەکی دیکەی ژوورەکەوە هاتە بەر گوێ کە دەیگوت:

-خەون ببینن کە ئەمن کلکەی جلەکانی هەڵبگرم.

دوپێریۆ کە بەناچاری وای دەنواند گۆیا گوێی لێنەبووە لێی زیاد کرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–مۆنتێل ئەتۆ هیچت بەفکردا نایە، چونکە ناتوانین ئەو حەڤدە ژنە دوو بەدوو لە پەنای یەک دابنێین کە نۆ ڕیزی دوو کەسیمان هەبێ.

مۆنتێل نێوچاوانی تێکنا، چەند هەنگاو سەروخواری کردو هەرلەو کاتەدا لەبن لێوانەوە دەیگوت:

–حەڤدە خانم... دوو بەدوو... کەسیش تەنیا نەبێ...

لەمساتەدا لەنەکاو دەنگێک کە لەپشتمانەوە دەهات سەرنجی هەموومانی ڕاکێشا:

–دەتوانم بۆ چارەسەری ئەم گیروگرفتە کۆمەگتان بکەم؟

هەموومان بۆ دیتنی خاوەنی دەنگەکە ئاوڕمان دایەوەو بەدیتنی وی بەڕێزەوە سەرمان دانواند. ئەو دوایە گوتی:

–پێشنیاری من ئەوەیە کە تەنیا شازدە کەس لە ژنە مارشاڵەکان دوو بەدوو لە تەنیشت یەکەوە بڕۆنو بەدوای ئەم گرووپەدا خانمی مورات تاجی شاژن هەڵگرێو لە کۆتایی ئەو گرووپەشدا یەکێک لە خانمەکان باڵنجێکی بەدەستەوە بێ کە دەسرۆکەی تۆڕیی شاژنی لەسەر دانراوە. پێم وایە بەوجۆرە دیمەنێکی شاعیرانەی دەبێ.

دوپێریۆو مۆنتێل لەبەرامبەریدا بە نیشانەی ڕێزدانان داهاتنەوەو سەرۆکی تەشریفات گوتی:

–بەخۆشییەوە زەینی بەهۆشی خاوەنشکۆ ئەم گیروگرفتەی بە باشترین شێوە چارەسەر کرد.

ناپلیۆن بە کەمێک ڕاوەستانو دوودڵییەوە چاوی لە ڕوخسارەکان کرد، ڕوانینەکەی لە خاتوو بێرتیەوە کەوتە سەر لوورا ژانوو و لەویشەوە کەوتە سەر خاتوو لوونبێر. هەستم کرد ئەم پشکە بەناوی من دەردەچێ بەڵام چونکە ئارەزووم دەکرد یەکێک لەو شازدە کەسە بمو تەنیاو بەرچاو نەبم ڕووم لێوەرگێڕا. حەزم دەکرد تەنیا خاتوو بێرنادۆت بمو بەس، نە پترو نە کەمتر... جارێکی دیکە دەنگی ناپلیۆن بیسترا کە دەیگوت:

–ئێمە تکا لە خانمی ژان باتیست بێرنادۆت دەکەین کە ئەم بەرپرسایەتییە قبووڵ بکەن. خانمی بێرنادۆت بەجلکی ئاویی ئاسمانییەوە زۆر جوان دەبێ، وەنا؟

ئەمن کە هێشتا جلکە ئاویی ئاسمانییەکەم لەماڵی خاتوو تالینم لەبیر نەچووبووەوە خێرا وەڵامم دایەوە:

–بەڵام ڕەنگی ئاوی دەگەڵ ڕوخساری من ئەوەندە سازگار نیەو لێم ناکاڵێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام ئیمپەڕاتۆر کە بێگومان ئەو جلکە ئاوییە نەفرەتییەی هێشتا لەبیر مابوو لەحاڵێکدا لەبن لێوانەوە دووپاتەی دەکردەوە؛ ئاویی ئاسمانی، ڕووی وەرگێڕاو چووە لایەکی دیکە. کاتێک گەیشتە نزیک خوشکی، پوولێت کە تێیەوە ڕامابوو ویستی شتێک بڵێ بەڵام هێشتا یەکەمین وشە لەزاری دەرنەچووبوو کە ناپلیۆن بە حاڵەتێکی توند گوتی:

-خانم، ئەتۆ پێگەی خۆتت لەبیر چووە؟

پوولێت لەبیری چووبوو کە هیچکەس نابێ پێش ناپلیۆن قسە بکا بەتایبەتی پێش ئەوەی ئەو ڕووی تێبکا. بۆیە پوولێت دیتی باشترە بێدەنگ بێ‌و ناپلیۆن لەحاڵێکدا ڕووی دەلای ژۆزێف بوو پرسی:

-گیروگرفتێکی دیکەش هەیە؟

ژۆزێف کە چەند تاڵەمووی سەر نێوچاوانی شەڵاڵی ئارەقی لادەدان وەڵامی دایەوە:

-کچەکان حازر نین کلکەی شنێلی شاژن هەڵبگرن‌و دەڵێن کاری وا وەئەستۆ ناگرن.

-بۆچی؟

-خانمەکان باکسیووچی، موراتو شازادە بوورگز وا بیر دەکەنەوە کە...

-باشترە شازادەکان ژوولی‌و ئوورتانس بۆخۆیان بەتەنیا ئەوکارە ئەنجام بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێداگرییەی ناپلیۆن، ژووزفین وەبیری هێنایەوە کە کلکەی جلەکە لەوە قورسترە ئەو دووانە بەتەنیا بتوانن هەڵیگرن. هەرلەو ساتەدا ئەلیزا کە ئیدی حەوسەلەی بەسەر چووبوو هاتە دەنگ‌و گوتی:

-ئێستا کە ئێمە لەو ئیمتیازانە کە داوتن بە ژوولی‌و ئوورتانس بێبەش دەکەی نابێ چاوەڕوان بی ئێمەش وەک وان ڕەفتار بکەین.

ناپلیۆن بە ڕقهەستاوی هاواری کرد بێدەنگ بەو پاشان بە لەبەرچاوبوونی ئۆگریی زۆری بە پوولێت ڕووی تێکردو بە تووڕەیی پرسی:

-نازانم ئێوە بەڕاستی چیتان دەوێ؟

پوولێت لەحاڵێکدا ڕووی بۆ لای ژوولی‌و ئوورتانس وەردەگێڕاو بەسەر ئاماژەی بۆ دەکردن گوتی:

-بۆ وەرگرتنی ئەو پلەو پایەیە ئێمە لەوان لەپێشترین.

-ئەگەر کەسێک ڕاستییەکانی ژیانی ئێمە نەزانێ وا تێدەگا کە تاجی پادشایەتی میراتێکە لە بابمانەوە بۆمان ماوەتەوەو ئەمن لە دابەشکردنیدا ڕەفتارێکی ناڕەوام دەگەڵ خوشکەکانم هەبووەو مەغدوورم کردوون. وا دیارە ئێوە خوشکانی من لەبیرتان چۆتەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە هەرچی دەرهەقی ئێوە کردوومە لوتفو خۆشەویستی‌یەک بووە کە ئێوە چووکترین هەنگاوتان هەڵنەهێناوەتەوە بۆ ئەوەی شیاوی ئەو لوتفە بن. بەڵام ئەمن سەرباری هەموو ئەمانە تا ئەوجێیەی توانیومە جوامێرانە ڕەفتارم دەگەڵ کردوون.

دەنگی ژووزفین وەک ئاوازێکی خۆش ئەو بێدەنگی‌یە قورسو سەرگێژکەرەی شکاند کە سێبەری بەسەر ئەو کۆمەڵەدا کێشابوو :

-خاوەنشکۆ تکا دەکەم جارێکی دیکە لوتفو مەرحەمەتی خۆت لە خوشکەکانت درێغ نەفەرمووی‌و ئەوانیش بە بەرناوی شازادە خانم سەرفیراز بفەرمووی.

بۆ دەمەساتێک وامزانی ئەو لەبەر ترسێک کە دەدڵی‌دایە دەیەوێ دڵی خوشکەکانی ناپلیۆن بداتەوە تا ئەوان بکاتە یارو پشتیوانی خۆی. لەوانەشە دەنگۆی تەڵاقو مەیلی ناپلیۆن بەلای جیابوونەوە لەودا بووبێتە هۆی ئەم ترسە.

ڕوخساری ناپلیۆن بەجارێک کرایەوەو دەستی کردە پێکەنین. دەتگوت ئەو دیمەنانە بوونە هۆی سەرگەرمی‌و ڕابواردنی ئەو. سەرەنجام سەری هەڵێناو گوتی:

-زۆر باشە. ئەگەر بەڵێن بدەن ڕەفتارێکی گونجاوتان دەبێ ئێوە...

-ئای، قوربان!

ئەمە هاوارێک بوو کە بە حاڵەتی باوەڕنەکردنەوە لە گەرووی ئەو سێ خوشکە واتە کارۆلین، ئەلیزاو پوولێت دەهاتە دەر. ناپلیۆن لەحاڵێکدا ڕووی بەرەو دوپێریۆ وەرگێڕابوو گوتی:

-دەمەوێ ڕاهێنانی ئەمڕۆتان ببینم.

پیانۆیەکی کۆنو زۆر بێکەلک کە وەک ئۆرگ کەلکی لێ وەردەگیرا دەستی بە لێدانی ئاهەنگێکی قورسی مۆسیقا کرد. دوپێریۆ شازدە کەس هاوسەرانی مارشاڵەکانی لە هەشت ڕیزدا دانابوو تا مۆنتێل فێری هەنگاوهەڵێنانەوەو ڕۆیشتنی ئارامو بەئاهەنگیان بکا. بەڵام بەڕواڵەت خانمەکان نەیاندەتوانی داخوازی مامۆستاو ڕاهێنەری خۆیان بەجێ بێنن چونکە نیگای وردبینی ئیمپەڕاتۆر قورسایی دەخستە سەریانو دەبووە هۆی نارێکیی زیاتری جووڵەکانیان. لەو نێوەدا پوولێت بۆ پێشگرتن بە پێکەنینی خۆی بەردەوام پشتەدەستی بە ددان دەگەزت. سەرەنجام داوا لە خانمی سێرووریەو موراتیش کرا تا ڕەگەڵ ئەو کۆمەڵە کەونو ئەوان لە حاڵێکدا هەرکام باڵنجێکی چووکەڵەیان بەدەستەوە بوو کە لەسەر بەری دەستیان دانابوو بەدوای ڕیزەکەدا وەڕێ کەوتن. ئەم جووڵە ڕەمزی‌یانە نیشانەی ڕەسەنایەتی‌و بەشازادەلەدایکبوونی ئەو کەسە بوون کە تاجی لەسەر دەنا. لە دواوەی ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرووپە ئەمن بەتەنیاو لەحاڵێکدا باڵنجێکم بەدەستەوە بوو دەڕۆیشتمو دوای هەمووان ژووزفینیش لە حاڵێکدا دوو شازادەی تازەبەرناووەرگرتوو ژوولیو ئوورتانس کلکەی جلە درێژەکەی‌یان بۆ هەڵگرتبوو دەستی بە ڕاهێنان کرد.

ئەم گرووپە هەر بەو نەزمەوە چوارجار درێژایی ژوورەکەی پێوا کاتێک لە جووڵە کەوتین کە ناپلیۆن خەریک بوو ژوورەکەی بەجێ دەهێشت. سروشتی‌یە کە لەوکاتەدا هەمووومان بەنیشانەی ڕێزدانان سەرمان دانواندو ئیکلاممان کێشا. بەڵام هێشتا ناپلیۆن لە ژوورەکە نەچووبووە دەر کە ژۆزێف بەپەلە بەدوای‌دا غاری داو هاواری کرد:

–قوربان... ببوورە دەمەویست بڵێم...

–کاتی من زۆرکەمو بەرتەسکە ژۆزێف. دەزانی کە دەرفەتم زۆر نیە، دەڵێی چی؟

ژۆزێف لەحاڵێکدا ئاماژەی بۆ دوپێریۆ دەکرد کە نزیکتر بێتەوە، گوتی:

–قوربان مەسەلەی کچانی سەربەمۆر(باکرە) چ‌لێ‌بکەین؟

دوپێریۆ بۆ پاڵپشتیی قسەکەی ژۆزێف زیادی کرد:

–ئەم مەسەلەیە بەڕاستی ئێمەی تووش کردوەو ئەو جۆرە کەسانەمان پێ پەیدا نابن.

ناپلیۆن کە بزەیەکی پڕمانای کەوتبووە سەر لێوان گوتی:

–ئێوە بەڕێزان چ‌پێویستی‌یەکتان بەو جۆرە کچانە هەیە؟

–ڕەنگە خاوەن‌شکۆ لەبیری چووبێ کە لە ڕۆژگاری کۆنو سەدەکانی نێوەڕاستدا، لە ڕێوڕەسمی تاج‌لەسەرنانی پادشایانی ئیسپانیایی‌ڕەگەزدا کە ڕێوڕەسمەکەی ئێمەش نموونەی لەو وەرگیراوە، دوازدە کچی سەربەمۆر کە هەرکام دوو مۆمیان بەدەستەوەن دەبێ دوای ڕێوڕەسمی چەورکردنو دەست‌لێدانی خاوەن‌شکۆ بەرەو میحراب بچن. پاش هەوڵێکی زۆر توانیمان تەنیا دووکەس بدۆزینەوە یەکیان کچەمامی خانم بێرتیەو ئەوی دیکە پوورێکی خۆمە. بەڵام هەردووکی ئەمانە... بەڵێ هەردووک...

مورات کە دیتبووی دوپێریۆ ناتوانێ مەبەستەکەی دەرببڕێ لەو سەری ساڵۆنەوەو لەحاڵێکدا هەلومەرجەکەی لەبیر چووبۆوەو هێشتا لە حاڵوهەوای ئەفسەری سوارەنیزامدا بوو بەدەنگی بەرز گوتی:

–ئەوان هەردووکیانو بێ‌گومان پاکن بەڵام هەرلەوکاتەدا تەمەنێکیان لێ‌گوزەراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەمن چەندجار وەبیر بەڕێزانم هێناوەتەوە کە ئەم ڕێوڕەسمە تایبەتی گرووپو چینێکی تایبەتی نیەو ئی هەموو خەڵکی فەڕانسەیەو بۆیە دڵنیام کە ئێوە لەنێو چینی پیاوماقووڵانو لە کۆروکۆمەڵەکانی سەن ژێرمەن دەتوانن ئەوانەی مەبەستتانن بدۆزنەوە.

لەو کاتەداو دوای دووەمین ئیکلامی ئێمە ناپلیۆن ژوورەکەی بەجێ هێشتو خزمەتکارەکان دەستیان کرد بە میواندارێ لە میوانەکان تا کەمێک بحەسێنەوە. ڕاست لەوکاتەدا یەکێک لە دەوروبەرەکەی ژووزفین هاتە لای من خەبەری دامێ کە داوای کردوە بچمە لایو لە پەنای دانیشم. ئەو کە لەسەر نیوتەخت لەنێوان منو ژوولیدا دانیشتبوو خۆشحاڵیی خۆی لە هەڵبژێرانی من دەربڕی. هەستم دەکرد لە چەندمانگی ڕابردوودا دەموچاوە باریکو ڕاکشاوەکەی لە پێشوو چووکتر بۆتەوەو چاوەکانی لەبن پێڵووە زیوینەکانیدا کراوەتر دیار بوون. دوو هێڵی وەک قەڵشت کە هەتا سەرلێوانی دەهاتنە خوار لەکاتی پێکەنیندا زیاتر دەردەکەوتن بەڵام سەرباری هەمووی ئەمانە، ڕوخساری منداڵانەو ئەڵقەکانی بسکی کە کەوتبوونە سەر نێوچاوانی ئەویان زۆر گەنجتر لەوەی کە هەبوو نیشان دەدا. لە وەڵامی ئەوەدا کە لەبارەی جلەکانی منەوە دەدوا وەڵامم دایەوە:

–بێگومان خەیات لەو دەرفەتە کەمەدا کە ماوەو کەمتر لە دوو ڕۆژە، ناتوانێ جلێکی ئاویڕەنگی گونجاو بۆ من بدوورێ.

ژووزفین لە ئاکامی ماندوویی لەڕادە بەدەری ڕاهێنانی ئەو ڕۆژە دوانیوەڕۆدا لەبیری چووبوو کە دەبێ لەبارەی ڕابردووی خۆیەوە ڕازدارتر بێو بێئەوەی بەخۆی بزانێ وەڵامی دایەوە:

–وەختێک پێل باراس جووتێک گوارەی یاقووتی شینی بە دیاری دابوو بەمن کە ئەگەر بیانبینمەوە بەوپەڕی پێخۆشبوونەوە وێتیان دەدەم.

–جەنابت لوتفت هەیە، بەڵام پێم وایە...

لەوە زیاتر نەمتوانی درێژە بە قسەکانم بدەم چونکە لەنەکاو ژۆزێفم لە بەرامبەر خۆم بینیو ژووزفین بەدیتنی وی پرسی:

–دیسان چبووە؟

خاوەنشکۆ فەرموویان کە چەندی زوویە تەشریف بەریە دەفتەرەکەیان.

ژووزفین لەحاڵێکدا برۆ باریکەکانی هەڵدەکێشان گوتی:

–شووبرای خۆشەویستم، بێگومان دیسان گیروگرفتێک لەبارەی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکەوە هاتۆتە پێش. وانیە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژۆزێف کە وەک هەمیشە نەیدەتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکا بە حاڵەتێکی خۆشحاڵانەوە وەڵامی دایەوە:

-پاپ خەبەری داوە کە ئامادە نیە تاج لەسەر  خاوەنشکۆ شاژن بنێ.

لێوە باریکو چووکەکانی ژووزفین بە بزەیەک کرانەوەو وەڵامی دایەوە:

دەلیلی باوکی پیرۆز بۆ کارێکی وەها چیە؟

ژۆزێف تەماشای دەوروبەری خۆی کردو ژووزفین کە ئەو حاڵەتەی ئەوی دی گوتی:

-هەرچی هەیە بیڵێ چونکە جگە لە شازادە ژوولیو خانمی بێرنادۆت کەسی دیکە گوێی لە قسەکانمان نیەو ئەمانیش نەکهەر بێگانە نین بەڵکوو لە نزیکترین خزمەکانیشمان دەژمێردرێن.

ژۆزێف لەحاڵێکدا بای دەخۆی کردبوو، سەری داخستو گوتی:

-پاپ عەیبی لە مارەبڕینی ئێوە گرتوەو گوتوویەتی ئەو ڕێوڕەسمە چونکە لە کلیسا نەبووە لە ڕوانگەی منەوە بایەخی نیە... هیوادارم لێم ببووری خانم چونکە ئەمانە قسەی من نین بەڵکوو قسەی باوکی پیرۆزن... ئەو گوتوویە ناتوانێ تاج لەسەر هاوسەری ناقانوونیی ئیمپەڕاتۆر دابنێ.

-باوکی پیرۆز چۆن لە چەندوچۆنی مارەبڕینی منو بوناپارت ئاگادار بووەو زانیویەتی کە ئەو ڕێوڕەسمە لە کلیسا بەڕێوە نەچووە.

ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە ئەمنیش بۆ وەڵامەکەی دەگەڕێم.

ژووزفین لەحاڵێکدا چاوێکی گوماناویی لە ژۆزێف دەکرد پرسی:

-ئێستا خاوەنشکۆ بڕیاری چیەو لە بەرامبەر ئەم وتەیەی باوکی پیرۆزدا چدەکا؟

-بێگومان ئەو ناتوانێ دژایەتی دەگەڵ پاپ بکا.

ژووزفین لەحاڵێکدا بزەیەک کەوتبووە سەر لێوانی لەجێی خۆی هەستاو لەحاڵێکدا پەرداخە بەتاڵەکەی خۆی وەژۆزێف دەدا گوتی:

-ڕێگایەکی زۆر ئاسان بۆ چاری ئەم گیروگرفتە هەیە. ئەمن دەبێ دەگەڵ بونا... بەڵێ دەبێ ئەم ڕێگەچارەیە دەگەڵ ئیمپەڕاتۆر بێنمە گۆڕێ. ئێمە تەنانەت دەتوانین سەرلەنوێ لەکلیسا مارە ببڕینو لەو حاڵەتەدا هەموو شتێک بەخێروخۆشی تەواو دەبێ.

ژۆزێف بەپەلە پەرداخە بەتاڵەکەی دایە دەستی نزیکترین پێشخزمەتو بەخێرایی بەدوای ژووزفیندا وەڕێ کەوت نەوەکا لە بابەتی وتووێژی ئەوو ناپلیۆن بێخەبەر وەمێنێ. کاتێک دەگەڵ ژوولی تەنیا माینەوە ژوولی ڕووی دەمن کردو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– هیچ سەیر نیە ژووزفین بۆخۆی ئەو داستانەی بەگوێی پاپ گەیاندبێ.

– بەڵێ قسەی تۆیە چونکە ئەگەر وا نەبایە دەبوو دژکردەوەیەکی دیکەی هەبێو پتر سەری سوڕ بمێنێ.

ژوولی لەحاڵێکدا دە دەستەکانی خۆیەوە ڕامابوو گوتی:

–بەڕاستی بۆ ژووزفینێ بەداخم چونکە بەتوندی لە تەڵاقو جودایی دەترسێو نیگەرانی ئەوەیە نەکا ناپلیۆن بەجێی بێڵێ چونکە بۆخۆشی دەزانێ کە ناتوانێ منداڵی ببێ. ئەتۆ چۆنی تێدەگەی دێزیرە؟

لەحاڵێکدا شانم هەڵدەتەکاند وەڵامم دایەوە:

–ئەو تەواوی ئەو ڕێوڕەسمە گەپچاڕەی –ئەویش بەشێوەی شارلمانی– بۆیە وەڕێ خستوە تا بە هەموو خەڵکی جیهان نیشان بدا کە بناخەدانەری زنجیرەیەکی پادشایەتییە. ئەگەر قەرار بێ دوای وی ژۆزێف یان لوویی یان یەکێک لە منداڵەکانیان لەسەر تەخت دابنیشنو ببنە ئیمپەڕاتۆر ئیدی دەلیلێک بۆ ئەو هەموو تەشریفاتە بەرزەباڵایە نامێنێ.

ژوولی کە وەک هەمیشە فرمێسک لە چاویدا قەتیس مابوو گوتی:

–بەڵام ئەو نابێو ناتوانێ ژووزفینێ وەلا بنێو لەخۆی دوور خاتەوە. ژووزفین ڕۆژگارێک مێردی بەو کرد کە نەیدەتوانێ شاڵوارێک بۆخۆی بکڕێ. ژووزفین لە تەواوی قۆناخەکاندا پێبەپێ دەگەڵی بوو،و تا ئەو جێیەی توانی کۆمەگی کرد. بێجگە لەوانەش ئێستا تاجەکەی ئامادە کراوەو هەموو دنیا بەناوی شاژنی فەڕانسەی دەناسن...

–ئەو ناتوانێ وەک شارلمانو بەدەستی پاپ تاج لەسەر خۆی نێو هەر لەوکاتەدا وەک هاونیشتمانێکی ئاسایی خۆی تووشی ژانەسەری جوداییو تەڵاق بکا. دڵنیا بە ژووزفین سەدانجار لەمن بەهۆشترەو زۆر پێشتر لەفکری ئەو داستانەدا هەبووە. بێگومان ناپلیۆنیش حیسابی لەسەر تاجلەسەرنانی ژووزفین کردوەو بە هەرشێوەیەک بێ ئەم گیروگرفتە دەگەڵ کلیسا چارەسەر دەکا.

–دیارە پاش بەجێهێنانی ڕێوڕەسمی مارەبڕین لە کلیساش ئیدی مەسەلەی تەڵاق بەو سادەیییە نابێو بێگومان ژووزفینیش لەوە ئاگادارەو حیسابی لەسەر دەکا.

–دیارە قسەی تۆیە.

–لەوەش بگوزەرێین ناپلیۆن خۆشی دەوێ. دیارە بە شێوەی خۆی بەڵام بەهەرحاڵ خۆشی دەوێو بەو ئاسانییە ناتوانێ لێی جودا بێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ناتوانیٛ؟ باوەڕ کە ژوولی، باوەڕکە ئەمن باشی دەناسم. ناپلیۆن دەتوانیٛ هەرکارێک...

لەم کاتەدا بەهۆی هاتنەوەی شاژن جارێکی دیکە هەموومان بەناچار هەستاینە سەرپیٛو ئەو لەسەر ڕێگای خۆی لەحاڵێکدا پەرداخێکی لەسەر کەشەفی خزمەتچی‌یەک هەڵدەگرت ڕووی کردە دوپێریۆو گوتی:

–دەتوانین جارێکی دیکە ڕاهێنانەکە دەست پیٛبکەینەوە.

ئەو پاشان هاتەوە لای منو ژوولی‌و گوتی:

–ئەمشەو خاڵە فێش بە بێدەنگی لە کلیسای کۆشک جارێکی دیکە بەو شێوەیە کە پاپ دەیەویٛ ئێمە لێک مارە دەکا. بەباوەڕی تۆ بۆ پێکەنین نابیٛ کە بنیادەم پاش نۆساڵ ژیانی هاوبەش جارێکی دیکە ڕێوڕەسمی مارەبڕین بەرپا بکا؟ بێجگە لەم قسانە داخوا خانمی مارشاڵ حازرە گوارەکانی باڵیۆز بەئەمانەت وەرگریٛ؟

لە گەڕانەوە بۆ ماڵیٛدا بڕیارم دا ڕێگا نەدەم ناپلیۆن ناچارم بکا جلی ئاوی دەبەر بکەم. وەسبەینیٛڕا جلە ئەرغەوانی‌یەکەم ئامادە دەبوو، هەموو ژنە مارشاڵەکانیش قەرار بوو جلی ئەو ڕەنگە بکەنە بەریانو هەموو ئەمانەش لووڕووی بەرگدروو ئامادەی کردبوونو ئەمن دەمەویست دەسرۆکەی ئاوریشمینی ژووزفین بەم جلە ئەرغەوانی‌یەوە بەرمە نۆتردام.

ژان باتیست کە وەک شێری دڕندە ئامادەی هەڵدڕینی قوربانیی خۆی بوو لە ژووری نانخواردن چاوەڕێی من بوو. هەرچۆنێک بیٛ ئەمن لە بەنموونە هێنانەوەکەمدا زۆرم زێدەڕۆیی نەکردبوو چونکە ئەوەندە تووڕە بوو کە بتوانی بە شێرێکی برسیی بچوێنی. هەرکە چاوی بە من کەوت بە ڕقهەستاوی‌یەوە پرسی:

–لەبەرچی تائێستا لە تویلری مابوویەوە؟

–ڕاوەستابووم تا گوێم لە دەمەقاڵەی بوناپارتەکان بیٛ. جگەلەوەش ناچار بە ڕاهێنان بووینو ئەمڕۆ نەخشێکی تایبەتی‌یان بەمن سپارد. ئیدی نابیٛ دەگەڵ ژنە مارشاڵەکانی دیکە بڕۆم بەڵکوو بەتەنیاو لەدوای موراتەوە دەڕۆم تا دەسرۆکەی ئاوریشمینی ژووزفین لەسەر باڵنجێک بەدەستەوە بگرم. بەباوەڕی تۆ شانازی‌یەکی گەورە نیە؟

ژان باتیست دەمەساتێک ئارامی گرتو دوایە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-هیچ پێم خۆش نیە نەخشێکی تایبەتی وەئەستۆ بگری. ژۆزێفو ئەو دوپێریۆ گەمژەیە تەنیا بۆیە ئەوکارەیان کردوە کە ئەتۆ خوشکێ ژوولیی‌و ئەمنیش دەگەڵی موخالیفم.

- دژایەتیی ئێمە کاریگەر نیە چونکە ئەمە بڕیاری ژۆزێف یان دوپێریۆ نیە بەڵکوو فەرمانی ئیمپەڕاتۆر خۆیەتی.

هەرگیز فکرم نەدەکردەوە ئەم قسەیە یان هەرشتێکی دیکە ئەوەندەی تووڕە بکا. بە دەنگێکی لەرزۆکەوە پرسی:

- گوتت چی؟

-گوتم ئەمە داوای ئێمپەڕاتۆر خۆیەتی‌و ئەمن هیچم لەدەست نایە.

ژان باتیست وا بە ڕقهەستاوی هاواری کرد کە هەستم کرد پەرداخەکانی سەر مێزەکە جووڵانو هەر لەوکاتەدا بە نەڕاندن گوتی:

-ئەمەم پێ قبووڵ ناکرێ. ناتوانم قبووڵ بکەم ژنەکەم وەک ئەکتەر لەپێش چاوی خەڵک دەرکەوێ.

-ئێستا بۆ وا تووڕە بووی ژان باتیست؟

-لەبەر ئەوەی خەڵک بە قامک تۆ نیشان دەدەنو دەڵێن ئەمە خانمی ژان باتیست بێرنادۆتە، ئەو خانمە کە ئیمپەڕاتۆر بە گەنجی حەزی لێ‌کردوەو ئێستاش ناتوانێ لەبیری بەرێتەوە. بەڵێ ئەمە ئووژنیی چکۆڵەیە کە لە ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانیشدا بەشدار بووەو ئەمن ژان باتیست بێرنادۆت دەبمە گەپجاڕی هەموو پاریسی‌یەکان.

بە سەرسامی‌و بە زارێکی داپچڕاو لە سەرسوڕمانو ترسانەوە تێیەوە ڕامابووم. کەس بەقەد من لە قووڵایی تاریکیی پێوەندی‌یەکانی ئەوو ناپلیۆن ئاگادار نیە. ئەمن باش لە هەستی دەروونیی وی دەرهەق بە ناپلیۆن ئاگادارمو دەزانم چۆن لە خەیانەت بە ئامانجەکانی ڕۆژگاری لاوەتیی خۆی ئازار دەچێژێو بە بێ‌سەبری چاوەڕوانی قبووڵکرانی داخوازەکەی‌و وەرگرتنی کارێک لە دەرەوەی پاریسە،و ناپلیۆنیش هەرلەو چاوەڕوانی‌یەدا ڕای‌گرتوە. چاوەڕوانی، چاوەڕوانی‌و دیسان چاوەڕوانی. بەڵام ئەمن هەرگیز پێم وانەبوو ئەم چاوەڕوانی‌یە کوشەندەیە بەمجۆرە بێرنادۆت بگەیەنێتە سنووری شێتبوونو ئاوا تووشی ئێرەیی‌و قینی بکا. چوومە نزیکی‌و لەحاڵێکدا دەستم لەسەر شانی دانابوو گوتم:

-پێم وانیە مەنتیقی بێ لە ئیشتیایەکی ناپلیۆن ئەوەندە تووڕە بی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئاخر ئەتۆ بۆخۆشت باش دەزانی مەسەلە چیە، باش دەزانی کە خەڵک چۆن بیر دەکەنەوەو چدەڵێنو دەربارەی لوتفنواندنی دەرهەق بە دەزگیرانی پێشووی چەندە قسە هەڵدەبەستن. بەڵام دەبێ بزانی کە ئەو بێ هیچ گومانێک لەمێژە تۆو ئەو ڕۆژانەی لەبیر چۆتەوە. ئەمن ئەوە وەک پیاوو بە لەبەرچاوگرتنی ناسینی خۆم بۆ ڕووحیەی پیاوان دەڵێم دێزیرە. ئەوەی بۆ وی گرنگە ئێستایە. ئەو دەیەوێ تۆ خۆشحاڵ بکا چونکە...

–ژان باتیست بەسیەتی!

ژان باتیست لەحاڵێک دا دەستی بە نێوچاوانیدا دێنا گوتی:

–داوای لێبووردن دەکەم، ئەمە تاوانی تۆ نیە کە پێشهاتێکی وا ڕووی داوە...

هاتنەژووری فێرناند کە بە دەفری سووپەوە وەژوور کەوتبوو هەودای قسەکانی وی پساند. دەفری سووپەکەی لەسەر مێز داناو ئێمە لەسەر مێزەکە دانیشتین. بەچاکی دەمدی کاتێک کەوچک بۆ دەمی دەبا دەستی دەلەرزێ. بە لەبەرچاوبوونی ئەم حاڵەتەی گوتم:

–لەجێدا بەشداری ئەو ڕێوڕەسمە نابم، بەهیچ شێوەیەکو لە هیچ هەلومەرجێکدا. خۆم نەخۆش دەکەمو لەجێیدا دەکەوم.

بەڵام ئەو هیچ وەڵامێکی منی نەدایەوەو زۆر زوو شێوەکەی تەواو کردو لەماڵ چووە دەرو ئێستا کە ئەو دیار نیە ئەمن لە ژوورەکەی ئەوو لەپشت مێزەکەی دانیشتووموو خەریکی نووسینم. ئێستا لە لێکۆڵینەوەی بیرەکانی خۆمدامو بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێم کە ناپلیۆن لەبارەی منەوە چۆن بیر دەکاتەوەو گومانی چۆنە؟ ئەو شەوە درەنگوەختەی پێش ئیعدامی دووکم وەبیر دێتەوەو قسەکانیو تەنانەت زرینگانەوەی دەنگی. خانم تکایە کڵاوەکەت هەڵگرە... و چەند لەحزە دواتر... ئووژنی، ئووژنی چکۆڵە... ئەو شەوە ئەو کیژۆڵە ژۆرژیشی بە حاڵەتێکی کەمتر گونجاو ناردبۆوە ماڵێ خۆی. کەمترین گومانم نیە کە لەوکاتەدا باغەکەی ماڵی ئێمە لە مارسەی، میلەکانی دەوری باغی، چیمەنی خەوتوو لە تاریکیداو ئەو ئەستێرانەی وەبیر هاتبوونەوە کە لە زەوی نزیک ببوونەوە. سەیرە کە ڕۆژگارێکی کورتو دوو ڕۆژ زیاتری نەخایاند کە ئەو بوناپارتە وردیلەیە ئێستا خەریک بوو تاجی ئیمپەڕاتۆریی فەڕانسە بکاتە سەرو ئەوەی دەبووە هۆی ئازاری ژان باتیست چەند ساتێک لە ژیانی ڕابردووم بوو کە هی بێرنادۆت نەبوون.

سەعاتی ژووری نانخواردن بە کوتکەکانی خۆی نیوەشەوی ڕادەگەیاند. لەوانەیە ژان باتیست چووبێتە سەردانی خانمی ڕووکامیە چونکە زۆرجار باسی ئەو خانمە دەکا. خانمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووکامیە مێردی بە بانکدارێکی دەوڵەمەندو تاڕادەیەک بەساڵداچوو کردوەو لە ئاشقانی کتێبو خوێندنەوەیەو نزیک بەتەواوی وەختی سەرفی خوێندنەوە دەبێ. ئەم ژنە هەرچەند دەگەڵ زۆر لەپیاوانی خاوەن‌ناو هاتوچووی هەیە بەڵام پێوەندی‌یەکانی دەگەڵ هەموو ئەو دۆستانە لە سنوورێکی تایبەتی بەولاوەتر ناچن. ژان باتیست زۆرتر لەگەڵ وی باسی کتێبو مۆسیقا دەکاو هێندێ جاریش داستان‌گەلێک بۆ من دەنێرێ کە بیان‌خوێنمەوەو ئەمنیش هەر لەوکاتەدا کە ئاشقی ئەوم بەتوندی لێی بێزارم.

سەعات یەکونیوی پاش نیوەشەوەو ئێستا بێ‌گومان ناپلیۆنو ژووزفین لە کلیسای چووکەڵەی تویلری‌و لە بەرامبەر خاڵە فێش‌دا چۆکیان داداوە تا جارێکی دیکە ڕێوڕەسمی مارەبڕین بەڕێوە بەرن. ئەمن بە سادەیی دەتوانم بە ژان باتیست بڵێم کە ناپلیۆن بۆچی ناتوانێ من لەبیر بەرێتەوە بەڵام لەوە دەترسم کە ئەم قسەیەم زیاتر ببێتە هۆی ڕەنجان‌و دڵئێشانی. بەڵێ ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەمن بەشێک لە لاوەتیی ناپلیۆنم‌و کەس ناتوانێ دەورانی لاوەتیی خۆی لەبیر بەرێتەوە هەرچەند تەنیا جاربەجارو زۆرکەم بیری لێ‌بکاتەوە. ئەمنیش ئەگەر بە جلکی ئاویی ئاسمانی‌یەوە لە ڕێوڕەسمی تاج‌لەسەرنان‌دا ئامادە بم بێ‌گومان شتێک نابم جگە لە بیرەوەری‌یەکانی ناپلیۆن. بەڵام ڕەنگە ژان باتیست هەقی بێ‌و ناپلیۆن بیهەوێ بیرەوەری‌یەکانی سەردەمی لاوەتیی خۆی زیندوو بکاتەوەو ئەم ئۆگری‌نواندنە لەڕاستی‌دا بە مەڵحەمێک بۆ برینێکی کۆن بژمێردرێ. سبەینێ بە بیانووی سەرمابوونەوە خۆم دەجێی دەخزێنم‌و دووسبەش هەرواو بەمجۆرە بیرەوەری‌یە ئاوی‌ڕەنگەکەی ئیمپەڕاتۆر کە تووشی پشمینی پەیتاپەیتایە ناتوانێ لە ڕێوڕەسم‌دا بەشدار بێ...

شەوی ڕابردوو یان باشتر بڵێم ئەمڕۆ بەیانی لەحاڵێک‌دا سەرم بەسەر دەفتەری بیرەوەری‌یەکانم‌دا گرتبوو خەوم لێ‌کەوتو تەنیا کاتێک چاوم هەڵێنان کە هەستم کرد کەسێک دەم‌باتە ژووری خەوەکەم‌و بە سەرشانە زێڕینەکانی ژان باتیست زانیم کە ئەوە لە پەنامەو بە خەواڵوویی گوتم:

—بێ‌گومان چووبوویە سەردانی دۆستە بیرمەندو هاوفکرەکەت، ئەو سەردانانەم هیچ بەدڵ نین.

-کچی چاک، ئەمن چووبوومە ئۆپێڕا، ئەویش بە تاقی تەنیا. لە تەنیاییدا پێویستیم بە گوێگرتن لە مۆسیقا هەبوو. پاش دەرچوون لە ئۆپێڕاش چونکە کالیسکەم نەبوو ناچار بەپێیان هاتمەوە ماڵێ.

-ژان باتیستی ئازیز دەزانی کە بەتوندی سەرمام بووەو ژانەسەرو گەرووئێشەش پرزەیان لێبڕیومو ناتوانم لە ڕێوڕەسمی تاجلەسەرناندا بەشدار بم.

-بەداخبوونی خانمی بێرنادۆت عەرزی ئیمپەڕاتۆر دەکەم. پاشان نابێ لەبیرت بچێ کە ئەمن هاوسەری خۆم تاڕادەی پەرستن خۆش دەوێ. گوێت لێمە دێزیرە یان خەوتووی؟

-خەونم دەدی. ژان باتیست. ئەگەر کەسێک مەڵحەم لەسەر برینێکی کۆن دابنێ چدەبێ؟

-بە یەکی وا دەبێ پێبکەنی دێزیرەی خۆشەویست!

-بەڵێ ئەمنیش پێی پێدەکەنم، بە ئیمپەڕاتۆری بەدەسەڵاتی فەڕانسە.

***

## ٢٠

## پاریس. دووی دیسامبری ١٨٠٤

## شەوێک پاش تاجلەسەرنانی ناپلیۆن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێورەسمی تاجلەسەرنانی کۆنە دەزگیرانی من وەک ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە بەڕێوە چوو؛ ڕێورەسمێکی بەشکۆو هەرلەو کاتەدا جێی پێکەنین. هەر ئەوکاتە کە ناپلیۆن تاجی قورسو زێڕینی لەسەر نابوو،و لەسەر تەخت دانیشتبوو، بۆ دەمەساتێک نیگاکانمان تێکهەڵەنگووتن. لە تەواوی ڕێورەسمەکەدا ئەمن کە باڵنجی مەخمەری هەڵگری دەسرۆکەی تۆڕیی شاژنم هەڵگرتبوو لە پشتەوەی ئەوو ڕوو بە میحراب ڕاوەستابووم.

بە پێچەوانەی بۆچوونی من، کارەکان بەوجۆرەی پێشبینیم کردبوو نەچوونە پێش. ڕۆژێکی مابوو بۆ ڕێورەسمی تاجلەسەرنان، ژان باتیست خەبەری بە بەڕێوەبەری ڕێورەسمەکە دا کە ئەمن بەهۆی سەرمابوونێکی سەختو تایەکی زۆرەوە ناتوانم لە ڕێورەسمی تاجلەسەرناندا بەشدار بم. ئەم خەبەرە زەبرێکی کاریگەر بوو بۆ لەپێخستنی سەرۆکی تەشریفات بەڕێز دوپێریۆ. ئەو لە حاڵێکدا ئەم خەبەرەی دەبیست کە باش دەیزانی هاوسەرانی مارشاڵەکانی دیکە ئەگەر لە سەرەمەرگیشدا بن بە لاژەلاژ خۆیان لە جێیەکەیان دەردەکێشن تا لە ڕێورەسمەکەدا بەشدار بن.

ئەمن تەواوی ئەو ڕۆژە لەجێی نەهاتمە دەرو لای نیوەڕۆیە بوو کە ژوولی بە بیستنی خەبەری نەخۆشکەوتنی لەنەکاوی من، بە سەرسوڕماوی هاتە ماڵی ئێمەو دە شیری گەرموهەنگوینی هەڵکێشام بەڵکوو بەمجۆرە چاک بمەوە. شیروهەنگوینەکە زۆر خۆش بوو بەڵام ئەمن نەمدەوێرا ڕاستییەکە بە ژوولی بڵێمو نەدەکرا بڵێم نیگەرانییەکەی بەخۆڕاییە. بەڵام دوێنێ ئەوەندە لەنێو جێدا ماندوو ببووم کە جلم دەبەر کردنەوەو چوومە ژوورەکەی ئۆسکار تا یاریی هەمیشەیی سەربازی گاردی نیشتمانی کە ئاخرەکەی ئەو سەربازە دەکوژرا، دەست پێبکەمەوە. ئەمجارە هەر بەڕاستی سەربازە بووکەڵەکەمان کوشتو سەرمان لە لەشی جیا کردەوە چونکە دەمانەویست بزانین سەری ئەو پەیکەرە چکۆڵەیان لە چی دروست کردوە. ئاکامەکە ئەوە بوو کە سەری سەربازەکە لە خاکەمشار دروست کراوەو بەرهەمی دیکەشی ئەوە بوو کە خاکەمشارەکە بە ژوورەکە وەربوو. ئێمە بە هەردووکمان خێرا خەریکی کۆکردنەوەی خاکەمشارەکە بووین نەوەکا تووشی تووڕەبوونی ماری بین، چونکە ماری ساڵبەساڵ سەختگیرتر دەبێ.

لەنەکاو دەرگای ژوورەکە کرایەوەو فێرناند خەبەری هاتنی پزیشکی تایبەتیی ناپلیۆنی ڕاگەیاند. پێش ئەوەی بتوانم هیچ بڵێم چەند دەقیقە پێشتر دوکتۆر کۆڕوویسار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاتبوو، فێرناندی نەفام، پزیشکی ناپلیۆنی هێنایە ژووری ئۆسکار. دوکتۆر کیفی ئامرازەکانی خۆی لەسەر ئەسپە دارینەکەی ئۆسکار داناو ئیکلامێکی بۆ من کێشاو گوتی:

-خاوەنشکۆ ئیمپەڕاتۆر فەرمانیان دا بێمە سەردانی خانمی مارشاڵو لە سەلامەتیی جەنابت بپرسمو بەخۆشییەوە دەبینم کە حاڵتان باشەو دەتوانم خەبەری چاکبوونەوەی خانم عەرزی بەڕێزیان بکەم.

ئەمن کە دەمدی نەخشەکەم بۆتە بلقی سەر ئاو لەوپەڕی نائومێدیدا گوتم:

-دوکتۆر هەست بە بێهێزییەکی زۆر دەکەمو نازانم داخوا...

-بەو ئەزموونەوە کە وەک پزیشک هەمە دڵنیاتان دەکەم کە خانمی بەڕێز هیچ گیروگرفتێکیان بۆ بەشداریی ڕێوڕەسمەکەو هەڵگرتنی دەسرۆکەی خاوەنشکۆ شاژن نابێ.

تفی زارمم قووت دایەوەو لە دڵی خۆمدا گوتم سووڕێکی چووکەڵەی قەڵەمی ناپلیۆن دەتوانێ چارەنووسی ژان باتیست بە جۆرێکی دیکە وەربگێڕێو لە هەرچی هەیەتی بێبەشی بکا، هەر لەوحاڵەدا لە بێهێزیو زەبوونیی خۆمان ئاگادار بوومو زانیم کە ناچارم لە بەرامبەر دەسەڵاتی هەوسارپچڕاوی ناپلیۆندا تەسلیم بم. بە سەرنجدان بەو فکرانە وەڵامم دایەوە:

-دوکتۆر کۆڕوویسار! ئەگەر هەڵسەنگاندنی جەنابت ئەمە بێو ئیزن بدەی...

ئەو لەحاڵێکدا دووبارە بۆ ڕێزدانان سەری بۆ دادەنواندم گوتی:

-دڵنیاتان دەکەم کە بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی تاجلەسەرناندا هیچ گیروگرفتێکتان نابێ.

ئەو پاشان بێڕاوەستان کیفەکەی خۆی هەڵگرتو لە ژوورەکەی ئۆسکار وەدەر کەوت.

دوانیوەڕۆی ئەوڕۆژە بەرگدروو جلکە ئەرغەوانییەکەمو ئەو پەڕە وشترمرغانەی بۆ ڕازاندنەوەی قژەکانمی ئامادە کردبوون بۆ ناردمەوە. سەعات شەشی دوانیوەڕۆ بوو کە شووشە پەنجەرەکان بەگرمەی لەنەکاوی تۆپان کەوتنە لەرزین. بەپەلە غارم دایە ئاشپەزخانەو هۆی ئەو تۆپهاویشتنەم لە فێرناند پرسی.

-لە ئێستاڕا تا نیوەشەو سەری هەموو سەعاتان تۆپ داویژرێنو لە مەیدانەکان ڕێوڕەسمی فشفشەتەقاندن بەڕێوە دەچێو ئەگەر ئیزن بدەی ئۆسکاری دەبەمە سەیری فشفشەتەقاندن.

ئەو دوایە دەستی کرد بە مشتووماڵی شمشێرەکەی ژان باتیستو ئەمن لەحاڵێکدا بەفربارینو نەخۆشیی ئۆسکارم وەبیر دێنایەوە چوومەوە ژوورەکەی ئۆسکارو لەپەنا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەنجەرەکە دانیشتم. هەرچەند تارادەیەک تاریک بوو بەڵام پێم باشتر بوو مۆم هەڵنەکەمو دایکو کوڕ تەماشای کلووە بەفرەکانمان دەکرد کە بە سەماکردن لە ئاسمان دەهاتنە خوارو لەبەر شۆقی ئەو فانۆسانەدا کە بە دیرەکەکانی جادەوە هەڵواسرابوون دووچەندان جوان بوون. هەروەک بمەوێ چیرۆکێک بگێڕمەوە گوتم:

–کوڕم لەوێ شارێک هەیە کە زستانەکانی زۆر درێژنو بە بەفر داپۆشراون. لەوێ چەند حەوتوو و چەند مانگ بەفر دەبارێو وەک ئێرە نیە کە هەر چەند ڕۆژێک بەفر ببارێ، شارێک بە ئاسمانێکی سافو ڕووناکو سپییەوە وەک مەلافەیەکی تازەشۆراو.

–باشە دوایە چی دایە؟

–هەرئەوە ئیدی.

–پێم وابوو دەتەوێ چیرۆکێکی تازەم بۆ بگێڕیەوە.

–ئەمە چیرۆک نیە کوڕم بەڵکوو ڕاستییە.

–ئەو شارە ناوی چیە؟

–ستۆکهۆڵم!

–ستۆکهۆڵم لەکوێیە دایە؟

–دوورە، زۆر لێرە دوورە پێم وایە لەنزیک قوتبی شیمالە.

–ستۆکهۆڵمیش هەر هی ئیمپەڕاتۆرە؟

–نا ڕۆڵە. ستۆکهۆڵمیش بۆخۆی پادشای هەیە.

–ناوی چیە؟

–نازانم ئازیزم!

جارێکی دیکە گرمەی تۆپان زرینگایەوە، ئۆسکار دەستی دەملی کردم هەتا بەسەر ترسەکەیدا زاڵ بێ.

–کوڕم ئەتۆ نابێ لە دەنگی تۆپان بترسی. ئەوان بە شانازیی ئیمپەڕاتۆر دەتەقێنن.

–ئەمن لە تۆپ ناترسم دایە. ئەمنیش ڕۆژێک وەک باوکم، دەبمە مارشاڵی فەڕانسە.

دە کلووە بەفرەکانەوە ڕامابووم، ئەو بەفرانە کە پێرسۆنیان وەبیر دێنامەوە. لەبن لێوانەوە گوتم:

–لەوانەشە وەک باپیرت ببیە بازرگانێکی خۆشناوی هەریر.

–نا، ئەمن پێم خۆشە ببمە مارشاڵ یان گرۆبان. باوکم دەیگوت ئەویش وەختێک گرۆبان بووە، هەروەها فێرناند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان وەک ئەوەی بە شتێک هەژابێ یان مەسەلەیەکی گرنگی بە مێشکدا هاتبێ گوتی:

-فێرناند دەیگوت دەتوانم سبەینێ دەگەڵی بچمە تەماشای ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنان.

-ئای، نا ڕۆڵە گیان. منداڵان ڕێگایان نادرێ بچنە کلیساو ئەمنو باوکیشت بلیتمان بۆتۆ نیە.

-بەڵام فێرناند دەیگوت دەمباتە بەر دەرکی کلیساو لەوێڕا تەماشای تاجلەسەرنانی ئیمپەڕاتۆر دەکەین. هەروەها شاژنو پوورە ژوولی. بەڵێ دایە فێرناند بەڵینی داوە بمبا تا ئیمپەڕاتۆرو تاجەکەی ببینم!

-کوڕم، هەوا زۆر ساردەو ئەتۆ ناتوانی چەند سەعات لەپێش کلیسای نۆترِدام ڕاوەستیو جگەلەوەش، لەنێو ئاپۆرای حەشیمەتدا لەوانەیە ئازارت پێبگا.

-تکا دەکەم دایە... تکا دەکەم ڕێگا بدە.

-قەولت پێدەدەم هەموو داستانی تاجلەسەرنانەکەت بۆخۆم بۆ بگێڕمەوە.

دوو باسکی چووکەڵە لە ملم کرانو بەجۆرێک ماچی کردم کە ئاو بە ڕوومەتمدا هاتە خوارو جارێکی دیکە دووپاتەی کردەوە:

-تکا دەکەم دایە. ئەگەر بەڵێن بدەم هەموو ڕۆژێ شیرەکەم بخۆم، ڕێگا دەدەی؟

-ئەتۆ ناتوانی بچی کوڕم، ناتوانی. هەوا زۆر ساردەو ئەتۆش سەرمات بووە. تکا دەکەم ئاقڵ بە ئازیزم.

-ئەگەر هەموو ئەو شەربەتە تاڵەی سنگئێشەکەم بخۆم کە ئەمڕۆ دوکتۆر داویەتی چی؟ ئەودەم ڕێگا دەدەی بچم؟

بۆ ئەوەی ڕێی نەدەم هێندە لەسەر ئەو بابەتە بڕوا گوتم:

-شاری ستۆکهۆڵم لە نزیک قوتبی شیمالەو ڕووبارێکی گەورەی پێدا ڕادەبرێ کە پڕە لە پارچە سەهۆڵی گەورەی مەیلەو شین...

-ئەمن دەمەوێ تاجلەسەرنان ببینم دایە! ئەمن پێم خۆشە بیبینم...

-ئەگەر گەورەتر بووی دەتوانی بچیە تەماشای ئەو ڕێوڕەسمە.

-چما ئیمپەڕاتۆر دووبارە تاج لەسەر دەنێ؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە پڕگومانەدا ناچار بووم وشەی "نا" بەکار بەرم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نا کوڕم، بەڵام باشە دەتوانین ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانی یەکی دیکە ببینین، هەم ئەمنو هەم ئەتۆ کوڕم. قەولت پێدەدەم کوڕم. دڵنیا بە ئەو ڕێوڕەسمە زۆر لە تاجلەسەرنانی سبەینێ جوانتر دەبێ. باوەڕ کە کوڕم، باوەڕ کە...

لەمکاتەدا گوێم لە دەنگی ماری بوو کە لە قووڵایی تاریکییەوە دەهاتە بەر گوێ:

-خانمی مارشاڵ نابێ داستانی وا بۆ منداڵ بگێڕیەوە. وەرە کوڕم، وەرە ئۆسکار. ئەتۆ دەبێ شیرەکەت بخۆیو هەروەها ئەو شەربەتە کە مامە دوکتۆر بۆی داناوی.

ماری مۆمەکانی ژوورەکەی هەڵکردنو ئەمنیش لە تەنیشت پەنجەرە دوور کەوتمەوە، ئیدی نەمدەتوانی سەمای بەشکۆی کلووە بەفرەکان ببینم.

زۆری پێنەچوو کە ژان باتیست بۆ "شەوخۆش"گوتن بە ئۆسکار هاتە ژووریو ئۆسکار بە دیتنی وی بە شکایەتکردن گوتی:

-دایکم نایەڵێ دەگەڵ فێرناند بچمە پێش کلیساو تاجلەسەرنانی ئیمپەڕاتۆر ببینم.

-ئەمنیش نایەڵم کوڕم.

-دایکم دەڵێ ئەگەر گەورە بووم دەمباتە تاجلەسەرنانێکی دیکە. ئەتۆش دەگەڵمان دێی باوکە؟

-تاجلەسەرنانی کێ؟

-دایە! دەمبەیە تاجلەسەرنانی چکەسێک؟

چونکە نەمدەزانی چی جواب بدەمەوە بە ڕوخسارێکی خەمناکەوە وەڵامم دایەوە:

-ئەمەیانت پێناڵێم هەتا بۆت سەرنجڕاکێشو سەرسوڕهێن بێ. شەوخۆش کوڕەکەم، هیوادارم باش بنوویو خەونی خۆشخۆش ببینی.

ژان باتیستیش بە جوانی پەتووەکەی لە دەوری کوڕە باشەکەمانەوە پێچاو دوایە مۆمەکانی کووژاندنەوە.

ئەو شەوە بۆ یەکەمجار پاش چەندینساڵ، ئەمن بۆخۆم نانی شەوم ئامادە کردبوو چونکە ئەو شەوە، ماری، فێرناندو تەنانەت ئاشپەزەکەشمان لە دەرەوەی ماڵێ بوون تا لە شانۆی خۆڕایی تەماشاخانەکان بێبەش نەمێنن. ئیووتی نەدیمەی منیش ئەو ڕۆژە نیوەڕۆیە مۆڵەتی وەرگرتبوو. ئەم کچەم کە پێش شۆڕش نەدیمەو بەرپرسی ڕازاندنەوەی خانمانی پیاوماقووڵەکان ببوو،و هەربۆیەش خۆی دانگونیوێک لەمن پێزیاتر بوو لەسەر پێداگرتنی ژوولی هێنابووە لای خۆم. ژوولی پێی وابوو ژنەمارشاڵێک نابێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچکارێک بکا؛ تەنانەت کارە تایبەتی‌یەکانی خۆشی وەک شانەلەسەردانو داخستنی دوگمەکانی جلوبەرگی.

دوای شێوخواردن، ئەمنو ژان باتیست چووینە ئاشپەزخانەو هەر لەوکاتەدا کە ئەمن دەفرەکانم دەشوتن ئەویش بەروانکەکەی ماریی لەخۆی بەستو دەستی کرد بە وشککردنەوەی دەفرەکانو بە پێکەنینەوە گوتی:

-ئەمن هەمیشە فێر بووم لە کارەکانی ماڵێدا یارمەتیی دایکم بدەم.

بەڵام ئەم بزەیە زۆری نەکێشاو بە ڕوخسارێکی جیددیو وەختە بڵێم گرژیشەوە گوتی:

-لەم شارەدا هەمووان ئاگایان لە کاری یەکتر هەیەو خۆ دەژیانی ئەوانی دیکە هەڵدەقوتێنن!

-نەک هەمووکەس، بەڵام ئیمپەڕاتۆر با. ئەو شێوە ژیانو بۆچوونی تایبەت بەخۆی هەیەو دەیەوێ ئەوەندەی بکرێ لە ژیانی خەڵکی دیکە ئاگادار بێ.

تازە چووبوومە سەر جێو هێشتا چاوم گەرم نەببوون کە دیسان گرمەی تۆپەکان دەستی پێکرد. ئای چەند بەختەوەر دەبووم ئەگەر ماڵێکی چووکەڵەم لە دەوروبەری مارسەی هەبووایەو لەم هەراوهۆریایە دوور بام. ماڵێکی چووکەڵە، باخچەیەکی ڕێکوپێکو خاوێن. بەڵام مخابن کە نە ناپلیۆن ئیمپەڕاتۆری فەڕانسەو نە بێرنادۆت مارشاڵی فەڕانسە حەزیان لە ژیانی لادێو بەخێوکردنی مریشکو کەڵەباب نەبوو.

هێشتا دنیا تاریک بوو کە بە ڕاتڵەکاندنی ژان باتیست وەخەبەر هاتمو گوێم لێبوو کە دەیگوت:

-هەستە بزانم چخەونێک دەبینی؟

هەوڵم دا ئەوەی بەخەون دەمدی وەبیر خۆم بێنمەوە.

ئەمنو ئۆسکار چووبووینە جێژنێکی تاجلەسەرنان. دەبوو بچینە ژووری کلیسا بەڵام قەرەباڵغیی حەشیمەت جۆرێک بوو کە ڕێگەی پێنەدەداین. هەرچۆنی بوو دڕمان بە حەشیمەت داو بەنێو واندا ڕێگایەکمان بۆخۆمان کردەوە. هەروا دەستی ئۆسکارم بەدەستەوە بوو دەچوومە پێش لەنەکاو دیتم نیشانەیەک لەو حەشیمەتە نیەو لەجیاتی وان ژمارەیەکی زۆر مریشکو کەڵەباب دەوروبەریان گرتووینو بەنێو دەستو لاقماندا دێنو دەچنو قرتەقرت دەکەن.

کەوایە تاجلەسەرنانێکی سامناک بوو. نا؟!!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–زۆر. دەنگوهەرای مریشکەکان مرۆڤە تووڕەکانی وەبیر دێنایەوە بەڵام لە هەمووی خەراپتر داستانی تاجەکان بوو.

–تاجەکان؟

ئا بەڵێ. ئەمنو ئۆسکار هەرکام تاجێکی قورسمان لەسەر نابوو، بەجۆرێک کە نەمدەتوانی سەری خۆم ڕاگرمو لەترسی کەوتنی تاجەکە نەمدەوێرا سەری خۆم ببزێوم. بەڵام تاجەکەی ئۆسکاریش بۆ ئەو زۆر قورس دیار بوو،و دەمدی کە ملی باریکی توانای هەڵگرتنی ئەو قورسایی‌یەی نیەو ترسی ئەوەم هەبوو کوڕە بەستەزمانەکەم لەپێ بکەوێو لەوکاتەدا بوو کە وەخەبەرت هێنام. بەڕاستی خەونێکی سامناک بوو...

ژان باتیست کە هەوڵی دەدا جارێکی دیکە هانم بدا بخەوم گوتی:

–دیتنی ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنان لەخەودا ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە یەکدوو سەعاتی دیکە بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمێکی وادا ئامادە دەبین و دەچینە نۆترِدام، هێندە دوور لە زەین نیە بەڵام داستانی مریشکو کەڵەبابەکان چیە؟

ئەمن بێئەوەی هەوڵێک بۆ وەڵامدانەوە بدەم نیازم هەبوو ئەوەندی بکرێ ئەو خەونە لەبیر بەرمەوەو جارێکی دیکە سەعاتێک چاو لێکنێمو بخەوم. ئیدی بەفر نەدەباری بەڵام هەوا لەچاو شەوی ڕابردوو ساردتر بوو. دواتر بیستم کە دەگەڵ ئەو هەوا ساردەش سەعات پێنجی بەیانی حەشیمەتێکی زۆر لەپێش کلیسای نۆترِدام کۆ ببوونەوەو هاونیشتمانانی پاریسی لە دوو لای کالیسکەی شاهانەکان ڕیزیان بەستبوو هەتا تێپەڕینی کالیسکەی ئیمپەڕاتۆرو شاژن ببینن. ئەمنو ژان باتیست بۆ تێکەڵبوون دەگەڵ بەشدارانی ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنان دەبوو بچینە کلیسای نۆترِدامو لە دواساتەکاندا فێرناند پاش کۆمەگ بە ژان باتیست بۆ دەبەرکردنی جلوبەرگی تایبەتی ئێستا خەریکی وەبریقەخستنی دوگمە زێڕینەکانی جلوبەرگی وی بوو. ئیڤوتیش خەریکی ڕێکخستنی قژەکانی منو قایمکردنی پەڕە وشترمرغە سپی‌یەکان لە نێو قژەکانمدا بوو، دەترسام بەوجۆرە شتێکی وەک ئەسپەکانی سیرکم لێدەرچێ. هەر چەند لەحزە جارێک دەنگی ژان باتیست لە ژوورەکەی دیکەوە دەهاتە بەرگوێ کە دەیەویست بزانێ ئامادە بووم بەڵام وا دیار بوو ئەو پەڕە وشترمرغانە نەیاندەویست بسازێنو بەڕەحەتی لەنێو قژەکانمدا جێگیر نەدەبوون.

سەرەنجام دەرگا کرایەوە ماری هاتە ژوورێو گوتی:

–هەرئێستا یەکێک لە خزمەتچی‌یەکانی تایبەتی دەرباری شاهانە ئەم بەستەیەی بۆ خانمی مارشاڵ هێناوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەستە چکۆڵەکە درایە دەستی ئیـیووتو ئـەویش بەرامبـەر بـە مـن لـەسـەر مێزەکـەی دانا. ماری وەک عادەتی هەمیشەی خۆی ژوورەکەی بەجێ نەهێشتبوو بەوردی بە سیلەچاو تەماشای دەکرد. بەئارامی کاغەزە ناسکەکەی دەوری بەستەکەم لێکردەوەو هێشتا چاوە کونپشکنەکانی ماری دەو بەستە چەرمییە چکۆڵەیەوە ڕامابوون.

ژان باتیست پاڵێکی بە فێرناندەوە ناو ڕاست لەپشتەوەو لەسەر سەرم ڕاوەستا. هەر لەوکاتەدا کە بەستەکە لەنێو قامکانمدا بوو لە ئاوێنەکەی ڕووبەڕوومدا دەگەڵ ژان باتیست چاومان تێکهەڵەنگووت. داخوا ئەمەش بیرێکی تازەی ناپلیۆن بوو کە دەبووە hهۆی تووڕەیی ژان باتیست؟ ئێستا ئیدی دەستم بەئاشکرا دەلەرزیو دەخۆمڕا نەدەدی بەستەکە بکەمەوە. ئەو حاڵەتەی من لە چاوی تیژبینی ژان باتیست نەشارایەوەو سەرەنجام گوتی:

–ڕێگا بدە ئەمن بیکەمەوە.

بە داگرتنێکی کەمی دوگمەیەک کە لە پێشەوەی قوتووەکە بوو دەرگاکەی کرایەوەو دەرگای چەرمیی قوتووەکە بە جووڵەیەکی ئارام هەڵدرایەوە. هاواری سەرسوڕمان لە گەرووی ئیـیووت، ماریو فێرناندا شکا، قوتوویەکی زێڕین کە نەخشی زەقی هەڵۆیەکی باڵکراوەی لەسەر دەبینراو چاوی سەرسامبووی منیشی تێوە ڕامابوو. دەنگی ژان باتیست منی وەخۆ هێنا کە دەیگوت::

–تکایە دەرگای قوتووەکە بکەوە!

دوو لای دەرگـای قوتووەکـەم بـە دوو قامـک گـرت، لـەو جێیـە کـە باڵـە هـەڵۆکانی دەگەیشتنێو بە داگرتنێکی کەم دەرگای قوتووەکە کرایەوە. نێو قوتووەکە بە ئەستەڕێکی مەخمەری سوور داپۆشرابوو،و سککەی تەڵا لەسەری دەدرەوشانەوە. سەرم وەرسووڕاندو بە چاوێکی پڕپرسیارەوە دە ژان باتیستەوە ڕامام.

–یانی چی؟

وەڵامێکم نەبیست بەڵام ڕوخساری ڕەنگپەڕیوو تووڕەی ژان باتیستم دەدی کە بەجۆرێک بێزاریی تێکەڵ بە سووکایەتی چاوی تێیانەوە بڕیبوو. بەسپاییو بەسرتە گوتم:

–فڕانکی تەڵا!

ئەودەم بێ بیرکردنەوەیەکی تایبەتی سککەکانم لەنێو قوتووەکە هەڵگرتو لەسەر مێزەکە لەپەنا کەرەسەی خۆجوانکردنەکەمدا دانان. لەنەکاو دەستم وەکوتە کاغەزێک کەوت کە لەنێو قوتووەکەدا بوو، هەڵمگرت. خەت، خەتی ناپلیۆن بوو. دەتگوت وشەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەپێش چاوم هەڵدەپەڕن. بەڵام کەمکەم ئەو سەما ناخۆشە ئارام بۆوەو توانیم ئەم ڕستانە بخوێنمەوە:

خانمی مارشاڵ، دەگەڵ سوپاس لە جەنابت کە هەموو پاشەکەوتی خۆت لە مارسەی دا بەمن تا بچمە پاریس؛ سەفەرێک کە بۆ من ئاکامی باشی هەبوو، ئێستا بێگومان وەختی ئەوە هاتوە کە بە دونیایەک سوپاسەوە ئەو قەرزەی خۆم بدەمەوە؛ نەوەدوهەشت فڕانکی فەڕانسە.

–ژان باتیست!

بە گوتنی ئەم ناوە، دووبارە چاوم بە ڕوخساری هاوسەرەکەم کەوتو چون جارێکی دیکە ئارامی گەڕابۆوە ڕوخساری هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشاو درێژەم پێ دا:

–ئەمن لە پارەی گیرفانم نەوەدوهەشت فڕانکم پاشەکەوت هەبوو دەمەویست دەستێک جلکی سەربازیی تازەی بۆ بکڕم چونکە جلەکانی زۆر کۆن بوون. بەڵام ئەو پارەکەی لە من قەرز کرد هەتا مارموونو ژانووی لە بارمتەی میوانخانەدارەکە دەربێنێ. بەڵام ئەوەی ئەمن بەوم دابوو فڕانکی کاغەز بوو نەک فڕانکی تەڵا.

چەند ساتێک دوای سەعات نۆ، چووینە کلیسای نۆتڕدام. ئێمەشیان بردە یەکێک لە ژوورەکانی کلیساو لای مارشاڵەکانی دیکەو خانمەکانیان. لە حاڵێکدا فنجانی قاوەی گەرممان بەدەستەوە بوو لەبەر پەنجەرەکان کەوتینە تەماشا. لەپێش کلیسا، ئاپۆرای حەشیمەت وەک دەریا شەپۆلی دەداو پاراستنی ئارامیو ئەمنیەتیش لە ئەستۆی شەش گوردان سەربازو کۆمەڵێکی زۆر لە ئەندامانی گاردی نیشتمانی بوو. هەرچەند دەرگاکانی کلیسا لە چەند سەعات پێشترەوە بۆ هاتنی داوەتکراوەکان کرابوونەوە بەڵام هێشتا کۆمەڵێکی زۆر بە توندی خەریکی ڕازاندنەوەی ژوورەوەی کلیسا بوون. دوو ڕیز لە سەربازانی گاردی نیشتمانی بەرامبەر بە حەشیمەت ڕاوەستابوون تا نەزمی نێو کلیسا تێکنەچێ. بەوجۆرە کە ژان باتیست لە ژەنڕاڵ مۆرای دەگێڕایەوە، ئەو ڕۆژە هەشتاهەزار سەربازو فەرمانبەری گاردی نیشتمانی پاراستنی ئارامیی ڕێوڕەسمەکەیان لەئەستۆ بووەو ژەنڕاڵ مۆروا فەرماندراری سەربازیی پاریس سەرپەرستیی کردوون.

بە فەرمانی ژەنڕاڵ مۆروا ئەو کالیسکانەی بەرەو کلیسا دەهاتن لە مەودایەکی دیاریکراو لە کلیسا ڕادەگیرانو سەرنشینەکانیان ناچار بوون مەودایەکی تاڕادەیەک زۆر بەپێیان بڕۆنو خۆیان بگەیەننە کلیسا. تەنیا گرووپێکی کەم لە میوانانی بێگانەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مارشاڵەکان لەو بڕیارە هەڵواردرابوون. بۆ ئەو خانمانەی ناچار بوون لەو هەوا ساردەدا بەو جلە تەنکانەوە ئەو مەودایە ببڕن، ئەم کارە هێندە سادە نەبوو. ئەوەی لەو نێوەدا بووە هۆی تەقینەوەی پێکەنینی حەشیمەت، دەمەقاڵەی چەند کەس لە دادوەرەکان دەگەڵ کۆمەڵێک لەم خانمانە بوو. دادوەرەکان کە کەوای درێژی دادوەرییان دەبەردا بوو بانگهێشتنی ئەو خانمانەیان کرد خۆیان بخەنە ژێر کەواکانی وانەوەو ئەوانیش بە پێخۆشبوونەوە ئەو بانگهێشتنەیان قبووڵ کرد.

لەو کاتەدا چەند کالیسکە لەپێش پلیکانەکانی کلیسا ڕاوەستانو ژان باتیست بە دیتنیان گوتی:

-ئەمانە بۆ نموونە کاربەدەستانی گرنگی سیاسیو میوانانی شانازین کە ناپلیۆن هەموو خەرجی سەفەرو مانەوەی ئەوان لە فەڕانسەی داوە. ئەوەی یەکەمیان شازادەیەکی ویلایەتی بادنەو ئەوی دیکە شازادە هێس لە دامشتات، سێیەمەکەش هیس هامبوورگە.

لەوە کە دەمدی ژان باتیست ئەو ناوە قورسە ئەڵمانییانە بەئاسانی دەردەبڕێ، سەرسوڕماو بوومو نەمدەزانی چۆن توانیویەتی فێریان بێو لەبیری بمێنن.

بۆ خواردنەوەی فنجانێکی دیکە لەو قاوە گەرمە چوومە نزیک سۆبەکەو هەر لەو حاڵەدا هەستم کرد لە تەنیشت دەرگای هاتنەژوور دەمەقاڵێیەک هەڵگیرساوە. بێئەوەی گوێی بدەمێ خەریکی کاری خۆم بووم کە لەنەکاو "لانە" هاتە لامو گوتی:

-خاتوو بێرنادۆت پێم وایە ئەو دەمەقاڵێیەی کن دەرگا پێوەندییەکی بەتۆوە هەیە.

وەختێک ئاوڕم دایەوە ئەولا دیتم بەڕاستییش وایە. نیگابانەکان دەگەڵ پیاوێک کە جلێکی تاریکو کراواتێکی ئاوریشمی دەبەر بوون تووشی باسو دەمەقاڵێ بوونو بە بیستنی دواڕستەی ئەو پیاوە تێگەیشتم کە قسەی خاتوو لانە بووە. ئەو پیاوە دەیگوت:

-ڕێگام بدەن دەمەوێ مادام بێرنادۆتی خوشکم ببینم، ئووژنی.

ماتڵ نەبوومو لەحاڵێکدا دەستی ئەتینم گرتبوو بۆلای خۆمم ڕادەکێشا بە حاڵەتێکی فەرماندەرانە بە نیگابانەکانم گوت:

-بۆ ڕێگە نادەن براکەم بێتە ژووریو بۆچی ڕێگەتان لێبەستوە؟

-خانمی مارشاڵ ئێمە فەرمانمان پێدراوە تەنیا ڕێگا بەو ژنو پیاوانە بدەین بێنە ژوور کە لە ڕێورەسمی تاجلەسەرناندا بەشدارن.

هاتنی ژان باتیست بووە هۆی ئەوەی پرتەوبۆڵەکە درێژ نەبێتەوەو پاشان ئەتینمان کە لەبەر هەژانی دەمەقاڵێیەکە بەتوندی ئارەقی دەردەدا لەسەر کورسییەک دانا. ئەو کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆئەوەی بگاتە ئەو ڕێوڕەسمە شەووڕۆژ بێحەسانەوە بەڕێدا هاتبوو تا لە جینواوە بگاتە پاریس لەحاڵێکدا هێشتا هانکەهانکی بوو گوتی:

–ئووژنی ئەتۆ دەزانی ئەمن لە کۆنەوە ئیمپەڕاتۆرم خۆشویستوەو ڕابردووی دۆستایەتیمان دەگەڕێتەوە سەردەمی لاوەتیمان. ئەمن هەر لەو دەمەوە پێم لەسەر پاشەڕۆژی درەوشاوەی ئەو دادەگرتو ئومێدم هەبوو.

کەوایە دەبێ خۆشحاڵ بی کە دۆستی سەردەمی لاوەتیت خەریکە بەناوی ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە تاج لەسەر دەنێ، چاوەڕوانیی لەمە زیاترت هەبوو؟

–لەوە ناڕەحەت بووم کە نەکا نەتوانم بەوەخت بگەمێو لە بەشداری لەم ڕێوڕەسمەدا بێبەش بم.

ژان باتیست لەحاڵێکدا زەردەیەکی لەسەر لێوان بوو گوتی:

–باشتر بوو زووتر بێیە پاریس چونکە ئیدی هەموو کارتەکان دابەش کراونو داوەتنامەکانیش نێردراون.

ئەتین لە چەند ساڵی ڕابردوودا قەڵەوتر ببوو،و دیارە زۆرتریشی ئارەق دەکرد. بۆیە لەحاڵێکدا ئارەقی نێوچاوانی دەسڕیەوە گوتی:

–لەو هەوا ساردەداو بەو ڕێگا خەراپانەو ڕاوەستانی جاربەجاری دەلیجان، ئێستاش بەزەحمەت خۆم گەیاندۆتە ئێرە.

بە ژان باتیستم گوت ڕەنگە ئەگەر خەبەر بە ژۆزێف بدەین بتوانێ کارێک بکا چونکە ئێمە ئیدی هیچمان لەدەست نەدەهات. بەڵام ئەتین کە گوێی لە قسەکانم ببوو بە گلەییەوە گوتی:

–بەڵام دەڵێن ژۆزێف لە تویلریو لەلای ئیمپەڕاتۆرەو دیتنی مومکین نیە.

بۆئەوەی ئارامی بکەمەوەو بەجۆرێک خۆم لەو تەنگانەیە ڕزگار بکەم گوتم:

–بڕوانە ئەتین، ئەتۆ دەزانی کە هیچکات حەزت لە چارەی ناپلیۆن نەدەکردو ئێستاش نابێ بەشداری لە ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانی ئەوتدا زۆر بۆ گرنگ بێ.

ئەتین کە بە بیستنی ئەم قسەیەم بەجارێک دەهری ببوو دەرپەڕیو گوتی:

–ئەتۆ دەزانی دەڵێی چی؟ ئەم قسانە چین؟ چما لەبیرت چۆتەوە کە لە مارسەی ئەمن نزیکترین دۆستو جێمتمانەترین خزمی ئەو بووم. بەڵێ ئەمن باشترین دۆستی ئەو بووم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڵام ئەوەش دەزانم کە دەزگیرانەتیی منو ناپلیۆن تۆی تا سنووری شێتبوون تووڕە کردبوو.

لەمکاتەدا ژان باتیست بە میهرەبانی دەستی لە شانی ئەتین داو گوتی:

–ئێستا کە ئەتۆ دژی ئەو دەزگیرانەتی‌یە بووی دەبێ بڵێم ژنبرای منو باشترین پیاوی کە لەناخی دڵەوە خۆشم دەوێو ڕێزی بۆ دادەنێم. دڵنیاشت دەکەم لەو کلیسا پڕلەحەشیمەتە جێگایەک بۆتۆ دەکەمەوە، تەنانەت ئەگەر قەرار بێ لەسەر چۆکی خۆمت دانێم ئەوکارە دەکەم.

ئەو پاشان سەری وەرگێڕاو بە هاوارێکی پێکەنیناوی بانگی دۆستەکانیی کرد:

–ژانوو، بێرتیە. ئێمە دەبێ بەهەر شێوەیەک بووە بەڕێز ئەتین کلاری بەرینە کلیسا. دەزانن کە ئێمە کاری زۆر لەوە سەختترمان لە مەیدانەکانی شەڕدا ئەنجام داون.

ئیدی ئەتین لەحاڵێکدا سێ مارشاڵی کۆمار دەوریان دابوو چووە نۆتردامو زۆری پێنەچوو کە ئەوان هاتنەوەو خەبەریان دا کە ئەویان لە جێگای تایبەتیی نوێنەرە سیاسی‌یەکانی وڵاتانی دیکە داناوەو ژان باتیستیش لێی زیاد کرد:

–ڕاست لەپەنا وەزیر موختاری عوسمانی کە مێزەرێکی سەوزی لەسەرە...

هێشتا ژان باتیست ڕستەکەی تەواو نەکردبوو کە بە دەرکەوتنی کالیسکەی پاپ بەناچار بێدەنگ بوو.

تاقمی هاوڕێیانی پاپو سەرانی مەزهەبی لە بەرامبەر کلیسا دەرکەوتن، کۆمەڵێک لە سەربازان لەپێشیانەوە دەڕۆیشتنو هاوڕێیانی پاپیش بەدوای واندا ڕێگایان دەبڕیو بەدوای هاوڕێیانی پایشدا گرووپی پارێزەرانی پێکهاتوو لە سەربازانی سویسی بەشکۆیەکی تایبەتی‌یەوە لە جووڵەدا بوون. لە دوای هەموو ئەمانەوەش قەشەیەک بەتەنیا، بە سواری گوێدرێژێک خاچێکی وەک ئاڵای هەڵکراوی لەسەر سەری خۆی ڕاگرتبوو. لەمکاتەدا قسەی مارشاڵ بێرتیە بووە هۆی پێکەنینی ژان باتیست کە دەیگوت:

–ئەم کەرەشیان بۆ ئەم ڕێوڕەسمە بەکرێ گرتوە. بە قسەی دوپێریۆ ڕۆژی شەست فرانک کرێیەتی.

بەدوای ئەم گرووپەدا کالیسکەی تایبەتیی پاپ گەیشتە جێ. ئەم عارەبانە تایبەتی‌یە هەشت ئەسپی ڕەنگخۆڵەمێشی ڕایاندەکێشا. ئێمە دەسبەجێ کالیسکەی شاژنمان ناسیەوە کە دیار بوو بە شێوەی کاتی بۆ ئەم ڕێوڕەسمە خرابووە خزمەتی پاپەوە. پاپ ڕاستەوخۆ چووە ژووری تایبەتیی سەرئوسقوفی کلیسای نۆتردام بەڵام بەداخەوە ئێمە دەرفەتێکمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ نەرەخسا کە بەخێرهاتنی بکەین. لە ماوەیەکی کورتدا، پاپ جلەکانی خۆی ڕێکوپێک کردن‌و بە جلوبەرگی تایبەتی بەرپاکردنی ڕێوڕەسمەوە ئەوێی بەجێهێشت‌و لەحاڵێکدا پیاوانی جێ گەورەی مەزهەبی دەورەیان دابوو بەرەو دەرگای کلیسا وەڕێکەوت.

دەریای پڕشەپۆلی حەشیمەت کەوتبووە بێدەنگیی تەواوەوەو دەتگوت هیچکەس هەناسەش هەڵناکێشێ. هێندێک لە ژنەکان بە دیتنی وی چۆکیان لەبەر دادەدا بەڵام پیاوان ئەوەندەیان گوێ نەدەدایە ئەو مەسەلانە. لەنەکاو دیتمان پاپ لە بەرامبەر پیاوێکی گەنج ڕاوەستاو پاش گوتنی ڕستەیەک نیشانەی خاچی لەسەر سنگی خۆی کێشاو دووبارە وەڕێ کەوتەوە. دواتر بیستمان پاپ بەو کۆمەڵەپیاوەی گوتوە پێم وانیە دوعای پیرەپیاوی پیرۆز بۆ هیچکەس زیانبار بێ.

ئەمجا ساتێک لە شیپانەی کلیسادا ڕاوەستاو بەدوای ئەوەدا سیما سپییەکەی لە چاوهەڵدێری ئێمە چووە دەرو کاردیناڵەکان لەحاڵێکدا کەوا سوورەکانیان شەپۆلێکی دڵگریان پێشان دەدا بەدوای ئەودا هاتنە کلیسا. بەخۆم نەبوو ئەو پرسیارەم بەدەمدا هات:

—ئێستا لە نۆتردام چباسە؟

یەکێک لەنێو کۆمەڵەکە ڕوونی کردەوە کە بە هاتنی پاپ کۆڕسی کلیسا، ئاوازی تایبەتی دەچڕن‌و پاشان پاپ لەسەر تەختێکی بەشکۆ کە لەلای چەپی میحرابی کلیسا دانراوە دادەنیشێ.

—ئێستا ئیدی کاتی هاتنەژووری ئیمپەراتۆر هاتوە.

بەڵام پێشبینیی ئەم وێژەرە ئەوەندەش دروست نەبوو، و ئیمپەراتۆر میوانە گرانقەدرەکەی، پاپ‌و ئەو حەشیمەتە زۆرەو تەواوی ئەو کەسانەی بەجۆرێک دەستیان لە پێکهێنانی ئەو ڕێوڕەسمەدا هەبوو زیاتر لە سەعاتێک لە چاوەڕوانیدا هێشتەوە.

سەرەنجام چاوەڕوانی بەسەر چوو، و دەنگی ئەو حەشیمەتەی خەریک بوو حەوسەلەیان بەسەر بچێ بەرز بۆوە. تەقاندنی لێکدالێکدای تۆپەکان نیشانەی ئەوە بوو کە ئیمپەراتۆر کۆشکی تویلریی بەجێهێشتوە. لەنەکاو بێدەنگییەکی قورس جێگای ئەو هەڵلایەی گرتەوە کە تا ساتێک لەمەوبەر بەسەر ژوورەکەدا زاڵ بوو، هەمووومان هێرشمان بۆلای ئەو ئاوێنانە برد کە لە نهۆمی خوارێ هەبوون. مارشاڵەکان خەریکی ڕێکخستنی میداڵەکانیان‌و واکسیلە زێڕینەکانی خۆیان بوون‌و خزمەتچییەکان کەوا شینەکانیان بەسەر شانیاندا دەدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەونێوەدا ئەمنیش خەریکی نوێکردنەوەی جوانکاریی ڕوخساری خۆم بووم بەڵام سەیر ئەوە بوو لەبەر هەژان دەستم دەلەرزین. لە دوور دەنگێکم بەرگوێ کەوت، دەنگێک کە دەتگوت خەبەر لە نزیکبوونی گەردەلوولێکی ئاڵۆز دەدا، ئەو دەنگە نارِوونە ئارام ئارام نزیکو نزیکتر بۆوەو لەنەکاو لە خرۆشانێکی وەک تەقینەوەدا هاواری بژی ئیمپەڕاتۆر هەموو جێیەکی پڕکرد، نەکهەر ژێر میچی کلیسا بەڵکوو ژێر ئاسمانی شینی شار.

لەپێش هەمووانّدا ژەنراڵ مۆروا فەرمانداری سەربازیی پاریس کە بە جلوبەرگی پڕ باقوبریقی خۆیەوە وەک پەیکەرێکی زێڕین لەسەر ئەسپەکەی دەدرەوشایەوە، لەپێشەوەی سوارەکان دەرکەوت. لەدوای ویەوە ئەفسەرانی سوارەنیزام کە هەڵۆی زێڕین لەسەر جلەکانیان نەخشابوو دەهاتنو داردەستی زێرکفتی نەخشاو بە مێشەنگوینی زێڕینیان بەدەستەوە بوو. بە سەرسوڕماوی چاوم دەو ڕێوڕەسمەوە بڕیبوو لەنەکاو وەبیرم هاتەوە کە لە ڕۆژگارێکی نەک زۆر دووردا دەمەویست بە پاشەکەوتی ڕۆژانە کەمەکەی خۆم دەستێک جلکی نوێی بۆ بکڕم تا ئیدی ئەو جلکە شڕۆڵە دەبەر نەکا. چەند کالیسکەی بەشەوکەتو زێڕکاری کە هەرکامیان شەش ئەسپی سپی ڕایاندەکێشا، یەک لەدوای یەک دەگەیشتنە جێو لەپێش کلیسای نۆتردام ڕادەوەستان.

دوپێریۆ سەرۆکی تەشریفات لە یەکەم کالیسکە دابەزیو ئاجودانەکانیش لە دووەمین کالیسکە هاتنەخوار. پاشان نۆرەی کالیسکەی وەزیران بوو،و پاشتر کالیسکەیەکی بەشکۆ کە پەیکەرەکەی بە مێشەنگوینی زێڕین ڕازابۆوەو تایبەتی شازادە خانمەکانی سەربە بنەماڵەی ئیمپەڕاتۆر بوو گەیشتە جێ. ئەوان هەموو جلوبەرگی سپییان دەبەرداو نیوتاجی گەوهەرنیشانیان لەسەر بوو. ژوولی بەپەلە خۆی گەیاندە منو لەحاڵێکدا بە دەستە سڕەکانی دەستی دەگوشیم هەر بەحاڵەتو ڕاوێژی پڕنیگەرانیی دایکم گوتی:

–خوا بکا هەموو شتێک بە باشی بەڕێوە بچێ.

–وریای نیوتاجەکەت بە ژوولی زۆر لار بۆتەوە.

کالیسکەی ئیمپەڕاتۆر وەک هەتاوێکی پڕشنگدار کە لەپشت هەورانەوە بێتە دەرو تیشک باوێژێ، لە دوورەوە دەرکەوت. ئەوەندە پارچەی زێڕینو بڕونزی لە ڕازاندنەوەی پەیکەرەی ئەم کالیسکەیەدا بەکار برابوو کە بەڕاست وەک خۆر دەدرەوشایەوە. ئەو میداڵە بڕونزییە زێڕکاریکراوانە کە لە جێجێی ئەو قایم کرابوون، هەرکام نیشانی تایبەتیی یەکێک لە ویلایەتەکانی فەڕانسە بوو. لە سەر بانی کالیسکەکە چوار هەڵۆی زێڕین کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لکەزەیتوونیان بەچنگەوە بوو بەرچاو دەکەوتنو باڵە کراوەکانیان وای دەنواند کە دەیانەوێ کالیسکەکەو تاجێکی زێڕین کە لەنێو ئەو چوار هەڵۆیە هەڵکەوتبوو لە بەرزایی ئاسمانانەدا هەڵفڕێنن. هەشت ئەسپی سپی کە سەریان بە پەڕی سپی ڕازابۆوە ئەم کالیسکەیەیان ڕادەکێشا. سەرەنجام کالیسکە لەپێش پلیکانەکانی کلیسای نۆتردام ڕاوەستا.

ناپلیۆن لە گۆشەی ڕاستی کالیسکەکە دانیشتبوو، کاتێک دەرگای کالیسکە کرایەوە، دیتم جلێک لە مەخمەری سوورو شاڵوارێکی گوشادی وەک شاڵواری سواری‌یەی لەبەردایە. گۆرەوی‌یە سپی‌یەکانی ئیمپەڕاتۆر بە گەوهەری گران‌بایی ڕازابوونەوە. بەڵام نەمدەتوانی تێبگەم بۆچی بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمێکی وادا ئەو جلوبەرگە سەیرەی دەبەر کردوە؛ جلوبەرگێکی وەک هی یاریکەرانی ئۆپێرا. لەبن لێوانەوە گوتم بۆچی شاڵواری ئیسپانیۆلی، ناپلیۆنو شاڵواری سوارکاری؟؟؟

شاژن لەلای چەپی عارەبانەکە دانیشتبوو،و لە هەمیشە جوانتر دیار بوو. هەرچەند جوانکاری‌یەکی توندی کردبوو بەڵام بریسکەی شادمانی‌یەکی نائاسایی لە چاوی‌دا دەدرەوشاو ڕیشەی ئەو شادمانی‌یە لە دڵی گەنجو بەکەیفی ئەودا بوو. ئەو ئێستا هاوسەری شەرعیو قانوونیی ئیمپەڕاتۆر بوو، ئەمەش بە کۆتایی ترسە مۆتەئاسایەکەی دادەنرا.

ئەوەی لە هەموو شتێک پتر منی سەرسوڕماو کردبوو، شێوەی جلدەبەرکردنی ژۆزێفو لوویی بوو. ئەو دووە جێیان لە کورسیی پێشەوەی کالیسکەی ئیمپەڕاتۆردا بوو. بە دیتنی جلەکانیان لە کاتی تێپەڕین بەبەر ڕیزی پێشوازی‌کەراندا بەڕاستی سەرم سوڕما. جلێکی سەرتاپا سپی دەگەڵ کەوشی سپی کە بە گوڵی ڕۆز ڕازابوونەوە. شێوەی ڕۆیشتنی ژۆزێف بەو زگە گەورەیەوە منی دەخستەوە یادی ئەسپە دارینەکەی ئۆسکار. بەڵام ڕوخساری لوویی لەونێوەدا زۆر گرژو ناڕازی دیار بوو.

ژووزفینو ناپلیۆن خێرا شنێلەکانی تاج‌لەسەرنانیان بەسەر شانیان دا دا. قورسایی کەواکان بۆ ساتێک بووە هۆی نێوچاوان‌تێکنانی ژووزفین. بەڵام دەسبەجێ ژوولی، ئوورتانس، ئەلیزا، پوولێتو کارۆلین فریای کەوتنو بە هەڵگرتنی کلکەی شنێلەکە ئەویان لەژێر باری فشارەکەی ڕزگار کردو ژووزفین توانی هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناپلیۆنیش لەحاڵێکدا هەوڵی دەدا جووتێک دەستەوانەی زێڕدۆزیکراو بکاتە دەستی بۆ یەکەمجار چاوێکی لە ئێمە کردو هەرلەو حاڵەدا پرسی:

–دەتوانین دەست پێبکەین؟

دوپێریۆ لەپێشەوە نیشانەی تایبەتیی بۆ ئەنجامدانی ڕێوڕەسمەکە دانابوون‌و ئێستا ئێمە هەموومان چاوەڕێی ئەو نیشانانە بووین تا هەریەکە نەخشی خۆمان یاری بکەین. بەڵام دوپێریۆ لەجیاتی ئەوە بەسرتە دەگەڵ ژۆزێف قسەی دەکردو ئەویش بە نێوچاوانێکی گرژەوە شانی هەڵدەتەکاند. لەوکاتەدا ناپلیۆنیش لەپێش ئاوێنە ڕاوەستابوو لەخۆی دەڕوانی. چووکترین جووڵە لە ماسوولکەکانی ڕوخساریدا نەدەبینرا. بەڵام چاوە وێکهاتووەکانی وایان دەنواند کە دەیەوێ لە ڕوانگەی کەسێکی جگە لەخۆیەوە داوەری لەسەر خۆی بکا. ئەو لە ئاوێنەدا پیاوێکی دەستەپیاوی دەدی کە ئێخەی خزی جلەکانی دەگەیشتە بن گوێیانی‌و لەوانە بوو بیری کردبێتەوە... تاجی پادشایەتیی فەڕانسە کەوتۆتە سەر زەوی‌و ئەوەندە بەسە یەکێک ئیرادە بکاو هەڵیگرێتەوە... بەڵێ ناپلیۆن ئەم تاجەی لەسەر زەوی هەڵگرتبۆوە.

بێدەنگی‌و دەستەوستانیی زاڵ بەسەر وێدا منی دەخستەوە یادی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن. چاوم بە ژان باتیست کەوت. ئەویش لەنێو مارشاڵەکانی دیکەدا بوو،و دەبوو باڵنجێک هەڵگرێ کە زنجیری لێژیۆن دۆنۆری لەسەر دەدرەوشایەوە. بەچاکی بۆم دەرکەوتبوو کە ژان باتیست دەفکرەوە چووەو لێوی خوارەوەی بە ددانی گرتوە. بێگومان ئێمەش دەچووین بەدەستی خۆمان کۆمار بنێژین. لە دڵی خۆمدا گوتم؛ باوکە هەستەو ببینە کە ئەتینی کوڕت داوەتنامەی ئەم ڕێوڕەسمەی بەدەستەوەیەو ژوولیی کچت شازادە خانمێکی نیوتاجلەسەرە...

لەم ساتەدا دەنگی ناپلیۆن هەودای فکرەکانمی پساند:

–چاوەڕوانی چشتێکین دوپێریۆ؟

–قوربان فەرمووبووتان بەڕێز خاتووونی دایکتان لەپێشەوەی گرووپەکەوە بڕۆن بەڵام...

لەم لەحزەیەدا لوویی بە ڕاوێژێک کە سەگەتی‌یەکی تایبەتی شەپۆلی تێدا دەدا گوتی:

–دایکم نەهاتۆتە ئێرە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناپلیۆن بە چەند پەیامی بەدوای یەکدا داوای لە دایکی کردبوو بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی تاجلەسەرناندا بێتە پاریسو خاتوو لیزیا سەرەنجام داخوازەکەی ئەوی قبووڵ کردو کوڕە دوورخراوەکەی، لووسینی بۆ بەشداری لەو ڕێوڕەسمەدا بەجێ هێشت.

زۆر بەداخم دوپێریۆ، بەڵام ناتوانین لەمە زیاتر ڕاوەستین. دەبێ بۆ دەستپێکردنی ڕێوڕەسمەکە وەڕێکەوین.

بە بەرزبوونەوەی دەنگی شەیپوورەکان، بەشدارانی ڕێوڕەسمەکەو هاوڕێیانی ناپلیۆن بە هەنگاوی لەسەرەخۆو جلوبەرگی ڕازاوەو زێڕکاریکراوەوە بەرەو نۆتردام ڕۆیشتن. خزمەتکارەکانیش بە جلوبەرگی سەوزەوە بەدوایاندا دەڕۆیشتن. لە دوای ئەم گرووپەوە، دوپێریۆ سەرۆکی تەشریفات دەڕۆیشتو ئەویش هاوسەرانی شازدە مارشاڵی فەڕانسەیی لە ڕیزی دووکەسیدا لەدوو بوون. بە دوای وانیشدا سێروورپەو مۆرا بەتەنیایی دەڕۆیشتن. سێروورپە باڵنجێکی بەدەستەوە بوو کە ئەنگوستیلەی شاژنی لەسەر دانرابوو،و مۆراش تاجی ژووزفینی بەدەستەوە بوو. دواکەسی ئەم گرووپە ئەمن بووم کە دەبوو لە دوای مۆراوە بڕۆم. هەوای دەرەوەی کلیسا زۆر سارد بوو،و چونکە دەمەویست ئەو باڵنجەی دەسرۆکەی دانتێلی لەسەر بوو بەدەستەوە بگرم قامکەکانم خەریک بوو ببنە سەهۆڵ. وەک ئەوە دەچوو کە قوربانییەکم هەڵگرتبێ. لە کاتی تێپەڕین بەپێش حەشیمەتێکدا کە ڕیزی پتەوی سەربازەکان لە ئێمەی جیا دەکردەوە چەند تاکدەنگم گوێ لێبوون کە هاواریان دەکرد:

-بژی بێرنادۆت، بێرنادۆت، بێرنادۆت.

لەم ساتەدا ئەمن چاوم بڕیبووە پشتی جلوبەرگی زێڕدۆزیکراوی مۆرا. ئەوکاتەی باڵنجبەدەست دەچوومە کلیسا، دەنگی ئۆرگو بۆنی عوود هەودای بیرەکانمی پساند.

تەنیا ئەوکاتەی گەیشتینە بەرامبەر کۆڕسی کلیسا، مۆرا ڕاوەستاو لەلایەک هەڵویستا. لەو کاتەدا بوو کە میحرابی کلیساو دوو تەختی زێڕینم دیتن. لەسەر تەختی لای چەپ، پیرەپیاوێکی سپیپۆش وەک پەیکەرێکی بێجووڵە دانیشتبوو؛ پاپ پۆلی حەوتەم کە نزیکەی دووسەعات چاوەڕێی ناپلیۆن بوو.

ئەمن هەنگاوێک ئەولاتر چووم و لە پەنای مۆرا ڕاوەستام. وەختێک چاوم لە دەوروبەرم کرد، ژووزفینم دی کە بەرەو میحراب دەچوو؛ بە چاوێکی ئاوەڵاوە کە فرمێسکی شادیی تێدا دەدرەوشاو زەردەخەنەش لە لێوانی دوور نەدەکەوتەوە. ئەو لەپێش یەکەمین پلیکانی تەختی لای ڕاستی میحراب ڕاوەستا، ئێستا ئەو شازادە خانمانە کە کلکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شنێلەکەی ئەویان بەدەستەوە بوو لە بەرامبەر من ڕاوەستابوون. بۆیە ملم درێژ کرد تا بتوانم هاتنی ناپلیۆن ببینم.

پێش هەمووان کلێرمۆن کە تاجی ئیمپەڕاتۆریی بەدەستەوە بوو هات. دوای ئەو پەرینوون بە وەکازی پادشاییەوەو دواتر لێفۆوێر بە شمشێری شارلمانییەوە، ئەمجا ژان باتیست بە زنجیری لێژیۆن دۆنۆرەوەو پاش ئەویش ئووژەن دو بووئارنە بە ئەڵقەی ئیمپەڕاتۆرەوەو سەرەنجام بێرتیە بە گۆی پادشاییەوەو دوای هەمووانیش تالیڕان وەزیری بەرگری کە بە شەلەشەل سەبەتەیەکی لە داوی زێرینی بەدەستەوە بوو کە تایبەتی شنێلی تایبەتیی ئیمپەڕاتۆر پاش تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە بوو.

زرینگانەوەی ئۆرگەکان گەیشتە لووتکەو سروودی مارسەی‌یەز بە شکۆیەکی زۆرەوە لێدراو دەگەڵ ئەویش ناپلیۆن بە هەنگاوی ئارام بەرەو میحراب ڕۆیشتو ژۆزێفو لوورییش لەو حاڵەدا کلکەی شنێلەکەی ئەویان بەدەستەوە بوو. سەرەنجام ناپلیۆن گەیشتە پەنای ژووزفینو براکانیو مارشاڵەکانیش لە پشتەوەیان بە ڕیز ڕاوەستان. پاپ هەستاو دوعای تایبەتیی خوێند.

بە ئاماژەی دوپێریۆ، کلێرمۆن چووە پێشەوەو تاجەکەی دایە دەستی پاپ. وا دیار بوو تاجەکە زۆر قورسەو دەستە بێهێزەکانی پیرەپیاو توانای ڕاگرتنی ئەویان نیە. لەمکاتەدا لەنەکاو ناپلیۆن بە جووڵەیەکی نەرم شنێلەکەی لەسەر شانی خۆی لابردو براکانی خێرا خڕیان کردەوەو دایانە تالیڕان. دەنگی ئۆرگەکان ڕاوەستا. پاپ بە ڕاوێژێکی لەسەرەخۆ دوعای تاجلەسەرنانی خوێندو پاشان تاجەکەی هەڵێنا تا لەسەر سەری ناپلیۆنی دابنێ کە دەبوو سەری نەوی بکا. بەڵام ناپلیۆن وای نەکردو بەسەرێکی بەرزەوە دەستەکانی بە دەستەوانەی زێڕبافتەوە هەڵێنان، تاجەکەی لە پاپ وەرگرتو لەحزەیەک ئەوی لەسەر سەری خۆی ڕاگرتو دوایە کردیە سەری.

نەک هەرئەمن بەڵکوو هەموومان لەوکارە واقمان وڕما. ناپلیۆن بە لەژێرپێنانی ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنان بۆخۆی تاجی لەسەر خۆی دانابوو.

ئۆرگەکان دووبارە دەستیان بەلێدان کردەوە. لێفۆوێر شمشێری شارلمانیی پێشکێشی ئیمپەڕاتۆر کرد. ژان باتیست زنجیری لێژیۆن دۆنۆری دەستۆی ئەو کرد، بێرتیە گۆی پادشایی وێدایەوە، پێریوون وەکازی شاهانەی دایە دەستیو سەرەنجام تالیڕان شنێلی ئەرغەوانیڕەنگی تاجلەسەرنانی بە شانانیدا داو بەمجۆرە ئیمپەڕاتۆر لە پلیکانەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەخت وەسەر کەوت. ژۆزێفو لوویيش کە هەریەکەی سووچێکی شنێلەکەیان بەدەستەوە بوو کەوتنە ئەملاوئەولای تەختەکەو لێرەدا پاپ بوو کە هاواری کرد:

-بژی ئیمپەڕاتۆر.

جا ئەوجار پاپ لە بەرامبەر ڕوخساری ژووزفیندا نیشانەیەکی خاچی لە هەوادا کێشایەوەو نێوچاوانیی ماچ کرد. لەم کاتەدا مۆرا هاتە پێشەوە هەتا تاجی شاژن بداتە دەستی پاپ، بەڵام لە یەکساتدا ناپلیۆن لە پلیکانەکانی تەخت هاتە خوارو مۆرا کە بەمەی زانی تاجەکەی دایە دەستی ناپلیۆن. ناپلیۆن کە بۆ یەکەمجار لەو ڕۆژەدا بزەی هاتبۆ سەر لێو بەئارامی تاجەکەی لەسەر سەری ژووزفین دانا نەوەکا دەقی قژەکانی بشکێنێ. دوایە ناپلیۆن قۆڵیی گرت تا لە پلیکانەکانی تەخت وەسەر کەوێ بەڵام لەوکاتەدا چی وای نەمابوو بەرەوپشت بکەوێ.

ئەلیزابێت، پوولێتو کارۆلین کە دەیانەویست ڕاست لە دەمەساتی ئەوپەڕی سەرکەوتنی ژووزفیندا سووکایەتیی پێبکەن بە قەستی کلکەی شنێلەکەیان بەرەڵلا کرد تا قورساییەکەی ببێتە هۆی کەوتنی شاژن. بەڵام ژوولیو ئوورتانس بەوپەڕی تواناوە هەرچی لە دەستیان هات کردیان تا بتوانن تەواوی قورسایی شنێلەکە هەڵبگرنو بەمجۆرە پێشیان بە کەوتنی ژووزفین گرت. بەو شێوەیە ژووزفین لە یەکەم هەنگاوو یەکەم پلیکانی تەختی پادشایەتی هەڵنەخلیسکاو تەنیا کەمێک لاقی خزی.

ئەو کچە سەربەمۆرانە کە دوپێریۆ لەنێو بنەماڵە بژاردەو گەورەکانی فەڕانسەدا هەڵیبژاردبوون، مۆمبەدەست بەرەو میحراب دەڕێەشتنو لەوکاتەدا پاپو هاوڕێیەکانیشی چوونە ژووری تایبەتیی خۆیان لەپشتی میحراب.

ناپلیۆن بە ڕوویەکی ئارام کە هیچ حاڵەتێکی تایبەتیی لێنەدەخوێندرایەوە، لە تەنیشت ژووزفینێ لەسەر تەخت دانیشتبوو. ئەمن کە جێم لەڕیزی پێشەوەو لەنێوان مۆراو تالیران بوو هەولّم دا بەوردی بیروبۆچوونێک لە ڕوخساریدا وەخوێنم کە لەو هەلومەرجەدا مێشکی وی پڕ کردبوو.

نەمدەتوانی چاوی لێ وەرگێڕم، دیتم ماسوولکەیەکی قەراغی لێوی خڕبۆوەو بەدوای ئەوەدا بێئەوەی دەم بکاتەوە باوێشکێکی تێپەڕاندو لەنەکاو چاوە نیوە قونجاوەکانی هەڵێنانو دووەمین پێکەنینی ئەو ڕۆژە لەسەر لێوانی پشکووت. ئەم بزەیە وەک بزەکەی پێشووی تێکەڵ بە خۆشەویستی نەبوو، بەڵکوو بە بزەیەکی دۆستانە دەژمێردرا. بزەیەک وەک ئەو بزە شیرنانە کە لە مارسەیو لە کاتی پێشبڕکە بۆ گەیشتن بە میلەکاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنیشتنە سەر لێوانی، بەتایبەتی ئەوکاتە کە بەقەستی ڕێگەی دەدا ئەمن پێشبڕکەکە بەرمەوە. ئەو ڕوانینە وەک شتێک بەمنی دەگوت؛ چما بەتۆم نەگوتبوو کە وا دەبیّ، هەر ئەوکاتە کە دەتەویست بە کشانەوە لە سوپا بمکەیە بازرگانی ئاوریشم.

هەروا کە تەماشای یەکترمان دەکرد، ئەو لەسەر تەختو لەحاڵێکدا یەخەی چەرمیی جلی تاج لەسەرنان هەتا بن گوێی هاتبوو،و تاجی پادشایەتی قورسایی دەخستە سەر سەری هێشتا لەبەر چاوم هەر ئەوەکەی جاران بوو. بەڵام لەنەکاو بیرەوەریی دووک دێلکن، لووسین، مۆراو ئەوانی دیکە مێشکمی پڕ کرد. چاوم لەوو تەختی پادشایەتییەکەی وەرگێراو تەماشام نەکرد تا کاتێک کە سەرۆکی سەنا دەستی بە وتاردان کرد.

ئەو بەرامبەر بە ناپلیۆن ڕاوەستابوو لە دەستێکیدا ئینجیلو لە دەستەکەی دیکەیدا تۆمارێک هەبوو. ئەو یەک بەیەک وشەکانی سوێندنامەکەی دەخوێندنەوەو ئیمپەڕاتۆر دووپاتەی دەکردنەوە. دەنگی بە زرینگانەوەیەکی تایبەتی لە بێدەنگیی کلیسادا دەنگی دەدایەوە. ئەو سوێندی دەخوارد کە ئازادییە تاکەکەسیو مەزهەبیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بپارێزیّو ڕێزیان لیّبگریّ،

لە کۆتاییدا، دەستەی مەزهەبی بۆ بەڕیّکردنی ئیمپەڕاتۆرو شاژن گەڕانەوە ویّو ئەوانیان تا بەر دەرگای کلیسا بەڕیّ کرد. وەختی ڕۆینی ئیمپەڕاتۆرو دەستەی بەڕێکەران بۆ دەرکی کلیسا، تاوێک کاردیناڵ فێش کەوتە پەنای ناپلیۆن. ناپلیۆن بە پێکەنینەوە بە وەکازی پادشایەتی زەبرێکی سووکی لە خاڵی داو کاردیناڵ بەو کارە هەڵسەنگاوەی نێوچاوانی تێکناو شوێنەواری نیگەرانیی لیّوەدەر کەوت، بەڵام ناپلیۆن شانی هەڵتەکاندو ڕووی لیّوەرگێڕا. هەر لەوکاتەدا ژۆزێف کە هێشتا کلکەی شنێلەکەی ناپلیۆنی بەدەستەوە بوو پێیگوت:

–ئەگەر بابمان لێرە بایە بەدیتنی ئەم دیمەنە چیی دەگوت؟

هەروەک وەختی هاتنیّ ئەمجاریش لە دوای مۆراوە دەڕۆیشتمو هەرلەو حاڵەدا هەوڵم دەدا لە نێو میوانەکاندا مێزەری سەوزی وەزیر موختاری عوسمانی وەبینمو لەنزیک ویش ئەتینی برام. سەرەنجام هەوڵەکەم بەئاکام گەیشتو دیتم کە لەخۆشییان زاری پیّداپچڕابوو،و بە نیگایەکی پەسنبێژانە چاوی لە ناپلیۆن دەکرد.

***

ئەوشەوە کاتێک ئۆسکارم لە جێیەکەیدا دەخەواند، لیّیپرسیم:

–دایە، ئیمپەڕاتۆر شەویّ وەختی نووستنیش تاجی لەسەرە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-نا ئازیزم.

-ڕەنگە زۆر قورس بێ. نا؟

بێگومان، ئۆسکاری مێرمندال تاجی ئیمپەڕاتۆری دەگەڵ کڵاوە پێستە ورچەکەی خۆی بەراورد دەکرد. ئەم کڵاوە ماوەیەک پێشتر ژوولی بەدیاری پێی دابوو.

پرسیاری مندالانەی ئۆسکار دەگەڵ ئەوەی لە مێشکمدا بوو تێکەڵ بوو،و پێکەنینی هینامێ.

وەڵامم دایەوە:

-نا ئازیزەکەم، نا. تاجی ئیمپەڕاتۆری بۆ ناپلیۆن قورس نیە، لەوانەیە...

-دایە، ماری دەڵێ زۆر لەو کەسانەی هاواریان دەکرد بژی ئیمپەڕاتۆر پارەیان وەرگرتبوو کە ئەو هەڵڵایە وەڕێ بخەن، بەفکری تۆ قسەی ماری ڕاستە؟

-نازانم کوڕم بەڵام باشترە ئەتۆ ئیدی ئەم قسانە دووپاتە نەکەیەوە.

-بۆچی؟

تاوێک تێمامو لێوم بە ددانم گرت. لەلایەک دەمەویست مەترسیداربوونی ئەم قسانەی تێبگەیەنمو وشیاری بکەمەوە کە هەرگیز ئەم جۆرە قسانەی بەزماندا نەیەن، لەلایەکی دیکەش هەستم دەکرد ئەگەر ئەم منداڵە نەتوانێ پرسیارەکانی نێو مێشکی بێنێتە سەر زمانو هەرنەبێ لە دایکی بپرسێ ئەودەم چدەبێ. بەڵام ڕاستیەکە ئەوە بوو کە سەرۆکی پۆلیسی ناپلیۆن مافی ژیانی بەو کەسانە نەدەدا کە پێیان وا بوو هەرچی بە مێشکیاندا دێ بۆ گوتن دەبێو دەیانگوت؛ لانی کەم مافی ژیان لە پاریسی پێڕەوا نەدەدیتن. هێشتا کاتێکی زۆر بەسەر دوورخرانەوەی "خاتوو دوئیستال" نووسەری لێوەشاوەو نزیکترین دۆستی "ژوولیەت ڕووکامیە"دا تێنەپەڕیبوو.

ماچێکی میهرەبانانەی نێوچاوانی کوڕەکەمم کردو بە ڕاوێژێکی وەک دەردی دڵ گوتم:

-کوڕم لەبیرت بێ کە باپیری تۆ کۆمارخوازێکی تەواو بوو.

-بەڵام ئەمن پێم وابوو باپیرم بازرگانی ئاوریشم بووە.

دوو سەعات دوای ئەم وتووێژە بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا سەمای والسم دەکرد، ئەویش لە میوانداریەکی زۆر بەشکۆدا کە ژۆزێفی مێردی خوشکم ڕێکی خستبوو،و تەواوی شازادە خاریجیەکانو نوێنەرە سیاسیەکانی دانیشتووی پاریسی بانگهێشتن کردبوون. داوەتکراوەکانی دیکەی ئەم میوانداریە مارشاڵەکان بوونو ئەتینیش وەک ژنبرای ژۆزێف.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماری ئانتوانت لە ڕابردوودا هەوڵی دابوو والسەکانی ڤییەن لە مارسەی بکاتە باو، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم لە بژاردەکانی کۆمەڵی ئەو ڕۆژە کە هاتوچووی کۆشکی شاهانەیان دەکرد ئەو سەمایە فێر بوون. لە جەنگەی شۆڕشو یەکەمین ساڵەکانی دوایەدا، هەرچی ئەو ژنە ئوتریشییەو ئوتریشی وەبیر هێنابایەوە قاچاغ بوو بەڵام ئێستا ئەو هەڵپەڕینە جوانو بەئاهەنگە، جارێکی دیکە ڕێگای خۆی بۆ مەجلیسەکانی پاریس کردبۆوە. ئەم سەمایەو شێوەی پێهەڵێنانەوە لەکاتی سەمادا لە مۆنتێل فێر ببووم بەڵام ئێستا خۆم بە بێتوانا هەست پێدەکرد. ژان باتیست کە کاتی باڵیۆزبوونی لە ڤییەن زۆرتر دەگەڵ ئەو سەمایە ئاشنا ببوو منی دەگەڵ شێوەی هەڵپەڕینەکە ئاشنا کرد. ئەو لەحاڵێکدا دەگەڵ من هەڵدەپەڕی هەر بەهەوای سەربازی یەک، دوو، سێی دەژمارد. یەکەم هەنگاوەکانی منیش بەڕاستی سەربازیو بێڕووح بوون بەڵام کەمکەم ئارامیو نەرمیی جووڵەکانی خۆمم وەرگرتنەوەو دەستمان بە خولانەوە بەو ساڵۆنە بەشکۆیەدا کرد. ساڵۆنی لووکزامبوورگ لەو شەوەدا نوقمی ڕووناکی بوو هەروا کە دەگەڵ مێردەکەم بە دەوری ساڵۆنی سەمادا دەخولاینەوە بێئەوەی ژماردنی جاربەجاری یەک، دوو، سێی لەبیر بچێتەوە بەسرتە گوتی:

–ئەمڕۆ چاوم لە نیگا پڕماناکانی ئیمپەڕاتۆر لە تۆ بوو.

–بەڵام لە ڕەفتاریدا شوێنەوارێک لە هەستوسۆز نەدەبینرا.

–لەچبارێکەوە؟ سەرنجدان بە تۆ؟

–لێت تێک نەچێ، مەبەستم ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانە.

–وریای ڕیتمی هەنگاوەکانت بە کچی چاک!

–بەڵام ڕێوڕەسمێکی وا بەڕاستی دەبێ دڵی پیاوێک بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

–بۆ ناپلیۆن ئەم ڕێوڕەسمە تەنیا ڕواڵەتبازییەکی تەشریفاتی بوو. ئەو بۆخۆی تاجی لەسەر خۆی ناو سوێندی وەفاداریی خوارد... یەک، دوو، سێ.

لەم کاتەدا هاوارێک بەرگوێ کەوت؛ سڵاو لە ئیمپەڕاتۆر. بەدوای ئەم دەنگەدا، زرینگەی لێکدرانی پیاڵە بلوورییەکان هاتە بەر گوێو ژان باتیست گوتی:

–پێم وایە دەنگی ئەتینی برات بوو.

–باشترە درێژە بە سەماکەمان بدەین... یەک...

گەرمای هەناسەکانیم لەسەر قژەکانم هەست پێدەکردو وام هەست دەکرد کە هەموو ئەو جێمۆمە بلوورییانە بە ڕەنگدانەوەی هەزار ڕەنگیان بەدەوری سەرمدا دەسووڕێن،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوانەشە هەموو ساڵۆنەکە بە هەموو ئەو شتانەوە کە تێیدا بوون کەوتبنە خولدان. دەنگی ئامادەبووانی نێو ساڵۆن وەک هەنگامەیەک دەچوو کە لە دوورەوە بێتە بەر گوێم.

لە هاتنەوەی ماڵیدا، بە کالیسکە بەپێش تویلریدا ڕابردین. بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆژە تویلری شۆقباران کرابوو، خزمەتکارانو دەرکەوانان بەو مەشخەڵانەوە کە شۆقە سوورەکەیان تاریکایی شەق دەکرد خەریکی نیگابانی بوون. وەک دەیانگوت ئەو شەوە ژووزفینو ناپلیۆن شێویان پێکەوە خواردبوو،و ژووزفین کە خۆی بە تاجەوە زۆر پێجوانتر بوو تەنانەت وەختی شێوخواردنیش ئەوی هەر لەسەر ببوو. پاش شێوخواردن ناپلیۆن چۆتە ژوورەکەی خۆیو نەخشەکانی ئیمپەڕاتۆریی لەپێش خۆی لێک کردوونەوە. ژان باتیست کە ئەم قسانەی بۆمن باس دەکردن پێیگوتم ئەو لەفکری شەڕێکی دیکەدایە.

بەفر دەستی کردبوو بە بارینو زۆر لە مەشخەڵەکان خەریک بوو دەکووژانەوە.

***

٢١

**پاریس. دوو حەوتوو پاش تاجلەسەرنان**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند ڕۆژ لەمەوبەر ئیمپەڕاتۆر نیشانی هەڵۆی زێڕینی بە یەکە سەربازی‌یەکان بەخشی. ئەوڕۆژە ئێمە هەموومان دەبوو لە ئۆردووگای مارس ئامادە بین. لەو ڕۆژەدا ناپلیۆن بە تاجو شنێلی تاج‌لەسەرنانەوە هاتبووە ڕێوڕەسمەکە. لەسەر داری ئاڵای هەر یەکەیەک، هەڵۆیەکی زێڕین دانرابوو،و ئاڵای سێ‌ڕەنگ لەژێر باڵی کراوەی هەڵۆی زێڕین‌دا دەشەکایەوە. ئیمپەڕاتۆر لەحاڵێک‌دا مزگێنیی هێندێ سەرکەوتنی تازەی بە سەربازەکان دەدا ڕووی تێ‌کردن‌و گوتی:

–ئەم هەڵۆیانە هەرگیز نابێ بکەونە دەستی دوژمنانمان.

ئێمە چەند سەعات لە شوێنی تایبەت ڕاوەستاین‌و تەماشای ڕێژەی یەکە سەربازی‌یەکانمان کرد. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا ئەتینیش لە پەنامان بوو،و هاوارە شادمانانەو پڕلە هەژانەکانی گوێی منیان کەڕ کردبوو. دیسان بەفربارین دەستی پێ‌کردەوە، ڕێوڕەسمی ڕێژەش تەواوبوونی نەدەناسی‌و کەم‌کەم لاقمان تەڕ دەبوون. لەوکاتەدا دەرفەتی تەواوم هەبوو کە بیر لە چەندوچۆنی جێژنی مارشاڵەکان بکەمەوە.

سەرۆکی تەشریفات پێشنیاری بە مارشاڵەکان کردوە بە شانازیی ئیمپەڕاتۆر جێژنێک ساز بکەن. بۆ ئەم جێژنەش کە بێ‌گومان دەبێ بەشکۆترین جێژن بێ هەر شوێنی ئۆپێرای پاریس لەبەر چاو گیرابوو.

هاوسەرانی مارشاڵەکان لە چەند کۆبوونەوەدا بەناوی میوانەکان‌دا چوونەوە نەوەکا ناوێک لەبیر چووبێ‌و دڵئێشانی لێ‌پەیدا بێ. بەڕێز مۆنتێل چۆنیەتیی پێک‌هێنانی ئەو ڕێوڕەسمە، پێشوازی لە ئیمپەڕاتۆرو شاژن‌و ڕێنوێنی‌و هاوڕێیەتیی وان هەتا ساڵۆنی جێژنی فێر کردبووین. بەڕێز دوپێریۆ گوتی ئیمپەڕاتۆر قۆڵ‌بەقۆڵی هاوسەری یەکێک لە مارشاڵەکان دەڕواو یەکێک لە مارشاڵەکانیش تا نزیک تەخت دەگەڵ شاژن دەچێ. چەند سەعات باس لەسەر ئەوە بوو کە کام مارشاڵ‌و کام ژنەمارشاڵ شیاوی ئەو شانازی‌یەن. سەرەنجام ژەنراڵ مۆرا کە هاوسەری یەکێک لە شازادە خانمەکانی سەر بە بنەماڵەی پادشایەتی بوو بۆ هاوڕێیەتیی ئیمپەڕاتریس دیاری کرا، بەڵام لە بارەی ئەو خانمەوە کە هاوڕێیەتیی ئیمپەڕاتۆری دەکرد لەنێوان من کە خوشکی شازادە ژوولی بووم‌و خاتوو بێرتیە کە بە هاوسەری کۆنترین مارشاڵی فەڕانسە دەژمێردرا ناکۆکیی بیروڕا هەبوو، تا سەرەنجام ئەمن توانیم ئەوانی دیکە قانیع بکەم کە خاتوو بێرتیە شیاوترین خانم بۆ ئەنجامی ئەو کارەیە. ئەمن بەڕاستی بەڕاستی لە ناپلیۆن قەڵس بووم چونکە تائێستا ژان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باتیستی لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتبوو،و بەڵێنەکەی خۆی لەبارەی دانی فەرماندەریی ناوچەیەکی سەربەخۆو دوور لەپاریس بەو، بەجێ نەهێنا بوو.

پاشنیوەڕۆی شەوی جێژن بە پێچەوانەی چاوڕوانیی من، پوولێت دەگەڵ ویڵۆنژەنێکی ئیتالیاییو ئەفسەرێکی سوارەنیزام هاتنە سەردانم. ئەو، دووکەسەکەی لە سالۆنێ لەسەر مۆبلێک دانیشاندو دەگەڵ من هاتە ژوورەکەی خۆم لە نهۆمی سەرێو لێی پرسیم:

–بە باوەڕی تۆ لەم دووانە کامیان شێتوشەیدای منن؟

کڵاوێکی مەخمەری ڕەشی چکۆڵە بەشێک لە قژە زەردەکانیی داپۆشیبوو، جووتێک گوارەی گرانبایی کە ڕەنگە لە جەواهێراتی بنەماڵەیی خانەدانی گەورە بێ گوێکانیی ڕازاندبۆوە. پشتێنێکی مەخمەری سەوزی کاڵی لەپشت بەستبوو، چاکەتێکی مەخمەری ڕەشی دەبەردا بوو. برۆکانی وەک تەمەنی پازدەساڵی ڕەش بوون بەو جیاوازییەوە کە ئەمجارە لەجیاتی خەڵووزی ئاشپەزخانەی دایکی بە قەڵەمدار برۆیەکی باریکی ساز کردبوو. چواردەوری چاوە درەوشاوەکانی کە هەمیشە چاوەکانی ناپلیۆنیان وەبیر من دێنایەوە بە خەرمانەیەک سێبەر دەورە درابوون. چونکە ئەمن هیچم نەگوت، ئەو دووبارە پرسی:

–باشە، کام لەم دووانە، ها؟

ئەمن نەمدەتوانی گومانێک بکەمو وەڵامێک بدەمەوە. بۆیە ئەو لەحاڵێکدا دەهاتە پێش مێزی خۆجوانکردنی من هاواری کرد:

–هەردووکیان.

ئەو دوایە لەحاڵێکدا چاوی لە قوتووە جەواهێراتە زێڕینەکە دەکرد کە هێشتا هەر لەسەر مێزەکە بوو پرسی:

–کام مرۆڤی کەمسەلیقە ئەم قوتووە جەواهێراتەی بەم هەلۆ شاهانەیە ڕازاندۆتەوەو بەدیاری داویە بەتۆ؟

–ئەمەیان دەبێ بۆخۆت بزانی.

پرسیاری من هەستی کونپشکنیی وی پتر جووڵاندبوو، تاوێک هەناسەی لەسنگیدا ڕاگرتو لەنەکاو گوتی:

–چی... بڵێ بزانم... ئەمە...؟

بێئەوەی چووکترین ئاڵوگۆڕ لە ڕوخسارمدا دەرکەوێ، گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەمن بۆ ئەم دیاری‌یە زۆر سوپاسی ئیمپەڕاتۆر دەکەم.

پوولێت لە ڕووی سەرسوڕمانەوە فیتوویەکی کورتی لێداو گوتی:

–ئای، ئەو ئێستا دەگەڵ یەکێک لە نەدیمەکانی ژووزفین بەناوی خانمی دوشانتێل سەروکاری پەیدا کردوە، خانمە چاوگەورەو کەپۆڕاکشاوەکە.

ئەمن لەشەرمان سوور هەڵگەڕابووم. لەوە زیاتر دەرفەتم پێنەداو گوتم:

–ناپلیۆن لە ڕۆژی تاجلەسەرنانی خۆیدا تەنیا قەرزی منی داوەتەوە کە پێوەندیی بە ڕۆژگاری ڕابردوو لە مارسەیەوە هەیە. ئەوەندەو بەس.

پوولێت دەستەکانیی کە ئەڵماسەکانی خانەدانی بوورگزیان لەسەر دەدرەوشایەوە بۆ لای من درێژ کردو گوتی:

–ئەمن مەبەستێکی خەراپم نەبوو، خانمە چکۆڵە... خوا دەزانێ کە...

ئەو دوایە بێدەنگ بوو، وا دیار بوو بیر لە شتێک دەکاتەوە. سەرەنجام سەری هەڵبڕی‌و گوتی:

–ئەمن هاتبووم لەبارەی دایکمەوە قسەت لەگەڵ بکەم. ئەو دوێنێ بە نهێنی هاتۆتە پاریس‌و تەنانەت فووشێش پێی نەزانیوە. ئەو ئێستا لەکن منەو ئەتۆ دەبێ کۆمەگی بکەی.

بێئەوەی لە مەبەستەکەی حاڵی بم پرسیم:

–کۆمەگ؟ بەکێ؟

–بە هەردووکیان، بە ناپلیۆن‌و بە دایکم. زۆر نیگەرانم. ناپلیۆن داوای کردوە دایکم بەڕەسمی بچێتە تویلری‌و لەوێ چاوەڕوان بێ تا ئەو بەڕەسمی دایکی وەربگرێ. بیری لێبکەوە. دایکم بە درێژایی ڕێوڕەسمی میوانداری‌یەکە لە سالۆنی ئۆپێرا، دەبێ لەوێ چاوەڕوان بێ.

زۆرم هەوڵ دا ڕوخساری خاتوو لیزیا ئەوکاتەی لە کۆشک چاوەڕوانی ناپلیۆنە بێنمە بەر چاوم بەڵام پوولێت درێژەی پێ دا:

–دەزانی کە ناپلیۆن لە درەنگ‌هاتنی دایکم زۆر قەڵسەو دەزانێ ئەو بەقەستی وەڕێکەوتنی خۆی جۆرێک ڕێکخستوە کە بە درەنگەوە بگاتە ئێرەو لە ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانەکەدا ئامادە نەبێ. ئەو لەوە ناڕەحەتە کە دایکم نەیەویست سەرکەوتنی وی ببینێ. لە ناخی دڵەوە حەز دەکا دایکی ببینێ،و ئەتۆ ئووژنی، دێزیرەو خانمی مارشاڵ، ئەتۆ دەتوانی ئەم چاوپێکەوتنە ڕێکبخەی، بەجۆرێک وا بنوێنێ بەڕێکەوت یەکتریان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیتوه،و پاشانیش بەجێیان بێلی. لەوحاڵەدا ئیدی پێویست بە ئەنجامی تەشریفاتی ڕەسمی ناکا. ئەتۆ ئەم کاره دەکەی؟

لەحاڵێکدا لە ڕقان خەریک بوو بتەقم هاوارم کرد:

–بەڕاستی ئێوه بنەماڵەیەکی سامناکن.

بەڵام پوولێت چووکترین دژکردەوەی لەخۆی نیشان نەدا.

–ئەتۆ بنەماڵەی ئێمەت هەمیشه لە خەڵکی دیکه باشتر ناسیوەو ڕەنگه ئاگادار بی کە لەنێو خوشکو براکانمدا، تەنیا ئەمن بەڕاستی ئەوم خۆش دەوێ.

لەنەکاو ئەو ڕۆژەم بیر کەوتەوه کە تەنیا پوولێت دەگەڵم هاتە بارەگای فەرمانداری سەربازیی مارسەی‌و وەڵامم دایەوە:

–بەڵێ دەزانم.

دوایە پوولێت لەحاڵێکدا خەریکی بریقاندنەوەی نینۆکەکانی بوو گوتی:

–بەڵام ئەوانی دیکه هەر لەفکری سوودوەرگرتن لە سەرکەوتنی ئەودان. بەتایبەتی ئێستا کە ئیدی باسی وەلیعادیی ژۆزێفیش لەگۆڕێدا نەماوە چونکە ناپلیۆن لوویی‌و ئوورتانس دو بووئارنەی کردۆتە منداڵی خۆی. ژووزفینیش ڕۆژو شەو ناپلیۆن هان دەدا تا نەوە گەورەکەی وی بکاتە وەلیعادی خۆی. لە هەمووی خەراپتر ئەوەیە کە دەیەوێ پێی‌بسەلمێنێ کە ناپلیۆن بۆخۆی منداڵی نابن. دەمەوێ لەتۆ بپرسم...

بێ‌ئەوەی دەرفەتی درێژەدانی قسەکەی پێ بدەم، گوتم:

–ئەمن لە میوانداریی مارشاڵەکاندا وا دەکەم ئەو دووانە یەکتر ببینن‌و چۆنیەتیی کارەکەشت بە ماری‌دا بۆ ڕادەسپێرم. تەنیا کاری تۆ ئەوەیە وریا بی دایکت بچێتە ئەو لۆژە کە ئەمن دیاریی دەکەم.

–ئووژنی بەڕاستی زۆر باش‌و میهرەبانی. ئێستا دڵم حەسایەوە.

لەم کاتەدا پوولێت قامکی بە لێوی بەستە ڕۆژەکەی مندا هێناو هێندێکی لێ دە لێوی سەرەوەی داو پاشان لێوی لەسەر یەک داگرتن تا لێوی خوارەوەشی ڕەنگ وەرگرێ‌و گوتی:

–ماوەیەک پێش ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی هێندێ شتی دزێوو ناخۆشی لەبارەی منەوە بڵاو کردۆتەوەو بەرناوی "ناپلیۆنی ئەوین"ی بۆ بەکار هێناوم. هەر ئەو دۆستە وێڵۆنژەنه کە بینیت بابەتەکەی بۆ وەرگێڕام. دوایە لەحاڵێکدا زەردەیەک نیشتبووە سەر لێوانی لێی زیاد کرد؛ ئەمن‌و ئەو دوو شێوه ڕەفتاری تەواو جیاوازمان هەیە. ئەو هەمیشە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێرشەکانیدا دەیباتەوەو ئەمن هەمیشە لە بەرگری لەخۆمدا دەیدۆڕێنم. بەڕاست نازانم بۆچی ئەو هەمیشە کەسانێک وەک هاوسەری من دیاری دەکا کە ناتوانم خۆشم بوێن. یەکەمیان لیکلێرکو دوایەش بوورگز. بێگومان خوشکەکانم لەو بارەیەوە لەمن خۆشبەختترن. ئەوان هەردووکیان خوازیارو شەیدای ناوبانگن، کاتی خۆیان سەرفی هاتوچووی خەڵکی ناسراو دەکەنو دەرفەتیان بۆ بیرکردنەوەو گوێگرتن لە قسەی خەڵک نیە. ئەلیزا ئێستاش ناتوانێ ژێرزەمینەکەی مارسەی لەبیر خۆی بەرێتەوەو بەجۆرێک تووشی مۆتە بووە کە ئێستاش دەترسێ ڕۆژێک تووشی دەستەنگی بێتو چەندی بتوانێ پارە پاشەکەوت دەکا. کارۆلینیش کە لەبەر منداڵی شتێکی لەو ڕۆژانە لەبیر نیە بۆئەوەی نیوتاجێکی گەوهەرنیشانی هەبێ حازرە هەموو کارێک بکا. بەڵام ئەمن...

–بێگومان ئەو دوو نەجیبزادەیە ئێستاش لەخوارێ چاوەڕێن.

پوولێت بە بیستنی ئەم وشیارکردنەوەیەی من خێرا هەستاو گوتی:

–قسەی تۆیە. دەبێ زووتر بڕۆم. کەوایە بۆ ناردنی دایکم بۆ ئۆپێرا چاوەڕێی پەیامی تۆ دەبم.

–زۆر باشە!

هەر لەوکاتەدا بۆخۆم بیرم دەکردەوە ئەگەر ڕۆژێک ئەم ئۆسکارە چووکەڵەیەش چاوەڕوانیی ڕێزگرتنی دەرباریی لەمن هەبێ، چدەکەم؟

***

بۆ پێشەوە ڕۆڵەکانی نیشتمان بۆ پێشەوە

ئێستا وەختی سەرکەوتنو شانازییە

دەنگی وێڵۆنەکە کەوتە ژێر کاریگەریی زرینگەی پڕلێدانی مارشی مارسەییەز، کە بە ئامێرگەلی مۆسیقای بایی لێدەدرا. ئەمنیش بە ئارامیو لەحاڵێکدا قۆڵی ژان باتیستم گرتبوو لەپلێکانەکان چوومە خوار تا لە نهۆمی خوارێ دەگەڵ پێشوازیکەرانی ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە کەوم. ئەو دەهات میوانی مارشاڵەکانی خۆی بێ.

چەک هەڵگرە هاونیشتمان

ئێستا ڕیزەکان ڕێکخە

ئەمە سروودی مارسەییەز بوو. سروودی ڕۆژگاری گەنجیم. ئەو ڕۆژە بەجلی خەوەوە لە هەیوانی خانووە سپییەکەمان ڕاوەستابوومو گوڵی سوورم بۆ سەربازانی نیشتمانم، بۆ داوخوازانی وەک فڕانشۆنی بەرگدروو، کوڕە شەلەکەی پینەچییەکەمانو بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

برایانی لێوی داویشت کە بە ڕازاوەترین جلەکانیانەوە ڕێگای پاراستنی وڵاتی خۆیان گرتبووە بەر. هەموو هاونیشتمانان دەچوون لە بەرامبەر هەموو دنیادا پارێزگاری لە کۆمارەکەیان بکەن، کۆمارێک کە ئەوەندەی پارە نەبوو بەرگو پێڵاو بۆ سەربازەکانی بکڕێ.

خشەی لەکالانڕاکێشانی شمشێرەکانو بەدوای ویشدا دەنگی ڕێکخشانی کراسە هەریرەکانی خانمان هاتە بەرگوێ، ئێمە هەموومان بە نیشانەی ڕێزدانان دوولا هاتینەوەو ناپلیۆن لە بەرامبەرمان دەرکەوت. ئەودەم کە بۆ یەکەمجار ناپلیۆنم دی، سەرم سوڕمابوو کە چۆن سوپا ئەفسەری ئەوەندە کورتەباڵای وەرگرتوە. ئێستا کورتیی باڵای لەوکاتی زیاتر لەچاو دەدا چونکە چواردەوری بەو ئاجودانانە گیرابوو کە لەنێو کەڵەگەتترین ئەفسەرانی سوپادا هەڵبژێردرابوونو ناپلیۆن بە جلی سەرهەنگییەوە لەنێویاندا دەڕۆیشت.

لەمکاتەدا ژووزفین قۆڵی ناپلیۆنی بەرداو سەری ڕازاوە بە نیوتاجی ئەڵماسنیشانی خۆی بە نیشانەی سڵاو لەقاند. دوایە ژەنراڵ مۆرا قۆڵی خۆی بۆ ڕاداشت.

ناپلیۆنیش ئەحواڵپرسییەکی کورتی دەگەڵ خاتوو بێرتیە کردو بێئەوەی مۆڵەتی وەڵامدانەوەی پێبدا ڕووی بۆ لای ژنە مارشاڵەکانی دیکە وەرگێڕاو گوتی:

–بە دیداری ئێوە خانمەکان خۆشحاڵم.

پاشان ڕووی کردە خانمێکی دیکەو لەحاڵێکدا خۆشحاڵیی لە دیتنی دەردەبڕی گوتی:

–ئەتۆ دەبێ هەمیشە جلی سەوزی نیلی دەبەر بکەی کە زۆرت لێدەکاڵێتەوە، هەرچەند ڕووباری نیل بەڕاستی ڕەنگسەوز نیەو مەیلەوزەردە. زەردێکی لیخن... ڕەنگێک کە هەمیشە لەبیرم دەمێنێ.

خانمی بەردەنگی بە ڕوخسارێکی سوورهەڵگەڕاوەوە وەڵامی دایەوە:

مەرحەمەتی خاوەنشکۆ ئیمپەڕاتۆرە.

دوودڵ بووم کە داخوا هەموو پادشایان ئاوا بەپەلەو بە ڕستەی کورتکورتو پچڕپچڕ قسە دەکەن. یان ئەم جۆرە قسەکردنە لەو خەیاڵەڕا دێ کە شاکان ئاوا دەگەڵ ژێردەستانی خۆیان دەدوێن.

لەم کاتەدا ژووزفینیش بە بزەیەکی ناسکو هونەرمەندانەوە ڕووی کردە هاوسەرانی مارشاڵەکان:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–حاڵوباڵت چۆنه؟ کۆخەڕەشەی کچه چکۆڵەکەتان باش بووه؟ بەبیستنی خەبەری نەخۆشییەکەی نیگەرانو خەمبار بووم.

ئەم دواندنە وا بوو کە هەرکام لە ژنە مارشاڵەکان پێی وابوو ئیمپەڕاتریس تامەزرۆی دیتنیان بووه. بە دوای ژووزفین دا شازاده خانمەکان گەیشتنێ، ئەلیزاو کارۆلین به نێوچاوانێکی گرژو چاوێکی پڕ له بریسکەی تووڕەییەوه. پوولێت وا دیار بوو کەمێک زیادی خواردۆتەوه، بەڵام ئوورتانس نەختێک تووڕه دیار بوو هەرچەند هەوڵی دەدا ڕواڵەتی ڕوخساریو ڕەفتاری میهرەبانانه بێ. لەونێوەدا خوشکم ژوولی دەگەڵ شەرمێونیی خۆی لەکێشەدا بوو.

پاشان ژووزفینو مۆرا به هەنگاوی ئارام سالۆنەکەیان بڕیو ناپلیۆنیش قۆڵدەقۆڵی خانم بێرتیەدا وەدوایان کەوتنو ئێمەش بەدوای واندا ڕۆیشتین. دەنگی خشەخشی هەزاران کراسی هەریری ئەو ژنانه که بەرامبەریان دوولا دەهاتنەوه، دەهاته بەرگوێ. ژووزفین بۆ بەخێرهێنانی کورتکورتی میوانەکان جاروبار ڕادەوەستاو ڕووی قسەی ناپلیۆن پتر له پیاوان بوو؛ کۆمەڵێکی زۆر لەو ئەفسەرانەی لە هەمووولایەکی وڵاتەوه بە نوێنەرایەتیی یەکەکانی خۆیان بانگهێشتن کرابوون، ناپلیۆن وەزعی هێزەکانی لێ دەپرسینو وای نیشان دەدا که ئاگای له وردترین کاروباری ئەو یەکانه هەیە. لەونێوەدا ئەمنیش له فکری ئەوەدا بووم که چۆن بتوانم بیکێشمه لۆژی ژماره حەڤده. هاتمه سەر ئەوه کەمێک ڕاوەستم تا چەند پەرداخێک بخواتەوه که ئەوکات دەمتوانی...

ئێستا سینییەکان پڕ له پەرداخی خواردنەوه دەستیان بە سووڕان کردبوو، بەڵام ناپلیۆن نەیخواردەوەو لە تەنیشت کورسییە تایبەتەکەی خۆی ڕاوەستابوو دەگەڵ تالیڕانو ژۆزیف سەرگەرمی قسەکردن بوو. لەوکاتەدا ژووزفین منی بانگ کرده کن خۆیو گوتی:

–زۆر بەداخم که ئەوڕۆژه نەمتوانی گواره شینەکان بدۆزمەوه.

–سوپاسی مەرحەمەتی خاوەنشکۆ دەکەم بەڵام ئەمن بەهەرحاڵ نەمدەتوانی جلکی ئاوی دەبەر بکەم.

–له جله شەوەکانی دەستدرووی لووروی ڕازی بووی خانم؟

ئیدی نەمتوانی وەڵامی ئیمپڕاتریس بدەمەوەو لەو تەلاره پڕحەشیمەتەدا چاوم به ڕوخسارێکی سوورکارەو چوار گۆشه کەوت ؛ ڕوخسارێک که دەمناسی، به ملێکی کورتەوه که له یەخەی جله سەربازییەکەی بەپلەی سەرهەنگییەوه هاتبۆ دەرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژووزفین جارێکی دیکە بە ڕاوێژێکی توند پرسیارەکەی دووپاتە کردەوە. تاوێک وەخۆم هاتمەوەو گوتم:

–دیارە زۆر ڕازیم.

لە پەنای خاوەنی ئەو ڕوخسارە، ژنێک دەبینرا کە مووی سەری زەرد کردبوو،و بەشێوەیەکی سەیر ڕازاندبوویەوە. تێگەیشتم کە لە شارەکانی دیکەوە هاتوونە پاریس. سەرهەنگێک لە یەکە سەربازییەکانی دوور لە پێتەخت؛ هەرچەند هاوسەرەکەیم نەدەناسی بەڵام ئەم پیاوە پێم وایە...

تاوێک دواتر توانیم درێژایی ساڵۆنەکە ببڕمو بێئەوەی سەرهەنگ بمبینێ خۆیان لێ نزیک بکەمەوە. میوانەکان ڕێیان بۆ دەکردمەوەو لەحاڵێکدا ڕێزیان دادەنا لەبن لێوانەوە دەیانگوت؛ خانمی مارشاڵ بێرنادۆت. ئەفسەرەکانیش بۆ ڕێزگرتن سەریان دادەنواندو ئەمنیش وەڵامم دەدانەوە. سەرەنجام هەستم کرد لالغاوەم شل بوونو ڕاست لەو کاتەدا گەیبوومە نزیکیانو گوێم لێبوو ئەو ژنە بەسرتە بە هاوسەرەکەی گوت:

ئەمە کچە چکۆڵەکەی کلاری نیە؟

ئێستا ئیدی خاوەنڕوخسارەکەم بەچاکی ناسیبۆوە. ئەو ئیدی کڵاوی چەرمی لەسەر نەبوو،و تێپەڕینی ڕۆژگاریش هێندەی نەگۆڕیبوو کە تووشی دوودڵیم بکا. لەوانە بوو ئەو هێشتا فەرمانداری سەربازیی مارسەی بێ‌و ئەو ژەنڕاڵە ژاکووبییە نابووتەش کە ئەو دەساڵ پێشتر گرتبووی، ئێستا بە ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە دەژمێردرا.

–سەرهەنگ لووفابێر منت وەبیر دێتەوە؟

ئەو خانمەی قژەکانی ڕێکخستنێکی سەیریان هەبوو لەبن لێوانەوە گوتی:

–خانمی مارشاڵ!

سەرهەنگیش بە باوەڕنەکردنەوە گوتی:

–کچێ فڕانسوا کلاری!؟

پاشان هەردووکیان بە حاڵەتێکی تێکەڵ بە پەرێشانی چاوەڕێ مان تا ئەمن قسەیەک بکەم.

–زۆرلەمێژە مارسەیم نەدیوە.

ئەو خانمە لەحاڵێکدا شانی هەڵدەتەکاندن گوتی:

–زۆرت زەرەر نەکردوە خانم، لەو وێرانەیە لە خەفەتو نەخۆشی بەولاوە نابینی.

ئەمن لەحاڵێکدا سەیری چاوە شینە نیلییەکانی سەرهەنگم دەکرد گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–سەرهەنگ لووفابیر، ئەگەر بتەوێ دەتوانی شوێنی کارەکەت بگۆڕی.
خانم لووفابیر بە هەژانێکی زۆرەوە هاوارێکی کورتی کردو گوتی:
–ئەتۆ دەتوانی لەبارەی ئێمەوە قسە دەگەڵ ئیمپەڕاتۆر بکەی؟
–نا، بەڵام دەتوانم بە مارشاڵ بێرنادۆت بڵێم.
جارێکی دیکە گوێم لە دەنگی سەرهەنگ بوو کە دەیگوت:
–ئەمن باوکی تۆم لە نزیکەوە دەناسی، خانم.
لە یەکلەحزەدا خۆم خڕ کردەوە، سەمای لەهیستانی دەستی پێکردبوو. ئیدی بنەماڵەی لووفابێرم لەبیر چووبۆوەو بێ یەک وشەی دیکە داوێنم هەڵکردو لەوێ دوور کەوتمەوە. ڕەنگە ڕەفتارەکەم جوان نەبووبێ بەڵام خەڵک ڕێگایان بۆ دەکردمەوە. جارێکی دیکە ئەو دابو ڕێوشوێنە تەشریفاتییەم لەبیر چووبوو.
قەرار بوو مۆراو ژوولی سەماکە دەست پێبکەن. ئیمپەڕاتۆر لە درێژایی تەلارەکەدا دەگەڵ خاتوو بێرتیە دەگەڕاو ئەمن دەبوو ئێستا لەلای شازادە ژۆزێف بام. ئێستا سەما دەست پێکرابوو،و ژۆزێف لەپەنا کورسیی ئیمپەڕاتۆر چاوەڕێی من وەستابوو. هەرکە دیتمی بە تووڕەیی گوتی:
–دێزیرە! نەمتوانی بتبینمەوە.
لەحاڵێکدا خێرا دەڕۆیشتین تا خۆمان بگەیەنینە جووتەکانی نێو تەلار داوای بووردنم لێکرد بەڵام ئەو هەروا دەیبۆڵاند کە ئەمن فێر نەبووم چاوەڕێ بم. سەرەنجام لەسەرەخۆ بەڵام بەتووڕەیی گوتم:
–پێبکەنە،پێ. هەموو چاوەکان دە براگەورەی ئیمپەڕاتۆرو هاوسەری مارشاڵ بێرنادۆتەوە ڕاماون.
بە تەواوبوونی دووەمین دەوری هەڵپەڕین، میوانان بەرەو بووفە چوون. ناپلیۆنیش لەپشتەوەی سێنەکە خەریکی قسەکردن دەگەڵ دووررووک بوو. ئاماژەم بۆ یەکێک لە خزمەتکارە سینیبەدەستەکان کردو لە ئیمپەڕاتۆر نزیک بوومەوە. ناپلیۆن بە دیتنی من قسەکەی پچڕیو ڕووی تێکردم گوتی:
–خانم دەمەویست خەبەرێکت بدەمێ.
بە جووڵەیەکی ئارام ئاماژەم بۆ سینیی خواردنەوەکە کردو بە یەکێک لە جوانترین ڕەفتارەکان کە بەڕێز مۆنتێل فێری کردبووم، داوام لێکرد بخواتەوە. ئیمپەڕاتۆر بەوپەڕی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەدەبەوە پەرداخێکی هەڵگرت بەڵام قومێک زیاتری لێنەخواردەوەو دووبارە پەرداخەکەی لەسەر سینییەکە دانایەوە.

-دەمەویست چبڵێم خانم...؟

ناپلیۆن پاش گوتنی ئەم ڕستەیە تاوێک بە دوودڵی مایەوەو لەحاڵێکدا چاوی لە سەرتاپای من دەکرد گوتی:

-خانمی مارشاڵ تائێستا بە تۆم گوتبوو چەند جوانی؟

بزەیەک کەوتە سەر لێوی دووررووکو لە حاڵێکدا پاژنەی لێکدەدان گوتی:

-ئەگەر خاوەنشکۆ ئیزن بفەرموون، ئەمن...

-بڕۆ دووررووک بڕۆ بە میوانەکان ڕابگەو میواندارییان لێبکە.

جارێکی دیکە چاوی ناپلیۆن بۆ لای من وەرگەڕاو بێئەوەی قسەیەک بکا بزەیەک لەسەر ڕوخساری دەرکەوت. گوتم:

-خاونشکۆ دەیەویست خەبەرێک بە من بدا؟ ئەگەر ئیزنم بدەن دەمەوێ داوا لە خاوەنشکۆ بکەم هەتا لۆژی ژمارە ١٧م لەگەڵ بێن.

وا دیار بوو ناپلیۆن لەپێشدا باوەڕی بەو شتە نەکردوە کە گوێی لێبووە. کەمێک بەپێشەوەدا چەمایەوەو بە برۆهەڵتەکاندنەوە دووپاتەی کردەوە:

-لۆژی ژمارە١٧؟

ئەمن بە ئاماژەی سەر قسەکەیم پشتڕاست کردەوە. ناپلیۆن چاوی لە میوانانی سەر سێنەکە کرد. ژۆزێف دەگەڵ چەندکەس لە خانمەکان سەرگەرمی قسەکردن بوو. ژووزفینیش دەگەڵ تالیڕانو لوویی قسەیان دەکردو نیشانی جلوبەرگی مارشاڵەکانیش لەسەر سێنی هەڵپەڕین دەدرەوشایەوە.

-پێت وایە ئەوکارە دروست بێ ئووژنی چکۆڵە؟

-خاوەنشکۆ تکا دەکەم خەراپ لەمن حاڵی مەبن.

-کەوایە باشترە مۆراشمان دەگەڵ بێ.

مۆراش کە وەک هەموو نزیکانی ئیمپەڕاتۆر لە تەواوی ماوەکەدا بە سیلەی چاو وشیاری ئێمە بوو بە یەکەمین ئاماژەی دەستی ناپلیۆن چووە پەنای.

-ئەمنو خانمی بێرنادۆت دەچینە یەکێک لە لۆژەکان. ڕێگامان نیشان بدە.

هەرسێکەس سێنمان بەجێهێشتو بەو ڕێیەدا کە بۆ ئیمپەڕاتۆر دەکرایەوە، ڕۆیشتین. لەو پلیکانەڕێیانەدا کە دەچوونە لۆژەکان چەندین جووتی گەنج بە دیتنی ئێمە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خێرا بڵاوەیان کردو ئەفسەرە لاوەکان خەبەردار ڕاوەستان. ئەم دیمەنانە بۆمن زۆر پێکەنیناوی بوون. بەڵام ناپلیۆن بە پێداگرتنێکی زۆرەوە گوتی:

-بەرەی لاو بە هیچجۆر پابەندی ڕێوشوێنە ئەخلاقییەکان نیەو دەبێ لەو بارەیەوە قسە دەگەڵ دوپێریۆ بکەم. چونکە پێم خۆش نیە خەڵکی دوور لە ئەخلاقو شیاوی سەرکۆنەم لە دەورە بن.

تاوێک دواتر ئێمە لەپێش لۆژە دەرگاپێوەدراوەکان بووینو بە گوتنی سوپاس مۆرا، ئەویش پاژنەکانی بۆ ڕێزدانان لێکدانو دوور کەوتەوە. ناپلیۆن دەژمارەی لۆژەکانەوە ڕامابوو، لەوکاتەدا دووپاتەم کردەوە:

-خاوەنشکۆ دەیەویست خەبەرێک بەمن بدا؟

-بەڵێ، ئێمە داوای مارشاڵ بێرنادۆتمان بۆ فەرماندەریی ناوچەیەکی سەربەخۆ قبووڵ کرد، فەرماندەریی بێئەملاوئەولا بە هەموو دەسەڵاتێکەوە. سبەینێ هاوسەرەکەت دەکرێتە فەرماندەری بەرزی هانۆڤەرو ئەمن لە ئێستاوە پیرۆزباییت لێدەکەم خانم. ئەم پۆستە زۆر گرنگو پڕمەسئوولیەتە.

لە حاڵێکدا لەبن لێوانەوە وشەی هانۆڤەرم دووپاتە دەکردەوە کە نەمدەزانی لەکوێیە، ناپلیۆن دووبارە درێژەی دایە:

-وەختێک ئەتۆ بۆ سەردانی هاوسەرەکەت بچیە وێ وەک خانمی یەکەمی ئەو سەرزەمینە لە بەشکۆترین کۆشکەکاندا ژیان بەسەر دەبەی. ها، هۆوە لۆژی ژمارە حەڤدەیە.

ئێستا ئیدی چەند هەنگاو زیاتر لە لۆژی ژمارە حەڤدە دوور نەبووینو ناپلیۆن داوای لەمن کرد لەپێشدا بچمە لۆژەکەو دڵنیا بم کە پەردەکان دادراونەوە. ئەمن دەرگای لۆژەکەم کردەوەو پاش چوونەژوور دەسبەجێ پێمەوە دایەوە. بەتەواوی دڵنیا بووم کە پەردەکان دادراونەوەو ئەوە دەنگی خاتوو لیزیا بوو کە دەیگوت:

-باشە کچم چی بوو؟

-ئەو لە پشت دەرگایەو نازانێ ئەتۆ لێرەی.

-ئەوەندە مەشێوێ، خۆ سەرت نابڕێ.

لەدڵی خۆمدا گوتم ڕەنگە ئەمن سەرم لەدەست نەدەم بەڵام وێدەچێ ژان باتیست کارەکەی لەکیس بچێ. بەهەرحاڵ گوتم:

-خانم، ئەمن ئێستا دەیهێنمە ئێرە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمجا لە لۆژەکە چوومە دەرێو گوتم:

-پەردەکان داخراون.

ئەمن لە دەرێ ڕاوەستابووموو ئارەزووم دەکرد ئیمپەڕاتۆر پێش من بچێتە ژووری لۆژەکە تا دەسبەجێ لەوێ دوور کەومەوە. بەڵام ناپلیۆن منی پێش خۆی کردە ژوورێو ئەمن دەسبەجێ خۆم کێشایە لایەکو ڕێگام بۆ ئەو کردەوە. لەم کاتەدا خاتوو لیزیا هەستاو ناپلیۆن بە حەبەساوی لە چوارچێوەی دەرگادا مایەوە. لەپشت پەردە ئەستوورەکانەوە دەنگی مۆسیقای والس دەهاتە بەرگوێ.

-کوڕم ناتەوێ سڵاو لە دایکت بکەی؟

پاشان خاتوو لیزیا هەنگاوێکی بۆلای کوڕەکەی هەڵێنایەوەو پێم وابوو ئەگەر نەختێک سەر دانوێنێ داستانەکە بەخۆشی تەواو دەبێ. بەڵام ئیمپەڕاتۆر هەروا لەجێی خۆی ڕەق ڕامابوو،و نەدەجووڵاو خاتوو لیزیا هەنگاوێکی دیکە هاتە پێشو ناپلیۆن بێئەوەی ببزوێ گوتی:

-چەند غافڵگیرییەکی خۆشە خانمی مارشاڵ.

لە دواهەنگاودا ئێستا خاتوو لیزیا ڕوبەڕووی وێستابوو، کەمێک سەری دانواندو ڕوومەتی کوڕەکەی ماچ کرد. خۆم گەیاندە پشتەوەی ئیمپەڕاتۆر بەجۆرێک وا دیار بێ لەخۆوە وێی کەوتووم بە جووڵەیەکی هەستپێنەکراو هاویشتمە باوەشی دایکی.

کە گەڕامەوە تەلار مۆرا وەک سەگی ملۆمۆیە هاتە لامو گوتی:

-بۆچی وا زوو هاتیەوە خانم؟

بەسەرسوڕماوی چاوێکم لێکردو ئەو لەحاڵێکدا نێوچاوانی تێکنابوو گوتی:

-ئەمن بە ئیمپەڕاترسیم گوت کە بێرنادۆت حەز دەکا وتووێژێکی کورتی لەگەڵی هەبێو ئاماژەم بۆ بێرنادۆتیش کرد کە ئیمپەڕاتریس حەز دەکا قسەی دەگەڵ بکا. بەمجۆرە هیچیان نەیاندەزانی لە لۆژ چباسە.

-چما لەوێ چباسە، مەبەستت چیە مارشاڵ مۆرا؟

مۆرا ئەوەندە نوقمی وتووێژەکەمان بوو کە نەیزانی سرتەی نێو تالارەکە چۆن بۆتە هەنگامەو لە حاڵێکدا سەری هێنابۆ پێش گوتی:

-مەبەستم ئەو لۆژەیە کە ئەتۆو ئیمپەڕاتۆری لێبوون.

-ئاها! لۆژی ژمارە حەڤدە... بەڵام بۆچی ژان باتیست نابێ بزانێ لەو لۆژە چباسە؟ لەحاڵێک دا هەموو ئەوانەی لەم تەلارەن لەم بەسەرهاتە ئاگادارن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دوای ئەم ڕستانە دەستم کردە پێکەنین. دیتنی ڕوخساری حەبەساوو زاری لەسەیراندابچڕاوی بەڕاستی پێکەنینی دێنا. ئەو سەری هەڵبڕیو بەدوای ڕوانینی میوانەکانی دیکەدا ڕوانیو دیتی... بەڵی دیتی کە ئیمپەڕاتۆر پەردەکانی لاداوەو لەپەنا خاتوو لیزیای دایکی ڕاوەستاوە. بە ئاماژەی دوپێریۆ ئۆرکێسترەکە کووژایەوەو بێدەنگی تەلارەکەی داگرتو بەدوای ئەوەدا دەنگی چەپڵەی میوانەکان فەزای پڕ کرد. مۆرا کە هێشتا لە سەرسامی ڕزگار نەببوو بە پەرێشانی چاوێکی لێکردمگوتی:

–بەڵام کارۆلین خەبەری نەبوو کە دایکی لە پاریسە.

–پێم وایە خاتوو لیزیا دەیەوێ لەلای ئەو کوڕەی بێ کە زیاتر پێویستیی پێی هەیە. وەختێک لووسینی  دوورخراوەو ئێستاش ناپلیۆنی تاجدار.

سەما تا درەنگوەخت درێژەی هەبوو، کاتێک ئەمن و ژان باتیست پێکەوە هەڵدەپەڕیین پرسیم:

–هانۆڤەر لە کوێیە؟

–لەئەڵمان. خانەدانی پادشایەتیی ئینگلیزیش لەم شارە هەڵکەوتوونو خەڵکەکەی لە شەڕدا زۆریان ڕەنج کێشاوە.

–دەزانی لەمەودوا کێ وەک حاکمێکی فەڕانسەیی فەرمانڕەوایی بەسەر وێدا دەکا؟

–نا... بەڵام...

لەنەکاو ڕاوەستاو لەحاڵێکدا قسەکەی خۆی دەبڕی دەچاوی منەوە ڕاما. ئەو وەڵامی خۆی وەرگرتبوو، پرسی:

–بەڕاستتە؟

ئەمن بە سەرلەقاندن پشتڕاستم کردەوە. ئەمجار لەحاڵێکدا دووبارە سەماکەی دەست پێدەکردەوە گوتی:

–ئێستا پێیان نیشان دەدەم کە!

–بەکێی نیشان دەدی، چشتێک؟

–ئەوە کە وڵاتێک دەبێ چۆن بەڕێوە ببرێ، بە ئیمپەڕاتۆرو بە تەواوی ژەنراڵەکانی، بەتایبەت ژەنراڵەکانو هانۆڤەر لەو هەڵبژاردنە خۆشحاڵ دەبن.

ژان باتیست بەپەلە قسەی دەکردو لە شێوەی قسەکردنەکەی هەستم بە شادمانی دەکردو دەمدی کە پاش چەند ساڵ بەڕاستیو لەناخی دڵەوە خۆشحاڵە. ئەو لەو ساتانەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیدی بیری لە فەڕانسە نەدەکردەوە بەڵکوو بیری هانۆڤەر زیاتر زەینی وی بەخۆیەوە خەریک کردبوو. هانۆڤەر، گۆشەیەک لە سەرزەمینی ئەڵمان. جارێکی دیکە پرسیم:

–داخوا شوێنی مانەوەت کۆشکی پادشایەتیی هانۆڤەر دەبێ؟

بێئەوەی کەمترین گۆڕان لە ڕوخساریدا پەیدا بێ بەخوێنساردییەوە وەڵامی دایەوە:

–دیارە ئەوێ دەتوانێ باشترین جێگا بێ.

شێوەی قسەکردنی بەجۆرێک بوو دەتگوت ئەو پێشهاتەو ئەو دەرفەتە بۆ وی ئەوەندە گرنگ نیەو بە جۆرێکی دیکە بڵێین کۆشکی باپیرانی پادشاکانی ئینگلیس لەبەر چاوی گرۆبانی پێشوو بێرنادۆت ئەوەندە بایەخی نیە. ئەدی بۆچی هەمووی ئەمانە بۆ من وەک مۆتە سەرسوڕهێن بوون؟

–ژان باتیست سەرم دەسووڕێ، ژان باتیست...

بەڵام ئەو هەرگیز ڕانەوەستاو تا کاتێک جێژن کۆتایی هاتو مۆسیقا بێدەنگ بوو درێژەمان بە هەڵپەڕینی خۆمان دا.

***

ژان باتیست پێش ئەوەی لە پاریسەوە بچێتە هانۆڤەر داخوازەکەی منی بەجێهێناو سەرهەنگ لووفابێر گوازرایەوە پاریس. داستانی جلەکانی بنەوەی ناپلیۆن ئەوی خستە سەر ئەوفکرە کە سەرهەنگی بکاتە سەرۆکی بەشی دابەشکردنی جلوبەرگ. ئێستا لووفابێر لە کارە تازەکەیدا هەمیشە سەروکاری دەگەڵ جلوبەرگو جلی بنەوەی نیزامییەکان هەبوو. سەرهەنگ و هاوسەرەکەی بۆ سوپاسکردن هاتنە لای منو سەرهەنگ هەر دووپاتی دەکردەوە کە:

–باوکی تۆ پیاوێکی زۆر باش بوو، پیاوێکی شیاوی ڕێزو تاریفو باوکایەتی...

بە بیستنی قسەکانی چاوم پڕ بوون لە فرمێسک بەڵام زەردەیەکم هاتێو گوتم:

–قسەی تۆ بوو سەرهەنگ، بوناپارت بۆکچێ فڕانسوا کلاری هاوسەرێکی گونجاو نەبوو...

خاتوو لووفابێر بە بیستنی ئەم قسەیە نوتقی بەسترابوو. ساتێک ڕەنگی ڕوخساری سەرهەنگ گۆڕاو شێوا بەڵام جارێکی دیکە دە چاوانمەوە ڕاماو ئارامیی خۆی بەدەست هێنایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڵێ خانمی مارشاڵ، باوکی خوالێخۆشبووت بێگومان بێرنادۆتی پێ باشتر دەبوو.

ئاغای بنبەرگەکان. بێرنادۆت بێگومان لەبەر دڵی خێزانی ئەوکارەی پێسپاردبوو. مۆرا ئەم سەرهەنگە ئاغای بنبەرگەکانە.

مۆراش ئەم قسەیەی ناپلیۆنی لە هەموو جێیەک بۆ هەمووان گێڕایەوەو لەوکاتەوە بەرناوی ئاغای بنبەرگەکان یەخەی لووفابێری بەستەزمانی بەر نەدا.

***

## ٢٢

## سێپتامبری ١٨٠٥، لە دەلیجانێکدا لەنێوان هانۆڤەرو پاریس

ئیمپەڕاتۆر ڕۆژژمێری کۆماریی قەدەغە
کردبوو،و
ئەگەر دایکی ڕەحمەتیم مابایە زۆر
خۆشحاڵ
دەبوو، چونکە هەرگیز خووی بەو
ڕۆژژمێرەوە نەگرت.

هەمووی ئێمە لە هانۆڤەر زۆر بەختەوەرو خۆشحاڵ بووین؛ ئەمنو ژان باتیستو ئۆسکار. تەنیا شت کە جاروبار دەبووە هۆی کێشەو دەمەقاڵێمان تەختپۆشە دارینە بریسکەدارو گرانبایییەکانی کۆشک بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەگەر منداڵێکی شەش‌ساڵەی وەک ئۆسکار پێی وابێ ئەم تەختپۆشانەیان بۆ خلیسکێنی کوڕی فەرمانداری سەربازی بەمجۆرە مشتووماڵ کردوە زۆر سەیر نیە بەڵام ئەتۆ بۆ؟

ئەو لەحاڵێکدا ڕووناکیی پێکەنین لە چاوانی‌دا دیار بوو، سەری ڕادەوەشاند. هەموو جارێ ئەمن بەڵێنم دەدا کە ئیدی نایەڵم ئۆسکار لەسەر ئەو تەختپۆشە درەوشاوانەی ساڵۆنی گەورەی پادشایانی ڕابردووی هانۆڤەر خلیسکێن بکا. کۆشکێک کە ئێستا شوێنی مانەوەی جەنابی مارشاڵ ژان باتیست، مارشاڵی فەڕانسەیی‌و فەرمانداری گشتیی ویلایەتی پادشایی هانۆڤەر بوو.

ئەم داستانە هەمیشە دووپاتەو دووپاتە دەبۆوەو ئەمن هەرگیز نەمتوانی لەسەر قەولی خۆم بمێنم. دیسان ئۆسکار منی دەکیشایە وێ‌و داستانەکە دووپاتە دەبۆوە. بەڕاستی شەرم بوو، چونکە لە هەموو ئەمانەش وەگەڕێ، ئەمن ئێستا بەهەرحاڵ خانمی یەکەمی ئەم سەرزەمینە بوومو بۆخۆم شتێکی چووکەڵەی وەک دەربارم هەبوو کە لە ندیمەکان‌و هاوسەرانی ئەفسەرانی ژێردەستی هاوسەرەکەم پێک هاتبوو. بەڵام بەداخەوە هێندێ‌جار هەموو شتێکم لەبیر دەچۆوە.

بەڵێ، ئێمە لە هانۆڤەر بەختەوەر بووین‌و هانۆڤەریش لە بوونی ئێمە هەستی بە شادمانی دەکرد. هەرچەند ڕەنگە ئەمە سەرسوڕهێن دیار بێ چونکە هەرچۆنی بێ هانۆڤەر سەرزەمینێکی داگیرکراو بوو،و ژان باتیستیش بە فەرماندەری سوپای داگیرکەر دەژمێردرا. هاوسەرەکەم لە سەعات شەشی بەیانی‌یەوە تاشەشی ئێوارەو دوای شێوخواردنیش هەتا بەتڵێک لە شەوێ ڕادەبرد لە ژوورەکەی خۆی خەریکی پێداچوونەوەی دۆسیەکان‌و پێ‌ڕاگەیشتنیان بوو.

ژان باتیست فەرماندەری لە سەرزەمینی ژەرمەنەکانی بە نیشاندانی مافی مرۆڤ بە دانیشتووانی دەست پێ‌کرد. ئەگەر لە فەڕانسە بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەم قانوونەو بەرامبەریی تاکەکان لافاوی خوێن وەڕێ‌کەوتبوو، لە هانۆڤەر کە خاکێکی داگیرکراوو هی دوژمن بوو، سووکە گەڕانێکی قەڵەمەکەی ئەو بۆ ئەو مەبەستە بەس بوو. بە فەرمانی وی تەمبێ بەدەنی هەڵوەشایەوەو یەهوودی‌یەکان کە تا ئەودەم لە گەڕەکی تایبەت بەخۆیان دەژیان، لەو سنووردانانە ڕزگار بوون‌و توانیان بە مەیلی خۆیان‌و ئازادانە کاری دڵخوازی خۆیان هەڵبژێرن. خوێنی لاوانی فەڕانسەیی بەفیڕۆ نەچووەو لە مارسەی برایانی لێوی بەخۆڕایی بە ڕازاوەترین جلوبەرگەکانیانەوە نەچووبوونە مەیدانی شەڕ. کۆنە گرۆبانێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باش لە پێویستییەکانی سوپاییەک تێدەگاو دەزانێ خواردنیان دەبێ چۆن بێو چڕەفتارێک بکا تا نیزامییەکانمان سەرباری خەڵکی هانۆڤەر نەبنوماڵیاتی کەمەرشکێن ئازاریان نەدا. ژان باتیست بەوردی ماڵیاتەکانی دیاری کردو هەموو ئەفسەرەکان ناچار بوون بەوردی لەبەرچاوی بگرن، بەمجۆرە پلەی داهاتو ژیانی خەڵک ڕووی کردە زیادبوونو باشبوون. ئەو هەروەها گومرگی هەڵگرتو ئەم کارە بۆ هانۆڤەر کە وەک دوڕگەیەک کەوتبووە نێو سەرزەمینی شەڕلێدراوی ئەڵمانو ناچار بوو کڕینو فرۆشتنی دەگەڵ سەرزەمینەکانی دەوروبەری هەبێ جێگای سەرنجو کارساز بوو. تەنیا کاتێک کە ڕادەی داراییو داهاتی خەڵکی هانۆڤەر بەڕادەیەکی تەواو دڵخواز گەیشت، ژان باتیست ڕادەی ماڵیاتی کەمێک بردە سەرێ. ئەو بەو داهاتە زیادییە گەنمی کڕیو ناردیە بەشی قاتیلێدراوی شیمالی ئەڵمان. خەڵکی هانۆڤەر لەو ڕەفتارەی سەریان سوڕمابوو، تەنانەت ئەفسەرانی فەڕانسەییش لەوان نەدەمانەوەو لەو نێوەدا هیچکەس نەیدەتوانی دەرهەق بە کەسێک کە ڕەفتارێکی شیاوو ئینسانیی لەگەڵیان هەبووە هەست بە بێزاریو دوژمنایەتی بکا.

سەرەنجام ژان باتیست پێشنیاری بە بازرگانانی هانۆڤەر کرد پێوەندیی دۆستانەو بازرگانی دەگەڵ شارەکانی ئەندامی یەکیەتیی هانس دابمەزرێننو لەم ڕێگایەوە سوودێکی باش بەدەست بێنن. نوێنەرانی بازرگانان بەرامبەر بەو پێشنیارە سەرسوڕهێنە بێدەنگ بوون. چونکە هەموانیان دەیانزانی شارەکانی ئەندامی ئەو یەکیەتییە بەرامبەر بە نەخشە ئورووپاییەکانی ئیمپەڕاتۆر گەشبین نەبوونو هێشتا کەشتییە بازرگانییەکانی وان هاتوچووی بەندەرەکانی ئینگلیزیان دەکرد. بەڵام وەختێک مارشاڵێکی فەڕانسە پێشنیارێکی وای بە دوژمنە هەژارەکانی کرد هەموو کەوتنە تەقەلاو زۆری نەخایاند کە خەزێنەی داراییەکانی هانۆڤەر پڕ بوو. ژان باتیست توانی پارەیەکی بەرچاو بۆ زانکۆی گووتینگێن بنێرێ؛ زانکۆیەک کە زۆر لەوانەی لەوێ خوێندوویانە لە مامۆستایانو شارەزایانی بەناوبانگی ئورووپان. ئەو دیارە زۆریشی شانازی بە زانکۆیەکەی خۆیەوە دەکردو لەوە کە چەندین سەعات نوقمی موتالا دەبوو زۆر شادمان بوو.

زۆر وەختان ئەوم دەدی کە لەنێو تەبارێک کتێبدا نوقمی موتالایەو لەو کاتەدا دەستی ڕادەوەشاندو دەیگوت:

-بۆ گرۆبانێکی نەخوێندەوار زۆر شت هەن کە دەبێ فێریان بێ.

ئەمنیش لەحاڵێکدا بۆلای دەچووم، دەمگوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەتۆ زیاد لە ڕادەی توانای خۆت کار دەکەی.

-کچی چاک، دەبێ پتر لەمانە فێر بمو دەمەوێ کارەکەم بە باشترین شێوە ئەنجام بدەم. دیارە ئەمکارە زۆریش سەخت نیە بەومەرجەی لێمان گەڕێن.

دیارە هەردووکمان دەمانزانی مەبەستی لەم قسەیە چیە.

لە هانۆڤەر ئەمن کەمێک قەڵەو ببووم چونکە نە هێندە هەڵدەپەڕیمو نە ناچار بووم چەند سەعات بۆ دیتنی ڕێژەی نیزامی‌یەکان بەپێوە ڕاوەستمو هیچ وەخت ئەو ڕێوڕەسمانە لە دوو سەعات پتر درێژ نەدەبوونەوە. عادەتەن دوای شێوخواردن، ئەفسەران دەگەڵ خانمەکانیان دەهاتنە لامانو زیاتر باسی ئەو خەبەرانەمان دەکرد کە لەپاریسەوە پێمان دەگەیشتن. گۆیا ئیمپەڕاتۆر لە فکری خۆئامادەکردن بۆ پەلاماردانی ئینگلیستاندا بوو،و لە بوولوون جێگیر ببوو. خەبەرێکی دیکە کە زۆرتر بەنهێنیو بەسرتە باسی لێوە دەکرا زۆربوونی قەرزەکانی ژووزفین بوو. هێندێ وەخت ژان باتیست مامۆستایانی زانکۆی گووتینگێنیشی بۆ ئەو دانیشتنانە بانگهێشتن دەکردو ئەوان هەوڵیان دەدا بۆچوونەکانی خۆیان بە فەڕانسەیی‌یەکی شەقوشڕ بۆ ئێمە ڕوون بکەنەوە. یەکێک لەوان شانۆنامەیەکی بە زمانی ئەڵمانی بۆ خوێندینەوە؛ شانۆنامەیەک لە نووسەری ڕۆمانی "ئازارەکانی ڤۆرتێر" کە ڕۆژگارێک سەرنجی ژوولیی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. ئەم نووسەرە ناوی "گۆتە" بوو. چونکە شارەزاییمان لە زمانی ئەڵمانی یەکجار کەم بوو، داوام لە ژان باتیست کرد ئەو عەزابەمان لەکۆڵ کاتەوە.

یەکی دیکەیان باسی پزیشکێکی ناودار لە ئەندامانی زانکۆی گووتینگێنی بۆ کردینو گوتی ئەم پزیشکە زۆر کەسی کەڕی چاک کردۆتەوە. ئەم بابەتە سەرنجی ژان باتیستی ڕاکێشا چونکە زۆر لە سەربازە تۆپچی‌یەکانمان بە دەنگی تۆپەکانی خۆیان کەڕ ببوونو لەونێوەدا لەنەکاو هاواری کرد:

-ئەمن دۆستێکم هەیە کە حەتمەن دەبێ دیدارێکی دەگەڵ ئەم پزیشکە هەبێ. ئەو دەتوانێ بێتە سەردانیشمانو دێزیرە ئەتۆ دەبێ حەتمەن ئەو ببینی. ئەو مۆسیقاناسەو ئەمن ئەوکاتەی لە ڤییەن باڵیۆز بووم ئەوم دیوە. ئەو یەکێک لە دۆستانی کرووتز مامۆستای مۆسیقای تۆیە، حەتمەن ئەوت لەبیرە.

ئەم قسەیەی ژان باتیست منی نیگەران کرد. بەزەحمەت ئەوم قانیع کردبوو کە بوونی کارو گرفتاریی دیکە دەرفەتێک بۆ دەرسی پیانۆو ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی ناهێڵێتەوە. ئەو بۆخۆشی لەوە گرفتارتر بوو کە دەرفەتی کۆنترۆڵی منی هەبێ. دیارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیانۆلێدانم لەبیر نەچووبۆوە لە ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتییش لە دەرسەکانی بەڕێز مۆنتێل ئەوەندەم لەبیر مابوو کە بتوانم لەبن میوانداری‌یەکانی خۆمان بێمە دەر. وا دەهاتە بەر چاو بۆ کچە هەریرفرۆشێک کە بەناچاری تووشی ژیان لە کۆشکی پادشایان هاتبوو، هەر ئەوەندەش بەس بێ. ئێستا لەوە دەترسام کە بە هاتنی ئەو مۆسیقاناسە ناچار بم لەلای وی پیانۆ لێبدەم.

بەڵام وای لێنەهاتو هەرگیز ئەو شەوەم لەبیر ناچێ کە مۆسیقاناسی ڤییەنی دەگەڵ ئێمەی بەسەر برد. بەڕاستی شەوێک بوو لەبیر نەچێتەوە.

ئۆسکار کە بە بیستنی مۆسیقا چاوەکانی سەیر دەدرەوشێنەوە، ئەوەندەی پێ داگرت کە ئەو شەوە تا درەنگانێک دەگەڵمان مایەوەو دیارە زانیاری‌یەکانی ئۆسکار لەبارەی مۆسیقاو کۆنسێرتەوە زۆر لە هی من زیاترن. ناوی ئەو مۆسیقاناسە ڤییەنی‌یە ناوێکی بێگانەیەو فێربوونو لەبیرمانی بۆمن زۆر دژوارەو پێم وایە ناوی بێتهۆڤێن بێ. بەفەرمانی ژان باتیست تەواوی ئەندامانی ئۆرکێستری پادشایەتیی پێشوو خرابوونە ژێر نەزەری بەڕێز بێتهۆڤێنو سێڕۆژی حەوتوو تەواو وەخت پێش‌نیوەڕۆیان لەژێر چاوەدێریی ئەوداو لە تەلاری گەورەی کۆشک خەریکی ڕاهێنان بوون. بەمجۆرە ئەمنو ئۆسکار مافی چوونەتەلارمان نەبوو، خلیسکێنی سەر تەختپۆشە دارینەکەش پەکی کەوتبوو،و ئەمن توانیبووم بێ هیچ گیروگرفتێک ڕێزو حورمەتی خۆم بپارێزم.

ئۆسکار بەڕاستی هەژاو دەهاتە بەرچاوو لەپەستا دەی‌پرسی:

–دایە هەتا کەنگێ دەتوانم بەخەبەر بم؟ تا نیوەشەوێ؟ پیاوێکی کەڕ چۆن دەتوانێ مۆسیقا دابنێ؟ پێت وایە ئەو قەت توانیویە بەرهەمەکانی خۆی ببیسێ؟ داخوا بەڕێز بێتهۆڤێن بیسەرۆک (سماعە، سمعک)ی هەیە؟ داخوا قەتی پێ لێداوە؟

بەیانی‌یان کە عادەتەن دەگەڵ ئۆسکار دەچوومە گەڕان، کاتی تێپەڕبوون بەبن دارە لیمۆ ترشەکاندا کە هەردوو بەری ڕێگای نێوان کۆشکو گوندی هێرن هۆزنیان داپۆشیوەو سێبەریان لێ کردوە هەوڵم دەدا وەڵامی ئەو پرسیارانەی بدەمەوە. هەرچەند هێشتا لەنزیکەوە بەڕێز بێتهۆڤێنم نەدیبوو،و شتێکی زۆرم لەبارەی خۆیو سەمعەکەیەوە نەدەزانی، بەڵام ئەوم قانیع کرد کە هەرچۆنێک بێ ئەو مۆسیقاناسەو لەوانەیە سەمعەک بۆ بیستن بەکار بەرێو بێ‌گومان قەتی پێ لێنەداوە.

–باوکم دەڵێ ئەو یەکێک لە گەورەترین پیاوانێکە کە دەیان‌ناسێ. چما ئەو چەند گەورەیە؟ داخوا لە پارێزەرانی ئیمپەڕاتۆریش کەڵەگەتترە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–مەبەستی باوکت گەورەیی بەژنوبالا نیە بەڵکوو گەورەیی ڕووحە. بەڵێ بێگومان ئەو بلیمەتەو مەبەستی باوکیشت هەر ئەمە بووە.

ئۆسکار تاوێک بیری کردەوەو سەرەنجام گوتی:

–لە باوکیشم گەورەترە؟

مستی چووکەڵەو چەسپاویی ئەوم کە چنگێک نوقڵی لە دەستیدا دەگوشین دەنێو دەستم گرتو گوتم:

–نازانم نازەنینم.

–دایە، ئەو لە ئیمپەڕاتۆریش گەورەترە؟

لەم کاتەدا خزمەتچییەک کە لە پەنا کالیسکەچییەکە دانیشتبوو سەری وەرسووڕاندو کونپشکنانە تەماشای کردین. بەڵام ئەمن هیچ دژکردەوەیەکم لەخۆم نیشان نەداو بەئارامی گوتم:

–نا ئۆسکار، هیچکەس لە ئیمپەڕاتۆر گەورەتر نیە.

ئۆسکار بە ڕوخسارێکی ترساوەوە گوتی:

–لەوانەیە ئەو نەتوانێ بەرهەمەکانی خۆی ببیسێ.

– لەوانەیە.

لەنەکاو خەفەتێک کەوتە دڵمەوەو غەمگین بووم. ئەمن دەمەویست منداڵی خۆم جۆرێکی دیکە پێبگەیەنم؛ پیاوێکی ئازادبیرو ئەوجۆرە کە باوکم ئاواتی بوو. مامۆستایەک کە ئەم دوایییانە بە ڕاسپاردەی ئیمپەراتۆر بۆ ئۆسکار دانراوەو مانگێک بوو لەگەڵ ئێمە دەژیا هەوڵی دەدا ئەوەی مۆدی ڕۆژو باوی قوتابخانەکانی فەڕانسە بوو بخاتە مێشکی ئەوەوە. دروشمی وەک "ئێمە بە ئیمپەڕاتۆری خۆمان ناپلیۆن قەرزدارین؛ ئەو سێبەری خوا لەسەر زەوییەو ئێمە دەبێ فەرمانبەرێکی ڕاستوێژو سەربازێکی فیداکاری ئەو بین".

چەند ڕۆژ لەمەوبەر بەڕێکەوت ڕێم کەوتە پۆلی دەرسی ئۆسکارو لەپێشدا پێم وابوو گوێم بەهەڵە چووە. بەڵام مامۆستای لاوو باریکەڵە کە تازە لە قوتابخانەی سەربازیی بڕییەن دەرچووبوو، و بەرامبەر بەمنو ژان باتیست وەک فەنەر دوولا دەهاتەوەو کاتێکیش دوور لەچاوی خەڵکی دیکە دەرفەتێکی دەبوو پێلاقەی بە سەگێکی بەستەزماندا دەدا کە فێرناند هێنابووی، بەڵێ ئەم هەڵبژاردەیەی ناپلیۆن خەریکی دووپاتەکردنەوەی ئەم وشانەدا بوو؛ ناپلیۆن ئیمپەڕاتۆری ئێمە سێبەری خوا لەسەر زەوییە...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بێڕەحمەت ئەم باسانە بۆ شێوەی پەروەردەی خۆتان هەڵگرن. ئەمن نامەوێ کوڕەکەم ئەم شتانە فێر بێ.

–ئەمانە بابەتێکن کە لە هەموو قوتابخانەکانی ئیمپەڕاتۆریدا دەخوێندرێن. ئەمە قانوونە خانم. لەلایەکی دیکەش ئیمپەڕاتۆر زۆر بایەخ بە چۆنیەتیی پەروەردەی کوڕە تەعمیدیەکەیان دەدەنو ئەرکی منە بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی پێشکەوتنی بدەمەوە بەوان. لە هەموو ئەمانەش زیاتر ئەم منداڵە کوڕە مارشاڵە.

چاوێکم لە ئۆسکار کرد کە ملە باریکەکەی بەسەر دەفتەرێکدا خوار کردبۆوەو خەریکی نیگارکێشان بوو. کەوتمەوە یادی خۆمو ئەوکاتە کە خوشکە پیرۆزەکان بەرعۆدەی فێرکردنی ئێمە بوونو دوایە ڕۆژگارێک داهات کە خوشکانی پیرۆز لە هەموو جێیەک دەرکرانو بە ئێمەی منداڵ گوترا کە خوایەک لەئارادا نیەو هیچشتێک جگە لە بەڵگەو دەلیلهێنانەوە ڕەسەنایەتیی نیە. ئێمە سەرگەردانی مەیدانی ئەو دەلیلهێنانەوانە بووین کە ڕۆبسپێر میحرابێکی بۆ بەرپا کردبوون. جا ئەودەم ڕۆژگارێک داهات کە هیچکەس لە غەمی بیرو باوەڕەکانی ئێمەدا نەبوو،و هەرکەس دیلی بیرکردنەوەکانی خۆی بوو. کاتێک ناپلیۆن هاتە مەیدان چووە سەروسۆراغی ئەو کەشیشانەی سوێندیان بە کلیسای پیرۆزی ڕۆم خواردبوو نەک بە بنەماکانی کۆمار. سەرەنجامیش ئەو پاپی ناچار کرد بێتە پاریس تا ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانەکەی بەرپا بکاو بەمجۆرە ئایینی کاتوولیکی کەشیش بوو بە ئایینی ڕەسمیی فەرانسەییەکان. ئێستاش خەریکە ئەو دروشمانە بەسەر مێشکی منداڵاندا دەسەپێنێو ئەوان ناچار دەکا کە ئەم...

کوڕە دێهاتیەکان ناچارن بۆ ئەوەی بچنە پاڵ هێزەکانی ناپلیۆن زەوییەکانیان بەجێبێڵن. هەر منداڵێکی لادێ بۆ ئەوەی لە خزمەتی سەربازی ببەخشرێ دەبێ هەشتهەزار فرانک بداو ئەمە بۆ دێهاتییەک ڕەقەمێکی زۆر زۆرە. ئەوان بەناچار منداڵەکانیان دەشارنەوەو نیزامییەکان، ژن، خوشک یان دەزگیرانیان بە بارمتە دەگرن. لەحاڵێکدا ئەم سەربازە ڕاکردووانە بە هیچجۆرێک گیروگرفت بۆ فەڕانسە ناخوڵقێننو مەسەلەساز نین چونکە فەڕانسە سەربازێکی زۆری هەیە. حکوومەتە بەزیوەکان ناچارن بۆ دەرخستنی وەفاداریی خۆیان بە ئیمپەڕاتۆر چەند یەکەی تازەی بخەنە ژێر دەستەوەو بەمجۆرە هەزارانهەزار گەنج لە جێگای خەوتنیان دەردەکێشرێن بۆ ئەوەی ڕێژە بۆ ناپلیۆن بدەن. ژان باتیست زۆروەخت گلەیی لەوە هەیە کە ئەو سەربازانە هەرگیز قسەی فەرماندەرە فەڕانسەییەکانی خۆیان تێناگەنو ئەو فەرماندەرانە ناچارن فەرمانەکانیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهۆی وەرگێڕەوە بە هێزەکانیان ڕابگەیەنن. ناپلیۆن چیی لە بیروبەوێدادانی ئەولاوانەو کێشانیان بۆ شەڕی تازە دەوێو هەتا کەنگێ بەدوای سەرکەوتنی تازەدا دەگەڕێ؟ ئیدی لەمێژە سنوورەکانی فەڕانسە پێویستییان بە بەرگری نیەو لەجێدا ئیدی فەڕانسە سنووری نیە. داخوا ئەوە نیە کە ئەو زۆردەمێکە فەڕانسەی لەبیر چۆتەوەو تەنیا بیر لەخۆیو ئیمپەڕاتۆرییەکەی دەکاتەوە؟...

نازانم چماوەیەک ئەمنو مامۆستا لاوەکە ڕووبەڕووی یەکتر وەستابووین. لەنەکاو هەستم کرد سالانی ڕابردووم لە خەوێکی قورسدا بەسەر بردوون. سەرەنجام بەرەو دەرگا گەڕامەوەو لەحالێکدا بۆلای دەرگا دەڕۆیشتم، گوتم:

–دەست لەوشێوە فێرکردنە هەلگرە. ئۆسکار هێشتا زۆر چووکەلەیەو ناتوانێ لەم وشەگەلە حالی بێ.

ئەمجار بەتوندی دەرگام لە دوای خۆمەوە پێوە دا. هیچکەس لە دالانێ نەبوو، لە بێهێزییان پالم بە دیوارەوە دا بێئەوەی بتوانم پێشی گریانی خۆم بگرم، گریام. گریام بەلکوو بتوانم لە مانای ئەو دەربڕینانە تێبگەم. ئەتۆ ناپلیۆن بۆچی مندالان ناچار دەکەی ئەوشتانە فێر بن؟ هەی ڕووخێنەری باوەڕەکان. داخوا دەزانی نەتەوەیەک بۆ مافی مرۆڤ چەندی ئازار چەشتو چەندی خوێن بەخشیو ئەوکاتەش کە ئەوی جێگیر کرد ئەتۆ خۆت بەسەر ئەو خەلکەدا سەپاند...

لەبیرم نیە چۆنم خۆ گەیاندەوە ژووری خەوەکەم. تەنیا ئەوەندە دەزانم کە لەنەکاو خۆم لەسەر تەختی خەوەکەم هەست پێکردو لەحالێکدا روخسارم لەسەر بالنجەکە دادەگرت، گریام. ئەو بەیاننامانەی خوومان پێوە گرتوون؛ بابەتگەلێک کە عادەتەن لاپەڕەی یەکەمی مۆنیتۆر پڕ لەوانە، ڕەخنەی توندو تالی وەک قسەکانی پێش سەفەری میسر، ئەو قسانەی لەسەر مێزی شێوخواردن دەمانبیستن. ئەو ڕستە بەڕوالەت جوانو بەئاهەنگانە کە مافی مرۆڤیان هێنایە ئێرەو ژۆزێف کە زۆر لەوە بێزار بوو بەڕاوێژێکی پڕتانووت گوتی:

–ناپلیۆن! مافی مرۆڤ دەسکەوتو سازکراوی تۆ نیە.

بەلام ئەو گوێی نەدایە ئەم قسانەو مافی مرۆڤی کردە ئامرازێک بۆ ئەوەی میللەت بکێشێتە ژێر نیری خۆیو ئەو هەموو خوێنە کە بەناوی مافی مرۆڤەوە ڕژانە سەر زەوی...

لەنەکاو کەسێکم لە پەنای خۆم هەست پێکردو شۆڕابەی سەرشانە زێڕینەکانم وە ڕوومەتێ کەوت.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

–دێزیره!؟

–دەزانی ئۆسکار دەبێ فێری چبێ؟ ئەمن ڕێگام نەدا درێژەی پێبدا. داخوا دەگەڵم هاوڕای ژان باتیست؟

–سوپاست دەکەم. ئەگەر ئەتۆ ئەوکارەت نەکردبا بۆخۆم ناچار دەبووم بیکەم.

–ژان باتیست، هێندەی نەمابوو مێرد بەو کابرایە بکەم، بیری لێبکەوە!

دەنگی پێکەنینی وی بەجارێک دیواری زیندانی دەوروبەری فکرەکانمی هەڵوەراند.

کچەکە گیان هێندێ شت هەن هەرگیز نامەوێ بیریان لێبکەمەوە.

چەند ڕۆژ دواتر ئەمنو ئۆسکارو ژان باتیست بۆ بیستنی کۆنسێرتی مۆسیقاناسی ڤییەنی ئامادە ببووین بەڕێز بێتهۆڤێن پیاوێکی دەستەپیاوو کەمێک بەخۆوە بوو، بە قژەسەریکەوە کە لەوە ئاڵۆزترم نەدیبوو، دەموچاوێکی خری تاوەگازو ئاوڵاوی، لووتێکی پانو جووتەچاوێکی نیوەکراوەو خومار کە تەنیا ئەو کاتەی قسەیان دەگەڵ دەکرد دەکرانەوەو دە لێوی قسەکەرەوە ڕادەمان. چونکە ئاگادار بووم کەڕە بە دەنگێکی وەک هاوار شادمانیی خۆمم لە دیداری دەربڕی. ژان باتیست دەستێکی لە شانی داو لە دواخەبەرەکانی ڤییەنی پرسی. هەرچەند پرسیارەکەی وی زیاتر بۆ ئەدەبنیشاندان بوو بەڵام مۆسیقاناس زۆر بەجیددی وەڵامی دایەوە:

–ڤییەن خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکا. چونکە پێیان وایە درەنگ یان زوو ئوتریش دەکەوێتە بەر هێرشی سوپای ئیمپەڕاتۆری.

گرێیەک کەوتە نێوچاوانی ژان باتیستو سەری ڕاوەشاند، چونکە پێی وانەبوو وەڵامێکی وا جیددیو ڕاشکاوانە وەربگرێتەوە.

–نەزەرتان دەربارەی چەندوچۆنی کاری ئەندامانی ئۆرکێستر چیە؟

پیاوە بەخۆوەکە تەنیا شانی هەڵتەکاندنو ژان باتیست بە دەنگێکی چەندی بڵێی بەرز پرسیارەکەی دووپاتە کردەوە. بڕۆکانی پیاوی مۆسیقاناس چوونە سەرێ، بریسکەی سەرسوڕمان لە چاوانیدا درەوشاو گوتی:

–لە پرسیارەکەت حاڵی بووم جەنابی باڵیۆز، ببوورە مارشاڵ، ئێستا دەبێ بە جەنابت بڵێن مارشاڵ، وانیە؟ بەڵام ئەندامانی ئۆرکێستری ئێوە زۆر خەراپ لێدەدەن مارشاڵ بێرنادۆت.

–ئەدی جەنابت چی، بەهەرحاڵ سەمفۆنیە تازەکەت بەڕێوە دەبەی. وانیە؟

–حەتمەن، چونکە دەمەوێ بۆچوونی ئێوە دەربارەی بزانم جەنابی باڵیۆز.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەمکاتەدا ئاجودانی هاوسەرەکەم بە دەنگی بەرز لەبن گوێی دووپاتەی کردەوە:

-جەنابی بێتهۆڤێن.

-تکایە پێم بڵێن هێرفێن بیتهۆڤێن چونکە جەناب نیم.

ئاجودانی دیکە بە نائومێدی هاواری کرد:

-مارشاڵ دەبێ بە جەناب بانگ بکرێ.

بەناچار دەسرۆکەکەمم بەدەممەوە گرت تا پێکەنینی خۆم بشارمەوە. میوانی ئێمە چاوە دەقووڵکەوتووەکانیی دەژان باتیستەوە بڕینو گوتی:

-لەبیرمانی ئەو هەموو عینوانە نوێیە بۆ کەسێک کە بۆخۆی هیچ عینوانێکی نیەو بێجگە لەوە کەڕیشە زۆر دژوارە. سوپاستان دەکەم جەناب کە منتان بە پزیشکی زانکۆی گووتینگێن ناساند.

-ئێوە مۆسیقاکانی خۆتان دەبیسن؟

بێتهۆڤێن بەچاوی لێگەڕانەوە بەدوای خاوەندەنگەکەدا چواردەوری خۆی تەماشا کرد. ئەو دەنگێکی منداڵانەی بیستبوو، کەسێک شاقەلی چاکەتەکەی ڕادەکێشا... ئۆسکار!

ویستم زووتر قسەیەک بکەم بەڵکوو شوێنەواری ئەو پرسیارە ناخۆشە لە زەینی بسڕمەوە بەڵام ئەو ئیدی سەرە زلەکەی کە بەقژی ئاڵۆز داپۆشرابوو خوار کردبۆوەو دەیگوت:

-کوڕە چکۆڵە ئەتۆ شتێکت لە من پرسی؟

ئۆسکار بە هەموو قەوەتی خۆی هاواری کرد:

-ئێوە ئەوەی لێی دەدەن بۆخۆشتان دەیبیسن؟

-بەڵێ زۆریش باشی دەبیسم. بێرەو بێرە.

ئەو پاشان بەدەست ئاماژەی بۆ دڵی خۆی کردو دوایە دەستی لەسەر نێوچاوانی بەرزو گوشادی خۆی داناو لەحاڵێکدا بزەیەکی لەسەر لێوان بوو زیادی کرد:

-بەڵام هەمیشە نا. ئەودەم کە ژەنیارەکان مۆسیقاکانم لێدەدەن بەباشی نایبیسمو هێندێجاریش لەوە خۆشحاڵم، وەک ئەوکاتە کە ژەنیارانی خراپژەنی وەک ئەندامانی ئۆرکێسرەکەی باوکت لێیدەدەن.

دوای شێو هەموومان لە سالۆنی شەونشینیو لەسەر کورسییەکانی خۆمان دانیشتین. ئەندامانی ئۆڕکێستر کە نێوچاوانیشیان زۆر خۆش نەبوو خەریکی ئامادەکردنی سازەکانی خۆیان بوون. ژان باتیست گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەوان فێری لێدانی سەمفۆنی‌یەکانی بێتهۆڤێن نینو لێدانی مۆسیقای بالـەیان بۆ ئاسانترە.

لەڕیزی پێشەوە سێ مۆبڵ بە ڕووکێشی هەریرو ڕازاوە بـە تـاجی زێڕینـی خانـەدانی پادشایەتیی هانۆڤەرەوە دانرابوون. ئەمنو ژان باتیست لـەحاڵێکدا ئۆسکارمان لـەنێوان خۆمـاندا دانـابوو لەسـەر ئـەو مۆبڵانـە دانیشـتبووین. دیـارە ئۆسـکار ئەوەنـدە خـۆی خزاندبووە نێو مۆبڵەکەوە کە بەحاڵ دەبینرا. بەڕێز بێتهۆڤێن لەنێو ئەندامانی ئۆرکێسـردا دەڕۆیشتو بـەزمانی ئـەڵمانی دوافەرمانـەکانی پـێدەدانو هـەوڵی دەدا بەجووڵـەی سـەرو دەسـت پـێ لەسـەر قسـەکانی داگرێو ئـەوان زیـاتر دەمەبەسـتی خـۆی بگەیـەنێ. لـە ژان باتیستم پرسی:

–چپارچەیەک لێدەدەن؟

–سەمفۆنی‌یەک کە ساڵی ڕابردوو نووسیویەتی.

لەمکاتەدا بەڕێز بێتهۆڤێن ڕووی لە ئەندامانی ئۆرکێستر وەرگێڕاو هاتـە لای ئێمـەو بەحاڵـەتێکی خەفەتبارانەوە گوتی:

–لەپێش‌دا نیـازم وابـوو ئـەم سـەمفۆنی‌یە پێشکێشـی ژەنـڕاڵ بێرنـادۆت بکـەم بـەڵام ئێستا پێم وایە دروستتر ئەوە بێ کە پێشکێشی ئیمپەڕاتۆری فەڕانسەی بکەم. دیارە...

ئەو تاوێک ڕاوەستا، دەتگوت لە فەزادا تەماشای شوێنێکی دوور دەکـاو دەوروبـەری خۆی لەبیر چووبـۆوە. بـەڵام لەنـەکاو هاتـەوە سەرخۆیو لسپێک لـە مووی سـەری کـە هاتبوونە سەر نێوچاوانی لاداو زیادی کرد:

–باشە. ئێستا بزانم چۆن دەبێ، دەتوانین دەست پێبکەین ژەنڕاڵ؟

جارێکی  دیکە ئاجودانی ژان باتیست لـە پشت ئێمـەوە بـەدەنگێکی وەک هـاوارکردن گوتی:

–جەنابی ژەنڕاڵ!

ژان باتیست بزەیەکی هاتێو گوتی:

–تکایە دەست پێبکەن، بێتهۆڤێنی خۆشەویست!

ئەو قەڵافەتە درشتە چووە سەر سـەکۆی تایبـەتی ڕێبـەریی ئۆڕکێستـرو ئێمە تـەنیا لەپشتەوەڕا شانە پانەکانی ویمان دەدین. دەستە گەورەکانی بە قـامکی شـووشو باریکـەوە دارێکیان گرتبوو،و چەند جاری لـە لاپـەڕێکی تایبـەتی دان. باسکەکانی لـە فـەزادا وەکـار کەوتنو سەمفۆنی دەستی پێکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمن ناتوانم داوەری بکەم کە داخوا ئەندامانی ئۆرکێستر کارەکەی خۆیان بەباشی ئەنجام دا یان نا. تەنیا ئەوە دەزانم کە ئەو پیاوە سەرسوڕهێنە بە جوولەی دەستەکانی شۆروشەوقێکی لەواندا پێکهێنابوو کە ئەوەی لێیان دەدا دەگەڵ کارەکانی پێشوویان هەر بەراورد نەدەکرا. مۆسیقایەکی پڕشەپۆل وەک ئاوازی ئۆرگو شیرنو دڵنشین وەک زرینگەی وێلۆن؛ کەیفبزوێنو هاوارکەر، فریودەرو هیوابەخش. ئەم مۆسیقایە چووکترین وێکچوونی دەگەڵ مارشی مارسەیەز نەبوو. هەرچەند بێگومان لە ڕابردوودا ئەوکاتەی فەڕانسەییەکان دەچوون بۆ وەدەستهێنانی مافی مرۆڤ شەڕ بکەن هەروا بە زرینگانەوەو هیواخولقێن بووە؛ وەک نزایەکی ڕازونیازو وەک گریانی خۆشیی سەرکەوتن... سەرم هێنایە پێش تا ڕوخساری ژان باتیست ببینم، هیچ جوولەیەک لەسەر ڕوخساری نەبوو، وەک لەتکەبەردێک لێوی لەسەر لێوی دانابوو بە لووتێکی سوورهەڵگەڕاوو جووتەچاوێکی پڕشۆقەوە بەجۆرێک دەسکی مۆبڵەکەی دەگوشی کە هەموو دەمارەکانی دەستی هەستابوون.

لەم هەنگامەیەدا هیچکام لە ئێمە ئاگامان لێنەبوو کە تەتەرێک لەبەر دەرگا وێستاوە. سەرهەنگ ویلات ئاجودانی هاوسەرەکەشم ئاگای لەو نەببوو. ئەو کە پێیزانی بە ئارامی نامەکەی لە تەتەر وەرگرت، چاوێکی لە لاکومۆرەکەی کردو هێنای بۆ لای ژان باتیست. کاتێک سەرهەنگ ویلات بەسپایی دەستی لەقۆڵی ژان باتیست دا ئەو لەنەکاو ڕاچڵەکیو تاوێک بە حەبەساوی تەماشای دەوروبەری خۆی کردو پاشان چاوی دە ڕوخساری ئاجودانەکەیەوە بڕی. ئەمجار ژان باتیست نامەکەی وەرگرتو ئاماژەیەکی بەو کرد. ویلات هێشتا لەپەنای ڕاوەستابوو. دەنگی مۆسیقا جارێکی دیکە زرینگایەوە بەجۆرێک دەتگوت دیوارەکانی ئەوساڵۆنە هەڵدەوەرن. دەتگوت باڵم گرتوونو وەک ڕۆژگارانی ڕابردوو و ئەوکاتەی دەستم دەنێو دەستی باوکمدا بوو تیشکی ئومێدو ئیمان لە دڵمی دابوو.

لە بێدەنگیی کورتی نێوان دوو پەردەی سەمفۆنیدا گوێم لە دەنگی دڕانی کاغەز بوو. ژان باتیست سەرەتا مۆری لەسەر نامەکە هەڵگرتو دوایە نامەکەی کردەوە. هێرفێن بێتهۆڤێن سوورێکی داو بەپرسیارەوە چاوێکی لەو کردو ژان باتیست بە ئاماژەی سەر داوای لێکرد درێژە بە سەمفۆنیەکە بدا. بەڕێز بێتهۆڤێن جارێکی دیکە دارەکەی بەرز کردەوەو دەستەکانی وەجوولە کەوتنو دەنگی وێلۆنەکان هەستا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژان باتیست نامەکەی خوێندەوەو ساتێک سەری هەڵبڕی، وا دیار بوو بە ئیشتیایەکی دەروونییەوە گوێ بۆ ئەم ئاوازە بەهەشتییە ڕادەدێرێ. ئەو دوایە قەڵەمێکی کە بەدەست ئاجودانەکەیەوە بوو وەرگرتو لەسەر دەفتەرێکی یادداشت کە هەمیشە پێی بوو شتێکی نووسی. ئاجودان یادداشتەکەی وەرگرتو دوور کەوتەوەو لەوپەڕی بێدەنگییشدا، ئەفسەرێکی دیکە لەپەنا ژان باتیست جێی وی گرتەوە.

دووەمین ئەفسەریش پەیامێکی لە ژان باتیست وەرگرتو ئەوێی بەجێ هێشتو سێیەمین کەس هاتە پەنا مۆبڵەکەی. ئەو ئەفسەرە سێیەمە جۆرێک پاژنەکانی لێک دان کە دەنگی مامزەکانی بۆ ساتێک ئەو ئاوازە بەهەشتییەی شێواند. لێوەکانی ژان باتیست لەبەر نارەحەتی پێکدا گیران. بەڵام هەروا درێژەی بە نووسین داو هەتا چوونەدەری ئەفسەری سێیەم ئیدی ئاگای لە مۆسیقا نەما. ئیدی ژان باتیست وەک چەند دەقیقە پێشتر ڕاست دانەنیشتبوو،و ئەو گەشاوەیی‌یەی لە خۆشی‌یان لە چاوانی‌دا هەبوو بەرەبەرە کاڵ دەبۆوەو ون دەبوو. لەحاڵێکدا لێوی بەرەوەی بەددان دەگەزی چاوەکانی نیوەکراوە بوون. تەنیا جارێکو ئەویش لە کۆتایی مۆسیقاکەو لەکاتی لێدانی ئاهەنگی ئازادی، بەرامبەری‌و یەکسانی‌دا سەری هەڵبڕی‌و گوێی گرت؛ ئەویش نەک بۆ مۆسیقا بەڵکوو بەفکری من بۆ بانگەوازی دەروونیی خۆی. نەمدەزانی ئەو بانگەوازە چەدەڵی بەڵام هەرچی بوو مۆسیقای بێتهۆڤێن دەگەڵی دەڕۆیشتو بزەیەکی تاڵی دەخستە سەر لێوانی.

دەنگی چەپڵەلێدان تۆفانێکی بەرپا کردو ئەمن دەستەوانەکانم داکەندن تا دەنگی چەپڵەکەم زیاتر بێ. بەڕێز بێتهۆڤین بە نارەحەتی سەری دانواندو ئاماژەی بۆ ئەو ژەنیارانە کرد کە پێشتر سەرکۆنەی دەکردن. ئەندامانی ئۆڕکێستر هەستانە سەرپێ‌و سەریان دانواند بەڵام هێشتا چەپڵەلێدان تەواو نەببوو. ئێستا هەرسێک ئاجودانەکە بە نێوچاوانی تێکنراوەوە لەپەنا ژان باتیست ڕاوەستابوون. بەڵام ژان باتیست هەستا بەرەوپێشتر چوو دەستی بێتهۆڤینی گرتو بۆ هاتنەخوار لە سەکۆی ڕێبەریی ئۆڕکێستر یاریدەی داو بە حاڵەتێک کە بەرامبەر کەسێکی پایەبەرز ڕاوەستابێ گوتی:

–سوپاست دەکەم بێتهۆڤێن، لە ناخی دڵەوە مەمنوونتم.

ڕوخسارە ئاوڵاوی‌یەکەی ئێستا ئارام دیاری دەکردو بریسکەی شادی لەچاوە دەقووڵکەوتووەکانی‌دا دەدرەوشایەوە.

–ژەنراڵ لەبیرتە چۆن شەوێک لە ڤییەن سروودی مارسەی‌یەزت بۆ لێدام؟

ژان باتیست لە حاڵێکدا پێ‌دەکەنی وەڵامی دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بەڵێ بە پیانۆ ئەویش بە یەک قامک، تەنیا شت کە دەمزانیو لەدەستم دەهات.

-ئەو شەوە یەکەمجار بوو کە دەمبیست؛ سرووودی خەڵکیکی ئازاد..

بێتهۆڤێن چاوی لە ژان باتیست هەڵنەدەگوازتو لەبەر کەڵەگەتیی ژان باتیست ئەو ناچار سەری قیت ڕاگرتبوو.

-زۆر وەختان لە کاتی نووسینی ئەم سەمفۆنییەدا، ئەو شەوەم وەبیر دێتەوە. هەربۆیەش دەمەویست پێشکێشی تۆی بکەم. بە ژەنڕاڵێکی لاوی میللەتی فەڕانسە.

-بەڵام ئەمن ئیدی ژەنڕاڵی لاو نیم جەنابی بێتهۆڤێن!

چونکە بێتهۆڤێنیش هیچ وەڵامێکی نەدایەوە ژان باتیست بە دەنگی بەرز دووپاتەی کردەوە:

-گوتم کە ئەمن ئیدی ژەنڕاڵێکی لاو نیم...

بێتهۆڤێن دیسان بێدەنگ بوو. دەمدی کە هەرسێ ئاجودانی مێردەکەم بە بێسەبری لاقەولاق دەکەن.

-بەڵام لاوێکی دیکە پەیامی میللەتی ئێوەی گەیاندە ئەودیو سنوورەکانو بۆیە بیرم کردەوە کە دەبێ ئەم سەمفۆنییە پێشکێش بەو بکەم. نەزەری ئێوە چیە ژەنڕاڵ بێرنادۆت؟

لە یەکساتدا هەرسێک ئاجودان یەکدەنگ دووپاتیان کردەوە:

-جەناب!

ژان باتیست بە تووڕەیییەوە ئەوانی بێدەنگ کردو بێتهۆڤێن دووپاتەی کردەوە:

-لە هەموو سنوورەکانەوە بێرنادۆت!

بێتهۆڤێن هێشتا ئەو بزە سادەو بگرە منداڵانەیەی ساتەکانی پێشتری لەسەر لێوان بوو.

-ئەو شەوە لە ڤییەن ئەتۆ لەبارەی مافی مرۆڤەوە قسەت لەگەڵ من کرد. پێش ئەودەم ئەمن هیچم لەو مەسەلەیە نەدەزانی چونکە هیچکاتێک خۆم تووشی سیاسەت نەکردوە. بەڵام ئەو... بەڵێ ئەو پێوەندیی بە سیاسەتەوە نەبوو. ئەتۆش، ئەتۆ بێرنادۆت ئەو سروودە نیشتمانییەت بە یەک قامک بۆ من لێدا.

ژان باتیست بە جۆرە هەژانێکەوە گوتی:

-ئەتۆش ئەم سەمفۆنییەت ئەو شەوە خوڵقاند، بێتهۆڤێن.

ژان باتیست سەری هەڵێناو دەستی بە دەموچاویدا هێنا دەتگوت دەیەوێ تۆزی ئەو بیرەوەرییە لە ڕوخساری خۆی بسڕێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–هێرفێن بێتهۆڤێن ئەمن سوپاست دەکەم کە ئەم کۆنسێرتەت بەڕێوە برد. هیوادارم سەفەرێکی خۆشت بۆ گووتینگێن هەبێو ئارەزوو دەکەم ئەو پزیشکە نائومێدت نەکا.

ئەو دوایە ڕووی کردە میوانەکان؛ ئەفسەرانی پادگانی هانۆڤەر دەگەڵ هاوسەرەکانیانو کاربەدەستانو بژاردەکانی کۆمەڵگای هانۆڤەر:

–ئەمن ناچارم ماڵئاواییتان لێبکەم چونکە سبەینی بەیانی زوو دەگەڵ سوپاکەم دەچینە بەرەی شەڕ. ئەمە فەرمانی ئیمپەڕاتۆرە. شەوتان خۆش خوشکو برایان.

ژان باتیست لەحاڵێکدا بزەی لەسەر لێوان بوو سەری بۆ میوانەکان دانواندو قۆڵی بۆلای من درێژ کرد.

***

بەڵێ، ئێمە لە هانۆڤەر بەختەوەر بووین. ئەوکاتەی ژان باتیست ماڵئاوایی لەمن خواست هێشتا شۆقی زەردی مۆمەکان دەگەڵ سپێدەی بەیانی لەشەڕدا بوو.

–ئەتۆو ئۆسکار هەر ئەمڕۆ دەبێ بچنەوە پاریس.

پێش ئەوە فێرناند بارەکانی ژان باتیستی ئامادە کردبوو، جلی مارشاڵییەکەی بە سەرشانە زێڕینەکانەوە لە بەرگێکی گونجاودا لە جانتای سەفەری هاویژرابوون. ئەو تەنیا تاقمێکی دوازدە کەسیی نانخواردنی پێبوو، بۆخۆشی جلی خزمەتی دەبەردا بوو کە بێجگە لە پلەی ژەنڕاڵی هیچ شتێکی زینەتیی لەسەر نەدەبینرا. لە دوانیگادا بە میهرەبانی گوتی:

–کچەکە گیان لەبیرت نەچێ زووزوو نامە بنووسی، وەزارەتی بەرگری.

–دەزانم وەزارەتی بەرگری ئەوانت بۆ دەنێرێ. بەڵام ژان باتیست، داخوا ئەم داستانە تەواوبوونی نیە؟ ئەم شەڕو دەعوایانە هەتا کەنگێ درێژەیان دەبێ، هیچوەخت؟...

–کچەکە گیان ئۆسکارم بۆ ماچ کە.

–ژان باتیست! پرسیم ئەم داستانە تا کەنگێ درێژەی دەبێ؟

–فەرمانی ئیمپەڕاتۆرە، گرتنو دەستڕاگەیشتن بە باڤاریا. ئەتۆ دەزانی مێردت بە مارشاڵێکی فەڕانسە کردوەو ئەم شتانە نابێ بۆتۆ دوور لەگومان بن.

–باڤاریا.. پاش گرتنی باڤاریا چی؟ داخوا دێیەوە پاریسو دەگەڕێیەو لامان یان هەردووکمان دەبێ بچینەوە هانۆڤەر؟

ئەو بەتوندی شانی هەڵتەکاندنو گوتی:

–دوای باڤاریا پەلاماری ئوتریش دەدەین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-دوایە چی؟ ئیدی سنوورێک نەماوە بەرگریی لێبکرێ. فەڕانسە ئیدی سنووری نیە، فەڕانسە...

-کچەکە گیان! فەڕانسە یانی ئورووپا،و ئەفسەرانی فەڕانسەیی دەبێ بچنە پێش. ئەمە فەرمانی ئیمپەڕاتۆرە.

-کاتێک بیر لە ڕابردوو دەکەمەوە، ئەو ڕۆژانە کە داوایان لەتۆ کرد دەسەڵات بەدەستەوە بگری، ئەگەر ئەو کارەت کردبایە...

ئەو بەجۆرێک گوتی دێزیرە! کە ناچار بێدەنگ بوومو پاشان بەوپەڕی ئارامی‌یەوە گوتی:

-نازەنینم، ئەمن سەربازێکی سادە بوومو هەرگیز دەورەی کولێژی شەڕم نەدیبوو،و هەرگیزیش ئەو بیرەم بە مێشکدا نەهاتبوو کە وەک ماسی‌گران تاجی پادشایەتی لە زەلکاواندا ڕاو بکەم. ئەمن ڕاوچیی تاڵاوو زەلکاوان نیمو ئەتۆ هەرگیز ئەم خاڵەت لەبیر نەچێ، هەرگیز!

ئەو دوایە مۆمەکانی کوژاندنەوەو...

***

ڕاست لەحزەیەک پێش سواربوونی دەلیجانو دەستپێکردنی سەفەر، خەبەری هاتنی هێرفێن بێتهۆڤێن درا بەمن. ئەمن پێش ئەوە کڵاوەکەمم لەسەر نابوو،و ئۆسکاریش کە بەسەربەرزی‌یەوە جانتای چووکەڵەی سەفەری بەدەستەوە گرتبوو، لە تەنیشتم بوو. بێتهۆڤێن بەئارامی هاتە لام. بەدژواری بەڕێدا دەڕۆیشتو ناشی‌یانە لەبەرامبەر مندا سەری دانواند:

-مەمنوون دەبم ئەگەر جەنابت...

ئەو ساتێک بێدەنگ ما بەڵام دیسان خۆی کۆنتڕۆڵ کردو درێژەی پێدا:

-ئەگەر بە ژەنڕاڵ بێرنادۆت بڵێی کە ئیدی ناتوانم سەمفۆنی‌یەکەم پێشکێشی ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە بکەم.

ئەو دووبارە تاوێک ڕاوەستاو درێژەی دایە:

-ئیدی شیاوی ئەوە نیە، بەیادی ئومێدێکی لەدەستچوو ناوی ئەم سەمفۆنی‌یە دەنێم "ئاڕویکا". ژەنڕاڵ بێرنادۆت تێدەگا مەبەستم چیە.

-ئەمن پێی‌دەڵێمو دڵنیاشم لە مەبەستەکەت حاڵی دەبێ.

لە دوای ئەم قسەیە دەستم بۆ لای درێژ کردو ماڵئاواییم لێخواست.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەحاڵێکدا دەلیجان جادەی بێبڕانەوەی دەبڕی، ئۆسکار پرسی:

-دایە! دەزانی دەمەوێ ببمە چی؟

-پێم وابوو پێتخۆشە وەک باوکت ببیە گرۆبان یان مارشاڵ، یان وەک باپیرت ببیە بازرگانێکی هەریر.

کاتێک ئەم وەڵامەم دەدایەوە ماوەیەک بوو بە بیرێکی پەرێشانەوە دەفتەری بیرەوەرییەکانم لەسەر چۆکم دانابوو سەرگەرمی نووسین بووم.

-فکری خۆم کردۆتەوە دایە! دەمەوێ ببمە مۆسیقاناس، ئاهەنگسازێکی وەک بەڕێز بێتهۆڤێن یان... یان پادشا!

-بۆچی پادشا؟

-چونکە پادشا دەتوانێ خزمەتکارێکی باشی خەڵک بێ. ئەم قسەیە یەکێک لە پێشخزمەتەکانی کۆشک بە منی گوت، پێشئەوەی ئیمپەڕاتۆر باوکم بنێرێتە ئێرە ئەوان لە هانۆڤەر پادشایەکیان هەبووە. ئەتۆ ئەمەت دەزانی؟

ئێستا ئیدی کوڕە شەشساڵەکەشم لەڕادەی ناشارەزایی من حاڵی ببوو. ئەو جارێکی دیکە بە پێداگرتنەوە دووپاتەی کردەوە:

-ئاهەنگساز یان پادشا.

ئەمنیش ئامۆژگاریم کرد:

-پادشایەتی باشتریشەو ئاسانتریشە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢٣
## چواری ژوئەنی ١٨٠٦، پاریس

بـەهار هـاتوە بـەڵام هێشـتا ژان باتیسـت نەهاتۆتـەوە مـاڵێ. نامـەکانی کـورتن‌و بابەتێکی گرنگیان تێدا نیە. ئێستا ئانسباخ بارەگـای حکوومەتەکەیـەتی‌و هـەوڵ دەدا ئـەو چاکسازی‌یانەی لە هانۆڤەر کردبوونی لەوێش ئەنجامیان بدا. دەمەویست هەر کە ئۆسکار چـاک بـۆوە بچمـە لای، بـەڵام هـەر دەگـەڵ چاکبوونـەوەی کۆخەڕەشـەکەی سـوورێژەی لێهـاتو هێشـتا چـاک نەبۆتـەوە. ژووزفـین جارێـک هاتـە سـەردانم‌و چونکـە ئـەمن گـوێم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەدابووە گوڵە سوورەکان باغەوانێکی لە مالمێزۆنەوە ناردە ماڵی ئێمە. باغەوان کە کرێیەکی زۆریش داوا دەکا وا کەوتۆتە گیانی گوڵە سوورەکان کە شتێکی وای لێنەهێشتوونەوە. لەماوەی نێوان دوو نەخۆشیی ئۆسکاردا، ئوورتانس ئەوی بۆ یاری دەگەڵ دوو کوڕەکانی بانگهێشتن کرد. لەوکاتەوە کە ناپلیۆن ئەو دوو کوڕەی بە کوڕی خۆی وەرگرتوون، ئوورتانسو لوویی بوناپارت کوڕی گەورەتر بە میراتگری تاجوتەختی ناپلیۆن دەزانن. دیارە ژۆزێفیش خۆی بە میراتگری ئەم تاجوتەختە دەزانێ. ئەمن نازانم بۆچی ژۆزێف پێی وایە لە برا چووکەکەی زیاتر دەژی یان بۆچی ناپلیۆن بۆخۆی میراتگرێکی نابێ. دیسامبری ڕابردوو ئێلێنوور ڕێوێل نەدیمەی ژووزفین بەڕواڵەت زۆر بێدەنگو هەرا لیۆنی چکۆڵەی بوو کە دیارە قسەوباسی زۆری لەسەر وەڕێ کەوت. لەوانەیە ئیمپەڕاتریسیش بەهیوا بێ ببێتە خاوەنمنداڵ. دیارە ئەو لە مێردی یەکەمی منداڵی بووە. بەخۆشییەوە ئەو شتانە بۆ من گرنگو جێی سەرنج نین.

ڕۆژەکان وەکیەکو بێ تەفاوەت ڕادەبووردن هەتا ڕۆژێکیان ژوولی هاتە سەردانم. لەوکاتەوە ئۆسکار سووریژەی گرتبوو ئەو لە ژووری نانخواردن نزیک نەدەبۆوە بەڵام بە ڕێکوپێکی خزمەتکارەکەی دەناردە ئەحواڵپرسینم. پاشنیوەڕۆی ڕۆژێکی بەهاری ئەوم زۆر بە خۆشحاڵی لە نزیک دەرگای ساڵۆن کە بەرەو باغ دەکرێتەوە دیت کە بە تەنگاوی هاواری دەکرد:

–نزیکتر مەبەوە نەوەکا ئەمنیش ئالوودە بمو منداڵەکانم نەخۆشییەکە بگرنەوە. تەنیا دەمەویست ئەتۆ یەکەمکەس بی کە ئەم خەبەرە گەورەیە دەبیسێ؛ خەبەرێکی دوور لەباوەڕ...

کڵاوەکەی زۆر ناڕێک بوو، دڵۆپە ئارەق کەوتبوونە سەر نێوچاوانیو بۆخۆشی زۆر ڕەنگپەڕیو دیار بوو. بە دیتنی ئەم حاڵە بە نیگەرانییەوە پرسیم:

–چڕووی داوە؟

–ئەمن بوومە شاژن! شاژنی ناپڵ.

حاڵەتی قسەکردنو ڕوانینی بۆ من جۆرێک بوو وەک ئەوەی جندۆکەی بەرامبەر خۆی دیتبێ. هەوەڵێ وام زانی تووشی تاولەرزو وڕێنە بووەو لەوانەشە سووریژەی گرتبێ، دیارە نەک لە ماڵی ئێمە. دەسبەجێ هاوارم کرد:

–ماری... ماری زوو وەرە ژوولی وەزعی باش نیە.

ماری بەپەلە خۆی گەیاندێ بەڵام ژوولی خۆی لێ دوور خستەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەکۆڵم بەوە، هیچم نیە، تەنیا دەبێ ئەم ڕاستییە باوەڕ بکەم. شاژن! ئەمن شاژنم. شاژنی ناپل، ناپلی ئیتالیاو زۆر لێرە دوور. هاوسەرەکەم پادشایە، ژۆزێف شا. ئەمن خاوەنشکۆم، خاوەنشکۆ ژوولی... ئای دێزیرە، ئەمە سامناکە. ئێمە دەبێ دووبارە بچینە ئیتالیاو جارێکی دیکە لەو کۆشکە مەڕمەڕە سەرسوڕهێنانەدا بژیەین...

ماری دەستی بە پرتەوبۆڵە کرد کە:

–خوالێخۆشبوو باوکت هەرگیز بەوە ڕازی نەدەبوو، ژوولیی بەستەزمان...

–وست بە ماری!

قەتم نەدیبوو ژوولی ئاوا قسە دەگەڵ ماری بکا. ماری ئیدی هیچی نەگوتو چووە دەرێو دەرگاکەی توند لەدوای خۆیەوە پێوە دا، ئەمجار هاودەمو هاوخەمی هەمیشەی من، لەحاڵێکدا باشترین جلەکانیی دەبەر کردبوو هاتە ژوورێو بەرامبەر بە ژوولی بە دابی دەرباری داهاتەوە، ڕاست وەک ئەوەی ڕووبەڕووی ئیمپەراتریسێک بووبێتەوە...

دەتوانم پیرۆزبایی خۆم عەرزی خاوەنشکۆ بکەم؟

وەختێک ماری وا بەتووڕەیی ژوورەکەی بەجێهێشت، ژوولی دەکرێ بڵێی لەپێ کەوتبوو ئێستا دووبارە قیت بۆوەو دەستی لەسەر نێوچاوانی دانا. لێوەکانی پێکدا گوشرابوون. ئەو جارێکی دیکە بەسەر خۆیدا زاڵ بۆوەو لەحاڵێکدا ڕوخساری ئەکتەرێکی کۆلیە (ناشی)ی بەخۆوە گرتبوو ویستی نەخشی شاژن یاری بکاو بە ڕاوێژێک کە بۆمن تازە بوو گوتی:

–سوپاست دەکەم. ئەتۆ چۆن لەو ڕووداوە ئاگادار بووی؟

نەدیمەی من کە هێشتا لە بەرامبەریدا چەمابۆوە وەڵامی دایەوە:

–خاوەنشکۆ لەنێو شاری لە هەموو جێیەک باسی ئەم ڕووداوەیە.

ژوولی هەر بەو ڕاوێژە سەیرو حاکمانەیە گوتی:

–منو خوشکم بەتەنیا جێبێڵە.

ئەویش لەحاڵێکدا هەوڵی دەدا ڕێگاکەی لێنەگۆڕێ، پاشەوپاش بەرەو دەرگا ڕۆیشتو ئەمن بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەو دیمەنانەم دەکرد. سەرەنجام کاتێک بە جووڵانەوەیەکی لاسەنگ لە دەرگا چووە دەرێ، گوتم:

–ئەو پێی وایە ئێرەش دەربارە.

–لەمڕۆوە دەبێ هەموو بەرامبەر بەمن، ڕێوشوێنی دەرباری ڕەچاو بکەن. ئەمڕۆ پاشنیوەڕۆ ژۆزێف هاوڕێیانو دەرباریانی خۆی دیاری دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوكاتەدا ژوولی شانەكانی بەجۆرێك وێكهێنابوون دەتگوت لەسەرمان خەریكە ڕەق بێتەوە.

–دێزیرە زۆر دەترسم.

هەوڵم دا دڵخۆشیی بدەمەوەو بۆیە گوتم:

–قسەی قۆڕ مەكە ئەتۆ قەت ناگۆڕێی.

بەڵام ژوولی سەری ڕاوەشاندو دەستی بە ڕوخساریەوە گرت.

–نا،نا، ئەتۆ ئیدی ناتوانی بەمجۆرە دەگەڵ من بدوێی. ئەمن لەڕاستیدا شاژنم.

دوایەش بەتوندی دەستی كرد بە گریانو ئەمن بۆلای چووم تا ئارامی بكەمەوە. كەچی هاواری كرد:

–دەستم لێمەدە، دوور وەكەوە سوورێژە!

بەرەو دەرگای باغی چوومو بانگم كرد؛ ئیبووت، ئیبووت! ئەویش كە هاتە ژووریٚ، هەركە ژوولیی دیت بە دابی دەرباری بەرامبەری چەمایەوە بەڵام بەخۆشییەوە ژوولی وا دەگریا كە پێینەزانی. گوتم:

–ئیبووت بوترییەك شامپاین بێنە.

–ئەمن هێشتا ئامادییم بۆ هێندێ ئەركی وەك میوانداریی یەك لەدوای یەك، ئەویش لە شوێنێكی بێگانەدا نیە. دەبێ پاریس بەجێ بێڵین...

ئیبووت لەحاڵێكدا بوترییەك شامپاینو دوو پەرداخی بەدەستەوە بوون هەر بەو تەشریفاتە دەرباریی‌یەوە هاتە ژووریٚو ئەمن ئاماژەم بۆ كرد ژوورەكە بەجێ بێڵێ. پاشان پەرداخەكانی خۆمو ژوولیم پڕ كردن. ژوولی پەرداخی خۆی هەڵگرتو یەكبین هەڵیقووڕاند. ئەمنیش لەحاڵێكدا پەرداخی خۆمم بەدەستەوە بوو گوتم:

–ئازیزم، هیوادارم پیرۆزباییم قبووڵ بكەی.

–هەموو ئەمانە خەتای تۆن، یەكەمجار ئەتۆ ژۆزێفت هێنایە ماڵی ئێمە.

پاشان بزەیەك هاتە سەر لێوانیو ئەمنیش بە چاوی بەفرمێسكەوە پێكەنیم. لەنەكاو ئەو قسانەم وەبیر هاتنەوە كە لەملاولەولا لەبارەی بێوەفایی ژۆزێفەوە دەرهەق بە ژوولی بیستبوومن. دیارە مەسەلەیەكی ئەوەندە گرنگ نەبوو،و دەكرا بە حیسابی بەدفەڕییە جاروبارەكانی ژۆزێفی بنووسی. پاشان گوتم:

–هیوادارم مەبەستت ژۆزێف بێ.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژوولی لەحاڵێکدا بۆ ئەوەی خۆی لە چاوی من بشارێتەوە وای نیشان دەدا کە فکری لەسەر باخچەیە گوتی:

-زۆر کەم هەڵدەکەوێ دەگەڵ وی تەنیا بم بەڵام هەست بە بەختەوەری دەکەم چونکە منداڵەکانم، زەنائیدو شارلووتە چکۆڵەم هەن.

-ئێستا ئیدی کچەکانیشت دەبنە شازادە خانمو ئەمە بە باشترین پێگە بۆ وان دادەنرێ.

بزەیەک هاتە سەر لێوانمو هەوڵم دا لەوەی لە دەوروبەرم دەگوزەرێ، حاڵی بم. ژوولی ببووە شاژنو کچەکانی بە شازادە خانم دەژمێردرانو ژۆزێف؛ ئەو نووسەرە کەمبایەخەی ئەنجومەنی شار کە بۆ وەدەستهێنانی جیازی ژوولی زەماوەندی دەگەڵ کردبوو، ببووە ژۆزێفشای یەکەم پادشای ناپل.

-ئیمپەڕاتۆر نیازی وایە سەرزەمینە داگیرکراوەکان وەک ویلایەتی خودموختار بەهۆی شازادەو شازادە خانمەکانی خانەدانی پادشایەتییەوە بەڕێوە بەرێ. ئەو سەرزەمینە خودموختارانە پەیمانی دۆستایەتی دەگەڵ فەڕانسە دەبەستنو بە هاوپەیمانانی ئەم وڵاتە دەژمێردرێن. ئەمنو ژۆزێف، ناپلو سیسێل بەڕێوە دەبەین، ئەلیزا دەبێتە دووشێس لووکو لوویش دەبێتە پادشای هولەند. بیری لێبکەوە، تەنانەت مۆراش دەبێتە دووکی دوو سەرزەمینی کێلێڤو بێرگ.

بە نیگەرانییەوە پرسیم:

-چما نۆرە گەیشتۆتە مارشاڵەکان؟

-نا، بەڵام مۆرا هاوسەری کارۆلینەو ئەگەر لەو نێوەدا بەشی ویش نەدرابا کارۆلین دڵی دێشا. بە هەرحاڵ بۆ بەڕێوەبردنی سەرزەمینە گیراوەکان دەبوو کەسانێک لەبەرچاو گیرابان.

بە بیستنی دوا وەڵامی ژوولی هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشاو پرسیم:

-ئەو سەرزەمینانە کێ گرتوونی؟

ژوولی وەڵامێکی ئەم پرسیارەی منی نەدایەوەو خۆی بە پڕکردنەوەی پەرداخەکەیەوە خەریک کردو پاش ئەوەی قومێکی لێخواردەوە گوتی:

-دەمەویست یەکەمکەس بم کە ئەو خەبەرانە دەدا بەتۆ. ئێستا ئیدی بچمە لای لۆرویی بەرگدروو، چونکە خەریکی سازکردنی جلە ڕەسمییەکانی منە کە زۆربەشیان ئەرغەوانی...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر بەجیددیو لێبڕاوانە گوتم:

-نا، ئەتۆ ناتوانی کەلک لەو ڕەنگە وەرگری چونکە بە هیچجۆر بۆتۆ گونجاو نیە. شنێلی تاجلەسەرنانی سەوز پتر لەتۆ دەکاڵێتەوە تا شنێلی ئەرخەوانی.

-جگەلەوە دەبێ کەرەسەی سەفەریشم ئامادە بکەم، دەمەوێ لە ناپل بەتەواوی سەرنجی ژۆزێف بۆلای خۆم رابکێشم. ئەتۆ دەگەڵم دێی؟

-نا، ئەمن دەبێ ئاگام لە کوڕەکەم بێ. جگە لەوە...

تاوێک ڕاوەستام بەڵام بیانوویەک نەبوو بۆ ژوولیی بهێنمەوە.

-بێجگە لەوەش چاوەڕوانی هاوسەرەکەمم. چونکە هەردەم لەوانەیە بێتەوە ماڵێ.

چەند ڕۆژێک لە ژوولی بێخەبەر بووم بەڵام دوایە خەبەری میوانداریو مەجلیسی ماڵئاوایی شاو شاژنی ناپلم لە لاپەڕەی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەی مۆنیتۆردا دیت. ئەمڕۆ بەیانی پاش ماوەیەکی زۆر ئۆسکار ڕێگەی پێدرا لە جێگە بێتە دەرێو لەپەنا پەنجەرەی کراوەی ژوورەکەی دابنیشێ؛ یەکێک لە ڕۆژە دڵگرەکانی مانگی مای کە باخچەکەمان دەگەڵ ئەوەی کەم بوون بەڵام خونچە گوڵە سوورەکانی دیسان جوانو شادیبەخش بوونو لە باغی دراوسێشمان یاسەکان گوڵیان کردبوو، بۆنی یاسە بنەوشەییەکانو ئارەزووی دیداری ژان باتیست ڕووحو گیانمی پڕ کردبوو.

کالیسکەیەک گەیشتە جێو وەک هەموو جارەکانی دیکە کە کالیسکەیەک بێخەبەر دەگەیشتە بەر دەرکی ماڵێ، دڵم لە لێدان وەستا، بەڵام سەرنشینی کالیسکە کەسێک جگە لە ژوولی نەبوو.

-خانمی مارشاڵ لەماڵێی؟

دەرگای ساڵۆنێ لەسەر پاژنە سووڕاو نەدیمەی منو ئیبووت ڕێزیان دانا. ماری کە خەریکی تۆزسڕینەوەی ساڵۆنەکە بوو، بە حاڵەتێکی ناخۆشحاڵ بەپەلە ساڵۆنی بەجێهێشتو چووە نێو باغی چونکە ئیدی هیچ حەزی لە چارەی ژوولی نەبوو.

ژوولی بە جووڵەیەکی شاهانە کە بێگومان لە مۆنتێلی فێر ببوو هاتە ژوورێ. ئۆسکار بە بینینی وی دەرپەڕیو بەغاردان چووەلایو گوتی:

-پوورە ژوولی. ئیدی چاک بوومەوە.

ژوولی بێئەوەی قسەیەک بکا منداڵەکەی دەباوەش گرتو لە کەلێنی مووە ئاڵۆزەکانیەوە چاوی لە من کردو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–پێش ئەوەی ئەو خەبەرە لە مۆنیتۆری سبەینێدا بخوێنیەوە، ویستم بۆخۆم پێتی بڵێم. پیرۆزباییت لێدەکەم شازادە خانم، چونکە ژان باتیست بوو بە شازادەی پوونتە کوورڤوو.

پاشان لەحاڵێکدا ئۆسکاری ماچ دەکرد گوتی:

–پیرۆز بێ وەلیعادی چووکەڵەی پوونتە کوورڤوو.

نەمدەزانی چبڵێم. یەکەمین شت کە بەمێشکمدا هات ئەمە بوو؛ خۆ ژان باتیست برای ئیمپەراتۆر نیە!

–بەڵام ئەو ئانسباخو هانۆڤەری ئەوندە باش بەڕێوە بردوە کە ئیمپەراتۆر دەیەوێ شانازیی ئەو عینوانەی پێ ببەخشێ.

ئەو دوایە ئۆسکاری داناو ڕووی کردە منو گوتی:

–بەڕاستی خۆشحاڵ نی؟ ئەتۆ بوویە شازادە خانم... بەڵێ ئەتۆ.

–پێم وایە...

بەڵام قسەکەمم بڕیو بانگی ئیڤوتم کرد کە شامپاین بێنێ. دوایە گوتم:

–ئەمن قومێک زیاتر ناخۆمەوە چونکە ئەگەر بەیانییان شامپاین بخۆمەوە نارەحەتم دەکا. بەڵام لەوکاتەوە ئەتۆ بە ڕەفتاری خۆت ماریت ڕەنجاند ئیدی کە دێیە سەردانی من، شەگەلاتمان بۆ دروست ناکا. ئێستا پێم بڵێ بزانم پوونتە کوورووڤ لەکوێیە؟

–چەند گێژم، دەبوو لە ژۆزێف بپرسم، چونکە ئەمنیش نازانم. بەڵام ئەم مەسەلەیە گرنگ نیە.

–ڕەنگە ناچار بین بچینە وێ، بەڕاست ترسناکە ژوولی.

–ئەم ناوە وەک ئیتالیایی دەچێ، لەوانەشە نزیک ناپل بێ. لەوحاڵەدا لە من نزیک دەبی بەڵام...

لەنەکاو ڕوخساری گۆڕاو زیادی کرد:

–بەڵام ڕاستی دەبێ قبووڵ بکەین، ژان باتیست هێشتا مارشاڵەو ئیمپەراتۆر بۆ شەڕەکانی پێویستیی پێی هەیە. بۆیە حەتمەن ئەتۆ لێرە دەمێنیەوەو ئەمنو ژۆزێف دەبێ بەتەنیا بچینە ناپل.

سەرەنجام ڕۆژێک دەبێ ئەم شەڕە نەفرەتییانە تەواو بن. ئێمە خەریکین دەبینە قوربانیی ئەم سەرکەوتنانە. پێم وایە ژان باتیست بوو دەیگوت فەڕانسە ئیدی سنوورێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیە بەرگریی لێبکا. بەکردەوە هەموو ئورووپا لەلایەن فەڕانسەوە داگیر کراوەو ئەو سەرزەمینانە بەهۆی ئیمپەڕاتۆرو، ژۆزێف، لوویی، کارۆلینو ئەلیزاوە بەڕێوە دەبرێن. ئێستاش نۆرەی مارشاڵەکان هاتوە.

سبەینێ هەموو ئەم خەبەرانە لە مۆنیتۆردا دەخوێنینەوە بەڵام... پوونتە کووڕووڤ کوێیەو ژان باتیستی من کەنگێ دیتەوە ماڵی؟

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هاوینی١٨٠٧، له دەلیجانێکو له حاڵی سەفەر له نوختەیەکی ئورووپادا

دەچم بۆ شاری مارینبوورگ،بەڵام بەداخەوە نازانم لە کوێیە. سەرهەنگێک کە لەلایەن ئیمپەراتۆرەوە دەگەڵ من خراوە، لە پەنام دانیشتوەو نەخشەیەکی لەسەر چۆکانی داناوە. ئەو بەینێک نا بەینێک ڕێگای پێداچوون بە کالیسکەچی‌یەکە نیشان دەداو لەوەڕا دەزانم کە ئاخرەکەی دەگەینە مارینبوورگ. مارییش ڕووبەڕووی من دانیشتوەو بەردەوام دەبۆڵێنیو سکاڵا لەو ڕێگا پڕ قوڕوچڵپاوەو لەقوڕچەقینی کەژاوەکە دەکا. وا تیدەگەم بە خاکی لەهیستان دا تیدەپەڕیین. جارجار کە بۆ گۆڕینی ئەسپەکانی کالیسکە ڕادەوەستین، گوێم لە قسەکردنی خەڵک دەبیّ؛ ئەم زمانە هیچ وەک زمانی ئەڵمانی ناچیّ. سەرهەنگ دەڵیّ ئەو ڕێیەی گرتوومانە ڕێیەکی نێوقەدبڕەو دیارە ئێمە دەمانتوانی بە شیمالی ئەڵماندا بڕۆین بەڵام ڕێگاکەمان زۆر دوور دەکەوتەوە جەنابیشت پایەبەرز پەلەتە کە چەندی بکریّ زووتر بگەینیّ. دیارە ڕاستی دەکردو بەڕاستی بەپەلە بووم.

سەرهەنگ باسی کرد کە مارینبوورگ لە نزیک دانزینگە. بەڵام ئەمە گیروگرفتی من چار ناکا چونکە نازانم دانزینگیش لە کوێیەو لە چنوختەیەک هەڵکەوتوە. سەرهەنگ گوتی:

–تا چەند حەوتوو پێشتر ئەم جادەیە مەیدانی شەڕ بووەو دیارە دەورانی شەڕ لەم ناوچەیە بەسەر چووەو ئاشتی جێگیر بووە.

بەڕواڵەت ناپلیۆن ئەمجارەش پەیمانێکی دیکەی ئاشتیی بەستوەو ئەم پەیمانە لە تیلیست بەستراوە. ئەمجارە ئەڵمانی‌یەکان بەکۆمەگی پڕووسی‌یەکان ڕاست ببوونەوە تا نیزامی‌یە فەڕانسەیی‌یەکان لە خاکی خۆیان وەدەر نێنو لەو نێوەدا لە کۆمەگی ڕووسەکانیش بەهرەمەند بوون. ڕۆژنامەی مۆنیتۆر باسی زۆر سەرکەوتنی درەوشاوەی ئێمە لە "یەنا"ی دەکردو ژۆزێف خۆمانە بەمنی گوت کە لەو ڕووداوەدا ژان باتیست بەهۆی ستراتیژیکی‌یەوە سەرپێچیی لە فەرمانی ئیمپەڕاتۆر کردوەو دوایەش بە ئیمپەڕاتۆری گوتوە ئامادەیە لەسەر ئەوە لە دادگای نیزامی‌دا موحاکەمە بکریّ. بەڵام پێش ئەوەی کار بگاتە ئەو جێیە، ژان باتیست ژەنڕاڵ بلووخەری لە لووبێک گەمارۆ دابوو،و لە هێرشێکی کتوپڕدا شارەکەی گرتبوو. دیارە ئێستاش نازانم لووبێک لە کوێیە.

دوایە بە داهاتنی زستانی سەخت، دەکریّ بڵێم خەبەرم لێی نەبوو. بێرلین گیرابوو،و هێزەکانی ئێمە سەربازانی دوژمنیان لە خاکی لەهیستاندا ڕاو دەنا. ژان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باتیست کە فەرماندەری قۆڵی چەپی لەشکری ئێمە بوو لە مۆرۆنگۆن هێزگەلێکی تێکشکاندن کە ژمارەیان زۆر پتر لە نەفەراتی خۆمان بوو. ئەم سەرکەوتنەی نەکھەر دوابەرگریی دوژمنی تێکشکاند، بەڵکوو بووە هۆی نەجاتی ناپلیۆنیش. ئەم سەرکەوتنەی ژان باتیست بەجۆرێک کاری کردە سەر سەرفەرماندەریی دوژمن کە پێویستییەکانی سەفەرو جلکی مارشاڵییەکەی کە کەوتبوونە دەستی دوژمن بۆ ئەو ناردنەوە پاریس. هەموو ئەم ڕووداوانە هی مانگەکانی ڕابردوو بوونو چەندینجار هێزەکانی ژان باتیست هێرشەکانی دوژمنیان بەرپەرچ دابۆوە. ئیمپەڕاتۆر لە شەڕەکانی یەنا، ئیلۆو فریدلەندا سەر کەوتو نوێنەرانی وڵاتانی ئورووپایی لە تیلیست خڕ کردەوەو پەیمانی ئاشتیی پێ قبووڵ کردن. ئەمجا ناپلیۆن بە شێوەیەکی دوور لەگومانو بێهەڵاو هەنگامە گەڕایەوە پاریس. سەیر ئەوە بوو پێشخزمەتەکانی ئیمپەڕاتۆر بە جلی سەوزەوە -بە وتەی لیزیا خانم ڕەنگی سەوز بە سێمبولی دوڕگەی کۆرس دادەنرێ- ماڵ بە ماڵ دەگەڕانو خەڵکیان بۆ بەشداریی جێژنی سەرکەوتن لە کۆشکی تویلری بانگهێشتن دەکرد.

ئەمن کراسێکی ساتەنی پەمەییڕەنگم کە بەگوڵی سوور ڕازابۆوەو لۆرویی بەرگدروو لەو دوایییانەدا بۆی درووبووم لە کاونتەرەکە دەرهێنا. ئیبووت قژە سەرکێشەکانمی کە بەزەحمەت قەد دەگرن ڕێکوپێک کردنو بە نیوتاجێکی مرواریو یاقووت کە ژان باتیست بە تەترێکی تایبەتیدا بەبۆنەی ساڵوەگەڕی زەماوەندمانەوە ناردبووی، ڕازاندەوە. ئێستا زۆر دەمێکە ئێمە یەکترمان نەدیوەو بەڕاستی ئەو ماوەیە زۆر درێژو ترسناک بووە.

نەدیمەکەی من لەحاڵێکدا چاوی لە قوتووی جەواهێری ڕازاوە بە تاجی زێڕینو دیاریی ڕۆژی تاجلەسەرنانی ناپلیۆن دەکرد، گوتی:

-پایە بەرز شەوێکی زۆر خۆشو سەرگەرمکەری لەپێشدا دەبێ.

-لە نەبوونی شاژن ژوولیدا لە تویلری هەست بە تەنیایی دەکەم چونکە ژوولیش ئێستا لەناپل تەنیاتەنیایە.

جێژنی تویلری وەک چاوەڕێم دەکرد ، نەبوو. لە ساڵۆنی گەورەی کۆشک کۆ ببووینەوەو سەرەنجام پاش چاوەڕوانییەکی زۆر دەرگاکانی کۆشک کرانەوەو سروودی مارسەیەز لێدراو بەهاتنی ئیمپەڕاتۆرو ئیمپەڕاتریس هەموومان ئیکلاممان کێشا. ناپلیۆنو ژووزفین بەئارامی بە دەوری تەلاردا خولانەوەو کاتی تێپەڕین بە پێش میوانە بێگانەکاندا دەگەڵ هێندێکیان قسەیان کردو بەناچار بوونە هۆی دڵتەنگیی ئەوانی دیکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەتا ناپلیۆنم بەچاکی نەدی چونکە ئاجودانە بالابەرزەکان چواردەوریان گرتبوو. بەڵام لەنەکاو لە نزیک من بۆ قسەکردن دەگەڵ یەکێک لە گەورەگەورەکانی هولەند راوەستاو ئەوەندەی لەبیرمە گوتی:

–بیستوومە هێندێک لە بەدگۆیانی من گوتوویانە کە ئەفسەرانی من بۆخۆیان لەپشتی بەرەی شەڕ دەمێننەوەو هێزەکانیان دەنێرنە پێشەوە. داخوا لە هولەندیش ئەو قسانە دەکەن؟

پاشان بەحاڵەتێکی ناڕازیو وەک هەورەتریشقە درێژەی دایە:

–بیستم کە هولەندییەکان لەسەریەک لە حکوومەتی فەڕانسە ڕازی نین. بەتایبەتی لە لوویی تەمبەڵو شاژنە خەیاڵاوییەکەی ئوورتانس.

وام دەزانی ئیمپەڕاتۆر نیازی سەرکۆنەکردنی هولەندییەکانی هەیەو لەو بارەیەوە پێشئەوەی گوێم لە قسەکانی بێ چاوم دە ڕوخساریەوە بڕیبوو. ڕوخساری لەوحاڵەتی داڵەگۆشتییە هاتبۆ دەرو ئیدی شوێنەوارێک لەو بزە تامەزرۆیانەیە نەمابوو،و حاڵەتێکی تێکەڵ بە لەخۆباییبوون جێی گرتبۆوە. لەبەر قەڵەوی، جلوبەرگی کاری ژەنراڵییەکەی بۆی تەنگ دیار بوو، ئەو جلکانەشی هیچ نیشانو پلەیەکیان بێجگە لە نیشانی لیژیۆن دونۆر نیشانێک کە بۆخۆی بە وەدیهێنەری دادەنرا، لەسەر نەدەبینرا. ئەم سێبەرە قەڵەوەی خوا لەسەر زەوی لەکاتی قسەکردندا بەردەوام سەرودەستی خۆی ڕادەوەشاند مەگەر ئەوکاتە کە نەختێک ئارام دەبۆوەو دەستەکانی دەبردنە پشتەوەو زەردەخەنە خۆبەزلزانانەکەشی بەڕاستی تەحەممول نەدەکرا.

–بەڕێزان! ئەمن پێم وایە سوپای گەورەی ئێمە بەڵگەی ڕوونی بۆ ئیسباتی ئازایەتیوغیرەتی خۆی نیشان داوە. یەکێک لە ئەفسەرە پلە بەرزەکانمان لە تیلیست تەنانەت گیانیشی لە مەترسی هاویشتوەو ئەوەندەی ئەمن خەبەردار بم یەکێک لە مارشاڵە فەڕانسەییەکانیش لەو شەڕەدا بریندار بووە.

دڵم بەجۆرێک لێیدەدا پێم وابوو خەڵکی دیکەش گوێیان لە تەپەو ترپەی دەبێ. ئەو دوای وەستانێکی کورت بۆ ئەوەی قسەکانی کاریگەرتر بن زیادی کرد:

ئەم مارشاڵە کەسێک جگە لە شازادەی پوونتە کووڕووڤ نیە.

–ئەمە... ئەمە ڕاستە؟

دەنگی من بەجارێک پەردەی ڕێوشوێنی دەرباری دڕی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمەساتێک ناپلیۆن نێوچاوانی تێک‌ناو نیگای توندو کاریگەری خۆی بۆلای خاوەنی دەنگەکە وەرگێڕا.

-کەس لە حوزووری ئیمپەڕاتۆر ئاوا هاوار ناکا. کەس... باشە، باشە. هاوسەرە چکۆڵەی مارشاڵ بێرنادۆتیش لێرەیە.

بە چاوترووکانێک ئەو حاڵەتی تووڕەیی‌یە لە ڕوخساری سڕایەوەو دیارە لەوکاتەدا دڵنیا بووم ناپلیۆن پێش ئەو قسانە منی دیوە. ئەو دەیەویست بەمجۆرە خەبەری برینداربوونی ژان باتیست بەگوێی من بگەیەنێ. بەڵام بۆچی بەحوزووری هەزاران کەسی بێگانە؟ داخوا دەیەویست تەمبێم بکا؟ بۆچی‌و لەبەرچی؟

-ئای شازادە خانمی خۆشەویست!

ئەمن بەرامبەری چەمامەوە بەڵام دەستی گرتمو ڕاستی کردمەوە.

-زۆر بەداخم کە ناچار بووم ئەو خەبەرە ناخۆشەت بدەمێ. شازادەی پوونتە کوورڤووف لە گرتنی لووبێکدا کارزانی‌یەکی لەڕادەبەدەری لەخۆی نیشان دا کە بەڕاستی شیاوی تاریف‌کردنە. دیارە لە ناوچەی ئیسپاندوو برینێکی سووک تووشی گەرووی بووە بەڵام خەبەرم هەیە کە حاڵی شازادە بەرەو چاک‌بوونەوەیەو تکا لە تۆش دەکەم بەهیچ‌جۆر نیگەران نەبی.

بە حاڵەتێکی خەمگینانەوە گوتم:

-تکا دەکەم ئیزن بفەرمووی بچمە لای.

لەمساتەدا بوو کە ناپلیۆن بەڕاستی چاوی لەمن کرد.

-هاوسەرانی مارشاڵەکان دەگەڵیان ناچنە ستادی فەرماندەریی ئەوان. شازادە بۆ چاوەدێریی باشترو وردتر گوازراوەتەوە بۆ مارینبوورگو ئەمن ئامۆژگاریت دەکەم واز لەو سەفەرە بێنی. جادەکانی شیمالی ئەڵمان بەتایبەتی ناوچەی دانزینگ زۆر خەراپن. جگەلەوەش تا ئەم دوایی‌یانە ناوچەی شەڕ بووەو دیتنی ئەو دیمەنانە بۆ ژنێکی جوان خۆش نیە...

هەرچەند حاڵەتی دەربڕینەکەی جیددی بوو بەڵام لە هەموو ماوەکەدا بەوردی‌و کونپشکنانە چاوی لەمن دەکرد. بیرم کردەوە داخوا نیازی هەیە تۆڵەم لێ‌بکاتەوە؛ تۆڵەی ئەوەی شەوی پێش ئیعدامی دووکی ئینهێن چوومە لای‌و نەکەوتمە داوی؟ یان تۆڵەی ئەوە کە ژان باتیستم خۆش دەوێ؛ ژەنڕاڵێک کە ئەو هەڵی‌نەبژاردبوو بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری من؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خاوەنشکۆ، تکا دەکەم ئیزنم پێبدە بچمە لای هاوسەرەکەم. نزیکەی دووساڵە نەمبینیوە.

هێشتا ناپلیۆن چاوی لێ هەڵنەگرتبوومو گوتی:

–نزیکەی دووساڵ... بڕوانن بەڕێزان، بزانن مارشاڵەکانی فەڕانسە چۆن خۆیان فیدای نیشتمانی خۆیان دەکەن. شازادە خانمی خۆشەویست! ئەگەر ئەتۆ مکوڕی کە هەردەبێ ئەو سەفەرە بکەی، پسوولەی هاتوچووت بۆ دەردەکرێ. پسوولەی هاتوچووت بۆ چەندکەس دەوێ؟

–تەنیا بۆ دووکەس. هەر ماری دەگەڵ خۆم دەبەم.

–ببوورە شازادە خانم، گوتت کێ؟

–ماری، ماریی وەفاداری خۆمان کە لە مارسەیش لەلامان بوو. ڕەنگە خاوەنشکۆ هێشتا لەبیری مابێ.

ئاخرەکەی ئەو دەمامکە قایمە کە ڕوخساری وی داپۆشیبوو هەڵگیراو جێی خۆی دا بە بزەیەکی دڵگیر.

–دیارە! ماریی بەوفا کە شیرنیی بادامداری خۆشی ساز دەکردن.

ئەو پاشان ڕووی کردە یەکێک لە ئاجودانەکانیو گوتی:

–پسوولەیەکی هاتوچوو بۆ شازادە خانمی پوونتە کوورووڤو خانمی هاوسەفەری دەربکەن.

ئەو پاشان وەک لە شتێک بگەڕێ چاوێکی لە دەوروبەری خۆی کرد هەتا چاوی بە سەرهەنگێکی باڵابەرزی پیادە کەوت.

–سەرهەنگ موولین! ئەتۆ دەگەڵ شازادە خانم دەچیو بەرپرسی سەلامەتیی ئەو دەبی.

ئەو جارێکی دیکە ڕووی دەمن کردو پرسی:

–دەتەوێ کەنگێ وەڕێ کەوی؟

–سبەینێ بەیانی، خاوەنشکۆ.

–تکایە سڵاوی گەرمی من بە شازادە بگەیەنەو پێیبڵێ لەلایەن منەوە دیارییەکت بۆ بردوە. بەخاتری هەوڵەکانی لەو کارە سەرکەوتنخوڵقێنەدا.

چاوەکانی ناپلیۆن دووبارە بریسکەیان داو هەستم کرد ئەو زەردەخەنە پڕسووکایەتییە جارێکی دیکە کەوتەوە سەر لێوانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-دیاریی من بۆ ئەو، خانووی ژەنڕاڵ مۆرۆ لە شەقامی ئانژوویە. ئەم دواییيانە ئەو خانووەم بۆ هاوسەرەکەی کڕیوە. بەمن گوتراوە کە ژەنڕاڵ ئەمریکای بۆ دوورخرانەوەی خۆی هەڵبژاردوە. حەیف کە سەربازێکی وەک وی لەبیری خەیانەت بە فەڕانسەدا بوو، بەداخەوە...

هەروا کە بە نیشانەی ڕێزدانان چەمابوومەوە، پشتی ویم کە ڕووی دە وانی دیکە بوو دەدی دەگەڵ دەستەکانی کە لەپشتەوەی گرتبوونو قامکی تێک گرێدابوون. لەدڵی خۆمدا گوتم خانووی ژەنڕاڵ مۆرۆ، ئەوکەسەی وەک ژان باتیستی بیر دەکردەوەو پابەندی کۆمار بوو. پیاوێک کە پێنجساڵ پاش هاتنەسەرکاری ناپلیۆن بەتۆمەتی هاوکاری دەگەڵ شاپەرستان گیراو دووساڵانیش زیندانی بوو. بەڕاست بۆ پێکەنین دەبوو کە ژەنڕاڵێکی کۆمارخواز بە تۆمەتی شاپەرستی بگرن، ئەوە بوو کە کونسوولی یەکەم زیندانەکەی بۆ گۆڕی بە دوورخستنەوەی هەمیشەیيو ئێستا ئیپمەڕاتۆر خانووەکەی کڕیبوو تا بە دیاری بیدا بە باشترین دۆستی مۆرۆ، بە ژان باتیست؛ پیاوێک کە ئەویشی ناخۆش دەوێ بەڵام چونکە پێویستیی بە خزمەتو تواناکانی هەیە ئەو بێزارییە دەرنابڕێ.

ئەوەیە کە ئێستا بە جادەگەلێکدا سەفەر دەکەم کە لە ڕۆژانێکی نە زۆر دووریشدا مەیدانی شەڕ بوون، جادەگەلێک کە نێوەنێوە کەلاکی هەڵمساوی ئەسپانیان تێدا دەبینرێ. لە هەوایەکی باراناویدا کە لەحزەیەک لێی ناکاتەوە بە تەنیشت بارستەخاکاندا دەڕۆم کە خاچی چووکەڵەی دارینیان لەسەر چەقێندراوە.

-هەموو ئەمانە دایکیان هەیە.

سەرهەنگ کە لە پەنام دانیشتبوو وێژینگی دەدان ڕاچەنی.

-کێ؟ دایک؟

ئاماژەم بۆ ئەو بارستە خاکانە کرد کە ئاویان بەسەردا وەڕی کەوتبوو گوتم:

-ئەم سەربازە گیانبەختکردووانە کە بێگومان هەموویان دایکیان هەیە.

ماری خێرا پەردەکانی کالیسکەکەی دادانەوە. سەرهەنگ بە سەرسوڕماوی جارێک چاوی لەمن دەکرد جارێک لە ماری بەڵام هەر بێدەنگ بوو. بەناچار شانی هەڵتەکاندنو دووبارە چاوی لێکنان. ڕووم کردە ماریو گوتم:

-وەڕەزیی ئۆسکارم کردوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوەتا لەدایک ببوو ئەمە یەکەمجار بوو کە ئۆسکارم بەتەنیا جێدەهێشت. بەیانیی ڕۆژی وەڕێکەوتنم دەگەڵ وی چووینە مارسەیو لەلای مادام لیزیام دانا. دایکی ئیمپەڕاتۆر کە لە تێریانوون [کۆشکێکە لەنزیک ڤێرسای] دەژیاو تازە لە کلیسا هاتبۆوە، گوتی:

–دڵنیا بە، زۆرچاکم ئاگا لە ئۆسکار دەبێ. لەبیرت نەچێ پێنج کوڕم گەورە کردوون.

بیرم کردەوە هەرچەند ڕاستی دەکردو پێنج کوڕی گەورە کردبوون بەڵام قەت نەیتوانیبوو باشیان پەروەردە بکا. بەڵام خۆ کەسیش ناتوانێ قسەی وا بەدایکی ناپلیۆن بڵێ. ئەو دەستە زوورەکەی بە نێوچاوانی منداڵەکەدا هێنا. دەستەکانی خاتوو لیزیا دەگەڵ ئەوەی زۆریشی ئاگا لێیانەو کرێمی جۆراوجۆر بەکار دێنێ هێشتا زبریی کاری سەختی ڕۆژانی ڕابردوویان پێوە ماوە.

–ئووژنی بێ نیگەرانی بچۆ لای بێرنادۆت، ئەمن بەباشی ئاگام لە ئۆسکار دەبێ.

ئێستا هەستی دووری لە کوڕەکەم سەرمایەکی بەژان لە قووڵایی هەموو گیانمدا دەنێژێو وەبیرم دێتەوە کە ئەو هەر وەخت نەخۆش دەبوو لە جێیەکەی مندا دەخەوت. سەرهەنگ پرسی:

–پێتخۆشە لە میوانخانەیەکی ڕێگا لابدەین؟

سەرم بە نیشانەی ناڕازیبوون ڕاوەشاند. ئێستا ئیدی شەو درەنگانێک بوو، ماری کیسەیەکی پڕ لە ئاوی کوڵیوی کە لە وێستگەی کالیسکە پڕی کردبوو، لەژێر لاقانم دانا. بارانیش هەروا دەبارێو لە میچی کالیسکەی دەدا. گۆڕی سەربازانو خاچە دارینەکان هەموو لەئاودا نوقم ببوونو ئێمە هەروا بەرەو مارینبوورگ دەچووینە پێش.

ئێستا ئیدی هەموو شتێکم دیتبوو،و سەرەنجام کالیسکە بەرامبەر بە بارەگای سەرفەرماندەریی ژان باتیست ڕای گرت. کەمکەم بە دیتنی کۆشکان ڕاهاتبووم بەڵام مارینبوورگ نەک کۆشک بەڵکوو قەڵایەک بوو کە لە چەرخەکانی نێوەڕاست مابۆوە؛ قەڵایەک بە دیواری ڕەش، ناحەزو پوواوەوە کە هیچی وەک ئەوە نەدەچوو کە تائێستا دیتبووم. سەربازی چەکدار لە هەردوو بەری دەرگای چوونەژووری قەڵا ڕاوەستابوونو کاتێک سەرهەنگ موولین پسوولەی هاتوچۆیەکەی نیشان دان بە دیتنی هاوسەری مارشاڵ هەموویان پاژنەیان لێکداو ڕێزیان دانا. دوای دابەزین لە کالیسکە گوتم:

–دەمەوێ شازادەی غافڵگیر بکەم کەوایە باشترە خەبەری هاتنی منی نەدەنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو ئەفسەر ڕێنوێنی‌یان کردم. بە تێپەڕین لە دەروازەی قەڵا گەیشتینە حەوشەیەک کە بەردڕێژی‌یەکی خەراپ کرابوو. بە نیگەرانی‌یەکی تێکەڵ بەترسانەوە دە دیوارە ئەستوورو وێرانەکانیەوە ڕامابوومو هەرسات چاوەڕێی حیکایەتخوانە کۆنەکانی ژەرمەن، نەجیبزادەکانو هاوسەرەکانیان بووم. بەڵام ئەوەی دیتم هەر سەربازانی یەکە جۆراوجۆرەکان بوون.

یەکێک لەو دوو ئەفسەرە لاوە لەحاڵێکدا بزەیەکی لەسەر لێوان بوو دووپاتەی دەکردەوە:

–پایەبەرز باش بۆتەوە، پایەبەرز لەم کاتەدا عادەتەن خەریکی کارەو حەز ناکا کەس جاڕزی بکا.

–جێیەکی لەمە باشترتان بۆ کۆشکی فەرماندەری نەدیتەوە؟

–لەکاتی شەڕدا شازادە بایەخ بە چەندوچۆنی شوێنی ژیانی نادا. جگەلەوەش ئێمە لێرە بە ئەندازەی پێویست ژوورمان هەن.

ئەفسەرە لاوەکە هەروا کە ڕێگای بەمن نیشان دەدا دەرگایەکی ڕزیوی کردەوەو چووە دالانێکی ساردو شێدار. سەرەنجام چووینە ژوورێکی چکۆلەی چاوەڕوانیو فیرناند بە خانم، خانم غاری دایە لای من.

سەروسیمای بەڕادەیەک گۆڕابوو کە بە یەکەمنیگا نەمناسیەوە. ئەو جلکی سووری پێشخزمەتانی دەبەر بوو کە دوگمەی زێڕینی پێوە بوونو نیشانێکی لەسەر سنگ بوو کە نەمدەناسی. بە پێکەنینەوە گوتم:

–فێرناند زۆر تەڕپۆش بووی.

–ئێستا ئێمە بووینە شازادەی پوونتە کووڕووڤ. خانم بێزەحمەت بڕوانە ئەم دوگمانە.

ئەو پاشان زگی ڕەپێش خست تا دوگمە زێڕینەکانی چاکەتەکەیم نیشان بداو ئەمجار بە لەخۆباییبوونەوە گوتی:

–بڕوانە خانم! ئەمانە هەموو نیشانی بنەماڵەیی پوونتە کووڕووڤیان لەسەرە.

لەحاڵێکدا بەوردی سەیری دوگمەکانم دەکرد گوتم:

–ئاخرەکەی دەرفەتم دەست کەوت بیانبینم. وەزعی هاوسەرەکەم چۆنە؟

–چاکچاک بۆتەوە و تەنیا گۆشتەوەزوونی برینەکانی هێشتا دەخورێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قامکم لەسەر لێوانم داناو فێرناندیش کە لە مەبەستەکەم حاڵی ببوو بە بێدەنگی دەرگای ژوورەکەی کردەوە.

ژان باتیست لەپشت مێزی کارەکەی دانیشتبوو ئاگای لە چوونەژووری من نەبوو. دەستی نابووە ژێر چەنەگەیو خەریکی موتاڵا بوو. شۆقی ئەو مۆمەی لەسەر مێزەکە بوو هەر لە بەشێکی نێوچاوانیی دابوو. نێوچاوانی سافو بێ چرچولۆچی نیشانی دەدا کە ئارامە. چاوێکم لە دەوراندەوری ژوورەکە کرد. هێندێ لەوشتانەی لەملاولەولا دەبینران بۆ من بێگانە بوونو بەشێکیشیان لەبەر چاوم ئاشنا بوون. مێزی کارەکەی لەپێش سۆبە دارسۆزەکە بوو کە کۆمەڵێکی زۆر کتێبو دۆسیەی بەرگچەرمی لەسەر دەبینران. لەولای سۆبەکە نەخشەیەکی گەورە بەدیوارەوە هەڵواسرابوو کە شۆقی سووری ئاگر ڕووناکی دەکردەوە. جۆرێکی دیکە بڵێم ژوورەکە وەک بەتاڵ دەهاتە بەر چاو. تۆزێک نزیکتر چوومو قرچەقرچی سووتانی دارەکان وای دەکرد گوێی لەدەنگی لاقانم نەبێ. یەخەی جلکە ڕەنگشینەکەی کرابۆوەو ملپێچێکی سپیی لەملی هاڵاندبوو. لەبن چەنەگەی پەڕۆیەکی سپیی برینپێچانی خۆماڵی خۆی دەنواند. پەڕی لە کتێبە ئەستوورەکەی بەردەمی هەڵدایەوەو هێندێ شتی لە پەراوێزەکەی نووسین.

کڵاوەکەم لەسەرم هەڵگرت چونکە سۆبە دارسۆزەکە ئەوێی گەرم کردبوو،و بۆ یەکەمجار لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا تامی گەرماو ئارامیم چاشت. هەرچەند زۆر ماندوو بووم بەڵام گوێم نەدایە چونکە سەرەنجام گەیبوومە جێ.

—پایەبەرز! شازادەی پوونتە کووڕووڤی خۆشەویست...

بە بیستنی دەنگی من بەجارێک ڕاچەنی.

—خوایە گیان! دێزیرە!

بە دوو هەنگاوی درێژ خۆی گەیاندە منو لە وەڵامی منداکە لە چۆنیەتیی برینەکەیم پرسیبوو، گوتی:

—ئێستا کە دەستی تۆم لەسەر ملەو قورسایی دەخاتە سەر جێبرینەکەم سروشتییە کە ژانی پترە.

بە بیستنی ئەم وریاکردنەوەیە دەسبەجێ دەستم لە ملی کردەوەو بەڵێنم دا کە ئیدی دەستی دەمل نەکەم. لەحاڵێکدا لەپەنای دادەنیشتمو ئاماژەم بەو کتێبە ئەستوورە دەکرد پرسیم:

—چبابەتێکت دەخوێندەوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-قانوون. کاتێک گرۆبانێکی نەخوێندەوار ناچار بێ هەموو شیمالی ئەڵمان بەڕێوە بەرێ زۆر شتی لەپێش دەبن کە دەبێ فێریان بێ. لەبیرت نەچێ لەمنێوەدا دەبێ هانۆڤەرو ئانسباخیش بەڕێوە بەرم.

لەحاڵێکدا کتێبەکەم ویکدەنا لەبن لێوانەوە گوتم:

-ئۆسکار نەخۆش بوو، و لەو هەلومەرجەدا بەجێت هێشتین. ئەودەم لەحاڵێکدا لێمان دوور بووی بۆخۆشت بریندار بووی.

-کچەکە گیان... کچەکە گیان.

لەم کاتەدا لەپڕ دەرگای ژوورەکە کرایەوەو بۆ دەمەساتێک نیگەرانی کردم. فێرناندو ماری لە شیپانی دەرگادا دەرکەوتن. فێرناند بەناڕەحەتی هاواری دەکرد:

-ماری دەیەوێ جانتاکان بکاتەوەو لە من دەپرسێ شازادە لەکوێ دەخەوێ.

هەستم کرد زۆری پێخۆش نیە ماری لەگەڵ من هاتوە. مارییش هاواری دەکرد:

-ئووژنیی من ناتوانێ شەوێ لەم قەڵا پڕلە بەرسوورکەیەدا بخەوێ.

جارێکی دیکە هاواری فێرناند هەستا:

-بەرسوورکە! ئێرە یەک دەنک بەرسوورکەشی لێنیە. ئەم دیوارە شێدارانە ڕێگای ژیان بەهیچ جڕوجانەوەرێک نادەن. لە عەمباری سەرفەرماندەری نوێن زۆرن. تەنانەت تەختی خەوی شاهانەی میچداریشی لێن.

ماری بە ڕاوێژێکی توندو ئازاردەر وەڵامی دایەوە:

-شاری بەرسوورکە کان!

ژان باتیست بەپێکەنینەوە گوتی:

-شەڕوهەرای ئەم دووانە ماڵە چکۆڵەکەی "سیز ئالپین"مانم وەبیر دێنێتەوە.

بە بیستنی ئەم قسەیە، لەنەکاو دیارییەکەی ئیمپەڕاتۆرم وەبیر هاتەوە، بەڵام لە دڵی خۆمدا گوتم خەبەری ماڵەکەی مۆرۆی دوای شێوخواردن پێدەڵێمو ئێستا باشتر بوو لەپێشدا شێوەکەمان بخۆین تا...

لەمکاتەدا ژان باتیست گوتی:

-فێرناند! ئەتۆ دەبێ تا نیوسەعاتی دیکە ژوورێکو سالۆنێکی پێشوازی بۆ شازادە خانم ئامادە بکەی. دیارە بە کەلوپەلی شێداری عەمبار نا. ئاجودانی نیگابان ئەم کەلوپەلانە لە دەرێو ملکەکانی دراوسێ ئامادە دەکا. کەلوپەلی خاوێنو ڕێکوپێک...

ماری بە دەنگێکی وشیارکەرەوە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دیاره بێ بەرسوورکە!

ژان باتیست لێی زیاد کرد:

–ئەمنو شازادە خانم بەتەنیا شێو دەخۆین، هەر لێرە لە ژوورەکەی من، ئەویش سەعاتێکی دیکە.

تاماوەیەک دەنگی دەمەقاڵەی ئەم دووانە لە ژوورەکە دەهاتە بەرگوێ. کەوتبووینەوە یادی شەوی زەماوەندمان کە ئەم دووانە بە سوورەگوڵی پڕلە دڕک تەختەکەمانیان گوڵباران کردبوو. بە وەبیر هاتنەوەی ئەمە ماوەیەک پێکەنیین. دووبارە دەستمان بەقسە کردەوەو خەبەری جۆراوجۆرم بۆ گێڕانەوە؛ لە وەسوەسەکانی بوونەشاژنی ژوولی‌یەوە تا کۆخەرەشەو سووریێژەگرتنی ئۆسکارو پەیغامی بەڕێز بێتهۆڤێن.

–دەبێ بڵێم کە ئیدی ئەو ناتوانێ سەمفۆنی‌یە تازەکەی پێشکێشی ئیمپەڕاتۆر بکا، بەڵکوو بەیادی ئومێدێکی لەدەستچوو ناوی دەنێ "ئارڤیکا".

–بۆچی نا؟ ڕۆژگارێک هەموومان دڵمان بەو ئومێدە خۆش بوو.

فێرناند لەشاری بەرسوورکەکان فڕووجێکی سوورکراوەی باشی بۆ ساز کردبووینو لەپێشدا پەرداخەکانمانی پڕ کرد لە شەڕابی بەهێزی بوورگن. بە دیتنی کەلوپەلی نانخواردن گوتم:

–ئەتۆ کێردو چەنگاڵی زیوت بە نیشانی پادشایەتیی پوونتە کووڕووڤەوە کڕیون؟ ئەمن لەماڵێ هێشتا هەر ئەوانە بەکار دێنم کە پیتی"ب"یان لەسەر نەخشاوە.

–ئازیزم ئیدی پێویست نیە بەو توندی‌یە دەست پێوە بگری. ئێستا ئیدی ئێمە دەوڵەمەندین.

سەرەنجام فێرناند بەجێی هێشتینو ئەمن هەناسەیەکی ڕەحەتم هەڵکێشا.

–ئێمە تەنانەت لەوەش کە ئەتۆ بیری لێدەکەیەوە دەوڵەمەندترین چونکە ئیمپەڕاتۆر خانوویەکی تازەی پێبەخشیوین.

ژان باتیست سەری هەڵبڕیو گوتی:

–کچەکە گیان، وا دیارە خەبەری زۆرت لەلان! دۆستی لەمێژینەم بێتهۆڤێن بە ئومێدی لەدەستچوو دەڵێ ئارڤیکاو دوژمنی لەمێژینەی من ئیمپەڕاتۆر خانوو دەدا بەمن. ئێستا ئەمە کام خانوویە.

–ماڵەکەی ژەنراڵ مۆرۆ لە شەقامی ئانژوو. ئیمپەڕاتۆر ئەو خانووەی کڕیوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خەبەرم هەیە کە چەند مانگ پێشتر، ئەو خانووەی بە چوارسەدهەزار فرانک کڕیوەو ماوەیەکیش لەنێو ئەفسەراندا باس لەو خانووە بوو.

ژان لەسەرەخۆ پرتەقاڵێکی پاک کرد، پرتەقاڵێک کە دەکرێ بڵێین هەموو ئورووپا گەڕابوو، و بێگومان لە بەرهەمەکانی سەرزەمینی خوشکمو بەشێک لە جیرەی خواردەمەنیی سوپایەکی گەورە بوو کە خەریک بوو سەرانسەری قاڕەیەک بێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. لەنەکاو شوێنەواری نارەحەتی لە ڕوخساری ژان باتیستدا دەرکەوت.

–خانووەکەی مۆرۆ، دۆستی دوورخراوەم. ئێستاش ئیمپەراتۆر لەجیاتیان دیارییەکی بەنرخم دەداتێ. ئەمڕۆ نامەیەکم لە ئیمپەراتۆرەوە پێگەیشت تێیدا نووسیبووی نیازی هەیە هێندێ ملکم لە لەهیستانو ویستفالی بداتێ، کە لەساڵدا سێسەدهەزار فرانک داهاتیانە. لەو نامەیەدا ئاماژەی بە داستانی خانووەکەی مۆرۆو سەردانەکەی تۆ نەکردبوو. تێکەڵکردنی خۆشحاڵیی دیتنی هاوسەر دەگەڵ تاڵیچێشتنی دیکە کارێکی ئاسان نیە. بەڵام ئیمپەراتۆری ئێمە ئەوکارەی باش ئەنجام داوە.

–ئەو زۆری تاریفی هێرشی تۆ بۆسەر لووبێکو گرتنی ئەوێ دەکرد.

ژان باتیست بێئەوەی وەڵامێک بداتەوە نێوچاوانی تێکنا. بۆ شکاندنی بێدەنگی گوتم:

–ئەمن ئەو خانووە باش دەرازێنمەوەو پێویستییەکانی حەسانەوەی تێدا ئامادە دەکەم. ئەتۆش دەبێ چەندی زوویە بێیەوە ماڵێ چونکە ئۆسکار هەمیشە بیانووی تۆ دەگرێ.

–ماڵی مۆرۆ هەرگیز نابێتە ماڵی من. تەنیا جارجار بۆ دیتنی تۆو ئۆسکار دێمە وێ...

ئەو پاشان لەحاڵێکدا بە زەردەخەنەوە دە بڵێسە ئاگرەکانەوە ڕامابوو، لەبن لێوانەوە گوتی. بۆی دەنووسم...

–ئەتۆ دەستت وێڕا ناگاو تەواوی بەندەرەکانی ئێمە داخراون.

–ئیمپەراتۆر بەڕێوەبردنی شارەکانی یەکیەتیی هانسی بەمن سپاردوە. لە لووبێکەوە دەکرێ نامە بنێریە سوێد. چونکە سوێد دەیەوێ وەک وڵاتێکی بێلایەن وەمێنێ. لە سوێدیشەوە نامە دەچێتە ئینگلیستانو لەوێشەوە بۆ ئەمریکا. ئەمن لە سوێد دۆستی وام هەن کە دەتوانن ئەوکارەم بۆ ئەنجام بدەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەجارێک بیرەوەریی لەبیرکراوی لەمێژینە، سەری هەڵدایەوە؛ ستۆکهۆڵم، نزیک قوتبی شیمال بە ئاسمانێکی وەک مەلافەی سپی‌یەوە...

–چ لە سوێد دەزانی؟

ژان باتیست کە دەتگوت لە خەو هەستاوە بە هەژانەوە گوتی:

–کاتێک ئەمن لووبێکم گرت، کۆمەڵێک لە نیزامی‌یە سوێدی‌یەکان لە شاردا بوون؛ گوردانێکی پیادە.

–چما دەگەڵ سوێدیش لە شەڕداین؟

–جا شەڕمان لەگەڵ کێ نیە؟ هەرچەند دوای پەیمانی ئاشتیی تیلیست ئاشتی‌یەکی ڕواڵەتی بەرقەرار بووە، بەڵام پێش ئەوە سوێدی‌یەکان هاوپەیمانی دوژمنانی ئێمە بوون. پادشای لاوی وان پێی وابوو لەلایەن خواوە بۆ ڕووخاندنی ناپلیۆن هەڵبژێراوە. وا دیارە ئەو لاوە تووشی باوەڕی شێتانە بووە.

–ناوی چیە؟

–گۆستاف... گۆستاڤی چوارەم. هەموو پادشایانی سوێد ناویان یان گۆستاڤە یان چاڕلز. بابی وی، گۆستاڤی سێیەم ئەوەندەی دوژمن هەبوون کە لە میوانداری‌یەکدا بە دەستی یەکێک لە گەورەکانی وڵاتی خۆی کوژرا.

–چەند سامناکە... ئەمە ئەوپەڕی دڕندەیی‌یە... کوشتن، ئەویش لە میوانداری‌دا.

–تاوێکیش بیر لە گیووتینەکانی خۆمان بکەوە کە کوشتارێکی زۆریان کردوە. داخوا ئەو پیاوکوژی‌یە وەحشی‌یانەتر لەمە نەبوو؟ داوەری‌کردن لەو بارانەوە زۆر دژوارە.

ئەو دیسان لە بلێسە ئاگرەکانەوە ڕاماو جارێکی دیکە خولقی خۆی وەرگرتەوە.

–باوکی ئەو گۆستاڤە کوژراوە، واتە گۆستاڤی چوارەم لەشکریانی خۆی ناردنە شەڕی فەڕانسەیی‌یانو بەمجۆرە بوو کە ئەمن بەڕێکەوت کۆمەڵێک لەوانم لە لووبێک دیتنەوە. سوێد بە هێندێ هۆی تایبەتی بۆمن سەرنجڕاکێشەو هەر ئەمەش هانی دەدام هەوڵ بدەم پتری لەسەر بزانم. بۆیە ئەفسەرە گیراوەکانم بۆ شێو بانگهێشتن کردو بەمجۆرە دەگەڵ مۆرنێر بوومە ئاشنا...

پاش ساتێک وەستانو بێدەنگیو لەحاڵێکدا دەچووە لای چەکمەجەی مێزەکەی گوتی:

–نەختێک ڕاوەستە، ناوەکانیانم لەجێیەک نووسیون.

–ئێستا ناوەکانیان گرنگ نین، پاشماوەی داستانەکەم بۆ باس بکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-نا، بەڕێکەوت گرنگن چونکە دەبێ لەبەریان کەم.

ئەو دوای پشکنینی چەکمەجەکە کوتە کاغەزێکی دیتەوەو هاتە لای منو دەستی کرد بە خوێندنەوەی ناوەکان.

-گۆستاڤ مۆرنێر، فلاش، دولاگرنێژ، بارۆن لۆنژەلێم، بارۆن فریزندۆرف.

-کەس ناتوانێ ئەم ناوانە دەرببڕێ.

-ئەم ئەفسەرانە بارودۆخی وڵاتی خۆیان بۆ من شی کردەوە، گۆستاڤ بەپێچەوانەی ویستی خەڵکەکەی دەگەڵ ئێمە کەوتە شەڕو بێگومان پێی وابوو ئەگەر بەسەر ئێمەدا سەر کەوێ دڵی تزار (قەیسەر) بەدەست دێنێ، چونکە سوێدی‌یەکان هەمیشە لەوە دەترسن ڕووسیا فێنلاندیان لەدەست دەربێنێ.

-فێنلاند؟ فێنلاند لە کوێیە؟

-وەرە پێشتر با هەموو شتێکت لەسەر نەخشە پێبڵێم.

ئەو پاشان مۆمدانەکەی هەڵێنا تا نەخشەکە ڕوونتر ببینم. دوایە لەحاڵێکدا ئاماژەی بۆ نەخشەکە دەکرد گوتی:

-ئەمە دانمارکە کە لەڕێگای ژووتلەندەوە بە سەرزەمینی سەرەکی‌یەوە لکاوە. لەبەر چەند هۆی جوگرافیایی، دانمارک ناتوانێ لە بەرامبەر هێرشێکدا کە لە وشکارۆ (قارە)وە بکرێتە سەری خۆ ڕابگرێ. هەربۆیە دانمارکی‌یەکان دۆستایەتی دەگەڵ ئیمپەڕاتۆریان هەڵبژاردوە. لە بابەتەکە حاڵی بووی یان نا؟

سەرم بەنیشانەی تێگەیشتن لە قسەکانی لەقاند.

-ئێرە گەڵیی ئوورسووندەو خاکی سوێد لێرەڕا دەست پێدەکاو ئەم وڵاتە نایەوێ سەر بۆ فەرمانی ئیمپەڕاتۆر دانوێنێ. دیارە تائێستا سوێدی‌یەکان دەیان‌توانی حیساب لەسەر کۆمەگی تزار بکەن بەڵام ئیدی جێگایەک بۆ ئەو ئومێدە نەماوە. چونکە بە پەیمانی تیلیست بەکردەوە تزار دەگەڵ ئیمپەڕاتۆر یەکی گرتوەو ناپلیۆن دەستی تزاری لە وڵاتانی باڵتیک ئاوەڵا کردوە. بەفکری تۆ ئەو جەنابی گۆستاڤە ئێستا دەتوانێ چبکا؟

-نازانم.

-ئەو کابرا شێتە کەوتۆتە فکری شەڕ لەگەڵ ڕووسیاوە، ئەویش لەسەر فێنلاند. تەماشا ئێرە بکە... لێرە لەسەر نەخشە فێنلاند دەبینی، سەرزەمینێکی سەربە سوێد...

ئەمن لەحاڵێکدا تەماشای نەخشەکەم دەکرد پرسیم:

-ئێستا سوێدی‌یەکان لەبەرامبەر هێرشی تزاردا چۆن بەرگری لە فێنلاند دەکەن؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–باشە دەبینی تەنانەت کچێکی بێخەبەری وەک تۆش دەسبەجێ ئەم پرسیارە دێنێتە گۆڕێو سروشتی‌یە کە ئەوان ناتوانن فێنلاند بپارێزنو بێگومان فێنلاندی‌یەکانو سوێدی‌یەکان لە شەڕێکی وادا هەموو هێزی خۆیان لەدەست دەدەنو فێنلاند دەبێتە ئی ڕووسیا.

ژان باتیست لەحاڵێکدا بە سەری قامکی لە شوێنێکی نەخشەکەی دەدا لێی زیاد کرد:

–کەوایە بەناچار سوێد دەبێ دەگەڵ نۆڕویژ یەک بگرێ. ئەم پێوەندی‌یە زۆر دژوار نیەو دەتوانێ بەردەوامیش بێ.

–فەرمانڕەوای نۆڕویژ کێیە؟

–ئێستا پادشای دانمارک حکوومەتیان بەسەرەوە دەکا بەڵام نۆڕویژی‌یەکان لەوە ناڕازین. ئەوان خەڵکێکی سەیرنو لەنێو واندا باسێک لە دەربارو چینی نەجیبزادە نیە. نۆڕویژی‌یەکان ئێستا لە هەموو کاتێک ناڕازیترو یاغیترن چونکە پادشای دانمارک، بە پادشای نۆڕویژیش دەژمێردرێو خەڵکی دیکەش ئەوان بە هاوپەیمانی ناپلیۆن دەزانن. ئەگەر سوێدی‌یەکان نەزەری من بپرسن، دەڵێم فێنلاندێ بۆ ڕووسیا لێگەڕێنو هەوڵی پێوەندی دەگەڵ نۆڕویژ بدەن. یەکگرتنێکی وا لەڕووی جوگرافیاییشەوە پاساوهەڵگرە.

–ئەتۆ ئەم شتانەت لە لووبێک بە ئەفسەرە سوێدی‌یەکان گوتن؟

–بەڵێ، زۆر بەڕاشکاوی‌و بێپەردە گوتمن. ئەوان سەرەتا بە هیچجۆر ئامادە نەبوون باسی جودایی فێنلاندیش ببیسن. بەڵام هیچکام لە دەلیلەکانیان بۆمن جێگای قبووڵ نەبوون. سەرەنجام پێمگوتن:

–بەڕێزان ئەمن ڕاستیی بارودۆخەکە دەبینم. وەک فەڕانسەیی‌یەک کە تەنیا لەسەر بناخەی ئەو نەخشەیەی لەپێشیەتی قسە دەکاو وەک مارشاڵێک کە هێندێ شت لە بنچینەکانی ستڕاتیژی دەزانێ دەبێ پێتان بڵێم کە ڕووسیا، بۆ هێمنیی سنوورەکانی پێویستیی بە فێنلاند هەیە. ئەگەر ئێوە بەڕاستی خەڵکی فێنلاندتان خۆش دەوێ لە فکری فێنلاندێکی سەربەخۆدا بن. بەڵام ئەمن پێم وایە ئێوە زۆر لەفکری فێنلانددا نین بەڵکوو غەمی سەرەکیی ئێوە سوێدی‌یەکانی نیشتەجێی فێنلاندن. بەمجۆرە دەبێ قبووڵ بکەن کە تزار لەفکری هێمنیی سنوورەکانی‌دایەو ئەگەر ئێوە واز لە فێنلاند نەهێنن تووشی گیروگرفتی زۆر جیددی دەبن. بەڵام لەبارەی دوژمنی دووەمتان ئێمپەڕاتۆری فەڕانسەوە بەڵێنتان پێدەدەم زۆری پێناچێ سەربازانی ئێمە بەرەو دانمارک دەچن. لێرەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەندوچۆنی توانای خۆڕاگریی هێزە سوێدیەکان پێوەندیی بەخۆتانەوە هەیە بەڵام ناپلیۆن بۆ دەستڕاگەیشتن بە نۆڕویژ ناچارە بە سوێددا تێپەڕێ. وا فکر دەکەمەوە باشترین ڕێگا بۆ ئێوە بێلایەنیەو بەمجۆرە دەتوانن وڵاتەکەتان ڕزگار بکەن. ئەگەر هەستیش دەکەن پێویستیتان بە هاوپەیمانێک هەیە لەفکری نۆڕوێژدا بن.

–زۆر باشت قسە دەگەڵ کردوون. سوێدیەکان چوەڵامێکیان دایەوە؟

–وام تێوە ڕامابوون دەتگوت داهێنەری باڕووتیان دیوە. بەناچار گوتم:

بەڕێزان تەماشای من مەکەن تەماشای نەخشە بکەن.

ڕۆژی دواتر هەموویانم ناردەوە ماڵی خۆیانو بەمجۆرە ئێستا چەند دۆستێکم لە سوێد هەن.

–ئەو دۆستە سوێدیانە بە چکارێکی تۆ دێن؟

–دۆست هەمیشە بەکار دێو هیچ مرۆڤێک لە دۆستانی بێمنەت نیە. بەڵام ئەگەر سوێدیەکان دەست لە دوژمنایەتیی ڕووسیاو فەڕانسە هەڵنەگرن، ئەمن ناچار دەبم وڵاتەکەیان داگیر بکەم. چونکە پیادەبوونی هێزەکانی ئینگلیزو کردنەوەی بەرەیەک لە بەرامبەرماندا ڕێی تێدەچێ. هەر وەختێکیش ئێمە ناچار بین ئەو شەڕە بکەین بێگومان ئیمپەڕاتۆر فەرماندەریی هێزە هێرشبەرەکان بەمن دەسپێرێ، چونکە بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی شارەکانی یەکیەتیی هانس بەمنەو ئەگەر گۆستاڤ دیسان لەسەر خەیاڵەکەی خۆی مابێو خۆی لەلایەن خواوە بە بەرپرسی ڕووخاندنی ناپلیۆن بزانێ سەرەنجام ڕۆژێک ئیمپەڕاتۆر فەرمانی داگیرکردنی سوێد دەردەکا. ئەمنیش بە فەرمانی وی لە گەڵیی تەسکی ئوورسووند تێدەپەڕمو هێزەکانی خۆم لە دەشتی ئیسکانی لە جنووبیترین بەشی سوێد دادەبەزێنم. ئێستا وەرە چاوێکی دیکە لە نەخشەکە بکە.

بەناچاری جارێکی دیکە چوومەوە بەر نەخشە بەڵام ئیدی تەماشام نەدەکرد. ئەمن چەند شەووڕۆژی لەسەریەک بەڕێیەدا هاتبووم تا وشیاری هاوسەرەکەم بمو پەرستاریی لێ بکەم بەڵام لەجیاتی ئەوە بە دەرسی جوگڕافیاوە سەرگەرم ببووم.

–سوێدیەکان ناتوانن بەرگری لە ئیسکانی بکەن چونکە لەباری ستڕاتیژیەوە شتی وا مومکین نیە بەڵام پێم وایە لەم نوختەیەدا بەرەنگاری دەکەن.

لێرەدا بەقامک نوختەیەکی لە نەخشەکە نیشان دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بڵێ بزانم ئەتۆ بە ئەفسەرە سوێدیەکانت گوت کە لەوانەیە ناچار بی پەلاماری وڵاتەکەیان بدەی؟و ئەوان ناتوانن بەرگری لە دەشتی ئیسکانی بکەن‌و دەبێ لە جێگایەک لە شیمال ئەوکارە بکەن؟

–بەڵێ گوتم. نازانی ئەوان چۆن سەریان لە قسەکانم سوڕمابوو. یەکێک لەوان بەناوی مۆنرۆ کە دەموچاوێکی خڕو قژێکی درێژی هەبوو بە سەرسوڕماوی دەیگوت:

–جەناب ئەتۆ نەخشەکانی شەڕت بەو ئاسانی‌یە ئاشکرا دەکەی‌و ئەمە بۆمن جێی باوەڕ نیە.

–دەزانی چوەڵامێکم دایەوە؟

–نا، چوەڵامێکت دانەوە؟

بەم وەڵامە کورتە بەرەو تەختی خەوە سەفەری‌یەکەی چووم. ئەوەندە ماندوو بووم کە نەم‌توانی چاوەکانم بە کراوەیی ڕاگرم.

–بەڕێزان ئەمن هەرگیز پێم وانیە سوێد بتوانێ لە بەرامبەر هێرشی مارشاڵێکی فەڕانسەیی‌دا خۆڕاگری لەخۆی نیشان بدا. بۆیەش باکم لە گوتنی ئەم قسانە نیە. کچەکە گیان بەخەبەری یان خەوتووی؟

–تەواو خەوتووم.

لەحاڵێکدا ئەم وەڵامەم دەدایەوە هەوڵم دا خۆم باوێمە سەر تەختەکە. ژان باتیست بە بیستنی قسەکەی من وەڵامی دایەوە:

–وەرە، ژوورەخەوێکم بۆ ئامادە کردووی‌و چونکە پێم‌وایە هەموو نوستوون بۆخۆم دەت‌بەمە ژوورەکەت.

–بەڵام ناتوانم لەجێی خۆم هەستم، زۆر لەوە ماندووترم کە...

–ئەگەر دەتەوێ لێرە بنووی ئەمن دەتوانم لەپشت مێزەکەم دانیشم چونکە زۆر کارم هەن کە دەبێ بیانکەم.

–نا! ئەتۆ بریندار بووی‌و دەبێ ئیسڕاحەت بکەی.

ژان باتیست بێ‌ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ لەسەر لێوی تەختەکە دانیشت‌و ئەمن ئەوەندە شەکەت بووم کە داوام لێ‌کرد کەوشەکانم لەپێ داکەنێ. هەر لەوکاتەدا درێژەی پێ‌دا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

—وا تێدەگەم ئەو ئەفسەرە سوێدییانە دەگەڵ وەزیرەکانی خۆیان لەوبارەیەوە قسە دەکەنو هەتا کاتێک پادشاکەیان وەلا نەکەوێ دەست لە بەدواداچوونی ئەم بابەتە هەڵناگرن. لەو حاڵەدا ڕەنگە مامەکەی ببێتە پادشای هەڵبژێردراو...

—گۆستاڤێکی دیکە؟

—نا، شارڵ، شارڵی سێزدەیەم. بەداخەوە دەڵێن ئەو مامەی پادشاش منداڵی نینو چون پیرو لەکارکەوتوویە بێجێنشین دەبێ.

—بەستەزمان مۆرنێر! پیرو بێپاشەوار...

—نا، مەبەستم مۆرنێر نیە، شارڵی سێزدەیەمی سوێد دەڵێم.

ئەمجا بڕیارم دا ئەوەندی بکرێ خۆم بکێشمە سەر لێوی تەختەکەو بەمجۆرە جێیەک بۆ ڕاکشانی ژان باتیست بێڵمەوە. لای نیوەشەو بوو کە وەخەبەر هاتمو ئەو کە زانیبووی بەخەبەرم پرسی:

—جێگات نارەحەتە کچەکە گیان؟

—نا، جێی من ڕەحەتە ئەتۆ بۆ ناخەوی؟

—ئەمن زۆر ماندوو نیمو میشکم مەیدانی تەراتێنی بیری جۆراوجۆرە. ئەتۆ ماندووی. باشترە بخەوی.

بەئارامی پرسیم:

—ئەرێ چۆمی مالار بەنێو شاری ستۆکهۆڵمدا دەڕواو لەتکە سەهۆڵ مەلەی بەسەرەوە دەکەن؟

—ئەمانە لەکوێ دەزانی؟

—دەزانم، پیاوێک لەوێ دەناسم کە ناوی پێرسۆنە.

***

سەرەنجام پاییزێ گەڕامەوە پاریس. ژان باتیستو ئەفسەرەکانیشی چوونە هامبوورگ تا بەڕێوەبەریی شارەکانی یەکیەتیی هانس بەدەستەوە بگرن. ئەو هەروەها بڕیاری دابوو سەرێکی دانمارک بداو قایمەکارییەکانی ڕووبەڕووی کەنارەکانی سوێد بەسەر بکاتەوە.

وەختێ هاتنەوە ئیدی پێویستیم بە کیسەی ئاوی گەرم نەبوو، و هەتاوی ڕەنگپەڕیوی پاییزی لەنێو کالیسکەکەی دەدا. زەوییەکانی ئەمبەرئەوبەری جادە بەرهەمێکیان نەبوو، و ئیدی شوێنەوارێک لە لاشەی ئەسپانیش نەدەبینراو لە چەند گلکۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیاترم لەسەر ڕێگای خۆم نەدیتن. باران تۆپەڵە گڵەکانی سەر گۆڕەکانی شوتبۆوەو با، خاچەکانی خستبوو. بەڵام نەمدەتوانی لەبیری بکەم کە ئێرە شەڕگەو گڵکۆی هەزاران لاو بووە.

لەڕێگادا سەرهەنگ موولەن ژمارەیەکی ڕۆژنامەی مۆنیتۆری دەست کەوتو ئێمە زانیمان کە لاوترین برای ناپلیۆن واتە ژێرۆم، ئەومنداڵە زۆرخۆرەی لە زەماوەندی ژوولیدا هێندەی خواردبوو تووشی نارەحەتی بوو، ئێستا بۆتە پادشا. ئیمپەراتۆر هێندێ لە شازادەنشینە دەستبەسەردا گیراوەکانی شیمالی ئەڵمانی یەک خستوەو حکوومەتی پادشایەتیی وێستفاڵیی دامەزراندوەو ئێستا برا چووکەکەی، ژێرۆم بۆتە پادشای ئەو سەرزەمینە؛ ژێرۆمی یەکەم پادشای وێستفاڵی. بێجگە لەوە ناپلیۆن کاترین ڤۆرتەنبۆرگ کچی بنەماڵەیەکی لەمێژینەو ڕەسەنی ئەڵمانیی کردۆتە هاوسەری ژێرۆمی بیستساڵە. ئێستا کاترین ڤۆرتەنبۆرگ بە ئاوجای ژوولی دەژمێردرا. داخوا ئێستا ژێرۆم کیژۆڵە پاترسۆنی ئەمریکایی کە بە فەرمانی ناپلیۆن تەڵاقی دا لەبیر ماوە یان نا؟ ئیدی ڕووم کردە ماریو گوتم:

–ماری! چووکترین برای ئیمپەراتۆریش بۆتە پادشا!

–ئێستا دەتوانێ چەندی پێیخۆش بێ بخواو ئەگەر کەسێک لێی وریا نەبێ...

نیگای حەبەساوی سەرهەنگ موولەن دە ماریەوە ڕامابوو، ئەمە یەکەمین قسەی پڕسووکایەتی بە بنەماڵەی ئیمپەراتۆر نەبوو کە لە زمانی ئەو ژنەی دەبیست. ئەمنیش ڕۆژنامە کۆنەکەم لە پەنجەرەی کالیسکەکەوە فڕێ دایە دەرەوە تا لە سەرزەمینێکدا کە ماوەیەک پێشتر مەیدانی شەڕ بووە بکەوێتە دەم باو بۆکوێ دەچێ بچێ.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢٥

## خانووی تازەی شەقامی ئانژوو

## ژووئیە (تەمووز)ی ١٨٠٩

بە دەنگی زەنگی کلیساکان لە خەو ڕاپەڕیم. چەند ڕەگەی تیشکی هەتاو کە لە کەلێنی پەردەکانەوە هاتبوونە ژوورێ، کۆڵەکەیەکی وردەتۆزیان لەحاڵی سەماکردندا نیشان دەدا. هەرچەند بەیانی زوو بوو بەڵام هەوا ئەوەندە گەرم بوو بنیادەمی گێژ دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێخەفەکەم لەسەر خۆم لاداو دەستم وەبن سەرم دان. دەنگی زەنگەکان، زەنگەکانی پاریس...

لەوانەشە جێژنی لەدایکبوونی یەکێک لە شایانی خانەدانی بوناپارت بووبێ. ناپلیۆن بەکردەوە هەموو خزمەکانی خۆی کردبوونە پادشا. ژۆزێف ئیدی پادشای ناپل نەبوو بەڵکوو بە پادشای ئیسپانیا دەژمێردراو ژوولیش چەند مانگە لە مادریدە. کە دەڵێم چەند مانگ زیادم پێوە نەناوە. ئیسپانیاییەکان بە پادشایەتیی ژۆزێف ڕازی نەدەبوونو بۆیە هێزەکانی ئەویان گەمارۆ داو لەنێویان بردنو بەمجۆرە لەجیاتی ژۆزێف، دژبەرانی چوونە نێو مادرید. هەر بۆیە ئیمپەڕاتۆر هێندێ هێزی حەساوەی نارده ئیسپانیا تا خەڵک ژۆزێفی لە چنگی وڵاتپاریزانی ئیسپانیا ڕزگار بکەن. مۆراو کارۆلین ئێستا لە ناپل حکوومەت دەکەنو لەڕاستیدا کارۆلین فەرمانڕەوای ناپلە چونکە مۆراش وەک یەکێک لە مارشاڵە فەڕانسەییەکان هەمیشە لە یەکێک لە بەرەکانی شەڕە. کارۆلین نە هێندە گوێ دەداتە وڵاتەکەی نە کوڕەکەشیو پێی باشترە کاتی خۆی دەگەڵ خوشکی لە خۆی گەورەتر واتە ئەلیزا فەرمانڕەوای توسکانی بگوزەرێنێ. ئەلیزا کە ڕۆژ بەڕۆژ قەڵەوتر دەبێو دەڵێن سڕوتڕێکی دەگەڵ مۆسیقاژەنێکی دەربارى بەناوی پاگانینی پەیدا کردوە. ئەمن هەموو ئەمانەم لە کاتی مانەوەی کورتی ژوولی لەپاریس لەو بیستن. ژوولی لەسەر ڕێگای خۆی بۆ ئیسپانیا چەند ڕۆژێک بۆ ئامادەکردنی ئەو جلانەی پێویستی بوون هاتە پاریسو ئەم ڕۆژانە ئۆگرییەکی سەیری بە ڕەنگی ئەرغەوانی کە ڕەنگی جێگای پەسندی ژۆزێفە، پەیدا کردوە. دیسان دەنگی زەنگی کلیساکان بەگوێ...

ئەمڕۆ ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی کامە بوناپارتە؟ نە ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی ژێڕۆمشایەو نە هی ئووژەن دو بووئارنە جێنشینی پادشای ئیتالیا. ئەم لاوە کەمێک بەجێماوو شەرمێونە لەوەتا ژنی هێناوە تەواو گۆڕاوە. ناپلیۆن کچێ پادشای باڤاریای بۆ هێناوەو ئێستا ئەو ئووژەنە شەرمێونە لە کۆڕوکۆمەڵە گشتییەکاندا دەتوانێ قسە بکاو ئەمن پێم وایە بەختەوەرە.

جارێکی دیکە زەنگەکان لێدەدرێن. لەو نێوەدا دەتوانم زرینگەی زەنگی نۆترڕدام لێک بکەمەوە. ڕۆژی لەدایکبوونی لوویی‌شا چڕۆژێکە؟ ڕەنگە ئەو تەمەنێکی درێژی هەبێ هەرچەند پێی وایە نەخۆشە. گومانێک لە لەش‌ساغیی ویدا نیەو جگە لە قەبەییو پانیی لاقەکانی هیچ عەیبێکی دیکەی نیە. لە سەرەتاشەوە ناپلیۆن باشی چاوەدێری لێکرد. سەرەتا بردیە نێو سوپا تا کارو پیشەیەکی هەبێ. پاشان کردیە ئاجودانی خۆیو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەکچکراوەکەی خۆی لێ‌مارە کرد. سەرەنجامیش لەسەر تەختی پادشایەتیی هولەندی دانا. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەو نیشتمانپەروەرانەی هولەند کە لە لوویی‌و لەشکرییەکانی یاغی دەبن بە خەراپکار ناو دەبەن. هەرچەند ئەوناوە مانای دیکەشی هەیە چونکە وشەیSabot بەو کەوشە دارینانە دەڵێن کە ماسی‌گرانی مارسەی دەپێیان دەکەن‌و بەمجۆرە بەرناوی Saboteurs دوو مانا دەدا. هەرچۆنی بێ ئەم کۆمەڵە لە لوویی بێزارن‌و بەشی زۆرتری ئەو بێزارییەش لەبەر ئەوەیە بە دەستنێژی ناپلیۆنی دەزانن. بەڵام ئەوان نازانن کە لوویی ناتوانێ لە بەرامبەر براکەی‌دا ڕاوەستێ هەرچەند لە وەختی پێویستدا چاو دەنووقێنێ‌و ڕێگا دەدا کەشتییە بازرگانییەکانی هولەند بەرەو ئینگلیستان برۆن‌و بەمجۆرە ئەو بەکردەوە بە سەرکردەی خەراپکاران دەژمێردرێ. ڕەنگە باشتر بایە ناپلیۆن هەرنەبێ ئیزنی پێ دابا ژنەکەی بۆخۆی هەڵبژێرێ. نازانم ئەم دوایییانە دەگەڵ کێ باسی لووییم دەکرد... بەڵێ ئەگەر بەهەڵە نەچووبم بوولێت بوو، تەنیا ئەندامی بنەماڵەی بوناپارت کە کەمترین ئۆگریی بە مەسەلە سیاسییەکانەوە نیەو خەریکی ژیانی خۆیەتی. نا، لەڕۆژی لەدایکبوونی بوولێتدا زەنگەکان لێ‌نادرێن‌و هەروەها لە ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی لووسینیش‌دا. لووسین هێشتا لە شوێنی دوورخرانەوەیەتی‌و هەرچەند ناپلیۆن تاجی پادشایەتیی ئیسپانیای پێ پێشنیار کرد، بەڵام دیارە ئەو مەرجی ناپلیۆنی کە جیابوونەوە لە هاوسەرە قژسوورەکەی خانم ژووبێرنۆ بوو قبووڵ نەکردو تاجی پادشایەتییشی نەویست. ئەو دوای ڕەتکردنەوەی پێشنیاری ناپلیۆن نیازی وا بوو بە بنەماڵەوە بچێتە ئەمریکا بەڵام کەشتییەکەیان وەدەست ئینگلیزەکان کەوت‌و ئێستا وەک دوژمنی بێگانە لە ئینگلیستان دەژی. ئەو لەم دوایییانەدا ئەم بابەتانەی لە نامەیەکدا کە بە قاچاغی ناردبووی بۆ دایکی گێڕاوەتەوە. هەر ئەو لووسینە کە لە سەرەتادا کۆمەگی برایەکەی کرد تا بە دامەزراندنی حکوومەتی کونسوولی بۆ ڕزگارکردنی کۆمار ڕاپەڕێ. نا بێ‌گومان هیچ‌کاتێک زەنگی کلیساکان بۆ ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی ئەم پیاوە چاوشینە لێ‌نادرێ.

لەم فکرانەدا بووم دەرگای ژوورەکە کرایەوەو گوێم لە دەنگی ماری بوو کە دەیگوت:

–پێم وابوو بە دەنگی زەنگەکان وەخەبەر هاتووی، قاوڵتیت بۆ بێنم؟

–زەنگەکان بۆ لێ‌دەدرێن؟

–دیارە، دەتەوێ بۆ چی بێ، ئیمپەڕاتۆر سەرکەوتنێکی تازەی بەدەست هێناوە.

–لە کوێ؟ کەنگێ؟ ڕۆژنامەکان شتیان نەنووسیوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–هەر ئێستا قاوڵتیو کچە ڕۆژنامە خوێنەوەکەتان بۆ دەنێرم. نا، باشترە لەپێشدا قاوڵتییەکەتان بۆ بنێرمو دواتر ئەو کچە گەنجە دەتوانێ بێتە لاتان.

ئەوە کە ئەمنیش وەک خانمەکانی دیکەی دەربار کچێکی بنەماڵەیەکی دەستکورت بەڵام ڕەسەنو نەجیبزادەم هێنابووە لای خۆم کە کتێبو ڕۆژنامەم بۆ وەخوێنێ، مایەی گاڵتەو سەرگەرمیی ماری بوو. بەڵام بە بوونی ئەویش ئەمن پێم باشتر بوو لە جێیەکەمدا ڕاکشێمو کتێب بخوێنمەوە. ئیمپەڕاتۆر پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئێمە هاوسەرانی مارشاڵەکانیش دەبێ وەک خانمانی حەفتا هەشتاساڵە ڕەفتار بکەین لەحاڵێکدا ئەمن بیستونۆساڵ زیاترم تەمەن نیە.

ئییووت کاکاوی قاوڵتیی منی هێنایە ژوورەکەمو پەنجەرەکانی کردنەوە. تیشکی هەتاوو بۆنی دڵڕفێنی سوورەگوڵ ژوورەکەی پڕ کرد، هەرچەند لەم ماڵە تەنیا سێ چڵ سوورەگوڵم هەن. باخچەکانی ئەم ماڵە چووکن چونکە کەوتۆتە مەڵبەندی ناوەندیی شارەوە زۆر لە کەلوپەلەکانی سەردەمی مۆرۆم دان بە خەڵکی دیکەو لەجیاتی وان مۆبلێکی سپیو ڕەنگتەلایی زۆر جوانم کڕی. لە ساڵۆنی ماڵەکە پەیکەرێکی نیوقەدی خاوەنی پێشووی خانووەکە هەبوو نەمدەزانی چیی لێبکەم. لەلایەک پێم خۆش نەبوو فڕێیدەمو لەلایەکیش دەمزانی دۆستەکەمان مۆرۆ لەم ڕۆژانەدا بەتوندی کەوتۆتە بەر ڕقوقین. سەرەنجام ئەو پەیکەرەم لە دالانی خانووەکە دانا و لە جیاتیان وێنەیەکی گەورەی ئیمپەڕاتۆرم لە ساڵۆنی خانووەکە هەڵاوەسی.

بە هەوڵێکی زۆر توانیم وێنەیەکی دەورانی کونسوول یەکەمیی ناپلیۆن پەیدا بکەم. لەم وێنەیەدا ڕوخساری پیاوێک کێشراوەتەوە کە ئێستا پێیدەڵێن سێبەری خوا لەسەر زەوی. ڕاست وەک ئەو ڕۆژگارە کە لە مارسەی بوو؛ بە قژێکی درێژو تێکئاڵقاوو جووتەچاوێکەوە کە هێشتا وەک شیشۆقێکی بێحاڵەت لە سۆز بەتاڵ نەببوو، چاوانێک کە بەر لەوەی خەمناک بن وشیاری شەپۆلیان تێدا دەداو دە دووری ڕاماون. دەمیشی دەمی پچووکی ناپلیۆنێکە کە لە حەوشەی باغەکەماندا ڕاوەستابوو دەیگوت پیاوانێک هەن کە بۆ گۆڕینی مێژوو دێنە سەر دنیا.

زەنگەکان... هەرچەند خوومان بە بیستنی دەنگی زەنگەکانی سەرکەوتن گرتوە بەڵام ئێستا ئیدی ئەو ئاوازە ببووە هۆی ژانەسەری من. لەنێو خواردنەوەی دوو قوم کاکاودا پرسیم:

–ئییووت ئەمجارە چسەرکەوتنێکمان بەدەست هێناوە؟ لە کوێ؟ کەنگێ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-لە واگرام شازادە خانم، لە چوارەمو پێنجەمی ژووئیەدا.

-بڵێ با کیژۆڵە خانمی کتێبخوێنەوەو ئۆسکار بێنە لام.

ساتێک دواتر ئۆسکارو نەدیمە کتێبخوێنەوەکەم هاتنە ژووری. باڵنجەکانم ڕێکوپێک کردنو ئۆسکار لەپەنام دانیشت.

-کیژۆڵە خانم مۆنیتۆرمان بۆ دەخوێنیەوە بزانین ئەو سەرکەوتنە تازەیەمان چبووە؟

بەمجۆرە ئەمنو ئۆسکار ئاگادار بووین کە لە نزیک ڤییەنو لە جێیەک بەناوی واگرام شەڕێکی قورس هەڵگیرساوە. شەڕێک کە لەودا سوپایەکی حەفتاهەزار کەسیی ئوتریشی بەتەواوی لەنێو چووەو لەو نێوەدا هێزەکانی فەڕانسە تەنیا هەزارو پێنسەد کوژراوو سێهەزار برینداریان هەبووە. وردەکاریی شەڕەکە لە ڕۆژنامەدا نووسرابوو، و ناوی چەند کەس لە مارشاڵەکانیش هاتبوو، بەڵام ناوێک لە ژان باتیست نەبوو. ئەوەش لەحاڵێکدا بوو کە دەمزانی هێزەکانی لە ئوتریشنو ناپلیۆن فەرماندەریی تەواوی یەکە سەربازی‌یەکانی ساکسۆنی بەو سپاردوە.

-نەکا پێشهاتێکی ناخۆش ڕووی دابێ؟

-شازادە خانم هەروەک بۆم خوێندیەوە ئەم شەڕە سەرکەوتنێکی گەورە بووە، کەوایە نیگەرانیی جەنابت هیچ پاساوی نیە.

-ئەدی بۆچی هیچیان لەبارەی باوکمەوە نەنووسیوە؟

کیژۆڵە خانم بە بیستنی پرسیاری ئۆسکار جارێکی دیکە بە نووسراوی ڕۆژنامەکەدا چۆوەو سەرەنجام بە لێبڕاوی گوتی:

-نا، هیچی نەنووسیوە.

هەر لەوکاتەدا لە دەرگا دراو خانمی لافلووت بە ڕوخساری توند جوانکاریکراوەوە لە شیپانەی دەرگادا دەرکەوتو گوتی:

-شازادە خانم، جەنابی فووشێ وەزیری پۆلیس داوای دیتنی جەنابت دەکا.

تا ئەوکاتە هیچوەخت وەزیری پۆلیس نەهاتبووە سەردانی من. ئێستا زەنگەکانی سەرکەوتن بێدەنگ ببوون. تاوێک بیرم کردەوە، قسەکانی لافلووت خانمم باش گوێ لێنەبوون.

-گوتت چی؟ کێ دەیەوێ بمبینێ؟

-بەڕێز فووشێ، جەنابی وەزیری پۆلیس.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاتوو لافلووت لە كاتی دووپاتەكردنەوەی ئەم ناوەدا هەوڵی دەدا ڕوخسارێكی ئارامی هەبێ بەڵام چاوەكانی لەبەر پەرێشانی لە كالانەدا دەسووڕان.

—ئۆسكار باشترە ئەتۆ بڕۆی چونكە دەمەوێ خۆم بگۆڕم. ئییووت! ئییووت!

بەڵام ئییووت پێش ئەوە، لەحاڵێكدا جلە بنەوشییە كاڵەكەمی بەدەستەوە بوو لە پەنام ڕاوەستابوو. ئییووت هەقی بوو، ئەمن جلكی بنەوشەییم زۆر لێجوان بوو.

—خاتوو لافلووت جەنابی وەزیر ڕێنوێنی بكە بچێتە ساڵۆنە چكۆڵەكە.

—ئەمن ئەوم هەر بردۆتە وێ.

—كیژۆڵە خانم تكایە بچوو پێی بڵێ خێرا خۆم دەگۆڕمو تا چەند ساتێكی دیكە دێمە لای. یان... یان باشترە هیچ نەڵێی. نوسخەیەک مۆنیتۆری بۆ بەرە با سەرگەرم بێ.

بزە كەوتە سەر لێوی خاتوو لافلووتو گوتی:

—شازادە خانم چما نازانی یەكێک لە ئەركەكانی وەزیری پۆلیس ئەوەیە مۆنیتۆر پێش چاپ بخوێنێتەوە.

—ئییووت دەرفەتێكی زۆرم بۆ ڕازاندنەوەی قژەكانم نیە. ئەو لەچكە مووسلینە سوورەم بۆ بێنە وەک مێزەر لەسەرمی ببەستە.

خاتوو لافلووت دەگەڵ كچە كتێبخوێنەوەكە چوونە دەرێ. بەڵام دەسبەجێ بانگم كردەوەو دووبارە خاتوو لافلووت لە شیپانەی دەرگادا دەركەوتو بە دیتنی پرسیم:

—بڵێ بزانم بەو مێزەرەوە وەک خانمی دوئێستالی بەستەزمان ناچم؟ ئەو خانمە نووسەرە كە وەزیری پۆلیس لە پاریس دووری خستەوە.

—نا شازادە خانم، لووتی خاتوو دوئێستال پانەو قەوارەی دەموچاویشی قەت وەک دەموچاوی شازادە خانم ناچێ.

—سوپاست دەكەم خاتوو لافلووت. ئییووت سووراوەكەم لەكوێیە؟

—شازادەخانم بەدەگمەن نەبێ كەلكی لێوەرناگرێو بۆیە لە چەكمەجەی مێزی خۆڕازاندنەوەدایە.

—بەڵێ، بەڵام ئەمڕۆ گۆناكانم زۆر ڕەنگپەڕیون. هەرچەند ڕوخساری شازادە خانمەكان عادەتەن ڕەنگپەڕیوە بەڵام ئێستا ئیدی ڕوخسارم لەڕادە بەدەر ڕەنگپەڕیو دیارە. نازانم ئەمڕۆ هەوا گەرمە یان ئەمن گەرمامە.

—هەوا زۆر گەرمە شازادە خانم. لەنیوەی هاویندا عادەتەن هەوای پاریس گەرمە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به نابەدڵی له پلیکانەکان چوومه خوار. فووشێ، کەسێکه که هێندێ کەس ناویان ناوه ویژدانی چەپەڵی گەلو لێی دەترسن چونکه ئاگای لە هەموو شتێکه. لەسەردەمی شۆرشدا ناویان نابوو "فووشێ خوێنخۆر" چونکه هیچ نوێنەرێک هێندەی وی حوکمی ئیعدامی دەرنەکردبوو. ئەو تەنانەت ئاخرەکەی خوێنی رۆبسپێریشی  ڕشت.

فووشێ لەبارەی ئەرکو بەرپرسایەتی‌یەکانی وەزیری پۆلیسەوه بیرو باوەڕی خۆی هەبوو. دەفتەرەکانی کار، وەزارەتخانەکان، کاربەدەستانو وەزیران، ئەفسەرانو غەیرەنیزامی‌یەکان هەموویانی لەژێر چاودێری‌دا بوو. ئەو کاره بۆ کەسێک که دەستی ئاوەڵا بێ زۆر دژوار نیەو وەزیری پۆلیسیش بوودجەیەکی نهێنیی زۆری بۆ دانی هەقدەستی جاسووسەکانی لەبەر دەسته، بەجۆرێک که نازانم دەبێ بپرسین کێ پاره لە فووشێ وەردەگرێ یان بپرسین کێ پارەی لێوەرناگرێ.

ئەو چیی لەمن دەوێ؟ ئەمه پرسیارێک بوو کە لە شیپانەی سالۆنی پێشوازی به مێشکمدا ڕابرد. وەختێک دەگەڵ ئەتینی برام دەربارەی ئیعدامەکانی شاری لیۆن لە جەنگەی شۆرشدا قسەمان دەکرد، ئەتین ئەوی به جینایەتکاری گەورەی لیۆن ناو دەبردو ئێستا بیرکردنەوه لەو ڕۆژانه گەوجانه دەهاته بەرچاو. ئەمن زۆرجار ئەوم لە میوانداری‌یەکانی تویلری‌دا دیبوو به ڕواڵەت ئەو پیاوه هیچ وەک جینایەتکاران نەدەچوو، ڕوخساری زۆر ڕەنگپەڕیو دیار بوو. ئەو هەمیشه بەئەدەبو نەرمو به چاوێکی نیوەکراوەوه قسەی دەکرد... ڕاگەیەندراوێک که لە ڕۆژنامەکاندا چاپ کرابوو هیچی لەبارەی ژان باتیستەوه تێدا نەبوو،و دەمتوانی بیر بکەمەوه که چرێکەوتێک ڕووی داوه ،خەیاڵم ئاسووده بوو که خەتایەکی نەکردوه بەڵام هاتنی بەڕێز فووشێ بەتوندی نیگەرانی دەکردم.

کاتێک چوومه ژووری خێرا لەبەرم هەستاو گوتی:

–هاتم پیرۆزباییت لێبکەم شازاده خانم. ئێمه سەرکەوتنێکی گەورەمان بەدەست هێناو خوێندمەوه که شازادەی پوونته کووڕووڤو سەربازانی ساکسۆنی وی یەکەمین کەسانێک بوون که چوونه واگرام. هەروا خەبەرم هەیه که شازاده بە حەوت یان هەشت هەزار سەرباز توانیویەتی چل هەزار سەربازی دوژمن پاشەوپاش بگێڕێتەوه.

–بەڵێ بەڵام له ڕۆژنامەدا شتێک لەو بارەیەوه نەنووسرابوو.

–شازادەخانمی خۆشەویست، ئەمن تەنیا گوتم خوێندوومەتەوه، بەڵام نەمگوت لەکوێ. قسەی جەنابتەو ئەم بابەتانه له ڕۆژنامەدا نەنووسرابوون. بەڵکوو ئەمن ئەوانم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە فەرمانێکدا خوێندنەوە کە هاوسەرەکەت بۆ سەربازانی ساکسۆنو بۆ تاریفکردنی ئەوان دەری کردبوو.

فووشێ دەمەساتێک بێدەنگ بوو،و نانشیرنییەکی لەنێو دەفری شیرنیی چینی کە لەسەر مێزێکی چووکەڵەی نێوان منو ئەو دانرابوو هەڵگرتو بە خەمناکی تەماشایەکی دەفرە چینییەکەی کرد:

-بەڕێکەوت هێندێ بابەتی دیکەشم خوێندەوە. ڕوونووسی نامەیەکی ئیمپەڕاتۆر بە شازادەی پوونتە کووڕووڤ کە لەودا ئیمپەڕاتۆر نارەزایەتیی خۆی لەو فەرمانەی شازادە ڕاگەیاندبوو. خاوەنشکۆ لەو نامەیەدا وەبیری هێنابۆوە کە ئەم فەرمانە زۆر شتی پێچەوانەی ڕاستیی تێدان. بۆنموونە ئۆدینۆ واگڕامی گرتوەو دیارە شازادەی پوونتە کووڕووڤو سەربازەکانی ناتوانن یەکەمین گرووپ بن کە چوونە نێو شار. جگە لەوە ساکسۆنەکانی ژێر فەرمانی هاوسەرەکەت کارێکی ئەوەندە گرنگیان ئەنجام نەداوەو تەنانەت گوللەیەکیشیان نەهاویشتوە. تەنانەت ئیمپەڕاتۆر لەو نامەیەدا داوای کردوە شازادەی پوونتە کووڕووڤ ئاگادار بکرێ کە ئەو خۆشی لەو ئۆپەڕاسیۆنەدا کارێکی گرنگی ئەنجام نەداوە.

بەباوەڕنەکردنەوە پرسیم:

-داخوا ئیمپەڕاتۆر ئەم بابەتانەی بۆ ژان باتیست نووسیون؟

فووشێ دەفری شیرنییەکەی کە بەدەستیەوە بوو بەئارامی لەسەر مێزەکە داناو گوتی:

-گومان لەوەدا نیە. چونکە نوسخەیەک لە نامەی ئیمپەڕاتۆر لە پاکەتێکی داخراودا بۆمن نێردرابوو،و داوا لەمن کرابوو کە...

ئەو جارێکی دیکە چەند ساتێک بێدەنگ بوو،و ڕاستەوخۆ دەچاوی منەوە ڕاما. ڕەنگە وای زانیبێ دەتوانێ دۆستایەتیو متمانەی من بۆلای خۆی ڕابکێشێ.

-بەڵێ داوا لەمن کراوە شازادەو نامەگۆڕینەوەکانی بخەمە ژێر چاوەدێری.

-بەڵام ئەم کارە بۆ جەنابت دژوار دەبێ جەنابی وەزیر، چونکە هاوسەری من دەگەڵ یەکەکانی ژێر فەرمانی لە ئوتریشە.

-شازادەخانمی خۆشەویست، جەنابت لە هەڵەدای. شازادەی پوونتەکووڕووڤ بەمزووانە دەگاتە پاریس. پاش ئەو نامەیەی ئیمپەڕاتۆر ئەو دەستی لە کاری فەرماندەری کێشایەوەو بۆ ئیسرەحەتو بەدەستهێنانەوەی لەشساغیی خۆی داوای مۆڵەتی کردو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر مۆڵەتی سنووردیاری‌نەکراوی ئەویش ڕەزامەندی دەربڕا. لەم بارەیەشەوە دەبێ پیرۆزبایت لێبکەم چونکە لەمێژە هاوسەرەکەتت نەدیوەو بەخۆشی‌یەوە زۆری پێناچێ لەپەنات دەبێ.

—بۆچی دەست لەو یاری‌یە گاڵتەجارە هەڵناگرن؟

پاشان لەحاڵێکدا دەستم لەسەر نێوچاوانم دادەنا گوتم:

—دەکرێ ڕێگام بدەی نەختێک بیر بکەمەوە؟

—بیری چی شازادە خانمی خۆشەویست، بیر لەچی؟

—لە هەموو شتێک. ئەمن زۆر بەهۆش نیم. جەنابی وەزیر تکات لێدەکەم ناڕازی مەبن. ئەمن دەبێ بیر لەو شتە بکەمەوە کە ڕووی داوە. ئەتۆ گوتت کە هاوسەرەکەم نووسیویە سەربازانی ساکسۆنی وی لەخۆبووردوویی‌یان لەخۆیان نیشان داوە، وایە؟ قایم وەک پۆڵا بەرامبەر دوژمن ڕاوەستاونو سەرەنجام ئەمە ئەو شتەیە کە شازادە لە فەرمانی خۆی‌دا نووسیویەتی. ئەدی بۆ دەبێ ئەو کارە ئیمپەڕاتۆری تووڕە کردبێ.

لە نامەیەکی زۆر نهێنی‌دا، ئیمپەڕاتۆر بە هەموو مارشاڵەکانی گوتوە کە تەنیا ئیمپەڕاتۆر فەرماندەریی سوپایی‌یانی لە ئەستۆیەو تاریف لە وانیش دیارە تایبەتی ئیمپەڕاتۆرە. جگە لەوەش تەواوی سەرکەوتنەکانمان بەرهەمی هەوڵی هێزە فەڕانسەیی‌یەکانن نەک سەربازانی بێگانە. ڕەفتارێکی غەیری ئەمەش شیاوی ئێمەو شانوشکۆی سیاسیی ئێمە نیە. هەرچۆنی بێ ئەمە شێوەیەکە کە ئیمپەڕاتۆر بۆ مارشاڵەکانی لەبەرچاو گرتوە.

—بیستبووم کە هاوسەرەکەم لەلای ئیمپەڕاتۆر شکایەتی کردوەو هەمیشە گلەیی لەوە هەبووە کە کراوەتە فەرماندەری سەربازانی بێگانە. ژان باتیست هەمیشە خوازیاری ئەوە بوو کە سەربازانی ژێر فەرمانی فەڕانسەیی بن نەک ساکسۆنە بەستەزمانەکان.

—بۆ بەستەزمان؟

—چونکە پادشای ساکسۆنەکان ئەوان دەنێرێتە مەیدانەکانی شەڕو ئەوان گوێ نادەنە هیچ شتێک. بەڕاستی بیرت لێکردۆتەوە کە ساکسۆنەکان بۆچی لە واگرام شەڕیان کردوە؟

—شازادەخانمی خۆشەویست ئەوان هاوپەیمانی فەڕانسەن. داخوا بۆخۆت نەتزانی کە ئیمپەڕاتۆر بە هەڵبژاردنی شازادەی پوونتە کوورووڤ بە فەرماندەری ساکسۆنەکان چەند دووربینانە ڕەفتاری کرد؟و ئەوان وەک پۆڵا ڕاوەستان. دیارە بەفکری من بەهۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرماندەریی هاوسەرەکەت شازادە خانم یان هەرنەبێ دەتوانین بڵێین لەژێر فەرماندەریی شازادەی پوونتەکوورووڤدا.

-بەڵام خۆ ئیمپەڕاتۆر ئەمڕاستی‌یەی قبووڵ نیە.

-نا، مەبەستی ئیمپەڕاتۆر ئەوەیە کە تاریفو هاندانی سوپایی‌یان تەنیا هەقی ئەوەو جگەلەوەش، تاریفی سەربازانی دەرەوە دەگەڵ سیاسەتو شان‌وشکۆی ئێمە سازگار نیە. ئەتۆ باشت سەرنجی قسەکانی من نەدا شازادە خانم.

ئەمن کە پێم وابوو هاوسەرەکەم بەڕێوەیە بێتەوە ماڵێو دەبێ ژوورەکەی بۆ ڕێکو ئامادە بکەم هەستامە سەرپێو گوتم:

-ببوورە جەنابی وەزیر، ئەمن دەمەوێ ئامادەی پێشوازی لە ژان باتیست بمو لەوەی هاتیە سەردانم سوپاست دەکەم، دیارە نازانم...

ئەو تەواو لە نزیک من ڕاوەستابوو. پیاوێکی دەستەپیاو، سنگباریکو کەمێک چەماوەو لووتێکی ڕاکشاو کە هەمیشە دەڵێی سەرمای بووە.

-چشتێک نازانی شازادە خانمی خۆشەویست؟

-ئەوە کە بۆچی جەنابت هاتیە سەردانی من؟ تەنیا بۆ ئەوەی بڵێی هاوسەرەکەم لەژێر چاوەدێریت‌دایە؟ ئەمن ناتوانم جەنابت لەوکارە بگێڕمەوەو هەرچۆنێک بێ گرنگیش نیە، بەڵام... بەڵام بۆچی ئەو بابەتانەت بەمن گوتن؟

-شازادەخانمی خۆشەویست بەڕاستی فکرت بۆی‌نەچوو کە بۆچی؟

بیرێکم بەمێشکدا هات. هەستم کرد لە ڕقان ئاورم گرتوە بەڵام دەنگم بەرزو بێ‌لەرزین بوو.

-جەنابی وەزیر، ئەگەر پێت وایە ئەمن بۆ جاسووسی دژی مێردەکەم هاوکاریت دەکەم تووشی هەڵەیەکی گەورە بووی.

ویستم بە جووڵەیەکی توند دەست هەڵێنمەوەو هاوار بکەم، بڕۆ دەرێ. بەڵام مخابن کە توانای ئەوەم دەخۆمدا نەدی. کەچی ئەو بەئارامی جوابی دایەوە:

-ئەگەر فکری وام کردبێتەوە بێ‌گومان بەهەڵە چووم. ڕەنگە فکری وام کردبێتەوەو ڕەنگە نەشم‌کردبێتەوە. لەم دەمەساتەدا شازادە خانمی خۆشەویست متمانەیەکی وام بەخۆم نیە.

حەبەسابووم کە ئەم یاری‌یانە چینو ئەو بۆچی هاتوە؟ ئەگەر ئیمپەڕاتۆر دەیەوێ دوورمان بخاتەوە دەتوانێو ئەگەر بیهەوێ ژان باتیستی بەرێتە بن مێزی دادگا ئەویشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەدەست دێ. ئەگەر مەبەستی هەر وەرگرتنی زانیارییش بێ وەزیری پۆلیس زانیاریی دڵخوازی دەداتێ... سەرەنجام ئەو جارێکی دیکەو هەر بەو ڕاوێژی ئارام گوتی:

-زۆر لە خانمەکان حیسابەکانی خۆیان نەداوەو بە خەیاتەکەیان قەرزدارن.

ئەمن کە ئیدی حەوسەلەم بەسەر چووبوو گوتم:

-ئێستا ئیدی دەبێ پێتبڵێم زۆر توند دەڕۆی. بەڕێز!

-بۆ وێنە ئیمپەڕاتریسی گەورەی ئێمە زۆرجار بڕەپارەیەکی زۆر بە لۆروی قەرزدارەو سروشتی‌یە کە ئەمن بۆ خزمەت بەوان ئامادەم.

بۆچی؟ ئەو دەیەوێ بڵێ کە ئیمپەڕاتریسیشی هێناوەتە خزمەتی خۆیەوە؟ چخزمەتێک؟ بۆمن جێی باوەڕ نەبوو بەڵام بێگومان قسەکەی دوور لەڕاستییش نەبوو.

هێندێجار خوێندنەوەی نامەی پیاوێک بێپاداش نابێ. لەواندا بابەتی وا دەبینرێ کە دەتوانێ سەرسوڕهێن بێ. ڕەنگە ئەمانە بۆ من سەرنجڕاکێش نەبن بەڵام بۆ هاوسەرێک...

بەتووڕەیی وەڵامم دایەوە کە:

-خۆتان زەحمەت مەدەن. ئێوە دەزانن کە ژان باتیست چەندین ساڵە نامە بۆخاتوو ڕوکامیە دەنووسێو سروشتی‌یە کە وەڵامی نامەکانیشی وەردەگرێتەوە. خاتوو ڕوکامیە ژنێکی بەهۆشو هەڵکەوتوویەو بۆ پیاوێکی وەک ژان باتیست نامەگۆڕینەوە لەگەڵی خۆشە.

دەمەساتێک هەستم کرد ڕەنگە پێم ناخۆش نەبێ نامەکانی ژان باتیست بۆ خاتوو ڕوکامیە بخوێنمەوە بەڵام دەسبەجێ هاتمەوە هۆش خۆمو گوتم:

-ئێستا ئیدی بەڕاستی بمبوورە چونکە ناچارم ژوورەکەی ژان باتیست ڕێکوپێک بکەم.

-تکایە لەحزەیەک سەبر کە شازادە خانمی خۆشەویست، داخوا دەتوانم تکا بکەم پەیامی من بگەیەنیە شازادە؟

-حەتمەن. بەڵام لە چبارێکەوە؟

-ئیمپەڕاتۆر لە شانبرووی ڤییەنەو ئەمن بە هیچجۆر ناتوانم ئاگاداری بکەمەوە کە هێزەکانی ئینگلیز ئامادەی دابەزین لە دانکریکو ئانتۆرپن. ئەوان نیازیان وایە بە لێواری ڕێگای ئاویدا ڕاستەوخۆ بەرەو پاریس بێنە پێش. بۆیە بە ناچارو لەسەر بەرپرسایەتیی خۆمو بۆ پاراستنی وڵاتو بەرگری‌لێکردنی بڕیارم داوە بۆ پێشپێگرتنیان کەلک لە گاردی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشـتمانی وەربگـرم. ئێسـتا دەمـەوێ مارشـاڵ بێرنـادۆت هەرکـە گەیشـتەوە پـاریس فەرماندەریی ئەو هێزانە وەربگرێو بەرگری لە فەڕانسە بکا. ئەمە تـەواوی داخوازەکەمـە خانم.

خەریک بوو دڵم ڕاوەستێو هەوڵم دەدا ئەوەی دەیبیسم بێنمەپێش چاوی خـۆم. دابەزینی هێزە ئینگلیزییەکانو هێرش بۆ پاریس، ئەویش لـە هەلومـەرجێکدا کە هـەموو مارشاڵەکانی فەڕانسە لە وڵاتانی دیکە خەریکی شەڕ بوونو بە هەزارویەک دەلیل هێزێکی بەرچاومان لـە نێوخـۆی فەڕانسە نـەبوو. ئێسـتا لـە هەلومـەرجێکی وادا ئینگلیزییـەکان هێرش دەکەنە سەر فەڕانسە...

فووشێ جارێکی دیکە خۆی بە دەفری شیرنییەکەوە خافڵاندو ئەمن گوتم:

–بەڵام ئیمپەڕاتۆر متمانەی لێ وەرگرتۆتەوە..و ئەتۆ... ئەتۆ دەتـەوێ لـەم حاڵـەدا فەرماندەریی گاردی نیشتمانی بەو بسپێری تا بەرگری لە سنوورەکانی فەڕانسە بکا؟

–شازادە خانمی خۆشەویست ئەم فەرماندەرییە لەو بەولاوە دەتوانم بەکێ بسپێرم؟ ئەمن پێشتر تەنیا مامۆستای ماتماتیک بووم نە نیزامی،و خوا لـە ئاسمانەوە ژەنڕاڵێکی بۆ من گەیاندۆتە پاریس کە بێگومان کەمتر لە دیارییەکی ئاسمانی نیە. ئەتۆ پەیامەکـەم دەگەیەنیە شازادە؟

ئەمن بە نیشانەی ڕەزامەندی سەرم لەقاندو ئەو بەرەو دەرگا وەڕێ کەوت. لەنـەکاو فکرێکی تازەم بەمێشکدا هاتو لە دڵی خۆمدا گوتم فووشێ زۆر بەزەڕو فێڵبازەو لەوانەیـە هەمووی ئەمانە داوێک بن. بۆیە گوتم:

–بەڵام نازانم هاوسـەرەکەم ئـەم بەرپرسـایەتییە ئـەویش بێئاگـاداریی ئیمپـەڕاتۆر قبووڵ دەکا یان نا.

فووشێ ئێستا لەکن من ڕاوەستابوو بـەجۆرێک کـە بـۆنی ناخۆشـی هەناسـەیم کە لەوانەیە هی نەخۆشیی دەزگای هەرسکردن بێ، هەست پێدەکرد.

–نیگەران مەبە خـانم، ئەوکاتـەی مەسـەلەی بـەرگری لـە فەڕانسە لـە گۆڕێدا بـێ مارشـاڵ بێرنـادۆت بێگومـان ئـەو فەرماندەرییـە قبـووڵ دەکـا. ئـەو هێشـتا مارشـاڵێکی فەڕانسەییە.

فووشێ منی بەجێهێشتو هەر ئەو شەوەش کالیسکەی ژان باتیست لـەپێش دەرکـی ماڵێ ڕاوەستا. ئەو تەنیا فێرنـاندی دەگـەڵ بـوو، تەنانـەت ئاجودانـەکانی خۆشـی لەگـەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی نەهێنابوونو دوو ڕۆژ دواتر ئەو دووبارە ماڵی بەجێهێشتو بەرەو لێوارەکانی ڕێگای ئاویی مانش وەڕێ کەوت.

***

## ٢٦

## ڤیلای لاگرانژ، نزیک پاریس، پاییزی ١٨٠٩

ئەمڕۆژانە دەرفەتێکی یەکجار کەمم بۆ نووسینی یادداشتەکانی ڕۆژانەم دەست دەکەوێو زۆربەی کاتەکانم دەگەڵ ژان باتیست بەسەر دەبەم بەڵکوو بتوانم تاڕادەیەک لە باری خەفەتەکانی کەم بکەمەوە.

فووشێ لە بەراوردی مەترسیی ژووئیەی ڕابردوودا زێدەڕۆیی نەکردبوو. ئینگلیزەکان لە لێوارەکانی ڕێگای ئاوی دابەزینو ویسینگێنیان گرت. ژان باتیست لە دەرفەتێکی کورتو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەند ڕۆژەدا بەڕاستی مۆجیزەی کرد. ئەو دانکریکو ئانتوورپی بەجۆرێک بەهێزو ئامادە کرد کە نەکهەر هێرشی ئینگلیزەکان تێکشکێندرا بەڵکوو زۆر لە سەربازانی ئینگلیزەکانو ڕادەیەکی زۆری تەقەمەنی‌یەکەیان کەوتە دەستی هێزە خۆیی‌یەکان. بەڵام هێزە ئینگلیزی‌یەکان بە هەوڵو ئازایەتی‌یەکی زۆر خۆیان گەیاندە کەشتی‌یەکانیان لە دەرەوەی دانکریک.

ئەم خەبەرانە لە شانبێروون گەیشتنە ئیمپەڕاتۆرو ئەویان زۆر تووڕە کرد. لە نەبوونی ئەودا وەزیرێک غیرەتی وەبەر خۆی نابوو گاردی نیشتمانی بانگ بکاو مارشاڵێک کە لەژێر چاوەدێریی پۆلیسدا بوو بکاتە فەرماندەری. بەڵام هەرلەوکاتەدا ناپلیۆن ناچار بوو دان بەو ڕاستی‌یەدا بنێ کە فووشێ بە یارمەتیی ژان باتیست فەڕانسەی نەجات داوە. ئەو هەروەها ڕای‌گەیاند بەبێ ئەم عێلجارە دواڕۆژبینانەیەو هەروەها دووربینیی مارشاڵ کە توانیبووی لە دێهاتی‌یانی دەورەنەدیتوو کە دەساڵ دەبوو تفەنگیشیان بەدەستەوە نەگرتبوو ئەو هێزە کارلێهاتووە پێکبێنێ، بێ‌گومان فەڕانسە دەکەوتە مەترسیی لەنێوچوونەوە.

پاداشی ئەو کارەی فووشێ چوونی بۆ نێو چینی پیاوماقووڵانی فەڕانسە بوو،و ئێستا ئەو بە دووکی ئووڕانتۆ ناو دەبرێ. ئەم ناوە بەقەد ناوی شازادەی پوونتە کووڕووف گرنگەو شارەزایی فووشێ لەو دووکنشینە زیاتر لە شارەزایی من لە دووکنشینی پوونتە کووڕووف لە ئیتالیا نیە. دیارە ئیمپەڕاتۆر ئەوەشی لەبیر نەچووبوو کە بۆخۆی نیشانی بنەماڵەی فووشێ هەڵبژێرێ کە بریتی‌یە لە کۆڵەکەیەکی زێڕین کە مارێک خۆی لێ‌هاڵاندوە.

هەڵبژاردنی نیشانێکی وا بۆتە هۆی سەرگەرمیی کۆمەڵێکی زۆر. سەرۆکی پۆلیسی یانەی ژاکووبی‌یەکان کە لە هەرکوێ ماڵو سامانێکی دەدی، ماڵو خاوەن‌ماڵەکەی بەناوی دوژمنی کۆمار دەگرتو زەوت دەکرد، ئێستا بۆخۆی یەکێک لە دەوڵەمەندترین پیاوانی فەڕانسەیە. "ئوورار" دۆستی پێشووی تریز تالینو قۆنتەراتچیی سوپا بە یەکێک لە باشترینو نزیکترین دۆستانی فووشێ دەژمێردرێو ئێستا وەک بانکدار کاروباری دارایی ئەو بەڕێوە دەبا. بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا هیچکەس باسی ئەو مارە ناکا لە لە دەوری کۆڵەکەکە هاڵاوە. ناپلیۆن کە قەرزداری وەزیری پۆلیسی خۆی بوو لەم دەرفەتە بۆ قەرەبووی ئەم قەرزە کەلکی وەرگرت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێگومان هەموو چاوەڕێ بوون ژان باتیستیش بەجۆرێکی شیاو ڕێزی لێبگیرێو تەنانەت پۆستێکی گرنگی فەرماندەرییشی پێبسپێردرێ بەڵام ئیمپەڕاتۆر تەنانەت لە نووسینی سوپاسنامەیەکی وشکوبرنگیش خۆی پاراست. نەزەری ژان باتیست خۆشی لەو بارەیەوە ئەوە بوو کە:

"بۆچی دەبێ ئەو سوپاسم بکا؟ چما ئەمن لەبەر خاتری وی بەرگریم لە فەڕانسە کردوە؟"

ئێستا ئێمە لە ڤیلای گەورەو جوانی خۆمان لانگرانژدا ژیان بەسەر دەبەینو ئەم ڤێلایەی دەوروبەری پاریس ژان باتیست کڕیویەتی. ئەو بەتوندی لە خانووەکەی شەقامی ئانژوو بێزار بوو. هەرچەند ئەمن دەکرێ بڵێم تەواوی نێوماڵی ئەو خانووەم گۆڕیبوو بەو حاڵە دەیگوت سێبەرەکانی دانیشتووانی پێشووی ئەم خانووە لە کونو کەلێناندا سەرگەردانن.

ئەو کاتەی ژان باتیست بۆ یەکەمجار هاتە ئەو خانووە لێمپرسی:

-بەفکری تۆ عەیبی نیە پەیکەری نیوقەدی مۆرۆم لە دالانی هاتنەژووری ماڵەکە داناوە؟

-چما جێی باشتر لەوێشت پێشک دەهات؟ دەبێ میوانانی ئێمە هەرکە لەم خانووە وەژوور کەوتن ئەو ڕاستیە تێبگەن کە ئێمە هەرگیز لەبیرمان نەچووە کە لە خانووی پێشووی مۆرۆدا دەژیەین. کچەکە گیان سەیرە کە ئەتۆ هەمیشە لەپێشەوە لە ویستەکانی من تێدەگەی.

-سەیر نیە. چونکە خۆشم دەوێی لەنیازی دڵت دەگەم.

لەو کاتەوە کە ژان باتیست کەوتۆتە بەر بێلوتفی، لەبەر ئەوەی لە پەنا ویم چێژ لە ساتەکانو ڕۆژەکانی ژیان وەردەگرم. دیارە ژوولییش لە دەنگوباسی دەرەوە ئاگادارم دەکاتەوە.

ئەوو ژۆزێف هاتوونەوە پاریس. ئیمپەڕاتۆر ژانووی دەگەڵ سەربازانی ژێر فەرمانی ناردە ئیسپانیا تا ژۆزێفی بەرێتە مادرید. وڵاتپارێزانی ئیسپانیا بە کۆمەگی ئینگلیزەکان سوپای ژانوویان تێکشکاندو ئەویش سەرکۆنەی ژۆزێف دەکاو بە بەرپرسی ئەو شکستەی دەزانێ. ئەو دەڵێ ژۆزێف وەک پادشای ئیسپانیا فەرماندەریی سوپاییەکانی وەئەستۆ گرتوەو بە هیچجۆر گوێی نەداوەتە ئامۆژگارییەکانی ئەو. ئەگەر ژۆزێف توانای کارێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وای هەبووایە خەراپ نەبوو، بەڵام ئەو هەر دەیەویست بە ناپلیۆن بسەلمێنێ کە لە برا بچووکەکەی کەمتر نیەو دەتوانێ خۆی لە قەرەی ئەو شەڕانە بدا.

سەیر ئەوەیە هێشتا ژوولی ژۆزێفی بەچاکی نەناسیوە. بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر جارێکی دیکەو وەک ئەوکاتەی لە مارسەی بوون، بەخت لە ناپلیۆن وەرگەڕێ داخوا بنەماڵەکەی پشتی تێناکەن؟ دیارە نەک هەموویان. بێگومان ژووزفین پێی وەفادار دەبێ، هەرچەند بیستوومە ناپلیۆن بەنیازە بەمزووانە لێی جیا بێتەوە. ئەم دەنگۆیە لەسەر زاروزمانانە کە ناپلیۆن دەیەوێ دوای ئەو جیابوونەوەیە دەگەڵ ئارشی دووشێسیکی ئوتریشی واتە کچی ئیمپەڕاتۆر فرانتز زەماوەند بکاو بەمجۆرە زنجیرەیەکی تازەی پادشایەتی بنیات بنێ. ژووزفینی بەستەزمان هەرچەند هاوسەرێکی زۆر وەفادار نەبووە بەڵام هەرگیز دەست لە ناپلیۆن هەڵناگرێ.

دوێنێ میوانێک بێخەبەردان هاتە ماڵی ئێمە؛ کۆنت تالیڕان شازادەی بنەڤێن. ئەو بۆخۆی لەحاڵێکدا بزەیەکی لەسەر لێوان بوو، ئەم سەردانەی ناو نا سەردانی دەرودراوسێیان. چونکە دووکنشینی بنەڤێن دراوسێی پوونتە کووڕووڤەو ئەویش هاوکات لەگەڵ ئێمە دووکنشینەکەی خۆی بەدیاری وەرگرتوە. لە هەلومەرجی ئێستادا پاش فووشێ، تالیڕان بە بەدەسەڵاتترین کاربەدەستانی ناپلیۆن دەژمێردرێ. هەرچەند ئەو ساڵێک لەمەوبەر بە ڕواڵەت دوای وتووێژێکی توند دەگەڵ ناپلیۆنو وشیارکردنەوەی دەربارەی شەڕێکی تازە کەلکی لە وەزارەتی دەرەوە وەرگرتوە، بەوحاڵە وا دیارە ناپلیۆن خۆی لە خزمەتەکانی وی بێنیاز نازانێ. بۆیە ناپلیۆن ئەوی وەک ڕاوێژکاری بەرزی ئیمپەڕاتۆر دیاری کردوە. بەو پێداگرتنەوە کە هەموو بڕیارێکی گرنگی وەزارەتی کاروباری دەرەوە بە نەزەرو ڕەزامەندیی ئەو بدرێ.

ئەمن بەنۆرەی خۆم ئەو ڕاوێژکارە بەرزە شەلەی ئیمپەڕاتۆرم خۆش دەوێ چونکە زۆر خۆشخوڵقەو هەرگیز دەگەڵ خانمان باسی شەڕو سیاسەت ناکا. بیرکردنەوە لەوەی پیاوێکی وەها لە ڕابردوودا کەشیش بووبێ بۆمن زۆر دژوارە. ئەو هەروەها یەکەمین کەشیش بوو کە سوێندی وەفاداری بۆ کۆماری خواردوە. بەڵام لەبەر ئەوەی بنەچەکەیەکی پیاوماقووڵانەی هەبوو ئەگەر بەوەخت نەچووبایە ئەمریکا، ئەم سوێندەش نەیدەتوانی لە مەترسیی گیران بەهۆی ڕۆبسپێرەوە بیپارێزێ. چەندساڵ لەوەپێش ناپلیۆن پاپی هان دا تالیڕانی لە کلیسا دەربکا. ئامانجی ناپلیۆن ئەوە بوو کە تالیران ژن بێنێو دەست لە ڕابواردنەکانی خۆی هەڵبگرێ. ئیمپەڕاتۆر لەم دواییانەدا لەبارەی ڕەفتارو کردەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکی دەوروبەری خۆیەوە زۆر سەختگیرو دەمارگرژ بووە. بەڵام تالیڕان هەمیشە ئەو داخوازەی ناپلیۆنی پشت گوێ دەخستو دەیەویست هەر بە سەڵتی بمێنێتەوە. کەچی سەرەنجام توانای خۆڕاگری بەرامبەر بە ئیمپەڕاتۆری لەدەست داو بەناچار دەگەڵ دوا گراویی خۆی زەماوەندی کرد. سەیر ئەوە بوو دوای بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی زەماوەند ئیدی هیچکەس ئەم دووانەی پێکەوە نەدیتن. ئەمن هیچکات لە کۆنەکەشیشێک ئەوەم چاوەڕوان نەدەکرد، هەرچۆنی بێ ئەم پیاوە بەدەسەڵاتەی دوێنێ میوانی بانگنەکراوی ئێمە بوو،و بە دیتنی هاوسەرم پرسی:

–شازادەی خۆشەویست بۆچی ماوەیەکە لە پاریس ناتبینم؟

–نابێ بۆتۆ سەیر بێ جەناب. ئەتۆ دەبێ بیستبێتت کە ئەمن لە ئیسڕاحەتو مۆڵەدام.

تالیڕان بەحاڵەتێکی جیددی سەری ڕاوەشاندو دوایە بەڕاوێژێکی وەک گاڵتەکردن پرسی باشە ژان باتیست باشتر بووە یان نا. ژان باتیستیش کە ڕۆژێ چەند سەعاتی بە ئەسپسواری ڕادەبواردو لەئاکامدا ڕوخساری تاوەگاز دیار بوو بەناچاری وەڵامی دایەوە کە دەکرێ بڵێین چاک بۆتەوە.

–داخوا ئەم دوایی‌یانە خەبەرێکی جێی سەرنجی لە دەرەوەی وڵات نەبوو؟

ئەم پرسیارە تەواو گەوجانە دەهاتە بەرچاو؛ لەپێش‌دا چونکە تالیڕان لە هەمووکەس باشتر لەو شتانەی لە دەرەوەی وڵات دەگوزەران ئاگادار بوو، بێجگە لەوەش...

–دەتوانی لە فووشێ بپرسی چونکە ئەو تەواوی نامەکانی من پێش خۆم دەخوێنێتەوە. بەڵام هەرچۆنی بێ خەبەرێکی جێگای سەرنجم نیە.

–خەبەرت لە دۆستە سوێدی‌یەکانیشت نیە؟

لەو پرسیارەی زۆریش سەرم سوڕ نەما. هەمووکەس لە بەسەرهاتی ژان باتیستو ڕەفتاری بەڕێزانەو گەورەپیاوانەی دەگەڵ ئەفسەرە سوێدی‌یەکان لە لووبێک ئاگادارنو دەزانن کە لەجیاتی زیندانی‌کردنیان، ئەوانی ناردبۆوە ماڵو هێلانەی خۆیانو سروشتی‌یە کە جاروبار نامەگەلێکی لەو پیاوانەوە کە ناوی زۆر دژواریان هەیە بەدەست دەگەیشت. بەڵام بەڕواڵەت ئەم پرسیارە مانایەکی شاراوەی تێدا بوو، ژان باتیست لەحاڵێکدا دە تالیرانەوە ڕامابوو گوتی:

–بۆچی، نامەی وانم پێدەگا. چما فووشێ ئەوانی بەتۆ نیشان نەداوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–مامۆستای پێشووی ماتماتیک پیاوێکی ئەرکناسەو سروشتییە کە نامەکانی بەمن نیشان داون. بەڵام ئەمن وەک تۆ ئەوان تەواو بە بێبایەخ نابینم. دیارە مەبەستم ئەوە نیە کە گرنگییەکی لەڕادەبەدەریان هەیە.

–سوێدییەکان مانگی مارسی ڕابردوو پادشا شێتەکەی خۆیان گۆستاڤیان لەسەر تەخت لابردو مامەکەی شارڵیی سێزدەهەمیان کردە پادشا.

ئەم قسەیەی ژان باتیست بۆ من سەرنجڕاکێش بوو، بۆیە پرسیم:

–بەڕاست؟ هەر ئەو پادشایە کە پێی وابوو لەلایەن خواوە کراوەتە مەئمووری وەلاتانی ئیمپەڕاتۆر لە پادشایەتی؟

بەڵام هیچیان وەڵامێکیان نەدامەوەو لەبەرامبەردا هەردووکیان دە چاوی یەکترەوە ڕامابوونو بێدەنگی سێبەری بەسەر سالۆنەکەدا کێشابوو. بۆ شکاندنی بێدەنگییەکە گوتم:

–جەناب پێت وانیە گۆستاڤ هەر بەڕاستی شێت بێ؟

تالیران لەحاڵێکدا بزەی لەسەر لێوان بوو وەڵامی دایەوە:

–داوەریی دووراودوور لەبارەیەوە دژوارە بەڵام ئەوەش دەزانم کە مامەکەی بۆ دوارۆژی سوێد زۆر گرنگو یەکلاکەرەوەیە. ئەم پیاوە پیرەو زۆر بێتوانایەو منداڵیشی نین. وا نیە شازادە؟

–ئەو لاوێکی لە خزمانی خۆی وەک جێنشین دیاری کردوە؛ شازادە کریستیەن ئاگۆستۆس فێن هۆڵشتاین ساندربوورگ ئاگۆستونبوورگ.

تالیران بەحاڵەتی پێهەڵلاگوتنەوە گوتی:

–ئەتۆ ئەم ناوە بێگانانە چەند ئاسان دەردەبڕی.

–ئەمن ماوەیەکی زۆر لە شیمالی ئەڵمان ژیاومو لەوێ مرۆڤ هەمیشە سەروکاری دەگەڵ ئەم ناوانە هەیە.

–ئەتۆ بۆخۆشت حەز لە زمانی سوێدی دەکەی؟

–نا جەناب. تائێستا هۆیەک بۆ ئەو ئۆگرییە لەئارادا نەبووە.

–پێم سەیرە... ساڵێک لەمەوبەر ئەوکاتەی دەگەڵ هێزەکانت لە دانمارک بووی ئیمپەڕاتۆر ئیزنی هێرشو مافی بڕیاردان لەو بارەیەوەی دابوو بە تۆ. لەبیرمە نامەیەکیشم لەوبارەیەوە بۆتۆ نووسی. بەڵام ئەتۆ تەنیا بەوەندە وازت هێنا کە لەدوورەوە تەماشای کەنارەکانی سوێد بکەیو کارێکی لەوە زیاترت نەکرد. بەڕاست هۆی ئەم کارەی تۆ چبوو؟ ئەمن زۆرجار ویستوومە ئەم پرسیارەت لێبکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەتۆ بۆخۆت فەرمووت کە ئیمپەڕاتۆر مافی بڕیاردان لەو بارەیەوەی دابوو بەمن. لەو ڕۆژگارەدا ئیمپەڕاتۆر دەیەویست بۆ گرتنی فینلاند یارمەتیی تزار بدا. تزار پێویستیی بە جوولاندنی جیددیو کۆمەگی هێزەکانی ئێمە نەبوو، بەڵکوو ڕاوەستانمان لەو لێوارە بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە بەس بوو، ئەتۆ بۆخۆشت ئاماژەت بەم خاڵە کرد جەناب کە ئێمە ڕاوەستاینو لەخاکی دانمارکەوە تەماشاچیو لەڕاستیدا چاوەدێری کەنارەکانی سوێد بووین.

–لەوەش کە دەتانبینی خۆشحاڵ بوون دۆستی خۆشەویست؟

ژان باتیست شانی هەڵتەکاندو گوتی:

–لە شەوێکی بێمژدا دەتوانی بەڕوونی ئەو چرایانە ببینی کە لەسەر کەنارەکان دەزریوێنن، بەڵام ئەو جۆرە شەوانە کەمتر دێنە پێشو زۆربەی کاتەکان هەوا تەمومژەو ئەمنیش بەدەگمەن بۆم دەکرا بیانبینم.

تالیران کەمێک داهاتبۆوەو بەخەمناکی بەسەری وەکازە زێڕینەکەی زەبری چووکەڵەی لە چەنەگەی خۆی دەدانو چونکی لاقی شەل بوو هەمیشە ئەو وەکازەی پێبوو. بەڵام ئەوەی ئەمن تێینەدەگەیشتم لەزەتی ئەو جۆرە وتووێژە بۆ ئەو بوو. سەرەنجام پرسی:

–ئەو کەنارە چرای زۆر لێبوون دۆستی خۆشەویست؟

ژان باتیست کەمێک سەری جووڵاندو بزەیەک هاتە سەر لێوانی. وای دەنواند کە ئەویش ئەو وتووێژەی پێخۆشە.

–نا، ئەوچرایانە زۆر کەمن چونکە سوێد وڵاتێکی هەژارە، وڵاتێکی هەژار بە ڕابردوویەکی زۆر بەرچاوو بەدەسەڵاتەوە.

–لەوانەیە جارێکی دیکە دەسەڵاتی لەمێژینەی ڕابردوو... بەڵێ ڕەنگە جارێکی دیکە ئەو دەسەڵاتە بەدەست بێنێتەوە.

–لە ڕوانگەی سیاسییەوە پێم وانیە بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا بەدوور نازانرێ. هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ پێش بکەوێ بەمەرجێک بتوانێ خۆی لە داوی خۆبەگەورەزانین بەهۆی ڕابردووەوە ڕزگار بکا.

بزەیەکی مانادار کەوتە سەر لێوی تالیرانو گوتی:

–هەمووکەس ئەو توانایەی هەیە بەمەرجێک... بتوانێ ڕابردوو لەبیر بەرێتەوە. نموونەگەلی زۆر لەو کەسانە دەناسین شازادەی خۆشەویست!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ڕەنگە گوتنی ئەم قسانە بۆ جەنابت ئاسان بێ. ئەتۆ لەنێو پیاوماقوولان هاتوویە دەرو بەگەنجی دەرەتانی پێویستت بۆ فێربوون هەبووە. بۆ تۆ ئاسانە جەناب، زۆر ئاسانتر لەو نموونانەی باست کردن.

وا دیار بوو زەبرەکەی ژان باتیست ئامانجی خۆی باش پێکابوو. لەنەکاو پێکەنین لە لێوی تالیران تۆراو گوتی:

–شازادەی بەڕێز ئەمن شیاوی ئەم سەرکۆنەیەی تۆم. ئێستا وەختی ئەوەیە کەشیشی ڕۆژانی ڕابردوو داوای لێبووردن لە گرۆبانی پێشوو بکا.

لەوانە بوو چاوەڕێ بێ بزەیەک بکەوێتە سەر لێوی ژان باتیست بەڵام بەپێچەوانەی گومانی وی ژان باتیست بەپێشەوەدا چەمابۆوەو چاوی لە عەرزی وەرنەدەگێڕا. سەرەنجام وەڵامی دایەوە:

–ماندوو بووم جەناب، ماندوو لە پرسیارەکانت، ماندوو لە چاوەدێرییەکەی وەزیری پۆلیس، ماندوو لە بەدگومانییەکانو ماندوو لە هەموو شتێک شازادەی بنەڤێن، ماندووتر لە ماندوو.

تالیران لەم کاتەدا هەستاو گوتی:

–کەوایە دەبێ هەرچی زووە تکایەکەی خۆم بڵێمو بڕۆم.

ئێستا ژان باتیستیش هەستابووە سەرپێو بە حاڵەتێکی تایبەتی گوتی:

–تکا؟ بەڕاستی نازانم مارشاڵێک کە کەوتۆتە بەر رقوقین چۆن دەتوانێ تکای وەزیری کاروباری دەرەوە بەجێ بگەیەنێ.

–سەرنج بدە شازادەی خۆشەویست، قسەی من لەبارەی سوێدەوەیە. سەیرە کە ڕێکەوتیش قسەکانمانی کێشایە سوێد. دوێنێ ئاگادار بووم کە کۆڕی حکوومەتیی سوێد چەند نوێنەرێکی ناردوونە پاریس تا دەربارەی پێوەندییە سیاسییەکانی وڵاتەکەیان دەگەڵ فەڕانسە وتووێژ بکەن. ئەم کۆمەڵە خەبەری لادانو دوورخستنەوەی پادشا لاوو شێتەکەی خۆیان ڕاگەیاندو هەروەها خەبەری لەجێدانانی مامە پیرو نەخۆشەکەی ئەویش. ئەو بەڕێزانە کە نازانم جەنابت دەگەڵ ناوەکانیان ئاشنای یان نا، بەڕێزان فێن ئێسێنو کۆنت پیڕۆن هەرکە گەیشتوونە پاریس لە سۆراغی تۆیان پرسیوە.

ژان باتیست ساتێک نیوچاوانی تێکناو دوایە وەڵامی دایەوە:

–نە ئەم ناوانە بەگوێم ئاشنانو نە دەشزانم بۆچی پێیان خۆش بووە من ببینن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەو ئەفسەرە لاوانەی پاش گرتنی لووبێک شێویان دەگەڵ تۆ خواردوە، زۆریان باسی تۆ کردوە شازادەی خۆشەویست! ئەتۆ وەک دۆستی... خەڵکی وڵاتانی شیمال ناسراوی. ئەو بەڕێزانەش لە پاریس ئەو ئومێدەیان هەیە کە ئەتۆ لەلای ئیمپەڕاتۆر نێوبژیوانی‌یان بۆبکەی.

–دەبینی کە وادیارە لە ستۆکهۆڵم خەبەریان لە بارودۆخی ئێرە نیە.

–بەڵام دەمەویست تکات لێبکەم ئەوان بۆلای خۆت ڕێبدەی.

–بۆچی؟ ئەمن چکارێکم لەدەست دێ. چما دەتوانم قسە لە وتوویژی وان دەگەڵ ئیمپەڕاتۆر بکەم؟ نا جەناب. دەتەوێ ئیمپەڕاتۆر هان بدەی داوام لێبکا خۆم دە کاروباری دەرەوە هەڵقوتێنم کە هیچ پێوەندی‌یەکی بەمنەوە نیە؟ جەناب زۆرت سوپاس دەکەم کە داخوازو مەبەستی خۆت بێپەردە بێنیە گۆڕێ.

–زۆر سادەیە. ئەمن دەمەوێ ئەتۆ ئەو پیاوانە وەربگریو وتوویژێکی دۆستانەت لەگەڵیان هەبێ. دیارە هەڵبژاردنی زەمینەی ئەم وتوویژە بەدەست تۆ دەبێ. داخوا پێت وایە ئەمە چاوەڕوانی‌یەکی زۆر گەورەیە؟

–واتێدەگەم جەنابت باش ئاگات لەوە نیە چلەمن دەخوازی.

دەنگی ژان باتیست لەکاتی گوتنی ئەم قسەیەدا بەجۆرێکی تایبەتی خاڵی لە ڕووحو هەست بوو، و تا ئەو کاتە حاڵەتی وام پێوە نەدیبوو.

–ئەمن نامەوێ سوێدی‌یەکان لەوەی لێرە دەگوزەرێ ئاگادار بنو تێبگەن کە یەکێک لە ناودارترین مارشاڵەکانی فەڕانسە کەوتۆتە بەر بێلوتفیی ئیمپەڕاتۆر. ئەگەر وای لێبێ لە دەرەوەی وڵات ئەو فکرە بەهێز دەبێ کە نزیکانی ئیمپەڕاتۆر دەگەڵ وی هاوهەنگاوو هاوفکر نینو ئیمپەڕاتۆری‌یەکەمان تووشی دوودەستەییو ناکۆکی بووە. ئێستا لە هۆی سادەی ئەو تکایەی من حاڵی بووی شازادەی خۆشەویست؟

–زۆر سادە. بەڵێ، بۆ سیاسەتپیشەیەکی وەک تۆ ڕەنگە لەوە سادەتر نەبێ، بەڵام بۆ گرۆبانێکی وەک من زۆر ئاڵۆزو دژوارە. دووبارە دەڵێم جەناب ناتوانم مەبەستەکەت تێبگەمو لە قسەکانت حاڵی نابم.

ئەو دوایە دەستی لەسەر شانی تالیراں داناو لێی زیاد کرد:

–ئەتۆ دەتەوێ بەمن بسەلمێنی کە کەشیشێکی پێشوو بەقەد مامۆستایەکی پێشووی ماتماتیک وشیار نیەو لەو کەمتر تامەزرۆی ئەنجامدانی ئەرکەکانیەتی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تالیڕان بە ئارامیو نەرمی‌یەکی تایبەتی بە وەکازەکەی لاقە شەلەکەی نیشان داو گوتی:

–پوونتە کووڕووڤی خۆشەویست، ئەم بەراوردەی تۆش وەک ئەم لاقەی من دەشەلێ. ئەوەی دەی‌زانم ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێ وەڵامی پرسیارێک بداتەوە؛ ئەوە کە چخزمەتێکی لەسەرەو بۆ کێ...

ژان باتیست بەدەنگی بەرز دەستی بەپێکەنین کرد، پێکەنینێکی پڕهەراوهۆریاتر لەوەی شیاوی شازادەیەک بێ. پێکەنینێک وەک پێکەنینی نیزامی‌یەکی لاو.

–مسۆگەر ناتەوێ بڵێی بە من قەرزداری. چونکە هەرگیز باوەڕ بە قسەی وا ناکەم.

–دیارە کە نا! ڕێگا بدە داوێنی فکرەکەم نەختێک بەربڵاوتر بکەم... ئەتۆ دەزانی کە ئێمە کۆنەکەشیشەکان لە جەنگەی شۆرشدا ڕۆژانێکی سەختمان تێپەڕ کردوە. ئەمن بۆخۆم بۆ ڕزگاربوون لەو گیروگرفتانە چوومە ئەمریکا. ئەم سەفەرە فێری کردم کە بیر نەک لە وڵاتێک بەڵکوو لە قاڕڕەیەک بکەمەوەو ئێستا خۆم بە قەرزداری ئەم قاڕڕەیە دەزانم؛ قاڕڕەی ئورووپاو سروشتی‌یە پاش ئەویش فەڕانسە. ئێستا دەمەوێ دەستی تۆ شازادەی خۆشەویستم ماچ بکەم. ماڵئاوا دۆستی باشم، بەڕاستی وتووێژێکی بەتاموچێژ بوو.

ژان باتیست هەموو دوانیوەڕۆیەکەی بە ئەسپسواری گوزەراندو شەوێ لە حەلکردنی مەسەلەکانی دەرسی ژمێرەدا یارمەتیی ئۆسکاری دا. کوڕیژگەی بەستەزمان ئەوەندەی کۆو لێکدان کرد کە پێڵووی چاوەکانی کەوتنە سەریەکو چاوی پڕ بوون لەخەو. دەمەویست کوڕە مێرمنداڵەکەم بەرمە سەر جێگاکەی بەڵام ئیدی ئۆسکار ئەوەندە گەورە ببوو کە نەم‌دەتوانی هەڵی‌بگرم.

ئیدی هیچ باسێک لە سەردانی تالیڕان نەکرا چونکە پێش نووستن ماوەیەک لەبارەی فێرناندەوە وتووێژمان کرد. ژان باتیست گوتی:

–فێرناند شکایەتی دەکرد کە ئەتۆ لە دانی بەخشش بەودا زێدەڕۆیی دەکەی‌و هەر دەقیقە بە بیانوویەک بەخششی دەدەیەی.

–ئەتۆ بۆخۆت بەمنت گوت کە ئیدی بەڕادەی پێویست دەوڵەمەندین‌و پێویست بە دەستپێوەگرتن ناکا. ئەمنیش دەمەوێ بەمجۆرە سوپاسی زەحمەتەکانی ئەم دۆستە دێرینەو ئەو هاوپۆلەی سەردەمی قوتابخانەی تۆ بکەم. ئێستا نازانم چۆنە کە ئەو لەجیاتی سوپاسم بکا هاتۆتە کن تۆو شکایەتم لێ‌دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئیدی پێویست نیه بەخششی بدەیەی چونکه فێرناند مووچەی مانگانه لـه فووشـێ وەردەگرێو تەنانەت توانای ئەوەی هەیه هێندێکیش پاشەکەوت بکا.

به حەبەساوی گوتم:

-گوتت چی؟... فێرناند پاره وەردەگرێ تا جاسووسی لەسەر تۆ بکا؟

-کچەکه گیان ئـارام بـه! فووشـێ داوای لێکردوه چـاوەدێریی مـن بکـا. فێرنانـدیش پێشنیارەکه قبـووڵ کـردوه. چونکـه هەسـتی کـردوه لەدەسـتدانی پارەیـەکی وا گـەمژەییو شێتییه. بەڵام ئەو دەسبەجێ هاته لای منو تەنانەت ڕادەی ئەو پارەیەشی بـەمن گـوت کـه فووشێ بۆی داناوەو داوای لێکردم لەمەودوا مووچەیەکی کەمتری بدەمێ. ئەتۆ دڵنیا به که کەسی باوەڕپێکراوتر له فێرناند لەسەر زەوی پەیدا نابێ.

-ئێستا چخەبەرێکی تۆ دەدا به وەزیری پۆلیس؟

-غەمت نەبێ، هەموو ڕۆژێ هێندێ خەبەر بۆ ڕاپۆرتدان پەیدا دەبن. بۆ وێنه ئەمڕۆ ئەمن کۆمـەگی ئۆسکارم کـرد مەسـەلەکانی ژمێـره حـەل بکـا. پێـت وایـه ئـەم خەبـەره بـۆ مامۆستایەکی پێشووی ماتماتیک سەرنجڕاکێش نابێ. دوێنێ...

-دوێنێش ئەتۆ نامەیەکت بۆ خاتوو ڕووکامیه نووسی که ئەمن پێی ناڕەحەتم.

-چما غەیری ئەوەیه که ئێمەو ئەو دۆستانی بنەماڵەیین.

بەکورتی ئێمه باسی هەموو شتێکمان کرد باسی هاتنی تالیڕان نەبێ.

***

## ٢٧

## پاریس، ١٦ی دیسامبری ١٨٠٩

ئەی که دیمەنێکی سامناک بوو. بەئێش بوو بۆ هەموو ئەو کەسانەی لـەوێ بـوون. ئیمپـەڕاتۆر دوێنـێ تـەواوی ئەنـدامانی بنەماڵـەی خـۆی، دۆسـتان، دەرباریـانو مارشاڵەکانی له دەوری یەک کۆ کردبۆوەو به حوزووری هەموویان ژووزفینی تەڵاق دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش ماوەیەکی زۆر، بۆ یەکەمینجار، ژان باتیستو منیش بۆ تویلری بانگهێشتن کرابووین. دەبووایە سەعات یازدەی پێشنیوەڕۆ لە سالۆنی سەرەکیی کۆشک ئامادە باین. سەعات دەونیوی بەیانی ئەمن هێشتا هەر لەجێیدا بوومو لەدڵی خۆمدا دەمگوت هەرچی دەبێ ببێ، ئەمڕۆ لەجێی نایەمە دەر. هەوا خەفەو سارد بوو، چاوم لەسەر یەک دانانو خۆم دەخەو کرد. هەرچی بێتە پێش...

لەنەکاو گوێم لە دەنگی ژان باتیست بوو کە دەیگوت:

–یانی چی؟ هێشتا لەجێیدای؟

کە چاوم هەڵێنا جلکی ژەنڕاڵییەکەیم دی؛ بە یەخەی درێژی تەلاییو دەرەجەو نیشانەکانەوە کە تیشکەکەیان چاوی بنیادەمی بەمۆلەق ڕادەگرت.

–ئەمن سەرمام بووە. لەلایەن منەوە داوای لێبووردن لە سەرۆکی تەشریفات بکە.

–دیسان وەک ڕۆژی تاجلەسەرنانەکە دەتەوێ ئیمپەڕاتۆر پزیشکی تایبەتیی خۆیت بۆ بنێرێ؟ هەستە خۆت ساز کە، چونکە بەڕادەی پێویست وەدرەنگ کەوتووین.

–پێم وانیە ئەمجارە ئیمپەڕاتۆر پزیشکی تایبەتیی خۆی بنێرێتە ئێرە چونکە ئیدی ئەوەندە بایەخ بەمن نادا. بەڵام ڕەنگە لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی تەلاقدا ژووزفین چاوی بەمن بکەوێو پێم وانیە ئیمپەڕاتۆر بۆخۆشی پێی خۆش بێ لە ساتێکی وادا بە دیتنی من پتر ئازار بچێژێ. نازانم دەتوانی تێبگەی یان نا؟ ئەم سەرکەوتنە بێبایەخو نەفرەتبارە بۆمن خوازراوو جێگای قبووڵ نیە.

ژان باتیست بە بیستنی قسەکانی من سەری ڕاوەشاندو گوتی:

–کچەکە گیان لەسەر جێگاکەت ڕاکشێو ئیسڕاحەت بکە چونکە زۆرخەراپت سەرما بووەو باشترە ئاگات لەخۆت بێ.

چاوم لێکرد هەتا چاکەتە مەخمەرە شینەکەیم لێ ون بوو، دووبارە چاوم لەسەر یەک دانانەوە. وەختێک زەنگی سەعات یازدە لێیدا بیرم کردەوە ڕۆژێک ئەمنیش پیر دەبمو چرچولۆچ لە دەوری چاوانم پەیدا دەبن، زۆری پێناچێ کە توانای منداڵبوونم نامێنێ... هەرچەند لێفەی تووکی "قوو"م بەخۆمدا دابوو هەستم کرد سەرمایە. بۆیە بانگی ماریم کردو داوام لێکرد کەمێک شیری گەرمم بۆ بێنێ. ناکا بەڕاستی سەرمام بووبێ؟ ماری شیری کولیوی بۆ هێنام. لەسەر لێوی تەختەکە دانیشتو دەستمی خستە نێو دەستیەوە. هێشتا زەنگی سەعات دوازدە لێینەدابوو کە ژان باتیست هاتەوە ماڵێو ژوولییشی دەگەڵ بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بەژانترین دیمەن بوو کە لە ژیانمدا دیتبووم. بەڕاستی چاوەڕوانیی ئیمپەڕاتۆر لە مارشاڵەکانی تاقەتپڕووکێنە.

ئەم قسەیەی کردو ژوورەکەی بەجیٚهێشتو مارییش کە دیتبووی ژوولی بەدوای ژان باتیستدا هاتوە وەدەر کەوت. ماری هێشتا ئەو ڕەفتارەی ژوولیی لەبیر نەچووەو لێی بێزارە، هەرچەند ژوولی ئێستا لە شاژنێکی لەوڵاتدەرکراو زیاتر نیە. ئیسپانیایییەکان ژۆزێف شایان لەوڵاتی خۆیان دەرکردوە بەڵام لەپاریس کەس ناوێرێ باسی ئەو ڕاستییە بکا. ژوولی ئەوەی ڕووی دابوو بۆمنی گێڕایەوە.

-ئێمە هەموومان لە سالۆنی سەرەکی ڕاوەستابووین، دیارە هەرکەس بەپێی شانو پێگەی خۆی جێیەکی دیاری کرابوو. ئیمپەڕاتۆرو شاژن پێکەوە هاتنە ژوور. سەرۆکوەزیرو کۆنت ڕێنووش بەدوای واندا هاتنو کۆنت ڕێنوو لەپەنای شاژن ڕاوەستا. شاژن وەک هەمیشە جلکی سپیی دەبەردا بوونو بۆئەوەی خۆی ڕەنگپەڕیوتر نیشان بدا چەندی بۆی کرابوو پوودری لە دەموچاوی دابوو تا چەندی بکرێ مەزلوومتر دیاری بکا...

-ژوولی ئەوەندە بە نامیهرەبانی قسە مەکە، بێگومان ئەو ساتە ترسناکترین ساتی ژیانی وی بووە.

-دیارە، بەڵام ئەمن قەت چاوی دیتنی ویم نەبووەو لەبیرم ناچێ چبەڵایەکی بەسەر تۆ...

-ئەو گوناحی نەبوو تەنانەت ناوی منیشی نەبیستبوو. باشە دوایە چڕووی دا؟

-بێدەنگییەکی مەرگبار سێبەری بەسەر وێدا کێشابوو. ئیمپەڕاتۆر دەستی کرد بە خوێندنەوەی بەیاننامەیەک. ئەو گوتی هەر خوا دەزانێ کە ئەمکارەی چەند بۆ دژوارە بەڵام ئەوکاتەی قازانجی فەڕانسە لەئارادا بێ بۆ فیداکاریی زۆر لەوەش گەورەتر ئامادە دەبێ... ئەو هەروەها گوتی کە ژووزفین سێزدەساڵی تەواو برەوی بە ژیانی ئەو داوەو بۆخۆی تاجی لەسەر ناوەو ئێستاش هەروا عینوانی ئیمپەڕاتریسی فەڕانسە بۆخۆی دەپارێزێ.

-ڕوخساری لە کاتی کردنی ئەم قسانەدا چۆن بوو؟

-بۆخۆت دەزانی ئەو لەکاتی ڕێوڕەسمی فەرمیدا چژێستێک دەگرێ؛ هەرئەو دەمامکە بەردینەی هەمیشەی بە ڕوخسارەوە بوو کە تالیران ناوی نابوو "دەمامکی تزار". بەڵێ ئەو دەمامکی تزاری لە دەموچاوی دابوو، و ئەوەندە خێرا بابەتەکانی باس دەکردن کە هێندێجار تێگەیشتنیان دژوار بوو. ئەو دەیەویست چەندی زوویە کارەکە تەواو بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–باشە دوایە چبوو؟ بەژانترین دیمەن لێرەوە دەستی پێکرد. یەکێک بەیاننامەیەکی دایە دەستی ئیمپەڕاتریسو ئەویش دەستی بە خوێندنەوەی کرد سەرەتا دەنگی ئەوەندە نزم بوو کە زۆرکەس گوێیان لێنەبوو،و لەنەکاو فرمێسک پرزەی لێبریو بەناچار کاغەزەکەی دایە دەستی ڕینۆو ئەو دەستی بە خوێندنەوەی پاشماوەی بابەتەکە کردو ئەو دیمەنە بەڕاستی سامناک بوو.

–بابەتەکە چبوو؟

–ئەو گوتی لەسەر ئیزنی هاوسەرە خۆشەویستەکەی بەم هۆیەوە ڕادەگەیەنێ کە ناتوانێ ببێتە خاوەنمنداڵو بۆیە قازانجی فەرانسە وا دەخوازێ کە ئەو مل بۆ گەورەترین فیداکاریی ژنێک ڕابکێشێ. ئەو هەروەها سوپاسی ئیمپەڕاتۆری کرد بۆ میهرەبانییەکانیو گوتی ئەم تەڵاقە ناچارییە تا فەڕانسە بتوانێ لە خزمەتەکانی جێنشینی ڕاستەوخۆ بەهرە وەرگرێ. بەڵام حوکمی تەڵاق هەرگیز هەستی خۆشەویستیی ئەو دەرهەق بە هاوسەرەکەی ناگۆڕێ... ڕینۆ ئەوەندە بە شەوقەوە ئەو شتانەی دەخوێندنەوە کە دەتگوت حوکمێکی گرنگ دەخوێنێتەوەو ژووزفینیش لە تەواوی ئەو ماوەیەدا فرمێسکی هەڵدەوەراند.

پاش ئەوە هەموو ئەندامانی بنەماڵە چوونە دەفتەری کاری ناپلیۆن. سەرەتا ناپلیۆنو ئیمپەڕاتریس تەڵاقنامەکەیان ئیمزا کردو دوایە ئێمەش وەک شایەت ئیمزامان کردو ڕاست لەو وەختەشدا هاواری برسیەتیی ژێرۆم بەرز بۆوە کە برسیمە. ئیمپەڕاتۆر ئەوەندە بەقینەوە چاوی لێکرد کە دەتگوت دەیەوێ شەپلاغەیەکی توندی دە بنانگوێی بسرەوێنێ. بەڵام ئەو تەنیا ڕووی وەرگێڕاو گوتی:

–پێم وایە لەساڵۆنی گەورە نیوڕۆژ بۆ ئەندامانی بنەماڵە ساز کراوە. بەداخەوە ئەمن ناتوانم دەگەڵتان بم،

بەمجۆرە ناپلیۆن لەوێ دوور کەوتەوەو ئەوانی دیکە هێرشیان کردە سەر بووفەکە. ڕاست لەوکاتەدا بوو کە ئەمن دیتم ژان باتیست ساڵۆنەکە بەجێدێڵێ. دیارە هۆی نەهاتنی تۆم پرسیو زانیم نەخۆشی بۆیە دەگەڵی هاتمە سەردانت.

–ژوولی نیوتاجەکەت خوار بووە.

ژوولی وەک ڕێورەسمەکانی دیکە ئەمجارەش نیوتاجێکی ژنانەی لەسەر بوو،و هەروەک هەمیشەش ئەو نیوتاجە خوار ببوو. پاشان لەپێش مێزی خۆجوانکردنی من دانیشتو قژەکانیی ڕێک کردنو لەحاڵێکدا پۆدری لە لووتی دەدا درێژەی دایە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–سبەینێ بەیانی ئەو تویلری بەجێدێڵێو دەچێتە مالمێزۆن. ئیمپەڕاتۆر مالمێزۆنی داوەتێو هەموو قەرزەکانیشی بۆ داوەتەوە. جگەلەوەش یارمەتییەکی ساڵانەی سێملیۆن فڕانکیی بۆ بڕاوەتەوە کە دوو میلیۆن فڕانکی لە بوودجەی دەوڵەتی دەدرێو میلیۆنێکیشی ئیمپەڕاتۆر بۆخۆی دەیدا. ناپلیۆن هەروەها دووسەدهەزار فڕانکی بۆ نەمامناشتن لە مالمێزۆن داوەتێو چوارسەد هەزار فڕانکیشی پارەی ملوانکەی یاقووتی کە بە ڕادانی دابوو داوەتە جەواهێرفرۆشەکە.

–داخوا ئوورتانسیش دەگەڵی دەچێتە مالمێزۆن؟

–ئەو سبەینێ دەگەڵ دایکی دەچێتە مالمێزۆن بەڵام ئاپارتمانەکەی تویلری هەر پێدەمێنێ.

–ئەدی ژۆزێف چی؟

ئەو هەروا عینوانی "جێنشینی شا"ی ئیتالیای دەمێنێ. دەڵێن نیازی هەبووە دەست لەکار بکێشێتەوە بەڵام ئیمپەڕاتۆر ئەو داخوازەی قبووڵ نەکردوە. جگەلەوە ئەو زۆر لەوەپێش منداڵەکانی ژووزفینی کردوونە منداڵی خۆیو ئوورتانس ئێستاش هەر پێی وایە کوڕە گەورەکەی دەبێتە جێنشینی ناپلیۆن. ئوورتانس بەتوندی پەرێشانە؛ شازادە خانمی هاپسبوورگ کە ئیمپەڕاتۆر دەیەوێ بیهێنێ هەژدەساڵ تەمەنیەتیو دەتوانێ منداڵی زۆری ببن، بەتایبەتی وەک دەڵێن ئەم بنەماڵەیە هەموویان منداڵیان زۆرن.

لێرەدا بوو کە ژوولی لە قسەکردن وێستاو گوتی:

–ئازیزم ئەمن ئیدی دەبێ بڕۆم.

–بۆکوێ؟

–دەبێ بچمەوە تویلری. ئەگەر لەم ڕێوڕەسمەدا دەگەڵ بوناپارتەکان نەبم دڵیان لێم دێشێ.

ئەو دوایە نیوتاجەکەی ڕێک کردو گوتی:

–خوا حافیز دێزیرە! هیوادارم چزووترە چاک ببیەوە.

ماوەیەکی زۆر چاوم لێکنانو لەجێدا مامەوەو کەوتمەوە یادی ئەو قسەیە کە بوناپارتێک بۆ کچی فڕانسوا کلاری هاوسەرێکی گونجاو نیە. بەڵام ژوولی ئیدی دەگەڵ بوناپارتەکانو ژیان لەگەڵیان ڕاهاتووەو بۆخۆشی زۆر گۆڕاوە. ئەی خوایە بەڕاستی ئەو چەند گۆڕاوە؟ ڕەنگە ناچار بم سەرکۆنەی خۆم بکەم، چونکە ئەمن بووم کە بۆ یەکەمجار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێی بوناپارتەکانم بۆ ماڵی خۆمان کردەوە. بۆماڵی هاونیشتمان کلاریی سادەو بەشەرەف. باوکە گیان! هەرگیز پێم وانەبوو،و هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم کار بگاتە ئەو جێگایە.

مێزێکی چووکەڵەیان لەپەنا تەختەکەم دانا چونکە ژان باتیست بڕیاری دابوو دەگەڵ هاوسەرە نەخۆشەکەی پێکەوە نان بخۆن، بەناچار تەواوی ڕۆژەکە لەجێی نەهاتمەدەرو زۆر درەنگ خەوم لێکەوت. کاتێک چاوم هەڵێناو ماریو خاتوو لافلووتم لەپەنا تەختەکەم دیتن بەتوندی ڕاچەنیم.

–شاژنە ئوورتانس داوای دیتنی تۆ دەکا.

–ئێستا؟ سەعات چەندە؟

–دوو سەعات دوای نیوەشەو.

–چیی‌دەوێ؟ خاتوو لافلووت چما پێت نەگوت کە ئەمن نەخۆشم؟

–دیارە پێم گوت، بەڵام شاژنە ئوورتانس حازر نیە بڕواو تکا دەکا بە هەرشێوەیەک بگونجێ جەنابت ببینێ.

–بەسپایی، ئەوەندە توند قسە مەکە، هەموو خەڵکی ماڵێ وەخەبەر دێنی.

پاشان چاوم هەڵگلۆفین بۆئەوەی خەو لەچاوانم بڕەوێ. خاتوو لافلووت لێی زیاد کرد:

–شاژنی هولەند زۆر پەرێشانەو هەر دەگری.

چاوم بە جلە خەوە گرانبایی‌یەکەی خاتوو لافلووت کەوتو قۆڵە چەرمدۆزی‌یەکەی سەرنجی ڕاکێشام. بەفکرمدا هات کە ڕەنگە حیسابی خەیاتەکەی ئەویش هەر فووشێ بیدا.

–ماری فنجانێک کاکاوی گەرم بۆ شاژنی هولەند ئامادە کە تا دەمارەکانی ئارام ببنەوەو خاتوو لافلووت ئەتۆش بە شاژن بڵێ کە وەزعم بۆ وەرگرتنی وی گونجاو نیە.

ماری جلەخەوێکی دەبەردا بوو کە وەک جلوبەرگی ژنانی لادێ یەخەکەی دەگەیشتە بن چەنەگەی. لەسەر ویشەوە چاکەتێکی خوریی تاریکی بەسەر شانی‌دا دابوو لەحاڵێکدا چاکەتەکەی داویشتە لایەک گوتی:

–ئیبووت کاکاوی شاژنی ئامادە کردوەو ئێستا باشترە ئەتۆش لەجێی بێیە دەر، چونکە بە شاژنم گوتوە ئەتۆ ئێستا وەری‌دەگری. وەرە ئەمن یارمەتیت دەدەمو لەوە زیاتر با چاوەڕوان نەبێ. ئەوە دەگری.

ڕووم کردە لافلووتو گوتم:

–بە خانمی بەڕێز بڵێ هەر ئێستا دێم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماری جلێکی سادەی شینی بۆ هێنام.

-باشترە جلێکی ڕێکوپێک دەبەر بکەی چونکە دەیەوێ دەگەڵی بچی.

-بۆ کوێ؟

-هەستەو جلەکانت بکە بەرت، لەوانەیە لە تویلری پێویستی‌یان بەتۆ هەبێ.

ئوورتانس هەرکە دیتمی بەگریانەوە گوتی:

-شازادە خانم، دایکم منی ناردۆتە خزمەت تۆو تکای کرد بەزەییت پێی‌دا بێتو بێیە سەردانی.

فرمێسک بەسەر گۆنای ئوورتانس‌دا وەڕێ کەوتبوو، ئەوەندە گریابوو لووتی سوور هەڵگەڕابوو، لسپێک لە قژە زەردە کاڵەکەی کەوتبووە سەر نێوچاوانی.

هەر لەوکاتەدا کە لەتەنیشتی دادەنیشتم، گوتم:

-بەڵام خۆ ئەمن ناتوانم کۆمەگێک بە دایکت بکەم.

-ئەمنیش ئەمەم پێ‌گوت بەڵام ئەو پێ دادەگرێ کە تکا لە جەنابت بکەم بێیە سەردانی.

-ئەمن؟

-بەڵێ تەنیا جەنابت. دیارە نازانم بۆ.

لەکاتی گوتنی ئەم قسەیەدا دڵۆپە فرمێسکەکانی دەکەوتنە نێو فنجانی کاکاوەکەی.

-ئەویش ئێستا؟ پاش نیوەشەو؟

-ئیمپەڕاتریس ناتوانێ بخەوێو ئامادەش نیە کەس ببینێ جەنابت نەبێ.

-زۆرباشە خانم. ئێستا کەوایە دەگەڵت دێمە وێندەرێ.

ماری حازرو ئامادە لە شیپانەی دەرگادا ڕاوەستابوو کڵاوو شنێلەکەی منی بەدەستەوە بوون.

ئاپارتمانی ئیمپەڕاتریس دەکرێ بڵێین تاریک بوو، شۆقێکی زۆر کز بەزەحمەت ئەوێی ڕووناک دەکردەوە. سێبەر بەسەر دیوارەکەوە سەمایان دەکردو لەبەر تاریکیی زۆر دە مۆبلێک هەڵەنگوتم. بەڵام کاتێک ئوورتانس دەرگای ژووری خەوی ئیمپەڕاتریسی کردەوە، ڕووناکی چاومی ئازار دا.

لەسەر هەرکام لە مێزەکان، پێش‌سۆبەکانو تەنانەت لەسەر عەرزیش مۆمدان هەڵکرابوون. جانتای پڕو نیوەپڕ تێمانەوە ڕامابوون. دنیایەک جل، کڵاو، دەستەوانە، چاکەتو جلی ماڵەوە لە هەموو جێیەکی ژوورەکە بڵاو ببوونەوە، نیوتاجێکی ئەڵماس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـەبن یـەکێک لـە مۆبڵـەکاندا دەدرەوشـایەوە. ئیمپـەڕاتریس بەتـەنیایی‌و بـە باسـکی لێکئاوەڵاکراوەوە لەحاڵێکدا دەموچاوی لەسەر باڵنجەکە دادەگرت بەجۆرێک دەگریـا کـە شـانەکانی بەتونـدی هەڵدەتـەکان. هـەوڵمان دا ئـەو ژنانـەی لـە ژوورەکـانی دیکـە بـوون بێدەنگ بکەین. وا دیار بـوو ئـەوانیش خـەریکی بەسـتنی جانتاکـانی ئیمپـەڕاتریس بـوون. بەڵام هەرچۆنی بێ ژووزفین تەنیا بوو. تاقی تەنیا.

–دایە، ئەمن شازادە خانمی پوونتە کووڕووڤم لەگەڵ خۆم هێناوەتە ئێرە.

بەڵام ژووزفین هەروا لەسەر تەختەکە کەوتبوو نینۆکی لە ڕووتەختەکە داگرتبـوون. جارێکی دیکە ئۆورتانس دووپاتەی کردەوە:

–شازادەخانمی پوونتە کووڕووڤ.

بـە هـەنگاوی ئەسپایی لـە تەختەکـە نزیـک کەوتمـەوە. دەسـتم بـە شـانانی گـرتو گوشیمن، جووڵەیەکم پێکردو وەرمگێرا. ئێسـتا ئـەو لەسـەر پشـت ڕاکشـابوو، و بـەچاوی هەڵمساوەوە دە منەوە ڕامابوو. لە یەکەم نیگادا هەستم کرد بەجارێک پیر بووە. بەڵێ ئەو بە شەوێک پیر ببوو...

لێوەکانی بەحاڵ جووڵان:

–دێزیرە!...

بـەڵام سـەرلەنوێ لافـاوی فرمێسـک دەسـتی پێکـردەوە. دڵۆپـە فرمێسـک بـە سـەر ڕوخسـاری جوانکـاریکراویدا وەڕێکـەوتن. لەسـەر لێـوی تەختەکـە دانیشـتمو هـەوڵم دا دەسـتەکانی دەنێـو دەسـتم بگـرم. قـامکی لـە دەوری قامکـەکانی مـن داخرابـوونو دەمـە چکۆڵەکەی کەمێک کرابۆوە، بەجۆرێک کە کـەلێنی نێـو ددانـەکانیم دەدی. گۆنـاکـانی وەک پەڕۆیەکی گنجهەڵاتوو دەچوون. بە شۆڕانەوەی جوانکاریی ڕوخساری چرچولـۆچی پێسـتی بە تەواوی دەبینران. چەند ئەڵقە لە بسکە ئاڵۆزو تەڕەکانی بـە لاجانگیـەوە چەسپابوون. پێستی چەنەگەی جوانو کچانەی شلو داچۆڕاو دیـار بـوو، و کەمکـەم گنجـی بەرچەنەگـەی لەبن گەروویەوە لەچاویان دەدا. تیشکی مۆمەکان بێڕەحمانە ڕوخساری بەختوەرگـەڕاوی ئەویان ڕووناک دەکرد تا لـەجاران زیـاتر بەدبەختییەکـەی نیشـان بـدەن. داخـوا نـاپلیۆن قـەتی ڕوخسـاری وی بێجوانکـاری‌و بەوحاڵـە دیبـوو؟ ژووزفـین لـەحاڵێکدا گریـان بـەری نەدەدا گوتی:

–هەوڵم دا جانتاکانم ببەستین.

–خانمی خاوەنشکۆ پێش هەموو شتێک پێویستیی بە خەوو حەسانەوە هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان ڕووم کردە ئوورتانسو گوتم:

-تکایە هەموو مۆمەکان بکوژێنەوە.

ئەویش لەحاڵێکدا وەک سێبەر لە بەر مۆمدانێکەوە دەخزی بۆ مۆمدانێکی دیکە داواکەمی جێبەجێ کرد هەتا تەنیا شۆقی لەرزۆکی تاقەمۆمێکی چکۆڵە مایەوە. ژووزفین ئیدی نەدەگریا بەڵام جاروبار لەشی وەک بریسکە لێیدابێ ڕادەچەنیو ئەوە زۆر لە گریانەکەی خەراپتر بوو. جارێکی دیکە دووپاتەم کردەوە:

-خاوەنشکۆ دەبێ بخەوێو ئیسڕاحەت بکا.

ویستم هەڵستم بەڵام نەیهێشتو بەلێوی لەرزۆکەوە گوتی:

-دێزیرە! ئەمشەو دەبێ لەلام وەمێنی. ئەتۆ لە هەمووکەس باشتر دەزانی ئەو چەندی من خۆش دەوێ... لە هەموو کەس زیاتر. وا نیە؟ ئەو تەنیا من، بەڵی تەنیا منی...

کەوایە هەربۆیە دەیەویست من ببینێ، چونکە ئەمن لە هەمووکەس پترو باشتر ئاگاداری ئۆگریی ناپلیۆن بەو بووم. بریا توانیبام کۆمەگی بکەم.

-بەڵێ خانم. ئەو تەنیا تۆی خۆش دەویستو کاتێک تۆی بینی هەموو شتێکو هەموو کەسی لەبیر چوو، تەنانەت منیش. لەبیرت ماوە؟

سێبەری بزەیەک کەوتە سەر لێوانیو گوتی:

-ئەتۆش جامی شامپاینەکەت بەمندا داو هەرگیز نەمتوانی پەڵەکانی پاک بکەمەوە. کراسێکی مووسلینی سپیم دەبەردا بوو کە خەتخەتی سووری تێدا بوون. لەوڕۆژەدا بوومە مایەی خەفەتی تۆ دێزیرە چکۆڵە! لێم ببوورە چونکە ئەمن نیازێکی وام نەبوو.

دەستم بەسەر دەستیدا هێناو لێیگەڕام تا بیرەوەرییەکانی ڕابردووی دووپاتە بکاتەوە. ئەوکاتە ئەو دەکرێ بڵێم لە تەمەنی ئێستای مندا بوو.

-دایە باوەڕ کە مالمێزۆنت پێخۆش دەبێ، ئاخر ئەتۆ هەمیشە ئەوێت بەناوی ماڵی ڕاستەقینەی خۆت ناو دەبرد.

شۆکێکی دیکە ژووزفینی لەرزاند. چکەسێک هەودای خەیاڵو بیرەوەرییەکانی وی پساندبوو؟ بەڵێ، کچەکەی بوو. لەحاڵێکدا چاوی بە دوای مندا دەگەڕا گوتی:

-ئوورتانس لە تویلری دەمێنێتەوە.

ئیدی شوێنەوارێک لەو بزەیە لەسەر ڕوخساری نەماو شەکەتو پیر دیار بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئوورتانس هێشتا هیواداره که ناپلیۆن یەکێک لە کوڕەکانی وی بکاتە جێنشینی خۆی. نەدەبوو ڕێگا بدەم ئەو مێرد بە برای ناپلیۆن بکا. ئەم منداڵە خۆشی‌یەکی لەژیان نەدی... مێردێک کە ڕقی لێیەتی‌و زڕبابێک کە ئەوی...

"کە ئەوی خۆش دەوێ". ڕەنگە ژووزفین ویستبیەتی ڕستەکەی ئاوا تەواو بکا کە ئوورتانس بە هاوارێکی گوێڕووشێنەوە خۆی گەیاندە تەختەخەوەکە. ئەمن پاڵم پێوە ناو گێرامەوە. داخوا دەیەویست لە دایکی بدا؟ ئێستا ئەوە ئوورتانس بوو کە بەنائومێدی دەگریا. بیرم کردەوە کە ئەو حاڵەتە نابێ درێژە بکێشێ. ئوورتانس دەگریاو بێشک ئیمپەڕاتریسیش دووبارە دەستی دەکردەوە بە گریان.

–ئوورتانس زوو هەستەوەو وریای خۆت بە.

دیارە دەمزانی لەباری دابوشوێنەوە هەقم نیە ئاوا فەرماندەرانە قسە دەگەڵ شاژنی هولەند بکەم بەڵام ئەو دەسبەجێو بێئەملاوئەولا داخوازەکەمی بەجێ گەیاند.

–دایە ئەتۆ پێویستیت بە ئیسڕاحەت هەیە. ئەتۆش هەروا ئیمپەڕاتریس. چووەختێک دەچنە مالمێزۆن؟

ژووزفین وەک لالانەوە وەڵامی دایەوە:

–بوناپارت داوای لەمن کردوە کەڕی بەیانی وەڕێ کەوم. ئەو فەرمانی بە کرێکارەکانیش داوە ژوورەکانی من...

گوێم لە کۆتایی ڕستەکەی نەبوو چونکە شڵەژانو گریان ڕێگەیان پێنەدا. ڕووم کردە ئوورتانسو گوتم:

–ئەرێ دوکتۆر کووروێزار دەرمانی خەوهێنەری بۆ ئیمپەڕاتریس دانەناوە؟

–با. بەڵام دایکم نایخوا چونکە دەترسێ دەرمانداوی بکەن.

چاوێکم لە ژووزفین کرد. ئەو جارێکی دی لەسەر پشت کەوتبوو، و لافاوی فرمێسک بە ڕوخسارە ماسیوەکەی‌دا وەڕێ کەوتبوو.

– ئەو هەمیشە ئەو ڕاستی‌یەی دەزانی کە ئەمن منداڵم نابێ. ئەمن بۆخۆم پێم‌گوتبوو. چونکە جارێکیان کە دووگیان بوومو باراس...

–ئەو جارێکی دیکە دەستی لە قسەکردن هەڵگرتو پاش ساتێک ڕاوەستان هاواری کرد:

– ئەو باراسە گەمژەیەش دوکتۆرێکی ناردە لام کە بەدبەختی کردم، بەدبەخت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئوورتانس تکایە بڵێ کەسێک خێرا فنجانێک چای گەرم بێنێ. بۆخۆشت تاوێک ئیسڕاحەت بکە. ئەمن لێرە دەبم تا ئیمپەڕاتریس خەوی لێدەکەوێ. بەڕاست دەرمانخەوەکە لەکوێیە؟

ئوورتانس پاش گەڕان لەنێو شووشەکانی سەر مێزی خۆجوانکردندا، ئاخرەکەی شووشەیەکی چکۆڵەی وەمن داو گوتی:

-دوکتۆر کووڕویزار گوتوویەتی پێنج دڵۆپ.

-سوپاست دەکەم. شەو خۆش خانم.

کراسە سپییە گنجاوییەکەی ژووزفینم لەبەری داکەندو پاوانە زێڕینەکانیشم لەلاقی دەرهێنانو ئەمجار پێمدا دا. خزمەتکارێک چای گەرمی هێنا فنجانەکەم لێوەرگرتو ئیزنم دا بڕوا. پاشان بەوردی شەش دڵۆپ لە دەرمانە خەوهێنەکەم دەفنجانەکە کرد، ئەگەرچی دڵۆپێک پتر لەڕادەی ڕێپێدراو بوو بەڵام بیرم کردەوە باشترەو زووتری خەو لێدەکەوێ. ژووزفین بێ نارەزایی لەسەر تەختەکە دانیشتو بە قومی درێژدرێژ هەرچی تێیدا بوو هەڵیقووڕاندو دوایە گوتی:

-ئەم خواردنەوەیەش وەک شتەکانی دیکەی ژیانی من زۆر شیرن بوو بەڵام ئاخرەکەی تاڵو زمانگەز دیار بوو.

لەم کاتەدا بزەیەک کەوتە سەر لێویو ئەو ژووزفینەی وەبیر هێنامەوە کە پێشتر دەمناسی. تاوێک دواتر خۆی بەسەر باڵنجەکەدا داو بەدەنگێکی ئارام گوتی:

-ئەتۆ لە ڕێوڕەسمی ئەمڕۆ بەیانیدا ئامادە نەبووی.

-پێم وابوو ئەتۆ وات پێباشە ئەمن لەوێ نەبم.

-بەڵێ. قسەی تۆیە.

جارێکی دیکە تاوێک بێدەنگ بوو. هەناسەهەڵکێشانی ڕێک ببوو.

-ئەتۆو لووسین تەنیا کەسانی بنەماڵەی بوناپارت بوون کە لەو ڕێوڕەسمەدا ئامادە نەبوون.

-ئەمن کە لە بنەماڵەی بوناپارت نیم. خوشکم ژوولی هاوسەری ژۆزێف بوناپارتەو ئەمەش نابێتە هۆی پێوەندیی بنەماڵەیی.

-بەجێی مەیەڵە دێزیرە!

- کێ بەجێ نەیەڵم پایەبەرز؟

-بوناپارتی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وا دیار بوو دەرمانخەوەکە هاوسەنگیی ویی تێک دابوو. بەڵام هەرچی بوو ئارامتر دیار بوو. دەستیم دەنێو دەستم گرتو دەستم بە لاواندنەوەی کرد؛ دەستێک کە دەمارەکانی هەستابوون، دەستی ژنێکی جوان لە سەرەوژێری پیریدا بوو...

–کەنگێ دەسەڵاتەکەی لەدەست دەدا...و بۆچی نابێ شتی وا ڕوو بدا؟ هەموو ئەو پیاوانەی دەمناسین ڕۆژێک دەسەڵاتی خۆیان لەدەست داو تەنانەت سەریشیان، وەک هاوسەری پێشووی من دوبوو ئارنە. وەختێک ئەو دەسەڵاتی لەدەست دا...

ئیدی چاوەکانی ژووزفین کەوتبوونە سەر یەکو ئەمنیش دەستیم بەرهەڵدا.

–وەرە نزیکم، دەترسم...

–ئەمن لە ژوورەکەی دیکە چاوەڕوان دەبم تا پایەبەرز لەخەو هەڵدەستێو دوای ئەوە هەتا مالمێزۆنت لەگەڵ دێم.

–بەڵێ هەتا مالمێز...

ئیدی خەوی لێکەوتبوو. مۆمەکەم کوژاندەوەو چوومە ژوورەکەی دیکە کە تەواو تاریک بوو. هەموو مۆمەکانی ئەو ژوورە تەواو ببوون. بە کۆمەکۆمە چوومە لای پەنجەرەو پەردە قورسەکەیم لادا. کازیوەی بەیانییەکی خەفەتهێنی زستانی خەریکی ئەنگووتن بوو. لەوتۆزە ڕووناکییەی کازیوەدا مۆبلێکی ڕەحەتم دۆزیەوەو خۆم فڕێ دایە سەری. لە شەکەتییان خەریک بوو دەمردمو سەرم لەبەر ژانی زۆر خەریک بوو بتەقێ. کەوشەکانم دانانو لاقم لەبن لەشم کۆکردنەوە بەڵکوو خەوم لێبکەوێ. ئیدی وا دیار بوو خزمەتکارەکانیش دەستیان لەکار کێشابۆوەو هەموو جێیەک ئارامو بێدەنگ بوو.

لەنەکاو ڕاپەڕیم ، وەک ئەوە دەچوو کەسێک هاتبێتە ژوورێ. شۆقی مۆم کەوتە سەر دیوارەکانو دەنگی مامزەم هاتە بەر گوێ. ئەوکەسەی هاتبووە ژوورێ مۆمدانەکەی لەسەر پێشسۆبەکە دانا. هەوڵم دا لەپشت باڵنجەکەوە، کورسییەکەی ببینم. کێ بوو بێپرسو ئیزنوەرگرتن هاتبۆ ژووری ئیمپەڕاتریس؟

ئەو... بێگومان... ئەو

ئەو لەپێش جێسۆبەکە ڕاوەستاو چاوێکی لە چواردەوری ژوورەکە کرد. بێئەوەی بمەوێ جووڵەیەکم کردو هەر ئەوە سەرنجی ئەوی بۆلای مۆبلەکە ڕاکێشا.

–کەسێک لێرەیە؟

–ئەمنم خاوەنشکۆ!

بە ڕقهەستاوی نەڕاندی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەتۆ کێی؟

–شازادە خانمی پوونتە کوورووڤ.

هەوڵم دەدا لاقەکانم لەبن لەشم بێنمەدەر تا بتوانم کەوشەکانم بدۆزمەوە. بەڵام لاقم تەزیبوونو بزواندنیان زۆر دژوار دیار بوو. وەک ئەوەی باوەڕ نەکا لێم نزیک بۆوە.

–شازادە خانمی پوونتە کوورووڤ؟

–داوای لێبووردن دەکەم خاوەنشکۆ لاقم تەزیونو ناتوانم کەوشەکانم بدۆزمەوە. تکایە لەحزەیەک ئیزن بفەرموون.

سەرەنجا م بە هەرجۆرێک بوو کەوشەکانم دۆزینەوەو لەجێی خۆم هەستامو ئیکلامم کێشا.

–بڵێ بزانم شازادە خانم ئەتۆ لەم کاتەدا لێرە چدەکەی؟

–بۆخۆشم باش نازانم خاوەنشکۆ.

هەر لەوحاڵەدا چاوەکانم هەڵدەگلۆفین. دەستی گرتمو ئەمن هەروا بەخەواڵوویی سەرم هەڵێناو گوتم:

–پایەبەرز داوای لێکردم شەوێ لەلای بم. ئەو زۆر درەنگ خەوت.

چونکە هیچ قسەی نەدەکرد هەستم کرد توورەو پەرێشانە. بۆیە گوتم:

ئەگەر بەرێگای چوونەدەرم زانیبایە دەرۆیشتمو لەوە زیاتر جارزم نەدەکردن. دەترسم ئیمپەراتریس لەخەو هەستێنم.

–ئەتۆ جارزکەر نی ئووژنی، دانیشە.

هەوا ڕووناکتر ببوو، تیشکی شینو ڕەنگپەڕیوی بەرەبەیانی لە مۆبڵەکان، تابلۆکانی نیگارکێشانو جوانکاریەکانی ژوورەکەی دەدا. دووبارە لە جێیەکەم دانیشتمەوەو هەوڵم دا خەوەکەم بڕەوێ.

–ئەمنیش نەمتوانی بنووم. دەمەویست ماڵئاوایی لەم ساڵۆنە بخوازم. سبەینێ... هەر ئەمڕۆ بەیانی کرێکاران دێن.

سەرمم ڕاوەشاند. بۆمن بوون لەو جێگایە، ئەویش لەو هەلومەرجەدا زۆر ناخۆش بوو.

–بڕوانە ئووژنی، تەماشای کە، ئەتۆ پێت جوان نیە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو ئەنفیەدانێکی چووکەڵەی بۆلای من ڕاداشت کە سەرەکەی مینیاتۆر کرابوو. ساتێک تەماشای کردو دوایە خێرا کشایەوە مۆمدانەکەی لەسەر پێشسۆبەکە هەڵگرتو شۆقە زەردەکەی خستە سەر نیگارەکە. وێنەی کچێکی گەنجم دیت بە دەموچاوێکی خڕەوە، جووتەچاوێکی شینو سەرگۆنای گوڵڕەنگەوە.

-داوەری لەبارەی ئەم مینیاتۆڕانەوە دژوارە چونکە لەپێش چاوی من هەموویان وەک یەک دەچن.

-بەڵام دەڵێن ماری لووئیزی ئوتریشی زۆر جوانە.

ئەو دوایە دەرگای قوتووەکەی کردەوەو کەمێک لە ئەنفیەکەی نێوی بە هەناسەیەکی درێژ هەڵمژی‌یە نێو لووتی‌و ئەمجار دەسرۆکەکەی لەسەر لووتی دانا. جووڵەکانی وی جوانترین ڕەفتار بوون کە بەکاربەرانی ئەنفیە لەخۆیان نیشان دەدان. لەحزەیەک دواتر دەسرۆکەکەی دە گیرفانی شاڵوارەکەی هاویشتەوە. پاشان چاوێکی لەمن کردو پرسی:

-شازادە خانم ئیستاش تێنەگەیشتم ئەتۆ چۆن هاتوویە ئێرە.

چونکە ئەو بەپێوە ڕاوەستابوو ئەمنیش هەوڵم دا هەستم، بەڵام ئەو لەسەر مۆبلەکەی دانیشاندمەوەو گوتی:

-ئووژنی ئەتۆ ئەوەندە ماندووی خەریکە لەپێ دەکەوی، بەڵام لێرە چدەکەی؟

-ئیمپەڕاتریس دەیەویست بمبینێ. ئەمن ئەوم خستەوە یادی...

تۆزێک ڕاوەستام چونکە گوتنەوەی ئەوەی دەمەویست بیڵێم زۆر دژوار بوو.

-ئەمن ئەو ڕۆژەم وەبیر هێنایەوە کە ئەو دەگەڵ ژەنڕاڵ بوناپارت بوونە دەزگیران، لەحزەیەک کە گومانی تێدا نیە بە جوانترینو خۆشترین ساتەکانی ژیانی خانمی خاوەنشکۆ دادەنرێ.

-ئەدی بۆتۆ شازادە خانم؟

-ئەمن زۆر خەفەتبار بووم قوربان. بەڵام ئەمە پێوەندیی بە ڕابردووی دوورەوە هەیەو ئەو برینە سارێژ بۆتەوە.

ئەوەندە شەکەت بوومو هەستم بە سەرما دەکرد کە پێمنەزانی ئەو لەسەر مۆبلەکەو لە پەنا من دانیشتوە. وەختێک پێم زانی لەبەر شەکەتی‌یان سەرم بەلادا کەوتبوو،و کەوتبووە سەر باسکی وی. بە حەبەساوی گوتم:

-داوای لێبووردن دەکەم خاوەنشکۆ!

-ئاسوودە بەو سەرت دانێوە. لەوحاڵەدا کەمتر هەست بە تەنیایی دەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەختێک دیتم قۆڵی وی لەسەر شانی منە کشامەوەو سەرم وەسەر مۆبڵەکە کرد.

-ئەمن لێرە زۆر بەختەوەر بووم ئووژنی! ئەتۆ دەزانی خانەدانی هاپسبوورگ یەکێک لە خانەدانە دێرینەکانی پادشایەتی لە جیهاندان؟ ئاڕشیدووشیسێکی ئوتریشی شیاوی هاوسەریی ئیمپەڕاتۆری فەڕانسەیە.

لە جێیەکەی خۆم کەمێک ڕاست بوومەوە تا ڕوخساری ببینمو بزانم ئەم قسانەی بەڕاستین؟ داخوا ئەو شازادە ئوتریشییە بەتەواوی شیاوی ئەوەیە ببێتە هاوسەری کوڕی پارێزەرێکی کۆرسی؟

جارێکی دیکە چاوی بە دەوروبەردا گێڕاو هەر لەوکاتەدا گوتی:

سەمای واڵس دەزانی؟

بە سەرلەقاندن وەڵامم دایەوە کە دەزانم.

-دەتوانی چۆنیەتیی ئەو سەمایەم پێ نیشان بدەی؟ لە ڤییەن بیستوومە کە هەمووکەس سەمای واڵس دەکەن بەڵام لە شانبرِوون، ئەمن دەرفەتم نەبوو خۆم لەسەر ئەو هەڵپەڕینە ڕابێنم. پێم نیشان بدە بزانم هەڵپەڕینی واڵس چۆنە.

-ئێستا، ئەویش لێرە؟

-بەڵێ، هەرئێستاو هەر لێرەش!

بەترسەوە چاوێکم لە ژووری خەوی ژووزفین کردو گوتم:

-خاوەنشکۆ ئەوان وەخەبەر دێن.

بەڵام قسەکانم کاریان تێنەکردو تەنیا کەمێک دەنگی نزمتر کرد.

-نیشانم بدە! هەرئێستا! ئەمە فەرمانە شازادە خانم!

ناچار هەستامو گوتم:

-بەڵام بێمۆسیقا دژوارە.

پاشان بەئارامی دەستم بەسووڕان کرد. یەک، دوو، سێ.

-خاوەنشکۆ سەمای واڵس ئاوایە.

بەڵام ئەو تەماشای منی نەدەکردو هەروا کە لەسەر دەسکی مۆبڵەکە دانیشتبوو بەخێسە تەماشای فەزای بێبڕانەوەی دەکرد.

-یەک، دوو، سێ.

لەبەر ئەوەی ئەمجارە کەمێک دەنگم بەرزتر کردبوو، سەری هەڵبڕی. لەو ڕووناکاییەی بەیانیدا ڕوخساری شینو ماسیو دیار بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئووژنی! ئەمن دەگەڵ وی بەختەوەر بووم.

–خاوەنشکۆ ئەم کارە چارناچارە؟

–ئەمن ناتوانم لە سێ بەرەدا شەڕ بکەم. لەجنووب دەبێ یاغییە سەرکێشەکان سەرکوت بکەم، بەرگری لە لێوارەکانی ڕێگای ئاوی بکەمو سەرەنجامیش ئوتریش.

قامکی بە ددانی گەزیو درێژەی دایە:

–ئەگەر زەماوەند دەگەڵ کچەکەی ئیمپەڕاتریس بکەم، ئەم وڵاتە سوڵحم دەگەڵ دەکا. شازادە خانمی خۆشەویست! دۆستی من تزاری ڕووس خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکاو تەنیا کاتێک دەتوانم دەگەڵ ئەو دۆستە دەستوپەنجە نەرم بکەم کە دەگەڵ ئوتریش ڕێک کەوتبم. ئەم ئارشیدووشێسە لەڕاستیدا بارمتەی من دەبێ. بارمتەیەکی هەژدەساڵەی ناسکو دڵڕفێن.

ئەو جارێکی دیکە ئەنفیەدانەکەی لە گیرفانی دەرهێناو بەوردی سەیری وێنە مینیاتۆرییەکەی سەری کردو لەنەکاو هەستاو دووبارە چاوی بە دەوراندەوری ژوورەکەدا گێڕا.

–ئێرە هەمیشە ئاوا بووە.

بەسپایی هێندێ شتی لەبن لێوانەوە گوتو دەتگوت دەیەوێ هەموو شتێک بەدڵ بسپێرێ، هەموو شتێک؛ شریتە زێڕدۆزیکراوەکانی پەردەکانو شکڵو فۆڕمی نیوتەختە جوانەکان. وەختێک وەڕێ کەوت ژوورەکە بەجێ بهێڵێ ئەمن دووبارە چەمامەوەو ئیکلامم کێشا. دەستی لەسەر سەرم دانا قژەکانمی لاواندەوەو پرسی:

–شازادە خانمی خۆشەویست، کارێک هەیە بتوانم بۆتی بکەم؟

–خاوەنشکۆ سوپاست دەکەم ئەگەر ئەمر بفەرمووی قاوڵتیم بۆ بێنن. بەتایبەتی قاوەی خەست.

دەستی کرد بە پێکەنین. پێکەنینێک وەک پێکەنینەکانی سەردەمی لاوەتیو وەبیرهێنەوەی بیرەوەرییەکانی رابردوو. پاشان بە هەنگاوی بەپەلە لەحاڵێکدا دەنگی مامزەکانی دەهات ئەوێی بەجێ هێشت.

سەعات نۆی بەیانی، دەگەڵ ئیمپەڕاتریس چووم تا لە دەرگای پشتەوەی تویلرییەوە بڕواتە دەرێ. کالیسکە لەوێ چاوەڕوانمان بوو، ئەو یەکێک لە سێ چاکەتە پێستە سەگلاوکە گرانباییەکانی دەبەردا بوو کە تزار لە ئۆرفوورت بە دیاری دابووی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیمپەڕاتۆر. یەکی دیکە لەو چاکەتانەش ئیمپەڕاتۆر بە شانی پوولێتیدا دابوو بەڵام هیچکەس نەیدەزانی سێیەمەکەیان چیی لێهاتوە. ژووزفین زۆر بەوردی خۆی ڕازاندبۆوەو پۆدرێکی زۆری لە بەرەچاوانی دابوو. ڕوخساری ئارام بوو،و کەمکەس بە خەمۆکییەکەی وی دەزانی. ئەمن بەپەلە ئەوم لە پلیکانەکان بردە خوارێ. ئوورتانسیش لەکن کالیسکەکە چاوەڕێ بوو.

ژووزفین لەحاڵێکدا کەمێک بەپێشەوەدا چەمابۆوەو لە دەربیچەی کالیسکەکەوە سەیری ڕیزی پەنجەرەکانی تویلریی دەکرد بەسپایی گوتی:

–چاوروان بووم بوناپارت خواحافیزیم لێبکا.

کالیسکە وەڕێ کەوتو بێگومان لەپشت هەر پەنجەرەیەکەوە، ڕوخسارێکی کونپشکن تەماشای دەکرد.

ئوورتانس دەیگوت ئیمپەڕاتۆریش بەیانی زوو بەرەو وێرسای چووە تا چەند ڕۆژێک لەلای دایکی بگوزەرێنێ.

هەموو ڕێگاکەی تا مالمێزۆنمان بە بێدەنگی بڕی‌و هیچمان وشەیەکمان لەدەم نەهاتە دەر.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢٨
## پاریس، کۆتایی ژوئەنی ١٨١٠

مخابن کە ئیمپەڕاتریسی تازەمان کەم وەک سۆسیس دەچێ. ڕێوڕەسمی زەماوەند کۆتایی هاتو ئیمپەڕاتۆر بێئەوەی نێوچاوان تێک نێ، پێنج ملیۆن فرانکی بۆ نوێکردنەوەی جوانکاریی ئاپارتمانەکانی ماری لووئیز خەرج کرد. سەرەتا لە مانگی مارسدا مارشاڵ بێرتیە بۆ خوازبێنی چووە ڤییەنو پاشان ڕێوڕەسمی زەماوەند لە ڤییەن بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا ئارشیدۆک چارلز مامی بووکێ بە نوێنەرایەتیی ئیمپەڕاتۆر هەڵبژێردرا. ئیمپەراتۆر جارێک ئەم ئارشیدۆکەی لە ئاسپێرن تێکشکاندبوو ئێستاش ئەو لەجێی ناپلیۆن دانیشتبوو. سەرەنجامیش کارۆلین بۆ بەخێرهێنانی بووکێ چووە سنووری ئوتریش. لەنزیک کوورسێل، کالیسکەکەیان بەهۆی دوو سواری نەناسیاوەوە ڕاگیرا. لەژێر بارانی وەک لافاودا دوو سواری نەناسیاو دەرگای کالیسکەیان کردەوەو خۆیان تێهاویشت. ماری لووئیز لەترسان قیژاندی بەڵام کارۆلین ئارامی کردەوەو گوتی:

-براژنی خۆشەویست نیگەران مەبە ئەمەیان زاواکەی تۆ ئیمپەڕاتۆرەو ئەوی دیکەشیان هاوسەری من ژەنراڵ مۆرایە.

ئەوان شەویان لە کۆشکی "کام پی یەن" گوزەراندو ڕۆژی دواتر، ناپلیۆن نانی بەیانیی دەگەڵ ماری لووئیز خوارد. وەختێک خاڵە فێش ڕێوڕەسمی مارەبڕینی ئەم ژنومێردە پادشایییەی لەپاریسپێکهێنا، چەند ڕۆژ لە زەماوەندەکەیان گوزەرابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووکەخان مانگی یەکەمی پاش زەماوەندی دەکرێ بڵێین لە گۆشەگیری‌دا بەسەر بردو لە میوانداری‌یەکان‌دا بەشدار نەدەبوو چونکە بە هێندێ هۆ لەوباوەڕەدا بوو کە ژنان ئەگەر مانگی یەکەمی پاش مێردکردن ئیسراحەت بکەن بۆ دووگیان‌بوون ئامادەتر دەبن. بەهەرحاڵ ئەمە بۆچوونی وی بوو بەڵام سەرەنجام دەستی لەو پێ‌داگرتنە هەڵگرتو دوێنێ دەگەڵ مارشاڵەکان، ژەنراڵەکان، باڵیۆزان، گەورەگەوران، نەجیب‌زادەکانو شازادە تازەبەسەرداکەوتووەکان، ئێمەش بۆ ناساندن بە ئیمپەڕاتریسی تازە بۆ تویلری بانگهێشتن کراین.

هەموو شتێک وەک جاران بوو؛ ساڵۆنی گەورە بە هەزاران مۆمی هەڵکراو، ئاپۆرای یۆنیفۆڕمەکان، جلە دەرباری‌یەکان بە کلکەی درێژەوە کە دەبوونە هۆی هەڵخلیسکانی خەڵکی، سروودی مارسەی‌یەز، کرانەوەی لەنەکاوی دەرگاکانی تەلارو سەرەنجام هاتنی ئیمپڕاتۆرو ئیمپەڕاتریس.

وا دیار بوو لە ئوتریش داب وایە نۆبووکە گەنجەکان جلکی پەمەیی دەبەر بکەن. ماری لووئیز کراسی ساتەنی پەمەیی‌ڕەنگی تەنگو ئەڵماس‌دۆزی‌کراوی دەبەردا بوو،و زۆر کەڵەگەتتر لە ئیمپەڕاتۆر دیار بوو. دەگەڵ ئەوەی گەنج بوو ڕوخسارێکی سوورو گۆشتنی هەبوو. بە بەراورد دەگەڵ خانمە دەرباری‌یەکانو ڕوخساری جوانکاری‌کراویان دەکرێ بڵێین سادەو بێ‌ڕازاندنەوە دەهاتە بەرچاو. هەرچەند ئەگەر پۆدرێکی پتری لە لووتی بریقەدارو سەرگۆنا سوورەکانی دابایە ڕوخساری جوانتر دەبوو. چاوەکانی گەورە، زەقو شینێکی کاڵ بوون. قژە خورمایی‌ڕەنگو پڕپشتو دڵگرەکانی بەجۆرێکی جوانو هونەرمەندانە ڕازاندبوونەوە. داخوا ئێستا کەس قژە نەرمو لوولەکانی ژووزفینی وەبیر دەهاتنەوە؟

پێکەنین لەسەر لێوەکانی ماری لووئیز لانەدەچوو. دیارە ئەو بە کچی ئیمپەڕاتۆرێکی دایکەزا دادەنراو وێ دەچوو فێریان کردبێ چۆن لە یەکساتدا بەدەم دووهەزار کەسەوە پێ‌بکەنێ. ئەو ڕاپەڕی سەربازانی باوکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەو شەڕ لەگەڵ ناپلیۆن دیتبوو،و ژیان لە ڤییەنی داگیرکراوی ئەزموو‌بوو. بۆیە بەدوور نەدەزانرا کە لەدڵەوە لە ناپلیۆن بێزار بێ‌و تەنیا بەویستی باوکی ملی بۆ مێردکردنێکی وا ڕاکێشابێ. هەرلەوکاتەدا ناپلیۆنیش بەرامبەر بە هەستو سۆزی کچێکی گەنجی پەروەردەکراو لەژێر چاوەدێریی دەرباری‌یان‌دا، بێگانەو بێ ئۆگری دیار بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیمپەڕاتۆرو ئیمپەڕاتریس ئێستا بەرەوڕووی ئێمە ڕاوەستابوون. ئەمن بە نیشانەی ڕێزگرتن چەمامەوەو ناپلیۆن ئێمەی بەمجۆرە بە ئیمپەڕاتریس ناساند:

–شازادە خانمی پوونتە کووڕووڤ، ژنخوشکی براکەم ژۆزێف و ئەویش شازادەی پوونتە کووڕووڤو مارشاڵی سوپای فەڕانسەیە.

دەستەوانەی بۆنداری ئیمپەڕاتریسم کە بۆنی یاسەمەنی لێدەهات ماچکرد، دەمتوانی سوێند بخۆم کە ئەو بۆنی یاسەمەنی لە بۆنەکانی دیکە پێخۆشترە. چاوە شینەکانی دەمنەوە بڕیبوون؛ جووتەچاوێکی وەک شووشە کە هیچ نیشانەیەکیان لەو زەردەخەنە دەستکردە تێدا نەبوو.

وەختێک شاو شاژن لەسەر تەختی خۆیان جێگیر بوون ئۆڕکێستر دەستی بەلێدانی ئاوازی واڵس کرد. ژوولی لێم نزیک بۆوەو چاوێکی لە سەرتاپام کردو لەبن لێوانەوە گوتی:

–زۆر جوانە!

ئەو جلکی مەخمەری ئەرغەوانیی دەبەرداو تاجی جەواهێرنیشانی ئیسپانیای لەسەر بوو، دیارە بێگومان تاجەکەی خوار ببوو. بە دەردی دڵەوە گوتی:

–لاقەکانم وەژان هاتوون، وەرە بڕۆین لەو ژوورەی تەنیشتێ دانیشین.

لەپێش دەرگا تووشی ئوورتانس بووین. ئەو ئێستا وەک دایکی جلکی سپیی دەبەردا بوو. کۆنت فلائۆ سەرپەرستی تەویلەخانەی تایبەتیی ئوورتانسیشی دەگەڵ بوو، ئەو چاوی دە چاوی کۆنتەوە بڕیبوو. ژوولی خۆی فڕێ دایە سەر مۆبلێکو خەریکی ڕێکوپێککردنی تاجەکەی بوو. لەنەکاو فکرێکم بەدڵدا هات:

داخوا ئەو دەزانێ پووری ڕۆژێک لێرە، لە تویلری ژیاوە؟

ژولی بە سەرسوڕمای تەماشای کردمو پرسی:

–بزانم دەڵێی چی، لە تەواوی دەرباری ئیمپەڕاتۆردا یەکێک دەدۆزیەوە کە پووری لە تویلری ژیابێ؟

–بەڵێ، ئیمپەڕاتریس. ئەو برازای گەورەی شاژن ماری ئانتوانتە.

ژوولی بە چاوی داپچڕاوەوە گوتی:

–شاژن ماری ئانتوانت؟!

–بەڵێ ژوولی کلاری. شاژن. خۆشەویستم باشترە فکری لێنەکەیەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەرداخەکەمم هەڵقووڕاندو لەدڵی خۆمدا بیرم کردەوە کە ماری لوویز زۆر دەلیلی هەن بۆئەوەی ڕقی لەئێمە بێ. چونکە دەمزانی ژوولی چەندینجار ئاوجای تازەی خۆی دیوە. پرسیم:

–بڵێ بزانم ئیمپەڕاتریس هەمیشە بزەی لەسەر لێوانە؟

–هەمیشە. ئەمنیش کچەکانم فێر دەکەم هەمیشە بزەیان لەسەر لێوان بێ. هیچکات پێکەنین لە لێوی شازادە ڕاستەقینەکان دوور ناکەوێتەوە.

بۆنی خۆشی عەترێکی توند دەگەڵ پوولێت گەیشتە ئێمەو ئەو دەستێکی لەسەر شانی من داناو لە حاڵێکدا پێدەکەنی گوتی:

–ئیمپەڕاتۆر پێیوایە ماری لوویز دووگیانە.

ژوولی بە هەژاوی پرسی:

–لەکەنگێوە؟

–لەدوێنێوە.

جارێکی دیکە بۆنی عەترەکە کەم بۆوەو لێمان دوور کەوتەوە. ژوولی هەستاو گوتی:

–باشترە بچمەوە سالۆنی سەرەکیو لای ئەوانی دیکە. ئیمپەڕاتۆر حەز دەکا ئەندامانی بنەماڵەکەی لە دەوروبەری تەختەکەی بن.

چاوم بەدوای ژان باتیستدا دەگەڕا. ئەوم دیت کە پاڵی بە پەنجەرەیەکەوە دابوو،و بە بێموبالاتی تەماشای ئاپۆرای حەشیمەتەکەی دەکرد. خۆم گەیاندێو گوتم:

–دەتوانین زووتر بچینەوە ماڵێ؟

ئەو سەری ڕاوەشاندو قۆڵی گرتم. بەڵام ڕاست لەو کاتەدا تالیڕان لەسەر ڕێگامان شین بوو.

–شازادەی خۆشەویست ئەمن لەتۆ دەگەڕام. ئەم بەڕێزانە تکایان لەمن کرد بە جەنابتیان بناسێنم.

لە دواوەی چەند ئەفسەری زۆر کەڵەگەت بە یۆنیفۆڕمی شینێکی تێرو قایششمشێری زەردوشینەوە ڕاوەستابوون.

–کۆنت بەراهە لە ئەندامانی باڵیۆزخانەی سوێد، سەرهەنگ "وێرد" کە ئەم دوایییانە هاتۆتە پاریس تا پەیامی پیرۆزبایی خاوەنشکۆ پادشای سوێد بەبۆنەی زەماوەندی ئیپەڕاتۆرەوە بگەیەنێتە جەنابی،و ئەمەش سوتوان بارۆن کارل ئۆتۆمۆرنێر کە ئەمڕۆ بەیانی بە خەبەرێکی خەفەتهێنەوە لە ستۆکهۆڵمەوە هاتوە. بەڕاست شازادەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشەویست، ئەو کوڕەمامی ئەو بەڕێز مۆرنێرەیە کە لە لووبێک دیلی ئێوە بوو. داخوا ئەوت وەبیر دێتەوە؟

–ئێمە نامە بۆ یەکتر دەنووسین.

ژان باتیست هەرلەو حاڵەدا سوێدی‌یەکانی خستبۆ ژێر سەرنجی نیگای خۆی‌و یەک‌یەک سەیری دەکردن.

–سەرهەنگ وێرد جەنابت یەکێک لە ڕێبەرانی حیزبی یەکیەتیی سوێدی؟

پیاوە باڵابەرزەکە سەری بەنیشانەی پشتڕاستکردنەوەی قسەی ژان باتیست نەوی کردو تالیران ڕووی کردە منو گوتی:

–دەبینی شازادە خانمی خۆشەویست، دەبینی زانیاریی هاوسەرەکەتان لە وڵاتانی شیمال چەند وردە. حیزبی یەکیەتی، حیزبێکە کە بۆ پێوەندیی یەکیەتیی سوێدو نۆڕوێژ تێ‌دەکۆشێ.

بزەیەک کەوتە سەر لیوی ژان باتیست. ئەو هێشتا قۆڵی منی بەدەستەوە بوو،و چاوی دە مۆرنێرەوە بڕیبوو. ئەو پیاوە مووخورمایی‌یە کورتەباڵایە کە قژەکانی تەواو هەڵدابوونەوە، لە حاڵێکدا چاوی لە ژان باتیست بوو بە فەڕانسەیی‌یەکی ڕەوان گوتی:

–بەداخەوە خەبەرێکی ناخۆشم پێیە. شازادە کریستیەن ئاگوستۆس ئاگۆستێنبێرگ لە ڕووداوێکدا کوژرا.

قامکەکانی ژان باتیست بەجۆرێک قۆڵمیان گوشی کە هەموو گیانم ئێشاو هێندەی نەمابوو لەتاوان هاوار بکەم، بەڵام ئەمە چاوترووکانێک پتری نەکێشاو بە ئارامی گوتی:

–چەند ڕووداوێکی سامناک! هیوادارم سەرەخۆشیی دڵسۆزانەم قبووڵ بکەن بەڕێزان.

چاوترووکانێک بێدەنگی بەرقەرار بوو،و تەنیا دەنگی مۆسیقای واڵس دەهات. بۆچی ئێمە ئەوێمان بەجێ نەدەهێشت؟ ئەم ڕووداوە لە دوالێکدانەوەدا پێوەندی‌یەکی بەئێمەوە نەبوو،و پادشای وەجاخ‌کوێری سوێد دەبێ لە غەمی دۆزینەوەی جێ‌نشینێک بۆخۆی‌دا بێ. باشتر نیە بچینەوە ماڵێ...

تالیران زۆر بەئەدەبەوە پرسی:

–داخوا پێشتر جێ‌نشینێک بۆ پادشا هەڵبژێردراوە؟

بەڕێکەوت چاوم بە مۆنرۆ کەوت کە بە حاڵەتێکی سەیر چاوی دە ژان باتیستەوە بڕیبوو. وەک ئەوەی بیەوێ لەڕێگەی چاولێکردنەوە بیروبۆچوونێکی بخاتە مێشکەوە. ئەوان دەیانتوانی چچاوەڕوانی‌یەکیان لە هاوسەرەکەم هەبێ؟ خۆ ئەو نەی‌دەتوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاگۆستێنبێرگی مردوو زیندوو بکاتەوەو ئەم ڕووداوەش پێوەندی‌یەکی بەوەوە نەبوو. ئێمە خۆمان بەڕادەی پێویست گیروگرفتمان هەبوون‌و لەپاریس کەوتبووینە بەر ڕقوقین. چاوم لەو سەرهەنگە کرد کە قایش‌شمشێری زەردوشینی بەستبوو. ئەویش چاوی لەسەر ژان باتیست هەڵنەدەگوازت. سەرەنجام ئەو پیاوە کورتەبالآیەی ناوی بارۆن مۆرنێر بوو گوتی:

–ڕۆژی بیست‌ویەکی ئاگۆست، ئەنجومەنی نوێنەرانی سوێد لەبارەی هەڵبژاردنی جێ‌نشینەوە بڕیار دەدا.

جارێکی دیکە بێدەنگی بەرقەرار بۆوەو ئەمن گوتم:

–ژان باتیست پێم وایە ئیدی وەختی ئەوە هاتوە کە خواحافیزی لەو پیاوە سوێدی‌یانە بکەین.

–بەڕێزان جارێکی دیکە تکاتان لێ‌دەکەم هاودەردیی من بە ئاگاداریی پادشای سوێد بگەیەنن‌و بڵێن لەناخی دڵەوە دەگەڵ ئەوو خەڵکی سوێد هاودەردم.

مۆرنێر هەر بەو دەنگە ئەستوورەی پرسی:

–ئەمە تەنیا پەیامی ئێوەیە؟

ژان باتیست کە ئامادەی ڕۆیشتن بوو، چاوی لەوو دواتر لەوانی دیکە کردو سەرەنجام نیگای لەسەر ڕوخساری کۆنت بەراهەی لاو کە وێ‌نەدەچوو نۆزدەساڵ زیاتر تەمەنی بێ ڕاوەستا.

–کۆنت بەراهە! دەزانم ئەتۆ سەر بە یەکێک لە خانەدانە ڕەسەنەکانی سوێدی‌و بۆیە داوا لەتۆ دەکەم بە دۆستانتان ڕابگەیەنی کە ئەمن هەمیشە شازادەی پوونتە کووڕووڤ‌و تەنانەت مارشاڵیش نەبووم. لە کۆڕی پیاوماقووڵانی ئێوەدا کەسانی وەک من بە "ژەنڕاڵی پێشووی ژاکووبی" ناو دەبرێن کە لەسەرەتا خزمەتدا گرۆبانێکی سادە بووم. بەکورتی داواتان لێ‌دەکەم ئەمەتان لەبیر نەچێ...

لەم ساتەدا ژان باتیست هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو جارێکی دیکە بە قامکەکانی جۆرێک قۆڵی منی گووشی کە هەموو گیانم ئێشاو دوایە لێی زیاد کرد:

–... با دوایە نەکەومە بەر سەرکۆنەی ئێوە.

ئەو پاشان بەتوندی ماڵئاوایی لێ‌خواستن.

سەیرە لەو شەوەدا جارێکی دیکە تالیران هاتەوە سەر ڕێگای ئێمە. ڕەنگە ئەمە ڕێکەوتێکی سادە بووبێ کە کالیسکەی وی لە پەنا کالیسکەی ئێمەو لەپێش تویلری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاوەستابوو. تازە دەمانەویست سواری کالیسکە بین کە دیتم بە شەلەشەل هاتە لای ژان باتیستو گوتی:

-شازادەی خۆشەویست! نیعمەتی قسەکردنیان بۆیە داوەتە مرۆڤ کە بیروباوەڕەکانی بشارێتەوە. بەڵام ئەتۆ دۆستی من لەو نیعمەتە بە دروستی بەهرە وەرناگری. هیچکەس ناتوانێ قبووڵ بکا کە ئەتۆ فکرەکانی خۆت لە سوێدی‌یەکان شاردۆتەوە.

-دەبێ جارێکی دیکە وەبیر کۆنەکەشیش بێنمەوە کە کتێبی پیرۆز دەڵێ؛ "با قسەکانتان ڕاست بن، بەڵێ، ڕاست، نەک درۆ. هەرچی غەیری ئەوە بێ نیشانەیەک لە شەیتانە.

تالیڕان لێوی بە ددانی کرۆشت و گوتی:

-شازادەی خۆشەویست، قەت نەمدەزانی ئەوەندە نوکتەزانی بەڕاستی سەرسامت کردم.

ژان باتیست بە دەنگی بەرز پێکەنیو وەڵامی دایەوە:

-ئەوەندە بایەخ بە نوکتە سادەکانی گرۆبانێک مەدە کە فێر بووە لە ئۆردووگا لە دەوری ئاگر دانیشێو قسە لەگەڵ دۆستەکانی بکا...

بەڵام لەنەکاو زۆر بەجیددی درێژەی دایە:

-داخوا ئەفسەرە سوێدی‌یەکان بە تۆیان گوت کێیان لە خانەدانی پادشایەتیی سوێد کردۆتە کاندیدای جێنشینی پادشای خۆیان؟

-مێردی خوشکی جێنشینی ڕابردووی پادشای دانمارک یەکێک لە کاندیداکانە.

-ئی دیکە؟

-برای لاوتری خوالێخۆشبوو دووک ئاگۆستێنبێرگ، هەروەها کوڕی پادشای پێشوو کە ئێستا وەک دوورخراوە لە سویس دەژی. بەڵام چونکە بابی بە شێت دانراوە هیچ کەس ئۆگری بەو کوڕە نیشان نادا. بە هەرحاڵ دەبێ بزانین ئەنجومەنی نوێنەرانی سوێد چبڕیارێک دەدا. شەو خۆش دۆستی ئازیز!

-شەو خۆش جەناب!

کە گەیشتینەوە ماڵێ، ژان باتیست چووە ژوورەکەی خۆیو بەپەلە دەستی بە کردنەوەی یەخە گوڵدۆزی‌کراوەکەی کردو ئەمن بەدیتنی ئەوحاڵەی گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-چەندساڵە پێت دەڵێم دەبێ ئەم یەخەیەت بدەی فرەوانی بکەنەوە. ئەم جلکە مارشاڵیانە بەبەرت تەنگ بوونەوە.

زەردەیەکی هاتە سەر لێوانو لەبن لێوانەوە وەڵامی دایەوە:

-زۆر تەنگ... خۆشەویستی من، کچۆڵە بێگوناحەکەم، هیچوەخت نازانێ دەڵێ چی. بەڵێ زۆر تەنگ بوونەوە.

دوایە بێئەوەی گوێ بداتە من چووە ژوورەکەی خۆی.

ئەمنیش چونکە خەوم نەدەهات دەستم کرد بە نووسین. هۆی بێخەوییەکەشم نیگەرانی بوو. نیگەرانیی زۆر لەوەی هەست دەکەم خەریکە ڕوو دەداو ئەمنیش توانام نیە لەبەری هەڵێم. ژان باتیست گوێت لە دەنگم نیە، زۆر نیگەرانم.

***

**بەشی سێیەم**

**شاژنی ئاشتی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢٩

## پاریس، سێپتامبری١٨١٠

شۆقێک وەڕوخسارم کەوتو گوێم لێبوو کەسێک دەیگوت:

-دێزیرە! هەستەو زوو خۆت پۆشتە بکەوە.

ژان باتیست مۆمدانبەدەست لەپەنام ڕاوەستابوو. ئەو دوایە مۆمدانەکەی لەسەر زەوی داناو کەوتە داخستنی دوگمەکانی یۆنیفۆڕمی مارشاڵیی خۆی.

-شێت بووی ژان باتیست؟ هێشتا شەوە!

-پەلە بکە، گوتوومە ئۆسکاریش هەستێنن. چونکە دەمەوێ ئەویش لەوێ بێ.

لە نهۆمی خوارێ دەنگی وتوویژو هاتوچوو دەهات. ئیبووت لەنەکاو هاتە ژوورێ. جلی خزمەتکارییەکەی لەسەر جلی خەوەوە دەبەر کردبوو. ئەمە یەکێک لە جلەکانی خەوی خۆم بوو کە دابووم بەوو کلکەکەی ڕەزەوی دەخشا. ژان باتیست بە دیتنی وی گوتی:

-زووبە تکایە یارمەتیی شازادە خانم بدە.

-چ ڕووی داوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-تەنیا پەلە بکە. بۆخۆت هەموو شتێک دەبیسی.

ئیدی توانای بیرکردنەوەم نەبوو، پرسیم:

-چجلێک دەبێ بکەمە بەرم؟

-باشترین جل کە هەتە، جوانترینو بەنرخترینیان. تێگەیشتی؟

-نا. ئەمن دە هیچ نەگەیشتووم. ئیبووت! ئەو جلە هەریرە زەردەم بۆ بێنە کە لە میوانداریی‌یەکەی دەربارادا دەبەرم بوو. ژان باتیست ئاخرەکەی ناتەوێ بڵێی چباسە؟

بەڵام ئەو بێئەوەی وەڵام بداتەوە چووە دەرێ. بە سەری قامکان نەختێک قژەکانم ڕێک دەکردن کە ئیبووت پرسی:

-شازادە خانم نیوتاجەکەتان بێنم؟

-بەڵێ نیوتاجەکەشم بێنە. قوتووی جەواهێراتەکەشم بێنە. دەبێ هەرچی هەمە وەخۆمی بخەم. ئەگەر کەس پێم نەڵێ چباسە چۆن بزانم دەبێ چدەبەر بکەم. پاشان ئەو منداڵەتان بەم نیوەشەوە بۆ وەخەبەر هێناوە...

بەڵام هێشتا قسەکەم تەواو نەببوو کە گوێم لە دەنگی ژان باتیست بوو:

-ساز بووی دێزیرە؟

-ژان باتیست ئەگەر پێم نەڵێی...

ئیبووت بەسرتە گوتی:

-دەستێک بە سەرو ڕوخسارتدا بێنە.

لە ئاوێنەی مێزی خۆڕازاندنەوەدا ڕوخساری ترشاوو خەواڵووی خۆمم بینی.

-ئیبووت! زووکە سووراوو پۆدرم بۆ بێنە.

-وەرە دێزیرە! ناتوانین لەوە زیاتر لە چاوەڕوانیدا ڕایانبگرین.

-کێ ناتوانین لە چاوەڕوانیدا ڕابگرین؟ تەنیا شت کە دەیزانم ئەوەیە کە ئێستا نیوەشەوەو ئەمن دەمەوێ بخەوم.

ژان باتیست قۆڵی گرتم:

-کچەکە گیان! وەرەوە سەر خۆت.

-دەکرێ لوتف بکەیو پێم بڵێی چبووە؟

-گرنگترین ساتەوەختی ژیانی من گەیشتوە، دێزیرە!

دەمەویست چاوتروکانێک ڕاوەستمو تەماشایەکی ڕوخساری بکەم بەڵام ئەو لەحاڵێکدا قۆڵمی دەگوشی منی دەگەڵ خۆی لە پلیکانەکان بردە خوارێ. لە شیپانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سالۆنی گەورەدا فێرناندو ماری ئۆسکاریان ناردە لای ئێمە. چاوەکانی لەبەر هەژانی زۆر دەدرەوشان.

–بابە، شەڕ بووە؟ بابە، ئیمپەڕاتۆر هاتۆتە سەردانمان؟ ئەی جلەکانت چەند جوانن دایە...

ئەوان باشترین جلەکانی ئۆسکاریان کردبووە بەریو قژە سەرکێشەکەی‌یان تەڕ کردبوو بۆ ئەوەی قەد بگرێ. ژان باتیست دەستی منداڵەکەی گرت.

سالۆن وەک ڕۆژ ڕووناک بوو. تەواوی مۆمدانەکانی ماڵێ لەوێ بوون. چەند پیاوێک لە سالۆن چاوەڕێی ئێمە بوون. ژان باتیست قۆلی منی گرتو لەحاڵێکدا لەنێوان منو ئۆسکاردا بوو چووین بۆلایان.

چەند یۆنیفۆڕمی بێگانە بە قایش‌شمشێری زەردو شینو نیشانو پلەگەلێکەوە کە لەبەر شۆقی مۆمەکان دەدرەوشانەوە، پیاوێکی گەنج بە چەکمەی درێژو سەرتاپا قوڕەوە قژی زەردی ئالۆزکاو کە ڕژابوونە سەر شانی سەرنجیان ڕاکێشام. ئەو نامەیەکی مۆرکراوی زۆر گەورەی بەدەستەوە بوو. بە چوونەژووری ئێمە هەموویان بەشێوەیەکی نائاسایی لە بەرامبەرماندا چەمانەوەو ئیکلامیان کێشا. بێدەنگی‌یەکی کوشندە سێبەری خستبووە سەر سالۆنەکە. پاشان هەر ئەوپیاوە گەنجە کە کاغەزە مۆرکراوەکەی بەدەستەوە بوو هاتە پێشەوە. بێگومان ئەو چەندین شەووڕۆژ بەسواری ئەسپ ڕێگای بڕیبوو، شینایی بەرەچاوانیشی شایەتیی ئەوەیان دەدا.

ژان باتیست لە حاڵی بیرکردنەوەدا گوتی:

–گۆستاڤ فریدریک مۆرنێر لە هەنگی سوارەی ئووپلەندو زیندانیی من لە لووبێک! بە دیتنتان خۆشحاڵم، زۆر خۆشحاڵم.

کەوایە ئەمە هەرئەو مۆرنێرەیە کە ژان باتیست شەوێکی تەواو لەبارەی دواڕۆژی شیمالەوە قسەو وتووێژی دەگەڵ کردبوو. ئەو بەدەستێکی لەرزۆکەوە پاکەتەکەی بۆلای ژان باتیست درێژ کردو گوتی:

–پایەبەرز شازادەی جێنشین...

دڵم لەلێدان وەستا. ژان باتیست قۆڵی منی بەرەڵا کردو بەئارامی نامەکەی وەرگرت.

–پایەبەرز وەک خزمەتگوزاری خاوەن‌شکۆ شارڵی سێزدەیەمی سوێد، بە شانازی دەزانم عەرزت بکەم کە ئەنجومەنی نوێنەرانی سوێد بە تێکڕای دەنگەکان شازادەی پوونتە کوورووڤی وەک میراتگری تاجوتەختی سوێد هەڵبژاردوە. خاوەن‌شکۆی پادشایەتی شارڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێزدەیەم حەز دەکەن لە سوێد پێشوازی لە شازادەی پوونتە کوورووڤ بکەنو بەکوڕی خۆی قبووڵ بکەن.

گۆستاڤ فریدریک مۆرنێر کە هاوسەنگیی خۆی لەدەست دابوو گوتی:

-لەمن ببوورە چونکە چەند ڕۆژ بەدوای یەکدا لەسەر زینی ئەسپ بووم.

ئەو پیاوە پیرەی سنگی بە نیشانی جۆراوجۆر داپۆشرابوو، یارمەتیی دا تا دووبارە لەسەر پێ ڕاوەستێ. مۆرنێر سەرلەنوێ لەجێی خۆی ڕاوەستاو لێی زیاد کرد:

-دەتوانم ئەم بەڕێزانە بە شازادەی پوونتە کوورووڤ بناسێنم؟

ژان باتیست بە نیشانەی ڕەزامەندی سەری لەقاندو گوتی:

-پێش ئێستا دەگەڵ سەرهەنگ وێردو کۆنت بەراهە ئاشنا بووم.

-باڵیۆزی نائاسایی ئێمە لە پاریس فیلد مارشاڵ کۆنت هانس هێنریک فێن ئێسن.

پیاوە بەساڵداچووەکە بە ڕوخسارێکی تێکچووەوە پاژنەکانیی لێکداو ژان باتیست زیادی کرد:

-ئەتۆ فەرمانڕەوای سەربازیی پوومرانی بوویو لە بەرگری لە پوومرانیدا زۆرباش لە بەرامبەر هێرشەکانی مندا ڕاوەستای فیلد مارشاڵ.

-باڕوون فریزندوورف، ئاجودانی فیلد مارشاڵ کۆنت فێن ئێسن.

فریزندوورف لە حاڵێکدا بزەیەکی لەسەر لێوان بوو گوتی:

-یەکی دیکە لە زیندانییانی پایەبەرز لە لووبێک.

مۆرنێر، فریزندوورفو بەراهەی لاو بە چاوی هەژاوەوە دە ژان باتیستەوە ڕامابوون. گرێ کەوتبووە سەر برۆکانی وێردو ڕوخساری کۆنت فێن ئێسن تەواو بێحاڵ دیار بوو، بەڵام لێوە بەسەریەکداگیراوەکانی نیشانەی پێناخۆشبوونی بوون. ساڵۆن کەوتبووە بێدەنگییەکەوە کە دەنگی کەوتنەخواری دڵۆپە مۆمە تواوەوەکان دەبیسترا.

ژان باتیست هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو گوتی:

-ئەمن دەنگی ئەنجومەنی نوێنەرانی سوێد قبووڵ دەکەم.

لەم حاڵەدا چاوی دە فێن ئێسنەوە بڕیبوو، کاندیدای تێشکاوو خزمەتگوزاری پیری پادشایەکی پیری وەجاخکوێر.

-لە خاوەنشکۆ شارلی سێزدەیەمو خەڵکی سوێدیش بەهۆی دەربڕینی متمانەیانەوە سوپاسگوزارم و سوێند دەخۆم هەرچی لەتوانامدایە بەکاری بگرم تا شایانی ئەو متمانەیە بم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنت فێن ئێسن سەری نەوی کردو پاشان بەتەواوی چەمایەوەو لەو کاتەدا سوێدییەکانی دیکە دەگەڵ وی ڕێزیان دانا. لەم جەنگەیەدا ڕێکەوتێکی زۆرسەیر ڕووی دا؛ ئۆسکار کە تائەو لەحزەیە بەتەواوی ئارام بوو، لەنەکاو چووە پێشەوەو لەپەنا سوێدییەکان ڕاوەستاو پاشان ڕووی کردە ئێمەو دەستی کۆنت بەراهەی لاوی کە ڕەنگە دەساڵێک لەو گەورەتر بوو بەدەستەوە گرتو وەک سوێدییەکان لە بەرامبەر دایکو باوکیدا ئیکلامی کێشا.

ژان باتیست دەستی گرتمو گوتی:

–شازادە خانمو من سوپاسی ئێوە دەکەین کە ئەو پەیامەتان بۆ هێناین.

لەوە بەدوا ئیدی هەموو شتێک بەخێرایی ڕووی دا، ژان باتیست بانگی فێرناندی کردو داوای لێکرد ئەو شامپاینانە کە وەختی لەدایک بوونی ئۆسکار ئامادەمان کردبوون بێنێ. ئەمنیش لە هەوڵی دۆزینەوەی ماریدا بووم. هەموو ئەندامانی ماڵێ لە پەنا دەرگای سالۆنێ ڕاوەستابوون. خاتوو لافلووت جلێکی گرانقیمەتی شەوی دەبەردا بوو کە بێگومان پارەی ئەویش فووشێ دابووی. سەرەتا ئەو ڕێزی داناو دوای ویش نەدیمەی کتێبخوێنەوەی من. ئیبووت دەگریاو لەو نێوەدا تەنیا ماری بوو کە ئارام ڕاوەستابوو. ئەو هەروەک جاران چاکەتە ئاوریشمییەکەی لەسەر جلکە خەوە کۆنەکەیەوە دەبەردا بوو، چونکە خەریکی ڕێکوپێککردنی سەرو وەزعی ئۆسکار ببوو نەیتوانیبوو بەخۆیڕا بگا. بۆیە بە ڕوخسارێکی نیگەرانەوە لە سووچێک ڕاوەستابوو، دوو لێواری چاکەتەکەی بەدەستی دەکێشان. بەسپایی گوتم:

–ماری.. بیستووتە خەڵکی سوێد تاجی پادشایەتییان بەدیاری داوە بە ئێمە. ئەمە ئیدی وەک داستانی ژوولیو ژۆزێف نیەو زۆری جیاوازی هەیە. ماری... ئەمن دەترسم، ماری.

ماری بە دەنگێکی گیراوو حاڵەتێکی هێرشبەرانە گوتی:

–ئووژنی!

ئیستا ئیدی لەبیری چووبوو کە لێواری چاکەتەکەی توند ڕابگرێ، دڵۆپێک فرمێسک بەسەر گۆنایدا خزی. ماری. ماریی خۆشەویستو بەوەفای من بۆ ڕێزدانان بەرامبەر بەمن چەمایەوە.

ژان باتیست پاڵی وە پێشسۆبەکە دابوو ئەو نامەیەی موتاڵا دەکرد کە مۆرنێر هێنابووی. فیلد مارشاڵ فێن ئێسن بە حاڵەتێکی جیددی بۆلای چوو، و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-پایەبەرز. ئەمانە مەرجەکانی قبووڵکردنی عینوانی وەلیعادین.

-وا تێدەگەم ئەتۆش هەر سەعاتێک پێش هەڵبژێرانی من ئاگادار بووی چونکە ئەو ماوەیە هەمووی لە پاریس بووی فیلد مارشاڵ بەداخم کە...

فیلد مارشاڵ فێن ئێسن بە سەرسوڕماوی برۆی هەڵتەکاندنو پرسی:

- پایەبەرز لەچی بەداخن؟

-لەوە کە ئێوە دەرفەتتان نەبووە خوو بە هەلومەرجی تازەوە بگرن. بەڕاستی بەداخم. ئێوە بەوپەڕی ئازایەتیو وشیارییەوە بەرگریتان لە بنەماڵەی واسا کردو ئەوەش کارێکی سادە نەبوو کۆنت فێن ئێسن.

-هێندێجار زۆریش دژوار بوو، بۆ بەدبەختی لەو شەڕەدا کە دەگەڵ جەنابتم کرد شکام پایەبەرز!

-ئێمە بەکۆمەگی یەکتر سوپای سوێد دروست دەکەینەوە.

-پێشئەوەی سبەینێ پەیامو وەڵامی شازادەی پوونتە کووڕووڤ بنێرمەوە ستۆکهۆڵم دەبێ سەرنجتان بۆ یەکێک لە بەندەکانی ئەم بەیاننامەیە ڕابکێشم ئەویش مەسەلەی ناسیۆنالیتەیە. قبووڵکردنی جێنشینیی پادشای سوێد لەلایەن شازادەی پوونتە کووڕووڤەوە بەستراوەتەوە بە قبووڵکردنی ناسیۆنالیتەی سوێدی.

ژان باتیست زەردەیەکی هاتێو گوتی:

-ئێوە پێتان وابوو ئەمن وەک هاونیشتمانێکی فەڕانسەیی وەلیعادیی سوێد قبووڵ دەکەم؟

بزەیەکی پڕ لەگومان لەسەر ڕوخساری کۆنت فێن ئێسن دەرکەوت بەڵام ئەمن پێم وابوو لە مەبەستەکەی ژان باتیست باش حاڵی نەبووم.

-ئەمن سبەینێ داوا لە ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە دەکەم کە ئیزنی وەلانانی ناسیۆنالیتەی فەڕانسە بەمنو بنەماڵەکەم بدا... ئای فێرناند ئەدی شامپاینەکان لەکوێن!...

فێرناند بەسەرکەوتوویی بتڵە تۆزگرتووەکانی لەسەر مێزێکی چووکەڵە دانان. ئەمن ئەم بتڵانەم لە "سوو"ڕا بردبوونە شەقامی ڕووشێو لەوێڕا بردبوومنە شەقامی ئانژوو.
ژان باتیست چاوێکی لێکردنو گوتی:

-وەختێک ئەمانەم کڕین وەزیری بەرگری بووم. هەر لەوکاتەدا بوو کە ئۆسکار لەدایک بوو، بە هاوسەرمم گوت ئەم بتڵانە ڕۆژێک دەکەینەوە کە کوڕەکەمان دەچێتە سوپای فەڕانسەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەمکاتەدا فێرناند بە دەنگوهەراوە سەری یەکێک لە بتڵەکانی هەڵپچڕیو ئۆسکار هەروا کە دەستی کۆنت بەراهەی لەدەستدا بوو بە دەنگێکی منداڵانە گوتی:

–ئەمن دەمەوێ ببمە مۆسیقاژەن بەڕێز. بەڵام دایکم ئارەزوو دەکا وەک بابەگەورە کلاری ببمە بازرگانی هەریر.

تەنانەت مۆرنێری ماندووش بەم قسەیەی کەوتە پێکەنین. بەڵام گۆڕانێک لە ڕوخساری فیلد مارشاڵ فێن ئێسندا پەیدا نەبوو. فێرناند پەرداخەکانی پڕکردو کۆنت بەراهەی لاو گوتی:

–ئێستا واباشە پایەبەرز یەکەمین وشەی سوێدی فێر بن؛ وشەی "ئیسکال" کە بەمانای لەشساغی‌یە. ئەمن پەرداخەکە بە سەلامەتیی حەزرەتی پایەبەرز...

بەڵام کۆنتی لاو نەی‌توانی ڕستەکەی تەواو بکا، ژان باتیست قسەکەی پێبڕیو گوتی:

–بەڕێزان، تکا دەکەم جامەکانتان بە سەلامەتیی خاوەن‌شکۆ پادشای سوێد، باوکی گەورەی من بخۆنەوە.

هەمووان بەئارامی‌و بە ڕوخساری زۆر جیددی‌یەوە جامەکانی خۆیان چۆڕبڕ کردن. لەحاڵێکدا پەرداخم بەدەستەوە بوو هەستم دەکرد لەنێو نوێنی خۆمدا خەون دەبینم. لەنەکاو دەنگێکی وەک هاوار هەستا.

–بە سەلامەتیی پایەبەرز شازادە کارڵ یووهان!

–هان ئیسکال لوا!

ئەم وشەگەلە چمانایەکیان دەدا؟ داخوا زمانی سوێدی بوون؟ لەسەر مۆبلێکی چکۆلەی نزیک سۆبەکە دانیشتبووم ئەوان نیوەشەو لە خەویان هەستاندبووم تا خەبەرم پێبدەن پادشای سوێد دەیەوێ هاوسەرەکەم بە کوڕی خۆی قبووڵ بکاو بیکاتە وەلی‌عادی خۆی. ئەمن تائێستا پێم وابوو کە تەنیا منداڵان دەتوانی بکەیە منداڵی خۆت. سوێد؛ وڵاتێک لە قوتبی شیمال! ستۆکهۆڵم؛ شارێک بە ئاسمانێکی وەک مەلافەی سپی‌یەوە. سبەینێ پێرسۆن ئەم بابەتانە لە ڕۆژنامەکاندا دەخوێنێتەوە. بەڵام هەرگیز تێناگا کە شازادە خانمی پوونتە کووڕووڤو هاوسەری جێنشینی تازە کچەکەی کلاری‌یە...

لەم کاتەدا ئۆسکار بە سەرگۆنای وەک گوڵ سوورەوە هاتە لای من و گوتی:

–دایە، ئەم پیاوانە دەڵێن ئێستا ئیدی ئەمن ناوم دووک سوودر مانلەندە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به دیتنی ڕوخساری گوڵڕەنگی ئۆسکار ڕووم کردە ماری تا داوای لێبکەم کەمێک ئاوی زیادی دە پەرداخی ئۆسکار بکا. بەڵام ماری لە ژووری نەبوو. خاتوو لافلووت بەوپەڕی ڕێزەوە پەرداخی ئۆسکاری وەرگرت ئیدی ڕووم تێکردو گوتم:

–بۆچی دووک سوودر مانلەند ئازیزم؟

لێرەدا باروون فریزندوورفی لاو ڕوونی کردەوە:

لە سوێد هەمیشە برای شازادەی جێنشین کە عادەتەن برا چووکەیە وا ناو دەبرێ. بەڵام لێرەدا...

پیاوە لاوەکە چاوترووکانێک ڕاوەستاو ڕوخساری سوور هەڵگەڕا. بەڵام ژان باتیست زیادی کرد:

–بەڵام چونکە وەلیعاد بەنیاز نیە برایەکەی بەرێتە سوێد لە ئاکامدا کوڕەکەی دەبێتە خاوەنی ئەم عینوانە. برایەکەم لە پوو دەژیو هەرگیز بەنیاز نیم داوای لێبکەم دەست لە ماڵو هێلانەی خۆی هەڵبگرێ.

کۆنت بەراهە گوتی:

–ئەمن بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو پایەبەرز برایەکی هەبێ.

–ئەمن برایەکەمم هان دا دەرسی قانوون بخوێنێ تا وەک باوکی خوالێخۆشبووم تەواوی عومری بەناچاری نووسەری پارێزەرێک نەبێ. ئەو ئێستا پارێزەرە بەڕێزان.

لەم لەحزەیەدا ئۆسکار پرسی:

–دایە ئەتۆ سوێدت پێخۆشە؟

جارێکی دیکە بێدەنگی باڵی بەسەر وێدا کێشا چونکە هەموویان دەیانەویست وەڵامی من ببیسن. ئەوان چاوەڕێی بیستنی چوەڵامێکن. نا، ئێرە نیشتمانی منەو ئەمن هێشتا ژنێکی فەڕانسەییم... لەنەکاو وەبیرم هاتەوە کە ژان باتیست دەیەوێ ئێمە ناسیۆنالیتە بگۆڕین. ئەمن هاوسەری وەلیعادی وڵاتێکم کە هیچی لێنازانم، وڵاتێک کە جێی لەدایکبوونی زۆر خانەدانی ڕەسەنە. نەک وەکوو پیاوماقووڵە تازەبەسەرداکەوتووەکانی فەڕانسە. ئەمن دیتم کە وەختێک ئۆسکار باسی بابە گەورە هەریرفرۆشەکەی کرد چۆن بزە کەوتە سەر لێویانو لەو نێوەدا تەنیا کۆنت فێن ئێسن بە هەموو شتێک بێموبالات دیار بوو. ڕەنگە لەوە شەرمەزار بێ کە دەرباری سوێد... بەڵام جارێکی دیکە دەنگی ئۆسکار هەودای بیرەکانمی پساند کە پرسی:

–دایە پێم بڵێ بزانم ئەتۆ ئەوێت پێخۆشە یان نا؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەمن هێشتا سوێد ناناسم ئۆسکار. بەڵام زۆر حەز دەکەم لە نزیکەوە بیبینم.

کۆنت فێن ئێسن بە ڕاوێژێکی لەسەرەخۆ گوتی:

–خەڵکی سوێدیش ناتوانن لەوە زیاتر لە شازادە خانم چاوەڕوان بن.

شێوەی قسەکردنی پیرسۆنی وەبیر من دێنایەوەو چونکە دەمەویست نەختێک دۆستانەتر قسەیان دەگەڵ بکەم، گوتم:

–بە گەنجی کەسێکم دەناسی کە دانیشتووی ستۆکهۆڵم بوو؛ بازرگانێکی هەریر بەناوی پێرسۆن. فیلد مارشاڵ داخوا جەنابت کەسێکی وا دەناسی؟

ئەو زۆر وشکو لێبڕاوانە وەڵامی دایەوە:

–نا. بەداخم شازادە خانم.

–باروون فریزندوورف جەنابت چۆن؟

–نا پایەبەرز، زۆر بەداخم.

–لەوانەیە کۆنت بەراهە ئەو هەریرفرۆشە ستۆکهۆڵمی‌یە بناسێ!؟

–نا. پایەبەرز.

–باروون مۆرنێر چی؟

سەرەنجام مۆرنێر، یان هەر ئەو یەکەم دۆستە سوێدی‌یەی ژان باتیست فریام کەوت:

–لە سوێد پێرسۆن‌ناو زۆرن، پایەبەرز... ناوێکی زۆر باوو بەربڵاوە.

کەسێک مۆمەکانی کوژاندەوەو پەردەکانی لادان، خۆرەتاو هەڵکشیبوو، بریقەی جلەکانی مارشاڵیی ژان باتیست لە چاومی داو گوێم لە دەنگی بوو کە دەیگوت:

–ئەمن ناتوانم بەیان‌نامەی حیزبێک ئیمزا بکەم سەرهەنگ وێرد. تەنانەت ئەگەر ئەم حیزبە حیزبی یەکەتییش بێ.

مۆرنێریش کە لەپەنا وێرد ڕاوەستابوو گوتی:

–بەڵام پایەبەرز ئەتۆ لە لووبێک گوتت کە...

–بەڵێ ئەوە ڕاستە کە نۆڕوێژو سوێد لەباری جوگرافیایی‌یەوە هی یەکترن‌و ئێمە دەبێ لە ڕێی یەکبوونی ئەم دووانەدا تێبکۆشین. بەڵام ئەمە ئەرکی دەوڵەتی سوێدە نەک حیزبێک. جگە لەوە وەلی‌عادی وڵاتێک دەبێ لە شوێنێکی ئەولاتر لە پێوەندیی حیزبی بێ. شەوتان خۆش بەڕێزان یان باشترە بڵێم ڕۆژتان باش.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نازانم چۆن چووبوومە ژووری خەوەکەم؛ لەوانەشە ژان باتیست منی بردبێتە ئەوێ، یان ماری بە کۆمەگی فێرناند ئەوکارەی کردبێ. چاوم لێکنابوون بەڵام هەستم دەکرد ژان باتیست لە پەنا تەختەکەم ویستاوە. بۆیە گوتم:

–ئەتۆ نابێ دەگەڵ دۆستە تازەکانت وا بەتوندی بدوێی.

–هەوڵ بدە ناوی کارڵ یووهان دەرببڕی!

–بۆچی؟

–لەمەودوا من بەم ناوە بانگ دەکەن. کارڵ لە ناوی بەباوکراوەکەم پادشای سوێد وەرگیراوەو یووهانیش دەربڕینی سوێدیی ژانە. بە زمانی خۆمان دەبێتە "شارڵ ژان"...

هەستم دەکرد چێژ لە دووپاتەکردنەوەی ئەم ناوانە وەردەگرێ. کارڵ یووهان... کارڵی چاردەیەم یووهان. لەسەر پارەی سکەش کارلۆس یووهانس دەنەخشێو ناوی هاوسەری وەلیعادیش شازادە خانم دێزیدیریا دەبێ.

لەپڕ لە جێگا دەرپەڕیم؛ ئێوە ئیدی لە تامتان بردۆتە دەر. ئەمن نامەوێ کەس پێم بڵێ دێزیدیریا. لە هیچ هەلومەرجێکدا، تێگەیشتی؟

–ئەمە ویستی شاژنی سوێدە؛ ئەوەی بە دایکی تۆ دانراوە. ناوی دێزیرە بەباوەڕی وان زۆر فەڕانسەییە، جگەلەوەش لە گوێ خۆشترەو ئەتۆ دەبێ ئەوە قبووڵ بکەی.

جارێکی دیکە سەرم وەسەر بالیفەکە کردەوە.

–داخوا قبووڵتە کە مرۆڤ ناتوانێ بەجارێک کەسیەتیی خۆی لەبیر بکاو لەبیری بچێ کە کێ بووەو چی بووە؟و بەو هاسانییە بچێتە سوێد، خەریکی یاریی شاووەزیرێن بێ؟ ژان باتیست! بەڕاستی هەست بە بەدبەختی دەکەم.

بەڵام ئەو بێئەوەی گوێ بداتە ئەم قسانە هەروا خەریکی یاریکردن بە ناوە تازەکان بوو.

–شازادە خانم دێزیدیریا... لە زمانی لاتیندا دێزیدیریا بە مانای دڵخوازو ئامانجە. ئەم وشەیە بۆ شازادە خانمێک کە هەڵبژێراوی خەڵک بێ ناوێکی زۆر جوانە.

–نا. ژان باتیست. سوێدییەکان منیان هەڵنەبژاردوە. ئەوان پێویستییان بە پیاوێکی بەهێزە نەک بە ژنێکی بێهێز، نەک بە کچەهەریرفرۆشێک کە تەنیا بەڕێز پێرسۆن دەناسێ. دڵنیام ئەوان منیان ناوێ.

لەوکاتەدا ژان باتیست لەجێی خۆی هەستاو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەمن دەچم ئاوێکی سارد بە خۆمدا دەکەمو دوایە دەقی داخوازەکە بۆ ئیمپەڕاتۆر ئامادە دەکەم.

بەڵام ئەمن هیچ نەبزووتمو ئەو لێی زیاد کرد:

–دێزیرە! چاوم لێکە. ئەمن دەمەوێ داوا بکەم ئیزن بە خۆمو ژنو منداڵەکەم بدرێ لە ناسیۆنالیتەی فەڕانسە بچینە دەرێو ناسیۆنالیتەی سوێد وەربگرین. ئەتۆ بەو کارە ڕازی هەی یان نا؟

ئەمن دیسان وەڵامم نەدایەوەو تەنانەت چاویشم لێنەکرد.

–دێزیرە! ئەگەر ئەتۆ ڕازی نەبی ئەمن کاری وا ناکەم. گوێت لێمە؟

دیسان بێدەنگ بووم.

–دێزیرە! چما نازانی ئەم بابەتە گرنگە؟

لەم ساتەدا سەرم هەڵبڕیو چاوم لێکرد. دەتگوت یەکەمجارە گوێم لە دەنگی بووە. قژە تاریکو ئاڵۆزەکەی ڕژابوونە سەر نێوچاوانی. لووتی درێژو چاوە دەقووڵکەوتووەکانی هەروا بە دوای ڕاکێشانی متمانەی خەڵکی دیکەدا دەگەڕان. بیرم لە کتێبە بەرگچەرمەکان دەکردەوە کە کۆنەگرۆبان بە پەڕهەڵدانەوەیان خەریکی خۆفێرکردن بوو. فێربوونی قانوونو ڕێوشوێنی گومرگ کە ژیانێکی دووبارەی بە هانۆڤەر بەخشیبوو.

–ئەگەر ئەو تاجی خۆی لەنێو زەلکاودا ڕاو کرد تاجی تۆ دیاریی نەتەوەیەکە کە پادشایەک حکوومەتی بەسەرەوە دەکا. بەڵێ ژان باتیست ئەمن ئەو گرنگیە تێدەگەم.

–یانی ئەتۆو ئۆسکار دەگەڵم دێنە سوێد؟

–ئەگەر بەڕاستی منیان بوێ‌و...

سەرەنجام دەستیم گرتە نێو دەستم، هەستم دەکرد کە ئەو پێیخۆشە، زۆر زۆریش.

–ئەگەر ئەتۆش سوێندم بۆ بخۆی قەت بە دێزیدیریام بانگ نەکەی.

–سوێندت بۆ دخۆم ئازیزم.

–کەوایە ئیزن بدە شازادە خانمی وڵاتی سەهۆڵ بخەوێو ئەتۆش ئاوە ساردەکە بەخۆتدا بکە کارل یووهان.

–باشترە بە شارڵ ژانم بانگ بکەی چونکە دەمەوێ وردەوردە خوو بە ناوی کارڵ یووهانەوە بگرم.

–بەوجۆرەی دەتناسم، زۆر زوو خووی پێوە دەگری.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماوەیەکی زۆر لەخەودا بووم، بەڵام نەک خەوێکی ئارامو دوور لە نیگەرانی. کاتێکیش وەخەبەر هاتم، هەستم کرد ڕووداوێکی سامناک ڕووی داوە. سەعاتی سەر مێزەکە دووی نیشان دەدا بەڵام نەمدەزانی دووی پاش نیوەشەوە یان دووی پاشنیوەڕۆ. دەنگی ئۆسکارم لە باخچەی ماڵێوە بیستو بەدواشیدا دەنگی پیاوێکی نەناسراوم هاتە بەرگوێ. ڕووناکایی ڕۆژ بەزەحمەت لە کەلێنی پەردەکانەوە دەهاتە ژوورێ. بۆچی هێندە زۆر خەوتبووم؟ ترسێک قورسایی دەخستە سەر دڵم، داخوا شتێک ڕووی دابوو... چڕووداوێک؟

زەنگم لێدا. خاتوو لافلووتو نەدیمەی کتێبخوێنەوەم هەر دووک هاتنە ژوورێو ئیکلامیان کێشا.

-پایەبەرز ئەمرێکیان هەبوو؟

ئێستا هەموو شتێکم وەبیر هاتەوە.

بریا نووستبامو هیچ تێنەگەیشتبام. نە شتێکم زانیباو نە بیرم لە هیچ کردبایەوە، هەر نووستبام. خاتوو لافلووت گوتی:

-شاژنی ئیسپانیاو شاژنی هولەند داوای دیدار لەگەڵ پایەبەرزیان هەبوو.

-هاوسەرەکەم لە کوێیە؟

- پایەبەرز لەگەڵ پیاوە سوێدییەکان لە ژووری کارەکەی خەریکی وتووێژن.

-ئۆسکار لە نێو باغی دەگەڵ کێ یاری دەکا.

دووک دەگەڵ کۆنت بەراهە خەریکی یارین.

-کۆنت بەراهە؟

-هەر ئەو کۆنتە لاوە سوێدییەکە.

لەوەختی ئەم وەڵامەدا بزەیەکی پڕمانا لە ڕوخساری خاتوو لافلووتدا دەرکەوتو نەدیمەی کتێبخوێنەوە زیادی کرد:

-ئۆسکار شووشەیەکی ژووری نانخواردنی شکاند.

خاتوو لافلووت دەسبەجێ لێی زیاد کرد:

-شووشەشکان فەڕی باشە.

-ئەمن زۆرم برسیە.

نەدیمەی کتێبخوێنەوە پاش ئیکلامکێشانی دووبارە ژوورەکەی بەجێ هێشتو خاتوو لافلووت پرسی:

-چوەڵامێکی شاژنی ئیسپانیاو شاژنی هولەند بدەمەوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–سەرم دێشێو زۆرم برسیەو لە خوشکم بەولاوە نامەوێ کەس ببینم. بە شاژنی هولەند بڵێن... بۆخۆتان شتێک بڵێنو ئێستا دەمەوێ تەنیا بم.

ئەم دوولاهاتنەوەو ڕاستبوونەوەیە گەیاندبوومیە سنووری شێتبوون. بە هەر شێوەیەک بێ دەبێ نەیەڵم ئەوکارە بکەن. پاش نانخواردن کە نازانم ناوی بنێم چی، قاوڵتی یان نیوڕۆژ، لەجێی خۆم هەستام. ئیبووت هاتە ژوورێو ئێستا نۆرەی وی بوو کە ئیکلام بکێشێ. داوام لێکرد بچێتە دەرێو دوایە سادەترین جلم کردە بەر لەپێش مێزی خۆڕازاندنەوەم دانیشتم. لەدڵی خۆمدا بیرم دەکردەوە ئەمن کێم؟ دێزیدیریا شازادە خانمی سوێد، کچە هەریرفرۆشی خەڵکی مارسەی یان هاوسەری ژەنراڵێکی پێشووی فەڕانسە؟ بەڵام سەیر ئەوە بوو هەرچی دڵم دەیەویست لەنەکاو هەمووی ببووە بەشێک لە ڕابردوو،و پێوەندیی بەئێستاوە نەبوو. ئەوە ڕوخساری ژنێکی سیسالە بوو لە ئاوێنەدا دەمدیت؟

ڕوخسارم خڕو پێستەکەی کێشراو بوو. دەکرا بڵێی قەڵەو بووم. ئیدی کرێمێک کە هێلکەی دەگەڵ بێ ناخۆم. گنجی چووکەڵە لە دەوری چاوانم پەیدا ببوون کە هیوادارم گنجولۆنجی ڕوخساری بەپێکەنینم بن. دەمم کردەوەو هەوڵم دا پێبکەنم گنجەکان قووڵتر بوون. دێزیدیریا. جارێکی دیکە پێکەنینەکەم دووپاتە کردەوە دێزیدیریا. چەند ناوێکی ناحەز؟ ئەمن هیچ کاتێک خەسووی ڕاستەقینەمم نەدیوە، بەڵام دەڵێن گیروگرفتی بووکو خەسوو چارەسەری نیە. داخوا ئەوەی بۆتە دایکی مێرد لە خەسووی ڕاستەقینە باشتر دەبێ؟ ئەمن تەنانەت ناوی ئەو دایکەی مێردەکەشم نازانم. بەڕاست بۆچی سوێدییەکان ژان باتیستیان بۆ وەلیعادی خۆیان هەڵبژاردوە... پەنجەرەکانم کردنەوە تەماشایەکی باخچەم کردو گوێم لە دەنگی ئۆسکار بوو کە دەیگوت:

کۆنت! ئەتۆ تۆپەکەت ڕاست هاویشتە نێو سوورەگوڵەکانی دایکم.

–نا، ئەتۆ شازادە دەبێ بیگریەوە... ئامادەی!

بەراهەی لاو دوای ئەم هاوارە تۆپەکەی بۆ ئۆسکار هاویشت.

ئۆسکار خۆی بۆ تۆپەکە هاویشتو بە هەرجۆر بوو گرتیەوەو هاواری کرد:

–ئەتۆ پێت وایە ئەمنیش وەک بابم دەتوانم لە شەڕەکاندا سەرکەوتوو بم؟

بەراهە فەرمانی دا:

–تۆپەکە بهاوێ بەڵام ڕاستەوخۆ سێرە بگرە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆسکار تۆپەکەی هاویشت بەجۆرێک کە لە سنگی بەراهە درا. بەراهە گرتیەوەو لەحاڵێکدا دووبارە بۆ ئۆسکاری داویشتەوە گوتی:

-شازادە ڕاستەوڕاستی باوێ.

تۆپ ڕاست کەوتە نێو بڕکە سوورەگوڵەکانو گوڵە پاییزیە گەورەگەورەو جوانەکانی هەڵوەراند. ئەمن ئۆگری یەکیەکی گوڵەکان بووم و هەموویانم خۆش دەویستن.

ئۆسکار لەحاڵێکدا بە نیگەرانیەوە سەری بۆلای پەنجەرەی ژوورەکەی من وەردەگێڕا گوتی:

-ئەگەر دایکم پێبزانێ زۆر تووڕە دەبێ.

ڕاست لەوەختەشدا منی لە چوارچێوەی پەنجەرەدا بینیو گوتی:

-دایە، هەستای؟

کۆنت بەراهەی لاو داهاتەوەو ئیکلامی کێشا.

-دەمەویست هێندێ قسەت لەگەڵ بکەم بەراهە، دەرفەتت هەیە؟

-یەکێک لە شووشەکانی ژووری نانخواردنمان شکاند.

لەحاڵێکدا پێدەکەنیم وەڵامم دایەوە:

-هیوادارم دەوڵەتی سوێد خەرجی چاککردنەوەی وەئەستۆ بگرێ.

کۆنت بەراهە پاژنەکانی لێکدانو وەڵامی دایەوە:

-بەداخەوە دەبێ ڕابگەیەنم دەوڵەتی سوێد بەکردەوە نابووت بووە.

بەخۆم نەبوو گوتم:

-پێم وابوو... رادەوەستن ئەمنیش بێمە باخچەی.

لەنێوان کۆنتی لاوو ئۆسکاردا، لەسەر نیوتەختێکی چووکەڵەو سپی کە لەپێش دارەکان بوو دانیشتم. هەتاوی نەرمی سێپتامبر لێیدەداو هەر لەو دەمەشدا هەستم کرد وەزعم باشترە. ئۆسکار بە ڕاوێژێکی تکاکارانە پرسی:

-دایە، دوایە ناتوانی قسە لەگەڵ کۆنت بکەی. یارییەکەمان خۆشو سەرگەرمکەر بوو.

-نا. دەمەوێ باش گوێ بۆ قسەکانم ڕاگری.

لە ماڵێ دەنگی وتووێژی چەند پیاوان دەهاتە بەر گوێو لەونێوەدا دەنگی ژان باتیست زۆر جیددیترو بەرزتر بوو. کۆنت بەراهە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–فیلد مارشاڵ کۆنت فێن فێرسێنو ئەندامانی دیکەی باڵیۆزخانە ئەمڕۆ دەگەڕێنەوە سوێد تا وەڵامی پایەبەرز بگەیەنن. مۆرنێر لێرە دەمێنێ، چونکە پایەبەرز ئەوی وەک ئاجودانی تایبەتیی خۆی دیاری کردوە. دیارە ئێمە تەتەرێکی تایبەتمان ناردە ستۆکهۆڵم.

لەحاڵێکدا بەنائومێدی هەوڵم دەدا ڕێگایەک بۆ دەستپێکردنی وتوویژ بدۆزمەوە، سەرم ڕاوەشاندو چونکە بیانوویەکم بۆ داگیرساندنی قسەکان نەدیتەوە بێپێشەکی گوتم:

–کۆنتی خۆشەویست، تکایە ڕاستوێژانە بەمن بڵێ دەلیلی هەڵبژاردنی هاوسەری من چبووە؟

–خاوەنشکۆی پادشایەتی شارڵی سێزدەیەم منداڵیان نیەو چەندینساڵە ئێمە تاریفی تواناو بەتەگبیریو بەڕێوەبەریی پایەبەرز دەکەین...

قسەکەیم پێبڕی.

–بیستوومە یەکێک لە پادشایانی ئێوە لە پادشایەتی خراوە چونکە خەڵک پێیان وابووە ئەو شێتە. داخوا ئەم قسەیە ڕاستە؟

کۆنت بەراهە کە دە گەڵایەکی زەردو وشکەوە ڕامابوو گوتی:

–ئێمە پێمان وایە.

–بۆچی؟

–باوکی وی شا گۆستافی سێیەم هێندێ بیرو بۆچوونی سەیری هەبوون. ئەو دەیەویست سوێدێ بکاتە دەسەڵاتێکی گەورەو هێرش بکاتە سەر ڕووسیەو نەجیبزادو ئەفسەرەکان دژی ئەوە بوون. ئەویش بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە بڕیاردان لەسەر شەڕو ئاشتی لە دەسەڵاتی تایبەتیی شادایە ڕووی کردە چینی خوارەوەی کۆمەڵو...

–کامە چین؟

کاسبکاران، کرێکارانو جووتیارانو بە کورتی عەوام.

–دوای ئەوە چڕووی دا؟

–باشە ئەنجومەنی نوێنەران کە ئەندامەکانی هەڵبژێردراوی چینەکانی سێیەمو چوارەم بوون بە قازانجی وی دەنگیان داو پادشا دەگەڵ ڕووسیە کەوتە کێشەوە. هەر لەوکاتەشدا سوێد زۆر قەرزدار بوو،و توانای تەواوی بۆ دانی خەرجی شەڕ نەبوو. بەمجۆرە بژاردەو پیاوماقووڵەکان ناچار بوون دەست تێوەربدەن.

کۆنت بەراهە بە حاڵەتی هەژاوییەوە درێژەی پێدا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–پاشان ڕووداوێکی پێشبینی‌نەکراو هاتە پێش. لە بالماسکەیەکدا چەند پیاوێک بە دەمامکی ڕەشەوە پادشایان دەنێو خۆیان گرتو گوللەیەکی پێوە نرا. بەو تەقەیە ئەو بەتوندی بریندار بوو،و لەپێکەوتو فیلد مارشاڵ فێن ئێسن...

لەمکاتەدا کۆنت ئاماژەی بۆلای ئەو دەنگانە کرد کە لەماڵێڕا دەهاتن‌و لەسەری ڕۆیشت:

–بەڵێ، ئێسنی وەفادار ئەوی دەباوەش گرت. پاش مردنی وی براکەی واتە پادشای ئێستا بوو بە جێگری پادشایەتی. گۆستاڤی چوارەم کاتێک گەیشتە تەمەنی قانوونی لەسەر تەخت دانیشت. بەڵام بەداخەوە زۆر زوو دەرکەوت کە شێتە...

–ئەمە هەرئەو پادشایە بوو کە پێی‌وابوو خوا ئەمری پێکردوە ئیمپەڕاتۆریی فەڕانسە بڕووخێنێ؟

کۆنت بەراهە بە سەرلەقاندن پشتی قسەکەمی گرتو جارێکی دیکە دە گەڵایەکەوە ڕاما. لەمکاتەدا ئۆسکار پرسی:

–ئەو بۆچی تۆڵەی لە بکوژەکانی باوکی نەستاندەوە؟

–تەنانەت پیاوێکی شێتیش ئەو ڕاستی‌یە دەزانێ کە لە هەلومەرجی نەخوازراودا نابێ بیر لە تۆڵەکردنەوە لە نزیکان‌و هاوچینەکانی خۆی بکاتەوە. چینی پیاوماقووڵان بەناچاری پشتیوانی لێکتر دەکەن.

–تکایە درێژەی ئەو داستانە سامناکەم بۆ باس بکە، کۆنت بەراهە.

ئەو بەجۆرێک تەماشای کردم کە هەروابزانە گاڵتەی دەگەڵ دەکەم.

–داستانی سامناک؟

بەڵام لە ڕوخساری مندا شوێنەوارێک لە پێکەنین نەبوو. ئەو دەمەساتێک دوودڵ ما.

–تکایە پاشماوەکەی بگێڕەوە.

–گۆستاڤی چوارەم دەقەکانی کتێبی پیرۆزی جۆرێک لێکدەدایەوە کە دەتگوت لەودا داوای لێکراوە فەڕانسەی شۆڕشگێڕ لەنێو بەرێ. هەربۆیەش ڕووی کردە دوژمنانی فەڕانسەو دەگەڵیان بووە هاوپەیمان. کاتێکیش تزار پەیمانی ئاشتیی دەگەڵ ئیمپەڕاتۆر ناپلیۆن بەست، ئەو هێرشی کردە سەر ڕووسیە. ئێمە بەگژ گەورەترین‌و بەدەسەڵاتترین وڵاتی قاڕڕەدا چووبووین‌و ئاکامی بێئەملاوئەولاشی لەنێوچوونی ئێمە بوو. فیلد مارشاڵ فێن ئێسن پوومرانیی لە شەڕ لەگەڵ هاوسەری تۆدا لەدەست دا. ببوورە لە شەڕ لەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پایەبـەرز وەلیعـاد کـارڵ یووهـانو ڕووسـەکانیش فێنلانـدیان لێئەسـتاندین، فێنلانـدی خۆمان...

ئەو کەمێک ڕاوەستاو لێیزیاد کرد:

– ئەگەر شازادەی پوونتە کووڕووڤیش ئەوکاتەی دەگەڵ هێزەکانی لـە دانمـارک بـوو، لە دەرووی سەهۆڵبەستووی ئۆرسووند تێپەڕیبایە ئیدی ئەمڕۆ سوێدێک لەئارادا نـەبوو. خانم... شازادە خانم، وڵاتەکەمان ڕابردوویەکی کۆنی هەیە. بۆخۆشمان لـە شـەڕی یـەک لەدوای یەک ماندووین... ئێمە دەمانەوێ وڵاتەکەمان نەجات بدەینو بیپارێزین.

ئەو لێوی بەددانی گەزتبوو. کۆنت بەراهەی لاوو جوانچاکو پیاوێـک لـە خانـەدانێکی کۆنی سوێدی.

–ئـاوا بـوو کـە ئەفسـەرانی ئێمـە هاتنـە سـەر ئـەو ڕایـە کـە ئـەم قومـارە سیاسـیيە گەوجانەیـە تـەواو کـەن. سـاڵی ڕابـردوو ڕۆژی سـێزدەی مـارس گۆسـتاڤی چوارەمیـان لـە کۆشکی پادشایەتیی ستۆکهۆڵمدا زیندانی کرد. پاشان نوێنەرانی ئەنجومەن خـڕ بوونـەوەو لە تەختی پادشایەتیيان هێنایە خوارو پادشایەتیيان دا بە مامی کە پێشتر جێگری پادشا بوو،و بە باوکی پایەبەرز دانراوە.

–ئەو ئێستا لەکوێیە... ئەو گۆستاڤە شێتە؟

–پێم وایە لە سویسە.

–ئەو کوڕێکیشی هەیە، وا نیە؟

–بـەڵێ گۆسـتاڤێکی دیکـە بـەڵام ئەنجومـەنی نوێنـەران ئەویشـی لـە هـەموو هـەقێک لەبارەی تاجوتەختی سوێدەوە بێبەش کردوە.

–تەمەنی چەند ساڵە؟

–ئەویش هاوتەمەنی ئۆسکارە.

کۆنت بەراهە هەستایە سەر پێ ئەو چەند گـەڵا وشکەی لـە زەوی هەڵگرتنـەوە لـەنێو قامکانیدا گوشینیو وردی کردن.

–دانیشەو پێم بڵێ ئەوان چەدەلیلێکیان بۆ دژایەتی دەگەڵ گۆستاڤی لاو هەبوو.

–هیچ دەلیلێک. بـەڵام هـیچ دەلیلێکیشـیان بـۆ خۆشویسـتنو متمانـەپێکردنی نـەبوو. خەڵک نیگەران بوون کە جارێکی دیکە خوێنی خانـەدانی واسـا بـەرۆکیان بگـرێ. پایەبـەرز ئـەم بنەماڵەیـە زۆر لەمێژینەیـەو ژنو ژنخـوازیی زۆری بنەماڵـەیی گیروگرفتـی میراتیـی جیددیی بۆ وان دروست کردوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنەماڵەی واسا بۆ خەڵکی سوید زۆر کۆنن. ئەوان دەیانەویست سوید بگێڕنەوە مەزنایەتیی لەمێژینەی خۆی، تەنانەت ئەگەر بەقیمەتی لەنێوچوونی خەڵکەکەشی بێ. سەرەنجام ئەوان ڕوویان کردە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ. بۆیە بژاردەکانی چینی نەجیبزادە دەمامکی ڕەشیان لە ڕوخساریان داو بالماسکەیەکیان وەڕێ خستو...

–ئەدی پادشای ئێستا قەتی منداڵ نەبووە؟

–شارلی سێزدەیەمو شاژنە هێدویژ ئەلیزابێت شالیووت کوڕێکیان هەبوو. بەڵام ئەو کوڕە چەندینساڵ پێش ئێستا مردوە. کاتێک خاوەنشکۆ بوو بەپادشا ناچار بوو جێنشینێک بۆخۆی هەڵبژێرێو ئەویش شازادە ئاگۆستێنبێرگ ژنبرای پادشای دانمارکی دیاری کرد. شازادە هەر لەوکاتەدا فەرمانڕەوای نۆرویژیش بوو، و نۆرویژییەکانیش زۆریان خۆش دەویستو هیوادار بوون کاتێک ئەو بوو بەپادشا مەسەلەی یەکیەتیی سویدو نۆرویژ بۆ هەتاهەتایە چارەسەر بێ. کەچی کاتێک شازادە ئاگۆستینبێرگ مانگی مای ڕابردوو لە ڕووداوێکدا گیانی لەدەست دا، جارێکی دیکە نوێنەرانی ئەنجومەن بۆ ئەوکارە بانگ کرانو پایەبەرز بۆخۆی لە ئاکامی هەڵبژاردنی وان ئاگادارە.

–ئاکامەکە بەڵێ، بەڵام چۆنیەتیی ئەو هەڵبژاردنە نا، تکایە ئەوم بۆ باس بکە.

– پایەبەرز دەزانن کە شازادە، مەبەستم حەزرەتی وەلیعادە، لە لووبێک ژمارەیەک لە ئەفسەرانی سوێدیی بەدیل گرتن.

–بەڵێ دەزانم کە دووکەسیان هەرئێستا لەلای ژان باتیستن. ئەم بارۆن مۆرنێرە قژئاڵۆزە... کە نازانم ئەمڕۆ توانی بچێتە حەمام یان نا؟و بارۆن فری...

–بەڵێ مۆرنێرو بارۆن فریزندوورف.

–لە لووبێک شازادەی پوونتە کووڕووڤ ئەو ئەفسەرە لاوانەی بۆ نانی شەو بانگهێشتن کردو لەحاڵێکدا نەخشەیەکی بەدەستەوە بوو، وەک کارناسێکی سەربازی لەبارەی دواڕۆژی شیمالەوە قسەی بۆ کردن. ئەفسەرانی ئێمە هاتنەوە سویدو لەوکاتەوە ئەو قسەیە جێی خۆی گرت کە بۆ نەجاتو مانەوەی سوید پێویستیمان بە پیاوێکی وەک شازادە هەیە. ئەمە تەواوی ئەو شتەیە کە دەتوانم عەرزی پایەبەرزی بکەم.

–ئەتۆ دەڵێی پاش مردنی ئاگۆستێنبێرگ ئەنجومەنی نوێنەران کۆ بۆوە. لەمبارەیەوە کۆمەڵەی نەجیبزادەکان نەزەری چبوو؟

–ئەم چینە هەرگیز حازر نین ببینن کە دەسەڵاتی کۆمەڵ دراوەتە دەستی چینەکانی خوارەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان کۆنت بەراهە تەماشای چاوەکانمی کردو گوتی:

-زۆربەی لاوە نەجیبزادەکان ئەفسەرن. ئێمە بەگیانەوە هەوڵمان دا بەرگری لە فێنلاندو بوومرانی بکەین بەڵام بەرهەمێکمان دەست نەکەوت. ئێمە ڕێزمان بۆ بۆچوونەکانی شازادەی پوونتە کوورووڤ دادەناو باوەڕمان پێیان هەبوو. بۆیە هەوڵمان دا سەرنجی بنەماڵەکانو باوکانی خۆمان بۆلای ئەو نەخشەیە ڕاکێشین. پاش ئەو ڕووداوە هەمووان قبووڵیان کرد کە ئەگەر ئێمە پیاوێکی بەتواناو لێوەشاوە بە فەرمانڕەوا هەڵنەبژێرین، بێگومان لەنێوچوونی سوێد بەچاوی خۆمان دەبینین.

-پاش ڕوودانی کوشتنەکە؟ چما کوشتنێکی دیکەش هەبوو؟

-ڕەنگە شازادە خانم خەبەری نەبێ کە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی شازادە ئاگۆستێنبێرگدا، مارشاڵ کۆنت ئەکسێل فێن فێرسێنیش لە شەقامێکی نزیک کۆشکی پادشایەتی کوژرا.

-فێرسێن؟ ئەم کۆنت فێرسێنە کێ بوو؟

کۆنت بەراهە لەحاڵێکدا بزەیەکی لەسەر لێوان بوو وەڵامی دایەوە:

-ماشووقی شاژنی پێشوو ماری ئانتوانت. ئەو پیاوە کە هەوڵی دا شاژنی بەستەزمانو لوویی شازدەیەم لە فەڕانسە دەربکا. بەڵام هەموو هاوڕێکانی ئەویان لە وارن گرتن. ئەوەش بڵێم کە کۆنت فێن فێرسێن هەتا مرد ئەنگوستیلەی شاژنە ئانتوانتی لەقامکدا بوو. داستانێکی خەمبزوێنە...

-هەموو ئەو داستانانەی ئەتۆ بۆمیان دەگێڕیەوە خەمبزوێنن. هەتا پتر باسی ستۆکهۆڵمم بۆ دەکەی ئەم شارە لەپێش چاوم خەمبزوێنتر دەنوێنێ. پێم سەیرە ماری ئانتوانت ماشووقی سوێدیی هەبووە. بەڕاستی دنیا زۆر چووکەڵەیە. بەڵام بەڕاست هۆی کوشتنی کۆنت فێن فێرسێن چبوو؟

-ئەو بە یەکێک لە دوژمنانی نەریتیو دەمارگرژی فەڕانسە دادەنراو لەبەر ئەوەی ئاگۆستێنبێرگ پێش لەنێوچوونی تەواوی سوێدو نابووتبوونی دەیەویست بەهەر نرخێکی گونجاو پەیمانی ئاشتی دەگەڵ فەڕانسە ببەستێ، ئەو دەنگۆیە بڵاو بۆوە کە کۆنت فێن فێرسێن وەلیعادی دەرمانداو کردوە. هەرچەند ئەم دەنگۆیە نەیدەتوانی ڕاست بێ، چونکە وەلیعاد لەکاتی بەسەرکردنەوەدا لە ئەسپ بەربۆوە، بەڵام خەڵکی عەوام کە دەیانزانی فێرسێن دژی وتوویژی ئاشتییە، ڕێیان پێگرتو بەردبارانیان کرد، ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە کۆنت دەچووە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ئاگۆستێنبێرگی بەدبەخت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-داخوا ئەو نیگابانێکی نەبوو؟

-سەربازان لە هەردوو بەری شەقام بەڕیز وەستابوون. بەڵام هەرگیز لەجێی خۆیان نەبزووتن. تەنانەت دەگوترا کە پادشاش لەو هێرشە ئاگادار بووە، بەڵام کارێکی بۆ پێشپێگرتنی نەکردوە. چونکە فێرسێن لەڕاستیدا دوژمنی سیاسەتی بێلایەنیی ئێمە بوو. دوای کوژرانی فێرسێن فەرمانڕەوای ستۆکهۆڵم ڕایگەیاند کە ئیدی ناتوانێ نەزمو قانوون لەم شارەدا جێگیر بکاو هەربۆیە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانیش لەجیاتی ستۆکهۆڵم لە ئووربوو پێکهات.

ئۆسکار بە نووکی چەکمەکانی لەسەر خیزەکە، قەڵشتو قووڵکەی دروست دەکردن‌و بەوجۆرە خۆی دەخافلاند، چونکە وتوویژی ئیمە بۆ وی جاڕزکەر بوو،و بەناچار سەرنجی وی ڕانەدەکێشا. ئەمنیش لەو بارەیەوە خۆشحاڵ بووم کە ئەو داستانی کوژرانی پیاوێک لەپێش چاوی سەربازانی سوێدیی کە تەماشاچیی ئەو دیمەنە بوون نەدەبیست.

-دوای کوژرانی فێرسێن چینی نەجیبزادەکان قبووڵی کرد کە ئەفسەرە لاوەکان لەسەر هەق بوون کە داوای شازادەی پوونتە کووڕووڤیان کردوە. پادشای پیریش...

دەیەویست بڵێ... ڕەنگە ویستبێتی بڵێ کە ئەو بۆخۆشی بە پیاوکوژ دەژمێردرا بەڵام هیچی نەگوتو ئەمن پرسیم:

-ئەدی چینی سێیەمو چوارەم چییان کردو چییان گوت؟

-شەڕە بەدئاکامەکانمان خەزێنەی وڵاتیان بەتاڵ کردبوو. ڕزگاربوونمان لەو تەنگژە ئابووریە تەنیا لەڕێگای کڕین‌وفرۆشتن دەگەڵ ئینگلیستانەوە ڕێی تێدەچوو. بەڵام پیاوێکی بەتواناو هەر لەوکاتەدا خاوەنی پێوەندییەکی دۆستانەو نزیک دەگەڵ ناپلیۆن دەیتوانی سوێد لە پەیوەستبوون بە ڕێکخراوی قاڕەیی قەدەغەی کڕین‌وفرۆش دەگەڵ ئینگلیستان ڕزگار بکا. چینەکانی سێیەمو چوارەمیش لەو ڕاستییە ئاگادارن. لەلایەکی دیکەوە دەربارێکی بێتواناو نابووت ناتوانێ بکەوێتە بەر دڵی ئەو گرووپانە. دوور نیە بنەماڵەی واسا وای لێبێ نەتوانێ مووچەی باغەوانەکانی کۆشکی خۆشی بدا. بۆیە کاتێک بە خەڵکە عەوامەکە گوترا شازادەی پوونتە کووڕووڤ پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندە، ئەوانیش دەنگیان پێ دا.

-دایە! باوکم بەڕاست ئەوەندە دەوڵەمەندە کە بتوانێ مووچەی هەموو باغەوانە سوێدییەکان بدا؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–زۆرتـر خـەڵک وا دەزانـن کـە پیـاوانی خۆپێگـەیێن دەوڵەمەنـدن. خـەڵکی سـوێدو پیاوماقووڵانی ئەو وڵاتەش دوچاری ئەو گومانە بوون.

لـەدوای ئـەو وەڵامـەی بـە ئۆسکارم دایـەوە، لەنـەکاو کەوتمـەوە یـادی چەندینسـاڵ پێشترو قسەیەک کە ژان باتیست لە یەکەم دیدارمانو لەو شەوە بارانیـیەدا بـەمنی گوت. "لەمێژساڵە کە بەشێک لـە مووچەکـەمم پاشـەکەوت کـردوەو ئێسـتا دەتـوانم خانوویـەکی چووکەڵـەی بۆتـۆو منداڵەکـەمان پێبکـڕم". بـەڵێ ئـەو شـەوەو کاتێـک بـە کالیسـکە بـە شـەقامەکانی پـاریسدا دەگـوزەراین ئـەو وای دەگـوت. خانوویـەکی چووکەڵـە بـۆ مـنو منداڵەکەمان بەڵام نەک کۆشکێکی پادشـایەتی لەسوێد کـە لـەوێ پیاومـاقووڵان دەمـامکی ڕەش لەسەر دەکەن تا پادشاکەیان بکوژن، نەک کۆشکێک کـە لـە بەرامبـەریدا ژەنڕاڵێـک لـەپێش چـاوی سـەربازانی پادشـا بـەردباران بکـەن، نـەک کۆشـکێکی وا ژان باتیسـت... ڕوخسارمم بەدەستم داپۆشیبوو هەتا فرمێسکەکانم بشارمەوە.

–دایە... دایکی خۆشەویستم؟!

ئۆسکار دەگەڵ گوتنی ئەم وشانە دەستی دەستۆی کـردم بـەڵام ئـەمن هـەروا دەگریـامو کۆنت بەراهەش دە ڕوخساری نیگەرانی منەوە ڕامابوو. داخوا ئەو پیاوە گەنجە دەیتـوانی هۆی گریانی من بزانێ.

پایەبەرز! ڕەنگە دروست نەبووبێ ئەمن ئەم قسانە لەگەڵ جەنابت بێنمە گۆڕێ. بـەڵام پێم وایە ئاگاداربوونتان باشتر بوو.

–زۆر باشـە بـزانم، پیاومـاقووڵان، ئەفسـەران، چینـی سـێیەمو چـوارەم هـەموویان هاوسەرەکەمیان هەڵبژارد بەڵام خاوەنشکۆ پادشا چی؟

–پادشاش واسایەکە شازادە خانم. پیاوێکی دەوروبەری شەستساڵ بە نەخۆشـیگەلی زۆرو توانای زۆر بەرتەسکەوە. ئەو تا دواسات زۆری بەرەنگاری کردو یـەک لـەدوای یـەک کوڕە مامەکانی کە لە ئەڵمانی شیمالی بوونو هـەروەها شـازادە دانمارکیـیەکانی بـۆ ئـەو مەبەستە پێشنیار کرد. بەڵام سەرەنجام ناچار بوو تەسلیم بێ.

–بەڵێ سەرەنجام ئەو تەسلیم بوو،و ژان باتیستی بە کـوڕی خـۆی قبـووڵ کـرد بـەڵام بیستوومە شاژنەکەتان لە پادشا گەنجترە. وانیە؟

–خـانمی خاوەنشـکۆ دەوری پەنجاسـاڵ تەمەنیـەتیو بـە ژنێکـی زۆر بـەتواناو وشـیار دەژمێردرێ.

لەبن لێوانەوە گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەی کە دەتوانیٚ چەندی ڕق لەمن بیٚ.

–بەڵام خانمی خاوەنشکۆ بە بوونی دووک سوودر مانلەند زۆر خۆشحاڵە.

لەمکاتەشدا مۆرنیٚر لە باڵەخانەکە هاتە دەر. ئەو نە وەک ڕۆژی پیٚشوو شپریٚو، بەڵکوو خاویٚنو ڕازاوە بوو. ڕوخساری خڕو کوڕانەی دەدرەوشاو یۆنیفۆڕمی سەربازیی دەبەردا بوو. ئۆسکار بەدیتنی وی غاری دایە لایو گوتی:

–دەمەویٚ نیشانی سەر دوگمەکانت ببینم.

لەحاڵیٚکیشدا یەکیٚک لە دوگمەکانی لەنیٚو قامکان گرتبوو گوتی:

–بڕوانە دایە! سیٚتاجی چکۆڵەو شیٚریٚک کە تاجی لەسەرە. چەند نیشانیٚکی جوانە!

ڕوانینی پڕئەندیٚشەی مۆرنیٚر لەنیٚوان منو بەراهەدا سەرگەردان بوو؛ لەنیٚوان ڕوخساری گریاناویی منو سیمای خەفەتاویی کۆنتی لاودا. بەراهە پاش وەستانیٚکی کورت گوتی:

شازادە خانم دەیەویست لە میٚژوولکەی هاوچەرخی خانەدانی پادشایەتیی ئیٚمە ئاگادار بیٚ.

مۆرنیٚر بە سەسوڕمانەوە برۆی هەڵتەکاندنو ئۆسکار بە هەژاوی پرسیاری کرد:

–ئیٚستا ئیٚمەش ئەندامی بنەماڵەی واساین؟ ئەگەر پادشا باوکم بە کوڕی خۆی قبووڵ بکا هەموومان دەبینە ئەندامی بنەماڵەی واسا، وا نیە؟

خۆم خڕ کردەوەو گوتم:

–قسەی بیٚتام مەکە ئۆسکار، هەر ئەوە بە کە هەی؛ بیٚرنادۆت.

بە ڕاپەڕیٚکی پڕدەنگ لە جیٚی خۆم هەستامو لەحاڵیٚکدا ڕووم دە مۆرنیٚر بوو پرسیم:

–باروون مۆرنیٚر، ئەتۆ دەتەویست شتیٚک بەمن بڵیٚی؟

–جەنابی وەلیعاد دەیەویست بچیە دەفتەری کارەکەی.

ژووری کاری ژان باتیست دیمەنیٚکی سەیری پەیدا کردبوو. لە تەنیشت میٚزەکەی هەمیشە کۆمەڵیٚک بەڵگەنامە لەسەر یەک کەڵەکە دەبوون، ئاویٚنەی گەورەو باڵانویٚنی ژووری خۆڕازاندنەوەی منی لیٚبوو، ژان باتیستیش خەریکی تاقیکردنەوەی دەستیٚک یۆنیفۆڕمی تازە بوو. سیٚ خەیات بە دەمی پڕ لە سنجاخەوە چۆکیان لە پیٚشی دادابوو. سویٚدییەکانیش بەوردی تەماشای کاری وانیان دەکرد. چاویٚکم لە چاکەتە تازە شینەکەی کرد. تەنیا یەک شریتی زیٚڕین لە یەخەی دریٚژی چاکەتەکەی دوورابوو،و شویٚنەواریٚک لە



کتیٚبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زێڕدۆزی‌یەکانی جلوبەرگی مارشاڵی بەرچاو نەدەکەوت. ژان باتیست کە بە حاڵـەتێکی زۆر جیددی‌یەوە لە ئاوێنەدا تەماشای خۆی دەکرد گوتی:

–تەنگـە، بنهـەنگڵی لای ڕاسـتی تەنگـە. هـەر سـێ‌خەیات هێرشـیان بـردە سـەر ئـەو شوێنەی چاکەتەکەو لە چاوترووکانێک‌دا هەڵیان وەشاندو دووبارە سنجاخیان لێ‌دایـەوە. ئەمجار ژان باتیست گوتی:

–کۆنت فێن ئێسن! کەموکوڕی‌یەک لەم یۆنیفۆرمەدا دەبینی؟

دەگەڵ ئەم قسەیە هەموو سوێدی‌یەکان دەورەیان گرتو کەوتنە چاولێکردنی جلەکانی. ئێسن سەری ڕاوەشاند بەڵام فریزندوورف دەستی بە سەرشانو بنباخەڵی‌دا هێناو گوتی:

–حەزرەتی شازادە بمبوورە.

سەرەنجام ئەو گوتی بـن یەخەکـەی تۆزێـک ڕاکشـاوە. بـەم قسـەیە هـەر سێ خـەیات چوونە لای ژان باتیست بەڵام نەیان‌توانی ئـەو عەیبـە وەبیـنن کـە فریزنـدوورف مەبەسـتی بوو. سەرەنجام فێرناند دوانەزەری داو گوتی:

–جەنابی مارشاڵ، یۆنیفۆڕمەکەت هیچ عەیبێکی نیە.

–کۆنت فێن ئێسنی خۆشەویست، تکایە قایش‌شمشێرەکەت!

ژان باتیست بێ‌ڕاوەستان دەستی درێژ کردو قایش‌شمشێری زەردو شینی کۆنتی کـە بـە حاڵەتێکی جیددی لەپێشی ڕاوەستابوو لە پشتێندی دەرکێشاو گوتی:

–ئەتۆ ناچاری بێ قایش‌شمشێر بچیەوە سوێد چونکە ئـەمن بـۆ ڕێوڕەسمی سبەینێ پێویستمەو نـاش‌توانم لـە پـاریس ئـی وا پەیـدا بکـەم. هەرکە گەیشـتیە ستۆکهۆڵـم سێ قایش‌شمشێری مارشاڵیی سوێدیم بۆ بنێرە.

تازە لەم وەختەدا بوو کە ژان باتیست پێی زانی ئەمن لەوێم.

–ئەرێ ئەم یۆنیفۆڕمە سوێدی‌یەم لێ‌دەکاڵێتەوە یان نا؟

بە سەرلەقاندن وەڵامی ئەرێنیم دایەوەو ئەو زیادی کرد:

–ئێمـە سبەینێ سـەعات یـازدەی بـەیانی دەچینـە دیـداری ئیمپـەڕاتۆر. ئـەمن داوای چاوپێکەوتنم کردوەو ئەتۆش دەبێ دەگـەڵم بێـی. ئـای ئێسـن، ئـەرێ قایش‌شـمشێر دەبـێ لەژێر قایش‌پشتێن بێ یان لەسەری؟

لەسەر قایش‌پشتێن شازادە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–زۆر باشــه، کەوایــه پێویســت نیــه قایشپشتێنەکەشــت لێوەخــوازم. دەتــوانم قایشپشتێنی مارشاڵی ببەستم، هیچکـەس پێـی نـازانێ. دێزیـره بەڕاست ئـەم یۆنیفۆڕمـه ئەندازەی منه یان نا؟

هەر لەوکاتەدا خـاتوو لافلـووت خەبـەری هـاتنی ژوولیـی دامـێو ئـەمن ئەوکاتـەی لـه پلیکانەکان دەچوومه خوارێ گوێم له ژان باتیست بوو که دەیگوت:

–شمشێرێکی سوێدیی تایبەتیی ڕێوڕەسمه ڕەسمییەکانیشم پێویسته.

ژوولی لەو چاکەته مەخمەره سوورەدا زۆر چووکەڵـەو ناسک دیـار بـوو،و لـه پـەنا پەنجەرەکه ڕاوەستابوو به خەمناکی تەماشای باغەکەی دەکرد.

–ژوولی داوای لێبووردن دەکەم که چاوەڕوانم کردی.

ژوولــی بەبیســتنی دەنگــی مــن ڕاچڵــەکیو ملــه ناسـکەکەی وەرسـووڕاندو بـه چـاوی داپچڕاوەوه جۆرێک تەماشای کردم دەتگوت قـەت پێشـتر منـی نـەدیوه. پاشـان بەڕەسمی ڕێزدانانی دەربڕی له بەرامبەرمدا چەمایەیەوه.

–گاڵتەم پێمەکه ژوولی، بۆخۆم به ئەندازەی پێویست گرفتاریو بەدبەختیم هەن.

–ئەمن بەنیاز نیم گاڵته لەگەڵ شازاده خانم بکەم.

–هەسته، زووتر هەستەو پتر لەوه ئازارم مەده. له کەنگێوه وای لێهـاتوه شـاژن لـه بەرامبەر خێزانی وەلیعاددا سەری ڕێز دانوێنێ؟

ژوولی پشتی هەڵێنایەوەو وەڵامی دایەوه:

–ئەگەر ئەو شاژنه، شاژنێکی بێتاجوتەخت بێ کـه لـەڕۆژی یەکەمـەوه پـەیڕەوەکانی دژی ئەوو پادشا ڕاپەڕیبن دەبێ بەرامبەر بـه هاوسـەری وەلیعادێک کـه بـەتێکڕای دەنگـی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێراوه، ئیکلام بکێشێ. ئازیزم لەناخی دڵو به هەموو گیانمەوه پیرۆزباییت لێدەکەم.

–ئـەتۆ لـه کـەنگێوه خەبـەری ئـەم ڕووداوەت بیسـتوه؟ ئێمـه خۆمـان دوێشـەوێ بـۆ یەکەمجار ئاگادار بووین.

ئەمجار لەپەنا وی لەسەر مۆبلێکی چکۆڵه دانیشتم.

–لـەکوێم بیست؟ هـەموو پـاریس لـەم ڕووداوه ئاگـادارنو لـه هـەموو جێیـەک باسـی دەکـرێ. ئێمـه هـەمووومان بـەهۆی ئیمپـەڕاتۆرەوه لـه وڵاتـانی داگیرکـراو لەسـەر تـەخت دانـراوینو لەڕاستیدا دەسـتنێژو نوێنـەرانی ئـەوین. لـه حـاڵێکـدا لەسـوێد ئەنجومـەنی نوێنەران بێرنادۆتی هەڵبژاردوه. دێزیره... ناتوانم باوەڕ بکەم. بەڕاست ئـەمڕۆ نیوڕۆیـه



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە تویلری بووم، ئیمپەڕاتۆر ماوەیەک لەوبارەیەوە قسەی کردو سەری هاویشتە سەر سەری من.

-سەر سەری تۆ؟

-ئەو دەیەویست بەمن بسەلمێنێ کە ژان باتیست داوای وەلاتانی ناسیۆنالیتەی فەڕانسەی کردوەو دەیەوێ لە سوپای فەڕانسەش بڕواو ببێتە سوێدی. ئێمەش بەو قسەیە پێکەنیین.

ئەمن بە سەرسوڕماوی تەماشام کردو گوتم:

-پێکەنین؟ ئەم قسانە کوێیان بۆ پێکەنین دەبێ؟ بەڕاستی تێناگەم...

-دێزیرە ئەمە ڕاست نیە، ها؟

بەڵام ئەمن هیچ وەڵامێکم نەدایەوەو ئەو زیادی کرد:

-ئێمە هیچکاممان تەنانەت فکریشمان لەشتی وا نەکردۆتەوە. ژۆزێف پادشای ئیسپانیایە بەڵام هێشتا فەڕانسەییە. لوویی پادشای هولەندە بەڵام کەس ناوێرێ پێیبڵێ هولەندی، ژێرۆمو ئەلیزاو...

-ئەم مەسەلەیە دەگەڵ داستانی ئێوە لێک جیایە. ئەتۆ بۆخۆت گوتت کە فەرقێکی زۆر لە بەینی ئێمەو ئێوەو ئەوانی دیکەدا هەیە.

-بڵێ بزانم بەڕاستی ئێوە نیازتان وایە لە سوێد بمێننەوە؟

-ژان باتیست کە مسۆگەرە، ئی منیش بە هەلومەرج بەستراوەتەوە.

- بە چهەلومەرجێکەوە؟

-دیارە دەچمە سوێد. ئەوان دەیانەوێ ناوەکەم بکەمە دێزیدیریا کە لە زمانی لاتیندا بە مانای "دڵخواز"ەو ئەمن لە حاڵەتێکدا لە ستۆکهۆڵم دەمێنمەوە کە دڵنیا بم دڵخوازی وانم.

-ئەم قسانە چین دێزیرە؟ بەبێشک ئەتۆ دڵخوازی وانی.

-بەڵام ئەمن دڵنیا نیم. بنەماڵە جێگەورەو لەمێژینەکانی سوێد... و خەسووی تازەی من...

-قسەی بێتام مەکە. خەسوو بۆیە ڕقی لە بووکێ دەبێتەوە کە پێی وایە کوڕەکەی لێ ئەستاندوە.

بێگومان ئەو لەو لەحزەیەدا بیری لە خاتوو لیزی دەکردەوەو پاشان بۆ ئارامکردنەوەی زیاتری من گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خۆ ژان باتیست کوڕی ڕاستەقینەی شاژنی سوێد نیە. پاشانیش ئەتۆ پێرسۆنت لە ستۆکهۆڵم هەیە. ئەو بێگومان چاکەی بابمو ئەتینی لەبیر نەچۆتەوە. تەنیا کار کە ئەتۆ دەبێ بیکەی ئەوەیە کە ئەو بێنیە نێو چینی پیاوماقووڵان بەوجۆرە دۆستێکی باشی دەرباریت دەبێ.

هەناسەیەکم هەڵکێشا چونکە پێم وابوو هەرنەبێ ژوولی دەتوانێ ڕاستییەکانی دەوروبەرو بارودۆخی من وەک هەیە تێبگا. بەناچار گوتم:

–ئەتۆ هەموو شتێک جۆرێکی دیکە دەبینی ژوولی!

بەڵام ئەو دەسبەجێ فکری بۆ تویلری چوو،و لێی زیاد کرد:

–ڕێکەوتێکی باوەڕپێنەکراو ڕووی داوە؛ ئیمپەڕاتریس دووگیانە. بۆچوونی تۆ لەوبارەیەوە چیە؟ ئیمپەڕاتۆر لەخۆشییان وەختە باڵ بگرێو بەنیازە بەرناوی پادشای ڕۆم بدا بە کوڕەکەی. دیارە ئەو دڵنیایە کە منداڵەکەی کوڕ دەبێ.

–ئیمپەڕاتریس لە کەنگێوە دووگیان بووە؟ ئەویش هەر لە دوێنێوە؟

–نا! لە سێ مانگ پێش ئێستاوەو...

لە دەرگا دراو خاتوو لافلووت وەژوور کەوتو گوتی:

–پیاوە سوێدییەکان کە بەنیازن ئەمشەو بڕۆنەوە ستۆکهۆڵم، دەیانەوێ ئیزن لە پایەبەرز بخوازن.

–ڕێنوێنییان بکە بۆ ئێرە.

پێم وانیە هیچکام لەو سوێدییانە لە روخساری مندا ڕادەی ترسم لە دواڕۆژ بخوێننەوە. دەستم بۆ لای مارشاڵ کۆنت فێن ئێسێن، وەفادارترین یاری خانەدانی واسا درێژ کردو ئەو گوتی:

–بەئاواتی ئەو ڕۆژە کە پایەبەرز لە ستۆکهۆڵم ببینم.

کاتێک ژوولیم بەڕێ دەکرد، لە سالۆنی هاتنەژووردا بە باوەڕنەکردنەوە، بەراهەی لاوم دیتو پرسیم:

–ئەتۆ دەگەڵ بەڕێز فیلد مارشاڵ کۆنت فێن ئێسێن ناچیەوە ستۆکهۆڵم تا کاردروستایی بۆهاتنی هاوسەرم بۆ سوێد بکەی؟

–ئەمن داوام کرد ئێستا وەک ئاجودانی جەنابت خزمەت بکەمو داخوازەکەشم قبووڵ کرا خانمی شازادەو ئێستا لەخزمەت جەنابتدام.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم لاوە باڵابەرزو کزەڵانە نۆزدەساڵەیە بە دوو چاوی ڕەشو سەرنجڕاکێشو قژی ئاڵۆزی وەک قژی ئۆسکاری منەوە؛ کۆنت مەگنووس بەراهە، سەر بە یەکێک لە کۆنترینو سەرفیرازترین خانەدانەکانی سوێدەو ئێستا ئاجودانی تایبەتیی کیژۆڵە کلاریی پێشوو کچی هەریرفرۆشێکی خەڵکی مارسەیە.

–دەمەوێ تکا لە پایەبەرز بکەم شانازیی ئەوەم پێبدا تا ستۆکهۆڵم لەخزمەتیدا بم.

بێگومان لە دڵی خۆشی دا بیری دەکردەوە کە جا با بەبوونی کۆنت بەراهەی لاو پیاو هەبێ پڕی چاوان تەماشای هاوسەری وەلیعادمان بکاو بەختی شوومی خۆی تاقی بکاتەوە، با ئەوغیرەتە وەبەر خۆی بنێ...

لە حاڵێکدا بزەم دەهاتێ گوتم:

–سوپاست دەکەم کۆنت بەراهە. بەڵام ئەمن هەرگیز ئاجودانم نەبووەو نازانم چۆن ئەفسەرێکی لاوو لێوەشاوەی وەک تۆ سەرگەرم بکەم.

– خانمی شازادە زۆر زوو چارەی ئەوکارە دەدۆزنەوەو تائەوکاتیش ئەمن دەتوانم دەگەڵ ئۆسکار، داوای لێبووردن دەکەم دەگەڵ دووک سوودر مانلەند تۆپانێ بکەم.

–بەمەرجێک ئیدی شووشەپەنجەرەکان نەشکێنن.

بۆ یەکەمجار نیگەرانیو ترسێکی گەورە کە هەموو گیانمی داگرتبوو دامرکاو ڕەنگە هەموو شتێکیش بەوجۆرە کە بیرم لێدەکردەوە سامناک نەبووبێ.

***

ئێمە بۆ سەعات یازدەی بەیانی بانگ کرابووینە لای ئیمپەڕاتۆر.

پێنج دەقیقە پێش سەعات یازدە ئێمە لە ژووری چاوەڕوانی بووین، ژوورێک کە ناپلیۆن سیاسەتمەداران، ژەنڕاڵەکان، شازادەکانو وەزیرەکانی چەندین سەعات لەوی چاوەڕوان دەهێشتەوە. بە چوونەژووری ئێمە بێدەنگییەکی لەنەکاو سێبەری بەسەر وێدا کێشا. هەموو دە یۆنیفۆڕمە سوێدییەکەی ژان باتیستەوە ڕامابوونو ڕێگایان بۆ ئێمە کردەوە. ژان باتیست داوای لە ئاجودانێکی ئیمپەڕاتۆر کرد هاتنی شازادەی پوونتە کووڕووڤ مارشاڵی فەڕانسەو ژنومنداڵەکەی بە ئاگاداریی ئیمپەڕاتۆر بگەیەنێ.

وا دەهاتە بەرچاو کە بەتاقی تەنیا کەوتووینە دوڕگەیەکی دوورکەوتوو. هیچ کەس نەیدەویست ئاشنایەتیمان نیشان بداو کەس پیرۆزبایی لێنەدەکردین. ئۆسکار خۆی بەمنەوە چەسپاندبوو بە قامکە چووکەڵەکانی داوێنمی لە چنگیدا دەگوشی. هەموو ئەوانەی لەوێ بوون دەیانزانی چی ڕووی داوە. میللەتێکی بێگانە بە ویستو بڕیاری خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تـــاجی پادشـــایەتیی وڵاتەکـــەیان پێشکێشـــی ژان باتیســـت کردبـــوو. هەربۆیـــەش داوای دەستلەکارکێشـــانەوەی ژان باتیســـت لـــە ســـوپای فەڕانســـەو هـــەروەها دەرچـــوون لـــە هاونیشتمانەتیی ئەم وڵاتە لەسەر مێزی ئیمپەڕاتۆر بـوو. ژان باتیست بێرنـادۆت ئیـدی نەیدەویست لەمـەودوا هاونیشـتمانێکی فەڕانسە بێ. ئـەوان لەبنـەوە چاویـان لـە ئێمـە دەکردو وا دیار بوو مایەی ڕەنجو ئازاری وانـم. هـەموو ئەنـدامانی دەربـار دەیـانزانی کـە دیـدارێکی نـاخۆش چـاوەڕێی ئێمەیـە. یـەکێک لـەو ڕقـە تۆفانییانـەی ئیمپـەڕاتۆر کـە دیوارەکانی کۆشکی دەلەرزانـدەوە. لەبـەر خۆمـەوە بیـرم دەکردەوە کە نـاپلیۆن هەمیشە خەڵکی چەند سەعات لە چاوەڕوانیدا ڕادەگرێو بەسیلەی چاو سەیری ژان باتیستم دەکرد. ئـــەویش دەیڕوانیـــە یـــەکدوو نیگابـــانی پـــەنا دەرگـــای ئیمپـــەڕاتۆرو وا دە کـــڵاوە کەوڵەورچەکەیانـەوە ڕامـابوو کـە دەتگـوت پێشـتر هـەرگیز نـەیدیونو جـارێکی دیکـەش نایانبینێو ئەمە یەکەمینو دوامین چاولێکردنیەتی. زەنگی سەعات، یـازدە جـاری لـێ داو سکرتێری تایبەتیی ئیمپەڕاتۆر، بەڕێز مێنوال لە شیپانەی دەرگادا دەرکەوتو گوتی:

–خاوەنشکۆ شازادەی پوونتە کووڕووڤو بنەماڵەکەی لەلای خۆی وەردەگرێ.

ژووری کـاری ئیمپـەڕاتۆر ڕاست دیـوار بـەدیواری ژووری چـاوەڕوانی بـوو. لەوپـەڕی ژوورەکە مێزێکی گـەورەی کـار دەبینـرا. لەبـەر ئـەوەی ژوورەکـە زۆر درێـژ بـوو عادەتـەن ئیمپەڕاتۆر بۆ بەخێرهێنانی دۆستانی تانیوەی ژوورەکـە بەپیلیانـەوە دەچـوو. بـەڵام ئێمـە ناچار بـووین هـەموو ژوورەکـە ببـڕین. نـاپلیۆن وەک پەیکـەرێکی بێجووڵـە لەپشت مێز دانیشتبوو بە کەمێک چەمانـەوە بەپێشـەوەدا چـاوەڕێی ئێمـە بـوو. دەنگـی مامزەکـانی ژان باتیست کە لەدوای منو ئۆسکارەوە دەڕۆیشت دەبیسترا. کاتێک توانیم بەڕوونی ڕوخساری ببینم تێگەیشتم کە دەمامکی تزاری لێداوەو تەنیا چاوەکانی شـین دەچـوون. لەپشـتەوەی وی کۆنت تـالیران دووکی بنەڤێنو وەزیری کاروباری دەرەوە دووک کادوور ڕاوەسـتابوونو لە پشتەوەی ئێمەش مێنوال بە سەری پەنجەو بە بێدەنگ دەهاتە پێشەوە.

سەرەنجام ئێمە هەرسێکمان لەحاڵێکدا ئۆسکار لـەنێوان هـەردووکماندا ڕاوەسـتابوو کەوتینـە پـێش مێـزە گەورەکـە. ئـەمن بـۆ ئیکلامکێشـان لەبەرامبـەریدا چەمامـەوە، بـەڵام ئیمپـەڕاتۆر چـووکترین سـەرنجی نـەدامێو چـاوی دە ژان باتیسـتەوە بڕیبـوو. بڵێسـەی دوژمنایـــەتی لـــەچاوانیدا دەدرەوشـــا. لەنـــەکاو لـــە جێگاکـــەی دەرپـــەڕیو بەتونـــدی کورسییەکەی کشاندەوەو لەپشت مێزەکە هاتەدەرو نەڕاندی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–مارشاڵ چۆن وێرات به یۆنیفۆڕمێکی واوه بێیه حوزووری ئیمپەڕاتۆرو فەرماندەری بەرزی خۆت؟

–ئەمه یۆنیفۆڕمی مارشاڵیی سوێده قوربان.

ژان باتیست ئەم وەڵامەی زۆر ئارامو بەجێ دایەوە.

–ئەتۆش دەوێری به یۆنیفۆڕمی سوێدی‌یەوه بێیه لای من؟ ئەتۆ... ئەتۆ... مارشاڵێکی فەڕانسه؟

هاوارەکانی ناپلیۆن جۆرێک بوون که پارچەیەک له گێچبڕی‌یەکانی سەر دیوار بەربۆوه سەر زەوی‌و ئەو هەروا درێژەی به ڕەفتاری شێتانەی خۆی دەدا.

–ئەمن پێم وابوو خاوەن‌شکۆ ئەوەنده بایەخ به چەندوچۆنی یۆنیفۆڕمی مارشاڵەکانی نادا. ئەمن زۆرجار مارشاڵ مۆرا پادشای ناپلم به یۆنیفۆڕمی سەیرسەیرەوه له دەربار دیوه.

گوللەی ژان باتیست له نیشانەی دابوو. مارشال مۆرا بەو ڕوخساری منداڵانەیەوە، جاری وایه پەڕی وشترمرغ له کڵاوه سێ سووچەکەی خۆی دەدا،جارێک یۆنیفۆڕمەکەی به مرواری دەڕازێنێتەوەو جاریش هەیە شاڵواری زێڕدۆزی‌کراوی ئەسپ‌سواری دەپێ دەکا. ئەم مێردەی خوشکی ناپلیۆن زۆر حەز له جلوبەرگی فانتێزی دەکاو زۆر وەختان دەبێته هۆی پێکەنین‌وڕابواردنی ئیمپەڕاتۆر.

–خاوەن شکۆ مێردی خوشکی من یۆنیفۆڕمی جۆراوجۆر بۆخۆی ساز دەکاو ئەوەندەی بیزانم ئەو جلکانه بەرهەمی زەوقی خۆنی. لەم لەحزەیەدا بزەیەکی کەمڕەنگ له ڕوخساری‌دا دەرکەوتو دەسبەجێ ون بۆوه.

–بەڵام ئەتۆ ورەت وەبەر خۆت هێناوه که به یۆنیفۆڕمی سوێدی‌یەوه بێیه کنه من، کن ئیمپەڕاتۆرەکەت.

ناپلیۆن هەناسەیەکی درێژی هەڵکیشاو بەتووڕەیی لاقی به زەوی‌دا دا. ئۆسکاریش هەولی دەدا خۆی لەبن داوێنی من‌دا بشارێتەوە.

–وەڵام بدەوه مارشاڵ!

–ئەمن پێم وابوو بۆ ئەم دیداره یۆنیفۆڕمی سوێدی شیاوترەو هەرگیز مەبەستم نەبوو دڵی خاوەن‌شکۆ بڕەنجێنم. جگه لەوه ئەم جلکه تاڕادەیەک بەرهەمی سەلیقەی خۆمەو ئەگەر خاوەن‌شکۆ حەز بکەن دەتوانن بی‌بینن.

لەم کاتەدا ژان باتیست قایش شمشێرەکەی لەسەر قایش‌پشتێنەکەی لاداو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خاوەنشکۆ ئەمن هێشتا قایشپشتێنی مارشاڵیی جارانمم لەپشتییە.

–شازادە دەست لەو شانۆسازی‌یانە هەڵگرە!

دەنگی ئیمپەڕاتۆر تەوساوی بوو،و زۆر خێراخێراشی قسە دەکرد. بەڵام هەرچی بوو پێشپەردەکەی بۆ ترساندنی ئێمە تەواو ببوو. بەڕاستی ئەکتەرێکی بەتوانا بوو. هەستم دەکرد ماندوو بووم. بەڵام بێگومان ئەو ئیزنی دانیشتنی پێ نەدەداین‌و نیازێکی وای نەبوو. ئەو بۆخۆی لەپشت میزەکە ڕاوەستابوو چاوی لەسەر داخوازەکەی ژان باتیست کە لەسەر مێزەکە بوو هەڵنەدەگرت.

–شازادە ئەتۆ داخوازێکی شیاوی لێوردبوونەوەت کردوە. ئەتۆ بە ئاماژە بەوەی پادشای سوێد تۆی کردۆتە کوڕی خۆی داوای وەلاتانی ناسیۆنالیتەی فەڕانسەت کردوە. ئەم داخوازەی تۆ بۆ من تازەیەو ئەگەر مرۆڤ بیر لە ڕابردوو بکاتەوە ناتوانێ تێیبگا. بەڵام بێگومان ئەتۆ وات بیر نەکردۆتەوە بەڕێز مارشاڵ.

ژان باتیست لێوەکانی بەسەر یەکدا گرت.

–بەڕاستی ڕابردووت وەبیر نایەتەوە؟ بۆ نموونە ئەوکاتەی وەک سەربازێکی سادە خەریکی بەرگری لە سنوورەکانی فەڕانسە بووی؟ یان ئەو شەڕانە کە لەواندا هەر ئەو سەربازە سادەیە وەک گرۆبان، سوتوان، سەرهەنگ‌و سەرەنجام ژەنراڵی سوپای فەڕانسە شەڕی دەکرد؟ یان ئەو ڕۆژە کە ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە عینوانی مارشاڵی فەڕانسەی بەتۆ بەخشی؟

ژان باتیست هێشتا هەر بێدەنگ بوو.

–چما هەر لەو نزیکانەدا نەبوو کە بێ ئاگاداریی منیش بەرگری لە سەرزەمینی خۆتت وەئەستۆ گرت؟

لەم کاتەدا یەکێک لەو بزە کۆنانە لەسەر ڕوخساری ناپلیۆن دەرکەوت.

–بەجۆرێکی دیکە بڵێین ئەتۆ بێئاگاداریی من بوویە ڕزگارکەری فەڕانسە. ئەمن جارێک بەتۆم گوتوە، هەرچەند ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕیوەو لەوانەیە لەبیرت چووبێ. ئەمن بەتۆم گوتوە کە ناتوانم چاو لە خزمەتەکانی پیاوێکی وەک تۆ بپۆشم. ڕەنگە ئێستا ئەو ڕۆژەت وەبیر بێتەوە؟ ڕۆژانێک کە ئەگەر دەوڵەت فەرمانی دابایە ئەتۆو مۆرۆ منتان گوللەباران دەکرد، بەڵام دەوڵەت فەرمانی وای نەدا. بێرنادۆت! دووپاتەی دەکەمەوە ناتوانم بێڵم ئەتۆ بڕۆی.

ئەو لەپشت مێزەکە ڕاوەستاو داخوازەکەی نایە لاوە. دوایە هەڵیگرتەوەو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڵام چون میللەتی سوێد تۆی هەڵبژاردوە...

ئەو شانی هەڵتەکاندو لەسەرەخۆ پێکەنی...

–هەڵیبژاردووی تا میراتگری تاجوتەختی وان بی، وەک ئیمپەڕاتۆرو فەرماندەری بەرزی فەڕانسە ئیزنت پێدەدەم قبووڵی بکەی‌و ئەمە تەواوی ئەو کارەیە کە دەتوانم بیکەم.

ژان باتیست بە ئارامی وەڵامی دایەوە:

–کەوابێ دەبێ خەبەر بە خاوەنشکۆ پادشای سوێد بدەم کە ناتوانم پێشنیارەکەیان قبووڵ بکەم. خەڵکی سوێد جوەلی‌عادێکی سوێدی‌یان دەوێ خاوەنشکۆ.

ناپلیۆن جارێکی دیکە دەرپەڕی. قسەی بێتام مەکە بێرنادۆت. براکانم ببینە، ژۆزێف، لوویی، ژێرۆم. هیچکام لەوانە ناسیۆنالیتەی فەڕانسەیی خۆیان لەدەست داوە؟ یان بەکوڕکراوەکەم ئووژەن لە ئیتالیا.

ژان باتیست وەڵامێکی نەدایەوە. ناپلیۆن جارێکی دیکە لەپەنا مێزەکەی خۆی دەستی بە پیاسە کردو دوایە لە درێژایی ژوورەکەدا وەڕێ کەوتو سەروخوار چوو. چاوم بە تالیران کەوت. کۆنەکەشیش ماندوو لەوەی هێندە بەپێوە بوەستێ خۆی هاویشتبووە سەر وەکازەکەی، چونکە نەی‌دەتوانی ماوەیەکی زۆر لەسەرپێ ڕاوەستێ.. وەک ئەوەی چاو لەمن داگرێ، داخوا چفکرێکی بە مێشکدا دەهات. ئایا دەیەویست بڵێ ژان باتیست سەر دەکەوێ؟ بەڵام شتی وا دوور لەگومان دیار بوو.

لەنەکاو ئیمپەڕاتۆر لەپێش من ڕاوەستاو بە ئارامی گوتی:

–شازادە خانم! پێم وانیە ئەتۆ خەبەرت هەبێ کە ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتیی سوێد تووشی شێتی بوون. پادشای ئێستا تەنانەت ناتوانێ ڕستەیەکی دروستو بەماناش بڵێ‌و برازاکەشی لەبەر شێتبوون لە پادشایەتی وەلا نراوە.

لەحاڵێکدا دەستی لە نێوچاوانی دەدا دووپاتەی کردەوە؛ بەتەواوی خەراپ، خەراپ.

–شازادە خانم بڵێ بزانم هاوسەرەکەی تۆش ئەقڵی لەدەست داوە؟ یانی ئەوەندە شێت بوو کە حازرە ناسیۆنالیتەی فەڕانسەیی بۆ تاجوتەختی سوێد لەدەست بدا؟

لەم کاتەدا ژان باتیست بە ڕاوێژێکی دڵگەز گوتی:

–دەبێ لە جەنابت داوا بکەم کە بەحوزووری من سووکایەتی بە خاوەنشکۆ شارڵی سێزدەیەم نەکەی.

–تالیران! ئەرێ واساکان شێتن یان نا؟

–خاوەنشکۆ ئەوان بنەماڵەیەکی زۆر دێریننو هەمیشە بنەماڵە کۆنەکان تووشی ئەو جۆرە گیروگرفتانە دەبنو لەسەریەک ساغ نامێنن.

–ئەدی ئەتۆ شازادە خانم لەوبارەیەوە دەڵێی چی؟ بێرنادۆت بۆتۆو منداڵەکەشت داوای دانەوەی ناسیۆنالیتەی کردوە.

–ئەم تەشریفاتە پێویستییەکە خاوەنشکۆو بێئەو تەشریفاتە ئێمە ناتوانین تاجوتەختی سوێد قبووڵ بکەین.

ئەوەی دەمگوت بۆخۆشم دەمبیست. داخوا وەڵامێکی دروستم دابۆوە؟ چاوێکم لە ژان باتیست کرد بەڵام ئەو راست دەپێش خۆیەوە ڕامابوو. ئاوڕەکەم وەرسووڕایە لای تالیڕانو دیتم ئەو پیاوە گەورەیە بەئارامی سەر دەلەقێنێ.

–مەسەلەی دووەم؛ کشانەوەی تۆ لە سوپایە. ئەم کارە بەهیچجۆرێک مومکین نیە، بێرنادۆت.

ئیمپەڕاتۆر جارێکی دیکە گەڕایەوە پشت مێزەکەی خۆیو دەستی کرد بە خوێندنەوەی داخوازینامەیەک کە ڕەنگە چەند جاری خوێندبێتەوە.

–ئەمن ناتوانم یەک لە مارشاڵەکانم لەدەست بدەم. ئەگەر شەڕێکی دیکە...

ئەو ساتێک ڕاوەستاو دوایە درێژەی پێدا:

–ئەگەر ئینگلیستان تەسلیم نەبێ. چار نیە تووشی شەڕی دیکە دەبینو ئەتۆ وەک جاران فەرماندەری یەکێک لە لەشکرەکانم دەبی. وەلیعادی پادشای سوێد بی یان نەبی. سوپای سوێدیی تۆش بەشێک لە سوپای گەورەی ئێمە دەبێ. یان ئەتۆ پێت وایە...

لەنەکاو پێکەنینێکی دوور لە گومان کەوتە سەر ڕوخساری کە ئەوی دە ساڵ گەنجتر نیشان دەدا. یان وا بیر دەکەیەوە کە ئەمن دەتوانم فەرماندەریی سەربازانی ساکسۆن بە کەسێکی دیکە بسپێرم؟

–بەڵام لە بەیاننامەکەی خاوەنشکۆدا کە ڕۆژی دوای شەڕی واگرام دەرچووە ئاوا هاتوە کە سەربازانی ساکسۆن تەنانەت گوللەیەکیشیان نەتەقاندوە. کەوایە گرنگ نیە چکەسێک فەرمانەدریی وان بەئەستۆوە دەگرێ. ئەم فەرماندەرییە بە "نۆ" بسپێرە. ئەو لەژێر دەستی من دا خزمەتی کردوەو دەزانم زۆر بەرزەفڕو پێگەخوازە.

–واگرام ساکسۆنەکان گرتیانو لە هیچ هەلومەرجێکدا فەرماندەریی وان بە "نۆ" ناسپێرم. ئەمن ئیزنت دەدەم ببیە سوێدی بەڵام بەو مەرجە کە هەروا مارشاڵی فەڕانسە بمێنیەوە. ئەمن چاک لە پێگەخوازیی مارشاڵەکانم ئاگادارم. جگەلەوە ئەتۆ توانایی خۆت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێک بەچاکی نیشان داوە. ئەمن هێشتا هانۆڤەرو شارەکانی ئەندامی یەکیەتیی هانسم لەبیرن. ئەتۆ فەرمانڕەوایەکی بەرچاوی بێرنادۆت.

–ئەمن تکا دەکەم ڕەزامەندی لەسەر کشانەوەی من لە سوپا نیشان بدەی.

لەو وەختەدا ناپلیۆن بەجۆرێک مستی لەمێزەکە ڕاکێشا کە دەنگی وەک هەورەتریشقە دەژوورەکە گەڕا. لەنەکاو گوتم:

–خاوەنشکۆ! لاقەکانم وەژان هاتوون. ئیزن دەدەی دانیشم؟

ئیمپەڕاتۆر چاوێکی لێکردم. تیشک لە چاوانیدا دەدرەوشاو ئەوانی شینتر دەکرد. دەتگوت سەرەوبن تەماشای دووربین دەکا؛ چاوەکانی چووکو چووکتر بوون. لەوانەیە بیری لە ڕابردووی دوور کردبێتەوەو کچێکی گەنجی دیبێ کە لەبەر ڕووناکایی کەمڕەنگی ئێوارێ دەگەڵ وی پێشبڕکەی دەکردو بەرەو میلەکانی باخچە هەڵدەهاتو جاری وابوو بۆ دڵخۆشکردنی ڕێگای دەدا ئەو پێشبڕکەکە بەرێتەوە...

–ئووژنی! ئەگەر هاوسەرەکەت ببێتە وەلیعادی پادشای سوێد ناچار دەبی وەختی وەرگرتنی هاونیشتمانەکانت چەند سەعات بەسەر پێوە ڕاوەستی. تکایە دانیشە ئووژنی! بەڕێزان باشترە ئێمەش دانیشین.

بەمجۆرە ئێمە لە دەوری مێزەکەی دانیشتین.

–باشە، لەکوێ بووین؟... بەڵێ ئەتۆ دەتەوێ سوپا بەجێ بهێڵی شازادەی پوونتە کووڕووڤ؟ لەکاتی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی خۆتان نەک وەکوو مارشاڵێکی فەڕانسە بەڵکوو وەک هاوپەیمانی ئێمە دەگەڵمان دەبی. داخوا ڕاستی بۆچووم؟

تەنیا لێرەدا بوو کە نیشانەی سەرنجدانی ئەم وتووێژە لە ڕوخساری وەزیری کاروباری دەرەوەدا دەرکەوت. کەوایە ئەمە ئەو شتە بوو کە ناپلیۆن لە هەموو ئەو ماوەیەدا بەدوایەوە بوو؛ یەکیەتی دەگەڵ سوێد.

–ئەگەر داخوازەکەی تۆ قبووڵ دەکەمو مل بۆ ئەو تەشریفاتەی مەبەستی تۆیە ڕادەکێشم بۆ ئەوەیە کە بەڕاستی نامەوێ کۆسپ لەسەر ڕێی یەکێک لە مارشاڵەکانم دروست بکەم، مارشاڵێک کە دەیەوێ ببێتە کوڕی بنەماڵەیەکی لەمێژینە کە زۆریش سەلامەت نین. ئەمە ڕێگایەکی زۆر ئاقڵانە بوو کە میللەتی سوێد بۆ دۆستایەتی دەگەڵ فەڕانسە هەڵیانبژارد. ئەوان یەکێک لە مارشاڵەکانی منیان هەڵبژارد بەڵام ئەگەر پێش ئەوکارە ڕاوێژیان لەگەڵ من کردبایە، ئەمن یەکێک لە براکانی خۆم بۆ ئەو مەبەستە پێشنیار دەکرد، چونکە بایەخێکی زۆر بۆ ئەو یەکیەتییەو خانەدانی واسا دادەنێم. ئێستا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە ڕاوێژم پێنەکراوە دەبێ لەمەودوا بڕیار بدەم. کەوایە پیرۆزباییم قبووڵ بکە شازادەی خۆشەویست!

-دایە! ئەمنیش لێی ناترسم!

هەرچەند ئۆسکار ئەم قسەیەی زۆر بەسپایی کرد بەڵام تالیڕانو دووک کادوور بۆئەوەی پێکەنینیان نەیە، لێوی خۆیان بە ددان گرت. ناپلیۆن ئاوڕێکی وردی لێدایەوەو گوتی:

-پێم سەیرە چۆن لەنێو خیزە گەرمەکانی بیابانی میسردا ناوێکی شیمالیم بۆ ئەم کوڕە تەعمیدییەی خۆم هەڵبژارد.

هەموو گیانی ناپلیۆن لە پێکەنینان هەڵدەتەکاو هەرلەو حاڵەدا دەستێکی لەشانی ژان باتیست داو گوتی:

-بێرنادۆت! ئەرێ ژیان پڕفەندوفێڵ نیە!و یاریی دوور لە باوەڕی نین؟

دوایە ڕووی کردە منو گوتی:

-ئەدی ئەتۆ خانمی شازادە خەبەرت هەیە کە خانمی خاوەنشکۆ چاوەڕوانە کوڕێکی ببێ؟

-شەریکی شادمانیتانم قوربان!

ناپلیۆن جارێکی دیکە سەرنجی بۆلای ئۆسکار ڕاکشا.

-بێرنادۆت! تێدەگەم ئەتۆ بۆچی ناچاری ناسیۆنالیتەی سوێد وەربگری، بە قانوونیش دەبێ وابێ، بەتایبەتی لەبەر ئەم منداڵە. گوتم پادشای دەرکراویش کوڕێکی هەیەو ئەتۆ هەرگیز نابێ لەوکوڕە دوورخراوە غافڵ بی بێرنادۆت، لە مەبەستەکەم حاڵی دەبی؟

ئێستا ئیدی دەستی لە چەندوچۆنی بەرنامەکانی دوارۆژمان وەردەداو ئەمن دڵنیا بووم هەموو شتێک بەچاکی دەچێتە پێش چونکە ئەو ملی بۆ ئەو دۆخەی هەبوو ڕاکێشابوو.

-مێنوال نەخشەی وڵاتانی شیمالی بێنن.

-تۆپێ جوگڕافیایی سەرمێز لە بووکەشووشە زیاتر نیە. لەکاتی بڕیارداندا مێنوال نەخشەی گەورە دێنێ.

-نزیکتر بەوە بێرنادۆت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژان باتیست لەسەر دەسکی کورسی‌یەکەی ناپلیۆن دانیشت‌و ئیمپەڕاتۆر پاش لێکردنەوەی نەخشەکە ئەوی لەسەر چۆکانی پان کردەوە. بیرم کردەوە کە ئەو دووانە زۆرجار لە مەیدانەکانی شەڕدا بۆ دانیشتن چۆکیان وەچۆکی یەکتر داوە.

–بێرنادۆت! دەزانی کە سوێد ڕێوشوێنەکانی سیستمی قاڕڕەیی لەبەرچاو ناگرێ. ئێرە گۆتەبوورگە. لێرە شتوومەکی ئینگلیزی دادەبەزێ‌و لەڕێگای ئیتڕالسۆندەوە بار دەکرێ بۆ پوومرانیی سوێد. لەوێشەوە بەنهێنی دەچێتە ئەڵمان.

تالیڕان لەسەرەخۆ لێی‌زیاد کرد:

–دەچێتە ڕووسیەش.

–بەداخەوە هاوپەیمانەکەی من تزاری ڕووسیە بەباشی گوێ ناداتە ئەم مەسەلەیە. کەلوپەلی ئینگلیزی دەچێتە ڕووسیەش. وڵاتێک کە هاوپەیمانی ئێمەیە. بەهەرحاڵ بێرنادۆت، سوێدی‌یەکان ماکەی بنەڕەتیی ئەم مەسەلەیەن. ئەتۆ دەبێ ئەم گیروگرفتە لەسوێد چارەسەر بکەی. تەنانەت ئەگەر پێویست بێ شەڕ دژی ئینگلیستانیش ڕابگەیەنی.

مێنوال خەریکی یادداشت‌هەڵگرتن لە وتووێژەکان بوو، تالیڕانیش بەوردی سەیری ژان باتیستی دەکرد.

دووک کادوور بە ڕەزامەندی‌یەوە گوتی:

–هاوکاریی سوێد سیستمی کۆنترۆڵی بەندەرەکان تەواو دەکا. دڵنیام کە دەتوانین متمانە بە شازادەی پوونتە کووڕووڤ بکەین.

ژان باتیست هەروا بێدەنگ بوو.

ئیمپەڕاتۆر بە ڕاوێژێکی توند پرسی:

–شازادە نەزەرێکی تایبەتیت هەیە؟

ژان باتیست چاوی لەسەر نەخشەکە هەڵگرت‌و گوتی:

–دیارە ئەمن بە هەموو تواناوە بۆ پاراستنی قازانجەکانی سوێد تێ‌دەکۆشم.

–قازانجەکانی فەڕانسە چی؟

ژان باتیست هەستایە سەر پێ‌و بەوردی نەخشەی وڵاتانی شیمالیی لوول کردو دایە مێنوال.

–ئەوەندەی ئەمن بزانم دەوڵەتی خاوەن‌شکۆ لەگەڵ دەوڵەتی سوێد لە وتووێژدان هەتا پەیمانێکی دەستدرێژی‌نەکردن ببەستن. پەیمانێک کە دەکرێ سەر بکێشێتە پەیمانێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆستایەتی. ئەمن لەوباوەڕەدام کە لەوحاڵەتەدا دەتوانم نەک هەر بە سوێد بەڵکە بە سەرزەمینی پێشووی خۆشم خزمەت بکەم.

وڵاتی پێشوو، ئەم وشەیە بەتوندی ئەوی ڕەنجاند. ژان باتیستیش ماندوو دیار بوو،و گنجی قووڵ لە قەراغی لووتیەوە تا گۆشەی زاری پەیدا ببوون.

-ئەتۆ شازادەی سەرزەمینێکی چووکە لە خاکەکانی ژێر دەستی فەڕانسەی‌و ئەمن ناچارم شازادەنشینی پوونتە کووڕووڤو داهاتە بەرچاوەکەی لەتۆ وەرگرمەوە.

-لە داخوازەکەی خۆمدا بەڕاشکاوی ئەوەم لە خاوەنشکۆ داوا کردوە.

-داخوا ئەتۆ دەتەوێ بە عینوانێکی سادەی وەک مارشاڵ ژان باتیست بێرنادۆت مارشاڵی خانەنشینی فەڕانسە بچیە سوێد؟ ئەگەر بتەوێ بەخاتری خزمەتەکانی ڕابردووت دەتوانی عینوانی شازادەت هەر هەبێ.

ژان باتیست سەری ڕاوەشاندو گوتی:

-ئەمن پێم باشترە عینوانی شازادەو شازادەنشین تەحویل بدەمەوە. بەڵام ئەگەر خاوەنشکۆ بیهەوێ بە خاتری خزمەتەکانی ڕابردووم بە کۆمار پاداشێکم بداتێ داوا دەکەم برایەکەم کە لە "بوو" دادەنیشێ بە بەرناوی باروونی سەربەرز بفەرموێ.

ناپلیۆن بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

-چما برایەکەت دەگەڵ خۆت نابەیە سوێد؟ لەوێ دەتوانی بەرناوی کۆنت یان تەنانەت دووکی پێبدەی.

-ئەمن نیازم نیە براکەم یان هیچ خزمێکم دەگەڵ خۆم بەرمە سوێد. پادشای سوێد ویستوویەتی تەنیا من بکاتە کوڕی خۆی نەک هەموو خزمەکانم. باوەڕ بە قسەکەم بکە خاوەنشکۆ. باش دەزانم چدەکەم.

هەموومان بێئەوەی بمانەوێ سەیری ئیمپەڕاتۆرمان کرد. بارانی تاجو عینوان‌و شانازیگەلێکمان کەوتەوە بیر کە ئەو بەسەر برا ناشایستەکانی خۆیدا باراندبوو.

-پێم وایە هەقی تۆیە بێرنادۆت.

ناپلیۆن ئەم ڕستەیەی بەئارامی گوتولەجێی خۆی هەستا. ئێمەش هەموو هەستاین. ئیمپەڕاتۆر جارێکی دیکە چۆوە پشت مێزەکەی‌و چاوی دە داخوازەکەی ژان باتیستەوە بڕی.

-مڵکەکانت لە فەڕانسە، لیتوانی‌و ویستفالی چلێدەکەی؟

-هەمووان دەفرۆشم خاوەنشکۆ!

- بۆ دانەوەی قەرزەکانی بنەماڵەی واسا؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڵێ، بۆ ئەوەو بۆ دامەزرانو مانەوەی پادشایەتیی خانەدانی بێرنادۆت لە سوێدیش.

ناپلیۆن قەڵەمەکەی بەدەستەوە گرتو چاوێکی لە منو ژان باتیست کرد.

–بێرنادۆت! وەختێک ئەمن ئەم بەڵگانەم ئیمزا کردن ئەتۆ، هاوسەرتو منداڵەکەتان لە هاونیشتمانەتیی فەڕانسە دەردەچن. ئیمزایان بکەم؟

ژان باتیست سەری لەقاند بەڵام چاوی لێکنابوونو لێوەکانیشی توند لەسەر یەک داگرتبوون.

–هەروەها ئەم ئیمزایە بە مانای قبووڵی دەستلەکارکێشانەوەی تۆ لە سوپای فەڕانسەیە. ئیمزا بکەم بێرنادۆت؟

جارێکی دیکە ژان باتیست سەری لەقاند. دەستیم لەنێو دەستمدا گوشی. سەعات دوازدە جاری لێدا. دەنگی نیگابانی پێش کۆشک هاتە بەرگوێو دەنگی شەیپوورەکان بەسەر دەنگی کێشرانی قەڵەم بەسەر کاغەزدا زاڵ بوو.

ئەمجار ئیدی ئیمە مەودای نێوان مێزی ئیمپەڕاتۆرو دەرگای ژوورەکەمان بەتەنیا نەبڕی. ناپلیۆنیش لەگەڵمان هاتو دەستی لەسەر شانی ئۆسکار دانابوو. مێنوال ئەو دەرگایەی کردەوە کە دەچووە ژووری چاوەڕوانی. باڵیۆزان، ژەنڕاڵەکان، وەزیرانو ئەمیران هەموویان سەری ڕێزگرتنیان دانواند.

–دەمەوی ئێوەش دەگەڵ من پیرۆزبایی لە شازادە وەلیعادی پادشای سوێدو شازادە خانمی هاوسەریو کوڕی تەعمیدیی من...

ئۆسکار بەسپایی گوتی:

ئەمن دووک سوودر مانلەندم.

–لە کوڕە تەعمیدییەکەی من دووک سوودر مانلەند بکەن.

لەڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵێدا ژان باتیست لە سووچێکی کالیسکەکەدا دانیشتبوو. هەموومان بێدەنگ بووین بەڵام هەموومان دەمانزانی چی بەمێشکی ئەوانی دیکەدا دەگوزەرێ. لە شەقامی ئانژوو کۆمەڵێک خەڵک کۆ ببوونەوەو لەو نێوەدا یەکێک هاواری کرد:

–بژی بێرنادۆت، بژی بێرنادۆت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتمەوە یادی ئەو شەوە کە ناپلیۆن بە کۆدیتا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتو کۆمەڵێک لەو باوەڕەدا بوون کە بێرنادۆت دەتوانێ لە بەرامبەر ویدا بەرگری لە کۆمار بکا.

لەپێش ماڵەکەی خۆمان دیتم کۆنت بەراهەو باروون گۆستاڤو مۆرنێرو چەند سویدیی دیکە چاوەڕێمانن کە وا دیار بوو بۆ گەیاندنی دەنگوباسی گرنگ بەتازەیی لە سوێدەوە هاتبوون. لەکاتێکدا دەگەڵ وان دەگەیشتینە سالۆنە چکۆلەکەی ماڵێ، ژان باتیست گوتی:

-دەگەڵ داوای لێبووردن لە بەڕێزان، خانمی شازادەو ئەمن پێمانخۆشە بەتەنیا بین.

بەڵام دیسان تەنیا نەبووین. لەسەر یەکێک لە کورسییە ڕەحەتەکان نەفەرێک هەستایە سەرپێ. فووشێ. دووک ئووتڕانتۆ، وەزیری پۆلیس بەتازەیی کەوتبووە بەر ڕقوقین کە گۆیا بەدزی خەریکی وتوویژ دەگەڵ ئینگلیزەکان بووەو خەبەرەکەی بەگوێی ناپلیۆن گەیشتبوو. ئەو ئێستا لەپێش ئێمە ڕاوەستابوو. دەسکە گوڵێکی ڕۆزی تاریکی مەیلەوڕەشی بەدیاری دا بەمنو گوتی:

-دەبێ پیرۆزباییت لێبکەم. فەڕانسە بە ڕۆڵەی خۆی سەرفیرازە....

-دەست هەڵگرە فووشێ. ئەمن ئێستا لە هاونیشتمانەتیی فەڕانسە چوومە دەرێ.

-دەزانم پایەبەرز ، دەزانم.

-کەوایە بمانبوورە چونکە ناتوانین هیچکەس وەربگرین.

سەرەنجام وەختێک بەراستی تەنیاماینەوە، لەپەنای یەکتر لەسەر مۆبڵ دانیشتین. ئەوەندە ماندوو کە دەتگوت ڕێیەکی درێژمان بڕیوە. پاش ماوەیەک ژان باتیست هەستاو چوو بۆلای پیانۆو بە قامکێک دەستی کرد بەلێدانی سروودی مارسەییەز. ئەو هەر بەقامکێک دەیتوانی پیانۆ لێبدا، ئەویش هەر سروودی مارسەییەز.

-ئەمڕۆ بۆ دواجار ناپلیۆنم دیت. دواجار لە هەموو تەمەنمدا.

دوایەش درێژەی بە لێدانەکە داو تەنیا بەندێک لە سروودەکەی دووپاتەو دووپاتە کردەوە...

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣٠

## پاریس، سی(٣٠)ی سێپتامبری١٨١٠

ئەمڕۆ نیوەڕۆ ژان باتیست ڕۆیشت بۆ سوێد. ئەو لەو ڕۆژانەی دوایی‌دا ئەوەندە گرفتار بوو کە تەنانەت دەرفەتمان نەبوو بەوجۆرەی پێویستە خواحافیزییش لە یەکتر بکەین. وەزیری دەرەوەی فەڕانسە لیستێکی لەو سوێدی‌یانە کە لە ڕوانگەی دەوڵەتی فەڕانسەوە بە کەسایەتیی بەرچاو دەژمێردران ئامادە کردبوو. مۆرنێرو کۆنت بەراهە ئەویان دەگەڵ ئەو کەسایەتی‌یانە ئاشنا دەکرد. ڕۆژێک دوانیوەڕۆیە، باروون ئالکوویە هاتە سەردانمان. ئەو کە جلی زێڕدۆزی‌کراوی باڵیۆزانی دەبەرداو زەردەخەنەی هەمیشەیی لەسەر لێو بوو گوتی:

–خاوەن‌شکۆ ئیمپەڕاتۆر منی وەک باڵیۆزی فەڕانسە لە ستۆکهۆڵم دیاری کردوەو ئەمن دەمەویست پێش وەڕێ‌کەوتن خۆم بە پایەبەرز بناسێنم.

ژان باتیست لەحاڵێکدا چاوەکانی تەنگ کردبوونەوە بەئارامی گوتی:

–پێویست نیە خۆت بناسێنی. چونکە ئێمە چەندین‌ساڵە یەکتری باش دەناسین. ئەوکاتەی جەنابت بوویە باڵیۆزی ئیمپەڕاتۆر لە ناپل، حکوومەتی ناپل ڕووخاو کابینەیەکی هاودەنگ دەگەڵ ویستەکانی ئیمپەڕاتۆر هاتە سەر کار.

ئالکوویە لەحاڵێکدا هەرئەو بزەیەی لەسەر لێو بوو وەڵامی دایەوە:

–دەوروبەری ناپل بەڕاستی دیمەنی جوان‌جوانی لێن.

–کاتێکیش بوویە باڵیۆزی ئیمپەڕاتۆر لە مادرید، حکوومەتی ئیسپانیا لەکار وەلا نراو کابینەیەکی لایەنگری ئیمپەڕاتۆر هاتە سەر کار.

–مادرید چەند شارێکی جوانە بەڵام بەداخەوە نەختێک گەرمە.

–ئێستاش دەچی بۆ ستۆکهۆڵم!

–بەڕاستی شارێکی جوانە بەڵام مخابن زۆر ساردە.

–ڕەنگە وابێ. دیارە بەستراوەتەوە بەوە کە نەفەرێک چۆن وەربگرن؛ بەگەرمی یان بەساردی.

ئالکوویە کە هەروا بزەی لەسەر لێو بوو لێی زیادکرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خاوەنشکۆ ئیمپەڕاتۆر دڵنیای کردمەوە کە پایەبەرز وەک هاونیشتمانی پێشوو بەگەرمی وەرمدەگرێ.

–کەنگێ وەڕێ دەکەوی جەناب؟

–سێزدەی سێپتامبر پایەبەرز!

–کەوایە پێکەوە دەگەینە ستۆکهۆڵم.

–چەند ڕێکەوتێکی دڵخۆشکەر پایەبەرز!

–ژەنراڵەکان بەدەگمەن شتێک دەدەنە دەستی قەزاوقەدەرو ڕێکەوت جەناب! ئیمپەڕاتۆریش پێش هەر شتێک ژەنراڵە.

ژان باتیست هەستایە سەرپێ‌و ئالکوویەش بەناچار بەجێی هێشتین.

ئەو پەیامهێنانەی بەدوای یەکدا لە ستۆکهۆڵمەوە دەهاتن، خەبەری ئامادەبوون بۆ پێشوازی‌و میوانداریی بەشکۆ لە ژان باتیستیان پێبوو. ئەو پاشکۆ سیاسی‌یانەی دانمارکیش کە هاتبوونە سەردانمان خەبەریان دەدا کە کۆپنهاگیش خۆی بۆ میوانداری لە وەلی‌عادی پادشای سوێد ئامادە کردوە. هەموو بەیانی‌یەک کەشیشێک کە کۆمەڵی ئینجیلیی پاریس بۆ ئەوەی ڕێوشوێنی مەزهەبیی پڕۆتستان فێری ژان باتیست بکا دەهاتە ماڵی ئێمە. قەرار وابوو ژان باتیست پێش ئەوەی بگاتە ستۆکهۆڵم لە ئەندامەتیی کلیسای کاتوولیک دەرچێ‌و بچێتە سەر ئایینی پڕۆتستان. ئەو ڕێوڕەسمە قەرارە لە بەندەرێکی دانمارک بە حوزووری ئوسقوفی مەزنی سوێد بگیرێ. ژان باتیست دەبێ بە ئیمزای دانپێدانان‌نامەی ئاگوسبوورگ، ئایینی پڕۆتستان کە ئایینی ڕەسمیی وڵاتی سوێدە قبووڵ بکا.

ئەمن بە بیستنی ئەو خەبەرە لە ژان باتیستم پرسی:

–ئەتۆ تا ئێستا قەت چوویە کلیسای پڕۆتستان؟

–بەڵێ دووجار لە ئەڵمان. دیارە فەرقێکی زۆری دەگەڵ کلیسای کاتوولیک نیە ئەوەندە نەبێ کە ئەوێ وێنە پیرۆزەکانی لێ‌نین.

–ژان باتسیت! ئەمنیش دەبێ ئایینی پڕۆتستان قبووڵ بکەم؟

ئەو تاوێک بیری کردەوەو دوایە وەڵامی دایەوە:

–پێم وانیە پێویست بێ‌و وابزانم ئەتۆ دەتوانی وەک ئێستات بمێنی. بەڵام ئەمن دەرفەتی گوێگرتن لە قسەو دەرسی ڕۆژانەی ئەو کەشیشە لاوەم نیەو ئەو لە جیاتی‌یان باشترە دەگەڵ ئۆسکار خەریکی کار بێ. چونکە ئۆسکار ناچارە دانپێدانان‌نامەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاگوسبوورگ لەبەر بکاو ئەگەر بکرێ بە زمانی سوێدییش. دیارە کۆنت بەراهە لەوبارەیەوە کۆمەگی دەکا.

ئەم ڕۆژانە ئۆسکار سەرگەرمی فێربونی دانپێدانان‌نامەی ئاگوسبوورگ بە هەر دوو زمانی فەڕانسەیی‌و سوێدی‌یە. سەر مێزی پەنا تەختی ژان باتیستیش پڕە لە لیستی کەسانی ناوداری سوێدی. وەزیری دەربار ناوی ویترسدێتەو ناوی چووکەڵەشی گۆستاڤە، چونکە ئەم ناوە یەکێک لەو ناوانەیە کە لە سوێد زۆر باون. هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لەوان ناویان لۆنژەلیمەو لەبن یەکێک لەو ناوانە واتە کاڕل ئیکسێل لۆنژەلیمیش خەت کێشراوە. ئەو کەسێکە کە لە بەندەری هێلسینووری دانمارک دەگەڵ ژان باتیست یەکتر دەبینن‌و پاشان وەک بەرپرسی تەشریفات هەتا ستۆکهۆڵم دەگەڵی دەبێ. ژان باتیست لە تەنیشت ئەو ناوە یادداشتی کردوە؛ "دابو شوینی سوێدی لەو بپرسێ".

ژان باتیست داوای لێکردم لیستێک لەو ناوانەی بۆ منی ئامادە کردبوون بەکۆمەگی کۆنت بەراهە لەبەر بکەمو ئەمن کە دەمزانی ئەم کارەم بۆ دژوارە وەڵامم دایەوە:

–بەڵام ئەمن ناتوانم ئەم ناوانە دەرببڕم. بۆنموونە ئەتۆ چۆن لۆنژەلیم دەردەبڕی؟

دیارە ئەو بۆخۆشی نەی‌توانی ئەم ناوە بەدروستی دەرببڕێ.

–بەڵام ئەمن دەبێ هەموو ئەمانە فێر بم. مرۆڤ هەرچی بیەوێ دەتوانێ فێری بێ. لەبیریشت نەچێ چەندی زووە خۆت بۆ سەفەری سوێد ئامادە بکە چونکە نامەوێ ئەتۆو ئۆسکار پاش من ماوەیەکی زۆر لێرە وەمێنن. ئەمنیش چەندی بکرێ زووتر ئاپارتمانەکانی تۆ لە کۆشکی پادشایەتیی ستۆکهۆڵم ئامادە دەکەم. ئەتۆ دەبێ چەندی بکرێ زووتر وەڕێ کەوی. بەڵێنم پێدەدی؟

دەمدی کە ڕاوێژی قسەی زۆری تکاو پێداگرتن پێوە دیارە. ناچار بە سەرلەقاندن وەڵامم دایەوە. ئەمجار ئەو بەشێوەیەکی خەمناکانە زیادی کرد:

–جگەلەوانە نیازم هەیە ئەم خانووەش بفرۆشم.

–نا، نا ژان باتیست. ئەتۆ نابێ ئەمکارە بکەی. هیچ نەبێ لەبەر دڵی من.

ئەو بە سەرسورمانەوە سەیری کردمو لێی‌زیاد کرد:

–ئەگەر ئەتۆ نیازت هەبێ بێیە پاریس، دەتوانی لەماڵی ژوولی بمێنیەوە. بەچۆڵی‌هێشتنەوەی ئەم خانووە زێدەخەرجی‌یەکی گەورەیە.

–ئێرە ماڵێ منەو ئەتۆ نابێ ماڵەکەمم لێبستێنی. ئەگەر ماڵەکەی باوکم لە مارسەی مابایە دیسان قسەیەک بوو. بەڵام... بەڵام دەزانی کە ئەویشمان نەماوە. کەوایە ڕێگا بدە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم خانووەمان هەبێ ژان باتیست تکا دەکەم، حەتمەن ئەتۆ دیسان دێیەوە پاریسو لەوحاڵەدا لەوە کە لەخانووی خۆتدا بی هەست بە خۆشحاڵی دەکەی. دەتەوی لە باڵیۆزخانەی سوێد وەمێنی؟

بەتڵێک لە شەوێ رابردبوو. ئێمە لە ژووری خەوی ژان باتیست لەسەر لێوی تەختەکەی دانیشتبووینو بە چواردەوریشماندا جانتاو کەلوپەلی سەفەر بڵاو ببۆوە. ژان باتیست لەحاڵێکدا دە مۆمەکەوە رامابوو گوتی:

–هاتنەوەی دووبارە بۆپاریس بۆمن زۆر بەژان دەبێ. قسەی تۆیە دێزیرە!و باشترە ئێمە ئەم خانووە ڕابگرین. بەڵێ باشترە جێوڕێیەکمان لەم شارە هەبێ.

ئەمرۆ بەیانی کالیسکەیەکی گەورە لەپێش ماڵی ئێمە ڕاوەستا. فێرناند بارەکانی خستە نێو کالیسکەکەو بۆخۆی لە پەنای ڕاوەستا. ئەو وەک هەمیشە چاکەتە سوورەکەی دەبەردا بوو بەڵام دوگمەیەکی لێنابوون کە نیشانی بنەماڵەیی دەرباری سوێدیان لەسەر بوو. گۆستاڤ مۆرنێریش لە ساڵۆنی چوونەژووری ماڵێ چاوەڕێی ژان باتیست ڕاوەستابوو.

ئەمنوئۆسکار لەگەڵی لە پلیکانەکان هاتینە خوار. ئەو وەک هەمیشە دەستی لەسەر شانی من دانابوو، هەموو شتێک وەک ئەو ڕۆژانە دەچوو کە ژان باتیست ماڵێی بەرەو مەیدانی شەڕ یان بارەگای فەرماندەریی خۆی بەجێ دەهێشت.

وەختێک گەیشتینە ڕووبەڕووی پەیکەری نیوقەدی ژەنراڵ مۆرۆ ئەو لەنەکاو ڕاوەستاو تاوێک لە پەیکەرەکەو ڕوخساری مەڕمەڕینی مۆرۆ ورد بۆوە. بیرم کردەوە ئەمانە چەند ئۆگری کۆمار بوون. ئەوو مۆرۆ،و ئێستاش یەک لەو دووانە بە دوورخراوەیی لە ئەمریکا دەژیاو  ئەوی دیکەشیان وەلیعادی...

– ئەم پەیکەرەش دەگەڵ پێویستییەکانی دیکەم بنێرە ستۆکهۆڵم.

ئەو دوایە منو ئۆسکاری دەباوەش گرتو خواحافیزیی کرد، دواتر ڕووی کردە کۆنت بەراهەو گوتی:

–ئەتۆ بەرپرسی زووتربەڕێکردنی ژنومنداڵەکەمی کۆنت بەراهە. تەنانەت لەوانەیە ڕۆیشتنی خێراتری بنەماڵەی من لە فەڕانسە بابەتێکی شیاوی لێوردبوونەوە بێ کۆنت. خۆ لە مەبەستەکەم تێدەگەی؟

کۆنت بەراهە لەحاڵێکدا چاوی لە ژان باتیست وەرنەدەگێڕا وەڵامی دایەوە:

–تێدەگەم پایەبەرز.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمجار ژان باتیست سواری کالیسکە بوو. مۆرنێر لەپەنای دانیشت. فێرناند دەرگای کالیسکەی پێوە داو بۆخۆشی لەپەنا کالیسکەچی دانیشت. لەم ساتەدا چەند ڕێبوار ڕاوەستانو تەماشایان کرد، لەونێوەدا سەربازێکی کەمئەندام کە سنگی پڕ لە نیشانی شەڕ بوو هاواری کرد بژی بیرنادۆت!

ژان باتیست خێرا پەردەکانی کالیسکەکەی دادانەوە.

***

## ٣١

## هێلسینوور، دانمارک، شەوی بیستویەک لەسەر بیستودووی دیسامری١٨١٠

قەت بیرم نەدەکردەوە شەوی ئەوەندە درێژو سارد هەبن. سبەینێ ئەمنو ئۆسکار سواری کەشتییەکی ڕازاوە بە ئاڵاگەلێکی زۆر دەبین تا ئێمە لە گەلێی سوێد وەپەڕێنێو بمانباتە سوێد. ئێمە لە هالسینگبوورگ دادەبەزین تا لەوێ سوێدییەکان بەخێراتنی شازادە خانم دێزیدیریاو کوڕەکەی میراتگری دواڕۆژ، ئەم کوڕە باشو چووکەڵەیەی من بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماری چوار کیسە ئاوی کوڵیوی لە تەنیشت من داناون. ڕەنگە ئەگەر خەریکی نووسین بم شەو زووتر تێپەڕێ. شتم بۆ نووسین زۆرە، بەڵام دەگەڵ ئەو کیسە ئاوە کوڵیوانەش هێشتا لەسەرمان دەلەرزم.

پێم خۆشە هەڵستم. شنێلە کەوڵە سەگلاوکەکەی دیاریی ناپلیۆن بە شانمدا بدەمو بە کۆمەکۆمە بچمە ژوورەکەی ئۆسکار، لە پەنا تەختەکەی دانیشم. دەمەوێ دەستی دەنێو دەستم بگرمو هەست بەگەرمای لەشی بکەم. کوڕم! ئەتۆ بەشێک لە لەشی منیو چەند زۆرن ئەوشەوانە کە باوکت لەبەرەکانی شەڕ بووەو ئەمن کە هەستم بەتەنیایی کردوە لە پەنا جێیەکەی تۆ دانیشتووم. هاوسەری ژەنراڵێک یان مارشاڵێک... ئەمن هەرگیز نەمدەویست وابێ کوڕم! قەتیش بیرم نەدەکردەوە ڕۆژێک بێ کە نەتوانم بەئازادی لە پەنات بم. بەڵام ئێستا ئەتۆ بەتەنیا لە ژووری خۆت خەوتوویو سەرهەنگ ویلاتمان دەگەڵە. ئەو چەندینساڵ ئاجودانی بەوەفای باوکت بووەو باوکت فەرمانی داوە هەتا دەگەینە کۆشکی پادشایەتیی ستۆکهۆڵم لە ژوورەکەی تۆ بخەوێ، بۆ پارێزگاری لەتۆ. پارێزگاری لەچی؟ لە جینایەتکاران، بەڵێ کوڕەکەم. لە پیاوکوژانێکی شەرمەزار، شەرمەزار لە نابووتیی سوێدی پڕشانازی. شکست لە شەڕەکانداو شایانی شێت سوێدیان لەپێ خستوە. ئێستاش پیاوێکی سادەی وەک مارشاڵ بێرنادۆتی بە وەلیعادی خۆی هەڵبژاردوەو ئۆسکار بێرنادۆت نەوەی هەریرفرۆشێکی خەڵکی مارسەیشی بە جێنشینی ئەو. ئەمانەن هۆی ئەوفەرمانەی باوکت بە سەرهەنگ ویلات کە ئەو لە ژووری تۆ بخەوێو کۆنت بەراهەش لە ژووری دیوار بەدیواری ژوورەکەت. ئازیزەکەم ئێمە لە جینایەتکاران دەترسێین.

مارییش لە ژوورێک خەوتوە کە دەرگایەکەی بۆ ژووری من دەکرێتەوەو نازانی چپرخوهۆڕێکیشی هەیە؟ ئەمنو ماری لە سەفەرێکی درێژدا هاوسەفەر بووین. بەڵێ زۆر درێژ. دوو ڕۆژە مژێکی توند پێشی بە تێپەڕینمان لە گەڵیی سوێد گرتوە؛ مژێک کە هیچی دەگەڵ ناکرێ، دەڵێی دوارۆژی ئێمەشی خستۆتە تاریکییەوە. قەت باوەڕم نەدەکرد هەوا لە هیچ وڵاتێک بەقەد دانمارک سارد بێ. کەچی ئەوانی دی دەڵێن:

– پایەبەرز سەرمای سوێد شتێکی دیکەیە!

ئێمە ماڵەکەی شەقامی ئانژوومان کۆتایی ئوکتۆبەر بەجێهێشت. هەموو کورسییەکانو ئاوێنەکانم بە ڕووپۆشی کەتانی داپۆشین تا تۆزوخۆڵ ئەزیەتیان نەکا. ئەمنو ئۆسکار چووینە لای ژوولی لە مووتە فوونتین تا دوارۆژەکان دەگەڵ وان بین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەراهەی لاوو پیاوەکانی سەربە باڵیۆزخانە نیگەران بوون کە هەتا زووە لە فەڕانسە بڕۆین. بەڵام ئەمن دوێنێ لە هۆی نیگەرانیو پەلەپەلی وان حاڵی بووم. بەهەرحاڵ تاوەختێکی لێرویی بەرگدروو جلە دەرباریەکانمی ئامادە نەکردبان نەماندەتوانی پاریس بەجێ بێڵین.

ئەمنو ژوولی لە باغی پاییزگەزتووی پڕ لەبۆنی شێی خاکی گەرم دانیشتبووین. کچە چکۆڵەکانی وی دەگەڵ ئۆسکار خەریکی یاری بوون. ئەو دووەش وەک ژوولی ئەندامێکی کزو ڕوخسارێکی مانگەشەوییان هەبوو. هیچیشیان وەک بوناپارتەکان نەدەچوو.

–ژوولی! ئەتۆ دەبێ هەرچی زوویە بێیە ستۆکهۆڵم بۆ سەردانم.

ئەو شانە ڕەقەڵەکانیی هەڵتەکاندنو وەڵامی دایەوە:

–ئەگەر بەم زووانە ئینگلیس لە خاکی ئیسپانیا دەربکرێ، بەناچار دەبێ بچمەوە مادرید. بە ناشکوری نەبێ ئەمن هێشتا شاژنی ئیسپانیام.

ئەو دەگەڵم هاتە ماڵی لێرویی خەیات تا پڕۆڤەی جلەکانم بکەم. ئێستا دەمتوانی جلی سپی دەبەر بکەم. لەپاریس هەرگیز نەمدەتوانی ئەوکارە بکەم چونکە ژووزفین هەمیشە جلی سپیی دەبەردا بوو. بەڵام ئەوانەی لە ستۆکهۆڵم بوون زانیارییەکی زۆریان لەسەر شاژنی پێشووی فەڕانسەو جلدەبەرکردنی نەبوو. لە کەسێکم بیست کە شاژنە هێدویژ ئەلیزابێتو خانمەکانی دەربارو نەدیمەکانی هێشتا پۆدر لە قژی خۆیان دەدەن. نەمتوانی باوەڕ بکەم کە هێشتا لە سوێد کەسانی وا لەقافڵەیژیانبەجێماو هەبن. بەڵام هەروەک گوتم بەراهە بەپەلە دەیەویست چەندی زووە پاریس بەجێ بهێڵینو سەرەنجام ڕۆژی یەکەمی نۆڤامر جلکەکانم ئامادە بوونو ڕۆژێ سێی نۆڤامبر کالیسکەکەمان ئامادەی وەڕێکەوتن بوو.

ئەمن دەگەڵ سەرهەنگ ویلات، خاتوو لافلووتو پزیشکێک کە ژان باتیست وەک پزیشکی تایبەتی بۆ ئەو سەفەرە بەکرێی گرتبوو لە کالیسکەی یەکەمدا جێگیر بووین. لە کالیسکەی دووەمدا ئۆسکار، کۆنت بەراهە، ماریو ئییووت دانیشتبوونو کالیسکەی سێیەمیش بارەکانی هەڵگرتبوون. دەمەویست نەدیمە کتێبخوێنەوەکەشم دەگەڵ خۆم بێنم، بەڵام کاتێک باسی ڕۆیشتن لەپاریس هاتە گۆڕێ وا گریا کە ئامۆژگاریم کرد لەلای ژوولی بمێنێتەوە. نازانم کتێبخوێنەوەیەکی دیکە دامەزرێنم یان نا؟ کۆنت بەراهە دەڵێ شاژنی سوێد دەوروبەرە دەرباریەکانی منی دیاری کردوون؛ نەدیمەکان،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخوێنەوەکانو بەرپرسانی تەشریفات. لەونێوەدا خاتوو لافلووت زۆری پێخۆش بوو لەگەڵمان بێ چونکە ئاشقی کۆنت بەراهە ببوو. پێیمگوت:

–ئاگام لەوە هەیە کە باش دەزانی بنووسی. چونکە پارەیەکی باشت بۆ ئەو ڕاپۆرتانە وەرگرت کە لەسەر منو شازادەی جێنشین بۆ پۆلیست دەنووسین. بەڵام نازانم داخوا وا باشیش دەتوانی کتێب بخوێنیەوە؟

ڕەنگی ڕوخساری سوور هەڵگەڕاو ئەمن لێم زیاد کرد:

–ئەگەر وا باش بتوانی، ئیدی پێویستیم بە دامەزراندنی کتێبخوێنەوە نابێ.

لافلووت سەری داخستو بەسپایی گوتی:

–ئارەزووی دیتنی ستۆکهۆڵمم هەیە؛و هەروا شیمالیش.

–بەڵام ئەمن وێنیزی جنووبم پێباشترە چونکە بۆخۆم جنووبیم.

وا دیارە ئەم ڕووداوانە ڕۆژگارێکی زۆردرێژ لەخۆ دەگرن، بەڵام وانیەو تەنیا شەش حەوتوو لەو ڕووداوە دەگوزەرێ. لەم شەش حەوتووەدا تەواوی ڕۆژێ بەیانی تا ئێواریمان لە کالیسکەدا بەسەر بردو هەر شەوەش میوانداریی‌یەک بە شانازیی ئێمە ڕێک دەخرا. لە ئامسترداەو هامبوورگ شەومان لە کۆشکگەلێک بەسەر برد کە ناوی وەک ئایزهوو و ئاپێنڕادیان هەبوو. یەکەمین مانەوەی درێژمان لە نیبوورگی دانمارک بوو. چونکە لەوێ ناچار بووین لەڕێگای دەریاو دوڕگەی فووتێنەوە بچینە دوڕگەی سی لەند؛ دوڕگەیەک کە شاری کۆپنهاگی تێدا هەڵکەوتوە. لەوێ بوو کە تەتەری ناپلیۆنمان پێگەیشتەوە.

ئەم تەتەرە ئەفسەرێکی لاوی سوارەنیزام بوو کە بەستەیەکی گەورەی دەگەڵ خۆی هەڵدەگرتو ڕاست لە وەختێکدا کە دەمانەویست سواری کەشتی بین گەیشتە جێ. ئەو ئەسپەکەی دە تیرەگێکی بەندەرگا خستو بە هەناسەبڕکەو بەپەلە خۆی گەیاندە ئێمە.

–پایەبەرز! دەتوانم ئەم بەستەیە دەگەڵ باشترین سڵاوەکانی خاوەنشکۆ بدەمە خزمەتتان؟

کۆنت بەراهە ئەو بەستە گەورەیەی وەرگرتو ویلات پرسی:

–ئەتۆ نامەیەکت بۆ پایەبەرز پێنیە؟

ئەفسەری لاو سەری ڕاوەشاندو گوتی:–نا، تەنیا سڵاوی بەدەم. وەختێک خاوەنشکۆ خەبەری وەڕیکەوتنی پایەبەرزی بیست فەرمووی:

–وەختێکی خەراپی ساڵی بۆ سەفەری سوێد هەڵبژاردوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕاو کە چاوی بەمن کەوت فەرمووی دەسبەجێ وەرێ کەومو ئەم بەستەیە بگەیەنمە پایەبەرز. ئیمپەڕاتۆر بەمنی فەرموو:

-پەلە بکە چونکە خانمی شازادە زۆری پێویستی بەم دیارییە دەبێو ئەمەش ڕاست ئەو بەستەیەیە پایەبەرز!

ئەو پاشان بە نیشانەی ڕێزدانان پاژنەی لێکدان.

بای سارد فرمێسکی بەچاواندا هێنابوومە خوار. بۆیە دەستم بۆلای درێژ کردو گوتم:

-سوپاسم بە خاوەنشکۆو سڵاوم بە پاریس بگەیەنە.

وەختی سواربوونی کەشتی بوو. لە ژووری کەشتییەکە، ئەمن بەستە دیارییەکەی ئیمپەڕاتۆرم کردەوە. چاوترووکانێک دڵم ڕاوەستا. شنێلێکی پێستی سەگڵاوک، باشترین کەوڵە سەگڵاوک کە لە هەموو ژیانمدا دیتبووم. لافلووت بە سەرسوڕمانێکی تێکەڵ بە ڕێزەوە لەبن لێوانەوە گوتی:

-یەکێک لەو سێ کەوڵە سەگڵاوکە کە تزار دابوویە!

ئێمە هەموومان بیستبوومان کە تزار سێ کەوڵە سەگڵاوکی بەدیاری داون بە ئیمپەڕاتۆر. یەکیان لای ژووزفین بوو، دووەمیان لەسەر شانی پوولێت بەڕێزترین خوشکی ناپلیۆن بوو، سێیەمیشیان... بەڵی سێیەمیشیان ئێستا لەسەر چۆکی من بوو. چونکە زۆرم پێویستی پێبوو. بەڵام دەگەڵ هەمووی ئەمانەش هێشتا سەرمام بوو. لە ڕۆژانی دووردا شنێلێکی ژەنراڵی زۆر لەمە باشتری گەرم دەکردمەوە. شنێلی ناپلیۆن لەو شەوە تۆفەی مارسەی داو شنێلی ژان باتیست لەو شەوە بارانییەی پاریسدا. ئەو شنێلانە وەک شنێلەکانی ئەمڕۆ قورسو زێڕدۆزیکراو نەبوون،و بگرە زبرو ڕایەڵبەدەرەوەو دڕاویش بوون. بەڵام یۆنیفۆڕمی کۆماری ساواو بەشکۆی ئێمە بوون.

کەشتی لە نیبوورگەوە تا کوورسووری بە سێ سەعات بڕی. لافلووت دەریا لێیدابوو بەڵام بەوحاڵە نەیهێشت کۆنت بەراهە پێیڕا بگاو ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی ئۆگری بەکۆنتی لاو بوو.

سبەینێ بەرەو سوێد دەڕۆین. هەوا هێشتا مژە، بەڵام دەریا ئارامتر بۆتەوە. بۆ دواجار چاوم لە لیستی ئەو ژنو پیاوانە کرد کە لە هالسینبوورگ ئێمەیان وەردەگرت. نەدیمە تازەکانم کۆنتس کارۆلینا لوونهووپو ئەوی دیکە ماریانا فێن کووسکوولی ناوە. بەرپرسی تایبەتیی خزمەت یان وەک دەڵێن میرئاخوڕم بارۆون رینهووڵد ئارێلسواردە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرپرسانی تەشریفاتم كۆنت ئێریك پیەرو سیكستەن ،و سەرەنجام ناوی پزیشكە تازەكەم پوونتینە.

شۆقی مۆمەكانی ژوورەكەم وردەوردە كەمی كردوە. سەعات چواری بەیانییەو دەبێ هەوڵ بدەم بخەوم. ژان باتیست نایەتە دیدارمان. ماوەیەك بوو خەبەری هیچكوێم نەبوو هەتا پاش گەیشتنی ئێرە ئاگادار بووم كە ناپلیۆن لە دوازدەی نۆڤامبردا بەجیددی هۆشداری داوەتە سوێد كە دەبێ لەماوەی پێنج ڕۆژدا شەڕ دژی ئینگلیستان ڕابگەیەنێ یان ئەوە كە خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ فەڕانسەو دانماركو ڕووسیە ئامادە بكا. بۆیە بە پێكهاتنی ئەنجومەنی دەوڵەتی لە ستۆكهۆڵم، تەواوی چاوەكان دە وەلیعادی تازەوە بڕاون. بەڵام ژان باتیست گوتبووی:

–بەڕێزان تكاتان لێدەكەم لەبیر خۆتان بەرنەوە كە فەڕانسە شوێنی لەدایكبوونی منەو ئیمپەڕاتۆر ئازیزترین كەسانی منی ئێستا لەبەر دەستن. بەڕێزان! ئەمن بەشداری ئەم ئەنجومەنە دەوڵەتییە نابم، چونكە نامەوێ بەهیچ جۆرێك شوێنەوارم لەسەر بڕیاری ئێوە هەبێ.

ئێستا تێدەگەیشتم كە بۆچی ئەندامانی باڵیۆزخانەی سوێد لە پاریس ئەوەندە بەپەلە بوون و هەوڵیان دەدا ئەمنو ئۆسكار زووتر پاریس بەجێ بێڵین. ئەنجومەنی دەوڵەتی سوێد هاتە سەر ئەو ڕایە كە شەڕ دژی ئینگلیستان ڕابگەیەنێو حەڤدەی نۆڤامبر ئەم بڕیارەی سوێد بەڕەسمی بە ئینگلیستان ڕاگەیەندرا. بەڵام كۆنت بەراهە كە دەگەڵ چەند كەسێك لە سوێدییەكان دوابوو بەمنی گوت:

– پایەبەرز! بەپێچەوانەی ڕاگەیاندنی شەڕ پایەبەرز وەلیعاد بەنهێنی تەتەرێكی ناردۆتە ئینگلیستانو پێیگوتوون ئەم شەڕڕاگەیاندنە تەنیا باری تەشریفاتیی هەیە. سوێد پێیخۆشە هەروا درێژە بەكڕینو فرۆشتنی خۆی دەگەڵ ئینگلیستان بدا. ئەو هەروەها پێشنیاری كردوە لەمەودوا كەشتییە ئینگلیسییەكان كە هاتنە بەندەری گووتەبوورگ ئاڵای ئەمریكا هەڵكەن. بەڵام هەوڵی من بۆتێگەیشتنی ئەو مەسەلانە بەخۆڕایی بوو. ناپلیۆن دەیتوانی منو ئۆسكار وەك بارمتە ڕابگرێ، بەڵام ڕێگای دا لە پاریس بڕۆینو تەنانەت ئەو دیارییە گرانباییە واتە كەوڵە سەگلاوكیشی بۆمن نارد، چونكە پێی وابوو سەرما ئازارم دەدا. لەلایەكی دیكەوە، ژان باتیست داوای لە ئەنجومەنی دەوڵەتی كرد نیگەرانی خزمەكانی وی لەپاریس نەبن. سوێد بۆ وی زۆر گرنگتر دیار بوو؛ گرنگترین شت لەسەر زەوی.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە هەموو جێیەکەوە خەبەر دەهات کە سوێد بە تامەزرۆیی چاوەڕێی کوڕەکەی ئێمەیە. ئەگەر ئێستا ئەو بەتەنیا خەوتبایە، لەم ساتانەی تەنیایی‌و ترس‌دا دەمتوانی بچمە لای. لەم سەرمایەو لەم تەومژەدا دەچم بەدەستی خۆم منداڵەکەم بەوان دەسپێرم. لەحاڵێکدا نازانم ئەمکارە دەبێتە هۆی بەختەوەریی ئۆسکار یان نا. داخوا میراتگرانی تاجوتەخت هەمیشە بەختەوەر بوون.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣٢

## هالسینبوورگ، ٢٢ی دیسامری ١٨١٠
## ڕۆژی گەیشتن بە سوێد

ئەوکاتــەی لــە بەنــدەری هێلســینگوور پێمــان نایــە کەشــتیی شــەڕکەری ســوێدیەوە تۆپەکانی قەڵای کرۆونبوورگ بە گرمەی وەک هەورەتریشقەی خۆیان بەخێراتنیان کردین. کەشــتییەوانەکان بــۆ ڕێزدانــان ڕاوەســتابوون. دەســتە چکۆڵەکــەی ئۆســکار لــە کــڵاوە سێگۆشەکەی درا تا وەڵامیان بداتەوە. ئەمنیش هەوڵم دەدا بــزە لــە لێوانم نــەبڕێ. هــەوا هێشتا مژاوی بوو،و بایەکی سارد کە بەسەر سەهۆڵەکاندا تێپەڕیبوو فرمێسکی لــەچاوان دێنام. ئەمن خۆم گەیاندە ژووری کەشتی بــەڵام ئۆسکار هــەروا لەســەر بــانی کەشتییەکە ڕاوەستابوو چاوی لە تۆپەکان دەکرد.

جارێکی دیکەو ڕەنگە بۆ چەندەمین جار لە کۆنت بەراهەم پرسی:

–هێشتا خەبەرێکی هاتنی هاوسەرەکەم نیە؟

تــەواوی دوانیوەڕۆیەکە بەلــەمی چکۆلــە لــەنێوان هالسینبوورگو هێلسینگووردا لــە هاتوچۆدا بوون تا وردەکاریی دەنگوباسی ڕێوڕەسمی پێشوازی لە ئێمە بگەیەنن.

کۆنت بەراهە لە وەڵامدا گوتی:

–هێندێ مەسەلەی گرنگی سیاسی پایەبەرزیان ناچار کردوە لــە ستۆکهۆڵم وەمێنــێ. چاوەڕوان دەکرێ داخوازێکی تازە لەلایەن ناپلیۆنەوە بگا.

لە نێوان ئــەم مژە سەهۆڵبەستوەو وردەبارانــە زستانییەکانی پاریسدا، دنیایــەک مەودا هەبوو. ئێستاش شۆقی چراکانی پــاریس لەســەر وردە قەڵبــەزەکانی ڕووبــاری سێن هەڵدەپــەڕێ. مەودایــەک بــە ئەنــدازەی هــەموو دنیــا نــاپلیۆنو ژان باتیست لێک جیــا دەکاتەوەو هێشتا ناپلیۆن داخوازی دیکە...

کڵاوی مەخمەری سەوزی ڕازاوە بە گوڵی سووری ئاوریشمین لە ڕوخسارم دەکاڵایەوە. چاکەتی نیوقەدی مەخمەری سەوزی تــەنگ منی کەڵەگــەتتر لــەوەی هــەبووم نیشــان دەدا. لــەنێو دەســرۆکە مەخمــەرە ســەوزەکەمدا لیســتی نــاوی ئــەو دەربارییانــەم دەگوشــی کــە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەڕێم بوون. نەدیمەکانی وەک لوونهووپو کووسکوول، بەرپرسانی تەشریفات وەک پیەرو... ئەو ناوانە کە هەرگیز فێریان نابم. لەونێوەدا کۆنت بەراهە بەنەرمی پرسیاری کرد:

-شازادە خانم ئیدی نیگەران نیە؟

-ئۆسکار کێی لەلایە؟ نامەوێ دە ئاوێ بکەوێ.

-هاوڕێی تایبەتیی خۆت سەرهەنگ ویلات ئاگای لێیەتی.

لە وەڵامی بەراهەدا جۆرێک پێداگرتنی وەک پلار لەسەر وشەی "هاوڕێی تایبەتیی خۆت" هەست پێدەکرا.

لەم ساتەوەختەدا خاتوو لافلووت بە حاڵەتێکی ترساوەوە پرسی:

-ئەوە ڕاستە کە خانمی شازادە شاڵواری خوریی دەپێدایە؟

هەستم کرد هێشتا دەگەڵ نەخۆشییەکەی دەستەویەخەیەو دووبارە دەریا گرتوویەتی. ڕوخساری لەبن ئەو هەموو پۆدرەشەوە هێشتا مەیلەوسەوز بوو.

-بەڵێ. ماری ئەوانەی لەشاری کڕینو فکرەکە، فکری وی بوو. ئەوانەی لە دوکانێ دیتبوو. ئەمنیش پێم وایە لەو هەوا ساردەدا پێویستیم بە ژێرپۆشی گەرم دەبێ. ڕەنگە ناچار بین ماوەیەکی زۆر لەم بەندەرە سەهۆڵبەستوە ڕاوەستینو گوێ بۆ وتاری پێشوازیکەران ڕابگرین. دیارە کەس داوێنی من هەڵناداتەوە تا ئەو شاڵوارە ببینێ. دەسبەجێ لە قسەی خۆم پەژیوان بوومەوە. هاوسەری وەلیعاد هەرگیز نابێ قسەی وای بەدەمدا بێ. ئەگەر کۆنتس لوونهووپ نەدیمەی تازەی من لێرە بووایە بە بیستنی ئەم قسەیە بەتوندی ڕادەچەنی.

کۆنت بەراهە پێشنیاری کرد:

-ئێستا لەسەر بانی کەشتییەکەوە دەکرێ لێوارەکانی سوێد ببینی، داخوا پایەبەرز حەز دەکا بێتە سەربان؟

کۆنت دوای ئەو پێشنیارە چاوەڕوان بوو ئەمن زۆر بەتامەزرۆیی بچمە سەربانی کەشتی. بەڵام ئەمن لە حاڵێکدا خۆم زیاتر لە پێشوو دە شنێلەکەی دیاریی ناپلیۆنەوە دەپێچا وەڵامم دایەوە:

-ئەمن زۆر ماندوومو جگەلەوەش بەتوندی هەست بە سەرما دەکەم.

کۆنتی لاوی سوێدی لەبن لێوانەوە گوتی:

-دیارە خانمی شازادە دەمبەخشن...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارێکی دیکە تۆپەکان گرماندیان. هەرچەند دەبێ تائێستا خووم بەو دەنگە وەک هەورەتریشقەیە گرتبێ، بەڵام دیسان بە بیستنی دەنگی یەکەمین گوللە ڕاچڵەکیم. یەکەمین گوللە نیشانەی سڵاو لە کەشتیی ئێمەوە بوو کە لە لێوارەوە وەڵامی درایەوە. ئیبووت ئاوێنەیەکی وەدەستی من داو ئەمن کەمێکم پۆدر لە ڕوخساری خۆم داو نەختێک سووراوم دە لێوانم هەڵسوو. لەبن چاوانم سێبەری شین دیار بوون کە بەرهەمی بێخەویی شەوانی پێشتر بوون. کۆنت بەراهە بۆ دڵنیاکردنی من گوتی:

–خانمی شازادە زۆر جوانە!

بەڵام ئەمن هێشتا پەرێشانو نیگەران بووم. پێم وابوو خەڵک شازادە خانمی خێزانی وەلیعاد بە شتێکی وەک شازادە ئەفسانەیییەکانی شامالشای پەرییان دەزانن‌و ئەمنیش شتێک نەبووم جگە لە هاونیشتمان ئووژنی دێزیرە کلاری.

لەحاڵێکدا هێشتا گرمەی تۆپەکان نەبڕابۆوە، ئەمن چوومە سەربانی کەشتی‌و لەپەنا ئۆسکار ڕاوەستام.

–بڕوانە دایە! هۆوێ سەرزەمینی ئێمەیە.

–نا، ئۆسکار! لەبیرت نەچێ ئەوێ سەرزەمینی خەڵکی سوێدە نەک سەرزەمینی ئێمە. هەرگیز ئەمەت لەبیر نەچێ.

دەستی ویم گرت. زرینگەی مۆسیقای سەربازی لە دوورەوە دەهاتە بەرگوێ. لە کەلێنی تەمومژەوە سەرشانە زێڕینەکان‌و جلوبەرگە تەیارەکان بەرچاو دەکەوتن. لەمکاتەدا کۆمایەک گوڵی سوورو مێخەکم بینین. بێگومان لەم سەرمای زستانەدا ئەو جۆرە گوڵانە بە سامانێکی گەورە دادەنران‌و زۆر گرانبایی بوون. کۆنت بەراهە بەپەلە ئامۆژگارییەکانی خۆی دەربڕین:

–چەند ساتێکی دیکە کەشتی لەنگەر دەگرێ. ئەمن خێرا بە پردە دارینەکەدا تێدەپەڕم‌و ئەمجار دەستم بۆ کۆمەگی شازادەخانم ڕادەدێرم تا هەنگاو باوێتە ئیسکلە. تکا دەکەم جێنشینی وەلیعادیش ڕاست لەپشتەوەی پایەبەرز ڕاوەستی. لە کەنار دەریاش دەبێ ئەو لەلای چەپی خانمی شازادە بڕوا. ئەمنیش ڕاست لەپشتەوەی پایەبەرز ڕادەوەستم.

بەڵێ ڕاست لەپشت من‌و بۆ پارێزگاری لە من. جێگەورەیەکی لاو کە بۆخۆی لە بنەماڵە لەمێژینەکانی سوێدە نایەوێ ڕێگا بە خەڵکی دیکە بدا بە کچی هاونیشتمانێکی سادەی فەڕانسەیی پێبکەنن.

–ئۆسکار باش تێگەیشتی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بڕوانە دایە ئەو هەموو یۆنیفۆڕمە سوێدییە؟! هەنگ (فەوج)ێکی تەواو، بڕوانە دایە!
لەم کاتەدا خاتوو لافلووت پرسی:
–کۆنت بەراهەی خۆشەویست، ئەمن دەبێ لەکوێ ڕاوەستم؟
ئاوڕم وێ دا.
–لەپشتەوەی ئێمەو لەپەنا سەرهەنگ ویلات. چونکە ئەتۆ جێسەرنجی پێشوازیکەران نی.
ئۆسکار ڕووی تێکردمو گوتی:
–دایە! دەزانی ئەوان لە هێلسینگوور؛ کۆنت بەراهەیان بە چناوێک بانگ دەکرد؟ ئادمیڕاڵ...
تاوێک دەنگی گرمەی تۆپەکان هەستاو ڕستەکەی ئۆسکار ناتەواو ماو ئەمن پرسیم:
–بۆچی ئۆسکار؟ کۆنت ئەفسەرێکی سوارەنیزامە نەک ئادمیڕاڵ.
–بەڵام ئەوان بە ئادمیڕاڵ لافلووت بانگیان دەکرد.
هاواری پێشوازیکەران بووە هۆی ئەوەی ئەو بەهەموو هێزی خۆیەوەو بە هاوارکردن درێژەی بداتێ:
–ئەتۆ دەزانی بۆچی کۆنتی بە ئادمیڕاڵ لافلووت بانگ دەکەن دایە؟
بەخۆم نەبوو پێکەنیمو لەحاڵێکدا کەشتی خەریکی ڕاوەستان لە کەنار بوو ئەمن بەتوندی پێدەکەنیم.
کرۆون پرینسێسان ئیسکال لوو! کرۆون پرینسێسان ئارڤێ پرینسن.
هاواری یەکئاواز لە فەزادا دەنگی دایەوە بەڵام مژی خەست ڕوخساری هاوارکەرانی داپۆشیبوو؛ حەشیمەتێک کە نەکهەر لەپشت پەردەی مژەوە بەڵکوو لەپشت ڕیزی سەربازانەوە ڕیز ببوون لەسەر کەنارەکە ون ببوون. ئەمن تەنیا ڕوخساری دەرباریەکانم لێکدەکردەوە؛ ڕوخسارگەلێکی جیددی کە چووکترین بزەیان پێوە دیار نەبوو، منو ئۆسکاریان خستبووە بەر سیلەی چاوەکانیان. بزە لەسەر لێوانم وشک بوو.
پردی دارینی کەشتی بەردرایەوەو سروودی نیشتمانی لێدرا کە زۆرم بۆ ئاشنا نەبوو. سروودێک نەک وەک مارسەیەز حەماسەییو هەژێنەر بەڵکوو پتر وەک ئاوازە مەزهەبییەکان وشک، خۆپارێزانەو سەنگین.
کۆنت بەراهە بەپەلە بەپەنامدا تێپەڕیو بازی دایە وشکانیو تاوێک دواتر دەستی بۆ لای من ڕاداشت. خێراو بێئیرادە بۆلای چووم. پاشان دەستی ویم لەبن قۆڵی خۆمو ئەمجار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خاکی سەهۆڵبەستووم لەبن لاقی خۆم هەست پێکرد. چاوترووکانێک بەتەنیا بوومو دوایە ئۆسکارم لە تەنیشت خۆم دیت. دەسکێک غونچەگوڵی سوورم بۆلا درێژ کران. پیرەپیاوێک بە یۆنیفۆرمی مارشاڵیی سوێدەوە ئەوانی پێشکێش کردم. مارشاڵ یووهان کریستۆفەر توول فەرماندەری گشتیی ئیسکانی. ئەوە کۆنت بەراهە بوو کە بەسرتە ناوەکەی بەگوێدا دەچپاندم. چاوە بێتینەکانی پیرەپیاو تەماشایان دەکردم، بەڵام نیشانەیەک لە بەخێرهێنان لەواندا نەدەبینرا. گوڵە سوورەکانم وەرگرتن، بەنیشانەی ڕێزدانان بەسەر دەستی ڕاستی مندا کە بۆلای درێژ کرابوو چەمایەوەو پاشان هەر ئەو جووڵەیەی بەرامبەر بە ئۆسکاریش دووپاتە کردەوە. ئەمجار چاوم بە خانمانێک کەوت کە بەجلی ئاوریشمینو شنێلی کۆبەتێگیراو بە کەوڵی قاقمەوە خەریکی ئیکلامکێشان بوون. بەدوای واندا شەپۆلێک لە یۆنیفۆرمپۆشانم دیت کە چەمابوونەوە.

بەفربارین دەستی پێکردو ئەمن بەپەلە دەگەڵ یەکیەکی وان دەستم لێدایەوە؛ ڕوخسارگەلی نائاشنا کە بەزەحمەت هەوڵیان دەدا بزەیەک بێننە سەر لێویان. بەڵام ئەوکاتەی ئۆسکار دەستی بۆلایان درێژ دەکرد، بزەکان سروشتیتر دەبوون. مارشاڵ توول بە فەڕانسەیییە نەک زۆر ڕەوانەکەی بەخێرهاتنی کردم. کلووە بەفر دەهاتنە خوار. سەرم وەرسووڕاندو چاوێکم لە ئۆسکار کرد. ئەو زۆر بەئیشتیاوە خەریکی تەماشای کلووە بەفرەکان بوو. دووبارە سروودی نیشتمانی لێدرایەوە. هەروا بێجووڵە لە ئیسکلەی هالسینبوورگ ڕاوەستابووم کلووە بەفری سپی دەنیشتنە سەر ڕوخسارم. کاتێک دوا نۆتەی سروودەکە لێدرا دەنگی ئۆسکار بێدەنگیی شکاند:

–ئێمە لێرە زۆر شادو بەختەوەر دەبین دایە! بڕوانە ئەو بەفرەی!

نازانم بۆ ئەو کوڕەی من هەمیشەو وەک باوکی هەر قسەیەکو هەرکارێک لەوەختی خۆیدا دەکا. هەرئەو پیاوە بەساڵداچووەکە جارێکی دیکە باسکی خۆی وەمن دا تا بمگەیەنێتە کالیسکەی شاهانە. کۆنت بەراهەش ڕاست لەدوای منەوە ڕاوەستابوو، چاوێکم لە ڕوخساری نادۆستانەی پیرەپیاوەکەو هێندێ ڕوخساری نائاشنای دواوەی کردو جگە لەچاوی دارەکان، نیگای ساردو ڕەخنەگرم نەدیتنو بەخۆم نەبوو گوتم؛

–تکاتان لێدەکەم هەمیشە دەگەڵ کوڕەکەم میهرەبان بن.

ئەم قسانە بەدەر لە بەرنامەی وتووێژەکانی من بوون. قسەگەلێک کە لەخۆوە لە زارم دەرپەڕیبوونو بێگومان بەپێچەوانەی دابوشوێن دادەنران. شوێنەواری سەرسوڕمانو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها سەرسامی‌یەکی خۆبەکەمگرانە لەسەر ڕوخسارەکان دەرکەوتن. کلووە بەفرم لەسەر مژۆڵو لێوانم هەست پێدەکردنو کەس نەیدەدیت کە دەگریم.

هەر ئەو شەوەو کاتێک جلەکانم داکەندن ماری پرسی:

–هەقم نەبوو ئووژنی؟ ژێرپۆشە خوری‌یەکان دەڵێم؟ ئەگەر ئەوان نەدەبوون ئەتۆ لە ڕێوڕەسمی بەندەرگادا لەسەرمان ڕەق دەبوویەوە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣٣

## کۆشکی پادشایەتیی ستۆکهۆڵم، کۆتایی زستانە سەختەکەی ١٨١١

سـەرەنجام ئاسـمان بەڕاسـت هـەروەک مەلافەیـەکی تازەشـۆراوی لێهـاتو کۆمـای سەهۆڵە مەیلەوسەوزەکان لە چۆمی مالاردا وەمەلە کەوتن. ئاوە هەستاوەکان، لـەبن ئـەو سەهۆڵە مەلەکەرانەدا دەیانگوڕاندو خلۆر دەبوونەوە. بەفر دەتوایەوەو کۆما سـەهۆڵەکان بە دەنگێکی وەک هەورەتریشقە تێک دەشکانو وردوخاش دەبـوون. سـەیرە کە بـەهار لـەم سـەرزەمینەدا نـەک بەنـەرمی و ئـارامی بـەڵکوو بـە هەڵلاوهەنگامـەو شەڕفرۆشـی نـوێ دەبێتەوە، ئەویش زۆر بەسستی.

پاشنیوەڕۆیەکی بەهاری کۆنتیس لوونهووپ هاتە لامو گوتی:

–خانمی شازادە! خاوەنشکۆ شاژن جەنابتی بانگهێشتن کـردوە کـە بـۆ چاخواردنـەوە دەگەڵ وی بچیە سالۆنی خاوەنشکۆ شاژن.

فکرم بۆ ئەم بانگهێشتنە نەدەچوو. هەموو شەوێ ئەمنو ژان باتیست شـێومان دەگـەڵ کوڕەکەمان دەخواردو پاش ئەوە سەعاتێکمان دەگەڵ شاژن بەسەر دەبـرد. جگەلـەوە حـاڵی پادشاش زۆر باشتر ببوو. ماوەیـەک پێشـتر ئـەو تووشـی جەڵتەیـەکی سووک بـوو. هـەر شەوی نەخۆشییەکەی شاژن ئەنگوستیلەیەکی گەورەی کە مۆری پادشـایەتیی لەسـەر بـوو لە قامکی پادشا دەرهێناو دە قامکی ژان باتیستی کرد. ئەم کارە نیشانەی متمانەی تەواوی پادشا بە ژان باتیست لە کاروباری حکوومەتیدا بوو، بەڵام ئەو هێشتا وەلیعاد بوو نەک جێگری پادشا.

جـارێکی دیکـە پادشـا لەسـەر کورسـیی هەمیشـەیی خـۆی پـاڵی دابـۆوەو بزەیـەکی پەرێشانی لەسەر لێوانی دەبینرا. تەنیا بەشەکانی لای چەپی لەشی کەمێک داکەوتوو دیار بوون. بەڵام تا ئەوکاتە شاژن هەرگیز منـی بـە تـەنیایی بانـگ نـەکردبووە لای خـۆی، بـۆ ئێستا وای کردبوو؟ ئێمە کە قسەیەکمان نەبوو بیکەین.

–بە خاوەنشکۆ شاژن بڵێ دەچمە خزمەتی.

بەئارامی ئەم وەڵامەم بـە لوونهووپ دایـەوەو غـارم دا بـۆ ژووری خۆڕازاندنـەوەم تـا جلوبەرگم ڕێک وپێک بکەم. بڕۆسێکم بە قژمدا هێناو شنێلێکی خەزدۆزیکراوم کە تـازە ژان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باتیست بۆی ئامادە کردبووم بە شانمدا داو بەئارامی لە پلیکانە مەڕمەڕینو ساردەکانی خانمی خاوەنشکۆ وەسەر کەوتم.

هەرسێکیان لە دەوری مێزێکی چکۆڵە دانیشتبوون؛ بەدایککراوی مێردەکەم، شاژنە هێدویژ ئەلیزابێت شارلووت کە بەڕواڵەت دەبوو منی خۆش بوێ، شاژنە سووفیا ماگدالنا کە زۆر دەلیلی بۆ بێزاری لەمن هەن. چونکە هاوسەرەکەی کوژراوەو کوڕەکەی دوور خراوەتەوەو سەرەنجام نەوەکەشی کە هاوتەمەنی ئۆسکارە، لە هەموو مافێک دەرهەق بە تاجوتەختی سوێد بێبەشەو سێیەمین کەسیش شازادە خانم سووفیا ئالبێرتینایە، پیرەکچێکی بەتەمەن، بە ڕوخسارێکی پڕچرچ ولۆچ، سنگێکی تەختو قژێکی تێکئاڵقاوی منداڵانەوە کە ملوانکەیەکی کارەبایی ناشیرنی دە ملە باریکەکەی کردوە. هەرسێکی ئەو خانمانە بەسەر کاری دروومانەکەیاندا چەمابوونەوە. شاژن بە ئاگاداری لە چوونەژووری من گوتی:

–دانیشە خانم!

ئەو سێکەسە هەروا خەریکی دروومانی خۆیان بوون. دەسکێک خونچە ڕۆز بە ڕەنگێکی سەیر سووریکی مەیلەو بنەوشەوە لەسەر مێزی گوڵدۆزیەکەیان دانرابوو. چایان هێناو ئەو سێیە دەستیان لە گوڵدۆزی کێشایەوەو کەوتنە چاخواردنەوە. دوو قومی لەسەریەکم خواردنەوە. چای گەرم زمانمی سووتاند. شاژن فەرمانی بە پێشخزمەتەکان دا بچنە دەرێ. تەنانەت یەکێک لە نەدیمەکانیش لە ژوورەکە نەما.

–کچی خۆشەویستم! دەمەویست قسەت لەگەڵ بکەم.

شازادە خانم سووفیا ئالبێرتینا بە بزەیەکی قینلەزگانەوە ددانە درێژەکانی نیشان دان. شاژنی دایکیش لە لایەکی دیکەی مێزەکە بە بێموبالاتی چاوی لە فنجانە چایەکەی خۆی دەکرد.

–کچی خۆشەویستم! دەمەویست لێت بپرسم بۆخۆت پێت وایە ئەرکی هاوسەری وەلیعادی سوێد بە باشی ئەنجام دەدەی؟

هەستم کرد ڕوخسارم داگیرساوە. چاوی نزیکبینو ڕەنگپەڕیوی وان بەبێڕەحمی روخساری سوورهەڵگەڕاوی منیان کردبووە نیشانە. سەرەنجام وەڵامم دایەوە:

–نازانم خانم.

برۆ پڕپشتو تاریکەکانی شاژن بەرەو سەر هەڵبەزین.

–ئەتۆ نازانی خانم؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-نا،ئەمن ناتوانم لەو بارەیەوە داوەری بکەم، چونکە یەکەمجارە نەخشی هاوسەری وەلیعادێک وەئەستۆ دەگرم. ماوەیەکی زۆریش لە وەرگرتنی ئەم ئەرکە نەگوزەراوە.

شازادە سووفیا ئالبێرتینا بە دەنگێکی وەک بارەبارِی مەرِ دەستی کردە پێکەنین. جموجۆڵو پێکەنینەکەی بەراستی وەک بزنان دەچوو. شاژنیش بە جووڵەیەکی توند بەڵام دەنگێکی نەرمی وەک هەریر لێی زیاد کرد:

-بەراستی جێی داخە چبۆ خەڵکی سوێدو چبۆ وی کە بە هەڵبژاردەی وان دادەنرێ. بەڵێ بەداخم کە ئەتۆ نازانی هاوسەری وەلیعادێک دەبێ چرِەفتارێکی هەبێ خانم.

شاژن قومێکی چکۆڵەی چا خواردەوەو پاشان لەحاڵێکدا لەپەنا فنجانەکەیەوە چاوی دە منەوە برِیبوو گوتی:

-کەوایە ئەمن بەتۆ کچی خۆشەویستم دەڵێم کە رِەفتاری هاوسەری وەلیعاد دەبێ چۆن بێ.

بیرم کردەوە کە هەموو شتێک بێهوودە بووە. فێربوونی رێوشوێنی ژیانی کۆمەلایەتیی مۆنتێل، دەرسەکانی پیانۆ، رِەفتارو هەڵسوکەتێک کە بۆ فێربوونیان ئەو هەموو هەوڵەم دابوو، هەمووی تێکرِا بێهوودە بوو. هەروەها بێدەنگیم لە مەجلیسەکانی دەرباری ستۆکهۆلمدا بۆ ئەوەی ژان باتیست شەرمەزار نەبێ، بەرهەمێکی نەبووەو تەواوی ئەوکارانە پووچو خۆرِایی بوون.

-هاوسەری وەلیعاد هەرگیز بەبێ هاودەمێک دەگەڵ ئاجودانی مێردەکەی ناچێتە ئەسپسواری.

مەبەستی کێ بوو... ویلات؟

-ئەمن... ئەمن لەمێژساڵە سەرهەنگ ویلات دەناسم؛ لەوکاتەوە کە لە سوو دەژیام. ئێمە هەمیشە باسی بیرەوەرییە خۆشەکانی رابردوو پێکەوە دەکەین.

-لە رێورِەسمو میوانداریی‌یەکانی دەرباردا هاوسەری وەلیعاد دەبێ دەگەڵ هەمووان بە میهرەبانی بدوێ. کەچی ئەتۆ وا رەفتار دەکەی دەڵێی کەرِو لاڵی.

-تواناو نیعمەتی قسەکردنیان بۆیە داوە بە مرۆڤ کە بەمجۆرە بیرو بۆچوونەکانی بشارێتەوە.

وشەکان بێ ویستی خۆم بەزمانمدا دەهاتن. جارێکی دیکە دەنگی پێکەنینی وەک هێرِەی کاریلەی ئەو بزنە پیرە بەرز بۆوە.

چاوە بێ شۆقەکانی شاژن لە سەیران داپچرِانو ئەمن بێ راوەستان گوتم؛



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-دیاره ئەمە شێوەی من نیە. بەڵکوو یەکێک لە دیپلۆماتەکانی ئێمە... دیپلۆماتە فەڕانسەیی‌یەکان وای دەگوت. کۆنت تالیران، شازادەی بنەڤێن. لەوانەیە خانمی خاوەن‌شکۆ ناوی ئەوی بیست...

-ئەمن باش دەزانم تالیران کێیە.

-خانم وەختێک کەسێک ئەوەندە بەهۆش نیەو بە ئەندازەی پێویست نازانێ دەبێ بیروبۆچوونەکانی بشارێتەوە چونکە قسەکردن هیچ کۆمەگێکی پێ‌ناکا.

دەنگی تەقەتەقی فنجانی هاتو شاژنی دایک بە دەستێکی لەرزۆک فنجانەکەی لەسەر مێزەکە دانا.

-ئەتۆ دەبێ هەوڵ بدەی دەگەڵ خەڵکی دەوروبەرت قسە بکەی. جگەلەوەش نازانم ئەتۆ دەتەوێ چشتێک لە دۆستانی سوێدیی خۆتو پەیڕەوانی دواڕۆژی خۆت بشاریەوە.

ئەمن دەستم لەسەر ئەژنۆم داناو ڕاوەستام تا قسەکانی تەواو بکا، چونکە هەر شتێک کۆتایی‌یەکی هەیەو ئەو دانیشتنەی ئێمەو ئەو قسانەش ناچار تەواو دەبوون.

-ئەمن لە خزمەتکارێکی خۆمم بیست کە خزمەتکاری تۆ پرسیاری لەبارەی پیاوێکەوە کردوە بەناوی پێرسۆن. دەمەویست وەگوێت هەڵێنم کە هەرگیز نابێ فکری شت‌کڕین لەم دوکانەت هەبێ. سەرم هەڵبڕی‌و پرسیم:

-بۆچی؟

ئەو فرۆشیاری تایبەتیی دەربار نیەو هەرگیزیش ئەو پێگەیە پەیدا ناکا. پاش بیستنی داستانی پرسیاری خزمەتکاری تۆ لێکۆڵینەوەم لەسەری کرد. خانم. ئەوپیاوە بە بوونی بیروباوەڕی شۆرشگێڕانە بەناوبانگە.

-ئەو پێرسۆنەی مەبەستی تۆیە لە سەردەمی شۆرشی فەڕانسەدا لەو وڵاتە ژیاوە. گۆیا ئامانجی لە چوون بۆ فەڕانسە فێربوونی بازرگانیی هەریر بووە. پاش هاتنەوە ئەو دەگەڵ خوێندکاران، نووسەرانو هێندێ کەسی بێ‌ناوونیشان تێکەڵاویی هەبووەو دەگەڵ وان باسی ئەو شتە دەکا کە بۆتە مایەی چارەڕەشیی میللەتی فەڕانسە.

مەبەستی شاژن چی بوو،و دەیەویست چبڵێ؟

-ئەمن باش لە مەبەستی جەنابت حاڵی نەبووم خانم. پێرسۆن وەختێک لەلای ئێمە لە مارسەی دەژیا. ئەو لەلای باوکمو لە دوکانەکەی وی کاری دەکردو شەوانە ئەمن زمانی فەڕانسەم پێ‌دەگوت. هەرلەو پێوەندی‌یەدا پێکەوە بە قانوونی مافی مرۆڤدا دەچووینەوەو لەبەرمان دەکرد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-خانم!!

ئەو بە توندیو پێداگرییەک وشەی خانمی دەربڕی کە دەتگوت زللەیەکی توندە لە لاچاوی مرۆڤ دەدرێ.

-ئەتۆ دەبێ ئەو ڕووداوە لەبیر بەریەوە. قبووڵ ناکرێ کەسێکی وا دەرسی لەکن تۆ خوێندبێ... یان تەنانەت سەروکاری لەگەڵ باوکی تۆ هەبووبی.

-خانم! باوکی من پیاوێکی بەڕێزو بازرگانێکی هەریر بوو، دەزگای کلاری ئێستاش دەزگایەکی ناودارو شیاوی متمانەیە.

-ئەمن لەتۆم دەوێ ئەم شتانە لەبیر بەریەوە خانم! ئەتۆ ئێستا هاوسەری وەلیعادی سوێدی.

بێدەنگییەکی قورس سێبەری بەسەر وێدا کێشا. سەرمم داخستو چاوم لە دەستانم کردو هەوڵم دا خۆم کۆنترۆڵ بکەم. بەڵام زەینم بە توندی شێوابوو،و لەجیاتی ئەقڵم، هەستم بەسەرمدا زاڵ بوو. بۆیە بە زمانی سوێدی گوتم:

-لاگر کڕوون پرینسان..!

پاشانیش بەئارامی لێم زیاد کرد:

-ئەمن خەریکم زمانی سوێدی فێر دەبم تا ئەرکەکانم باشتر ئەنجام بدەم. بەڵام وا دیارە ئەمە بەس نیە.

کەچی وەڵامێکم وەرنەگرتەوە. بۆیە سەرم هەڵیناو گوتم:

-خانم! ئەگەر.. ئەگەر ئەمن هاوسەری ژان باتیست نەبایەم، داخوا ئەتۆ خاوەنشکۆت هان دەدا بیکاتە جێگرەوەی خۆی؟

-لەوانە بوو.

دووبارە دەنگی بزنانەی ئەو پیرەکچەم بیست کە دەیگوت:

-خانم حەز لە فنجانیکی دیکە چا دەکەی؟

شاژن جارێکی دیکەو تەواو بەساردی گوتی:

- کچم! دەمەوێ ئەتۆ بەوردیو تەواو جیددی بیر لە قسەکانم بکەیەوەو ئەو جۆرە ڕەفتار بکەی.

-ئەمن ئێستاش هەر لە فکری ئەوەدام خانم!

-ئەتۆ تەنانەت لەحزەیەکیش نابێ وەزعی کوڕە خۆشەویستەکەمانت لەبیر بچێ. مەبەستم وەلیعادە خانم!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شاژن بەڕاوێژی قسەکەی واشی دەنواند کە ئیدی قسەیەکی نەماوە بیکاو ئەم قسەیەی پیاڵەی سەبری سەرڕێژ کردم.

–خانمی خاوەنشکۆ تاوێک پێش ئێستا سەرکۆنەی دەکردم کە بۆچی ناتوانم لەبیر بەرمەوە باوکم کێو چکارە بووە. ئێستاش داوا دەکا هیچوەخت وەزعی هاوسەرەکەمم لەبیر نەچێ. بەڵام دەبێ جارێکو بۆ هەمیشە بڵێم ئەمن هیچ شتێکو هیچ کەسم لەبیر ناچێ.

ئیدی بێئەوەی چاوەڕوانی ئیزنی شاژن بم هەستام. نەفرەت لە هەرچی دابوشوێنە. هەرسێکیان بێجووڵە دانیشتبوون؛ تەواو راستو بێجووڵە.

–لە ماڵەکەی خۆم لە مارسەی ئێستا گوڵی میمووزا چرۆی دەرکردوە خانم! کاتێک هەوا نەختێک گەرمتر بوو ئەمن دەچمەوە فەڕانسە.

زەبرەکە کاریگەر بوو. هەرسێکیان دەرپەڕین. شاژن بەتوندی ڕاچڵەکی بەڵام بزنە پیرە وێدەچوو باوەڕی بە قسەکەم نەکردبێ. تەنانەت شاژنی دایکیش بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکردم. شاژن بە دوودڵی پرسی:

–دەچیەوە...؟ لە کەنگێوە ئەو بڕیارەت داوە؟

–هەر ئێستا خاوەنشکۆ!

–ئەم کارە لەباری سیاسی‌یەوە دروست نیە، قەت دروست نیە. ئەتۆ دەبێ لەوبارەیەوە دەگەڵ کوڕی خۆشەویستم وەلی‌عاد قسە بکەی.

–ئەمن بێ ڕەزامەندیی هاوسەرەکەم هیچکارێک ناکەم!

بزنە پیرە کە نەی‌دەتوانی شادمانیی خۆی بشارێتەوە، گوتی:

–ئەتۆ لەپاریس لە کوێ دەمێنیەوە خانم! ئەتۆ کۆشکێکت لەوێ نیە.

–ئەمن هیچوەخت لەوێ کۆشکم نەبووە. بەڵام هێشتا خانووی خۆمان لە شەقامی ئانژوو هەیە. ماڵێکی ئاسایی نەک کۆشک. بەڵام زۆر جوانو دڵگر بۆ من. ئەمن پێویستیم بەکۆشک نیەو خووشم بە ژیانی نێو کۆشکەوە نەگرتوە. ئەمن نەفرەتم لە کۆشکان هەیە خانم!

شاژن کە جارێکی دیکە هاتبۆوە سەر خۆی گوتی:

–ڕەنگە ماڵە گەورەکەی ئێوە لە دەوروبەری پاریس بۆ مانەوەی هاوسەری وەلی‌عادی سوێد گونجاوتر بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–مەبەستت لاگرانژە؟ ئێمە نەکەهەر لاگرانژ بەڵکوو هەرچی بوومان هەموویمان فرۆشت تا بتوانین قەرزەکانی دەرەوەی سوێد بدەینەوە. قەرزە قورسەکانی سوێد خانم!

شاژن لێوی خۆی کورماند بەڵام خێرا وەڵامی دایەوە:

–نا. ئەمە ناگونجێ. هاوسەری وەلیعادی سوێد، شازادەخانم دێزدێریا نابێ لە ماڵێکی ئاسایی پاریس وەمێنێ. بێجگە لەوەش...

–ئەمن ئەم مەسەلەیە دەگەڵ هاوسەرم باس دەکەم. بەهەرحاڵ ئەمن بەنیاز نیم بە ناوی دێزیدیریای سوێدییەوە سەفەر بکەم.

هەستم کرد چاوم پڕن لە فرمێسک. بەڵام نا. نابێ بگریم تا ئەو سێکەسە بەگریانی من خۆشحاڵ نەبن. بۆیە سەرم هەڵبڕیو گوتم:

–دێزیدیریا... کەسێک کە دڵخوازە!! ڕەنگە ئەتۆ خانمی خاوەنشکۆ بتوانی بیر بکەیەوەو ناوێکی خوازراوی گونجاو بۆمن بدۆزیەوە. ئێستا ئیدی دەتوانم بڕۆم؟

بەدوای ئەم قسەیەدا بێڕاوەستان وەڕێ کەوتمو بەجۆرێک دەرگام لە دوای خۆمەوە پێوە دا کە دەنگەکەی لە هەموو داڵانە مەڕمەڕییەکاندا دەنگی دایەوە. ئەمن جارێکی دیکە ئەم کارەم کردبوو لە کۆشکێک کە دەستی قەزاوقەدەر بردبوومیە ئەوێ.

لە سالۆنی شاژنەوە ڕاستەڕێ چوومە ژووری کاری ژان باتیست. لە ژووری چاوەڕوانی یەکێک لە ئاجودانەکانی ڕێگای پێگرتمو گوتی:

–ئیزن دەدەی خەبەر بە حەزرەتی شازادە بدەم؟

–نا. سوپاس. ئەمن وا فێر بووم بێ خەبەردان بچمە ژووری هاوسەرەکەم.

–بەڵام ئەمن ناچارم خەبەر بە پایەبەرز بدەم!

–کێ تۆی ناچار کردوە؟ پایەبەرز؟

–داب‌وشوێن خانمی شازادە! چەندین سەدەیە کە...

پاڵێکم پێوە ناو ڕێی خۆم کردەوە. وا ڕاچەنی دەتگوت خەنجەری لێدراوەو لەحاڵێکدا پێدەکەنیم گوتم:

–مەترسە باروون! ئەمن لەو داب‌وشوێنە زیاتر تۆ خەوشدار ناکەم.

ئەمجار چوومە ژووری ژان باتیست. ئەو لەپشت مێزی کارەکەی دانیشتبوو، کۆمایەک نوسراوو بەڵگەنامەی لەپێش بوونو هەر لەوحاڵەشدا گوێی بۆ قسەی سەرۆکوەزیر وێترستێدو دوو پیاوی دیکە ڕاگرتبوو. دەمامکی هەتاوگیرەوەی ڕەنگسەوز سێبەری خستبووە سەر لایەکی دەموچاوی. فێرناند پێشتر بە منی گوتبوو کە چاوەکانی زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناڕەحەتن چونکە لێرە ڕۆژ زۆر کورتن‌و زۆربەی کاتەکان ئەو لەبەر ڕووناکیی ناسروشتی موتاڵا دەکا. ئەو هەموو ڕۆژێ لە سەعات نۆو نیوی بەیانی‌یەوە تا سێی دوای نیوەشەو کاری دەکردو هەربۆیە چاوەکانی بەتوندی وەزەندی‌یان پێگەیشتبوو. ئەو تەنانەت ئەوەی لە منیش دەشاردەوە نەوەک ببێتە مایەی نیگەرانیم. ئێستاش کە منی دیت دەسبەجێ لای‌برد.

–شتێکی تایبەتی ڕووی داوە دێزیرە؟

–نا. هەر دەمەویست قسەت لەگەڵ بکەم.

–دەسبەجێ؟

–نا. ئەمن بێدەنگ دادەنیشم‌و چاوەڕێ دەبم تا کاری تۆ دەگەڵ ئەم بەڕێزانە تەواو دەبێ.

کورسی‌یەکم هێنایە لای سۆبەکە تا خۆم گەرم کەمەوە. گوێم لێ‌بوو ژان باتیست دەیگوت:

–دەبێ لەبیرتان بێ کە "ڕێکستاڵ"ی سوێد، کەم‌بایەخترین پارەی ئورووپایەو ئێمە هەرگیز ناتوانین ئەو چەند پۆندە ئینگلیزی‌یە کە لە کڕین‌وفرۆشتنی نهێنی دەگەڵ ئینگلیستان دەستمان کەوتوە بێهوودە لەنێو بەرین‌و بۆ شتی ناپێویست خەرجی بکەین. ئەمن ناچارم بێمە نێوەوە، بەڕێزان. ئەمن هەموو دارایی خۆم خستۆتە مەترسی‌یەوە تا نرخی پایەداری پارە بەدەست بێنم. ئەمن پێویستیم بە کەرەسەی شەڕ هەیەو ناتوانم کرێکاران لە کارگەی ئاسنگەری‌و دارتاشی بێنمە دەرێ‌و وەک سەربازی تازە کاریان پێ بسپێرم. ئەمن پێویستیم بە ئاگربارو تۆپخانە هەیە، ناکا ئێوە وا بزانن لە شەڕی ئەمڕۆدا، دەتوانی بە شمشێرو قەڵغان بە سەرکەوتن بگەی.

لە مێشکی خۆمدا بە وتووێژەکانی خۆم‌و شاژن‌دا چوومەوەو بە گەیشتن بەو ئاکامە کە هەقم بووە، زۆر ئارام بوومەوە. بەڵام بەتوندی دەترسام. ژان باتیست کە ئیدی لەبیری چووبوو ئەمن لەوێم، جارێکی دیکە دەمامکە هەتاوگێڕەوەکەی لەسەر دەموچاوی بوو،و نامەیەکی لە نزیک چاوی گرتبوو خەریکی خوێندنەوەی بوو.

–هیوادارم وەزیری کاروباری دەرەوە بایەخی ئەم بابەتە تێگەیشتبێ. ئێمە دوو سەربازی ئینگلیزیمان لە مەیخانەیەکی بەندەری گووتەبوورگ گرت‌و ئینگلیستانیش بۆ ئەوەی وا بەفەڕانسە نیشان بدا کە دەگەڵ سوێد لەشەڕدایە، سێ‌کەسی سوێدیی گرتوون. ئێستا دەوڵەتی ئینگلیستان یەکێک لە بەتواناترین دیپلۆماتەکانی خۆی تۆرنتۆنی بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتوویژ لەبارەی زیندانی‌یانەوە ناردۆتە ئێرە. ئەمن دەمەوێ وەزیری کاروباری دەرەوە ئێنگسترۆم بۆخۆی وەریبگرێو وتوویژی دەگەڵ بکا.

ژان باتیست پاشان تەماشایەکی وانی کردو زیادی کرد:

–هەروەها دەمەوێ ساچڵتێنیش لەم وتوویژانە ئاگادار بێ،و بەڵکوو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تێشیاندا بەشدار بێ.

ساچڵتێن باڵیۆزی ڕووسیە لە ستۆکهۆڵمەو تزار هێشتا بە هاوپەیمانی ناپلیۆن دەژمێردرێ. بەڵام ئەو لەم دوایی‌یەدا دەستی بە تەیارکردنی سوپایەکەی خۆی کردوەو ناپلیۆنیش هێزەکانی خۆی ناردوونە پوومرانیو لەهیستان. داخوا ژان باتیست لەو فکرەدایە کە ئینگلیستانو ڕووسیەی بکێشێتە سەر بەستنی پەیمانێکی نهێنی؟

لێرەدا یەکێک لە پیاوەکان گوتی:

–لەوانەشە لەوحاڵەتەدا بتوانین مەسەلەی فێنلاندیش دەگەڵ ساچڵتێن بێنینە گۆڕێ.

ژان باتیست هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە ڕەنجاوی گوتی:

–ئێوە هەمیشە بە هێنانەگۆڕی ئەو بابەتە تزاری تووڕە دەکەنو...

ئەو چاوترووکانێک ڕاوەستاو دوایە درێژەی دایە:

–ببوورن بەڕێزان. ئەمن دەزانم فێنلاند بۆ ئێوە چەند گرنگە. ئێمە جارێکی دیکە ئەم مەسەلەیە دەگەڵ ساچڵتێن باس دەکەینو ئەمن لە نامەی لەمەودوای خۆم بۆ تزاردا ئاماژە بەوەش دەکەم. سبەینێ بەیانی دووبارە دەتانبینمەوە. شەوێکی خۆشتان بۆ بەئاوات دەخوازم.

ئەوان بەرامبەر بە ژان باتیستو دوایە من ئیکلامیان کێشاو لە ژوورەکە چوونە دەر. دارەکانی نێو سۆبە بە قرچوهۆڕ دەسووتان. ژان باتیست دەمامکە هەتاوگێڕەوەکەی لەسەر روخساری لاداو چاوی لێکنان. حاڵەتی دەمو ڕوخساری ئۆسکاری وەبیر دێنامەوە؛ ڕوخسارێک کە دەگەڵ ماندوویی شوێنەواری ڕەزامەندیی تێدا دەبینرا. لە دڵی خۆمدا گوتم چەند باش دەرەقەتی بەڕێوەبردنی وڵاتێک دێ؛ چەند باشو وشیارانە.

–باشە ئێستا پێم بڵێ بزانم چبووە کچەکە گیان؟

–ئەمن لێرە دەڕۆم ژان باتیست! هاوین دابێو ڕێگاکان خۆشتر بن ئەمن دەچمەوە ماڵێ، ئازیزم.

لەم کاتەدا ژان باتیست چاوی کردنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەرێ شێت بووی؟ ئێستاش لەماڵێ خۆتی. لێرە لە کۆشکی پادشایەتیی ستۆکهۆڵم. هاوینێش دەچینە کۆشکی کوێستانیی درووتینگهۆڵم. کۆشکێکی خۆشو لەبەر دڵان بەباغێکی زۆر گەورەو جوانەوە کە گومانم نیە پێت خۆش دەبێ.

–بەڵام ئەمن دەبێ بڕۆم ژان باتیست، ئەمە تەنیا ڕێگەچارەیە.

پاشئەم پێداگرتنە، تەواوی وتووێژی خۆم لەگەڵ شاژنم وشە بەوشە بۆ گێڕایەوە. ئەویش لەحاڵێکدا گنجەکانی نێوچاوانی قووڵتر ببوون، زۆر بەوردی گوێی بۆ قسەکانم ڕاگرتو لەنەکاو تەقیەوەو وەک هەورەتریشقە نەڕاندی:

–ئەمنیش تەواوی ئەو قسە قۆڕانەم بیستنو زانیم کە خاوەنشکۆ شاژنو خانمی هاوسەری وەلیعاد ناتوانن پێکەوە ڕێک کەونو ناسازێن. بەڵام دەبێ بڵێم کە شاژن هەقیەتی... ئەتۆ هەرگیز ڕەفتارت بەوجۆرە کە دەبێ... بەوجۆرە کە دەرباری سوێد چاوەڕوانە، نەبووە. بەڵام فێر دەبی، دیارە وردەوردە فێر دەبی. بەڵام خوا دەزانێ ئەمن ئەم ڕۆژانە توانای هەڵگرتنی باری ئەو ژانەسەرانەم نیە. ئەتۆ هیچ ئاگاداری لە دنیادا چدەگوزەرێ یان لە چەندساڵی پێشماندا لەوانەیە چیمان بەسەر بێ؟

ئەو لەجێی خۆی هەستاو هاتە لای من. ئەوەندە هەژابوو دەنگی دەلەرزی.

–بوونی ئێمە... بوونی ئورووپا لە مەترسیدایە. سیستمی کۆنترۆڵی بەندەرەکانی ناپلیۆن خەریکە تێکدەشکێ. ئاشتینامەی جنووب ئەوەندە خۆ ڕاناگرێ. لە ئەڵمان دوژمنانی وی خەریکن یەک دەگرنو ڕۆژ نیە چەند سەربازی فەڕانسەیی نەکەونە بەر هێرشیان،و لە شیمالیش...

لێرەدا قسەکەی بڕیو دەستی کرد بە کرۆژتنی لێوی خوارەوەی.

–پێوەندیی ناپلیۆنو تزاریش پایەدار نیەو ناپلیۆن متمانەیەکی زۆری بەو نیە، کەوایە بێگومان هێرش دەکاتە سەر ڕووسیەو ئەتۆ دەزانی نێوەرۆکی ئەم حەرەکەتە چیە.

لەحاڵێکدا شانم هەڵدەتەکاند وەڵامم دایەوە:

–بەڵێ دەزانم. ئەو هێرش دەکاو هێندێ سەرزەمینی تازە دەگرێ. ئێمە هەردووکمان باشی دەناسین.

ژان باتیست سەری ڕاوەشاند.

–بەڵێ ئێمە دەیناسین. وەلیعادی سوێد لە هەمووکەسی باشتر دەناسێو هەربۆیەشە کە تزاری ڕووسیە لە ساتەوەختی چارەنووسسازدا ئامۆژگارییەکانی وەلیعادی سوێد بەکار دەبا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو دوایە هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو لێی زیاد کرد:

–سەرەنجامیش ئەوکاتەی هاوپەیمانییەکی تازە بە دەستپێشخەریی ئینگلیستانو ڕووسیە دروست دەبێ، سوێد دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە کە دەگەڵ ناپلیۆن دەبێ یان لەدژی ئەو.

–دژی ئەو؟ یانی... یانی ئەوە کە ئەتۆ دەبێ دژی فەڕانسە شەڕ بکەی...

–نا. ناپلیۆنو فەڕانسە یەک نین. ئەو دووە لەمێژە لێک جیا بوونەوە. لە نۆڤامبری ساڵی ۱۷۹۹وەو ئەو ڕۆژە کە حکوومەتی دیرێکتوار ڕووخاو ناپلیۆن بوو بە کونسوولی یەکەم، ڕۆژێک کە هیچکام لە ئێمە لەبیرمان نەچۆتەوە؛ نە ئەمن، نە ناپلیۆنو هەر بۆیەشە کە ئەو خەریکە هێزەکانی خۆی لە سنوورەکانی پوومرانیی سوێد کۆ دەکاتەوە. ئەگەر ئەو شەڕ دژی ڕووسیە بەرێتەوە بەسادەیی پێ دەنێتە سوێدەوەو یەکێک لە براکانی لەسەر تەختی پادشایەتی دادەنیشێنێ. بەڵام لە درێژایی ئەم شەڕەدا ئەو داوا لەمن دەکا لەگەڵی بمو ئێستا لە هەوڵی کڕینی مندایە. ئەو چەندین جار بەڵێنی گەڕاندنەوەی فینلاند دەداو دەڵێ لەو بارەیەوە وتووێژ دەگەڵ تزار دەکا. چونکە هەرچی بێ ئێستا تزار بە هاوپەیمانی وی دەژمێردرێ.

–بەڵام ئەتۆ دەتگوت تزار هەرگیز دەست لە فینلاند هەڵناگرێ.

–دیارە کە دەست هەڵناگرێ. بەڵام سوێدییەکان ئێستاش بەوهیوایەن... کە یەکی وەک من فینلاندیان بۆ دەگێڕێتەوە.

بزەیەکی چاوەڕواننەکراو هاتە سەر لێوانی.

–ئەوکاتەی ناپلیۆن لەپێکەوت، ئەوکاتە کە ماڵهەڵوێژاردنی گەورەی ئورووپا دەست پێکراو پاکانەحیسابەکان دەستیان پێکرا، ئەو وەختە کە وەفادارترین هاوپەیمانی وی، دانمارک سزایەکەی دەکێشێ. لەو ڕۆژەدایە کە بە پێشنیاری تزار دانمارک چاو لە دەسەڵاتی خۆی لە نۆڕوێژ دەپۆشێو یەکیەتیی نۆڕوێژو سوێد وەدی دێ. بەڵێ کچەکە گیان! ئەمانە نەک لە ڕووی ئەستێرەکانەوە بەڵکە لە ڕووی نەخشەوە تێدەگەمو دەڵێم.

–بەڵام خۆ هێشتا ناپلیۆن نەشکاوە. کەوایە چۆن دەتوانی لەبارەی دوارۆژی سوێدەوە قسە بکەیو تێناگەی کە ئەمن ڕاست بەو هۆیەوە دەبێ دەسبەجێ بچمەوە پاریس.

ژان باتیست هەناسەیەکی هەڵکێشا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خۆزگە دەتزانی چەند ماندووم، ئەگەر دەتزانی ئەوەندە پێت لەسەر داخوازەکەت دانەدەگرت. ئەمن ناتوانم ڕێگە بەتۆ بدەم بڕۆی. ئەتۆ هاوسەری وەلیعادی ئەم سەرزەمینەی. داخوا ئەمە بەس نیە؟

–لیرە ئەمن بۆتۆ هەر دەبمە مایەی گرفتاری. بەڵام لە پاریس دەتوانم کاری زۆرتر بکەم. ئەمن بیرم لە هەموو شتێک کردۆتەوە.

–مەیکە منداڵبازاڕی! پێت وایە جاسووسیم بۆ لەسەر ناپلیۆن دەکەی؟ نیگەران مەبە، جاسووسانی من لە پاریس هەن. ئەوەندەم ئاگا لەپاریس هەیە کە دەتوانم پێت بڵێم دۆستی لەمێژینەی ئێمە تالیران بەدزی نەکهەر دەگەڵ بووربوونەکان تەنانەت دەگەڵ منیش لە پێوەندیدایە. بگرە فووشێی بەرقینکەوتووش بۆمن...

لە ڕقان خەریک بوو بتەقم. بۆیە گوتم:

–ژان باتیست. ئەمن نیازی جاسووسیکردنم نیە. داخوا ئەتۆ نازانی. کاتێک ئەو ڕووداوە... کە بۆخۆت گوتت ڕووی داو پاکانەحیسابەکان دەستیان پێکرا، ئەتۆ دەزانی چدەبێ؟ تەواوی ئەو وڵاتانەی سەربەخۆیی خۆیان لەدەست داوە، شاکانی بوناپارت لە وڵاتەکانیان دەردەکەن. بەڵام فەڕانسە خۆی... ژان باتیست! فەڕانسە پێش تاجلەسەرنانی ناپلیۆن وڵاتێکی کۆماری بووە. ئەتۆ دەزانی چەندە خوێن بۆ ئەم کۆمارە ڕژاوە؟و ئێستاش دەڵێی تالیران خەریکی وتووێژی نهێنی دەگەڵ بووربوونەکانە؟ کێ دەتوانێ جارێکی دیکە فەڕانسە دەکۆشی بووربوونەکان باوێ؟

ژان باتیست جارێکی دیکە شانی هەڵتەکاندو گوتی:

–باوەڕ بە قسەکەم بکە دێزیرە! لەوەی گوتم دڵنیا بە. خانەدانە کۆنەکان پشتیوانی لێکدەکەن تا ئەو گەڕانەوەیە بکرێ. بەڵام ئەم ڕووداوە چپێوەندییەکی بە منوتۆوە هەیە؟

–کەوایە لەوحاڵەدا بەدوور نازانرێ هەر ئەو خانەدانە لەمێژینانە لەسەر جێنشینیی ژەنراڵی ژاکووبیی پێشوو ژان باتیست بێرنادۆتیش ناکۆکیی بیروڕایان هەبێ‌و هەوڵ بدەن وەدەری نێن. ئەو کاتە کێ پشتیوانی لەتۆ دەکا.

–ئەوەی ئێستا لەدەست من دێ خزمەت بە سوێدە؛ بە هەموو هێزو توانامەوە. هەرچی بەدرێژایی تەمەنم پاشەکەوتم کردبوو بۆ دروستکردنەوەی سوێد خەرج دەکرێ. لەو بارەیەوە چاوترووکانێکیش بیر لەخۆمو ڕابردووی خۆم ناکەمەوەو تەنیا شتی بیری لێبکەمەوە پارێزگاری لە سەربەخۆیی سوێدە. ئەگەر سەر کەوتم... بەڵێ دێزیرە! ئەگەر سەر کەوتم، ئەودەمەیە کە سوێد–نۆڕوێژێکی یەکپارچە پێکدێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو پاشان کورسی‌یەکی هێنایە نزیک سۆبەکەو چاوە ئازارچێشتووەکانیی داپۆشین.

–لە تاقەکەسێک ناتوانی لەوە زیاتر چاوەڕێ بی. تاکاتێک ئورووپا بۆ شەڕ دەگەڵ ناپلیۆن پێویستیی بەمن هەیە، من دەپارێزێ. لەبارەی دواترەوەش بەباوەڕی تۆ دەتوانم بڵێم چڕوو دەداو چکەسێک پشتیوانم دەبێ دێزیرە!؟

–خەڵکی سوێد ژان باتیست! تەنیا خەڵکی سوێدو ئەوەی گرنگیشە هەر ئەوخەڵکەن. بەسوێد و بەو خەڵکەی خوازیاری تۆ بوون وەفادار بە.

–ئەدی ئەتۆ خۆشەویستم؟

–ئەمن تەنیا هاوسەری پیاوێکم، پیاوێک کە ڕەنگە بە بلیمەت دابنرێ‌و نەک دێزیدیریایەک کە نەجیب‌زادەکانی سوێد دەیانەوێ. ئەمن مایەی هاتنەخواری ئیعتیبارو کەسایەتیی تۆم. ئەمن هۆی گاڵتەپێکردنی پیاوماقووڵانو چینی نێوەڕاستیش بێ‌گومان ئامادەیی زیاتریان بۆ باوەڕکردن بە قسەکانی وان لەبارەی بێگانەیەکەوە دەبێ. با ئەمن بڕۆم ژان باتیست. ئەم کارە دەبێتە هۆی قایم‌بوونی پێگەی تۆ.

بزەیەکی غەمگینانە کەوتە سەر لێوانمو لێم زیاد کرد:

–ئەگەر جارێکی دیکە پادشا تووشی جەڵتە بێ، ئەتۆ دەبی بە جێگرەوەی پادشا. لە پلەی جێگری‌دا زۆر ئاسانتر بە ئامانجە سیاسی‌یەکانت دەگەی.

–تەواوی قسەکانت ئاقڵانەن کچەکە گیان! بەڵام...نا. نا! یەکەم چونکە ئەمن ناتوانم هاوسەری وەلی‌عادی سوێد لەپاریسو لەلای ناپلیۆن بە بارمتە دابنێم. لە مەترسی‌دابوونی تۆ بێ‌گومان شوێنەواری لەسەر بڕیارەکانی من دەبێ‌و...

–بەڵام ماوەیەک پێش ئەوەی ئەمن بێمە ئێرە ئەتۆ بە ئەنجومەنی دەوڵەتیی سوێدت گوتبوو کە فکر لە جارەنووسی کەسوکارو خزمانی تۆ لە فەڕانسە نەکەنەوە. لەو کاتەدا ئەمنو ئۆسکاریش لەپاریس بووین؛ ئەمنو ئۆسکار. نا ژان باتیست! ئەتۆ نابێ لەفکری مندا بی. ئەگەر سوێدی‌یەکان بەتۆ وەفادارن ئەتۆش دەگەڵیان بە.

دەستیم گرت ئەوم لەسەر دەسکی کورسی‌یەکەی خۆم دانیشاندو پاڵم وێی دا.

–جگەلەوە... بەڕاستی پێت وایە ناپلیۆن ڕێگا دەدا ژن‌خوشکی ژۆزێفی برای بگرن؟ ئەمە دوور لەگومان نیە؟ لەبەر ئەوەش تۆ باش دەناسێ دەزانێ بەهەرەیەک لەوکارە نابا. بڕوانە! ئەو ڕاست لەوەختێک‌دا شنێلێکی کەوڵە سەگلاوکی بۆمن نارد کە نامەیەکی نادۆستانەو ناخۆشی لە حکوومەتی سوێد وەرگرتبوو. هیچ‌کەس گرنگی بە بوونی من نادا‌و بوونو نەبوونم بۆ هەمووان وەک یەکە. کەوایە لێم‌گەڕێ بڕۆم ئازیزەکەم!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەری بەتوندیو بە ڕقهەستاوی ڕاوەشاند.

-ئەمن شەووڕۆژ کار دەکەم. لە سەعاتە کەمەکانی دەستبەتاڵیم دا بەردی بناغەی باڵەخانەگەلی تازە دادەنێمو سەرۆکانی زانکۆکان وەردەگرم. لە سەعاتەکانی نیوەڕۆدا دەچمە مەیدانەکانی مەشقی سەربازانو هەوڵ دەدەم بە سوێدیەکان نیشان بدەم ناپلیۆن چۆن مەشق بە سەربازەکانی دەکا. ئەگەر ئەتۆشم لەلا نەبی ئەمن هەرگیز ناتوانم ئەم کارانە بکەم دێزیره!... ئەمن پێویستیم بەتۆیە... بەڵێ ئەمن پێویستیم...

-خەڵکی دیکە پتریان پێویستی بەمن هەیە ژان باتیست! ڕەنگە ڕۆژێک بێ کە ئەمن تەنیا پەناگەی خوشکم و منداڵەکانی بم. ڕێم بدە بڕۆم ژان باتیست تکا دەکەم!

-ئەتۆ نابێ لە پێگەی من لەسوێد بۆ کۆمەگ بە بنەماڵەکەت کەلک وەرگری دێزیره! ئەمن هەرگیز ڕێگە بە کاری وا نادەم.

-یارمەتیی من بەو کەسانەی لە تەنگانەدا پێویستییان بە کۆمەگی من هەیە، زیانێک بەسوێد ناگەیەنێ. سوێد وڵاتێکی گچکەیە ژان باتیست! وڵاتێک بە چەند ملیۆن حەشیمەتەوە. ڕاستە؟ وڵاتێکی واش تەنیا بە پشتبەستن بە کرداری مرۆڤدۆستانە دەتوانێ بە گەورە دابنرێ ژان باتیست!

-پیاو دەکەوێتە سەر ئەو فکرە کە ئەتۆ هەموو کاتی خۆت بە خوێندنەوەی کتێبانەوە تێپەڕاندوە؟

-وەختێکی زۆرم بۆ ئەوکارە دەبێ ئازیزم. لەپاریس کارێکی دیکەم نیە. ئەمن هەوڵ دەدەم ئەوەند فێر بم کە هیچکاتێک مایەی سەرشۆڕیی تۆو ئۆسکار نەبم.

-دێزیره! ئەو منداڵە پێویستیی بەتۆ هەیە. بەڕاست پێت وایە دووریی ئۆسکارت پێهەڵدەگیرێ؟ ئەمن نازانم چدێتە پێشو لەوانەیە ئەتۆ بۆماوەیەک نەتوانی بێیەوە ئێره. هەر ساتێک دەگونجێ ئورووپا ببێتە مەیدانی شەڕێکی گەورەو ئەودەم ئەتۆو من...

-خۆشەویستەکەم! بەهەرحاڵ ئەمن ناتوانم دەگەڵ تۆ بێمە بەرەکانی شەڕ. منداڵەکەش...

-بەڵێ منداڵ! لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەوڵم دابوو ئەو بیره لەسەرم دەرکەم؛ بیری جیابوونەوە لە ئۆسکار، چونکە برینێکی گیانتەزێن بوو.

-نازەنینم! کوڕەکەمان ئێستا بە میراتگری ئەم تاجوتەختە دەژمێردرێو بۆیە سێ ڕاهێنەرو ئاجودانێک وایان دەورە داوە کە لەوەتا هاتۆتە ستۆکهۆڵم تائێستا زۆرکەم دەرفەتی دیتنی منی هەبووە. ئەمن ئاگام لە بەرنامەی ڕۆژانەی وی هەیەو دەزانم کە بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر دەقیقەیەکی لەپێشدا بەرنامە دانراوە. سەرەتا نەبوونی من بۆ وی بۆشاییەکی بەئازار دەبێ. بەڵام ئەو زۆر زوو پەی بەو ڕاستییە دەبا کە میراتگری تاجوتەختی پادشایەتی نابێ ئەوەندەش پابەندی هەستو سۆزی خۆی بێ. بەڵکە دەبێ بیر لەئەرکو بەرپرسایەتییەکانی خۆی بکاتەوەو بەمجۆرە منداڵی ئێمە وەک شازادەیەکی ڕاستەقینەو دایکەزا پەروەردە دەبێ. بەڵێ ژان باتیست لەوحاڵەدا ئیدی هیچکەس بە چاوی پادشایەکی تازەبەسەرداکەوتوو تەماشای ناکا.

ئەمجار سەرم وەسەر شانی ژان باتیست کردو دەستم کرد بەگریان.

–دەتەوێ جارێکی دیکە شانم تەڕ کەی... وەک لە یەکەمین دیدارماندا...

–جنسی ئەم یۆنیفۆڕمە زۆر نەرمترەو ڕوخسارم ئازار نادا.

ئەمجار بەسەر خۆمدا زاڵ بووم، هەستامو گوتم:

–پێم وایە وەختی شێوێ هاتبێ.

ژان باتیست هەروا بێجووڵە لەسەر دەسکی کورسییەکە دانیشتبوو. کاتێک لە سۆبەکە دوور کەوتمەوە دیسان سەرمایەکی گیانتەزێن کە لەهەموو سووچێکی ژوورەکەدا بۆسەی دانابوو پەلاماری دام.

–دەزانی ئێستا لە مارسەی گوڵە میموزاکان غونچەیان دەرکردوە؟

سەرۆک‌وەزیر دڵنیای کردم کە هاوینی ئێرەش تا چوار حەوتووی دیکە دەگاتە جێ. ترێستێد پیاوێکی ڕاستوێژو جێمتمانەیە.

بەئارامی بەرەو دەرگا چوو. بە هەموو گیانمەوە چاوەڕێی وشەیەک لە دەمی ئەو بووم. چونکە بێگومان نەزەری ئەوم وەک حوکمێکی یەکجاریو گومانهەڵنەگر قبووڵ دەکرد. لە شیپانەی دەرگادا ڕاوەستامو لەبیری ئەوەدا بووم کە بڕیاری وی هەرچی بێ کۆتایی کاری من دەبێ.

–کەوابێ مەسەلەی ڕۆیشتنی تۆ چۆن بۆ خاوەنشکۆو دەرباریەکان ڕوون بکەمەوەو پاساو بدەم؟

ڕاوێژی قسەکەی بێموبالات بوو، لەوانەیە ناگرنگیش. ئەو بڕیاری خۆی دابوو.

–بڵێ بارودۆخی لەشساغیی وی ئەوەی دەویست کە ماوەیەک لە کەناری ئاوی کانزایی پێلمبیر بەسەر بەرێ. بەوجۆرە ئەمن پاییزو زستانێ لەپاریس بەسەر دەبەم چونکە دەگەڵ ئەم هەوا ساردە دەرنابەم.

ئەمجار خێرا ژوورەکەم بەجێهێشت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***

### ٣٤
### قەڵای درووتینگهۆڵم. سوێد
### سەرەتای ژوئەنی١٨١١

ئاسمانی شەوگار وەک هەریرێکی خۆڵەمێشیی کەمڕەنگ بەسەر باغەکەدا پان بۆتەوە. بەتڵێک لە نیوەشەو گوزەراوە بەڵام هێشتا هەوا ڕووناکە هاوینی شیمال شەوەکانیشی ڕووناکن. پەردەکانم داداونەوەو لەپشت وانیشەوە پارچەیەکی تاریکم هەڵاوەسیوە، بەوهیوایە کە بنووم. بەڵام بەزەحمەت دەتوانم چاو لێکنێم. نازانم هۆی بێخەویەکەم ئەم شەبەقە سوورەیە یان نزیکیی کاتی سەفەر. سبەینێ بەیانی بەرەو فەڕانسە وەڕێ دەکەوم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سێ‌ڕۆژ لەمەوبەر  دەربار گوازراوەتەوە قەڵای درووتینگ لە ناوچەی کوێستانی. هەتا چاو هەتەر دەکا، باغی گەورەی قەڵا پان بۆتەوە. دارە زیرفوونەکان بە جوانی‌یەکی تەواوەوە لەپەنای یەکتر ڕیز بوونو پەرژینە بەوردی هەڵپاچراوەکانو ڕێگا بەقۆرتو پێچەکانی نێو ئەوان جوانیی باغەکە دووچەندان زیاد دەکەن. بەڵام ئەوکاتەی مرۆڤ سەرەنجام دەگاتە کۆتایی باغی گەورە لەنەکاو مێرغوزارێکی بژوێن لەپێش خۆی دەبینێ کە دارە غانە ناسکەکان، گلووکە سوورەکانو سونبولە شینە تێرەکانی تێدا ڕواون. شەبەقی بەیانی زۆر جوانو دڵگرەو هەموو شتێک پتر لەوەی بەواقیعی دیار بێ وەک خەون دەچێ. مرۆڤ ناتوانێ ئاسوودە بخەوێو هەمیشە لە فکری فەزایەکی نیوەڕوون‌دایە کە لە لێک‌کردنەوەی شەوو ڕۆژدا تووشی سەرسامیی دەکا. ئەم دواڕۆژانەی ژیانم لەم سەرزەمینەدا بەڕاستی وەک نیوپەردەیەک بە کەمڕەنگیی شەبەق دەچێ... دواوشەکان لە نێوەرۆکی خۆیاندا ڕاستوێژ نین. تەنانەت ماڵئاوایی‌یەکانیش وێرانکەرن، بە شیرنی‌یەکی دڵگەزەوە. چونکە ئەمن لەڕێگای گەڕانەوەدام.

دەفتەری بیرەوەری‌یەکانم هەڵدەدەمەوەو بیر لە باوکم دەکەمەوە... ئێستا گەیشتوومە ئەو قسەیەی ژان باتیست کە لە دەفتەرەکەمدا هێناومە، چەندین ساڵ بەشێک لە مووچەکەمم پاشەکەوت کردوەو دەتوانم خانوویەکی چووکەڵەی بۆ تۆو منداڵەکەمان پێ بکڕم. ژان باتیست ئەتۆ بەڵێنەکەتت بردە سەرو خانووێکی چووکەڵەت کڕی. خانوویەک لە گەڕەکی سوو لەپاریس. زۆر چووکو زۆر ڕەحەت. ئێمە لەوماڵە زۆر بەختەوەر بووین.

بەهەرحاڵ ئێمە لە یەکەمڕۆژی ژوئەندا گوازتمانەوە کۆشکی هاوینەی درووتینگ هۆلم. ژان باتیست ئەتۆ بەڵێنی ماڵێکی چووکەڵەت بەمن دابوو ئێستا بۆچی کۆشکێکم دەدەیەی؟ کۆشکێک بەپلیکانەی مەرمەڕینەوە، چەند ساڵۆن بە کۆڵەکەی بەرزبەرزەوەو چەند تەلاری سەماکردن. ڕەنگە خەون ببینم. بەڵام لەو بوولێڵەی دواشەوی مانەوەم لێرەدا بەخۆم دەڵێم هێشتا هاوسەری وەلی‌عادی سوێدم.

سبەینێ بەیانی سەفەرەکەم دەست پێ‌دەکەم؛ بەناوی وەرگیراوی کۆنتیس گووتلەندەوە. ڕەنگە بەڕاستی خەون ببینمو لە ماڵەکەی خۆم لە گەڕەکی سوو لەخەو هەستم. ماری دێتە ژوورێو ئۆسکاری چووکەڵەم  دە باوەشێ داوێو ئەمن دەست دەکەم بە شیرپێدانی...

بەڵام ڕیزی جانتاکان لەوە زەقترە کە بەخەون دابنرێ. ئۆسکار! ڕۆڵە دایکت بۆ چارەسەری نەخۆشی ناچێتە فەڕانسە. ئەم سەفەرە بۆ وی ئاسوودەیی پێوە نیە، ڕۆڵەم!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ماوەیەکی درێژ لە دیتنی تۆ بێبەش دەبم و ئەوکاتەی دەتوانم بتبینمەوە ئیدی ئەتۆ منداڵ نی، هەرنەبێ منداڵی من... منداڵی دایکت. بەڵام لەبەرامبەردا ئەتۆ شازادەیەکی ڕاستەقینە دەبی، شازادەیەکی پەروەردەکراو بۆپادشایەتی. یان دەبێ یەکێک بۆ پادشایەتی دروست کرابێ یان بۆ ئەوکارە پەروەردە کرابێ. ژان باتیست بۆئەوە دروست کرابوو، بەڵام بۆ تۆ دەبێ چاوەڕێ بین و ببینین. دایکت نە بۆ بوونەشاژن دروست کرابوو نە بۆ ئەو مەبەستە پەروەردە کرابوو. ئەمەیە هۆی ئەوە کە چەند سەعاتی دیکە تۆ لەباوەش دەگرم و بەجێت دێڵم.

چەند حەوتوویە دەربار ناتوانێ باوەڕ بکا کە ئەمن بەڕاستی دەمەوێ بڕۆم. ئەوان بەسرتە قسەیان دەکرد و بە کونپشکنی سەیریان دەکردم. ئەمن چاوەڕوانی سەرکۆنەی وان بووم بەڵام سەیر ئەوە بوو ئەو تیروتانەیە ڕووی کردبووە شاژن. ئەو دەنگۆیە بەهێز ببوو کە ئەو خەسوویەکی باش نەبووە و منی لەوێ دەرکردوە. ئەوان چاوەڕێی بەرەوڕووبوونەوەیەکی قینلەزگانەی نێوان خاوەنشکۆ شاژن و خانمی شازادە هاوسەری وەلیعاد بوون. بەڵام سبەینێ، ئەوکاتەی کالیسکەی من بگاتە جێ و کۆنتێس گووتلەندی نەناسیاو ئەم سەرزەمینە بەجێ بهێڵێ ئەوان ناهومێد دەبن.

ئەمن هەربۆیە دەگەڵیان هاتمە درووتینگهۆڵم کە دەمەویست کۆشکی بەناوبانگی خانەدانی واسا ببینم، کۆشکێک کە لەمەودوا ئۆسکار هاوینانی تێدا بەسەر دەبا. ئەوشەوەی هاتینە ئێرە لە تیئاتری چووکەڵە شانۆیەک نیشان دەدرا. ئەم تیئاترە گۆستاڤی سێیەم یان گۆستاڤە شێت دروستی کردوە و بەجوانی ڕازاندوویەتەوە. کیژۆڵە فێن کوسکوول وەک چوڕەپۆپنەیەکی چووکەڵەو شادمان چەند گۆرانیی گوتن. پادشا بە شۆرو شەوقەوە چەپڵەی بۆ لێدەدا. بەڵام ژان باتیست بێتەفاوەت دەهاتە بەرچاو. سەیرە لە هەموو ئەو زستانە درێژەدا پێم وابوو کە... بەڵام ئێستا کە بڕیارم داوە ئێرە بەجێبهێڵم وا دێتە بەرچاو کە کیژۆڵە کوسکوولی باڵابەرز بەو ددانە سپییانەوەو ڤالکێبری خوای شەڕ بەو زرێ زێرینەیەوە هەر دووک لەبەر چاوی ژان باتیست سەرنجڕاکێشیی خۆیان لەدەست داوە.

ئازیزم هەرچەند لەپاریس لێت دوور دەبم بەڵام ڕەنجی دووریی تۆ هەرگیز بەجێم ناهێڵێ. هەرچەند ڕەنگە ئامادەیی کارێکی وام نەبووبێ بەڵام لە تاریکوڕوونی ئەم دواشەوەدا وشەکان لە دەربڕینی ماناکانیاندا زۆر ڕاشکاوو ڕەوان بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەردوو خاوەنشکۆ بەشانازیی من میوانداریی‌یەکیان ساز کردبوو، دوای شێوخواردن کەمێکمان سەما کرد. پادشاو شاژن بەڕووی بەپێکەنینەوە لەسەر کورسی‌یە زێڕکاری‌کراوەکانی خۆیان دانیشتبوونو پاڵیان بە پاڵپشتە بەرزەکانیانەوە دابوو. پادشا بۆخۆی پێی وابوو بە میهرەبانی پی‌دەکەنی. بەڵام لەڕاستی‌دا دەمی داکەوتووی‌و ڕوخساری بەتاڵو حەبەساوی ئەویان زۆر غەمگین نیشان دەدا. ئەمن دەگەڵ چەندکەس لە بەشدارانو میوانەکان هەڵپەڕیم؛ دەگەڵ باروون مۆرنێر، ئەو کەسەی بۆ یەکەمین‌جار ئەو خەبەرەی بۆ هێنابوو، سەرۆکوەزیر ویترستێد، ئینگستڕۆم وەزیری کاروباری دەرەوە کە زۆری باسی فینلاند دەکردو هەروەها دەگەڵ سکرتێری لاوی ژان باتیست، کۆنت بەراهە. لەکۆتایی هەڵپەڕینەکەدا، هەرچەند شەوە ڕووناکەکانی سەرزەمینە شیمالی‌یەکان زۆر ساردن، بەکۆنتی لاوم گوت:

–ئێرە گەرمەو دەمەوی تاوێک لە هەوای ئازاددا پیاسە بکەم.

بەمجۆرە هەردووکمان بۆ پیاسەکردن چووینە نێو باغی.

–بەڕێز کۆنت بەراهە، دەمەویست سوپاست بکەم، چونکە لەوکاتەوە هاتوومە ئێرە ئەتۆ جوامێرانە وەک نەجیبزادەیەک دەگەڵم بووی‌و هەرچی لەتواناتدا بوو بەکارت هێنا تا ئەم ڕۆژانە ئاسانتر تی‌پەڕێنم. هیوادارم لەوەی سەرەنجام بوومە مایەی ناهومێدیت بمبووری. هەرچۆنی بی هەموو شتێک تەواو بوو.

ئەو سەری داخستبوو سمێڵە تەنکەکانی خۆی دەجوین.

–ئەگەر خانمی شازادە پێی خۆش بی...

بەڵام هێشتا قسەکەی دەست پی‌نەکردبوو کە بەتوندی سەرم ڕاوەشاندو گوتم:

–نا. نا کۆنتی خۆشەویست. باوەڕ بە قسەکەم بکە. هاوسەری من مرۆڤناسێکی وشیارە. ئەگەر دەگەڵ گەنجی‌یەکەت تۆی بۆ کار لە دەفتەری خۆی هەڵبژاردوە، بی‌گومان لەبەر پێویستی‌یەکە کە بەتۆی هەیە. ئەو لێرەو لەسوێد پێویستیی بەتۆ هەیە.

ئەو بۆ ئەو ستایشەی لێم کردبوو سوپاسی منی نەکرد. بەڵام هەروا سمێڵەکانیی دەجوین. لەنەکاو سەری هەڵبڕی‌و دوای نیگایەکی نائومێدانە گوتی:

–پایەبەرزا! ئەمن تکا لە جەنابت دەکەم لێرە نەڕۆی... لەبەرت دەپاڕێمەوە کە وەمێنی.

–ئەمن چەندین حەوتوو پێش ئێستا بڕیاری خۆم داوە کۆنت بەراهە،و دڵنیام کە بەهەڵە ناچم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–نا، نا... خانمی شازاده! تکا دەکەم وەمێنە سەفەرەکەت وەدوا بخە. ئەم کارە زۆر هەڵەیە...

ئەو کەمێک ڕاوەستاو قامکی دەنێو قژە پرپشتەکانی راکردنو پاشان بەحاڵەتێکی توندو جۆرە هاوارێک گوتی:

–ئێستا بۆ بەجێهێشتنی سوێد کاتێکی گونجاو نیە پایەبەرز!

–گونجاو نیە؟ لە مەبەستەکەت حاڵی نابم کۆنت بەراهە.

ئەو سەری وەرسووڕاندو لێی زیاد کرد:

–نامەیەک لە تەزارەوە هاتوە پایەبەرز! لەوە زیاتر ناتوانم هیچ بڵێم.

–نا، مەیڵێ. ئەتۆ یەکێک لە سکرتێرەکانی وەلیعادیو نابێ ئەوەی پێوەندیی بە نامەگۆڕینەوەی ئەو دەگەڵ پادشایانەوە هەیە بۆ من باس بکەی. لەوە کە تزار نامەی ناردوە خۆشحاڵم. وەلیعاد بایەخێکی زۆر بە باشبوونی پێوەندی دەگەڵ تزار دەداو ئەمن ئارەزوو دەکەم ئەونامەیە نامەیەکی دۆستانە بێ.

–تەواو دۆستانەیە.

شێوەی ڕەفتاری بەراهەی لاو لەگەڵ من سەری لێشێواندبووم. ڕۆیشتنی من دەیتوانی چپێوەندییەکی بە تزارو نامەی ئەوەوە هەبێ.

–تزار بۆ دەرخستنی دۆستایەتیی خۆی بۆ وەلیعاد نیشانەیەکی ڕوونی بەرچاو خستوە.

بەراهە بەحاڵەتێکی جیدیو بێئەوەی چاو لەمن بکا درێژەی دایە:

–تزار نامەی خۆی بە عینوانی "ئامۆزای خۆشەویستم" دەست پێکردوەو حەزرەتی وەلیعاد دەزانێ کە ئەمە بەڵگەیەکی شایانی لێوردبوونەوە بۆ دۆستایەتیی ئەوە.

–بەڵێ زۆریش شایانی لێوردبوونەوەیە. تزار گرۆبانی پێشوو بێرنادۆت بە ئامۆزای خۆی ناو دەبا. ئەمە دەتوانێ بۆ سوێد دەسکەوتێکی گرنگ بێ.

–ئەم نامەیە لەبارەی یەکیەتییەکەوەیە. ڕووسیە دەیەوێ یەکیەتیی خۆی دەگەڵ فەڕانسە تێکبداو ئەمە بەمانای تەواوبوونی سیستمی کۆنتڕۆڵی بەندەرە قاڕڕەییەکانە. ئێستا ئێمە دەبێ بڕیار بدەین دەمانەوێ دەگەڵ کێ ببینە هاوپەیمان، تزار یان ناپلیۆن؟ هەردووکی ئەمانە پێشنیاری یەکیەتییان بە سوێد داوە.

–بەڵێ دەزانم. ژان باتیست ناتوانێ ماوەیەکی زۆر ئەم بێلایەنییە درێژە بدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بۆیەیە کە تزار دەنووسێ؛ ئامۆزای خۆشەویستم حەزرەتی وەلیعادو هەر بۆ قایمکردنی جێپێی شەخسیی ئەویش پێشنیاری کردوە کە...

-فێنلاند؟

-نا، فێنلاند نا. تزار پێشنیاری کردوە کە حەزرەتی وەلیعاد بە ئەندامی بنەماڵەی خۆی وەربگرێ. دیارە بەومەرجەی ئەم کارە کۆمەگ بە قایمبوونی جێپێی ئەو لەسوێد بکا.

بەراهە غەمگینانە سەری خۆی ڕاوەشاند. وا دیار بوو شانە لاوەکانی کە زۆریش بەخۆوە نەبوون بارێکیان لەسەرە بە قورسایی هەموو دنیا.

بە سەرسامی پرسیم:

-ئەم پێشنیارە یانی چی؟ داخوا تزاریش دەیەوێ... دەیەوێ ئێمە بکاتە منداڵی خۆی...؟

-مەبەستی تزار تەنیا حەزرەتی وەلیعاد خۆیەتی.

سەرەنجام بەراهە ڕوخساری پەرێشانی خۆی بۆلای من وەرگێڕا.

-ڕێگای دیکەش بۆ پێوەندیی بنەماڵەیی هەن خانمی شازادە!...

سەرەنجام لە مەبەستەکەی حاڵی بووم. ڕێگای دیکە... بەڵێ، ناپلیۆن شازادەخانمی باڤاریای بۆ بەکوڕکراوەکەی خواستبوو. بۆخۆشی بوو بە زاوای ئیمپەڕاتۆری ئوتریشو بەناچار ئەندامێکی بنەماڵەی هاپسبوورگ... پێوەندییەکی زۆر نزیک. پیاوێک بەسە کە زەماوەند دەگەڵ شازادە خانمێک بکا. ئەمە هاسانترین ڕێگایە؛ قانوونێکو بەڵگەیەک بەسە. ڕاست وەک ئەوەی ژووزفین خوێندیەوە... ژووزفین... ژووزفینێک کە بە ناڕەحەتی چنگی لە نوێنەکەی دادەگرت.

بەجۆرێک کە بۆخۆم گوێم لەدەنگی خۆم بوو گوتم:

-کارێکی وا بێگومان دەبێتە هۆی پتەوبوونی جێپێی حەزرەتی وەلیعاد.

-نا پایەبەرز! لەسوێد نا. تزار فێنلاندی لێئەستاندینو ئێمە ئەوکارەی بە سادەیی لەبیر نابەینەوە. بەڵام لە شوێنەکانی دیکەی ئورووپا...

کەوتمەوە یادی ژووزفین کە لە نوێنی خۆیدا هاواری دەکرد. شتێک کە بەئاسانی دەیتوانی چاوەڕێی من بێ. بەڵام ژووزفین کوڕی نەبوو، و...

-...لە شوێنەکانی دیکەی ئورووپا خانمی شازادە! بێگومان جێپێی وی قایمتر دەکا.

بەڵام ژووزفین کوڕی نەبوو، و ئەمن کوڕێکم هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بۆیە خانمی شازادە دەمەوێ دووپاتەی بکەمەوە کە ئێستا وەختێکی گونجاو بۆ بەجێهێشتنی ئێرە نیە.

دەستم بۆلای درێژ کردو گوتم:

-لەناخی دڵەوەو بە هەموو گیانمەوە تکات لێدەکەم کە وەفادارانە لەگەڵ هاوسەرەکەم بمێنیەوە. ئەمنو هاوسەرەکەم جارجار هەست دەکەین دۆستانو خزمەتکارە فەڕانسەییەکانی ئێمە لێرە بێلوتفی یان دەگەڵ دەکرێ. هەربۆیەش سەرهەنگ ویلات ئاجودانی لەمێژینەو بەوەفای هاوسەرەکەم کە لە زۆر شەڕاندا دەگەڵی بووە دەگەڵ من دێتەوە پاریسو ئەمن هیوادارم ئەتۆ جێگای بگریەوە. هاوسەری من زۆر تەنیا دەبێ، زۆر تەنیا. سبەینێ بەیانی دەتبینمەوە کۆنت بەراهە.

بەڵام ئەمن دەسبەجێ نەگەڕامەوە سالۆنی هەڵپەڕینو نیگەرانو سەرگەردان لەپارکو قەراغپەرژینەکان کەوتمە هاتوچوو، هەموو شتێکی ئەم کۆشکە بۆنی ڕابردووی لێدەهات. چما بیستساڵ لەمەوبەر گۆستاڤە شێتی سێیەم میواندارییە بەناوبانگەکانی خۆی لەم باغەدا وەڕێ نەدەخستن؟ باغەوانەکان دەزانن ئەو چەندە عاشقی ئەم باغە بووەو ئێستاش بۆ پارازتنی باغەکە فەرمانەکانی وی جێبەجێ دەکەن. لەوێو لەو کڵاو فەڕەنگییە چینییەدا ئەو قەسیدەکانی خۆی داناون. زۆر جاران دۆستەکانیی بۆ بەرپاکردنی جێژنەکانی بالماسکە بۆ ئێرە بانگهێشتن دەکرد...

ئەمشەو باغ بێبڕانەوە دیارە. کوڕی پادشای کوژراویش بە شێت دانراو ناچارکرا دەست لەکار وەکێشێ. ئەویان لەژێر چاوەدێریدا هێناوەتە ئێرە... وەک زیندانییەک هێناویانەتە ئێرەو ئەم کۆشکە هاوینییە پڕلە بریقوباقە. زۆر شتمم لەم بارەیەوە بیستوە، بیستوومە کە ئەو لێرە بەملاولادا ڕایکردوە، بەتەنیاو لەنێو باریکە ڕێیەکانی نێو دارەکانداو لەحاڵێکدا نیگابانەکانی بەدوایەوە بوون، لەوحاڵی نائومێدیو شێتییەدا ئەو قسەی دەگەڵ خۆیو دارغانەکان دەکردو لەولاتر لەکن کڵاوفەڕەنگییە چینییەکە دایکی چاوەڕێی دەبوو. دایکی پیاوێکو بێوەژنی پیاوێکی دیکە...سۆفیا ماگدالنا...

شنەبای هاوینی بە نەرمی لە نێو گەڵادارەکاندا گۆرانیی دەگوت. لەنەکاو چاوم بە سێبەرێک کەوت... سێبەرێک کە دەبزووتو بەرەو من دەهات. هاوارم کردو هەوڵم دا ڕابکەم بەڵام توانای لاقهەڵێنانەوەم نەبوو.

-ئەگەر بوومە مایەی ترسانت زۆر بەداخم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە تەنیشت منو لەسەر وردەخیزی بەر شۆقی مانگەشەو، شاژنێکی ڕەشپۆش ڕاوەستابوو. شاژنی دایک، سووفیا ماگدالنا

دڵم بەتوندی لێیدەداو نەمدەتوانی بە چاکی قسە بکەم. بە شەرمێونی پرسیم:

-جەنابت... جەنابت لێرە چاوەڕوانی من بووی خانم؟

-نا ئەمن هەرگیز پێم وانەبوو ئەتۆ پیاسەکردنت پێ لە هەڵپەڕین خۆشتر بێ خانم. ئەمن بۆخۆم هەمیشە لەشەوانی دڵگری هاویندا لێرە پیاسە دەکەم. چونکە زۆر بەزەحمەت دەنووم خانم. ئەم باغەش بیرەوەریی زۆر لەمندا زیندوو دەکاتەوە. دیارە تەنیا بۆمن خانم!

هیچ وەڵامێکم نەبوو بیدەمەوە. کوڕو نەوەکەییان دوور خستبوونەوەو هاوسەرو کوڕی منیان لەجیاتی وان هێنابووە ئێرە.

لەحاڵێکدا هەوڵم دەدا ڕاوێژی قسەم چەندی بکرێ بەئەدەبانەتر بێ، گوتم:

-ئەمن خەریکی خواحافیزی دەگەڵ ئەو باریکەڕێیانە بووم کە باشیان ناناسم. چونکە بەیانی دەچمەوە فەڕانسە.

-هەرگیز بیرم نەدەکردەوە ئەتۆ بەتەنیا لێرە ببینم خانم. لەو دەرفەتە زۆر خۆشوەختم.

ئێمە دووکەس شانبەشانی یەکتر پیاسەمان دەکرد. بۆنی دارە غانەکان فەزاکەی خۆشو دڵگر دەکرد. ئیدی هیچی لێنەدەترسام. ئەو تەنیا ژنێکی پیری ڕەشپۆش بوو.

-ئەمن زۆر وەخت بیر لە ڕۆیشتنی تۆ دەکەمەوەو پێم وایە تەنیا کەسێک بم کە هۆیەکەی بزانم.

-باشترە باسی ئەم بابەتە نەکەین.

بەدانەوەی ئەم وەڵامە دووبارە پیاسەکەمان دەست پێکردەوەو دیارە خێراتریش. لەنەکاو قۆڵی گرتمو ئەوکارەی بەجۆرێک شێواندمی کە یەکسەر بەرەودوا گەڕامەوە.

-لەمن دەترسی کچەکە گیان؟

دەنگی شەرمنانەو پڕلە خەفەت بوو. ڕاوەستام.

-دیارە کە نا... یانی... بەڵێ لێت دەترسم خانم.

-ئەتۆ لە ژنێکی نەخۆشو تەنیا دەترسی؟

سەرم لەقاندو گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-چونکه ئەتۆ ڕقت لێمە. ڕاست وەک ژنەکانی دیکەی بنەماڵەتان؛ وەک شاژن، وەک شازادە سووفیا ئالبێرتینا. ئەمن ئێوەم جاڕز کردوەو هی ئێرە نیم. ئەمن...

تاوێک ڕاوەستامو دوایە درێژەم پێدا:

-بەرهەمی ئەم باسە چیە، باسێک کە ناتوانێ وەزعی ئێستا بگۆڕێ. ئەمن باش لەتۆ حاڵیم خانم. ئامانجەکانی ئەم دووانەمان وەک یەکن.

-تکا دەکەم مەبەستەکەتم پێبڵێ.

چاوم پڕ بوون لە فرمێسک. ئەم دواشەوە بەڕاستی شەوێکی سامناک بوو. تاوێک هەنیسکی گریان بەسەرمدا زاڵ بوو بەڵام زوو خۆم گرتەوەو بەسەر خۆمدا زاڵ بووم.

-ئەتۆ لەسوێد وەمێنە خانم، دەبێ وەمێنی تا وەبیرهێنەوەی کوڕو نەوەی دوورەوەخراوی خۆت بی. هەتا ئەوکاتەی ئەتۆ لێرەی کەس ناتوانێ دواپاشماوەکانی بنەماڵەی واسا لەبیر بەرێتەوە. دیارە ڕەنگە پێت خۆشتر بێ لە سویسو لەلای کوڕەکەت بی. بیستوومە وەزعی ماڵییشی زۆرباش نیە. ئەتۆ دەتوانی ئاگات لەماڵو گوزەرانی ئەو بێو لەجیاتی درووومانی گوڵە سوورەکانی شاژن گۆرەوییەکانی کوڕەکەت بچنیەوە.

دەنگمم ئارامتر کردەوە تا نهێنیی هاوبەشی نێوانمان بدرکێنم.

-بەڵام...ئەتۆ دەبێ لێرە وەمێنی. چونکە دایکی پادشایەکی دوورەوەخراویو مانەوەت دەتوانێ قازانجی وی بپارێزێ. ڕاست ناکەم خانم؟

ئەو هیچ جووڵەیەکی نەکرد... سێبەرێکی درێژی باریکو ڕەش لە تاریکوڕوونی سەوزڕەنگی بەیانیدا لەجێی خۆی ڕاوەستابوو.

-قسەی تۆیە. بەڵام ئەتۆ بۆ دەتەوێ لێرە بڕۆی خانم؟

-چونکە بە ڕۆیشتنم باشتر دەتوانم قازانجی پادشای ئایندە دابین بکەم.

ماوەیەک بێدەنگ ڕاوەستاو دوایە گوتی:

-هەر ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە.

زرینگەی گیتار لە کەلێنی دارەکانەوە دەهاتە بەر گوێ. بەڵێ ئەم دەنگە، دەنگی فێن کوسکوول بوو.

جارێکی دیکە ژنە بەساڵداچووەکە پرسی:

-بەڵام ئەتۆ دڵنیای کە بەڕۆیشتن لێرە، قازانجەکانی خۆتان دەپارێزی؟

-بەتەواوی دڵنیام خانم! بیر لە دواڕۆژی دوورو ئۆسکار شا دەکەمەوە.

دوای ئەم وەڵامە بەرامبەری چەمامەوەو ئەمجار بەتەنیا گەڕامەوە کۆشک.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەعات دووی بەیانی‌یە. باڵندەکان لەنێوباغی دەستیان بە گۆرانی‌گوتن کردوە. لە جێیەکی ئەم کۆشکە پیرەژنێک دەژی کە ناتوانێ بخەوێ‌و ڕەنگە هەرئێستا لەنێو باغی سەرگەردان بێ. ئەو دەمێنیتەوەو ئەمن دەڕۆم... ئەمن ئەم دواشەوەی خۆمم وێنە گرت‌و ئیدی قسەیەکم نیە بیکەم. ئێستاش ناتوانم فکرە پەرێشانەکانم خڕ کەمەوە. داخوا تزار کچێکی هەیە؟ یان خوشکێک؟ ئاخ... دووبارە تووشی جندۆکان بووم‌و ئەوان لەپێش خۆم دەبینم. دەرگای ژوورەکەم بەئارامی دەکرێتەوە. بێگومان جندۆکە دێن. دەمەوێ هاوار بکەم، بەڵام لەوانەیە هەڵە بکەم... نا، دەرگا بەڕاستی کرایەوە. وا نیشان دەدەم کە خەریکی نووسینم.

ژان باتیست!

ژان باتیستی خۆشەویستم!

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣٥

## پاریس، ژانویەی ١٨١٢

لە چاوترووکانێکدا زەنگی کلیساکانی پاریس لێدرا تا جارێکی دیکە مزگێنیی هاتنی ساڵی نوێ بدەنو جارێکی دیکە ئێمە دووکەس بەتەنیا بەرەورِووی یەکتر بووین. ئەمنو ناپلیۆن!

بەڕاستی ژوولی بەو بانگهێشتنە منی سەرسام کرد.

–ئیمپەڕاتۆرو ئیمپەڕاتریس دوای نیوەشەوێ بەشداری میوانداری‌یەکە دەبن. بەڵام ئەندامانی بنەماڵە لە سەعات دەوە بۆ ئەم میوانداری‌یە بانگ کراون. ئەتۆش حەتمەن دەبێ دەگەڵمان بێی چونکە ئیمپەڕاتریس بۆخۆی ئەوەی دووپاتە کردۆتەوە.

ئەو ڕۆژە ئەمنو ژوولی لە ژووری دانیشتنی ماڵەکەی ئێمە لە شەقامی ئانژوو لە پەنا یەکتر دانیشتبووین. ژوولی باسی منداڵەکانیی بۆ دەکردمو باسی گرفتاریی ماڵێو سەرەنجام باسی ژۆزێف. ئەو دەیگوت، ژۆزێف هەمیشە لە ژەنڕاڵە فەڕانسەیی‌یەکان بەگلەیی‌یە کە بۆچی ناتوانن بە شکاندنی ئیسپانیا لەسەر تەختی پادشایەتیی دابنێن. تەختێک کە ئەم پادشایە هیچوەخت نەی‌توانی پاڵی وێبدا. بەڵام لەلایەکی دیکە ژوولی خۆی لە ژیانی خۆی ڕازی دیار بوو. ئەو جلە ئەرغەوانی‌یەکانی دەستدرووی لۆرویی دەبەر دەکردنو بۆخۆشی جلی بووکەشووشەکانی کچەکانی دەدووری. لە میوانداری‌یەکانی دەربارردا بەشدار دەبوو، و ئیمپەڕاتریسی بە شیاوی شاژنبوونو پادشا چکۆڵەی ڕۆمی بە منداڵێکی لەبەردڵان دەزانی. منداڵێک بە مووی خورمایی‌و دووچاوی شینو دوو ددانی چووکەڵەوە. ناپلیۆن بۆ وەپێکەنین‌هێنانی کوڕە چکۆلەکەی خۆی لاسای مریشکو کەڵەبابی دەکردەوەو هێندێ جاریش وەک پشیلە دەی‌میاواند. هەوڵم دەدا ڕوخساری ناپلیۆن بێنمە بەرچاوی خۆم کە وەک کەڵەباب دەخوێنێ یان وەک پشیلە دەمیاوێنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژوولی لەپێشدا نەیدەتوانی تێبگا کە ئەمن بۆچی دوای گەڕانەوە نەچوومە تویلری. بەڵام ئەمن دەمەوێ ئەوەندی بکرێ ژیانێکی بێدەنگم هەبێو جگە لە ژوولیو دۆستانی زۆر نزیکم هاتوچووی کەس نەکەم. هەر بۆیەش بانگهێشتن بۆ تویلری سەرسوڕماوی کردم. بیری ئەوە کە بێگومان ئەو بانگهێشتنە ئامانجێکی تایبەتیی لەپشتەوەیە، بەری نەدەدام. نەشمدەتوانی تێبگەم ئامانجەکە چیە؟

لەماوەی ژیانمدا ئەمە سێیەمجار بوو کە بەدڵێکی پڕ لە نیگەرانیو ترسەوە دەچوومە تویلری. یەکەمیان، ئەوشەوە بوو کە چووم داوا لە ناپلیۆن بکەم لە خوێنی دووک ئینهین خۆش بێ. لەبیرمە ئەوشەوە کڵاوە تازەکەمم لەسەرم نابوو بەڵام داخوازەکەم قبووڵ نەکرا. دووەمینجار کاتێک بوو کە دەگەڵ ژان باتیست چووینە تویلری بۆئەوەی ژان باتیست داوای کشانەوەی خۆی لە سوپاو وەلانانی ناسیۆنالیتەی فەڕانسە بۆ بنەماڵەکەمان لە ناپلیۆن بکا.

ئەمشەو جلکی سپیو تەڵاییم دەبەردایەو گوارەیەکی ئەڵماسم دەگوێ کردوە کە شاژنی دایک سووفیا ماگدالنا پێیداوم. هەرچەند زۆریشم سەرما نەبوو بەڵام شنێلە کەوڵە سەگلاوکەکەشم بەسەر شانی خۆمدا داوە. ئێستا لە سوێد هەموو جێیەک سەهۆڵبەندانەو هەوا بیست تا بیستوپێنج پلە لەخوار سفرەوەیە... دیسان شۆقی چراکانی پاریس لەسەر شەپۆلەکانی سێن سەما دەکەن. کاتێک پێم نایە تویلری هەناسەیەکی درێژم هەڵکێشا. هەستم کرد لە ماڵی خۆمم؛ یۆنیفۆرمە شینەکانی خزمەتکارانی ئیمپەڕاتۆر، پەردە گوڵدۆزیکراوەکانو مافوورەکان بەنەخشی مێشەنگوینەی زێڕینەوە، مێشەنگوینەی زێڕین لە هەموو جێیەک بەرچاو دەکەوتن... ڕاست ئەوجۆرە کە ناپلیۆن لە شەوەکەدا گوتبووی؛ شەوێک لە ڕابردووی دووردا. هەموو شوێنێک نووربارا بوو، و ئەو ڕووناکاییە سەرسوڕهێنە پێشی بە تارماییو جندۆکان دەگرت.

هەموو خزمانی ناپلیۆن لە ساڵۆنی ئیمپەڕاتریس کۆ ببوونەوە هەتا زووتر بەخێراتنم بکەن، تەنانەت ماری لووئیزیش لەجێی خۆی هەستاو هاتە لای ئێمە؛ بەڵێ ئەمن ئیدی ببوومە شازادەخانمێکی بەڕاستی. ماری لووئیز وەک هەمیشە جلی پەمەییڕەنگی دەبەردا بوو. چاوە شیشۆقییەکانی تەواو بێحاڵەت بوون، بەڵام بزەیەکی میهرەبانانەی لەسەر لێو بوو، بەدیتنی من بێ هیچ پێشەکییەک لە ئەحواڵی کچەمامە خۆشەویستەکەی، شاژنی سوێدی پرسی. بێگومان پێوەندیی سۆزداریی نێوان واسایەکو هاپسبوورکێک زۆر قایمتر لە پێوەندیی نێوان ئەوو هەموو بوناپارتە تازە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەرداکەوتووەکانە کە دەوروبەریان گرتوە. بۆیە بەناچار دەگەڵی لەسەر مۆبلێکی ناسک دانیشتم. خاتوو لیزیا وێڕای تاریفی گوارەکانی من دەیەویست قیمەتەکەیان بزانێ. لە دیتنەوەی دووبارەی ئەو ژنە بەساڵداچووە کە قژەکانی بە دابی ڕۆژی پاریس قرژ کردبوونو مانیکووری لە نینۆکانی دابوو، زۆر خۆشحاڵ بووم.

خاتوو لیزیا کە دیار بوو لە ئیمپەڕاتریس بە گلەییە دەیپرسی:

–نازانم ناپلیۆن چدوژمنایەتی‌یەکی دەگەڵ نیوتەختەکانی دانپێدانانی من هەیە. ئەمن سێژووری چکۆڵەی نیگابانیم لە هەڕاج (مەزاد)خانەی سوپا کڕیون‌وەک نیوتەخت لە نوێژگە چووکو تایبەتی‌یەکەی خۆم لە ڤێرسای دامناون. ئەوانە نیوتەختی باشی دانپێدانانو زۆریش هەرزانن. ئەو بەمن دەڵێ لەچەرو دەستقونجاو، وادیارە لە کۆشک هیچ شتێک بێنرختر لە پارە نیە.

خاتوو لیزیا چاوێکی سەرکۆنەکەرانەی بە چواردەوری سالۆنی ئیمپەڕاتریس‌دا گێڕاو لەبن لێوانەوە بۆڵاندی:

–لەتویلری هیچکەس لەفکری دەستپێوەگرتن‌دا نیە...

لەم جەرگەیەدا پوولێت بە پێکەنینەوە گوتی:

–ماماميا... ماماميا.

شازادە خانم بوورگز زۆر لەجاران جوانتر بووە. ئەو هێشتا جوان، دژوارپەسندو دڵناسکەو دەوروبەری چاوە گەورە خۆڵەمێشی‌یەکانی بە سێبەرێکی شین داپۆشراوە. ئەو هەروا خەریکی پڕکردنو بەتاڵکردنەوەی پەرداخە شامپاینەکەی خۆیەتی. ژوولی بە منی گوتبوو کە پوولێت نەخۆشەو کاتێکیش لە نەخۆشی‌یەکەیم پرسی، بەشەرمەوەو بە ڕوخسارێکی سوورداگیرساوەوە وەڵامی دایەوە:

–هیچکەس ناوی ئەم نەخۆشی‌یەی بە زمان‌دا نایە، چونکە خانمەکان هەرگیز تووشی ئەم نەخۆشی‌یە نابن.

ئێستا ئەمن تەماشای پوولێتم دەکردو تینم بۆ مێشکی خۆم دێنا تا شتێک لەو نەخۆشی‌یە سەیرە هەڵکڕێنم. ڕاست لەوکاتەدا ژۆزێف لەمنی پرسی:

–شەوەکەی سەری ساڵت لەبیرە کە هەستت بە نەخۆشی دەکرد؟ ئەوکاتەی چاوەڕوانی لەدایکبوونی ئۆسکار بووی؟ ئێمە ئەو شەوە هەمووومان جامەکانمان بە شانازیی خانەدانی بێرنادۆت خواردەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای ئەوە ژۆزێف دەستی کرد بە پێکەنین، بەڵام پێکەنینەکەی حاڵەتێکی ناخۆشی تێدا هەست پێدەکرا. پوولێت لەحاڵێکدا جارێکی دیکە جامەکەی هەڵدەقووڕاند گوتی:

–قسە بەتوێکڵەکانی ژۆزێفشای یەکەم، پادشای ئیسپانیا لەڕووی ئێرەییەوەن.

سەعات لە یازدە تێپەڕیبوو هێشتا ئیمپەڕاتۆر نەهاتبوو. ماری لووئیز کە هەستی دەکرد هەموو چاوەڕێی ناپلیۆنن، گوتی:

–خاوەنشکۆ تا درەنگانێک خەریکی کارە.

ژوولی پرسی:

–کەنگێ دەتوانین ئەو کوڕە گچکۆکە ببینین؟

–ڕاست نیوەشەوێو کاتی دەستپێکردنی ساڵی نوی ئیمپەڕاتۆر لەباوەشی دەگرێو بۆ پیرۆزبایی ساڵی نوێ دێتە سالۆن.

خاتوو لیزیا بەتوندیو بە سەرکۆنەوە گوتی:

–بۆ منداڵ باش نیە نیوەشەوێ لەخەوی هەستێننو بیهێننە نێو ئەم هەموو میوانە. بۆ سلامەتیی منداڵەکە زیانی هەیە.

ڕاست لەم کاتەدا مێنوال سکرتێری تایبەتیی ئیمپەڕاتۆر هاتە ژووری سالۆنەکەو گوتی:

–ئیمپەڕاتۆر دەیەوێ دەگەڵ خانمی شازادە قسە بکا.

–مەبەستت منم؟

مێنوال بە ڕوخسارێکی جیددییەوە دووپاتەی کردەوە:

–خانمی شازادە هاوسەری وەلیعادی سوێد.

ماری لووییز کە سەرگەرمی قسەکردن دەگەڵ ژوولی بوو، بە بیستنی خەبەری داواکردنی من سەری سوڕ نەماو دەسبەجێ تێگەیشتم کە ئەو لەسەر داوای ئیمپەڕاتۆر منی بۆ میوانداری بانگهێشتن کردوە، بەڵام ئەندامانی بنەماڵەی بوناپارت یەکسەر قسەکانیان بڕی هەتا ئەمن لە دەرگای سالۆنێ چوومە دەر.

لەحاڵێکدا بەو ژوورە گەورانەدا تێدەپەڕیین کە دەرگایان بۆ یەکتر دەکرایەوە، مێنوال گوتی:

–خاوەنشکۆ لە ژووری کاری تایبەتیی خۆی چاوەڕێی پایەبەرزە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو چاوپێکەوتنی پێشتری من دەگەڵ ناپلیۆن لە ژووره گەورەکەی کاری وی ئەنجام درابوون. کاتێک ئێمە وەژوور کەوتین، ئیمپەراتۆر ساتێکی کورت چاوی لەسەر کاغەزەکانی بەردەمی هەڵگرتو سەری هەڵێنا.

-فەرموو دانیشە خانم!

ئەو ئیدی هیچی نەگوت. ڕەفتاری توندو بێئەدەبانە بوو. مێنوال ژوورەکەی بەجێ هێشتو ئەمن لەسەر کورسی چاوەڕێ مام. بەرامبەر بەو جانتایەکی پڕ لە کاغەزو نووسراو هەبوو؛ دەسخەتی کاغەزێک کە لە پێشی بوو بۆ من ئاشنا دیار بوو. لە دڵی خۆمدا گوتم لەوانەشە ڕاپۆرتی ئالکوویە لە ستۆکهۆڵمەوە بێ. باڵیۆزی فەڕانسە لە سوێد پیاوێکی زۆر پڕکار بوو. میلەکانی ئەو سەعاتەی لەسەر پێش‌سۆبەکە بوو سات بە سات لە ساڵی نوێ نزیکتر دەبوونەوە. هەڵۆیەکی بڕونزیی زێڕکفت‌کراو کە باڵی لێک کردبوونەوە، ڕووبەری سەعاتەکەی لەسەر بوو. نەمدەزانی ئەو شانۆسازی‌یانە بۆ چین. ئەو بەڕواڵەت منی بانگ کردبووە کن خۆی تا باسێکی گرنگم دەگەڵ بێنێتە گۆڕێ. سەرەنجام گوتم:

-قوربان! پێم وا نیە بۆ ترساندنی من پێویستیت بەوە هەبێ کە لە چاوەڕوانیمدا ڕابگری. ئەمن هەر لەخۆمدا ترسەنۆکو کەمڕوومو گومان لەوەدا نیە کە لێت دەترسم.

لەحاڵێکدا هەروا تەماشای کاغەزەکانی دەکرد گوتی:

ئووژنی! ئووژنی!... دەبێ چاوەڕوان بی تا ئیمپەراتۆر دەست بەقسە دەکا. بەڕێز مۆنتێل ئەوەندەشی فێر نەکردووی؟

ئەو دووبارە دەستی بەخوێندنەوە کردەوەو ئەمن دەرفەتم هەبوو دە ڕوخساری فکرم. دەمامکی تزار نەختێک قەڵەوتر دیار بوو،و مووەکانیشی تەنکتر ببوون. دەموچاویشی؛ بەڵێ ڕۆژێک ئەمن شەیدای ئەو دەموچاوە بووم، چەندین‌ساڵ پێش ئێستا. بەڵام دەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاریش ئەڤینی خۆم وەبیر دەهاتەوەو تەنیا شت کە لەبیرم چووبوو ڕوخساری بوو.

بە بێ‌سەبری گوتم:

-قوربان! داوای منت کردبوو کە دەرسی ڕێوشوینی ژیانی کۆمەڵایەتیم لێبپرسیەوە؟

-شتی دیکەش هەیە خانم. دەمەوێ بزانم هۆی گەڕانەوەت بۆ فەڕانسە چبووە؟

-سەرما قوربان!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تۆزێک چووە دواوەو پاڵی وە پشتیی کورسی‌یەکەی دا. دەستەکانیی لەسەر سنگ دانان‌و جووڵەیەکی گاڵتەپێکردنی هاتە سەر لێوان.

-ئاوا...سەرما! دەگەڵ ئەو کەوڵە سەگلاوکەی بۆم ناردبووی دیسان هەستت بە سەرما دەکرد خانم!

-دیسان سەرمام بوو قوربان.

-بۆچی کاتێک گەیشتیە پاریس نەهاتیە دەربار؟ هاوسەرانی مارشاڵەکانی من بە ڕێک‌وپێکی بۆ دەربڕینی ڕێز بەرامبەر بە ئیمپەراتریس دێنە دەربار.

زۆر لەمێژە کە ئیدی هاوسەری یەک لە مارشاڵەکانی ئێوە نیم. قوربان!

-دیارە. دەکرێ بڵێم ئەوەم لەبیر چووبوو. ئێستا ئێمە سەروکارمان دەگەڵ شازادە دیزیدێریا هاوسەری وەلی‌عادی سوێد هەیە. بەڵام ئەتۆ خانم! دەبێ ئەمە بزانی کاتێک ئەندامانی بنەماڵەکانی پادشایەتی بۆ سەردانی پێتەختی من دێنە ئێرە وەختێک وەردەگرن‌و دێنە سەردانم. ئەمە یەکێک لە داب‌وشوێنە دەباری‌یەکانە خانم!

-ئەمن بۆ گەڕان نەهاتووم، ئێرە ماڵێ منە.

-زۆر باشە ئێرە ماڵێ تۆیە...

ئەو بەئارامی لەسەر کورسی‌یەکە هەستا، لەپشت مێزەکە هاتە دەرێ، بەرامبەر بەمن ڕاوەستاو لەنەکاو نەڕاندی:

-چخەیاڵێکت هەیە خانم؟ ئێرە ماڵێ تۆیەو ئەتۆش هەموو ڕۆژێ ئەوەی لێرە ڕوو دەدا لەزمانی خوشکەکەت‌و ژنەکانی دیکە دەی‌بیسی‌و بۆ مێردە بەڕێزەکەتی دەنووسی. سوێدی‌یەکان تۆیان هێندە بە زرینگ‌و وشیار زانیوە کە بۆ جاسووسی ناردوویانیە ئێرە؟

-نا! بەپێچەوانە قوربان! بۆیە هاتوومەوە چونکە زۆر دەبەنگ بووم.

ئەو کە پێی وانەبوو وەڵامێکی وا دەبیسێ، خۆی بۆ هاوارێکی دیکە ئامادە کردبوو. بەڵام لەجیاتی‌یان بە حاڵەتێکی ئاسایی پرسی:

-مەبەستت چیە خانم؟

-ئەمن زۆر دەبەنگم خاوەن‌شکۆ! ئووژنیی چەندین‌ساڵ پێش ئێستات لەبیرە؛ کچێکی دەبەنگ‌و گێژو نەخوێندەوار. بەداخەوە ئەمن نەم‌توانی شوێنەوارێکی دڵخوازو خۆش لەسەر دەرباری سوێد دابنێم‌و چونکە جێ‌سەرنج‌بوون‌و خۆشەویستیی ئێمە -ژان باتیست، من‌و ئۆسکار- لەسوێد زۆر جێگای سەرنج‌و لێوردبوونەوە بوو، هەربۆیە ئەمن هاتمەوە ماڵەکەی خۆم. هەر بەو سادەیی‌یە کە گوتم خاوەن‌شکۆ!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-هێندە سادە کە ناتوانم باوەڕ بکەم.

دەنگی وەک ویڕەی قەمچی دەیگەزی. ئەمجا دەستی بە پیاسە لەنێو ژوورەکەدا کرد.

-لەوانەیە ئەمن بەهەڵە چووبمو لەوانەیە بوونی تۆ لێرە بە ویستو پێخۆشبوونی بێرنادۆت نەبووبێ. بەڵام هەرچۆنی بێ خانم...ئەو هەلومەرجە سیاسی‌یەی هاتۆتە پێش ئەوەندە قەیرانی‌یە کە ناچارم داوا لەتۆ بکەم فەڕانسە بەجێ بهێڵی.

سەرسوڕماوتر لە هەمیشە تێیەوە ڕامام، بەڕاست ئەو دەرم دەکا، ئەویش لە... لەفەڕانسە؟!

-ئەمن دەمەوێ لێرە بمێنمەوە. تەنانەت ئەگەر نەشتوانم لەپاریس بم دەچمە مارسەی. هەمیشە لەفکری ئەوەدا بووم کە ڕۆژێک خانووە کۆنەکەمان بکڕمەوە، خانووەکەی باوکم. بەڵام بەداخەوە ئەوانەی کڕیویانە حازر نین بیفرۆشن. بۆیە جگە لە خانووەکەی شەقامی ئانژوو جێوڕێیەکم نیە.

-خانم ئەتۆ بەمن بڵێ بێرنادۆت شێت بووە.

ڕاوێژی پرسیاری ناپلیۆن زۆری تووڕەیی تێدا بوو. دەستی بە سەروبن‌کردنی کاغەزەکانی سەر مێزەکەی کردو سەرەنجام کاغەزێکی لەنێو دەرهێنان. دەستخەتی ژان باتیستم ناسیەوە.

ئەمن پێشنیاری یەکیەتی دەدەمە بێرنادۆت. کەچی ئەو وەڵام دەداتەوە کە لە شازادە دەستنێژو گوێڕایەڵەکانی من نیە!

-ئەمن سەر لەسیاسەت دەرناکەمو کارم بەو کارانە نیە. بەڵام نازانم وەڵامی وی پێوەندیی بە مانەوەی من لەپاریس چیە؟

-پێت دەڵێم خانم! پێت دەڵێم پێوەندیی چیە.

جارێکی دیکە مستێکی وای لە مێزەکە ڕاکێشا کە نەکهەر مێزەکە لەرزی، بەڵکوو هێندێ کوتی گێچبڕیی سەر دیواریش بەربوونەوە سەر عەرزی. ئێستا ئەو گەیبووە لووتکەی شێواوی‌و سنووری شێت‌بوون.

-بێرنادۆتی تۆ ئەو غیرەتەی وەبەر خۆی ناوە کە پێشنیاری یەکیەتی دەگەڵ فەڕانسە ڕەت بکاتەوە خانم!

بەڵام ئەمن هیچم نەگوت.

-نا خانم، نا. تەنانەت ئەتۆش ئەوەندە سادەو نەزان نی کە لەوەی هەموو خەڵکی ئەم شارە دەی‌زانن بێ‌خەبەر بی. تزار بڕیاری سیستمی کۆنترۆڵی بەندەرە قاڕڕەیی‌یەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەژێر پێناوەو بۆیە بەزوویی ئیمپەڕاتۆری‌یەکەی لە پانایی جیهان ڕەش دەبێتەوە. بەڵێ خانم! گەورەترین سوپای مێژوو ڕووسیە دێنێتە ژێر چنگی خۆی.

گەورەترین سوپای مێژوو... بەزمان‌داهێنانی ئەم دەربڕینە سەرمەستی کردبوو.

–سوێد لەپەنای ئەم سوپایە دەتوانێ شانازی‌یەکی هەمیشەیی بەدەست بێنێو جارێکی دیکە ببێتە وڵاتێکی بەدەسەڵات. ئەمن بەرامبەر بەو یەکیەتی‌یە بەڵێنی فێنلاندم بە بێرنادۆت داوە، فێنلاندو شارەکانی ئەندامی یەکیەتیی هانس. بیری لێبکەوە خانم!... فێنلاند!!

هەوڵم دا نەخشە وەبیر خۆم بێنمەوەو بزانم فێنلاند لە کوێیە.

–ئەمن ئەوم لەسەر نەخشە دیوە، پەڵەپەڵەی ڕەنگشین؛ بەحرۆکەی زۆر.

–بێرنادۆتیش نایەوێ پێشنیاری من قبووڵ بکا. ئەو نایەوێ لەپەنا ئێمە بێو دەگەڵ ئێمە شەڕ بکا. مارشاڵێکی فەڕانسەیی خۆی لە بەشداری لەو شەڕەدا دەبوێرێ.

تەماشای سەعاتم کرد پازدە دەقیقەی دیکە ساڵی تازە دەستی پێدەکرد.

–قوربان نزیک نیوەشەوە.

بەڵام دیاربوو گوێی لێنەبوو. بەرامبەر بە ئاوێنەیەک کە لەسەر پێش‌سۆبەکە دانرابوو ڕاوەستابوو، دە ڕوخساری خۆیەوە ڕامابوو.

–دووسەدهەزار فەڕانسەیی، سەدوپەنجاهەزار ئەڵمانی، هەشتاهەزار ئیتالیایی، شەست‌هەزار لەهیستانیو پتر لە سەدودەهەزار داخوازی وڵاتانی دیکە. ئەمەیە سوپای گەورەی ناپلیۆنی یەکەم، گەورەترین سوپای مێژوو... ئەمن شەڕێکی دیکە دەست پێدەکەم.

دە دەقیقەی ماوە بۆ نیوەشەو قوربان!

ڕوخساری لەڕقان‌گرژی خۆی بۆلای من وەرگێڕا.

–بێرنادۆتیش ئەم لەشکرە بە هیچ نازانێ.

سەرم ڕاوەشاندو گوتم:

–قوربان! ژان باتیست بێرنادۆت بەرپرسایەتیی قازانجەکانی سوێدی لەسەر شانە. هەرچی دەشیکا لەپێناوی قازانجی ئەم وڵاتەدایە.

–ئەوکەسەی دەگەڵ من نیە دوژمنی منە. خانم! ئەگەر ئەتۆ بەویستی خۆت فەڕانسە بەجێنەهێڵی لەوانەیە بەبارمتەت بگرم.

نە وەڵامم دایەوەو نەجووڵەیەکم کرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–زۆر درەنگوەختە.

ئەمەی گوتو چووە پشت مێزەکەی خۆیو زەنگێک لەسەر مێزەکە بوو لێیدا.

مێنوال کە بێگومان لەپشت دەرگا گوێبەفەرمان ڕاوەستابوو، هاتە ژووریێ.

–بگرە... ئەم نامەیە دەسبەجێ بە تەتەری تایبەتدا بنێرنە جێی مەبەست.

پاشان ڕووی کردە منو زیادی کرد:

–دەزانی ئەم نامەیە چیە خانم؟ فەرمانێکە بۆ مارشاڵ داڤووت. داڤووتو هێزەکانی لە سنوور تێدەپەڕنو پووْمرانیی سوێد داگیر دەکەن. باشە نەزەرت لەبارەی ئەمەوە چیە خانم؟

–نەزەری من ئەوەیە کە دەتەوێ بەم کارە باڵی چەپی سوپا گەورەکەت دابپۆشی قوربان!

چەند ساتێک بەدەنگی بەرزو بە قاقا پێکەنیو پاشان گوتی:

–ئەم ڕستەیە کێ فێری کردووی؟ داخوا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا قسەت دەگەڵ یەکێک لە ئەفسەرانی من کردوە؟

–زۆر لەوە پێش ئەوەم لە ژان باتیست بیستوە.

چاوەکانی ناپلیۆن تەنگ بوونەوە.

–ئایا ئەو بەنیازە بەرگری لە پووْمرانیی سوێد بکا؟ پێمخۆشە شەڕی ئەوو داڤووت ببینم.

"پێمخۆشە!" بیر لە مەیدانەکانی شەڕ دەکەمەوە، لەو بارستەگڵە بەزەییبزوێنانەو ئەو خاچە شکاوانەی بەر گەردەلوولەکان. لەو کۆگڵانەی بەپەنای یەکەوە ریز دەکرێن،و ئەمانەش بۆ وی سەرنجڕاکێشو سەرگەرمکەرن...

–تێ گەیشتی خانم کە ئەمن دەتوانم تۆ بەبارمتە بگرم؟ پێت وانیە ئەمکارە حکوومەتی سوێد ناچار دەکا پێشنیاری یەکیەتی دەگەڵ من قبووڵ بکا؟

بزەیەک هاتە سەر لێوانم.

–جارەنووسی من هیچ گۆڕانێک بەسەر بڕیاری حکوومەتی سوێددا ناهێنێ. بەڵام بە میللەتی سوێد دەسەلمێنێ کە ئامادەم هەموو ئازارێک لەپێناوی سەرزەمینە تازەکەمدا بەگیان بکڕم. قوربان! بەڕاستی ئەتۆ دەتەوێ قارەمانێک لەمن دروست بکەی؟

ئیمپەڕاتۆر بەتوندی ڕەنجا. "پلاری کوێری". بێگومان ناپلیۆن هەرگیز نەیدەویست ژنی بێرنادۆت بکاتە قارەمانی نیشتمانیی سوێد... بۆیە شانی هەڵتەکاندو وەڵامی دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئێمە دۆستایەتیی خۆمان بەسەر کەسدا ناسەپێنین. زۆر میللەت هەن کە دۆستایەتیی ئێمە بەئاوات دەخوازن.

ئێستا سێ‌دەقیقە زیاتری بۆ نیوەشەو نەمابوو.

-ئەمن چاوەڕوانیم لەتۆ هەیە هەوڵ بدەی هاوسەرەکەت بۆ دۆستایەتی‌و یەکیەتی دەگەڵ ئێمە هان بدەی.

دەستی ناپلیۆن بە دەستگیرەی دەرگاکەوە بوو، و بڵێسەی شەڕفرۆشی لە چاوەکانی هەڵدەستا.

-بەدڵنیایی ئەمە بەقازانجی تۆ دەبێ خانم!

زەنگەکان لێ‌دران‌و دەنگی ئێمە لەنێو زرینگەی زەنگەکاندا ون بوو. ناپلیۆن لەخۆوە دەستی لە دەستگیرەکە کردەوە. دەتگوت لە حاڵەتێکی شێوەسەرخۆشی‌دایە دە نوختەیەکی دوورەوە ڕامابوو. زەنگەکانی پاریس هاتنی ساڵی نوێیان رادەگەیاند. ئەم زەنگانە؛ بیرم دەکردەوە چەند شەیداو ئۆگری ئەم زەنگانەم. ناپلیۆن لەبن لێوانەوە گوتی:

-ساڵێکی گەورە لە مێژووی فەڕانسەدا دەست پێ‌دەکا.

ئەمن دەستگیرەی دەرگاکەم سووڕاند. ئاجودانەکان‌و پێشکارەکانی دەربار لە ژووری گەورەدا بەچاوەڕوانی وێستابوون.

-ئێمە دەبێ پەلە بکەین. خاوەن‌شکۆ شاژن چاوەڕێمانە.

ناپلیۆن بۆخۆی بەپەلە ئەو قسەیەی کردو غاری دا. ئاجودانەکان‌و پێشکارەکانیش بەدوای‌دا ڕۆیشتن‌و دەنگی مامزەکان لە دالانێ‌دا زرینگایەوە. ئەمنیش ئارامو بە پیاسەکردن دەگەڵ مێنوال وەڕێ کەوتمو لە کاتی تێپەڕین بە ژوورە گەورەکاندا گوتم: ئەو فەرمانە گەورەیەت بەڕێ کرد؟

مێنوال بە سەرلەقاندن وەڵامی ئەرێی دایەوەو ئەمن گوتم:

-یەکەمین کاری ئیمپەڕاتۆر لە ساڵی نوێ‌دا لەژێرپێ‌نانی بێ‌لایەنیی وڵاتێکی دیکەیە.

ئەو قسەکەمی ڕاست کردەوە:

-نا خانمی شازادە! دواکاری لە ساڵی ڕابردوودا.

لەساڵۆنی ئیمپەڕاتریس، بۆ یەکەمین‌جار پادشای چووکەڵەم دیت. ئیمپەڕاتۆر ئەوی لەباوەش کردبوو، و منداڵی بەستەزمان لەترسان هاواری دەکرد. کراسێکی تۆڕی‌یان دەبەر منداڵەکە کردبوو، و قایشێکیشیان دەملی کردبوو. خاتوو لیزیا بە دیتنی منداڵەکە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–قایشو نیشان لەجیاتی جلوبەرگ! بەڕاستی کە...

ئیمپەڕاتۆر بۆ ئارامکردنەوەی منداڵەکە بەسپایی قدیلکەی دەدا. بەڵام باڵیۆزانی دەرەوە بەجلی ڕەسمیی تەشریفاتی دەرباریو خانمەکانیان بە پێکەنینی خۆیانو ئەندامانی بنەماڵەی بوناپارت کە دەیانەویست منداڵە ساوایەکە بلاوێننەوە لەپێشوو پتر دەیانترساندو وەهاواریان دەخست. ماری لوویز لەپەنا ئیمپەڕاتۆر ڕاوەستابوو بەتامەزرۆیی چاوی لە منداڵەکە دەکرد. چاوەکانی ئیدی ئەو بێموبالاتیەی چەند دەقیقە پێشتریان نەبوو،و ئەوەندە بە سەرسوڕمانەوە تەماشای منداڵەکەی دەکرد کە دەتگوت بۆخۆشی باوەڕ ناکا کە منداڵێکی بۆ ئیمپەڕاتۆر هێناوەتە سەر دنیا.

کاتێک ناپلیۆن چاوی بەمن کەوت، لەحاڵێکدا منداڵە گریاوەکەی لەباوەشدا بوو هات بۆ لام. ڕوخسارە گۆشتنەکەی دەدرەوشاو بۆ ئارامکردنەوەی منداڵەکە دەیگوت:

–ئەتۆ نابێ بگری قوربان! پادشایان ناگرین.

ئەمن بەخۆم نەبوو دەستم درێژ کردو منداڵەکەم لێوەرگرت. خاتوو مۆنتسکیۆ پەرستاری جێگەورەی منداڵەکە بۆلای من هات. بەڵام ئەمن منداڵەکەم دەباوەش گرت. جلە تۆڕیە پڕبریقەوباقەکەی منداڵەکە بە تەواوی تەڕ ببوو. دەستم بەسەر قژە زەردەکانی پشت ملیدا هێنا. منداڵ ژیر بۆوەو بەسەرنجەوە تەماشای دەوروبەری خۆی کردو ئەمن زۆرتر بەباوەشمەوە گوشیم. بیرم لەئۆسکار دەکردەوە، ئەو ئێستا لەسالۆنی شاژن پەرداخی شامپاینبەدەست بەئەدەبەوەو بە گوتنی... ئیسکال لە تەنیشت پادشا، شاژن، شازادە سووفیا ئالبێرتیناو سەرەنجام شاژنی دایک خەریکی خواردنەوەیە. دەنگی گۆرانیی کوسکوول دە فەزای سالۆنەکە دەگەڕاو لە چەند ڕۆژی دادێدا ژان باتیست تێدەگا کە داڤووت چۆتە پوومرانیی سوێد.

ماچێکم لە مووە تەڵاییەکانو ئاوریشمی تاریکی منداڵەکە کردو لەم کاتەدا دەنگێک هەستا:

–سەلامەت بێ خاوەنشکۆ پادشای ڕۆم.

هەموومان پەرداخەکانمان بەتاڵ کرد. ئەمن منداڵم وە پەرستارەکەی دایەوەو لەبن لێوانەوە گوتم:

–جلی منداڵەکە زۆر تەڕ بوون.

ئەویش خێرا منداڵەکەی لە سالۆن بردە دەرێ. ئیمپەڕاتۆرو ئیمپەڕاتریس هەردووکیان شادو بەکەیف بوون. لەم کاتەدا چاوم بە ئوورتانس کەوت. ئەو دوو مانگ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشتر ببووە خاوەنی کوڕێک. دیارە ئەو زۆرلەمێژە دەگەڵ لوویی بوناپارت ناژی. بە سەرکوڵمەی سوورو چاوی درەوشاوەوە لە پەنا کۆنت فلائۆ ڕاوەستابوو. ئەو ئیدی هەموو شتێکی لەدەست دابوو. ئیدی کوڕەکانی بە میراتگری ناپلیۆن نەدەژمێردران و ئیمپەڕاتۆریش ئیدی ئەوندەی گوێ نەدەدایە بەکچناوبراوەکەی. کەوایە بۆ لە پەنا کۆنت فلائۆ نەبێ؟

لەنەکاو دەنگێکی ئارامم بیست کە بەحاڵەتێکی وەک نارەنار دەیگوت:

—خانمی شازادە دەبینی کە پایەبەرز وەلیعاد دەچێتە پاڵ ڕووسیەو دیارە حەقیشیەتی. بۆ چاوتروکانێک پێم وابوو تووشی خەونوخەیاڵ بووم. هەرلەوکاتەدا چاوم بە تالیران کەوت کە بە شەلەشەل بە پەنامدا تێپەڕی.

دەمەویست بچمەوە ماڵێ چونکە زۆرم هەست بە ماندوویی دەکرد. بەڵام دیتم ئیمپەڕاتۆرو ئیمپەڕاتریس قۆڵ دەقۆڵی یەکدا بۆلای من دێن. لەدڵی خۆمدا گوتم ژنێک بەو کوڵمە سوورانەوە هەرگیز نابێ جلی پەمەیی دەبەر بکا.

—بەڵێ بارمتەکەی من لێرەیە... بارمتە جوانو چکۆڵەکەم.

ئیمپەڕاتۆر ئەم ڕستەیەی بەحاڵەتێکی میهرەبانانەو گاڵتەوە گوتو دەوروبەرەکەشی بەئەدەبەوە پێکەنین.

—بەڵام خوشکوبرایان ئێوە لە مەبەستی من حاڵی نەبوون.

ئیمپەڕاتۆر هێندێجار لەوەی خەڵکی دەوروبەری پێش بیستنو تێگەیشتنی قسە خۆشو شۆخییەکانی پێدەکەنن، تووڕە دەبێ.

—بەڵام ئەمن دەترسم خانمی شازادە حەوسەلەی پێکەنینی نەبێ. چونکە زۆر بەداخەوە ژەنراڵ داقووت ناچار بووە بەشێک لە سەرزەمینی شیمالیی پایەبەرز بگرێ.

ژوورەکە تەواو بێدەنگ ببوو.

—پێم وایە پێشنیاری تزار بۆ ئەوان لە پێشنیاری من سەرنجڕاکێشتر بووە خانم. بیستوومە تزار دەیەوێ گراندووشێسێکیشی بە دیاری بداتێ. پێت وانیە ئەم پێشنیارە بۆ کۆنە مارشاڵەکەی ئێمە خوتخوتەدەر بێ؟

—زەماوەند دەگەڵ کچێکی خانەدانی پادشایەتیی لەمێژینە، هەمیشە بۆ پیاوانی چینی نێوەڕاست خوتخوتەدەر بووە.

دەنگی من ئارام بوو بەڵام هەموو ئەوکەسانەی لەوێ بوون بەبیستنی وەڵامی من ڕاچەنین. بزەیەکی پڕمانا کەوتە سەر لێوی ناپلیۆنو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-دیارە. بەڵام خوتخوتەیەکی وا لەوانەیە پێگەی تۆ لە سوێد بخاتە مەترسییەوە خانم! بۆیە وەک دۆستێک پێشنیار دەکەم نامەیەک بۆ بێرنادۆت بنووسیو هانی بدەی بۆ یەکیەتی دەگەڵ فەڕانسە. لەبەر دواڕۆژی خۆتان خانم!

-دواڕۆژی من دابینە قوربان! ئاخرەکەی... وەک شاژنی دایک.

ناپلیۆن بە حاڵەتێکی پەرێشان دە منەوە ڕامابوو.

-خانم! هەتا کاتێک یەکیەتیی نێوان سوێدو فەڕانسە وەدی نەهاتوە هەرگیز نامەوێ تۆ لە دەربار ببینم!

ناپلیۆن دوای ئەم قسەیە خێرا دەگەڵ ماری لوویز دوور کەوتەوە.

ماری لەماڵێ چاوەڕوانمە. ئەوشەوە ئیبووتو خزمەتکارەکانی دیکەم ئیزن دابوو بچن چێژ لە ڕێورەسمی ساڵی نوێ وەربگرن. ماری گوارە ئەڵماسەکانی لەگوێم دەرێناو دەرزییە زێڕەکانی شنێلەکەی لە شانم کردنەوە.

-ساڵی نوێ پیرۆز ماری! ئیمپەڕاتۆر گەورەترین سوپای مێژووی دروست کردوەو ئەمن دەبێ لەبارەی یەکیەتیی سوێدو فەڕانسەوە نامەیەک بۆ ژان باتیست بنووسم. دەبینی ماری؟ دەبینی ئەمنیش چۆن لەمێژووی جیهاندا بوومە خاوەنەخش؟

-ئەگەر ئەتۆ لە ساڵۆنی ئەنجومەنی شار خەوت لێنەکەوتایە، ئەو جەنابی ژۆزێف بوناپارتەش تۆی لەخەو هەڵنەدەستاندو ئەگەر شەووڕۆژ لەفکری مێردێک بۆ ژوولیدا نەبووایەی...

-بەڵێ ئەگەر ئەمنیش بەو کونپشکنییە لە ئاشنایی دەگەڵ برایەکەیدا نەبووایەم، ئەو ژەنراڵە وردیلەیە... ئەی کە بەو یۆنیفۆڕمە شرۆڵەوە چەندە داماو دیار بوو.

ئەنیشکەکانم لەسەر مێزی خۆجوانکردن دانانو چاوم نووقاندن. لەدڵی خۆمدا گوتم هەموو ئەو سەرکۆنەیە ڕیشەی لەو کونپشکنییە سادەیەدایە. بەڵام هەر ئەو ئاشنایەتییە دەگەڵ ناپلیۆنیش بوو کە ژان باتیستی هێنایە سەر ڕێی منو بووە هۆی ئەوەی ژیانێکی بەختەوەرانەم هەبێ.

ماری بەپارێزەوە پرسی:

-ئووژنی کەنگێ دەچیەوە ستۆکهۆڵم؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەنائومێدی بیرم کردەوە کە ئەگەر پەلە بکەم ڕەنگە بتوانم لە جێژنی دەزگیرانەتیی هاوسەرم دەگەڵ گڕاندووشێسێکی رووسیدا بەشدار بم. ماری دووبارە چاوی لێکردم. وا دیار بوو دەیەوێ بیرەکانم لە ڕوخسارمدا بخوێنێتەوە.

-ساڵی نوێ پیرۆز بێ!.

هەرچۆنی بێ ساڵی١٨١٢ دەستی پێکردبوو،و ئەمن پێم وابوو ساڵێکی سامناک دەبێ.

***

٣٦

پاریس، ئاوریلی١٨١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیەر کوڕەکەی ماری لە پاریسو لەلای ئێمەیە. هاتنی وی تەواو دوور لە گومان بوو. پیەر دەگەڵ داخوازانی سوپای گەورە کەوتوەو یەکێک لە کەسانی هەنگێکە کە لەپاریسەوە دەچنە بەرەی شەڕ. ئەمن ساڵێ هەشتهەزار فرانکم دەدا بۆئەوەی نەیبەنە سەربازیو لەوە کە دەمتوانی ئەم کارە چووکەڵەی بۆ بکەم خۆشحاڵ بووم. ئەمن هەمیشە بەرامبەر بەو خۆم بە گوناحبار دەزانی. چونکە پاش لەدایکبوونی، ماری بۆ دابینکردنی گوزەران ناچار بوو کار بکا، پیەری ساوای نارده لای خزمانیو بۆخۆی وەک دایەنی من دامەزرا. ئەمن بەشیری ماری گەورە بوومو لەڕاستیدا پیەرم لەشیری دایکی بێبەش کرد. ماریی میهرەبان هەروەخت وەڕەزیی منداڵەکەی خۆی دەکرد منی دەباوەش دەگرتو دەیلاواندمەوە. هەرچەند لەشیری دایکی بێبەش ببوو، بەڵام پیەر لاوێکی باڵابەرزو کارامە بوو؛ بە ڕوخسارێکی تاوەگازو جووتەچاوێکی ڕەشی وەک چاوەکانی ماریەوە. بەڵام بێگومان نیگای بێپەرواو لەخۆباییانەی لە باوکی بەمیرات وەرگرتبوو. پیەری لاو یۆنیفۆڕمێکی تازەی دەبەرو کڵاوێکی چەرمی تاڕادەیەک نوێی لەسەر بوو. تەنانەت نیشانی کڵاوەکەشی کە شریتێکی سێڕەنگی شین، سپیو سووری بە قەراغیدا هەڵاوەسرابوو نوێ بوو،و دەدرەوشا.

ماری وەک هەمیشە لەخۆشیی دیداری پیەر هۆشو حەواسی لەدەست دابوو،و لەحاڵێکدا دەستە ڕەقوتەقەکانیی بەسەر باسکەکانیدا دێنا، گوتی:

–بەڵام بۆچی؟

ماری چەندین جار ئەم پرسیارەی دووپاتە کردەوەو سەرەنجام پرسی:

–چما ئەتۆ لەوکارەی خانمی شازادە بۆی دیبوویەوە ڕازی نەبووی، ئەدی بۆ بوویە داوخواز؟

بزەی کوڕە لاوەکە ددانە سپیو بریقەدارەکانیی دەرخستن.

–دایە ئەمە ئەرکو شانازییە؛ پەیوەستبوون بە سوپای گەورە، شکاندنی ڕووسیەو گرتنی مۆسکۆ. ئیمپەڕاتۆر ئێمەی بانگ کردوە تا سەرەنجام دەستمان وە ئامانجی گەورەی ئوورووپای یەکگرتوو ڕابگا. بیر لەوە بکەوە کە لەپێشماندایە دایە! پاشەڕۆژێک کە تێیدا دەتوانی...

–دەتوانی چی؟

لەم پرسیارەی ماریدا ڕەگەیەک لە بێمرادیو ناکامی هەست پێدەکرا.

–...دەتوانی ببی بە ژەنڕاڵ، مارشاڵ، وەلیعادو تەنانەت پادشاش.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وشەکان یەک لەدوای یەک لەنێو لێوەکانی دەردەپەڕین. لەهەلومەرجێکدا کە ئیمپەڕاتۆر گەورەترین سوپای مێژوو ساز دەکا، ناتوانی لە قوژبنی ڕەزێکی مارسەیدا وەمێنیو گیان بدەی. شەووڕۆژ ئەو هەنگانەی بەرەو ڕووسیە دەڕۆن لە دەستەگەلی ڕێکوپێکدا بەبن پەنجەرەکەمدا ڕادەبرنو زرمەی پێیەکانیان خانووەکە دەلەرزێنێ. بەبیستنی دەنگی تەپڵەکان خەڵک غار دەدەنە بەر پەنجەرەکان تا بە هاواری خوشحاڵانەی خۆیان هەستیان بۆ دەرببڕن.

—دایە ئەتۆش دەبێ تفەنگەکەی من بە سوورەگوڵ بڕازێنیەوە.

سەربازانی گەورەترین سوپای مێژوو هەموو بەگوڵ ڕازاونەوەو گوڵباران کراون... لە باخچەی ماڵێ یەکەمین سوورەگوڵەکان گجوولەیان کردبوو. بە دیتنی نیگای بەپرسیاری ماری گوتم:

—ماری سوورەگوڵەکان لێبکەوەو بیاندە بەو. بڕوانە ماری هۆو گوڵەسووره مەخمەریو مەیلەوڕەشە بە لوولەی تفەنگەکەیەوە بکە.

ماری غاری دایە لای باخچەو هەموو گوڵە سوورەکانی لێکردنەوە. پیەری لاو کە ئەوم لە شیری دایکی بێبەش کردبوو گوتی:

—ئەمن قەت لەبیرم ناچێ کە گوڵە سوورەکانی لوولەی تفەنگەکەم هاوسەری مارشاڵێکی فەڕانسە پێی داوم.

—هاوسەری مارشاڵێکی پێشووی فەڕانسە، پیەر.

—بەڵام ئەمن ئاواتم بوو لەژێر فەرماندەریی ژەنراڵدا شەڕ بکەم.

—ئێستاش لە خزمەتی ژێر فەرمانی ژەنراڵ "نێ" خۆشحاڵ دەبی.

ماری لە باغی هاتەوە، ئێمە گوڵە سوورەکانمان خستە کونە دوگمەکانی پیەرەوە، دوو گوڵی زەردمان لە دەسکی شمشێرەکەی دانو گوڵە سووره مەخمەرییە مەیلەوڕەشەکەشمان دەلوولەی تفەنگەکەی هاویشت. ئەمجار پیەر لەحاڵێکدا خەبەردار ڕاوەستابوو سڵاوی سەربازیی لێکردم.

—هیوادارم بەساغی بێیەوە ماڵێ پیەر!

ماری تا دەرگای ماڵێی دەگەڵ ڕۆیشتو لە هاتنەوەدا نێوچاوانی تێکنابوو. ئەمجار دەسەسڕەیەکی هەڵگرتو دەستی کرد بە تۆزتەکاندنو بریقاندنەوەی مۆمدانەکان.

هەنگێکی دیکە بەپێش ماڵێدا دەڕۆیشتو دەنگی تەپڵو شەیپوورەکان هەموو جێیەکی پڕ کردبوو. لەنەکاو سەرهەنگ ویلات هاتە ژوورێ. لەوکاتەوە کە ناپلیۆن دەستی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەیارکردنی سوپای گەورەی خۆی کردبوو، ویلات زۆر پەرێشانو بێقەرار دیار بوو. کە چاوم پێیکەوت پرسیم:

–بۆچی هەمیشە سەربازان بە مۆسیقاوە دەچنە مەیدانەکانی شەڕ؟

–چونکە مۆسیقای سەربازی هەژێنەرەو ئەوان لە بیرکردنەوە دەگێڕێتەوە جگەلەوەش مۆسیقا کۆمەگ بە سەربازان دەکا کە هەنگاوەکانیان دەگەڵ یەکتر ڕێکبخەن.

–سەربازان چپێویستییەکیان بە ڕێکخستنی هەنگاوەکانیان هەیە؟

–پایەبەرز! هەوڵ بدە مەیدانێکی شەر بێنیە بەرچاوی خۆت. لەنەکاو فەرمانی هێرش دەردەچێ. ئێستا ئەگەر سەربازان هەرکەسە بە دڵخوازی خۆی یەک بە هەنگاوی درێژو یەکی دیکە بە ئی کورتو لەسەرەخۆ وەڕێ کەون، دەزانی چبێسەروبەرییەک دروست دەبێ؟

هەوڵم دا قسەکانی ویلات لەمێشکمدا بێنمە بەرچاو.

–بەلاّم هێشتا ناتوانم تێبگەم کورت یان درێژبوونی هەنگاوی سەربازان چشوێنەوارێکی لەسەر ئەسڵی هێرش بۆ دوژمن دەبێ؟

–هێرشێکی وا قەت سەرناگرێ. جگەلەوەش، لەوانەیە هێندێ لەوان لە دواساتەکاندا تووشی ترس بنو سەرپێچی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان بکەن. تێدەگەی پایەبەرز ؟

–زۆر باشە.

–ڕاست هەر بەوهۆیانەشەوە مۆسیقای سەربازی، چارناچارە.

لەنەکاو ئەو هەستەم بۆ پەیدا بوو کە مۆسیقا شتێکی بێمانایە؛ شەیپوورە برنجییەکان، تەپڵەکانو... ئێستا ماوەیەکی زۆر لەوڕۆژە گوزەرابوو کە بۆ یەکەمجار سروودی مارسەییەزم بێمۆسیقا گوێ لێببوو. سروودێک کە جوانییەکەی لە دەنگی خۆشی کرێکارانی بەندەر، کاتبەکانی بانکو کرێکارانی شاردابوو، ئێستا کاتێک ناپلیۆن لە جێیەک دەردەکەوێ هەزاران شەیپوور دەزرینگێنەوە.

کۆنت ڕووزەن لەحاڵێکدا نامەیەکی بەدەستەوە بوو هاتە ژووریو شتێکی گوت کە نەمتوانی لێیحاڵی بم. دەنگی گوێکەڕکەری شەیپوورەکان هەروا لە شەقامەوە دەهاتە بەر گوێ. بەناچار پەنجەرەکانم پێوە دان تا بتوانم گوێم لە قسەکانی کۆنت بێ کە دەیگوت:

– پایەبەرز! خەبەری زۆر گرنگم بۆ هێناوی. ڕۆژی پێنجی ئاوریل، سوێد پەیمانی یەکیەتیی دەگەڵ ڕووسیەدا بەست.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

—سەرهەنگ ویلات...!! ویلات، یاری وەفاداری ژان باتیست لە ساڵی ١٧٩٤داو کاتێک کۆمار کەوتبووە مەترسییەوە، هاوکاری نزیکی لە وەزارەتی بەرگری، ئاجودانی وی لە تەواوی شەڕەکانداو دۆستێکی دڵسۆزو بەوەفا کە هەتا سوێد دەگەڵمان هاتو دەگەڵ منیش هاتەوە چونکە سوێدییەکان وەک پێویستو شیاو بوو پێشوازییان لە دۆستانی فەڕانسەیی نەکرد. ویلات! ویلاتی ئێمە...

—بەڵێ خانمی شازادە ئێمە هەر ئێستا ئاگادار بووین کە سوێدو ڕووسیە یەکیان گرتوە.

مۆسیقای سەربازی بێدەنگ ببوو تەنیا دەنگی پێی سەربازان دەهاتە بەر گوێ. نەمدەتوانی تەماشای ڕوخساری ویلات بکەم بەڵام دەبوو شتێک بڵێم.

—ئێوە هاونیشتمانێکی فەڕانسەییو هەروەها ئەفسەرێکی فەڕانسەیین سەرهەنگ ویلات! پێم وایە بەسترانی پەیمانێکی لەو بابەتە دەگەڵ دوژمنانی فەڕانسە، بوونی ئێمە لەمماڵەدا بۆ تۆ لە هەموو کاتێک دژوارتر دەکا. ئەتۆ جارێک بۆ ئەوەی کۆمەگ بە ئێمە بکەیو دەگەڵ من بی داوای بەجێهێشتنی هەنگی خۆتت کرد. بەڵام ئێستا تکات لێدەکەم خۆت لە داوی ئەو بەڵێنانە ئازاد بکە. هەرچەند ئەمە بۆ من یەکجار بەژانە.

– پایەبەرز! ئەمن ناتوانم لەم هەلومەرجەدا تۆ بەتەنیا جێبێڵم.

ئەمن تەماشایەکی کۆنت رووزەنم کردو وەڵامم دایەوە:

—ئەمن تەنیا نیم.

کۆنت دە سووچێکی ژوورەکەوە ڕامابوو. داخوا ئەو دەیتوانی تێبگا کە ئەمن خەریکم لە باشترین دۆستم جیا دەبمەوە؟

—کۆنت ڕووزەن وەک ئاجودانی تایبەتیی من دیاری کراوەو ئەگەر پێویستییەک بێتە پێشێ پارێزگاری لە هاوسەری وەلیعادی سوێد دەکا.

بێئەوەی لە غەمی ئەو فرمێسکانەدا بم کە بە ڕوومەتمدا دەخزین؛ ئەو فرمێسکانەی ویلات دەیدیتن گوتم:

—خواحافیز سەرهەنگ ویلات!

ئەمجار ڕووم کردە کۆنت ڕووزەنو پرسیم:

—داخوا مارشاڵ... مەبەستم حەزرەتی وەلیعادە، داخوا نامەیەکی بۆ من نەناردوە.

—نا پایەبەرز؛ هیچ نووسراوێک. ئەمنیش خەبەرەکانم لە بالیۆزخانەی سوێد وەرگرتن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ویلات لەحاڵێکدا هێشتا دوودڵ بوو گوتی:

–ئەمن... ئەمن بەتەواوی نازانم کە...

–بەڵام دەزانم کە ئەتۆ چ هەستێکت هەیە. ئەتۆ یان دەبێ وەک ژان باتیست لە سوپای فەڕانسە جیا ببیەوە یان...

قسەکەم ناتەواو ماو چوومە لای پەنجەرە کە هێشتا دەنگی هەنگاوی ڕێکوپێکی سەربازانی لێوە دەبیسترا.

–... یان دەبێ دەگەڵ ئەوانە بکەوی کە بەبن پەنجەرەدا تێدەپەڕینو بچیە مەیدانەکانی شەڕ سەرهەنگ ویلات!

–نا. ئەمن ڕەگەڵ وان ناکەوم چونکە ئەفسەری سوارەم.

بزەیەک کەوتە سەر ڕوخساری بەفرمێسکتەڕم.

–کەوایە سوار بە سەرهەنگ ویلات، لە ئەمانی خوادا بڕۆو بێیەوە. سەلامەتو سەرفیراز.

***

## ٣٧

## پاریس، نیوەی سێپتامبر (ئەیلوول)ی ١٨١٢

پێم وایە ئەگەر ئەوەی لە دەوروبەرم دەگوزەرێ نەینووسم شێت دەبم تەنانەت لە ماڵەکەی خۆشم کەسم نیە دەردی دڵمی بۆ هەڵڕێژم. تەنیام، تەنیای تەنیاو بەجۆرێک کە باوەڕ ناکرێ. تەنیا لە شاری گەورەی پاریس. تەنیا لە شاری خۆمو لە ماڵێ خۆم. بەدڵەوە ئێرە بە شاری خۆم ناو دەبەم. چونکە لەم شارە هەم لە لووتکەی بەختەوەریدا بوومو هەم لە بەدبەختییەکدا کە دەگێڕانەوە نایە.

ژوولی داوای لێکردم ڕۆژە گەرمەکانی هاوین لە مووڕتفۆنتین بگوزەرێنین. بەڵام بۆ یەکەمجار لەژیانمدا نەمتوانی ڕازی دڵم بەویش بڵێم. ڕۆژگارێک ئەمنو ئەو، دوو کچی گەنج، لە مارسەی ژوورێکی هاوبەشمان هەبوو. بەڵام ئێستا ئەو لەتەنیشت ژۆزێف بوناپارت دەژیو مارییش؟ مارییش دایکی سەربازێک بوو کە بە هەنگاوی پتەو دەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناپلیۆن لەخاکی ڕووسیەدا بەرەو پێش دەچوو. چەند گەپجارە کە ئێستا تەنیا هاوڕازی من ئاجودانە سویدییەکەمە. کۆنت ڕووزەن شیمالیڕەگەزێکی نەجیبزادەیە بە قژێکی زەردو جووتەچاوێکی شینەوە کە هەرگیز تووڕەو پەرێشان نابێ. ئەو بە مانای ڕاستەقینەی وشە سویدییەکی ڕەسەنە. چەند سەدە سوید دەگەڵ ڕووسیە لەشەڕو کێشەدا بووە. ئێستاش وەلیعادی تازە دەگەڵ سەرکردەی ئەو ئەهریمەنانە پەیمانی دۆستایەتیی بەستوەو کۆنت ڕووزەن ناتوانێ دەلیلی ئەوکارە تێبگاو ناتوانێ لەهۆی نیگەرانیی منیش حاڵی بێ. بەڕاستی سامناکە.

چەند سەعات لەمەوبەر، کۆنت تالیڕان یان شازادەی بنەڤێنو ڕاوێژکاری بەرزی وەزارەتی کاروباری دەرەوەو هەروەها فووشێ، دووکی ئەترانتۆو وەزیری پێشووی پۆلیس بۆ سەردانی من هاتبوونە ئێرە. ئەو دووانە بە تەنیا هاتبوون، بەڵام بەڕێکەوت لە ژووری میوانداریی من یەکتریان بینی. پێشان تالیڕان هات. ئەمن چاوەڕوانی میوانێک نەبووم چونکە دۆستانی من سەرگەرمی جێژنەکانی سەرکەوتنە پەیتاپەیتاکانی ناپلیۆن لە بەرەی ڕووسیە بوونو لە حاڵوهەوایەکی وادا لەمندووربوونیان پتر بە قازانجی خۆیان دەزانی.

هەرچۆنی بێ داوام لە خاتوو لافلووت کرد خەبەر بە کۆنت ڕووزەن بدا کە لە ژووری میوانداری بێتە لای من. بۆیە بەپەلە خۆم گۆڕی بەڵام نەمدەزانی تالیڕان بۆچی هاتوە، ئەگەر ئێوارێ هاتبا دەمتوانی بڵێم هاتوە تا لەنێو باغی شتێک بخواتەوە. بەڵام...

تالیڕان لە سالۆن چاوەڕوانی من بوو. پێش ئەوەی کۆنت ڕووزەن بە میوانەکەم بناسێنم خەبەری هاتنی دووکی ئەترانتوویان پێدام. لەسەیران سەرگێژەم گرتبوو لەخۆوەو لەبن لێوانەوە گوتم:

–بەڕاستی ناتوانم تێبگەم!

تالیڕان برۆکانی هەڵتەکاندنو گوتی:

–چۆن خانمی شازادە نازانێ؟

بە پەرێشانییەوە گوتم:

–زۆر لەمێژە کەس نایەتە سەردانمو ئێستا دووکی ئەترانتووش تەشریفی هێناوە!

ناڕەزایەتیی فووشێ لە دیتنی تالیڕان بەتەواوی ڕوون بوو. هەرچەند لووتی گرژ ببوو بەوحاڵە هەوڵی دەدا ڕاوێژێکی نەرمی هەبێ.

–خۆشحاڵم کە خانمی شازادە بەتەنیا نیە. چونکە لەوە نیگەران بووم کە تەنیای تەنیا بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرلەوکاتەدا کە لەسەر مۆبڵەکەی ژێر وێنەی کونسوولی یەکەم دادەنیشتم، گوتم:

-هەتا ئەم چەند لەحزەیەی پێشتریش تەنیای تەنیا بووم.

هەردوو میوان ڕووبەڕووی من دانیشتنو ئییووت چای بۆ هێنان.

ڕووم کردە کۆنت ڕووزەن کە خەریکی پێشکێشکردنی چای بە میوانەکان بوو گوتم:

-ئەوان وەزیری پۆلیسی بەناوبانگی فەڕانسەن کە بەهۆی نەخۆشی‌یەوە لەسەر ماڵوملکی خۆیان خەریکی حەسانەوەن.

تالیڕان زیادی کرد:

-پێم وایە خەبەرەکان وردترو زووتر دەگەنە ملکەکانی دووکی ئەترانتوو تا بە وەزارەتی کاروباری دەرەوە.

فووشێ لەحاڵێکدا بەقومی چووکچووک چایەکەی دەخواردەوە وەڵامی دایەوە:

-هێندێ خەبەر زۆر زوو بڵاو دەبنەوەو دەکەونە سەر زاروزمانان.

لەوپەڕی ئارامی‌دا پرسیم:

-باسی کام خەبەر دەکەی؟ سەرکەوتنەکانی فەڕانسە خەبەری نهێنی نین. پاش گرتنی ئیسمۆلسینگ زەنگەکان چاوترووکانێک بێدەنگ نابن.

-بەڵێ ئیسمۆلسینگ.

تالیڕان کە سەرەنجام چاوی هەڵێنابوونو بەوردی سەیری وێنەی سەردەمی لاوەتیی ناپلیۆنی دەکرد، وەڵامی دایەوە:

-ئەگەر خانمی شازادە سەبر بگرێ، نیوسەعاتی دیکە دیسان دەنگی زەنگەکان بەرز دەبێتەوە.

فووشێ هاواری لێ‌هەستا:

-بەڕاستی جەناب؟

تالیڕان بزەیەکی هاتێو گوتی:

-بۆ پێت سەیر بوو؟ ئیمپەڕاتۆر گەورەترین سوپای مێژووی بەدژی تزار دەنگ داوەو سروشتی‌یە کە بەزوویی زەنگی کلیساکان لێ‌دەدرێ. هیوادارم ئەم بابەتە نارەحەتت نەکا پایەبەرز.

-نا. دیارە کە نا. هەرچی بێ ئەمنیش یەک...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەمەویست بڵێم هێشتا یەک فەرانسەییم کە لەنەکاو قسەکەمم بڕی. چونکە لەمێژ بوو ئەمن فەڕانسەیی نەبووموو هاوسەرەکەم دەگەڵ ڕووسیەو دژی فەڕانسە پەیمانی یەکیەتیی بەستبوو. تالیڕان بێدەنگیی شکاندو پرسی:

– پایەبەرز! پێت وایە ئیمپەڕاتۆر سەرەنجام سەر دەکەوێ؟

–ئیمپەڕاتۆر تائێستا لە هیچ شەڕێکدا نەشکاوە.

بێدەنگی‌یەکی نائاسایی بەسەر ساڵۆنەکەدا کشا. فووشێ کونپشکنانە دە منەوە ڕامابوو. لەحاڵێکدا تالیڕان بە نیگەرانی‌یەوە چای باشو خۆشی دەخواردەوە. ئەو سەرەنجام فنجانە بەتاڵەکەی لەسەر مێزەکە داناو گوتی:

–تزار خەریکی ڕاوێژکردنە.

داوام لە ئێیووت کرد دووبارە فنجانەکان پڕ بکاتەوەو بەڕاوێژێکی قایم گوتم:

–حەتمەن ئێستا داوای ئاشتی دەکا.

تالیڕان بزەی هاتێو وەڵامی دایەوە:

–ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە ئیمپەڕاتۆر دوای سەرکەوتن لە ئیسمۆلسینگ چاوەڕێی بوو. بەڵام تەتەرێک کە سەعاتێک پێش ئێستا گەیوەتە پاریسو خەبەری گرتنی بووروودینووی هێناوە، هیچی لەبارەی وتووێژی ئاشتی‌یەوە نەبیستوەو ئەمەش لەحاڵێکدایە کە ئەم سەرکەوتنە لەڕاستی‌دا ڕێگای مۆسکۆی بۆ ئیمپەڕاتۆر کردۆتەوە.

داخوا ئەو هاتبوو ئەمە بڵێ؟ سەرکەوتن، سەرکەوتن. چەندساڵە جگە لەخەبەری سەرکەوتنی ناپلیۆنمان نەبیستوە. دەبێ خەبەر بە ماری بدەم کە پێیەر بەزوویی دەچێتە مۆسکۆ.

–کەوایە بەمجۆرە شەڕی ڕووسیە بەزوویی تەواو دەبێ. جەناب تکایە دانەیەکی دیکە لەو شیرنی‌یە بادامدارانە بخۆ.

ئەمجار فووشێ بوو کە دەی‌پرسی:

–پایەبەرز خەبەرێکی تازەی لە حەزرەتی وەلی‌عاد نیە؟

پێکەنیمو گوتم:

–لەبیرم چووبوو کە لەمێژە نامەکانی من ناخوێنیەوە. جێنشینەکەت دەتوانێ پێتبڵێ کە دووحەوتوویە هیچ نامەیەکم لە ژان باتیستەوە بەدەست نەگەیشتوە. بەڵام لە ئۆسکارەوە بۆچی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێم باش بوو لەوە زیاتری لەسەر نەڕۆم. چونکە باسی کوڕەکەم دەیتوانی ئەوان ماندوو بکا. فووشێ کە هێشتا چاوی لەمن نەدەگوازتەوە گوتی:

–بیستوومە کە حەزرەتی وەلیعاد لەسەفەرە.

–سەفەر؟!

ڕوانینی حەبەساوانەی من بەسەر ڕوخساری ئەو دووپیاوەدا ڕایدەکرد. تەنانەت ڕووزەنیش بە بیستنی ئەو خەبەرە لەسەیران چاوی پێداپچڕابوو. فووشێ درێژەی دایە:

–حەزرەتی وەلیعاد لە ئابوویە.

ڕووزەن دەرپەڕی. بە دیتنی ئەو ڕاچەنینەی ڕووم تێکردو پرسیم:

–ئابوو؟ ئابوو لەکوێیە؟

–لە فێنلاند خانمی شازادە. بەڵام خۆ فێنلاند بەدەست ڕووسەکانەوەیە.نا؟

تالیڕان دووەم فنجانی چایەکەی خواردەوەو فووشێ کە چاوی لەتالیڕان دەکرد بەحاڵەتێکی سەرکەوتووانەوە گوتی:

–تزار داوای لە حەزرەتی وەلیعادی سوێد کردوە لە ئابوو چاوی پێی بکەوێ.

زۆر بەسپایی‌و لەبن لێوانەوە گوتم:

–تزار چیی لە ژان باتیست دەوێ؟

ئەمجار نۆرەی تالیڕان بوو کە وەڵامی دایەوە:

–ڕێنوێنی! داخوا تزار ڕاوێژکاری لەو باشتری دەست دەکەوێ؟ مارشاڵێکی کۆنەکارو شارەزا لە هەموو شێوە شەڕەکانی ئیمپەڕاتۆر. لەم هەلومەرجەدا ڕاوێژکاری شایستەتر لەو دەست ناکەوێ.

فووشێ لێی زیاد کرد:

–هەر لەسەر بناغەی ئەو ڕاوێژانەشە کە تزار نوێنەرانی خۆی نەناردۆتە لای ئیمپەڕاتۆرو لەجیاتی ئەوە ڕێیان بۆ سەربازانی ئێمە کردۆتەوە چەندی بکرێ زیاتر بچنە پێش.

تالیڕان چاوی لە سەعات کردو گوتی:

–تاچەند لەحزەی دیکە زەنگی سەعاتەکان لێدەدرێ تا خەبەری سەرکەوتنی نووروودینوو ڕابگەیەنن. چەند ڕۆژی دیکە سەربازەکانمان لە مۆسکۆ دەبن.

کۆنت ڕووزەن پرسی:

–داخوا بەڵێنی دانی فێنلاندی داوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فووشێ بەسەرسوڕمانەوە چاوی لێکردو پرسی:

-کێ بەڵێنی دانی فێنلاندی بە کێ داوە؟ فێنلآند؟ کۆنتی خۆشەویست ئەتۆ باسی چدەکەی؟

ئەمن هەوڵم دا مەسەلەکەی بۆ ڕوون بکەمەوە.

سوێد هەمیشە هیوادارە کە ڕۆژێک فێنلاندێ وەربگرێتەوە. پێم وایە سوێدیەکان هەمیشە فێنلاندێ بە بەشێکی خاکی خۆیان دەزانن‌و خۆشیان دەوێ. بەڵێ دۆستان فێنلاند لەدڵی هاونیشتمانانی مندایە.

-ئەدی لەدڵی هاوسەرەکەتدا پایەبەرز ؟

-ژان باتیست پێی وایە تزار دەست لە فێنلاند بەرنادا بەڵام بەتوندی لەفکری نۆڕویژو یەکخستنی دەگەڵ سوێددایە.

تالیران بە سەرلەقاندن پشتی قسەکەی منی گرت‌و لێی زیاد کرد:

-سەرچاوەی باوەڕپێکراو خەبەریان بەمن داوە کە تزار بەڵێنی بە وەلیعادی سوێد داوە پشتیوانی لە دروستبوونی یەکیەتی‌یەکی وا بکا، دیارە پاش تەواوبوونی شەڕ.

لەحاڵێکدا خەریک بوو لە سەرسوڕماوی تووشی سەرگێژە بم پرسیم:

-چما بە چوونی ئیمپەڕاتۆر بۆ مۆسکۆ شەر تەواو نابێ؟

تالیران شانەکانیی هەڵتەکاندن.

-نازانم هاوسەرەکەت چڕێنوێنی‌یەکی داوەتە تزار.

دووبارە بێدەنگی بەرقەرار بۆوە. فووشێ پارچەیەکی دیکەی لە شیرنی‌یە بادامدارەکە خواردو دەستی بە لستنەوەی لێوەکانی کرد.

کۆنت ڕووزەن گوتی:

-ڕێنوێنیی حەزرەتی وەلیعاد بۆ تزار ئەوە بووە کە...

فووشێ لەوە زیاتر دەرفەتی پێنەداو لەحاڵێکدا زەردەخەنە هەموو ڕوخساریی داگرتبوو گوتی:

-لەشکری‌یانی فەڕانسەیی هەتا ئێستا لەسەر ڕێگای خۆیان لە دێهاتی سووتاو بەولاوە شتێکیان نەدیوە، ئازووقەیەک جگە لە دەغڵودانی سووتاویان بەدەست ناگا. لەشکری‌یانی فەڕانسە لە سەرکەوتنێکەوە دەگەنە سەرکەوتنێکی دیکە...و سەرەنجام بەبرسیەتی. ئیمپەڕاتۆر دەبێ لەپشتەوەڕا ئازووقە بۆ سوپاکەی دابین بکاو بۆ ئەوکارەش پێش‌بینیی پێویست نەکراوە. لەلایەکی دیکەوە هێرشی پەرشوبڵاوی قازاخەکان لە هەردوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرەوەش گیروگرفتێکی دیکەیە کە چارەیەکی بۆ لەبەرچاو نەگیراوە. ئیمپەڕاتۆر بەتەمایە لە مۆسکۆ ئازووقەی پێویست بۆ سوپاکەی بەدەست بێنێو سوپایەکەی زستانێ لەو شارە دەباتە سەر. مۆسکۆ شارێکی دەوڵەمەندەو دەتوانێ وەڵامی پێویستییەکانی سوپای ناپلیۆن بداتەوە. بەمجۆرە دەبینی کە هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە چوونی ئیمپەڕاتۆر بۆ مۆسکۆ.

کۆنت ڕووزەن بەجۆرێک سەرسوڕمانەوە پرسی:

–...ئەتۆش لەوبارەیەوە گومانت هەیەو پێت وایە گیروگرفتێک بۆ ئیمپەراتۆر دێتە پێش؟

–چما جەنابی بنەڤێن نەیگوت تا چەند لەحزەی دیکە زەنگی کلیساکان لێدەدرێ. بەمجۆرە ڕێگای مۆسکۆ کراوەیەو بێگومان ئیمپەڕاتۆر تا دوو ڕۆژی دیکە لە کرملین دەبێ کۆنتی بەڕێز.

ترسێکی سەیر کەوتبووە دڵم. بە نائومێدی چاوم بە یەکیەکیاندا گێڕاو گوتم:

–بەڕێزان، تکایە بێپەردە پێم بڵێن مەبەستتان لە هاتن بۆئێرە چیە؟

فووشێ وەڵامی دایەوە:

–لەمێژ بوو دەمەویست بێمە سەردانت خانمی شازادە!و کاتێک لە نەخشی هاوسەرەکەت لەم شەڕانەدا ئاگادار بووم هاتمە سەر ئەوە هەرچی زووە بەخزمەت بگەمو هاوپێوەندیو ئیخلاسی خۆم ڕابگەیەنم. ئەگە قسەکەم قبووڵ بکەی دەڵێم ئەو ئیخلاسە لەمێژساڵە ڕەگەی دەدڵی مندایە.

–بەڵێ لەمێژساڵ بوو وەزیری پۆلیسی فەڕانسە جاسووسیی لەسەر ئێمە دەکرد. لەحاڵێکدا ئاوڕم دەدایەوە سەر تالیڕان وەڵامم دایەوە:

–لە مەبەستت حاڵی نابم.

– پایەبەرز! داخوا حاڵیبوونی قسەی مامۆستایەکی کارکوشتەو دێرینی ماتماتیک ئەوەندە دژوارە؟ شەڕەکانیش وەک مەسەلە ژمێرەییەکان نەزانراو (مجهول)ێکی سەرەکیو گەورەیان هەیەو لەشەڕدا ئەو نەزانراوە کەسێکی نەناسراوە. بەڵام ئێستا پاش وتووێژ دەگەڵ تزار ئەم نەناسراوە بۆ هەمووان ناسراوە. بەڵێ حەزرەتی وەلیعادی سوێد پێی ناوەتە مەیدانی ئەم شەڕەوە.

کۆنت ڕووزەن جارێکی دیکە پرسی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–سوێد لەو دەستتێوەردانە چبەهرەیەکی پێدەبڕێ؟ داخوا بێلایەنی لە یەکیەتی دەگەڵ ڕووسیە باشتر نەبوو؟

–پێم وانیە ئیمپەڕاتۆر ئەوەندە لەفکری بێلایەنیی سوێددا بێ. وەک دیتان پوومرانیی گرت. کۆنتی بەڕێز ئەتۆ دەبێ بێدوودڵی سوپاسگوزاری وەلیعادی وڵاتی خۆت بی.

تالیڕان بەراوێژێکی دۆستانە قسەی دەکرد بەڵام کۆنتی لاوی ئێمە دەستبەردار نەبوو.

–ڕووسەکان سەدوچل هەزار سوپایی چەکبەدەستیان هەیەو ناپلیۆن...

تالیڕان قسەکەی پێبڕیو لەحاڵێکدا سەری رادەوەشاند لێی زیاد کرد:

–شتێکی دەوروبەری نیو ملیۆن... بەڵام زستانی ڕووسیەو نەبوونی پەناگەی گونجاو گەورەترینو بەتواناترین لەشکرەکانیش لەنێو دەبا پیاوی بەتەمەنلاو!

سەرەنجام تێگەیشتم. بەڵێ نەبوونی پەناگای گونجاوو جێگای ئەمن... ئێستا ئیدی هەمووشتێک تێگەیشتبووم. هێشتا ساتێک تێنەپەڕیبوو کە دووبارە زەنگەکان لێدرانەوە. لافلووت بەپەلە دەرگای ژوورەکەی کردەوەو هاواری کرد:

–سەرکەوتنێکی تازە، ئیمپەڕاتۆر لە شەڕی بووردینووشدا سەر کەوت.

بەڵام هیچکام لەئێمە نەجووڵاین. زرینگەی زەنگەکان وەک شەپۆلی بەخرۆش پەیتاپەیتا بەژوور سەرماندا تێدەپەڕی. ناپلیۆن بەنیاز بوو زستانێ لە مۆسکۆ بگوزەرێنێ. ئێستا لەم هەلومەرجەدا ژان باتیست چتەگبیرێکی بۆ تزارو ڕووسیە کردبوو؟

فووشێو تالیڕان هەرکامیان هێندێ جاسووسو هەواڵنێریان لە هەموو بەرەکاندا هەبوون. چونکە هەر دووکیان لەو کەسانەن کە هەمیشە لە بەرەی سەرکەوتووەکاندا جێ دەگرنو ئێستاش هاتبوونە سەردانی من چونکە لێیان ڕوون بوو ناپلیۆن لەم شەڕەدا دەشکێ. بەڵام لەکوێو چۆن؟ زرینگەی زەنگەکان هەروا پاریسی وەلەرزە هێناوە. ژان باتیست پێی ناوەتە مەیدانی ئەم شەڕەو خۆی تووش کردوە تا ئازادیو سەربەخۆیی وڵاتێکی چکۆڵەی شیمالی دابین بکا. بەڵام پێیەر... داخوا پێیەری لاو لەسەرمان ڕەق دەبێتەوە؟و ئایا خوێنی ویلات بەفرە سپییەکانی ڕووسیە دەرەنگێنێ؟

لەپێشدا تالیڕان بە مەبەستی ڕۆیشتن لەجێی خۆی هەستا بەڵام فووشێ هەروا دانیشتو خەریکی خواردنی شیرنیی بادامدار بوو. ئەو لەحاڵێکدا زمانی بەنێو ددانەکانیدا دەگێڕا دە وێنەی ناپلیۆنەوە ڕامابوو. ئارامیو رەزامەندی لەڕوخساریدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەپۆلی دەدا. بەڵام ڕەزامەندی لەچی؟ لە سەرکەوتنی تازە یان لە وەزعی خۆیو لەوە کە کەوتبووە بەر بێلوتفیی ناپلیۆن؟

فووشێ هەروا دانیشت تا زەنگەکان بێدەنگ بوون. ئەمجار لەحاڵێکدا هەڵدەستا گوتی:

–خەڵکی فەڕانسە پێویستییان بەئارامی هەیەو هەروا بە ئاشتییش!

پاشان بەڕاوێژێکی مانادار کە ڕێی هەرجۆرە گومانێکی لە بیسەر دەبەست گوتی:

–ئەمنو وەلیعادی سوێد هەردوو ئامانجێکی هاوبەشمان هەیە...ئاشتی.

دواتر بەرامبەر بەمن ئیکلامی کێشا.

کە میوانەکان ڕۆیشتن ئەمنیش چوومە باخچەو لەسەر نیوتەختێک دانیشتم. چڵە سوورەگوڵەکان لە غونچەدا نوقم ببوون بەڵام چیمەنەکە سیس دیار بوو. لەنەکاو هەستم کرد ماڵو بیرەوەرییەکانم بۆ لێترسان دەبن. ئێستا ئیدی خەبەرم لە هەموو شتێک هەبوو. بەڵام نەمدەتوانی باوەڕ بە زانیارییەکانم بکەم. لەوپەڕی نائارامیو پەرێشانیدا فەرمانم دا کالیسکەکەم ئامادە بکەن. سواری کالیسکە بووم. کۆنت ڕووزەنیش لە پەنا کالیسکەکە وێستابوو. دیسان وەک زوربەی جارەکان لەبیرم چووبوو کە ئاجودانێکی خۆمم هەیە، چونکە پێمخۆش بوو بەتەنیا بم. بەسواری کالیسکە بە قەراغ سێندا وەڕێ کەوتین. دیتم ڕووزەن باسی بابەتێک دەکاو بەو شێوەیە هەودای بیرەکانمی پساند.

ئەو پیاوەی پێیان دەگوت دووکی ئوورانتۆ ناوەکەی هەر ئەوە بوو؟

–بەڵێ پێشتر پێیان دەگوت فووشێو ئیمپەڕاتۆر بەرناوی دووکی پێ دا. داخوا شتێکی سەرنجڕاکێشت لەبارەی ویەوە بەفکردا هاتوە؟

–ئەم پیاوە لە وردەکارییەکانی وتووێژی ئابوو ئاگادار بوو،و کاتێک دەڕۆیشت بەدرێژی لەوبارەیەوە قسەی بۆ کردم. ئەو دەیگوت سەرۆکوەزیر وێترسدێت، مارشاڵ ئادلێر کرووتزو لۆنژەلێمیش دەگەڵ پایە بەرز بوون

سەرم ڕاوەشاند چونکە ئەوناوانە مانایەکی ڕوونیان وەبیر نەدێنامەوە.

–لەسەرەتای دانیشتنەکەدا تزارو حەزرەتی وەلیعاد تەنیا بوون. بەڵام دوایە نێردراوی دەوڵەتی ئینگلیستانیشیان ڕەگەڵ کەوتوە. وا دێتە بەرچاو حەزرەتی وەلیعاد خەریکی بەستنی پەیمانی یەکیەتی دژی ناپلیۆنە. ئەو تەنانەت دەیگوت کە ئوتریشیش بەدزیەوە دەگەڵ ئەم یەکیەتییە کەوتوە.

–بەڵام ئیمپەڕاتۆری ئوتریش باوکی هاوسەری ناپلیۆنە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-خانمی شازاده! لە هەلومەرجی وادا ئەوجۆرە پێوەندییانە بە نەبوو دادەنرێن. چونکە ناپلیۆن بەزۆر ئیمپەڕاتۆری ئوتریشی ناچار بەو پێوەندییە کردوە. هیچوەخت پادشایەکی خانەدانی هاپسبوورگ بە خۆشیی خۆی کەسێکی تازەبەسەرداکەوتوو ناکاتە زاوای خۆی.

کالیسکە بەئارامی بە لێواری سێندا دەچووە پێش. منارە سەرکەشەکانی نۆترِدام لەنێو جەرگی ئاسمانی شینی پڕڕەنگی شەوگاردا وەک چەند سێبەری ڕەش دەچوون. لەحاڵێکدا ئاماژەم بەکلیسا دەکرد گوتم:

-کۆنت ڕووزەن! ئەوکاتەی ئەو تازەبەسەرداکەوتووانە یان بە قەولی تۆ ئیمپەڕاتۆری فەرانسە تاجی لە دەستی پاپ وەرگرتو لەسەری خۆی نا، ئەمن لێرە بووم. ئەمن لەپشتەوەی ژووزفینی جوان ڕاوەستابوومو دەسرۆکەیەکی هەریرم بەدەستەوە بوو کە لەسەر باڵنجێکی مەخمەر دانرابوو، ئا لێرەو لەم کلیسایە کۆنت!

کوتە ڕۆژنامە لەسەر ئاو مەلەیان دەکرد؛ ژمارەی تایبەتیی دادڕدادڕکراوی ڕۆژنامەی مۆنیتۆر کە خەبەری سەرکەوتنێکی تازەی دەدا. سبەینێ خۆڵماڵەکانی پاریس دەیانکەنە زبڵدانەکانی خۆیانەوە. لە تێپەڕیندا خەڵکی پاریسم دەدین کە بێدەنگو ئارام لەسەر پلیکانەی بەر دەرگای ماڵەکانیان دانیشتبوون. ئەوان ئیدی بە بیستنی خەبەری سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن ڕاهاتبوون،و تەنیا ئاواتیان گەڕانەوەی کوڕەکانیان بوو. هەموو شتێک وەک ڕابردووی دوورو نزیک دەچوو جگە لەدڵی من، دڵێکی گیراوو پڕلە خەفەت.

کۆنتی لاو کە گوێی دابووە قسەکانی من، گوتی:

-ڕەنگە بە تەواوبوونی شەڕ ئەوانیش بگەڕێنەوە؛ بووربوونەکان دەڵێم خانمی شازادە!

بە سیلەی چاو سەیرێکیم کرد. قەڵافەتێکی نەریتی، پێستێکی ڕوونو چاوی گەشو شانێکی باریکی کوڕانە. بە پاڵێ ڕۆیاڵدا ڕابردین. ئەو شۆقەی لە پەنجەرەی ژوورەکانی ماری لووئیزەوە دەهاتە دەرێ دری بە تاریکایی دەدا.

-بەڕێز کۆنت! دەبێ ئەتۆ بە ئیمپەڕاتریس ژووزفین بناسێنم.

پاش تەڵاق ئەو دوو شەووڕۆژ گریا. دوایە ڕوخساری سافولووس دایەوەو داوای لە خەیاتەکەی کرد سێدەست جلی تازەی بۆ بدوورێ... ژووزفین بەڕاستی جوانە. بەو پیلووە چاوە زیوینانەو دەمێکی لێکنراو بەڵام بەبزەوە. لەبەر خاتری ئەو بوو کە ناپلیۆن ئیتالیاییەکانی ناچار کرد تابلۆی بەناوبانگی موونالیزا بدەن بە فەڕانسە. بەڵێ ئەمن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جوانترین ژنی پاریس بە کۆنتی لاو نیشان دەدەمو بۆخۆشم لـە ژووزفین دەپرسم چۆن ڕوخساری خـۆم جـوان بکـەم. ئەگـەر قـەرارە سـوێدی‌یەکان شازادە خـانمێکی تازەبەسەرداکەوتوویان هەبێ، هیچنەبێ با کەمێک جوان بێ.

کاتێک گەیشتینەوە مـاڵێ، دەسبەجێ چوومـە ژوورەکـەی خـۆمو دەستم بەنووسین کرد. هەتا کەنگێ دەبێ وا تاقوتەنیا بم؟ ڕاست لەم لەحزەیەدا ماری هاتە ژوورێو پرسی:

–ئەرێ خەبەرێکی سەرهەنگ ویلاتت نیە؟ بەڵکوو ئەو خەبەرێکی لە پی‌یەر هەبێ.

بەناچار سەرم ڕاوەشاند. ماری کە بێدەنگیی منی بینی بەخۆشحاڵی گوتی:

–پاش ئەم سەرکەوتنە تزار داوای ئاشتی دەکاو بەمجۆرە پی‌یەر پێش ئەوەی زستان دابێ دێتەوە ماڵێ.

ماریی میهرەبان ئەمجار چۆکی داداو کەوشەکانی لە پێی من داکەندن. دەستەکانیشی گەورەو زبر بوون چونکە تەواوی تەمەنی بەسەختی کاری کردبوو تا خەرجی بـەخێوکردنی پی‌یەر بدا. ئێستاش پی‌یەر لەحاڵی پێشڕەوی بەرەو مۆسکۆدا بوو. ژان باتیست! پی‌یەر لە مۆسکۆ چیی بەسەر دێ؟ ژان باتیست...

–ئووژنی بخەوە! بخەوەو خەونی خۆشخۆش ببینە!

–سوپاست دەکەم ماری، شەوخۆش.

ڕۆژانی منداڵیی خۆمم وەبیر دەهاتەوە ئەوکات کە ماری لە جێیەکەمدا دەی‌خەواندمو ئێستا ئۆسکاری من کێ لە نوێنەکانی‌دا دەی‌خەوێنێ؟ ئاجودانە زۆرەکانی یـان بەرپرسـانی تەشریفاتی دەرباری؟

ئەدی ئەتۆ ژان باتیست؟ داخوا گوێت لـە دەنگمـە؟ ژان باتیست! بـا پی‌یـەر بەساغی بێتەوە ماڵێ، با ئەو بێتەوە ماڵێ...

بەڵام بێگومان گوێت لە دەنگم نیە ژان باتیست!

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣٨

## پاریس، دوو حەوتوو دواتر

ڕووداوێک کە جارێکی دیکە دووپاتە بۆوە. بەڵێ جارێکی دیکە ئەمن ببوومە مایەی ئابڕووچوونو شەرمەزاریی بنەماڵەکەم. ژوولیو ژۆزێف لە موورتفۆنتێن گەڕانەوە شارو میوانداری‌یەکی گەورەیان بەرپا کرد تا چوونی ناپلیۆن بۆ مۆسکۆ بکەنە جێژن. دیسانیش منیان بۆ ئەو میوانداری‌یە بانگهێشتن کرد. هیچ حەزم لێ نەبوو بچمو لە یادداشتێکدا بۆ ژوولی نووسیم سەرمام بووەو لە نەچوونم داوای لێبووردن دەکەم. وەسبەینێ بەیانی‌ڕا ژوولی هاتە سەردانم.

–زۆر حەز دەکەم بێیە ئەم میوانداری‌یە. چونکە پاشملە هێندێ قسەی پڕوپووچو گەوجانە لەبارەی تۆو ژان باتیستەوە باس دەکەن. لەشەڕ دەگەڵ ڕووسیەدا حەتمەن هاوسەرەکەت هاوڕێو هاوهەنگاوی ناپلیۆنە، کەوایە ئەمانە هەقیان نیە بڵێن ژان باتیست دەگەڵ تزار بۆتە هاوپەیمان. ئەمن دەمەوێ ئەو دەنگۆ شێتانەیە تەواو بێ.

–ژوولی! بەڵام ژان باتیست بەڕاستی دەگەڵ تزار یەکی گرتوە.

ژوولی بە باوەڕنەکردنەوە چاوی لێ‌کردم.

–یانی ئەتۆ دەتەوێ بڵێی... بڵێی ئەو قسانەی خەڵک دەیانکا ڕاستن؟

–ئەمن نازانم خەڵک دەڵێن چی ژوولی! بەڵام دەزانم ژان باتیست دیداری دەگەڵ تزار بووەو هێندێ ڕێنوێنییشی داونێ.

–دێزیرە!!... ئەتۆ بەڕاستی بوویە مایەی ئابڕووچوونی بنەماڵەکەمان.

ژوولی دەی‌ناڵاندو نائومێدانە سەری ڕادەوشاند.

–ئەمن لە رابردووشدا هەر ئەم‌قسەیەم بیستوەو بە ئابڕووبردنی بنەماڵەکەم تۆمەتبار کراوم. دەزانی بۆ ژوولی؟ چونکە ژۆزێفو ناپلیۆن بوناپارتم بانگهێشتن کردبوونە ماڵێ. زۆر پێش ئێستا... بەڵێ زۆر پێش ئەوەی ئەم ڕێکەوتانە ڕوو بدەن،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەودەمیش هەر باسی ئابڕووچوونی بنەماڵە بوو. بەڵام لەوە گەڕێین مەبەستی تۆ لە بنەماڵە چیە کام بنەماڵە؟

–دیارە مەعلوومە بنەماڵەی بوناپارت!

–بەڵام خۆ ئەمن لە بنەماڵەی بوناپارت نیم ژوولی!

–ئەتۆ ژنخوشکی براگەورەی ئیمپەڕاتۆری.

–بەڵێ ئەمن زۆر نیسبەتی دیکەشم هەن و ئەمەش یەکێکیانە ژوولی، تەنیا یەکێک لەوان. لەبیرت نەچێ کە ئەمن پێش هەموو شتێک بێرنادۆتم. لەڕاستیدا یەکەمین ژنی ئەو بنەماڵەیەو بنیاتنەری خانەدانی پادشایەتیی بێرنادۆت!

–ئەگەر ئەتۆ نەیەی خەڵک باوەڕ بەو دەنگۆ گەوجانەیە دەکەن کە ژان باتیست دەگەڵ تزار پەیمانی نهێنیی بەستوە.

–لەونێوەدا شتێکی نهێنی نیە ژوولی. ئەگەر ڕۆژنامەکانی فەڕانسە هەقیان نیە بینووسن باسێکی دیکەیە.

–بەڵام ژۆزێف پێ دادەگرێ کە ئەتۆ بێیە میوانداریەکە. دێزیرە تکایە وەزعی من لەوەی هەیە خەراپتر مەکە.

ئێمە بە درێژایی هاوینەکەی یەکترمان نەدیبوو ڕوخساری ژوولی لەپێشوو پتر ڕەقەڵە ببوو. گنجولۆنجی ڕوومەتی قووڵتر ببوون و ڕوخسارە ڕەنگپەڕیوەکەی سیستر ببوو. خۆشەویستیەکی دڵسۆزانەی سەیر بەسەرمدا زاڵ بوو. ژوولی، ژوولیی من، ژنێکی داماو، سیس و بەتوندی نائومێد بوو. لەوانە بوو ئەو ئاگای لە داستانی بەرەڵاییەکانی ژۆزێف بووبێ و لەوانەشە بەدڕەفتاریی ژۆزێف تووشی ئەم ڕۆژەی کردبێ. چونکە ژۆزێف ڕۆژبەڕۆژ بەدئەخلاقتر دەبێ و ئەو فکرە کە تاجی پادشایەتیەکەی لە ناپلیۆنەوەیە بەتوندی ئەوی گۆڕیبێ. وێش دەچێ ژوولی لەو ڕاستیە تێگەیشتبێ کە ژۆزێف هیچکاتێک ڕاستگۆیانە ئەوی خۆش نەویستوەو تەنیا بۆ وەدەستهێنانی جیازەکەی زەماوەندی دەگەڵ کردوە. دیارە ئەو دەبێ ئەو ڕاستیە تێبگا کە ئەمڕۆ ئیدی ئەو جیازە لەبەر چاوی ژۆزێف بەهیچ دەژمێردرێ. چونکە ژۆزێف بە بەشداری لە کڕین و فرۆشتنە دەوڵەتیەکاندا و بەکڕین و فرۆشتنی ملکوماڵی دەوڵەت یەکجار دەوڵەمەند بووە. بۆچی ژوولی هێشتا درێژە بە ژیان دەگەڵ ژۆزێف دەدا؟ بۆچی بە بەشداری لە ڕێوڕەسمی دەرباری و میوانداریەکاندا ئاوا خۆی لە بەین دەبا؟ چپاڵنەرێک ئەوی پابەندی ئەم ژیانە کردوە؟ ئەڤین؟ ئەرک؟ یان کەللەڕەقی و سەرکێشی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەگەر هاتنی من کۆمەگێک بەتۆ دەکا دێم.

لەم ساتەدا ژوولی دەستی لەسەر نێوچاوانی داناو لەحاڵێکدا هەڵدەستا گوتی:

-دیسان ژانەسەرە سامناکەکەم دەستی پێکرد. ئەم ڕۆژانە بەزۆری تووشی دەبم. بەڵێ دێزیرە تکا دەکەم وەرە. ژۆزێف دەیەوێ هەموو پاریس بزانێ کە سوێد هێشتا بێلایەنە. ئیمپەڕاتریسیش لەم میوانداری‌یەدا ئامادە دەبێو هەروەها هەموو هەیئەتە سیاسی‌یەکانی دانیشتووی پاریس.

-ئەمن دەبێ کۆنت ڕووزەن ئاجودانی سوێدیی خۆشم دەگەڵ خۆم بێنم.

-ئاجودان... باشە دیارە دەبێ بیهێنی. بەڕێکەوت باشتریشە چونکە میوانی پیاو زۆرکەمنو دەکرێ بڵێی هەموو پیاوەکان لە دەرەوەی پاریسو لە بەرەکانن.

وەختی ڕۆیشتن لەماڵێ چاوترووکانێک لە بەرامبەر وێنەی سەردەمی کونسوولیی ناپلیۆندا ڕاوەستا.

-بەڵێ، وێنەی ئەو ڕۆژانەیە، هەر ئەوجۆرە کە دیار بوو؛ مووی درێژو سەرگۆنای قووڵ. بەڵام ئێستا...

-ئێستا ئیدی قەڵەو بووە.

-بیری لێبکەوە... بەدەستهێنانی مۆسکۆ، ناپلیۆن لە کرملین. مرۆڤ کە بیری لێدەکاتەوە دوچاری سەرگێژە دەبێ.

-ژوولی، بیری لێ مەکەوە. زۆر ماندوو دیاریو باشترە ئیسراحەت بکەی.

-نیگەرانی ئەم میوانداری‌یەمو دەترسم هەموو شتێک بەباشی بەڕێوە نەچێ. مایەی ڕیسواییو شەرمەزاریی بنەماڵە. بیرم لە دایکم دەکردەوە... ئەگەر هەموو شتێک بەباشی بەڕێوە نەچێ؟ داخوا مرۆڤ کاتێک نزیکانو دایکوباوکی لەدەست دان بەڕاستی هەڵدەداو باڵق دەبێ؟ ئەو دەمیش بەجۆرێکی ترسێنەر تەنیا دەبێو...

بریسکانەوەی مۆمدانە بەرزو برونزی‌یەکانی ئێلیزە چاوی بەمۆلەق ڕادەگرت. دەمزانی کەوتوومە بەر سیلەچاوی خەڵکی دیکەو پاشملە خەراپەم دەڵێن بەڵام هەستم دەکرد کۆنت ڕووزەنی لاو لەپشتەوەم ڕاوەستاوەو دەبێتە هۆی ئەمنیەتم. بەلێدرانی سروودی مارسەی‌یەز ئیمپەڕاتریس هاتە مەجلیسەکەو ئەمن بۆ ڕێزگرتن سەرم دانواندو چونکە سەر بەبنەماڵەیەکی پادشایەتی بووم وەک ئەوانی دیکە نەچەمامەوە. ماری لوویز کە ئەمجاریش وەک هەمیشە جلی پەمەیی دەبەردا بوو بەرامبەرم ڕاوەستا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بیستوومە دەوڵەتی ئوتریش باڵیۆزێکی تازەی ناردۆتە ستۆکهۆڵم خانم! داخوا ئەم باڵیۆزە تازەیە کە ناوی کۆنت فێن نیپێرگە بەتۆ ناسێندراوە؟

–بێگومان ئەو کاتێک گەیشتۆتە ستۆکهۆڵم کە ئەمن لەوێ نەماوم.

لەکاتی وەڵامدانەوەدا بەچاو لە ڕوخساری بێحاڵەتی وی ورد دەبوومەوە بەڵکوو بیرەکانی بخوێنمەوە. پاش لەدایکبوونی پادشای چووکەڵەی ڕۆم ماری لوویز تاڕادەیەک قەڵەو ببوو.

–پێش مێردکردنو کاتی بەشداری لە یەکەمین جێژنی دەرباریدا دەگەڵ فێن نیپێرگ هەڵپەڕیم.

بە وەبیرهاتنەوەی ئەم بیرەوەرییە ڕوخساری حاڵەتێکی تایبەتیی بەخۆوە گرتو لەو یەکحاڵییە هاتە دەرێ.

–ئەمە یەکەمینو دوامین سەمای دەرباری ڤییەن بوو کە تێیدا بەشدار بوومو کەمێک دواتر زەماوەندم کرد.

نەمدەزانی چیی وەڵام بدەمەوە. بەهەرحاڵ وا دیار بوو چاوەڕێی وەڵامی منە. بەڵام بۆخۆم خەفەتبارتر لەوە بووم کە هەستی پێبکرێ. هەرچەند ماری لوویز زۆر گەنجو کەمتەمەن بوو بەڵام بێگومان بیستبووی کە ناپلیۆن کابرایەکی تازەبەسەرداکەوتوو، چەکمەڕەقو سەرەنجام دوژمنی سەرزەمینەکەیەتیو بەوحاڵەش ئەویان ناچار کردبوو مێردی پێبکاو گوێبەفەرمانی بێ.

–بیری لێمەکەوە... کۆنت فێن نیپێرگ هەر چاوێکی هەیەو چاوەکەی دیکەی بە پارچەیەکی ڕەش دادەپۆشێ. بەوحاڵەش ئەمن بیرەوەرییەکی خۆشم لێی هەیە. پێکەوە سەمای واڵسمان کرد.

پاشان بەجێی هێشتمو ئەمن ئەو شەوەم وەبیر هاتەوە کە ناپلیۆن دەیەویست فێری واڵس بێ؛ یەک، دوو، سێ...یەک، دوو، سێ.

نیوەشەوێ جارێکی دیکە سروودی مارسەیەزیان لێدا. ژۆزێف کەوتە پەنا ئیمپەڕاتریس پەرداخە شامپاینەکەی خۆی هەڵێناو گوتی:

–خاوەنشکۆ ڕۆژی پازدەی سێپتامبر لەپێشەوەی گەورەترین سوپای مێژوودا چووە مۆسکۆو لە کرملین یان کۆشکی تزاردا نیشتەجێ بوو. لەشکرییانی سەرکەوتووی ئێمە زستانێ لە پێتەختی دوژمنی تێشکاوی خۆیان بەسەر دەبەن. بژی ئیمپەڕاتۆر!!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەریکی خواردنەوەی پەرداخەکەی خۆم بووم کە تالیڕان هاتە پێش لەتەنیشتم ڕاوەستاو گوتی:

–پایەبەرزیان ناچار کرد بێتە ئێرە؟

تالیڕان لەکاتی هێنانەگۆڕی پرسیارەکەی‌دا دە ڕوخساری ژۆزێفەوە ڕامابوو.

–بوون یان نەبوونی من لێرە مانایەکی تایبەتیی نیە جەناب! چونکە سەرم لە سیاسەت دەرناچێ.

–بەڕاستی سەرسوڕهێنە کە چارەنووس پایەبەرزی بۆ بەجێ‌گەیاندنی نەخشێکی وا گرنگ هەڵبژاردوە.

–مەبەستتان چیە؟

–ڕەنگە ڕۆژێک بێمە لای پایەبەرزو داوایەکی گرنگم هەبێ. پایەبەرز ئەم داوایە بەناوی فەڕانسەوە دەگەڵ ئێوە دێنمە گۆڕێو هیوادارم لەو ڕۆژەدا داخوازەکەم بەجێ بێنن.

–دەکرێ بڵێی باسی چی دەکەی؟

–ئەمن ئاشقم پایەبەرز. پێت سەیر نەبێو بەهەڵە نەچی پایەبەرز! ئەمن ئاشقی فەڕانسەم. بەڵێ خانمی شازادە، فەڕانسەی خۆمان.

ئەو دوایە قومێک شامپاینی دەزاری وەرداو لێی زیادکرد:

–ئەگەر لەبیرت بێ، لە یەکێک لە ڕۆژەکانی دوایی‌دا وەبیر پایەبەرز م هێنایەوە کە ناپلیۆن دەگەڵ خەنیمێکی نەناسیاو بەرەوڕوو بووە کە بەتەواوی نای‌ناسێ. پایەبەرز ئەم قسەیەمت وەبیر دێ؟ ئێمە ئەمشەو گەیشتنی ئیمپەڕاتۆر بە مۆسکۆمان کردوٚتە جێژن. چونکە سوپای مەزن سەرەنجام گەیوەتە پەناگای زستانیی خۆی واتە پێتەختی ڕووسیە. داخوا پایەبەرز پێی‌وایە ئەم مەسەلەیە ئاشنا دێرینەکەمان غافڵگیرو سەرسوڕماو دەکا؟

قامکەکانم بەهەموو هێزیانەوە پەرداخەکەیان دەگوشی. لەوکاتەدا دەنگێکم لەپشت خۆمەوە گوێ لێ بوو. ژۆزێف، شا ژۆزێف بوو.

–براکەم لە کرملین هەست بە ئارامی دەکا، وەک لەماڵێ خۆی بێ. دەڵێن کۆشکی تزار بە شێوەیەکی خۆرهەڵاتیی زۆر جوان ڕێکخراوە. ئەم سەرکەوتنە خێرایە بۆخۆی نیشانەی بلیمەتیی براکەمە. ئێستا ئیدی لەشکرییانی ئێمە دەتوانن زستانەکە بەسەلامەتی لە مۆسکۆ بەرنە سەر.

بەڵام تالیڕان لەحاڵێکدا بەئارامی سەری دەلەقاند گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بەداخەوە ناتوانم دەگەڵ خاوەنشکۆ هاوڕا بم. نیو سەعات پێش ئێستا تەتەرێک هاتو خەبەری دا کە دوو حەوتووی تەواوە مۆسکۆ لە ئاگردا دەسووتێ تەنانەت کرملینیش سووتاوە.

لە دوور دەنگی ئاوازی واڵس دەهاتە بەر گوێ. شۆقی مۆمەکان ڕوخساری ژۆزێفیان دەردەخست، ڕوخسارێکی مەیلەو شینهەڵگەڕاو، دووچاوی لە حەبەساوی داپچڕاوو دەمێکی ئاوەڵا لەترسان. بەڵام تالیران بە چاوێکی نیوە نووقاوەوە بێجووڵەو ئارام ڕاوەستابوو دەتگوت لە دوو حەوتوو پێشترەوە ئەو خەبەرەی زانیوە کە نیوسەعات پێش هاتبوو. ئەوخەبەرە بۆ وی هیچی تازەی تێدا نەبوو.

-مۆسکۆ دەسووتێ!

-مۆسکۆ دوو حەوتوویە دەسووتێ.

ژۆزێف بە ناڕەحەتی‌یەکی زۆرەوە پرسی:

-ئەو سووتمانە چۆنی دەست پێکردوە؟

-بێگومان سوومانێکی گەورە بووە. ئاگر لە یەک کاتدا لە شوێنی جۆراوجۆری شار بڵێسەی هەستاوە. سەربازانی ئێمە هەوڵ دەدەن ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن بەڵام هیچ سوودی نیە. وەختێک هەست دەکەن ئاگرەکەیان ڕاگرتوە، لەنەکاو بڵێسەکەی لە نوختەیەکی دیکەوە بەرز دەبێتەوە. دانیشتووانی شار کەوتوونە مەترسی‌یەکی گەورەوە.

-سەربازانی ئێمە چی جەناب؟

-ناچارن بکشێنەوە.

بەڵام ئیمپەڕاتۆر چەندینجار پێی داگرتبوو کە لە هیچ هەلومەرجێکدا سوپای خۆی لە وەرزی زستاندا بە دەشتەکانی ڕووسیەدا ناباو ئەو شاری مۆسکۆی بۆ مانەوەی زستان دیاری کردبوو.

-خاوەنشکۆ ئەوەی گوتم ئەو خەبەرە بوو کە لە تەتەرەکەم بیستبوو. ئیمپەڕاتۆر ئیدی ناتوانێ زستانی لە مۆسکۆ بەسەر بەرێ. چونکە شار گیرۆدەی ئاگرە.

تالیران لەحاڵێکدا پەرداخەکەی بەرز کردبۆوە ڕوو بە ژۆزێف گوتی:

-خاوەنشکۆ! مەهێڵە ڕەنگی ڕوخسارت بگۆڕێ. بێگومان ئیمپەڕاتۆر نایەوێ ئەم خەبەرە بە هەموو جێیەکدا بڵاو بێتەوە.

-بژی ئیمپەڕاتۆر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم کاتەدا تالیڕان ڕووی دەمن کردو پەرداخەکەی هەڵێنا. بەڵام ئەمن دژکردەوەیەکم لەخۆم نیشان نەدا. ئیمپەڕاتریسم دیت کە دەگەڵ پیرەپیاوێک سەمای واڵس دەکا. یەک، دوو، سێ...یەک، دوو، سێ... ژۆزیف بە دەسرۆکەیەکی ئاوریشمین دانە ئارەقەکانی لە نێوچاوانی خۆی سڕیەوە.

–شەو خۆش ژۆزێف. خواحافیزی لە ژوولییش بکە. شەو خۆش جەناب.

هەرچەند بەپێی ڕێوشوێنی دەرباری هیچکەس نابێ بەرلە شاژن مەجلیس بەجێ بێڵێ بەڵام ئیدی ئەوەندە شەکەتو پەرێشان بووم کە کەمترین گرنگیم بەوداب‌و شوێنانە نەدا. بەڵام نا... ڕەنگە هێندەش پەرێشان نەبووبم. هەموو شتێک بۆمن ڕوون بوو، زۆر ڕوون‌و زۆر ترسێنەر.

مەشخەڵبەدەستان وەک هەمیشە بە تەنیشت کالیسکەکەوە غاریان دەداو ئەمەش یەک لە پێویستی‌یەکانی بەشداری لە ڕێوڕەسمی فەرمی‌دا بوو. کۆنت ڕووزەن کە لەلای چەپی من بوو گوتی:

–مەجلیسێکی سەما بوو کە لەبیر ناچێتەوە پایەبەرز!

–ئەتۆ مۆسکۆت دیوە کۆنت ڕووزەن؟

–خانمی شازادە! ئەوەم بۆ لێ‌دەپرسی؟

–مۆسکۆ خەریکە دەسووتێ کۆنت. چونکە ئەوشارە پازدە ڕۆژە ئاگری گرتوە.

–پاش دیداری حەزرەتی وەلی‌عاد تزار لە ئابوو...

–تکایە ئیدی هیچ لەوبارەیەوە مەڵێ کۆنت، هیچ شتێک. زۆر ماندووم.

بەڵام داواکەی تالیڕان چیە؟ کام داخوازو..چووەخت؟

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣٩

## پاریس، شازدەی دیسامبر (کانوونی یەکەم)ی ١٨١٢

لەسالۆنی سپیو تەلایی ژووزفین لە مالمێزۆن ژنەکان خەریکی ئامادەکردنی شریتی برینپێچان بۆ برینداره‌کانی بەرەی ڕووسیە بوون. ژووزفین خۆشی لە ژووره تایبەتی‌یەکەی خۆڕازاندنەوەی مووکێشبەدەست خەریکی هەلگرتنی بنبرۆکانی من بوو بۆئەوەی برۆ ئەستوورەکانم نەختێک تەنک بکا. ئەم کاره بەژان بوو. بەلام کەوانی باریکی برۆکانم چاوەکانمی گەورەتر نیشان دەدا. ئەو پاشان لەنێو کەرەسەی جوانکاری‌یەکەی‌دا گەڕاو بەستەیەکی چووکەلەی کرێمی پۆدری ڕەنگزیویی دۆزیەوە، کەمێکی لێ دەپیلووەکانم هەلسوو. ئەمجار توانیم لەسەر مێزی خۆجوانکردنەکەی لەئاوێنەدا ڕوخساری تازەی خۆم ببینم. هەرلەو کاتەدا لەسەر مێزی خۆجوانکردنەکەی‌و لەبن کۆمایەک قردێلەو شانەدا چاوم بە تازەترین ژمارەی مۆنیتۆر کەوت کە پەلەیەکی سووری کەوتبووە سەر. دەستم بە خوێندنەوەی کرد. ڕاگەیەندراوی ژمارە ٢٩ی ئیمپەڕاتۆر ناپلیۆنی تێدا چاپ کرابوو. ئەم ڕاگەیەندراوە بێ هیچ پێچوپەنایەک ڕای‌دەگەیاند کە برسیەتی‌و سەرماو سەهۆلبەندان سوپای مەزنی لەپێ خستوەو لە بیابانە پڕبەفرەکانی ڕووسیەدا ناشتوویەتی. ئیدی شوێنەوارێک لەو سوپا گەورەیە نەمابوو. ئەو پەلە سووره کە لەڕاستی‌دا شتێک نەبوو جگە لە سووراوی لێوان، وەک پەلە خوێنێکی گەوره کەوتبووە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکە.

–دێزیره! ئەتۆ وەختێک بەرامبەر خەلک دەردەکەوی دەبێ ئاوا خۆت جوان بکەی. برۆی باریک‌و کەوانی، سێبەری سەوز بەلام کەمڕەنگ لەپشت پێلووەکان‌و لە هەمووان گرنگتر کرێمی پۆدری ڕەنگزیوین. کاتێک دەتەوێ لەپشت پەنجەرەیەک یان تەنیشت



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

نێردیوانی هەیوانێک دەرکەوی، حەتمەن چوارپێچکەیەک لە بن پێت دابنێ. هیچکەس نایبینێو سەرنجی ناداتێ بەڵام ئەتۆ باڵابەرزتر دیار دەبی. باوەڕ کە دێزیرە!...

–ئەتۆ ئەم بابەتەت خوێندۆتەوە خانم؟

پاشان بە دەستێکی لەرزۆکەوە ڕۆژنامەکەم بۆ ڕاداشت.

ژووزفین چاوێکی سەرسەرەکیی پێدا خشاندو گوتی:

–یەکەمین ڕاپۆرتی ناپلیۆن لەبەرەی شەڕە، ئەویش دوای چەند مانگ. ئەم نووسراوە هەر ئەوشتە دەردەخا کە زۆر لەمەوبەر نیگەرانی بووین. بوناپارت سەرەنجام ئەم شەڕەی لە ڕووسیە دۆڕاندو پێم وایە بەزوویی دەگەڕێتەوە پاریس. ئەتۆ هیچوەخت کە سەرت شوتوە کەلکت لە خەنە وەرگرتوە؟ بەمکارە مووە تاریکەکانت لەبەر شۆقی مۆم شەپۆلێکی ئاماڵسوور پەیدا دەکەنو تۆ زۆر جوانتر نیشان دەدەن دێزیرە!

–ئەم لەشکرە کە بە گەورەترین لەشکری مێژوو دادەنرا لە چەند ڕۆژدا، بەڵێ تەنیا لە چەند ڕۆژدا بەتەواوی لەبەین چوو. ئیدی نە سوارەنیزامێک ماوەو نە تۆپخانەیەکو نە تەنانەت ئامرازی بارەبارو جێگۆڕکێ. دوژمنیش بە ئاگاداری لە چارەڕەشیو بەدبەختیی سوپای ئێمە، ئەوپەڕی کەلکی لەو هەلومەرجە وەرگرتوەو دەیەوێ لەنێومان بەرێ. لەونێوەدا قازاخەکانیش قافڵەکانی ئێمە غافڵگیر دەکەن.

لەم بەیاننامەیەدا ناپلیۆن بە دنیا ڕادەگەیەنێ کە گەورەترین سوپای مێژوو لەکاتی پاشەکشەدا لە بیابانە پڕبەفرەکانی ڕووسیەدا بەتەواوی لەبەین چووە. ئەو بە لەسەرخۆییو داخی گرانەوە باسی لەنێوچوونی لەشکرییان خۆی دەکا. لە سەدهەزار سوارەنیزام کە چووبوونە مۆسکۆ تەنیا شەشسەد کەس ماون. بەڵێ سوارەنیزمی شەشسەد کەسیی ناپلیۆن!! وشەکانی برسیەتیو لەپێکەوتن چەندین جار لەو بەیاننامەیەدا دووپاتە بوونەوە. لەپێشدا نەمدەتوانی قبووڵی بکەم. بۆیە جارێکی دیکەم خوێندەوە. لە سەرەتا تاکۆتایی بەیاننامەکە. ڕستەی کۆتایی بەیاننامەکەش ئاوا بوو؛ ئیمپەڕاتۆر تەواو لەشساغەو حاڵی لە هەمیشە باشترە.

کاتێک سەرم هەڵبڕی ڕوخسارێکی بێگانەم دی کە لە ئاوێنەدا تەماشای دەکردم. دووچاوی گەورەو ماخولیایی بەپێلووی ڕەنگزیوینەوە، لووتێکی سەربەرەژوور کە ڕەنگە پەمەییەکەی لەژێر توێخێک پۆدردا شارابۆوەو جووتە لێوێک بە ڕەنگی پەمەیی تێرەوە کە یەکجار زەقی دەنواند. کەوایە ئەمنیش دەمتوانی جوانو دڵڕفێن بم. چاوم لەو ڕوخسارە تازەیە وەرگێڕاو جارێکی دیکە دە ڕۆژنامەکەوە ڕامام.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئێستا بەباوەڕی تۆ چدەبێ خانم؟

ژووزفین شانی هەڵتەکاندو لەحاڵێکدا سەرگەرمی بریسکاندنەوەی نینۆکەکانی بوو گوتی:

–عادەتەن لەوجۆرە حاڵەتانەدا دوو شت ڕێیان تێدەچێ دێزیرە! یان بوناپارت ئاشتی دەکاو دەست لە خەونی دەسەڵاتداری بەسەر ئورووپاوە هەڵدەگرێ یان خۆی بۆ شەڕێکی دیکە ئامادە دەکا. ئەگەر ناپلیۆن لەفکری درێژەدانی شەڕدا بێ دیسان دووحاڵەت ڕەنگە بێنە پێش. ئەو دەتوانێ...

–ئەدی فەڕانسە چی خانم؟

ئەم بابەتەم بەحاڵەتێکی وەک هاوار دەربڕی‌و ئەو ڕاچەنی‌و هەنگاوێک کشایەوە. بەڵام نەمتوانی خۆم کۆنترۆڵ بکەم.

لەنەکاو لە مانای ئەم بەیاننامەیەو ئەو دەنگۆیانەی لەملاولا بیستبوومن حاڵی بووم. کەوابوو ئەو دەنگۆیانە ڕاست بوون، ڕاستی‌یەکی بەژان. دەیان هەزار کەس لەنێو بەفردا سەرگەردان بوون‌و وەک منداڵ دەگریان. بەدەست‌ولاقی ڕەقهەڵاتووەوە دەکەوتنە سەر زەوی‌و نەیاندەتوانی هەستنەوە. گەلەگورگی برسی دەورەیان دابوون. هەوڵی ئەو پیاوانە بۆ تەقەکردنیش بێئاکام دیار بوو چونکە هێزی بەدەستەوەگرتنی تفەنگیان نەبوو. هاواری ترسلێدراوی وان گورگەکانی چەند هەنگاو دەکشاندەوە بەڵام تاریک دادەهات‌و شەوانی تاریک‌و درێژ بەسەردا دەهاتن‌و گورگەکان چاوەڕوانی تاریکی بوون تا...

ئەندازیارانی نائومێد بەپەلە پردێک لەسەر چۆمی بەرزینا لێدەدەن. تەنیا لەو ڕێگایەوە ئەوان دەتوانن بگەڕێنەوە. قازاخەکان چواردەوریان گرتوون‌و زۆرنزیکن. هەر ساتێک لەوانەیە پردەکە بتەقێندرێتەوەو ئەو تەنیا ڕێگایەی گەڕانەوەش لەدەست بچێ. بۆیە پیاوانی نائومێد بە دواهێزو توانای خۆیان هەوڵ دەدەن خۆیان بگەیەننە سەر پردەکەو بپەڕنەوە. لەو نێوەدا کۆمەڵێک دەکەونە سەر زەوی‌و لەبن‌پێی هاوڕێکانیاندا دەپلیشێنەوە. لەپردپەڕینەوە بەمانای زیندوومانە. هەرکەس هەوڵ دەدا بەنێو ئەو حەشیمەتەدا ڕێیەک بکاتەوەو ئەگەر وانەبێ دەکەوێتە لێواری پردەکە... هاوارێکی جەرگبڕو بەربوونەوە بۆ نێو ئەو لەتکە سەهۆڵانەی لەسەر ئاوی چۆمی مەلە دەکەن. هەوڵ بۆ ڕزگاری لەنێو سەهۆڵەکان بێبەرهەمەو کڵەوی چۆمی تلیان پێدەدا. جارێکی دی‌و جارێکی‌دی‌و جارێکی دی‌و سەرەنجام خنکان. بەڵام حاڵی ئیمپەڕاتۆر هەرگیز وا باش نەبووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارێکی دیکه به دەنگێکی نووساوەوە پرسیم:

–ئەدی فەڕانسه چیی بەسەر دێ خانم؟

–ئەوە دەڵێی چی؟ چما بوناپارتو فەڕانسه لێک جیان؟

ژووزفین که هەروا خەریکی بریسکاندنەوەی نینۆکەکانی بوو بزەیەکی هاتێو لێی زیاد کرد:

–ناپلیۆن سەرەتا به پشتیوانیی خوا بووە ئیمپەڕاتۆری فەرانسه...

چاوێکی لەمن داگرتو لەسەری ڕۆیشت:

–ئێمه هەردووکمان له چەندوچۆنی ئەم ڕووداوە ئاگادارین. باراس پێویستیی به کەسێک هەبوو تا هەڵلای برسیيه ڕاپەڕیوەکانی بۆ دامرکێنێو ناپلیۆنیش ئامادە بوو ڕووی تۆپەکان بکاتە خەڵکی پاریسو بیانتەقێنێ. بۆیە بوناپارت بوو بە فەرماندارى سەربازیی پاریس، بوناپارت بوو بە فەرماندەری بەرزی سوپای جنووب، بوناپارت ئیتالیای گرت، بوناپارت چووە میسر، بوناپارت حکوومەتی ڕووخاندو بوناپارت بوو بە کونسوولی یەکەم...

ژووزفین چاوترووکانێک بێدەنگ بوو، دوایە بە نائومێدی لێی زیاد کرد:

–دوور نیه هاوسەرەکەشی لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا بەجێی بێڵێ.

به نارەزایی گوتم:

بەڵام ئەو دایکی کوڕەکەیەتی!

ژووزفین دەستی بەسەر قژە ئاڵۆزە منداڵانەکەیدا هێنا.

–ئەوە نابێته دەلیل. ئەمن بۆخۆم پێش ئەوەی دایک بم، هاوسەر بووم. ئەم ماری لوویيزە، کچێک لە خانەدانیکی دێرینەش، لەوانەیە پتر کچێک بێ تا هاوسەرێکو دایکێک. تاجی من بوناپارت بەدەستی خۆی لەسەری نام. بەڵام ماری لوويیز باوکی کردیه هاوسەری ناپلیۆن... بەڵام دێزیرە! هەرچی بێته پێش، ئەوەی پێمگوتی لەبیرت نەچێ. بەڵێن دەدەی دێزیرە؟

به سەرسوڕمانەوە تێیەوە ڕامام.

–لەنێو ئێمەدا بنەماڵەی ڕەسەنتر لە بنەماڵەی بوناپارت زۆرن. بەڵام سوێدیيەکان بۆخۆیان بەویستی خۆیان ژان باتیستیان هەڵبژاردو لەم هەڵبژاردنەی خۆیان پەژیوان نابنەوە. ژان باتیست زگماک فەرمانڕەوایەو دەزانێ چۆن فەرمانڕەوایی بکا. ئەمە قسەی بوناپارتەو باوەڕیشی پێی هەبوو. بەڵام ئەتۆ، ئەتۆ کچم، ئێستا کە شێوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرمانڕەوایی نازانی دەبێ کارێک بکەی ببیە جێسەرنجو دڵخوازی سوێدیەکان. کەوایە هەمیشە تێبکۆشە جوان بی دێزیرە! هیچ وەخت کرێمی پۆدری ڕەنگزیوینو سووراوی لێوانت لەبیر نەچێ.

–بەڵام ئەو لووتە سەربەرەژوورەم چی؟

–ئەوی ناتوانی بگۆڕی بەڵام لووتی تۆ دەگەڵ ڕوخسارت سازگارەو تۆ گەنجتر نیشان دەدا. ئەتۆ هەمیشە لە تەمەنت گەنجتر دیار دەبی. ئێستا باشترە بچینە خوارێو لە ساڵۆنێ داوا لە تێریزا بکەین فاڵی پەڕی قومارمان بۆ بگرێتەوە. لەبارەی شانسی ناپلیۆنیشەوە پرسیاری لێدەکەین. زۆر خراپ بوو کە باران باری. دەمەویست باغەکە بە کۆنتە سوێدیەکەت نیشان بدەم. ڕۆزە سوورەکان ئێستاش گوڵیان پێوەن. بەڵام مخابن بەو بارانە گەچڵاون.

لەنێو پلیکانەکاندا ژووزفین لەنەکاو ڕاوەستا.

–دێزیرە! بۆ لە ستۆکهۆڵم نەمایەوە؟

–لەوێ شاژنێکو شاژنێکی دایک هەبوون. بەباوەڕی تۆ هەر ئەوان بەس نەبوون؟

چاوم پڕ بوون لە فرمێسکو بەزەحمەت تفم بۆ قووت درا.

–بەهەڵە نەچی... پێشینیان مەترسیدارن. تەنیا ئەوانەی دێن... ئەوانەی دوای تۆ دێن...

جۆرێک ئارامی لە ڕوخساری دا دەرکەوتو لێی زیاد کرد:

–ئەمن لەوە دەترسام ئەتۆ لەبەر خاتری وی هاتبیەوە ئێرە. چونکە ئێستاش خۆشت دەوێ...

لە ساڵۆنی سپیو تەڵاییدا ژنەکان هەروا خەریکی دروستکردنی شریتی برینپێچان بوون. پوولێت لەسەر قاڵیەکی ئەستوورو لەپێش سۆبە دانیشتبوو خۆی کووڕ کردبۆوەو خێراخێرا شریتەکانی لوول دەدان. شاژنە ئوورتانسیش لەسەر مۆبلێک ڕاکشابوو خەریکی خوێندنەوەی نامەیەک بوو. ژنێکی زۆر قەڵەویش شاڵێکی ڕۆژهەڵاتیی دەخۆیەوە پێچابوو، وەک گلۆلەیەکی ڕەنگاوڕەنگ دیار بوو،و هەر ئەو گلۆلە ڕەنگاوڕەنگەش فاڵی پەڕەقوماری دەگرتەوە. کۆنت ڕووزەنی لاویش لە پەنا پەنجەرە ڕاوەستابوو بە پەرێشانی چاوی لە بارانبارین دەکرد. کە ئێمە گەیشتینێ ژنەکان بۆ ڕێزدانان هەستانو تەنیا پوولێتی جوان بوو کە بەزەحمەت کەمێکی لاقەولاق کردو بزووت بەڵام هەڵنەستا. ژووزفین ئاماژەیەکی بە گلۆلە ڕەنگاوڕەنگەکە کرد کە بەرامبەر بەمن چەمابۆوەو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خانمی شازادە ڕەنگە پرێنسس شیمای لەبیر بێ؟

ژووزفین تـەنیا ئـەو وەختانـە کـە دووبـەدوو بـووین منـی بـە دێزیـرە بانـگ دەکرد. ماوەیەک بیرم لەوە کردەوە. ئەمە ناوی یەکێک لە بنەماڵە زۆر دێرینەکانی فەڕانسە بوو. ئەمن باش دەمزانی پێش ئەوە هەرگیز هیچکام لـە ئەنـدامانی ئـەو بنەماڵەیـەم نـەدیتبوو. ژووفین زەردەخەنەیەکی کردو گوتی:

–دۆستی لەمێژینەم تێرێز.

تێرێز دۆستی ژووزفین. مارکیز دو فوونتە. ئەوکەسەی دەگەڵ خزمەتکارەکەی، تالین زەماوەندی کرد تا لە جەنگەی شۆڕشدا خۆی لە تیغی گیووتین ڕزگار بکا. تـالین یـەکێک لە هەڵبژاردەکانی شۆرش بوو،و بەمجۆرە تێرێزی جوان، بوو بە یەکـەم ژنـی دیرێکتـوار. دەڵێن ئەو شەوێک لەپێش چاوی میوانەکانی بە ڕووتوقووتی سەمای کردوە. یـەکی دیکـە لە کارەکانی ئەوە بوو کە وای کرد شاڵوارێکی تازە بدەنـە نـاپلیۆن کـە شـاڵوارێکی شـڕی دەپێدا بوو. ئەمنیش کە لە دەزگیرانەکەم دەگەڕام چوومە ماڵەکەی ئەو. بەڵام لەوێ ئـەوم لەدەست داو ژان باتیستم دەست کەوت.

ئەو لەو ڕۆژانەدا لـە ژووزفینـیش بـەدناوتر بـوو بەڕادەیـەک کـە ببـووە ماشـووقەی بـاراس. نـاپلیۆن قەدەغـەی کردبـوو ئـەو بچێتـە دەربـار چونکـە لەوکاتـەوە کـە ببـووە ئیمپەڕاتۆر زۆری پێ لەسەر لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە ئەخلاقیـیەکان دادەگـرت. تێرێـزی بەستەزمان لە دووریی دۆستە نزیکەکەی واتە ژووزفین نەخۆش کەوتبوو. سەرەنجام هاتە سەر ئەوفکرە کە ناپلیۆنی بگەیەنێتە ئەوپەڕی تووڕەیی. بۆیە مێردی بە شازادە شیما کرد کە حەوت منداڵی هەبوون. ئەو ئێستا لەبـەر قەڵـەوی وەک گڵۆڵەیـەکی خـڕی لێهـاتبوو. بـەڵام چـاوە ڕەشـەکانی هـەروا دەدرەوشـانەوە. نـاپلیۆن زۆری پێخـۆش بـوو شـازادەو نەجیبزادەی فەڕانسـەیی لـە تـویلری وەربگـرێ. بـەڵام شـازادە ئـەو بانگهێشـتنەی قبـووڵ نەکرد چونکە هێشتا چوونی تێرێـز بـۆ دەربـار قەدەغـە بـوو. نـاپلیۆن نـەیدەتوانی ئـەو سەمایە کە ڕەنگە بۆخۆشی یەکێک لە تەماشاچییەکانی بووبێ، لەبیر بەرێتەوە...

پاش ڕاوەستانێکی کەم گوتم:

–خۆشحاڵم کە دووبارە دەتبینمەوە پرێنسس!

–دووبارە دیتنەوەم؟

تێرێز ئەوەندە کە ڕوومەتە قەڵـەوو گۆشـتنەکانی ڕێگایـان پـێدەدا چـاوی داپچـڕینو تێمەوە ڕاما.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-پێم وانیە تائێستا شانازیی ئەوەم بووبێ بەخزمەت پایەبەرز  بگەم؟

لە نەکاو دەنگێک لەپەنا پێشسۆبەکەوە هاتە بەر گوێ کە دەیگوت:

-دێزیرە! ئیمپەڕاتریس پێلووەکانی تۆی زیوین کردوون.

پوولێت کە ئەندامی یەکجار لاوازی خۆی بە مروارییە پەمەییەکانی خانەدانی بوورگز ڕازاندبۆوە چاوێکی لە سەرتاپای من کردو لێی زیاد کرد:

-بەڵام زۆرت لێدەکاڵێتەوە. پاشان خانمی وەلیعادی سوێد پێمبڵێ ئەو ئاجودانەی تۆ کە لە پەنا پەنجەرە ڕاوەستاوە کەڕولاڵە؟

-ناشازادە خانم! هەر کەڕە.

بە بیستنی وەڵامی قیناویی ڕووزەن تێگەیشتم هەڵەیەکی گەورەم کردوە کە دەگەڵ خۆم هێناوە. ژووزفین دەسبەجێ چووە لایو دەستی لەسەر قۆڵی دانا. ڕووزەن لەو ڕەفتارە ڕاچڵەکی. ژووزفین دوایە گوتی:

-ئەگەر باران کردیەوە ئەمن باخچەکانی خۆمت پێشان دەدەم. لەباغی مندا مانگی دێسامبریش گوڵە سوورەکان دەپشکوون. مسۆگەر ئەتۆ گوڵی ڕۆزت پێجوانە. چونکە ناوەکەی زۆر وەک ناوی تۆ دەچێ.

ژووزفین پاشان سەری هەڵبڕیو بەعیشوەوە چاوێکی لێکرد. خوا دەزانی بەو نیگایانە چۆن شوێن لەسەر خەڵکی دادەنێ. دوایە سەری وەرسووڕاندو گوتی:

-ئوورتانس! کۆنت فلائۆ لە ڕووسیەوە چیی نووسیوە؟

ئەو ئاشقەی ئوورتانس ئاجودانی ئیمپەڕاتۆرە. لەوکاتەوە کە ئوورتانس لە لوویی جودا بۆتەوە، دایکی ئەوەندە بە هاتوچووی ئوورتانس دەگەڵ وی قەڵس دیار نیە.

ئوورتانس لەحاڵێکدا بەفیزەوە سەری هەڵبڕیبوو گوتی:

-ئەو شانبەشانی ئیمپەڕاتۆر لەنێو بەفردا ڕێگا دەبڕێ.

ژووزفین وەک ئەوەی باوەڕ نەکا گوتی:

-بوناپارت بە پێیان بەنێو بەفرێدا دەڕوا؟ نا! مسۆگەر سواری سوورتمە بووەو ئەوەی لەنامەی فلائۆی تۆدا نووسراوە، قسەی بێتامە.

کۆنت فلائۆ نووسیویەتی کە لە سموولسینگ پێ بەپێی ئیمپەڕاتۆر ڕێگا دەبڕێو ئیمپەڕاتۆریش ناچارە بەپێ بڕوا. چونکە هەموو ئەسپەکان لەسەرمان مردوون. ئەگەریش سەرما نەیبردبن سەربازانی برسی سەریان بڕیونو خواردوویانن. ئیمپەڕاتۆر ئەو چاکەتە چەرمییەی دەبەردایە کە تزار پێیدابوو، و کڵاوێکی کەوڵەبەرخی ئێرانیی لەسەری ناوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو لەکاتی ڕۆیشتندا خۆی داویتە سەر وەکازو ئەو ژەنڕاڵانەش کە سوپاکانیان لەدەست داوە چواردەوری‌یان گرتوەو ئێستا مووروواو کۆنت فلائۆ لەملاولای بەڕێگادا دەڕۆن.

—بەڕاستی کە!... حەتمەن مێنوالی بەوەفاش لە دواوەی دەڕوا.

ئوورتانس بۆ دۆزینەوەی وەڵامی دایکی نەختێک کاغەزەکانی هەڵدانەوەو پاشان گوتی:

—نا. مێنوال لەپێ کەوتوەو ئەویان لە ژوورێکی هەڵگرتنی نەخۆشاندا داناوە.

بێدەنگی‌یەکی مەرگبارێن سێبەری بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو. دارەکان بە قرچەقرچ لە کوورەخانەکەدا دەسووتان بەڵام هەموومان هەستمان بە سەرما دەکرد. ژووزفین لەحاڵێکدا پێی‌دەگوتین سبەینێ ڕێوڕەسمی پاڕانەوە بەرپا دەکا داوای لە تێرێز کرد فاڵ بۆ ناپلیۆن بگرێتەوە. تێرێز بە حاڵەتێکی جیددی پەڕە قومارەکانی تێکەڵ کردو پاشان کردنیە دوو دەستەو بە ژووزفینی گوت:

—بوناپارت وەک هەمیشە بە ورەیە.

ئەمجار ژووزفین چەند پەڕێکی لەوان هەڵبژاردو هەناسەی لە سنگی‌دا ڕاگرت. تێرێز پەڕەکانی بە وێنەی ئەستێرە لەسەر عەرزی دانان. ئوورتانسیش نزیک کەوتەوەو لە پشتەوەی تێرێز ڕاوەستا. پوولێتیش خۆی بەمنەوە نووساندبوو چاوی لە کۆنتی لاو وەرنەدەگێڕا. نیگای حەبەساوی کۆنت ڕووزەن وای دەردەخست کە لە سلامەتیی ئەقڵی ئێمەدا تووشی گومان بووە.

تێرێز لە گرتنەوەی پەڕی قوماردا وەستایە. ئەو دوای ئەوەی پەڕەکانی بە وێنەی ئەستێرە دانان چەند ساتێک تەماشای کردنو پاشان دە نوختەیەکی دووری فەزاوە ڕاما. سەرەنجام ژووزفین تاقەتی نەهێناو وەک ئەوەی پرسیار بکا گوتی:

—باش؟

—شتێکی سەرنجڕاکێش لەئارادا نیە.

تێرێز دووبارە بێدەنگ بوو،و دوای ماوەیەک ڕاوەستان گوتی:

—سەفەرێک دەبینم.

ئەمجار نۆرەی پوولێت بوو کە بەپەلە بڵێ:

—باشە ئیمپەڕاتۆر لەحاڵی گەڕانەوە لە ڕووسیەدایە. هەرچەند بە پێیان دێتەوە بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە سەفەرێکە.

تێرێز سەری ڕاوەشاندو گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-نا. ئەمن سەفەرێکی دیکە دەبینم. سەفەرێک بەسەر ئاوەوە. لە کەشتی‌یەکدا.

ئەمجار بێدەنگیی تێرێز لەجاری پێشوو درێژتر بوو.

-بەداخەوە شتێکی خۆش نابینم.

ژووزفین پرسی:

-لەبارەی چیەوە؟

-"بی‌بی"ی پیک دەگەڵ ئیمپەڕاتۆر نیە. گۆڕانێک لە وەزعی تۆدا پێک‌نایە. خەفەتی بێپارەیی‌و نەداری دەبینم. بەڵام ئەمە شتێکی تازە نیە.

-بەڵێ قسەی تۆیە. ئەمن دیسان بە لۆرویی خەیات قەرزدارم.

تێرێز ئەمجار دەستی بە حاڵەتێکی تایبەتی بەرز کردەوەو گوتی:

-جودابوونەوەیەک دەبینم، جودابوونەوەی "بی‌بی"ی خشت.

پوولێت بە دەردی دڵەوە گوتی:

-ئەوەی دەیڵێ ماری لوویزە.

-بەڵام ئەو جودابوونەوەیە باش نیەو لەڕاستی‌دا هیچی باش نابینم.

تێرێز ئەوەندەی دەی‌توانی حاڵەتێکی ترسێنەری بە دەنگی داو گوتی:

-سەربازی دڵ لێرە دەڵێ چی. سەربازی دڵ کەوتۆتە نێوان ئیمپەڕاتۆرو سەربازی گژنیژو سەربازی گژنیژیش تالیڕانە.

ئوورتانس وەبیری هێنایەوە:

-جاران فووشێ بوو.

ژووزفین گوتی:

-سەربازی دڵ ڕەنگە پادشا چکۆڵەی ڕۆم بێ. بوناپارت دووبارە بە کوڕەکەی دەگاتەوە.

تێرێز پەڕەکانی خڕ کردنەوەو پاش برلێدانی شێتانەیان جارێکی دیکە کردنیە دوودەستەو بە شێوەی ئەستێرە لەپەنا یەکی دانان.

-هیچ شتێک نەگۆڕاوە. دیسان هەر ئەو سەفەری دەریایە دەگەڵ تەنگانەی ماڵی‌و خەیانەت.

تێرێز بێدەنگ بوو، و ژووزفین بە ئەسپایی پرسی:

-خەیانەتی "بی‌بی"ی خشت؟

تێرێز سەری ڕاوەشاندو ژووزفین دووبارە پرسیەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-باشه ئەی ئەمن؟

-تێناگەم هیچ پێوەندییەک لەنێوان "بیبی"ی پیکو ئیمپەڕاتۆردا نیە. لەحاڵێکدا کە...

تێرێز هەناسەیەکی هەڵکێشاو سەریی ڕاوەشاند.

-لەحاڵێکدا ئیدی نایەتە لای ئەو نازانم بۆچی ژووزفینی خۆشەویست! دیسان سەربازی دڵ لەپەنا ئیمپەڕاتۆرو هەمیشە لەپەنای ئەو، ئاسو حەوتی گژنیژیش ناتوانن لێی نزیک ببنەوە چونکە سەربازی دڵ دەریان دەکا. ئەمە ناتوانێ پادشا چکۆڵەی ڕۆم بێ. ئەو حەتمەن گەورەیە. بەڵام کێ؟ تێرێز چاوێکی لە دەوروبەری خۆی کرد. ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارە نازانین. ئەو دووبارە داهاتەوە سەر پەڕەقومارەکان.

-دەتوانێ ژنێکی گەنج بێ... لەوانەشە کچێک. کەسێک کە ناپلیۆن وەک ژنێک ڕەفتاری دەگەڵ ناکا... کەسێک کە هەمیشە ئەوی ناسیوەو لە تەنگانانْدا بە تەنیای جێناهێڵێ. لەوانەیە...

لەنەکاو پوولێت هاواری کرد:

دێزیرە!... بەڵێ سەربازی دڵ دێزیرەیە.

تێرێز چاوی دەمنەوە بڕیبوو بەڵام دووبارە سەری ڕاوەشاندو گوتی:

-دەکرێ کچێکی گەنج بێ کە ئەوی ناسیوە. دەتوانی باوەڕ بکەی کە شازادە...

لەحاڵێکدا لەوە نارەحەت بووم کە ئەو باسانە لەپێش چاوی کۆنت ڕووزەن دەکرێن، گوتم:

-تکایە من لەو یارییە دەرباوێن.

ژووزفین لە مەبەستەکەم حاڵی بوو،و گوتی:

-بۆ ئەمڕۆ بەسە.

ئەو پاشان چووە لای کۆنتو گوتی:

-پێم وایە بارانەکە لێیکردبێتەوەو بتوانم گوڵە ڕۆژە زەردەکانی گوڵخانەتان پێنیشان بدەم.

شەوێ ئێمە هاتینەوە پاریس. هێشتا باران دەباری.

-لەوە بەداخم کە لە مالمێزۆن خەراپت لێگوزەراوە کۆنت ڕووزەن. بەڵام دەمەویست ئەتۆ جوانترین ژنی فەڕانسە ببینی.

پیاوە گەنجەکە بەوپەڕی ئەدەبەوە وەڵامی دایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئیمپەڕاتریس ژووزفین بێگومان لە ڕابردوودا زۆر جوان بووە.

لەدڵی خۆمدا بیرم کردەوە. ئەو بەشەوێک، بەڵێ تەنیا بەشەوێک پیر بوو. ئەمنیش ڕۆژێک پیر دەبم. جا پێلووەکانم زیوین بن یان نەبن. دیارە ئاواتەخوازم بە شەوێک پیر نەبم. بەڵام هەموو ئەمانە پێویستی‌یان بە ژان باتیست هەیە...

ڕووزەن بێپێشەکی گوتی:

–خانمانی مالمێزۆن دەگەڵ خانمانی ستۆکهۆڵم زۆریان فەرق هەیە. ئەوان لەبارەی هەموو شتێکەوە وتووێژ دەکەن. لە نزاکردنەوە تا ئەڤین و ئەڤینداری.

–چما لە ستۆکهۆڵم خەڵک نزا ناکەن یان ئاشق نابن؟

–بێشک. بەڵام ئەوان هەرگیز لەو بارەیەوە قسە ناکەن.

***

٤٠

## پاریس، نۆزدەی دێسامبری ١٨١٢

لەوکاتەوە کە مالمێزۆنم بەجێهێشتوە هەروا باران دەبارێ. بەڵام دەگەڵ ئەو بارانبارینەش لە دووڕۆژی ڕابردوودا، خەڵک لە گۆشەی شەقامەکان‌داو بەدەنگی بەرز بەیان‌نامەی ژمارە ٢٩ لە ڕووی ئەو ڕۆژنامانەوە کە بە بارانێ خووساون بۆ یەکتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەخوێننەوەو بەمجۆرە هەوڵ دەدەن وەزعی ڕۆڵەکانیان لە ڕووسیە بێننە بەر چاوی خۆیان. ئەوان چاوەڕوانی دەنگوباسی تازەن بەڵکوو کەمێک ئارام بگرن. بەڵام چاوەڕوانیی وان بێهوودەیە. تەنانەت یەک بنەماڵەش ناناسم کەسێکی لە ڕووسیە نەبێ. لە هەموو کلیساکاندا ڕێوڕەسمی نزاو پاڕانەوە وەڕێ دەخرێ.

شەوی ڕابردوو خەو لەچاوانم ڕەویبوو، سەرلێشێواوو نائارام لە ژوورێکەوە دەچوومە ژوورێکی دیکە. خانووەکەی مۆرۆ نەکھەر سارد بوو بەڵکوو بۆ منی تەنیا زۆریش گەورە بوو. سەرەنجام شنێلە کەوڵە سەگڵاوکەکەی دیاریی ناپلیۆنم لەسەر جلەکانمەوە دەبەر کردو لە ساڵۆنی گچکە لەپشت مێز دانیشتم تا نامەیەک بۆ ئۆسکار بنووسم. مارییش لە سووچێکی ژوورەکە دانیشتبوو ملپێچێکی ڕەنگخۆڵەمێشیی دەچنی. ئەو ملپێچەی بۆ پیەر دەچنیو لەوکاتەوە کەباسی سەرمای سەختی ڕووسیەی بیست دەستی بە چنینی کرد. ئێمە هیچخەبەرێکمان لە پیەر نەبوو. دەنگی شیشەکانی چنین دەهاتو لێوەکانی مارییش بە بێدەنگیی تەواو دەبزووتن. جارجار خشەی کاغەزی ڕۆژنامە بێدەنگیەکەی دەشکاندو ئەوە کۆنت ڕووزەن بوو کە ڕۆژنامە دانمارکیەکانی دەخوێندنەوە. ماوەیەک بوو ڕۆژنامەی سوێدیمان بەدەست نەدەگەیشتن. بۆیە کۆنت خۆی بە خوێندنەوەی دەنگوباس لە ڕۆژنامە دانمارکیەکاندا سەرگەرم دەکرد. لافلووتو خزمەتکارەکانی دیکەش سەعاتێک پێشتر خەوتبوون.

بیرو هۆشم لەلای ئۆسکار بوو. دەمەویست بۆی بنووسم کە وەختی یاری لەسەر سەهۆڵ وریای خۆی بێ دەستولاقی نەشکێن. ئەگەر ئەو لێرە بایە... ئەگەر لێرەبایە چەند ساڵی دیکە بانگ دەکرا بۆ خزمەتی سەربازی. دایکانی دیکە چۆن دەگەڵ ئەم ڕاستیە بەرەوڕوو دەبن؟ ماری ملپێچی دەچنیو لە بیابانەکانی ڕووسیەش بەفر هەروا دەباری؛ سپیو نەرم، و نێژگەی لاوان...

لەنەکاو گوێم لە دەنگی کالیسکەیەک بوو کە لەپێش ماڵێ ڕاوەستاو بەدوای ئەودا دەنگی لێدانی پەیتاپەیتای دەرگام هاتە بەر گوێ. گوتم:

–خزمەتکارەکان هەموو خەوتوون.

ماری دەستچنەکەی لەسەر زەوی داناو وەڵامی دایەوە:

–کالیسکەچیە سوێدیەکە لە ژووری نیگابانی نووستوەو دەرگاکە دەکاتەوە.

بە هەناسەبڕکەوە چاوەڕوان بووین. دەنگێک لە دالانی هاتنەژوورەوە هات. هەر لەوکاتەدا کە کۆنت ڕووزەن دەچووە دەرێ بەپەلە پێمگوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەمن حەوسەلەی قسەکردن دەگەڵ کەسم نیەو زۆر ماندووم.

زۆری پێنەچوو گوێم لە دەنگی کۆنت بوو کە بە فەڕانسەییە سەروگوێلاکشکاوەکەی کەسێکی ڕێنوێنی دەکردە سالۆنی گەورە. داخوا ئەو شێت ببوو؟ چما ئەمن پێمنەگوت کەس وەرناگرم.

-ماری دەسبەجێ بچوو پێیان بڵێ کە ئەمن نوستووم.

ماری هەستاو بەرەو ئەو دەرگایە چوو کە بەدیوی سالۆنی گەورەدا دەکرایەوە، بەڵام لەنەکاو ڕاوەستاو بێدەنگییەکی تەواو سێبەری بەسەر وێدا کێشا. هیچ تێنەدەگەیشتم کە بۆچی بەو درەنگوەختەو بەپێچەوانەی ویستو پێخۆشبوونی من... دەنگی خشەخشی کاغەزو بەدوای ویشدا کەوتنی بڕە دارێکم گوێ لێبوو. کالیسکەچی خەریکی هەڵکردنی ئاگری کوورەخانەکە بوو. جگە لە دەنگی دارەکان دەنگێک نەدەهاتو بێدەنگییەکی تەواو هەموو جێیەکی داگرتبوو.

سەرەنجام دەرگای ژوورەکە کرایەوەو کۆنت ڕووزەن هاتە ژووری. ڕەفتارو بزووتنەوەی تەواو ڕەسمی بوو.

-خاوەنشکۆ ئیمپەڕاتۆر!

-چی؟

هەستم کرد قسەکەیم باش گوێ لێنەبووەو پرسیم:

-کێ؟

-خاوەنشکۆ ئیمپەڕاتۆر دەگەڵ پیاوێکی دیکە دەیانەوێ دەگەڵ پایەبەرز قسە بکەن.

بەحاڵەتێکی شێواو گوتم:

-بەڵام ئیمپەڕاتۆر هێشتا لە بەرەی شەڕە.

-خاوەنشکۆ ئێستا گەیشتە جێ.

لاوە سوێدییەکە ئەوەندە هەژابوو ڕەنگی بە ڕوانەوە نەمابوو.

هەوڵم دا خۆم کۆنترۆڵ بکەمو لەدڵی خۆمدا گوتم نابێ ڕێگا بدەم ترس بەلامدا بێ. نابێ خۆم تووشی بارودۆخێکی وا بکەم. جگەلەوە، ئەمن ئیدی نامەوێ بیبینم. نە ئێستاو نە هیچکاتێکی دیکە.

-بە خاوەنشکۆ بڵێ کە ئەمن لەنێو نوێندامو خەوتووم.

-ئەمن ئەوەم گوت بەڵام خاوەنشکۆ مکوڕە لەسەر ئەوەی هەر ئێستا قسە دەگەڵ پایەبەرز بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە جێی خۆم نەبزووتم. دەتوانی چبە ئیمپەڕاتۆرێک بڵێی کە لەشکرییەکانی خۆی لەنێو بەفری ڕووسیەدا بەجێهێشتوە. نا! ئەو سوپاکەی بەجێ نەهێشتوە چونکە ئیدی سوپایەک لەئارادا نیە.. ئەو سوپاکەی لەدەست داوە...و ئێستاش ڕاستەڕێ هاتوە من ببینێ...

بەسپایی لەجێی خۆم هەستام. ئەو قژانەم کە هاتبوونە سەر نێوچاوانم هەڵدانەوە. سەرنجم دا کە باڵتۆخەوە مەخمەرەکەمم دەبەردایەو شنێلە کەوڵە سەگلاوکەکەشم لەسەریەوە دەبەر کردوەو بێگومان بیچمێکی پێکەنینبزوێنم پەیدا کردبوو. بەپێچەوانەی ویستی خۆم بەرەو دەرگا چووم. ئەو بێگومان دەبێ زانیبیەتی کە ژان باتیست دەگەڵ تزار یەکی گرتوەو فێری کردوە چۆن پارێزگاری لە ڕووسیە بکا. بەڵێ ئەو حەتمەن دەزانێ کە ئامۆژگارییەکانی ژان باتیست بەکار براون.

–دەترسم کۆنت ڕووزەن!

–سوێدییە لاوەکە ورەی وەبەر نامو گوتی:

–پێم وانیە ترسی پایەبەرز لەجێی خۆیدا بێ.

سالۆنی گەورە نوقمی ڕووناکی بوو. ماری هەموو مۆمدانەکانی هەڵکردبوونو تەنانەت مۆمی خستبوونە سەر مۆمدانە پایەبڵندەکانیش. ئاگری کوورەخانەکەش داییسا. لەسەر مۆبلەکەی بن وێنەکە، ژەنراڵ کالینکووری میرئاخوڕو یەکێک لە هەشت ئاجودانەکەی کونسوولی یەکەم دانیشتبوون. ئەو باڵتۆیەکی کەوڵەبەرخی دەبەردابوو،و کڵاوێکی خورییشی لەسەر نابوو کە هەتا سەر گوێچکانی هێنابوویە خوار. چاوی لێکنابوونو وای نیشان دەدا کە خەوتوە.

ئیمپەڕاتۆر لە پەنا ئاگر وێستابوو، ئەنیشکی خستبووە سەر جێسۆبەکە. شانی خوار ببوونەوەو وا دەهاتە بەرچاو کە زۆر ماندوویەو بۆ ڕاوەستان ناچارە پاڵ بە شتێکەوە بدا. کڵاوێکی ڕەنگخۆڵەمێشیی لە کەوڵەبەرخی ئێرانیی لەسەر بوو. ئەم ڕوخسارە بۆمن بەتەواوی بێگانەی دەنواندو هیچ وەک ناپلیۆن نەدەچوو. هیچکامیان پێیان نەزانی کە ئەمن چوومە ژوور.

لەحاڵێکدا بەئارامی بەرەو ئیمپەڕاتۆر دەڕۆیشتم، بەسپایی گوتم:

–قوربان!

کالینکوور چاوی هەڵێنانو دەسبەجێ کڵاوە خورییەکەی لەسەر سەری لابردو خەبەردار وێستا. ئیمپەڕاتۆر بەئارامی سەری هەڵبڕی. لەبیرم چوو ئیکلام بکێشمو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەترساوی تێیەوە ڕامام. بۆ یەکەمجار لەژیانمدا ڕیشی ناپلیۆنم بە نەتاشراوی لەبەرچاو بوو.

مووی دەموچاوی مەیلەوسوور بوونو گۆنا زەقو تورتەکانی داکەوتبوونو شین دیار بوون. دەمی هێڵێکی باریکو چەنەگەی ڕەقو دەرپەڕیو بوو. چاوی دەلای من بوو بەڵام دەتگوت نامبینێ.

–کۆنت ڕووزەن! لەبیریان چووە چاکەتو باڵتۆ لە خاوەنشکۆ وەربگرن.

–سەرمامەو دەمەوێ بە باڵتۆوە دانیشم.

ناپلیۆن ئەمەی گوتو بە جووڵانێک کە ماندوویی شەپۆلی تێدا دەدا دەستی بۆ کڵاوەکەی بردو لە سەری هەڵگرت. ڕووزەن باڵتۆی ژەنڕاڵ کالینکووری بردە دەرێ.

–تکایە زوو بگەڕێوە کۆنت. ماری برەندیو پەرداخان بێنە.

ماری ئەو شەوە نەخشی نەدیمەیەکی وەئەستۆ گرتبوو. لەم سەعاتەی شەودا، ئەمن نەمدەتوانی بەتەنیا ئەو پیاوانە ببینم، تەنانەت ئیمپەڕاتۆری فەڕانسەش،و لەوانەیە ئەمە دەربارەی ئەو لە هەمووان پتر لەبەرچاو گیرابایە. کۆنت ڕووزەن دەبوو ئەو شەوە ئاگای لە وتوویژەکانی ئێمە بووایە.

–تکا دەکەم دانیشە قوربان.

بەدوای ئەم قسەیەدا بۆخۆم لەسەر مۆبڵ دانیشتم. بەڵام ئیمپەڕاتۆر جووڵەی نەکرد. کالینکووریش هەروا لە نێوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستابوو نەیدەزانی چبکا. کۆنت ڕووزەن هاتەوەو مارییش برەندیو پەرداخەکانی هێنان.

–قوربان! پەرداخێک برەندی!

بەڵام دەتگوت ئیمپەڕاتۆر گوێی لە دەنگی من نیە. چاوێکی پڕپرسیارم لە کالینکوور کردو ئەو وەڵامی دایەوە:

–ئێمە سێزدە شەووڕۆژ بێڕاوەستان بەڕێگادا هاتووین، سێزدە ڕۆژو سێزدە شەو. هیچکەس لە تویلری خەبەری لە خاوەنشکۆ نیە. ئەو دەیەویست پێش هەموو کەس تۆ ببینێو قسەت دەگەڵ بکا.

نەدەچووە ئەقڵەوە. ئیمپەڕاتۆرو سێزدە شەووڕۆژ سەفەری بێڕاوەستان. ئەویش بۆئەوەی بێ لەبەر سۆبەی ساڵۆنەکەی من دانیشێو کەسیش لە پاریس لەو هاتنەوەیە ئاگادار نەبێ... پەرداخێکی پڕ لە برەندیم بۆ ڕاداشتو گوتم:

–قوربان ئەمە بخۆیەوە گەرمت دێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم ڕستەیەم بە دەنگێکی زۆر بەرز گوت. بۆیە ئەو سەری هەڵبڕیو تەماشای منو ئەو باڵتۆخەوە کۆنەو ئەو شنێلە کەوڵە سەگلاوکەی کرد کە بۆخۆی بەدیاری بۆی ناردبووم. پاشان پەرداخەکەی یەکبین هەڵقووڕاندو پرسی:

–ئەرێ خانمە سوێدیەکان شنێلی کەوڵەسەگلاوک لەسەر باڵتۆی خەوتنەوە دەبەر دەکەن؟

–دیارە نا قوربان! بەڵام ئەمن سەرمام بوو. ئەمن خەفەتبارمو هەرکاتێک خەفەتبار بم هەست بە سەرما دەکەم. جگەلەوەش پێم وایە کۆنت ڕووزەن عەرزی کردبێ کە ئەمن ئامادەی خەوتن بووم.

–کێ؟

–ئاجودانی من کۆنت ڕووزەن. تکایە وەرە نزیکتر کۆنت؛ دەبێ تۆ بە خاوەنشکۆ بناسێنم.

کۆنت ڕووزەن پاژنەی لێکدانو ئیمپەڕاتۆر پەرداخەکەی هەڵێنا.

–پەرداخێکی دیکەم برەندی بدەیە. دڵنیام کە کالینکووریش پێیخۆشە. چونکە لە سەفەرێکی دوورودرێژ هاتووینەوە.

ئەو پەرداخی دووەمیشی هەر یەکبین چۆڕبڕ کرد.

لە دیتنی من لێرە سەرت سوڕما خانمی شازادە؟

–دیارە قوربان!

–دیارە؟ بەڵام ئێمە دۆستی کۆنین خانمی شازادە. ئەوەندەی لەبیرمە زۆر لەمێژە. بۆ دەبێ سەرت سوڕ بمێنێ؟

–درەنگوەختە قوربان! جگەلەوەش، بۆ یەکەمجار جەنابت بە ڕیشی نەتاشراوەوە دەبینم.

ناپلیۆن دەستێکی بە چەنەگەی زبری خۆیدا هێناو سێبەرێک لە پێکەنینەکانی ڕۆژانی لاویو پێکەنینەکانی ڕۆژگاری ژیان لە مارسەی لەسەر ڕوخساری نەخشا.

من ببوورە خانمی شازادە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەتەواوی ڕیشتاشینم لەبیر چووبۆوە. دەمەویست چی زووترە بگەمەوە پاریس.

ئیدی شوێنەوارێک لەو بزەیە نەبوو.

–بەیاننامەی من چشوێنەوارێکی هەبوو؟

–خاوەنشکۆ حەز بە دانیشتن ناکا؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–سوپاس. ئەمن پێم باشترە لەپەنا ئاگرەکە ڕاوەستم. بەڵام ئەتۆ ئاسوودە بە خانم و ئێوەش بەڕێزان تکایە دانیشن.

ئەمن دووبارە لەسەر مۆبڵ دانیشتمو داوام لە کۆنت ڕووزەنو مارییش کرد دانیشن. ناپلیۆن کە هەستی کردبوو ئەمن لە جێگەو پێگەی ژەنڕاڵ کالینکوور بێخەبەرم، بۆی باس کردم کە:

–ژەنڕاڵ کالینکوور زۆر لەمێژە دووکی وێنستەرە.

کالینکوور کە دیتی ئەمن دەمەوێ داوای بووردنی لێبکەم، دەستی خۆی ڕاوەشاند تا بەم هۆیەوە پێش بەوکارەی من بگرێ. ئەو دوایە سەرلەنوێ چۆوە نێو کورسی‌یەکەی خۆی‌و چاوی لێکنان.

–قوربان دەتوانم بپرسم کە...

–نا خانم. ئەتۆ هیچوەخت ناتوانی لەمن بپرسی. ئەتۆ ناتوانی هیچ داخوازێکت لەمن هەبێ خانمی ژان باتیست بێرنادۆت.

ناپلیۆن کە وەک هەورەتریشقە دەیگرماند ئاوڕی دایەوە سەر منو ڕووزەن لەو ڕەفتارەی ڕاچەنی. جارێکی دیکە بەنەرمی گوتم:

–دەمەویست بزانم چ شتێک بۆتە هۆی ئەوەی شانازیی ئەم سەردانە چاوەڕواننەکراوەم هەبێ قوربان!

–سەردانی من مایەی شانازیی تۆ نیە بەڵکوو شەرمەزاری‌یە. ئەگەر ئەتۆ لە تەواوی تەمەنتدا بوونەوەرێکی وەک منداڵو بێمێشک نەبووایەی هۆی ئەم سەردانەت دەزانی خانمی ژان باتیست بێرنادۆت!

–دانیشە کۆنت ڕووزەن. خاوەنشکۆ لەڕادە بەدەر ماندوویەو ئەم توندە تەبیاتی‌یەشی هەرهی ئەو شەکەتی‌یەیە.

ویستم بەم هۆیەوە سوێدی‌یە لاوەکە هەستابووە سەرو دەستی لەسەر دەسکی شمشێرەکەی دانابوو، ئارام بکەمەوە. بێگومان ئەمە دواترین چەکی ئەو قارەمانە لەخۆبووردووە بوو.

ناپلیۆن گوێی نەدایە ئەم ڕووداوە. نزیکتر کەوتەوەو تەماشای ئەو وێنەیەی کرد کە لە ژوور سەری منەوە بوو، وێنەیەکی کۆنسوولی یەکەمو ناپلیۆنی لاو، بە ڕوخسارێکی ڕەقەڵە، جووتە چاوێکی بریسکاوەو قژەسەرێکی درێژەوە کە ڕژابوونە سەر شانانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاوێک دواتر دیسان دەستی کردەوە بە قسە. وا دیار بوو پتر لەوەی ڕووی قسەی دەمن بێ دەگەڵ وێنەکە قسان دەکا.

—دەزانی خانم! دەزانی ئەمن لە کوێڕا دێم؟ ئەمن لەو دەشتە کاکیبەکاکییانەڕا دێم کە سەربازەکانمیان تێدا نێژراون، جێیەک کە سوارەنیزامی مۆرا گێژو سەرسام لەنێو بەفردا خلۆر دەبنەوەو قازاخەکان ئەسپەکانیان دەکوژن. پیاوەکانم چاویان بە سپیایی بەفر کوێر بووەو لەبەر ئێشو ئازار هاواریان گوێی ئاسمان کەڕ دەکا. ئەتۆ دەزانی ئەم ئازارە چەندە سامناکە خانم؟ ئازاری کوێربوون بەبەفر؟ ئەمن لە قەراغ پردێکەوە دێم کە لەژێر پێی نارنجۆکهاوێژانی داقووتدا تێک قرما. لەتکە سەهۆڵەکان کەللە سەریانی تێکشاندو سەهۆڵاو بە خوێنی سەربازەکانم سوور هەڵگەڕا، جێیەک کە لەوێ، پیاوان شەوانە لەبن لەشی بێگیانی دۆستانی خۆیاندا دەخەون بۆئەوەی لە وەزەندیی سەرما لە ئەماندا بن... بەڵی ئەمن...

ماری لەحاڵێکدا قسەی بە ناپلیۆن بڕیبوو،و خۆی هاویشتبووە سەر لاقەکانی دەیگوت:

—ئەمن ئەم ملپێچەی چۆن بۆ بنێرم؟ ئەمن ملپێچێکی گەرمم بۆ پیەر چنیوە. ئەو دەتوانێ بەسەر گوێی خۆیدا بدا، بەڵام نازانم بینێرمە کوێ. ئەتۆ... ئەتۆ خاوەنشکۆ تەتەرت هەیە، کۆمەگ بە دایکێک بکە خاوەنشکۆ. ئەوی بۆ بنێرە...

ناپلیۆن خۆی لەبن دەستی هێنایە دەر. لە ڕقان حاڵەتی ڕوخساری گۆڕابوو.

—ئەمن ژمارەی هەنگەکەیم نووسیوە. دۆزینەوەی هێندە دژوار نیە... ئەم ملپێچە. ئەم ملپێچە گەرمە...

—ژنەکە ئەتۆ شێت بووی؟

ناپلیۆن لە ڕقان کەفی دەپرژاند.

—داوام لێدەکا ملپێچێک بنێرمە ڕووسیە. ملپێچێک...

دەستی کرد بە پێکەنین. پێکەنیو پێکەنی، لە پێکەنینان هەموو لەشی هەڵدەبەزیو خەریک بوو بخنکێ. ئیدی پێکەنینەکەی ببووە جۆرێک ناڵین.

—ملپێچێک...ملپێچێک بۆ سەدهەزار مردوو. بۆ نارنجۆکهاوێژانی ڕەقهەڵاتووی من، ملپێچێکی گەرمی ڕەنگخۆڵەمێشی بۆ سوپای گەورەی من...

لە پێکەنینان چاوی ناپلیۆن پڕ ببوون لە فرمێسک. ماریم بردە لای دەرگاو گوتم:

—بڕۆ ئازیزم، بڕۆ سەر جێی خۆتو بخەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناپلیۆن بە بێدەنگی لە نێوەڕاستی ژوورەکە ڕاوەستابوو. دوایە بە هەنگاوی وشکو پتەو بەرەو نزیکترین کورسی ڕۆیشتو خۆی بەسەردا دا.

–لێم ببوورە خانم، زۆرماندووم...

چەند دەقیقە تێپەڕینو هەموومان چاوەڕێ بووین. پێم وابوو گەیشتووینە کۆتایی بەسەرهات. لە یەک ساتدا بیرم سەرتاسەری وشکانیی بڕیو لە دەروویەک تێپەڕیو لە کۆشکی پادشایەتیی سوێد گەیشتە ژان باتیست. بەڵام دەنگێک بێدەنگیی شکاندو هەودای بیرەکەمی پساند.

–ئەمن هاتووم نامەیەک بەتۆ دیکتە بکەم، نامەیەک بۆ مارشاڵ بێرنادۆت، خانم!

–تکایە ئەمکارە بە یەکێک لە کاتبەکانی خۆت بسپێرە خاوەنشکۆ.

–ئەمن دەمەوێ ئەو نامەیە ئەتۆ بینووسی خانم! نامەیەکی تەواو تایبەتیو زۆریش درێژ نا. بە وەلیعادی پادشای سوێد ڕابگەیەنە کە ئێمە گەیشتووینەوە پاریس تا خۆمان بۆ شەڕی یەکجاری دەگەڵ دوژمنانی فەڕانسە ئامادە بکەین.

ئیمپەڕاتۆر جارێکی دیکە هەستاو لەنێو ژوورەکەدا دەستی بە پیاسە کرد. چاوی لە تەختی ژوورەکەوە بڕیبوو دەتگوت نەخشەی ئورووپا لەسەر زەوی ڕاخراوەو ئەو بە چەکمەی قوڕاوییەوە پێی لەسەر دادەنێ.

–دەمانەوێ ژەنڕاڵ بیرنادۆتی لاو وەبیر وەلیعادی پادشای سوێد بێنینەوە، کەسێک کە بەهاری١٧٩٧ بە هێزەکانیەوە بەهاواری ژەنڕاڵ بوناپارتەوە چوو. تێپەڕینی لە ئاڵپ؛ تێپەڕینی خێرای وی بووە هۆی سەرکەوتنی ئێمە لە شەڕی ئیتالیادا. ئەتۆ ئەمانەت لەبیرە خانم!

سەرم ڕاوەشاند. ئیمپەڕاتۆر ڕووی کردە کالینکوورو گوتی:

–شێوەی تێپەڕینی بێرنادۆت لە بەرزاییەکانی ئاڵپ لە هەموو قوتابخانە سەربازییەکاندا بە دەرس دەخوێندرێ. کارێکی نائاسایی بوو. ئەو چەند هەنگی لەشکری ڕاینی، ئەو لەشکرەی لەژێر فەرماندەریی مۆرۆدا بوو هێنانە کۆمەگی من.

قسەکەی پچڕی. بڕەدارێکی نێو ئاورەکە بە دەنگێکی زۆرەوە تێکشکاو کەوت. مۆرۆ دوور خرابۆوەو ژان باتیستیش وەلیعادی شای سوێد...

–پێش هەموو شتێک ئەو هێزە کۆمەگییانەی وەبیر بێنەوە کە بۆ یارمەتیدانی من هێنانیە ئیتالیا. پاشان ئەو شەڕانە کە لەواندا بەرگریی لە کۆمار کردو سەرەنجام ئەم سروودە؛ هەنگەکانی سامبرو مووز بەرەوپێش دەچن...بەرەوپێش دەچن بۆ گەیشتن بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرزاییەکانی ئازادیو شانازی... بۆی بنووسە کە چاردە ڕۆژ لەمەوبەر ئەم سروودەم لەنێو بەفرەکانی ڕووسیەدا گوێ لێبوو؛ دوو نارنجۆکهاوێژ کە برستی بەرەوپێشچوونیان لەبەر بڕابوو کاتێک دەبەفر دەچەقین دەیانخوێندەوەو ئەو وەختەش چاوەڕێی هاتنی گورگە برسییەکان بوون. ئەوان بێگومان لە هاوسەنگەرانی لەمێژینەی هاوسەرەکەت لە لەشکری ڕایندا بوون. ئەمەت لەبیر نەچێ خانم.

نینۆکی قامکەکانم بە لەپی دەستمدا چووبوونە خوار.

—مارشاڵ بێرنادۆت ئامۆژگاریی تزاری کردبوو کە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی بەردەوام لەکاتی پاشەکشەدا من بگرنو زیندانیم بکەن... بۆ هاوسەرەکەت بنووسە کە هێندەی نەمابوو ئەم نەخشەیە جێبەجێ ببێ... بەڵام ئێستا لە ساڵۆنەکەی ماڵی تۆ لە پاریسم خانم! ئەمن بۆخۆم ئاشتیی بەردەوام لە ئورووپا دابین دەکەمو بۆ بەچۆکداهێنانی دوژمنانی فەڕانسە کە دوژمنی ئاشتییشن پێشنیاری یەکیەتی بەسوێد دەدەم. تێدەگەی خانم.

—بەڵێ قوربان. جەنابت پێشنیاری یەکیەتی دەدەیە سوێد.

—بە زمانی سادەتر ئەمن دەمەوێ دیسان بێرنادۆت دەگەڵ منو لە تەنیشت من بێ. ئەمە بۆ هاوسەرەکەت بنووسە خانم.

سوێد بۆ تەیارکردنی سوپاکەی مانگی میلیۆنێک فڕانک لە فەرانسە وەردەگرێو هەروەها شتوومەک بەبایی شەش ملیۆن فڕانک دەدرێتە سوێد.

چاوی بڕیبووە ڕوخساری کۆنت ڕووزەنی لاو.

—پاش تەواوبوونی شەڕیش سوێد فێنلاندێ وەردەگرێتەوەو دیارە پوومرانییش. بۆ بێرنادۆت بنووسە کە فێنلاند، پوومرانیو ئەڵمانی شیمالی لە دانزیکەوە تا مەکلینبوورگ دەدرێتە سوێد.

—کۆنت ڕووزەن، تکایە کاغەز بێنەو هەرچی دەیڵێم بینووسە. چونکە دوای جێگیربوونی ئاشتی، ئەو سەرزەمینانەی دەدرێنە سوێد ئەوەندە زۆر دەبن کە نە ئەمنو نە ئەتۆ لەبیرمان نامێنن.

کالینکوور ڕوونی کردەوە:

—پێویست نیە. ئەمن ئەو یادداشتەم پێیە کە ئەمڕۆ بەیانی خاوەنشکۆ دیکتەی کردوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو پاشان دەستی بە پشکنینی گیرفانەکانی کردو کاغەزێکی دا بە ڕووزەن کە بابەتگەلێکی بە خەتێکی وردو تێکەڵپێکەڵ لەسەر نووسرابوو.

پیاوە گەنجەکە بەپەلە تەماشایەکی کاغەزەکەی کردو بە دوودڵیو گومانەوە لەبن لێوانەوە گوتی:

–فینلاند!

–ئێمە جارێکی دیکە سوێد دەکەینە دەسەڵاتێکی گەورە.

ناپلیۆن بزەیەکی بۆ ڕووزەن کرد؛ یەک لەو بزە بەردەنگلاوێنەوانەی ڕۆژگاری پێشوو.

–ئەم مەسەلەیە بۆ تۆ وەک سوێدییەک خۆش دەبێ پیاوی گەنج! لە ئارشیڤەکانی کرملین ئەمن بەڵگەگەلێکم بینی کە لەواندا چۆنیەتیی شەڕی ڕووسیە دەگەڵ پادشای قارەمانو ئازای ئێوە شارڵشای دوازدەیەم تۆمار کرابوو. ئەمن بیستبووم کە لەسوێد بەڕێزەوە یادی ئەو دەکەنەوەو دەمەویست هێندێ شت لە باسی شەڕەکانی ئەو پادشا گەورەیە دەگەڵ ڕووسیە فێر بم.

کۆنت ڕووزەن گەیشتبووە ئەوپەڕی چێژو ناپلیۆن درێژەی پێدا:

–بەڵام بەداخەوە تێگەیشتم کە میللەتی سوێد لەئاکامی شەڕەکانی ئەم پادشایەدا بەسەختی لەپێ کەوتوەو ماڵیاتی زۆر خەڵکەکەی تووشی هەژاریو دەستتەنگی کردوە.

بزەیەک دیکە کەوتە سەر لێوی ناپلیۆنو لەسەری ڕۆیشت:

–پیاوی گەنج! پێم وایە لە ئارشیڤەکانی ستۆکهۆلمیشدا بتوانرێ بابەتگەلێک لەبارەی ڕووداوەکانی سەردەمی شارڵی دوازدەیەمو هەروەها شەڕ دەگەڵ ڕووسیەوە بەدەست بهێنرێو بێگومان کەسێک ئەم دوایییانە بەهرەی پێویستی لەو ئارشیڤە وەرگرتوە. ئەتۆ.. ئەتۆ پێت وایە کێیە؟... کارل یووهان یان دۆستی لەمێژینەی من بێرنادۆت...

ئەمجار ناپلیۆن شانی هەڵتەکاندو هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو دوایە ئاوڕی دایەوە سەر من.

–خانم ئەتۆ سبەینێ ئەو نامەیە بۆ بێرنادۆت دەنووسی. دەبێ تەکلیفی منو ئەو ڕوون بێتەوەو بزانم چبڕیارێکی داوە.

کەوایە هۆی هاتنی بۆ سەردانی من ئەمە بوو.

–خاوەنشکۆ! نەتفەرموو ئەگەر سوێد ئەم یەکیەتییە قبووڵ نەکا چدەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو بێئەوەی وەڵام بداتەوە سەرلەنوێ دە وێنەکەی سەردەمی لاوەتیی خۆیەوە ڕاما:

-چەند وێنەی چاکە. بەڕاستی ئەمن ئاوا بووم؟ ئەوەندە کز؟

-کاتی ئامادەکردنی ئەم تابلۆیە دەستت بە قەڵەوبوون کردبوو. بەڵام پێش ئەوە، بۆ وێنە ئەوکاتەی لە مارسەی بووی دەتگوت لە زەمانی قاتییە ماویەوە.

-پێشتر... لە مارسەی؟

چاوێکی پڕ لە سەرسامیی لەمن کرد.

-ئەتۆ... ئەتۆ لەکوێ دەزانی خانم؟

-بەڵێ ئەتۆ کز بووی بەڵام دوایە...

دەستی لەسەر نێوچاوانی داناو پاش تاوێک گوتی:

-بۆ چاوتروکانێک هەموو شتێکم لەبیر چووبۆوە. بەڵێ ئێمە لەمێژساڵە یەکتر دەناسین خانم.

ئەمن هەستاو ناپلیۆن لەبن لێوانەوە گوتی:

-ئەمن ماندووم. زۆر ماندوو. دەمەویست قسە دەگەڵ وەلیعادی شای سوێد بکەم بەڵام تۆم لێرە دیتەوە ئووژنی...

-بچۆوە تویلری قوربان. هیوادارم بتوانی باش بحەسێیەوە.

-ناتوانم خانمی خۆشەویست! قازاخەکان دێنە پێشو بێرنادۆت یەکیەتیی نێوان ڕووسیەو سوێدو ئینگلیستان بەهێز دەکا. باڵیۆزی ئوتریش لە ستۆکهۆڵم زۆربەی کاتەکان نان دەگەڵ بێرنادۆت دەخوا. دەزانی مانای ئەمانە چیە؟

ئەو جارێکی دیکە منی بە ئووژنی بانگ دەکرد. دەتگوت لەبیری چۆتەوە کە ئەمن مێردم بە بێرنادۆت کردوە.

-ئەدی بەرهەمی ئەم نامەیە چیە قوربان؟

-بۆ ئەوەیە کە ئەگەر بێرنادۆت نەبێتە هاوڕێم سوێدێ لە نەخشە دەسڕمەوە.

جارێکی دیکە دەنگی هاواری بەرز بۆوە. لەنەکاو ئاوڕی دایەوەو ساغ بۆوە بڕوا.

-ئەتۆ بۆخۆت وەڵامی هاوسەرەکەتم بۆ دێنیەوە خانم! ئەگەر ئەو داخوازەکەم قبووڵ نەکا، ئەودەم بۆ هەتاهەتایە خواحافیزی دەکەینو ئیدی ناتوانم تۆ لە دەربار وەربگرم.

لەحاڵێکدا بۆ ئیکلامکێشان دەچەمامەوە گوتم:

-ئەمن بۆخۆشم هەرگیز نایەمە وێ قوربان!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنت ڕووزەن هەتا بەر دەرگا دەگەڵ ئیمپەڕاتۆرو کالینکوور چوو. یادداشتی دەستنووسی کالینکوور لەسەر مێزی پێش مۆبڵەکە کەوتبوو. فێنلاند! بە نیشانەیەکی بانگکردنو سەرسوڕمانەوەو پوومرانی. ئەڵمانی شیمالی لە دانزیکەوە تا مەکلینبوورگ. ئەو جاران میداڵو پلەی دەدا بە مارشاڵەکانیو ئێستا هەوڵی کڕینیان دەدا. بەئارامی لە مۆمدانێکەوە دەچوومە لای مۆمدانێکی دیکە تا بیانکوژێنمەوە.

ڕووزەن هاتەوەو پرسی:

–پایەبەرز سبەینێ نامە بۆ شازادەی جێنشین دەنووسێ؟

–بەڵێ کۆنتو ئەتۆش لە نووسینیدا کۆمەگم دەکەی.

– پایەبەرز پێی وایە وەلیعاد وەڵامی نامەی ئیمپەڕاتۆر بداتەوە؟

–بە دڵنیاییو ئەمە دوانامەی هاوسەرم بۆ ئیمپەڕاتۆر دەبێ.

ئاگری سۆبەکە خەریک بوو بکوژێتەوەو خۆڵەمێشێکی زۆری لێ بەجێ مابوو.

–حەز ناکەم پایەبەرز لەمحاڵەدا بەتەنیا جێ بهێڵم.

–سوپاست دەکەم کۆنت. بەڵام بەهەرحاڵ ئەمن تەنیام. زۆر زۆر تەنیاو ئەتۆ زۆر لەوە گەنجتری کە بتوانی دەردی من تێبگەی. هەرچۆنی بێ ئەمن دەچمە لای ماری تا کەمێک ئارام بمەوە.

تەواوی ئەو شەوەم لەپەنا جێخەوی ماری بردە سەر. قەولم پێ دا کە نامەیەک بۆ مۆراو مارشاڵ "نێ" دەنووسمو دیارە نامەیەکیش بۆ سەرهەنگ ویلات کە چەند حەوتوو بوو لێی بێخەبەر بووم. بەڵێنم پێ دا کە بەهارێ دەگەڵی دەچمە ڕووسیەو لە دەشتەکانی ڕووسیە بەدوای پییەردا دەگەڕێینو زۆر بەڵێنی دیکەش. ماری لەتاوان وەک منداڵانی لێهاتبوو، و باوەڕی دەکرد کە ئەمن کۆمەگێکم بۆ وی لەدەست دێ.

ئەمڕۆ ژمارەی تایبەتیی مۆنیتۆر خەبەری دا کە خاوەنشکۆ بێخەبەردانو بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ڕووسیە گەڕاوەتەوەو دیارە لەوپەڕی ساغیو سەلامەتییشدا.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤١

## پاریس، کۆتایی ژانویەی ١٨١٣

سەرەنجام کەسێک بە چەند نامەوە لە سویدڕا گەیشتێ.

نامەی ئۆسکار بە "دایکی خۆشەویستم" دەستی پێدەکرد، دەستنووسەکەی ڕێکوپێکو خەتەکەی جوان بوو. شەش مانگی دیکە ئەو دەبێتە چاردەساڵ. هێندێ جار لەبەر تەنیایی دڵم دەخوازێ هاوار بکەم. دەکەومەوە یادی ملی باریکو قوڵە گۆشتنەکانی... بەڵام بیرەوەرییەکانم پێوەندییان بە ڕابردووی دوورەوە هەیە. ئەمڕۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێگومان ئۆسکار مێرمنداڵێکی کزو کەڵەگەتە کە یۆنیفۆڕمی سەربازیی سوێدی دەبەردایەو لەوانەشە جاروبار ناچار بێ ڕیشی بتاشێ. بەڵام ئەمن ناتوانم بیهێنمە بەرچاوی خۆم.

دایکی خۆشەویستم!

شەشی ژانویە لە تێئاتری گۆستاڤی سێیەم شانۆیەکی دڵگرم بینی. ئەکتەرێکی بەناوبانگی فەڕانسەیی بەناوی کیژۆڵە ژێرووژ یاریکەری سەرەکیی ئەم شانۆیە بوو. ئەو پێشتر گۆیا لە تێئاتری فڕانسیز پاریس یاریی کردوە. ئەو نەخشی ماری تودۆری لەئەستۆ بوو. ئەمن دەگەڵ شاژن، شازادە خانم سووفیا ئالبێرتیناو باوکم لە لۆژێکدا دانیشتبووین. چونکە شانۆکە زۆر خەمبزوێن بوو خانمەکان زۆر گریان بەڵام ئەمن لە تێئاتر نەگریام، ڕاست وەک باوکم. دوای شانۆکە باوکم کیژۆڵە ژێرووژی بۆ شێو بانگهێشتن کرد. بەڵام شاژن هێندە لەوکارە ڕازی نەبوو چونکە باوکمو ئەکتەرەکە بەردەوام باسی پاریسیان دەکرد. هەربۆیەش شاژن جاروبار قسەکانی وانی بە گوتنی "کوڕە خۆشەویستەکەمان کارڵ یووهان" دەپچڕی. ئەم قسەیەی شاژن دەبووە هۆی پێکەنینی کیژۆڵە ژێرووژ. ئەو سەرەنجام دەستێکی بەسەر نیشانی لێژیۆن دۆنۆردا کە باوکم دەملی کردبوو هێناو گوتی:

–ژەنڕاڵ بێرنادۆت هیچ بە بیرمدا نەدەهات تۆ لەستۆکهۆڵم ببینم، ئەویش وەک کوڕی شاژنی سوێد. بۆمن جێی باوەڕ نیە ژەنراڵ. ئەم قسەیەی بەتوندی شاژنی تووڕە کردو داوای لەمن کرد بچم بنوومو بۆخۆشی دەگەڵ ژنەکانی دیکە ئەویی بەجێ هێشت. خانمی ئەکتەریش دەگەڵ باوکمو کۆنت **بەراهە** خەریک قاوەخواردنەوە بوو ماریانا کوسکوولی نەدیمەش زۆر نارەحەت بوو،و لەبەر ئێرەیی زۆر بە بیانوونی ئەوەی سەرمای بووە حەوتوویەکی تەواو لە جێگای نەهاتە دەر. باوکم ڕۆژێ شازدە سەعات کار دەکاو زۆر نەخۆش دێتە بەرچاو. ئەو شەوە تیئاترو میوانداریی شێو یەکەمین سەرگەرمیو حەسانەوەی دوای چەندین حەوتوو بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێکەنیمو کەمێکیش گریام. پێمخۆش بوو ئەمنیش وەک ماریانا کوسکوول بە بیانووی سەرمابوونەوە حەوتوویەک لەجێیدا ئیسراحەت بکەم. کیژۆڵە ژێرووژ لە ستۆکهۆڵم... دەساڵ لەمەوبەر ژووزفین تووڕە بوو چونکە هەستی دەکرد کونسوولی یەکەم کەینوبەینێکی دەگەڵ ئەو ئەکتەرە هەیەو بە ژێرژینای بانگ دەکا. بەڵام کاتێک بووە ئیمپەراتۆر، کیژۆڵە ژێرووژی بەجێهێشت چونکە ئەو زۆر پێدەکەنی. کوڕی خۆشەویستمان کارل یووهان... هیوادارم لە سوێدو لەلای شاژنیش زۆر پێکەنیبێ.

ئۆسکار ئەم نامەیەی لە تەنیایی‌داو دوور لەچاوی ڕاهێنەرەکانی نووسیبوو، و بە چەندجار نوشتاندنەوە زۆری چووک کردبۆوە. ئەو نامەکەی ئاوا ئیمزا کردبوو؛ ئۆسکاری خۆت.

دووەمین نامەی کوڕەکەم زۆر جیددیو ڕەسمی بوو:

نووسەرێکی بەناوبانگی فەڕانسەیی کە لەسەر نووسینی دژ بە ئیمپەراتۆر لەلایەن ئەوەوە دوور خراوەتەوە هاتۆتە ئێرەو زۆر وەختان دێتە سەردانی باوکم. ئەو خاتوو ئێستالەو باوکم بە ڕزگاریدەری ئورووپا ناو دەبا. ئەم خانمە زۆر قەڵەوە (خەتی بەسەر ئەم وشانەدا کێشابوو، و لەجیاتی وان نووسیبووی بەخۆوەیە)و هەمیشە قسە دەکا. زۆرجار باوکم پاش ڕۆیشتنی وی تووشی ژانەسەر دەبێ. باوکم ڕۆژێ شازدە سەعات کار دەکاو خەریکی ڕێکخستنو تەیار کردنی سوپای سوێدە..

کیژۆڵە ژێرووژ، خاتوو ئیسکالو دووشێسێکی ڕووسی کە بەڕێوەیە...

ئۆسکار دووەمین نامەی خۆی بە شێوەی ڕەسمیو بەناوی؛ ئەوەی هەمیشە خۆشی دەوێ کوڕەکەتان ئۆسکار،

دووکی سوودر مانلەند ئیمزا کردبوو.

لەنێو نامەکان‌دا لە نامەی ژان باتیست دەگەڕام. ئەو بێگومان نامەی منی کە پاش دیدار لەگەڵ ناپلیۆن نووسیبووم بەدەست گەیشتبوو. بەڵام تەنیا نامەیەکی کورتو چەند دێڕیم دیتەوە:

کچەکە گیانی خۆشەویستم!

بەتوندی نوقمی کارەکانمو دواتر نامەیەکی درێژت بۆ دەنووسم. چەندی زوو بێ وەڵامی نامەی ئیمپەراتۆریش دەنووسمەوە. بەڵام بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوكارە پێویستیم بە وەخت هەیە. چونکە وەڵامی من نەکهەر بۆئەو بەڵکوو بۆ میللەتی فەڕانسەو ئەوانەش دەبێ کە لەمەودوا دێن. نازانم ئەو بۆ داوای کردوە وەڵامی نامەکە بۆتۆ بنێرم بەڵام بەهەرحاڵ هەروا دەکەم. بۆ ئەو زەحمەتە دژوارە کە قبووڵی دەکەی داوای لێبووردن لەتۆ دەکەم.

ژان باتیستی خۆت

چاوم بە پەڕێک نۆتی مۆسیقا کەوت کە لە پاکەتەکە کەوتبووە دەرێ‌و لە خوارەوەی نووسرابوو: "یەکەمین کاری ئۆسکار کە میلۆدی‌یەکی سەمای خۆولاتیی سوێدە. هەوڵ بدە لێی‌بدەی". ژان باتیست.

میلۆدی‌یەکی سادە بوو کە سەمای واڵسی وەبیر دێنامەوە. دەسبەجێ چوومە پشت پیانۆو چەندو چەندین جارم لێدا. "دەمەوێ ببمە مۆسیقازانێک. یان پادشایەک..." ئەو ئەم ڕستەیەی لە کالیسکەداو کاتێک لە هانۆڤەرەوە دەهاتینەوە پاریس گوتو ئەمن پرسیم؛ بۆچی پادشا؟

-چونکە پادشا دەتوانێ زۆر کاری باش بکا.

بەڵێ ئۆسکار. بەڵام پادشا دەگەڵ دەموساتو بڕیاری وا بەرەوڕوو دەبێ کە لەوانەیە ببنە هۆی دڵشکاویی خۆی‌و چارەڕەشیی میللەتەکەی. پادشا یان مۆسیقازان، ئۆسکار جارێکی دیکە ئەمەی دووپاتە کردەوە.

-باشترە ببیە پادشا، چونکە سادەترە.

جارێکی دیکە نووسینە بەپەلەکەی ژان باتیستم خوێندەوە. وەڵامی من نەکهەر بۆ ئەو بەڵکوو بۆ میللەتی فەڕانسەو ئەوانەش دەبێ کە لەمەودوا دێن. لەنەکاو کەوتمەوە یادی هێرفین بێتهۆڤێنو قژە ئاڵۆزەکانی... یادی ئومێدێکی لەدەستچوو... زەنگم لێداو بانگی کۆنت ڕووزەنم کرد. تەتەرەکە چەند نامەشی بۆ وی هێنابوونو لەحاڵێکدا وەژوور کەوت کە بەستەیەکی نامە بەدەستەوە بوون.

-کۆنت، خەبەری خۆشت پێن؟

-نامەکان زۆر ناڕوونو سەربەستراو نووسراون، چونکە ترسی ئەوە هەیە کە پۆلیسی نهێنی کۆنترۆڵیان بکا. بەڵام لەنێو دێڕەکاندا...

-لەنێو دێڕەکاندا؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–...بەڵێ خوێندمەوە کە هاوپەیمانان؛ ئینگلیستان، ڕووسیەو سوێد داوایان لە حەزرەتی شازادە کردوە نەخشەی شەڕ ئامادە بکا. ئوتریشیش لەڕێگای باڵیۆزەکەی لە ستۆکهۆڵم کۆنت فێن نیپێرگەوە ئاگاداری کارەکانەو بەوپەڕی ئۆگرییەوە بەدوای ئەم نەخشانەوەیە.

کەوایە خەزووری وی، ئیمپەڕاتۆر فرانسواش بەنیازە دەگەڵ ناپلیۆن بەرەوڕوو بێتەوە؟

–سەرزەمینە داگیرکراوەکانی ئەڵمانیش ئامادەی سەرهەڵدانو شەڕن. پڕووسییەکانیش هەمیشە تامەزرۆی چوونەپێش بەرەو ڕاینن.

لەخۆوەو بێئەوەی بیر لە قسەکەم بکەمەوە، گوتم:

–پڕووسییەکان هەمیشە تامەزرۆی چوونەپێش بەرەو ڕاینو... تەنانەت خەزوورەکەشی...

–کاردروستایی بۆ ئەو شەڕە کە بێگومان گەورەترین شەڕی مێژوو دەبێ لە ستۆکهۆڵم دەکرێ.

کۆنت ڕووزەن زۆر بەسپایی قسەی دەکرد بەڵام بەڕوونی دەنگی لەبەر هەژان دەلەرزی.

–ئێمە جارێکی دیکە دەبینەوە دەسەڵاتێکی گەورەو کوڕەکەشت شازادە، دووکی سوودر مانلەندی چکۆلە...

ئۆسکار یەکەمین کاری مۆسیقای خۆی بۆمن ناردوە. ئەمن چەند جارم لێداوەو ئەمشەویش بۆ ئێوەی لێدەدەم. سەمایەکی خۆوڵاتیی سوێدییە. کۆنت! بۆچی وا بەحەبەساوی سەیرم دەکەی؟ داخوا ئەوکارەی کوڕەکەم بەباوەڕی تۆ ناجوورە؟

–نا. دیارە نا پایەبەرز. بەپێچەوانە.. ئەمن تەنیا سەرم سوڕما... ئەمن نەمدەزانی کە...

–ئەتۆ نەتدەزانی کە میراتگری تاجوتەختی وڵاتەکەتان مۆسیقاش دەزانێ؟و ئەتۆ پێتخۆش بوو باسی ئەوە بکەی کە وڵاتەکەتان دووبارە دەبێتەوە دەسەڵاتێکی گەورە.

–ئەمن بیرم لە پادشایەتییەک دەکردەوە کە ڕۆژێک حەزرەتی وەلیعاد بۆ کوڕەکەی بەجێ دێڵێ. سوێد یەکێک لە گەورەترین ژەنراڵەکانی مێژووی بە وەلیعادی شا هەڵبژاردوە. زنجیرەی بێرنادۆت مەزنیی لەمێژینەی سوێد بۆ سوێد دەگێڕێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–قسەکانی تۆ وەک نووسراوەکانی کتێبی دەرسی منداڵان دەچن، کۆنت! بەخاتری مافی بێئەملاولای مرۆڤەکان کە ئێمە پێی دەڵێین ئازادی، بەرامبەریو برایەتی. ئەو لە پازدەساڵییەوە بۆ ئەو ئامانجە شەڕی کردوە. هەربۆیەشە لە دەربارە لەمێژینەو کۆنەکانی ئورووپا بەوو کەسانی وەک ئەو دەڵێن ژەنراڵی ژاکووبی. کاتێکیش ئەم دەورانە بەسەر بچێو ژان باتیست ئەم شەڕە بەقازانجی ئورووپا بە سەرکەوتنەوە تەواو بکا جارێکی دیکە هەر بەم ناوە بانگی دەکەن. کەوایە...

جونکە دیتم کۆنت ڕووزەن وەک تێمنەگا سەیرم دەکا قسەکەمم پچڕی. ئەو بێگومان هیچ لە قسەکانی من حاڵی نەدەبوو. پاش تاوێک قسەکانم ئاوا درێژە پێدان:

–مۆسیقازانێک کە هیچی لە سیاسەت نەدەزانی ڕۆژێک باسی ئامانجێکی لەدەستچووی دەکرد. ڕەنگە ئێستا ئەو ئامانجە هەرنەبێ لەسوێد بێتە دیو ئەم وڵاتە چکۆڵەی ئێوە بەڕاستی ببێتە دەسەڵاتێکی شیاوی تێفکرین. بەڵام نەک ئەو شتەی لە مێشکی تۆدایە کۆنتی خۆشەویست! لەوانەشە زۆر جیاواز لەو. دەسەڵاتێک کە پادشاکەی لەبیری شەڕو کێشەدا نەبێ بەڵکوو دەرفەتی پێویستی بۆ دانانی شێعرو نووسینی مۆسیقا هەبێ... داخوا ئەتۆ لەوە کە ئۆسکار ئۆگری مۆسیقایە خۆشحاڵ نی؟

– پایەبەرز! ئەتۆ سەرسوڕهێنترین کەسی کە تائێستا دیتوومە.

–ئەتۆ پێت وایە، چونکە یەکەمینکەس لە خەڵکی ئاساییم کە تا ئێستا دەگەڵی بەرەوڕوو بووی. ئەتۆ هەمیشە لە دەربارو کۆشکەکان بووی. بەڵام ئێستا ئاجودانی کچی هەریرفرۆشێکی. دەبێ هەوڵ بدەی خوو بەم بارودۆخەوە بگری. هەوڵ دەدەی؟

***

## ٤٢

## پاریس، فێوریە (شوبات)ی ١٨١٣

نامەکەم سەعات حەوتی شەو بەدەست گەیشت. دەسبەجێ گوتم کالیسکەکە ئامادە کرێو داوام لە کۆنت ڕووزەنیش کرد دەگەڵم بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کالیسکەچی‌یە سوێدی‌یەکەم ئێستاش وەک پێویست شارەزای پاریس نەبووەو بۆیە کاتێک گوتم دەبێ بچینە "هوتێل دیۆ" بە حەبەساوی چاوی لێدەکردم. سەرەنجام بۆم ڕوون کردەوە کە :

–هوتێل دیۆ ناوی نەخۆشخانەیەکە.

چونکە دیتیشم هەروا سەرسوڕماوە، گوتم:

–برۆ بۆلای نۆترِدام نەخۆشخانەکە بەرامبەر بە وێیە.

سەنگچنی بارانلێدراوی شەقامەکان لەژێر شۆقی چراکاندا دەدرەوشایەوە.

–ئەمن هەر ئێستا نامەیەکی سەرهەنگ ویلاتم پێگەیشت. ئەو توانیویەتی کوڕەکەی ماری بخاتە نێو ئەو بریندارانەوە کە هێنراونە هوتێل دیۆ. دەمەوێ پێیەری بەرمەوە ماڵێ.

–خەبەری سەرهەنگ ویلات چیە؟

–ئەو نەی‌توانیوە بێتەوە پاریس چونکە پێی سپێردراوە بچێتە سەرزەمینی ڕاینو ئەو سەربازانەی هەنگەکەی خڕ بکاتەوە کە نەکوژراونو ڕزگاریان بووە.

–بە بیستنی خەبەری سلامەتی‌یەکەی خۆشحالم.

–نا. زۆریش سلامەت نیە. برینی سەر شانی هەروا ماوە. ئەو هیوادارە دیسان بتوانێ بێتەوە سەردانمان.

–کەنگێ؟

–کاتێک ئەم کارەساتە تەواو بوو.

–چەند ناوێکی سەیرە. هوتێل دیۆ؟

–بەڵێ میوانخانەی خوا، بۆ نەخۆشخانە ناوێکی شیاوە. عادەتەن بریندااران دەبەنە نەخۆشخانەی سەربازی لە دەرەوەی شار. بەڵام وا دیارە چونکی ئەمجار ژمارەیەکی کەم هێنراونەتەوە پاریس، پێویستیی بە نەخۆشخانەی سەربازی نەبووە.

–بەڵام دەبێ هەزاران هەزار بریندار هەبێ. ئەدی ئەوانیان چ‌لێکردوە؟

–بۆ لەوە زیاتر ئازارم دەدەی؟ ئەتۆ چەندین جارت بیستوە کە ئەوان بوونە خۆراکی گورگانو ئێسکەکانیشیان لەنێو بەفردا نێژراون.

داوای لێبووردن دەکەم خانمی شازادە!

هەناسەیەکم هاتەوە بەرو هەستم بە شەرمەزاری کرد. نابێ دەگەڵ ئاجودانەکان توند بجووڵێیەوە چونکە ئەوان ناتوانن وەڵام بدەنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ڕزگاربووەکانیـــان لـــەپێش‌دا بـــۆ دەرمـــانی ســـەرەتایی بردۆتـــە نەخۆشـــخانەی سمۆلێنسکو ویلناو شارەکانی دیکە. دوای هێرشی قازاخەکان ئیدی نازانین چی‌یان بەسەر هاتوە، چونکە ئامرازی هاتوچوویان بۆ هێنانی هەموو بریندارەکان لەبەر دەست نـەبووە. چەندهـەزار کەسیشـیان لـە ئـەڵمانو تـەنیا کۆمـەڵێکیان هێنراونەتـە پـاریسو ویلاتـیش پی‌یەری ڕەگەڵ ئەو کۆمەڵە خستوە.

-پی‌یەر چیی بەسەر هاتوە؟

-ویلات هیچی نەنووسیوە. ئەمنیش هیچم بە ماری نەگوت. زۆرباشە. ئێرە کلیسایە. نەخۆشخانە لەلای چەپە، کالیسکەچی!

دەرگای گەورە داخرابوو. ڕووزەن سیمی زەنگەکەی کێشاو دەرگا بـە دەنگێکـی زۆرەوە کرایەوە. کابرای دەرکەوان هەر دەستێکی هەبوو، و ئەمن بـەدیتنی میداڵـەکانی سـەر سنگی تێگەیشتم کە دەبێ لە بریندارەکانی شەڕی ئیتالیا بێ.

-کەس هەقی نیە بێتە ژوور.

-ئەمە خانمی شازادە...

-هیچ‌کەس بۆی نیە بێتە ژوور.

کابرای دەرکەوان ئەمەی گوتو دەرگاکەی داخستەوە. داوام لە کۆنت کرد دووبارە لـە دەرگا بداو ئەویش دووبارە دەستی کردەوە بە دەرگاکوتـان. سەرەنجام جارێکی دیکە دەرگـا دەنگێکی لێ‌هاتو لەسەر ڕێسمە سووڕا. ئەمن ڕووزەنم خستە لایەکو خێرا گوتم:

-ئەمن هەقم هەیە بچمە ژووری نەخۆشخانە.

-مۆڵەتنامەی ڕەسمیت هەیە؟

-بەڵێ.

سەرەنجام مۆڵەتی چوونەژوورمان بەدەست هێناو خۆمان گەیاندە دالانێکی تاریک کە بە تەنیا مۆمێکی دەستی دەرکەوانەکە ڕووناک دەبوو.

-مۆڵەتنامە خانم!

-ئەمن پێم نیە. ئەمن ژن‌خوشکی ژۆزێف‌شام.

ئەو مۆمەکەی بەرز کردەوەو شۆقەکەی خستە سەر ڕوخساری من. پرسیم:

-دەبێ بزانی کە ئەمن هەرکات بمەوێ دەتوانم ئەو مۆڵەتنامەیە وەرگرم. بەڵام ئـەمن بەپەلە بوومو نەم‌توانی کات بەفیڕۆ بدەم. ئەمن بەدوای بریندارێک‌دا دەگەڕێم.

چونکە دیتم کابرا هیچ وەڵامی نەدایەوە دووبارە لێم زیاد کرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەمن بەڕاستی ژنخوشکی ژۆزێفشام.

–تۆم ناسیەوە خانم! لە زۆر ڕێوڕەسمی فەڕمیو ڕێژەدا تۆم بینیوە. ئەتۆ هاوسەری مارشاڵ بێرنادۆتی.

بزەیەکم هاتیو گوتم:

–ڕەنگە سەردەمێک لەژێر فەرمانی مێردەکەمدا خزمەتت کردبێ؟

ئەو دەنگی نەکرد بەڵام وا دیار بوو نێوچاوانی تێکناوە.

–تکایە کەسێک بانگ بکە ڕێگامان نیشان بدا.

بەڵام ئەو دیسان جووڵەی نەکرد. ڕەفتاری ئەو پیاوە منی نیگەران کردبوو. بەناچاری گوتم:

–مۆمەکەتمان وێدە. ئێمە خۆمان ڕێگا دەدۆزینەوە.

ئەو مۆمەکەی وێداینو ئارامئارام کشایەوەو لە تاریکایی‌دا بزر بوو. بەڵام گوێم لە دەنگی بوو کە دەیگوت:

–هاوسەری مارشاڵ بێرنادۆت!

ئەو پاش ئەوەی بە قینو نارەحەتی‌یەوە ئەم ناوەی بەزماندا هێنا بە شێوەیەکی پڕدەنگو هەراو بێزارکەر تفێکی دەعەرزی کرد.

کۆنت ڕووزەن بە تووڕەیی مۆمەکەی لێوەرگرتم. لەحاڵێکدا بۆخۆشم دەلەرزیم گوتم:

–لەبیری کە. ئێمە دەبێ بەدوای پی‌یەردا بگەڕێین.

ڕێگامان گرتە بەرو لە پلیکانەکان وەسەر کەوتین. ڕووزەن مۆمەکەی بڵندتر ڕاگرتو چاومان بە ڕاڕەوێک کەوت کە زۆر دەرگای بەسەردا دەکرانەوە. هەموو دەرگاکان نیوەکراوە بوونو لە کەلێنەکانیانەوە دەنگی ناڵەو هاوار دەبیسرا. بە باوەڕبەخۆبوونەوە دەرگای یەکەمم کردەوەو شەپۆلێک لەبۆنی خوێنو ئارەق لووتمی پڕکرد. بۆئەوەی بەسەر خۆمدا زاڵ بم، هەناسەیەکی درێژم هەڵکێشا؛ هەناسەیەک کە دەتگوت قەت نایەتەوە سەرێ. دەنگی ناڵەکان لە نزیک من بوو. ڕاست لەبەر پێم. مۆمەکەم لە ڕووزەن وەرگرتو تەماشای خوارەوەم کرد. لە هەردوو بەری ژوورەکە تەخت هەبوونو لە نێوەڕاستێش بریندارانیان لەسەر دۆشەک لەپەنای یەک ڕیز کردبوون. لەوسەری ژوورەکە مۆمێک داییسا کە زۆر دوور دەهاتە بەرچاوو لەپەنا مێزەکە کەسێک دانیشتبوو. لەخۆوە هاوارم کرد:

-خوشکێ!

بەڵام لەنێو ئەو هەموو ناڵەو هاوارەدا کەس گوێی لەمن نەبوو. ناڵەیەکی کزم لەبەر پێی خۆم بیست کە دەیناڵاند:

ئاو...ئاو.

مۆمەکەم هێنایە خوارێ. لەسەر تەلیسێکی حەسیر، پیاوێک بە سەری پێچراوەوە بەرچاو دەکەوت. دەمی بە تەواوی کرابۆوەو وا دیار بوو دەیەوێ شتێک بڵێ، بەڵام تەنیا شوێنەواری ئازار بە ڕوخساریەوە دیارو هەوڵەکەی بێهوودە بوو. داوێنم خڕ کردەوە نەوەکا ڕوخساری ئەو بەدبەختە ئازار بدا. دیسان چەند هەنگاو چوومە پێش‌و هاوارم کرد:

خوشکێ!

سەرەنجام ژنە ڕاهیبەکە گوێی لە دەنگم بوو مۆمەکەی هەڵگرتو هاتە لامان. ڕوخسارێکی ڕەقەڵەو بەتاڵ لە هەرچەشنە حاڵەتێکم بینی کە لەژێر کڵاوێکی سپیی گەورەدا شاردرابۆوە.

-خوشکێ! ئەمن لە پیاوێکی بریندار دەگەڕێم بەناوی پیەر دو بوا.

نیشانەیەک لە سەرنج‌و سەرسوڕمان لە ڕوخساریدا نەبوو.

-ڕۆژانە ڕیزێکی درێژی ژنان لەپێش نەخۆشخانە ساز دەبێ‌و هەموویان داوای دیتنی نەخۆشەکان دەکەن بەو هیوایە کە بتوانن کەسوکاری خۆیان بدۆزنەوە، یان خەبەرێکیان بزانن. بەڵام ڕێگای چوونەژوور بەهیچ کامێکیان نادەین. چونکە دیتنی ئەو دیمەنانە بۆ هاوسەران‌و دەزگیرانان‌و دایکانی ئەم برینداراانە لەتوانا بەدەرە.

-بەڵام... بەڵام ئەمن مۆڵەتم هەیە بەدوای پیەر دو بوادا بگەڕێم.

-ئێمە ناتوانین کۆمەگێک بکەین. لێرە خەڵکێکی زۆر هەن کە ئێمە ناویان نازانین.

دەنگی ئارام‌و هەرلەوکاتەدا بێموبالات بوو. لەحاڵێکدا هەنیسکی گریان بەری نەدەدام گوتم:

-ئەی چۆن دەتوانم بیدۆزمەوە؟

-نازانم. ئەگەر مۆڵەتت هەیە بۆی بگەڕێی باشترە درێژە بە گەڕانەکەت بدەی. لە تەختێکەوە بچۆ تەختێکی دیکە، بەڵکوو بتوانی بیدۆزیەوە.

ئەمجار گەڕایەوەو بەئارامی بەرەو مێزەکەی چوو. جارێکی دیکە دەنگی ئەو بریندارەم بیست کە دەیگوت:

-ئاو ..ئاو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خوشکێ! ناتوانن کەمێک ئاوی بدەنێ؟

ڕاهیبە ڕاوەستا.

–ئەو زگی بریندارەو نابێ ئاو بخواتەوە. جگەلەوە ئەو هۆشیشی نیە، چونکە سەری ئازاری پێگەیشتوە.

بەدوای ئەم قسەیەدا ڕاهیبە لە مەودای شۆقی مۆمەکەی من وەدەر کەوتو دوور کەوتەوە. تاوێک چاوم لێکنان. بۆنی خوێنو چڵک تێکەڵ ببوو،و لەنێو دۆشەکو تەختەکانەوە دەهاتە بەر لووت. جووڵەیەکم کردو بە ڕووزەنم گوت:

–دەبێ تەختبەتەختی ئێرە بگەڕێین.

بەمجۆرە لە تەختێکەوە بۆ تەختێکو لە دۆشەکێکەوە بۆ دۆشەکێک گەڕاینو شۆقی مۆمەکەمان دە ڕوخساری یەکیەکیان گرت. لە بەرامبەر ئەو ڕوخسارانەدا کە پێچرابوون تێدەمام. چاوو لووتی بریندارو خوێناویو لێوی بەددانگەزتوو، بەڵکوو... نا. نا ئەمەش نیە. پیاوێکم دیت کە دەگەڵ هەناسە خوێن لە دەمی دەچۆڕا؛ ڕاست وەک ژەنراڵ دوفوو کە چەند ساڵ پێشتر لەسەر دەستانم گیانی دەرچووبوو. بزەیەکم لەسەر لێوی پیاوێک بینیو تێپەڕیم؛ ئەو پێدەکەنی؛ چونکە دەمێک پێشتر مردبوو. بریندارێک کە لەپەنای بوو بە نزیکبوونەوەی شۆقی مۆمەکە، چاوی کردەوەو هەوڵی دا شتێک بپرسێ بەڵام ئەمن چوومە لای تەختێکی دیکەو نەمتوانی تکایەکەی ببیسم. ماری ئەمن دەبێ لەجیاتی تۆ بگەڕێم! چونکە ئەمانە بەولاوەتر لەتوانای دایکێکن. تەختێک لەپێش دەرگا دانرابوو،و سەرەنجام دەرگای چوونەدەر.

پیەر لەم قاوشەش نەبوو،و ئێمە چووینە قاوشێکی دیکە. داوێنم هەڵکردو شۆقی مۆمەکەم دەرڕوخساری یەکەمین کەس گرت کە لەسەر تەلیسێکی حەسیر خەوێندرابوو. هەر ساتەی لەکن ڕوخسارێکی پێچراو ڕادەوەستام. لە بەرامبەر پیاوێک کە چەنەگەی تێکشکابوو چاوم لێکنان. بەڵام دووبارە تینم بۆخۆم هێنا کە چاو بکەمەوە بزانم. بەڵکوو... نا. مسۆگەر ئەو پیەر نەبوو.

هەروا دەگەڕامو دەچوومە پێش... گەیبوومە نزیک دەرگای چوونەدەر کە ڕاهیبەیەک بەبوونی ئێمەی زانی. ئەو زۆر گەنج بوو. بە چاوێکی پڕلە خەفەتەوە پرسی:

–بەدوای هاوسەرتدا دەگەڕێی خانم؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرم ڕاوەشاند. شۆقی مۆمەکەم کەوتە سەر قۆڵێکی ڕەقەڵە کە برینێکی لەسەر بوو. تویژێکی وەک بزمارتە دەوری برینەکەی گرتبوو بەڵام ئەو تویژە دەجووڵا... خوایە گیان! ئەسپێ.

–وەختێک بریندارەکان خۆراکی پێویست بخۆن ئەم برینانە بۆخۆیان چاک دەبنەوە. ئەمانە چاک دەبنەوە. لەکاتی پاشەکشەدا برسیەتی کۆمەڵێکی زۆر لەوانی لەپێ خستوە. بەڵام ڕەنگە ئەتۆ بتوانی ئەو پیاوە بدۆزیەوە کە بەدوایدا دەگەڕێی.

پیەر لەم قاوشەش نەبوو. لە ڕاڕەوەکەدا لەنەکاو ڕووزەن ڕووی دە دیواری کرد. ئەمن مۆمەکەم هەڵێنا. دلۆپە ئارەقی درشت کەوتبوونە سەر نێوچاوانی. بەتوندی ڕووی وەرگێڕا چەند هەنگاوێک دوور کەوتەوەو تووشی ڕشانەوە بوو. دەمەویست ئارامی بکەمەوە بەڵام دەترسام پتر نارەحەت بێ. ناچار دەبوو ڕاوەستم هەتا باشتر دەبێ. هەر لەوحاڵەدا کە ڕاوەستابووین، شۆقێکی لەرزۆکو سوور سەرنجی ڕاکێشام. ئەم شوعلەیە لە نزیک پەیکەری حەزرەتی مەریەم دانرابوو. پەیکەرێکی زۆر سادەو بێفیزانە لە کراسێکی سپیو شینداو بە گۆنایەکی سوورو چاوانێکی پڕخەفەتەوە. ئەو منداڵەی دەباوەشیدا بوو سادو دەمبەپێکەنین بوو. مۆمەکەم لەسەر زەوی داناو دەستەکانم پێکەوە گوشین، کارێک کە چەندین ساڵ بو نەمکردبوو، شوعلە سوورە چکۆڵەکە دەلەرزیو لە دەرگا بێژمارەکانەوە دەنگی ناڵەی بەژان بەر گوێ دەکەوت. دەستەکانم پێکەوە گوشی. دەنگی چەند هەنگاوێکم لەپشت خۆمەوە بیستو کەسێک مۆمەکەی لەسەر زەوی هەڵگرت.

–داوای لێبوردن لە پایەبەرز دەکەم. بمبوورە.

ئەمە دەنگی پیاوە گەنجە سوێدییەکە بوو کە لەوپەڕی ئەدەبدا داوای لێبووردنی دەکرد. بۆ دواجار چاوم لە پەیکەرەکە کرد. ڕوخساری خەفەتباری وی دووبارە کەوتبووە تاریکیەوە. ئەی دایکی دایکان...

لەپێش دەرگای دواتر بە ڕووزەنم گوت؛

–باشترە لێرە چاوەڕوان بی. ئەمن بەتەنیا دەچم.

–ئەرکی من ئەوەیە دەگەڵ پایەبەرز بم هەتا دەیدۆزینەوە.

جارێکی دیکە بەڕاوێژێکی ئارام داوام لێکرد لە دەرێ ڕاوەستێو بۆخۆم بەجێم هێشت. شۆقی ئەو مۆمەی بە دەستیەوە بوو ڕیزی لای ڕاستی ڕووناک کردەوە. لەو سەری ژوورەکە ڕاهیبەیەکی بەساڵداچوو دانیشتبوو خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی بەرگڕەش بوو. ئەویش بێ هیچ سەرسوڕمانێک سەیری کردمو ئەمن گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-له برینداریک دەگەڕێم بەناوی پی‌یەر دوبوا.

لەحاڵێکدا ئەمەم دەگوت ئومێدی هیچ وەڵامو کاردانەوەیەکم نەبوو.

-دوبوا؟

-ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئێمە دووکەسمان بەناوی دوبوا لێرە هەن. یەکێکیان...

دەستی منی گرتو بردمیە لای یەکێک لەو دۆشەکە حەسیری‌یانەی لە نێوەڕاستی ژوورەکە بوون. ئەمن چۆکم داداو لەبەر شۆقی مۆمەکە چاوم بە مووی سپی‌و روخساری لەڕولاوازی کەوت. قامکە ڕەقوتەقەکانی ئەو پیاوە زگی ئەویان دەگوشی. ئەژنۆکانی هەڵدابوونەوەو بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێ‌دەهات. دەستی بەهێزی ژنە ڕاهیبەکە یارمەتیی دام کە هەستمەوە.

ئیسحالی! ئەویش وەک زۆرکەسی دیکە تووشی ئەو نەخۆشی‌یە بووە. ئەوان ماوەیەکی زۆر بەفراوو گۆشتی کاڵی ئەسپیان خواردوە. ئەم دوبواکەی تۆ نەبوو؟

سەرمم بە نیشانەی وەڵامی نا ڕاوەشاند.

ئەو بردمی بۆلای ڕیزی چەپ؛ دواتەخت. مۆمەکەم لەسەر تەختەکە ڕاگرت. چاوە ڕەشەکانی بە تەواوی کرابوونەوەو دە منەوە ڕامابوون. لێوە وشکو قەڵشیوەکانی خوێناوی بوون. مۆمەکەم نزیک کردەوە. پی‌یەر!

ئەو هەروا تەماشای دەکردم. پی‌یەر! من ناناسی؟

دەنگێکی وەک ناڵینم بەر گوێ کەوت:

-دیارە خانمی مارشاڵ.

بەسەریدا چەمامەوە.

-پی‌یەر! ئەمن هاتووم بتبەمەوە ماڵێ پی‌یەر. هەر ئێستا. بۆلای دایکت. بەڵام هیچ کاردانەوەیەک لە ڕوخساریدا هەست پێ نەدەکرا.

-پی‌یەر! خۆشحاڵ نی کە دەچینەوە ماڵێ؟

وەڵامێک جگە لە بێدەنگی نەبوو. ئاوڕم دایەوە سەر ژنە ڕاهیبەکەو گوتم:

-ئەمە پی‌یەر دوبوایەکەی منە ئەوکەسەی لێی دەگەڕام. دەمەوێ بیبەمەوە ماڵێو ئاگام لێی بێ تا چاک دەبێتەوە. دایکی لەماڵێ چاوەڕێیە. ئەمن کالیسکەم پێیە. داخوا کەس هەیە کۆمەگم بکا...

-هەموو ئیشکەرەکان چوونەوە ماڵەکانیان. ئەتۆ دەبێ تا سبەینێ ڕاوەستی خانم.

بەڵام ئەمن نەمدەویست پی‌یەری یەک لەحزەی دیکەش لەوێ بهێڵمەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-برینەکـەی زۆر سـەختە؟ ئاجو...پیاوێـک لـە دەرەوەی قاوشـەکە چاوەڕێمـە. بەکۆمەگی وی دەتوانین پیەر دوبوای لێرە ڕاگوێزین. بنپیلی دەگرینو...

ڕاهیبـە ئـەو دەسـتەی منـی هـەڵینا کـە مۆمەکـەی پێبـوو. شۆقی مـۆم کەوتـە سـەر پەتووەکە. بەڵام ئەو جێیە کـە دەبـوو لاقـی پیـەری لێبـێ هیچـی لـێ دیـار نـەبوو. هـیچ شتێک.

-کالیسکەچییەکەم لە خوارێیە. ئـەو دەتـوانێ کۆمـەگمان بکـا. هـەر ئێسـتا دێمـەوە خوشکێ.

سێبەرێک لەپەنا دەرگای چوونەدەر لە دیواری جیا بۆوە.

-کۆنـت! بـە کالیسـکەچییەکە بڵـی بێتـە ئێـرەو هـەرچی پارچـەی گەورەشـمان لـە کالیسکەکەدا هەیە دەگەڵ خۆی بێنێ.

ئیدی چاوەڕێی هاتنەوەی کۆنـتو کالیسـکەچییەکە بـووم. بیـرم کـردەوە کـە پیـەر توانای ڕۆیشتنی نیە.

کەوابێ "هوتێل دیۆ" ئەوەیە. یەکێک لـەوێ فێری پاڕانـەوەو داواکـردن لـەخوا دەبـێو یەکی دیکە ئەوەی هەیەتی لە دەستی دەدا. هـەموو دونیـا وایـە، وەک میوانخانـەی خـواو ئێمە دنیامان وا لێکردوە. ئێمە دایکانو ئێوە کوڕانی ئێمە دایکەکان.

دەنگی پێی وانم بیست کـە لـە ڕاڕەوەکـەدا دەنگـی دەدایـەوە. تـاوێک دواتـر ڕووزەنو کالیسکەچی گەیشتنە قاوشەکە.

-خوشکێ! تکایە کۆمەگمان بکە تا دەو پارچانەیەوە پێچین تا یووهانسون...

پاشان بە ئاماژەی من کالیسکەچییەکە هاتە پێشترو درێژەم دایە:

-تا یووهانسۆن بیباتە خوارێ.

ڕاهیبە شانەکانی پیەری هەڵێنان. ئەو نـەیدەتوانی ببـزوێ. بڵێسـەی ڕقو قـین لـە چاوانی دەردەپەڕی.

-لەکۆڵم بنەوە خانم، لێم گەڕێن تـەنیا بم.

ڕاهیبە ڕووکێشـەکەی لاداو ئـەمن چـاوم لێکـنانو مۆمەکـەم وە ڕاهیبەکـە دا. کاتێک چاوم کردەوە پیەر دوبوا وەک بەستەیەکی کۆنەپێچکراو لەبەر دەمم بوو.

بەم جۆرە کوڕی ماریم بۆ دایکی بردەوە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٤٣

## پاریس، هەوەڵی ئاوریل (نیسان)ی ١٨١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمێک پۆدری ڕەنگزیویم لە پێڵووەکانم دا. نیوسەعاتی دیکە دەبوو ڕووبەڕووی ڕاوەستم و قسەی دەگەڵ بکەم؛ بۆ دواجار لەژیانمدا.

ئیدی دوایە ئەو ئاشنایەتی‌یە کۆنە کە سەرەتا بە ئەڤین دەستی پێکردبوو کۆتایی دەهات... کەمێکیش سووراوم لە لێوانم داو کڵاوە تازەکەمم لەسەر نا؛ کڵاوێکی پڕبەسەرم. بەندی قردێلە سوورەکانی لەبن چەنەگەم دەبەستران و ئەمن نەمدەزانی ئەو کڵاوە تازەیەم لێ‌دەکاڵێتەوە یان نا؟ لە ئاوێنەدا لەخۆم ڕوانی؛ ئەمە ئەو ڕوخسارەی منە کە لەمەودوا وەبیری دێتەوە. ژنە وەلی‌عادێک بەپێڵووی ڕەنگزیوی، جلی مەخمەری بنەوش، دەسکە بنەوشەیەکی زەردی کاڵ لەسەر سنگ و کڵاوێکی قردێلە سوورەوە.

دەنگی کۆنت ڕووزەنم لە ژوورەکەی تەنیشتەوە گوێ لێ‌بوو کە لە لافلووتی دەپرسی داخوا حازر بووم یان نا. جارێکی دیکە دەستم بەسەر دەسکە گوڵە بنەوشەکەدا هێناو ڕێکوپێکم کرد. تا نیوسەعاتی دیکە ئاشنایەتیم دەگەڵ یەکەمین کەس کە خۆشم دەویست کۆتایی دەهات. شەوی ڕابردوو یەکێک لە ستۆکهۆڵمەوە وەڵامی ژان باتیست بەناپلیۆنی بۆ هێنابووم. نامەکە لاکومۆر کرابوو. بەڵام کۆنت بەراهە نوسخەیەکیشی بۆمن ناردبوو. هەروەها خەبەری دابوو کە نوسخەیەکیش لەنامەی ژان باتیست بۆ ناپلیۆن دراوەتە ڕۆژنامەکان.

هەستامە سەرپێ و بۆ دواجار ڕوونووسی نامەکەم خوێندەوە.

چارەڕەشیی خەڵکی قاڕە ئاشتیی سەپاندووە و ئەتۆ خاوەن‌شکۆ ناتوانی ئەم داخوازی ئاشتی‌یە نەبینی مەگەر پەنا بۆ دەیان بەرامبەری ئەو تاوانانە بەری کە تائێستا ئەنجامت داون. وڵاتی فەڕانسە لەدانی ئەو قوربانی‌یە بێ‌ژمارانە چبەهرەیەکی دەست کەوتوە؟ بەهرەیەک کە بتوانێ وەڵامدەری ئەو هەمووە بێ. داخوا فەڕانسە دەسکەوتێکی جگە لە شانازیی سەربازی و ناوبانگێکی ڕووکەش و کورت‌ماوە دەست کەوتوە؟ لەحاڵێکدا بەدبەختی و چارەڕەشی لە هەموو جێیەک بەرچاو دەکەوێ و نێو سنوورەکانی فەڕانسەی ئاخنیوە...

ئەمنیش ناچارم ئەم نامەیە بدەمە ناپلیۆن. شتێک کە هەرگیز بۆمن ڕووی نەداوە. دڵم بەتوندی لێ‌دەداو دووبارە دەخوێنمەوە:

ئەمن لە وڵاتی جوانی فەڕانسە لەدایک بووم؛ وڵاتێک کە لەژێر فەرمانی تۆدایە. شانازی و ئاخرخێریی وێ ناتوانێ بۆمن بە شتێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێبایەخو کەم بژمێردرێ. بەڵام کاتێک بیر لە بەختیاریی فەڕانسەو فەڕانسەییەکان دەکەمەوە، هەر لەوکاتەدا کە بەهەموو توانامەوە لە وڵاتیک کە منی بۆ وەلیعادی پادشای خۆی هەڵبژاردوەو لە شانازیی ئەوەی منی کردۆتە کوڕی خۆی، پارێزگاری دەکەم. لەم ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان شەڕی ستەمکارانە دەگەڵ جیهانو ئازادیخوازیدا بە سوێدییەکان دەڵێم: ئەمن بۆ ئێوەو لە تەنیشت ئێوە شەڕ دەکەمو لەم ڕێگایەشدا دوعای خێری ئاشقانی ئازادیو هەموو جوامێرانمان لەپشت دەبێ. لەبارەی پێگەخوازیی خۆمەوە پێت دەڵێم کە بەڵێ ئەمنیش پێگەخوازم، زۆریش پێگەخواز، بەڵام پێگەخوازیی من لەپێناوی خزمەت بە مرۆڤو وەدەستهێنانی سەربەخۆیی نیوەدوڕگەی سکاندیناڤیو پاراستنیدایە.

لەم نامەیەدا ڕووی قسەی ژان باتیست نەکەهەر دە ناپلیۆن، بەڵکوو دە میللەتی فەڕانسە بوو، و لەکۆتاییدا بە پێداگرتن لەسەر یادداشتێکی کەسی:

بەدەر لە ئاکامی ئەم نامەیە، چبڕیاری ئاشتی بدەیو چشەڕ هەڵبژێری، خاوەنشکۆ وەک دۆستی دێرینی سەردەمی سەربازیم، بەڕێزەوە سەیر دەکەم.

ڕوونووسی نامەکەم لەسەر مێزەکە دانا. کۆنت ڕووزەن چاوەڕێ بوو. ئەمن دەبوو سەعات پێنجی دوانیوەڕۆ لە تویلری بم. لەچەند ڕۆژی پێشماندا ئیمپەڕاتۆرو سوپا تازەکەی دەچنە سنوورەکان. ڕووسیە لە پێشڕەویدایەو پرۆسیش دەگەڵ ڕووسان کەوتوە. ناپلیۆن لەمێژە بڕیاری خۆی داوە. بۆیە نامە لاکومۆرکراوەکەم هەڵگرتو کڵاوەکەمم کردە سەرم.

کۆنت ڕووزەنیش یۆنیفۆڕمی خۆی کە جلوبەرگی سوارەنیزامی سوێدە دەبەردایەو قایشی ئاجودانیی لەسەر بەستوە.

—ئەتۆ لە مەئموورییەتێکی زۆر دژواردا دەگەڵ من دێی. کۆنت!

لەحاڵێکدا ئەمن ئەو قسەیەم دەکرد کالیسکە لە پالێ ڕۆیاڵ تێپەڕی. لەو شەوەوە کە چووبووینە نەخۆشخانە، یەکیەتییەکی تایبەتیمان لەنێودا دروست بووە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە لەوێ تێکچوونەکەیم بینی. هێندێجار ئەوجۆرە مەسەلانە کەسەکان لێکتر نزیک دەکەنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێمە بە کالیسکەی سەرئاوەڵا دەڕۆیشتینو هەوا پڕ لە بۆنی بەهاری بوو،و ئاسمانی شین جوانی‌یەکی تایبەتیی بە هەموو شتێک دەبەخشی. هەرکەس لەوحاڵەدا ئێمەی دیبایە دوور نەبوو پێی وابێ ئێمە دەچینە جێژوانێکی دوور لەچاوی ئەغیارو هەربۆیەش دەسکەگوڵی بنەوشەم لەسنگم داوەو کڵاوی تازەم لەسەر ناوە. لەحاڵێکدا ئەمن نامەیەکم بۆ ئیمپەراتۆری فەڕانسە دەبرد، نامەیەک لە وەلی‌عادی پادشای سوێدەوە بۆ ئەوو فەڕانسەیی‌یەکانو ئەوانەی دوایەشیانو دەبێ بە بەفیڕۆدانی ئەم دوانیوەڕۆ جوانە بەهاری‌یە، تۆفانی تووڕەیی ناپلیۆن قبووڵ بکەم.

ئێمە تەنانەت چاوتروکانێکیش ماتڵ نەبووین. ئیمپەراتۆر ئێمەی لە دەفتەری کاری خۆی وەرگرت. کالینکوورو مێنوالیش لەوێ بوون. کۆنت تالیرانیش لەپەنا پەنجەرەی راوەستابوو،و هەتا نەگەیشتمە نێوەڕاستی ژوورەکە ئاوڕی نەدایەوە. ناپلیۆن کەمترین حەمیەتی بە دەنگی مامزەکانی ڕووزەنو دەنگی پێی من نەدا. هەرچەند باشی دەزانی بڕینی ئەو مەودایە بۆ من دژوارە. ئەو جلکی سەوزی سەربازیی دەبەردا بوو،و دەستەکانیی لەسەر سنگی دانابوونو لەپێش مێزەکە ڕاوەستابوو. هەروا کە پاڵی وەمێزەکە دابوو بە بزەیەکەوە کە نەفرەتو گاڵتەپێکردنی پێوە دیار بوو سەیری منی دەکرد. ئەمن سەرم داخستو بێ‌هیچ قسەیەک نامە لاکومۆرکراوەکەم بۆ ڕاداشت.

لاکومۆری پاکەتەکە شکاو ئیمپەراتۆر بێ‌چووکترین کاردانەوە خوێندیەوە. ئەو دوایە دەستنووسی ژان باتیستی وە مێنوال داو گوتی:

–ڕوونووسێ بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە لێ ئامادە بکەنو ئەسڵی نامەکە لەنێو نامە تایبەتەکانی مندا ڕابگرن. پاشان ڕووی کردە من:

–جلوبەرگی زۆر ڕەسمیت دەبەر کردوە پایەبەرز ، ڕەنگی بنەوشت زۆر لێ‌دەکاڵیتەوە، بەڵام چکڵاوێکی سەیر! داخوا ئەمڕۆژانە کڵاوی بڵیند بوونە مۆد؟

ئەم قسەیەی ناخۆشتر لەو هاوارانە بوو کە چاوەڕێم دەکردن. ئەمە سووکایەتی بوو، نەک‌هەر بەمن بەڵکوو بە وەلی‌عادی پادشای سوێدیش. ئەمن لێوم بەسەر یەکدا گرتن.

پاشان ئاوڕی دایەوە لای تالیڕانو گوتی:

–ئەتۆ هێندێ شت لەبارەی ژنانی جوانەوە دەزانی جەناب. داخوا کڵاوی تازەی پایەبەرز هاوسەری وەلی‌عادی سوێند پەسند دەکەی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەکانی تالیران هەروا نیوەکراوە بوونو ماندوو دەهاتە بەر چاو. ناپلیۆن جارێکی دیکە ئاوڕی دایەوە سەر منو گوتی:

–داخوا بۆ هاتنی لای من خۆت واجوان ڕازاندۆتەوە پایەبەرز ؟

–بەڵێ قوربان.

–گوڵی بنەوشەشت لە سنگت داوە تا ئەمەم بۆ بێنی؟ ئەم کوتەکاغەزانەی مارشاڵی پێشوو بێرنادۆت؟ بنەوشەکان خانم. بەلێ بنەوشەکان لە سێبەرێ گوڵ دەردەکەنو بۆنێکی شیرنیان هەیە. بەڵام ئەو خەیانەتە کە هەموو ڕۆژنامەکانی ئینگلیستانو ڕووسیەی شاد کردوە، بۆنە ناخۆشەکەی دەگاتە ئاسمانیش خانم!

لەحاڵێکدا دووبارە سەرم دادەنواند گوتم:

–ئیزن دەدەی بڕۆم، قوربان!

–نەکهەر ئیزن دەدەم بڕۆی خانم بەڵکوو دەبێ بڕۆی. یان ڕەنگە پێت وابێ ڕێگات پێدەدەم بەئازادی هاتوچووی دەربار بکەی؟ ئەویش لەکاتێکدا کە بێرنادۆت دەگەڵ من لەحاڵی شەڕدایەو بە فەرمانی وی تەقە لە کەسانێک دەکرێ کە لە زۆر شەڕاندا دەگەڵی بوون. ئەتۆش خانم! چۆن وێرات بێیە ئێرەو گولێ بنەوش لەسنگت بدە...

–قوربان ئەو شەوەی لە ڕووسیەڕا هاتیەوە داوات لەمن کرد نامەیەک بۆ هاوسەرەکەم بنووسمو وەڵامەکەشی بۆخۆم بۆت بێنمەوە. ئەمن نوسخەیەک لەو نامەیەم خوێندۆتەوە قوربان!و دڵنیام کە جەنابت بۆ دواجار من دەبینی . ئەمنیش جلکی بنەوشەییم پۆشیوە چونکە باشتر لەوە کە هەم نیشانم دەدا. ڕەنگە جەنابت بیرەوەریی ناخۆشت لەمن لەدڵدا نەمێنێ. ئێستا دەتوانم بۆ هەمیشە بڕۆم...؟

بێدەنگی سێبەری بەسەر ساڵۆنەکەدا کێشا، بێدەنگیەکی بەژانو ئازاردەر. کۆنت ڕووزەن وەک پەیکەرێک لەپشتمەوە ڕاوەستابوو، مێنوالو کالینکووریش چاویان دە ئیمپەڕاتۆرەوە بڕیبوو، تالیرانیش چاوی داپچڕیبوون. ناپلیۆن نارەحەتو پەرێشان بوو،و بەردەوام سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد.

–بەڕێزان تکایە ئێوە لێرە چاوەڕێ بن. ئەمن دەمەوێ چەند لەحزەیەک بەتەنیا قسە دەگەڵ خانمی شازادە بکەم.

ئەو پاشان ئاماژەی بۆ دەرگایەک کرد کە بە کاغەزی دیواری داپۆشرابوو،و گوتی:

–تکایە دەگەڵ من وەرە دەفتەرەکەم، پایەبەرز.

–مێنوال ئەتۆش پەرداخێک بڕەندی بدە بەو بەڕێزانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێنوال دەرگایەکی وەک دەرگای دۆلابی کردەوەو ئێمە ڕاست چووینە ئەو ژوورە کە چەندینساڵ پێشتر چووبوومێ بۆئەوەی داوای بەخشینی دووک ئێنهین بکەم. ژوورەکە دەکرێ بڵێی هیچ نەگۆڕابوو؛ هەر ئەو مێزە چووکەڵەیەو هەر ئەو کۆما کاغەزو بەڵگەنامەیە. ڕەنگە تەنیا چەشنی ئەو بەڵگەنامەو نووسراوانە جیا بووبێ. لەسەر مافوورەو لەپێش کوورەخانەکە ژمارەیەک داری شەشگۆشەی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر زەوی هەڵەڕژابوونو هێندێ قەڵشتیان بەسەرەوە دەبینران. بەخۆم نەبوو داهاتمەوەو شەشگۆشەیەکی سوورم هەڵگرتو پرسیم:

–ئەمانە چین؟ بووکەشووشەی پادشای ڕۆمن؟

–بەڵێو نەخەیر. ئەمن بۆ داڕشتنی نەخشەکانی شەڕ کەلک لەو شەشگۆشانە وەردەگرم. هەر شەش گۆشەیەک نیشانەی کۆمەڵێک لە لەشکرییانەو قەڵشتەکانی سەریشیان نیشاندەری یەکەکانی ئەو کۆمەڵەن. ئەو شەشگۆشە سوورەی بەدەستی تۆوەیە نیشانەی سوپای سێیەمە کە فەرماندەرییەکەی لەئەستۆی مارشاڵ "نێ"یە. هۆو شەشگۆشەیە پێنج قەڵشتی وەک خەتی هەنو ماناکەشی ئەوەیە کە سوپای نێ پێنج لەشکری هەن. لێرە شەشگۆشەی شین بە سێقەڵشتەوە، سوپای شەشەم بە فەرماندەریی مارموونە بە سێلەشکرەوە. کاتێک ئەمن ئەو شەشگۆشانە لەسەر زەوی ڕێکدەخەم بەچاکی دەتوانم وەزعی شەڕەکە بێنمە بەرچاوم. نەخشەی من لەمێشکمدایە. دەبینی چەندە سادەیە.

پرسیم:

–چما جەنابت ئەم شەشگۆشانە دەجووی؟

–نا ئەمە کاری پادشا چکۆڵەی ڕۆمە. کاتێک دەیهێننە ئێرە دەچێتە زگ ئەو شەشگۆشە چکۆلانە. دەزانێ ئەمن لەکوێیان دادەنێم دوایە پێکەوە لەسەر زەوی ڕێکیان دەخەین، ئەمنو هەڵۆ چکۆڵە. جارجاریش یەکێکیان دەجووێ. بەڵام هەر خوا دەزانێ بۆچی زۆربەی کاتەکان سوپای مارشاڵ "نێ"ی چارەڕەش تووشی ئەو بەڵایە دەبێ.

ئەمن شەشگۆشە دارە سوورەکەم لەسەر زەوی داناو گوتم:

–قوربان! جەنابت دەتەویست شتێک بەمن بفەرمووی؟ ئەمن ئامادەم دەربارەی شازادەی جێنشینی سوێد دەگەڵ خاوەنشکۆ قسە بکەم.

–کێ داوای کرد باسی بێرنادۆت بکەی. مەسەلە ئەوە نیە ئووژنی، مەسەلە تەنیا...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو نزیکتر کەوتەوەو دەڕوخساری منەوە ڕاما. دەتگوت دەیەوێ هەموو هێڵەکانی ڕوخسارم لەبەر بکا.

–تەنیا وەختێک گوتت هیواداری بیرەوەرییەکی خۆشی تۆ لە مێشکمدا بمێنی، یانی بۆ هەمیشە ماڵئاواییت لەمن دەکرد، بیرم کردەوە...

ئەو لەنەکاو وەرسووڕاو بەرەو پەنجەر ڕۆیشت.

–مرۆڤەکان ناتوانن بەوجۆرە لێک جیا ببنەوە بەتایبەتی ئەوکاتەی ماوەیەکی زۆر پێکەوە ئاشنا بووبن. دەتوانن؟

لەپێش کوورەخانەکە ڕاوەستابووم و بە نووکی پێم شەشگۆشە ڕەنگاوڕەنگەکانم دێناو دەبرد. سوپای "نێ"، سوپای ماڕوون، سوپای بێرنادۆت؟ نا ئەوێ ئیدی سوپایەکی وای لێنەبوو. لەبەرامبەردا ئەو سوپایەکی تەواوی لەبەر دەستدایە. سوپایەک کە پێکهاتوە لە سوێدییەکان، ڕووسەکانو پرووسییەکان. بەڵێ سوپای بێرنادۆت لە بەرێکی دیکەی مەیدانەکە جێ دەگرێو شەڕ دەکا...

گوتم کەسەکان ناتوانن بەوجۆرە لێکجیا ببنەوە، بێهیچ ڕوونکردنەوەیەک.

دووبارە لەبەر پەنجەرەکەوە گەڕایەوە.

–بۆچی نا قوربان؟

–بۆچی نا؟ ئووژنی! ئەوڕۆژانەت لەبیر چوونەوە کە لە مارسەی بووین، حەوشە، چیمەنەکان، باسەکانمان لەبارەی ڕۆمای گووتەوە... بەڕاست ئەتۆ نەتزانی بۆچی ئەمن ڕاستەڕێ هاتمەماڵەکەی تۆ، مەبەستم ئەو شەوەیە کە لە ڕووسیە هاتبوومەوە بەڕاستی سەرمام بوو، زۆر ماندوو بووم...و زۆریش تەنیا...

–لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە نامەی ژان باتیستت دیکتە دەکرد بەتەواوی لەبیرت چووبوو کە منت ناسیوە، ئووژنی کلاری. ئەتۆ هاتبووی هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد ببینی قوربان!

خەفەتبار بووم و پێم وابوو ئەو تەنانەت لەوساتەی جیاییشدا درۆ دەکا.

بەڵام ئەو بەتوندی سەری ڕاوەشاندو گوتی:

ئەمن ئەوڕۆژە بەیانی بیرم هەر لە بێرنادۆت دەکردەوە. بەڵام کاتێک گەیشتمە پاریس، تەنیا شت کە دەمەویست دیتنی تۆ بوو. هەر تۆو بەس. پاشان...نازانم بۆچیو چۆن... ئەوشەوە زۆر ماندوو بووم و زۆر زوو وتووێژەکەمان هاتە سەر بێرنادۆتو ئەمن دیسان مارسەیم لەبیر چۆوە. ناتوانی تێبگەی، نا؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوا تاریک ببوو، بەڵام کەس نەهات مۆمەکان هەڵبکا. ئیدی نەمدەتوانی هێڵەکانی دەموچاوی لێک بکەمەوە. داخوا بەڕاستی ئەو بەدوای چیدا دەگەڕا؟

-لەم چەند حەوتوویەی دواییدا ئەمن سوپایەکی تازەم ڕێکخستوە. سوپایەکی دووسەدهەزار کەسی. لە لایەکی دیکەوە دەزانم کە ئینگلیستان بەڵێنی داوە ملیۆنێک پۆند بدا بۆ تەیارکردنی لەشکرییانی بێرنادۆت. داخوا ئەتۆ ئاگادار بووی خانم؟

هیچ وەڵامێکم نەدایەوە. چونکە لەو مەسەلەیە بێخەبەر بووم.

-ئەتۆ دەزانی کێ بێرنادۆتی هان دا ڕوونووسی ئەو نامەیەی بۆ منی نووسیبوو بدا بە ڕۆژنامەکانی دوژمن؟ خاتوو ێستال کە لە ستۆکهۆڵمو لەلای ئەوە. مسۆگەر شەوانە ڕۆمانەکانی بۆ بێرنادۆت دەخوێنێتەوە. ئەمانە دەزانی خانم؟

-بەڵی خەبەرم هەیەو هیچ گرنگیش نیە. مەبەستتان لەمانە چیە؟

-گۆیا بێرنادۆت لە ستۆکهۆڵم هاونشینی دڵگرتری دەست نەکەوتوە.

-نا. بەڕێکەوت وانیە قوربان. کیژۆڵە ژێرووژ شانۆنامەیەکی زۆر سەرکەوتووی لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە بردوەو زۆریش کەوتۆتە بەر دڵی وەلیعاد. داخوا جەنابت ئاگات لەو بابەتە هەبوو قوربان؟

-خوایە گیان! ژێرژینا. ژێرژینا چکۆڵ...

-وەلیعاد بەزوویی دۆستە دێرینەکەی، مۆرۆ دەبینێ. مۆرۆ دێتەوە ئورووپا تا لەژێر فەرمانی ژان باتیستدا شەڕ بکا. ئەمەشت هەر دەزانی خاوەنشکۆ؟

چەند باش بوو کە تاریکایی وەک دیوارێک ئێمەی لێک جیا کردبۆوە.

-ئەوان دەڵێن تزار بەڵێنی پادشایەتیی فەڕانسەی بە بێرنادۆت داوە. ئەمە گەوجانە دێتە بەرچاو، بەڵام دوور نیە وا بێ. ئەگەر ناپلیۆن لەپێبکەوێ، ئەودەم... بەڵێ ئەودەم چی؟

-باشە خانم! ئەگەر بێرنادۆت ئەم فکرەی لەمێشکی خۆیدا پەروەردە کردبێ دیسان ڕەشترین خەیانەتە کە لە فەڕانسەییەک ڕوو دەدا.

-بەدڵنیایی خەیانەتێک بە باوەڕەکانی خۆشیەتی. ئێستا دەتوانم بڕۆم قوربان؟

-ئەگەر بۆخۆت لە پاریس هەستت بە مەترسی کرد خانم... مەبەستم ئەوەیە ئەگەر خەڵک ویستیان ئازارت بدەن دەبێ دەسبەجێ پەنا بۆ ژوولیی خوشکت بەری. بەڵێن دەدەی؟

-بەڵێ دیارەو لەبەرامبەردا!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-مەبەستت چیە "لەبەرامبەردا"؟

-ئەوەیە کە دەرگای ماڵی من هەمیشە بۆ ژوولی کراوەیە. و ئەمە هۆی مانەوەی من لە پاریسە.

-ئەتۆ... ئووژنی ئەتۆش پێت وایە ئەمن دەشکێم؟

ئەو نزیکو نزیکتر کەوتەوە.

-بنەوشەکانت بۆنێکی سەرخۆشکەریان هەیە... ئەمن دەبێ تۆ لە فەڕانسە دەربکەم. بەدڵنیایی ئەتۆ بە هەمووان دەڵێی کە ئیمپەڕاتۆر دەشکێ. جگەلەوەش هەرگیز نامەوێ ئەتۆ دەگەڵ ئەو سوێدی‌یە باڵابەرزە بچیە ئێرو ئەوێ.

-ئەو ئاجودانی منەو دەبێ هەمیشە دەگەڵم بێ.

-بەڵام دایکت کاری وای پێخۆش نەبوو، هەروا برا سەختگیرەکەت ئەتین.

ئەو پاشان دەستی منی گرتو بردیە لای ڕوومەتی. لەحاڵێکدا بەخێرایی دەستمم دەکێشایەوە گوتم:

-هیچنەبێ ئەمڕۆ ڕیشت تاشیوە قوربان!

-چەند خەراپ بوو کە مێردت بە بێرنادۆت کرد.

ئەمن بەرەو دەرگا ڕۆیشتمو کاتێک دووبارە منی بە ئووژنی بانگ کرد ئەمن کەوتبوومە بەر ئەو شۆقە کە لە ژووری گەوەرەوە لە ژوورەکەی دەدا... پیاوەکان لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون بڕەندی‌یان دەخواردەوە. بێگومان تالیڕان قسەیەکی خۆشی گێڕابۆوە چونکە کالینکوور، مێنوالو ئاجودانە سوێدی‌یەکەی من لە پێکەنینان خۆیان بەپێوە نەدەگرت.

ئیمپەڕاتۆر کە لەنێو شیپانەی دەرگادا بوو گوتی:

-بەڕێزان ڕێگا بدەن ئێمەش بەشمان لە پێکەنینەکەتاندا هەبێ.

مێنوال لەحاڵێکدا لەبەر پێکەنین خۆی بەسەر پێوە نەدەگرت گوتی:

-ئێمە باسی ئەوەمان دەکرد کە سەنا بە بانگ‌کردنی۲۵۰۰۰۰هەزار سەربازی تازە ڕازی بووە.

کالینکوور قسەکەی مێنوالی کە لەبەر پێکەنین نەی‌دەتوانی قسە بکا، درێژە دا:

-ئەگەر واش بێو دووساڵی دیکە وا بڕوا گەنجترەکانو لەوانیش گەنجتر بانگ دەکرێنە خزمەتو لە ساڵانی ۱۸۱٤و ۱۸۱۵ نۆرەی منداڵان دێ. شازادەی بنەڤێن پێشنیاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد کە جەنابت خاوەنشکۆ! دەستوور بفەرمووی ساڵێ ڕۆژێک پشووی ڕەسمی بۆ تەعمیدکردنیان لەبەرچاو بگیرێ.

ئیمپەڕاتۆریش دەستی بە پێکەنین کرد بەڵام نەک پێکەنینی ڕاستیو لەدڵەوە. ئەو سەربازانەی بۆ خزمەت بانگ کرابوون هاوتەمەنی ئۆسکار بوون.

-نا. بۆ پێکەنین نابێ بەڵکوو خەمهێنەرە.

ئەمەم گوتو بۆ دواجار بە نیشانەی ڕێزدانان سەرم دانواند. لەوکاتەدا ئیمپەڕاتۆر هەتا بەر دەرگا دەگەڵم هات، بێئەوەی تاقە وشەیەکیشمان بە زماندا بێ.

کە هاتینەوە ماڵێ لە ڕووزەنم پرسی داخوا بەڕاستی تزار پادشایەتیی فەڕانسەی بە ژان باتیست پێشنیار کردوە؟

-لە سوێد هەموو خەڵک لەوباسە ئاگادارن. داخوا ئیمپەڕاتۆریش لەوە بەئاگایە؟

سەرمم ڕاوەشاند.

-ئەو لەبارەی چبابەتێکی دیکەوە قسەی کرد؟

چاوترووکانێک بیرم کردەوەو دوایە دەسکە بنەوشەکەم لەسەرسنگی جلەکانم کردەوەو فڕێم دایە دەرەوەی کالیسکەکە.

-لەبارەی بنەوشەوە کۆنت! تەنیا لەبارەی بنەوشەوە.

هەر ئەوشەوە بەستەیەکی چووکەڵەیان لە تویلریی‌یەوە هێنایە ماڵی ئێمە. پێشخزمەتەکە پێی داگرتبوو کە ئەم بەستەیە بدەن بە پایەبەرز خۆی. کاتێک کردمەوە شەشگۆشە دارە جوواوەکەم تێدا بینی. شەشگۆشەیەکی سەوز بە پێنج قەڵشی چووکەڵەوە. وەختێک ژان باتیست ببینم دەیدەم بەو.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤٤

## پاریس، هاوینی ١٨١٣

کالیسکەچی پیەری هێنایە باخچە. ئەمن لەپەنا پەنجەرە دانیشتووموو تەماشای ماری دەکەم کە پەرداخێک لیموناد بۆ کوڕەکەی دەبا. مێشەنگوینە بەدەوری سوورەگوڵەکاندا دەفڕن. هێشتا دەنگی هەنگاوی ڕێکوپێکی ئەو سەربازانەی بە شەقامدا تێدەپەڕن دێتە بەر گوێ.

ناپلیۆن ئەو شمشە زێڕانەی لە ژێرزەمینەکانی تویلریدا شاردبوونیەوە قاڵ کردوە تا کەلوپەلی پێویستی سوپا تازەکەی پێ دابین بکا. وەک دەڵێن ئەو زێڕە بایی پتر لە سەدوچل ملیۆن فرانک بووە. بەڕاستی جێی باوەڕ نیە، ڕۆژێک پاشەکەوتی پارەی گیرفانی خۆمم بە قەرز دایە. سەدوچل ملیۆن... چەندم پێخۆش بوو بتوانم دەستێک جلی باشی ژەنراڵیی بۆ بکڕم.

دیارە ئەم قسانە پێوەندییان بە ڕابردووەوە هەیە. لەمساڵانەدا ڕۆڵەکانی فەڕانسە لە ڕووسیە مردنو لەنێو چوونو ئێستاش مێرمنداڵانو منداڵانی فەڕانسە بانگ دەکرێنە خزمەت. زۆر لەوان براونە ئەو هەنگانەی گارد کە تازە دامەزراون. ئیمپەڕاتۆر دەڵێ چوون بۆ نێوگارد ئامانجو ئاواتی هەر مێرمنداڵێکی فەڕانسەیە. بەڵام چونکە ناکرێ منداڵانو مێرمنداڵانێک بنێریە مەیدانی شەڕ کە تەنانەت بەشداری تاقە مانۆڕێکی سەربازییش نەبوون، ئیمپەڕاتۆر بە فەرمانێک تۆپچییەکانی هێزی دەریایی گوازتۆتەوە بۆ یەکەکانی پیادەنیزام. لە ناوچەکانی ئاڵپ ئەو تاقولۆقە ئەسپانەش کە لە مەزرای جووتیارەکاندا دەست دەکەوتن خڕ کراونەوە تا دەزگا تۆپەکان یان گاری (داشقە) سەربازییەکانیان پێڕاکێشرێ. بەڵام دیار نیە بۆ سوارەنیزام ئەسپ چۆنو لەکوێ دابین دەکرێن. لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەرشارێکی فەڕانسە داوا کراوە یەکەیەکی داوخواز ئامادە بکا. شاری پاریسیش هەنگ (فوج)ێکی تەواوی تەیار کردوە. دەهەزار کەس لە ئەندامانی گارد خەرجی تەیارکردنیان بۆخۆیان داوەو ژاندارمێرییش لەبەر نەبوونی هێزی ڕاهێنراو، سێ هەزار کەس لە ئەفسەرانو پلەدارانی خۆی ناردۆتە سنوورەکان. چۆنیەتیی ورەی خەڵک یەکەمینڕۆژەکانی کۆماری ساوام وەبیر دێنێتەوە. ڕۆژگارێک کە بەرگری لە سنوورەکانی فەڕانسە بۆ ئێمە مەسەلەی مەرگو ژیان بوو. ئەمجاریش وا بیر دەکرێتەوە کە بەڕاستی مەسەلەی بەرگری لە سنوورەکانی فەڕانسە لە ئارادایە. بەڵام ئەمجار منداڵانو مێرمنداڵان بۆ خزمەت بانگ کراونو ئەوانن کە سروودی مارسەی‌یەز دەخوێننەوە. هەر لەوکاتەدا سەربازانی کەمئەندام کە بەشێک لە پەیکەری خۆیان لەشەڕدا لەدەست داوە لەملاو ئەولای هەر شەقامێکدا بەرچاو دەکەونو نەخۆشخانەکانیش بە بریندار ئاخنراون. ژنان بە سەبەتەی شتکڕینەوە دێنو دەچن بەڵام بە ڕوخساری خەفەتبارو گرژەوە. شەوانە بەبێداری‌دانیشتن، نیگەرانیی بێبڕانەوە، چاوەڕوانی، سەردانو ماڵئاوایی باشترین ساڵەکانی تەمەنی وانی بەفیڕۆ داوە.

لە خوارەوەی پەنجەرەو لە باخچەکەی خۆشم... پیەر پەرداخە لیمونادەکەی تەواو کردوە. ماری پەرداخەکە لەسەر چیمەنەکە دادەنێو لەکن کوڕەکەی دادەنیشێ. دەستەکانی دەکاتە ملی. لاقی چەپی پیەریان لەبەر سەرمابردوویی لەبن ڕانیڕا بڕیوەتەوە. هیوادارین لاقێکی دارین لە ئەژنۆی ڕاستی هەڵبەستن چونکە لاقی ڕاستی لە ئەژنۆیڕا بڕاوەتەوە. دیارە ئەمەش دوای چاکبوونەوەی برینەکانی دەکرێ بەڵام مخابن کە برینەکانی بەئاسانی چاک نابنەوە. کاتێک ماری خەریکی شوتنو دەرمانکردنی برینەکەی دەبێ، پیەر لەبەر ئازاری زۆر نەعرەتەی ڕوحتاوێن دەکێشێ. ئەمن ژوورەکەی ئۆسکارم داوەتێو مارییش لەلای وی دەخەوێ. بەڵام دەبێ ژوورێکی لە نهۆمی خوارێ بۆ ڕێک بخەم، چونکە سەروخوارپێکردنی بە پلیکانەکاندا زۆر دژوارە.

***

ئەمڕۆ ئێوارێ تالیران هاتە سەردانم. بەڕواڵەت وەک ئەرکی خۆی هاتبوو هەتا زۆر هەست بەتەنیایی نەکەم. ئەمنیش وەڵامم دایەوە:

–بەهەرحاڵ هاوینێ تەنیا دەبمو بۆ بەدبەختی بە لەماڵنەبوونی هاوسەرەکەمو بوونی لە بەرەکانی شەڕ ڕاهاتووم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڵێ... لە هەلومەرجی دیکەشدا پایەبەرز تەنیا بووە بەڵام نەک گۆشەنشینو تەریک.

شانم هەڵتەکاندن. لە باغی دانیشتینو لافلووت شامپاینی فێنکی بۆ هێناین. تالیڕان پێیگوتم کە فووشێ پۆستێکی تازەی وەرگرتوەو بۆتە فەرمانڕەوای ئێلیریا. ئێلیریا ناوچەیەکە لە ئیتالیاو ئیمپەڕاتۆر ئەو فەرمانڕەوانشینەی هەربۆیە دروست کردوە تا جێگەوپێگەیەک بۆ فووشێ دروست ببێ. ئەو بە پێداگرتنەوە لێی زیاد کرد:

–ئەمڕۆ لەم هەلومەرجەدا ئیمپەڕاتۆر ناتوانێ ڕێگای پیلانگێڕان بەکەس بدا، ئەویش لەپاریس. فووشێش بەردەوام خەریکی پیلانگێڕان بوو.

–ئەدی ئەتۆ جەناب!... ئیمپەڕاتۆر لە تۆ ناترسێ؟

–هەوڵی فووشێ بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات یان پاراستنیەتی. بەڵام مەسەلەی من جۆرێکی دیکەیە پایەبەرز! ئەمن بەنیازی بەدەستهێنانی شتێک نیمو جگە لە قازانجی فەڕانسە داخوازێکی دیکەم نیە.

چاوم بە یەکەمئەستێرە کەوت کە بە ئاسمانەوە دەیزریواند. هەوا هێشتا ئەوەندە گەرم بوو کە هەناسەدانی وەزەحمەت دەخست.

تالیڕان لەنێوان دوو قومی کورتی خۆیدا گوتی:

–هاوپەیمانان! چەند زوو لە ئێمە پچڕان. لەپێشدا پڕووسییەکان کە ئیستا لەژێر فەرماندەریی بەرزی هاوسەرەکەتدان. هاوسەرەکەت ستادی فەرماندەریی خۆی لە ستڕالسۆنگ جێگیر کردوەو فەرماندەریی بەرەی شیمالیی هێزی هاوپەیمانەکانی لەئەستۆیە.

سەرم بەنیشانەی پشتگرتنی قسەکەی لەقاند چونکە ڕووژەن ئەوەی پێگوتبووم.

–لە مۆنیتۆردا خوێندمەوە کە ئیمپەڕاتۆری ئوتریش لە هەوڵی نێوبژیکردن لە نێوان فەڕانسەو ڕووسیەدایە. تالیڕان پەرداخە بەتاڵەکەی وە خاتوو لافلووت داو گوتی:

–هەوڵی ئوتریش ئەوەیە بە بیانووی ئەو نێوبژیوانییەوە دەرفەتێک بۆ ڕێکخستنەوەی سوپاکەی خۆی بەدەست بێنێ.

لێرەدا خاتوو لافلووت بەتوندی گوتی؛

–بەڵام ئیمپەڕاتۆری ئوتریش باوکی ئیمپەڕاتریسی ئێمەیە.

تالیڕان بێئەوەی گوێ بداتە قسەکەی وی درێژەی پێ دا:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەگەر فەڕانسە بشکێ، هەموو وڵاتە هاوپەیمانەکان هەوڵ دەدەن توانای دارایی خۆیان بەخەرجی ئێمە بەهێز بکەن. بێگومان ئوتریش نایەوێ لەو سفرەیە بێبەش بێو بۆیە ڕەگەڵ هاوپەیمانان دەکەوێ.

زارم وشک ببوو. ئاوی زارم قووت دایەوە تا بتوانم قسە بکەم.

-ئیمپەڕاتۆری ئوتریش ناتوانێ شەڕ دەگەڵ کچو نەوەی خۆی بکا.

-نا، پایەبەرزی خۆشەویست! ئەو ئێستاش دەو شەڕەوە گلاوە. بەڵام هێشتا خەبەرەکەی لە مۆنیتۆردا بڵاو نەبۆتەوە خانم.

ئەمن بێ هیچ جووڵەو کاردانەوەیەک مابوومەوەو تالیڕان جارێکی دیکە بە دەنگێکی گەرم گوتی:

-هاوپەیمانان هەشتسەدهەزار سەربازیان بەدەستەوەیە، لەحاڵێکدا ژمارەی سەربازانی سوپای ئیمپەڕاتۆر ناگاتە نیوەی ئەوەش.

خاتوو لافلووت کە لەبەر هەژاوی لێوی دەلەرزین دەتگوت وەک تووتی ڕستەیەک دووپاتە دەکاتەوە گوتی:

-بەڵام ئیمپەڕاتۆر بلیمەتە.

تالیڕان جارێکی دیکە پەرداخە بەتاڵەکەی بۆ لای وی ڕاداشتوگوتی:

-بەتەواوی ڕاستە خانم! بەڵی، خاوەنشکۆ بلیمەتە.

خاتوو لافلووت پەرداخی تالیڕانی پڕ کردەوە.

-لەوەش بگوزەرێین ئیمپەڕاتۆر هاوپەیمانانی ئێمەشی بۆ بەشداری لەو شەڕەدا هان داوە. بۆ وێنە دانمارک بە ناچاری شەڕی دژی سوێد ڕاگەیاندوە. بەمشێوەیە هاوسەرەکەت دەبێ دەگەڵ دانمارکییەکانیش بەربەرەکانی بکا خانمی شازادە!

-ئەو حەتمەن فکری ئەوانەشی کردوە.

لەحاڵێکدا بە بێحەوسەلەیی ئەم وەڵامەم دەدایەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم دەبێ کارێک بۆ پییەر پەیدا بکەم. سەرگەرمبوونی زۆر گرنگ بوو. جارێکی دیکە ڕووم کردە تالیڕانو پرسیم:

-شتێکت فەرموو جەناب؟

-تەنیا دەمەویست بڵێم ئەو ڕۆژەی بۆ دەربڕینی داخوازەکەم دێمە لات هێندەش دوور نیە.

ئەمجار تالیڕان هەستاو ئامادەی ڕۆیشتن بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–جەناب ئەگەر خوشکمت دیت، سڵاوی منی پێبگەیەنە. ئەو لەمێژە ناتوانێ بێتە لام، چونکە ژۆزێف شا لێی قەدەغە کردوە.

جارێکی دیکە برۆکانی تالیڕان هەڵکشان.

–بەڕاست دوو ئاجودانە وەفادارەکەت نابینم پایەبەرز!

–سەرهەنگ ویلات ماوەیەکە لەبەر ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە ڕووسیەیەو کۆنت ڕووزەنیش...

–سوێدیە باڵابەرزو مووزەردەکە، لەبیرم نەچووە.

–ئەویش چەندڕۆژ لەمەوبەر بەمنی گوت کە وەک سوێدیەکی نەجیبزادە هەست دەکا کە دەبێ لە تەنیشت وەلیعادی ولاتەکەی شەڕ بکا.

دووبارە دەنگی خاتوو لافلووت هاتە بەر گوێ کە دەیگوت:

–لەبەر ئێرەیی بە کۆنت بەراهە، ئاجودانی تایبەتیی حەزرەتی وەلیعاد.

–نا! ئەو دەیزانی دەڵێ چیو باوەڕی پێی هەبوو. سوێدیەکان خەڵکێکی زۆر جیددین خانم. هەر بۆیەش هەروەک بە ویلاتم گوتبوو بەویشم گوت، سوار بەو برۆ خوات لەگەڵ بێ. هیوادارم بەسلامەتی بێیەوە... بەڵێ قسەی بەڕێزتە جەنابو ئەمن بەڕاستی گۆشەنشینم.

تالیڕانم دەدی کە بە شەلەشەل دوور دەکەوتەوە. هەرچەند دەشەلی بەڵام شەلینەکەشی جوانو تەماشایی بوو، ڕاست لەوکاتەدا بڕیارم دا کە پێیەر بەوە سەرگەرم بکەم کە بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی ماڵێی پێبسپێرم. پێم وایە فکری چاک بوو.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پاریس، نۆڤامبر (تشرینی دووەم)ی ١٨١٣

شەوانە ترس گیانم دێنێتە سەری لووتم. چونکە شەوانە ئەمنو ترس تەنیا تەنیاین. زۆر دەمێکە وەختێک دەنووم، خەونێکی تایبەتی دەبینم. ژان باتیست بەسواری ئەسپ بەتاقی تەنیا بە مەیدانی شەڕدا ڕادەبرێ. جێگایەک وەک ئەوەی پێشتر لەکاتی سەفەر بە مارینبوورگدا دیتبووم. تەپۆڵکەی چووکەڵەی گڵ، کەلاکی ئەسپە تۆپیوەکان بە زگی هەڵدڕاوەوەو قووڵکەی گەورەگەورەی شوێنی کەوتنی گوللەتۆپەکان. ژان باتیست سواری ئەسپێکی سپییە، وەک ئەوەی زۆرجارم لە ڕێوڕەسمی ڕێژەدا دیوە. بەسەر زینەکەدا چەماوەتەوە، بەجۆرێک کە ناتوانم ڕوخساری ببینم بەڵام هەست دەکەم کە دەگری. ئەسپ لەسەر تەپۆڵکە گڵێکی تازەدروستبوو هەڵدەخلیسکێو ژان باتیست دە گڵەکە ڕۆ دەچێو ئیدی هەڵناستێتەوە.

پتر لە حەوتوویەکە لە پاریس دەنگۆیەک کەوتۆتە سەر زارو زمانان؛ ئەم دەنگۆیە باسی شەڕێکی سەخت لە لایپزیک دەکا. شەڕێک کە هیچکەس ئاگای لە وردەکارییەکانی نیە. ماری بۆم باس دەکا کە لە نانەواخانە باس باسی ئەو شەڕە بووەو ئەوە کە هەموو شتێک بەوەوە بەستراوە. نازانم ئەو ژنانەی دەچنە شتکڕین چۆن لەو بەسەرهاتە ئاگادار بوون. ڕەنگە ئەوانیش وەک من لە نوێنەکانی خۆیان دا خەو بیانگرێو خەو لەچاویان بڕەوێو هێندێ جاریش تووشی مۆتە بن.

لەپێشدا پێم وابوو ئەو ئەسپانەش کە گوێم لە دەنگی پێیان بووە، بەشێک لە خەونەکانمن. چاوم هەڵێنان، چرا شەوسۆزەکەم هێشتا داییساو دەمتوانی هەرچەند بە دژوارییش سەعاتەکە ببینم. سەعات چوارو نیوی بەیانی بوو. ئەسپێک حیلاندی. لەسەر جێیەکەم دانیشتمو گوێم هەڵخست. گوێم لێبوو بەسپایی لە دەرگایان دەدا؛ زۆر بەسپایی. دڵنیا بووم جگە لەخۆم کەس گوێی لەم دەنگە ئارامە نەبووە.

لەجێی هاتمە دەر. باڵتۆخەوەکەمم بەسەر شانمدا داو لەپلیکانەکان چوومە خوار. لە ساڵۆنی هاتنەژووردا، چراخەوەکە دواهەناسەی داو کوژایەوە. زەبرێکی دیکە... زۆر ئارام... بێگومان ئەوەی لە دەرگای دەدا نەیدەویست دانیشتووانی ئەم ماڵە بترسێنێ.

–کێ لەوێیە؟

–ویلات!

دەگەڵ ئەوەدا دەنگێکی دیکەشم بەر گوێ کەوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ڕووزەن!

گاڵـــەدانی قورســـی دەرگـــام ڕاکێشـــا. لەبـــەر شـــۆقی فانۆســـێکی گـــەورە کـــە بـــە سەردەرانەکەوە هەڵواسرابوو، دوو ڕەشایی وەک تارماییم بینین.

-لەکوێوە دێن؟

ویلات وەڵامی دایەوە:

-لە لایپزیکەوە.

ڕووزەنیش لێی زیاد کرد:

-بە پەیامێکی وەلیعادەوە.

هـەنگاوێکم بـەرەو دواو بـۆ ژووری سـاڵۆنی هاتنـەژوور هەڵێنایـەوە. لـەحاڵێکدا لەسـەرمان هەڵدەلـەرزیم، باڵتۆخەوەکـەم تونـدتر دەخۆمـەوە پێچـا. ڕووزەن چـووە لای یـەکێک لـە مۆمدانـەکانو مـۆمێکی هـەڵکرد. بـەڵام ویـلات خەبـەری نـەبوو، دیـار بـوو ئەسپەکانی بردبوونە تەویلە. ڕووزەن جلو کڵاوی کەوڵەورچی تایبەتی نارنجۆکهاوێژانی فەڕانسەیی دەبەردا بوو.

-جلوبەرگێکی سەیر، ئەویش بۆ ئەفسەرێکی سوارەنیزامی سوێدی!

-هێزەکانی ئێمە هێشتا نەگەیشتوونە فەڕانسەو شازادە فەرمانی دا ئەم جلە سەیرەو ئـەم کـڵاوە گاڵتـەجارە دەبـەر بکـەم تـا بتـوانم بێکێشـە بـەنێو هێڵـی فەڕانسـەیی‌یەکاندا تێپەڕم.

بە ڕەنجان لە بیستنی ئەم قسەیە گوتم:

-بەڕاست کڵاوی کەوڵەورچی نارنجۆکهاوێژان بەباوەڕی تۆ شتێکی گاڵتەجارە؟

ڕاست لەمساتەدا ویلات گەیشتە جێ.

-ئێمە شەووڕۆژ ئەسپمان لێخوڕیوە.

ڕوخساری چڵکن، ڕەقەڵـەو درێژووکـەی بـەو ڕیشـە نەتاشراوەوە شـینی دەکـردەوەو بەپەلەو ناڕوون دەدوا.

-ئێمە شەڕی چارەنووسمان دۆڕاند.

-سەر کەوتین. شازادە بۆخۆی لایپزیکی گرت.

ڕووزەن بەگەرمی لەسەری ڕۆیشت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ڕاست لەو کاتەدا کە شازادە لە دەروازەی گریماوە چووە نێو لایپزیک ناپلیۆن خەریکی هەڵاتن لە شارەکە بوو. بۆخۆی لەپێش سوپاکەیەوە شەڕی دەکرد، لە سەرەتا تا کۆتایی.

-ئەدی ئەتۆ بۆ دەگەڵ سوپای ڕاکردووی فەڕانسە نی سەرهەنگ ویلات؟

-ئەمن دیلی شەڕم.

-دیلی ڕووزەن؟

سێبەری بزەیەک لەسەر لێوی ویلات دەرکەوت.

-باشە... ڕەنگە... بکرێ بڵێین بەڵێ. شازادە منی دەگەڵ دیلەکانی شەڕ نەناردە کەمپی دیلەکان. بەڵام فەرمانی پێدام دەسبەجێ خۆ بگەیەنمە پاریسو لەلای شازادە خانم بم تا...

-تاچی؟

-هەتا سوپای دوژمن دەگاتە پاریس.

-کەوایە ئەوەی دیتبووم ئەمە بوو. تاقەسوارێکی تەنیا، بەشەوو بەچاوی بەفرمێسکەوە لە مەیدانی شەڕ ئەسپ لینگ دەدا.

-فەرموون بەڕێزان، باشترە بچینە ئاشپەزخانە تا قاوەتان بۆ ساز بکەم.

-خانمی شازادە ئەمن ئاشپەزەکە هەڵدەستێنم.

-بۆچی کۆنت؟ ئەمن بۆخۆم قاوە دروست دەکەم. ڕەنگە باشتر ئەوە بێ لەجیاتی ئەوە ئاورەکە هەڵکەی.

ڕووزەن بە چەپلەکی چەند بڕەداری هاویشتنە نێو ئاگردانەکە. ئاخ لەدەست ئەو پیاوماقووڵانە...

-کۆنت، لەپێشدا چیلکە وشکو وردەکان دابنێ، دەنا ئاورەکە هەڵنابێ. ویلات کۆمەگی بکە. پێموایە کۆنت لەژیانیدا تەنانەت جارێکیش سەروکاری دەگەڵ ئاگرو ئاگردان نەبووە.

ویلات ئاورەکەی کردەوەو ئەمن کترییە ئاوەکەم وەسەر نا. ئەمجار هەرسێکمان لەدەوری مێزی ئاشپەزخانە دانیشتین. چەکمەو دەستو دەموچاوی هەردووکیان قوڕاوی بوون. شەڕەکە ڕۆژانی حەڤدەو هەژدەی ئۆکتۆبر (تشرینی یەکەم) بوو. بەیانیی ڕۆژی نۆزدەیەم بێرنادۆت لایپزیکی گرت.

وەختێک ویلات ئەمەی گوت پرسیم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–حاڵی ژان باتیست باش بوو؟ بۆخۆتان ئەوتان بینی ویلات؟ سەلامەت بوو؟

–زۆر باش. بە هەردووچاوم ئەوم لەنێوەڕاستی شەڕەکەدا دیت. ڕاست لەپێش دەروازەی لایپزیک. بەڕاستی شەڕێکی سامناک بوو خانم. بێرنادۆتیش لە هەموو ماوەکەدا بە سلامەتیو هێزی تەواوەوە شەڕی دەکرد.

–ئەتۆ بۆخۆت قسەت دەگەڵ کرد ویلات؟

–بەڵێ... دیارە دوایە... دوای شکانەکە، خانم.

–سەرکەوتن سەرهەنگ ویلات! ئەمن ڕێگا نادەم.

لێرەدا دەنگی کۆنت ڕووزەن کپ بوو.

–دوایە کە ئەوتان دی چۆن بوو ویلات؟ مەبەستم... دوای شەڕەکە دەڵێم.

ویلات شانی هەڵتەکاندنو دە دڵۆپەفرمێسکی مۆمێکەوە ڕاما کە لەسەر مێزی ئاشپەزخانە داییسا. ئەمن هەستام قاوەکەم ساز کردو پاشان لەحاڵێکدا لە تەنیشت مێزەکە دادەنیشتم فنجانە قەبەو قورسەکانی خزمەتکارانم لەپێش دانانو پڕم کردن لە قاوە.

–ویلات ئەوت چۆن بینی، چۆنو چشکڵێک بوو؟

–مووی سەری ماشو برنجی بوون. خانم.

قاوەکە خەستو تاڵ بوو چونکە شەکرم لەبیر چووبوو. هەستام دەفری شەکرەکە بدۆزمەوە. لەو کاتەدا لەوە کە لە شوێنی کەلوپەلی ئاشپەزخانەکەی ماڵێ خۆم شارەزا نەبووم، هەستم بە شەرمەزاری کرد. سەرەنجام دەفری شەکرەکەم دۆزیەوەو لەسەر مێزەکەم دانا. ڕووزەن بە باوەڕنەکردنەوە گوتی:

–پایەبەرز زۆر باش قاوە دروست دەکا.

–هاوسەرەکەشم هەر پێیوابوو. ئەو شەوانەی تا درەنگوەخت کاری دەکرد، ئەمن قاوەی خەستم بۆ ساز دەکرد. ئێستا ئەتۆ پێمبڵێ کۆنت. هەرچی دەیزانی بیڵێ.

–تەنیا دەبێ بزانم لەکوێوە دەست پێبکەم چونکە ڕووداوی زۆر ڕوویان داوە. ئەمن لە قەڵای تراشتنبوورگ شازادەم دیتو کاتێک شازادە نەخشەکانی شەڕی بۆ تزاری ڕووسیە، ئیمپەڕاتۆری ئوتریشو ژەنراڵەکانی ستادی هاوپەیمانان شیدەکردەوە ئەمن لەوێ بووم. دوو ئیمپەڕاتۆرو ژەنراڵەکانیان خەریکی موتالاو لێکدانەوەی نەخشەکانی بەردەمیان بوون. بەڵام شازادە بێ هیچ یادداشتێک قسەی دەکرد. لە تەواوی ماوەکەدا پایەبەرز دە دیواری بەرامبەرییەوە ڕامابوو، کەچی ناوی چووکترین گوندو تەپۆڵکە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمناوبانگەکانیشی دەبرد. نەخشەکانی شازادە بێهیچ باسو دەسکارییەک قبووڵ کران. ئەو پێشنیاری کرد کە هێزەکانی هاوپەیمانان ببنە سێبەشو لە بەرەیەکدا بەشێوەی نیوبازنە هێرش بکەنە سەر ناپلیۆن. هەروەخت ناپلیۆن هێرشی دەکردە سەر یەکێک لەو سێ یەکەیە، دوو یەکەکەی دیکە لە دوولاوە هێرشیان دێناو ڕێگای پاشەکشەی هێزەکانی ناپلیۆنیان دەبەست. یەکێک لەوکەسانەی لەوێ بوون نەخشە جەنگییەکەی شازادەی بە بەرهەمی مێشکی بلیمەتێک ناوبرد. پایەبەرز وەڵامی دایەوە:

–بەڵێ پرۆژەکە دەتوانێ نائاسایی بێ، بەڵام بەرهەمی فکری من نیە بەڵکوو یەکێک لە شێوەکانی شەڕکردنی ناپلیۆنە.

جارێکی دیکە فنجانە قاوەکانیانم پڕ کردەوە. سەعات پێنجونیوی بەیانی بوو. ئەمجار داوام لەکۆنت کرد درێژە بە قسەکانی بدا.

– پایەبەرز بۆخۆی فەرماندەریی لەشکری شیمالی وەئەستۆ گرتو سترالسووندی کردە بارەگای فەرماندەری.

پاشان ئێمە بێرلینمان گرتو پایەبەرز  لە شارڵلووتێنبوورگ مایەوە.

–کاتێک ئەتۆ بێپێشەکی لەوێ ئامادە بووی شازادە چکاردانەوەیەکی لەخۆی نیشان دا؟

بەم پرسیارە شوێنەواری نارەحەتی لە ڕوخساری ڕووزەندا دەرکەوت.

–ڕاستییەکەی ئەوەیە کە... پایەبەرز بەتووڕەیی هاواری کرد کە ئەو بێمنیش دەیتوانی لەشەڕدا سەرکەوێو... ئەمن دەبوو لەپاریسو لەلای جەنابت مابامەوە.

سەرهەنگ ویلات لێیزیاد کرد:

–بەڵێ، دیارە ئەتۆ دەبوو لێرە مابایتەوە.

–بۆخۆت چی سەرهەنگ؟ چما بۆخۆشت نەچووی؟

–نا بەڕێز کۆنت، نا. ئەمن دەبوو بچمە بەرگری لە فەڕانسە. جگەلەوەش، پایەبەرز وەلیعادی پادشای وڵاتی من نەبوو. بەڵکوو ئی وڵاتی تۆ بوو. بەهەرحاڵ گرنگ نیە، درێژەی بدەیە.

–شازادە لە بێرلینەوە چووە گرووس بێرل، جێیەک کە لەوێ یەکەمین ئۆپەڕاسیۆنی بەرچاوی خۆی ئەنجام دا. ئێمە لەپێشدا کەوتینە بەر هێرشی تۆپخانەی ژەنراڵ ئۆدینۆ. لەدوایە سوارەنیزامی کلێرمۆن لەحاڵێکدا لەشکرێکی پیادە نیزام پشتیوانیی لێدەکرد، هەوڵی دا ڕیزەکانمان بشێوێنێو تێکبشکێنێ... ویلات وەبیری هێنایەوە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-لەشکری دووپا خانم! باشترینو بەرچاوترینی ئەو هەنگانە کە وەختێک لەژێر فەرمانی بێرنادۆتدا خزمەتیان کردبوو.

ژان باتیست چۆن توانیویەتی ئەم وەزعە دەربەرێ، چۆنی توانیوە...

-دوایە پایەبەرز فەرمانی هێرشی بە هێزەکانی قازاخ دا. قازاخەکان هێرشیان کردە سەر هەردوو قۆڵەکەی لەشکری فەڕانسە...و زۆری پێنەچوو کە تێکیان شکاندن. دوژمن ئەو تەپۆڵکەیەی زانیبووی شازادەی لێیە بەئاگری تۆپخانە دەکوتا. گوللە تۆپەکان لە دەوروبەری شازادە دەکەوتن بەڵام ئەو بێجووڵە بەسەر ئەسپەکەیەوە ڕاوەستابوو. خانم چەند سەعات ئاوا تێپەڕین. لە خوارەوەی تەپۆڵکەکەو لەنێو گەڵیەکەدا بریسکەی سەرنێزەو شمشێران چاوەکانی بەمۆلەق ڕادەگرتو بەسەر وانیشەوە هەڵۆ درەوشاوەکانی سەر ئاڵای فەڕانسەیی‌یەکان دەشەکانەوە تا ئەوەی هەموو شتێک لەژێر هەورێکی دووکەڵدا شارایەوە. لەبن ئەو کۆما هەورە هیچ نەدەبینرا، بەڵام وا دیار بوو پایەبەرز لەوەی لەوێ دەگوزەرا بەتەواوی ئاگادار بوو،و بێ چاوترووکانێک ڕاوەستان فەرمانەکانی خۆی دەردەکردن. هەتا کۆتایی هێرشی قازاخەکان بۆسەر شار پایەبەرز ئیزنی تەقەی بە تۆپخانەی ئێمە نەدا.

ڕووزەن تاوێک ڕاوەستا هەتا بحەسێتەوەو ئەمن بە حاڵەتێکی وەک تکاکردن گوتم:

-تکا دەکەم درێژەی پێبدە.

-باران دەستی بە بارین کردو ئەمن شنێلێکم بە شانی پایەبەرزدا دا. بەڵام ئەو بە تەکانێک لەسەر شانی خۆی فڕێ دا. هەوا سارد ببوو بەڵام دەنکە ئارەق بەنێوچاوانیەوە دەبریسکانەوە. لای ڕۆژئاوا فەڕانسەیی‌یەکان دەستیان بە پاشەکشە کردو دوای ئەوە پایەبەرز بەسواری ئەسپ سەری هەموو یەکەکانی سوپاکەمانی داو سوپاسی کردن. لەمکاتەدا ئەمنو کۆنت بەراهەی دەگەڵ بووین. لەنزیک چادری ژەنراڵ فێن بوولووی ئوتریش کۆمەڵێک دیلی شەڕی فەڕانسەییمان دیتن. چەندین هەزار کەس هەموو بەحاڵەتی خەبەردار وێستابوون. چونکە پرووسی‌یەکان هەمیشە دیلەکانی خۆیان بە حاڵەتی خەبەردار ڕادەگرن. کاتێک شازادە دیلەکانی دیتن، ڕاچەنیو وای نیشان دا کە دەیەویست بگەڕێتەوە. بەڵام ئەو لەحاڵێکدا لیوەکانی پێکدا گرتبوون چووە لایانو بەئارامی بەپێشیاندا تێ پەڕیو چاوی لە یەکیەکی ڕوخسارەکان کرد. لە نوختەیەک ڕاوەستاو لە حاڵێکدا ڕووی دە نزیکترین دیل بوو دڵنیای کردەوە کە ڕەفتاری باش دەگەڵ دیلەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەكرێ. بەڵام وا هەست دەكرا كە لەپڕ شەكەتی‌یەكی توند بەسەری‌دا زاڵ بووە. ئەو درێژەی بە ڕێگاكەی دا تا گەیشتە ئاڵاكانی فەڕانسە، لەوێ حاڵەتی ڕوخساری گۆڕا.

ویلات پرسی:

-كاتێک بێرنادۆت ئاڵاكانی بینین چڕووی دا؟

-پرێنس فێن بوولوو ژەنڕاڵی پڕووسی فەرمانی دابوو ئاڵاكانو هەڵۆكانی فەڕانسە لەپێش چادرەكەی وی لەسەر زەوی ڕاخەن. دیارە ئەمكارە دابێكی پڕووسی بوو، و بەفەرمانی خۆی ئەوكارە كرابوو. شازادە هیچ فەرمانێكی تایبەتی لەسەر ئەو ئاڵایانەی بەتاڵان گیرابوون دەرنەكردبوو. بۆیەش پڕووسی‌یەكان ئەوانیان لەپێش چادری ژەنڕاڵی خۆیان دە زەوی ڕۆكردبوو، و هەڵۆ زێڕینەكان لەبەر شۆقی ئاگرەكانی ئۆردووگادا دەدرەوشانەوە. وەختێک شازادە هەڵۆكانی بینین ڕاوستاو لە ئەسپەكەی هاتە خوار. ئەمجا چووە لایانو بە حاڵەتی خەبەردار سڵاوی سەربازیی لێ‌كردن. دووسێ دەقیقەیەک وا گوزەرا، سەرەنجام بەتوندی گەڕایەوە سواری ئەسپەكەی بۆوەو چۆوە ستادی فەرماندەریی خۆی.

-ئەدی دوایە؟

-نازانم. چونكە شازادە چۆوە چادری خۆی‌و فەرمانی دا هیچكەس تەنانەت بەراهەش بە بێ‌فەرمانی خۆی نەچێتە چادرەكەی. پێم وایە تەنیا فێرناند بوو كە پیاڵەیەک سووپی بۆ برد.

جارێكی دیكە هێندێ قاوەم دە فنجانەكان كرد.

-دیارە شازادە بێ هیچگومانێک ئاگاداری ئەو ڕاستی‌یە بوو كە چارەنووسی شەڕ بە شەڕی لایپزیكەوە بەستراوە. جێگایەک كە سێ سوپای هاوپەیمانان دەگەیشتنەوە یەكتر. تزار، ئیمپەڕاتۆری ئوتریش‌و پادشای پڕووس چاوەڕێی سوپای شیمال بوون. دوو شەممە هەژدەی ئۆكتۆبر شازادە فەرمانی دا تۆپەكان لە شوێنی گونجاو دامەزرێنن‌و فەرمانی هێرش بۆ سەر شاری شووتفێلدی دەركرد. بەرگری لەو شارە لە ئەستۆی هەنگی ساكسۆنی سوپای فەڕانسە بوو كە فەرماندەری‌یەكەی لە ئەستۆی مارشاڵ "نێ" بوو.

هەوڵم دا چاوم بە چاوی ویلات بكەوێ. ویلات! بزەیەک كەوتە سەر لێوەكانی ویلاتی ماندوو.

-دەبینی خانم، دەبینی؟ ئیمپەڕاتۆر باشترین هێزەكانی خۆی هەڵبژاردبوو تا بەرەورووی بێرنادۆت ببنەوە. ساكسۆنەكانیش بێ‌گومان یەكێک لەو هێزانە بوون. ئەو



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قسەکەی بێرنادۆتی لەبیر نەچووبوو کە دەیگوت ساکسۆنەکان وەک کێوی ئاسنین قایمن‌و لە مەیدانی شەڕدا وەک پیاوانی پۆڵایین تەنانەت هەنگاوێکیش بەرەودوا ناکشێنەوە. کۆنت ڕووزەن، ساکسۆنەکان لە لایپزیک چۆن بوون‌و چۆنیان بەرەنگاری کرد؟

–ئەگەر بە چاوی خۆم نەم‌دیبایە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد. باوەڕ کە پایەبەرز ئەگەر وابایە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد. سەرسوڕهێن بوو! پێش دەست‌پێکردنی شەڕ شازادە چۆوە ژووری چادرەکەی خۆی‌و پاش چەند دەقیقە بە یۆنیفۆڕمی تەواو ڕەسمیی تەشریفاتی‌یەوە لەچادر هاتە دەرێ.

–یۆنیفۆڕمی خزمەتی دەبەردا بوو؟

–نا. بۆ یەکەم‌جار لە تەواوی ماوەی شەڕدا، ئەو یۆنیفۆڕمی تەشریفاتی ڕەسمیی دەبەر کردبوو. شنێلی مەخمەری بنەوش کە لەدوورەوە سەرنجی ڕادەکێشاو پەڕە سپی‌یەکانی وشترمرغ لەسەر کڵاوی سێگۆشە. بەوەندەشەوە نەوێستا سواری ئەسپێک بوو، و فەرمانی دا شەیپووری هێرش لێبدرێ‌و بەم‌جۆرە ئەسپە سپی‌یەکەی ڕاستەوڕاست هەڵیکوتایە سەر دوژمن؛ واتە هەرئەو یەکانەی ساکسۆن...

ئەوان وەک پەیکەری ئاسنین لەجێی خۆیان ڕاوەستابوون تەنانەت گوللەیەکیشیان نەهاویشت.

ویلات دەستی کردە پێکەنین.

–نا. تەنانەت گوللەیەکیش. ئەمن‌و کۆنت بەراهە بەدوای وی‌دا ئەسپمان لینگ دەدا. لەپێش ڕیزی ساکسۆنەکان شازادە لەغاوی ئەسپەکەی ڕاکێشا. سەربازانی ساکسۆن یەکتەکان هەموویان پێشتفەنگیان کردو لەو نێوە هاوار بەرز بۆوە:

–بژی بێرنادۆت.

بەدوای ویش‌دا هاواری بژی بێرنادۆت لە فەزادا دەنگی دایەوە. شازادە دارتەعلیمەکەی خۆی هەڵیناو سەری ئەسپەکەی وەرسووڕاندو وەڕێ کەوت بەدوای ویش‌دا سەربازانی ساکسۆن بە هەنگاوی لەسەرەخۆو لەحاڵێکدا لەلایەن فەرماندەرەکانیانەوە ڕێنوێنی دەکران وەجووڵە کەوتن. بەم‌جۆرە دوازدە هەزار پیاوو چل دەزگا تۆپ هاتنە گەڵ ئێمە.

–ئەوکاتە بێرنادۆت چیی گوت؟

پایەبەرز بە فەرمانێکی کورت ڕوو بەوان شوێنی جێگیرکردنی تۆپەکانی بۆ دیاری کردن. لەماوەی شەڕەکەدا پایەبەرز چەندین سەعاتی بەدوای یەکی‌دا بەسەر ئەسپەوە تێپەڕ دەکرد. چەندین جار ئادلێر کرووز کە لەپەنای بوو دووربینی بۆ ڕاداشت بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شازادە وەرینەگرتو گوتی؛ ئـەمن دەزانـم چڕوو دەدا، دەزانـم... ئێستا ڕێنیـە پاشەکشە دەکـا. دەسـبەجێ شـووتفێڵد بگـرن..و تاوێـک دواتـر گـوتی تەقەمـەنیی "نـێ" خـەریکی تەواوبوونە. تۆپخانەکەی هەر پێنج دەقیقـە یـەکجار تەقـە دەکـا. یەکـەکانی گـارد هـەوڵ دەدەن هێڵەکانی خۆیان بپارێزن. بەڵام بۆیان ناکرێ... ئەوان تێ دەکۆشن شـاری لایپزیـک بکەنـە پـەناگا... هـەر ئـەو شـەوە پایەبـەرز لەنـەکاو گـوتی: ئیمپـەڕاتۆر لـەنێو لەشکری چوارەمە. بڕوانن، ئەو ئاگرانە ببینن. ئادلەر کڕووتز؟ ئەوێ بارەگای سەرەکیی ناپلیۆنـەو لەوێوە خەریکی دەرکردنی فەرمانەکانی شەوە. هەتا ئاخرین تۆپ بێدەنگ نـەبوو شـازادە لە ئەسپ دانەبەزی. لەوکاتەدا بەرەو ئاگرێک چـوو کـە لـەنێو ئۆردووگـادا هـەڵکرابوو،و دەسـتەکانی خـۆی گـەرم کردنـەوە. لەنـەکاو داوای بـاڵتۆ سـورمەییرەنگە یۆنیفۆڕمەکـەی شەڕی کردو هەروا کڵاوە سێگۆشە سادەکەی بێنیشانو پەڕی وشترمرغ، دەگـەڵ ئەسـپێکی حەساوەی ڕەش. وەختێک ئـەو سـوار بـوو، بەراهـە ئیزنـی خواسـت دەگـەڵی بچـێ. بـەڵام پایەبەرز جۆرێک چـاوی لێکـرد کـە هـەرگیز وێنـەی نـەبینرابوو. پاشـان گـوتی؛ فێرنانـدم دەگەڵ دێ. بەراهە بەتوندی لەو قسەیە ڕەنجا چونکە هـەرچی بـێ فێرنانـد خزمەتچییـەک زیاتر نەبوو،و...

-نا کۆنـت. بەهەڵـە نـەچی، فێرنانـد هـاوپۆلی ژان باتیسـتە. تەنانـەت ژان باتیسـت لەسەر وی لە قوتابخانە دەرکرا. بەڵام باشە. ئەو شەوە چیی دیکە ڕووی دا؟

- پایەبەرزو فێرنانـد بەسـواری ئەسـپ دوور کەوتنـەوە. ئـەمن نـازانم چوونـە کـوێ، چونکە بەری بەیانی هاتنەوە. گەشتییە نیگابانەکان شازادەیان لەکاتی هاتنەوەدا دیتبوو. ئەو جارێکیش دابەزیبوو ماوەیەک بەپێیان ڕۆیشتبوو. لەو ماوەیەدا فێرناند ئەسپەکەی بۆ ڕاگرتبـوو. شـازادە لەپـەنا تـەرمی یـەکێک لـەو پیاوانـەی لـە مەیـدانی شـەڕدا کـەوتبوون دانیشتبوو سەریی لەسەر چۆکی خۆی دانابوو. یەکێک لە گەشتییەکان گوێی لێببـوو کـە شازادە قسەی دەگەڵ ئەوپیاوە کردبوو. دەگـەڵ جەسـتەیەکی بێحـاڵ کـە بێگومـان شـازادە ئـەوی نەناسـیبوو. بـەیانیی ڕۆژی دواتـر گەشـتییەکان چووبوونـە سـەر ئـەو تەرمـەو دیتبوویان کە جەنازەی سەربازێکی فەڕانسەییە.

ئەی دواتر؟

-ئێمە خەبەرمان زانی کە پایەبـەرز پێشـنیاری بـە سـێ هاوپەیمانەکـەی خـۆی کـردوە هێرش بـۆ لایپزیـک بـەوو سـوپاکەی بسـپێرن. ئیمپـەڕاتۆری ئـوتریش، تـزاری ڕووسـیەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پادشای پرووس هەریەکەی لەسەر تەپۆڵکەیەکی جیا ڕاوەستابوونو بە دووربینەکانیان تەماشایان دەکرد... و بەپشتیوانیی خوا ئێمە هێرشمان کرد.

ویلات کە دە شوێنێکی دووری فەزاوە ڕامابوو دوایی داستانەکەی گێڕایەوە:

–بێرنادۆت لەپێشەوەی سوپاکەی خۆی هێرشی کردە سەر دەروازەی لایپزیک ناسراو بە گریما. ئێمە هێزێکی بەتوانای پیادەمان لەپێش دەروازە جێگیر کردبوو. بەڵام بێرنادۆت هێرشی قورسی خۆی بە ئاگری چڕی تۆپخانە داپۆشیبوو. جارێک ئەو بەجلوبەرگی ڕەسمیی فەرماندەرییەوە لەپێشەوەی سوارە نیزامی سوێدی پەلاماری دەروازەی دا. پیادەنیزامی خۆی ناردە پێش دوژمنو بە سەرەنێزە ورگی ئەسپەکانیان دڕی. ئەمجار سوارەنیزامی سوێدی بە پیادەیی دەستی بەشەڕ کرد. باوەڕ کە خانم شەڕی وام لە ژیانی خۆمدا نەدیوە؛ شەڕێکی تەن بەتەن. بێرنادۆت بەسواری ئەسپە سپییەکەی خۆی هەمیشە لەنێو شەڕەکەدا بوو؛ بە پەڕە وشترمرغەکانیو بە شمشێرەوە.

–بە شمشێرەوە؟

–شمشێرەکە لەکالاندا بوو، ئەو تەنیا دار تەعلیمی مارشاڵیی بەدەستەوە بوو.

–سوپاست دەکەم ویلات!

ڕووزەن گوتی:

–سەرەنجام فەڕانسەییەکان کشانەوەو... و ڕوویان کردە شکان.

–نا. ئێمە فەرمانی پاشەکشەمان پێدرابوو. لەماوەی پێنج ڕۆژدا ئێمە دووسەدوبیست هەزار گوللە تۆپمان هاویشتبوو، و ئەو کەرەسەی تەقینەوەیە کە مابوومان تەنیا بەشی شازدەهەزار گوللە تۆپی دەکرد. ئەمە تاقە هۆی فەرمانی پاشەکشە لەلایەن ئیمپەڕاتۆرەوە بوو.

ڕووزەن بە حاڵەتێکی سەرکەوتووانەوە گوتی:

–کاتێک شار کەوتە دەستی ئێمە، ئێمە هیچ تۆپێکمان لەوێ نەدی. تەنیا پیادەنیزام بوو کە ئەویشمان کشاندەوە.

–ئەو پیادەنیزامەی ئەتۆ لەپێش دەروازەی گریما دیتت تەنیا بۆ ئەوە بوو کە پشتی ئەو یەکانە بگرێ کە لە پاشەکشەدا بوونو ئێمە بتوانین هێزەکانمان لەشار بەرینە دەرێ. ئیمپەڕاتۆر...

–کاتێک پایەبەرز چووە نێو لایپزیک، ئیمپەڕاتۆری ئێوە لە دەروازەی خۆرئاواوە هەڵاتبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دوا شازده هەزار گوللەتۆپەکەش بەرەو سەربازانی بێرنـادۆت تەقێنـدران. بێرنـادۆت لایپزیکی بە هەشتاو شەش گوردانی پیادەو سیونۆ هەنگی سوارە گرت.

ڕووزەن بە سەرسامی دە ویلاتەوە ڕاماو پرسی:

–سەرهەنگ ویلات ئەتۆ ئەم زانیاری‌یانەت لە کوێ بەدەست هێناون؟

ویلات شانی هەڵ تەکاندو گوتی:

–دەتوانم کەمێکی دیکە قاوە بخۆمەوە؟

–سەرهەنگ قاوەجۆشەکە لەسەر ئاگرە، دەی کۆنت ڕووزەن پاشماوەی ڕووداوەکە چی بوو؟

– پایەبەرز چووە مەیدانی گەورەی شار کە پێـی‌دەڵێن مەیـدانی بـازاڕو چـاوەڕێی سێ هاوپەیمانەکەی دیکە بوو. پایەبەرز لە تڕاشینبێرگ بەوانی گوتبوو کە ئـەوان لەمەیـدانی شاری لایپزیـک دەبینـێ. بۆیـە لـەوێ بەسـەر ئەسپەکەیەوە چـاوەڕێ مایـەوە. بەڕێکـەوت لەوکاتەدا دیلە فەڕانسەیی‌یەکانیان بەوێدا دەبرد. ئـەمن لـە چـاوانی نیـوەکراوەی شـازادە وام هەست پێکرد کە ئاگای لەوان نیە. بەڵام لەنەکاو دارتەعلیمە مارشاڵی‌یەکەی هـەڵینا، سەرهەنگێکی نیشان داو گوتی:

–ویلات! وەرە ئێرە ویلات!

جارێکی دیکە سەرهەنگ ویلات نۆرەقسەی وەرگرتەوەو گوتی:

–ئەمن لە ڕیزێ هاتمەدەر خانمو چۆنیەتیی دیداری منو ئەو ئەوە بوو کە گـوتم. ئـەو لەمنی پرسی:

–ویلات! ئەتۆ لێرە چدەکەی؟

–بۆ بەرگری لە فەڕانسە لێرەم مارشاڵ.

لەکاتی دانەوەی ئەم وەڵامەدا بەئەنقەست ئەوم بە دەنگی بەرز بە مارشاڵ ناو برد.

–کەوایە دەبێ بڵێم زۆر خەراپت بەرگری لـە فەڕانسـە کـرد ویـلات. جگەلـەوەش ئـەمن داوام لێکردبووی لە پاریسو لەلای خێزانم وەمێنی.

–هاوسەری مارشاڵ بۆخۆی منی ناردە بەرەی شەڕ.

وەختێک ئەم وەڵامەم دایەوە ئەو هیچی نەگوتو ئەمن لـەحاڵێکدا لەپـەنا ئەسپەکەی ڕاوەستابووم چـاوم لـەو دیلانـە کـرد کـە بـەڕیز بەپێشـی‌دا تێدەپـەڕین. چونکـە ماوەیـەک تێپەڕی وامزانی منی لەبیر چۆتەوەو بیرم کردەوە کـە دەبـێ چەنـدی زوویـە ئـەوێ بـەجێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێڵم. بەڵام کە ویستم بڕۆم بێرنادۆت لەسەر ئەسپەکەی داهاتەوەو توند چنگی لەشانم داگرتو گوتی:

-سەرهەنگ ویلات! ئەتۆ زیندانییەکی شەڕی. ئەمن فەرمانت پێدەکەم دەسبەجێ بچیەوە پاریسو بەرپرسایەتیی خۆت لە ماڵی من لەلای هاوسەرم وەئەستۆ بگری. دەمەوێ وەک ئەفسەرێکی فەڕانسەیی قەولم پێبدەی کە هاوسەرەکەم بەجی نەهێڵی هەتا ئەوەی...

-هەتا؟

-هەتا بۆخۆم دەگەمە وێ.

ئەمە دەقی قسەکەیەتیو ئەمنیش قەولی شەڕەفم داوە خانم.

ئەمن سەرم داخستو گوێم لە دەنگی ڕووزەن بوو کە دەیگوت:

-پاش ئەوە شازادە ڕووی کردە منو گوتی:

-ئەتۆش کۆنت ڕووزەن دووەمین ئاجودانی بەوەفای هاوسەرەکەمی ئەتۆش دەگەڵ سەرهەنگ ویلات بچۆ پاریس.

-هەر بەو یۆنیفۆڕمە سوێدییەوە پایەبەرز؟ هێشتا هاوپەیمانان بەڕەسمی نەچوونە فەڕانسە.

پایەبەرز تەماشایەکی ویلاتی کردو گوتی:

-سەرهەنگ! ئەتۆ بەرپرسی کە ڕووزەنی بەسلامەتی بگەیەنیە پاریس. بۆخۆت ڕێکی بخە چۆن وەک غەیرەنیزامییەک بڕوا تا بەسلامەتی بگاتە لای خێزانم لەماڵێ. ئەتۆش ڕووزەن بەرپرسی ئاگاداری لە زیندانییە جەنگییەکەمانی.

قسەکانی بۆ من دوور لە تێگەیشتنو ئاڵۆز دیار بوون. بۆیە پرسیم:

-ئاخر کێ زیندانیی کێیە؟

بەڵام دەتگوت هیچیان گوێیان لە قسەکەی من نەبووەو ویلات لەسەری ڕۆیشت:

-بۆیە بەوجۆرە ئەمن دەبێ دەستێک جلی یۆنیفۆڕمی فەڕانسەیی بۆ پەیدا بکەم. چونکە وانەبێ ناتوانم بەسلامەتی بەنێو ڕیزەکانی خۆمانیدا تێپەڕێنم مارشاڵ.

-ویلات کلاوێکی کەوڵەورچی لەسەر نێو ئەتۆش کۆنت ڕووزەن ئەم کلاوە کەوڵەورچە بەشانازییەوە بکە سەرت و پێش ئەوەی هیچکام لە ئێمە قسەیەک بکەین بێرنادۆت فەرمانی دا:

-بەرەو پێش... بەئاواتی دیدار کۆنت. بەئاواتی دیدار ویلات!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمن ئەسپێکم بۆ ویلات پەیدا کردو ئەویش دەستێک یۆنیفۆرمی فەڕانسەیی بۆ پەیدا کردم. ئیدی بەپەلە نانێکمان خواردو سواری ئەسپەکانمان بووین. لەوکاتەوە تائێستا بەڕێوە بووینو ئێستاش ئەوە لێرەین.

کوتکی سەعات شەشونیوی بەیانی ڕاگەیاند.

-هێزەکانی ئێمە هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە دەبێ بە هەڵاتن لە ئێلستێر تێپەڕنو هەر لەوکاتەشدا مارشاڵ پۆنتیاتۆڤیسکی لە ڕووباردا خنکا.

-ئیمپەڕاتۆر چی؟

ویلات شانی هەڵتەکاندنو گوتی:

-ئەو هیوادارە بتوانێ بەرگری لە سنوورەکانی ڕاین بکا. بەڵام ئەگەر ئەوەشی بۆ نەگونجێ، هەرنەبێ بەرگری لەپاریس دەکا.

ئەنیشکم وە مێزی ئاشپەزخانە داو دەستم لەسەر چاوانم دانا. سنوورەکانی ڕاین... چەندینساڵ لەمەوبەر پیاوانی فەڕانسەیی وەڵامی بانگەوازی بەرگری لە فەڕانسەیان دایەوەو بەرگرییان لە سنوورەکانی ڕاین کردو چەند پیاوانەش ئەو ئەرکەیان ئەنجام دا. لەوکاتەدا ژان باتیست ژەنڕاڵ بوو.

کەسێک هاتە ئاشپەزخانەو بە دەنگێکی وەک هەورەتریشقە هاواری کرد:

-بێ ئیزنی من هیچکەس نابێ بێتە ئاشپەزخانەی من... ئای... ببوورە پایەبەرز. سەرم هەڵبڕیو دیتم سەرئاشپەزە قەڵەوەکە لە بەرامبەرم وێستاوە. یەکێک لە خزمەتچییەکانی ئاشپەزخانە بەترسەوە پەنجەرەی کردەوەو بەوجۆرە شۆقی خۆڵەمێشڕەنگی بەیانی ڕژایە ژوورەوە. لەنەکاو لەرزیمو هەستم بە سەرما کرد

- پایەبەرز! فنجانێک شکۆلاتی گەرم؟

بەبیستنی پێشنیاری سەرئاشپەز سەرم ڕاوەشاند. نەفەرێک کۆمەگی کرد تا لەجێی خۆم هەستام. ویلات زیندانییە جەنگییەکەم.

ئیدی ڕووم کردە دوو قارەمانەکەمو گوتم:

-باشترە بچنە ژوورەکانتان بەڕێزان. ئەوان چۆنتان بەجێ هێشتوون هەر وان.

ئەمجار پارچەیەکی تۆزتەکاندنم داوا کرد. خزمەتکاری ئاشپەزخانە بە نیگەرانی چاوی لێکردم. پرسیم:

-هەتا ئێستا دەسرۆکەی تۆزتەکاندنت نەدیوەو نازانی چیە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنـــی بەســـتەزمان بەترســـەوە ئیکلامـــی کێشـــاو دەســـبەجێ دەســـرۆکەیەکی سـفرەپاککردنەوەی سـپیی هێنـا. وا دیـار بـوو خزمـەتکاری ئاشـپەزخانە ئـەوی بـە گونجـاوترین دەسرۆکەی تۆزتەکانـدن بـۆ هاوسـەری وەلیعادێـک دانـابوو. وەرم گـرتو چوومە ژوورەکەی ژان باتیست. دەسرۆکەکەم بـە مێـزی پـەنا تـەختی خەوەکـەیدا هێنـاو هەستم بە بەدبەختی کرد. ژوورەکە چۆڵوهۆڵ دیار بوو. لـەمێژ بـوو ژان باتیسـت هـەرچی بووی ناردبوویە ستۆکهۆڵم. کتێب، تـابلۆ، پەیکـەرو... ئیـدی لـەم ژوورەدا شـتێک نـەبوو ئەو سەرنجی بداتێ.

پەنجەرەم کردەوە تا ژوورەکە هەوا وەرگرێ. باغەکە وەک دوێنـێ بـوو،و ئـەمڕۆ وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە. بەڵام ڕووسەکان، ئوتریشیەکانو پرووسیەکان بـەم زووانـە لـە ڕاین دەپەڕنەوە. ڕووسەکان، ئوتریشیەکان، پرووسیەکانو سوێدیەکان.

دەنگی هاواری ماریم هاتە بەر گوێ:

بە باڵتۆی خەوەوە لە پێش پەنجـەرەی کـراوەوە ڕامەوەسـتە! زوو بچـۆوە ژوورەکـەت ئەگینا سەرمات دەبێ. بلێ بزانم لەجێدا ئەتۆ لێرە چدەکەی؟

–دەمەوێ ژوورەکە بۆ ژان باتیست ئامادە بکەم. فەڕانسە شکاو قشوونی هاوپـەیمانان بەرەو پاریس وەڕێ کەوتوون. ژان باتیست دێتەوە ماڵێ، ماری!

–دەبێ لەخۆی شەرمەندە بێ...

ئـەم دەنگـە لـەنێو ددانـە قفڵکراوەکـانی ماریـەوە هاتـە دەرێ. چـاوی دیتنـیم نیـە. سوارەنیزامی من... سوارەنیزامی بەستەزمانی من.

***

## ٤٦

## پاریس، دواحەوتووی مارس (ئادار)ی ١٨١٤

لە نانەواخانە بیستم کە قازاخەکان بێحورمەتی بە ژنان دەکەن، تـەنانـەت بـە ژنـانی بەساڵداچووش.

ماری لەوپەڕی پەرێشانیدا ئەم خەبەرەی پێدام.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–لەوانەشە پیرەکان پتر پەسند بکەن ماری!

–ئووژنی گاڵتەم دەگەڵ مەکە.

–گاڵتە ناکەم. قازاخەکان باوەڕیان وایە ژنی پیر بەختیاری دێنێ.

–قسەی لابەلا مەکە.

–چما درۆ دەکەن ماری؟ ئەتۆ دەبێ باشتر بزانی.

شانهەڵتەکاندنم لەکاتی گوتنی ئەم قسەیەدا ماریی تووڕەتر کرد.

–کێ ئەم قسەیەی کردوە، ها؟

–ویلات!

ماری کە ئەمجار نێوچاوانی تێکنابوو گوتی:

–ناتوانی لە کۆنت ڕووزەنی سوێدی بپرسی داخوا ئەم قسەیە ڕاستە یان نا؟ هەرچی بێ هاوپەیمانی وانن‌و دەبێ لە خەڵکی دیکە باشتر ئاگادار بن.

–ئەمن ناتوانم شتێکی وای لێبپرسم. هاوسەری وەلیعادێک نابێ لە شتی وا بپرسێ...

بە بیستنی دەنگێکی وەک هەورەتریشقە قسەکەم ناتەواو ما. ئەمە یەکەمجار بوو کە دەنگی وام دەبیست. ماری بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

–گرمەی هەورەتریشقە ئەویش لە مانگی مارس‌دا؟

دە یەکترەوە ڕامابووین. جارێکی دیکە ئەو دەنگە دووپاتە بۆوەو ئەمن لەژێر لێوانەوە گوتم:

–تۆپەکان گەیشتوونە دەروازەی شار.

ئێستا دوو ڕۆژ لەو وتووێژە تێپەڕیوە. لەوکاتەوە گرمەی تۆپو تەقەی تفەنگ لەحزەیەکیش بێدەنگ نەبووە.

لەو ماوەیەدا زۆرجارمان بیستوە کە هێزەکانی ئیمپەراتۆری ئوتریش تا چەند لەحزەی دیکە دەگەنە دەروازەکانی شار، یان ئەوە کە قازاخەکان خەریکی گرتنی پاریسن‌و دەیانەوێ ماڵەکان بسووتێنن. پڕووسییەکان چەند حەوتوو پێش لە ڕاین پەڕیونەوەو بەهاواری بەرەوپێش بۆلای پاریسەوە بەڕێوەن‌و لەو نێوەدا بێگومان ناپلیۆنیش لە هەوڵی ئەوەدایە بەری هاتنەپێشی هاوپەیمانان بگرێ. بەڵام لەپاریس ئێمە خەبەرێکی وامان لە شەڕەکانی وی نیە. مۆنیتۆریش تەنیا باسی سەرکەوتنە پەیتاپەیتاکانی لێرولەوێ دەکا. زۆر لەمێژە ئیدی مۆنیتۆڕ ناخوێنینەوەو ئێستاش تۆپەکان دەروازەکانی پاریسیان کردۆتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشـانە. داخـوا ئەمـە دەنگـی تەقـەی هێزەکـانی خۆمانـە؟ یـان... ئوتریشـیو ڕووسو پڕووسییەکانن؟

تـەواوی ڕۆژەکـانم بـە چـاوەڕوانیو گومـانبردن دەگـوزەرێن. نـازانم ژان باتیسـت لـە کوێیەو تەنیا ئەوەندە دەزانم کە بەڕێوەیە بۆ پاریس. ئێستا ئەمشەو، سبەی شەو نازانم. ژوورەکەی ئامادەیە. بەڵام زۆر لەمێژە نە لەوو نـە لـە ئۆسکارەوە نامـەم پێنەگەیشتوە. ئـەڵمانو فەڕانسـە کەوتوونـە بـەینمانو سـەرزەمینە گـەورەکانی نێوانمـان بـە مەیـدانێکی گەورەی شەڕ دەژمێردرێن. لەونێوەدا جاروبار هێندێ یادداشتو نامـەی کورتمـان بەدەست دەگاو هەر لەم ڕێگایەشەوە بوو کە تێگەیشتین ژان باتیست دوای شەڕی لایپزیک خۆی لە وەدواکەوتنی هێزە فەڕانسەییەکان لە لێوارەکانی ڕاین بواردوەو هەروەها ئاگادار بـووین کـە لـە هـەموو لەشکرەکەی تـەنیا سـیهەزار سـەربازی سـوێدیی دەگـەڵنو بـەرەو شـیمال ڕۆیشـتوە. ئـەو لـە هانۆڤـەر تێپـەڕیبوو، بێگومـان بیرەوەرییـەکی ڕابردووشـی تـازە کردۆتەوە. بەڵام ژان باتیست داخـوا ئـەمنیش بـە بەشـێک لـە بیرەوەرییـەکانی ڕابـردووت دەژمێـردرێم یـان نـا؟ خەبـەری هێـرڤێن بێتهـۆڤێنو ئـارەزووە لەدەسـتچووەکەی چیـە؟ سـەرۆکوەزیری ویێترسـتێدو ژەنراڵـەکانی سـوپاکەی خۆشـی دەگـەڵنو هـەوڵ دەدەن تێیبگەیەنن کە تەنیا داخوازی هاوپەیمانان لەو، پەڕینەوە لە ڕاینە. بەڵام ژان باتیست لە نامەیەکدا بۆ تزار داوای ڕێزدانان بۆ سنوورەکانی فەڕانسەی کردوەو وەبیری هێناوەتـەوە کـە فەڕانسـەو نـاپلیۆن یـەک نـینو ئـەوەی شکاوە ناپلیۆنـە نـەک فەڕانسـە... ئێسـتاش پڕووسییەکان، ڕووسەکانو ئوتریشییەکان خەریکی پێشڕەوی لـەنێو خـاکی فەڕانسـەدان. بەڵام ژان باتیست بەشێوەی خۆی درێژە بەشەڕ دەدا...

وا دێتە بەرچاو تۆپەکان نزیکتر بووبنەوە. داخوا مارموون پاریس دەپارێزێ؟ بـەرگری لـە پایتـەخت بـە لەشـکرەکەی ئـەو سـپێردراوە. مـارموون ئـەو کەسـەیە کـە جـارێکیش خوازبێنیی لەمن کردبوو. خوایە گیان ناپلیۆن قەدیمو ئەوکاتەی لە مارسەی بـووین چیـی دەربارەی ئەو دەگوت؟ بەڵێ وەبیرم هاتەوە. ناپلیۆن دەیگوت پیاوێکی بەهۆشـەو هیـوادارە بە پشتبەستن بەمن پلەکانی سەرکەوتن ببڕێ. نا! مـارموون بـەرگری لـەپاریس ناکـا یـان هەر نەبێ لەبەر خاتری ناپلیۆن ئەوکارە ناکا.

ژان باتیسـت دەگـەڵ هێـزە سـوێدییەکانی بـەرەو دانمـارک لـە پێشـڕەویدایە. مـانگی سـێپتامبر (ئـەیلوول) نـاپلیۆن سـەرەنجام دانمارکییـەکانی هـان دا بـەدژی سـوێد شـەڕ ڕابگەیـەننو ئـەوانیش بـە نابـەدڵی داخوازەکـەیان قبـووڵ کـرد. بـەڵام پادشـای دانمـارک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فریدریکی شەشەم بەتوندی پابەندی یەکیەتی دەگەڵ فەڕانسە بوو،و پێی لەسەر دادەگرت. نازانم بۆچی؟ زۆرم هەوڵ دا تا ئەو فریدریکەم وەبیر هاتەوە، چونکە تەنیا یەکجارم بینیبوو. کوڕی ئەو کریستیەنە شێتەو لە شاژنە جوانەکەی کارۆلین ماتیلدی ئینگلیسی بوو. ئەم شاژنە جوانە ئاشقی سترووسی، سەرۆکوەزیری کریستیەن بوو،و هەربۆیەش سەرۆکوەزیر ئیعدام کرا. ئەم کوڕە هەرگیز ناوی دایکی خۆی نەدەبردو دەیەویست بەوەی ڕەگەڵ ناپلیۆن بکەوێ تۆڵە لە ئینگلیستانی وڵاتی دایکی خۆی وەرگرێتەوە. ئەم کوڕە... بەڵێ دوور نیە ئەم کوڕە دایکی خۆی زۆر خۆشویستبێ‌و بەچاوی ئێرەیی ڕوانیبێتیە ئەو تۆزە خۆشحاڵی‌یەی وی. سەیرە، کوڕان چەند بێبەزەیی‌یانە داوەری لەسەر دایکانی خۆیان دەکەن‌و ئێمە دایکانیش.

شووشەپەنجەرەکان بەتوندی دەلەرزنەوە. تۆپەکان زۆر نزیک کەوتوونەوە. باشترە درێژە بە نووسین بدەم‌و بیر لە ژان باتیست نەکەمەوە. ژان باتیست لە غەمی شەڕی خۆی‌دایەو لەحاڵی بەرەوپێش‌چوون لە شێلزووبێک‌دا. دیارە ئەم بەرەوپێش‌چوونە پتر وەک ڕێژەیەکی سەربازی دەچێ تا شەڕێکی ڕاستەقینە. ئەو لە "کیل"ەوە نامەیەکی وشیارکردنەوەی بۆ پادشای دانمارک ناردوە. ژان باتیست لەنامەی خۆی‌دا داوای کردوە نۆڕوێژ بدرێتە سوێد؛ دیارە لە بەرامبەر یەک ملیۆن "ڕیسکداڵ"دا کە سوێد بیداتێ.

نامەیەکی نهێنی لە سوێدەوە بۆ کۆنت ڕووزەن هاتو ئاگادار بووین کە دانمارک ڕازی بووە نۆڕوێژ بداتە سوێد بێجگە لە گرینلەند، دوڕگەکانی فاڕوو و ئیسلەند. لەبارەی ملیۆنە ڕیسکداڵەکەشەوە پادشای دانمارک ئامادە نەبووە قبووڵی بکاو گوتوویە حازر نابێ نۆڕوێژ بفرۆشێ...

پاش خوێندنەوەی نامەکە کۆنت ڕووزەن کە بە ڕوخسارێکی خەمناکەوە چاوی لەمن دەکرد گوتی:

–پایەبەرز هاوسەری وەلی‌عادی سوێدو نۆڕوێژ!

چاوم لە نەخشە کرد نۆڕوێژم لەسەر نەخشە دیتەوەو پرسیم:

–گرینلەند چی؟

ڕووزەن لەحاڵێک‌دا نوختەیەکی سپیی لەسەر نەخشە نیشان دەدا، گوتی:

–بە بەفرو سەهۆڵ داپۆشراوە پایەبەرز.

زۆر بەوە خۆشحاڵم کە دانمارکی‌یەکان گرینلەندیان بۆخۆیان ڕاگرتوە. دوور نەبوو ژان باتیست داوام لێبکا لەو نوختە سپی‌یەی سەر نەخشە بژیم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو ئەمانە دەنووسم بۆ ئەوەی بەمهۆیەوە خۆم لەچنگ ئەو نیگەرانیو دڵەخورپە مەزنە ڕزگار بکەم. ژان باتیست ئیدی لە کیل نەماوە. ئەو لە... نازانم کوێیە. ئەو لە سێحەوتوو پێش ئێستاوە بزر بووە. ژان باتیست سەرەنجام ملی بۆ ویستی هاوپەیمانان دەربارەی پێشڕەوی بەرەو ڕاین ڕاکێشاو دیارە نەک بۆ پەڕینەوە لەڕاین... بۆ دواجار ئەویان لە "لیژ"ی بێلژیک دیوە. ئەو لەوێ کالیسکەیەکی پەیدا کردوەو دەگەڵ کۆنت بەراهە ون بووە. کەس نازانێ بەکوێداو بۆکوێ چووە. زۆرکەس پێیان وایە ناپلیۆن دەگەڵ ئەوەی نائومێدیش بووە بەنهێنی داوای هاوکاریو کۆمەگی لێکردوە. دەنگۆیەکی دیکە دەڵێ ژان باتیست دەگەڵ تزار کە ئامادە نیە سنوورەکانی ١٧٩٤ی فەڕانسە بەڕەسمی بناسێ بەتوندی دەمەقاڵەی بووە. ڕۆژنامەکانی پاریسیش لە وتارەکانیاندا ژان باتیستیان بە شێت ناو بردوە. ماریو ئییووت ڕۆژنامەکان لەمن دەشارنەوە بەڵام لافلووت هەمیشە لە سالۆنیان دادەنێ. خەبەرەکان وا نیشان دەدەن کە باوکی ژان باتیست لە سەرەمەرگدا شێتێکی تەواو بووەو برایەکەشی خەریکە شێت دەبێ. نا! ئیدی نامەوێ درێژەی بدەمێ. خۆ ئێستا کەس نازانێ ژان باتیست لە کوێیە. کەوایە دەکرێ لە فەڕانسەش بێ. لەوانەیە خەریکی پێوانی ئەو شەقامانە بێ کە ڕووسەکانو پڕووسییەکان هەنگاو بە هەنگاو گرتوویانن. لەوانەیە سەیری زەوییە سەروبنکراوەکانو ماڵە خاپوورکراوەکان بکا... نامەیەکم لە لیژەوە بەدەست گەیشت. کۆنت لوونژین لەمنی پرسیبوو داخوا خەبەرێکم لە وەلیعاد هەیە؟و دەزانم دەکرێ لەکوێ بێ.

نازانم جەنابی سەرۆکوەزیر بەڵام دەتوانم بڵێم ئەو بەڕێوەیە بۆماڵێ. هاتنەوەماڵ بەنێو وێرانەکانداو واش تێدەگەم یۆنیفۆرمە ڕەسمییەکانی دەبەردانو سەرکەوتووانە بەرەوپێش دێ. ناتوانم وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە جەنابی سەرۆکوەزیر... تکایە پشووت لەسەرخۆ بێ. وەلیعادیش مرۆڤێکە. لەمڕۆژانەدا لێیگەڕێن. لەوڕۆژە ڕەشوتاریکو شەوە...

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٤٧

## پاریس، سی (٣٠)ی مارسی ١٨١٤

سەعات حەوتی بەیانیی ئەمڕۆ ماری بێپرس هاتە ژوورەکەمو گوتی:

-دەبێ چی زووترە بچیە تویلری.

بە خەواڵوویی‌و بە باوەڕنەکردنەوە چاوم لێکرد.

-بچمە تویلری؟

-ژۆزێف شا کالیسکەیەکی بەدوادا ناردووی تا هەرئێستا بچیە لای ژوولی.

هەستامو خێرا خۆم گۆڕی. ژۆزێف فەرمانداری سەربازیی پاریس بوو،و هیوادار بوو بتوانێ بەرگری لە پاریس بکا. ژوولییش لەژێر فەرمانی مێردەکەیدا بوو،و ئێمە هەردووکمان چەند مانگ بوو یەکترمان نەدیبوو، ئێستاش پەیامێکی وا هاتبوو.

-دەتەوێ یەکێک لە ئاجودانەکانت هەڵستێنم؟ کامەیان؟ دیلی جەنگی یان ئاجودانی هاوپەیمان؟

ویلات دیلی جەنگیی منەو ڕووزەنیش ئاجودانی هاوپەیمانم.

-پێم وانیە بۆ دیتنی ژوولی پێویستیم بە ئاجودان هەبێ.

-لەجێدا ئەمن تێناگەم ئەتۆ بۆ هەمیشە ئەفسەرێک دەگەڵ خۆت دەبەی؟

هەوا سارد بوو،و کالیسکە بە شەقامە چۆڵەکاندا دەچووە پێش. خۆڵماڵەکانی شار نوسخەی ڕێکنوشتاوی بەیاننامەکانیان لەسەر شەقامەکان دەماڵی. داوام لە کالیسکەچی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرد ڕاوەستێ چونکە دەمەویست یەکێک لەوان بخوێنمەوە. ئەو پێشخزمەتەی دەگەڵ کالیسکەکە بوو بازی دایە خوارێو یەکێک لەوانی لەنێو جۆگەلەی قەراغ جادەکە هەڵگرتەوە.

پاریسی‌یەکان تەسلیم بن! هەر ئەوکارە بکەن کە براکانتان لە بۆردۆ کردیان. لوویی هەژدەیەم لەسەر تەخت دانیشێننو ئاشتی بۆ فەڕانسە بگێڕنەوە.

بەیان‌نامەکە بەئیمزای فین شوار زێنبێرگ سەرفەرماندەری هێزەکانی ئوتریش بوو. خۆڵماڵەکانی پاریس زۆریش لە غەمی لوویی هەژدەیەمدا نەبوونو بەپەلە ئەو بەیان‌نامانەیان گەسک دەدا کە بەشەوو دوور لەچاوی خەڵک لەشاردا بڵاو کرابوونەوە.

لە ڕووناکیی کەمی بەیانی‌دا ، لەپێش دەرگای چوونەژووری تویلری هەنگێکی سوارەنیزامی زرێپۆشم بینی کە وەک پەیکەرێک بێجووڵە ڕاوەستابوون. کە چوومە حەوشەی کۆشک چاوم بە ژمارەیەکی زۆر کالیسکە کەوت کە جێژنەکانی هەڵپەڕینی دەرباریان وەبیر دێنایەوە. لە نزیک دەرگای چوونەژووری کۆشک دە کالیسکەی سەوز بە نیشانی تایبەتی پادشایەتی‌یەوە ڕاوەستابوون. کۆمەڵێک کالیسکەی موسافیربەرو داشقەی بارهەڵگر لە هەموو شوێنێک بەرچاو دەکەوتن. گرووپێک لە خزمەتکارانیش هاتوچۆیان دەکردو سندووقی ئاسنی گەورەگەورەیان لە داشقەکان بار دەکردن. بیرم کردەوە کە بێگومان جەواهێراتی پادشایەتیو گەنجینەکانی بنەماڵەی پادشایەتین. سندووقە پارەکان یەک لەدوای یەک بەبەر دەم چاودێرەکانو ڕوخسارە ئارامو بێموبالاتەکانی نیگابانان‌دا دەگوازرانەوە نێو داشقەکان.

چونکە نەدەکرا کالیسکەکە پتر بچێتە پێشێ، دابەزیمو بەپێیان بەنێو ئەو کالیسکانەدا کە چاوەڕوانی نۆرە بوون بەرەو کۆشک چوومو داوام لە نیگابان کرد خەبەری هاتنم بە ژۆزێف ڕابگەیەنێو پێم داگرت کە:

–تەنیا بەو بڵێ کە ژن‌خوشکی لێرەیە.

نیگابان چاوێکی پڕلە سەرسوڕمانی لێکردمو وەڵامی دایەوە:

–زۆر باشە پایەبەرز. تێگەیشتم کە هێشتا منیان لەبیر نەچۆتەوە. سەرسوڕمانەکەم کاتێک بەوپەڕی گەیشت کە دیتم منیان ڕێنوێنی کرد بۆ شوێنی مانەوەی ئیمپەڕاتریس. کە پێم نایە دەرگای سالۆنی گەورەوە بۆ ساتێک دڵم لەجێی خۆی نەما. ناپلیۆن؟! بەڵام نا ئەمە ژۆزێف بوو کە دەستی لەپشتەوە گرتبوونو بەرامبەر بە کوورەخانەکە ڕاوەستابوو، و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەپەلە قسەی دەکرد. ئیمپەڕاتریس کە ئێستا بەرناوی جێگری پادشای وەرگرتبوو لەتەنیشت خاتوو لیزیا لەسەر مۆبلێک دانیشتبوو. ناپلیۆن لە نەبوونی خۆیدا تەواوی دەسەلاتی بەڕێوەبردنی ولاتی دابووە ئیمپەڕاتریس. خاتوو لیزیا بەشێوەی خەلکی لادێ کۆلوانەیەکی بە شانانددا دابوو بەلام ئیمپەڕاتریس بالتۆی سەفەری دەبەرداو کلاوێکی لەسەر بوو. ڕەفتاری ماری لوویز وەک میوانێک بوو کە دەرفەتێکی زۆری بۆ دانیشتن نیە. لەو نێوەدا چاوم بە مێنوال کە ئێستا ببووە کاتبی جێگری پادشاو چەند سەناتۆر کەوت. لەدوای خاتوو لیزیاشەوە ژێرۆم پادشای وێستفالی ڕاوەستابوو کە دیارە ماوەیەک پێش هاوپەیمانان ولاتەکەیان گرتبوو. مندالە زۆرخۆرەکەی ڕۆژانی ڕابردوو ئێستا لاوێکی بالابەرزو باریکەلە بوو کە یۆنیفۆرمێکی ڕازاوەو بێکەموکوڕیی دەبەردا بوو. ژوورەکە بەشۆقی مۆمەکان بەتەواوی ڕووناک بوو،و تێکەلبوونی ئەو شۆقە دەگەل ڕووناکایی کەمڕەنگو خۆلەمێشیی بەیانی حالەتێکی ئەفسانەییو ناواقیعیی بەوێ بەخشیبوو. کاتێک چوومە ژووری ژۆزێف لەحالێکدا دەستی دەگیرفانی ڕاکردبوو بەدوای نووسراوێکدا دەگەڕا گوتی:

-لێرە... بڕوانە... هەموو شتێک نووسراوە. "ریمس، شازدەی مارسی سالی ١٨١٤. فەرمانە نەنووسراوەکانی من هەر ئەوانە بوون کە گوتمن..." و دوایە لێی زیاد دەکا فلانو فیسار... ئەوەی مەبەستی منە ئەوەیە، سەرنج بدەن؛ کوڕەکەم بەتەنیا مەهێلنەوەو لەبیرتان بێ کە ئەمن پێم باشترە لە قوولایی ئاوی سێندا بیبینم نەک لە دەستی دوژمنانی فەڕانسەدا. چارەنووسی ئاستیاناکس یەخسیری یۆنانییەکان، لە ڕوانگەی منەوە خەمبزوێنترین چارەنووسی هەمیشەی مێژوویە. براو دۆستی ئێوە ناپلیۆن.

ژێرۆم کە پاش هاتنەوە لە ئەمریکا کەمێک ئارامترو تۆزێکیش بەلووتی قسە دەکا گوتی:

-دوێنێ ئەم نامەیەتان بۆ شووڕای حکوومەتی خوێندەوە. ئێمەش هەمووومان لە بیروبۆچوونی ناپلیۆن دەربارەی چارەنووسی ئاستیاناکس ئاگادارین. ئێستا بلێن بزانم چڕێگایەک هەیە کە ئەم مندالە نە بکەوێتە بەر شەپۆلەکانی سێنو نە بکەوێتە دەستی دوژمنانی ئێمە؟

ژۆزێف لەحالێکدا نامەیەکی دیکەی لە گیرفانی دەردێنا گوتی:

-ناپلیۆن نووسیویەتی بەپێیەکی قایم لەپێش دەروازەکانی پاریس ڕاوەستنو بەرەنگاری بکەن. لە هەر دەروازەیەک دوو تۆپ دامەزرێننو پارێزگاری لەوان بە گاردی



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

نیشتمانی بسپێرن. لە هەر دەروازەیەک پەنجا کەس بە ساچمەزەن یان تفەنگی ڕاوەوەو سەد پیاوی نێزەبەدەستیش. هەروەها دووسەدوپەنجا کەس لە دەروازەی سەرەکی، هەموو ڕۆژێ سێسەد پیاو فێری تەقەکردن بە ساچمەزەنو تفەنگی ڕاوو شەڕەنێزە بکەن کە هەم هێزی کۆمەگی بنو هەمیش ئەگەر پێویست بوو بۆ یارمەتیی گارد بچنە مەیدانی شەڕ یان هەر جێیەکی دیکە. برات ناپلیۆن.

-پێیوایە ئەمن ژماردنو حیسابکردن نازانم، بەجۆرێک نامەم بۆ دەنووسێ هەردەڵێی گەمژەم.

خاتوو لیزیا پاش بیستنی نامەی ناپلیۆنو ڕستە ناجوانەکەی ژۆزێف بەسپایی گوتی:

-بە تەواوی ڕوونە. داخوا ئێوە فەرمانەکانی ئەوتان جێبەجێ کرد یان نا ژۆزێف؟

-مەسەلە هەرئەوەیە... ناتوانم جێبەجێیان بکەم. ئێمە نە ساچمەزەنمان هەن نە تفەنگی ڕاوێ. کابرای بەرپرسی شۆرتانیش ناتوانێ دابینیان بکا. گاردیش ئامادە نیە بەو نێزانە کە لە موزە هاتوونە دەرێ شەڕی چەکی مۆدێرنی ئەمڕۆیی بکا.

-ئامادە نیە؟!

ئەمە دەنگی ژێرۆم بوو کە هاوارێکی پڕلە سەرسوڕمانی دەگەڵ بوو. ژۆزێف وەڵامی دایەوە:

-ئەتۆ دەتوانی بە نێزە بەرگری لە شارێک بکەی، ئەویش لە بەرامبەر تۆپخانەدا؟

-ئەمن نازانم نێزە چۆن بەدەستەوە دەگرن. ڕەنگە ناپلیۆن خۆشی نەتوانێ کارێکی وا بکا. لەنەکاو مێنوال وەڵامی دایەوە:

-خاوەنشکۆ بۆ بەرگری لە فەڕانسە هەرکارێک پێویست بێ ئەنجامی دەدا. هەرکارێک!

دوای بێدەنگییەکی کورت لە سالۆن، ماری لوویز بەسپاییو بێ دەرقەیدبوون پرسی:

-باشە! ئێمە دەبێ چبکەین؟ ئەمنو پادشای ڕۆم لێرە بڕۆین یان وەمێنین؟

ژێرۆم لەپشت مۆبڵەکەوە غاری دایە لایو گوتی:

-خانم! ئەتۆ سوێندی وەفاداریی ئەفسەرانی گاردت بیستوە. "هەتا کاتێک ئیمپەڕاتریسی جێگری شاو کوڕی ئیمپەڕاتۆر لە پاریسن، پاریس ناگیرێ". گارد بۆ پارێزگاری لە جێگری شاو کوڕی ئیمپەڕاتۆر لە تویلری فیداکاریی زیاتر لە توانای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنیادەم دەکا. ئەم پێگەیە لەدەست خۆت مەدە... ژنێک، ژنێکی گەنجو جوانی وەک تۆو منداڵێکی بێپەنا لەسەر تەختی ئیمپەڕاتۆریی فەرانسە. هەر پیاوێک توانای چەکهەڵگرتنی هەبێ تا دوادڵۆپی خوێنی خۆی بۆ پارێزگاری لەوان شەڕ دەکا.

-ژێرۆم...

ژۆزێف بەم هاوارە قسەکەی ژێرۆمی پچڕیو گوتی:

-لەبیرت نەچێ کە بۆ ئەوپیاوانەی داوای چەک دەکەن لە نێزە بەولاوە نیمانە.

-بەڵام گارد هێشتا بەتەواوی چەکدارە ژۆزێف.

-تەنیا چەندسەد کەس... ئەمن ناتوانم بەتەنایی باری ئەو بەرپرسایەتییە بخەمە سەر شانم. ئەمن باش لەو ڕاستییە ئاگادارم کە بوونی جێگری شا نەکهەر گارد بەڵکوو خەڵکی پاریسیش هان دەدا تا دواهەناسە بەربەرەکانی بکەن. بەڵام ڕۆیشتنی جێگری شا دەتوانێ...

دووبارە هاواری ژێرۆم بەرز بۆوە:

-هەڵاتن... بەڵێ هەڵاتن.

-زۆرباشە... هەڵاتنی جێگری شاو پادشای ڕۆم ورەی خەڵکی دێنێتە خوار. لەوە دەترسم ئەگەر ئەوان پاریس بەجێ نەیەڵن...

هێشتا ژۆزێف ڕستەکەی تەواو نەکردبوو کە ئیمپەڕاتریس پرسی:

-باش؟

-بڕیاردان بەدەست ئیمپەڕاتریس خۆیەتی.

لەکاتی وەڵامدانەوەدا ماندوویی‌و بێتوانایی لە ڕوخساری ژۆزێفدا شەپۆلی دەدا. ئیدی لەبەر چاوم هیچی وەک ناپلیۆن نەدەچوو. پیاوێک بوو قەڵەوو لە بەردەرگای پیری کە بە دەستە لەرزۆکەکەی بەردەوام چنگی لە قژەکانی گیر دەکرد. ماری لوویز بە بێموبالاتی‌یەوە گوتی:

-ئەمن تەنیا دەمەوێ ئەرکی خۆم بەجێبێنم تادوایە نەکەومە بەر سەرکۆنەو تیروتانە.

خاتوو لیزیا بە بیستنی ئەم قسەیە ڕاچەنی. ئەمە قسەی ژنێک بوو کە بە هاوسەری ناپلیۆن دەژمێردرا...

ژێرۆم گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-خانم! ئەگەر ئەتۆ لەم هەلومەرجەدا تویلری بەجێبێڵی، هەموو مافەکانت لە تاجو تەختی فەڕانسەدا لەدەست دەدەی، هەروەها کوڕەکەت. متمانەت بەگارد هەبێو هەروا بە خەڵکی پاریسیش!

ماری لوویيز لەحاڵێکدا دەستی بە کردنەوەی قردێلەکانی کڵاوەکەی کردبوو گوتی:

-کەوایە ئێمە لێرە دەمێنینەوە.

ژۆزێف جارێکی دیکە بە دەنگێکی وەک ناڵەوە گوتی:

-خانم! نامەی خاوەنشکۆت لەبیر بێ. ئەو گوتوویە پێی باشترە کوڕەکەی دەقووڵایی سێندا ببینێ تا لە...

-چیدی ئەم وتە ناشیرنە دووپاتە مەکەوە.

لە ڕقان خەریک بوو بتەقمو بەبیستنی ئەمڕستەیە هەمووان ئاوڕیان دایەوە سەر من. هەڵگرتنی باری ئەو ڕوانینانە زۆر سەخت بوو. ئەمن کە هێشتا لە شیپانەی دەرگادا وێستابووم ڕووم کردە ئیمپەڕاتریسو بەنیشانەی ڕێزدانان سەرم دانواندو لەبن لێوانەوە گوتم:

-لەمن ببوورن نەمدەویست جاڕزتان بکەم. تەنیا...

ژێرۆم بە توورەیی وەک شێتان ڕاپەڕییە لای منو گوڕاندی:

-هاوسەری وەلیعادی سوێدو ئەویش لە ساڵۆنی جێگری شای فەڕانسە!! خانم ئەم ڕەفتارە پڕسووکایەتییەی تۆ قبووڵ ناکرێ.

-ژێرۆم! ئەمن بۆخۆم داوام لە پایەبەرز کردوە تەشریفی بێتە ئێرە چونکە، چونکە ژوولی...

ژۆزێف هەر لەوحاڵەدا بەنائومێدی چاوی بڕیبووە ژوولیو وادیار بوو داوای کۆمەگی لێدەکرد. وەدوای ڕوانینی ژۆزێف کەوتم بۆ یەکەمجار چاوم بە ژوولی کەوت کە لە سووچێکی ساڵۆنێ دەگەڵ دووکچەکەی لەسەر مۆبلێک دانیشتبوو.

ماری لوویيز زۆر بەنەرمی گوتی:

-تکا دەکەم دانیشە خانمی شازادە!

ئەمن دەسبەجێ خۆم گەیاندە ئەوپەڕی ساڵۆنێو لە تەنیشت ژوولی دانیشتم. ئەو قۆڵی دەشانی زەنایید وەرێنابوو،و منداڵەکەی بەخۆوە دەگوشی. لەبن لێوانەوە گوتم:

-هێندە پەرێشان مەبە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەمین تیرێژە زێڕینەکانی هەتاو هاتبوونە ژووریّ. خاتوو لیزیا ڕووی کردە ژێڕۆمو گوتی:

—ژێڕۆم! مۆمەکان وەکوژێنە، دەبیّ دەست پێوە بگرین.

بەڵام ژێڕۆم جوولەی نەهاتیّو کچەکانی ژوولی کە کارێکیان دەست کەوتبوو بیکەن دەسبەجیّ لە باوەشی وی دەرپەڕینو دەستیان بە کوژاندنەوەی مۆمەکان کرد. دەستم دەستۆی ژوولی کردو گوتم:

—ئەتۆو منداڵەکان وەرنە ماڵەکەی من.

بەڵام ئەوانی دیکە هەروا لەبەر کوورەخانەکە خەریکی باسو وتوویژ بوون. ئەمجار ژۆزێف لێمان نزیک بۆوەو گوتی:

—ئەگەر جێگری شا بچێتە ڕامبویل، ئەمنیش ناچار دەبیّ دەگەڵی بم.

ژوولی بە دەنگێکی ئارام گوتی:

—ئەمن پێم وابوو ئەتۆ فەرماندەریی بەرزی پاریست لەئەستۆیە.

—بەڵام ئیمپەڕاتۆر بۆمنی نووسیوە کە نابیّ کوڕەکەی بەجیّ بێڵم. هەموو ئەندامانی بنەماڵەش دەگەڵمان دێن. ژوولی بۆ دواجار لێت دەپرسم کە...

ژوولی بەتوندی سەری ڕاوەشاندو دڵۆپە فرمێسک بە ڕوومەتیدا هەڵەڕژان.

—نا! نا... ئەمن دەترسم لەنێو کۆشکاندا سەرمان لیّبشێویّ، لە کۆشکێکەوە بۆ کۆشکێکو سەرەنجامیش ببینە دیلی دەستی قازاخەکان. با ئەمن لەلای دێزیرە بم ژۆزێف. ماڵەکەی وی ئەمنە. ماڵەکەی تۆ ئەمنە دێزیرە، نا؟

ئەمنو ژۆزێف تێکەوە ڕامابووین. ئەم لێکڕوانینە زۆر درێژ بۆوەو ئێمە لە یەکنیگادا هەموو ئەو شتانەمان بەیەکتر گوت کە لە یەکەمدیدارمان لەسالۆنی ئەنجومەنی شاری مارسەیەوە تائێستا نەمانگوتبوون. سەرەنجام گوتم:

—ژۆزێف! ئەتۆش دەتوانی لە ماڵیّ من وەمێنی.

ئەو سەریی ڕاوەشاند، بزەیەکی هاتیّو وەڵامی دایەوە:

—لەوانەیە ناپلیۆن بۆ بەرگری لەپاریس بێتەوە، لەوحاڵەدا ئەمنیش چەند ڕۆژی دیکە لەکن ژوولی دەبمو ئەگەر نا...

ئەو پاشان دەستی منی ماچ کردو زیادی کرد:

—بۆ هەموو شتێک سوپاست دەکەم، بۆ هەموو ئەو زەحمەتانەی بۆ ژوولیو منداڵەکانی من قبووڵیان دەکەی؛ هەم لەتۆو هەم لە هاوسەرەکەت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم ساتەدا یەکێک لە خزمەتکارەکان خەبەری دا کە پڕێنسی بنەڤێن ئیزن دەخوازێ بێتە ژوور. هەموومان چاومان لە ماری لوویز کردو ئەویش لەحاڵێکدا بزەی دەهاتێ ڕووی کردە لای دەرگاو گوتی:

–ڕێنوێنیی بکەن بابێ.

تالیران بە شەلەشەل بەڵام بەخێرایی بەرەو ئیمپەڕاتریس چوو. هەرچەند ڕوخساری شەکەتو پەرێشان دیار بوو بەڵام قژی سەری بەوردی ڕێکخستبوونو جلکی کاربەدەستانی پایەبەرزو تەشریفاتیی ئیپەڕاتۆریی دەبەردا بوو.

–خانمی شاژن! ئەمن قسەم دەگەڵ وەزیری بەرگری کرد. هێندێ خەبەری تازەشمان لە مارموون هەن مارشاڵ تکای لە جەنابت کردوە چیزووترە دەگەڵ پادشای ڕۆم پاریس بەجێ بێڵن. ئەو نازانێ تاکەنگێ دەتوانێ جادەی ڕامبویل بەکراوەیی بپارێزێ. لەوەی بەناچاری ئەو خەبەرە ناخۆشانەت دەدەمێ داوای لێبووردن دەکەم.

بێدەنگییەکی تەواو سێبەری بەسەر وێدا کێشابوو،و تەنیا دەنگی بەر گوێ دەکەوت دەنگی ڕێکخشانی قردێلەکانی کڵاوی ماری لوویز بوو کە لەژێر چەنەگەیەوە گرێی دەدان. ئیمپەڕاتریس هەرلەو حاڵەدا پرسی:

–داخوا دەتوانم لە ڕامبویل چاوم بە خاوەنشکۆ بکەوێ؟

–خاوەنشکۆ لەڕێگای فۆنتین بلوودایەو لەوێشەوە بەخێرایی بۆ بەرگری لەپاریس دێتە ئێرە.

–بەڵام مەبەستی من باوکم خاوەنشکۆ ئیمپەڕاتۆری ئوتریش بوو.

لێوەکانی ژۆزێف سپی هەڵگەڕابوونو ژێرۆم ددانی ڕێکدەگوشینو ڕەگی نێوچاوانی بەتوندی هەستابوون. تەنیا تالیران بوو کە بزەیەکی بەزەییبزوێنی کەوتە سەر لێوانو هیچ سەری سوڕ نەما. خاتوو لیزیا قۆڵی بووکەکەی خۆی گرتو گوتی:

–وەرە خانم! دەگەڵ من وەرە.

لە نزیک دەرگا، ماری لوییز ئاوڕی دایەوەو چاوێکی لە دەوروبەری خۆی کرد. چاوە شینەکانی سالۆنەکەیان پشکنیو لەسەر ئەو پەردە سپییانە کە مێشەنگوینی تەڵاییان لەسەر زێڕدۆزی کرابوو، ڕاوەستان. بەڵام بە دیتنی زەردەخەنەی مانادراری تالیران لەحاڵێکدا وەڕێ دەکەوت گوتی:

–بەو مەرجە دوایە کەس سەرکۆنەم نەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگی هاوارهاواری منداڵەکە بەدەم گریانەوە لە دەرێڕا بەر گوێ دەکەوت. بەخۆم نەبوو بەرەو دەرگا چووم. دوو مامۆستای ماڵێی خاتوو مۆنتسکیۆو خانم بووبێر هەوڵیان دەدا ناپلیۆنی گچکە لە پلیکانەکان بەرنە خوارێ. ئەوان دەستێک یۆنیفۆڕمی چووکەڵەی سەربازیان دەبەری کردبوو. منداڵەکە کە قژە تەڵایییەکەی وەک ماری لوولپێچ چەنەگە سەربەرەوژوورەکەی وەک باوکی دەچوو خۆی بە میلەکانەوە هەڵواسیبوو دەستی لێبەرنەدەدان.

–نامەوێ...نامەوێ بڕۆم.

منداڵ دەگەڵ دووپاتەکردنەوەی ئەم قسانە بەردەوامیش لەقەی لە مامۆستاکانی دەدان.

خاتوو مۆنتسکیۆ کە دەیەویست ئارامی بکاتەوە دەیگوت:

–وەرە خۆشەویستم، وەرە. دایکت لەبەر پلیکانەکان لە کالیسکەیەکی گەورەدا چاوەڕێی تۆیە.

بەڵام منداڵ کەموزۆر گوێی نەدەدایە ئەم قسانە. لەنەکاو ئوورتانس هەستاو لەکاتێکدا بەزەردەخەنەوە بۆ لایان دەچوو، گوتی:

–ئەمن زمانی منداڵان باش دەزانم.

ئەمجار داهاتەوە سەرمنداڵەکەو بە جووڵەیەکی وەستایانەو لەپێشدافێرکراوی توندو زبر قامکەکانی وی لە میلەکە کردەوەو گوتی:

–زۆرباشە جا ئێستا وەک منداڵی ئاقڵ بڕۆ خوارێ.

منداڵی حەبەساو کە یەکەمجار بوو دەگەڵ ڕەفتارێکی وا بەرەوڕوو دەبوو، گوتی:

–پوورە ئوورتانس! ئێمە دەچینە لای بابە؟

لەوساتەدا خواخوام بوو لەقەیەکی جانانەشی دە ئوورتانس سرەواندبا.

–دیارە خۆشەویستم.

ئوورتانس منداڵەکەی دڵنیا کردو ناپلیۆنی گچکە بە گوێڕایەڵی بەدوای مامۆستاکانیدا لە پلیکانەکان چووە خوارێ. چاوێکم لە ئوورتانس کرد. بەتوندی هانکەهانکی وێکەوتبوو. دەزانین پێشترو بەرلەوەی پادشای ڕۆم لەدایک بێ، ناپلیۆن کوڕە گەورەکەی ویی کردبووە جێنشینی خۆی؟

تالیران کە لەپەنا من ڕاوەستابوو لەبن لێوانەوە گوتی:

–ناپلیۆنی دووەم ڕۆیی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به بیستنی وشەی "ئیکسایت" لە دەمی تالیڕان ڕووم تێکردو گوتم:

-بەداخەوە کەسێکی دەرسخوێندوو نیمو نازانم ئاستیاناکس کێیەو داستانی دە"سێن"کەوتنی چۆنەو هەروا مانای وشەی 'ئیکسایت"یش چیە؟

-ئاستیاناکس یەکێک لە کەسایەتی‌یە دێرینەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکە. کوڕێکی ناکام کە یۆنانی‌یەکان بەدیلیان گرتو لەسەر دیواری‌ڕا بەریان دایەوە. خەڵک لەوە دەترسان کە نەوەکا کوڕە لاوەکە بۆ وەرگرتنەوەی تۆڵەی باوکی، هیکتۆرو وێرانیی شاری تڕۆوا ڕاپەڕێ. بەداخەوە لەم دەرفەتەدا ناتوانم هەموو داستانی شەڕی تڕۆوا بۆ پایەبەرز بگێڕمەوە. "ئیکسایت" وشەیەکی لاتینی‌یەو بەمانای چوونەدەرەو مانای قسەکەی منیش ئەوە بوو؛ "ناپلیۆنی دووەم چووە دەرێ"، لە تویلری‌و لە مێژووی جیهان. لەم کاتەدا تالیران چاوێکی لە سەعاتەکەی کردو گوتی:

-دەبێ زووتر بڕۆم، دەترسم دوا کەوم. کالیسکەکەم چاوەڕێیە.

ئەویش سەری وەرسووڕاندو چاوێکی خەفەتاویی لە ساڵۆنەکە کرد. ڕوانینی ویش لەسەر پەردە سپی‌یەکان‌و مێشەنگوینە زێڕدۆزی‌کراوەکان ڕاوەستا.

-چەند جوانن... حەیف کە زۆرزوو ئەم پەردانە دێننە خوارێ. ئەگەر ئەوان بەراوەژوو هەڵواسن مێشەنگوینەکان سەرەوبن دەبن‌و لەوحاڵەدا زۆر وەک گوڵی مریەم دەچن، گوڵی مریەم کە نیشانەی بووربوونەکانە.

تالیران چاویلکەکەی ڕێکوپێک کردو گوتی:

-چەند سەرسوڕهێنە... بەڵام دەبێ بڕۆم. شازادە.

-کەس پێشی پێنەگرتووی پرێنس. داخوا ئەتۆش دەگەڵ ئیمپەراتریس دەڕۆی؟

-دیارە. بەڵام بۆ بەدبەختی وەختی دەرچوون لە دەروازەکانی پاریس، ڕووسەکان زیندانیم دەکەن. بۆیە نابێ وەدوا کەوم. چونکە هێزە ڕووسی‌یەکان چاوەڕێمن. خواحافیز پایەبەرز.

-ڕەنگە مارشاڵ مارموون تۆ لەچنگی وان ڕزگار بکا. هیوادارم.

-ئەتۆ وا بیر دەکەیەوە؟ بەداخەوە دەبێ نائومێدت بکەم چونکە مارشاڵ مارموون ئێستا خەریکی وتووێژ لەسەر تەسلیمی پاریسە. بەڵام ئەم خەبەرانە لەلای خۆت بن پایەبەرز. ئێمە دەمانەوێ پێشگیری لە لێکدان‌و خوێنڕژان بکەین.

ئەو لەوپەڕی ئەدەبدا چەمایەوەو ئیکلامی کێشاو بە شەلەشەل لەوێ دوور کەوتەوە. ئەو بێشک لە سەروبن‌هەڵواسینی پەردەکان...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەنجام ئەمن دەگەڵ ژوولیو منداڵەکانی بە کالیسکە هاتینەوە شەقامی ئانژوو.

ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمینجار دوای ئەوەی ژوولی بوو بە شاژن، ماری قسەی دەگەڵ کرد. ماری وەک دایکێکی میهرەبان دەستی هاویشتە دەوری شانە باریکو ڕەقوتەقەکانی ژوولیو بردیە نهۆمی سەرێ.

-ماری! شاژنە ژوولی لە ژوورەکەی ئۆسکار دەخەوێو منداڵەکانیش دەتوانن کەلک لە ژووری خاتوو لافلووت وەرگرن. خاتوو لافلووتیش بچێتە ژووری میوانان.

-ژەنڕاڵ کلاری کوڕی بەڕێز ئەتین چی؟

-گوتت چی؟

-ژەنڕال سەعاتێک پێش ئێستا گەیشتە جێو دەیەوێ لێرە وەمێنێ.

ئەتین لەجیاتی ئەوەی پیشەی باوکمان فێری کوڕەکەی بکا، ناردیە زانکۆی شەڕو ماریووسیش بە پشتیوانیی خواو سەرنجی ناپلیۆن گەیشتە پلەی ژەنڕاڵی.

-دوو ئاجودانی دیلی شەڕو هاوپەیمانی من دەتوانن لە ژوورێکدا بحاوێنەوەو بەمجۆرە ژەنراڵ کلارییش دەتوانێ کەلک لە ژوورو تەختی سەرهەنگ ویلات وەربگرێ.

-کۆنتێس تاشێر چی؟

هەتا گەیشتمە سالۆن لە مانای ئەم قسەیەی ماری حاڵی نەبووم. لەوێ کچەکەی ئەتین مارسلینم دی کە مێردی بە کۆنت تاشێر کردبوو. ئەو بە دیتنی من دەستی دەمل کردمو بەگریانەوە گوتی:

-پوورێ گیان دەترسم لەماڵی خۆمان بمێنمەوە. هەر ساتێک لەوانەیە بگەنە جێ.

-ئەدی مێردەکەت چی؟

-نازانم لەکامە بەرەیە. ماریۆس دوێشەوێ لەماڵی مە بوو،و هەردووکمان بڕیارمان دا بێینە ئێرە تا...

ژووری میوانانیشم دا بەوو بە ناچار دەبێ لافلووت لەسەر نیوتەختێکی ژووری خۆڕازادنەوەی من بخەوێ.

دەوری سەعات پێنجی دوانیوەڕۆ تۆپەکان تەقەیان ڕاگرت. ڕووزەنو ویلات کە چووبوونە پیاسە هاتنەوە ماڵێو خەبەریان هێنا کە بلووخەر مۆنماری داگیر کردوەو ئوتریشییەکانیش لە مۆنیل مۆنتان جێگیر بوون. خەبەری دیکە ئەوە بوو کە هاوپەیمانان داوای تەسلیمی بێمەرجیان کردوە.

لەم ساتەدا ژوولی بە ناڵینەوە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–پەرستارو مامۆستای کچەکانی من دەبێ لەکوێ بخەوێ؟ ژووری تایبەتیی نەدەیەی، دڵی دێشێ. داخوا ئەو دەتوانێ لە ژووری ژان باتیست بخەوێ؟

–نا، بەهیچجۆر پەرستاری منداڵ لەوێ ناخەوێ.

لەحاڵێکدا لە ڕقانو لە نارەحەتی‌یان ئاورم گرتبوو، غارم دایە لای ژوورەکەی ژان باتیستو لەسەر تەختەکەی دانیشتمو گوێم بۆ دەنگی شەو هەڵخست...

***

٤٨

## پاریس، سی‌ویەکی مارسی ١٨١٤

سەعات دووی بەیانی ڕێککەوتنی تەسلیمبوونی شار ئیمزا کرا. کاتێک لە پەنجەرەی ژووری خۆمەوە تەماشام کرد ئاڵای سوێدم لەسەر سەردەرانەی ماڵێ بینی. کۆنت ڕووزەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەکۆمەگی کالیسکەچی‌یە سوێدی‌یەکە هەڵی‌دابوو. حەشیمەتێکی زۆر لەپێش ماڵی ئێمە خڕ ببوونەوەو هاتوهاواری ڕقهەستاوانەیان لە پەنجەرەوە دەبیستار.

–ویلات! ئەم خەڵکە چی‌یان دەوێ؟

–لەنێو شاردا دەنگۆیەک بڵاو بۆتەوە کە حەزرەتی وەلی‌عاد بەمزووانە دێتەوە.

–بەڵام ئەمانە چی‌یان لە ژان باتیست دەوێ؟

هەڵلاو هەنگامە زیاتر پەرەی گرت. بەڕوونی حاڵەتی هەڕەشەی پێوە دیار بوو. ئیدی هیچم نەپرسی.

کالیسکەیەک ڕاوەستاو ژاندارمەکان حەشیمەتەکەیان کشاندەوە. ئوورتانسم دی کە دەگەڵ کوڕەکانی لوویی ناپلیۆن نۆساڵەو شارڵ لوویی ناپلیۆن شەش‌ساڵە لە کالیسکە دابەزین. هەڵلاوهەنگامەی حەشیمەت دامرکا. یەکێک لەو دوو منداڵە ئاماژەی بەئاڵای سوێد کردو شتێکی لە ئوورتانس پرسی بەڵام ئەو بەپەلە منداڵەکانی هێنایەوە ژووری.

هەرلەو ساتەدا لافلووت هاتە ژووریّو گوتی:

–شاژنە ئوورتانس دەیەوێ بزانێ داخوا برازاکانی ئیمپەڕاتۆر دەتوانن بکەونە ژێر چاوەدێریی خانمی شازادە. دیارە شاژنە ئوورتانس بۆخۆی دەچێتە مالمێزۆن بۆلای دایکی.

دوو کوڕی منداڵی دیکە لەم ماڵەدا. ڕەنگە ئێستاش هێندێ لە بووکەشووشەکانی ئۆسکار لە عەمباردا مابن.

–بەخانمی خاوەن‌شکۆ بڵێن باشم ئاگا لێیان دەبێ.

ئەو دووانە لە ژوورەکەی خاتوو لافلووت دادەنێم. مارسلین دەتوانێ کەلک لە ژووری خۆڕازاندنەوەی من وەرگرێو خاتوو لافلووتیش لە ژووری ئیووتو ئیووتیش... ئوورتانسم بینی کە دووبارە سواری کالیسکە بوو، و حەشیمەت بەهاواری بژی ئیمپەڕاتۆر بەڕێیان کرد.

پاشان دووبارە دیوارێکی مرۆڤ لەپێش ماڵەکەی من دروست بوو. هەرئەمن چاوەڕێ نیم، بەڵکوو ئاپۆرای حەشیمەتیش دەگەڵ من چاوەڕوانن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٤٩

## پاریس، ئاوریلی ١٨١٤

سـێـیەکی مـارس هێزەکـانی هاوپـەیمانان هاتنـە نێـو پـاریس. قازاخـەکان بـە هاوارکردنو بەسواری ئەسپ، بە شانزەلیزەدا دەڕۆیشتن، بێئەوەی کەس لە هاوارەکەیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حـالّی بـیّ. پڕووسـی‌یەکان لـەڕیزی ڕێکوپێکـدا دەڕۆیشـتنو ئـەو ئـاڵا هەڵۆنیشـانانەی فەڕانسـەیان پێبـوو کـە بـەتاڵانیان بردبـوون. ئـەوان کـاتی تێپـەڕین بـە شـەقامەکان‌دا سـروودگەلێکیان دەخوێنـدەوە کـە دەیـانگوت شـێعری شـاعیرانی ئـازادیو سـەربەخۆیی پڕووسە.

ئوتریشی‌یەکان بەپێچەوانە، بەئاهەنگی تەپڵ دەڕۆیشتنو دەستیان بۆ ئـەو کچانـە ڕادەوەشاند کە لەپشت پەنجەرەکانەوە تەماشایان دەکردن. ئەوان تۆپەکانیان بەرامبەر بـە ستادی سەرفەرماندەریی هێزەکانی هاوپەیمانان جێگیر کرد تا لـە وەزەنـدیی ڕقـی خـەڵکی پاریس بیان‌پارێزن. بەڵام پاریسی‌یەکان دەرفەتیان بۆ تۆڵەستاندنەوە لـە پرێنسـی شـوار زێنبێرگ یان ژەنراڵ فێن بلووخەر نەبوو. ئەوان لەپێش نانەواخانەکانو ئەڕزاقفرۆشەکان بـەڕیز ببـوون بـەڵکوو کیسـەیەکی چووکەڵـە ئاردیـان دەست کـەویّ. عـەمبارە دەغڵـەکانی دەرەوەی پاریس لەلایـەن هاوپەیمانانـەوە تـالان کرابـوونو پاشـان سووتێندرابوون. ئـەو ڕێگایانەی دەچوونە ناوچە جنووبی‌یەکان لەژێر چاوەدێریی وان‌دابوونو سەرەنجام پاریس بەبرسیەتی دەژیا.

لە یەکی ئاوریل‌دا حکوومەتێکی کاتی بۆ وتـووێژ دەگـەڵ هاوپـەیمانان دروست بـوو. تالیڕان سەرۆکی ئەو حکوومەتە بوو،و تزاریش لـە کۆشکەکەی وی‌دا دەژیـا. تـالیڕان بـە شـانازیی ئـەو میوانـە جێژنێکـی بەشـکۆی ڕێکخسـتو ئـەو کۆمەڵـە لـە پیاوماقووڵانی دوورخراوەی بانگهێشتن کرد کە لەسـەر ڕەزامەنـدیی نـاپلیۆن هاتبوونـەوە فەڕانسـە. لـەو میوانداری‌یەدا نیشانەیەک لە قـاتوقڕیی پـاریس نـەدەبینراو نەکـهـەر شـامپاین دەدرا بـە میوانـان بەڵکوو بە فەرمانی تزار زۆر پتـر لـە ئەنـدازەی پێویسـت ئـاردو گۆشـتو خاویـار خرابووە بەر دەستی تالیڕانی میواندار.

ناپلیۆنیش بەپێنج‌هەزار کەس لە هێزەکانی گاردەوە لـە فـۆنتین بلوویـە. کالیسکەی کـالینکوور بێپسـانەوە لـەنێوان پـاریسو فـۆنتین بلـوودا هـاتوچۆ دەکـاو ئـەو بـەناوی ئیمپەڕاتۆرەوە دەگەڵ هاوپەیمانان خەریکی وتووێژە. هاوپەیمانان تالیڕانیان بە سـەرۆکی حکوومەتی تازە هەڵبژاردوە بەڵام بڕیـار لـەبارەی چەنـدوچۆنی حکوومەتـەوە بـە دەنگـو نەزەری خەڵکی فەڕانسەوە بەستراوەتەوە.

چواری ئاوریل ناپلیۆن ئەم دەست‌لەکارکێشانەوەیەی ئیمزا کرد:

هێزەکـانی بێگانـە، ئیمپـەڕاتۆر ناپلیـۆنیـان بـە کۆسـپی سـەرەکیی جێگیربـوونی ئاشـتیی دووبـارەو پاراسـتنی تـەواوەتیی خـاکی فەڕانسـە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داناوه. لەبەر ئەوەی ئیمپەڕاتۆر پابەندی ئابڕووی خۆیو ئەو سوێندەیە کە بۆ بەختیاریو سەربەرزیی گەلو وڵاتی فەڕانسەی خواردوە. بۆیە ئیمپەڕاتۆر ناپلیۆن ڕادەگەیەنێ کە حازرە بە قازانجی کوڕەکەی بکشێتەوەو ئەم بەڵگەیە وەک پەیامێک پێشکێشی مەجلیسی سەنا دەکا. ئەگەر هاوپەیمانان مافەکانی ناپلیۆنی دووەمو جێگرپادشایی ئیمپەڕاتریس بەڕەسمی بناسن ئیمپەڕاتۆر بێڕاوەستان دەچێتە ئەوشوێنە کە لەسەری ڕێک دەکەون.

کۆشکی فۆنتین بلوو، چواری ئاوریلی ١٨١٤

ناپلیۆن

دوو ڕۆژ دوای ئەوە سەنا ڕایگەیاند کە مەسەلەی دیاریکردنی جێگری شا بۆ ناپلیۆن ناخرێتە نێو بەرنامەی کارەوە. ئەمن نازانم لە چاوترووکانێکدا چۆن خەڵک توانیان ئەو هەموو نیشانەی خانەدانی بووربوون بەدەست بێننو بە دەرکو دیواری شارەوە هەڵیانواسن. هیچکەس ئەم ئاڵا چڵکنە بارانلێدراوانەی نەدینا خواریو کەسیش ڕێزی بۆ دانەدەنان. مۆنیتۆر نووسیویەتی کە تەنیا هاتنەوەی بووربوونەکان دەتوانێ جێگیربوونی ئاشتی مسۆگەر بکا. هێزەکانی پۆلیس کە ئەرکی پاککردنەوەی ڕێگاکانو کاردروستایی بۆ هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانانیان لەئەستۆیە لە چاوترووکانێکدا شریتە سێڕەنگە شین، سپی، سوورەکانیان کە دەسکەوتی ئەو هەموو خوێنە ڕژاوەی سەردەمی شۆرشی گەورەی میللەتی فەڕانسەیە وەلا ناوەو شریتی سپییان لەجێ داناوە.

دەکرێ بڵێین تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی بوناپارت دەگەڵ ئیمپەڕاتریس لە ڕامبویل هەڵاتوونو چوونە بۆلوا. ئیمپەڕاتریس حەز ناکا کەس ببینێ. ئەو بە گریانەوە خۆی دەباوەشی باوکی هاویشتوەو تکای لێدەکا خۆیو کوڕەکەی کە ئێستا ئیدی هی ئەوە بپارێزێو چاوەدێرییان بکا. ئیمپەڕاتۆری ئوتریش نەوە چکۆڵەکەی بە فڕانسوا ناو دەبا چونکە حەز بەناوی ناپلیۆن ناکا.

ژۆزێفیش لە بۆلواوە چەند نامەی بۆ ژوولی نووسیون. ئەم نامانە کوڕە مێرمنداڵە دێهاتییەکان دەیانهێنن کە لەخۆشیی دیتنی پاریس بەنهێنی بەنێو هێڵەکانی هاوپەیماناندا تێدەپەڕن. ژوولیو منداڵەکانی لەلای منن هەتا ئەم حکوومەتە نوێیەو هاوپەیمانان لەبارەی چارەنووسی ئەندامانی بنەماڵەی بوناپارتو ئەو قەرەبووەوە کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیـان‌درێتێ بڕیـار دەدەن. سـەرەتای ئاوریـل ژوولـی داوای پـارەی لێکـردم تـا مووچـەی مامۆستایانی منداڵەکانی بدا. ئەو گوتی:

ئەمن هیچ پارەم پێنیە. ژۆزێف هەموو پارەو جەواهێراتو پاشـەکەوتەکەمانی کـە دە سندووقێکی چووکەڵەدا بوو دەگەڵ خۆی بردوە.

پیـەر وەک بەرپرسی کاروبـاری دارایـی مـاڵێ مووچەکـەیانی دا. پـاش وی برازاکـەم ماریووس داوای لێکردم برێک پارەی بەقەرز بدەمێ. ئەویشم ناردە لای پیـەر.

مارسلین هەرچەند زۆر لە ئاپۆرای ئەو حەشیمەتە دەترسا کە لە دەرەوەی ماڵێ خڕ ببوونەوە، بڕیاری دا بە کالیسکە بچێتە گەڕان. ئەو بۆئەم کـارە کالیسکە تایبەتی‌یەکـەی منی کە نیشانی بنەماڵەی پادشایەتیی سوێدی پێوە بوو، دەگەڵ خۆی بردو کاتی گەڕانەوە دوو کـڵاوی تازەشـی پێبـوون کـە دیـارە فـاکتۆری ئەوانیشـی بـۆمن نـارد. بـەیانیی ڕۆژی یازدەی ئاوریل ماری فنجانێک قاوەی زۆر خەراپی بۆ هێنام کە تـامێکی سـامناکی هـەبوو، دەگەڵ پارچەیەک نانی وشکی ڕەش. ئەو لەحاڵێکدا سینی‌یەکەی لەپەنا تەختەکەم دادەنـا گوتی:

-پیـەر دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکا، چونکە هیچ پارەی پێنەماوە.

ئێستا پیـەر دەگەڵ ماری لە ژووری دەرکەوانەکەی پێشوو لەنهۆمی خـوارەوە دەژی. کاتێک چوومـە لای لەپشت مێـزی کارەکـەی دانیشـتبوو، و لاقـە دارەکەشـی لـە سـووچێکی ژوورەکە بوو. ئەو بەدەگمەن کەلکی لەو لاقە وەردەگرت چونکە هێشتا بریـنی لاقـی ڕاسـتی چاک نەببۆوە. مجریی تایبەتی پارە لەسـەر مێزەکـە بـوو. دەرگـای کرابـۆوەو بـە تـەواوی بەتاڵ بوو. لەسەر کورسیی تەنیشت مێزەکە دانیشتمو پیـەر پەڕەکاغەزێکی پـڕ لەلیسـتو ژمارەی لەپێش دانام.

ئەمـە لیسـتی ئـەو پارەیەیـە کـە لـە هـەوەڵی ئاوریلـەوە تائێسـتا خـەرجم کـردوون. مووچەو موخاریجی ماڵێ برە پارەیەکی یەکجار گەورەیە. شتوومەکی خواردەمەنی بەنرخی زۆرگران، ئەویش بە دژواری پەیدا دەکەین. مانگی ڕابردوو لـە دواڕۆژەکـان‌دا ناچـار بـووم بەرگە بایی‌دارە دەوڵەتی‌یـەکانی پایەبـەرز بفرۆشمو تائـەمرۆش خەرجـەکانم بـەو پارەیـە دابین کردوون. ئاشپەز بۆ خواردنی ئەمرۆی میوانەکان ڕانـە گـوێلکێکی داوا کـردوە. ئەگـەر سەد فرانک یان سەدکرۆنی سوێدیم هەبێ دەتوانم بۆی بکڕم. داخوا پایەبەرز دەتوانێ ئـەو پارەیەم بداتێ چونکە بۆخۆم هیچ پارەم نەماوە.

ئەو جارێکی دیکە مجری‌یەکەی پێ نیشان دام دیتم بەتاڵە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– پایەبەرز دڵنیایە کە بەم زووانە لە سویدەوە پارەمان بۆ دێ؟

شانم هەڵتەکاندن چونکە هیچ جوابێکم نەبوو.

–ڕەنگە حەزرەتی وەلیعاد...

–بەڵام نازانم وەلیعاد لەکوێیە.

–ئەگەر پایەبەرز وەسڵێک (رسید) ئیمزا بکا چەندی بمانەوێ دەتوانم بەقەرز وەربگرم. هەر مەبلەغێک بمانەوێ بە کەفالەتی پایەبەرز هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد دەماندەنێ. داخوا ئەتۆ وەسڵێکی وا ئیمزا دەکەی پایەبەرز ؟

لەبەر نائومێدییان سەرمم خستە نێوان دەستەکانمەوە.

–ناتوانم پارە قەرز بکەم پییەر. بەتایبەتی بەناوی هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد. چونکە ئەو کارە ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خەراپی دەبێو دڵنیام کە هاوسەرم لە کارێکی وا خۆشحاڵ نابێ. نا، بەڕاستی ناتوانم.

لەمکاتەدا ماری هاتە ژوورێو گوتی:

–دەتوانی هێندێک لە دەفرە زیوەکان بفرۆشی یان بەبارمتەیان دابنێی.

ئەو دوایە ڕووی کردە پییەرو لێی زیاد کرد:

–ئەتۆش دەبێ ئەو لاقە دارە لەلاقت بەستی ئەگینا قەتی دەگەڵ ڕانایەی... باشە ئووژنی؟

–بەڵێ ئەمە ڕێگەچارەیەکە بەڵام... نا. نا ماری، ئێمە ناتوانین ئەوکارە بکەین. تەواوی ئەوەی هەمانە شتی لێهەڵکەندراوەو نیشانەی پێوەیە. لەسەر هێندێکیان پیتەکانی ژ.ب هەڵکەندراونو هێندێکیشیان نیشانی پوونتە کووڕووڤیان لەسەرە. سینییە گەورەکانی تایبەتی گۆشتیش کە بەنرخو گرانباییینو لەوانەیە پارەیەکی باش بکەن تاجی شازادەخانمی سوێدیان لەسەر هەڵکەندراوە. بەمجۆرە لە لەحزەیەکدا هەموو پاریس لە گیروگرفتی ماڵیی ئێمە ئاگادار دەبێو ئەمەش بۆ سوێد دەبێتە مایەی بەدناوی.

پییەر پێشنیاری کرد چەند پارچە جەواهێراتی من بەبارمتە دابنێو گوتیشی هیچکەس ناتوانێ بزانێ ئەم جەواهێراتە هی کێیە. لە وەڵامی ئەودا گوتم:

–ئەگەر وەک هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد ڕۆژێک پێویست بێ چاوم بە ئامۆزا پایەبەرزەکانم تزاری ڕووسیە یان ئیمپەڕاتۆری ئوتریش بکەوێ چی؟ داخوا دەتوانم بەملی ڕووتەوە بەرامبەریان دەرکەوم؟ جگەلەوەش، ئەمن جەواهیراتی گرانباییم زۆر کەم هەیە...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ژوولی که هەمیشه ئەڵماسو برلیانی وەخۆی دەخست ئێستا ڕەنگە...

–کەوایه چۆن دەتوانین نان بەو هەموو میوانه بدەین که هەمانن؟

چاوێکم له مجرییه بەتاڵەکه کردو گوتم:

–تکایه با نەختێک بیر بکەمەوه.

ئەوان بێدەنگ بوونو بێدەنگییەکی قورس سێبەری خسته سەر ژوورەکه. پاش چەند دەقیقه ڕووم کرده مارییو گوتم:

–ماری! له سەردەمی باوکمدا، دەزگای کلاری عەمبارێکی له پاریس نەبوو؟

–بۆچی ئێستاش هەیه. بەڕێز ئەتین هەرکات له جینواوه دێته پاریس سەری وێ دەدا. قەت لەو بارەیەوه قسەی دەگەڵ تۆ نەکردوه؟

–نا، دەلیلێکی نەبووه بۆئەوەی ئەو کاره بکا.

ماری برۆی هەڵتەکاندنو گوتی:

–نا؟ نیوەی کۆمپانیاکه که هی دایکت بوو بەکێ دەگا؟

–ئەمن نازانم. ئەتین هەرگیز...

پییەر ڕوونی کردەوه:

–بەپێی قانوون ئەتۆ، شاژنه ژوولیو ئەتینی برات هەرکام خاوەنی یەک لەسێی کۆمپانیاکەن.

–بەڵام کاتێک ئەمنو ژوولی مێردمان کرد جیازی خۆمان وەرگرت.

–بەڵێ ئەوه بەشی تۆ لهماڵی باوکت بوو. بەڵام دوای ئەو نیوەی کۆمپانیاکه بۆ ئەتینو نیوەکەی دیکەی بۆدایکت بەمیرات بەجێما.

ماری لەحاڵێکدا نێوچاوانی تێکنابوو گوتی:

–بەڵام دوای مەرگی دایکتان...

پییەر دووباره گوتی:

–بەڵێ پایەبەرز، ئێستا یەک له شەشی دەزگای کلاری ئی تۆیه.

دەمەویست لەو بارەیەوه قسه دەگەڵ ژوولی بکەم. بەڵام ژوولی لەجێیدا بوو، و ئیبووت پەڕۆی تەڕی ساردی دەخسته سەر نێوچاوانی بەڵکوو ژانەسەرەکەی هێدی بێ. لەوحاڵەدا نەمدەتوانی بچمەلایو بڵێم بۆ خواردنی ڕۆژانه پارەم نیه.

–ماری به ئاشپەزەکه بڵێ گۆشتی بکڕێ تائێوارێ پارەی قەسابەکه دەدەم. پاشانیش تکایه زۆر زوو کالیسکەیەکی کرێم بۆ بانگ که.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سالۆنی گەورە پتر وەک شێتخانە دەچوو. ماریووسو ویلات بەسەر نەخشەدا چەمابوونەوەو بە ساویلکەیی‌یەکی سەیرەوە ئەو شەڕانەیان لەسەر نەخشە دەبردەوە کە ناپلیۆن لە مانگی ڕابردوودا دۆراندبوونی. کچەکانی ژوولی دەگەڵ کوڕەکانی ئوورتانس لەسەر نوقڵەکانی نێو دەفرێکی سێڤەری چینی شەڕیان بوو. لافلووت بەچاوی بەفرمێسکەوە وتارێکی ڕۆژنامەی بۆ ڕووزەن وەردەگێڕا کە لەودا بەرناوی هەیوولایان دابووە ناپلیۆن. چوومە لای ماریووسو گوتم:

-عەمبارو لقی پاریسی دەزگای کلاری لەکوێیە؟

زۆر بە سەرسوڕمانەوە دیتم بە بیستنی قسەکەم سوور هەڵگەڕاو گوتی:

-پووری گیان ئەتۆ دەزانی کە ئەمن هیچ سەروکارم دەگەڵ بازرگانیی هەرێر نیە. ئەمن لە هەموو ژیانمدا ئەفسەر بووم.

ئەم وتووێژە بەتایبەتی لەبەر چاوی ویلات زۆر جوان نەبوو بەڵام ئەمن دەستم هەڵنەگرتو گوتم:

-بەڵام بابت بازرگانی هەریرەو ئەتۆ دەبێ بزانی لقو عەمباری ئەو کۆمپانیایە لە کوێیە. چونکە ئەو هەروەخت دەهاتە پاریس سەری وێی دەدا.

-بەڵام ئەمن قەت لەگەڵی نەچووم، ئەمن...

چاوم دە چاوانیەوە بڕی، پاش ڕاوەستانێکی بە دوودڵی‌یەوە گوتی:

-ئەگەر باشم لەبیر مابێ لە ژێرزەمینێکی پالێ ڕۆیالە.

هەر لەو لەحزەیەشدا مارسلین کە جلێکی ماڵەوەی زۆر گرانقیمەتی دەبەردا بوو هاتە لامو گوتی:

-پێت وایە ئییووتی تۆ بتوانێ سەرم بۆ چاک بکا؟ دەمەویست بەکالیسکە بڕۆمە دەرێ، دیارە ئەگەر بۆخۆت کارت بە کالیسکەکەت نەبێ، پووری گیان؟

-ئەمن پێویستیم پێی نیە بەڵام ئامۆژگاری دەکەم کەلک لە کالیسکەیەک وەرنەگرن کە نیشانی پادشایەتیی سوێدی پێوەیە.

شەقامەکان زۆرچۆڵنو خەڵک زوو خویان بە وەزعی تازەوە گرتوە. دەتوانم کەلکی لێوەرگرم؟

لەحاڵێکدا بە نیشانەی ڕازیبوون سەرم دەلەقاند، ماری لەبن گوێم گوتی:

-ئەو کالیسکەیەی داوات کردبوو ئامادەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەس بە چوونەدەری منی نەزانی. کالیسکە لەپێش دوکانێکی بەشکۆی پالێ ڕۆیاڵ ڕاوەستا. دوکانەکە نزمتر لە تەختی شەقام بوو،و بەپیتی زێڕین لەسەری نووسرابوو، "هەریرفرۆشیی فرانسوا کلاری- بەتاکو بەکۆ".

بە کالیسکەچی‌یەکەم گوت ڕاوەستێو بۆخۆم لە سێ پلیکانی پێش دوکانەکە چوومە خوارێو دەرگام کردەوە. زەنگی سەر دەرگاکە لیی‌داو خۆم لەنێو دوکانێکی ڕازاوە بە مۆبلێکی ڕازاوەو مێزێکی چووکەڵەوە دیتەوە. لە قەوەزە نیوە بەتاڵەکانی پەنا دیواردا تۆپە هەریری گەورەگەورە دەهاتنە بەرچاو کە بۆخۆیان نیشاندەری جۆری کڕین و فرۆشتنی دەزگاکە بوون لەپشت مێزەکە پیاوێکی وەنێوکەوتوو بە جلوبەرگی ڕازاوەوە دانیشتبوو کە نیشانی سپیی بووربوونەکانی لە یەخەی دابوو.

-چفەرمایشتێکت هەبوو خانم؟

-جەنابتان بەڕێوەبەری لقی پاریسی دەزگای کلارین؟

پیاوەکە بە نیشانەی ڕێزدانانو پشتڕاستکردنەوەی پرسیارەکەم سەری دانواندو گوتی:

-لەخزمەتدام، فەرموو خانم! بەبۆنەی هاتنەوەی بووربوونەکانەوە هەریری سپی زۆری برەو هەیە. هەرچەند هەموو ساتەنە سپی‌یەکانمان فرۆشراون بەڵام هێشتا هێندێ مووسلینی سپیمان هەیە کە خانم بتوانێ بۆ پەردە بەکاری بێنێ. ئەم پارچەیە لە فووبوور سەن ژێرمەن زۆری ڕمێن لەسەرە...

بەتوندی وەڵامم دایەوە:

ئەمن پێویستیم بە پارچەپەنجەرە نیە.

-ڕەنگە خانم پارچەی جلوبەرگی بوێ؟

چاوێکی لە قەوەزەکان کردو درێژەی دایە:

-تا دوێنێش هێندێ پارچەمان بە نیشانی پادشایەتیی فەڕانسەوە هەبوو خانم. بەڵام بەداخەوە هەموویمان فرۆشتوە. ڕەنگە بتوانم پارچەی مەخمەریی سپی یان...

-وەزعی فرۆش باشە بەڕێز...؟

-لووگرانم خانم. لووگران.

-ئەم پارچە گوڵدۆزی‌کراوە بەنیشانی خانەدانی پادشایەتیی بووربوونەکانو مووسلینە سپی‌یەکانی پەردە کە بۆ گەڕانەوی وان گونجاونو پارچە سپی‌یەکانی دیکە کەنگێ گەیشتوونە ئێرە؟ چما هێشتا ڕێگاکانی جنووب بۆ پاریس نەبەستراون؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە بیستنی پرسیارەکەم وا پێکەنی کە گنجەکانی بەرخەبەبەی لەسەر یەخە درێژەکەی سەروخواری دەکرد.

بەڕێز کلاری چەند مانگ لەمەوبەر ئەوانی لە جینواوە ناردوون. یەکەمین بەش دوای شەڕی لایپزیک گەیشتە ئێرە، بەڕێز کلاری خاوەنی دەزگاکە بەتەواوی لە بارودۆخی سیاسی ئاگادارە. خانم دەزانێ کە بەڕێز کلاری...

ئەو دوایە گەرووی پاک کردەوەو درێژەی دایە:

-بەڕێز کلاری برای هاوسەری سەرداری گرتنی لایپزیکە؛ برای هاوسەری وەلیعادی سوێد. بۆیە خانم قبووڵ دەفەرموێ کە..

-ئەتۆش چەند حەوتوویە هەریری سپی بە ژنانی پیاوماقووڵە دێرینەکان دەفرۆشی؟

سەربەرزانە بە سەرلەقاندن قسەکەمی پشتڕاست کردەوە. چاوێکم لە شریتە سپییەکەی سەر یەخەی کردو گوتم:

-نەمدەتوانی تێبگەم کە ئەوهەموو شریتە سپییە بە شەوێک لەکوێ‌ڕا هاتوون. ئێستا تێدەگەم کە ژنانی بنەماڵە قەدیمییەکان کە ئیمپەڕاتۆر ئەوانی لە دەربار وەردەگرت بەنهێنی خەریکی ئامادەکردنی شریتە سپییەکان بوون.

-خانم! تکا دەکەم.

ئەو هەوڵی دەدا ئارامم بکاتەوە بەڵام ئەمن بەڕاستی تووڕە بووم. قەوەزەکان زۆربەیان بەتاڵ بوون.

-ئەتۆش لە هەلومەرجێکدا کە هێزە فەرانسەییەکان هەوڵیان دەدا هاوپەیمانان بکشێننەوە بەدوای یەکدا تۆپە هەریرت دەفرۆشتن‌و پارەت دەژمارد. ڕاست دەکەم بەڕێز؟

-خانم! ئەمن تەنیا کارمەندی دەزگای کلاریم. جگەلەوەش، ئێمە هێشتا پارەی زۆر لە شتە فرۆشراوەکانمان وەرنەگرتوەو جگە لەلیستی شتە فرۆشراوەکان هیچمان بەدەستەوە نیە. ئەو خانمانەی پارچە سپییەکانیان بە نەخشی خانەدانی پادشایەتیی بووربوونەوە کڕیوە، چاوەڕێی گەڕانەوەی بووربوونەکانن. پاش ئەوە هاوسەرەکانیان پۆستی گرنگ وەدەست دێنن‌و ئەوانیش دەتوانن قەرزەکانی ئێمە بدەنەوە. بەڵام ئەوان بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی تویلریی‌و جێژنی بووربوونەکاندا دەبێ لەپێشدا جلوبەرگ ئامادە بکەن.

لەنەکاو قسەکانی خۆی پچڕین‌و بەڕوانینێکی پڕ لە دوودڵییەوە سەیری کردم.

داخوا شتێکت پێویستە خانم؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمن پێویستیم بە پارە هەیە. سندووقەکەتان چەندی تێدایە؟

–خانم ئەمن... ئەمن تێناگەم.

–یەک لە شەشی دەزگای کلاری هی منەو ئەمن یەکێک لە کچەکانی کلاریی گەورەم. ئێستا بە فەوری پێویستیم بەپارە هەیە. چەندت پارە لە سندووقدا هەیە بەڕێز لووگران؟

–خانم... ئەمن بەڕاست تێناگەم. بەڕێز ئەتین دوو خوشک زیاتری نین. خانمی ژۆزێف بوناپارتو هاوسەری وەلیعادی سوێد.

–بەتەواوی ڕاستە. ئەمن هاوسەری وەلیعادی سوێدم. چەندت پارە لە دوکانێ هەیە بەڕێز؟

بەڕێز لووگران بەدەستێکی لەرزۆکەوە چاویلکەکەی لە گیرفانی چاکەتەکەی دەرهێناو دەچاوی کرد. پاشان چاوێکی لێکردم. ئەمجار ئەوەندەی زگە گەورەکەی ڕێگای پێدەدا داهاتەوەو ئیکلامی کێشا. کاتێک دەستم بۆلای درێژ کرد بە هەژانەوە دەستی بە هەڵلووشینی لووتی کرد.

–وەختێک شازادەخانم منداڵ بوو، منداڵێکی لەبەردڵانو شەیتان، بەڵێ ئەمن ئەودەم لەلای باوکت شاگرد بووم پایەبەرز.

بەڵام منت نەناسیەوە، تەنانەت بە چاویلکەشەوە نەت توانی بمناسیەوە. وایە؟

فرمێسک بەری چاوی گرتبوومو بە دژواری لێم زیاد کرد:

–شەیتان نەبوومو شەڕانییش نیم تەنیا هەوڵ دەدەم لەم ڕۆژە سامناکانەدا هەرچیم لەدەست دێ بیکەم.

لووگران بە ئارامی بەرەو دەرگا چوو دایخست و گوتی:

–ئەمڕۆ پێویستیمان بە کڕیار نیە شازادە خانم.

کیفەکەم گەڕام کە دەسرۆکە وەبینمو لەوکاتەدا لووگران دەسرۆکەی هەریری سپیی خۆی وێدام.

–زۆرم هەوڵ دا بتوانم ڕێگەچارەیەک بدۆزمەوەو بێئەوەی ناچار بم قەرز بکەم ئەم گیروگرفتە چارەسەر بکەم. چونکە کلارییەک نابێ قەرز وەرگرێ. ئەمن چاوەڕێم تا هاوسەرەکەم...

لەبەر نارەحەتیو نائومێدی دەسرۆکەی شاگردی پێشووی باوکم لەنێو دەستمدا ڕێکدەگوشی.

لووگران کە دەیەویست ئارامم بکاتەوە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–هەموو پاریس چاوەڕوانی هاتنی سەرداری سەرکەوتنی لایپزیکن. بێگومان زۆری پێناچێ کە...

دوادڵۆپی فرمێسکم لە ڕوومەتم سڕیەوەو گوتم:

–لە تەواوی ئەو ساڵانەدا ئەمن هەرگیز بەشی خۆمم لە قازانجی دەزگای کلاری وەرنەگرتوە. بۆیە دەمەوێ هەرچی پارەی نەغدت هەیە بیدەی بەمن.

–شازادەخانم ئێرە پارەیەکی زۆرکەمی لێیە. ژۆزێف شا ڕۆژی پێش ڕۆیشتنی پارەیەکی زۆری لێوەرگرتین.

لەسەیران چاوم پێ داپچڕان. بەڵام ئەو پێینەزانیو درێژەی دایە:

–ژۆزێف شا ساڵێ دووجار بەشی هاوسەرەکەی لە قازانجی کۆمپانیا وەردەگرێ. کاتێک دەیەویست پاریس بەجێ بێڵێ تەواوی ئەو پارەیەی تا کۆتایی مارس لە سوودی فرۆشتنی نهێنیی پارچەی سپی دەستمان کەوتبوو لێی وەرگرتینو ئێستا جگە لە لیستی حیسابە نەدراوەکان شتێکمان بۆ نەماوەتەوە.

کەوایە ژۆزێف بوناپارتیش زانیبیەتی یان نا سوودی لە شریتە سپییەکانی خانەدانی بووربوون پێبڕاوە. بەهەرحاڵ گرنگ نیە ئێستا...

لووگران لەحاڵێکدا بەستەیەکی ئەسکیناس بۆمن ڕاداشتبوو گوتی:

–بڕوانە! ئەمە هەموو ئەو شتەیە کە لەم سەعاتەدا هەمانە.

– ئەوەندەش هەر بێسوود نیە.

لەحاڵێکدا بەستە ئەسکیناسەکەم دەکیفەکەم دەخست بە لێبڕاوییەوە گوتم:

–بەڕێز لووگران! ئێمە دەبێ هەرئێستا هەموو قەرزە دواکەوتووەکان وەرگرینەوە. هەموو دەڵێن نرخی فڕانک دیسان دێتە خوارێ. کالیسکەی من لە دەرێ ڕاوەستاوە. سوار بەو بچۆ لای یەکیەکی کڕیارەکانو قەرزەکان وەگرەوە. هەرکەسیش قەرزەکەی نەدایەوە داوای لێبکە ئەو پارچەیەی کڕیویەتی بتداتەوە.

–بەڵام ناتوانم دوکانەکە بەجێ بێڵم. تەنیا یەک شاگردمان هەیە، ئەوانی دیکە براونەتە خزمەتی سەربازی. ئەو شاگردەشم ناردۆتە لای یەکێک لە کڕیارە قەدیمییەکانم کە پێویستیی فەوریی بە پارچەی جلوبەرگ هەبوو. بێگومان پایەبەرز مارشاڵ مارموون دەناسێ. جگەلەوەش، ئەمن چاوەڕێی فەرمانبەری کڕینی لۆرویی خەیاتم. ئەوان شەووڕۆژ کار دەکەن تا جلوبەرگی ژنەکانی دەرباری تازە...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-تا ئەوکاتـەی ئـەتۆ وەدوای وەرگرتنـەوەی قـەرزەکان دەکـەوی، ئـەمن لـە دوکـانێ دەبـمو کڕیارەکـانیش بـەڕێ دەکـەم. بـەدوای ئـەم قسـەیەدا دەسـبەجێ کڵاوەکـەم لەسـەرم کردەوەو باڵتۆیەکەم دانا. لووگران زاری ڕەق ببوو.

-بەڵام... خانمی...شازا...

-بـۆ سـەرت سـوڕما؟ زۆروەختـان لـە دوکانەکـەی مارسـەی یارمـەتیی بـاوکمم دەدا. مەترسە. دەزانم چۆن دەبێ کار دەگەڵ پارچەی ئاوریشم بکرێ. پەلە بکە بەڕێز.

لووگران بە حەبەساویو دوودڵی بەرەو دەرگا چوو. بانگم کرد:

-بەڕێز تکایە لەحزەیەک ڕاوەستە.

-تکایە وەختێک دەچیە لای کڕیارەکان بۆ ڕێزگـرتن لـە دەزگـای کـلاری ئـەو شـریتە سپیـیە لەسەر یەخەکەت لابەرە.

-پایەبەرز! هەموو خەڵک لەو شریتە...

-بەڵێ. بەڵام نەک شاگردی دێرینی باوکی من. خوا حافیز بەڕێز.

کاتێک تـەنیا مامـەوە، لەپشت مێزەکە دانیشتمو سـەرم وەسـەر مێزەکـە کـرد. زۆر ماندوو بووم. چەند شـەو بـوو کـە خـەوێکی ئاسوودەم نـەببوو. چـاوم بـەو فرمێسکانەی بێهوودە ڕژابوون دەبرژانەوە. داخـوا دەبـوو سـەرکۆنەی بیرەوەریـیـەکانی مارسـەی بکـەم. منداڵێکی شەیتانو بێفکر. باوکم دەستی دەگرتمو باسی مافی مرۆڤی بۆ دەکردم. ماوەیەکی درێژ لەو بەسەرهاتە ڕابردوەو جارێکی دیکەش ئەو ڕۆژانە ناگەڕێنەوە.

زەنگی سـەر سـەردەرانەی دوکانەکـە لێـی دا، ڕاسـت بوومـەوە. پیـاوێکم لەبەرامبـەر خۆمدا بینی کە چاکەتێکی فڕاکی شینی کاڵی گوڵدۆزیکراوی جڵفی دەبەرداو شریتێکی سپیی لەسـەر یەخـەی بـوو، بێگومـان فەرمانبـەری کڕینـی لـۆروی بـوو. ئـەمن کـە عادەتـەن سەروکارم دەگەڵ خانمی بەڕێوەبەری خەیاتخانەکە هەبوو هەرگیز ئەو فەرمانبەری کڕینەم نەدیبوو.

-ئەتۆ فەرمانبەری کڕینی لۆرویی، نا؟

-تکایە بەڕێز لووگرانم بۆ بانگ بکە؟

-ئەگەر ئەمرێکت هەیە فەرموو.

-دەمەوێ دەگەڵ بەڕێز لووگران خۆی قسە بکەم.

لەحاڵیکدا جارێکی دیکە بەداخبوونی خـۆم لـە نـەبوونی بـەڕێز لـووگران دەردەبـڕی تۆپێکی قورسی مەخمەرم لە قەوەزە هێنایە خوارێو چاوم بەو یادداشتە کەوت کە لەسەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو. "ڕاسپێراوی خاتوو مێر مەرجووعی". تویێەکەم لێککردەوە تا دیوی دەرەوەی پارچەکە ببینم. ڕەنگەکەی سەوزی توند بوو کە کۆرسی‌یەکان حەزی لێدەکەن دەگەڵ گوڵدۆزیی مێشەنگوینی تەڵایی، دەسبەجێ گوتم:

-فەرموو مەخمەری سەوزی توند بە نیشانی پادشایەتیی خانەدانی بووربوونەوەو خێراش تۆپی قورسی پارچەکەم وەرگێڕاو لەئاکامدا مێشەنگوینەکان پێچەوانەو سەرەو بن بینران. فەرمانبەری کڕین لە وەرگێڕانی تۆپە پارچەکەدا هیچ یارمەتیی نەدامو بەوەندە بەسی کرد کە چاویلکەکەی ڕاستەوپاستە کرد تا مەخمەرەکە تاقی بکاتەوە.

-گوڵە هێرۆ وەک مێشەنگوینە دەچن.

-چدەتوانین بکەین؟

-نیشانی پادشایی بووربوونەکان مێشەنگوینە ناپلیۆنی‌یەان وەبیر دێنێتەوە. جگەلەوەش، سەوزی توند لەمۆد کەوتوە. خەڵک ئەم ڕەنگەیان لە سەردەمی ئیمپەڕاتۆری‌دازۆرزۆر دیتوە. پاشانیش مەخمەرو ئەویش لە بەهاردا! داخوا مووسلینی بنەوشی کاڵتان نیە؟

چاوێکم لە قەوەزەکان کرد. مووسلین... مووسلینی پەمەیی، زەرد، مووسلینی بنەوش. بەڵێ لە چینی سەرەوەی قەوەزەکە. ئێرە دەبێ لە گۆشەو کەناران نێردیوانێک هەبێ... بەڵێ هۆوە نێردیوانە. نێردیوانەکەم لەپێش قەوەزەکە داناو لەحاڵێکدا نێردیوان لەبن پێمدا دەلەرزی‌و دەخزی مووسلینی بنەوشم لە قەوەزە دەرکێشا.

-ئیمپەڕاتریس ژووزفین داوای جلێکی بنەوشی کەمڕەنگی کردوە. بنەوشی کەمڕەنگ ڕێوڕەسمی ماتەم وەبیر دێنێتەوە. ئیمپەڕاتریس بۆ پێشوازی لە تزار پێویستیی بەو جلانە هەیە.

زۆری نەمابوو لە نێردیوانەکە بەربمەوە.

-ئەو دەیەوێ... میوانداری لە تزار...بکا؟

-دیارە. ئەو دەیەوێ لەو دیدارەدا دەربارەی مەسەلە ماڵی‌یەکانی خۆی قسە دەگەڵ تزار بکا. مەسەلەی ماڵیی بوناپارتەکان هەر ئەم ڕۆژانە باسی لێدەکرێ. گۆیا بەنیازن یارمەتی بۆ ئەو تازەبەسەرداکەوتووانە ببڕنەوە. باشە مووسلینی بنەوشت هەیە یان نا؟

بەتۆپە پارچەوە لە نێردیوانەکە هاتمە خوارو پارچە زۆر ناسکەکەم لەپێشی لێککردەوە تا بی‌بینێ.

-زۆر تاریکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ڕاست ڕەنگی خونچەی یاسی بنەوشەو هەر ئەو شتە کە ئیمپەڕاتریس دەیەوێ.

بە بەکەمزانینەوە چاوێکی لێکردمو گوتی:

-بەچیڕا دەزانی؟

-لێی دەکاڵێتەوەو دەگەڵ ڕووحیەی خەمۆکی وی سازگارە. هەرئەو شتە کە ژووزفینیش حەزی لێدەکا. دیارە ئێمە ئێستا تەنیا بە نەغد دەفرۆشین.

ئەمە ناکرێ. کڕیارەکانی ئێمەش پارەی نەغد نادەن. دیارە زۆر زوو بارودۆخ ڕوون دەبێتەوە کیژۆڵە خانم...

-بارودۆخ ڕوونە. نرخی فڕانک ڕوو لە دابەزینەو ئێمەش هەر بۆیە بە نەغد دەفرۆشین.

بەدوای ئەم قسەیەدا تۆپەپارچەکەم خڕ کردەوەو لەسەر مێزەکەم هەڵگرت کە دە قەوەزەکەی باوێمەوە.

-بەڕێز لووگران لەکوێیە؟

-پێم گوتی لێرە نیە.

چاوی پڕتەمەعی قەوەزە نیوەبەتاڵەکانی دەپشکنین. سەرەنجام گوتی:

-دەکرێ بێڵم دوکانەکەت چیی تێدا نیە.

-بەڵێ، دەکرێ بڵێم هەرچی بوومانە فرۆشتوومانەو فرۆشێکی باشمان هەبوو. دیارە بەنەغد.

بەحاڵەتێکی تامەزرۆو ئاشق دە چەند تۆپە ساتەنەوە ڕامابوو. لەبن لێوانەوە گوتی:

-هاوسەری مارشاڵ "نێ".

-ساتەنی شینی کاڵ؟

دەسبەجێش لێم زیاد کرد:ث

-ڕوخساری خانم سووروسپی نیەو شینی کاڵی لێدەکاڵێتەوە.

زۆر بەسەرنجەوە چاوی لێکردمو گوتی:

-زانیاریەکی زۆر باشت هەیە کچی چاک!و زۆریش لە بازرگانیی هەرير ئاگاداری کیژۆڵە...؟

-دێزیرە.

-باشە بە باوەڕی تۆ بۆ جلکی خانمی "نێ" لەکاتی یەکترناسینی بووربوونەکاندا لە تویلری چپارچەیەک گونجاوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بۆخانمی نێ ئەم ڕوونە هەڵبژێرە. ساتەنت بە قیمەتی جاران بۆ حیساب دەکەم.

-ڕاوێژی قسەت زۆر دێشێنێ کیژۆڵە دێزیرە. هیوادارم لەلایەنگرانی سەرسەختی بوناپارت نەبی.

کوتە کاغەزێکی بەختەتی ئەتینم لەسەر تۆپە پارچەکە دی، قیمەتەکەی لەسەر نووسرابوو. ئەمنیش ئەو قیمەتەم پێگوت.

-دەتوانم سفتە (کۆمپیالە)ت بدەمێ.

-ئەگەر پارچەکەت بوێ دەبێ پارەکەی بەنەغد بدەی چونکە کڕیاری زۆرە.

ئەو بەناچار پارەکەی ژماردو لەسەر مێزەکەی دانا. ئەمن لەحاڵێکدا هەشت میترە ساتەنە دڵخوازەکەی ویم دەپێوا، گوتم:

-مووسلینی بنەوش چی؟

پاشان مەقەستم لەسەر لێواری پەنجەرە هەڵگرتو بە باوەڕبەخۆبوونەوە لەلەیەکم لە لێوی پارچەکە کردو بەوجۆرە کە ئەتینو باوکیشم دەیانکرد پارچەکەم تا ئاخر دادڕی.

-بەڵام ئیمپەڕاتریسیش هیچکاتێک پارەی نەغد ناداتە ئێمە.

ئەمن گوێم نەدایە پرتەو بۆڵەکەیو ناچار دوای هەناسەیەکی کورت گوتی:

-حەوت میتریشم مووسلین بۆ لێوەکە.

-ئەگەر نۆ میتر بەری باشترە، چونکە حەتمەن پشتێنێکی لە ڕەنگی جلەکانیش دەوێ.

لەحاڵێکدا ئەم ڕێنوێنییەم دەکرد نۆ میتریشم مووسلین پێوا. ئەویش لەوپەڕی نارەزایەتیدا پارەی جلوبەرگی ژووزفینیشی ژماردو لەسەر مێزەکەی دانا.

-تکا لە لووگران بکە مەخمەری سەوزی بە نەخشی مێشەنگوینی تەلاییەوەمان تا شەوێ بۆ ڕاگرێ.

ئەمنیش بەڵینم پێ داو ڕۆیشت.

لەحاڵێکدا بەردەوام بە نێردیوانەکەدا دەچوومە سەرێو دەهاتمەوە خوارێ، سێ کڕیاری دیکەشم بەڕێ کردن. سەرەنجام کاتێک لووگران هاتەوە دوکان کەسی لێنەبوو.

-توانیت هەموو قەرزەکان وەرگریەوە بەڕێز؟

-هەموو نا بەڵام بەشێکیان بۆچی.

ئەو پاشان کیفێکی پڕلە ئەسکیناسی وێدامو گوتم:

-ئەمانەش بنووسە تا وەسڵت بدەمێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لووگران دەستی بە نووسین کردو ئەمن بیرم کردەوە چماوەیەک دەتوانین بەو پارەیە گوزەران بکەین؟ حەوتوویەک؟ دووحەوتوو؟... لووگران لیستەکەی لەپێش من ڕاگرت کە ئیمزای بکەم. تاوێکم بیر کردەوەو پاشان نووسیم؛ دێزیرە هاوسەری وەلیعادی شای سوێد ناوی ماڵەباب کلاری.

بەڕێز لووگران بە پێداکردنی خیزی گەرم خەریکی وشککردنەوەی مەرەکەبی وەسڵەکە بوو کە هەستاموو گوتم:

–لەمەودوا بە ڕێکوپێکی پاکانەحیساب دەگەڵ ئەتینی برام دەکەم. ئەوەشت لەبیر بێ بەڕێز لووگران هەتا بۆت بکرێ وریای فرۆشتنی مووسلینی بنەوش بە کە کڕیاری زۆر دەبێ. جگەلەوە، مەخمەری مێرجووعی خانمی دایکی ناپلیۆنیش بۆ خەیاتخانەی لۆروی ڕابگرە. گاڵتە ناکەم لۆروی کڕیاریکی گەورەیەتی. خواحافیز جەنابی لووگران.

–خانمی پایەبەرز...

زەنگی چکۆڵەی سەر دەرگای دوکانەکە دووبارە لێدرا. کالیسکە چاوەڕێ بوو. هەرکە پێم دەژووری کالیسکەکە نا کالیسکەچی ڕۆژنامەیەکی وێدام. داوام لێکرد بمباتە شەقامی ئانژوو. لە ڕێیەدا دەستم بە خوێندنەوەی ژمارەی تایبەتیی ڕۆژنامەکە کرد. ڕاژانی کالیسکە دەبووە هۆی ئەوەی پیتەکان لەپێش چاوم بجووڵێن...

ناپلیۆن دەستلەکارکێشانەوەیەکی دیکەی بەمجۆرەی نووسیبوو:

> دەوڵەتانی هاوپەمان ڕایانگەیاندوە کە ئیمپەڕاتۆر ناپلیۆن تەنیا کۆسپی سەر ڕێگای جێگیربوونی ئاشتی لە ئورووپایە. ئیمپەڕاتۆر ناپلیۆن کە هەروا بەسوێندی خۆی وەفادارە، بەمهۆیەوە لەلایەن خۆیو میراتگری خۆیەوە واز لە تاجوتەختی فەڕانسەو ئیتالیا دێنێو بۆ پاراستنی قازانجی فەڕانسەو فەڕانسەیییەکان لە هیچ جۆرە فیداکارییەک تەنانەت بەخشینی گیانی خۆشی تەنەخی ناکا.

---

بوختەی *قسە* ئەوەیە کە ئەمشەو بۆ شێو بریانیی ڕانی گوێلکمان دەبێ. دەبێ هۆشیارانە وریای کیفەکەم بم، چونکە هەموو ئەسکیناسەکانم دەو هاویشتوون. هەوا بۆنی بەهاری لێدێ بەڵام ئەو خەڵکەی لە کۆڵانو شەقامەکانن خەمۆک دێنە بەر چاو. ئەوان نازانن پاش شەڕ بۆچی هێشتا دەبێ برسی بن. ژنانیش وەک هەمیشە لەڕیزی دوورودرێژی نانەواخانەکاندا ڕاوەستاونو هەمووشیان شریتی سپییان لەسەر سنگە. نوسخەگەلێک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژمارەی تایبەتیی ڕۆژنامە کە دەستلەکارکێشانەوەی ناپلیۆنی تێدا چاپ کراوە دە جۆگەلەکانی قەراغ جادە کەوتوون.

کالیسکە بە ڕاتڵەکانێکی توند ڕاوەستا. ڕیزێکی ژاندارمە ڕێگای چوون بۆ شەقامی ئانژوویان بەستبوو. یەک لە ژاندارمەکان بە نەڕاندن شتێکی بە کالیسکەچی‌یەکە گوت. ئەویش خۆی فڕێ دایە خوارو دەرگای کالیسکەی کردەوەو گوتی:

–ناتوانم لەوە زیاتر بڕۆمە پێش، چونکە لەبەر هاتنی تزار شەقامی ئانژوویان بەستوە.

ئەمن دەبێ بچمە ئەم شەقامە چونکی ماڵم لەوێیە.

کالیسکەچی قسەکەی منی بۆ ژاندارمەکان گێڕایەوە.

–دانیشتووانی شەقام دەتوانن بچن بەڵام بەپێیان نە بەکالیسکە.

ئەمن کە لە مەسەلە حاڵی ببووم دابەزیمو کرێی کالیسکەکەم دا.

ژاندارمە لە هەردوو بەری شەقام ڕیزیان بەستبوو. مێشوولە بە شەقامدا نەدەفڕی‌و دەنگی پێی من لە بێدەنگیی شەقامدا دەنگی دەدایەوە. لەپێش ماڵێ بەناچار راوەستامو ئەفسەرێکی پۆلیس ڕێگای پێگرتمو گوتی:

–لەمە زیاتر ناتوانی بچیە پێش.

سەرم هەڵبڕی‌و چاوێکم لێکرد. ڕوخساری بۆمن ئاشنا بوو. ناسیمەوە. ئەو کەسە بوو کە چەندساڵ بە فەرمانی وەزیری پۆلیس وشیاری ماڵی ئێمە بوو. دیارە ئەمن هەرگیز نەمزانی ئەمە لەبەر ڕێزێکە کە بۆمان دادەنێن یان بۆ جاسووسی. بەویستی ناپلیۆن هەموو ماڵە مارشاڵەکان شەووڕۆژ لەژێر چاوەدێریی پۆلیسدا بوون.

سەروانی پۆلیس پیاوێکی وەنێوکەوتوو بوو بە یۆنیفۆڕمێکی دڕاوو بێکەلکەوە. لەسەر کڵاوە سێگۆشە کۆنەکەی پەڵەیەکی تەڵخ سەرنجی ڕادەکێشا کە بێگومان تا چەندڕۆژ پێشتر نیشانی سێڕەنگی شین‌و سپی‌و سووری لەوێ دابوو. ئەو بەئەنقەست سەری دانەپۆشیبوو، و لەدوای بڕیارنامەی دەوڵەتی تازە نیشانی سپیی لە تەنیشت ئەو پەڵە تەڵخڕەنگە لێدابوو.

–لاچۆ لەسەر ڕێم. دەزانی کە ئێرە ماڵێ منە.

نیوسەعاتی دیکە خاوەنشکۆ تزاری ڕووسیە دێتە سەردانی هاوسەری وەلی‌عادی شای سوێد. ئەمن فەرمانم پێدراوە نەیەڵم کەس بچێتە ئەم ماڵە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو بێئەوەی چاو لەمن بکا ئەم قسانەی کردن. کەوایە تزار دێتە سەردانی من... وەک نەڕاندن نەڕاندم:

-کەوایە تا زووە لەسەر ڕێم وەلا کەوە ئەمن دەبێ خۆم ئامادە بکەم.

بەڵام هێشتا سەروانی جلشڕ چاوی لێنەدەکردم. لاقم بە زەوی‌دا داو گوتم:

-چاوم لێکە! چەند ساڵە من دەناسی‌و بۆخۆت باش دەزانی کە ئێرە ماڵو جێگەی ژیانی منە.

-پایەبەرزم دەگەڵ هاوسەری مارشاڵ بیرنادۆت لێ تێک‌چوو!

کاتێک ئەمەی دەگوت تێمەوە ڕامابوو،و بلێسەی بەدجنسی لەچاوانی‌دا دەدرەوشا. دووبارە گوتی:

-بمبوورە، داوای لێبووردن دەکەم... هەڵەم کرد. پایەبەرز دەبێ بۆپێشوازی لە تزار ئامادە بێ.

بەدوای ئەم قسەیەدا هاواری کرد:

-وەلا کەون. ڕێگا بۆ پایەبەرز هاوسەری وەلی‌عادی پادشای سوێد بکەنەوە!

بەغاردان بەنێو دوو ڕیز ژاندارمی ڕیزبەستوودا تێپەڕیم. لاقم دەتگوت لە عەرزی هەڵناپچڕێن. بەڵام غارم دا. لە ماڵێ هەموو بەپەرێشانی چاوەڕێی من بوونو کە گەیشتمە نزیک ماڵێ دەرگا کرایەوەو ماری قۆڵی گرتمو ڕای‌کێشامە ژووری ماڵێ.

-پەلە بکە... نیوسەعاتی دیکە تزار دێتە ئێرە...

پیەر بە شەقەوە لەبەر دەرگای ژووری دەرکەوان ڕاوەستابوو. کیفەکەمم بۆ ڕاداشتو گوتم:

-بگرە. جارێ گرێی کارمان کرایەوە. هەرنەبێ جارێ!

نازانم چۆن گەیشتمەوە ژوورەکەی خۆم. ماری بەپەلە جلەکانی لەبەر داکەندمو باڵتۆخەوێکی بەشانمدا دا. ئیڤوتیش دەستی کرد بە ڕێکخستنی قژەکانم. لەبەر ماندوویی نەمدەتوانی چاو هەڵێنم. لەمکاتەدا ماری پەرداخێکی بڕەندی هێناو گوتی:

-ها. ئەم پەرداخە هەڵدە.

-ناتوانم ماری! ئەمن قەتم بڕەندی نەخواردۆتەوە.

-گوتم وەیخۆ!

بەناچاری پەرداخەکەم وەرگرتو هەرچەند لە بڕەندی بێزار بووم بەڵام خواردمەوە. لەحزەیەک هەستم بە برژانەوەیەکی توند کرد. ماری پرسی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-چجلێک دەبەر دەکەی؟

-نازانم، خۆ جلی تازەم نین. ڕەنگە ئەو مەخمەرە بنەوشییەی بۆ دوادیداری ناپلیۆن دەبەرم کردبوو خەراپ نەبێ.

"مەخمەر لەبەهاردا؟ بنەوش... جوانەو کەمێک غەمگینانە". کەمێک گولاوم لە دموچاوم داو دەستم ڕێخست. بەوکارە تۆزوخۆڵی دوکانێ لە روخسارم سڕایەوە. کەمێک پۆدری ڕەنگزیویم لە پێلووەکانم دا. ئییووت قوتووی کرێمی پۆدری بۆ ڕاگرتم. ئێستا... باشە نەختێک سووراو لە لێوانم دەدەمو پۆدر...

-تەنیا پازدە دەقیقەی دیکەت وەخت هەیە ئووژنی.

ماری لەحاڵێکدا وەختی وەبیر دێنامەوە، بۆخۆشی چۆکی لەپەنام دادابوو تاکەوشو گۆرەوی‌یەکانم لەپێ دەربێنێ.

-لەساڵۆنی گچکە پێشوازی لە تزار دەکەم چونکە هەموو میوانەکان لە ساڵۆنی گەورە دانیشتوون.

سەرم لەبەر ژانی زۆر خەریک بوو بتەقێو دەتگوت بە چەقوو لە لاسەرم ڕادەکێشن.

ماری کە سەندەڵە زیوی‌یەکانی دەپێ دەکردم گوتی:

-نیگەران مەبە. ئەمن ساڵۆنی گچکەم ڕێکوپێک کردوەو هەموو شتێک ئامادەیە، شامپاین، نانشیرنی...

لە ئاوێنەدا چاوم بە ژوولی کەوت کە جلێکی پەمەیی دەبەردا بوو،و یەکێک لە نیوتاجە چکۆڵەکانیشی بەدەستەوە بوو.

-دێزیرە! پێت وایە نیوتاج لەسەر کەم باشترە یان نا؟

لەخۆوەو بێئەوەی بزانم مەبەستی چیە وەرسووڕامو چاوم لێکرد. ئەوەندە کز بووە کە کراسە پەمەیی‌یەکە لەبەری‌دا دەگری‌و لەهەموو لاوە گنج بووە.

-چخەبەرە کە دەتەوێ نیوتاج لەسەر نێی؟

-پێم وابوو... یانی... پێم وابوو کاتێک ئەتۆ بە تزارم دەناسێنی حەتمەن بەعینوانە کۆنەکەم...

سەرمم وەرسووڕاندو لەحاڵێکدا چاوم لە ئاوێنەکە بوو گوتم:

-بەڕاستی پێتخۆشە بەتزار بناسێندرێی ژوولی؟

بە نیشانەی ڕەزامەندی سەری لەقاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دیاره داوای لێدەکەم پارێزگاری لە قازانجەکانی منو منداڵەکانم بکا. تزاری ڕووسیە...

–ژوولی کلاری! بەڕاستی دەبێ شەرم لەخۆت بکەی. هێشتا چەند سەعات بەسەر دەستلەکارکێشانەوەی ناپلیۆندا تێنەپەڕیوە. بنەماڵەکەی لەهەموو سەرکەوتنەکانیدا بەشدار بوون ئەتۆ خۆت دووتاجت لێوەرگرتوون. ئێستاش دەبێ چاوەڕێ بیو بزانی ئەو چبڕیارێک لەبارەی تۆوە دەدا. قازانجەکانی تۆ...

بەزەحمەت توانیم ئاوی زارم قووت دەمەوە چونکە دەمم وشکوشک ببوو.

–... ژوولی ئەتۆ ئیدی شاژن نی. ئەتۆ ژوولی بوناپارتیو ناوی ماڵەبابیشت کلاری‌یە. نەزیاترو دیارە نەکەمتریش.

تاجە چکۆڵەکە لەدەستی ژولی بەربۆوەو بۆخۆشی دەرگاکەی پێکدا داو لە هۆدەکە وەدەر کەوت. چاوم لێکنان. ژانەسەرەکەم گاڵەی دەکرد. ئییووت گوارەکانی شاژنی دایکی سوێدی دەگوێ کردم. ماری کە هەروا خەریکی یارمەتیدانی من بوو گوتی:

–تەواوی وەختەکە لێت دەگەڕانو دەیانپرسی کە لەکوێی.

–ئەتۆ چیت وەڵام دانەوە؟

–هیچ، بەڵام ئەتۆش زۆرت پێچوو.

–ئەمن بەڕێوەبەری فرۆشگام نارد قەرزان وەرگرێتەوە. ناچار بۆخۆم لەوێ مامەوە بۆئەوەی وەڵامی کڕیارەکان بدەمەوە.

باڵتۆخەوەکەی لەسەر شانم لابرد، جلکە مەخمەرە بنەوشی‌یەکەم دەبەر کردو دووبارە دانیشتم.

–پێنج دەقیقە زیاتری نەماوە.

بەدوای ئەم وشیارکردنەوەیەی ماری‌دا، ئییووت قژەکانی ڕێکخستمو بە قردێلەی پەمەیی بەستنی. ماری پرسی:

–بازاڕی هەریر چۆنە؟

–بەبرەوە. ژنانی مارشاڵە کۆنەکان بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی دەرباری تازەدا خەریکی کڕینی ساتەنو مووسلینن. ماری پەرداخێکی دیکەشم بڕەندی بدەیە.

ماری بێئەوەی هیچ بڵێ پەرداخەکەی پڕ کردەوەو ئەمنیش بێدەنگ هەڵمدا. هەستم کرد گرمایەکی تایبەتی دەلەشم گەڕا. چاوێکم لە ئاوێنە کرد، لەژێر پێلووی زیویندا چاوم لە ئەندازەی واقیعی گەورەتر دیار بوون. ڕەنگە پێویست بووبێ کەمێک پۆدر لەسایەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شینی بەر چاوانم بدەم. دواجار کە ئەم جلانەم دەبەر کردن، دەسکێک بنەوشەشم لەسەر سنگم دابوو. بەڵام مخابن کە ئەمڕۆ دەستم وە...

-بەڕاست ئووژنی کەسێک گوڵی بۆ ناردووی. دەسکێک بنەوشە کە لەسەر پێشسۆبەکەی ساڵۆنی گچکە دانراون. ئێستا دەبێ بچیە خوارێ.

نازانم کاری بڕەندییەکە بوو یان شەکەتی بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر لە پلیکانان دەهاتمە خوار دەتگوت لەخەودا دەڕۆم. هەموو لە خوار پلیکانەکان خڕ ببوونەوە. مارسلین بە جلکی شەونشینیی ژوولییەوە، برازا ژەنڕاڵەکەم بە یۆنیفۆڕمی تەواوەوە، خاتوو لافلووت بە باشترین جلوبەرگەوە، کچەکانی ژوولی بەقژی بەستراو بە قردێلەی پەمەییەوە، کوڕەکانی ئوورتانس تەواو پۆشتە، کۆنت ڕووزەن بە یۆنیفۆڕمی سوارەنیزامی سوێدو قایششمشێری ئاجودانیو سەرهەنگ ویلات لەدوای هەمووانەوە بە یۆنیفۆڕمی خزمەتەوە.

ویلات بە دیتنی من نزیک کەوتەوەو گوتی:

-پایەبەرز! دەتوانم تکا بکەم لەماوەی بوونی تزار لێرەدا ئەمن لەهاتن بۆ ساڵۆن جەب بدەی؟ هەرگیز ئەو چاکەیەی جەنابتم لەبیر ناچێتەوە.

بە سەرلەقاندن ئیزنم پێداو بێئەوەی فکرم لەوێ بێ چاوم لە یەکیەکی حازرییان کردو گوتم:

-تکایە بچنە ساڵۆنی گەورە. ئەمن لە ساڵۆنی گچکە پێشوازی لە تزار دەکەم.

بۆچی هەموو بە سەرسورمانو حەبەسانەوە دە منەوە ڕامابوون؟ ڕووم کردە کۆنت ڕووزەنو گوتم:

-کۆنت ڕووزەن دەبینم یۆنیفۆڕمی ئاجودانیت دەبەر کردوە.

- پایەبەرز وەلیعاد بە ئەفسەرێکی ڕووسدا بۆی ناردووم.

ژان باتیست لەفکری هەموو شتێکدا بوو.

-کۆنت! هەتا دەرکی ساڵۆنی چووکەڵەم دەگەڵ دێی؟

مارسلین کە ئیدی خۆی پێڕانەدەگیرا، گوتی:

-ئەی ئێمە چی؟

ئەمن کە لە شیپانەی دەرگادا بووم وەڵامم دایەوە:

-هەرگیز حەز ناکەم هیچ پیاو یان ژنێکی فەڕانسەیی ناچار بکەم خۆی بە پادشایەکی بێگانە بناسێنێ کە دەگەڵ فەڕانسە لەحاڵی شەڕدایە، بەتایبەتی پێش ئیمزای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەیمانی ئاشتی لەنێوان فەڕانسەو هاوپەیمانانیدا. جگە لەوە، ئەوەندەی ئەمن ئاگادارم هەتا ئەمڕۆش ئیمپەڕاتۆر بەڕەسمی دەستی لەکار نەکێشاوەتەوە.

ماریووس سوور هەڵگەڕاو مارسلینیش ئیدی هیچی نەگوت. لافلووت لێویی بە ددانی گرتبوو،و منداڵەکان دەستیان کرد بە گریان کە:

-داخوا ئێمە دەتوانین هەرنەبێ لە کونی کلیلەکەوە تەماشا بکەین؟

ساڵۆنی گچکە هیچی کەم نەبوو،و تەواو ڕێکوپێک بوو. لەسەر مێزی چکۆڵەی پێش ئاوێنە، پەرداخی شامپاینو شیرنی دانرابوون. لەسەر پێشسۆبەکە سەبەتەیەکی زیویی پڕ لە بنەوشەیان دانابوو؛ گوڵی وردو سیس. لە تەنیشت مێزەکەش پاکەتێکی لاکومۆرکراو بەرچاو دەکەوت. پیرەی شەیپوورەکانو دەنگی سمی ئەسپان خەبەریان لە هاتنی تزارو پارێزەرەکانی دەدا. کالیسکەیەک ڕاوەستا. ئەمنیش ڕاستو بێجووڵە لە نێوەڕاستێ ڕاوستام.

دەرگا کرایەوە. سپیایی سەرسوڕهێنی یۆنیفۆرم یەکەمین شت بوو کە هاتە بەرچاو. پیاوێک بە یۆنیفۆڕمی سپی، سەرشانی زێڕینو درەوشاوەوە، باڵابەرز، بە ڕوخسارێکی خڕی کوڕانەوە، قژی لوولی تەڵاییو زەردەخەیەکی ڕەنگە ساختەوە. تالیڕانیش ڕاست بەدوایدا هاتە ژوورێ. لەدوای ئەو دووانە ژمارەیەک یۆنیفۆڕمی بێگانەم بەر چاو کەوتن. بێ دواکەوتن بۆ ڕێزلێنان سەرم داخستو پاشان دەستم بۆ پیاوە باڵابەرزەکە درێژ کرد.

- پایەبەرز! بەدڵ ئارەزووم بوو ڕێزی خۆم پێشکێشی هاوسەری پیاوێک بکەم کە هەوڵێکی زۆری بۆ ئازادیی ئورووپا داوە.

دوو خزمەتکاری من بە بێدەنگی خزینە لای مێزەکەوە تا بە شامپاین میوانداری لە میوانەکان بکەن. تزار لە تەنیشت من لەسەر مۆبلی چکۆڵە دانیشت. جێگای تالیڕانیش بە جلی ڕەسمیی زێردۆزیکراوەوە کەوتە سەر مۆبڵە ڕەحەتەکەی ڕووبەڕوو.

-پڕێنسی بنەڤێن بەلوتفەوە ماڵەکەی بۆمن چۆڵ کردوە.

بزە لەسەر لێوی تزار لانەدەچوو. داخوا ئەو هەمیشە ئەو یۆنیفۆڕمە سپییە چاوبەمۆلەقوەستێنەی دەبەر دەکرد؟ تەنانەت لە مەیدانی شەڕیش؟ چفکرێک! خۆتزار ژەنراڵ نیە. پیاوێکی تەڕپۆشو ناسکە کە لە ستادی فەرماندەری لەسەر ئەسپ دادەنیشێ تا خەبەری سەرکەوتنی بۆ دێنن. تەنیا ژان باتیست هەم ژەنراڵەو هەم شازادە... قومێکم لە شامپاینەکە خواردەوەو بزەیەکم کەوتە سەرلێو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–یەکجار بەداخم لەوەی هاوسەری پایەبەرز دەگەڵ من نەهاتە پاریس. چاوەکانی تزار چووک بوونەوەو درێژەی پێدا:

–ئەمن ئومێدم بەوە. کاتێک لە ڕاین دەپەڕیمەوە چەند نامەمان دەگەڵ وی گۆڕینەوەو دیارە ئەم دووانەمان

ناکۆکییەکی چووکەڵەمان لەبارەی سنوورەکانی دواڕۆژی فەڕانسەوە هەبوو.

بزەیەکم کردو قومێکی دیکە شامپاین.

ئەمن دەمەویست پایەبەرز لە باسەکانی ئێمە دەربارەی شێوەی حکوومەتی فەڕانسەدا بەشدار بێ. لەوەش گەڕێین کە پایەبەرز لە هەمووومان زیاتر لە داخوازەکانی خەڵکی فەڕانسە ئاگادارە. پتر لە منو ئامۆزاکانم ئیمپەڕاتۆری ئوتریشو پادشای پرووس. لەلایەکیش سەرنجی هەرکام لە پادشایانو ڕاوێژکارەکانیان لەسەر قازانجی ئەوان خۆیانە.

ئەو پەرداخەکەی یەکبین هەڵقووڕاندو لەخۆوە بۆ یەکێک لە ئاجودانەکانیی ڕاداشت. ئاجودانیش پەرداخەکەی پڕ کردەوە. لەونێوەدا هیچکام لە خزمەتکارەکانی من ئیزنی نزیکبوونەوە لە تزاریان نەبوو.

– پایەبەرز! ئەمن بەبێسەبری چاوەڕێی گەیشتنەوەی هاوسەرەکەتم. لەوانەیە پایەبەرز بتوانێ پێمبڵێ کە ئەو چوەختێک دەگاتەوە.

سەرم ڕاوەشاندو قومێکی دیکەم لە شامپاینەکە خواردەوە.

–حکوومەتی کاتیی فەڕانسە لەژێر ڕێبەریی دۆستمان پرێنسی بنەڤێن دایە.

لەوکاتەدا تزار پەرداخەکەی بەرەو تالیران گرتو تالیرانیش ئیکلامی کێشا.

–خەبەریان بە ئێمە داوە گۆیا فەڕانسە چاوەڕێی گەڕانەوەی بووربوونەکانەو تەنیا هاتنەوەی وان دەتوانێ بەردەوامیی ئاشتی لە فەڕانسە مسۆگەر بکا. ئەم بابەتە بۆمن وەک خۆم جێگای سەرنجە. بیروڕای پایەبەرز لەو بارەیەوە چیە؟

–ئەمن شارەزای سیاسەت نیم خاوەنشکۆ.

–لەو باسانەدا کە دەگەڵ هاوسەرەکەتم بوون هەستم کرد ئەو پێی وایە خەڵکی فەڕانسە ئەوەندەیان ئۆگری بە خانەدانی بووربوونەکان نیە. بۆیە پێشنیارم بە خودی شازادە کرد...

تزار جارێکی دی پەرداخە بەتاڵەکەی دایەوە دەستی ئاجودانو چاوی دە منەوە بڕی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-خانم ئەمن پێشنیارم بە هاوسەرەکەت کرد لە گەلی فەڕانسە داوا بکا مارشاڵی گەورەی خۆیان ژان باتیست بێرنادۆت، وەلیعادی سوێد وەک پادشای فەڕانسە هەڵبژێرن.

-ئەدی هاوسەرەکەم چیی جوابی خاوەنشکۆ دایەوە؟

-باوەڕ کە پایەبەرز ، هیچ وەڵامێک. پسمامی خۆشەویستمان وەلیعادی شای سوێد تەنانەت وەڵامی ئەو نامەیەشی نەدایەوە کە لەودا ئەو پێشنیارەم هێنابووە گۆڕێ. جگەلەوەش، ئەو هێشتا نەهاتۆتەوە پاریسو تەنانەت تەتەرەکانی منیش نەیانتوانیوە بیدۆزنەوە. پایەبەرز ون بووە.

ئەو پەرداخە تازەپڕکراوەکەی بەتاڵ کردو خەمناکانە چاوی لەمن کرد.

-ئیمپەڕاتۆری ئوتریشو پادشای پڕووس حەز بە گەڕانەوەی بووربوونەکان دەکەن. ئینگلیستان یەکێک لە کەشتییە شەڕکەرەکانی خۆی ئامادە کردوەو خستوویەتە بەردەست لوویی هەژدەیەم. چونکە تائێستاش وەلیعادی شای سوێد وەڵامی پرسیاری منی نەداوەتەوە بەناچار پەیڕەوی حکوومەتی فەڕانسەو هاوپەیمانەکانی دیکەم دەبم.

ئەو پاشان چاوێکی لە پەرداخە بەتاڵەکەی کردو گوتی:

-حەیف!

دەسبەجێش لێی زیاد کرد:

-ئەم ژوورە چەند دڵگرە خانم.

هەردووکمان هەستاینو تزار چووە لای پەنجەرەو چاوێکی لە باغەکە کرد. ئەمنیش لە پەنای ڕاوەستابوومو بەژنم بەزەحمەت دەگەیشتە شانانی.

-چەند باغێکی لەبەردڵانە؟

ئەو شەیدای جوانیی باغەکە بوو بەڵام باغە چکۆڵەکەم ئەمساڵ لەبەر پیڕانەگەیشتن شێواوو چۆڵ دیار بوو.

-ئێرە ماڵی قەدیمیی ژەنراڵ مۆرۆیە.

تزار لەناکاو چاوی لێکنان، وەک ئەوەی بیرەوەرییەکی تاڵو بەژانی بیر کەوتبێتەوە.

-گوللەتۆپێک هەر دوولاقیی ورد کردن. مۆرۆ لە ستادی من خزمەتی دەکردو سەرەتای سێپتامبر هەربەو بەرکەوتنە کۆچی دوایی کرد. ئەتۆ خەبەرت نەبوو پایەبەرز ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-مۆرۆ دۆستی لەمێژینەی ئێمە بوو. دۆستی ڕۆژانی ڕابردوو، ئەو ڕۆژانە کە هاوسەرم هێشتا هیوادار بوو بتوانێ کۆمار بۆ خەڵکی فەڕانسە بپارێزێ.

ئەمن زۆر بەسپاییم قسە دەکرد چونکە لە پەنا پەنجەرە بەتەنیا بووین؛ ئەمنو تزاری ڕووسیە، تەنانەت تالیڕانیش گوێی لە دەنگمان نەبوو.

-داخوا هەر لەبەر ئەو کۆمارە نەبوو کە هاوسەرەکەت پێشنیارەکەی منی پشتگوێ خستو قبووڵی نەکرد؟

ئەمن هیچم نەگوتو بێدەنگ بووم. تزار بزەیەکی هاتێو زیادی کرد:

-بێدەنگییش بۆخۆی وەڵامێکە.

لەنەکاو بابەتێکم وەبیر هاتەوەو بەتوندی هەستم بە تووڕەیی کرد.

-خاوەنشکۆ...

ئەو سەری لار کردەوەو پرسی:

-بەڵێ دۆتمامی خۆشەویستو بەڕێزم؟

-خاوەنشکۆ، جەنابت نەکهەر تاجی فەڕانسەت بە هاوسەری من پێشنیار کرد، بەڵکوو گڕاند دووشێسێکی ڕووسییشت پێ پێشنیار کرد!

-بیستبووم دیوار گوێی هەیە. ئێستا دەبینم وایە، هەرچەند دیوارەکانی کۆشکی ئابووش بن.

ئەو زەردەخەنەیەکی کردو گوتی:

-خۆ دەزانی هاوسەرەکەت چوەڵامێکی دامەوە؟

هیچم نەگوت. ئێستا ئیدی تووڕە نەبووم، بەڵکوو بەتوندی هەستم بە ماندوویی دەکرد.

-ئەو گوتی: بەڵام ئەمن ژنم هێناوەو دوایەش ئیدی قسەمان لێنەکردەوەو لەبیر چۆوە. ئێستا خەیاڵت ئاسوودە بوو پایەبەرز ؟

-ئەمن هەرگیز نیگەران نەبووم قوربان! لانی کەم لەمبارەیەوە. حەز لە پەرداخێکی دیکە شامپاین دەکەی پسمامی خۆشەویست؟

تالیڕان لێمان نزیک بۆوەو پەرداخەکەی وەرگرتو لەوە بەدوا ئیدی چاوترووکانێکیش بەتەنیا جێی نەهێشتین. تزار بە تامەزرۆیی گوتی:

-ئەگەر کارێک هەبێ بتوانم بۆ دۆتمامی خۆشەویستمی ئەنجام بدەم، زۆر خۆشحاڵ دەبم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–جەنابت زۆر لوتفت هەیە خاوەنشکۆ، بەڵام ئەمن پێویستییەکم نیە.

–پێت وانیە باشتر بێ گاردێکی ڕێزلێنانت لە ئەفسەرانی ڕووسی بۆ دیاری بکەم؟

–سوپاسگوزارم، نەخەیر.

حاڵەتی شێوە تکای من بووە هۆی بزەی مانادارى تالیڕانو تزار بە ڕاوێژێکی جیددی گوتی:

–تێدەگەم. دیارە تێدەگەم ئامۆزای خۆشەویست!

لەحاڵێکیشدا بۆ خواحافیزی سەری دانواندبوو،و تۆقەی دەگەڵ دەکردم گوتی:

–ئەگەر پێش ئێستا شانازیی ئاشنایی دەگەڵ تۆم هەبایە، هەرگیز ئەو پێشنیارەم بە شازادە نەدەکرد. پێشنیارەکەی کۆشکی ئابوو دەڵێم.

–ئەمە لوتفی جەنابتە، خاوەنشکۆ.

–خانمەکانی بنەماڵەی من کە لەو پێشنیارەدا لەبەر چاوم گرتبوون بەداخەوە جوان نین. لەحاڵێکدا کچەمامی زۆر خۆشەویستم...

چەند ساتێک لە پێوەدرانەوەی دەرگا دوای ڕۆیشتنی میوانی پایەبەرزی منو ئاجودانەکانی تێپەڕیبوو. بەڵام ئەمن هێشتا بێ ئیرادە لە نێوەڕاستی ژوورەکە ڕاوەستابووم. لەوە ماندووتر بووم کە بتوانم ببزووم. چاوێکم لە دەوروبەری خۆم کرد، تزار ڕۆیشتبوو بەڵام مۆرۆ، ئەو کە لە ئەمریکاوە هاتبۆوە تا بۆ ئازادیی فەڕانسە بجەنگێ؛ ئەوەندە نەژیا جارێکی دیکە ئاڵا سپییەکانو شریتە سپییەکان ببینێ...

خزمەتکاران دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی پەرداخەکانی شامپاینخواردنەوە. چاوم بە بنەوشە سیسبووەکان کەوت.

–کۆنت ڕووزەن! ئەم گوڵانە لەکوێوە هاتوون؟

–کالینکوور هێنانی. ئەو لە فۆنتین بلووڕا دەهاتو دەچووە لای تالیڕان تا دەستلەکارکێشانەوە ئیمزاکراوەکەی بداتێ.

بەرەو پێشسۆبەکە چووم. فۆنتین بلوو،و بنەوشە زۆرەکانی! هیچیان لەسەر پاکەتە لاکومۆرکراوەکە نەنووسیبوو. پاکەتەکەم دڕاند. کوتە کاغەزێکی تێدا بوو کە هیچی لەسەر نەنووسرابوو جگە لە N.I مستێکم لە بنەوشەکانی نێو سەبەتەکە هەڵگرتو لە دەموچاومم نزیک کردنەوە. هەرچەند سیسو نیوەگیان بوون بۆنێکی شیرنو گیانبەخشیان لێدەهات.

لەم کاتەدا لەپشتەوەم گوێم لە دەنگی ڕووزەن بوو کە دەیگوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– پایەبەرز هیوادارم لێم ببووری. بەداخم کە دەبمە مایەی جاڕزبوونت. هەتا ئێستا شازادە بە هەر ڕێگایەک بۆی کرابا مووچەی منی دەنارد. بەڵام چەند حەوتوویەکە هیچم پێنەگەیشتوە. دەزانی کە بۆ هیندێ شتی پێویست...

–پیەر، مەبەستم بەرپرسی کاروباری دارایی ماڵەکەمانە. ئەو هەرئێستا مووچەی تۆ دەدا...

–بەڵام پایەبەرز دڵنیایە ئەم کارە نابێتە مایەی زەحمەت. چون خانمی شازادە خۆشی ماوەیەکە پارەیەکی بەدەست نەگەیوە؟

–دیارە، هەربۆیە ئەمڕۆ ئەوەندە ماندووم. چونکە هەموو ڕۆژەکە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ماڵێ کارم کردوە.

– پایەبەرز؟!

دەنگی ڕووزەن پڕلە ترس بوو.

–دامەچڵەکە کۆنت. چونکە هەریرم فرۆشتوە. ئەوەش شەرمو شوورەیی نیە. پێوانی یەک یان چەند میتر ساتەن، یان مووسلین یان مەخمەرو لێکردنەوەو قەدکردنیو وەرگرتنی پارەکەیەتیو تەواو. ئەتۆ دەزانی کە ئەمن کچی بازرگانێکی هەریرم.

– پایەبەرز! ئەتۆ هەر مەبلەغێکت لە هەرکەس بەقەرز ویستبایە دەیاندایەی.

–حەتمەن کۆنت ڕووزەن. بەڵام هاوسەری من بە فرۆشتنی هەرچی هەیبوو سەرەنجام توانی قەرزەکانی بنەماڵەی واسا بداتەوەو ئەمن نامەوێ قەرزی تازە بۆ بنەماڵەی بێرنادۆت دروست بکەم. ئێستاش کۆنتی خۆشەویست شەوخۆش. لەجیاتی من داوای لێبووردن لە میوانەکان بکەو داوا لە شاژنە ژوولییش بکە لەسەر مێز جێگای من بگرێتەوە. هیوادارم هەمووتان چێژ لە بریانیی ڕانی گوێرەکە وەربگرن.

ماری لەخوار پلیکانەکان چاوەڕێم بوو. قۆڵی گرتمو کۆمەگی کردم تا لە پلیکانەکان وەسەر کەوم. کاتێک چوومە ژووری خۆڕازاندنەوەم، لاقم وەشتێک کەوتو ویستم هەڵیگرمەوە. بەڵام ماری گوتی:

–وازی لێبێنە، یەکێک لە تاجەکانی ژوولییە.

ئەو پاشان وەک منداڵێک جلەکانمی لەبەر داکەندم، هاویشتمیە نێو جێگاو دوای ئەوەی پەتووەکانی بەسەر هەڵکێشام، گوتی:

–بیری لێبکەوە. ڕانە گوێلکەکە سووتا. ئاشپەز کە لەبیری دیتنی تزاردا بوو تەواوی ئەو ماوەیە لەبەر دەرگا پیاسەی دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوم لێک‌نان.

لای نیوەشـەوێ وەخەبـەر هـاتمو یەکـتـەکان لەسـەر تەختەکـەم دانیشـتم. هـەموو جێیەک تاریک بوو، زۆریش ئارام. دڵـم بەتونـدی لێـی‌دەدا. دەسـتم بـە لاسـەرمەوە گرتو هەوڵم دا وەبیرم بێتەوە... چشتێک وەخەبـەری هێنـام؟ فکرێـک؟ خـەونێک؟ هەستم دەکرد ڕوداوێک بەڕێوەیە. هەر ئەمشەوو لەوانەیە هەر ئێستاش. تەواوی شـەوەکە گرفتـاری ئـەو کەڵکەڵەیە بووم بەڵام نەمتوانیبوو بیدۆزمەوەو لێکی کەمـەوە. پێشـێ زۆر شـەکەت بـوومو دوایـە تـزار هـات. لەنـەکاو لـە چاوترووکانێـکدا دیتمـەوە. بـەڵی دیتبوومـەوە. دەستلەکارکێشانەوەو ئەو بنەوشانە، بنەوشەکان...

مۆمم هەڵکردو چوومە ژووری خۆڕازاندنەوەم. ڕۆژنامـە لەسـەر مێـزی خۆڕازاندنـەوە بـوو. لەسـەرەخۆ وشـە بـە وشـەیم خوێنـدەوە... ئیمپـەڕاتۆر نـاپلیۆن بـە سوێندی خـۆی وەفادارە... ڕادەگەیەنێ... تاجوتەختی فەڕانسەو ئیتالیـا... لـە هـیچ فیداکاری‌یـەک درێـغ ناکا. تەنانەت ئامادەی فیداکردنی گیانی خۆشی...

بەڵێ... هیچ فیداکاری‌یەک تەنانـەت گیـانی خۆشـی... ئەمانـە، ئـەم وشـانە منیـان وەخەبەر هێنابوو. ئەگەر مرۆڤ هەست بکا گەیوەتە دواهەنگاوی ژیانی، بێ‌گومان بیـر لـە ڕابردوو دەکاتەوە. لـە لاوەتـی، لـە سـاڵانی هیـواو چاوەڕوانی. ئـەو حەوشـەیەکی وەبیـر دێتەوەو کچێکو ماوەیەک لەمەوبەر جارێکی دیکە ئەو کچەی دیبوو بە چەپکە بنەوشەیەکی سەر سنگی‌یەوە. لە فۆنتین بلوو ئێستا بنەوشـە گوڵیـان کـردوە. سـەربازانی گـارد لـەنێو بـاغی سـەرگەردانو بێکـارن، کارێـک نیـە بیکـەن. هـەروا کـە سـەرگەرمی ئیمـزای نامـەی دەستلەکارکێشانەوەیەتی، داوا لە سەربازێک دەکـا دەسکێک بنەوشـە بچنـێ. کـالینکوور وەختی بردنی نامەی دەستلەکارکێشـانەوە بـۆ پـاریس دەتـوانێ ئـەم بنەوشـانەش دەگـەڵ خۆی بەرێ. دواسەوقاتی پیاوێک کە دەگەڵ بیرەوەری‌یەکانی لاوەتی تەنیا ماوەتەوە.

ئەو دەستی لەگیانی خۆی شوتوە. بنەوشەکان شایەتیی ئەوکارەی بـۆ دەدەن. ئـەمن دەبێ هەرئێستا ویلاتی بنێرمە فۆنتین بلـوو، ڕاسـتەڕێ بـۆ خەوگـەی نـاپلیۆن. هەرچـەند لەوانەیە ویلات درەنگ بگاتێ. بەڵام چارە نیە. دەبێ ئاگاداری کەمەوە. دەبێ هـەوڵی خـۆم بدەم. دەبێ...

ئەمن دەبێ؟ بۆ دەبێ نەیەڵم ئەوکارە بکا؟ ئەو ئیدی گەیوەتە حەوشەی، نەک سنگی دیوارو سەر لێوی هەڵدێر. داخوا دەبێ هانی بدەی بەرەودوا بگەڕێتەوە؟ چونکە گەڕانەوەی وا ڕەسمێکی کۆنە...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر کورسی‌یەکە خزیمو لەسەر تەختی ژوورەکە دانیشتم. مستمم ڕێکگوشین، لێوم بەددان گەزی تا هاوار نەکەم. نەمدەویست ئەوانی دیکە لەخەو هەستێنم. شەوێکی چەند درێژە...

کازیوە ئەنگووت بەڵام ئەمن هێشتا نەچووبوومەوە سەر جێی. هەموو لەشم کوترابوو،و ژانی دەکرد. زۆرزۆرم سەرما بوو، سەرما گەیبووە سەر مێشکی ئێسقانم. قاوڵتی‌یان بۆ هێنام. شۆکۆلاتو نانی سپی‌و مرەبا. جارێکی دیکە پارەی پێویستمان هەبوو. بۆیە قاوڵتی‌یەکەش تێروتەسەل بوو. دوای قاوڵتی‌خواردن بەدوای سەرهەنگ ویلاتمدا نارد.

–تکایە هەرئێستا بچۆ دەفتەری تالیڕانو لەزمان منەوە لە سەلامەتیی ئیمپەڕاتۆر بپرسە.

دوای ئەو دەگەڵ کۆنت ڕووزەن بە کالیسکەیەکی کرێ چوومە فرۆشگای کلاری. چونکە بیستبووم سەربازانی پرووسی لە پاریس وەختی شتکڕین پارەکەی نادەن. دیارە ڕووسەکانیش بەجۆرێکی دیکە مەسەلەساز بوون. سەربازانی ڕووس کە تامی بڕەندیی فەڕانسەیی‌یان پێ خۆشنەبوو، شووشەعەتری چکۆڵەیان دەخواردنەوەو دەیانگوت لە بڕەندی باشترە.

کاتێک گەیشتینە فرۆشگای کلاری، بەڕێز لووگران کێشەیەکی بێبەرهەمی دەگەڵ دوو سەربازی پرووسی هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێ دواتۆپی هەریریان لەچنگ بێنێتەوە دەرێ.

خێرا ڕووزەنم بە یۆنیفۆمی سوێدی‌یەوە وەپێش خست تا پێیان بڵێ:

–پاریس بەومەرجە تەسلیم بووە کە لە وەزەندیی تالانو بڕۆ لە ئەماندا بێ.

بەڵام تێگەیشتم ڕاوێژی بەئەدەبانەی ڕووزەن کارساز نیە. بۆیە جارێکی دیکە هانم دا بە دەنگی بەرزو وەک نەڕاندن وشیاریان بکاتەوە. ڕووزەن هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو بەدەنگی بەرز نەڕاندی:

–ئەمن هەرئێستا ڕاپۆرتی ئەوکارەتان دەدەم بە ژەنڕاڵ بلووخەر.

پرووسی‌یەکان ئارامو بێدەنگ پارچەکەیان لەسەر مێزەکە داناو دەستیان بۆ گیرفانیان برد پارەکەی بدەن.

کاتێک هاتینەوە شەقامی ئانژوو، ژاندارمەکان ڕێگایان بۆ کردینەوە. بەڵام دەوروبەری ماڵێ هەروا قەڵەباڵغ بوو، دوو نیگابانی ڕووس لەپێش ماڵێ پیاسەیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرد. وەختێک لە کالیسکە دابەزیم، ئەو دووانە پێشتفەنگیان کرد. هەردووکیان ڕیشێکی درێژو ڕوخسارێکی سامناکیان هەبوو. کۆنت ڕووزەن لەبن لێوانەوە گوتی:

-گاردی ڕێزدانان.

-ئەم خەڵکە چاوەڕێی چین؟ بۆچی دە پەنجەرەکانیماڵێوە راماون؟

-ڕەنگە دەنگۆی هاتنەوەی وەلیعادیان بیستبێ‌و پێیان وابێ ئەمڕۆ دەگاتەوە پاریس. جگەلەوەش سبەینێ ڕۆژی هاتنی ڕەسمیی فەرماندەرە سەربازی‌یە سەرکەتووەکان بۆ پاریسە. بە دوور دەزانرێ وەلیعاد بۆ ڕێبەریی سەربازە سوێدی‌یەکان لە ڕێوڕەسمی ڕێژەدا ئامادە نەبێ.

پێش نانی نیوەڕۆ سەرهەنگ ویلات منی بردە قەراغێکو گوتی:

-پێشان هیچکەس ئامادە نەبوو وەڵام بداتەوە بەڵام کە گوتم لەلایەن خانمی شازادەوە هاتووم بۆ خەبەربردنەوە، تالیران بەسرتە بەمنی گوت...

دەنگی سرتەی ویلات بەجۆرێک بوو کە هەر ئەوەندەم گوێ لێبوو گوتی جێی باوەڕ نیەو لەوکاتەشدا گەیبووینە ژووری نانخواردن. لەکاتی نانخواردنداو هەتا دێسێریان هێنا ئەمن زۆرم سەرنجی دەوروبەرم نەدابوو. بەڵام لەوکاتەدا دیتم هەموویان بەجۆرێکی ناجوان بێدەنگن. تەنانەت منداڵەکانیش. پرسیارم کرد:

-شتێکی ناخۆش ڕووی داوە؟

هەوەڵێ کەس وەڵامی نەدایەوە. بەڵام دوایە سەرنجم دا ژوولی لە پەنایەک دانیشتوەو هەوڵ دەدا پێشی گریانی خۆی بگرێ.

-دێزیرە! بۆچی وا دەگەڵمان بوویە بێگانە؟ ئەتۆ جاران وا نەبووی! بۆ وەک غەریبە ڕەفتارمان دەگەڵ دەکەی؟

-بڕوانە ژوولی، ئەمن نیگەرانم. شەوانە ناتوانم بەڕەحەتی بخەوم. ئەم ڕۆژانە ڕۆژانێکی زۆر دژوارو پڕخەفەتن.

-ئەتۆ هیچکەس لە ئێمەت بەتزار نەناساند. ئێستاش ئەم منداڵانە پێیان خۆشە تەماشای ڕێژەی سەرکەوتن بکەن بەڵام کەس ناوێرێ داوات لێبکا کالیسکەکەیان وێبدەی. کالیسکەی تۆ نیشانی خانەدانی پادشایەتیی سوێدی پێوەیەو ئەم منداڵە بەستەزمانانە لە کالیسکەی تۆدا ئەمنتر دەبن.

چاوێکم لە منداڵەکان کرد. کوڕەکانی ئوورتانسو لوویی بە قژی تەڵایی‌یەوە زۆر ناسکو کەمڕوون. هیچکامیان وەک ناپلیۆنی مامیان نەدەچوون. لە بەرامبەردا زەنایید



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کچەکەی ژوولی نێوچاوانی درێژی بوناپارتی بەمیرات گرتبوو. شارلووتیش بە قژە لوولە ڕەشەکانی ئۆسکاری وەبیر دێنامەوە. جا وەڵامم دایەوە:

–دیارە سبەینێ بۆئەوەی بچنە تەماشای ڕێژەی سەرکەوتن دەتوانن کەلک لە کالیسکەی من وەرگرن.

ژوولی دیسان قۆڵمی گوشیوگوتی:

–ئەتۆ چەند میهرەبانی دێزیرە!

–بۆچی؟ ئەمن سبەینێ پێویستیم  بە کالیسکە نیە، چونکە تەواوی ڕۆژەکە لەماڵ دەرناکەوم.

***

## ٥٠

## پاریس، نێوەڕاستی ئاوریلی ١٨١٤

شەوی نێوان ڕۆژەکانی دوازدو سێزدەی ئاوریل مۆمەکانی ژووری خەومم نەکوژاندنەوە. دەوری سەعات یازدە زەنازەنای دەرەوەی ماڵێ کەمکەم دامرکا. حەشیمەتی بەپرسیار وەدوای کاری خۆیان کەوتنو شەقامی ئانژوو کەوتە بێدەنگیی تەواوەوە. لە بێدەنگیی شەوگاردا دەنگی هەنگاوی دوو گاردی ڕووسی بەڕوونی دەنگی دەدایەوە. نیوەشەو بوو،و هێشتا جگە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگی هەنگاوی ئەو دووانە دەنگێک نەبوو، زەنگی سەعات یەکی پاش نیوەشەوی ڕاگەیاند. هەردەهاتو ڕۆژی ڕێژەی سەرکەوتن نزیکتر دەبۆوە. هەموو ماسوولکەکانی لەشم دێشان. گوێم هەڵخستو گوێم هەڵخست. داخوا پێم ناوەتە قۆناغی شێتیەوە؟ دەنگی زەنگی سەعات دووی دوانیوەشەوی ڕاگەیاند. دەنگدانەوەی دەنگی تایەی کالیسکەیەک بێدەنگیی شەوی شکاندو تاوێک دواتر بە ڕاکێشران بەسەر تەختی شەقامدا لەبەر دەرگای ماڵێ لە جووڵە کەوتن. گوێم لە دەنگی تفەنگی ئەو سەربازانە بوو کە پێشتفەنگیان دەکرد. دوایە گوێم لێبوو بەتوندی لە دەرگا درا. چەند دەنگێک دەهاتن. دەنگی سێکەس یان چوارکەس... بەڵام لەو نێوەدا گوێم لەو دەنگە کە چاوەڕێی بووم نەبوو. بەچاوی نووقاوو لەشێکی وەک داری وشکەوە لەسەر تەختەکەم کەوتبووم. کەسێک بە پلیکانەکاندا سەر کەوت. بەپەلەو دووپلیکان بە شەقاوێک. لەنەکاو دەرگای ژوورەکەم کرایەوەو ماچبارانی ژان باتیستم لەسەر نێوچاوانو گۆناکانم هەست پێکرد.

–ژان باتیست! ژان باتیستی خۆم! دەبێ خواردنێکی گەرم بخۆی، حەتمەن لە ڕێیەکی دوورەوە هاتووی.

ژان باتیست لەپەنا تەختەکەم چۆکی داداو گۆنای وەسەر دەستم کرد.

–سەفەر... سەفەرێکی درێژو گیانتاوێن.

خەفەت لە دەنگیدا شەپۆلی دەدا. دەستەکەی دیکەمم دەنێو قژەکانی ڕاکرد. مووەکانی لەبەر شۆقی مۆم خۆڵەمێشی دیار بوون، تەواو خۆڵەمێشی. لەسەر تەختەکە نەختێک ڕاست بوومەوە.

–ژان باتیست! وەرە بڕۆ ژوورەکەتو ئیسرِاحەت بکە. ئەمن دەچمە ئاشپەزخانە ئۆملێتت بۆ دروست دەکەم.

بەڵام ئەو هەروا لەپەنا تەختەکە چۆکی دادابوو، و نێوچاوانی لەسەر لێوی تەختەکە دادەگرت؛ بێ هیچ جووڵەیەک.

–ژان باتیست ئەتۆ لەماڵێ خۆتی، جارێکی دیکە هاتوویەوە ماڵێ.

بەئارامی سەری هەڵێنا. گنجی دەموچاوی قووڵتر ببوونو چاوەکانی...

–هەستە ژان باتیست! ژوورەکەت ئامادەیەو...

بە دوو قامکان برۆکانیی گوشین. دەتگوت دەیەوێ شتێک لەبیرو مێشکی خۆی بسڕێتەوەو دوور بخاتەوە.

–بەڵێ! بەڵێ... بەڵێ دیارە. دەتوانی جێبدەی بە هەموانیان؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-هەمووان؟

-ئەمن تەنیا نیم. بەراهەم وەک ئاجودان دەگەڵ خۆم هێناوە. هەروەها لۆنژەلێم وەک بەرپرسی تەشریفاتو ئادمیراڵ ستێندینگو...

-شتی وا ناکرێ. هەرئێستاماڵەکە پڕە لە میوانو ژووری خەوی تۆ نەبێ، تەنانەت یەک هۆدەی بەتاڵیشمان نیە.

-پڕ لەمیوان؟

-ژوولی دەگەڵ منداڵەکانی، کوڕەکانی ئوورتانسو...

ژان باتیست دەرپەڕی.

-مەبەستت ئەوەیە کە هەموو بوناپارتەکان لێرە قۆناغیان داناوەو بە خەرجی دەرباری سوێد میوانداری‌یان لێ‌دەکەی؟

-نا، ئەمن تەنیا ژوولی‌و چەند منداڵم... ژان باتیست! دەرگای ماڵێ من بۆ وان لەسەر پشتە. خەرجی ماڵومووچەی دواکەوتووی ئاجودانو خزمەتکارەکانیش بۆخۆم داومە.

-مەبەستت چیە... بۆخۆت؟

-بەڵێ. ئەمن هەریرم فرۆشتوە. لە دوکانێ. بۆخۆت دەزانی کە...

دەسبەجێ چوومە ژووری خۆڕازاندنەوەمو ئەو باڵتۆخەوەم کە کۆبەکانی خەزدۆزی کرابوون دەبەر کردو جارێکی دیکە گەڕامەوە لای‌و وەدوای قسەکەم کەوتم.

-لە دەزگای کلاری هەریر دەفرۆشم... ئێستا دەچم ئۆملێت بۆ تۆو هاوڕێکانت دروست دەکەم.

لەم کاتەدا مۆجیزەیەک ڕووی داو ئەو پێ‌کەنی. لەسەر لێواری تەختەکە دانیشتبوو، جۆرێک پێ‌دەکەنی هەموو لەشی هەڵدەبەزیەوە. دەستی بۆلای من درێژ کردو گوتی:

-کچەکە گیان! کچە بێ‌هاوتایەکەی من! هاوسەری وەلی‌عادی پادشای سوێد هەریر دەفرۆشێ. وەرە. وەرە لای من.

لەحاڵێکدا دەچوومە لای گوتم:

-ئەمە بۆ پێکەنین نابێ. پارەمان نەمابوو، هەموو شتێکیش بەشێوەیەکی سامناک گران ببوو، ئێستا بۆخۆشت دەی‌بینی.

-چاردە ڕۆژ پێش ئێستا ئەمن تەتەرێکم بە پارەوە ناردۆتە لای تۆ.

-بەداخەوە هێشتا نەگەیوەتە ئێرە. بڕوانە! وختێک هاوڕێکانت نانیان خوارد، دەبێ لە هوتێل جێگایان بۆ بگرین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جارێکی دیکە بەجیددی چاوی لێکردم.

-ستادی فەرماندەریی سوێد لە باڵەخانەیەکی گەورەی شەقامی "سەن ئوونووره" جێگیر دەبێ. ئەم باڵەخانەیە لەمێژە ئامادە کراوەو ئەندامانی ستادی من دەتوانن بچنە وێندەرێ.

ئەو پاشان دەرگای نێوان ژووری منو خۆی کردەوە، مۆمەکەم هەڵێناو گوتم:

-تەختی تۆ ئامادەیە. مەلافەکانیش گۆڕراونو هەموو شتێک ئامادەیە.

دە ژوورەکەی خۆیەوە ڕاما بەڵام دەتگوت ژوورە قەدیمیو ناسراوەکەی خۆی، بەهەموو کەلوپەلی جارانەوە بۆ وی تازەیەو پێش ئەمە هەرگیز نەیدیتوە.

-ئەمنیش لە ستادی فەرماندەریی سوێد دەمێنمەوە. دەبێ پێشوازی لە خەڵکێکی زۆر بکەمو ئەمەش لێرە ناکرێ دێزیرە. تێدەگەی مەبەستم چیە؟

بە نیگەرانییەوە گوتم:

-ناتەوێ لێرە وەمێنی؟

دەستی لە دەوری شانانم وەرێنا.

-هاتنم بۆ پاریس تەنیا بۆ ئەوە بوو کە هێزە سوێدییەکان بتوانن لە ڕێژەی سەرکەوتندا بەشدار بن. جگە لەوە دەبێ تزاریش ببینم. بەڵام دەبێ شتێکت پێبڵێم دێزیرە؛ ئەمن هەرگیز نایەمەوە ئەم ژوورە، هەرگیز.

-پێنج دەقیقە پێشتر دەتەویست دەگەڵ هاوڕێکانت لێرە وەمێنی!؟

دەستی گرتمو گوتی:

-ئێستا باشترە بچینە خوارێ. هاوڕێکانم چاوەڕێن ئەتۆ بەخێراتنیان بکەی. فێرناندیش مسۆگەر تائێستا خواردنێکی ئامادە کردوە.

فێرناند... یادی فێرناندو ئەو گوڵە سوورانەی ڕژاندبوونیە تەختی بووکێنیمەوە، کۆمەگی کرد تا جارێکی دیکە وەخۆ بێمەوەو ڕاستییەکان وەک هەن ببینم. دەسبەجێ دەستێکم بە سەرو چاوی خۆمدا هێنا.

ئەمنو ژان باتیست قۆڵ لەنێو قۆڵدا چووینە ژووری نانخواردن. زۆرم پێخۆش بوو نێوچاوانی ئاجودانی پێشووم، کۆنت بەراهە ماچ بکەم. بەڵام لەبەر ئەوەی لۆنژەلێم کە جارێکیش بەتوندی هەوڵی دابوو دابوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتیی سوێدم فێر بکا لە پەنای ڕاوەستابوو، ئەو غیرەتەم نەبوو. ئادمیراڵ ستێندینگ کە سنگی بە میداڵ داپۆشرابوو هاتە لامو هەروا فێرناند بە دەستێک یۆنیفۆڕمی تازەی سوێدی بە دوگمەی زێڕینەوە. کە ئەوم بینی پرسیم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەرێ ئۆسكار چۆنە؟

چەند مانگ بوو كوڕەكەمم كە بەتەنیا لەنێو بێگانان لەستۆكهۆڵم دەژیا ، نەدیبوو. ژان باتیست چەند نامەی لە گیرفانی خۆی هێنانە دەرێ.

–وەلیعادی دواڕۆژی سوێد مۆسیقایەكی تازەی سەربازیی داناوە.

قسەی ژان باتیست پڕبوو لە بەخۆنازین. لەحزەیەک دڵم لەخۆشیان لێی دا ، ئۆسكار ئاواز دادەنێ.

قاوەیەک كە فێرناند سازی كردبوو ، گیر بەڵام هەرلەوكاتەدا شیرن بوو. هەروەک هاتنەوەماڵی ژان باتیست. هەمووما لە ساڵۆنی گەورەو لەپێش كوورەخانەكە دانیشتین. ئەو سەری ساڵۆنەكە تاریک بوو. بەڵام ڕوانینی وردو پشكنەری ژان باتیست ئەو تاریكاییەو وێنەی كونسوولی یەكەمی لەنێو تاریكاییەكەدا دەپشكنی. قسەكانمان پچڕابوونو بێدەنگیيەكی بەژان بەسەر ساڵۆنەكەدا زاڵ بوو. لەنەكاو ژان باتیست ڕووی كردە لای منو بە توورەیی پرسی:

–... ئەویش؟

–ئیمپەڕاتۆر لە فۆنتێن بلوو چاوەڕوانە تا دەربارەی چارەنووسی بڕیار بدرێ. شەوی پێشووش هەوڵی دابوو خۆی بكوژێ.

بەراهەو لۆنژەلێمو ستێندینگو ڕووزەن وێكڕا هاواریان كرد:

–چی؟

بەڵام ژان باتیست هیچی نەگوت. ئەمن لەحاڵێكدا چاوم دە شۆقی لەرزۆكی مۆمەكەوە بڕیبوو گوتم:

–لەسەردەمی شەڕی ڕووسیەدا ، ئیمپەڕاتۆر هەمیشە نەختێک ژاری پێبوو ، و دروستتر بڵێم شەوی ڕابردوو ، ئەو ژارەی خواردەوە. بەڵام خزمەتچییەک ک پێی زانیبوو دەسبەجێ بەهاواریەوە چووبوو.

لووێنژەلێم بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

–چكۆمەگیكی كردبوو؟

–ئەگەر دەتانەوێ هەموو بەسەرهاتەكە بزانن دەبێ بڵێم كە خزمەتكارەكە واتە كۆنستانت دەسبەجێ قامكی دە گەرووی ئیمپەڕاتۆرڕا كردوەو بۆتە هۆی ئەوە كە ژارەكە بێنێتەوە. پاشان خەبەری بە كالینكوور داوەو ئەویش ئیمپەڕاتۆری هانداوە شیر بخواتەوە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای ئەوە ئیمپەڕاتۆر ماوەیەک تووشی گرژیی ماسوولکەکان ببوو بەڵام لەمڕۆ بەیانی‌یەوە هاتۆتەوە سەر حاڵی ئاسایی خۆی.

ستێندینگ لەحاڵێکدا سەریی ڕادەوەشاند گوتی:

–بەڕاستی جێی پێکەنینە، هەم جێی پێکەنینو هەم خەمبزوێن. قامکیان دە گەرووی‌ڕا کردوە، بۆچی بە گوللەیەک کۆتایی بەژیانی خۆی نەدێنا؟

ئەمن هیچ وەڵامێکم نەدایەوە. ژان باتیست ددانی دەچیرەوە بردبوونو دە ئاوری کوورەخانەکەوە ڕامابوو. وا دیار بوو فکری فڕیوەتە ئەودیو دیوارەکانی ماڵێ. جارێکی دیکە بێدەنگی‌یەکی قورس سێبەری خستە سەر ساڵۆنەکە. بەراهە گەرووی پاک کردەوەو بۆ شکاندنی بێدەنگی گوتی:

–بەڵام پایەبەرز بۆ سبەینێ کە ڕێژەی سەرکەوتنە چفکرێکت کردۆتەوە...

ژان باتیست خێرا وەخۆ هاتەوەو جارێکی دیکە ئەوکارەی لە ژوورەکەی منی کردبوو دووپاتەی کردەوە. دەستی بۆ نێوچاوانی بردو بە دووقامکان دەستی کرد بە گوشینی برۆکانی. وادیار بوو جارێکی دیکە مێشکو بیری گەراونەوە نێو کۆڕی ئێمەو بەئارامی‌و ڕوونی دەستی بە قسە کرد.

–لە یەکەم قۆناغدا دەبێ لێک‌حاڵی‌نەبوونێک کە ڕەنگە لەنێوان منو تزاردا هەبێ لەنێو بچێ هەروەک بەڕێزان ئاگادارن تزار داوای لەمن کرد دەگەڵ هێزە ڕووسی‌وپرووسی‌یەکان لە ڕاین وەپەڕم. بەڵام بەپێچەوانە ئەمن هێزەکانی خۆمم بردە شیمالو بۆ هیچ شەڕێک لەنێو خاکی فەڕانسەدا ملم نەدا. هەرچەند لەوانە بوو هاوپەیمانەکان چاوەڕوانی‌یان لێم هەبێ.

لێرەدا ژان باتیست قسەکەی پچڕی. ئەمن چاوێکم لە بەراهە کردو ئەویش هەرچەند بەگومانەوە وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە کە لە ڕوانینەکەمدا شارابۆوەو گوتی:

– پایەبەرز ئێمە دەوری چوار حەوتوو بێ هیچ ئامانجێکی ڕوون خاکی بێلژیکمان پێواوە چونکە شازادە پێی خۆش بوو مەیدانەکانی شەڕ ببینێ.

بەراهە دیسان لەڕووی بێ‌دەسەڵاتی‌یەوە چاوێکی لەمن کردو لێی زیاد کرد:

–بێ‌گومان لەباری سۆزداری‌یەوە قبووڵی ئەو پێشنیارەو ڕۆیشتن بەرەو پاریس بۆ پایەبەرز  کاریکی دژوارو تاقەتپڕووکێن بوو.

ژان باتیست لەحاڵێکدا ددانی دەچیرەوە دەبردن گوتی:

–ئەو دێیانەی مەیدانی شەڕ بوون. داریان بەسەر بەردەوە نەماوە. ئەم جۆرە وێرانکردنە شێوەی شەڕ نیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لۆنژەلیم بڕیاردەرانە کیفێکی کە هەمیشە پێی بوو لێک کردەوەو بەستەکاغەزێکی لێ دەرهێنا.

– پایەبەرز! ئەمن لێرە هەموو ئەو نامانەم پێن کە تزار بە دەسخەتی خۆی بۆ جەنابتی نووسیون‌و تائێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە. ئەم نامانە هەموویان دەربارەی...

ژان باتیست بە دەنگێکی وەک هاوارکردنەوە گوتی:

–لێ‌وەبڕن!

ئەمن هەرگیز ژان باتیستم نەدیبوو ئاوا دەهری بێ. ئەو پاشان داهاتەوەو دە ئاگرەکەوە ڕاما. سوێدی‌یەکان ئاوڕیان دایەوە سەر من. ئەمن دوا ئومێدی وان بووم. بەناوی خۆی بانگم کرد بەڵام ئەو هیچ دژکردەوەو جووڵەیەکی لەخۆی نیشان نەدا. بۆیە لێی نزیک بوومەوە، سەرم وەسەر باسکی کردو گوتم:

–ژان باتیست! ئەتۆ دەبێ ڕێگا بدەی ئەو بەڕێزانە قسەی خۆیان بکەن. تزار پێشنیاری بەتۆ کردوە پادشایەتیی فەڕانسە قبووڵ بکەی. ڕاستە؟ ئەتۆ هەر وەڵامێکت نەداوەتەوە. هەربۆیە سبەینێ کۆنت ئارتوویا برای لوویی هەژدەیەم دێتە پاریس بۆئەوەی کاردروستایی بۆ گەڕانەوەی بووربوونەکان بکا. تزاریش سەرەنجام ناچار بوو مل بۆ ویستی هاوپەیمانەکانی‌و نەزەری تالیران ڕابکێشێ.

–تزار هەرگیز ناتوانێ تێبگا کە ئەمن بۆچی دەگەڵ وی لەڕاین نەپەڕیمەوە، بۆچی نەمەویست یان نەم‌توانی لە خاکی فەڕانسەدا شەڕ بکەم‌و لە هەمووی ئەمانەش زیاتر گوێم بۆ پێشنیارە پەیتاپەیتاکانی ڕانەگرت. بەڵام سوێد ناتونێ ڕێگا بەخۆی بدا هاوپەیمانێکی وەک تزار لەخۆی بڕەنجێنێ. تێ‌دەگەی؟

–تزار شانازی بە دۆستایەتیی تۆوە دەکاو بە تەواوییش تێ‌دەگا ئەتۆ بۆچی تەختو تاجی فەرانسەت قبووڵ نەکردوە. چونکە ئەمن هەموو شتێکم بۆ شی کردۆتەوە.

–ئەتۆ...شیت کردەوە... هەموو شتێکت بۆ شی کردەوە؟

ژان باتیست شانی منی بەدەست دەگوشی‌و تێمەوە ڕامابوو.

–بەڵێ ئەو هاتبوو ڕێزی خۆی پێشکێش بە هاوسەری سەرداری گرتنی لایپزیک بکا.

ئێستا ئیدی ژان باتیست‌و هاوڕێکانی ئارام ببوونەوە. ئەمن هەستامە سەرپێ‌و گوتم:

–ئێستاش هەمووتان شەوتان خۆش‌و شەوێکی خۆشتان بۆ بەئاوات دەخوازم... یان باشترە بڵێم بەیانی‌یەکی خۆش بەڕێزان. ئێوە پێش بەشداری لەڕێژەدا پێویستیتان بەچەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەعات ئیسڕاحەت هەیە. هیوادارم هەموو پێویستی‌یەکانی ئاسوودەییتان لە سەن ئوونـوورە ئامادە بووبێ.

دوای ئەوە بەپەلە لە سالۆن هاتمە دەر. هەرشتە ئەندازەیـەکی هەیـەو ئـەمن نـەمدەتوانی ببینم کە ژان باتیست ماڵەکەی خۆی بەجێ دێڵێ تا شەوێ لە جێگایەکی دیکە بەسـەر بـەرێ. لەسەر پلیکانەکان ئـەو خـۆی پێ‌گەیاندمـەوەو دەسـتی خـستە دەوری شـانەکانم. هەسـتم بـە قورسایی لەشی کردو ئەم حاڵەتە هەتا ژوورەکەی خۆم درێژەی هەبوو. خۆی هاویشتە سـەر تەختەکـەی مـن، لەپـەنا تەختەکـە چـۆکم داداو هـەوڵم دا چەکمـەکانی لـەپێ داکـەنم. بـەڵام هەرچەندی ڕامکێشا چم پێ‌نەکرا.

–ژان باتیسـت! بۆخۆشـت دەبـێ کۆمـەگم بکـەی ئـەگینا تـا بـەیانییش نـاتوانم لـەپێتیان دەربێنم.

–خۆزگە دەت زانی چەند ماندووم.

پـاش ئـەوە وەک منـداڵێک جلکـەکانم لەبـەری داکەنـدو دوای کوژاندنـەوەی مۆمـەکان، هەردووکمان پەتوومان بەسەر خۆمان هەڵکێشا. بەڵام دیتم ڕووناکایی بەربەیانی لە کـەلێنی پەردەکانەوە ڕژاوەتە نێو هۆدەکە.

–ئـەم ڕێـژە نەفرەتی‌یـە... خـۆ ئـەمن نـاتوانم هـەموو درێژایـی شـانزەلیزە لەپێشـەوەی لەشکری‌یانی شیمالەوە یەک دوو سێ چوار بژمێرم.

–دیارە دەتوانی. سوێدی‌یەکان ئازایانە بۆ ئازادیی ئوورووپا جەنگینو سروشتی‌یە کە حـەز دەکـەن لـەڕێژەی سـەرکەوتنی پـاریسدا لـەدوای وەلی‌عـادی خۆیانـەوە بـڕۆن. چمـا چەنـد دەخایەنێ؟ یەک یان ئەوپەڕەکەی دوو سەعات. خۆ ئەمە زۆر سادەتر لەشـەڕی لایپزیکـە ژان باتیست.

ئەو لەحاڵێکدا سەری خستبووە سەر شانم، گوتی:

–لە گرووسبیرن، کۆنترین یەکەکانی منیان ناردبووە شەڕی خۆم...

–ئەمانە لەبیر کە ژان باتیست، لەبیریان بەرەوە. تەنیا بیر لە ئامانجەکەت بکەوەو ئەوە کە بۆچی‌و لەپێناو چی‌دا جەنگاوی؟

–بۆچی؟ ڕەنگە بۆ هاتنەوەی بووربوونەکان بووبێ، دێزیـرە! بـەوردی بڵـێ چیـت بـە تـزار گوت؟

–ئەوە کە ئەتۆ لە فەڕانسە کۆمارخوازێکی لە سوێد وەلی‌عادی پادشای. دیـارە نـەک بـەم دەربڕینە ژان باتیست. بەڵام ئەو بەباشی لە مەبەستەکەم حاڵی بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەناسەکانی ئارامترو ڕێکتر بوونەوە.

-کچەکە گیان شتێکی دیکەشت بەو گوت:

-بەڵێ، گوتم کە ئەتۆ تاجی پادشایەتیی فەڕانسەت ناوێ. بەڵام گڕاند دووشێسێکی ڕووسیت پێخەراپ نیە. نەمدەویست بزانێ کە ئەتۆ هەموو پێشنیارەکانیت ڕەت کردۆتەوە.

-هم...

-خەوتی ژان باتیست؟

-هم...

-بەڵام تزار پێی وابوو باشترە لەلای من وەمێنیو دەیگوت ئەو گڕاند دووشێسانەی دەیانناسێ جوان نینو بە دڵەوە ناچەسپێن.

-هم...

سەرەنجام خەوی لێکەوت؛ بەڵام نەک خەوێکی ئاسوودەو ئارام. دەتگوت موسافیرێکە لە نوێنێکی نائاشناو هوتێلێکی غەریبەدا نوستوە.

ماریو فێرناند لە ژووری خۆڕازاندنەوەی من لەسەر ئوتووی گەورە دەمەقاڵەیان بوو. ژان باتیست سەری لەسەر شانی من هەڵگرتو بانگی کرد:

-بەراهە! لەپێش چادرەکەی من چباسە؟

-بنوو ژان باتیست.

-بەراهە! بە لۆنژەلێم بلێ...

-ژان باتیست! ئەتۆ لە چادر نی بەڵکوو لە ژووری خەوی هاوسەرەکەتی. پاشان ئەوەی گوێت لێیە دەمەقاڵەی هەمیشەیی ماریو فێرناندە. کەوایە بخەوە.

بەڵام ژان باتیست هەستا دانیشتو چاوی بە دەوراندەوری ژوورەکەدا گێڕا. وەک چاوگێڕانی ماڵئاوایی، نەک چاوگێڕانی کەسێک کە هاتبێتەوە ماڵێ خۆی، دەنگی ڕقهەستاوانەی فێرناند بەرز بۆوە.

-نا! ئەو ئوتووە گەورەیەم بۆ یۆنیفۆڕمی ڕەسمی دەوێ.

لەم کاتەدا ژان باتیست هەستایە سەرپێو چووە دەستشۆری. زەنگم لێداو ماری نانی بەیانیی هەردووکمانی هێنا، گوتی:

-باشتر بوو مارشاڵ فێرناندی لە ماڵێ بەجێهێشتبا.

-مەبەستت لە ماڵێ کوێیە ماری؟

-لەنێو سەهۆڵەکان لە ستۆکهۆڵم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرگای نێوان ژووری منو دەستشۆرییەکە کرابۆوەو ئەمن گوێم لەم وتووێژە بوو.

فێرناند گوتی:

-بەراهەو لۆنژەلێم ئامادەی کار بوون پایەبەرز . ژوورەکانی شەقامی سەن ئوونووروەش ئامادەن. دوێنێ تزار گوازتوویەتەوە بۆ کۆشکی ئەلیزە کە بارەگای سەرفەرماندەریی ڕووسەکانە،هەر ئەو جێیە کە پێشتر خاتوو ژوولیی لێدەژیا. ڕێژە سەعات دوو دەست پێدەکا. تۆپەکانیش لەبەر باری ئەمنیەتی لە بەرامبەر بارەگاکەی تۆ دامەزراون. شەقامی سەن ئوونووره بەستراوە. پایەبەرز لەوانەیە حەشیمەت کۆ ببنەوەو...

ژان باتیستیش هێندێ قسەی کردن کە ئەمن نەمتوانی گوێم لێیان بێ.

-زۆرباشە... هەرچۆنێک پایەبەرز فەرمان بدا...ڕێبواران، شازادە! بەهەرحاڵ پۆلیس دەڵێ لەوانەیە ڕێبواران بیانەوێ...

-بەراهەو لۆنژەلێمان بنێرە ئێرە. گوێم لەدەنگی بەراهە بوو کە دەیگوت:

-وێترسدێت دەگەڵ ڕاوێژکارەکانی گەیشتە جێ.

بیرم کردەوە وێترسدێت بۆچی، بەڵام باشە ئەو سەرۆکوەزیرە.

جارێکی دیکە گوێم لەدەنگی بەراهە بوو.

-وێترسدێت چاوی بە مێتڕنیخو ئینگلیزەکان کەوتوەو دوا هەواڵ ئەوەیە کە ستادەکان بەتەواوی گەمارۆ دراون.

-بەهۆی ڕێبوارانەوە؟

-نا، شەقامەکە لەماوەیەک پێش ئێستاوە بەستراوە. ستاد لە گەمارۆی ژاندارمەو قازاخەکاندایە. تزار هەنگێکی تەواوی قازاخ داوە بە ئێمە.

ژان باتیست زۆر خێرا قسەی دەکردو ئەمن تەنیا چەند وشەیەکی تێگەیشتم.

-تەنیا سوارەنیزامی سوێدی... نەک بەهیچجۆر گەشتیو کێشکی ڕووسی...

ئەمجار گوێم لەدەنگی لۆنژەلێم بوو کە دەیگوت.

-ستادی فەرماندەریی ئێمە پڕە لەو کەسانەی بۆ سەردان هاتوون. تالیران دەیەوێ لەلایەن حکوومەتی فەڕانسەوە بەخێراتنی شازادە بکا. مارشاڵ نێو مارشاڵ مارموونیش یادداشتیان بەجێ هێشتوە. ئاجودانی تایبەتیی پادشای پرووسیش هاتۆتە سەردان. باڵیۆزی ئینگلیستانو شاندێک بە نوێنەرایەتیی هاونیشتمانانی پاریسی...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەراهە وەبیری هێنایەوە کە سەرهەنگ ویلات داوای دیتنی ژان باتیست دەکاو ئەویش وەڵامی دایەوە کە دەسبەجێ سەرهەنگی بۆ بێنن چونکە وەختێکی کەمی بۆ ئەنجامدانی کارەکان هەیە.

لەسەر پەنجەی پێو بەسپایی چوومە ژووری جلداکەندنی ژان باتیسیت. هاوسەرەکەم لەپێش ئاوێنەیەکی باڵانوێنی گەورە ڕاوەستابوو خەریکی داخستنی دوگمەکانی کراسە درێژە یۆنیفۆڕمە مارشاڵیە سوێدیەکەی بوو. فێرناند ئۆدوکڵۆنی بۆ لێداو پاشان خاچی گەورەی لێژیۆن دۆنۆری بۆ ڕاداشت. ژان باتیست بە عادەتی لەمێژینەی خۆی وەریگرتو خەریک بوو دەملی بکا بەڵام لەنەکاو ڕاوەستا. لۆنژەلێم وەبیری هێنایەوە:

–شازادە هەر لەئێستاوە دەبێ بۆ بەشداری لەڕێژەدا جلک دەبەر بکا. چونکە پاش بەشداری لە میوانداریی ئەمڕۆی خاوەنشکۆ ئیمپەڕاتۆری ڕووسیەدا، دەرفەتێک بۆ جلگۆڕین نابێ.

پاش ئەوە ژان باتیست بە نابەدڵی نیشانی لێژیۆن دۆنۆری دەمل کرد. دەمەساتێک چاوەکانی چووک بوونەوەو لەحاڵێکدا لەبەر ئاوێنە سەیری ڕوخساری خۆی دەکرد گوتی:

–بۆ پێشەوە بەرەو ڕێژەی مارشاڵ بێرنادۆت.

ڕاست لەوکاتەدا ویلات هاتە ژوور. ژان باتیست خێرا وەرسووڕاو چووە لایو دەستی لە شانیی دا.

–ویلات! چەند خۆشحاڵم کە دووبارە دەتبینمەوە.

ویلات هەروا بەحاڵەتی خەبەردار ڕاوەستابوو. ژان باتیست شانی وی ڕاتڵەکاندو گوتی:

–دەی هاوخەباتی دێرین؟

بەڵام ویلات دیسان بە ڕوخسارێکی تێکچڕژاوەوە لەجێی خۆی ڕاوەستابوو. دەستی ژان باتیست لەسەر شانی دۆستە دێرینەکەی خزیە خوارێ.

–کارێک هەیە بتوانم ئەنجامی بدەم؟

–دوێنێ ئاگادار بووم کە هێزە هاوپەیمانەکان ڕازی بوون کە زیندانیە جەنگیەکانی فەڕانسە ئازاد بکرێن. بۆیە دەمەویست تکا بکەم... من ئازاد بفەرمووی.

تاوێک دەستم کرد بەپێکەنین بەڵام پێکەنین لەسەر لێوانم وشک بوو. ویلات گاڵتەی نەدەکردو ڕوخساری زۆر خەفەتبار دیار بوو.

–حەتمەن سەرهەنگ! ئەتۆ بەتەواوی ئازادی کە چۆنت پێخۆشە وا ڕەفتار بکەی. بەڵام زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ماوەیەک وەک میوان لەلای ئێمە وەمێنی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–پایەبەرز! سوپاسی ئەو پێشنیارە میهرەبانانەیەتان دەکەم. بەڵام بەداخەوە ئەمن دەبێ لە قبووڵی ئەو بانگهێشتنە داوای لێبووردن بکەم. دیارە پایەبەرز دەمبوورن.

ئەو بێدواکەوتن هاتە لامو بە نیشانەی ڕێزدانانو ماڵئاوایی سەری دانواند. لەسەر شانی ویلاتەوە ڕوخساری شینهەڵگەڕاوی ژان باتیستم بینی. لەبن لێوانەوە بەحاڵەتێکی سەرسوڕماوانە گوتم:

–ویلات؟! ئەتۆ ماوەیەکی زۆر دەگەڵ ئێمە بووی. ئێستا ناتەوێ لەلامان وەمێنی؟

ژان باتیست بە دەنگێکی گیراوەوە گوتی:

–ئیمپەڕاتۆر هەموو پیاوەکانی خۆی لە سوێندی وەفاداری بەخۆی ئازاد کردوە. خەبەریان بەمن داوە کە چەند کەس لە مارشاڵەکانیش هاتوونە سەردانی من ئەدی بۆچی...

–ڕاست هەر بۆیە پایەبەرز. تەنیا چەند هەنگ لە هێزەکانی گارد لە فۆنتین بلوو ماونەوە. مارشاڵەکان بۆ وەرگرتنی مۆڵەت هەستیان بە پێویستیی ئیزنوەرگرتن لە فەرماندەری پێشووی خۆیان نەکردوەو ئەوەیان بە پێویست نەزانیوە. ئەمن تەنیا سەرهەنگێکم پایەبەرز. بەڵام دەتوانم چاکەو خەراپە لێک جیا بکەمەوەو ئەرکی خۆشم دەزانم. کەوابێ باشترە چەندی بکرێ زووتر لە فۆنتین بلوو بچمەوە گەڵ هەنگەکەی خۆم.

کاتێک دووبارە سەرمم هەڵبڕیو ڕوانیم، ویلات ڕۆیشتبوو، و ژان باتیست خەریکی ڕێکخستنی قایششمشێرە سوێدیەکەی بوو.

–ژان باتیست! دەمەوێ پێش ڕۆیشتن هەر دووبەدوو بینو چەند قسەیەکت دەگەڵ بکەم.

ئەم قسەیەم کردو بەرەو ژووری خۆڕازاندنەوەم ڕۆیشتم. ژان باتیستیش بەدوامدا هات. داوام لێکرد لەسەر کورسیی مێزی خۆڕازاندنەوەکەم دابنیشێ. ئەمجار قوتووە چووکەڵە سووراوەکەمم هەڵگرتو زۆر بە وردی کەمێکم لێ لە سەرگۆناکانی ژان باتیست دا.

–دێزیرە شێت بووی؟! شتی وا مەکە.

ئەمن بێئەوەی گوێ بدەمە ناڕەزایەتییەکەی ئەو درێژەم بە کاری خۆم دا هەتا ڕوخساری حاڵەتێکی زۆر سروشتیی پەیدا کرد. ئەمجار بە دڵئاسوودەیی گوتم:

–ئەتۆ نەدەبوو بە ڕوخسارێکی ڕەنگپەڕیوی سپیی وەک مردووانەوە درێژایی شانزەلیزە لەپێشەوەی سەربازەکانتەوە ببڕی. کاتێک وەک سەردارێکی سەرکەوتوو بەرامبەر بەخەڵک دەردەکەوی دەبێ ڕوخسارێکی وەک سەرکەوتوویەکت هەبێ.

بە ڕوخسارێکی گرژەوە سەریی ڕاوەشاندو گوتی:

–ناتوانم... تێدەگەی ناتوانم!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستم لەسەر شانی داناو گوتم:

-دوای ڕێژەی سەرکەوتنیش دەبێ لە کۆبوونەوەی گەورەی تێئاتری فەڕانسەدا بەشدار بیو ئێستا ئیدی دەتوانی بڕۆی.

سەری بە پاشەوەدا شکاندەوەو لەئاکامدا سەری کەوتە سەر شانی من. لێوە ڕەنگپەڕیوەکانی ئەوەندەی ددانیان پێدا بگرێ خوێناوی ببوون.

-لەکاتی ئەو ڕێوڕەسمەدا لە هەموو فەڕانسە تەنیا یەک کەسی دیکە وەک من هەست بە تەنیاییو خەفەت دەکا، ئەویش ناپلیۆنە.

-قسەی لابەلا مەکە، ئەتۆ تەنیا نی. بێجگە لە خەڵکی دیکە ئەمنیش لەگەڵ تۆم نەک دەگەڵ ئەو. ئێستا ئیدی بڕۆ چونکە هاوڕێکانت چاوەڕێن.

هەستایە سەرپێو لەحاڵێکدا دەستی منی بۆ ماچکردن لەنێو دەستی گرتبوو گوتی:

-بەڵێن بدە کە نەیەی بۆ دیتنی ڕێژە، نامەوێ ئەتۆ من لەحاڵێکدا ببینی کە...

-دیارە کە نایەم ژان باتیست. ئەمن لەنێو باغی دەمێنمەوەو بیر لەتۆ دەکەمەوە.

***

ئەوکاتەی زەنگەکان لێدران، ئەمنیش چوومە باغی. زەنگەکان خەبەریان لە دەستپێکردنی ڕێژەی سەرکەوتن دەداو لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە لەشکریە سەرکەوتووەکان بە پێشەنگیی تزاری ڕووسیە، ئیمپەڕاتۆری ئوتریش، پادشای پڕووسو وەلیعادی شای سوێد بەخۆشحاڵی دەهاتنە نێو پاریس دەنگی زەنگەکان نەبڕایەوە.

منداڵەکانیش دەگەڵ خاتوو لافلووتو پەرستارەکانیان بە کالیسکەی من چووبوونە تەماشای ڕێژە. لە دواساتدا ماریووسی برازامو مارسیلینیش سواری کالیسکە بوون. خوا دەزانێ ئەوهەموو کەسە چۆن لە کالیسکەکەدا جێیان ببۆوە. ژوولی لەجێیدا بوو، و ماری پارچەی تەڕی ساردی لەسەر نێوچاوانی دادەنا. ژوولی لەوە ناڕەحەت بوو کە ژان باتیست لەبیری چووبوو قسەی دەگەڵ بکاو ئەحواڵی بپرسێ. ئەمنیش خزمەتکارەکانم مۆڵەت دابوون بڕۆنو بۆخۆم بەتەنیا لەنێو باغی بووم. هەربۆیەش کەسێک نەبوو خەبەری هاتنی میوانی بانگنەکراوم بداتێ.

میوانی بانگنەکراو کە دیتبووی دەرگا ئاوەڵایە هاتبۆ ژووریو لە ساڵۆنی هاتنەژووریدا سەرگەردان بوو. سەرەنجام هاتە باغی. ئەمن کە چاوم لێکنابوونو بیرم لە ژان باتیست دەکردەوە ئاگام لەهاتنی وی نەبوو. شەقامی شانزەلیزە ئەمڕۆ زۆر درێژو بێبڕانەوە دێتە بەرچاو ژان باتیست. بەڵێ درێژو بێبڕانەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-خانمی پایەبەرز!

ئەم دەنگەم لەولای زرینگانەوەی زەنگەکانەوە بەر گوێ کەوتو ڕایچڵەکاندم. چاوەکانمم کردنەوەو پیاوێکم دی کە بەجلی ڕەسمی‌یەوە بەرامبەرم بە تەواوی چەمابۆوە. کاتێک بەژنی ڕاست کردەوە، لووتی درێژو چاوە چکۆڵەکانی سەرسوڕماویان کردم، کەوایە ئەو هێشتا لەم دەوروبەرانە بووا کاتێک ناپلیۆن بۆی دەرکەوت کە وەزیری پۆلیس بەنهێنی خەریکی وتووێژ دەگەڵ ئینگلیزەکانە ئەوی لەخۆی دوور خستەوە. بەڵام کەمێک پێش شەڕی لایپزیک جارێکی دیکە ئەوی کردە فەرمانڕەوای بەشێک لە خاکی ئیتالیا تا بەوجۆرە فووشێ لەپاریس دوور بخاتەوە. کۆنەژاکووبی فڕاکێکی ئاسایی دەبەردا بوو،و شریتێکی سپیی لە سنگی دابوو.

بەناچار خوڵقم کرد کە لەسەر نیوتەختی باغی دابنیشێ. دەسبەجێ دانیشتو دەستی بەقسە کرد. بەڵام دەنگی زەنگەکان نەی‌دەهێشت باشم گوێ لە دەنگی بێ. بەخەفەتەوە شانی هەڵتەکاندو بزەیەک کەوتە سەر لێوانی‌و ئەمن سەرم وەرسووڕاند. ئیدی شتێکی وای بۆ تەواوبوونی ڕێوڕەسمەکە نەمابوو. بەڵێ ژان باتیست ئیدی...

زەنگەکان بێدەنگ بوون.

- پایەبەرز بمبوورن کە جاڕزم کردن...

ئەمن لەبیرم چووبوو کە ئەو لەوێیەو ئێستا بە نابەدڵی ئاوڕم وێ دایەوە.

-ئەمن لەلایەن تالیرانەوە پەیامێکم بۆ خاتوو ژوولی بوناپارت هێناوە.

ئەو پاشان کاغەزێکی لە گیرفانی دەرێناو درێژەی بە قسەکانی دا:

-تالیران ئەم ڕۆژانە زۆر گرفتارە بەڵام ئەمن... بەڵام ئەمن بەداخەوە کارێکم نیە بیکەم. چونکە دەمەویست پایەبەرز ببینم داوام لە تالیران کرد هێنانی ئەم بەڵگەیە بەمن بسپێرێ. ئەم بەڵگەیە لەبارەی ئەو بڕیارەوەیە کە بۆ بنەماڵەی بوناپارت دراوە.

ئەو دوایە ڕوونووسی نامەیەکی دووردرێژی بۆمن ڕاداشت.

-زۆر باشە، ئەم نامەیە دەدەمە خوشکم.

بە قامکی خۆی چەند پتەیەکی ئارامی لە کاغەزەکە دانو گوتی:

-چاو لەم پێرستە بکە پایەبەرز.

چاوێکم لێکردو دەستم کرد بە خوێندنەوەی.

| | |
|---|---|
| دایکی ئیمپەڕاتۆر | ۳۰۰۰۰۰ فڕانک |
| خاوەنشکۆ ژۆزێف | ۵۰۰۰۰۰ فڕانک |



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

| | |
|---|---|
| خاوەنشکۆ لوویی | ۲۰۰۰۰۰ فڕانک |
| شاژنە ئوورتانسو منداڵەکانی | ٤۰۰۰۰۰ فڕانک |
| خاوەنشکۆ ژێرۆمو هاوسەرەکەی | ٥۰۰۰۰۰ فڕانک |
| شازادە ئەلیزا | ۳۰۰۰۰۰ فڕانک |
| شازادە پوولین | ۳۰۰۰۰۰ فڕانک |

دوایە ڕوونی کردەوە:

پایەبەرز! ئەمانە ئەو پارەیەن کە ساڵانە وەری دەگرن. ئەندامانی بنەماڵەی ئیمپەڕاتۆر ملک یان پسوولەی نرخداری دەوڵەتییان دەدرێتێ تا ئەو داهاتە ساڵانەیەیان بۆ دابین بکا. حکوومەتە تازەکەمان بەڕاستی بەخشندەیە پایەبەرز!

–باشە ئەمانە دەبێ لەکوێ بژین؟

–لە دەرەوەی فەڕانسە پایەبەرز. مافی مانەوە لە فەڕانسەیان نابێ.

ژوولی کە هەمیشە لە ژیانی دوورەوڵات بێزار بوو ئێستا دەبوو دوور بخرێتەوە؛ دوورخرانەوە بۆ هەموو تەمەن. بۆچی؟ چونکە ئەمن ژۆزێف بوناپارتم هێنابۆوە ماڵی خۆمان. ئێستا دەبێ یارمەتیی بدەم. هەرکارێک لەدەستم بێ دەیکەم.

–ئەتۆ داوا لە جەنابی وەلیعاد دەکەی کە بۆ کۆمەگ بە خاتوو ژوولی بوناپارت لە هیچ هەوڵو تەقەلایەک کۆتایی نەکا، وا نیە پایەبەرز! لەوانەشە بۆخۆت بچیە لای خاوەنشکۆ لووییو داوای لێبکەی کە...

هەوڵم دەدا بە دووپاتەکردنەوەی ئەم وشانە خۆم دەگەڵ ئەو وشەو دەربڕینانە ڕابێنم.

–خاوەنشکۆ چەند ڕۆژێکی دیکە دێتە تویلریو هەموو چاوەڕێی ئەون.

–ئەو خاوەنشکۆ لووییە لەو چەند ساڵەی دوورخرانەوەدا چیی کردووە چۆنی خۆ سەرگەرم کردوە؟

ئامانجێکی تایبەتیم لەم پرسیارە هەبوو، دەمەویست بەجۆرێک دواڕۆژی برایانی بوناپارت بێنمە بەر چاو.

–دەکرێ بڵێین تەواوی ئەو ماوەیە خاوەنشکۆ لە ئینگلیستان بووەو کاتی خۆی بە موتاڵا بەسەر بردوە. ئەو بەرهەمی گرنگو بەرچاوی گیبوون "نزمبوونو ڕووخانی ئیمپەڕاتۆری ڕۆم"ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەڕانسە.

لە دڵی خۆمدا گوتم وەرگێڕانی مێژوو لە جیاتی دروستکردنی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–داخوا ئەو خاوەنشکۆ لوویی‌یە دەرباری‌یەکانیشی دەگەڵ خۆی دێنێتە پاریس؟

–بە دڵنیایی لایەنگرانی وەفادار بە بنەماڵەی بووربوون دەگەڵ وی دەگەڕێنەوە پاریس. کەوایە دەتوانم تکا لە پایەبەرز بکەم... بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە چاوم لێکرد بەڵام ئەو گوێی نەدایەو لێی زیاد کرد:

–لەوانەیە خاوەنشکۆ تەواوی کارە گرنگەکان بەو فەڕانسەیی‌یانە نەسپێرێ کە لە سەردەمی شۆڕشەوە دەگەڵ وی لە دەرەوە ژیاون. بۆیە ئەگەر لەلای وی قسەیەکی خێرم بۆ بکرێ دەتوانم هیوادار بم کە ناوی منیش لەنێو...

–بێگومان هیچکەس تۆی لەبیر نەچۆتەوە بەڕێز فووشێ. هەرچەند ئەمن لەوکاتەدا منداڵێک بووم بەڵام ئەو حوکمە ئیعدامانەم باش لەبیرن کە ئەتۆ ئیمزات کردوون.

– پایەبەرزا! "ئەوانە" ئیدی لەبیر چوونەوە.

ئەو پاشان دەستی بەسەر شریتە سپی‌یەکەی سەر سنگی‌دا هێناو ڕێکوپێکی کردو دوایە لێی زیاد کرد:

–دەبێ ئەوەمان لەبیرو لەبەرچاو بێ کە لەو چەندساڵەی دوایی‌دا بۆ پێوەندی‌و وتوویژ دەگەڵ ئینگلیستان‌و جێگیربوونی ئاشتی زۆرم هەوڵ داوە. ژەنراڵ بوناپارت منی بە خائین ناو بردو ئەمنیش ژیانی خۆم لەو ڕێگایەدا خستە مەترسی‌یەوە پایەبەرز.

–ئەدی... ژەنراڵ بوناپارت؟ بۆ وی چبڕیارێک دراوە؟

–بڕیارێکی زۆر دڵخوازی بۆ دراوە. ژەنراڵ دەتوانێ لەهەر کوێیەکی ئەم جیهانە جگە لە فەڕانسە شوێنێک بۆ ژیانی خۆی هەڵبژێرێ. بۆ نموونە جێیەکی وەک دوڕگەی ئەلبا یان جێگایەک لەوبەری دەریاکان. ئەو دەتوانێ کۆمەڵێکی چوارسەد کەسییش دەگەڵ خۆی بەرێ. جگە لەوە دەتوانێ بەرناوی ئیمپەڕاتۆریش ڕابگرێ. بڕیارێکی زۆر دڵگەورانەیە. وا نیە؟

–بڕیاری ئیمپەڕاتۆر چیە؟

–بەڕواڵەت دوڕگەی ئەلبا بۆتە جێی سەرنجو باس؛ دوڕگەیەکی چکۆڵەو لەبەردڵان کە سەرزمینی بنەماڵەو شوێنی لەدایکبوونی ئیمپەڕاتۆر وەبیر دێنێتەوە. ئەوەندەی زانیومە گیاو گۆڵەکەشی زۆر وەک هی دوڕگەی کۆرس دەچێ.

–ئەدی ئیمپەڕاتریس؟

–ئەگەر دەست لە مافی کوڕەکەی لە تاجوتەختی فەڕانسەدا هەڵبگرێ، عینوانی دووشێس پارمای دەدرێتێ. بەڵام تەواوی ئەم وردەکاری‌یانە لە کۆبوونەوەی ڤییەن‌دا دەکەونە بەر باسو لێکۆڵینەوە. هێندێ مەسەلەی وەک قەوارەو سنووربەندی‌یە تازەکانی ئورووپا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڕانەوەی ئەو بنەماڵە پادشاییيانەی پێشوو کە ناپليۆن لە مافی خۆيان بێبەشی کردوون بۆ دەسەڵاتو هەروەها مەسەلەی ناسينو ڕەوايی ميراتیبوونی تاجوتەخت. ئەوەندەی ئەمن بزانم حەزرەتی وەلیعاديش لە کۆبوونەوەی ڤييەندا بەشدار دەبێ بۆئەوەی پارێزگاری لەمافی خۆی دەربارەی تاجوتەختی سوێد بکا. بەداخەوە خەبەرێکی ديکەشم بيستوە بەومانايە کە هێندێ لە ڕووسەکانو پرووسیيەکان لە ڕەوابوونی مافی ئەوان دەرهەق بە تاج وەختی سوێد نارازين. ديارە ئەمن هەميشە لە خزمەتيدا دەبم، بەتايبەتی بۆ ئاگاداری لە چەندوچۆنی بيرو بۆچوونی بەشداران لە کۆبۆنەوەی ڤيەن. هەروەها...

لەجێی خۆم هەستامو گوتم:

ئەمن نازانم ئەتۆ مەبەستت چيەو ئەم کاغەزەش دەدەمە خوشکم.

دەمزانی ئەگەر ديسان نيازی مانەوەی هەبێ تووشی حاڵەتێکی وەک شێتی دەبم.

لەم کاتەدا چاوم بە يەکەمين گوڵە مرواریيەکانی باخچەو يەکەمين گجوولەو خونچەکانی سوورەگوڵان کەوت. بەهار هاتبوو، و ئەمن بێخەبەر بووم. ئەی کە بەهاری پاريس چەند جوانەو هەوايەکی چەند دڵڕفێنی هەيە! ئەوان ناتوانن ژوولی لێرە دوور خەنەوە...

هەراوهەنگامەی منداڵان بێدەنگيی ژوورەکەی تێکشکاند. ئەوان لە تەماشای ڕێژە هاتبوونەوەو بەغاردان هاتنە لای من... دووکچی قەدباريکو کەڵەگەت بەجلوبەرگی پەمەيیيەوەو دووکوڕی موورزەرد بە يۆنيفۆڕمی سەربازیيەوە.

—پوورە دێزيرە، نازانی خاڵەگيان چەند جوان ببوو.

شارلووت لە خۆشیيان هەناسەبڕکەی وێکەوتبوو.

—ئەو سواری ئەسپێکی سپی بوو، و باڵتۆيەکی مەخمەری بنەوشی دەبەردا بوو... چەند ناسکوجوان..

بەڵام شارڵ لوويی ناپليۆن بە حاڵەتێکی جيددی قسەی بە کچەکەی ژوولی بڕیو گوتی:

—نا، دۆتمام، باڵتۆ نەبوو، شنێل بوو. پەڕی سپيی وشترمرغيشی لەسەر کڵاوەکەی دابوو، و داردەستێکی ڕەنگزيوينيشی بەدەستەوە بوو.

پاشان ناپليۆن لوويی ڕوونی کردەوە کە مەبەستی لە داردەست، داردەستی تەعليميی زيوينی فيلد مارشاڵی بووە. زەنائيديش لەبن لێوانەوە ورتاندی:

—خاڵە مارييووس گوتی دارتەعليمیيە کۆنەکەی بوو، هی ئەودەمە کە مارشاڵی فەڕانسە بوو.



کتێبخانەی ديجيتاڵی
www.rabari.org

شارلووت درێژەی دایە:

-نازانی ڕوخساری چۆن بوو. بەقەولی پووره مارسلین ڕاست پارچە مەڕمەڕێک، یەک پەیکەری مەڕمەڕین.

بەنیگەرانی‌یەوە پرسیم:

-ڕەنگی پەڕیبوو؟

-نا، هیچ نەدەبزووت، وەک پەیکەرێک... تزار لە تەواوی ماوەکەدا بزەی لەسەر لێو بوو. ئیمپەڕاتۆری ئوتریشیش دەستی بۆ خەڵکی ڕادەوەشاند بەڵام پادشای پرووس...

منداڵەکان لە قاقای پێکەنینیان دا.

-پادشای پرووس ترسێنەرو ڕووگرژ بوو. خاڵە ماریووس دەیگوت ئەو قەڵافەتەی بۆیە گرتوە هەتا دوایە لێی بترسێین.

-خەڵکو سەیرکەرانی دیکە چی‌یان دەگوت؟

-هەرکەسە شتێکی دەگوت. زۆر شت هەبوو بۆ دیتن دەبوون. یۆنیفۆرمی بێگانە، ئەسپی جوانو شۆخوشەنگی تزار... دەزانی قازاخەکان جگە لەتفەنگ هەرکامەی قەمچی‌یەکی درێژیشیان پێبوو بەڵام هەموو بە پرووسی‌یەکان پێدەکەنین، چونکە ئەوان وەختی ڕێژەڕۆیشتن لاقیان زۆر هەڵدێناو...

-کاتێک خاڵە ژان باتیست بەسواری ئەسپ هات خەڵک چی‌یان گوت؟

منداڵەکان تەماشای یەکتریان کردو سەرەنجام شارڵ لوویی ناپلیۆن بەپارێزەوە گوتی:

-پووری گیان. هەموو لەنەکاو بێدەنگ بوون، بێدەنگی بێدەنگ.

شارلووت لەبن لێوانەوە ورتاندی:

-سوێدی‌یەکان هەڵۆو ئاڵای زۆریان بەدەستەوە گرتبوونو لەدوای خاڵە ژان باتیستەوە ڕایان‌دەوەشاندن.

شارڵ لوویی ناپلیۆن بە قەڵسی‌یەوە گوتی:

-پووری هەڵۆیەکان هی ئێمە بوون!

-ئێستا باشترە بڕۆن منداڵینە. بڕۆن با ماری شتێکتان بۆ بێنێ بیخۆن.

ئەمەم گوتو وەڕێ کەوتم کە بچمە ژوورەکەی ژوولی‌و قسەی دەگەڵ بکەم.

سەرەتا هەوڵمان دا لە نووسراوەکانی دەقی بەڵگەکە کە لەڕاستی‌دا چارەنووسی ئەوی بەشێوەیەکی سەوداگەرانە دیاری کردبوو حاڵی بین. ژوولی دەسرۆکە تەڕە ساردەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر نێوچاوانی لابردو فڕێی دانو دەموچاوی لەنێو باڵنجەکاندا شاردەوەو کەوتە هەنیسکی گریان.

–ئەمن نامەوێ، ئەمن ناڕۆم، ئەمن ناڕۆم، ئەمن نامەوێ... ئەوان ناتوانن موورتفۆنتێنم لێبستێنن. دێزیرە ئەتۆ دەبێ کارێک بکەی ئەمنو منداڵەکانم لە موورتفۆنتێن وەمێنین.

دەستم بە قژە ئاڵۆزەکانیدا هێنا. جارێ ئەتۆ لەلای من دەمێنیەوە، دوایەش هەوڵ دەدەین موورتفۆنتێن وەرگرینەوە. بەڵام ئەدی ژۆزێف؟ ئەگەر ڕێگا نەدەن ژۆزێف لێرە وەمێنێ چی؟

–ژۆزێف لە بولواوە بۆی نووسیبووم کە دەیەوێ بچێتە سویسو لەوێ خانوویەک بکڕێ. داوای لەمن کردبوو هەتا زووە دەگەڵ منداڵەکان بچمە لای. بەڵام ئەمن نامەوێ... ئەمن نامەوێ بڕۆم...

ئەو لەنەکاو هەستا لەسەر تەختەکەی دانیشت.

–دێزیرە! ئەتۆ بەجێم نایەڵی نا؟ ئەتۆ دەگەڵ من دەمێنیەوە هەتا دۆخەکە ئارام دەبێتەوە؟

سەرمم ڕاوەشاند.

–ئەتۆ ناچیە سوێدو لێرە دەمێنیەوە... لێرەو لە ماڵێ خۆت. دەمێنیەوەو یارمەتیم دەدەی؟

ئەمە خەتای من بوو. ئەمن ببوومە هۆی ناسیاریی وی دەگەڵ بوناپارتەکان، ئەوە خەتای من بوو کە ئێستا ئەو ماڵو هێلانەیەکی نەبوو. کەوابوو دەبوو کۆمەگی بکەم، دەبوو...

–بەڵێن دەدەی دێزیرە؟

–ئەمن لەلای تۆ دەمێنمەوە ژوولی.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٥١

## پاریس، هەوەڵڕۆژەکانی مای ١٨١٤

ئەو شەوە کە خاوەنشکۆ لوویی هەژدەیەم یەکەمین میوانداریی خۆی لە تویلری ساز کردبوو، ئەمنیش سەرمام ببوو. دیارە بەڕاستی نەخۆش نەبووم‌و هەرچەند لەجێی‌دا کەوتبووم نەخۆشی‌یەکەم وەک سەردەمی تاج‌لەسەرنانی ناپلیۆن بوو،و خۆم نەخۆش کردبوو. ماری شیرهەنگوینی بۆ هێنام. ئەمن هەمیشە شیرهەنگوینم پێ‌خۆش بووە. هەرلەوکاتەدا دەستم کرد بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەش.

مۆنیتۆر بەدرێژی باسی چوونی ناپلیۆن بۆ دوڕگەی ئەلبای نووسیبوو. بیستەمی ئاوریل کالیسکە نەفەربەرەکان لە دەوروبەری کۆشکی شۆڤال بلانی فۆنتێن بلوو بەڕیز ڕاوەستابوون. ژەنراڵ پوتی هەنگێک لە سەربازانی گاردی پادشایەتیی لە دەوروبەر دامەزراندبوو. تەنانەت یەکێکیش لە ژەنراڵەکانی ناپلیۆن لەوێ نەبوو. ئیمپەڕاتۆر لە کۆشک هاتە دەرێ‌و ژەنراڵ پوتی یەکێک لە هەڵۆ زێڕینەکانی بڵند کرد. ناپلیۆن ئاڵایەکی کە لەژێر باڵە کراوەکانی هەڵۆدا دەشەکایەوە ماچ کردو سواری کالیسکەیەک بوو کە ژەنراڵ بێرتران لەوێ‌دا چاوەڕوانی بوو،و ئەمە کۆتایی ڕووداوەکە بوو. هەرنەبێ کۆتایی ئەو شتە بوو کە ڕاپۆرتنووسانی مۆنیتۆر بۆ خوێنەرانی خۆیان نووسیبوو.

لە ژورناڵ دو دێبادا بابەتێکی سەرنج‌ڕاکێشم لەبارەی جێنشینی پادشای سوێدەوە دیت. لەودا خوێندمەوە کە وەلی‌عاد نیازی هەیە لە دێزیرە کلاریی هاوسەری خوشکی خاتوو ژوولی بوناپارت جیا بێتەوە. پاش جیابوونەوە، هاوسەری پێشووی وەلی‌عادی سوێد بەناوی خوازراوی کۆنتێسی گووتلەند لە ماڵەکەی خۆی لە شەقامی ئانژووی پاریس دەژی. لەلایەکی دیکە وەلی‌عاد ئەو شانسەی دەبێ کە دەگەڵ شازادەخانمێکی ڕووسی یان پڕووسی زەماوەند بکا.

ئەوەش ڕێی تێ‌دەچێ کە شازادە خانمێکی بووربوون بخوازێ. بەپێی نووسراوی ژوورناڵ دو دێبا پەیوەندیی نێوان مارشاڵی پێشوو ژ.ب.. بێرنادۆت‌و یەکێ لە بنەماڵە پادشایەتی‌یەکانی پادشایەتی، دوارۆژی وی لە سوێد قایم دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیرهەنگوێنەکەمم تەواو کردبوو بەڵام ئیدی تامی شیرنی ئەوم لەزارمدا هەست پێنەدەکرد. ئیدی ئۆگرییەکیشم بە خوێندنەوەی هیچ کام لەو ڕۆژنامانە نەبوو. جارێکی دیکە کەوتمەوە بیری یەکەمین میوانداریی دەرباری بووربوونەکان. داوەتکرانی منو ژان باتیست بۆ ئەو میوانداریییە زۆر سەیر دەهاتە بەرچاو. لەلایەکی دیکەوە بیرم کردەوە کە ئەمە هێندەش سەرسوڕهێن نیە. جگە لەهەموو مەسەلەکان چما ژان باتیست فەرماندەری یەکێک لە سێهێزی ئازادیبەخشی ئوروپا نەبوو. لەوە بگوزەرێ ئەو بەکوڕدانراوی پادشای سوێدیش بوو. سەرسوڕمانم لەوە بوو کە داخوا ژان باتیست ئەم بانگهێشتنەی قبووڵ کردوە یان نا؟

پاش ئەو شەوەی یەکەم گەڕانەوەی بێرنادۆت، ئیدی زۆرکەم دەرفەتی ئەوەمان بەدەست هێنابوو کە دووبەدوو تەنیا بین. دیارە ئەمن زۆرجار بۆ دیتنی دەچوومە بارەگای سەرفەرماندەرییەکەی لەشەقامی سەن ئونووره. تۆپەکان بەرامبەر بە باڵەخانەکە دامەزرابوونو سەربازانی سەرتاپا چەکداری سوێدییش چاوەدێریی وێیان دەکرد. هەرجارێکیش چووم فووشێم لە ژووری چاوەڕوانی دیتو سێجاریش تالیران. مارشاڵ "نێ"یش بە حەوسەلەوە چاوەڕوانی دیدار بوو. لە ساڵۆنی گەورەش سەرۆکوەزیر ویترستێد، ئادمیراڵ ستێدینگو سوێدییەکانی دیکە سەرگەرمی قسەو وتووێژی لەبڕاننەهاتووی خۆیان بوون. ژان باتیستیش بەسەر کۆمای دۆسیەکانی سەرمێزەکەیدا چەمابۆوەو نامەکانی دیکتە دەکرد.

ئەمڕۆ دوانیوەڕۆش ئێمە لە باڵەخانەی شەقامی سەن ئونووره میوانداریییەکمان بۆ تزار ساز کرد. بەپێچەوانەی بێزاریی من، تزار کۆنت ئارتوا برای پادشای تازەی فەڕانسەشی دەگەڵ خۆی هێنابوو. کۆنت ڕوخسارێکی ناقۆڵاو تاڵی هەبوو،و بە دابی قەدیم کڵاوی چەرمی لەسەر نابوو. بووربوونەکان هەوڵ دەدەن هەرچۆنی بکرێ شۆڕشو ئاکامەکانی بە نەبوو دابنێنو وا بنوێنن کە هیچ ئاڵوگۆڕێکی پێکنەهێناوە. هەرچەند لوویی هەژدەیەم بەناچاری سوێندی خوارد بەرامبەر بە قانوونە تازەکانی فەڕانسە کە بە قانوونی ناپلیۆن دەناسرێن وەفادار بێ.

کۆنت ئارتوا بەپەلە چووە لای ژان باتیستو گوتی:

– پایەبەرز! فەڕانسە هەمیشە قەرزداری تۆی کوڕەمامی خۆشەویست دەبێ.

ژان باتیست ڕەنگی بە ڕووانەوە نەماو ئەمجار گەڕایەوە لای منو گوتی:

–ئەتۆ پایەبەرز، حەتمەن ئەمشەو لە میوانداریی دەربار لە تویلری ئامادە دەبی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمن دەسەسڕەکەمم پتر لە پێشوو بە لووتمەوە گوشیو گوتم:

-پێم وایە تووشی هەڵامەتێکی بەهاری بووم.

تزار بە بیستنی ئەم خەبەرە لە هەمووان نیگەرانتر دیار بوو، و ئارەزووی چاکبوونەوەی خێرای بۆ کردم.

بۆیە ئەمن دەجێیدام. لەحاڵێکدا میوانانی تویلری کە ڕوومای زۆر ئاشنان لە ساڵۆنی گەورەی کۆشک کۆبوونەوەو سەرگەرمی پێهەڵلاگوتنی پەردە شینە کاڵو سپییەکانن کە بە نیشانی پادشایەتیی بووربوونەکان یان هەرئەو گوڵە هێرۆ سپییانە گوڵدۆزی کراون. ئەندامانی ئۆڕکێستر خەریکی قوڕمیشکردنی ئامێرەکانیانن. چونکە ناپلیۆن زۆری پێ لەسەر ئەوە دادەگرت کە دەبێ مۆسیقای سەما باش بێ... دوودەریو دەرگا ڕێلییەکان بەتەواوی دەکرێنەوە. لەکاتی ئیکلامکێشاندا دەنگی خشەخشی جلکی هەریری خانمەکان دێتە بەرگوێ، بەڵام ئیدی دەنگی سروودی مارسەییەز نابیسترێ. مارسەییەز قەدەغەیە. لوویی هەشتا ساڵە بەسەختی خۆی هاویشتۆتە سەر وەکازەکەی. ماسوولکە شریتپێچەکانی لەبن دەرپێ کورتەکەیدا شاردراونەوە. چونکە بەهۆی نەخۆشیی توندی لاقەکانیو ئازاری سەختی جومگەکانی بەزەحمەت دەتوانێ بەرێدا بڕوا. پیرەپیاوی ماندوو چاوێک لە ساڵۆنەکە دەکاو لەبەرخۆیەوە دەڵێ ئا لێرە بوو کە پاریسییەکان براکەمیان گرتو بە پێلەقە وەدەریان نا... ئێستا سەرۆکی تەشریفات پییەر ناوی میوانەکان دەخوێنێتەوەو لوویی پیر بۆ ئەوەی باشی گوێ لە قسەکانی بێ سەری لار دەکاتەوە. لەپێشدا ناوی پادشایانی وڵاتانی هاوپەیمان دەخوێندرێتەوە. ئێمە سوپاسیان دەکەین کە دەرەتانی گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئەم ساڵۆنەیان پێکهێنا. پاشان کەسێک بە ناوی ژ. ب. بێرنادۆت، کۆمارخوازی دەمارگرژو وەلیعادی پادشای سوێد، ئامۆزای خۆشەویستمان. هەرئێستا سەما دەست پێدەکا. ئەتۆ خانمی شازادە...

هەودای بیرەکانمی پساند. کەسێک بە پلیکانەکاندا دێتە سەرێ. سەرم سوڕ دەمێنێ، چونکە هەموو خەوتوون بەڵام ئەو هەروا بەپەلە دووپلیکان دەکاتە یەکو دێتە سەرێ...

-کچەکە گیان هیوادار بووم کە نەخەوتبی.

نە جلی ڕەسمیی دەبەردایەو نە شنێلی مەخمەر. تەنیا یۆنیفۆڕمێکی سادە بەڕەنگی شینی تێرەوە.

-بەڕاستی نەخۆش نی دێزیرە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-دیاره كه نا. بەڵام ئەتۆ چی ژان باتیست؟ چما پادشای تازه تۆی بۆ تویلری بانگهێشتن نەكردوه؟

-بەدوور دەزانرێ كۆنه گرۆبانێک پتر له بووربوونێک شارەزای داب‌وشوێن بێ. باوەڕی تۆ چیه؟

ئەمن هیچم نەگوتو ئەویش تاوێک ڕاوەستاو لەسەری ڕۆیشت:

-بەداخم لەوەی چوویه سەر جێی کچەکه گیان، هاتبووم خواحافیزیت لێبكەم چونكه سبەینێ بەیانی دەبێ بڕۆم. بەجارێک دڵم کەوته لێدان. سبەینێ، هەروا زوو...

ئەرکی من لێره تەواو بوو،و هاتنی پرشانازی بۆپاریس تەواو بوو. ئەوان ئیدی چچاوەڕوانی‌یەکیان لەمن هەیه؟ لەوەش گەڕێین، ڕێکەوتن‌نامەی من دەگەڵ دانمارکیش لەلایەن کۆمیسیۆنی هاوپەیمانانەوه پەسند کراو دەسەڵاته گەورەکان لکاندنی نۆڕوێژ به سوێدەوەیان بەڕەسمی ناسی. بەڵام دێزیره... بیری لێبكەوه. خەڵکی نۆڕوێژ لەو پەیوەستبوونه ڕازی نین.

کەوایه بەڕاستی خەریکی خواحافیزی بووین. هەستامه سەر پێ، گڕی مۆمەکە دەلەرزیو ئەویش هەروا باسی نۆڕوێژی دەکرد. بۆیه پرسیم:

-بۆچی ڕازی نین؟

-چونكه پێیان باشتره سەربەخۆ بن. لەحاڵێکدا ئەمن ئازادبیرانەترین مەرجەکانی دنیام بەوان پێشنیار کردوه. هەتا ئەو جێیه که قەولم داوه تاقه فەرمانبەرێکی سوێدییش نەنێرمه کریستانیا. بەڵام ئەوان دەیانەوێ ستوورتینگی خۆیان دامەزرێنن...

-ئەم... تینگەی داوای دەکەن چیه؟

-ستوورتینگ بەمانای ئەنجومەنی نیشتمانیی نۆڕوێژه. ئەوان دەیانەوێ سەربەخۆ بن. تەنانەت ئەگەر بکرێ به حکوومەتی کۆمارییشەوه.

-باشه ئەو دەرفەتەیان بدەنێ.

لەمکاتەدا نەمدەتوانی ڕوخساری ببینم چونكه سەریی داخستبوو،و چاوەکانی دیار نەبوون. ژان باتیست... داخوا ئەمه دوادیداری ئێمەو کۆتایی هەموو شتێکه؟

-لێگەڕی سەربەخۆ بن... لێگەڕێ... چەند سادەو ئاسان بۆ مەسەلەکان دەچی. لەپێش‌دا نۆڕوێژو سوێد یەکەیەکی جوگرافیایین. دووەم ئەمن پێشتر بەڵێنی یەکگرتنێکی وام به سوێدی‌یەکان داوه. سێیەم ئەم یەکگرتنه بۆ سوێدی‌یەکان جێگای فێنلاند که لەدەستیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چووە دەگرێتەوە. چوارەم نامەوێ سوێدی‌یەکان نائومێد بکەمو قسەی دوایش ئەوەیە کە ناتوانم. تێدەگەی دێزیرە؟

–پارلمانی سوێد تۆی هەڵبژاردوەو وەلی‌عادیی سوێدی پێداوی ژان باتیست!

–هەر ئەو پارلمانەی سوێدیش دەتوانێ جارێکی دیکە من لەومافە بێبەش بکاو دووبارە شازادە واسا هەڵبژێرێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی گەڕانەوەی بووربوونەکانو بەهێزبوونەوەی ئەوان کچەکە گیان... ئێستایە کە دەتوانن ژەنڕاڵی ژاکووبی دەربکەنو خانەدانی پادشایەتیی قەدیمی بێننەوە سەر کار. هەر وابزانە لە بیست ساڵی ڕابردوودا هیچ ڕووی نەداوە.

دڵم لەنێو سنگمدا وەک بەرد قورسایی دەکرد.

–ژان باتیست ئەتۆ دەتوانی بە زەماوەندێک ببیە ئەندامی خانەدانێکی کۆنی پادشایەتی.

بەڵام ئەو هەروا خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامە بوو. بۆیە لێم زیاد کرد:

–چما ئەم وتارەت نەخوێندۆتەوە؟

–نا، ئەمن وەختو دەرەتانی ئەوکارەم نیە. حەللەق مەللەقو جەفەنگی دەرباری...

دووبارە ڕۆژنامەکەی فڕێ دایە سەر مێزەکەو چاوی دە منەوە بڕی.

–زۆر خەراپ قەوما. کالیسکەی من لەخوارێ ئامادە بوو، دەمەویست پێشنیارت پێبکەم کە... نا ئیدی بیری لێمەکەوە چونکە حەتمەن زۆر ماندووی.

–ئەتۆ هاتبووی خواحافیزی بکەی‌و بڵێی...

هەوڵم دا دەنگی خۆم کۆنترۆڵ بکەمو دوایە درێژەم دایە:

–بڵێ بزانم دەتەویست چپێشنیارێک بکەی. زووتر بیڵێ. چونکە وەختە شێت بم.

بە پەرێشانی‌و نیگەرانی چاوی لەمن کردو گوتی:

–شتێکی گرنگ نەبوو. دەمەویست جارێکی دیکە دووبەدوو بە شەقامەکانی پاریس‌دا بگەڕێین. بۆ دواجار دێزیرە!

–بۆ... دواجار؟

لەپێش‌دا پێم وابوو باشم گوێ لێنەبووەو پاشان فرمێسک لەچاوانم هەڵەڕژان.

–چبووە دێزیرە؟ حاڵت باش نیە؟

–پێم وابوو... دەتەوێ لەمن جیا ببیەوە.

دەگەڵ هەنیسکی گریان نوێنەکانم فڕێ دانە لایەک.

–هەر ئێستا خۆ دەگۆڕم تا پێکەوە بچینە گەڕان. ژان باتیست. ئەمنو تۆ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کالیسکەی سەرئاوەڵا لەسەرەخۆ بە لێواری سێندا دەڕۆیشتو ئەمن سەرم وەسەر شانی ژان باتیست کردبوو. شۆقی چراکانی پاریس لەسەر پانایی تەڵخی سێن سەمایان دەکرد. ژان باتیست فەرمانی دا کالیسکەکە ڕابگیرێ. هەردووکمان دابەزیینو قۆڵ دەنێو قۆڵی یەکدا بەسەر پردەکەی خۆماندا وەڕێکەوتینو پاشان بەسەر لاجامەی بەردینی پردەکەدا چەماینەوە. بە خەمناکی گوتم:

–ئەوەتا هەیە هەروا بووە، وەک هەمیشە. ئەمن هەمیشە بۆتۆ مەسەلەساز بووم، یەکەمجار لە سالۆنی ماڵەکەی تالینو دواتر لەلای شاژنی سوێد. لێم ببوورە ژان باتیست.

–ئەمن لەغەمی خۆمدا نیمو نیگەرانیی خۆمم نیە بەڵکوو تەنیا بۆتۆ ناڕەحەتم.

هەر قسەکانی هەمیشە. وتووێژی یەکەمین چاوپێکەوتنمانم وەبیر هاتەوەو پرسیم:

–ئەتۆ ژەنراڵ بوناپارت دەناسی؟

–بەڵی، بەڵام زۆریشم خۆش ناوێ.

ئێستاش ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو وتووێژەو ئەو وەڵامەی ژان باتیستدا تێپەڕیبوو.

جارێکی دیکە بەسەر لاجامەی پردەکەدا چەمامەوە تا قسە دەگەڵ ئەو شۆقانە بکەم کە لەنێو سێندا سەمایان دەکرد.

–کیژۆڵە خانم! ئەمن بۆخۆم ڕێی ژیانی خۆمم تەخت کردوە، کاتێک پازدەساڵە بووم چوومە گەڵ سوپاو ماوەیەکی زۆر پلەدار بوومو ئێستا کیژۆڵە خانم، ژەنراڵێکی فەرماندەری لەشکرمو ناوم ژان باتیست بێرنادۆتە. لەمێژساڵە بەشێک لە مووچەکەمم پاشەکەوت کردوەو دەتوانم خانوویەکی چووکەڵە بۆتۆو منداڵەکە بکڕم... ئەمانە یەکەمین قسەکانی تۆ بوون ژان باتیست! لەبیرت ماوە؟

–دیارە. بەڵام ئێستا پێم باشە لە بڕیاری تۆ بۆ لەمەودوا ئاگادار بم دێزیرە!

لەحزەیەک زمانم گیرا بەڵام دوایە وەڵامم دایەوە:

–ئەگەر پێت وایە بۆتۆو ئۆسکار وا باشە، لەمن جیا بەوەو شازادەیەک بێنە. بەڵێ دوودڵ مەبە ژان باتیست بەڵام بە مەرجێک.

–چمەرجێک؟

–کە ئەمن هەروەک ماشووقەی تۆ بمێنمەوە.

–ناکرێ. ئەمن نیازم نیە لە دەرباری سوێد کاری وا ناشیرن بکەم. لەوەش بگوزەرێ کچەکە گیان، دەزانی کە ئەو جۆرەکارانە لەدەست من نایەن. ئەتۆ هەروا بە هاوسەری من دەمێنیەوە دێزیرە!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەپۆلەکانی سێن لەبن پێمان بەسەر یەکتردا دەتلانەوەو دەچوونە پێش بە ئاوازێکی خۆشی وەک مۆسیقای والس بەتامو چێژ.

–تەنانەت ئەگەر هەلومەرجێکی دیکەش بێتە پێش... تەنانەت ئەگەر ببیە پادشاش.

–بەڵێ ئازیزم! تەنانەت ئەگەر ببمە پادشاش!

گەڕاینەوە کن کالیسکەکە.

–دەتوانم تکایەکت لێبکەم؟ ئەوە کە جارێکی دیکە بۆخۆت بیر لە هەریرفرۆشتن نەکەیەوە.

لەوکاتەدا گەیشتینە بەرامبەر نۆترِدام.

–ڕاوەستە!

بە فەرمانی ژان باتیست کالیسکەکە ڕاوەستاو ئەو دە باڵەخانەی کلیساوە ڕاما. زاری وا داپچڕابوو دەتگوت دەیەوێ ئەو دیمەنە قووت بدا. ئەمجار چاوی لێکنان بۆئەوەی هەرچی دەیبینێ بۆ هەمیشە بەدڵی بسپێرێ.

–وەرێ کەوە!

داوام لە پیەر کرد بە ڕێکوپێکی بە حیسابوکیتابی من لە دەزگای کلاری ڕابگاو بەشی من لە قازانجەکەی وەربگرێ. پیەر هەروا وەک چاوەدێری دارایی ماڵەکەم لەکن من دەمێنێتەوە. ماریۆس کلاری وەک سەرۆکی تەشریفاتو مارسلین تاشێر وەک نەدیمەی خۆم دیاری دەکەم چونکە دەمەوێ لافلووتێ دەربکەم.

–داخوا لەکۆنت ڕووزەن ڕازی هەی؟

–بۆخۆی بەڵێ بەڵام لە باری کارکردنەوە نا.

–یانی چی؟

–یانی ئەوە کە کۆنت تەنانەت ناتوانێ بەستەیەکیش بپێچێتەوە. ئەوم دەگەڵ خۆم بردە فرۆشگا بۆئەوەی شەڕی پڕووسییەکان لەکۆڵ کەمەوە. پڕووسییەکان ڕاست لەبەر چاوی ئێمە نیازی تاڵانیان هەبوو. دیارە قسەی خۆمان بێ چونکە ئەمڕۆژانە شاگردمان نیە داوام لە ڕووزەن کرد...

–دێزیرە! ئەتۆ ناتوانی سوتوان (ملازم)ی سوارەنیزام کۆنت ڕووزەن بکەیە شاگردی دوکان.

–زۆرباشە، دەکرێ تکا بکەم ئاجودانێکم بۆ بنێرێ کە زگماک کۆنت نەبێ. چما لەوێ لە دەرباری سوێد پیاوی تازەبەسەرداکەوتوو پەیدا نابێ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-تەنیا بێرنادۆتەکان.

ژان باتیست بزەیەکی کردو درێژەی پێدا:

-باڕوون ویترستێدیش هەیە بەڵام ئەو سەرۆکوەزیرەو ئەمنیش پێویستیم پێی هەیە.

ژان باتیست بەپێشەوەدا چەمایەوەو ئادرەسێکی دا بەپیاوە کالیسکەچی‌یەکەو بەمجۆرە چووینە سەردانی گەڕەکی سوو و یەکەمین ماڵی خۆمان.

هەستم دەکرد ئەستێرەکان لە جاران نزیکترن. لەپشت پەرژینی باخچەکەوە گوڵەیاسی بنەوش غونچەیان دەرکردبوو.

-کاتێک وەزیری بەرگری بووم، ڕۆژێ دووجار بەمڕێیەدا دەچووم‌و دەهاتمەوە. ئەمن کەنگێ دەتوانم چاوەڕوانی هاتنی تۆ بۆ ستۆکهۆڵم بم شازادە خانمی خۆم؟

-بەم زووانە نا. ئەو چەندساڵەی دێن بۆتۆ ساڵی سەخت دەبن‌و ئەمن نامەوێ گیروگرفتێکی دیکە بخەمە سەر گیروگرفتەکانت. بۆخۆت باش دەزانی ئەمن دەگەڵ ژیانی دەرباری سوێد سازگار نیم.

چاوێکی لێکردم‌و گوتی:

-دەتەوێ بڵێی نیازت نیە خۆت دەگەڵ تەشریفاتی دەرباری سوێد ڕێکبخەی؟

-ئەمن کاتێک دێمە وێ کە بۆخۆم بتوانم بڕیار لەسەر چەندوچۆنی ئەو تەشریفاتە بدەم.

لەو قسانەدا بووین کە کالیسکە لەپێش ماڵی ژمارە ٣ی شەقامی لوونی گەڕەکی سوو ڕاوەستا. ئێستا ئیدی غەریبە لە ماڵەکەماندا دەژیان. لەدڵی خۆمدا گوتم کە ئۆسکار لە نهۆمی سەرەوەی ئەم ماڵەدا لەدایک بووەو ڕاست لەوکاتەشدا ژان باتیست گوتی:

-بیری لێ بکەوە، ئێستا ئۆسکار بۆخۆی کوڕەجحێڵەیەکە.

گجوولەی بەڕووە خاسەی نێو باغی کە دەتگوت مۆمن لە دوورەوە دیار بوون.

لە گەڕانەوە بۆ ماڵێدا لە پەنای یەک دانیشتبووین‌و هیچی نەدەگوت. کاتێک کالیسکە گەیشتە شەقامی ئانژوو ژان باتیست بۆ یەکەمجار دەستی بەقسە کرد.

-داخوا هیچ هۆیەکی دیکەت بۆ مانەوە لێرە نیە، هیچ هۆیەکی ڕاستەقینە؟

-بۆچی ژان باتیست. هێندێ کەس لێرەن کە پێویستی‌یان بەمن هەیە، لەحاڵێکدا لەوێ ئەمن زیادیم. ئەمن دەبێ لێرە یارمەتیی ژوولی بدەم.

-ئەمن ناپلیۆنم لە لایپزیک شکاند بەڵام وا دیارە هێشتا لەدەست بوناپارتەکان ڕزگار نەبووم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەمن لەفکری کلاریەکاندام، ژان باتیست. تکایە ئەمەت لەبیر نەچێ.

ڕاست لەو کاتەشدا کالیسکەکە ڕاوەستا. هەموو شتێک زۆر بەخێرایی ڕووی دا. ژان باتیست دەگەڵ من لە کالیسکە دابەزیو چاوی لە ماڵەکە کرد؛ زۆر بەوردیو بە بێدەنگیی تەواو. دوو قەرەوڵ پێشتفەنگیان کرد. دەستم بۆلای ژان باتیست درێژ کردو قەرەوڵەکان هەروا تەماشایان دەکردین. ئەو لەکاتێکدا دەستی منی بۆلای لێوی دەبرد گوتی:

–هەرچی لەو دەنگۆ قۆڕانە لە ڕۆژنامەکاندا خوێندتەوە، هەرگیز باوەڕی پێمەکە، تێگەیشتی؟

–چەند خەراپ بوو. حەزم دەکرد بەڵکوو ماشووقەی تۆ بم.

ژان باتیست قامکێکی منی بە ددان گەزتو دوو قەرەوڵەکە هەروا تەماشایان دەکردین.

***

٥٢

## پاریس، (٣٠)ی مای، جێژنی گوڵوەشانی١٨١٤

بەتڵیک لە شەوێ رابردوە.

لەو شەوە دڵگرەدا جێژنی گوڵوەشان [جێژنی هاتنی گیانی پیرۆز بۆ دڵی هاوڕێیانی عیسای مەسیح لە ئایینی مەسیحیدا]، پێم قبووڵ نەدەکرا بانگم بکەن بۆ ڕێوڕەسمی ماتەمباری.

شەوی ڕابردوو یەکێک لە خانمە نەدیمەکانی مالمێزۆن بەچاوی پڕفرمێسکەوە ئەم خەبەرەی بۆ هێنام. ژووزفین نیوەڕۆی یەکشەممە جێژنی گوڵوەشان مردبوو. ئەو ئەم ڕۆژانەو دوای گەڕانی بەپێیانو پیاسەکردن لەگەڵ تزار لە باغی مالمێزۆندا سەرما لێیدابوو. خانمە نەدیمەکە گوتی:

–ئەو شەوە هەوا زۆر سارد بوو بەڵام خانمی خاوەنشکۆ خۆی دانەپۆشیو جلکی گەرمی دەبەر نەکرد. خانمی خاوەنشکۆ کراسێکی مووسلینی زۆر تەنکو دێکۆلتەیەکی دەبەردا بوو دەگەڵ ملپێچێکی زۆرتەنک.

ئەمن ئەوپارچە مووسلینەم لەبیر بوو. ژووزفین! ئەو پارچەیە بۆ شەوی مانگی مای یەکجار تەنک بووا مووسلینی بنەوش. نا؟ بنەوشێکی کاڵی شۆخ کە زۆریشت لێ دەکاڵایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئوورتانسو ئووژەن دو بووئارنە ماوەیەک بوو دەگەڵ دایکیان دەژیان. خانمی نەدیمەی پێشوو یادداشتێکی وێدام.

–تکایە منداڵەکان لەگەڵ خۆت بێنە چونکە ئێستا تەنیا ئەوان دەتوانن ببنە مایەی سێبووریو ئارامی.

ئوورتانس بە خەتێکی زۆر شێواوو تێکەڵپێکەڵو لەنێو کۆمەڵێک نیشانەی سەرسوڕمانو بابەتی پەرشوبڵاودا ئەم پەیامەی بۆ نووسیبووم.

هەربۆیە ئەمڕۆ بەیانی دەگەڵ ژوولیو دوو کوڕی شاژنی پێشووی هولەند چوومە مالمێزۆن. لەڕێگادا هەوڵمان دا ئەو دوو منداڵە لە مردنی دایکیان ئاگادار بکەین. شارڵ لوویی ناپلیۆن گوتی:

–لەوانەیە بەڕاستی نەمردبێ. ڕەنگە ئەو کارەی بۆیە کردبێ کە هاوپەیمانان بە مردووی دابنێن تا بتوانێ بەنهێنی بچێتە دوڕگەی ئەلبا بۆلای ناپلیۆن.

لە بوو دو بوولوون شنەبایەکی نەرمی دەهاتو بۆنی خۆشی زیزفوونی دێنایە نێو کالیسکەکەو بەڕاستی جێی باوەڕ نەبوو کە ژووزفین مردبێ.

لە مالمێزۆن ئوورتانسم لە جلوبەرگی سەرتاپا ڕەشی ماتەمباریدا دیت. لەبەر گریان لووتی سوور هەڵگەڕابوو،و ڕوخساری ڕەنگپەڕیوی ئاماڵشین ببوو. بەحاڵەتێکی تەشریفاتی لەپێشدا خۆی دە باوەشی من هاویشتو دوایە ڕۆیی بۆلای ژوولی. ئووژەن دو بووئارنە لەپشت مێزە چکۆڵەکەی کاری ژووزفین دانیشتبوو، خەریکی تەماشاکردنی کۆمای کاغەزەکانی سەر مێزەکە بوو. ئەو هەر ئەو لاوە شەرمێونە بوو کە ناپلیۆن کردبوویە فەرمانفەرمای ئیتالیاو ناچاری کردبوو دەگەڵ کچێ پادشای باڤاریا زەماوەند بکا. ئەویش – هەرچەند بە زەحمەتو نابەدڵی– ڕێزی بۆ ئێمە داناو دوایە لەحاڵێکدا ئاماژەی بۆ کۆما کاغەزی سەر مێزەکە دەکرد گوتی:

–جێی باوەڕ نیە. کۆمایەک لیستی حیسابی ئەو جلکانەو ئەو کڵاوو دەسکە گوڵانە کە پارەکەیان نەدراوە.

ئوورتانس لێوی خڕ کردنەوەو گوتی:

–دایکم قەت نەیتوانی بەو پارەیەی بۆی بڕابۆوە گوزەران بکا.

–جگە لە دووملیۆن فرانک کە پاش تەڵاقدران ساڵانە دەوڵەت دەیدایە، ناپلیۆنیش مانگانە بۆخۆی یەک ملیۆن فرانکی دەدایە. زۆرم پێخۆشە بزانم کێ ئەو قەرزانە دەداتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئوورتانس ئەوەی گوتو داوای لێکردین دانیشین. هەموو بە بێدەنگی لەسەر مۆبلەکانی سالۆنی سپیی ژووزفین دانیشتین. ئەو دەرگایانەی ڕوویان دە باغی بوو هەموو کرابوونەوە. بۆنی خۆشی گوڵە سوورەکانی ژووزفین ئەوێی پڕ کردبوو. ئەو دوایە لەکاتێکدا بە دەسرۆکە چاوە وشکەکانیی دەسڕینەوە گوتی:

–تزاری ڕووسیە هاتبووە ئەحواڵپرسیی دایکم. دایکم داوای لێکرد بۆ شێوخواردن میوانی بێ. پێم وایە دایکم دەیەویست داوای لێبکا کۆمەگی منداڵە بەستەزمانەکانی من بکا. بۆخۆتان دەزانن ئەمن تەڵاق دراوم.

ئێمە لەبەر ئەدەب سەرمان ڕاوەشاندو هەرلەوکاتەشدا کۆنت فلائۆ ماشووقی ئوورتانس هاتە ژوورێ. ئەوان کوڕە ناشەرعی‌یەکەی خۆیان لەلای کەسێک بەناوی کۆنت مۆرنی داناوە. ئووژەن دو بووئارنە کە هەروا سەیری لیستی قەرزەکانی ژووزفینی دەکرد، گوتی:

–دایکم چەند مانگە قەرزەکانی لۆرویی بەرگدرووشی نەداون. بەڵام بەوحالە بیست‌وشەش دەست جلوبەرگی تازەشی بەڕادان داوە. تێناگەم ئەو کە بە یارمەتیی خانەنشینی دەژیا چپێویستی‌یەکی بە بیست‌وشەش دەست جلکی تازە هەبووە.

ئەو دووبارە چاوی لە لیستی حیسابەکان کردو خوشکی بە بێموبالاتی شانی هەڵتەکاندو دەسەسڕەی لەپێش دەمی ڕاگرت. تەنیا پیاو کە ئوورتانس ئۆگرو ئاشقی بوو زەماوەندی دەگەڵ دایکیی کردبوو. پاشان بە ڕوخسارێکی گرژەوە گوتی:

–دەتەوێ بیبینی؟

ژوولی بەتوندی سەریی ڕاوەشاندو ئەمن بێ بیرکردنەوە گوتم:

–بەڵێ.

ئوورتانس بێڕاوەستان گوتی:

–کۆنت فلائۆ، تکایە پایەبەرز ڕێنوێنی بکە بچێتە نهۆمی سەرەوە.

لەحاڵێکدا نهۆمێک دەچووینە سەرێ کۆنت لەبن لێوانەوە گوتی:

–ئەو خۆشەویستە تازە ڕابردووە هێشتا لەنێو جێی‌دایە. هەر ئالێرە. بەملادا بفەرموو شازادە خانم.

مۆمە گەورەکان بە شۆقی بەردەوامو بێلەرزین داییسانو پەنجەرەکانیش هەموو داخرابوون. ژوورەکە پڕ بوو لە بۆنی گوڵی سوورو عەترە توندەکانی ژووزفین. چاوەکانم کەمکەم بە تاریکایی ڕاهاتن. خوشکە ڕاهیبەکان وەک باڵندەی گەورەی ڕەش لەبن تەختە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەکەی ژووزفین چۆکیان دادابوو،و لەبن لێوانەوە دوعایان بۆ مردووەکە دەخوێندو داوای بەخشینیان بۆدەکرد.

لەپێشدا لە تەماشاکردنی مردووەکە بێزار بووم بەڵام هەرچۆنێک بوو بەسەر خۆمدا زاڵ بوومو پتر چوومە پێش. شنێلە گەورەکەی تاجلەسەرنانم ناسیەوە کە وەک سەرپێخەفێکی گەرمو نەرم بەسەر تەختەکەیان هەڵکێشابوو. کۆبە خەزدۆزیکراوەکانی شنێلەکە لەبەر شۆقی مۆم لەسەر شانو سنگی ئامالزەردو ڕاست وەک ڕوخساری خۆی دیار بوون.

نا، ژووزفین نەیدەترساندمو نەدەبووە هۆی گریانیشم... سەرە چکۆڵەکەی کەمێک بەلادا کەوتبوو. ڕاست وەک ئەو کاتانە کە دەیەویست لەبن مژۆڵە درێژەکانیەوە سەیری پیاوێک بکا. چاوەکانی بەتەواوی لێک نەنرابوونو لەپشت مژۆڵە کانیەوە دەدرەوشان.

تەنیا لووتە چکۆڵەکەی بەتەواوی باریک ببوو. بزە شیرنەکەی بە دەمی لێکنراوەوە دەتگوت تەنانەت دوای مردنیش نایەوێ ناتەواویی ددانەکانی ئاشکرا بکا. نا، پەیکەری بێگیانی ژووزفینێش نهێنیەکانی ویی لەقاو نەدەدا. بۆ دواجار خزمەتکارەکان ئەڵقە لوولەکانی قژە منداڵانەکەی ئەو ژنە پەنجاو یەکساڵەیەیان ڕێکوپێک کردبوو،و بۆ دواجاریش پۆدری زیوینیان لەپێلووە بۆهەمیشە لێکنراوەکانی دابوو،و سووراویان دە سەرگۆنا مەیلەو زەردەکانی هەڵسووبوو. ئەی کە لەو خەوە یەکجارییەشدا چبزەیەکی شیرنی لەسەر لێوان بوو؛ شیرنو دڵڕفێن...

-... زۆریش لەبەر دڵان...

ئەم دەنگەم لە تەنیشت خۆمەوە بیست. پیاوێکی پیر بە ڕوخسارێکی هەڵمساوو قژێکی ڕەنگزیوینەوە. دەتگوت لە قوڕنەیەکی ژوورەکە سەری دەرهێناوە.

-ئەمن باراسم.

لەحاڵێکدا خۆی دەناساند چاویلکەکەی لەقاندو درێژەی دایە:

-نازانم پێشتر شانازیی ئاشنایی دەگەڵ جەنابتم هەبووە یان نا، خانم.

-چەندینساڵ لەمەوبەر! بەڵێ، زۆر لەوە پێش ئێمە لە ساڵۆنی ژەنڕاڵ بوناپارت یەکترمان دیوە. ئەوکات جەنابت یەکێک لە هەڵسووڕێنەرانی کۆمار بووی.

ئەو چاویلکەکەی هێنایە خوار.

-ئەم شنێلی تاجلەسەرنانە دەبینی، ژووزفین دەبێ لەبەر ئەو سوپاسی من بکا خانم. ڕۆژێکیان پێمگوت ئەگەر دەتەوێ مێرد بەو بوناپارتە وردیلەو چووکەڵەیە بکەی، ئەمن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەیکەمە فەرماندەری سەربازیی پاریسو بەمجۆرە هەموو شتێک بۆتۆ دابین دەبێ... ژووزفینی زۆر خۆشەویست! وەک دەشزانی خانم، هەموو شتێکی بۆ دابین کرا.

ئەو پاشان پێکەنیو لێی زیاد کرد:

–خانم، ئەو خزمی تۆ بوو؟

بێئەوەی وەڵامی بدەمەوە بیرم کردەوە کە ئەو تەنیا دڵی منی شکاندبوو. ئیدی گریان بەری نەدام.

پیاوە بەساڵداچووەکە لەحاڵێکدا بەوردیو دەغدەغەوە دەستی بە گنجولۆنجی شنێلە ئەرخەوانییە بەشکۆکەیدا دێنا لەبن لێوانەوە گوتی:

–گەمژەیەک، بەڵێ ئەو بوناپارتە گەمژەیەک بەتەواوی مانا بوو. ئەو تەنیا ژنی کە پیاوێک دەیتوانی لە دوڕگەیەکی دوورکەوتووشدا بەخۆشی لەگەڵی بژی، تەڵاق دا؛ ژنێکی بێهاوتا لە هەموو جیهاندا.

لەسەر شنێلی ئیمپەڕاتریسی فەڕانسە گوڵی سوور بەرچاو دەکەوتن. هەرچەند بەگەرمای مۆمەکان سیس ببوونو بۆنە توندەکەیان لووتی بنیادەمی ئازار دەدا. لەنەکاو هێز لە ئەژنۆیانم بڕاو بێئەوەی بمەوێ لەپەنا پەیکەری بێگیانی ژووزفین چۆکم داداو ڕوخسارم خستە سەر شنێلی مەخمەری تاجلەسەرنانەکە.

–خانم! بۆ ژووزفین مەگری. ئەو چۆن ژیا هەرواش مرد لە پەنا پیاوێکی زۆر بەدەسەڵات کە لە شەوێکی مانگی مایو لەنێو سوورەگوڵەکانی مالمێزۆندا بەڵێنی پێدا هەموو قەرزەکانی بۆ بداتەوە... گوێت لە دەنگم هەیە خۆشەویستم، ژووزفینی زۆر خۆشەویست!

وەختێک هەستامەوە پیرەپیاو جارێکی دیکە لە تاریکایی قوژبنەکانی ژوورەکەدا ون ببوو. بەڵام هێشتا دەنگی دوعاخوێنەکان دەهات. بۆ دوامالئاوایی دەگەڵ ژووزفین سەرم ڕاوەشاند. پێلووەکانو برژانگە درێژەکانی دەتگوت دەبزوون. ئەو هەروا بە زاری داخراوەوە بزەی دەهاتێ، بزەیەکی گەرمو لەبەردڵان.

کاتێک هاتمە نهۆمی خوارێ، ئووژەن بە ڕاوێژێکی جیددی لە ژوولیی دەپرسی:

–داخوا بەڕاستی نرخی باڵتۆخەوێک دەگەڵ تۆڕێکی بڕووکسێلو شنێلێکی چووکەڵە بیستهەزار فڕانکە.خانم؟

ئەمن بەپەلە بە دەرگایەکی چووکەڵەدا کە ڕووی دە باخچەکە بوو تێپەڕیم. لەژێر تیشکی بەتینی هەتاودا، ئەو گەرمایەی لەزەوی هەڵدەستا شەپۆلی بەهەوا دەدان، خونچەی سوورەگوڵ لە هەموو جێیەک دەبینران، لەنەکاو خۆم لە پەنا ئەستێڵێکی دەستکرددا دیتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کچێکی چووکەڵە لەسەر لێوی نیوتەختێکی بەردین دانیشتبوو، نوقمی تەماشای ئەو جووچکە مراوی‌یانە بوو کە ناشی‌یانە بەدوای دایکە خڕو خەپەتۆڵەکەیاندا مەلەیان دەکرد. لەپەنا کچۆڵەکە دانیشتم. ئەڵقەئەڵقەی قژە ئاڵۆزو بادراوەکانی بەسەر شانو جلە سپی‌یەکەی‌و ملپێچە ڕەشەکەی‌دا ڕژابوون. کاتێک سەری هەڵبڕی‌و تەماشای منی کرد کە لە پەنای بووم، چاوترووکانێک دڵم داخورپا، برژانگێکی زۆر درێژ لەپشت جووتەچاوێکی بادامی‌و ڕوخسارێکی لەبەردڵانی بەوێنەی دڵ. منداڵەکە بزەیەکی هاتێ، بزەیەک بە زاری لێکنراوەوە. پرسیم:

—ناوت چیە؟

—ژووزفین، خانم.

کچۆڵەکە چاوێکی شین‌و ددانێکی وەک مرواری سپیی هەبوون. پێستی دەموچاوی یەکجار ناسک بوو،و قژە پڕپشتەکانی لەبەر شۆقی هەتاو دەدرەوشانەوە. ژووزفین... بەڵام نەک ئەو ژووزفینە کە...

کیژۆڵە بەئەدەبەوە پرسی:

—ئەتۆ یەکێک لە نەدیمەکانی؟

—نا! بەڵام بۆ پێت وابوو؟

—چونکە پوورە ئوورتانس گوتبووی هاوسەری جێنشینی پادشای سوێد دێتە سەردانمان‌و شازادە خانمەکان عادەتەن نەدیمەکانیشیان دەگەڵ خۆیان دەبەن. دیارە شازادەخانمە گەورەکان.

—ئەدی شازادە خانمە چکۆڵەکان چی؟

—ئەوان مامۆستاو پەرستاریان هەن.

جارێکی دیکە سەرنجی کیژۆڵە کەوتەوە سەر جووچکە مراوی‌یەکان.

—جووچکە مراوی‌یەکان زۆر چکۆڵەن. پێم وایە هەر دوێنێ لەزگی دایکیان هاتوونە دەر.

—نا. جووچکە مراوی لەنێو هێلکە دێنە دەرێ.

کچۆڵەکە بزەیەکی هاتێ‌و گوتی:

—نابێ من بەمنداڵ بزانی‌و چیرۆکی شای پەری‌یانم بۆ بگێڕیەوە.

—ئەتۆ کچێ شازادە ئووژەنی؟

—بەڵێ. بەڵام بابم ئێستا پڕێنس نیە. ئەگەر زۆرمان شانس هەبێ، هاوپەیمانان لە باڤاریا دووکنشینێکی دەدەنێ. باپیری من، بابی دایکم، پادشای باڤاریا بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–کەوایە ئەتۆ بەهەر حاڵ پڕێنسێسی. پەرستارەکەت لە کوێیە؟

–ئەمن لەبەری هەڵاتووم.

کچەکە لەم وەختەدا دەستی دە ئاوەکە ڕۆکردو لەنەکاو وەک ئەوەی بیرێکی تازەی بەمێشکدا هاتبێ گوتی:

–ئەتۆ ئەگەر نەدیمە نەبی، بێگومان پەرستاری.

–بۆچی؟

–باشە دەبێ شتێک هەر ببی.

–لەوانەیە ئەمنیش پڕێنسێس بم.

–ناکرێ. چونکە قەڵافەتت وەک پڕێنسێسان ناچێ.

کچەکە چاوی ترووکاندو لەحاڵێکدا سەری بەلایەکدا خوار دەکردەوە بزەیەکی هاتێو گوتی:

–زۆرم پێخۆشە بزانم ئەتۆ کێی.

–بەڕاستی؟

–هەرچەند دەتەویست چیرۆکێکی باوەڕپێنەکراوم لەبارەی جووچکە مراوییەکانەوە بۆ بگێڕیەوە، بەڵام بەوحاڵە خۆشم دەوێی. ئەتۆ منداڵیشت هەن؟

–کوڕێکم هەیە بەڵام لێرە نیە.

–زۆر خەراپ بوو. ئەمن قومارم دەگەڵ کوڕان پێخۆشترە تا دەگەڵ کچان. کوڕەکەت لە کوێیە؟

–لە سوێدە بەڵام دڵنیام نازانی سوێد لە کوێیە.

–زۆر چاک دەزانم. ئەمن جوگڕافیام خوێندوەو بابم دەیگوت کە...

–ژووزفین، ژوو...ز...فین!

کچە هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

–پەرستارەکەم هات.

ئەو چاوێکی لەمن داگرتو بە حاڵەتێکی وەک منداڵانی بەرەڵڵای کۆڵانو شەقام گوتی:

–لەو بێزارمو جاڕزم دەکا بەڵام بەکەس مەڵێ کە ئەمن وام گوتوە.

بە غەمناکی گەڕامەوە ماڵێو نیوڕۆژم دەگەڵ ئوورتانسو ئووژەن خوارد. کاتێک دەمانەویست لەوێ بڕۆین، ئووژەن لە ژوولیی پرسی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەتۆ نازانی کەنگێ دەتوانین تەتەرێک بنێرینە ئەلبا. ئەمن دەمەوێ چەندی زووە خەبەری مردنی دایکم بدەمە ئیمپەڕاتۆرو هەروەها لیستی حیسابە نەدراوەکانیشی بۆ بنێرم چونکە کارێکی دیکەم لەدەست نایە.

وەختێک دەهاتینەوە ماڵێ دنیا تاریک ببوو. تاوێک بەرلە گەیشتنەوەی پاریس فکرێکم بە زەین گەیشتو بڕیارم دا بێنووسمو جارجار بێخوێنمەوە تا قەتم لەبیر نەچێ. ئێستا کە دەبێ بنەماڵەیەکی تازە دامەزرێنم بۆچی لە غەمی جوانو دڵڕفینبوونی ئەندامەکانیدا نەبم. هاواری لەنەکاوی ژوولی هەودای بیرەکانمی پساند:

–بڕوانە! ئەستێرەیەکی کلکدار. زوو شتێک بەئاوات بخوازە.

ئەمنیش دەسبەجێ نیەتم لێ هێناو ئەویشم بە دەنگی بەرز گوت. سوێدییەکان پێی دەڵێن ژووزفینا.

ژوولی بە حەبەساوی گوتی:

–باسی چدەکەی؟

–لەبارەی ئەستێرەی کلکدارەوە کە لە ئاسمان بەربۆوە. تەنیا دەربارەی ئەو.

***

۵۳

## پاریس، کۆتایی پاییزی ۱۸۱٤

ئۆسکار لە نۆڕوێژەوە بە دزیی ڕاهێنەرەکەی نامەیەکی بۆ نووسیومو ئەمن ئەو نامەیەم بە دەفتەری بیرەوەرییەکانمەوە لکاندوە بۆ ئەوەی ون نەبێ.

کریستانیا، ١٠ی نۆڤامبری ۱۸۱٤
دایکی خۆشەویستم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیستم کە کۆنت بەراهە بەنیازە تەتەرێک بنێرێتە پاریس، ئەمنیش بڕیارم دا نامەیەک بۆتۆ بنووسم. بەتایبەتی کە ڕاهێنەرەکەم سێدرستوومیش لەبەر ئەوەی سەرمای بووە لەجێدا کەوتوە. سێدرستووم هەوڵ دەدا هەمیشە نامەکانی من بخوێنێتەوە تا دڵنیا بێ کە دروستم نووسیون. دایە بەڕاستی ئەو پیرەپیاوە گەمژەیە. دایکی خۆشەویستم دەبێ پیرۆزبایت لێبکەم چونکە ئێستا ئەتۆ بوویە هاوسەری وەلیعادی شای سوێدو نۆڕویژ. لەڕاستیدا ئێمە نۆڕویژمان پاش شەڕ دەگەڵ نۆڕویژی‌یەکان گرتوە. سەرەنجام دوێشەو ئەمنو بابم چووینە کریستانیا پێتەختی نۆڕویژ.

بەڵام باشترە هەموو شتێک هەر بەوجۆرە کە ڕووی داوە بۆ تۆ بگێڕمەوە. دوای ئازادیی فەڕانسە، هاتنی باوکم بۆ ستۆکهۆڵم بەڕاستی بەشکۆ بوو. خەڵک لە هەموو ئەو شەقامانە کە باوکم بە کالیسکەی سەرئاوەڵا پێیاندا دەڕۆیشت خڕ ببوونەوەو زۆر بە شادمانی هەستی خۆیان بۆ دەردەبڕی. ئاپۆرای حەشیمەت بەجۆرێک بوو کە تەنانەت گوێیان نەدەدایە ئەوەش کە پێیان لە یەکتر دەنا. خاوەن‌شکۆ پادشا دەستی دەستۆی باوکم کردبوو، لەخۆشی‌یان وەک منداڵان دەگریا. خاوەن‌شکۆ شاژنیش لەخۆشی‌یان دەگریا. جارێکی دیکە سوێدی‌یەکان خۆیان وەک نەتەوەیەکی بەدەسەڵات هەست پێدەکرد، بەجۆرێک کە دەڵێی لە ڕۆژگاری شارڵی شازدەیەمدان. بەڵام باوکم زۆر شەکەتو خەمناک بوو. دایە ئەتۆ دەزانی باوکم بۆ خەفەتبارە؟

هەرچەند دانمارکی‌یەکان نۆڕویژیان داوە بە ئێمە بەڵام ئەنجومەنی نوێنەرانی نۆڕویژ ڕۆژی حەڤدەی مانگی مای لە ئیدسوێد ڕایگەیاندوە کە ئەم وڵاتە دەیەوێ سەربەخۆ بێ. بیری لێبکەوە دایە! باوکم دەیگوت لەمێژساڵە حیزبێک لە کریستانیا هەیە کە بەخۆی دەڵێ حیزبی یەکیەتیی سکاندیناڤی‌و لە هەوڵی دامەزراندنی کۆماری سکاندیناڤی‌دایە. بەڵام نۆڕویژی‌یەکان نەیانوێرا کۆمار ڕابگەیەنن‌و بۆیە دەسبەجێ شازادەیەکی دانمارکی‌یان وەک جێگری پادشای خۆیان ناساندو ئەم کارەشیان هەر بۆ نیشاندانی دژبەری دەگەڵ ئێمە بوو. دایە! نۆڕویژی‌یەکان ڕایانگەیاندوە کە بەرگری لە سەربەخۆیی خۆیان دەکەن.

بەڕاست دایە ناتوانم تامەزرۆیی ئەفسەرانی سوێدی لەم شەڕەتدا بۆ بگێڕمەوە. تەنانەت خاوەن‌شکۆش کە حاڵیشی ڕۆژ لە ڕۆژ خەراپتر دەبێ‌و بەزەحمەت جووڵەی بۆ دەکرێ پێی‌خۆش بوو بۆخۆی لەشەڕدا بەشدار بێ. ئەو داوای لە باوکم دەکرد کەشتی‌یەکی جەنگیی بخاتە ژێر دەسەڵاتی‌و دەشی‌گوت لەوەتا لەدایک بووە ئادمیراڵی هێزی دەریایی سوێد بووە. باوکم بە منی گوت سوێد توانای شەڕێکی درێژتر لە سێ مانگی نیە. باوکم خەرجیی ئامادەکردنی کەشتی‌یەکی جەنگی بۆ پادشای پیری لەگیرفانی خۆی دا. بەڵام پادشا هەرگیز لەوە ئاگادار نەبوو.

ئەمن کە وام بینی گوتم ئێستا کە پادشای پیر هەقی هەیە دەگەڵیان بچێ ئەمنیش دەبێ لەشەڕدا بەشدار بم. باوکیشم دژی ئەو داخوازەی من نەوێستا، بەڵام پێی‌گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆسکار، نۆڕویژی‌یەکان خەڵکێکی ئازانو لەحاڵێکدا مەترسیی شەڕ دەگەڵ سوێدیان قبووڵ کردوە کە هێزیان کەمتر لە نیوەی هێزەکانی ئێمەیەو چەکوچۆڵیشیان شتێکی بەرچاو نیە. باوکم کە زۆرخەمناک بوو بەڵگەیەکی بەمن نیشان داو داوای لێکردم بەوردی بیخوێنمەوەو لێشی زیاد کرد: ئۆسکار ئەمن ئازادبیرانەترین ڕێوشوێنو بڕیارنامەکانی ئورووپام بۆ نۆڕویژی‌یەکان لەبەر چاو گرتوە.

بەداخەوە ئەو خەڵکە ئازایە هەروا پێیان لەسەر سەربەخۆیی خۆیان داگرتو باوکم بەناچار دەگەڵ ستادەکەی خۆی بەرەو سترۆمستاد وەڕێ کەوتو ئێمەش بە دوایدا ڕۆیشتین. ئەمنو پادشاو دەرباری‌یەکان. کەشتی‌یە جەنگی‌یەکە کە ناوی گۆستاڤی ستوور (گۆستاڤی گەورە) بوو لە بەندەر ڕاوەستابوو. هەموومان سوار بووینو چەند ڕۆژ دواتر هێزەکانمان یەکەمین دوڕگەی نۆڕویژی‌یان گرت.

پادشا لەسەر بانی کەشتی‌یەکەوە بە دووربینەکەی سەرگەرمی تەماشا بوو،و سەعات بە سەعاتیش باوکم یەکێک لە ئاجودانەکانی خۆی دەنارد تا لە چەندوچۆنی بەرەوپێشچوونی هێزەکانمان ئاگاداری بکا. کاتێک قەڵای کانگێستێن کەوتە بەردەستی هێزەکانی ئێمە، باوکم لەسەر بانی کەشتی‌یەکە لە پەنا من ڕاوەستابوو. مارشاڵ فێن ئێسنو ئاڵدرکرووتزیش دەگەڵ ئەو هێزانە بوون کە بەرەوپێش دەچوون. سەرەنجام ئەمن کە لە ئاوربارانی تۆپخانەی خۆمانو دەسرێژی پەیتاپەیتای تفەنگەکان جاڕز ببووم دەستی بابمم گرتو گوتم: "بۆخاتری خوا ئەفسەرێک بنێرنە لایانو ڕەزامەندی دەگەڵ سەربەخۆیی وان ڕابگەیەننو لەوە زیاتر مەیاندەنە بەر تۆپەکانتان".

باوکم بزەیەکی هاتێو گوتی: "دیارە کە نایاندەینە بەر گوللە تۆپەکانمان ئۆسکار. ئێمە تەنیا گوللەی مەشقو ڕاهێنان بەکار دەبەین نەک گوللەی شەڕو ئەوە گوللەی مەشقین کە تۆیان جاڕز کردوە. باوکم دەسبەجێ دەستی لەسەر لێوانی دانا چاوێکی لە پادشای پیرو شاژن کرد کە بە دووربینەکانیان بەوردی سەیری مەیدانی شەڕیان دەکرد. ئەمن لەبن لێوانەوە گوتم: "کەوایە ئەمە شەڕێکی ڕاستەقینە نیە". نا، ئۆسکار ئەمە تەنیا گەشتوگوزارە. دوایە لە باوکمم پرسی ئەگەر وایە بۆچی هێزە نۆڕویژی‌یەکان پاشەکشە دەکەن؟

چونکە ئەفسەرەکانیان حیسابی مەودای تۆپەکانمان دەکەنو دەزانن کە ئەمن لەم شەڕەدا سەر دەکەوم. جگەلەوەش، نۆڕویژی‌یەکان نیازیان نیە بەرگری لەم قەڵایە بکەنو هێڵی ڕاستەقینەی بەرگریی وان لە ڕۆژئاوای گلوومەنەوە دەست پێدەکا. لەوکاتەشدا تۆپە سوێدی‌یەکان لە تەقە وەستانو بێدەنگی‌یەکی کوشەندە هەموو جێیەکی داگرت. نۆڕویژی‌یەکان خەریکی چۆڵکردنی قەڵای کانگێستێن بوونو لەوکاتەدا بوو کە باوکم داوای کرد دووربینێکی وێبدەن. لێمپرسی ئەگەر نۆڕویژی‌یەکان بکشێنەوە بۆ چیاکان چدەبێ؟ ئەتۆ دەتوانی وەدوایان کەوی بۆ نێو بەفرگرەکان باوکە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەتمەن دەتوانم. لە هەموو کۆلیژەکانی شەڕ لە دنیادا چۆنیەتیی تێپەڕینی ژەنراڵ بێرنادۆتو هێزەکانی لە ئالپ بەدەرس دەڵێنەوە کورِم. جارێکی دیکە هەستم کرد لە ڕوخساری باوکمدا شوێنەواری ماندوویی دەرکەوتو لێی زیاد کرد: 'ئەوکات ئەمن بەرگریم لە کۆمارێکی ساوا دەکردو ئەمڕۆ... ئەمڕۆ ولاتێکی چووکەڵەی خوازیاری ئازادیم لەبەر دەمە کە خوازیاری سەربەخۆیی خۆیەتی. بەڵێ ئۆسکار، کاتێک مرۆڤ پیر دەبێ پتر بیر لە زیندوومانەوەی خۆی دەکاتەوە".

تەواوی ئەو شەڕە چاردە ڕۆژ پتری نەخایاندو دوای ئەوە، نۆڕویژی‌یەکان داوای وازهێنان لە شەڕ "ترک مخاصمە"یان کرد. ئەنجومەنی نوێنەرانی نۆڕویژ ڕۆژی دەی نۆڤامبر (ئەمڕۆ) کۆبوونەوە دەکاو داوا لە باوکم کراوە بۆخۆی لە کریستانیا ئامادە بێو لەبارەی یەکیەتیی سوێدو نۆڕویژەوە وتوویژ بکا. ئێمە هەموومان گەڕاینەوە ستۆکهۆڵمو باوکم داوای لە پادشای پیر کرد بە کالیسکەی سەرئاوەڵا بە شەقامەکاندا تێپەڕێ. خەڵک هاواری شادمانی‌یان دەکردو فرمێسک بە ڕوخساری پادشای پیردا دەهاتنە خوار. جگە لە نۆڕویژی‌یەکان تەنیا تۆپچی‌یەکانی خۆمان دەیانزانی شەڕیان بە گوللەی مەشقی کردوە.

چوار ڕۆژ دواتر ئەمنو باوکم سەفەری نۆڕویژمان کرد. دیارە کۆنت بەراهەو ئاندر کوورتزو فێن ئێسنیش لەگەڵ باوکم هاتبوون. ئەمن ناچار بووم لە تەنیشت سێدرستروومەوە ئەسپ لێخوڕم. ئێمە شەوانمان لە خێوەتو چادردا دەبردە سەر. چونکە باوکم باوەڕی وا بوو نابێ دێهاتی‌یەکان تووشی زەحمەت بکەین. دیارە سەرمایەکە وا بوو کە نەماندەتوانی بخەوین. سەرەنجام گەیشتینە شاری چکۆڵەی فرێدریکشاڵدو لەماڵی شارەدار نیشتەجێ بووینو باوکم ئیزنی دا ئێمە لەنێو نوێندا بخەوین... هەموو ڕۆژێ چەند سەعات لە دەوروبەری فرێدریکشاڵد ئەسپسواریمان دەکرد چونکە باوکم دەیەویست ئەو سەرزەمینە باش بناسێ. دێهاتی‌یەکان تێمانەوە ڕادەمان بەڵام ڕووی خۆشیان پێ‌نیشان نەدەدان.

دایە گیان دەگەڵ نامەکە ئاوازێکی چووکەڵەم بۆ ناردووی کە ناوم ناوە ئاوازی باران. دیارە ئەوم لەو ئەسپسواری‌یە دوورودرێژانەدا ساز کردوە. هیوادارم زۆرت پێ غەمگینانە نەبێ.

ئێمە لەو ئەسپسواری‌یانەدا گەیشتینە دیوارە خاکی‌یەکانی قەڵای فرێدریکیش، ئەو جێیە کە جارێک نۆڕویژی‌یەکان لەوێ بەگژ شارڵی دوازدەیەم پادشای سوێددا چووبوونەوە. ئەو دەیەویست سوێدێ بکاتە ولاتێکی بەدەسەڵاتو ڕووسیە بگرێ. بەڵام زۆر لە سەربازەکانی لە سەرمای ڕووسیەدا لەنێو چوون. شارڵی دوازدەیەم لەوێڕا چووە تورکیە تا لەوێڕا پەلاماری ڕووسیە بدا. سەرەنجام ڕۆژێک هات کە سوێدی‌یەکان نەیانتوانی خەرجی شەڕەکە دابین بکەنو لەوکاتەدا بوو کە ئەو کەوتە سەر فکری گرتنی نۆڕویژ، بەڵام لەکاتی گەمارۆی فرێدیکشاڵددا شارڵی دوازدەیەم بەگوللەیەک کوژرا. لەکاتی سواری لەبەر بارانو لە هەوای تەمومژدا لەنەکاو تووشی خاچێکی گەورەی دارین



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووین کە لێی نووسرابوو: " شارڵی دوازدەیەم لێرە کوژرا". هەموو دابەزینو باوکم منی لەپەنای خۆی ڕاگرتو گوتی: ئۆسکار! ئێرە شەڕکەرێکی گەورەی لێکوژراوە. بەڵێنم پێبدە کە هەرگیز بۆخۆت لەشکرییەکانت نەبەیە شەڕ. بەڵام باوکە ئەتۆ بۆخۆت ئەو کارەت کردووە فەرماندەری بەرزی سوپای سویدی. ئاخر لەبیرت نەچێ کوڕم کە ئەمن کاری خۆم بە گرۆبانی دەست پێکردوە، نەک وەکوو تۆ بەناوی وەلیعاد. فڕاسو ئاندر کرووتز خەریکی دوعاکردن بوون بەڵام باوکم ڕەگەڵیان نەدەکەوتو لە بەرامبەردا چاوی لەمن وەرنەدەگێڕا. (دیارە باوکم هیچوەخت دوعا ناکا). کاتێک مارشاڵەکان بە دوای دوعاکەیاندا گوتیان ئامین، باوکم خێرا ڕووی وەرگێڕاو گەڕایەوەو ئێمە سواری ئەسپەکانمان بووینەوە.

ئەمجار باوکم ڕووی کردە مارشاڵەکانو گوتی: پێم وایە پادشا قارەمانەکەی ئێوە بەگوللەی یەکێک لە سەربازەکانی خۆی کوژراوە. ئەمن هەموو ئەو بەڵگانەم خوێندەوە کە لەو بارەیەوە هەبوونو سەرەنجام بەو ئاکامە گەیشتم. بوونی ئەو پیاوە بۆ سەرزەمینەکەتان شووم بووە بەڕێزانو باشترە لەبیر خۆتانی بەرنەوە. ئەمن تکاتان لێدەکەم لەبیری بەرنەوە.

مارشاڵەکان هەر ئەوەندەیان گوت کە پایەبەرز بیروباوەڕەکان جیاوازن. دایە لەبیرت بێ کە لەبارەی شارڵی دوازدەیەمەوە هەمیشە دەبێ بەپارێزەوە بدوێی. ئاخرەکەی دوێشەوێ بە کالیسکەیەکی بەشکۆ کە لە ستۆکهۆڵمەوە هێنابوویان چووینە کریستانیا. پێم وایە باوکم چاوەڕوان بوو خەڵک پێشوازییەکی بەرچاوی لێبکەن؛ هاواری شادمانیو چراخانکردنی وڵات. بەڵام شەقامەکان تاریکو چۆڵ بوون. لەنەکاو لەنێو تاریکاییدا گرمەی تۆپەکان بەرز بۆوەو باوکم داچڵەکی. بەڵام ئەوە تەنیا سڵاوو بەخێرهێنان بوو.

کالیسکە لەپێش کۆشکی فەرمانڕەوای پێشووی دانمارک ڕاوەستا. گاردی ڕێزلێنان پێشتفەنگیان کردو باوکم لە دیتنی یۆنیفۆڕمی ناڕێکی سەربازەکان سەرسوڕماو دیار بوو. باوکم بەوردی چاوی لە کۆشکەکە کرد. ئەوێ پتر لەوەی کۆشک بێ، ماڵێکی ئاسایی بوو. یەک نهۆمو زۆریش سادە. ئەو سەریی ڕاوەشاندو بەهەنگاوی درێژ چووە ژووری گەورەی ئەو ماڵەو ئەمنیش بەدوایدا چووم. مارشاڵەکانو ئاجودانەکان بۆ ئەوەی بگەنەوە ئێمە غاریان داو لەبەرچاوم دیمەنێکی جێی پێکەنینی هەبوو.

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی نۆڕوێژو ئەندامانی حکوومەت چاوەڕێمان بوون. ئاگرێکی زۆر گەورە شۆقە سوورو لەرزۆکەکەی دەخستە سەر ئەو کۆمەڵە نێوچاوانتێکناوە. باوکم شنێلە مەخمەرە تەشریفاتییەکەی دەبەردا بوو، و کڵاوێکیشی لەسەر بوو کە پەڕی وشترمرغی لێدرابوو.

سەرۆکی ستوورتینگ کە ناوی کریستی بوو بە فەڕانسەییەکی زۆر ڕەوان بەخێراتنی باوکمی کرد. باوکیشم بزە دڵگرەکەی هێنایە سەر لێوانو دەستی ئەوانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوشیو سڵاوی خاوەنشکۆ پادشای سوێدو نۆڕوێژی پێڕاگەیاندن. ئەوان بەزەحمەت هەوڵیان دەدا بەسەر پێکەنینی خۆیاندا زاڵ بن.

ئەمن دڵنیام کە نۆڕوێژییەکان خەڵکێکی زیرەکن. ئەوان دەیانزانی کە ئەم کارە هیچ پێوەندیی بە پیرەپیاوەکەی دانیشتووی ستۆکهۆڵمەوە نیەو ئەوە هەمووی باوکم سازی کردوە. ئەمجار باوکم وتارێکی باڵابەرزی خوێندەوە. بەڕێزان قانوونە تازەکانی نۆڕوێژ لەسەر بناخەی ڕێوشوێنەکانی مافی مرۆڤ دانراون؛ هەر ئەو ڕێوشوێنانە کە ئەمن بە پازدەساڵی لە فەڕانسە بۆیان جەنگاوم. ئەم یەکیەتییە بایەخێکی زۆر پتر لە یەکەیەکی جوگڕافیایی هەیەو ئاواتی دڵی منە.

بەڵام ئەم قسانە کاریان لە نۆڕوێژییەکان نەکرد. ئەوان هەرگیز ئێمەو گوللە تۆپە مەشقییەکانو ئاوربازییەکانی ئێمەیان لەبیر ناچێ.

ئەمن دەگەڵ باوکم چوومە ژووری خەوەکەی؛ جێیەک کە ئەو، هەموو نیشانەکانو جلە ڕەسمییەکانی داکەندنو فڕێی دانە سەر مێزو گوتی: "دوێنێ جێژنی لەدایکبوونی دایکت بوو، هیوادارم نامەکانی ئێمەی بەوەخت پێگەیشتبن". پاشان پەردەکانی ژووری خەوی دادانەوە.

دایکی خۆشەویستم، زۆرم پەرۆشی باوکمە، چونکە نەفەرێک ناتوانێ هەم وەلیعادی پادشا بێو هەم کۆمارخواز. تکایە نامەیەکی درێژی بۆ بنووسە؛ نامەیەکی پڕ لە خۆشەویستی. ئێمە کۆتایی مانگ لە ستۆکهۆڵم دەبین. ئیدی چاوم پڕبوون لە خەوو تەتەرەکەش چاوەڕێیە. چاوت ماچ دەکەم.

کوڕت ئۆسکار

تکایە ئەگەر توانیت سەمفۆنیی حەوتەمی هێرفێن بێتهۆڤێن لەپاریس پەیدا بکەی حەتمەن بۆم بنێرە.

***

تەتەرەکە نامەیەکی کۆنت بەراهەشی بۆ ڕووزەن هێناوەو ئەو نووسیویەتی لەمەودوا لە بۆنە تایبەتەکاندا ئاڵای نۆڕوێژیش لە پەنا ئاڵای سوێد لەسەر دەرگای شازادە خانم هەڵبکەن. ڕووزەن دوای خوێندنەوەی نامەکە بە تامەزرۆیی گوتی:

–دەبێ نیشانی پادشایەتیی نۆڕوێژیش لە کالیسکەکەی جەنابت بدەین. حەزرەتی وەلیعاد حەتمەن لەشاڕلی دوازدەیەمیش گەورەترە.

ئەمن داوای نەخشەیەکم لێکرد بەڵکوو بتوانم دووەمین سەرزەمینیش کە هاوسەری وەلیعادەکەیم لە ڕووی نەخشەوە بدۆزمەوە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥٤

## پاریس، کۆتایی پاییزی ١٨١٤

پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆش وەک هەموو دوانیوەڕۆیەکانی دیکە دەستی پێکرد. بە کۆمەگی ماریووسی برازام داخوازێکم بۆ لوویی هەژدەیەم نووسی بۆ ئەوەی ڕەزامەندی بدا مانەوەی ژوولی لە فەڕانسە وەک میوانی من درێژ بکرێتەوە. ژوولییش لە سالۆنی گچکە خەریک بوو نامەیەکی درێژی بۆ ژۆزێف دەنووسی کە بینێرێتە سویس. ڕاست لەوکاتەدا کۆنت ڕووزەن هاتە ژووریو خەبەری هاتنی میوانێکی تازەی بەمن دا؛ دووکی ئووتڕانتۆ یان بەڕێز فووشێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕاستی نەمدەتوانی ڕەفتارو کەسایەتیی ئەو پیاوە تێبگەم. ڕۆژانی شۆڕشو ئەو کاتەی ئەنجومەنی نیشتمانی دەیەویست لەبارەی چارەنووسی هاونیشتمان لوویی کاپە [لوویی شازدەیەم]ەوە بڕیار بدا، نوێنەری خەڵک، فووشێ لەو بارەیەوە بە دەنگی بەرز قسەی کردو هاواری کرد کە "دەبێ ئیعدام بکرێ". ئێستاش عەرزو عاسمان لێکدەدوورێ بۆ ئەوەی بە تامەزرۆیی برای ئەوکەسە ئیعدامکراوە وەریبگرێو کارێکی بەرچاویشی پێبسپێرێ. ئاخرەکەی بەناچاری وەڵامم دایەوە:

–لێیگەڕێن با بێتە ژوور.

ژۆزێف فووشێ پەرێشان دیار بوو. پێستی وشکی ڕوخساری بە پەڵەپەڵەی سوور داپۆشرابوو. گوتم چای بۆ بێنن و ئەو لەسەرەخۆ دەستی کرد بە تێکوەردانی فنجانەکەیو گوتی:

–هیوادارم پایەبەرزم جاڕز نەکردبێو پێشی ئەنجامدانی کارە گرنگترەکانم لێنەگرتبێ.

ژوولی گوتی:

–خوشکم خەریک بوو نامەیەکی لەبارەی منەوە بۆ خاوەنشکۆ دەنووسی.

–کام خاوەنشکۆ؟

ئەم پرسیارە وەک گەمژانەترین پرسیار دەهاتە بەرچاو. ژوولییش بە قینهەستاوی گوتی:

–دیارە بۆ لوویی هەژدەیەم پادشای فەڕانسە. ئەوەندەی بزانم فەڕانسە خاوەنشکۆیەکی دیکەی لێنیە.

فووشێ قومێکی لە چایەکەی خواردەوەو چاوێکی لە ژوولی کردو گوتی:

–ئەمڕۆ بەیانی دەمتوانی لە جێگەوپێگەیەک بم کە بتوانم پشتیوانی لە داخوازەکەت بکەم، خانم. خاوەنشکۆ پێشنیاری کارێکی هەستیاری پێکردم؛ وەزارەتی پۆلیس.

بەخۆم نەبوو گوتم:

–شتی وا نابێ.

ژوولی کە لە سەرسوڕمان چاوی پێدەرپەڕیبوون گوتی:

–ئەی دوایە؟

–ئەمنیش ئەو پێشنیارەم قبووڵ نەکرد.

مارییووس گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەگەر پادشا کاری وەزارەتی پۆلیسی بەتۆ پێشنیار کردوە، حەتمەن لەبەر ئەوەیە هەست بە نەبوونی ئەمنیەت دەکا. لەحاڵێکدا هەستێکی وا لەجێی خۆیدا نیە.

فووشێ بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

-بۆچی نا؟

-ئەو لیستێکی تەواو لە دژبەرانی هەیە، نەکهەر لایەنگرانی کۆمار بەڵکوو تەنانەت کەسانی دەوروبەری ئیمپەڕاتۆریش. ئەو بە لەدەستدابوونی ئەم لیستە توانای تەواوی هەیەو دەشڵێ ناوی تۆ لە پێشەوەی ئەم لیستەیە جەنابی دووک!

-پادشا لە ئامادەو تەواوکردنی ئەم لیستە پەژیوان بۆوە.

فووشێ لەحاڵێکدا فنجانە چایەکەی لەسەر مێزە چکۆڵەکە دادەنا لێیزیاد کرد:

-لەم هەلومەرجەدا ئەمنیش لە جێگای وی بایەم، هەستم بە نەبوونی ئەمنیەت دەکرد. جگە لەمانەش "ئەو" لە پێشڕەویدایە.

پرسیم: بڵێ بزانم باسی کێ دەکەی؟

-باشە دیارە باسی ئیمپەڕاتۆر دەکەم.

هەستم کرد ژوورەکە بەدەوری سەرمدا دەسووڕێو سێبەرەکان لەپێش چاوم هەڵدەپەڕن. خەریک بوو لەهۆش دەچووم. لەمێژ بوو ئەوەم بەسەر نەهاتبوو. ڕاست لەو کاتەوە کە چاوەڕوانی لەدایکبوونی ئۆسکار بووم...

دەتگوت دەنگی فووشێ لە دوورەوە دەبیسم کە دەیگوت:

-یازدە ڕۆژ لەمەوبەر، ئیمپەڕاتۆر بە هێزەکانی خۆیەوە لە ئەلبا وەڕێ کەوتوەو دوای بەجێهێشتنی وێ بۆ یەکەمجار لە کەنداوی ژووان دابەزیوە.

ماریووس گوتی:

-جێی باوەڕ نیە. ئەو تەنیا چوارسەد کەسی بەدەستەوەیە.

فووشێ وەڵامی دایەوە:

-ڕەگەڵی دەکەون. ئێستێ خەڵک دەستەدەستە شنێلەکەی ماچ دەکەنو دەگەڵ وی بەڕێوەن بۆ گرتنەوەی پاریس.

کۆنت ڕووزەن بە فەڕانسەییە شەقوشڕەکەی گوتی:

-وڵاتانی دەرەوە چی کۆنت؟ ئەوان چدژکردەوەیەکیان لەخۆیان نیشان داوە؟

لەم کاتەدا ژوولی ڕووی کردە منو پرسی:

-دێزیرە! وەزعت باش نیە؟ بۆ ڕەنگت پەڕیوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فووشێ داوای لەوان کرد خێرا پەرداخێک ئاوم بدەنێ. ئەوان پەرداخەکەیان خستە سەر لێوانمو ئەمن قومێکم لێخواردەوە. سەرگێژەکە بەری دامو جارێکی دیکە دیمەنە لێڵو ناڕوونەکان وەک خۆیان لێهاتەوە. ماریووسی برازام بە ڕوخسارێکی سووورداگیرساوەوە گوتی:

–هەموو سوپایی‌یەکان پشتیوانیی لێدەکەن. هیچکەس ناتوانێ مووچەی ئەو سوپایی‌یانە کە مایەی سەربەرزیی ئەم گەلە بوون بەجارێک بێنێتە سەر نیوە. ئێمە جارێکی دیکە بەرەوپێش دەچین...بەڵێ، بەرەوپێش دەچین.

مارسیلین کە هێشتا هاوسەرەکەی لە مەیدانی شەڕ نەگەڕاوەتەوەو کەس نازانێ سەری لە کوێ گەرمە بە ڕاوێژێکی وشک گوتی:

–بەرامبەر بە هەموو ئورووپا؟

لەم کاتەدا چاوم بە یەکێک لە خزمەتکارەکان کەوت کە وا دیار بوو دەیەویست قسەیەک بکا بەڵام پێی باشتر بوو گوێ لە قسەکانی ئێمە ڕابگرێ، وەختێک ڕووم تێکرد، دەرفەتێکی بەدەست هێناو گوتی:

–میوانێکی تازەت هەیە شازادە خانم، هاوسەری مارشاڵ "نێ".

خانمی نێ ژنێکی بەخۆوەیەو وەک بەڵای ئاسمانی سواری سەری بنیادەم دەبێ. لەمکاتەدا خانمی نێ وەک گەردەلوولێکی هەڵچوو گەیشتە جێو منی توند بەسنگی خۆیەوە گوشیو گوتی:

–باشە، بۆچوونی تۆ لەوبارەیەوە چیە خانم؟

لەحاڵێکدا مستی لە مێزەکە ڕادەکێشا درێژەی پێدا:

–بەڵام ئەو حەقی خۆی دەمستێ دەنێو پێی نیشان دەدا!

–خانم تکایە دانیشەو بڵێ بزانم کێ چشتێک بە کێ نیشان دەدا؟

–هاوسەرەکەم بە ئیمپەڕاتۆر نیشان دەدا.

ئەو هەروا بەدەم گوڕاندنەوە لەسەر نزیکترین کورسی دانیشتو لێی زیاد کرد:

–فەرمانی پێدراوە لە بیزانسیۆن هێرش بکاتە سەر ئیمپەڕاتۆرو بە دیلی بگرێ بەڵام ئەتۆ دەزانی نێ پیرەی من چوەڵامێکی داوەتەوە؟ ئەو گوتوویە ئیمپەڕاتۆری وەک کەڵەکێوی دەخاتە داوو دە قەوەزی دەکاو بە دەوراندەوری وڵاتیدا دەسووڕێنێتەوە.

لەم کاتەدا فووشێ گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ببووره خانم. ئەمن باش تێنەگەیشتم مارشاڵ نێ بۆچی وا ڕقی لە فەرماندەری پێشوو و ئیمپەڕاتۆری خۆی هەستاوە؟

خانمی نێ تا ئەو کاتە نەیزانیبوو فووشی لەوێیەو بە دیتنی بەتوندی نارەحەت بوو،و ڕاچەنی.

–کەوایە ئەتۆش لێرەی! ئەمن دەتوانم بپرسم ئەتۆ لێرە چدەکەی؟ داخوا ئێستاش لە دەربار ڕقیان لێتە؟ ئایا ئێستاش لەنێو ملکەکانی خۆت پشوو دەدەی؟

فووشێ بزەیەکی هاتێو شانی هەڵتەکاند. خانمی نێ پتر لە پێشوو نارەحەت بوو، سەری لێشێواو بە حاڵەتێکی نائاسایی پرسی:

–داخوا ئەتۆ هەر بەڕاست پێت وایە ئیمپەڕاتۆر سەر دەکەوێ؟

ماریووس بە لێبڕاوی وەڵامی دایەوە:

–بەڵێ، بەڵێ خانم، ئەو سەر دەکەوێ.

ژوولی لەجێی خۆی هەستاو گوتی:

–دەبێ چی زوویە ئەم هەواڵە بۆ هاوسەرەکەم بنووسم، بێگومان زۆر خۆشحاڵ دەبێ.

فووشێ جارێکی دیکە شانی هەڵتەکاندو بە ئارامی گوتی:

–ئەزیەت مەکێشە خانم. پۆلیسی نهێنیی پادشا، دەسبەجێ نامەکەی تۆ ڕادەگرێ. جگەلەوەش، ئەمن دڵنیام کە ئیمپەڕاتۆر زۆر لەمەوبەر پێوەندیی دەگەڵ مێردەکەت هەبووەو بێگومان هەر لە دوڕگەی ئالباوە برایەکانی لە نەخشەکانی خۆی ئاگادار کردۆتەوە.

خانمی نێ جارێکی دیکە نەڕاندی:

–باوەڕ مەکەن نەخشەیەکی ورد لەگۆڕێدا هەبێ، چونکە ئەگەر وا بێ دەبێ مێردەکەم ئاگادار بێ.

جارێکی دیکە ماریووس بە دەنگێکی ڕەوان گوتی:

–هەموو سوپا لەوەی مووچەی ئەفسەرانو سوپاییەکانی دیکەیان کردۆتە نیوەیی‌و یارمەتیی سەربازە دێرینەکانیشیان لەڕادە بەدەر کەم کردۆتەوە، نارازین‌و گومانی تێدا نیە کە مارشاڵ "نێ"ش لەو بەسەرهاتە ئاگادار بووە.

فووشێ لەسەری ڕۆیشت:

–بەڵام یارمەتیی ئیمپەڕاتۆر لە ئالبا کەم نەکراوەتەوە.

بۆ چەند چاوترووکانێک هەموو بێدەنگ بوون. ئەمجار خانمی نێ بەجۆرێک ئاوڕی دایەوە سەر من، کە کورسییەکە لەبن پێیدا کەوتە قرچەقرچ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خانم، ئەتۆ وەک هاوسەری مارشاڵێک قبووڵتە کە حەقمە یان...

–ئەتۆ لەهەڵەدای خانم. ئەمن زۆر لەمێژە ژنە مارشاڵ نیم بەڵکوو هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێدو نۆڕوێژم. تکایە لێم ببوورە چونکە زۆرم سەر دێشێ.

بەڕاستییش سەرم دێشا، ژانەسەرێکم گرتبوو کە پێش ئەوە قەت وەبیرم نەدەهات تووشم بووبێ؛ خۆم هاویشتە سەر جێیەکەم چونکە حەوسەلەم نەبوو قسە دەگەڵ کەس بکەم؛ تەنانەت حەوسەلەی خۆشمم نەبوو... مرۆڤ دەتوانێ خۆی لە بنەماڵەی خۆی بشارێتەوە، دەتوانێ لەبەر خزمەتکارەکانی هەڵێ، بەڵام هیچکەسو لە هیچ هەلومەرجێکدا ناتوانێ لە دەست ئوورتانس ڕابکا. ڕاست سەعات هەشتی شەو بوو کە ماری هاتو خەبەری دا:

–شاژنی پێشووی هولەندو دووشێسی سەنلووی ئێستا دەیەوێ جەنابت ببینێ.

سەرتەختەکەم بەسەر خۆم هەڵکێشا. پێنج دەقیقە دواتر مارسلین لەبەر دەرگای ژوورەکە ڕاوەستابوو، گوتی:

–پوورێ، دەبێ ئەتۆ بیبینی، چونکە ئوورتانس لە ساڵۆنی گچکە دانیشتوەو دەڵێ تەنانەت ئەگەر پێویست بێ هەتا بەیانی لەوێ دادەنیشێ هەتا دەتبینێ. ئەو دوو کوڕەکەی خۆشی دەگەڵ خۆی هێناون.

بەڵام دیسان لەجێی خۆم نەبزووتم. دە دەقیقە دواتر ژوولی داهاتەوە سەر جێیەکەمو بانگی کردم:

–دێزیرە! هێندە بێبەزەیی مەبە. ئوورتانسی بەستەزمان دەپاڕێتەوە کە وەریبگری.

سەرەنجام خۆم دایە دەست قەزاوقەدەرو گوتم:

–باشە با بێ هەر بێتە ئێرە. بەڵام تەنیا دەقیقەیەک، نەک زیاتر.

ئوورتانس پێش خۆی دوو کوڕەکەی وەژوورێ نان.

–خۆ لە پاراستنی منداڵەکانی من مەبوێرە. هەتا ئەم بارودۆخە بەسەر دەچێ لەلای خۆتیان ڕاگرە.

ئوورتانس لەو یەکساڵەی دواییدا زۆر کز بووەو جلکی ماتەمبارییش ڕەنگپەڕیوتر لەوە کە هەیە نیشانی دەدا. قژەکانی بەتوندی ئاڵۆزو پەرێشانن.

–هیچ مەترسییەک هەڕەشە لە منداڵەکانت ناکا.

–بۆچی، ئەوان مەترسییان لەسەرە، هەر کات ڕێی تێدەچێ پادشا بیانگرێو لە بەرامبەر ئیمپەراتۆردا وەک بارمتە کەلکیان لێوەرگرێ. کوڕەکەم ئێستاش میراتگری تاجوتەختی بنەماڵەی بوناپارتە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–میراتگری ئەم بنەماڵەیە وەک باوکی ناوی ناپلیۆنەو ئێستاش لە ڤییەن دەژی.

–ئەدی ئەگەر ئەو منداڵە تووشی ڕووداوێک بێ چی؟ هەتا کاتێک ئەو لە ڤییەن زیندانییە...

–چڕووداوێک خانم؟

ئوورتانس چاوێکی لێواولێو لە خۆشەویستیی لە دوو کوڕە لاوازەکەی کرد. بزەیەکی هاتە سەر لێوان کە دەکرێ بڵێم شێتیی تێدا دەبینراو ئەو قژانەی لادان کە کەوتبوونە سەر نێوچاوانی کوڕە بچکۆڵەکەی.

–پادشا هەرگیز ناوێرێ کوڕەکانی من لە ماڵێ هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد بگرێ. تکا دەکەم جەنابت...

–زۆر باشە، منداڵەکان دەتوانن لێرە بمێننەوە.

–ناپلیۆن لوویی، شارل لوویی دەستی پوورە میهرەبانەکەتان ماچ بکەن.

بە خێرایی جارێکی دیکە سەرتەختەکەم بەسەر خۆم هەڵکێشا. بەڵام وا دیار بوو ئەو شەوە نەدەبوو ئەمن بەشم لە خەوو ئیسڕاحەتدا هەبێ. تازە چاوم گەرم کردبوون کە شۆقی مۆمێکو دەنگێکی وەک خشەخش لە خەوی هەستاندم. کەسێک خەریکی پشکنینی چەکمەجەکانی مێزی من بوو. هەستام لەسەر تەختەکەم دانیشتم.

–ژوولی لەچی دەگەڕێی؟

–لە تاجەکەم دەگەڕێم دێزیرە! ئەتۆ نازانی تاجە چکۆڵەکەم چیی بەسەر هاتوە؟ ئەوەی جارێکیان لە دیوەکەی تۆم بەجێ هێشتبوو.

–بەڵێ. ماوەیەک لەم دەوروبەرانە بوو، سەرەنجام دە چەکمەجەکەی خوارەوەی مێزەکەمم هاویشت. لەبن هێندێک جلکی خوریی گەرم کە لە سوێدەوە هێنابوومن. بەڵام بەم نیوەشەوە تاجت بۆچیە ژوولی؟

–دەمەوێ تاقیی بکەمەوە. لەوانەشە بتوانم خاوێنی بکەمەوە بۆئەوەی بدرەوشێتەوە.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٥٥

### پاریس، بیستی مارسی ١٨١٥

شەوی ڕابردوو لوویی هەژدەیەم بە دەرگای پشتەوەی تویلریدا هەڵاتو ئێستا بووربوونەکان جارێکی دیکە ڕێگای دوورخرانەوەیان گرتۆتە بەر. بۆتە دەنگۆ کە ئەوان لە ژان ڕادەوەستنو بەمجۆرە دەبێ پیرەپیاوەکە زۆر ماندوو بووبێ... ئەمڕۆ بەیانی ژەنراڵ ئێگزێلماس فەرمانی داوە تویلری کە بووربوونەکان بەجێیان هێشتوە، بگیرێو ئێستا ئاڵای سێڕەنگ لەسەر تویلری دەشەکێتەوە. لە شەقامەکان بەیاننامەی ناپلیۆن لەنێو خەڵکدا بڵاو دەکرێتەوە، شریتی سێڕەنگی شینو سپیو سوور لەسەر سنگی هەموو کەس دەبینرێو دەڵێی هیچکەسو هیچکاتێک شریتی سپیی لەسەر سنگ نەبووە.

لە تویلری هەموو خزمەتکارو پاککەرەوەکان، کە قەتیش ناگۆڕێن، جارێکی دیکە سەرگەرمی کارن. پەردە تازەهەڵواسراوەکان دێننە خوارێو دووبارە پەردە سەوزە توندەکانی جاران لەجێی خۆیان هەڵداوەسن. ئوورتانس بەرپرسی ئەو کارەیەو تەواوی هەڵۆ زێڕینەکانی لە ژێرزەمینان هێناونە دەرێو بۆخۆی خەریکە تۆزیان لێدەتەکێنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماڵەکەی منیش بۆ نەگبەتی زۆر شێواوە. تەتەرێک لەلایەن ئیمپەڕاتۆرەوە خەبەری بۆ ژوولی هێناوە کە ئیمپەڕاتۆر سەعات نۆی شەو دەگاتەوە تویلری. باشە... کەوایە ژوولی جارێکی دیکە بە جلکی پەمەیی‌و تاجی شازادە خانمەکانەوە (کە وێدەچێ خواروخێچ‌و نارێکیش بێ) لەوێ ئامادە دەبێ. ئەو بەجۆرێک شێواوو سەرسوڕماوە کە ناتوانێ قژی کچەکانیشی ڕێکوپێک بکاو لەوحاڵەشدا دەڵێ:

–ئەندامانی دیکەی بنەماڵە هێشتا بەڕێوەن. تەنیا ئەمن‌و ئوورتانس دەبێ پێشوازیی لێبکەین... دێزیرە ئەمن لێی‌دەترسم. زۆر دەترسم.

–قسەی لابەلا مەکە ژوولی. ئەو هەر بوناپارتەکەی مارسەی‌و شووبرایەکەی تۆیە. چشتێکی سامناک لەونێوەدا هەیە؟

–داخوا ئەو هەر پیاوەکەی پێشوویە؟ ئەدی ئەو پێشڕەوی‌یە سەرکەوتووانەیە لە ئالباوە تا کەنداوی ژانۆ لە کەنداوی ژانەوە تا گڕۆنۆبلو پاریس، ئەو هەنگە سوپایانەی چۆکی بۆ دادەدەن‌و مارشاڵ نێ...

–بەڵێ، یاغیی گەورە مارشاڵ "نێ"ش ئالأبەدەست ڕەگەڵ ناپلیۆن کەوتوە. سوپاش هیوادارە جارێکی دیکە هەموو شتێک وەک پێشووی لێبێتەوە؛ پاداشەکانی زەمانی شەڕو پلەبەرزکردنەوەو دارتەعلیمی مارشاڵی‌و کارە حکوومەتی‌یەکان‌و بەخشیشە شایانەکان‌و... ژوولی سوپایی‌یەکان خۆشحاڵن بەڵام خەڵکی دیکە بێدەنگن.

ئەو بێئەوەی مەبەستەکەم تێبگا تێمەوە ڕامابوو. پاشان ئەو جووتەگوارەیەی لێخواستمەوە کە شاژنی سوێد دابوومیەو وەدەر کەوت. هیوادار بووم ژۆزێف خشڵو جەواهێرەکەی وێبداتەوە...

لەوکاتەدا ماری وانی خۆشوتنی منی کە لە دەستشۆریی ژوورەکەم بوو پڕ کردبوو خەریکی شوتنی دوو کوڕیژگەکەی بوناپارت بوو. چونکە ئەوانیش دەبوو دەگەڵ ژوولی بچنە تویلری‌و ئەمنیش بەناچار لەسەر تکای ئوورتانس دەبوو قژە لووسەکانیان بۆ لوول بدەم. لوویی ناپلیۆن لەنەکاو لێی پرسیم:

–پووری گیان! پێت وایە ئەو دێتەوە؟

–دیارە. ئیمپەڕاتۆر لەنزیک پاریسە.

–مەبەستم کوڕەکەیەتی. پادشا چکۆلەی ڕۆم.

لوویی ناپلیۆن کاتێک ئەم قسەیەی دەکرد هەوڵی دەدا نیگاکانمان تێک هەڵنەنگوون. بێئەوەی وەڵامێکی بدەمەوە، بە بێدەنگی دوا لسپی قژەکانی ناپلیۆنیشم لوول دان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەتلێک لە شەوێ ڕابردبووە

سەعات هەشتی ئەمشەو کالیسکەیەکی دەوڵەتی لە یەخترمەخانەی تویلری‌یەوە بەدوای ژوولی‌و منداڵەکانی‌دا هات. کالیسکەکە هێشتا نیشانەی بنەماڵەی بووربوونی پێوەیە. ماڵ تەواو بێدەنگەو ئەمن بێ‌ئارام لەمژوور بۆ ئەوژوور لە هاتوچۆدام. کۆنت ڕووزەن کە پاڵی بە پەنجەرەیەکی کراوەوە دابوو گوتی:

-زۆرم پێ‌خۆش بوو لەوێ بام.

لە کوێ؟

-ڕووبەڕووی تویلری. حەزم دەکرد گەڕانەوەکەی ببینم.

-دەستێک جلکی مەدەنی دەبەر کەو شریتێکی سێ‌ڕەنگیش لە سنگت بدەو چاوەڕێی من بە.

ئەو هێشتا بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردم. ئەمجار گوتم:

-خێرا کە.

بۆخۆشم بەپەلە باڵتۆیەکم دەبەر کردو کڵاوێکم لەسەر نا.

چوون بۆ تویلری زۆر دژوار بوو. بەشێکی ڕێگاکە بە کالیسکەیەکی کرێ‌گرتە ڕۆیشتین. بەڵام چونکە ڕێگاکە بەسترابوو پێش ئەوەی بگەینە تویلری لە کالیسکەکە دابەزیین‌و پاشماوەی ڕێگاکەمان بە پێیان بڕی. حەشیمەتێکی زۆر کە لەپێش تویلری کۆ ببوونەوە نزیکبوونەوە لەوێ‌یان وەزەحمەت خستبوو. هەرچۆنێک بوو بەپاڵەپەستە ڕێی خۆمان کردەوە. لەترسی ئەوەی ڕووزەنم لێ ون بێ توندتوند قۆڵیم گرتبوو.

تویلری وەک شەوانی جێژن ڕووناک کرابۆوە، بەڵام ئەمن باشم دەزانی کە ساڵۆنی گەورەی کۆشک تەواو چۆڵەو تەنیا کەسانێک کە لەوێن بریتین لە ژوولی، ئوورتانس‌و دوو کچ‌و دوو کوڕی منداڵ دەگەڵ دووکی وینستێزو مارشاڵ داڤووت‌و ڕەنگە چەند کەسێک لە ژەنراڵەکانیش.

لەنەکاو سوارەی گاردی نیشتمانی بە هاوارهاوار غاریان دایە لای حەشیمەتەکە:

-ڕێگاکە بەردەن.

دەتگوت گەردەلوولێکی توند لە شوێنێکی دوورەوە نزیک دەبێتەوە. تۆفانەکە نزیک‌و نزیکتر بۆوەو سەرەنجام گەیشتە جێ. بژی ئیمپەڕاتۆر...بژی ئیمپەڕاتۆر. تەواوی ئەو حەشیمەتە ببووە زارێک‌و هاواری دەکرد بژی ئیمپەڕاتۆر. کالیسکە لە دوورەوە دەرکەوت،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەسپەکان وەک شێتان بەرەو تویلری غاریان دەدا. هێندێ ئەفسەریش بەپلەی جیاوازو لە یەکەی سەربازیی جیاواز بەدوای کالیسکەکەدا دەهاتن.

لەسەر پلیکانەکان، خزمەتکارانی کۆشک مەشخەڵبەدەست ڕاوەستابوون. دەرگای کالیسکە کرایەوەو لە چاوترووکانێکدا ڕوخساری ئیمپەڕاتۆرم بینی. بەدوای ئەودا مارشاڵ نێ لە کالیسکە دابەزی. ئاپۆرای حەشیمەت پاڵی پێوە نرا بۆ پێشەوەو ڕیزی ڕێکوپێکی سەربازانی گاردی پساندو ئێستا ئیمپەڕاتۆر لەسەر شانی حەشیمەت بوو. حەشیمەت ئەویان هەربەوجۆرە لە پلیکانەکان وەسەر خست. هەرلەوحاڵەدا جاروبار وەردەسووڕاو چاوی لە دواوەی خۆی دەکرد. لەبەر شۆقی لەرزۆکی مەشخەڵەکان ڕوخساری بە زەردەخەنەو چاوە لێکنراوەکانی دەبینران. ڕاست وەک تینوویەک کە پاش ماوەیەکی زۆر گەیشتبێتە ئاو.

جارێکی دیکە شەپۆلی حەشیمەت ئێمەی کشاندەوەو کالیسکەیەکی دیکە گەیشتە جێ. خەڵک ملیان درێژ کرد بزانن کێیەو ئەمجار مقۆمقۆ لەنێو خەڵک داکەوت. بەڵێ فووشێ بوو دەچوو بەخێراتنی ئیمپەڕاتۆر بکا. بەڵێ تەنیا فووشێ بۆ خزمەتی ئیمپەڕاتۆر ئامادە بوو.

هەستم دەکرد ماندوو بووم. ڕووزەن بەنێو لافاوی حەشیمەتدا ڕێگایەکی بۆ گەڕانەوە کردەوە. بەڵام کاتێک گەیشتینە بەری ئەوبەری سێن سەرمان لە چۆڵیی شەقامەکان سوڕماو ڕووزەن گوتی:

–پایەبەرز پیاو نابێ بە دیتنی ئەو دووسێ هەزار کەسە لە داوەریدا تووشی هەڵە بێو پێی زۆر بێ. دەنگی پێمان لە بێدەنگیی شەقامدا دەنگی دەدایەوەو ئێستا گەیشتبووینەوە بەرامبەر ماڵەکەی خۆمان. ماڵێک کە لەتاریکاییداو بێئاڵا لەنێو دراوسێکانیدا سەری هەڵبڕیبوو. بەڵام لە سەربانەکانی دیکە ئاڵای سێڕەنگ دەشەکایەوە.

***

۵٦

## پاریس، هەژدەی ژوئەن (حوزەیران)ی ١٨١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕاست لەو لەحزەیەدا کە ماری نانی بەیانیی بۆ هێنامە ژووری خەوەکەم، دەنگی گرمەی تۆپانو زرینگەی زەنگی کلیساکان فەزای پڕ کرد. ئێمە چاوەڕێی سەرکەوتن نەبووینو ئێستاش تۆپەکانی ئەنوالیدو زەنگوڵەکانی نۆترِدام خەبەری سەرکەوتنیان دەدا. ڕاست وەک جاران...

ژوولیو ژۆزێف جارێکی دیکە لە کۆشکی ئەلیزە نیشتەجی ببوونەوە. خاتوو لیزیاو براکانی دیکەی [ناپلیۆن] بوناپارتیش هاتبوونەوە پاریس. لە تویلری کاروبارەکە لەدەستی ئوورتانسدا بوو. ئەو نانی دەگەڵ ناپلیۆن دەخواردو بۆ کورتکردنەوەی شەوەکانی ناپلیۆن، کۆڕی سەمای وەڕێ دەخست. بەڵام دەگەڵ ئەوەش، ناپلیۆن شەوانە بێئامانجو سەرگەردان لەنێو ژووری ئیمپەڕاتریسو پادشا چکۆڵەی ڕۆمدا پیاسەی دەکردو لە ژوورێکەوە دەچووە ژوورێکی دیکە. ئەو لە چەند نامەی بەدوای یەکدا بۆماری لوویز، داوای لێکرد بێتەوە. ئەو تەنانەت ئەسپە دارینەیەکیشی بۆ کورە چکۆڵەکەی کڕیو فەرمانیشی دا ژووری خۆڕازاندنەوەو جلداکەندنی ماری لوویز نۆژەن بکەنەوە. هەر لەوحاڵەدا چووە سەر کرێکارەکانو گوتی:

-خێرا کەن چونکە هەردەم لەوانەیە خاوەنشکۆ شاژن لە ڤییەنەوە بگاتەوە ئێرە.

بەڵام هەرگیز خەبەرێک لە ماریو کوڕە چکۆڵەکەیەوە نەگەیشتو نەهاتنەوە.

ناپلیۆن دوای گەڕانەوە بێ پێشەکیو کاردروستایی فەرمانی هەڵبژاردنو ڕاپرسییەکی دەرکرد بۆ ئەوەی بە وڵاتانی دەرەوە نیشان بدا کە بنەماڵەی بووربوونەکان جێگەوپێگەیەکی گەلیی لە فەڕانسە نیە. ئەم هەڵبژاردنە یەکەمین گشتپرسیی ئازاد پاش دامەزرانی کۆمار بوو. بەمجۆرە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی فەڕانسە کراو کەسانێکی وەک کارنۆو لافاییت بە نوێنەر هەڵبژێران.

کاتێک وتاری مۆنیتۆرم لەو بارەیەوە خوێندەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم بێگومان ئەم لافاییتە ئەو پیاوە نیە کە ئەمن دەیناسم. بەڵام ماری پێیداگرت کە هەر ئەو لافاییتەیە، ئەو ژەنڕاڵ لافاییتە کە بۆ یەکەمجار دەقی بەیاننامەی مافی مرۆڤی ڕاگەیاند. ئەم هەواڵە چۆن دەکرا ڕاست بێو ئەگەر بەڕاستی وا بوو، ئەدی بۆ بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە کەس ناوی لافاییتی نەدەبرد؟

باوکم لەو ڕۆژانەدا، زۆری باسی وی بۆ دەکردین. لەبارەی مارکی لافاییتەوە، پیاوێک کە بە نۆزدە ساڵی کەشتییەکەی خۆی ساز کردو دەگەڵ هاوڕێیەکانی کە بەگرووپی لافاییت بەناوبانگ بوون چووە ئەمریکا تا بەداخوازی خۆی لەڕێی سەربەخۆیی ئەمریکادا بجەنگێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەبەر ئەوەش کۆنگرەی سەرانسەریی ئەمریکا بەرناوی ژەنراڵی گەورەی پێبەخشی... نا باوکە، نا. ئەوەی پێمت گوتبوو لەبیرم نەچووەو هەروەها گرووپی لافاییت کە لە وڵاتانی بێگانە لەرێی ئازادیدا جەنگان. ڕۆژێک هەرئەم مارکی‌یە لاوە بە یۆنیفۆرمێکی شڕی ژەنراڵی‌یەوە لە ئەمریکا گەڕایەوەو هەربەو جلکانەوە لە شوێنی وتاردانی ئەنجومەنی نیشتمانیی فەڕانسە دەرکەوتو بەیاننامەی مافی مرۆڤی خوێندەوە. ئەتۆش ئەو ڕۆژنامەیەت کە بەیاننامەکەی تێدا چاپ کرابوو هێنایەوە ماڵێو زۆر بەوردی‌و وشەبە وشە بۆ کچە چووکەڵەکەتت خوێندەوە. ئەمنیش هەرگیز لەبیرم ناچێ باوکە... دوای ئەوە لافاییت گاردی نیشتمانیی دامەزراند تا پاراستنی کۆمار وەئەستۆ بگرێ. بەڵام پاشان چیی بەسەر هات؟

لەمبارەیەوە پرسیارم لە ماریووسی برازام کرد، بەڵام ئەویش زانیاری‌یەکی لەسەر ئەو بابەتە نەبوو،و مەسەلەکەشی هێندە بۆ گرنگ نەبوو. ژان باتیست دەی‌توانی وەڵامی پرسیارەکەم بداتەوە بەڵام ئەویش لە ستۆکهۆڵم بوو. تەنانەت باڵیۆزەکەشی لەپاریس ڕۆیشتوەو دیارە باڵیۆزانی هەموو وڵاتانی بێگانەش هەر وایان کردوە. وڵاتانی دەرەوە ئیدی هیچ پێوەندی‌یەکی سیاسی‌یان دەگەڵ ناپلیۆن نیەو وەڵامی نامەکانیشی نادەنەوە. بەڵکوو لەجیاتی ئەوە سوپاکانی خۆیان ناردوونە فەڕانسە...

هەموو ڕۆژێ ژاندارمەکان گوندەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی پیاوە لاوەکانو ئەو ئەسپانەی ماون، دەپشکنن بۆ ئەوەی بیاننێرنە گەڵ سوپایەکەی ناپلیۆن. بەڵام دێهاتی‌یەکان خۆیان دەشارنەوەو تاقە ئەسپێکیش لە دێیەکان دەست ناکەوێ. ئەو ئەفسەرانەی لەمەوبەر شانبەشانی ناپلیۆن جەنگاونو سەرکەوتنی پەیتاپەیتایان بەدەست هێناوە ئێستا ڕوویان کردۆتە وەرگرتنی شایەتنامەی پزیشکی تا خۆیان لە بەشداریی شەڕێکی دیکە ڕزگار بکەن. ئەوان هەموویان لە ناپلیۆن نارازین. خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵەو مووچەو یارمەتی‌یەکەیان نەدراون. تەنانەت برازایەکەی من ماریووسیش کە شەیدای شەڕە، لەنەکاو هەستی کردوە کە پێویستیی بە حەسانەوەو خۆدەرمانکردن هەیە. مارشاڵەکانیش وانو لەنێو ملکوماڵی خۆیان خەریکی پشوودانن. تەنیا داڤووت لە تەنیشت ناپلیۆن ماوە دەگەڵ مارشاڵ نێ کە هێزەکانی ڕەگەڵ ناپلیۆن کەوتنو بەناچار بۆخۆشی لەپێش واندا چووە لای ناپلیۆن. ناپلیۆن خێرا پلەی مارشاڵیی دا بە ژەنراڵ گرووشی‌و بە سەرکردایەتیی دواسوپا کە ئامادەی کردبوو نادریە سنوورەکان بۆئەوەی پێش بە هێزەکانی بێگانە بگرێ.

ڕاست سێڕۆژ پێش ئێستا بوو کە فەرمانی تازەی ناپلیۆن لە هەموو جێیەک بڵاو بۆوەو ئێستا هەمووکەس لەبەریەتی؛ کاتی ئەوە هاتوە کە هەر پیاوێکی ئازای فەڕانسەیی لەنێوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرکەوتنو مەرگدا یەکێک هەڵبژێرێ. بەدوای ئەم فەرمانە شوومو ترسخوڵقێنەدا جارێکی دیکە نرخەکان بەرەژوور چوونو خەڵک بەپەلە وەدوای زەوەڕداخستن کەوتن. شانۆیەکان چۆڵوهۆڵنو ڕێستوورانەکان بەتاڵو تاریکنو پاریس سەری دەبەر خۆی ناوەو چاوەڕوانی دوازەبرە.

لەنەکاو مۆجیزەیەک ڕوو دەداو دەنگی زەنگی سەرکەوتن بەرز دەبێتەوە.

جلم دەبەر کردنو چوومە نێو باغی. مێشەنگوینە بە دەوری گوڵەکاندا دەگەڕان. سەرگەردانو بێئامانج سەیری ئەملاو ئەولام دەکرد. لەنەکاو ڕاوەستامو گوێم هەڵخست. بەڵێ... دووبارە بێدەنگییەکی مەرگبار سێبەری بەسەر هەموو جێیەکدا کێشابوو. ئیدی نە زرینگەی زەنگێک دەبیستراو نە گرمەی تۆپێک. تەنیا مێشەنگوینەو دەنگی باڵەکانی.

بە دیتنی تازەهاتوویەکی بێگانە خۆشحاڵ بووم. ئێستا ئیدی لەم بێدەنگییە هەناسەبڕەدا تەنیا نەبووم. بێگانەکە جلی مەدەنیی دەبەردا بوو، پیاوێکی ڕەقەڵە کە نەمدەتوانی بڵێم تەمەنی چەند دەبێ. بۆلای چووم. دەموچاوە درێژووکەکەی پڕ لە چرچولۆچ بوو. سەرنجی چاوە نزیکبینەکانیم دا. ئەو... لووسین بوناپارت بوو.

ئەو لووسینە کە پاش ئەوەی ناپلیۆن بووە ئیمپەڕاتۆر دوور خرایەوە. کەسێک کە تەواوی ئەو ساڵانە لە ئینگلیستان ژیابوو. چەند سەیر بوو کە ئەو لەو حاڵو وەزعەدا هاتبۆوە ئێرە.

–منت لەبیر ماوە دێزیرە؟ ئەمن لە جێژنی دەزگیرانەتیی تۆدا بەشدار بووم.

هەردووکمان لەسەر نیوتەختێک دانیشتین.

–لووسین بۆچیو لەبەر چی هاتیەوە؟

–بەڵێ... بۆچی؟ دوای گەڕانەوەی بووربوونەکان ئەمن تەنیا بوناپارتێک بووم کە هەرچی بمویستایە دەمتوانی بیکەمو ئەمن دەمەویست لە ئینگلیستان وەمێنم بەڵام خەبەری هاتنەوەی ئەوم بیست.

لووسین پاڵی وە باڵنجی نیوتەختەکە دابوو، بە خەمناکی دە باخچەکەوە ڕامابوو.

–ئەم چیمەنە چکۆڵەیە چەند جوانو چەند ئارامە، ئارامییەکی دڵگر!

–بەڵێ زەنگوڵەکانی سەرکەوتن تازە بێدەنگ بوون.

–لێدانی ئەو زەنگانە هەڵە بوو دێزیرە!

ئەو لەحاڵێکدا لە پەپوولەیەکی دەڕوانی لێی زیاد کرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-داڤووتی پیرو خۆشەویست کە ناپلیۆن بۆ بەرزراگرتنی ورەی خەڵک لە پاریسی بەجیٚهێشتوە، ئەوانی بە هەڵە وەدەنگ هێنا. ناپلیۆن تەنیا لە شەڕێکی چکۆڵەو بیٚبایەخدا سەر کەوتوە. شەڕێک کە دەسپێکی شەڕێکی گەورەیە.. ئەو گوندی شارلێرویی بەدەست هێناوە بەڵام چارەنووسی وی لە شەڕی لینیو واتێرلوودا ڕوون دەبێتەوە... ئەو پەپوولە شینە دەبینی؟

-لووسین! ئەتۆ بۆچی هاتیە ئێرەو سەردانی من؟

-بۆئەوەی چەند دەقیقە لە جێیەکی ئارام بەسەر بەرم. دەوڵەت ئاگای لە ڕووداوەکان هەیەو ئەنجومەنی نوێنەران بەردەوامو وەک ڕۆژانی شۆرش کۆبوونەوە پێک دێنیٚ.

پاشان لەحاڵێکدا هەڵدەستایە سەرپیٚ گوتی:

-ئێستا دەبیٚ بڕۆمو چاوەڕوانی تەتەرێک بم کە قەرارە بیٚ.

بەڵام ڕامگرتو گوتم:

-ئەم لافاییتە... لووسین هەر ئەو لافاییتی نوێنەرە کە بەیاننامەی مافی مرۆڤی ڕاگەیاند؟

-دیارە.

-ئەمن پێم وابوو لافاییت لەمێژساڵە مردوە. بۆچی لەو ماوەیەدا هیچ باسوخواسێکی نەبووەو بەر گوێی مەمانان نەکەوتوە؟

چونکە ئەو لە سەوزیخانەکەی خۆیدا سەرگەرمی کار بوو. سەوزیخانەیەکی چووکو زۆر دڵگر. کاتێک ئاژاوەگێرەکان پەلاماری تویلرییان داو سەری خوێناویی پیاوماقووڵەکانیان بە سەرنێزەوە کرد، لافاییت دژی ئەو ڕەفتارە وێستا. بەدوای ئەوەدا فەرمانی گرتنی دەرچوو،و ئەویش ڕایکرد. ئەو لە لییەژ گیراو چەند ساڵ لە زیندانی پڕووسییەکانو ئوتریشییەکاندا بوو. لە سەردەمی حکوومەتی کونسوولیدا ئازاد کراو گەڕایەوە فەڕانسە.

-ئەی دوایە؟

-پاشان دەستی بە کار لە سەوزیخانەکەی خۆیدا کردو کەوتە چاندنی گێزەرو تەماتەو پێم وایە مارچێوەش. ئاخر پیاوێک کە هەموو تەمەنی بۆ مافی مرۆڤ جەنگابوو، دەیتوانی سەروکارێکی دەگەڵ کونسوولی یەکەم یان ئێمپەڕاتۆر ناپلیۆن هەبیٚ؟

ئەو، دۆستانە قۆڵی منی گرتو پێکەوە چووینە بەر دەرگای باغی.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٥٧

## پاریس، بیستوسێی ژوئەنی ١٨١٥

–ئەگەر بۆ یەکەمجار پاش چەندین ساڵ وەقسە دێم...

لافاییت لەو دانیشتنەی ئەنجومەنی نیشتمانیدا ئاوای دەست بە قسە کردبوو. مۆنیتۆر قسەکانی ویی بەتەواوی چاپ کردن. خەریکی خوێندنەوەیان بووم کە دەرگای ژووری خۆڕازاندنەوەم کەوتە سەر گازی پشت. ژوولی بەترسو گریانەوە خۆی بەژووریدا کرد، ئەژنۆکانمی دەباوەش گرتنو ڕوخساری فرمێسکاویی خۆی لە کۆشمدا شاردەوە.

یەکەمین وشەکان کە بەزمانیدا هاتنو تێیان گەیشتم ئەوە بوو کە "دەستی لەکار کێشایەوە". لەوە زیاتر جگە لە هەنیسکی گریان هیچی لێنەدەبیسترا. سەرەنجام گوتی:

–پرووسییەکان هەردەم لەوانەیە بگەنە پاریس...

ماری هاتە ژووریو ئێمە بە هەردووکمان ژوولیمان لەسەر مۆبڵەکە درێژ کرد. ئەمن لە پەنای دانیشتمو ئەویش وەک سەرخۆشان بە بێحاڵی کەوتە سەر مۆبڵەکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–... ئەو هاتەوە... ڕاست نیوەشەوێ، بەسواری داشقەیەکی پۆستی... لەجێیەک دەگەڕا. چونکە هەموو کەلوپەلەکەیو کالیسکەکەیو هەرچی بووی... بەڵێ کەوتبووە چنگی بلووخەر ژەنراڵی پرووسی... ئەو ڕاستەڕێ هاتە ئەلیزەو لای ئێمە... ئەو دەیەویست برایەکانیو وەزیرەکانی ببینێ. بەڵام ئەوان پێنج دەقیقە پتر لەلای نەمانەوە چونکە هەمووان دەیانەویست بگەنە ئەنجومەنی نوێنەران. ئیمپەڕاتۆر داوای لێکردن دەسبەجێ سەدهەزار کەس بانگ کەنەوە خزمەتی سەربازی... بۆ سازکردنی سوپایەکی تازە..و... بەڵێ، پاشان لووسینی بەستەزمانی ناچار کرد بچێتە لای نوێنەرەکان تا لەزمان ئەوەوە پێیان بڵێ گەلی فەڕانسە لەبەر سەرپێچی لە فەرمانی وی شیاوی سەرکۆنەن.

–لووسینیش چوو؟

–بەڵێ چوو، کەچی بیست دەقیقەی نەخایاند هاتەوە. کاتێک لووسین دەچێتە پشت مێزی قسەکردن دەکەوێتە بەر هاواری ڕقهەستاوانەو قسەی ناشیرنی نوێنەرەکان. بەڵام ئەو ماوەیەک بێدەنگ ڕادەوەستێو هیچ دژکردەوەیەک نیشان ناداو نوێنەرەکان هاوار دەکەن بمرێ بوناپارت. تەنیا کاتێک ئەوان شووشە مەرەکەبەکانی خۆیانی تێدەگرن لووسین چاویلکەکانی لەسەر چاوی لادەبا. سەرەنجام سەرۆکی ئەنجومەن، داوا لە نوێنەرەکان دەکا ئارام بنو لووسین دەڵێ میللەت براکەمی بەتەنیا هێشتۆتەوە. لەوکاتەدا لافاییت هەڵدەستێتە سەر پێو دەڵێ:

–لەبیرتان چۆتەوە ئێسکوپرووسکی منداڵەکانو براکانتان لە کوێ نێژراون؟ لە ئەفریقا، لەنێو سەهۆڵەکانی ڕووسیە. دووملیۆن مرۆڤ بوونە قوربانیی ویستەکانی تاقەکەسێک، تاقەکەسێک کە دەیەویست دەگەڵ هەموو ئورووپا بەشەڕ بێ! داخوا بەس نیە!

–ئەمن هەموو ئەمانەم لە فووشێ بیستو لووسین بۆخۆی هیچی پێنەگوتین. ژۆزێفو لووسین ئەو شەوە تا بەیانی قسەیان دەگەڵ ناپلیۆن کرد. ئەمن قاوەو بڕاندیم بۆ دەبردن. ئیمپەڕاتۆر بەردەوام لە ژوورەکەدا پیاسەی دەکردو مستی لە مێزەکە دەداو هاواری دەکرد.

ژوولی بە هەنیسکدان ڕوخساری لەنێو دەستەکانیدا شاردەوەو ئەمن لێمپرسی:

–داخوا ژۆزێفو لووسین توانیان ڕازیی بکەن کە دەست لەکار بکێشێتەوە؟

ژوولی سەری ڕاوەشاند، دەستەکانیی بەردانەوەو گوتی:

–ئەمڕۆ بەیانی لافاییت لە ئەنجومەنی نوێنەران ڕایگەیاندوە کە ئەگەر ژەنراڵ بوناپارت هەتا سەعاتێکی دیکە دەست لەکار نەکێشێتەوە داوای لەسەرکارلابردنی دەکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم هەواڵە فووشێ بۆی هێنابوو گوتی ئەوان تەنیا سەعاتێکیان مۆڵەتی ناپلیۆن داوە. سەرم ڕاوەشاندو گوتم:

—ئەدی هەموو دوێنێو دوێشەوێ چی؟

—سەرەنجام لەحاڵێکدا فووشێ لەپەنای ڕاوەستابوو، ئیمپەڕاتۆر بە قازانجی کوڕەکەی خۆی دەستی لەکار کێشایەوە. بەڵام نوێنەران گوێ نادەنە ئەو مەرجەی وی.

ماری دەستی کرد بە شێلانی پەنجە لاقەکانی ژوولیو ئەو دریژەی پێدا:

—ئەمن ناچمەوە ئەلیزە، منداڵەکانیشم دەبێ بێنە ئێرە چونکە دەمەوێ لێرە بم دێزیرە! ئەوان ناتوانن لە ماڵێ تۆ بمگرن. وایە؟

—خۆ هێشتا هێزەکانی هاوپەیمانان نەهاتوونە پاریسو لەوانەشە هەرگیز نەیەنە ئێرە.

ژوولی بە لێوەلەرزەوە گوتی:

—هاوپەیمانان؟ نا. حکوومەتی فەڕانسە دەڵێم دێزیرە. ژەنڕاڵ بێکەر لەلایەن دیرێکتوارەوە بۆتە بەرپرسی چاوەدێریی ناپلیۆن.

—دیرێکتوار؟

—حکوومەتی تازە ناو نراوە دیرێکتوارو هەرئێستا ئەندامەکانی دەگەڵ هاوپەیمانان خەریکی وتووێژن. کارنۆو فووشێش دووئەندام لە پێنج ئەندامی دیرێکتوارنو ئەمن زۆریان لێدەترسم.

ژوولی جارێکی دیکە دەستی کردەوە بە گریان.

—لە شەقامەکان خەڵک بەسەریاندا دەگوڕاندم؛ بمرن بوناپارتەکان.

لەنەکاو دەرگا کرایەوەو ژۆزیف هاتە ژوورێ.

—ژوولی دەبێ دەسبەجێ کەلوپەلت کۆ بکەیەوە. ئیمپەڕاتۆر هەرئێستا دەیەوێ پاریس بەجێ بێڵێو بچێتە مالمێزۆن. هەموو ئەندامانی بنەماڵەش دەگەڵی دەچن. تکایە پەلە بکە ژوولی.

ژوولی بە هاوارێکی دڵتەزێنەوە قامکەکانی لە شانی من ڕۆکردنو هاواری کرد کە هەرگیز لەمن جیا نابێتەوە. چاوەکانی ژۆزیف هەڵمساوو سووورداگیرساو بوونو بەرەچاوەکانی بەتوندی شین هەڵگەڕابوو. هەرکەس دیتبای دەیزانی چەند شەوە نەخەوتوە. ئەو دیسان دووپاتەی کردەوە:

—ژوولی، هەموو بنەماڵە دەچنە مالمێزۆن.

ژوولی شانی منی بەرداو گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ژوولی! ئەتۆ دەبێ دەگەڵ هاوسەرەکەت بچی.

لەحاڵێکدا شەقەی ددانی دەهات، سەریی ڕاوەشاندو گوتی:

–لە شەقامەکان خەڵک هاواریان دەکرد بمرن بوناپارتەکان.

–ڕاست بۆیە دەبێ بڕۆی ژوولی.

ئەمەم گوتو ئەوم هەستاندو ژۆزێف لەحاڵێکدا هەوڵی دەدا چاوی بەچاوی من نەکەوێ، گوتی:

–دەمەوێ تکات لێبکەم ئەگەر ئیزن بدەی ژوولیو ئەمنو منداڵەکان بە کالیسکەی تۆ بچینە مالمێزۆن.

–ئەمن بەڵێنم دابوو کالیسکەکە وە خاتوو لیزیا بدەم بەڵام ڕەنگە جێی هەموانتان ببێتەوە. نیشانە سوێدیەکانیشی زۆر باش دیارن.

–بەڵام ئەتۆ دەبێ یارمەتیم بدەی دێزیرە، ئەتۆ کۆمەگم دەکەی؟

هەر لەوکاتەدا کە ژوولی بەگریانەوە ئەم قسانەی دووپاتە دەکردنەوە ژۆزێف چووە لایو لەسەرەخۆ قۆڵی گرتو بەرەو دەرگای برد.

ئێستا ساڵێک بەسەر مەرگی ژووزفیندا تێپەڕیوەو لە مالمێزۆن هەموو سوورەگوڵەکان پشکوتوون.

***

۵۸

**پاریس، شەوی نێوان ڕۆژانی ۲۹و ۳۰ی ژوئەنی ۱۸۱۵**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شمشێرەکەی لەسەر مێزی پەنا تەختی نووستنی منە. ئیدی تۆماری چارەنووسی تەواو بووەو ئەمن دوائامرازی داخستنی ئەو تۆمارە بووم. هەموو باسی ئەو کارە نیشتمانپەروەرانەیە دەکەن کە ئەنجامم داوە. بەڵام دڵم توند دەگوشرێو تاقە دەسکەوتی ئەو کارە شینبوونی سەرئەژنۆکانمە کە لەبەر تووڕەیی بێئەنداز وای لێهاتوە... بەهیوای زووتێپەڕینی ئەمشەو، خەریکی نووسینی دەفتەری بیرەوەرییەکانمم. ئەمڕۆ بەیانی لەنەکاو میللەت ویستی قسەم دەگەڵ بکا. خوایە گیان!! نەکا شێت بووبم بەڵام نا ئەمە ڕاستە.

بەخەبەر بوومو بەو گەرمای هاوینە دووسەعاتی تەواو لە نوێنی خۆمدا مابوومەوە. ئەم ڕۆژانە هەتاو بێبەزەییانە ئەو ژنانەی بەر هێرشی خۆی داوە کە لە پێش قەسابخانەو نانەواخانەکاندا بەڕیز وەستاون. دەنگی ڕۆیشتنی دواتۆپ کە بۆ بەرگری لەپاریس دەیانبردنە دەروازەی شار دێتە بەر گوێ بەڵام هیچکەس چاوی لێناکا. لەوانەیە پاریس بکەوێتە بەر پەلاماری پڕووسەکان. ئینگلیزەکان، ڕووسەکان، ساکسۆنەکانو ئوتریشییەکان. بەڵام ئەمانە هیچیان بۆ ئەو خەڵکەی لە غەمی بەدەستهێنانی پەنچکەنانێکدان شیاوی سەرنج نین... بەیانیی زوو بەدوور لە چاوەڕوانی ئییووت هاتە ژوورەکەمو خەبەری دا کە کۆنت ڕووزەن دەیەوێ ڕاست ئەو وەختە قسە دەگەڵ من بکا. بەڵام بەرلەوەی ئییووت قسەکەی تەواو بکا کۆنتی سوێدی هاتە ژوورەکەم.

–بۆ من شانازییە عەرزی پایەبەرز بکەم کە هەڵبژێراوانی میللەت دەیانەوێ چەندی بکرێ زووتر قسە دەگەڵ پایەبەرز بکەن.

هەرلەوکاتەشدا کۆنت خەریکی داخستنی دوادوگمەی یۆنیفۆڕمەکەی بوو، و ئەمن بەپێکەنینەوە گوتم:

–ئەمن هێندە گوێ نادەمە دابوشوێنی تەشریفاتی، بەڵام داخوا باشتر نەبوو پێش ئەوەی بێیە ژووری خەوی من دوگمەی جلەکانت دابخەی؟

–لێم ببوورە پایەبەرز... میللەت لە...

پێکەنین لەسەر لێوانم وشک هەڵاتو پرسیم:

–کامە میللەت؟

–میللەتی فەڕانسە پایەبەرز.

کۆنت ڕووزەن کە سەرەنجام دوگمەکانی داخستبوون خەبەردار ڕاوەستا. داوام لە ئییووت کرد دەسبەجێ قاوەیەکی خەستم بۆ بێنێو چاوێکم لە کۆنت کردو گوتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–هەتا قاوەکەم دەخۆمەوە، زۆر لەسەرەخۆو ڕوون بۆم شیبکەوە چخەبەرە، ئەگینا سەرم لەهیچ دەرناچێ. ئەتۆ دەڵێی میللەتی فەڕانسە دەیەوێ، باشە چیی دەوێ؟

–میللەتو دروستتر بڵێم نوێنەرانی میللەت داوای دیتنی جەنابت دەکەن. کەسێک کە ئەم پەیامەی هێنا بەمنی گوت کە بابەتێکی زۆر گرنگ لەگۆڕێدایەو هەربۆیەش ئەمن یۆنیفۆڕمی ڕەسمیم دەبەر کرد.

–بەڵێ دەزانم.

ئییووت قاوەکەی بۆ هێنامو ئەوەندە بەپەلە خواردمەوە کە زارم سووتا.

– پایەبەرز تەتەرەکە چاوەڕێی وەڵامی منە.

–نیوسەعاتی دیکە دەیانبینم. دیارە نوێنەرانی میللەت نەک هەموو میللەت کۆنت!

ئەم پێداگرتنە بێمانایە بۆیە بوو کە بەڵکوو نەختێک لە نیگەرانییەکەم کەم بێتەوە. ئەوان چییان لەمن دەویست؟ لەشم شەلالی ئارەق بوو بەلام دەستەکانم دەتگوت لەتکەسەهۆڵن. دەستێک جلی مووسلینی سپیم کردە بەرمو جووتێک سەندەلی سپیم دەپێ کردن. ئییووت دەیەویست قژەکانم ڕێکوپێک بکا بەلام ئەمن ئاراو قارام نەبوو. لەحاڵێکدا پۆدرم لە لووتم دەدا خەبەریان هێنا کە بەڕێزان نوێنەرەکان هاتوون... کامە بەڕێزان؟

بۆ ڕاکردن لەبەر گەرمای هەتاو هەموو پەنجەرەکانی ساڵۆن پێوە درابوون. ڕووناکیی کەمڕەنگی بەیانی دەکەوتە سەر ڕوخساری ئەو پیاوانەی لەبن وێنەی کونسوولی یەکەم دانیشتبوون. بە چوونەژووری من، ئەوان هەستانە سەر پێ. ئەوان هەڵبژاردەی میللەت بوون.

میللەت، بەڕێزان فووشێو تالیڕانی بە نوێنەرایەتی ناردبووە لای من. بەلام ئەوپیاوەم نەناسی کە کەوتبووە نێوان هەردووکیان؛ پیاوێکی کورتەبالای ڕەقەڵە کە بەدابی جاران کلاوی چەرمیی کردبووە سەریو دەستێک یۆنیفۆڕمی غەریبەی کۆنی دەبەردا بوو. کە نزیکتر بوومەوە دیتم گۆناکانیو نێوچاوانی پڕن لە گنجولۆنج. بەلام چاوەکانی وەک دوو پارچە برلیان دەدرەوشێنەوە؛ درەوشانەوەیەکی سەیر.

تالیڕان بەسپایی گوتی:

– پایەبەرز ئیزن دەفەرمووی ژەنراڵ لافاییتت پێبناسێنم؟

بۆ چاوترووکانێک دڵم داخورپا. میللەت، میللەت بەڕاستی هاتبووە سەردانی من... وەک کچە قوتابییەکی سەرلێشێواو ئیکلامم بەرامبەری کێشا. دەنگی بێ ڕووحی فووشێ بێدەنگیی شکاند:

–شازادەخانم! لەلایەن حکوومەتی فەرانسەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبن لێوانەوە گوتم:

-هەر بەڕاستی ئەتۆ هاتوویە سەردانی من ژەنراڵ لافاییت؟

بزەیەکی سادە کەوتە سەر لێوەکانی لافاییت، ئەوەندە پاکو سادە کە ورەی وەبەر من نا.

-باوکم هەرگیز بەیاننامەی مافی مرۆڤی لەخۆی جیا نەدەکردەوەو هەتا مابوو ئەم بەیاننامەیە لە ژوورەکەی بوو،و ئەمن هەرگیز بەمێشکمدا نەدەهات بۆخۆمو لە ماڵی خۆم شانازیی دیتنی لافاییتم بەنسیب بێ.

فووشێ جارێکی دیکە گوتی:

- پایەبەرز! تالیڕان وەزیری کاروباری دەرەوەی حکوومەتو ئەمن وەک یەکێک لە نوێنەرانی حکوومەتی فەڕانسەو ژەنراڵ لافاییت نوێنەری میللەت لەم ساتەوەختەدا پەنامان بۆ جەنابت هێناوە.

ئەمن تەماشای ڕوخساری یەکبەیەکیانم کرد. فووشێ یەکێک لە پێنج نوێنەری ئەندامی دیرێکتوار لە حکوومەتی ئێستادا، تالیڕان کە هەر دوێنێ وەک تاکە نوێنەری فەڕانسەی بووربوونەکان لە کۆنگرەی ڤییەن هاتبۆوە، هەردووکیان وەزیرانی پێشووی ناپلیۆنو هەردووکیان سنگیان پڕە لە میداڵ. هەردووکیان بە جلی زێڕدۆزیکراوی ڕەسمییەوەو لەنێو وانیشدا لافاییت بە یۆنیفۆڕمێکی کۆنەوەو بێ هیچ زینەتێک...

-ئەمن چیم لەدەست دێ بەڕێزان؟

تالیڕان بەئارامی دەستی بە قسە کرد.

- پایەبەرز! ئەمن زۆر پێش ئێستا پێشبینیی ڕۆژێکی وام کردبوو. ڕەنگە پایەبەرز لەبیری بێ کە جارێکیان گوتم ڕۆژێک میللەت داخوازێکی زۆر گەورەی لە ئێوە دەبێ. داخوا پایەبەرز ئەم قسەیەی لەبیرماوە؟

بەنیشانەی "ئەرێ"گوتن سەرم بۆ لەقاند.

-ئێستا ئەوڕۆژە هاتوەو میللەتی فەڕانسە بۆ داخوازەکەی ڕووی لە پایەبەرز هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد ناوە.

لەترسان دەستەکانم شەتڵی ئارەق ببوون. فووشێ قسەکەی لێوەرگرت:

-دەمەوێ دیمەنێکی وەزعی ئێستات بخەمە بەرچاو. ئێستا هێزەکانی هاوپەیمانان گەیشتوونە بن دیوارەکانی پاریس. شازادەی بنەڤێن وەک وەزیری کاروباری دەرەوە دەگەڵ فەرماندەرانی هاوپەیمانان ڤێلینگتۆنو بلووخەر خەریکی وتووێژە بۆ ئەوەی شارەکە لە وەزەندیی پەلامارو تاڵانوبڕۆ بپارێزن. دیارە ناچاریشین خۆ بەدەستەوە بدەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرماندەرە بەرزەکانی هێزی هاوپەیمانان خەبەریان پێداوین کە تەنیا بە یەکمەرج ئامادەن لە داخوازەکانی ئێمە بکۆڵنەوە. مەرجەکەش ئەوەیە کە...

ئەمجار دەنگی فووشێ بوو کە قسەکەی وی تەواو کرد:

-بەو مەرجە کە ژەنڕاڵ بوناپارت بێماتڵبوون پاریس بەجێ بێڵێ.

چەند لەحزەیەک هەموو بێدەنگ بوون. ئەوان چاوەڕوانیی چییان لەمن هەبوو. ئەمن ڕووم کردە تالیران بەڵام جارێکی دیکە فووشێ قسەکەی بەدەستەوە گرت.

-هەرچەند ئێمە خەبەرمان بە ژەنڕاڵ ناپلیۆن داوە کە حکوومەتو میللەتی فەڕانسە خوازیاری ڕۆیشتنی وین بەڵام ئەو هێشتا حازر نەبووە لێرە بڕوا. ئەو لە بەرامبەردا وەڵامێکی بەئێمە داوەتەوە کە تەنیا لە دەمێکی شڕو یاغی دەوەشێتەوەو ئەو گومانە لە مرۆڤدا پێکدێنێ کە مالمێزۆن شێتخانەیە. دوێنێ ژەنڕاڵ بوناپارت ئاجودانی خۆی کۆنت فلائۆی ناردۆتە پاریسو داوای کردوە فەرماندەریی پاشماوەی هێزەکان بەو بسپێردرێ تا دوژمن لە دەروازەکانی پاریس بکشێنێتەوەو جۆرێکی دیکە بلێین لافاوێکی دیکەی خوێن لەپاریس وەڕێ بخا.

زارم ڕەق ببوو. چەندجار تفم قووت دایەوە بەڵکوو خۆم لەوحاڵە ڕزگار بکەم بەڵام سوودی نەبوو.

فووشێ درێژەی پێدا:

-ئێمە ئەو پێشنیارەی ژەنڕاڵ بوناپارتیشمان ڕەت کردەوەو داوامان لێکرد چەندی زووترە بۆ بەجێهێشتنی فەڕانسە بچێتە بەندەری ڕووشێ. بەوحاڵە ئەمشەو ژەنڕاڵ بێکەری ناردە لای ئێمە. ژەنڕاڵ بێکەر هەر ئەو کەسەیە کە حکوومەتی فەڕانسە پێی سپاردوە پێویستییەکانی سەفەرێکی بێنارەحەتی بۆ ژەنڕاڵ بوناپارت ئامادە بکا. بەهەرحاڵ ژەنڕاڵ بوناپارت، بێکەری بە پەیامێکی تازەوە ناردۆتە لای ئێمە. لەو پەیامەدا ژەنڕاڵ بوناپارت داوا دەکا وەک ژەنڕاڵێکی سادە فەرماندەریی ئەو هەنگ (فوج)انەی پێ بسپێردرێ کە لەپاریس ماون تا بەرگری لەپاریس بکا. ئەو هەروەها گوتوویەتی پاش جێگیربوونی ئاشتی لەپاریس کە بەباوەڕی خۆی گومانی تێدا نیە، ئەویش وڵات بەجێ دێڵێ.

ئەمن هەروا بێدەنگ ڕاوەستابووم. پاشان تالیران ڕووی تێکردمو گوتی:

ئێمە هەتا بوناپارت نەڕوا هیچکارێکمان پێناکرێ. نە دەتوانین پاریسێ لە وەزەندیی دوژمن بپارێزینو نە دەرەتانی خۆبەدەستەوەدانمان هەیە. هێزەکانی هاوپەیمانان ئێستا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەیشتوونە ڤێرسایو ئێمە ئیدی دەرفەتێکمان بۆ لەدەستدان نیە پایەبەرز. ژەنـڕاڵ بوناپـارت دەبێ هەرئەمشەو مالمێزۆن بەجێ بێڵێو خۆی بگەیەنێتە ڕووشێفوور.

-بۆچی ڕووشێفوور؟

-ترسی ئەوەمان هەیە هاوپەیمانان داوای تەسلیمکردنی ژەنراڵ بوناپارت بکەن.

تالیڕان هەوڵی دا بەسەر باوێشکی خۆیدا زاڵ بێو ئەمجار لێی زیاد کرد:

-کاتێک ژەنراڵ بوناپارت دەستی لەکار کێشایەوە داوای دوو کەشتیی شەڕکەر لـە ناوگـان (أسطول)ی فەڕانسەی لێکردین تا پێیان لە فەڕانسە بڕواتە دەر. ئـەم کەشـتییانە ئێستا لـە بەندەری ڕووشێفوور ڕاوەستاون.

فووشێ جارێکی دیکە چاوی چووک کردنەوەو گوتی:

-جگە لەوە، هێزی دەریایی ئینگلیز تەواوی بەندەرەکانی داخستوەو ئەمن بیستم کە نـاوی شەڕکەری ئینگلیزی بلێرفوونیش لە بەندەری ڕووشـێفوورو لـە تەنیشت ئـەو دوو کەشـتییە ڕاوەستاوە.

هەستم کرد دەرفەتی گونجاو ڕەخساوە بۆیە تفم قووت دایەوەو گوتم:

-باشە، ئەمن دەتوانم چبکەم؟

تالیڕان بزەیەکی هاتێو وەڵامی دایەوە:

- پایەبەرز جەنابت وەک ئەندامێکی بنەماڵەی پادشایەتیی سوێد جێگەوپێگەیەکت هەیە کە دەتوانی لەلایەن هاوپەیمانانەوە قسە دەگەڵ ژەنراڵ بوناپارت بکەی.

لەحاڵێکدا تالیڕان قسەی دەکرد، فووشێ پاکەتێکی لاکومۆرکراوی لە گیرفـانی دەرهێنـاو گوتی:

- پایەبەرز ئەتۆ هەر لەوکاتەدا دەتوانی وەڵامی حکوومەتی فەڕانسە بە داخوازی بێمانای ژەنراڵ بوناپارتیش بۆ ئەو بەریەوە.

-بـەڵام پـێم وایـە باشـتر بـێ حکوومـەتی فەڕانسـە ئـەم وەڵامـە بـە یـەکێک لـە تەتـەرە ڕەسمییەکانی خۆیدا بنێرێتە مالمێزۆن.

فووشێ کە لە ڕقان دەلەرزی گوتی:

-ئەدی مەسەلەی چوونەدەری لە وڵات چیـی لـێدێ؟ یـان تەسلیمبوونی بـە هاوپـەیمانان؟ تەنیا بەم ڕێگایەدایە کە فەڕانسە دەتوانێ دەستی بگاتە ئاشتیو ئارامی.

لەسەرەخۆ سەرمم لەقاندو گوتم:

-ئێوە بەڕێزان تووشی هەڵە بوون. ئەمن تەنیا وەک خۆم لێرە دەژیم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–کچم هەموو ڕاستییەکەیان بەتۆ نەگوتوەو لێی ئاگادار نی...

ڕاچەنیم. یەکەمجار بوو گوێم لە دەنگی لافاییت دەبوو. دەنگێکی لەبەر دڵان کە دەگەیشتە قووڵایی رووحی مرۆڤ.

–ئەم ژەنڕاڵ بوناپارتە لە مالمێزۆن چەند یەکەی سەربازیی بەدەستەوەن. کەسانێکی گەنج کە ئامادەن هەموو کارێک بکەن... ترسی ئەوەمان هەیە ژەنراڵ بڕیارێک بدا کە نەکهەر بەرهەمێکی نیە بەڵکوو دەبێتە هۆی لەدەستچوونی گیانی چەندسەد کەسی دیکەش. بۆخۆت دەزانی کچم، گیانی چەندسەد کەس شتێکی چووکەڵە نیە.

چاوم بڕیبووە بەر پێی خۆم.

–ئورووپا نرخێکی گەورەی بۆ شەڕەکانی ژەنڕاڵ بوناپارت داوە؛ نرخێکی بەرامبەر دەگەڵ گیانی چەند ملیۆن مرۆڤ.

سەرم هەڵبڕیو لەسەر شانی وانەوە وێنەی ناپلیۆنی لاوم دیت. دەتگوت دەنگی خۆم لە دووریڕا دەبیسم. کە:

–ئەمن هەوڵی خۆم دەدەم بەڕێزان!

پاش ئەوەی هەموو شتێک بەخێرایی ئەنجام درا فووشێ نامە لاکومۆرکراوەکەی دایە دەستی منو گوتی:

– پایەبەرز ژەنڕاڵ بێکەرت لەگەڵ دەبێ.

–نا! ئەمن تەنیا ئاجودانە سوێدییەکەم دەگەڵ خۆم دەبەم.

تالیڕان لێی زیاد کرد:

–یەکەیەکی هێزەکانی گاردت لەگەڵ دەبێ.

–پێم وانیە مەترسییەک هەڕەشەم لێبکا. کۆنت ڕووزەن... تکایە بڵێ کالیسکەکە ئامادە بکەن ئێمە دەبێ تا مالمێزۆن بچین.

دڵم بەتوندی لێیدەدا. ئیبووت دەستەوانەکانمی وێدامو پرسی:

– پایەبەرز چکلاوێک لەسەر دەنێی؟

–کلاو...چکلاوێک... وا دیار بوو تالیڕان شتێکی دەگوت. ڕووم لەو وەرگێڕا، ژەنڕاڵ لافاییت لە نزیک ئەو دەرگایەی بە دیوی باغیدا دەکرایەوە ڕاوەستابوو، و لە کەلێنی پەنجەرە داخراوەکانەوە تەماشای دەرێی دەکرد. چوومە لای. بە دیتنی من گوتی:

–ڕۆڵە لەسەر ئیزنی خۆت لە باغی دادەنیشمو چاوەڕوانی تۆ دەبم.

–هەموو ڕۆژەکە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-هەموو ڕۆژەکەو لە تەواوی ئەو ماوەیەشدا بیر لەتۆ دەکەمەوە.

کۆنت ڕووزەن کە یۆنیفۆڕمە ڕەسمی‌یە شین‌وزەردەکەی دەبەر کردبوو، و قایش‌شمشێری تایبەتی جلکی ڕەسمیی لەسەریەوە بەستبوو گوتی:

-پایەبەرز کالیسکە حازرە.

ڕێگای مالمێزۆن لەپێش چاوم لە هەموو جاران کورتتر بوو. لە گەرمانو بۆئەوەی بتوانم هەناسە بدەم میچی کالیسکەکەم لادا. بەڵام دیسان سوودی نەبوو. ڕاست بەدوای کالیسکەکەدا سوارێک بە لینگدان دەهات. ئەو ژەنڕاڵ بێکەر، واتە ئەو کەسە بوو کە حکوومەتی فەڕانسە کردبوویە بەرپرسی ئاگالێبوونی ئیمپەڕاتۆری پێشووی فەڕانسە. هەر جارناجارێک کۆنت ڕووزەن بە سیلەی چاو تەماشایەکی منی دەکرد بەڵام تا گەیشتینە مالمێزۆن یەک وشەشمان قسە نەکرد.

لە نزیک مالمێزۆن ڕێگا بەسترابوو، و ئەندامانی گاردی نیشتمانی خەریکی چاوەدێری بوون. کاتێک ژەنڕاڵ بێکەریان ناسی، ڕێگایان کردەوە. دەرگای چوونەژووری باغیش لەلایەن سەربازانی تەواو چەکدارەوە دەپارێزرا. بێکەر لە ئەسپەکەی دابەزی‌و ئەوان ڕێگایان دا کالیسکەکە تێپەڕێ. جارێکی دیکە دڵەکوتەم گرتبوو، لەو پەشێوی‌یەشدا هەوڵم دەدا بەخۆم بسەلمێنم کە هیچ نەگۆڕاوەو وەک هەمیشە بە سەردانیک دەچمە مالمێزۆن، شوێنێک کە وەک بەری دەستی خۆم لێی شارەزا بوومو جێگای هەر نیوتەختێکو هەر بڕکەگوڵێکم دەناسی. جارێکی دیکە ئەو ئەستێرکە چووکەیەم دەدیتەوەو...

کۆنت ڕووزەن کۆمەگی کردم کە لە کالیسکەکە دابەزم. مێنوالم لەسەر پلیکانەکان دیتو دووکی ڤیسێنزاش لە پشتیەوە ڕاوەستابوو. چاوترووکانێک دواتر خۆم لەنێو کۆمەڵە ڕوخسارێکی ئاشنادا بینی کە دەوریان دابووم. ئوورتانس بەغاردان هاتە لام... و ژوولی. بە هەرزەحمەتێک بوو بزەیەکم هاتێ. ژوولی گوتی:

-چەند چاکت کرد هاتیە ئێرە.

ژۆزێفیش لێی زیاد کرد:

-چەند ڕێکەوتێکی خۆشە!

لە پەنا ژۆزێف چاوم بە لووسین کەوت کە بە چاوە نزیک‌بینەکانی بۆ منی دەڕوانی. بە دژواری بزەم هاتێ. خاتوو لیزیا لە پەنجەرە سپی‌و زەردەکەوە کە لێکرابۆوە دەستێکی بۆ ڕاوەشاندم. هەموویان بە دیتنم خۆشحاڵ ببوون.

-ژۆزێف!... ئەمن دەبێ... دەبێ هەرئێستا قسە دەگەڵ برایەکەت بکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–سوپاست دەکەم دێزیرە بەڵام دەبێ کەمێک ڕاوەستی. ئیمپەڕاتۆر چاوەڕوانی وەڵامێکی گرنگی ئەنجومەنی حکوومەتیی پاریسەو هەتا هاتنەوەی ئەو خەبەرە ناکرێ جاڕزی بکەین.

زارم دووبارە ڕەق ببوو.

–ژۆزێف!... ئەو پەیامو وەڵامە ئەمن بۆ برایەکەتم هێناوەتەوە.

–چپەیامێک؟

لە چاوترووکانێکدا دەمی هەموانیان بۆ پرسیارکردن داپچڕا. ژۆزێف، لووسین، ئوورتانس، ژوولی، مێنوال، ڤیسێنزا، ژەنڕاڵ بێرترانو ژێرۆم بوناپارت.

–دەبێ لەپێشدا بیدەم بە ژەنڕاڵ بوناپارت خۆی.

بە بیستنی دەربڕینی ژەنڕاڵ بوناپارت ژۆزێف بەجارێک ڕەنگی پەڕی.

–خاوەنشکۆ لەسەر نیوتەختەکەی بن چارداخێ دانیشتوە. خۆ شوێنی نیوتەختو چارداخەکەت لەبیرە دێزیرە؟

–ئەمن زۆر شارەزای ئێرەم.

ئەمەم گوتو وەرسووڕام کە بڕۆم، دەنگی مامزەم لە دوای خۆمەوە گوێ لێبوو. گوتم:

–کۆنت ڕووزەن تکایە هەر لێرە بە، ئەو ڕێگا کورتە بەتەنیا دەچم.

ئەو باریکە ڕێگا جوانانە کە ژووزفین بۆخۆی بەوردی ڕای کێشابوون باش شارەزا بوومو دەمزانی دەبێ بەکوێدا بڕۆم. بەڵام بەوحاڵە لەنەکاو خۆم لەپێش نیوتەختێکی سپی دیتەوە کە تەنیا جێی دانیشتنی دووکەس دەبوو، و ناپلیۆنیش ڕاست لەسەر ئەو نیوتەختە دانیشتبوو.

یۆنیفۆرمێکی سەوزی دەبەردا بوو، و قژە تەنکەکانی بە سەلیقەوە شانە کردبوون. ڕوخساری ڕەنگپەڕیوو گۆنا گۆشتنەکانیو چەناگە زەقەکەی کە خستبوونیە سەر دەستەکانی لە کەلێنی قامکەکانیەوە دەبینرانو بێئەوەی بیەوێ تەماشای گوڵەکان بکا، تێیانەوە ڕامابوو.

کاتێک ئەوم دیت لەنەکاو هەستم بە ئارامی کردو دەگەڵ ئەوە ترسی شیرنیی بیرەوەرییەکانی ڕابردووشم ڕەوییەوە. تەنانەت بۆ سەنگینترینو جیددیترین حاڵەت دەگەڕام بۆئەوەی سەرنجی وی ڕابکێشم. بەڵام دوایە گەیشتمە ئەو ئاکامە کە ئەمە هێندە گرنگ نیەو ئێمە دووکەس لە پەنا چارداخەکە تەنیا بووین... کەچی پێش ئەوەی ئەمن قسەیەک بکەم ئەو سەری وەرسووڕاند، جلە سپییەکانی منی دیتو لەبن لێوانەوە گوتی:

ژووزفین... ژووزفین...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام چونکە وەڵامێکی وەرنەگرتەوە، سەری هەڵبڕی. ئێستا ئەوەی لەبەر دەمی بوو ڕاستەقینە بوو. ئەو جلە سپییەکەی دی بەڵام منیشی ناسیەوە. بە گاڵتەو تامەزرۆییەوە گوتی:

-ئووژنی... هەربەڕاست ئەتۆ لێرەی؟

کەس گوێی لێنەبوو کە ئەو منی بە ئووژنی بانگ کردو کەسیش نەیدی کە ئەو لەسەر نیوتەختە چکۆڵەکە نەختێک جێگۆڕکەی کردو جێیەکی لەتەنیشت خۆی بۆ من کردەوە. کاتێک لە پەنای دانیشتم ئاوڕی وێدامو بزەیەکی هاتێ.

-لەمێژساڵە ئێمە لە پەنا یەکتر سەیری گوڵانمان نەکردوە.

چونکە ئەمن هەر بێدەنگ بووم، درێژەی دایە:

-لەبیرتە. نا ئووژنی؟

لەحاڵێکدا هێشتا بزەی لەسەر لێوان بوو، بەگومانی ئەوەی دەیەوێ ئەو موونە لابدا کە ڕژاونەتە سەر نێوچاوانی دەستی بۆ نێوچاوانی برد، مووەکانی لەمێژ بوو وەریبوونو ئێستا هیچی لەسەر نێوچاوان نەبوو.

-لەکاتی چاوەڕوانیدا پیاو دەتوانێ ڕابردووی وەبیر بێتەوە. ئەمنیش چاوەڕێی پەیامێکی حکوومەت بووم، پەیامێکی زۆر گرنگ.

نێوچاوانی تێکناو دوو قەڵشتی قووڵ لە هەردوو لای لووتی دەرکەوتنو چەنەگەی هەڵکشی.

-ئەمنیش فێر نەبووم چاوەڕوان بم.

-پێویست نیە چاوەڕێ بی ژەنراڵ بوناپارت. ئەمن وەڵامی حکوومەتم دەگەڵ خۆم هێناوە.

ئیدی خێرا نامەکەم لە کیفەکەم دەرکێشا. دەنگی شکاندنی مۆرەکەم گوێ لێبوو،و لە هەموو ئەوماوەیەدا کە خەریکی خوێندنەوەی بوو چاوم لێنەدەکرد.

-چڕوویداوە کە ئەتۆ ئەم نامەیەت بۆمن هێناوە خانم؟ حکوومەت ئەوەشی بەپێویست نەدەزانی کە ئەم پەیامە گرنگە بە وەزیرێک یان ئەفسەرێکی خۆیدا بۆ من بنێرێ؟و لەجیاتی ئەوە خانمێکی هەڵبژارد کە بەڕێکەوت بە سەردانێکی دۆستانە دەهاتە ئێرە.

-ئەمن نە میوانێکی بەڕێکەوتم ژەنراڵ بوناپارتو نە خانمێک کە نیازی سەردانێکی دۆستانەی بووبێ. ئەمن هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێدم، ژەنراڵ بوناپارت.

-جا ئەم دووانە چپێوەندییەکیان پێکەوە هەیە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–حکوومەتی فەڕانسە داوای لەمن کرد ئاگادارت بکەم کە هاوپەیمانان تەنیا لەحاڵێکدا خۆبەدەستەوەدانی پاریس قبووڵ دەکەن کە ئەتۆ فەڕانسەت بەجێ هێشتبێ. بۆ ڕزگارکردنی پاریس لە لەنێوچوونی زیاتر پێویستە هەر ئەمڕۆ  پاریس بەجێ بێڵی.

–ئەمن پێشنیار بە دەوڵەت دەکەم کە دوژمن لە دەروازەکانی پاریس بکشێنمەوە کەچی داخوازەکەم ڕەت دەکەنەوە!

–یەکەمین دەستەی سەربازانی هاوپەیمانان گەیشتوونە ڤێرسای. ئەتۆ دەتەوێ لێرەو لە مالمێزۆن بەدیل بگیرێی؟

–نیگەران مەبە خانم، ئەمن دەزانم چۆن بەرگری لەخۆم دەکەم.

–گرنگ ئەوەیە ژەنڕاڵ کە پێشگیری لە خوێنڕژانی بێهوودە بکرێ.

چاوەکانی چووک بوونەوە. بوونە تەنیا دوو خاڵی چووکەڵە.

–ئاوا...؟ ئەدی ئەگەر حکوومەتو شانازیی نیشتمانی بەوەوە بەسترابێ چی؟

لەدڵی خۆمدا بیرم لەو چەند ملیۆن کەسە کردەوە کە ڕاست بۆ ئەم شانازیی‌یە نیشتمانی‌یە بەکوشت درابوونو ئەوە کە ئەوانەی وەبیر بێنمەوە، بەڵام بۆخۆی لەمن باشتر ئاگاداری ئەمانە بوو. بۆیە ددانەکانم بەسەر یەکدا گرتن. ئەمن نەدەبوو سەرم لێبشێوێو دەبوو لەسەر نیوتەختەکە دانیشمو بەسەر خۆمدا زاڵ بم. بەڵام ئەو هەستایە سەر پێ، وەک هەمیشە کە حەزی دەکرد پیاسە بکا. بەڵام لەوێ جێیەک نەبوو پیاسەی لێبکاو ڕاست وەک قەوەزێک بوو. بەم فکرە کەوتمە لەرزین.

–خانم!

ئێستا ئەو بەرەوڕووی من وێستابوو، ئەوەندە نزیک کە ناچار بووم سەرم بەرمە دواوە تا بتوانم ڕوخساری ببینم.

–ئەتۆ دەڵێی حکوومەتی فەڕانسە پێی‌خۆشە ئەمن لێرە بڕۆم...و ... هاوپەیمانان چی؟

–هاوپەیمانان پێ لەسەر زیندانی‌کردنت دادەگرن ژەنڕاڵ.

چەند لەحزەیەک دەمنەوە ڕاما. پاشان ڕووی وەرگێڕاو پاڵی بە شوورەکەوە دا.

–لەم کوتەکاغەزەدا کە بەقسەی تۆ لەلایەن حکوومەتی فەڕانسەوە نووسراوەو ئەتۆ بۆت هێناوم جارێکی دیکە باسی ئەو کەشتی‌یانە کراوە کە لە بەندەری ڕووشێ فوورن. ئەمن دەتوانم سوار بمو کوێم پێ‌خۆش بوو بچم... خانم! حکوومەت بۆچی نامداتە دەستی هاوپەیمانان؟

–وابزانم... ئەوان بەمکارە ڕازی نین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروا کە ڕاوەستا بوو، جارێکی دیکە ئاوڕی دایەوە سەر منو تەماشای کردم.

-ئەمن هەر دەبێ سواری یەکێک لەو کەشتی‌یانە بمو بڵێم دەچمە کوێو...

-بەندەری ڕووشێفووریش وەک هەموو بەندەرەکانی دیکەی فەرانسە لە گەمارۆی هێزەکانی ئینگلیزدایە. ئەتۆ ناتوانی لە دەستیان دەرچی ژەنڕاڵ.

نە هاواری کردو نە لاقی بە زەوی‌دا دا، بەڵکوو زۆر هێمن لەتەنیشت من دانیشت. جێیەکە ئەوەندە چووک بوو کە گوێم لە دەنگی هەناسەی دەبوو. هەناسەیەک کە سەرەتا بەزەحمەت دەهاتە دەرێ.

-چەند لەحزە پێش کە تۆم بینی‌و ناسیمیەوە بۆ چەند دەقیقە هەستم کرد کە گەڕاومەوە ڕۆژگاری لاوەتی. بەڵام بەهەڵە چووم... پایەبەرز.

-بۆچی؟ ئەمن هێشتا بەڕوونی ئەو شەوانەم لەبیرن کە پێکەوە پێشبڕکێمان دەکرد. ئەتۆ ژەنڕاڵ بووی، ژەنڕاڵێکی لاوو لەبەردڵان.

دەتگوت لەخەودا قسە دەکەمو وشەکان لەخۆوە لە زارم دێنە دەر. هەوا گەرم بوو. بێدەنگی‌و بۆنی خۆشی گوڵەکان فەزای پڕ کردبوو.

-جاری واش بوو دەرفەتت دەدامێ کە سەرکەوم بەڵام بێگومان لەمێژە ئەمانەت لەبیر چوونەوە.

-نا ئووژنی، نا!

-جارێکیشیان بەتڵێک لە شەوێ ڕابردبوو،و ئەوکاتە کە چیمەنەکانی باغی تاریکایی دای‌پۆشیبوون، ئەتۆ بەمنت گوت کە ئاگات لە چارەنووسی خۆت هەیە. ئەو کاتەو لەبەر شۆقی مانگەشەو ڕوخساری تۆ زۆر سپی‌و ڕەنگپەڕیو بوو. ئەوە یەکەمجار بوو کە لێت ترسام.

-ئەوە یەکەمجاریش بوو کە ئەمن...

بزەیەکم هاتێ.

-ئەتۆش بیرت لە جیازەکەی من دەکردەوە ژەنڕاڵ...

-نا. هەر ئەو نا ئووژنی. باوەر کە هەر...

ئەمجار دووبارە بێدەنگ بووینەوە. هەستم کرد بە سیلەی چاو تەماشام دەکا. دیار بوو شتێکی بە مێشکدا دەهاتو بیری لە کارێک دەکردەوە. دەستەکانم ڕێکگوشین‌و بیرم کردەوە؛ گیانی چەند سەدکەس شتێکی کەم نیە ڕۆڵە... ئەگەر توانیبام دوعا بکەم بێگومان دوعام دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– ئـەدی ئەگـەر نـەهێڵم بـەدیلم بگـرنو زینـدانیم بکـەنو بۆخـۆم بـۆ تەسـلیمبوون دەستپێشخەر بم بە زیندانی‌یەکی شەڕ دادەنرێم...؟

–ئەمن نازانم.

–دوڕگەیەک؟ دوڕگەیەکی دیکە. لەوانەیە دوڕگەیەک بێ لە ئوقیـانووس بـەناوی سـەنت هێلێن کە لە کۆنگرەی ڤییەن پێشنیاریان کردبوو.

ترسی لە چاواندا دەبینرا... لە هەموو ڕوخساری‌دا... داخوا دەی‌نێرنە سەنت هێلێن...؟

–نازانم. سەنت هێلێن لەکوێیە؟

–لەوبەر لمبۆزەی ئێمید نیک. لە زۆر دوور ئووژنی!

–بەڵام ئەمن بام ژەنڕاڵ هەرگیز ڕێگەم نەدەدا بەدیلم بگـرن هـەرگیز. پـێم باشـتر دەبـوو بۆخۆم وەپێش کەوم، بە دڵخواز.

ئەو جارێکی دیکە داهاتەوەو چاوەکانیی هەڵگلۆفین؛ کـە هێشـتا شـوێنەواری نیگـەرانی‌و ترسیان تێدا بەدی دەکرا. لەجێی خۆی هەستا. بەڵام نەبزووت. گوتم: ئەمن دەمەوێ بڕۆم.

ئەمەم گوتو بێ‌جووڵە لەجێی خۆم مامەوە. سەری هەڵیناو پرسی:

–دەچیە کوێ؟

–دەچمەوە پاریس. ئەتۆ نە وەڵامی هاوسەری وەلی‌عادی پادشـای سـوێدت دایـەوەو نـە وەڵامی پرسیاری حکوومەتی فەڕانسە. دیارە هێشتا وەختت هەیە... هەتا ئەمشەو.

بە دەنگێکی بەرز دەستی کرد بە پێکەنین. پێکەنینەکەی ئەوەندە دوور لە گومان بـوو کـە بەخۆم نەبوو هەنگاوێک کشامەوە.

–داخوا نابێ بێڵم زیندانیم بکەن؟ نە لێرەو نە لە ڕووشـێ فـوور؟ یـانی دەبـێ پێشگیری لەو کارە بکەم؟

لە هەموو ئەو ماوەیەدا دەستی لەسەر دەسکی شمشێرەکەی بوو.

–بگرە. ئەمەم لێ‌وەرگرە ئووژنی. شمشێری واتێرلوو وەرگرە!

بە دوودڵی‌یەوە دەستم درێژ کرد.

–وریا بە دەست لە تیغەکەی نەدەی.

بەترسـەوە دەسـکی شمشـێرەکەم لـە دەسـتمدا گوشـی‌و بەترسـەوە چـاوم بڕیبـووە ئـەو شمشێرە کە بەدەستمەوە بوو. ناپلیۆن لەجێی خۆی هەستا.

–لە ئێستاوە ئەمن خۆم دایە دەست هاوپەیمانانو خۆم بە دیلێکی شەڕ دەزانم. داب وایە کـە کـابرا شمشـێرەکەی دەداتـە دەسـتی ئـەو ئەفسـەرەی بـەدیلی گرتـوە. ڕەنگـە ڕۆژێـک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێرنادۆت ئەمەت بۆ ڕوون بکاتەوە. ئەمن شمشێری خۆم دایە دەستی هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد چونکە... چونکە گەیشتووینە ئاخری پەڕژینەکە ئووژنیو ئەتۆش بردتەوە.

—بەڵام ئەمن ناتوانم داستانی پەڕژینەکە بۆ حکوومەتی فەڕانسە ڕوون بکەمەوە. ئەوان لە ماڵێ چاوەڕوانی وەڵامی منن ژەنراڵ بوناپارت.

—ئای. ئەوان چاوەڕوانن... بەڵێ چاوەڕوانن. بەڕێز تالیرانو بەڕێز فووشێ لە ماڵەکەی تۆ چاوەڕوانن تا جارێکی دیکە فەڕانسە باوێنەوە باوەشی بووربوونەکان.

—نا! لافاییت چاوەڕوانە!

—ئووژنی! شمشێرەکە وەک چەتر بەدەستەوە مەگرە.

—باشە، وەڵامی تۆ بۆ حکوومەت ژەنراڵ؟

—شمشێرەکەی منیان نیشان بدەو بڵێ کە ئەمن خۆم وەک دیلێکی شەڕ تەسلیمی هاوپەیمانان کردوەو تا سەعاتێک ...نا دوو سەعاتی دیکە دەڕۆم بۆ ڕووشێ فوورو لەوێڕا نامەیەک بۆ کۆنترینو باشترین دوژمنی خۆم دەنێرم؛ بۆ جێگری پادشایەتیی ئینگلیز. لەمەودوا چارەنووسی من بەدەستی هاوپەیمانان دەبێ.

ناپلیۆن تاوێک ڕاوەستاو درێژەی پێدا:

—هەرچۆنێک بێ کەشتییەکان دەبێ لە ڕووشێ فوور چاوەڕێ بن.

—ئەوان لە بەندەرو لە تەنیشت کەشتیی ئینگلیزیی بلێرفوون لەنگەریان گرتوە.

چاوەڕوانی وشەیەک بۆ ماڵئاوایی بووم. بەڵام ئەو هیچی نەگوت. وەرسووڕامو لەوێ دوور کەوتمەوە.

—خانم!

تەماشایەکی دەوروبەری خۆمم کرد.

—خانم! دەڵێن هەوای سەنت هێلێن زۆر ناخۆشە. داخوا دەتوانم هیوادار بم کە ئینگلیستان شوێنی مانەوەی من بگۆڕێ؟

—ئەتۆ بۆخۆت گوتت کە سەنت هێلێن لەوبەر لمبۆزەی"ئێمید نیک"ە.

ئەو چاوی بڕیبووە فەزای پێش خۆی.

—دوای دەستلەکارکێشانەوەی یەکەمم هەوڵم دا لە فۆنتین بلوو خۆم بکوژم... بەڵام هێشتا پیاڵەی تەمەنم پڕ نەببوو،و نەجاتیان دام. لە سەنت هێلێن وەسیەتنامەی خۆم دەنووسم. ڕەنگە ئەتۆ هیچکاتێک نەکەوتبیە سنووری مەرگو ژیان خانم!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەو شەوەی ئەتۆ بوویە دەزگیرانی ویسکۆنتێس بووئارنـە هـەولْم دا خـۆم فـڕێ دەمـە نێو [ڕووباری] سێن.
ڕوانینی لەسەر من ڕاوەستا.
–ئەتۆ... ئەتۆ هەوڵت دا... و کێ نەجاتی دای ئووژنی؟
–بێرنادۆت منی کێشایە دواوە.
بە سەرلێشێواویو پەرێشانی سەری ڕاوەشاند.
–سەیرە! بێرنادۆت تۆی کێشایە دواوەو ئەتۆش دەبیە شاژنی سوێد. ئەمن شمشێرەکەم دەدەم بەتۆ. شمشێری واتێرلوو... باوەڕت بە چارەنووس هەیە؟
–نا. تەنیا ئەو ڕووداوانە کە پێشبینی ناکرێن.
ئەمجار دەستم بۆلای درێژ کرد.
–ئووژنی! بەنێو ئەو پەرژینانەدا ڕێگاکە دەدۆزیەوە؟
سەرمم بەنیشانەی "بەڵێ" لەقاند.
–بە برایەکانم بڵێ هەموو شتێک بۆ ڕۆیشتنی مـن ئامـادە بکـەن، پـێش هـەمووان جلکە مەدەنیـیەکانم. ئێـستا ئیـدی دەمـەوێ لێـرە تـەنیا بـمو دەزگیرانـەتیمان... تـەنیا... بـۆ جیازەکە نەبوو. ئێستا برۆ ئووژنی. زوو برۆ. پێش ئەوەی پەژیوان ببمەوە.
ئەمن خێرا وەڕێ کەوتم، دەتگوت ئەو باریکەڕێیەی نێوان پەرژینەکان تەواوبوونی نیـە. خۆرەتاوێکی گەرم بوو. نەکهەر لقێک بەڵکوو گەڵاداریێکیش نەدەبزووت. هـیچ باڵندەیـەک نەیدەخوێندو ئەمن دەستم لەسەر شمشێرەکە بوو. لـەدڵی خـۆمدا گـوتم بێگومـان هـەموو شتێک تەواو بوو. ئەمن شمشێربەدەست جلـە سـپییەکەم بـە لەشمەوە چەسپابوو. چـاوم دەڕەشەوە دەهاتنو گوڵی سووری ڕەنگاوڕەنـگ،و هـەروەها گوڵـە سـپییەکان [دیمـەنێکی دڵگریان هەبوو]. ئەو چەندی حەز لە گوڵی سپی بوو. دەستم کرد بە غاردان. پەنجەرەیەک کرایەوەو گوێم لە دەنگی ژوولی بوو.
–چەندی پێوە خرا؟
بەڵێ زەمانێکی بەقەدەر تەمەنێک غارم داو غارم دا. ئەوان لەسەر پلیکانـەکان چاوەڕێی مـن بـوون. برایـەکانی، ڕووزەن بـە قایششمشـێری بریقـەدارەوەو بێکـەر بـە یۆنیفۆڕمـە تاریکەکەیەوە. بەڵام هیچیان لەجێی خۆیان نەبزووتن. ڕاست وەک پەیکەری مۆمیـاییکراو ڕاوەستابوونو دە منەوە ڕامابوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان لەڕاستیدا نەک دە منەوە بەڵکوو دە شمشێرەکەوە ڕامابوون. لەغاردان وەستامو هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا. کۆنت ڕووزەن دەستی هێنا شمشێرەکەم لێوەرگرێ. سەرم بەنیشانەی نارەزایی ڕاوەشاند. ئەوانی دیکە لەجێی خۆیان نەبزووتن.

–ژەنڕاڵ بێکەر!

–بەڵێ پایەبەرز لەخزمەتدام!

–ژەنڕاڵ بوناپارت بڕیاری دا خۆی بداتە دەستی هاوپەیمانان. ژەنڕاڵ شمشێرەکەی دا بەمن، دیارە وەک هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد. تا دووسەعاتی دیکە ژەنڕاڵ بوناپارت پاریس بەرەو ڕووشێ فوور بەجێدێڵێ.

لەسەر پلیکانەکانەوە دەنگی پێیەک هاتە بەر گوێو خانمێک لە بنەماڵەی بوناپارت هاتە گەڵ ئێمە.

–ناپلیۆن!!

خاتوو لیزیا بە بردنی ئەو ناوە دەستی بەگریان کرد.

–دوو سەعات... تەنیا دوو سەعاتی دیکە.

ژۆزێف بەقامکی خۆی قۆڵی ژوولیی دەگوشی.

–ئەمن دەگەڵ برایەکەم دەڕۆم ژەنڕاڵ بێکەر.

وەبیرم هاتەوە کە ئەو ڕقی لە ناپلیۆن بوو، ئەگەر وا نەبایە دەگەڵی نەدەچووە ڕووشێ فوور.

ژەنڕاڵ بێرتران بە دەنگێکی ئارام شتێکی بە ژۆزێف گوتو گوێم لێبوو کە دەیگوت:

–دووهەنگ ئامادەی فەرمانوەرگرتن لە خاوەنشکۆن.

–ژەنڕاڵ بوناپارت دەیەوێ فەڕانسەی لەو شەڕە نەفرەتییە نەجات بدا. پێشی ئەنجامدانی ئەو کارەی لێمەگرن.

جارێکی دیکە لەشم کەوتە لەرزینو چاوم دە ڕەشەوە هاتن. لە نزیک من ژوولی بە هەنیسکدان دەگریا. خاتوو لیزیا پرسی:

–ئەرێ ناپلیۆن شتێکی خواردوە؟ ئەو ڕێیەکی دووری لەبەرە.

ئیدی هیچم گوێ لێنەبوو. هێندێ دەنگی ناڕوونم دەهاتنە بەر گوێو هاشەهاشم لە گوێی دەهات. هەرچۆنێک بوو خۆم خڕ کردەوەو گوتم:

–ژەنڕاڵ بۆئەوەی ئامادە بێ پێویستیی بە جلی مەدەنی هەیە. ئێستاش دەیەوێ کەمێک بەتەنیا بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نازانم چۆن سواری کالیسکەکە ببووم. کاتێک بە دەنگی تەگەرەکانی چاوم هەڵێنانو جادەکەم بینی دیتم گیاجاڕەکانو دارو دەوەنەکان هەروەک جاران بوون. سەیر بوو. شنەبایەک هەڵیکردبوو، هەوا وەک سوورەگوڵ بۆنخۆش بوو. کۆنت ڕووزەن شمشێرەکەی لەنێو قامکە ڕێکگوشراوەکانم دەرهێناو لەپەنا من بەسووچێکی کالیسکەکەی هەڵپەسارد. لەنەکاو ڕووداوێک قەوما. نازانم بۆچیو بە چهۆیەک لە چاوترووکانێکدا سەرمم بردە دواوە. بەڵام بەهەرحاڵ وام کردو بەدوای ئەوەدا گوێم لە هاواری خۆم بوو. بەردێکی زۆر نووکتیژ وەئەژنۆم کەوت...

ڕووزەن بە هاوارکردن بەزمانی سوێدی شتێکی بە یووهانسۆن گوتو ئەویش قەمچیی لە ئەسپەکە ڕاکێشا. دووەمین بەرد لە تەگەری دواوەی کالیسکەکە درا. ڕووزەن ڕەنگی بە ڕووانەوە نەما.

– پایەبەرز سوێند دەخۆم هەرکەس بێ بیدۆزمەوە.

–بۆچی؟ ئەمە شتێکی گرنگ نیە.

–گرنگ نیە؟ بەردپێدادانی هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد گرنگ نیە؟

ئەو بەردە بە هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێددا نەدرا بەڵکوو گیرایە هاوسەری مارشاڵ بێرنادۆتو کەسێکی واش لەمێژە نەماوە.

هەوا بەرەو تاریکی دەچوو،و شنەبایەکە ئارامترو فێنکتر ببوو. ئەمن دەمتوانی هەناسە هەڵکێشم. سوارێک پێمان گەیشتەوەو تێپەڕی. بێگومان تەتەری ژەنراڵ بێکەر بوو کە خەبەری تەواوبوونی بەسەرهاتەکەی بۆ دەوڵەت دەبرد. لە پەنجەرەی کالیسکەکەوە داهاتمەوەو ڕوانیمە ئاسمانی ئێواران. یەکەمین ئەستێرە دەدرەوشا. تەواو بوو... بەڵێ هەموو شتێک تەواو بوو. پێم وانەبوو جارێکی دیکە بتوانم لەم کالیسکەیە دابەزمو کارێک بکەم.

کاتێک گەیشتینەوە دەوروبەری شار، هەوا تەواو تاریک ببوو. خەڵک لەپێش ماڵەکان کۆ ببوونەوەو پێکەوە سرتەو خەڵوەیان بوو. حەتمەن ئێستا ناپلیۆن جلە مەدەنییەکانی دەبەر کردبوونو بەرەو کەنداو دەڕۆیشت. دایکی خواردنێکی بۆ توێشووی ڕێگای ئامادە کردبوو. ئەو دەڕۆیشتو پاریس ڕزگاری دەبوو.

لە نزیک شەقامی ئانژوو دەگەڵ ئاپۆرای خەڵک بەرەوڕوو بووین. بەناچار ڕاوەستاین. دەنگی هەڵلاو هەنگامەیەک لە شەقامەوە دەهاتە بەر گوێ. لەنەکاو کەسێک هاواری کرد:

–هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم دەنگە دووپاتە بۆوەو وەک گەردەلوولێک بە شەقامدا تێپەڕی. ژاندارمەکان حەشیمەتەکەیان دوور خستەوەو ئەسپەکان چوونە پێشەوە. لەپێش ماڵێ مەشخەڵەکان داگیرسابوونو دەروازەی ماڵێ کرابۆوە. کالیسکە ڕاستەڕێ چووە ژوورێو دەسبەجێ دەروازە لە پشتمانەوە پێوە درا. هەڵلاو هەنگامەی دەرێ وەک گرمەی شەپۆلە دوورەکانی دەریا دەچوو.

وەختێک لە کالیسکە دابەزیم لە ئەژنۆمدا هەستم بە ژانێکی لەتوانابەدەر کرد. بە شەلەشەل چوومە ژوورێ. ساڵۆنەکە وەک ڕۆژ ڕووناک بوو، و هەموو دەرگاکان کرابوونەوە. بۆ ساتێک چاوم بۆ هەڵنەهات. جێی باوەڕ نەبوو.

–بەناوی فەڕانسەوە سوپاست دەکەم هاونیشتمان.

لافاییت هاتەلام. چاوەکانی لەنێو سەدان چرچولۆچدا پێدەکەنین. دەستی خستە سەر قۆڵمو بردمی بۆ لای ژوورێ. لەبن لێوانەوە گوتم:

–ئەو هەموو خەڵکە کێن؟

–نوێنەرانی هەڵبژێراوی خەڵکن، ڕۆڵە!

–میللەتی گەورەش بەناچار نوێنەری زۆرن پایەبەرز.

ئەمە دەنگی تالیران بوو کە ڕەگەڵمان کەوت. لەدوای ئەو فووشێ کە شریتێکی سپیی لەسەر سنگ بوو، ڕاوەستابوو. ئەو هەموو نوێنەرەی میللەت بۆ ڕێزلێنان سەریان دانواندو بێدەنگییەکی خنکێنەر سێبەری بەسەر وێ کێشا. تەنیا دەنگی گرمەی شەپۆلە خرۆشاوەکانی دەریا بوو کە لە شەقامو لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە بەر گوێ دەکەوت.

–ئەو خەڵکەی لەشەقام کۆبوونەوە چی؟ ئەوان چاوەڕوانی چین؟

فووشێ بە درەنگەوە وەڵامی دایەوە:

ئەم دەنگۆیە لەنێو خەڵک بڵاو بۆتەوە کە پایەبەرز لە هەوڵی وتووێژدایەو خەڵکی پاریس چەند سەعاتە چاوەڕێی هاتنەوەی پایەبەرزن.

–بە خەڵکی بڵێن کە ئیمپ... ژەنڕاڵ بوناپارت خۆی داوەتە دەستی هاوپەیمانانو فەڕانسەی بەجێهێشتوە. کەوایە ئەوان دەتوانن بچنەوە ماڵەکانیان.

جارێکی دیکە گوێم لە دەنگی لافاییت بوو کە دەیگوت:

–ئەوان دەیانەوێ تۆ ببینن هاونیشتمان.

–من؟ من ببینن؟

لافاییت بەنیشانەی پشتڕاستکردنەوە سەری لەقاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-جەنابت... جەنابت کە ئاشتیت بۆ بەدیاری هێناین. تەسلیمبوونی پێتەخت بەبێ خوێنو خوێنڕشتن. ئەتۆ ئەرکی خۆت بەباشی بەئەنجام گەیاند، هاونیشتمان.

بە سەرسامی سەرمم ڕاوەشاند. نا.نا. ناتوانم. ئەمە... بەڵام لافاییت قۆڵی بەر نەدەدام.

-خۆت بە خەڵک نیشان دە هاونیشتمان. ئەتۆ ژیانی ئێمەت نەجات دا. دەتوانم هەتا بەر پەنجەرەت دەگەڵ بێم.

بەناچار داواکەیم قبووڵ کرد تا بمگەیەنێتە ژووری نانخواردن. پەنجەرەیەکی ڕوو بە شەقامی ئانژوو بە تەواوی کرابۆوە. دەنگی هاوار لە جەرگەی تاریکایی هەڵدەستا. لافاییت چووە لای پەنجەرەکە، باسکی لێک کردنەوەو دەستی بۆ خەڵکەکە ڕاوەشاند. هاوارەکە بێدەنگ بوو. دەنگی پیرەپیاو وەک دەنگی شەیپوور زرینگایەوە:

-هاونیشتمانان! ئاشتی دابین بوو. ژەنراڵ بوناپارت وەک دیلی شەڕ خۆی بەدەستەوە داو خاتووونێک...

ئەمن لەبن لێوانەوە گوتم:

-چوارپێچکەیەک.

ڕووزەن بە سەرسوڕماوی پرسی:

-چی؟

-چوارپێچکەیەک. باڵای من بۆ هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد زۆر کورتە.

ئەمەم گوتو ژووزفینم وەبیر هاتەوە. ژووزفین... ژووزفین...

-خاتوونێکو هاونیشتمانێک کە لەلایەن خەڵکێکی شەیدای ئازادییەوە لە دوور، لە شیمال وەک شازادەخانم هەڵبژێراوە، بەڵێ ناپلیۆن شمشێری خۆی، شمشێری واتێرلووی تەسلیمی ئەو خاتووونە کرد.

دووبارە هاوارەکان لە قووڵایی تاریکییەوە بەرز بوونەوە. لافاییت بە ئارامی وەلا کەوت. چوارپێچکەیەک لەپێش پەنجەرەکە هەبوو.

بەهەردوو دەست شمشێرەکەم بەرز کردەوە. مەشخەڵەکان داییسانو تاریکایی لەبن پێمدا ڕاخرابوو. ئەودەم توانیم لە قسەی وان حاڵی بم. لێکڕا هاواری یەک شتیان دەکرد؛ (نۆتردام دولا پەی) فریشتەی ئاشتیمان. وردەوردە هاوارە ناڕێکەکان یەکیان گرتو دووبارە بەرز بوونەوە؛ نۆترڕدام دولا پەی. نۆترڕدام دولا پەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروا ڕاوەستابووم‌و فرمێسک بە ڕوومەتمدا دەهاتنە خوار. لافاییت کشایەوەو لافاییتی لاوی وەپێش خۆی دا. پیرەپیاو مۆمدانێکی بەدەستەوە گرت‌و یۆنیفۆڕمی شین‌و زەردی خستە بەر شۆقی مۆمەکە. ئەمجار دەنگێکی دیکە بەرز بۆوە: "هەر بمێنی سوێد". لەم کاتەدا ئالای سوێد لەسەر دەروازەی ماڵێ دەستی بە شەکانەوە کرد. شووبای شەو بەتەواوی خستیە شەکانەوەو شکۆدارتری کرد. زۆر پاش هاتنەخواری من لەسەر چوارپێچکەکەو پێوەدرانی پەنجەرەکە هێشتا هاواری "نۆترِدام دولا پەی" دەهاتە بەر گوێ. لە سالۆنی ماڵەکەی خۆم ڕاوەستابووم بەڵام هەستم بە غەریبی‌و تەنیایی دەکرد. نوێنەرانی میللەت ببوونە دەستەی چەند کەسی‌و پێم وابوو پێکەوە خەریکی دەمەتەقەن. نەفەرێک گوتی:

–تالیران وتووێژی ئاشتیی دەست پێکردوە.

یەکی دیکە لێی زیاد کرد:

فووشێش بەدزی تەتەرێکی ناردۆتە لای لوویی‌یە قەڵەو.

بەڵام مخابن ئەم کۆمەڵە بەنیاز نەبوون ماڵەکە بەجێ بێڵن. شمشێرەکەم لەسەر مێزێک دانا، کە لەبن وێنەی کونسوولی یەکەم بوو. ماری مۆمی تازەی دە مۆمدانەکان هاویشت. ئەو جلە هەریرە شینەکەی دەبەر کردبوو.

–ماری... پێم وایە دەبێ شتێک بدەینە ئەم میوانانە. پێت وانیە ئەو پەرداخانەی بۆ شەربەتمان ئامادە کردبوون بەکەلک بێن؟ کەمێکیش بڕەندی.

–ئەگەر زووترت پێ‌گوتبام هێندێک شیرنییشم دروست دەکرد. چونکە ئێستا ئاردێکی زۆرمان پاشەکەوت هەیە.

بەڵێ. کیسە ئاردەکانی نێو ژێرخانەکە. هێشتا دەنگی هاوارم لە شەقامەکانەوە بەر گوێ دەکەوت.

–ماری، ئەوخەڵکەی لەو خوارە خڕ بوونەوە چەند ڕۆژە برسین. کیسە ئاردەکان لە ژێرخانێ بێنە دەرو بە ئاشپەزەکە بڵێ بیان‌باتە نزیک دەرگا. ژاندارمەکانیش کۆمەگتان دەکەن. هەرکەس چەندی ئارد پێ‌دەچێ بیدەنێ. لە دەسرۆکەدا، لە ملپێچەکەی‌دا یان...

–ئووژنی! چما شێت بووی؟

دە دەقیقە دواتر نوێنەرانی میللەت خەریکی بڕەندی‌خواردنەوە بوون‌و دەنکە پەرداخەکانیان بەم‌لاولادا فڕی دەدان. ئەژنۆم ئەوەندە دێشا کە توانای بیرکردنەوەم نەبوو. بە شەلەشەل بەرەو دەرگا چووم بەڵام تالیران سەرڕیی پێ گرتم:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- پایەبەرز لاقت بریندار بووە؟

-نا.نا. تەنیا ماندووم جەناب.

ئەو چاویلکەکەی جوولاند.

-گۆیا دۆستی کۆمارخوازی ئێمە مارکی لافاییت لەکۆنەوە خۆشەویستی پایەبەرز بووە.

ڕاوێژی قسەکەی ناخۆشو ئازاردەر بوو. بۆیە بەتوندی وەڵامم دایەوە:

-ئەو تەنیا پیاوی نێو ئەم سالۆنەیە کە دەستپاکە.

-حەتمەن پایەبەرز. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا ئەو بۆخۆی لە باخچەی سەوزیچاندندا خەریکی کار بووەو دەستەکانی بە پاکیو بێگوناحی شوتوونو ئێستا پاکپاکن. ئەو دەستانە دەڵێم پایەبەرز.

-خەڵکی بێدەنگو هەرا هەمیشە...

-باشترین پەیڕەوانی دیکتاتۆرەکانن.

هێشتا لەپشت پەنجەرە پێوەدراوەکانەوە دەنگی هەنگاوەکانو فەرمانی ژاندارمەکان دەهاتە بەر گوێ. گوتم:

-خەبەرێک نیە خەریکن ئاردی دەبەشنەوە.

-ڕۆڵە ئەتۆ چەند دلۆڤانی... لەپێشدا ئاشتیت بۆ بە دیاری هێنانو دوایەش خواردن بۆ ئەوەی لە برسیەتی ڕزگاریان بێ. لافاییت لە پەنامان ڕاوەستابوو،و چاوە شینەکانی میهرەبانانە تەماشای منیان دەکرد.

چەند لەبەر دڵانو چەند زیرەک!

تالیران دەگەڵ گوتنی ئەم ڕستەیە بزەیەکی لەسەر لێو بوو، پەرداخێکی لە خزمەتکارەکە وەرگرتو لێی زیاد کرد:

-وڵاتێکی چووکەڵە بە دواڕۆژێکی گەورەوە... لەپێشدا وتوویژی ئاشتیو دوایە بەشینەوەی خواردن.

ئەو پەرداخەکەی بەرەو من ڕاگرت. بەیادی سوێد پایەبەرز.

ئەو کارە وەبیری هێنامەوە کە لە بەیانیی ئەورۆژەوە هیچم نەخواردوەو بەو گەدە بەتاڵەوە نەمدەوێرا بڕەندی بخۆمەوە. لەم کاتەدا سەرنجم دا کە فووشێ نیازی هەڵگرتنی شمشێرەکەی هەیە. لەحاڵێکدا بە شەلەشەل بۆلای دەچووم هاوارم کرد!

-نا! دەستی لێ نەدەی. بەحاڵەتێکی دژبەرانەوە گوتی:

-بەڵام حکوومەتی فەڕانسە...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ یەکەم جار بریسکەیەکم لە چاوانیدا بینی، بریسکەی چاوچنۆکیو تەماعکاری.

–شمشێر دراوە بە هاوپەیمانان نەک بە حکوومەتی فەڕانسە. ئەمن ڕایدەگرم تا ژەنڕاڵ بلووخەرو ژەنڕاڵ ڤیلینگتۆن بڕیاری لەسەر دەدەن.

جارێکی دیکە شمشێری واتێرلووم وەک چەتر بەدەستەوە گرتو پاڵم وێدا. لەوانە بوو پەڕۆی سارد بتوانێ ژانی ئەژنۆم بشکێنێ. چاوێکم لەوێنەی کونسوولی یەکەم کرد. دەتگوت بە سەرکۆنەوە دەو کۆمەڵەوە ڕاماوە.

پیاوە ئارامەکان بەدوور لە کێشەی وڵات دەمەقاڵە دەگەڵ خائینانی کۆماریان درێژە پێدا. لە درێژایی ڕێگاداو تا گەیشتمەوە ژوورەکەم گوێم لە وتووێژەکانیان بوو. ئەژنۆم شینو ئاوساو بوو. ماری لەحاڵێکدا سەری ڕادەوەشاند جلەکانمی کە شەڵاڵی ئارەق بوون لەبەر داکەندم. شەقام بێدەنگ بوو،و ئەمن دەستم بە نووسینی بیرەوەرییەکانم کرد. ئێستا دەفتەرەکەش گەیوەتە دواپەڕەی خۆی. باوکە گیان! لافاییت گەیوەتە سەردەمی پیریو ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤ هەروا لەسوێدە.

لە هاتنەوەی ناپلیۆن لە ئالباوە نەوەد یان نەوەدوپێنج ڕۆژ زیاتر نەگوزەراوە، لەوانەشە ڕاست سەد ڕۆژ. سەد ڕۆژ، سەد ڕۆژێکی تاهەتایی... ئەمنیش تەنیا سیوپێنج ساڵم تەمەنە. ژان باتیست لە شەڕی لایپزیکدا مردو دێزیرەی گەنج لە چارداخی مالمێزۆن. ئەم دوو بێگانەیە چۆن دەتوانن جارێکی دیکە لەپەنای یەکتر ژیان دەست پێبکەنەوە؟

باوکە گیان باوەڕ ناکەم ئیدی شتێک لە دەفتەری بیرەوەرییەکانمدا بنووسم.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەشی چوارەم
# شاژنی سوێد

## ٥٩

**پاریس، فێوریەی ١٨١٨**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا چارەنووسی من ڕەنگی ڕاستەقینەی بەخۆوە گرتوە. هەرچەند لەمێژساڵ بوو هاتنی ئەم ڕۆژەم پێشبینی دەکرد. بەڵام هەرگیز توانای بەرەوڕووبوونەوەیم نەبوو. کەچی ئەمڕۆ ڕۆژەکەیەو ئەمنیش کارێکم لەدەست نایە. کارێکە کراوەو کووپەیەکە شکاوە.

لەپشت پیانۆ دانیشتووەو خەریکی لێدانی یەکێک لەو ئاوازانەم کە ئۆسکار تازە دای‌ناون. شەرمەزار لەو هەموو پارەیەم کە ژان باتیست بۆ پیانۆفێربوونی منی خەرج کردبوونو هەروەها ئەو دەرسانەی دابوشوێنی کۆمەڵایەتی. جارێکی دیکە قامکەکانم لەسەر کلیلەکانی پیانۆ داگرت. ڕاست لەوکاتەدا خەبەری هاتنی باڵیۆزی سوێدیان پێ‌دام کە دیارە شتێکی تازە نەبوو،و جاروبار سەری دەدام. پاش‌نیوەڕۆیەکی گیرو باراناوی بوو... زۆریش بۆ خواردنەوەی فەنجانێک چای گونجاو بوو.

بەڵام کە هاتە ژووری هەر لە یەکەم‌ڕوانینێدا هەموو شتێک تێگەیشتم. ئەو لە شیپانەی دەرگادا ڕاوەستاو دەرگاکەی لەدواوە پێوە درا. ئێمە هەر ئەم دووکەسە بووین. بەڵام ئەو هەروا لەپەنا دەرگا ڕاوەستابوو،و نەدەبزووت. مەودای نێوانمان درێژایی ژوورەکە بوو. ویستم بۆلای بچمو لەوکاتەدا بوو کە ئەو ئیکلامی بۆ کێشام. شریتی ماتەمباریم لە قۆڵی‌دا بینیو لە چاوترووکانێک‌دا ڕەنگم بەڕوانەوە نەما.

– پایەبەرز!

ئەو لەسەرەخۆ قەدی ڕاست کردەوەو درێژەی پێدا:

– پایەبەرز! پەیامێکی خەفەتبارم پێیە. خاوەن‌شکۆ شارڵ پێنجی فێوریە کۆچی دوایی کرد.

دەتگوت بوومە پەیکەرێکی بەردین. پیاوێک کە خۆشم دەویست مردبوو. پادشایەکی پیرو ئیفتادە کە زانیاریم لەسەری کەم بوو بەڵام مردنی بۆ من یانی...

–خاوەن‌شکۆ فەرمانی بەمن داوە تا خانمی خاوەن‌شکۆ ئاگادار بکەمەوەو ئەم نامەیەت بدەمە خزمەت.

هەروا بێ‌جووڵە تێمابووم.

باڵیۆز لێم نزیک بۆوەو نامەیەکی لاکومۆرکراوی بۆ ڕاداشتم.

–خانمی خاوەن‌شکۆ تکایە...

دەستم بردە پێشو بە دەستێکی لەرزیو نامەکەم وەرگرت.

دانیشە باروون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەکاتی شکاندنی لاکومۆری نامەکەدا، دەستەکانم بەتوندی دەلەرزین. پاکەتەکە پەڕەکاغەزێکی تێدا بوو کە ژان باتیست بەخەتێکی ناخۆشو بەپەلە نووسیبووی:

–ئازیزم. ئەتۆ ئێستا شاژنی سوێدی. تکایە شیاوی جێگەو پێگەکەت ڕەفتار بکە.

"ژان باتیستی خۆت"

لەخوار ئەویشەوە لێی زیاد کرابوو:

لەبیرت نەچێ کە دەسبەجێ ئەم نامەیە لەنێو بەری.

شیاوی جێگەو پێگەکەت؛ نامەکەم لەدەست بەربۆوەو بزەیەکم کەوتە سەر لێوان. دیتم باڵیۆز بە شریتی ڕەشی ماتەمباری‌یەوە دانیشتوەو تەماشام دەکا. دەسبەجێ هەوڵم دا حاڵەتێکی خەفەتبارو سەنگین بەخۆوە بگرم. بۆیە بەڕاوێژێکی جیددی گوتم:

–هاوسەرم نووسیویە کە ئەمن شاژنی تازەی سوێدم.

ئێستا باڵیۆز بوو کە زەردەخەنەیەکی کردو زیادی کرد:

–لە شەشی فێوریەدا خاوەن‌شکۆ پادشا بەناوی کارڵ یووهانی چاردەیەم پادشای سوێدو نۆڕوێژو هەروەها هاوسەرەکەی بەناوی خانمی خاوەن‌شکۆ شاژنە دێزیدیریا ڕاگەیەندران.

–ژان باتیست نەدەبوو بەوکارە ڕازی بایە! مەبەستم ناوبردنی من بە دێزیدیریایە.

باڵیۆز هیچ وەڵامێکی ئەم قسەیەمی نەدایەوە. سەرەنجام پرسیم:

–ئەمە چۆن... چۆن ڕووی دا؟

–پادشای پیر زۆر بەئارامی سەری نایەوە. یەکەمی فێوریە، تووشی سەکتەیەک (ڕاوەستانی دڵ) بوو. دوای ئەوە هەموو دەمانزانی کە دواساتەکانی ژیان بەڕێ دەکا. خاوەن‌شکۆو وەلی‌عاد لەژوور سەری نەخۆشەکە بوون.

هەوڵم دا دیمەنەکە بێنمە بەر چاوم، کۆشکی ستۆکهۆڵم، ژووری قەڵەباڵغی نەخۆش، ژان باتیستو وەلی‌عادەکەی، پایەبەرز ئۆسکار...

–دۆستی من سالۆمۆن بێرێلیەن بەوردی هەرچی ڕووی داوە بۆی نووسیوم. لە ژووری چاوەڕوانیی تەنیشت ژووری نەخۆشەکە، ئەندامانی دەوڵەتو دەرباری‌یەکان کۆ بوونەوەو دەرگای نێوان دوو ژوورەکەش ئاوەڵا بووە. دەوروبەری سەعات حەوتی ڕۆژی پێنجی فێوریە هەناسەهەڵکێشانی پادشا ڕێکوپێکتر دەبێو ئەوانەی دەوروبەر وا دەزانن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەخۆشـەکە وەهـۆش هاتۆتـەوە. شـاژن لەپـەنا تەختەکـەی چـۆک دادەدا. شـازادەخانم سووفیاش دەست دەکا بە دوعاخوێندن

پادشای پیر لەنـەکاو چـاو هـەڵدێنیو ڕاسـتەوخۆ دە پایەبـەرزەوە ڕادەمێنـێ. مەبەسـتم خاوەنشکۆیە. خاوەنشکۆش وەڵامی چاولێکردنەکەی دایەوەو چاوی تێوە بڕی. ئەو تـەنیا جارێـک جـووڵاو داوای لـە وەلیعـاد کـرد شـتێلێکی بـۆ بێـنن. دۆسـتەکەم نووسـیویەتی خاوەنشکۆ ڕەنگی پەڕیبوو،و دەگەڵ ئەوەی ژوورەکە یەکجار گەرم بوو هەستی بـە سـەرما دەکرد.

ئەو پیاوە لە گیانـەڵادا ماوەیـەک چـاوی دە شـازادەی جێنشینەوە بڕیبـوو.( مەبەسـتم خاوەنشکۆیە)و هەناسەکانی ئارامتر ببوونو ئاسانتر هەناسەی هـاتبوو. سـەرەنجام پـازد دەقیقە پێش سەعات یازدە هەموو شتێک تەواو بوو.

سەرم بەردایەوەو لەنەکاو هەستم بە سەرما کرد.

–ئەی دوایە؟

–شـاژنی بێـوەژنو شـازادە سـووفیا ئالبێرتینـا ژوورەکـەیان بـەجێ هێشـتو پـاش وان ئەوانی دیکەش چوونە دەرێو تەنیا خاوەنشکۆ لەوێ مایـەوە. ئـەو دەیەویست ماوەیـەک دەگەڵ شای تازەکۆچکردوو بەتەنیا بێ.

–نیوەشەوێ خاوەنشکۆ ئەندامانی دەوڵەت، نوێنـەرانی سوپاو بەرپرسـانی کاروبـاری خزمـەتگوزاریی وڵاتـی وەرگـرتو ئـەوان بەرامبـەر بـە خاوەنشـکۆ سـوێندی وەفاداریـان خوارد. ئەم ڕێوشوێنە لـە قانوونـەکانی سوێددا پێشبینـی کراوە. بـەیانیی ئـەو شـەوە، لەلایەن دەرباری پادشـایەتییەوە بەڕەسـمی دەسـتپێکردنی پادشـایەتیی خاوەنشـکۆ وەک پادشـای سـوێدو نـۆڕوێژ ڕاگەیەنـدرا. دوای ئـەوە خاوەنشـکۆ کەوتـە سـەر ئامـادەکردنی ڕێوڕەسمی ماتەمباریو ئەمجار بەسواری ئەسپ چووە پادگانی ستۆکهۆڵمو لـە ڕێوڕەسـمی سوێندی وەفاداریی سـوپای سـوێددا بەشـدار بـوو. هاونیشـتمانانی سـتۆکهۆڵمیش لـەپێش دەروازەکانی کۆشک خڕ بوونەوە تـا لـە ڕێزلێنـانی پادشـای خۆیـاندا بەشدار بـن. ڕۆژی دواتـر خاوەنشـکۆ بـۆ یەکـەمجار لەسـەر کورسیی تایبـەتی خـۆی لـە پارلمـان دانیشـتو سوێندی خوارد. کاتێک خاوەنشکۆ بۆ سوێندخواردن دەستی لەسەر کتێبی پیرۆز دانـابوو، وەلیعاد ئۆسکار لە بەرامبـەر بـاوکی خـۆیدا چـۆکی دادا... بێگومـان خـانمی خاوەنشـکۆ ناتوانێ خۆشحاڵیی خەڵکی سوێد بێنێتە بـەر چـاو. لەسـەر داوای خاوەنشـکۆ ڕێوڕەسـمی تاجلەسەرنانیش ڕۆژی یازدەی مای بەڕێوە دەچێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڕاستی... یازدەی مای؟

–داخوا خاوەنشکۆ دەلیلێکی تایبەتیی بۆ هەڵبژاردنی ئەو مێژوویە هەیە؟

–یازدەی مانگی مای. ئەوڕۆژە بیستوپێنجەمین ساڵوەگەڕی پلەوەرگرتنیەتی؛ ڕۆژێک کە سەرباز ژان باتیست پلەی گرۆبانیی سوپای کۆماری فەڕانسەی وەرگرت. ڕۆژێکی زۆر گەورە لە ژیانی هاوسەرەکەمدا، جەناب.

–بەڵێ. بەڵێ. دیارە خانمی خاوەنشکۆ.

زەنگم لێدا تا چای بێنن. مارسلین بۆ یارمەتیدانی من لە خزمەتی میوانەکاندا هاتە ژووری. یەکەمین فنجانە چای خۆمان لە بێدەنگیدا خواردەوە.

–جەناب حەزت لە چایەک هەیە؟

–خانمی خاوەنشکۆ لوتفی هەیە.

مارسلینی بەستەزمان بە بیستنی وشەی خانمی خاوەنشکۆ وا هەڵبەزیەوە کە فنجانەکە لەدەستی بەربۆوەو وردوخاش بوو. ئەمجار باڵیۆز لەحاڵێکدا ئیزنی دەخواست بڕوا گوتی:

بێگومان پادشای فەڕانسە بۆ سەرەخۆشی دێتە سەردانی خانمی خاوەنشکۆ.

مارسلین لەحاڵێکدا بە سەرسامیو بە چاوێکی پڕلەڕێزەوە سەیری منی دەکرد، لەبن لێوانەوە گوتی:

–چینیشکان فەڕی باشە.

–ڕەنگە.. بەڵام بۆ وا دەمنەوە راماوی؟

بەحاڵەتێکی پڕلەهەستەوە گوتی:

–خانمی خاوەنشکۆ، شاژنی سوێدو نۆڕوێژ!

–دەبێ خۆمان بۆ ڕێوڕەسمی سەرەخۆشی ئامادە بکەین.

لەسەرەخۆ لە پیانۆیەکە نزیک بوومەوەو چاوم لەو پارچە مۆسیقایە کرد کە ئۆسکار، وەلیعادی پادشای سوێدو نۆڕوێژ نووسیبووی. ئیدی کلیلەکانم وەکار خستنو ساتێک دواتر دەرگای پیانۆم داخستو گوتم:

–ئیدی هەرگیز پیانۆ لێنادەم مارسلین.

–بۆچی پووری؟

–چونکە زۆر خەراپ پیانۆ لێدەدەم. زۆر خەراپتر لەوەی شیاوی شاژنێک بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئێستا ئیدی ناتوانین بچینە سەردانی پوورە ژوولی، چونکە مسۆگەر دەبێ ئەتۆ بچیە ستۆکهۆڵم. پوورە ژوولی زۆر نارەحەت دەبێ. ئەو زۆری ئومێد بە سەردانەکەی تۆ بوو

–ئەو ئێستاش دەتوانێ دڵنیا بێ کە دەچمە سەردانی.

ئەمەم گوتو چووم بەرەو ژووری خەوم. خۆم هاویشتە سەر تەختەکەمو لە تاریکایی‌یەوە ڕامام.

ژوولی بوناپارت... بەڵێ ئەویش وەک هەموو ئەو کەسانەی ناوی بوناپارتیان لەسەر بوو لە فەڕانسە دوور خرابۆوە. ئەوان ڕێگایان بە ژوولی دا تا پاش ڕۆیشتنی ناپلیۆن حەوتوویەک لە ماڵەکەی من بمێنێتەوە. بەڵام دوای ئەوە ناچار بووم جانتایەکانی ببەستمو ئەوو منداڵەکانی بگەیەنمە سنووری بێلژیک.

لەو کاتەوە ئەمن هەموو مانگێک داخوازێکم بۆ لوویی هەژدەیەم ناردوەو داوام کردوە ڕێگا بدا ژوولی بێتەوە،و ئەویش هەموو مانگێک بە وەڵامێکی پڕلە ڕێز داخوازەکەمی ڕەت کردۆتەوە. دوای هەموو وەڵامێکی نەرێنییش بۆ دڵخۆشی‌دانەوەی ژوولی چوومە بڕووکسێل. هەر جارەی دەچمە سەردانیشی دەبینم بەدەست دەردێکی تازەوە دەناڵێنێو خەریکی قووتدانی مستێک دەرمانە کە بۆخۆم هەر بەدیتنیان هەست بە نەخۆشی دەکەم. ژۆزێفی زاواشم ماوەیەکی زۆری لەلا نەمایەوەو بە بەرناوی کۆنتی سێڤر ویلیدەوە چوو بۆ ئەمریکا. ئەو لەنزیک نیۆیۆرک زەوی‌یەکی کڕیوەو لە نامەکانی‌دا وا نیشان دەدا کە لە ژیانی خۆی ڕازی‌یەو دەڵێ ئەم ژیانە سەردەمی گەنجی‌و مەزرایەکەی دایکمم بیر دەخاتەوە. ژوولیی لاوازو هەمیشەمۆن‌ومرچیش جگە لە هاتوچووی نێوان جێخەوەکەی‌و مۆبڵەکەی کارێکی نیەو لە یەکێکیانەوە پەنا دەباتە بەر ئەوی دیکە. نازانم ژۆزێف چۆن بیر دەکاتەوە کە ژوولی چاک دەبێتەوەو بە شوێن ئەودا دەچێتە ئەمریکا؟ دەستی دەگرمە نێو دەستمو دەسەسڕێکی تەڕ دەخەمە سەر نێوچاوانی‌و دەپرسم:

–ژوولی! ئەمن‌وتۆ چەندین ساڵ دەگەڵ یەکتر ژیاوین. بڵێ بزانم لە کەنگێوە هەستت کردوە کە ژۆزێفت خۆش ناوێ؟ ڕاست حەوتوویەک دوای گەڕانەوەی سەدڕۆژە.. ئوورتانس هات منداڵەکانی بەرێ. کۆنت فلائۆشی دەگەڵ بوو. ئەوان بەرەو سویس دەچوون. ئوورتانس زۆر زۆر ئارامو ئاقڵو ڕازی‌و خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو. ئەولای لمبۆزەی ئێمید نیک هیچ ژنێکی لێ‌نەبوو،و تەمەنێک ئێرەیی‌بردنی کۆتایی دەهات. تەنیا ئەوکاتەی یارمەتیی کوڕە چووکەکەیم دەدا تا سواری کالیسکە بێ... جارێکی دیکە بریسکەیەک لەچاوانی‌دا درەوشایەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–بەڵام یەکێک دێتەوە تا ببێتە سێیەمین.

–کێو چسێیەمێک؟

–یەکێک لە کوڕەکانی من خانم. ناپلیۆنی سێیەم.

ئوورتانس بێ هیچ ناڕەحەتی‌یەک گەیشتە سویس بەڵام ئەوانی دیکە بەختیان نەبوو. یەک لەوان مارشاڵ نێ. پاش گەڕانەوەی سەد ڕۆژە، لوویی هەژدەیەم ئیدی پێی وانەبوو تاجی پادشایەتیی لە بەختی خۆی دەست کەوتوەو لە زەویی هەڵگرتۆتەوە. بەڵکوو ئەوی بە هەقی بێئەملاوئەولای خۆی دەزانی. هەر لەوکاتەدا کە بەزەحمەت لە پلیکانەکانی بەردەم تویلری سەر دەکەوت هەڵاتنی بەژانی خۆی لە دەرگای پشتەوەی تویلری‌یەوە لەبیر بوو. دەوروبەری تویلری چۆڵ دەهاتە بەرچاوو لە هەموو جێیەک ئاڵای نیشتمانیی کۆماری بە پەنجەرەکانەوە هەڵاوەسرابوو. لوویی لەپشت مێزەکەی دانیشتو داوای لیستی ناوەکانی کرد. بەڵام لیستی ناوەکانی کۆمارخوازانو لایەنگرانی بوناپارت لەو سەد ڕۆژەدا ون ببوو. بۆیە فووشێ بانگ کراو ئەو نەکهەر لیستە کۆنەکەی دەگەڵ خۆی هێنا بەڵکوو هێندێ ناویشی لێزیاد کردن. بەدانی ئەو لیستە لەڕاستی‌دا ئەو چارەنووسی فەڕانسەی دایە دەستی لوویی. بێگومان حکوومەتێکی کۆماری ماوەیەکی زۆر فووشێی لە پۆستی وەزارەتدا نەدەهێشتەوە. بۆیە دەگەڵ بووربوونەکان کەوتە ساتوسەوداو وەک نوێنەری حکوومەتی کاتی بەخێراتنی کردنو لەلایەن لوویی‌یەوە کرا بە وەزیری پۆلیس. ئەندێشەو غەمی سەرەکیی لوویی هەژدەیەم ئەو لیستەیەو بەدستهێنانی ئەو لیستەیە بوو.

لەوکاتەدا مارشاڵ نێ سەرگەرمی کۆکردنەوەی پاشماوەی هێزەکانی فەڕانسەو هێنانەوەیان لە واتێرلوو بوو. دیارە ناوی وی لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ناوانەدا بوو کە درابوون بە لوویی. ئەو قەولی دابوو ناپلیۆن بگرێو لە قەوەزی بکا. نێ هەوڵی دا ڕابکاتە سویس، بەڵام لەکاتی هەڵاتندا گیرا. لویی لەپێشدا ئەوی دایە دادگایەکی سەربازی بەڵام ئەو دادگایە ئەوی بە بێگوناح ناسی. بۆیە لوویی ئەنجومەنی پیاوماقووڵانی کۆ کردەوە کە ئەندامەکانی لە نەجیبزادە کۆنەکانو دوورخراوەکان پێکهاتبوون. ئەم ئەنجومەنە مارشاڵ "نێ"ی کوڕی تەنەکەسازی بە تاوانی خەیانەتێکی گەورە بە ئیعدام مەحکووم کرد.

لەو کاتەدا بوو کە ئەمن یەکەمین دادخوازیی خۆم بۆ لوویی نووسی. ئەمن بە ناشیگەری‌و بەقامکی لەرزۆکەوە لەحاڵێکدا خەریکی نووسین بووم کە خاتوو نێ لەپەنا من چۆکی دادابوو،و دوعای دەکرد. بەڵام هەر لەوکاتەدا کە ئەمن سەرگەرمی نووسین بووم تەواوی ناوچەی دەوروبەری باغی لووکزامبوورگ لەلایەن ژاندارمەکانی فووشێوە گەمارۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درابوو،و دەنگی دەسرێژی گوللە لە نێو باغیدا زرینگایەوە. هەتا ڕووژەن نەهاتەوە ئێمە هیچ ئاگایەکمان لەو بەسەرهاتە نەبوو،و کاتێک ئەو گەیشتیو دیتی ئەمن خەریکی نووسینم، وەبیری هێنامەوە کە ئیدی وەختی نامەنووسین بەسەر چووە. خاتوو نێ ئەوەندە درێژەی بە هاوارکردن دا هەتا توانای هاوارکردنی لەبەر بڕا. زۆرجار دەیبینم؛ ژنێکی کەمدوێو لە هەموو شتێکو هەموو کەسێک بەگومانە. بەڵام هێشتا دەنگی هاوارەکانی دەگاتە ماڵەکەی من.

ڕوخسارگەلێکی زۆر لەتاریکاییدا دەورەیان دابووم؛ گوللەبارانکراوەکان، زیندانییەکان، دوورخراوەکان... لوویی ئەو ناوانەی یەک لەدوای یەک لە لیستی گۆڕین دەرداویشت. تەنیا یەکناو مایەوەو لوویی سەرەنجام ئەویشی لە لیستەکەی سڕیەوەو وەزیری پۆلیسی خۆی دووکی ئوترانتۆی دوور خستەوە.

ژوولی لە بڕووکسێل، ژۆزێف لە ئەمریکاو بوناپارتەکانی دیکە لە ئیتالیا بوون بەڵام ئەمن هێشتا لێرەمو لوویی شا دێتە سەردانم. لەنەکاو بەتوندی ترسام چونکە نەمدەزانی نامەی ژان باتیستم چلێکردوە. لەوانە بوو لە ساڵۆن فڕێم دابێ... ئەو نووسیبووی دەبێ ڕەفتارم دەگەڵ جێگەوپێگەکەم بگونجێنم.

–گونجاو!

چونکە وەبیرم هاتەوە کە نامەکەم لەبن باڵنجەکەم داناوە، هەستم بە ئارامی کردو هەر لەوکاتەشدا ماری هات بۆئەوەی مۆمەکان هەڵکا. پێم وابوو لەسەر ئەوەی بە کەوشەوە لەسەر سەرتەختە هەریرەکە ڕاکشاوم سەرکۆنەم دەکا. بەڵام ئەو سەرکۆنەی نەکردم. شۆقی مۆمەکەی خستە سەر ڕوخسارمو بەچاوێکی پڕلە سەرسوڕمانەوە وەک مارسلین تێمەوە ڕاما.

بە شڵەژاوی لەسەر تەختەکە دانیشتمو گوتم:

–تووڕە مەبە، هەرئێستا کەوشەکانم دادەکەنم.

–برازایەکەت هەموو شتێکی پێگوتم بەڵام ئەتۆ بۆخۆت دەبوو پێم بڵێی.

ڕاوێژی قسەکەی ماری بۆنی گلەیی لێدەهاتو ئەمن وەڵامم دایەوە:

–دەزانم چۆن بیر دەکەیەوە... کە باوکم هەرگیز موافیقی ئەم کارە نەبوو. بۆخۆشم، پێش ئەوەی ئەتۆ پێم بڵێی دەزانم.

–ئووژنی دەستەکانت هەڵبڕە تا بتوانم جلەکانت لەبەر داکەنم.

باسکم هەڵێنانو کراسەکەی لەبەر داکەندم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-باشه، ئێستا ڕێک دانیشه ئووژنیو سەرت هەڵێنه. گرنگ ئەوه نیه مرۆڤ چیه ئەوه گرنگه که چدەکا. ئەگەر قەراره شاژن بی، هەوڵ بده شاژنێکی باش بی. باشه کەنگێ دەچینه ستۆکهۆڵم؟

نامەکەم له بن باڵنجەکه دەرێناو جارێکی دیکەم خوێندەوه؛ خەتێکی ناخۆشو بەپەله. ئەو بەپەلەنووسینەی منی نیگەران دەکرد؛ نیگەرانی ئەوەی نەکا ئیدی جێیەکم لەژیانی ویدا نەبێ. مۆمێکم هەگرتو نامەکەم له گڕەکەی نزیک کردەوه.

-باشه، پرسیم کەنگێ دەڕۆین ئووژنی؟

-هەتا سێ ڕۆژی دیکه. بەمجۆره ئیدی دەرفەتم نابێ پێشوازی له لوویی بکەم. جگەلەوه ماری، ئێمه دەچینه برووکسێل. ژوولی پێویستیی بەمن هەیەو لەستۆکهۆڵم زیادیم.

-بەڵام ئەتۆ لەوێ نەبی ناتوانن ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنان بەڕێوه بەرن.

-بەڕواڵەت دەتوانن. ئەگەر وا نەبایه بانگهێشتنیان دەکردین.

خەریک بوو دواسووچی کاغەزەکه ببێته خۆڵەمێش. دەفتەری بیرەوەرییەکانم هەڵگرتو دەستم کرد به نووسین. بۆ یەکەمینجار له درێژایی ئەم ساڵانەدا، هەموو شتێکم دێنایه سەر کاغەز،و ئێستا هەموو شتێک ڕەنگی ڕاستەقینەی وەرگرتوه... ئەمن شاژنی سوێدم.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٦٠

## پاریس، ژوئەنی ١٨٢١

ئەم نامەیە لەنێو نامەکانی سەر مێزی قاوڵتیمدا بوو. مۆری سەوزی نامەکە بەڕوونی نیشانەیەکی بنەماڵەیی پێشان دەدا. نیشانەیەک کە بەکاربردنی لە هەموو جیهاندا قەدەغەیە. لەپێشدا پێموابوو خەون دەبینمو بە تەواویو بەوردی سەیرم کردەوە. ئەمە نامەیەک بوو بە مۆری پادشایەتیی ئیمپەڕاتۆر کە بۆ خانمی خاوەنشکۆ دێزیدیریا شاژنی نۆڕویژ نێردرابوو. سەرەنجام ئەو نامە چاوەڕواننەکراوەم کردەوە.

خانم! دەبێ ئاگادارت بکەم کە کوڕەکەم، ئیمپەڕاتۆری فەڕانسە پێنجی مانگی مای ئەمساڵ لە دوڕگەی سەنت هێلێن کۆچی دوایی کرد...

سەرم هەڵبڕی کۆمۆدی جلەکان، مێزی پەنا تەختەکە، ئاوێنەو قاپە زێڕینەکەیو... هیچیان نەگۆڕابوون. وێنەی منداڵیی ئۆسکارو هەروەها وێنەی ژان باتیستو بەکورتی هەموو شتێک وەک خۆیان بوون. نەمدەتوانی تێبگەم. دوای چەند ساتێک نامەکەم تا ئاخری خوێندەوە.

... لە دوڕگەی سەنت هێلێن، بە فەرمانی حاکمی دوڕگەکە پەیکەرەکەی لە ڕێوڕەسمێکی سەربازیو شیاوی ژەنڕاڵێکدا بەخاک سپێردرا. حکوومەتی ئینگلیز نووسینی ناوی ناپلیۆن لەسەر بەردی گڵکۆیەکەی قەدەغە کردو تەنیا ڕێگای بە نووسینی ژەنڕاڵ. ن. بوناپارت دا. بۆیە ئەمنیش بڕیارم دا بەردی گڵکۆیەکەی بە نەنووسراوی بمێنێتەوە. ئەم نامەیە بە لووسینی کوڕم کە دەگەڵ من لە ڕۆم دەژی دەنووسم. لەمێژساڵە چاوەکانم بینایییان لەدەست داوەو لەڕاستیدا ئێستا ئەمن ژنێکی کوێروکوترم. ئەم ڕۆژانە لووسین بە دەنگی بەرز بیرەوەرییەکانی کوڕەکەمم بۆ دەخوێنێتەوە کە ئەویش لە سەنت هێلێن بە کۆنتی مۆنتۆلۆنی نووسیون. لەم بیرەوەرییانەدا ڕستەیەک هەیە -دێزیرە کلاری یەکەمین ماشووقەی ناپلیۆن بوو- کە نیشان دەدا کوڕی من هەرگیز یەکەمین ماشووقەی خۆی لەبیر نەچۆتەوە. خانم! بەمن دەڵێن کە ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسراوانه بەزوویی دەدرێن بە چاپ. ئێستا تکا دەکەم بەمن بڵێ پێویستە ئەو ڕستەیە لاببرێ یان نا. ئێمە دەزانین ئەتۆ دەبێ جێگەوپێگەی خۆتت لەبەرچاو بێو لەو بارەیەوە چۆنت پێ باش بێ وا دەکەین. ڕێزی لووسینی کوڕمت پێشکێش دەکەمو وەک هەمیشە خۆشم دەوێی...

پیرەژنی نابینا بۆخۆی نامەکەی ئیمزا کردبوو. ئیمزایەک بە زمانی ئیتالیایی کە بەزەحمەت دەخوێندرایەوە. "لیزیا دایکی ناپلیۆن".

ئەو ڕۆژە لە ماریووسی برازامم پرسی نامەیەک بە مۆری سەوزو نیشانەی پادشایەتیی ئیمپەڕاتۆرەوە چۆن گەیوەتە دەستی ئێمە. چونکە ماریووسم کردبووە سەرۆکی تەشریفاتی دەربار ئەو دەبوو ئاگای لەوجۆرە مەسەلانە بووایە.

-یەکێک لەوانەی سەر بەباڵیۆزخانەی سوێدن، هێنابووی. نامەکە درابووە دەستی کارداری باڵیۆزخانەی سوێد لەڕۆم.

-نیشانەی پادشایەتیتان لەسەر بینی؟

-نا. نامەیەکی گرنگ بوو؟

-ئەمە ئاخر نامە بە نیشانەی پادشایەتیی ئیمپەڕاتۆرەوە بوو کە وەرمدەگرت. دەمەوێ هێندێک پارە بۆ باڵیۆزی ئینگلیستان بنێریو لەزمان منەوە داوای لێبکەی دەسکەگوڵێک لەسەر گڵکۆی سەنت هێلێن دابنێن. باشترە ئەوەشی لێ زیاد بکەی؛ "بەردەگڵکۆی نەنووسراوو بێ ناو".

-پووری گیان داخوازی تۆ کردەنی نیە چونکە سەنت هێلین گوڵی لێنیە. هەوای گەرمو کوشندەی وێ ڕێگای ژیان بە هیچ گیایەک نادا و هەرچی هەبێ وشکی دەکا.

مارسلین پرسی:

پووری گیان، ئەتۆ پێت وایە ماری لوویز تا ئێستا مێردی بە کۆنتی فێن نیبێرگ کردوە. دەڵێن ئەوان سێ منداڵیان هەن.

-کچم ئەو دووانە زۆر لەمێژە پێکەوە زەماوەندیان کردوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-باشه منداڵەکەی لە مێردی یەکەمی چیی لێ دێ؟ مەبەستم پادشای ڕۆمە. لە تەواوی ئەو بەڵگەنامانەدا کە پێوەندی یان بە چەند ڕۆژی دەستلەکارکێشانەوەی دووەمی ناپلیۆنەوە هەیە ئەو منداڵە بە ناپلیۆنی دووەم ناو براوە.

-پادشای ڕۆم کە هێندێجار بە کوڕی هەڵۆش ناو دەبرا ئێستا ناوی "فڕانسوا ژۆزێف شارڵ دووکی ریشتاتو کوڕی ماری لوویز دووشێس پارما"یە. تالیڕان ڕوونووسێکی فەرمانی بوونە دووکی ئەوی بەمن نیشان دا.

-ناوی باوکی نەبراوە؟

-نا. لە تەواوی بەڵگەنامەکاندا ناوی باوکی نەناسراو نووسراوە.

مارسلین دووبارە پرسی:

-ئەگەر ناپلیۆن دواڕۆژی خۆی زانیبایە...

-ئەو دەیزانی کچم.

ئەمجار لەپشت مێزەکەم دانیشتم. دوڕگەیەکی بێگوڵ، دوڕگەیەک کە هیچی لێ ناڕێ. باغەکەمان لە مارسەی، چیمەنەکە... بەڵێ چیمەنەکە. نامەی خۆم بۆ دایکی ناپلیۆن دەست پێکرد.

مارسلین وەبیری هێنامەوە:

-پوورە ژوولی جارێکیان دەیگوت کە ئەتۆ...

-یان ڕەنگە ئەو... یانی...

-دەتوانی هەموو ئەمانە لە بیرەوەرییەکانیدا بخوێنیەوە.

نامەکەم لاکومۆر کرد. هیچ شتێکی لێ لانەدەبرا.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٦١
## لە ژووری هوتێلێکدا لە ئیکسێل لا شاپل، ژوئەنی١٨٢٢

ئەمڕۆ بەیانی کاتێک لەبەر ئاوێنە ڕاوەستابووم بیرم دەکردەوە کە ئەمن جارێکی دیکەش شیرنیی تامەزرۆییو بێسەبریی کاتی یەکەمین دیدار دەچێژم. کاتێک سووراوم لەخۆم دەدا قامکەکانم دەلەرزین بەخۆم گوت نابێ سووراوی زۆر تێهەڵسووومو لەبیرم بچێ کە ئەمن ئێستا چلودووساڵم تەمەنە. ئەو نابێ پێی وابێ ئەمن دەمەوێ خۆم گەنجتر نیشان بدەم. بەڵام هەرلەوکاتەدا دەمەویست لە یەکەمین دیدارم لەگەڵیدا سەرنجڕاکێشتر بم...

–کەنگێ دەیبینم؟

ڕەنگە ئەمە هەزارەمین جار بووبێ کە ئەم پرسیارەم دووپاتە دەکردەوە. مارسلینیش بە حەوسەلە وەڵامی دایەوە:

–سەعات دوازدەونیو پووڕێ گیان. لە ساڵۆنەکەی خۆتان.

–چما ئەو بەیانی زوو نەگەیوەتە ئێرە؟

–هیچکەس بەوردی ئاگادار نیە کەنگێ گەیوەتە جێ و بۆیە کاتی دیدارەکەی بۆ سەعات دوازدەونیو دیاری کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–کەوایە نانی نیوەڕۆ دەگەڵ من دەخوا؟

–دیارەو دەگەڵ سەرۆکی تەشریفاتەکەی کارل گۆستاڤی لۆنژەلێم.

–مامی لۆنژەلێمی من؟

–ناوی لۆنژەلێمی منیش گۆستاڤە. ئەویان ئەم دوایانە لە ستۆکهۆڵمەوە ناردوە تا ببێتە جێنشینی ڕووزەن. چونکە کۆنت ڕووزەن چۆوە وڵاتی خۆی. بەڵام ئەو بەڕادەیەک سەنگین و گۆشەگیرە بەزەحمەت دەوێرم قسەی دەگەڵ بکەم.

–جگەلەوەش پووری گیان ئەوە نیە تەنیا ئەمنو ماریووس لەسەر مێزەکەین. کەوایە ئەتۆ دەتوانی بەئازادی قسەی دەگەڵ بکەی. لۆنژەلێمی من، لۆنژەلێمی ئەو... مارسلینو ماریووس. نا.نا. بڕیاری خۆم دا.

–مارسلین تکایە کۆنت لۆنژەلێمم بۆ بنێرە.

پێم وابوو دێتو بێگومان پێویستیی بە چوونەحەمام دەبیو پاش ئەو سەفەرە دووروودرێژە نیازی بە ئیسراحەتێک دەبێ هەرچەند کورتیش بێ. جگە لەوە ئەو هەرگیز نەهاتۆتە ئێکسیلی کە هوتێلێکی نزیک کلیسای گەورەو وەک زۆری دیکە لە گەڕیدەکان لەفکری دیتنی کلیساکەدا دەبێ... بۆیە بە لۆنژەلێمم گوت:

–ئەتۆ دەبێ دڵنیابی کە مامت لە مەبەستی من تێدەگاو دوای دیتنی من دەسبەجێ لەوێ دەڕواو ئێمە بەتەنیا بەجێ دێڵێ. بەڵێن دەدەی کۆنت؟

لۆنژەلێمەکەم سامگرتوو دیار بوو.

قازانجی پێشبینیی ڕێوڕەسمی تەشریفاتی ڕەسمی پێشگرتن بە تێکهەڵەنگوتنی لەنەکاوو چاوەڕواننەکراوە.

بەڵام پێداگرتنی پتری من بووە هۆی ئەوەی سەرەنجام هەناسەیەک هەڵکێشێو بڵێ:

–هەرجۆر خانمی خاوەنشکۆ بفەرموێ لەخزمەتدام.

ئەمجار ئەمن تۆڕی تایبەتی سەفەرانم بەسەر دەموچاومدا دا،بەجۆرێک کە تەواوی ڕوخسارمی تا سەرگۆنام دادەپۆشی. قردێلەکانییشم لەژێر چەنەگەم توند کردن. لەلای دیکەوە فەزای کلیساش نیوە تاریک بوو،و دەیتوانی کۆمەگ بە نەناسرانم بکا. بەتەنیا لە هوتێل دەرکەوتمو لەحاڵێکدا بەرەو کلیسا دەڕۆیشتم، بیرم کردەوە کە ئەمە دوادیداری چاوەڕواننەکراوی هەموو ژیانی من دەبێ. یەکەمین دیدار دەگەڵ پیاوێکی نەناسراو دەتوانێ هەموو شتێک یان هیچ شتێک بێو تا نیوسەعاتی دیکەش وەڵامی ئەم پرسیارەم وەردەگرتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر یەکێک لە نیوتەختەکانی گرووپی دوعاخوێنانی کلیسا دانیشتمو دەستەکانم ڕێکگوشین. یازدە ساڵ ماوەیەکی زۆر درێژ بوو،و لەوانەیە بۆئەوەی بەخۆم بزانم لەوماوەیەدا بووبم بە پیرەژنێک. هەرچۆنی بێ، ئەو لەم ساڵانەدا هەڵیداوەو گەورە بووە. پیاوێکی گەنج کە بۆ دۆزینەوەی دەزگیرانێک لە دەربارەکانی ئورووپا نێردراوەتە دەرەوەی وڵاتی خۆی. کارڵ گۆستاف لۆنژەلێمی باوەڕپێکراویشی بۆ پاراستن لەهەر هەڵەیەک دەگەڵ نێردرابوو.

ئەم لۆنژەلێمە باوەڕپێکراوە هەر ئەوکەسەیە کە چەندین ساڵ لەوە پێش لە ستۆکهۆڵم چاوەڕوانی گەیشتنی باوکی بوو تا دابوشوێنی دەرباری سوێدی فێر بکا. دابوشوێنێک کە ئەمن زۆرم گوێ پێنەدەدا...

ئەو ڕۆژە بەیانی گەڕیدەیەکی زۆر هاتبوونە دیتنی کلیساو لە دەوروبەری گڵکۆی شارلمان بەملاوئەولادا دەڕۆیشتن. یەک بەیەکی وانم دەخستە بەر سەرنجو لەخۆم دەپرسی هەوە؟ یان ئەو پیاوە وردیلە لاقزلەی لەولا ڕاوەستاوە؟

ئەمن ئاگام لە هەستی ئەو دایکانە نیە کە لەنزیکەوە ئاگاداری هەڵدانی کوڕی خۆیانن. ئەو دایکانەی دەتوانن هەموو شەوی شەوخۆش بە کوڕەکەیان بڵێنو ئەوکاتەی مندارەموو لەسەر ڕوخساری کوڕەکەیان دەڕوێ گۆنایان ماچ دەکەنو ئاگایان لە چەندوچۆنی یەکەمین داستانی ئاشقانەی هەیە. چونکە لەو تەمەنەدایە کە کوڕە لاوەکان لەنەکاو دەکەونە بیری چەندوچۆنی ڕواڵەتی خۆیان. ئەمن هیچکام لەم هەستانەم تاقی نەکردبۆوە. ئەمن ئێستا چاوم بۆ پیاوێک دەگێڕا کە چەندین ساڵ خەونم پێوە دیوە، بەڵام هەرگیز دیدارم دەگەڵی نەبووە. چاوەڕوانییەکانم لەو زۆرن. شەرمو حەیای خەوشهەڵنەگر، لێوەشاوەییو جوانچاکیو زۆر چاوەڕوانیی دیکە لە کوڕێکی نەناسیاو.

لەنەکاو ئەوم ناسیەوە، نەک لەبەر ئەوەی لۆنژەلێمم دەگەڵ دیت، لۆنژەلێمیک کە لە ڕۆژانی دووری ستۆکهۆڵمەوە تائێستا شتێکی وای لێ نەگۆڕابوو، بەڵکوو لە ڕەفتار، کردار، ڕێگاڕۆیشتنو جووڵانی زۆر کەمی سەری ئەوکاتەی دەیەویست بەسپایی شتێک بە لۆنژەلێم بڵێ. جلێکی مەدەنیی تاریکی دەبەردا بوو،و وەک باوکی باڵابەرز بوو. تەنیا کەمێک لاوازتر... بەڵێ زۆر لاوازتر. لەجێی خۆم هەستامو بۆلای چووم. دەتگوت لەخەودا بەڕێدا دەڕۆم. بیرم نەکردبۆوە چۆنی سەری قسان دەگەڵ داگیرسێنم. ئەو لەپێش گڵکۆی شارلمان ڕاوەستاو نەختێک داهاتەوە تا نووسراوی سەر بەردی گڵکۆیەکە بخوێنێتەوە. بەسپایی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قۆڵی هاوڕێیەکەیم دا. لۆنژەلێم سەری هەڵبڕی چاوێکی لێکردمو بەئارامی لەوێ دوور کەوتەوە. گوێم لە دەنگی خۆم بوو کە بە فەڕانسەیی لێمپرسی:

–ئێرە گڵکۆی شارلمانە؟

ئەمە پرسیارێکی گەوجانە بوو چونکە وەڵامەکەی لەسەر بەردەگڵکۆیەکە نووسرابوو. ئەو بێئەوەی سەر هەڵبڕیو تەماشام بکا وەڵامی دایەوە:

–بەڵێ خانم هەروەک دەبینی.

–دەزانم ڕەفتارەکەم زۆر شیاو نیە بەڵام زۆر حەز دەکەم دەگەڵ پایەبەرز ئاشنا بم.

ئاوڕی دایەوە سەرمو گوتی:

–خانم! ئەتۆ دەزانی ئەمن کێم؟

چاوە ڕەشو نەترسەکانی سەردەمی منداڵیو هەر ئەو قژە پڕپشتانە... بەڵام جووتێک سمێڵی چووکەڵەی نامۆ کە هەردوو سەریان بە بادانێکی کەم بەرەوسەر هەڵگەڕابوونەوە.

–جەنابت پایەبەرز وەلیعادی پادشای سوێدی. ئەمنیش... بەجۆرێک هاونیشتمانی جەنابتم. هاوسەرەکەم لە ستۆکهۆڵم دەژی.

تاوێک دوودڵ مامەوەو ئەو هەروا تەماشای دەکردم.

–دەمەویست داوایەک لە پایەبەرز بکەم بەڵام ئەمە پێویستیی بەکەمێک وەخت هەیە.

–بەڵێ؟

تەماشایەکی دەورووبەری خۆی کرد.

–نازانم هاوڕێیەکەی من بۆچی لەنەکاو بەجێی هێشتین. بەڵام بەهەرحاڵ سەعاتێکم دەرفەت هەیە. ئەگەر ئەتۆ ئیزن بدەی خانم بە هاوڕێیەتیت خۆشحاڵ دەبم.

هەروا کە چاوی لە چاوانم دەکرد پێکەنی.

–ئیزن دەدەی خانم؟

بە سەرلەقاندن وەڵامی ئەرێم دایەوە. شتێک بەری گەروومی گرتبوو. کاتێک بەرەو دەرگای چوونەدەر دەچووین، ئەمن لۆنژەلێمەکەی ئۆسکارم دی کە لەپشت کۆڵەکەیەک خۆی شاردبۆوە بەڵام ئۆسکار نەیدی. بێئەوەی قسەیەک پێکەوە بکەین لە بازاڕی ماسیفرۆشان کە ڕووبەڕووی کلیسا بوو، و هەروەها لە شەقامێکی پان تێپەڕیینو گەیشتینە شەقامێکی باریک. چونکە دیتم ئۆسکار بەسیلەی چاو تەماشام دەکا تۆڕەکەم پتر هێنایە سەر ڕوخسارم. لەپێش ڕێستوورانێکی چووک کە چەند مێزی کۆنو گوڵدانێکی تۆزلێنیشتووی هەبوون، ڕاوەستا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-دەتوانم هاونیشتمانە لەبەردڵانەکەم بە پەرداخە شەڕابێک بانگهێشتن بکەم؟

بە سامگرتوویی چاوم لە دارخورما ناشیرنەکان کرد. ئامادەیی پرسیارو بانگهێشتنێکی وام نەبوو،و پێم وابوو سوور هەڵگەڕاوم. داخوا ئەو نەیزانیبوو کە ئەمن ژنێکی پێگەیشتووم؟ ئایا ئەو فێرە تووشی هەر ژنێک بێ بە پەرداخە شەڕابێک بانگهێشتنی بکا؟

بەو فکرە دڵخۆشیی خۆم دایەوە کە ئەمە هەمووی بۆیەیە کە سەرەنجام توانیویەتی سەعاتێک خۆی لە شەڕی لۆنژەلێمە جاڕزکەرەکەی ڕزگار بکا. بەهەرحاڵ بانگهێشتنەکەیم قبووڵ کرد.

ئێرە ڕێستوورانێکی بەشکۆ نیە خانم، بەڵام هەرنەبێ دەتوانین بەبێ جاڕزکەر قسە بکەین.

دوایە بۆ زیادکردنی سامگرتوویی من لە خزمەتکاری ڕێستوورانەکەی پرسی:

-شامپاینتان هەیە؟

بەڕاوێژێکی دژبەرانەوە گوتم:

-نا. بەم بەیانییە؟

-بۆچی نا؟ هەمووکاتێک دەتوانی شامپاین بخۆیەوە، تەنیا پێویستە بۆنەیەک بۆ جێژنگرتن هەبێ.

-بەڵام ئێستا بۆنەیەک بۆ جێژن نیە.

-بۆچی. ئاشنایی دەگەڵ تۆ خانم. داخوا ناتوانی ئەو تۆڕە ناشیرنە لەسەر دەموچاوت لابەی تا بتوانم ڕوخسارت ببینم، نەکهەر لووتت؟

-بەداخەوە لووتم گەورەیە. وەختێک گەنجیش بووم ڕەنجم بەدەستیەوە دەکێشا. سەیرە کە هیچکەس لە شکڵی لووتی خۆی ڕازی نیە.

-باوکی منیش لووتێکی سەیروسەمەرەی هەیە. زەق وەک دەندووکی هەڵۆ. لەڕاستیدا دەموچاوی تەنیا لووتو چاوە.

خزمەتکاری ڕێستووران شامپاینی هێناو پەرداخەکانمانی پڕ کرد.

-ئێسکال هاونیشتمانی نەناسیاو. ئەتۆ هەم سوێدیو هە فەڕانسەیی. هەردووک. نا؟

-وەک پایەبەرز.

-نا. خانم. ئەمن ئێستا تەنیا سوێدیم.

بەتوندییش لێی زیاد کرد:

-نۆڕوێژییش. ئەم شامپاینە تامێکی زۆر خەراپی هەبوو. نا؟

-زۆر شیرنە پایەبەرز.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دەبینم سەلیقەمان وەک یەکە خانم. خۆشحاڵم. زۆر لە خانمەکان شەڕابی شیرنیان پێ باشترە. وەک ئەم کووسکوولەی خۆمان.

هەناسەم لە سنگمدا ڕاگرت.

–مەبەستتان لە... کووسکوولی خۆمان چی بوو؟

–هاودەمێکی قەدیمی بە ناوی ماریانا فێن کووسکوول. لەپێشدا جێسەرنجی پادشای پێشوو بوو، ئێستاش جێسەرنجو ئۆگریی باوکم. ئەگەر ئەمنیش بەقسەی باوکمم کردبایە، ماشووقەی من دەبوو. بۆچی هێندە سەرت سوڕما خانم؟

–لەوەی جەنابت ئەوجۆرە بابەتانە بۆ بێگانەیەک باس دەکەی.

–بۆ هاونیشتمانێک خانم. شاژنی پێشوو، شاژن هێدویژ ئەلیزابێت ڕەفتارێکی هێندە گونجاوی دەگەڵ مێردەکەی نەبوو. کیژۆڵە فێن کووسکوول بەدەنگی بەرز کتێبی بۆ پادشا دەخوێندەوەو پادشاش دەستی لەسەر دەستی وی دادەناو چێژی لە گوێبۆڕاگرتنی وەردەگرت. باوکیشم دەرباری سوێدی بە هەموو دابوشوێنەکانیەوە بەمیرات وەرگرت؛ هەر بەوجۆرە کە بوو. ئەو هیچکات حەزی لە چووکترین ئاڵوگۆڕ نەبوو؛ لە هیچ شتێکدا. بەمجۆرە کووسکوولیش بۆ وی بەمیرات بەجێما.

بە سەرسامییەوە چاوم لێکردو گوتم:

–بەڕاستیتە؟

–خانم. باوکم تەنیاترین پیاوە کە دەیناسم. دایکم چەندین ساڵە تەنانەت بە سەردانیش نەهاتۆتە لای. باوکم ڕۆژێ شازدە سەعات کار دەکاو سەعاتەکانی کۆتایی شەویشی دەگەڵ چەند دۆستێکی کە یادگاری سەردەمی وەلیعادیی ئەون بەسەر دەبا. کەسانی وەک کۆنت بەراهە. نازانم ئەم ناوە بۆتۆ ماناو نێوەرۆکێکی هەیە یان نا. کیژۆڵە فێن کووسکوول زۆرجار بە گیتارەکەیەوە دێتە نێو ئەو کۆمەڵەو گۆرانیی دلگریان بۆ دەڵێ، گۆرانییەکان زۆر بەرزن. بەڵام بۆ بەدشانسی باوکم ناتوانێ بەباشی لە ماناو نێوەرۆکیان حاڵی بێ.

–ئەدی جێژنە دەربارییەکانو میوانداریی سەماو هەڵپەڕین چی؟ خۆ دەربار بێ میوانداری نابێ؟

–بۆ باوکم بۆچی. لەبیرت نەچێ کە ئێمە لە دەرباری خۆماندا هیچ شاژنێکمان نیە.

لەسەرەخۆ پەرداخەکەمم هەڵداو ئەویش دەسبەجێ پڕی کردەوە.

–دیارە وەختێک ئەتۆ ژن بێنی هەموو شتێک دەگۆڕێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەتۆ پێت وایە شازادەیەکی گەنج دەتوانێ لە کۆشکێکی ساردو سەهۆڵبەستوودا هەست بە شادمانی بکا خانم؟ کۆشکێک کە پادشایەکەی جگە لە ڕاوێژکارانی حکوومەتیو دۆستە دێرینەکانی خۆی کەسی لێنابینێ. باوکی من بۆتە پیاوێکی سەرسوڕهێن، زۆر سەیر. پادشایەک کە زمانی میللەتەکەی خۆی نازانێو لەجغزێکی ترسو سامی دەروونیو شێتانەدا گرفتارە؛ ترس لە ڕووخان. دەزانی کاری ئەو شێوەنەخۆشییەی گەیوەتە کوێ؟ باوکم هەر ڕۆژنامەیەک بابەتێکی ناخۆشی لەبارەی ئەوەوە تێدا بێ، دادەخا. هەرچەند قانوونەکانی سوێد ئازادیی چاپەمەنییان دەستەبەر کردوە. دەزانی خانم، پادشا بۆخۆی قانوونەکان پێشێل دەکاو دەزانی سەرەنجامی ئەوە چدەبێ؟

ئۆسکار ڕەنگی بە ڕووانەوە نەمابوو،و بەپێچەوانەی هەژانی وی ئەمن بە حاڵەتێکی بێموبالات پرسیم:

-پایە بەرز بەنیاز نیە دەگەڵ باوکی بەرەوڕوو بێتەوە؟

-نا. ئەگەر وا بایە هێندە تووڕە نەدەبووم... خانم، سیاسەتی دەرەوەی باوکم جێگەو پێگەیەکی ئەوتۆی لە سەرانسەری ئورووپادا بۆ وی پێکهێناوە کە بەفکری کەسدا نایە. سیاسەتی ئابووریو بازرگانیی وی وڵاتێکی نابووتبووی کردۆتە مەملەکەتێکی خۆشگوزەرانو سوێد سەربەخۆیی سیاسیو ئابووریی خۆی بەو قەرزدارە. بەڵام ئێستا بەهەموو تواناوە دەگەڵ هەرجۆرە ویستێکی ئازادیخوازانە لە پارلماندا بەربەرەکانی دەکا.. بۆچی؟ چونکە خاوەنشکۆ وا دەزانێ کە ئازادی سەرەنجام دەگاتە ڕاپەڕینو ئاکامی ڕاپەڕینیش سەرنخوونبوونی خۆیو پادشایەتییەکەی دەبێ. لەحاڵێکدا لە سکاندیناڤی لەجێدا شتێک بەناوی ڕاپەڕین لە مێشکی خەڵکدا نیە. بەڵکوو ئەوەی مەبەستیانە، هەڵدانو پێگەیشتنێکی ئارامو دوور لە هەموو ئازارێکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام کۆنە ژاکووبییەک ناتوانێ ئەو ڕاستییە تێبگا. بەڕاست ماندووم کردی خانم؟

سەرمم ڕاوەشاندو ئەو لەسەری ڕۆیشت:

-ئێستا کار گەیوەتە جێگایەک کە هێندێ کەس، مەبەستم کەسەکانە نەک حیزبەکان، بەڵێ خانم، بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵە پێیانخۆشە داوا لە پادشا بکەن بەقازانجی من دەست لەکار بکێشێتەوە.

لەحاڵێکدا لێوەکانم دەلەرزین بە ئارامی گوتم:

-پایەبەرز نابێ تەنانەت بیریش لە کاری وا بکاتەوە تا دەگا بە قسەلێکردنی.

شانە باریکەکانی بەپێشەوەدا چەمانەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەمنیش ماندووم خانم! ئەمن دەمەویست ببمە مووزیکناسو ئاوازساز، بەڵام فایدەی چی؟ تەنیا چەند ئاوازو چەند مارشی سەربازی بەرهەمی ئەو حەزەم بوون. دەستم بەنووسینی ئۆپێرایەک کرد بەڵام مخابن دەرفەتی تەواوکردنیم نیە. چونکە نەکهەر دەبێ ئەرکەکانم وەک وەلیعادو ژەنراڵێکی تۆپخانە ئەنجام بدەم بەڵکوو لەونێوەدا دەبێ هێندێ کاری دیکەش بکەم. ئەمن دەبێ وا بکەم باوکم ئەو ڕاستییە قبووڵ بکا کە شۆڕشی فەڕانسە هێندێ ئاڵوگۆڕی لە سوێدیش پێکهێناوە. باوکم دەبێ چینە نێونجییەکانی کۆمەڵیشی لەبەرچاو بێو هەموو کارەکانی دەربار هەر بە نەجیبزادە کۆنەکان نەسپێرێ. باوکم نابێ لە کۆبوونەوەکانی پارلماندا هەر باسی ئۆپێراسیۆنە سەربازییەکانیو هەروەها بەخشینی دارایی خۆی لەپێناو سوێددا بکا. باوکم نابێ...

لەوە زیاتر خۆم پێڕانەگیراو قسەکانم پێبڕینو گوتم:

–ئەدی ئەو کووسکوولەی باست دەکرد چی؟

–پێم وانیە ئەو لە گۆرانیگوتن زیاتر کارێکی هەبێ. هەرچەند باوکم کاتێک ژیانی تەنیایی دەست پێکرد کە باشترین ڕۆژانی ژیانی بەسەر دەبرد، وا نیە؟ لەوەش بگوزەرێ باوکم لەهێندێ باریشەوە پێ لەسەر باوەڕە کۆنەکانی دادەگرێ یەک لەوان ئەوە کە وەلیعادەکەی فێری چەندوچۆنی ئاشقبوون بکا.

–بێگومان جگە لە قازانجی جەنابت بیر لە هیچ ناکاتەوە.

–باوکم خۆی لە دەفتەری کارەکەیدا زیندانی کردوەو لە ڕاستییەکانی ژیان دوور کەوتۆتەوە. ئەو پێویستیی بە...

جارێکی دیکە قسەکەی پچڕیو پەرداخەکەی پڕ کردەوە. گنجە قووڵەکانی نێوچاوانی ژان باتیستی وەبیر دەخستمەوە. لەزارەمدا هەستم بە بێتامی دەکرد.

–خانم ئەمن بەمنداڵی زۆرم حەز دەکرد تاجلەسەرنانی ناپلیۆن ببینم بەڵام ئیزنیان بەمن نەدا بیبینم. لەبیرم نیە بۆچی بەڵام لەبیرمە کە دایکم دەیگوت "ئێمە بەشداری تاجلەسەرنانێکی دیکە دەبین ئۆسکار، ئەمنوتۆ. ئەو تاجلەسەرنانە زۆر لە تاجلەسەرنانی سبەینێ جوانترو تەماشاییتر دەبێ، باوەڕ بە قسەکەم بکە زۆر جوانتر..." بەڵێ خانم، دایکم قەولێکی وای بەمن دا. ئەمن لە تاجلەسەرنانێکی دیکەدا بەشدار بووم بەڵام دایکم نەهات تێیدا بەشدار بێ. بۆ دەگریی خانم! دڵۆپە فرمێسک دەڕژێنە پەرداخەکەتەوە، بۆچی؟

–دایکی تۆ ناوی دێزیدیریایە...کەسێک کە دڵخوازو ئاواتە. ڕەنگە لەوکاتەدا ئامادەبوونی لەو ڕێوڕەسمەدا زۆر خۆش نەبووبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-خۆش نەبووبێ؟ باوکم ئەوی وەک شاژنی دوو وڵاتی دڵگرو زیندوو ناساندو ئەو... تەنانەت نەهاتە ویش. ئەتۆ پێت وایە پیاوێکی وەک باوکم دەستی پاڕانەوە بۆلای وی درێژ دەکا؟

-ڕەنگە دایکت بۆ ئەوە دروست نەبووبێ ببێتە شاژن، پایەبەرز.

-خەڵکی پاریس لەبەر پەنجەرەکەی دایکم هاواریان دەکرد "نۆترۆدام دولا پەی"و ئەویان بە فریشتەی ئاشتی ناو دەبرد چونکە ئەو توانیبووی پێشگیری لە شەڕێکی نێوخۆیی بکا. دایکێ من کەسێک بوو کە شمشێری لە ناپلیۆن ئەستاندبوو...

-نا. ناپلیۆن شمشێرەکەی دایە.

-خانم! دایکێ من ژنێکی سەرسوڕهێنە. بەڵام هەرنەبێ بەقەد باوکیشم کەللەڕەقە. ئەمن دڵنیات دەکەم کە بوونی شاژن لە سوێد نەکهەر خۆش بەڵکوو پێویستیشە.

-ئەگەر وابێ بێگومان شاژن دێتە وێندەرێ.

-دایە! سوپاس بۆ خوا دایە! دەئێستا تکایە ئەو تۆڕە لەسەر ڕوخسارت لابدە تا بەچاکی بتبینم. ئەتۆ هیچ نەگۆڕاوی دایە! بەڵکوو جوانتریش بووی. چاوەکانت گەورەتر بوونو ڕوومەتو سەرگۆنات پڕتر...و نێوچاوانت... بۆ دەگری دایە؟

-کەنگێ منت ناسیەوە ئۆسکار؟

-ناسیمیەوە؟ ئەمن هەر بۆ چاوەڕوانیی تۆ لەسەر گڵکۆی شارڵمانی ڕاوەستابووم. زۆرم پێخۆش بوو بزانم یەکەمجار چۆن دەگەڵ پیاوێکی نەناسیاو سەری قسە دادەگیرسێنی.

-ئەمن دڵنیا بووم کە لۆنژەلیمەکەت دەتوانێ زمانی خۆی گرێ دا.

-لۆنژەلیم نەیدەتوانی کارێک بکا. لەسەرەتاوە ئەمن لەبیری ئەوەدا بووم چۆن دەتوانم تۆ ببینم. کۆنت دەیدی کە ئەمن بۆ دیتنەوەی ڕێگاچارەیەک چەندە تین بۆ مێشکی خۆم دێنم. ئەودەم بوو کە وەزمان هاتو گوتی ئەتۆ پێش من کەوتوویە سەر ئەو فکرە.

-ئۆسکار! ئەوەی لەبارەی باوکتەوە گوتت ڕاست بوو؟

-دیارە. بەڵام ئەمنیش تۆزێک زیاد ڕۆیشتم بۆئەوەی ئەتۆ زووتر بیر لە هاتن بکەیەوە. ئێستێ کەنگێ دێی دایە؟

ئەو دەستی منی گرتو بەگۆنای خۆیەوە گوشی. گەڕانەوە بۆماڵێ... گەڕانەوە بۆ ماڵێ، ئەویش لە وڵاتێکی بێگانە کە زۆریش ساردە. ئەو جارێکی دیکە دەستی منی بەسەر گۆنایدا هێنا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئۆسکار. ئۆسکار وەک پیاوان ڕیشت هاتوە...و ئەتۆ نازانی کە ئەوان لە ستۆکهۆڵم چەندیان ڕەنجاندم

–دایە، دایکە باشەکەم... کێ تۆی ڕەنجاند؟ ئەو بێوەژنە سەیروسەمەرەیەی واسای کوژراو؟ ئەو لەمێژساڵە مردوە. یان بێوەژنی پادشای پیر هێدویژ ئەلیزابێت؟ ئەوی چەندمانگ دوای مێردەکەی مرد. یان شازادەخانم سووفیا ئالبێرتینای پیر؟ دایە کێ دەتوانێ گاڵتە بەتۆ بکا. لەبیرت نەچێ کە ئەتۆ ئێستا شاژنی.

–نا.نا. لەبیرم نەچووە، هەمیشە بیری لێدەکەمەوەو ئەم بیرە بەرم نادا. ئەمن لەوە دەترسم کە...

–دایە! هەرئەو چەند دەقیقەیەی پێش ئێستا لەکلیسا باسی پرسیارو وەڵامێکت هێنایە گۆڕێ، تکایە لە پایەبەرز دەکەم پێمبڵێ؛ داخوا ئەم قسەیە هەر بۆ داگیرساندنی قسەکان بوو؟

–نا. بەڕاستی دەمەویست شتێکت لێبپرسم پرسیارێک لەبارەی بووکەکەمەوە.

–بەڵام کەسێکی وا هەرنیە. باوکم لیستێکی درێژی لە شازادە خانمەکان ئامادە کردوە؛ شازادەخانمەکان خانەدانی ئوورانینبوورگو پێش هەموویان شازادە خانمە پڕووسیەکان یەک لە یەکێ دزێوتر. بابم وێنەی هەموویانی خڕ کردۆتەوە.

–ئۆسکار ئەمن دەمەوێ ژنهێنانت تێکەڵ بە ئەڤین بێ.

–باوەڕ کە بۆخۆشم هەرئەوەم دەوێ. وەختێک بێیەوە ماڵێ بەدزی کچە چکۆڵەکەمت نیشان دەدەم. ناوی ئۆسکارایە.

–ئەمن... ئەمن... نەنکم...و دایەگەورەکان عادەتەن ژنانی پیرن... ئەمن بێ هیچ نیگەرانی‌یەک چەند بەپەلە هاتوومە دوا جێ‌دیداری خۆم!

–دایە! ئۆسکارا قووڵکەی سەر گۆناکانی لەتۆ بۆ بەمیرات ماوە.

–ئۆسکارا. نەوەی من ئۆسکارا...

–بڵێ بزانم ئەو کیژۆڵە سەرگۆناقووڵە دایکی نیە؟

–دایکێکی لەبەردڵانی هەیە... ژاکێت ژێدەنستۆپ.

–باوکت ئاگای لێیە؟

–فکرت لەکوێیە دایە؟ بەڵێن بدە هیچی پێ نەڵێی.

–بەڵام ئەتۆ نابێ...

–دایە لەبیرت چووە ئەمن کێم؟ چۆن دەتوانم...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوترووکانێک هەستم بە سەرگێژە کرد. نەمدەزانی بۆچی ئۆسکار بەتوندی لەسەر قسەکانی ڕۆیشت:

باوکم سەرەتا لەبیری هاوپێوەندی دەگەڵ بنەماڵەی پادشایەتیی هانۆڤەردا بوو. بەڵام بۆ ئینگلیزەکان بنەماڵەی بێرنادۆت بەڕادەی پێویست ڕیشەدار نەبوو. بۆیە پێشنیاری پێکردم شازادەخانمێکی پڕووسی بینم.

-گوێت لێبێ ئۆسکار! قەرارمان وا بوو ئەتۆ دەگەڵ من بۆ بەشداری لە جێژنێکی دەزگیرانەتیدا بێیە بڕووکسێل.

-لەبیرم نەماوە دەزگیرانەتیی کێ دەگەڵ کێ؟

-جیژنی دەزگیرانەتیی زەناييد کچێ پوورە ژوولیت، دەگەڵ کوڕی لووسین بوناپارت. ژۆزێف بوناپارت بۆ بەشداری لەو جێژنەدا لە ئەمریکاوە هاتۆتەوە. لەوانەشە لە ئورووپا لەلای ژوولی بمێنێتەوە.

ئارەزوومە وا بێ تائێمەش سەرەنجام لە فکری نەخۆشی‌یەکانی ڕزگاریمان بێ.

-پوورە ژوولی زۆر لەسەر هەستو دڵناسکە.

-ببوورە دایە، بەڵام ئەمن هیچکام لە بوناپارتەکانم خۆش ناوێن.

ڕاست وەک باوکیو ڕێک ئەو وشانەش.

-ئەتۆ نابێ لەبیرت بچێ کە پوورە ژوولی کلاری‌یە.

-زۆرباشە دایە. دەچینە زەماوەندەکەو ئەدی دوایە؟

-ئەمن لە بڕووکسێلەوە دەچمە سویس تا ئوورتانس دوشێس سێن‌لوو لە قەڵای ئارتێنبێرگ ببینم. ئەو بووئاڕنەیەو کچێ ژووزفینی جوان. دەمەوێ ئەتۆ دەگەڵم بێی.

-دایە! ئەمن هیچ حەز لەچارەی ئەو بوناپارتانە ناکەم.

-دەمەوێ ئەتۆ برازاکەی ئوورتانس، شێهابەچکۆڵی جوان ببینی.

-چی چی چکۆڵ؟

-باوکی وی ئووژەن فەرمانڕەوای پێشووی ئیتالیایە کە ئێستا بە دووکی لووشتێنبێرگ ناو دەبرێ. ئووژەن کچێ پادشای باڤاریای هێناو کچە چکۆڵەکەی یەکجار جوانە، جوانترین ژووزفین کە بتوانی بی‌هێنیە بەر چاوت.

-گرنگ نیە ئەو چەند جوانە بەڵام ئەمن ناتوانم بی‌هێنم.

-بۆچی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئەتۆ دیسان لەبیرت چوو کە ئەمن کێم. لووشتێنبێرگێکی بێناو شیاوی هاوسەریی وەلیعادی پادشای سوێد نیە دایە!

–نا. کەوایە با شتێکت پێبڵێم ئۆسکار. بەڵام لەپێشدا کەمێکم شامپاین بۆ تێکە چونکە وردەوردە لەزارم خۆش بووە. باشە، ئێستێ گوێ بگرە! باپیری وی لە باوکەوە ڤیسکوینت بووئارنە ژەنراڵی سوپای فەرانسەیەو نەنکی، ڤیسکوینتس بووئارنە جوانترین ژنی رۆژگاری خۆیو شارشێوێنی پاریسە کە دووەمین مێردی، ئیمپەراتۆری فەرانسە بوو. بابەگەورەی تۆ لە باوکەوە دەفتەرنووسی پارێزەرێکی بێناوبانگ لە پوو بوو،و ئەمن بۆخۆشم شتێک لەبارەی دایکی باوکتەوە نازانم.

–بەڵام دایە...

–راوەستە تا قسەکەم تەواو دەبێ ئۆسکار. باپیری وی لە دایکەوە پادشای باڤاریایەو دەزانی کە خانەدانی باڤیر یەکێک لە کۆنترینو ریشەدارترین خانەدانەکانی پادشایانی ئورووپایە. بەڵام باپیری تۆ لە دایکەوە کەسێک نیە جگە لە فرانسوا کلاری هەریرفرۆشی خەڵکی مارسەی.

نێوچاوانی تێکناو گوتی:

–نەوەی ژووزفین!

–بەڵێ، وەک ویش ئەفسوونگەرو شارشێوێن. ئەمن ژووزفینی چووکەڵەم تەنیا جارێک دیوە. ئەویش ئەوکاتەی منداڵ بوو. بەڵام هەرئەو زەردەخەنە گەرمو دڵگرەی لەسەر لێوان بوو؛ بزەیەک وەک بزەی ژووزفینی گەورە.

ئۆسکار هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

–دایە! لە بنەماڵەیەکی پادشایەتیدا...

–بەڵێ. ئامانجم هەر ئەو بنەماڵە پادشایەتییەیە. ئەمن دەمەوێ بناخەدانەری خانەدانێکی جوانو خۆشرووخسار بم.

–بەڵام باوکم هەرگیز مل بۆ ئەمکارە راناکێشێ.

–هیچکەس پێی خۆش نیە ناچاری بکەن دەگەڵ ژنێکی ناشیرن زەماوەند بکا. ئەمن قسە دەگەڵ باوکت دەکەم. تەنیا کار کە ئەتۆ دەبێ بیکەی دیتنی شێهابی چووکەڵەو ئەو ئەستێرە کلکدارەیە.

دوای ئەوەی پارەی رێستورانەکەمان دا قۆڵ دەقۆڵی یەکتردا بەرەو هوتێل کەوتینە رێ. دڵم بەتوندی لێیدەدا. لەلایەک لە خۆشییانو لەلای دیکە بە شامپاینە خەراپەکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دایه ئەو چەندساڵی تەمەنە؟

–دەوری پازدەساڵ. بەڵام ئەمن لە تەمەنی وی‌دا زۆرکارم کردبوون.

–دایه، ئەتۆ منداڵێکی زووپێگەیشتوو بووی. بەڵام پێم بڵی بۆ پێی دەڵێی ئەستێرەی کلکدار؟

ویستم بۆی ڕوون بکەمەوە بەڵام لە هوتێل نزیک بووینەوەو ئەو لەنەکاو حاڵەتێکی جیددیی بەخۆوە گرت. لەحاڵێک‌دا پەنجەی دەستمی لەدەستی خۆی‌دا دەگوشی گوتی:

–دایه! بەڵێن دەدەی دەگەڵ دەزگیرانەکەم بێیە ستۆکهۆڵم؟

–ئەرێ، بەڵێن دەدەم.

–لەوێش دەمێنیەوە؟

–بەستراوەتەوە...

–بە چی دایه؟

–بەخۆم ئۆسکار. ئەمن تەنیا لە حاڵەتێک‌دا دەتوانم لەوێ وەمێنم کە بتوانم شاژنێکی باش بم. بەڕاستیمە. ئەمە بۆ من زۆر گرنگە.

–دایه! ئەتۆ تەنیا پێویستیت بە ڕاهێنان هەیە... ئەها، لە هۆوێن... لۆنژەلیمی تۆو لۆنژەلیمی من... بەڕواڵەت خۆشحاڵ دیار بوو.

لەبن لێوانەوە گوتم:

–ئەمن ئاڵوگۆڕێک بەسەر دەرباری سوێددا دێنم.

ئەو چاوێکی لێ‌کردمو بزەی هاتێ.

–ڕێگا بدە با هەتاو ئاوا بێ پێش ئەوەی ئەستێرەی کلکدار لە ئاسمان بەربێتەوە.

سەرم ڕاوەشاندو گوتم:

–دەبێ ڕێگا بدەین کیژۆڵە کووسکوول بە دواڕۆژێکی دابین‌کراوو دڵخوازەوە خانەنشین بێ.

–دایه. وا دیارە هەردووکمان زیادەڕەویمان کردوە.

هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین، پێکەنینێک کە نەماندەتوانی پێشی پێ‌بگرین. داخوا ڕەفتارێکی ئەوتۆ بۆ دایەگەورەیەک جوان بوو؟

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦٢

## کۆشکی پادشایەتیی ستۆکهۆڵم، بەهاری ١٨٢٣

ئەمە بووکەکەم، ژووزفین هاوسەری وەلیعادی پادشای سوێد بوو کە زۆر بە شۆروشەوقەوە دەیگوت:

–وڵاتەکەمان چەند جوانە!

ئێمە شانبەشانی یەکتر لەپەنا میلەکانی سەربانی "ناو"ێکی بەشکۆ ڕاوەستابووین. ئەم ناوە لە بەندەری لووبێک چاوەڕێی ئێمە ببوو،و ئێستاش دەیبردینە ستۆکهۆڵم.

ماری هەر پێنج دەقیقە جارێک دەیپرسی:

–زۆرمان ماوە بگەینە کەنار دەریا؟ پێیەر لاقە دارینەکەی دەپێکا یان نا؟

ڕێوڕەسمی مارەبڕینی ئۆسکارو ئەستێرەی کلکدار لە مونیخ بەڕێوە چوو. بەڵام ئۆسکار لەوێ نەبوو. ئەستێرەی کلکداری کاتوولیک حەزی دەکرد مارەبڕینەکەی لە کلیسایەکی کاتوولیک بێو ئۆسکاریش پرۆتستان بوو. بۆیە ڕێوڕەسمی مارەبڕین لە موونیخ بەڕێوە براو جێژنی زەماوەندیش دوای گەیشتن بە ستۆکهۆڵم بەرپا دەکرێ.

–نازانم ئەم فکرە بێوێنەیە بەمێشکی کێدا هات کە بەناردنی ئەم ناوە ئێمەی لە سەفەرێکی دوورودرێژ بە ڕێگای دانمارکو جنووبی سوێددا ڕزگار کرد. ئێستا ناوەکەمان وردە دوڕگە بێ ژمارەکانی دەوروبەری ستۆکهۆڵمی بەجێ دەهێشت بەڵام نەمدەزانی ژان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باتیست بۆچی دەیەویست ئەمن بە ناوێک سەفەر بکەم کە چلوهەشت دەزگا تۆپی لەسەر بوون.

ئاسمان شینێکی کاڵ بوو،و ئەو دوڕگانەی سەریان لە کەلێنی شەپۆلەکانەوە وەدەر نابوو، وەک هەڵدێرێک دەهاتنە بەر چاو. تەواوی ئەو کەنارە شێوەهەڵدێرەو چیمەنە بێبڕانەوەکانی بە تەبارەیەک داری غان داپۆشرابوو. جارێکی دیکە نەوەی ژووزفین کە لەپەنام ڕاوەستابوو قسەکەی پێشووی دووپاتە کردەوە:

-وڵاتە جوانەکەمان.

چاوەکانی وا دەدرەوشانەوە کە دەتگوت بەوپەڕی ئیشتیاوە دیمەنی جوانی لێڕەوارە غانەکان قووت دەدا. جارێکی دیکە گوێم لە دەنگی ماری بوو کە دەیپرسی:

-ئەرێ وەختی ئەوە نەهاتوە پیەر لاقە دارینەکەی دەپێ بکا؟

پیەر لەسەر بانی ناوەکە لەپەنا دایکی دانیشتبوو، دەیەویست کاتێک دەگەینە کەنار، بەکۆمەگی لاقە دارینەکەیو دارشەقەکانی ڕاست لەپشت منەوە ڕاوەستێ.

کۆنت گۆستاڤی لۆنژەلیێم لەحاڵێکدا دووربینە سەحڕاییەکەی بۆلای من ڕاداشتبوو گوتی:

-ئەوە لە ڤاکسهۆڵم نزیک دەبینەوە خانمی خاوەنشکۆ. ڤاکسهۆڵم یەک لە شوێنە قایمەکانی ئێمەیە.

بەڵام ئەمن بیرم لەوە دەکردەوە کە لە ژیانمدا هەرگیز ئەوەندە دارە غانم لەجێیەک نەدیوە. "وڵاتی ئێمە". ئەستێرەی کلکدار جارێکی دیو جارێکی دی دووپاتەی کردەوە... وڵاتەکەمان؟

مارسلینو ماریووسیشم دەگەڵ بوون. ئەتین سوپاسنامەیەکی بۆ نووسیبوومو لەودا سوپاسی کردبووم کە مارسلینی کچیم وەک بەردەستی خۆم دیاری کردوە. ماریووسیش کاری خۆی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی مندا درێژە پێدەداو لەجیاتی ئەوەی ئەندامێکی دەزگای کلاری بێ، ببووە ئەندامی ڕەسمیی دەرباری سوێد. ماریووس، مارسلین، ماریو پیەر... دەتگوت بەشێک لە فەڕانسەم دەگەڵ خۆم هێناوەو دیارە ئیووتیش کە پاش ژوولی تەنیا کەسە بەو قژە سەرکێشانەی من بوێرێو ڕێکیان بخا.

ژوولی... کەسێکی لاواز جاری وایە چتوانایەک پەیدا دەکا. چۆنو بە چتوانایەک قامکە ناسکو ساردو بێخوێنەکانی باسکی منیان دەگوشیو بەدرێژایی چەندینساڵ هەمیشە بە پاڕانەوەوە دەیگوت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دێزیره! بەجێم مەهێڵە. داخوازیی‌یەکی دیکەم بۆ پادشای فەڕانسە بۆ بنووسە. ئەمن دەمەوێ لە پاریس بژیم. لێرەو لەکن من وەمێنەو یارمەتیم بدە...

داوای من لە پادشا سوودێکی نەبوو، بەڵام ئەمن هەروا لە پەنای مامەوە... سەرەنجام لە زەماوەندی کچەکەی‌دا گوتی:

–زەناییدو مێردەکەی لە ئیتالیا دەژین. ئیتالیا مارسەیم وەبیر دێنێتەوە. کەوایە ئەمنیش دەچمە فلوورانس‌و دەگوازمەوە لای ئەو ژنو مێردە گەنجە.

ژۆزێفیش دوای وتارە باڵابەرزەکەی لەبارەی مێگەلە گاو مانگاو بەشەکانی ڕێگای ئاسنی نیووجێرسی لەنەکاو گوتی:

وەختی لەدایکبوونم کۆرس هێشتا بەشێک لە ئیتالیا بوو. کاتێک پیر بووم دووبارە دێمەوە ئیتالیا بۆ لای تۆ.

ژوولی لەحاڵێکدا دەستی دەخستە بن قۆڵی، بە بێ‌موبالاتی بەڵام ڕەزامەندانە گوتی:

–بەمجۆرە هەموو کارەکان بە دڵی خۆمان دەبن.

ئەو بەتەواوی منی لەبیر چووبوو،و...

لەوکاتەدا ئەستێرەی کلکدار بە گوێی‌دا چپاندم:

زۆر خۆشحاڵم دایە. ئەمنو ئۆسکار هەر لەیەکەم ساتدا کە لە ماڵێ پووره ئوورتانس یەکترمان دیت، هەستمان کرد کە بۆ یەکتر دروست کراوین. بەڵام ئەمن پێم وابوو جەنابتو خاوەنشکۆ ڕووی خۆش بۆ ئەو پەیوەندی‌یە نیشان نادەن.

–بۆچی نا ڕۆڵە؟

–چونکە... چونکە ئەمن کچەدووک بووم، دووکی لووشتێنبێرگو ئۆسکار دەی‌توانی هەڵبژاردنی زۆر باشتری هەبێ. دایە ئەتۆ پێت خۆش نەبوو شازادەخانمێک لە خانەدانێکی پادشایەتیی بووکت بێ؟

دارە غانەکان لە تێکەڵاوێکی ڕەنگی سەوزو زەردی بەهاری‌دا کاتی شەپۆلدان ڕەنگێکی شینی ئاسمانی وەردەگرن. کچەکە شتێکی لەمن پرسی‌و سەرە چکۆڵەکەی وەک ژووزفینی نەنکی بەلارەوە نا.

تۆپەکان بەنیشانەی سڵاو گرماندیانو ئەمن لەترسان هەنگاوێک کشامەوە. قەڵای ڤاکسهۆلم بەخێراتنی دەکردین. تێگەیشتم کە ئیدی دەرفەتێکی زۆرم نیە کچم! حیساب لەسەر هیچ شتێک مەکە، بەس هیوادار بە، بە هەموو دڵتەوە...

–ژووزفینا! بیر لەڕۆژێک بکەوە کە منداڵەکانت ئاشق دەبن... بۆ سوورهەڵگەڕاوی کچم؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە باسی منداڵەکانتم کرد؟ ئازیزم! ئەتۆ ئەوکاتەی کچۆڵەیەکی چکۆڵە بووی، لەبارەی جووچکە مراویەکانو سەرلەهێلکەدەرهێنانیانەوە باوەڕت بە قسەی من نەکرد. هیوادارم ئێستاش هەر لەسەر ئەو باوەڕە نەبی کە لەقلەقەکان جووچکە مراوییان بۆ ئێمە دێنن. نازانم لەوساڵانەدا کە لەپێشمانن ئەمنو تۆ جاروبار دەرفەتمان دەبێ دووبەدوو پێکەوە قسان بکەین یان نا. بۆیە ناچارم پێت بڵێمو داوات لێبکەم کە ڕێگا بدەی منداڵەکانت بە عیشقەوە زەماوەند بکەن. قەولم پێدەدەی کچم؟

–ئەدی مەسەلەی جێنشینی بۆ پادشایەتی چیی لێدێ دایە؟

–ئەتۆ بێگومان چەند منداڵت دەبن. یەک لە کوڕەکانت لەوانەیە شێتو شەیدای شازادەخانمێک بێ. ئەوانە بە چارەنووس بسپێرە کچم. بەڵام هەموو بێرنادۆتەکان فێر کە کە مرۆڤ دەبێ بە عیشقەوە زەماوەند بکا.

مژۆڵە درێژەکانی لەترسان کەوتنە سەریەک.

–بەڵام ئەگەر کوڕەکەم شەیدای کچێک لە چینی نێونجیی کۆمەڵ بوو چی؟ فکرت لەوە کردۆتەوە دایە؟

–ژووزفینا پێویستیی بە بیر لێکردنەوە نیە. ئێمە بێرنادۆتەکان بۆخۆمان لە چینی نێونجیی کۆمەڵین.

جارێکی دیکە گرمەی هەوران وەک بریسکە دەستی پێکرد. لۆتکەیەکی چکۆلە بۆلای ئێمە هات. دووربینە سەحراییەکەم بەچاومەوە نا.

–ژووزفینا زووکە پۆدر لە لووتت بدە. ئۆسکار دێتە لای ئێمە.

بەزەحمەت گوێم لە گرمەی تۆپەکان دەبوو. کەنار دەریا بە ئاپۆرەی حەشیمەت ڕەش هەڵگەڕابوو، و با هاواری خۆشحاڵیی وانی دەگەیاندە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمان. دەتگوت دەیانو سەدان لۆتکەی چووکەڵە بە دەسکە گوڵەوە بەدەوری کەشتییەکەی ئێمەدا سەما دەکەن. ئۆسکارو ژووزفینا لەپەنا یەکتر ڕاوەستابوونو دەستیان بۆ ڕادەوەشاندن. ژووزفینا جلێکی شینی دەبەردا بوو، دەگەڵ شنێلێکی کەوڵە سەگلاوک کە بە تێپەڕینی ڕۆژگار کەمێک زەرد هەڵگەڕابوو. ئەم شنێلە لەپێشدا لەسەر شانی ژووزفین بوو، کە دیاریی ناپلیۆن بوو. ئوورتانس چەندین ساڵ پێشتر وەک یادگارێکی دایە گەورە دابووی بە ژووزفینا.

لۆنژەلێم خەبەری پێدام:

–خانمی خاوەنشکۆ! ئەمە بەندەری ژوور گاردنەو دوای چەند دەقیقەی دیکە ڕایدەگرین.

–ماری! ئێستا وەختیەتی کە پیەر لاقە دارینەکە بکاتە پێی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستەکانمم بەتوندی ڕێکگوشین. بەرەدەستەکانم شەلاڵی ئارەق بوون. گوێم لە دەنگی مارسلین بوو کە دەیگوت:

–پووریّ گیان! بڕوانە ئەوان تاقی سەرکەوتنیان لە لقوپۆپی غان دروست کردوە.

تۆپەکان گرمەیان دەهات. ئیبووت بەغاردان هاتو ئاوێنەیەکی لەپێش ڕاگرتم. پۆدرو سووراوو کەمێکیش پۆدری زێوییم لەپشتی پێلووەکانم دا. ماری شنێلە کەوڵە سەگلاوکە قورسەکەی بەسەر شانمدا دا. مەخمەری خاکیی ڕەنگزێوینو شنێلی کەوڵە سەگلاوک بۆ خەسوو بەرگێکی گونجاو بوو.

دەستەکانی ماری کە بە کاری زۆر چرچ ببوون قامکەکانمیان دەگوشی. ڕوخساری پیرو تێکتەپیو بوو.

–ئووژنی! سەرەنجام گەیشتینیّ.

نا ماری،ئەمە تازە سەرەتای ڕێگایە.

تۆپەکان بێدەنگ بوون. تیپی مووزیک دەستیان کرد بە لێدان؛ مۆسیقایەکی شاد. ئۆسکار لەحاڵێکدا کە ڕووی لە ئەستێرەی کلکدار بوو گوتی:

–ئەم مووزیکەم بۆتۆ داناوە.

جارێکی دیکە لۆنژەلێم دووربینەکەی وەدەست دام.

شنێلێکی مەخمەری بنەوشو کلاوێک بەپەڕی سپیی وشترمرغەوە. لەنەکاو هەموو بەرەودوا کشانەوە. تەنانەت ئوستاندارو ئەستێرەی کلکداریش،و تەنیا ئەمن لەپێش پردی کەشتییەکە ڕاوەستابووم. سروودی نیشتمانیی سوێد لیّدرا. لە کەنار دەریا، هەزارانکەس وەک پەیکەر بیجووڵە ڕاوەستابوونو تەنیا لکە ناسکەکانی غان بەسەر تاقی سەرکەوتنەوە لەبەر شنەبا بە ئارامی دەبزووتنەوە.

ئەودەم ئەو دوو پیاوە کە کەوتبوونە ئەملاوئەولای شنێلبنەوشییەکەوە بەجووڵەیەکی هاوکات هەنگاوێکیان بەرەوپێش هەڵێنایەوەو پیّیان لەسەر پردی کەشتییەکە دانا تا لە دابەزیندا کۆمەگی من بکەن. بزە کەوتبووە سەر لێوی کۆنت بەراهەو کۆنت ڕووزەن بەجۆرێک هەژابوو ڕەنگی بەڕووانەوە نەمابوو.

بەڵام دەستێک بەدەستەوانەی سپییەوە لە چاوترووکانێکدا هەردووکیانی خستە لاوەو شنێلبنەوش هاتە پێشتر. پردی باریکی کەشتی دانەویو دەستێکی بەهێزو لەمێژ ناسراوم لەسەر باسکم هەست پیّکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاواری حەشیمەت بەرەو ئاسمان بەرز بۆوەو گرووپی مووزیک دەستی بە لێدان کرد. ئۆسکاریش پرێنسسی خۆی لەپردەکە پەڕاندەوەو لە بن تاقی سەرکەوتن کچێکی منداڵ بە جلێکی سپییەوە هاتە پێشوازم. کچە چکۆڵە لەپشت دەسکێکی گەورە لە سوێسنەی شینو گوڵاڵەی زەردا شاررابۆوە. ئەو شیعرێکی خوێندەوەو بەئارامی دەسکە گوڵە شینو زەردەکەی دا بەمن. هیچکەس چاوەڕوانی وەڵامی پڕ لە سوپاسی من نەبوو. بەڵام کاتێک دەستم بەقسە کرد، بێدەنگی‌یەکی قورس سێبەری بەسەر هەموو جێیەکدا کێشا. لەترسان لەشم وەک داری ڕەقی لێ هاتبوو بەڵام دەنگم بڵندو ڕەوان بوو. ئەم جۆرە دەستم بە قسان کرد:

–ژاگ هارڤریت لانگە بوورتە.

هەناسە لە سنگی هەمووواندا ڕاوەستا بوو. سوێدی!!! شاژن بەزمانی سوێدی قسەی دەکرد. ئەمن بۆخۆم ئەو دەقە کورتەم ئامادە کردبوو،و کۆنتی لۆنژەلیم وەری‌گێڕابوو، دوایە لەبەرم کردبوو. وشە بە وشە... ئەی کە چەند دژوار بوو. چاوم پڕ بوون لە فرمێسکو کۆتایی قسەکەشم "لانگە لیڤێ سوریگە" بوو.

بەکالیسکەیەکی سەرئاوەڵا، ڕازاوەو تەشریفاتی بە شەقامەکاندا تێپەڕ بووین. ئەستێرەی کلکدار لەپەنا من دانیشتبوو، بەردەوام بە سەردانواندن بەچەپو ڕاستدا وڵامی هاواری خۆشحاڵیی خەڵکی دەدایەوە. ژان باتیستو ئۆسکاریش ڕووبەڕووی ئێمە دانیشتبوون. لەحاڵێکدا تەواو قیت دانیشتبووم بزە لەسەر لێوانم نەدەبڕا، بەڕادەیەک کە ماسوولکەکانی ڕوومەتم وەژان کەوتن. بەڵام هێشتا بزەم لەسەر لێوان بوو.

–ناتوانم تێبگەم دایە! ئەتۆ چۆن بە زمانی سوێدی قسەت کرد؟ بەڕاستی شانازیت پێوە دەکەم دایە.

هەستم دەکرد ژان باتیست منی خستۆتە ژێر نیگای خۆی. بەڵام هێشتا نەمدەوێرا تەماشای چاوەکانی بکەم چونکە لە کالیسکەیەکی سەرئاوەڵادا دانیشتبووینو ئەمن نهێنی‌یەکی سەرسوڕهێنم بۆ دەرکەوتبوو. هێشتا هەر عاشقی بووم.

لەوانەشە دووبارە عاشقی بووبمەوە... بۆخۆشم نەمدەزانی.

ئەو ببووە بابەگەورە . بەڵام هەرگیز گومانی بۆ ئەوە نەدەچوو.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦٣

## کۆشکی درووتینگهۆڵم، سوێد
## شازدەی ئووتی ۱۸۲۳

نیوەشەوی ڕابردوو بۆ یەکەمجار بوومە ڕووحێکو بە جلوبەرگێکی سەرتاپا سپییەوەو لە نەخشی "خانمی سپیپۆش"دا دەستم کرد بەگەڕان بەنێو کۆشکدا.

ئەگەر سەرکۆنەیەک هەبێ، دەبێ نەک ڕووی دەمن بەڵکوو ڕووی دە شەوە ڕووناکەکانی هاوینی ئەم وڵاتە بێ؛ ئەو شەوانە کە ئاسمان هەرگیز بەتەواوی تاریک نابێ. لە یەکەمین دیدارو مانەوەم لە درووتنینگهۆڵمدا ئەو شەوانەم بەگریان تێپەڕ کردوە،و ئێستا... دوازدەساڵ دوای ئەوە... لەو کۆشکەدا سەما دەکەم. ئۆسکارو ئەستێرەی کلکدار لە میوانداریەکەوە دەچنە میوانداریەکی دیکە. ئەمن بە هەرشێوەیەک بێ ژان باتیستی ناچار دەکەم دەگەڵیان بچێ. دیارە ئەو هەزاران بیانوو دێنێتەوەو قسەی ئاخر ئەوەیە کە کارو تەنیا کار. ئەو تەنانەت تەمەنیشی دەکاتە بیانوو؛ ژان باتیست ئێستا شەست ساڵ تەمەنیەتیو ئەمە ڕاستیەکە نکوولیی لێناکرێ بەڵام ئەو تەواو ساغەو دەکرێ بڵێین ناتوانێ لەوە ساغتر بێ. ئەمن بە پێکەنینو گاڵتەوە هانم دا هێندێ ئاڵوگۆر لە ژیانی سەڵتانەی خۆیدا قبووڵ بکاو کۆشکی بێدەنگی ستۆکهۆڵمم کردە دەربارێکی شادو دڵگر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵێکی زۆر نەدیمەو بەرپرسی تەشریفات دامەزرێندران. خزمەتکارەکان یۆنیفۆڕمی نوێیان کردە بەر. هیچکام لە نیگارکێشان، بەرگدوورانی ژنو پیاوو ڕازێنەرەوەکان دەرفەتیان نەبوو سەری خۆیان بخورێنن. ئەوان هەموویان شاد بوونو بازاڕێکی بەبرەویان هەبوو، و سەرەنجام هەریرفرۆشە خۆشەویستەکەی منیش...

ئۆسکار پێشنیاری کرد مانۆڕێکی بەربلاو لە جنووبی سوێد وەڕێ بخەینو دەگەڵ هەموو دەرباری‌یەکان بچینە سکانی‌و ژان باتیست لەحاڵێکدا پێی بە زەوی‌دا دەدا؛ هاواری کرد بۆچی بۆچی؟ دیارە ناڕەزایەتیی وی کاریگەر نەبوو. ئەمنو ئۆسکار بە دوای کاری خۆمانەوە بووینو جنووبی سوێد پێشوازیی لە خانەدانی پادشایەتی دەکرد. شەوانە لە کۆشکی گەورەپیاوانو نەجیبزادەکانی خۆجێیی سەمامان دەکردو بەیانی‌یان چەند سەعات تەماشای ڕێژەمان دەکردو دوانیوەڕۆیان نوێنەرانی هاونیشتمانانمان بە نۆرە وەردەگرت. ماری بۆخۆی ماندوو دیار بوو، بەوحاڵەش لە شێلانی لاقی من بێخەم نەبوو، و هاودەمە تازەکانیش بۆ فێربوونی زمان کۆمەگیان پێدەکردم. ئەم سەفەرە، ماندووی کردین بەڵام ئەمن بە هەموو مانای وشە خۆڕاگریم کرد.

ئێستێ ئێمە لە کۆشکی درووتنینگهۆڵمینو با بڵێی ئیسراحەت دەکەین. دوێنێ زووتر لە هەمەمیشە چوومە سەر جێی بەڵام خەو نەچووە چاوانمەوە. لێدانی سەعات نیوەشەوی ڕاگەیاند. لە دڵی خۆمدا گوتم شازدەی ئووت دەست پێدەکا. باڵتۆخەوێکم بە شانمدا داو وەڕێکەوتم. دەمەویست بچمە شوێنی ژیانی ژان باتیست. بێدەنگی‌یەکی ناسروشتی بەسەر هەموو جێیەکدا زاڵ بوو، بەجۆرێک کە دەنگی پێم لەسەر مۆکێتەکە دەنگی دەدایەوە. ئەی کە چەند لەو کۆشکانە بێزار بووم... لە نزیک ژوورەکەی ژان باتیست تووشی پەیکەری مەرمەڕینی مۆرۆ بووم کە ژان باتیست بۆ هەمووجێیەک دەگەڵ خۆی دەگێڕا. سەرەنجام پێم خستە ژووری جلداکەندنەکەی تا لەوێوە بچمە ژوورەکەی. بەڵام هێشتا هەنگاوێک پتر نەچووبوومە پێش کە خەریک بوو گوللەیەکم وێبکەوێ.

دەمانچەیەک بەخێرایی بریسکە نیشانەی لێگرتمو بە دوای ئەوەدا هاوارێک بە زمانی فەڕانسەیی:

–کێ لەوێیە؟

بە پێکەنینەوە گوتم:

–ڕووحێک فێرناند! تەنیا ڕووحێک.

–خانمی خاوەنشکۆ منت ترساند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فێرناند کە دڵئێشاو دیار بوو دەسبەجێ هەستاو ئیکلامی کێشا. ئەو جلەخەوێکی درێژی دەبەردا بوو،و تەختە سەفەریەیە سەربازییەکەی ڕێی چوونەژووری هۆدەکەی ژان باتیستی بەستبوو.

–ئەتۆ هەمیشە لەبەر دەرکی ژوورەکەی خاوەنشکۆ دەخەوی؟

–هەمیشە خانمی خاوەنشکۆ. چونکە مارشاڵ نیگەرانە.

هەر لەوکاتەشدا دەرگای هۆدەکە کرایەوەو ژان باتیست لەحاڵێکدا هێشتا جلەکانی دەبەردا بوون لە شیپانەی دەرگادا دەرکەوت.

ئەو پارێزەرە سەوزە کە لە وەختی کارو خوێندنەوەدا بۆ پاراستنی چاوی لە وەزەندیی ڕووناکی لەسەر نێوچاوانی دادەنا تاڕادەیەک خواروخێچ ببوو.

–ئەو دەنگەدەنگە جاڕزکەرە چیە؟

بە دابی دەربار ئیکلامێکی تەواوم بۆ کێشاو گوتم:

–خاوەنشکۆ ڕووحێک داوای چاوپێکەوتن دەکا.

ژان باتیست لەحاڵێکدا بەپەلە پارێزەرەکەی لەسەر چاوی لادەبرد بە فێرناندی گوت:

–تەختەکەت لادە با خانمی خاوەنشکۆ بێتە ژووری.

فێرناند بە حاڵەتی نیگەرانیو شێواوییەوە لەحاڵێکدا جلەخەوە درێژەکەی لە دەستو لاقان دەهاڵا تەختە سەفەرییەکەی وەلا برد.

ئەمجار بۆ یەکەمین جار دوای هاتنەوەم بۆ درووتنینگهۆڵم چوومە ژووری ژان باتیست لەسەر مێزەکەی کۆمەڵێک بەڵگەنامە هەڵچنرابوون. لەسەر زەوییش فایلەکانو کتێبە بەرگچەرمەکان بڵاو ببوونەوە. زانیم کە هێشتا خەریکی کار بووە، ڕاست وەک هانۆڤەرو مارینبوورگ. بە ماندوویی باوێشکێکی هاتیو بە حاڵەتێکی دڵسۆزانە پرسی:

–باشە ڕووح چیی دەوێ؟

لەحاڵێکدا لەسەر کورسییە ڕەحەتییەکە پاڵم دەدایەوە گوتم:

–ڕووح هەرهاتوە خەبەرێکت بداتێ. ئەم ڕووحە کچێکی گەنجە کە ڕۆژێک مێردی بە ژەنڕاڵێکی لاو کردو شەوی بووکێنییەکەی لە نوێنێکی پڕ لە سوورەگوڵو دڕکدا خەوت.

ژان باتیست لەسەر دەسکی کورسییەکە دانیشتو دەستی هاویشتە سەر شانی من.

–ئەدی ئەم ڕووحە بۆ ئەمشەو کەوتۆتە ڕێ؟

چونکە ئەو ڕووداوە ڕاست بیستوپێنج ساڵ پێش ئێستا ڕووی داوە.

ژان باتیست وەک باوەڕ نەکا هاواری کرد:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خوایە گیان، ئەمشەو بیستوپێنجەمین ساڵوەگەڕی زەماوەندمانە.

– بەڵێ‌و لە تەواوی وڵاتی پادشاییش‌دا جگە لە خۆمان هیچکەس ئاگای لەو سەربردەیە نیە. نە تۆپەکان گرمەیان دێ، نە منداڵانی قوتابخانە شێعر دەخوێننەوەو تەنانەت نە گرووپێکی موزیکی سەربازی، ئاوازێک لەوانەی ئۆسکار نووسیونی بەم بۆنەیەوە لێ‌دەدا. چەند چاکە ژان باتیست.

سەری خستە سەر شانم‌و لەبن لێوانەوە گوتی:

–ئێمە هەردووکمان ڕێیەکی درێژمان بڕیوەو ئێستا سەرەنجام ئەتۆ هاتوویەوە لای من.

–ئەی ئەتۆ... ئەتۆ ژان باتیست بە ئامانجی خۆت گەیشتووی بەڵام بەوحاڵە دەترسێی.

ئەو وەڵامێکی نەدایەوە. کێشی لەشی قورسایی‌یەکی زۆری دەخستە سەر شانی من‌و بۆخۆشی ماندوو دیار بوو. زۆر ماندوو.

–ئەتۆ فێرناندی بە دەمانچەوە لەبەردەم ژوورەکەت دەخەوێنی. داخوا ناوی ئەو ڕووحە ناپاکانەی بوونە هۆی ترسانت، دەزانی؟

–واسا. لە کۆنگرەی ڤییەن دواپادشای واسا، داوای مافی خۆی و کوڕەکەی لە تەخت‌و تاجی سوێددا دەکرد.

–ئەمە هی هەشت ساڵ لەمەوبەرە. جگەلەوەش، سوێدی‌یەکان لەبەر ئەوەی شێت بووە ئەویان لەو مافە بێبەش کردوە. داخوا بەڕاست شێت نیە؟

–نازانم بەڵام بەڕاستی سیاسەتەکانیان شێتانە بوون، سوێد لەسەر لێوی هەڵدێر بوو،و دیارە لەو کۆنگرەیەش‌دا هاوپەیمانان ئیددیعاکانیان لێقبووڵ نەکردو کورتەی قسە ئەوەیە ئەوان بەمن قەرزدارن چونکە لەو شەڕە لەعنەتی‌یەدا ئەمن دەگەڵیان بووم...

ژان باتیست! باسی ئەوەی مەکە، لەبیر خۆتی بەرەوەو خۆت بەو بیرەوەری‌یە ئازار مەدە.

هەستم کرد لەرزەیەک کەوتە پەیکەری‌و ئەوەم بە هەموو وردیلەکانی لەشم هەست پێکرد.

–ژان باتیست! سوێدی‌یەکان زۆرباش ئاگادارن ئەتۆ چیت دەرهەقیان کردوە. زۆر بەڵگە نیشاندەری ئەو ڕاستی‌یەن کە سوێد بەهۆی تۆوە بۆتە وڵاتێکی ئاوەدانو خۆشگوزەران.

–بەڵێ. بەڵێ ئەمن بەڵگەو نیشانەی زۆرم لەسەر ئەوە هەن. بەڵام ئەو دژبەرانەی لە ئەنجومەنی نوێنەران هەن چی...

–داخوا ئەوان باسێکی واساکانیان کردوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–نا. هەرگیز. بەڵام هەرئەوە بەسە کە دژبەری منن. ئەوان خۆیان بە ئـازادیخواز دەزانـن. لە ڕۆژنامەکاندا بەردەوام ئاماژە بە ڕاستی‌یەکان دەکەن، وەک ئەوە کە ئەمن لێرە لـەدایک نەبووم.

هەستامە سەرپێو گوتم:

–ژان باتیست! ئەگەر کەسێک لەسەر ئەوە سەرکۆنەت بکا کـە لێرە لـەدایک نـەبووی یـان بەوە کە زمانی ئێرە باش نازانی، ئەمانە بـە مانـای ئـارەزووی سـەرنخوونبوونی تـۆ نـین. بەڵکوو ڕاستی‌یەکی ئاشکراو ڕوونن.

–بەڵام نێوانی دژبەریو شۆرش هەنگاوێک زیاتر نیە.

–قسەی بێمانا مەکە ژان باتیست! خـەڵکی سوێد دەزانـن چی‌یـان دەوێو ئـەتۆ بەڕەسمی وەک پادشای سوێد ناسراویو ڕاگەیەندراوی.

–دەش‌توانن بەکوشتن یان ڕووخاندنی من ڕێگا بۆ گەڕانـەوەی دواپادشـای زینـدووی واسـا کە ئێستا وەک ئەفسەر لە سوپای ئوتریش‌دا خزمەت دەکا، خۆش بکەن.

لەم‌کاتەدا هەستم کرد دەبێ بۆ هەتاهەتایە تارمایی خانـەدانی واسـا لـەو دوور بخەمـەوە. بەداخەوە ناچار بووم بی‌ترسێنمو ئازاری بدەم بەڵام لە بەرامبـەردا لەمـەودوا دەی‌تـوانی بـە ئارامی بخەوێ.

–ژان باتیست... لە سوێد خانەدانی بێرنـادۆت حکوومەت دەکەنو وا دیـارە تـەنیا کەسـێک کە ئاگای لەو ڕاستی‌یە نیە ئەتۆی.

ئەو تەنیا شانی هەڵتەکاندنو هیچی نەگوت.

–بەڵام بەداخەوە لێرە کەسانێک هەن کـە پێیان‌وایـە ئـەتۆ لـە ترسـی دژبـەرەکان بۆخـۆت بایەخێک بۆ قانوونەکان دانانێی. سوێدی‌یەکان بایـەخێکی زۆر بـۆ ئـازادی دادەنـێنو ئـەتۆ هەرجارە ڕۆژنامەیەک دادەخەیو دەگەڵ هەر دووپاتەبوونەوەیەکی ئەم کارە ڕەنگە کۆمەڵێک بیری وەلادانی تۆ لە مێشکیان‌دا پەروەردە بکەن.

زۆر توند ڕاچەنی، وەک ئەوەی زەبرێکی توندم لێ دابێ.

–کەوایە دەبینـی کـە ترسـەکەم بـەخۆڕایی نیـە، بـەڵێ، ئـەمن لـە تارمـاییو سـێبەرەکان ناترسم، بەڵام ئەو ڕووحانە سێبەر نین بەڵکوو ڕاستەقینەن.

–ژان باتیست هیچ‌کەس بیر لە شازادە واسا ناکاتەوە...

–ئەدی کێ؟ ئەو بەناو ئازادی‌خوازانە دەیانەوێ کێ بکەنە جێ‌نشینی من؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئۆسکار! وەلیعادەکەی خۆت.

هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵکێشاو گوتی:

-داخوا ئەمە ڕاستە؟ تەماشای چاوانم بکە... داخوا ئەمە ڕاستە؟

-هیچکەس لە خاندانی بێرنادۆت ناڕازی نیەو دوژمنایەتیی ناکاو ئەم زنجیرەیە هەیە ژان باتیست! ئەتۆ دەبێ بە فێرناند بڵێی لەمەودوا لە ژوورەکەی خۆی بخەوێ. ئەویش نەک بە چەکەوەو ئامادەی تەقەکردن. لەوەش بگوزەرێین بۆ دەبێ ئەمن بۆ ئەوەی بێمە ژوورەکەی تۆ ناچار بم فێرناندی بە جلی خەوەوە لەبەر دەرگای ژوورەکەت ببینم؟

سەرشانە زێڕینەکانی ڕوومەتی منیان دەڕووشاندو شۆقی مۆمەکان هەردەم بەرەو کزی دەڕۆیشت.

-خۆشەویستم، ئەتۆ نابێ درەنگوەخت بێیە ژووری من. شاژنەکان نابێ لە کۆشکی خۆیاندا بە باڵتۆی خەوەوە بگەڕێن...

هەتاو بەرەبەرە هەڵدەکشیو باغە گەورەکەی کۆشکی درووتنینگهۆڵمی بە تیریژی زێڕینی خۆی جوان دەکرد. لەپەنا ژان باتیست ڕاوەستابووم.

-بەڵام لەبارەی ئۆسکارەوە...

ئەو دەرفەتی نەدام درێژە بە قسەکەم بدەم، بەڵکوو بە میهرەبانی نێوچاوانی ماچ کردمو گوتی:

-ئەمن ئەوەی بۆخۆم لێی بێبەش بووم بۆ ئۆسکارم پێک هێنا؛ پەروەردەیەکی شاهانە. بەڵام جارجار خەفەت دەخۆم لەوە کە پادشایەتیی ئەو نابینم.

-سروشتییە کە وابێ. چونکە ئەودەم بەناچار ئەتۆ نامێنی.

پێکەنیو گوتی:

-نا، ئەمن لە کوڕەکەمان ناترسم.

دەستم لەسەر قۆڵی داناو گوتم:

-دەگەڵم وەرە. دەبێ ئەمڕۆ قاوڵتی پێکەوە بخۆین. تەنیا دوو بەدوو وەک بیستوپێنج ساڵ پێش ئێستا.

وەختێک لە ژووری کاری ژان باتیست هاتینە دەرێ، خەبەرێک لە فێرناند نەبوو. گوتم:

-فێرناند دەزانێ کە ئەمن تارماییەکان دەردەکەم.

بەڵام لە دەرێ چاوترووکانێک بە بێدەنگی ڕاوەستاین. ژان باتیست بەخەمەوە سەری ڕاوەشاندو بەسپایی گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دۆستو هاوخەباتم مۆرۆ!

بەئارامی دەستم بردە پێشەوەو بەسەری قامکم دەستم لە گۆنا مەڕمەڕینەکانی پەیکەرەکە دا، و ئەودەم تێگەیشتم کە خزمەتکارانی کۆشکی پادشایەتی زۆر خەراپ تۆز دەسڕنەوە. جارێکی دیکە شانبەشانی یەکتر وەڕێ کەوتین. ژان باتیست بێپێشەکی گوتی:

–خۆشحاڵم لەوەی قسەی تۆم قبووڵ کردو ڕێگام بە ئۆسکار دا دەگەڵ ژووزفینا زەماوەند بکا.

–ئەگەر ئەو ویستبای داخوازەکەی تۆ قبووڵ بکا دەبوو شازادەخانمێکی ناشیرن بێنێو دڵی خۆی بە کیژۆڵە فێن کووسکوول خۆش بکا... ئەتۆ... ئەتۆ باوکی نارەسەنی ئەو، ئەتۆ.

–هەرچۆنێ بێ نەوەی ژووزفین لەسەر تەختی پادشایەتی پاڵی دایەوە.

ژان باتیست چاوی لێکردم، چاولێکردنێکی پڕ لە سەرکۆنە.

–بەڵام ئەو جوانو سەرنجڕاکێش نەبوو... ژووزفینی خۆمان دەڵێم؟

–زۆرزۆر بەڵام ئاواتەخوازم خەڵکی ئێرە کەم لەسەر ژووزفین بزاننو ئاگایان لە وردەشتەکان نەبێ.

ئێستا گەیبووینە ژوورەکەی منو لەوێ زۆر بە سەرسوڕمانەوە دیتمان لەسەر مێزی دووکەسیی قاوڵتیخواردنەکەمان دەسکە گوڵێکی گەورەی سوورو بۆنخۆش دانراوە؛ گوڵی سوور، سپی، زەردو پەمەییو لەپەناشی یادداشتێکی چووکەڵە.

"دەگەڵ باشترین پیرۆزبایی بۆ هەردوو خاوەنشکۆ مارشاڵ ژان باتیست بێرنادۆتو هاوسەرەکەی"

ماری – فێرناند

ژان باتیست دەستی کرد بە پێکەنین...و ئەمن گریام. بەڵێ دوو بۆچوون و دوو سروشتی زۆر لێکجیا... بەڵێ... بەوحاڵەش...

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦٤

## كۆشكی پادشایەتیی ستۆكهۆڵم
## فێوریەی ١٨٢٩

بەڕاستی بۆ شازادەخانم سووفیا ئالبێرتینای پیر بەداخم. دوا پاشماوەی خانەدانی لەمێژینەی واسا لە سوێد. ئێستا لەنێو نوێنی مەرگدا کەوتوەو کچی هەریرفرۆشێک دەستیی لەنێو دەستەکانی خۆی گرتوە.

دەفتەری بیرەوەری‌یەکانم هەڵدایەوەو دیتم کە جارێکیان ئەوم بە بزنە پیرە ناو بردوە. ئەو یەک لەو کەسانە بوو کە گاڵتەیان بەمن کردبوو. سەیرە کە قسەکردنی وی بەوەدەنگە سەیرەوە هێندە منی ڕەنجاندبوو... پاش مردنی براکەی، شازادەخانمی پیر لە کۆشکێک دەژیا کە پێیان‌دەگوت کۆشکی وەلی‌عادو کەوتبووە تەنیشت بازاڕی گۆستاڤ ئادۆڵف. ژان باتیست هەمیشە لەبەر چاوی بوو کە جاروبار شازادەخانمی پیر بۆ میوانداری‌یەکانی کۆشک بانگهێشتن بکرێ. بەڵام لەڕاستی‌دا ئەوە ئۆسکار بوو کە بەوردی ئاگای لێی بوو. ئۆسکار پێی‌دەگوت پووریێو دەیگوت ئەوکاتەی منداڵ بووە شازادەخانم نوقڵی دژی سەرمابوونو گەرووئێشەی داونێ. دوێنێ ئۆسکار بەمنی گوت کە شازادەخانمی پیر بەتوندی نەخۆشەو زۆر کزو بێ‌توانا بووە.

ئەمڕۆ بەیانییش پیرەژن بۆخۆی یەکێک لە هاودەمە لەمێژینەکانی ناردبووە لای منو وەڵامی دابوو کە شازادە سووفیا ئالبێرتینا وەک دوا تکای خۆی داوای دیدارو وتوویژ دەگەڵ من دەکا، وتوویژێکی تەنیاو دووکەسی.

کاتێک دەچوومە سەردانی لەڕێگادا بیرم کردەوە سەرەنجامی پیرەژنی بەستەزمانو دوا پاشماوەی واسا سەری کێشاوەتە شێتی... بۆ ڕێزگرتن لەمن، شازادەی پیر جلی تەواو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەسمیی کردبووە بەرو لەسەر مۆبڵێک ڕاکشابوو. کاتێک چوومە ژوور هەوڵی دا لەبەرم هەستێ. ئەمن کە بەدیتنی ڕوخساری پیرەژن ڕاچەنیبووم، بە تکاکردن گوتم:

–تکا دەکەم خانمی پایەبەرز.

ئەو ئیدی بەڕاستی وەک بزن دەچوو. پێستی دەموچاوی بە هەردوو لای گۆناکانیدا داچۆڕابوو، دەتگوت کاغەزی ڕێکنووشتاوە. چاوەکانی کە لە تیشکی ژیان بەتاڵ بوون بەتەواوی دەقووڵ کەوتبوون. بەڵام بەو حاڵەش قژە تەنکە سپییەکانی وەک کچۆڵان بە قردێلەی سوور بەستبوون. لە کەلێنو قوژبنی ژوورەکەیدا زۆر پارچەی گوڵدۆزیکراو بەرچاو دەکەوتن، گوڵی سوور لەسەر زەمینەی بنەوش لە هەموو جێیەک، لەسەر باڵنجەکان، کورسییەکانو تەنانەت دەزگیرەی زەنگەکان بڵاو ببوونەوە. ئەو بەستەزمانە لە هەموو ژیانیدا جگە لە گوڵدۆزیو دوورینی گوڵی سوور کارێکی دیکەی نەکردبوو. هەمیشەش یەک شتو بە یەکشێوە. بەزەحمەت بزەیەک لەسەر لێوە چرچەکانی سەوز بوو، ئەمن لە تەنیشتی دانیشتمو هاودەمەکەیم ئیزن دا.

–خانمی خاوەنشکۆ زۆرت سوپاس دەکەم کە هاتیە ئێرە، دەزانم کە زۆر سەرقاڵی.

–بەڵێ. ئیدی کارێکی زۆر هەیە کە دەبێ ئەنجام بدرێ. ژان باتیست سەرقاڵی کاروباری وڵاتەو ئۆسکاریش خەریکی ئەنجامدانی ئەرکەکانیەتیو ئێستا وەک ئادمیڕاڵی هێزی دەریایی سوێد کەلکەڵەی زۆری هەیە.

پیرەژن سەری لەقاندو گوتی:

–بەڵێ ئاگام لە سەرقاڵییەکانی وی هەیە. چونکە زۆرجار باسی کارەکانیم بۆ دەکا.

–داخوا هیچکاتێک باسی ئەو چاکسازییانەی بۆ کردووی کە نەخشەی بۆ کێشاون؟ ئێستێ سەرگەرمی ئامادەکردنی کتێبێک لەبارەی کاروباری زیندانەکانەوەیە. چونکە دەیەوێ وەزعی زیندانەکان باشتر بکاو سیستمێکی تازەی لەجێ دابنێ.

شازادەخانمی پیر ئاوڕێکی پڕ لە سەرسوڕمانی وەمن دا. بێگومان ئۆسکار لەو بابەتەوە هیچی پێنەگوتبوو. بۆیە وەڵامی دایەوە:

–بۆ ئادمیڕاڵێک گرفتاریی وا سەیرە.

ئەمن لێم زیاد کرد:

هەروا بۆ ئاوازسازێکیش.

دیسان سەری ڕاوەشاند. نارەحەت دەهاتە بەرچاو. لە سووچێک دەنگی چرکەچرکی سەعات دەهات...و پیرەژن لەنەکاو پرسی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خانمی خاوەنشکۆ! سەری نەخۆشخانەکانیش دەدەی؟

–بەڵێ. ئەمەش بە یەکێک لە کارەکانم دەژمێردرێ. چونکە نیازم هەیە وەزعی وان باش بکەم. لە فەڕانسە پەرستاریی نەخۆشەکان عادەتەن لە ئەستۆی ڕاهیبەکانە. خانمی پایەبەرز دەزانێ لە سوێد لەستۆی چکەسانێکە؟

–پێم وایە کەسانی نیازپاکو خۆپارێز!

–نا. پایەبەرز. بەداخەوە کۆنە فاحیشەکان ئەو کارەیان لە ئەستۆیە.

شازادەخانم ڕاچڵەکی. ئەو لە تەواوی ژیانیدا هەرگیز وشەیەکی وای نەبیستبوو. هیچی نەگوتو بێدەنگ بوو.

–ئەمن ئەو پەرستارانەم دیون. زۆربەیان ژنانێکی هەژارن کە بۆ وەدەستهێنانی قاپێک خواردنی گەرم مل بۆ ئەوکارە رادکێشن. نە فێرکردنێک لەگۆڕێدایەو نە حەزیشیان لە کارەکەیان هەیەو کەمترین بایەخ بە پاکوخاوێنی نادەن. هەموو ئەمانە دەگۆڕم پایەبەرز.

چرکەچرکی سەعاتەکە هەروا دەهاتە بەر گوێ.

–خانم! بیستوومە کە ئەتۆ بە سوێدی قسە دەکەی.

–هەوڵی خۆم دەدەم پایەبەرز. ژان باتیست دەرفەتی فێربوونی زمانی نیە،و دیارە خەڵکیش لەبەر هەلومەرجی ژیانی گلەیی لێناکەن. بۆیان ئاسایییە کە کەسێک جگە لە زمانی زگماکیی خۆی زمانێکی دیکە نەزانێ بەڵام...

–نەجیبزادەکانی ئێمە فەڕانسەیی باش دەزانن.

–بەڵام چینە نێونجییەکان چونکە بۆخۆیان هەوڵی فێربوونی زمانی بێگانە دەدەن چاوەڕوانییان لە ئێمەش هەیە ئەوکارە بکەین. هەربۆیە کاتێک چاوم بە نوێنەرانی خەڵک دەکەوێ هەوڵ دەدەم بە سوێدی قسە بکەم. دیارە ئەوەندەی بتوانم پایەبەرز.

دەتگوت خەوی لێکەوتوە. ڕوخساری ئەوەندە سپی بوو دەتگوت لەبن توێژێک پۆدردا شارراوەتەوە. چرکەچرکی سەعات هەروا درێژەی هەبوو،و ئەمن لەوە دەترسام بەیەکجاری ڕاوەستێ. بە توندی زگم بە شازادەی پیر کە لاقی لەسەر لێوی قەبری بوو، دەسووتا. هیچکام لە کەسوکارەکەی لەکنی نەبوون. برا خۆشەویستەکەی لە میوانداریییەکدا کوژرا. برازایەکەشییان بە هۆی شێتبوون دەرکردبوو،و ئەو چارەڕەشە ئێستا یەکی وەک منی لەسەر تەختی پادشایەتیی سوێدو لەسەر جێگای بابو باپیرانی دەدی. بێ هیچ پێشەکییە گوتی:

–ئەتۆ شاژنێکی باشی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئێمە هەوڵ دەدەین ئەرکی خۆمان بە باشترین شێوە ئەنجام بدەین؛ ئەمن و ژان باتیستو ئۆسکار.

سێبەرێکی ئەو پێکەنینە پڕسووکایەتی‌یەی جاران کەوتە سەر ڕوخساریو گوتی:

-ئەتۆ ژنێکی زۆر بەهۆشی. جارێکیان ئەو وەختی هێدویژ ئەلیزابێت تۆی لەسەر ئەوەی کچەهەریرفرۆشی سەرکۆنە دەکرد، ئەتۆ ژوورەکەیت بەجێ هێشتو ئێستا وەک شاژن هاتوویەوە. خەڵکی ئێرە هەرگیز ئەوکارەی هێدویژ ئەلیزابێتیان لەبیر نەچوو، و نەیانبەخشی. دەربارێک دوور لە هاوسەری گەنجی وەلیعادەکەی.

پێکەنینێکی ناجسنانەی کردو درێژەی پێ دا:

بەمجۆرە شاژن بەناچاری هەتا مابوو نەخشی خەسوویەکی ناجسنی یاری کرد...ها...ها. وادیار بوو وەبیرهاتنەوەی ئەو مەسەلانە هێزی پێدەبەخشی.

-ئۆسکار منداڵە گچکەکانی هێنابوونە لای من... کاڕلی چووکەڵەو ساوا پێڕۆکەکە.

پاشان بە سەربەرزی لێم زیاد کرد:

-ئەم منداڵەش ناوی ئۆسکارە.

-کاڕڵ زۆر وەک تۆ دەچێ خانم!

پێم وابوو منداڵان بەڕاستی لەبەردڵانن. بەتایبەتی وەختێک ناچار نەبی لەبەر خاتری وان سەعات شەشی بەیانی لەخەو هەستی. لەدڵی خۆمدا گوتم تەنانەت ژووزفیناش ئەگەر بیهەوێ هەتا چەند سەعات لەڕۆژ دەگوزەرێ بخەوێ گیروگرفتی نابێ چونکە نەوەکانی من کۆمەڵێکی زۆر پەرستاریان هەن کە چاوەدێری لەوانیان بەئەستۆوەیە لەحاڵێکدا بێشکەی ئۆسکار تا ساڵێکیش لەپەنا تەختەکەی خۆم بوو.

شازادەخانمی لەسەرمردن بە ڕاوێژێکی پڕ لەداخەوە گوتی:

-ئەمنیش پێم خۆش بوو منداڵم هەبن بەڵام هاوسەرێکی شیاوم بۆ پەیدا نەبوو. ئۆسکار دەیگوت:

-ئەتۆ نیگەرانی ئەوە نی کە منداڵەکانی دەگەڵ چینە نێونجی‌یەکانی کۆمەڵ زەماوەند بکەن. بەڕاستی پێت وایە شتی وا دەگونجێ خانم؟

-ئەمن بیرم لەوە نەکردۆتەوە. بەڵام دیارە شازادەکان دەتوانن چاوپۆشی لە عینوانەکانیان بکەن. ناتوانن؟

-دیارە. تەنیا پێویستە ناوو عینوانێکی تازەیان بۆ پەیدا بکەی. شتێکی وەک کۆنتی ئووپسالا یان باڕوونی درووتنینگهۆڵم...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-بەڵام بۆچی؟ ئێمە بۆخۆمان ناوێکی گونجاومان هەیە... بێرنادۆت.

بە بیستنی ئەم قسەیە پیرەژن نێوچاوانی تێکنا. دەسبەجێ بۆ ئارامکردنەوەی لێم زیاد کرد:

بەڵام هیوادارم بێرنادۆتەکانی لەمەودوا بنەماڵەیەکی ئاواز ساز، هونەرمەندو نووسەر بن. ئۆسکار زۆری حەز لە مۆسیقایەو ئوورتانس. پووری ژووزفینا ئەهلی شێعروشاعیرییە. لە بنەماڵەی منیش...

قسەکەمم بڕی چونکە ئەو وەنەوزی دەدانو حەزی لە گوێگرتن نەبوو. بەڵام بۆ ئەوەی زیاترم سەرسوڕماو بکا لەنەکاو وەقسە هاتو گوتی:

-دەمەویست لەبارەی تاجەوە قسەت لەگەڵ بکەم خانم.

داخوا دەیڕاواند یان لەو دواساتانەدا تووشی پەرێشانیی مێشک هاتبوو؟ بەڕێزەوە پرسیم:

-چتاجێک؟

-تاجی شاژنی سوێد.

لەنەکاو هەستم کرد لەشم گڕی گرتوە، ئەویش لە نێوەڕاستی زستانی ستۆکهۆڵمداو کاتێک کە هێندەی نەماوە ڕەق ببمەوە. بەڵێ لە حاڵوهەوایەکی وادا ئەمن گڕم گرتبوو. چاوەکانی تەواو کرابوونەوەو دەنگی ئارامو ساف بوو.

-خانم! ئەتۆ دەگەڵ خاوەنشکۆ تاجت لەسەر نەنا. ڕەنگە لەجێدا خەبەرت نەبووبێ کە ئێمە تاجێکیشمان بۆ شاژن هەیە. تاجێکی زۆر لەمێژینەو هێندەش گەورە نا بەڵام زۆر قورس. ئەمن زۆرجار بەدەستمەوە گرتوە. ئەتۆ دایکی زنجیرەی بێرنادۆتەکانی خانم. بۆ ناتەوێ تاج لەسەر نێی؟

بەئارامی وەڵامم دایەوە:

-تائێستا کەس لەفکری ئەوەدا نەبووە.

-بەڵام ئەمن لەفکریدا بووم. ئەمن دوا پاشماوەی واسا لە سوێدمو داوا لە یەکەمین شاژنی بێرنادۆت دەکەم تاجی لەمێژینە قبووڵ بکا. خانم بەڵێنم پێدەدەی کە تاج لەسەر دەنێی.

-ئەمن ئەوەندەم حەز لەوجۆرە ڕێوڕەسمانە نیەو بێجگە لەوەش ئەمن کورتەباڵاتر لەوەم کە تاج بکەمە سەرم.

قامکە بێخوێن و ساردەکانی خەریک بوون دەستم بگرن. ئەمجار گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-ئەمن کاتو دەرفەتێکی زۆرم بۆ باسو تکاکردن نیە...

دەستم خستە نیو قامکە ساردەکانی.

جارێکیان ئەمن لە ڕێورەسمێکی تاجلەسەرنان دا دەسرۆکەیەکی هەریرم لەسەر باڵنجێکی بنەوش هەڵگرتبوو... زرینگانەوەی زەنگەکانی نۆترڕدامم دەهاتەوە بەر گوێ... داخوا شازادەی پیر دەیتوانی بیرەکانی من بخوێنێتەوە؟

-یەکێک لە هاودەمەکان بیرەوەریی ناپلیۆنی بۆ دەخویندمەوە. چەند سەیرە... خانم. سەیرە کە دوو پیاوی هەڵکەوتەو بژاردەی ڕۆژگاری ئێمە عاشقی تۆ بوون. لەحاڵێکدا ئەوەندەش جوان نی.

ئەو دوایە بەئارامی هەناسەیەکی هەڵکێشاو لێی زیاد کرد:

-مخابن ئەمن واسام. بریا بێرنادۆت بایەمو مێردم بە کەسێکی چینی نێونجی کردبایە... ئەودەم هێندە تەنیاو خەفەتبار نەدەبووم.

وەختێک دەمەویست بەجێی بێڵم بەڕێزەوە سەرم بۆ دانواندو دەستە چرچەکەیم ماچ کرد. بزە کەوتە سەر لێوی شازادەی لەسەرمردن. لەپێشدا لەبەر سەرسوڕمانو لەوانەشە لەبەر زەینشێواوی. هەرچۆنی بێ ئەمن هێندەش جوان نەبووم.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٦٥

## کۆشکی پادشایەتیی ستۆکهۆڵم
## مای ١٨٢٩

پایەبەرز وەلیعاد زۆر بەداخە، بەڵام هەموو کاتی پاشنیوەڕۆیەکانی ئەم حەوتوویەی بە وردی بەرنامەڕێژی کراوەو تەواوی دەقیقەکانیشی هەرکامەی بۆ بەرنامەیەکی دیاریکراو دانراون.

ئەمە ڕاپۆرتی کورتی بەرپرسی تەشریفاتی ئۆسکار لە وەڵامی داوای چاوپێکەوتنی مندا بوو.

–بە پایەبەرز بڵێن دایکی تکای لێدەکا.

بەرپرسی تەشریفات هێشتا دوودڵ بوو،و دەیەویست خۆی لە گەیاندنی ئەم پەیامە ببوێرێ. بەڵام چاومۆڕکردنەوەی من بووە هۆی ئەوە کە بێ هیچقسەیەک ژوورەکە بەجێ بێڵێ. مارسلین جارێکی دیکە خۆی دەکارێک هەڵقوتاند کە پێوەندیی بەوەوە نەبوو.

–پووری! ئەتۆ دەزانی ئۆسکار زۆر گرفتارە؛ بەرپرسایەتییەکانی وی وەک ئادمیراڵی هێزی دەریاییو دیدارو پێشوازییە ڕەسمییەکانی. جگە لەوەش لەبەر ئەوەی خاوەنشکۆ دوو وەزیری تازەی هەن کە فەڕانسەیی نازانن ئەو ناچارە لە هەموو کۆبوونەوەکانی حکوومەتیشدا بەشدار بێ.

مەئمووری تەشریفاتی ئۆسکار هاتەوەو گوتی:

–پایەبەرز بەداخە چونکە لەو حەوتووەدا دەرفەتێکی وای نیە.

–کەوایە بەپایەبەرز بڵێ سەعات چواری دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ چاوەڕوانی دەبم. وەلیعاد دەبێ دەگەڵم بێ دەچمە جێگایەک.

–خانمی خاوەنشکۆ، بەداخەوە پایەبەرز...

–دەزانم کۆنت، کوڕی من بەداخە کە ناتوانێ داوایەکەم قبووڵ بکا. بۆیە وەلیعاد ئاگادار بکە کە ئەمە تکای دایکی نیە بەڵکوو فەرمانی شاژنە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەعات چواری دوای نیوەڕۆ خەبەری هاتنی ئۆسکاریان پێدامو ئەو دەگەڵ دوو ئاجودانو مەئموورێکی تەشریفات هاتە سەردانم. لەسەر قۆڵی شینی یۆنیفۆرمی ئادمیراڵییەکەی شریتی تازیەباری دەبینرا. ئەمن بۆخۆشم جلکی ڕەشم دەبەردا بوو. دیارە تەواوی دەربار لەبەر کۆچی دوایی شازادەخانم سووفیا ئالبێرتینا ڕەشیان پۆشیبوو. شازادەخانم شازدەی مارس مردو لە گۆڕستانی بنەماڵەیی واسا لە کلیسای ڕیدار هۆڵم بەخاک سپێردرا. ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی بووە هۆی سەرسوڕمانی خەڵک. چونکە پێیان وابوو زۆر لەوە پێش مردوەو بۆیە بەتەواوی لەبیریان چووبۆوە.

ئۆسکار لەحاڵێکدا پاژنەی لێکدەدان بەحاڵەتێکی زۆر ڕەسمی گوتی:

–لەخزمەتدام خانمی خاوەنشکۆ.

ئەو بۆ ئەوەی ناڕەحەتیو تووڕەیی خۆی بەمن نیشان بدا دەیڕوانیە ئاسمانی پشت سەری من.

–تکایە ئەو بەڕێزانە ئیزن بدە بڕۆن چونکە دەمەوێ تەنیا بین، ئەمنو ئەتۆ.

پاشان کڵاوەکەمم کە شریتی تازیەباریی لەسەر دەبینرا، داگرتو گوتم:

–وەرە ئۆسکار.

زۆر بە بێدەنگی ژوورەکەمان بەجێ هێشتو بە پلیکانەکاندا چووینە خوار. ئەو هەنگاوێک لەدوای منەوە دەڕۆیشت. کاتێک گەیشتینە دەرگای تەنیشتی کۆشک کە عادەتەن بۆ چوونەدەر کەلکمان لێ وەردەگرت، پرسی:

–کالیسکەکەت لەکوێیە؟

بەپیاسە دەڕۆین. هەوایەکی خۆشە.

ئاسمان ساوی پاک بوو، هاژەی شەپۆلەکانی مالار بەر گوێ دەکەوتو بەفری چیاکان کەمکەم دەتوایەوە.

ڕووم کردە ئۆسکارو گوتم:

–دەچینە واسترا لانگاتان.

ئۆسکار وەڕێ کەوتو ئەمنیش بەدوایدا بە کۆڵانە باریکەکانی پشت کۆشکدا وەڕێ کەوتم. هەرچەند لە هەناویدا هەنگامەیەک هەبوو بەڵام بەردەوام بزەی دەهاتێو وەڵامی سەلامی ڕێبوارانی دەدایەوە چونکە هەموو ڕێبوارەکان دەیانناسیو بۆ ڕێزدانان بەرامبەری دەچەمانەوە. تۆڕی ڕەشی تازیەباریم بەسەر ڕوخسارم هەڵکێشا بەڵام پێویستیش نەبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چونکە جلێکی زۆر سادەم دەبەردا بوو،و بەهیچجۆر سەرنجی خەڵکم ڕانەدەکێشاو کەس فکری نەدەکرد کە دەگەڵ پایەبەرز وەلیعادم.

سەرەنجام ئۆسکار ڕاوەستاو گوتی:

–ئێرە واسترا لانگاتانە خانمی خاوەنشکۆ. دەتوانم بپرسم لێرەوە دەبێ بچینە کوێ؟

–دەچینە دوکانێکی هەریرفرۆشی. دوکانێک کە هی پێرسۆنەو دیارە ئەمن هەرگیز نەچوومە وێ بەڵام دیتنەوەی ئەوەندە دژوار نابێ.

لێرەدا بوو کە ئۆسکار سەبری لەدەست داو گوتی:

–دایە! ئەمن دوو قەراری چاوپێکەوتنو یەکی کۆبوونەوەم لەبەر دەستووری جەنابت هەڵوەشاندوونەوە. ئێستا دەمبەیە کوێ؟ دوکانی هەریرفرۆشێک؟ بۆچی دەستوورت نەدا فرۆشیارەکانی دەربار پارچەی دڵخوازت بۆ بێننە دەربار؟

–پێرسۆن فرۆشیاری دەربار نیەو جگەلەوەش ئەمن دەمەوێ دوکانەکەی ببینم.

–دەتوانم بپرسم چپێویستییەکت بە بوونی من لێرە هەیە؟

–ئەتۆ دەتوانی لە هەڵبژاردنی پارچەدا کۆمەگم بکەی. پارچەیەک بۆ ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانم...و دەشمهەوێ تۆ بە پێرسۆن بناسێنم.

–بە هەریرفرۆشێک؟

تاوێک لەخۆمدا نوقم بووم. ڕەنگە هێنانی ئۆسکار کارێکی دروست نەبووبێ. هێندێجار لەبیرم دەچێتەوە کە کوڕەکەم وەلیعادی پادشای سوێدە. خەڵکی دیکە چۆنی تێوە ڕاماون.

–پێرسۆن لە مارسەی شاگردی باپیری تۆ بوو،و لەماڵی ئێمە دەژیا ئۆسکار، ئەو تەنیا کەس لە ستۆکهۆڵمە کە باوکی من دەناسیو ماڵو ژیانی ئێمەی دیوە.

لەمکاتەدا ئۆسکار داهاتەوەو بەسپایی قۆڵی گرتمو لە دەوروبەری خۆی دەستی کرد بە گەڕان. سەرەنجام ئۆسکار لەپێش پیاوێکی بەتەمەن ڕاوەستاو ناوونیشانی دوکانی پێرسۆنی لێپرسی. بەداخەوە پیرەپیاو بۆ ئیکلامکێشان ئەوەندە چەمابۆوە کە هێندەی نەمابوو سەری لە زەوی بدرێ. ئۆسکاریش ناچار هەر ئەوکارەی کرد تا بتوانێ گوێی لە قسەکانی بێ. سەرەنجام هەردووکیان قیت بوونەوە.

ئۆسکار سەرکەوتووانە ئاماژەی کردو گوتی:

–هۆوەیە!

دوکانێکی تاڕادەیەک چکۆڵە بوو. بەڵام لە پەنجەرەوە دەمتوانی هەریرە باشەکانو تۆپە مەخمەرەکان ببینم. ژمارەیەکی زۆر کڕیار لە بەردەم پێشخوانی دوکانەکە ڕاوەستابوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاره له خانمەکانی دەربار نەبوون. بەڵام له ژنانی چینی نێونجی بوون که جلکی ڕازاوەو چاکەتی مەخمەریان دەبەردا بوو،و قژی لوول دەوراندەوری ڕوخساریانی گرتبوو. ئەم جۆره سەرچاککردنه تەواو تازەبوو،و بێگومان کڕیارەکانی پێرسۆن دەیانزانی دەبێ چبکرێن. کاتێک گەیشتینه پشت پێشخوانەکه چاوم به سێ پیاوی گەنج کەوت که لەپشت پێشخوانەکه ڕاوەستابوون. یەکێکیان دەموچاوێکی درێژی وەک ئەسپو قژێکی تەڵایی هەبوو که پێرسۆنی لاوی وەبیر دێنامەوەو سەرەنجام هەر ئەولاوه لەمنی پرسی:

-خانم لەخزمەتدام.

بەزمانی شەقوشڕی سویدی گوتم:

دەمەویست هەریرەکانتان ببینم.

سەرەتا له قسەکەم حاڵی نەبوو،و ئەمن جارێکی دیکه به فەڕانسەیی داخوازەکەمم دووپاته کردەوە.

-باشتره بانگی باوکم بکەم چونکه ئەو زۆرباش به فەڕانسەیی قسه دەکا.

لاوەکه ئەمەی گوتو خۆشحاڵ له زانستی باوکی لەپشت دەرگایەکەوە ون بوو. لەنەکاو بەوپەڕی سەرسوڕمانەوه دیتم هەموو ئەوانەی لەوێن لەبن دیواری ڕاوەستاونو بەسرته ناوی درووتینگن دەبەن. دوایه بۆ باشتردیتنی پارچەکان پارچه تۆڕەکەم لەسەر ڕوخسارم لادا.

هەر لەمکاتەدا دەرگای تەنیشتی دوکانەکه کرایەوەو پێرسۆن هاته ژووری دوکانێ. کەموزۆر هەر ئەو پێرسۆنی مارسەی بوو، پێرسۆنی خۆمان. هێنده نەگۆڕابوو، تەنیا قژه تەڵاییەکانی نەختێک بەرەو خۆڵەمێشی چووبوون. ڕوانینی ئیدی ئەو ڕوانینه شەرمێونانەیه نەبوو، بەڵام میهرەبانو باوەڕبەخۆ دیار بوو. بزەیەک لەسەر لێوانی دەبینرا؛ هەر ئەوبزەیه که هەمیشه به کڕیارەکانی دوکانێ نیشان دەداو بەوبزەیه ددانه درێژو زەردەکانی دەردەکەوتن. ئەمجار به فەڕانسەیی پرسی:

-خانم دەیەویست پارچه ئاوریشمەکان ببینێ؟

-فەڕانسەییەکەت زۆر لەجاران خەراپتر بووه بەڕێز پێرسۆن. ئەمن بۆ باشکردنی دەربڕینی تۆ زۆرم زەحمەت کێشابوو.

لەنەکاو هەموو لەشی لەرزی. دەمی کردەوه شتێک بڵێ بەڵام لێوی بەرەوەی دەلەرزیو نەیدەتوانی هیچ بڵێ. بێدەنگییەکی مەرگبار سێبەری بەسەر دوکانەکەدا کێشابوو.

-بەڕێز پێرسۆن، منت لەبیر چۆتەوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر ئارامو وەک ئەوەی خەون ببینێ؛ سەری ڕاوەشاند. هەوڵم دا کۆمەگی بکەمو بەسەر پێشخوانەکەدا چەمامەوە.

–بەڕێز پێرسۆن! دەمەویست هەریرەکانت ببینم.

بە سەرلێشێواوی دەستی لە نێوچاوانی خۆی داو هەر بەو ڕاوێژە زبرەی‌و بە فەڕانسەیی گوتی:

–ئێستا بەڕاستی ئەتۆ هاتوویە لای من کیژۆڵە کلاری!

ئەم قسەیەی بۆ ئۆسکار خۆش نەبوو، دوکانەکە قەڵەباڵغ بوو،و ژنەکان بەوردی گوێیان لە قسەکانمان بوو،و پێرسۆن هەوڵی دەدا بە فەڕانسەیی شتێک بڵێ...

ئەمجار ئۆسکار بە سوێدی گوتی...

–ڕەنگە باشتر بێ خانمی خاوەنشکۆو من بەریە دەفتەری کارەکەت تا لەوێ پارچەکان ببینین.

پێرسۆنی لاو تەختەی پەنا پێشخوانەکەی هەڵێناو ئێمەی لە دەرگای تەنیشتی دوکانەکەوە بۆ دەفتەرێکی چووکەڵە ڕێنوێنی کرد. مێزی گەورەی پڕ لە دەفتەری حیسابو تۆپە هەریرێکی زۆر، لە گۆشەوکەناری ژوورەکە دوکانی باوکمی وەبیر دێنامەوەو لەبەر چاوم پیرۆز بوو. لە سەرەوەی مێزەکە ڕاگەیەندراوێکی دەقاپگیراو کە بە تێپەڕینی ڕۆژگار بەرەو زەردی چووبوو بەدیوارەوە هەڵواسرابوو،و ئەمن دەسبەجێ ناسیمەوە.

–باشە ئێستا لێرەم پێرسۆن.

ئەمەم گوتو لەسەر کورسیی تەنیشت مێزەکە دانیشتم. هەستم دەکرد بەڕاستی لەماڵی خۆمم.

–بەڕێز پێرسۆن ئۆسکاری کوڕمت پێدەناسێنم. ئۆسکار! بەڕێز پێرسۆن شاگردی باپیری تۆ بوو.

ئۆسکار بە میهرەبانی گوتی:

–پێمسەیرە بەڕێز پێرسۆن بۆچی پێشتر وەک فرۆشیاری تایبەتیی دەربار هەڵنەبژێراوی.

–ئەمن هەرگیز داوایەکی وام نەکردوە. جگەلەوەش پاش گەڕانەوە لە فەڕانسە لە هێندێ کۆڕو کۆمەڵدا ناوبانگێکی زۆر باشم نەبوو.

ئەو دوایە لەحاڵێکدا ئاماژەی بە ڕاگەیەندراوەکەی سەر دیوار دەکرد لەسەر قسەکەی ڕۆیشت:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–لەبەر ئەوەی!

ئۆسکار پرسی:

–چما ئەو قاپە چیە؟

پێرسۆن قاپەکەی لە دیوار کردەوەو دایە دەستی ئۆسکار. کە ئەوەم دی گوتم:

–ئۆسکار! ئەوەی بەدەست تۆوەیە یەکەمین چاپی ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤە. باوکم، باپیری تۆ هێنایەوە ماڵێو ئەمنو بەڕێز پێرسۆن لەبەرمان کرد. ئەو پێش ئەوەی بگەڕێتەوە سوێد داوای لەمن کرد وەک یادگار بیدەمێ.

ئۆسکار وەڵامێکی نەدایەوە. چووە لای پەنجەرەو بە قوڵی ئادمیراڵیەکەی تۆزەکەی لەسەر لابردو دەستی بە خوێندنەوەی کرد. ئەمنو پێرسۆن تەماشای یەکترمان دەکرد. پێرسۆن ئیدی نەدەلەرزی بەڵام چاوی بەفرمێسک بوو.

–مالار هەروەک پێت گوتبووم سەوزە. شتێک کە ئەودەم نەمدەتوانی بیهێنمە بەر چاومو ئێستا لەپێش چاوم دەڕوا...

–پێم وایە جەنابت هەموو شتێکت لەبیرە خانم... ببوورە خاوەنشکۆ.

–بەتەواوی!و هەربۆیەش نەمدەتوانی بێمە سەردانت، چونکە لەوە دەترسام دڵت بێشێ...

–دڵم بێشێ؟ چۆن دەتوانم لە تۆ بڕەنجێم؟

چونکە ئەمن ئێستا شاژنم لەحاڵێک دا ئەمنوتۆ هەمیشە کۆمارخواز بووین.

دەگەڵ ئەم قسەیە بزەیەکم هاتێ. پێرسۆن بە نیگەرانییەوە تەماشای ئۆسکاری کرد. بەڵام ئۆسکار وا دیار بوو گوێی لە قسەکانی ئێمە نیەو نوقمی خوێندنەوەی مافی مرۆڤ بوو.

پێرسۆن کە ئیدی ئەو شەرمێونییەی وەلا نابوو لەبن لێوانەوە گوتی:

–ئەم باسە پێوەندیی بە فەڕانسەوە هەبوو کیژۆڵە کلاری. لەسوێد ئێمە هەردووکمان لایەنگری پادشایەتیین.

ئەو دوایە چاوێکی لە ئۆسکار کردو زیادی کرد:

–دیارە ئەگەر...

سەرم ڕاوەشاندو گوتم:

–بەڵێ. بەستراوەتەوە... بەڵام ئەتۆ خۆشت کوڕێکت هەیە پێرسۆنو ئەمە هەمووی بەستراوەتەوە بەوە کە منداڵەکانمان چۆن پەروەردە بکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دیاره. له هەمووشی زیاتر ئەوەیە کە پایەبەرز نەوەی فڕانسوا کلاری‌یە.

هەردووکمان بێدەنگ بووین‌و بیرمان لە ماڵو دوکانەکەی مارسەی دەکردەوە. لەنەکاو پێرسۆن گوتی:

–ئای لە شمشێری ئەو ژەنراڵ بوناپارتە. ئەم شمشێرەم هەموو شەوێ لە دالانی ماڵەکەی ئێوە لە مارسەی دەهاتە بەرچاو.. ئەمنیش...لەو مەسەلەیە زۆرم ڕەنج دەکێشا.

ڕوخساری پێرسۆن بەتەواوی سوور هەڵگەڕابوو. بەسیلەی چاو سەیرێکیم کردو گوتم:

–پێرسۆن... بەڕاستی ئێرەییت پێدەبرد؟

ئەو ڕووی وەرگێڕاو گوتی:

–ئەگەر بیرم کردبایەوە کە کچێ فڕانسوا کلاری دەتوانێ لەسوێد بەختەوەر بێ لەوانە بوو...

جارێکی دیکە بێدەنگی ژوورەکەی داگرت. لەدڵی خۆمدا گوتم لەوانە بوو ئەودەم ئەو ماڵێکو دوکانێکی لە نزیک کۆشکی پادشایەتی دابایە بەمن،ڕاست چەسپاو بە کۆشکی پادشایەتی‌یەوە، نزیک...

سەرەنجام گوتم:

–پێرسۆن ئەمن پارچەیەکی تازەی جلوبەرگم دەوێ.

ئەو جارێکی دیکە ئاوڕی وێ دامەوە. ڕوخساری هاتبۆوە سەر حاڵەتی سروشتی.

–جلی شەو خاوەن‌شکۆ یان جلێک بۆ سەعاتەکانی ڕۆژ؟

–جلێکی شەو کە دەبێ بە ڕۆژ دەبەری بکەم. لەوانەیە لە ڕۆژنامەکان‌دا خوێندبێتتەوە کە ئەمن بیستویەکی ئووت تاج لەسەر دەنێم. داخوا پارچەیەکی گونجاو بۆ شنێلی تاج‌لەسەرنانت هەیە؟

–دیارە زەریی سپی.

ئەو پاشان دەرگای ژوورەکەی کردەوەو بانگی کرد:

–فڕانسوا! زەری‌یە سپی‌یەکەی مارسەیم بۆ بێنە. دەزانی کامەی دەڵێم؟

دوایە ڕووی کردە منوگوتی:

–ئەمن بەیادی ئێوە ناوی کوڕەکەمم ناوە فڕانسوا.

تۆپی قورسی پارچە زەری‌یەکەم خستە سەر ئەژنۆم. ئۆسکار بەیان‌نامە دەقاپ‌گیراوەکەی وەلا ناو چاوی لە پارچەکە کرد.

–دایە! شتێکی نائاسایی‌یە...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستم بەسەر پارچە هەریرەکەدا هێنا. ڕایەڵو پۆیەکەیم کە لەزەریی ئەسڵ بوو لەبن دەستمدا هەست پێکرد.

-دایە! زۆر قورس نیە؟

زۆرزۆر قورسە ئۆسکار بەڵام ئەم تۆپەپارچەیەم بۆخۆم لە عارەبانە بار کرد. چونکە باری بەڕێز پێرسۆن زۆر بوو،و ئەمن بەناچار دەبوو کۆمەگی بکەم.

پیرسۆن گوتی:

-خانمی خاوەنشکۆ! باوکی تۆ دەیگوت ئەم پارچە زەرییە تەنیا بۆ شنێلی شاژن گونجاوە.

-بۆچی تائێستا بە دەربارت نیشان نەداوە؟ بێگومان شاژنی پێشوو زۆری پێ جوان دەبوو.

-ئەمن ئەم هەریرە زەرییەم وەک بیرەوەریی باوکی تۆو دەزگای کلاری ڕاگرتوە خانمی خاوەنشکۆ. جگەلەوەش... جگەلەوەش ئەمن فرۆشیاری دەربار نیمو ئەم پارچەیەش بۆ فرۆشتن نیە. ئۆسکار پرسی:

-تەنانەت ئەمڕۆش؟

-تەنانەت ئەمڕۆش پایەبەرز!

کاتێک پێرسۆن قسەی دەگەڵ کوڕەکەی دەکرد ئەمن تەواو بێدەنگ دانیشتبووم.

-فرانسوا! زەریی ئاوریشمی دەزگای کلاری بپێچەوە.

پاشان ئیکلامێکی کێشاو لێی زیاد کرد:

-داخوا دەتوانم ئەو شانازییەم هەبێ کە ئەم زەرییە بە دیاری بدەم بە خانمی خاوەنشکۆ؟

سەرم داخست چونکە نەمدەتوانی قسە بکەم.

-ئەمن هەر ئێستا ئەم پارچەیە دەنێرمە کۆشک خاوەنشکۆ.

ئەمن هەستامە سەر پێ، لەسەر کاغەز دیواریی دیواری تەنیشت مێزەکە جێی بەتاڵی ڕاگەیەندراوەکە وەک پەڵەیەکی سپیو ڕوونتر لە ڕەنگی دیوارەکە مابۆوە.

-تکایە چاوترووکانێک سەبر بگرە خانمی خاوەنشکۆ.

پێرسۆن لەنێو سەبەتەی پەنا مێزەکە ڕۆژنامەیەکی بێکاری دیتەوەو قاپەکەی تێوە پێچا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–خانمی خاوەنشکۆ دەتوانم تکا بکەم ئەمەش لە من قبووڵ بکەی. چەندینساڵ لەمەوبەر بەڵێنم دا ڕێز لەم وەرەقەیە بگرمو هەمیشەش بۆمن گرانقەدر بووە. ئەمن ئەوم دە ڕۆژنامەوە پێچاوە تا خاوەنشکۆ وەختی بردنەوەی نارەحەت نەبێ. ئەمن خۆم لەم کاغەزەو لەسەر وی ئەزموونگەلێکی تاڵم تێپەڕاندوە.

ئەمنو ئۆسکار قۆڵ دەقۆڵی یەکتردا کەوتینە ڕێ کە بگەڕێینەوە. لە کۆشک نزیک بیووینەوە، هێشتا ئەمن قسەیەکم نەکردبوو چونکە لە مێشکی خۆمدا بۆ وشەیەکی گونجاو دەگەڕام.

–ئۆسکار ڕەنگە پێت وابێ ئەم دوانیوەڕۆیەت لەبەر خاتری من بەفیڕۆ داوە بەڵام...

یەکەمین نیگابان کە ئێمەی دی خەبەردار ڕاوەستا.

–ئۆسکار نزیکتر بەوە دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

هەستم بە نائارامیو بێسەبریی وی کرد بەڵام دەبوو لەسەر پردێ ڕاوەستابام. مالار لەبن پێماندا شەپۆلی دەدانو دڵم بەتوندی تەنگ ببوو. لەوکاتەدا شۆقی چرایەکانی پاریس لەسەر پانتایی ئارامو بێدەنگی سێن کەوتنە سەما.

–ئۆسکار! ئەمن هەمیشە لە نهێنیخانەی دڵمدا هیوادار بووم کە پێرسۆن بەیاننامەی یادگاری باوکمم وێ بداتەوەو هەر بۆیەش تۆم دەگەڵ خۆم برد.

–دایە! ئێستا دەتەوێ لەبارەی مافی مرۆڤەوە قسەم دەگەڵ بکەی؟ –بەڕێکەوت وایە ئۆسکار.

بەڵام ئەو ئیدی دەرفەتی نەبوو،و بەڕاستی شێواوو بەپەلە بوو.

–دایە مافی مرۆڤ بۆ من تازە نیەو زۆر بەسەر شۆرشدا تێنەپەڕیوە. لێرە هەموو کەموزۆر لێی ئاگادارن.

–کەوایە دەبێ وریا بین تا خەڵکی نەخوێندەواریش لەبەری بکەن. بەڵام دەبێ بەتۆ بڵێم کە...

–کە من دەبێ خەباتی لە ڕێگادا بکەم. دەبێ لەوبارەیەشەوە بەڵێن بەتۆ بدەم دایە.

–شەڕ! خەبات؟ مافی مرۆڤ لەمێژە ڕاگەیەندراوەو پێویستیی بە خەبات نیە. ئەتۆ تەنیا دەبێ دیفاعی لێبکەی...

جارێکی دیکە دە شەپۆلەکانی مالارەوە ڕامام. بیرەوەرییەکی منداڵیم بە مێشکدا هات. سەرێکی بڕاو کە کەوتە سەبەتەیەکی خوێناوییەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ئۆسکار! پێش‌و دوای ڕاگەیاندنی مافی مرۆڤ خوێنێکی زۆری لەڕێگادا ڕژاوە. ناپلیۆن بە بەهرەوەرگرتنی نادروست لەوو هێنانی هێندێ بەشی لە فەرمانەکانی خۆی‌دا لە ڕێزو حورمەتی ئەوی کەم کردەوەو خەڵکی دیکەش هەروا ئۆسکار! کوڕم دەبێ پێی پابەند بیو ئەمە فێری منداڵەکانیشت بکەی.

ئۆسکار هەروا بێدەنگ بوو،و بۆ ماوەیەک هیچی نەدەگوت. دوایە بەستەکەی کردەوەو ئەو ڕۆژنامانەی تێیەوە پێچرابوون دانە بەر شەپۆلەکانی مالار. کاتێک گەیشتینە پێش دەرگای تەنیشتی کۆشک، لەنەکاو دەستی بە پێکەنین کردو گوتی:

–دایە! ئەگەر باوکم گوێی لە نارەناری ئەو ئەویندارە لەمێژینەیەی تۆ بایە سەرنجڕاکێش نەدەبوو...

***

٦٦

## ڕۆژی تاجلەسەرنانی من
## بیست‌ویەکی ئووتی ١٨٢٩

"دێزیرە! تکا دەکەم بەوەخت ئامادەی ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانەکەت بە" هەتا ماوم ئەم ڕستەیە لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. باتیست چەندو چەندین‌جار ئەم ڕستەیەی دووپاتە دەکردەوەو ئەمن هەروا لەنێو چەکمەجەی جلەکانمدا دەگەڕام. مارییش کۆمەگی دەکردم، هەروەها مارسلین‌و ئیبووت. جارجار بە سەرسوڕمانەوە چاوێکم لە ژان باتیست دەکرد کە جلی تاجلەسەرنانەکەی خۆی دەبەردا بوون. ئەو زنجیرە زێڕەی دەملی‌دا بوو،و ئەو پۆتینە سەیروسەمەرانە کە لێواری کەوڵە سەگلاوکیان لێنرابوون‌و تائێستا تەنیا لە وێنەکاندا دیتبوومن. شنێلی تاجلەسەرنانیش دەبوو دواترو پاش تاجلەسەرنان دەبەر من بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–دێزیره! ساز نەبووی؟

–ژان باتیست نایاندۆزمەوە، نا.

–لەچی دەگەڕێی؟

–لە گوناحەکانم ژان باتیست. هەموویانم نووسیبوون. بەڵام ئێستا لیستەی گوناحەکانم ون بووە.

–ئەی خوایە! ناتوانی وەبیر خۆتیان بێنیەوە؟

–نا. زۆر زۆرن، هێندێ گوناحی زۆر چکۆڵە کە لەبیرم نەدەمانو بۆیە نووسیبوومن. ئیبووت سەرێکی ئەو جلانە بدە کە بۆ شوتن دانراون. بەڵکوو لەوێ بن.

پێش ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنان، ئەمنو ئەستێرەی کلکدار دەبوو پێ لە گوناحەکانی خۆمان بنێین. ئێمە تەنیا کاتوولیکی بنەماڵەی پرۆتستانی بێرنادۆت لە وڵاتی سوێد لووترین بووین. هەربۆیەش بەرپرسانی مەزهەبیی سوێدو کەشیشێکی کاتوولیک کە پێکهێنانی ڕێوڕەسمە مەزهەبی‌یەکەی لەئەستۆ بوو بڕیاریان دا کە ئەمن لە کلیسای چکۆڵەی کۆشک پێ لە گوناحەکانم بنێم. ئەم کلیسا چکۆڵە ئۆسکار لە نهۆمی سەرەوەی کۆشک بۆ نەوەی ژووزفینێک دروست کردبوو کە بۆخۆی هێندە لە غەمی بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی مەزهەبی‌دا نەبوو. قەرار بوو ئەمن دوای پێلێنانی گوناحەکانمو بەخشرانیان ، شنێلی تاجلەسەرنان باوێمە سەر شانمو بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکە بچمە ئیستوور کیکا. هەموو شتێک ئامادە بوو. جلی سپیو تەڵایی من کە وەختی خۆی باوکم دەستی بە پارچە زەری‌یەکەی‌دا هێنابوو لەسەر تەختەکە بوو. لەپەنا ویش شنێلی ئەرخەوانیی شاژنەکانی سوێد دەبینرا کە لەبەر من کەمێکیان کورت کردبۆوە. تاجە چکۆڵەکەش درەوشانەوەیەکی سەرسوڕهێنی هەبوو،و نەمدەوێرا بۆ تاقیکردنەوە بیکەمە سەرم. لەمکاتەدا ژووزفینا گەیشتە جێ کە:

–دایە! درەنگ بوو!

–بەڵام هێشتا لیستەی گوناحەکانم نەدیوەتەوە. ئەتۆ ناتوانی ئەوەکەی خۆتم بدەیەی؟

تیری شەهاب کە دیار بوو زۆر لەو قسەیەی من ڕازی نەبوو گوتی:

–دایە! ئەمن لیستێکم نیە بیدەم بە تۆ. هەرکەس دەبێ گوناحەکانی خۆی وەبیر بێنێتەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئییووت خەبەری هێنا کە لیستەی گوناحەکانمی لەنێو جلکە چڵکنەکاندا نەدیوەتەوە.. چووینە ساڵۆنی گچکە. ئۆسکار بە یۆنیفۆڕمی ڕەسمی‌یەوە لەوێ ئامادەو چاوەڕێی ئێمە بوو. ژان باتیست گوتی:

–قەت بیرم نەدەکردەوە تاجلەسەرنانی دایکت ئەوشۆرو شادی‌یە وەڕێ بخا. تەنانەت لە گوندە چکۆڵەکانیش خەڵک ڕێوڕەسمێکیان ساز کردوە. لەو پەنجەرەیەوە تەماشا کە ئۆسکار، ئاپۆرای حەشیمەت لە شەقامەکاندا شەپۆل دەدا.

بابو کوڕ هەردووکیان لەپشت پەردەوە وێستابوون تا لە جادەوە نەبینرێن.

–ئۆگریی خەڵک بە دایکم یەکجار زۆرە. ئەتۆ نازانی دایکم چ...

ژان باتیست چاوێکی لێکردمو بزەی هاتیو لە وەڵامی ئۆسکاردا گوتی:

–بەڕاستی؟

دوایە بە نارەحەتی درێژەی پێ دا:

–ئێوە دەبێ پەلە بکەن، ئەتۆو ژووزفینا. هەردووکتان. دێزیرە. باشە ئاخری گوناحەکانت دۆزینەوە یان نا؟

–نا.

ئەمەم گوتو خۆم هاویشتە سەر مۆبڵەکەو لێم زیاد کرد:

–ژووزفیناش گوناحەکانیم ناداتێ. ژووزفینا گوناحەکانی تۆ چین؟

–ئەمن ئەوان تەنیا بەو باوکە ڕووحانی‌یە دەڵێم کە داوای پێ‌لێنانم لێ‌دەکا.

–ژان باتیست، ئەدی گوناحەکانی تۆ؟

–ئەمن ئەندامی کلیسای پرۆتستانم... لەوانەیە ژووزفینا بتوانێ کۆمەگت بکاو لەڕێیەدا چەند دانەیەکت وەبیر بێنێتەوە. ئێستا ئیدی دەبێ بڕۆین. لەوکاتەدا ئییووت دەستەوانە تۆڕی‌یەکانمی وێ دام. بەتووڕەیی گوتم:

–هیچکەس نابێ چاوەڕوانیی کۆمەگی لە بنەماڵە هەبێ. ئۆسکار گوتی:

–دایە! ئەمن یەکێک لە گوناحەکانی تۆ دەزانم. ئەتۆ چەندین ساڵ دەگەڵ پیاوێک ژیاوی کە بە نەزەری کلیسا مێردی تۆ نەبووە.

ژان باتیست بە تووڕەیی‌یەوە گوتی:

–ئۆسکار! ئاگات لە دەمی خۆت بێ.

ئەمن داوام لە ژان باتیست کرد ئارام بێو گوتم:

–لێی‌گەڕێ قسەکەی تەواو بکا ژان باتیست. باشە گوتت چی کوڕم؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–کلیسای کاتوولیک ڕێوڕەسمێکی مارەبڕین کە لە کلیسا بەڕێوە نەچێ بە قانوونی نازانێ. ئێستا بزانم ئەتۆو باوکم لە کلیسا مارەتان بڕیوە یان لە دەفتەری سەبتی ئەحواڵ (أحوال شخصية) ئەوەندەی ئەمن دەیزانم ئێوە لە دەفتەری سەبتی ئەحواڵ مارەتان بڕیوە. وایە؟

وەڵامم دایەوە:

بەڵێ قسەی تۆیە. ئێمە لە دەفتەری سەبتی ئەحواڵ مارەمان بڕیوە.

–ئەمەش گوناحی تۆ دایە. گوناحێکی گەورە کە دەتوانی دانی پێدا بنێی. ئێستا باشتر وایە پەلە بکەین

ئێمە لە وەختی خۆی دا گەیشتینە کلیسای کۆشکو پاش دانپێدانان دەسبەجێ گەڕاینەوە. هەموو ئەندامانی دەربار لە ساڵۆن خڕ ببوونەوە. ئەمن چاوێکی خێرام پێدا خشاندنو بەپەلە بەپێش ڕیزێکدا ڕۆیشتم کە بۆ ڕێزگرتن سەریان دانواندبوو. لەمکاتەدا دەنگی مارسلینم لە ژووری جلداکەندنەوە هاتە بەر گوێ کە دەیگوت:

پووری ئەتۆ وەختێکی زۆرت نیە.

ماریی پیر بە پشتی کۆمەوە بەڵام بە لێبڕاوی جلەکانمی لەبەر داکەندمو ئییووت باڵتۆخەوێکی هاویشتە سەر شانم. گوتم:

–تکایە لێمگەڕێن تەنیا بم.

–پووری قەشەی گەورە لە پێش کلیسا چاوەڕێی تۆیە.

مارسلین ئەم خەبەرە شێوە وشیارکردنەوەیەی پێ دامو وەدەر کەوت.

ژنێک کە هەموو ڕۆژێ ڕوخساری خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێ، زۆر لە هاتنی پیری ناترسێ. چونکە پیری وردەوردە دەگاتە جێ. ئێستا ئەمن چلونۆساڵم تەمەنە. زۆر پێکەنیومو زۆریش گریاومو زۆر گنجی چووکەڵە لە دەوری چاوانم دەرکەوتوونو دوو گنجی گەورەش لە هەردوو لای دەمم هەن. ئەوان یادگاری ئەو ڕۆژانەن کە ژان باتیست خەریکی شەڕی لایپزیک بوو...

هێندێکم کرێم لە نێوچاوانو گۆناکانم دا. فڵچەیەکی چکۆڵەم بەسەر برۆیەکانمدا هێنا کە ئییووت زۆر باش ڕێکیخستبوون. ئەمجار نەختێک پۆدری زێویڕەنگم لە پشتەچاوانم دا ڕاست بەوجۆرە کە ژووزفینی گەورە گوتبووی...

نوێنەرانێکی زۆر لە ناوچە جیاجیاکانی سوێدەوە بۆ بەشداری لەم ڕێوڕەسمەدا هاتبوونە ستۆکهۆڵم. دەتگوت سوێد ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی تاجلەسەرنانی من بووەو ئەمە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ژان باتیست زۆر چاوەڕوان‌نەکراو بوو. داخوا ئەو بەڕاستی پێی وایە زەماوەند لەگەڵ وی بەتەنیا بەسە بۆئەوەی ژنێک ببێتە شاژن؟ داخوا نازانێ کە پێکهێنانی ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنان بەمانای وەرگرتنی یەکجاریی من لەلایەن خەڵکی سویدەوەیە؟ ژان باتیست! ئەمە بەڵێ‌گوتن‌و قەولی زەماوەندێکە. ئەم‌جارە دەچمە کلیساش‌و لە میحراب‌دا سوێند دەخۆم کە پێت وەفادار بم... و چونکە بووک دەبێ گەنج‌و جوان بێ ئەمنیش لە خۆڕازاندنەوەدا تەنەخی ناکەم.

حەشیمەت لە سەعات پێنجی بەیانی‌یەوە لەوێ کۆ ببوونەوە تا چوونی من بۆ ڕێوڕەسمەکە ببینن. ئەمن نابێ بە ناشیرن‌بوونی خۆم ئەوان بڕەنجێنم. هەرچەند زۆر لە ژنان لە تەمەنی چل‌ونۆ ساڵی‌دا گەنج نامێننەوەو لەو تەمەنەدا منداڵی گەورەو هاوسەری پیریان هەیە. بەڵام ئەمانە پێوەندی‌یان بەمنەوە نیە کە لەم تەمەنەدا دەبێ بناخەدانەری بنەماڵەیەکی پادشایەتی بم... کەمێکم پۆدری قاوەیی ڕوون لە لووتم دا. دەزانم کاتێک ئۆرگ دەست بەلێدان بکا ئەمن دەگریم، چونکە دەنگی ئۆرگ هەمیشە بۆتە هۆی گریانم. لەئاکام‌دا لووتم سوور هەڵدەگەڕێ. ئەگەر تەنیا جارێک... بەڵێ تەنیا جارێک لە هەموو ژیانم‌دا بتوانم وەک شاژنێکی ڕاستەقینە دەرکەوم. بەڵام دەترسم، زۆر دەترسم...

ژان باتیست کە لە پشتمەوە ڕاوەستابوو گوتی:

دێزیرە! بەڕاستی هێشتا گەنجی! تاڵەموویەکی سپیت لەسەردا نیە!

لەحاڵێک‌دا پێ‌دەکەنیم گوتم:

–مووی سپی زۆرن ژان باتیست! بەڵام بۆ یەکەم‌جار ڕەنگم کردوون. باش بووە؟

بەڵام ئەو وەڵامێکی نەدایەوە. تەماشای دەوروبەری خۆمم کرد، ژان باتیست شنێلی قورسی کەوڵە سەگلاوکی بەشانی‌دا دابوو،و تاجی شاکانی سویدی لەسەر بوو. زۆر لەبەر چاوم بێگانەو گەورە بوو... نا، ئیدی ئەو ژان باتیستی من نەبوو بەڵکوو خاوەن‌شکۆ کارڵ یووهانی چاردەیەم پادشای سوێد بوو.

پادشا چاوێکی لە بەیان‌نامە زەردەکەی سەر دیوار کرد. پێشتر نەی‌دیبوو چونکە لەمێژ بوو پێی دە ژوورەکەی من نەنابوو.

–کچەکە گیان ئەمە چیە؟

–بەیان‌نامەیەکی زۆر کۆنە ژان باتیست. یەکەمین چاپی بەیان‌نامەی مافی مرۆڤە.

نێوچاوانی تێک‌نا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–باوکم چەندین ساڵ لەمەوبەر ئەوی کڕیو هێشتا مەرەکەبەکەی وشک نەبۆوە کە هێنایەوە ماڵێو ئەمن پاراستم. ئێستاش ئەو کاغەزە مەیلەو زەردە هێزم پێدەبەخشێو ئەمن پێویستیم بە هێزوەرگرتن هەیە. بۆخۆت دەزانی...

فرمێسک بە چاوانمدا هاتنە خوارو خۆجوانکردنەکەمی تێکدا.

–ئەمن بۆ ئەوە لەدایک نەبووم ببمە شاژن.

دوایە جارێکی دیکە پۆدرم لەو شوێنانە دا کە فرمێسکەکانی پێدا هاتبوونە خوار.

ژان باتیست پرسی:

–دەتوانم لێرە وەمێنم.؟

ئەو دوایە لەپەنا مێزی خۆڕازاندنەوەی من دانیشتو ئیبووت ئامرازی لوولکردنی قژەکانمی هێناو دەستی کرد بە ئەڵقەلێدانی مووی پێشەسەرم.

–لەبیرت نەچێ مووی تەپڵەسەری خانمی خاوەنشکۆ دەبێ ساف بن ئەگینا تاجەکەی بەسەرەوە ڕاناوەستێ.

–ژان باتیست ئەو کاغەزەی بەدەستتەوەیە لیستی گوناحەکانی تۆیە؟ زۆر درێژە.

–نا. بەرنامەی ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانە کە دەبێ بۆتی بخوێنمەوە.

سەرم ڕاوەشاند.

–باش گوێ بگرە! تاجلەسەرنان بە تێپەڕینی پێشقەرەوڵو خزمەتکارەکان بەو جلانەوە کە بۆ تاجلەسەرنان ساز کراون دەست پێدەکا. جلەکان زۆر جوانن‌و مسۆگەر سەرنجت ڕادەکێشن. پێشقەرەوڵەکان زوڕنایان بەدەستەوەیە. بە دوای واندا ئەندامانی حکوومەت دێنو پاشان نۆرەی نوێنەران دەبێ. لە کۆتاییشدا دەستەیەکی نوێنەرایەتیی نۆرویژ. ئەتۆ هەرلەوکاتەدا وەک شاژنی نۆڕویژیش تاج لەسەر دەنێی. دیارە ئەمن بیرم لەوە کردەوە کە ڕەنگە باشتر بێ جارێکی دیکەش لە نۆڕویژو لە کریستانیا تاج بکەیە سەرت. چونکە تامەزرۆیی خەڵکی سوێد بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی تاجلەسەردانانی تۆدا منی خستە ئەو فکرەوە کە...

–نا. نا لە کریستانیا هەرگیز.

–بۆچی؟

–دێزیدیریا لێرە خۆشەویستە. بەڵام لە نۆرویژ نا. لەبیرت نەچێ ئەتۆ نۆڕویژت بەزۆر ناچار بە یەکیەتی کردوە.

–بەڵام ئەمە پێویست بوو دێزیرە!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

–ڕەنگە ئەم دۆخە تاسەردەمی ئۆسکاریش بمێنێ بەڵام زۆر ناخایەنێ. بەهەرحاڵ گرنگ نیە...

–ئەتۆ دەزانی ڕاست چەند دەقیقە پێش تاجلەسەرنان باسی چی دەکەی؟ خەیانەت؟

–سەدسالّی دیکەو ئەوکاتەی ئەمنوتۆ لەسەر هەوران دانیشتبین دەتوانین لەوبارەیەوە قسە بکەین. ئەودەم نۆروێژیەکان جارێکی دیکە لەفکری سەربەخۆیی خۆیاندا دەبنو بۆ نیشاندانی دژایەتیی خۆیان دەگەڵ سوێد شازادەیەکی دانمارکی دەکەنە پادشای خۆیان. ئەمنو تۆش لەسەر هەورانەوە بەوکارەیان پێدەکەنین چونکە ئەو شازادە دانمارکیە بێگومان چەند دڵۆپ خوێنی بێرنادۆتەکانی لە دەماراندا دەبێ. بەڵێ ژان باتیست! زەماوەند لەنێوان کوڕو کچانی دراوسێکاندا ئەوەندە دوور لە بیرکردنەوە نیە... ئیبووت! بانگی ماری بکە تا یارمەتیم بدا جلی تاجلەسەرنانەکەم دەبەر بکەم.

مارسلینو ماری لە چاوترووکانێکدا غاریان دایە ژوورێ. باڵتۆخەوەکەم لەسەر شانم لابرد. ماری جلی تاجلەسەرنانی بەدەستەوە گرتبوو، لەپێشم ڕاوەستابوو، هەودا زەریەکانی پارچەکە بە تێپەڕینی ڕۆژگار دەرەوشانەوەیەکی ڕەنگزێوینیان پەیدا کردبوو کاتێک جلەکانم دەبەر کردن هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا. بێگومان جوانترین جل بوو کە لە هەموو ژیانمدا کردبوومە بەرم.

–باشە دوایە چدەبێ ژان باتیست؟ پاش تێپەڕینی دەستەی نوێنەرایەتیی نۆڕوێژ چی؟

–دوو کۆنتەکەی تۆ نیشانەکانی پادشایەتی لەسەر دوو باڵنجی شین...

–وەبیرت دێ کە ئەمن چۆنم دەسرۆکەی هەریری ژووزفین لە نۆتردام هەڵدەگرت؟ گیروگرفتی پەیداکردنی دوازدە کیژی سەربەمۆرت لەبیرە؟

–نیشانەکانی پادشایەتی دەبێ دووکەس لە ئەفسەرانی بەرچاوی وڵات هەڵیانبگرن. بەڵام پێداگرتنی تۆ...

–بەڵێ ئەمن پێم داگرت کە کۆنت بەراهەو کۆنت ڕووزەن ئەوکارە بکەن. کاتێک سوێدیەکانی دیکە ئامادە نەبوون کچە هەریرفرۆشێک قبووڵ بکەن ئەم دووانە وەک دوو نەجیبزادەی جوامێر لەگەڵ من مانەوە.

–لە دوای وانەوە خانمێک دەڕوا کە بۆخۆت هەڵتبژاردوەو تاجەکەی لەسەر باڵنجێکی سوور بەدەستەوە گرتوە.

لە هەڵبژاردنەکەم ڕازی نی؟ لە هیچجێیەک بڕیار نەدراوە کە دەبێ هەڵگری تاج کچێکی سەربەمۆر بێ. ئەوەی گرنگە دەبێ خانمێکی بەڕێز لە بنەماڵەی پیاوماقوولەکان بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەربۆیەش بڕیارم دا ئەو شانازییە بدرێ بە کیژۆڵە مارینا فێن کووسکوول هاودەمی پێشووی دەربار. ئەمە دەتوانێ بە سوپاسێک بۆ خزمەتەکانی بە خانەدانەکانی پادشایەتیی واساو بێرنادۆت دابنرێ.

بەڵام لەنەکاو ژان باتیست سەرنجی بۆلای نەقیمەکانی سەر تاجەکە ڕاکشاو نوقمی تەماشای وان بوو. ئەمنیش ئەنگوستیلەکانم دەدەستم کردنو لە کۆتاییشدا ملوانکە ئەڵماسەکەم کردە ملم. ملمی دەڕووشاندو سەرمایەکی سەیرم لەسەر ملم هەست پێدەکرد.

-مارسلین دەتوانی خەبەر بەوانەی لە سالۆنێ دانیشتوون بدەی کە ئەمن ئامادەم.

ماری دەیەویست شنێلە ئەرغەوانییەکەم بە شانانِدا بدا بەڵام ژان باتیست ئەوی لە ماری وەرگرتو بە ئارامی بەشانیدا دامو هەردووکمان شانبەشانی یەکتر لەپێش ئاوێنە ڕاوەستاین. لەبن لێوانەوە گوتم:

-ڕاست وەک ئەفسانەی شای پەرییان. پادشایەکی باڵابەرزو شاژنێکی ناسکو وردیلە... ئاوڕم دایەوە سەر ژان باتیستو داوام لێکرد بەیاننامەی مافی مرۆڤ لە دیواری بکاتەوە.

ژان باتیست بەسپایی قاپەکەی لە دیوار کردەوەو لەحاڵێکدا شنێلی پادشایەتی دەبەرو تاجی لەسەر بوو بەرامبەرم ڕاوەستاو بەیاننامەکەی بۆ ڕاداشتم. سەرمم دانواندو بەیاننامەکەم ماچ کرد. کاتێک سەرم هەڵبڕی ژان باتیست لەبەر هەژانی زۆر ڕەنگی بە ڕووانەوە نەمابوو.

دەرگاکانی سالۆن تەواو کرابوونەوە. ژووزفین منداڵەکانیی هێنان. کارڵی سێساڵە غاری دایە لای من بەڵام لەنەکاو بە ڕوخسارێکی ترساوییەوە ڕاوەستا.

-ئەمە دایە گەورە نیە، ئەمە شاژنە.

ژووزفینا کە جلێکی مەخمەری پەمەییڕەنگی دەبەردا بوو ئۆسکاری چووکەڵەی لە زەوی هەڵبڕیو هێنایە لای من. منداڵەکەم دەباوەش گرت. لەشی گەرم بوو، بەچاوی شینو سەری دەکرێ بڵێم بێمووەوە. لەبەر خاتری تۆو بۆتۆیە ئۆسکاری چووکەڵە، بەڵێ بۆتۆی ئۆسکاری دووەمە کە تاج لەسەر دەنێم...

هاواری خۆشحاڵی کە لەودیوی پەنجەرە داخراوەکانەوە دەهاتە بەر گوێ ئەو شەوەی وەبیر هێنامەوە کە شۆقی مەشخەڵەکان شەقامی ئانژوویان ڕووناک کردبوو. گوێم لە ژان باتیست بوو کە دەیگوت:

-بۆ یەکێک ئەو پەنجەرانە ناکاتەوە؟ ئەو هاوارهاوارە چیە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام ئەمن باشم دەزانی ئەوان دەڵێن چی. ئەوان شتێکیان دووپاتە دەکردەوە کە ئەو شەوە لە فەڕانسە هاواریان دەکرد. ئەوان هەرچی دەربارەی ئەو شەوە خوێندبوویانەوە لەبیریان مابوو،و هاواریان دەکرد "نۆترِدام دو لا پەی" بەسپایی منداڵەکەم وە ژۆزفینا دایەوە چونکە لەشم دەلەرزی.

ئەوەی دواتر ڕووی دا زیاتر وەک خەون دەچوو تا ڕاستەقینە. وێدەچوو پێشقەرەوڵەکانو خزمەتکاران لە کۆشک دەرکەوتبنو لەوانەش بوو بەدوای واندا وەزیرانو دەستە نۆڕوێژیەکە. کاتێک لە پلیکانە مەرمەڕیەکانی کۆشک دەچووینە خوار، چاوم بە کۆنت بەراهەو کۆنت رووزەن کەوت کە نیشانی پادشایەتیان دەگەڵ خۆیان دەبرد. ڕووزەن هەوڵی دەدا چاومان پێک بکەوێ. بەئارامی سەرمم ڕاوەشاندو کەوتمەوە یادی گەڕانەوەمان لە مالمێزۆنەوە بۆ پاریسو یادی ویلات... دووکۆنت بەئارامیو سەربەرز لە کۆشک چوونە دەر ساتێکی کورت کیژۆڵە فێن کووسکوولم دی دەگەڵ تاجێک کە لەسەر باڵنجی مەخمەری شین دەدرەوشایەوە. ئەو زۆر خۆشحاڵو سەربەرز دیار بوو. ئەمجار ژووزفیناو ئۆسکار لە کالیسکەیەکدا دانیشتنو دواکالیسکەش تایبەت بە هەردوو خاوەنشکۆ بوو. لەدڵی خۆمدا گوتم:

–وەک بووک، ڕاست دوای هەمووان دەگەمە کلیسا.

ئەودەم بوو کە لە هەموو لایەکەوە هاواری شادمانی بەرز بۆوە. ژان باتیست بزەلەسەرلێو بە دەستڕاوەشاندن وەڵامی هەستی خەڵکی دەدایەوە، بەڵام ئەمن دەتگوت ناتوانم هیچ بکەم. داخوا ئیفلیج ببووم؟ خۆم لەبەر سێرەی هەموو ئەو هاوارانەدا دەدیت... لانگ لوو درووتنینگن... و هەستم کرد فرمێسک چاوانم دەبرژێننەوە بەڵام کارێکم لەدەست نایە.

لە کلیسا ژان باتیست شنێلەکەی بۆ ڕێکوپێک کردمو بردمیە لای دەرگای کلیسا. لەوێ ئوسقوفی مەزنی سوێدو قەشەکانی دیکە چاوەڕوانمان بوون.

–پیرۆز بێ پێوقەدەمی ئەوەی بەناوی خوا دێتە ژوورێ.

بەدوای ئەم قسەیەی قەشەدا، مووزیک دەستی بەلێدان کرد،و دەنگی ئۆرگ بەرز بۆوەو ئیدی تا ئەوکاتەی ئوسقوفی مەزن تاجی لەسەر نام لە هیچ حاڵی نەبووم.

شەو درەنگوەختە و هەموو پێیان وایە ئەمن چوومە سەرجێی بۆ ئەوەی بحەسێمەوەو خۆم بۆ بەشداری لەو جێژنانەدا ئامادە بکەم کە سبەیو دووسبەی بە شانازیی شاژنە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێزیدیریای سوێدو نۆڕویژ بەرپا دەکرێن. بەڵام ئەمن تەنیا دەمەویست جارێکی دیکە دەفتەری بیرەوەری‌یەکانم بنووسم. سەیر ئەوەیە ڕاست گەیومە دواپەڕی. ڕۆژێک هەموو پەڕەکانی ئەم دەفتەرە سپی بوون‌و دیاری‌یەکانی جێژنی لەدایکبوونم لەسەر مێز بوون. ئەودەم تازە پێم نابووە تەمەنی چاردەساڵی‌یەوەو دەمپرسی چی لەم دەفتەرەدا بنووسم‌و باوکم وەڵامی دایەوە:

–ژیان‌نامەی هاونیشتمان بێرنادین دێزیرە کلاری.

باوکە! ئێستا تەواوی داستانی ژیانم نووسیوەو شتێکم بۆ نووسین نەماوە. ئێستا ژیان‌نامەی هاونیشتمانی فەڕانسەیی کۆتایی هات‌و ئەوەی دەست پێ‌دەکا ژیانی شاژنێکە. نازانم هەموو ئەمانە چۆن ڕوویان دا. بەڵام بەڵێنت پێ‌دەدەم باوکە! بەڵێن دەدەم هەرچی لە توانام‌دایە بەکاری بەرم تا نەبمە مایەی سەرشۆڕیی تۆ. قەتیش لەبیرم ناچێ کە ئەتۆ لە هەموو ژیانت‌دا هەریرفرۆشێکی سەربەرز بووی.

**کۆتایی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پاشبار

بۆ ئەوەی خوێنەرە بەڕێزەکان بۆ تێگەیشتنی بەشێک لەو وشەو زاراوە کوردیو بێگانانە کە لەم وەرگێڕانەدا هاتوون گیروگرفتیان نەیەتە پێش، دانانی ئەم فەرهەنگۆکەم بە پێویست زانی. ڕەنگە وشەگەلی دیکەش هەبن کە پێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەبێ، بەڵام بۆخۆم هەر ئەمانەم بە بیردا هاتن. –وەرگێڕ–

## فەرهەنگۆک

ئاڕشید دوشێس: کچانی بنەماڵە پادشایەتییەکانی ئورووپا.

ئاوجا: ژنی شووبرا، ژنانی دووبرا ئاوجای یەکترن.

ئەنفیە: تێکەڵێکە لە هێندێک دەرمانی بۆنخۆشو هۆشبەر کە بۆنی پێوە دەکەنو پێی گێژ دەبن.

ئیسکلە: شوێنی ڕاوەستانو بارکردنو بارداگرتنی کەشتی.

باڕوون: پلەوپایەیەک بوو پادشاکان دەیاندایە ژێردەستانیانو دەبوونە حاکمی ناوچەیەک.

بالماسکە: کۆڕێکی سەماکردنە کە بەشدارانی دەبوو یان ڕوخسارییان بگۆڕن یان دەمامک بکەن.

باندۆڵ: هەودایەکی لێکهاڵاوی کانزایی لە سەعاتی قورمیشیدا بوو کە بەڕاستو چەپدا دەسووڕا.

برلیان: ئەڵماسێکە کە لە هەموو لایەکەوە تاشراوە بۆئەوەی باشتر ببریسکێتەوە.

بەتڵ: بەشێکی زۆر لە شەو.

بەرخەبەبە: چەرمی ژێر چەنەگە. ڕەنگە لە غبغب وەرگیرابێ.

بەردەنگ: ئەوەی قسەی دەگەڵ دەکەی، ئەوەی قسەی بۆ دەکەی، (مخاطب).

بەرناو: لەقەب، ناسناو، یان نازناو.

بووفە: شوێنی چووکەڵە بۆ فرۆشتنی خواردەمەنی، یان بەخشینی بە میوانان.

پاپیۆن: پەپوولە، مەبەست ئەو پارچەیەیە کە لە جیاتی کراوات (بۆینباغ) بۆ جوانی دەملی دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشبار:	دوابار لە ماڵ گوازتنەوەدا. لێرەدا بۆ دوا قسە بەکار براوە.

پایەبەرز:	وشەی ڕێزدانان لە شازادەکانە ژن، یان پیاو دانراوە، بۆژنان هێندێجار گوتراوە خانمی پایەبەرز، لەجێی (والاحضرت)ی فارسی دانراوە.

پەڕەمووچ:	پەڕی مریشک و باڵندەی دیکە کە وەک فلچەی ئێستا بۆ نووسین بەکار دەبرا.

تەبار:	بارستایی، شتی زۆر کە لەسەریەک کەڵەکە بووبێ.

تەعمیدی:	منداڵێکە کە بۆ یەکەمجار کەسێک غەیری دایکو باوکی دەیشواو ناوی بۆ دادەنێ. لەنێو مەسیحی‌یان باوە. بەمنداڵەکە دەڵێن منداڵی تەعمیدیو بە پیاو یان ژنەکەش دەگوترێ دایک و باوکی تەعمیدی.

تەڵخ:	ڕەنگ‌تاریک، ڕەنگ‌لێڵ.

تێمان:	دامان، سەرلێشێوان، بڕیار بۆنەدران.

جەب:	جەبدانی کەسێک چاوپۆشی‌لێکردنیەتی لە کارێک کە دەبێ کۆمەڵێک ئەنجامی بدەن.

چەکمەجە:	جێگای دانانی کەلوپەل لە مێزو کەنتۆردا، (کشو)ی فارسی.

خاکەمشار:	خاکەی مشار، ئەو وردەخاکەیە کە کاتی بڕینەوەی دار بە مشاردەکەوێ.

خاوەنشکۆ:	وشەی ڕێزدانانە بۆ شاو شاژن، بۆشاژن جاری وایە خانمی خاوەنشکۆ گوتراوە. لەجیاتی (اعلاحضرت)و (علیاحضرت) یان (صاحبالجلالة) و (صاحبةالجلالة).

دادێ:	لەمەودوا، (ئایەندە).

داوخواز:	ئەوەی بە دڵخوازی خۆی کارێک دەکا، (داوطلب)، (متطوع).

دایکەزا:	ئەوەی لە منداڵی‌یەوە شتێک بووبێ، (مادرزاد).

دەربار:	بارەگای پادشاکان.

دەریاسالار:	ژەنڕاڵی هێزی دەریایی.

دەریالێدان:	سەرەگێژەو تێکچوون بە دیتنی دەریا.

دەلیجان:	ئامرازی هاتوچوو بووە وەک کالیسکە کە ئەسپ ڕایانکێشاوەو جێگای خەڵکی زۆری هەبووە.

دەهۆ:	فێڵ، گزی، خەڵەتاندن، غەدر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووک: پلەو پایەیەک بوو پادشاکان دەیاندایە ژێردەستانیانو دەبوون بە حاکمی ناوچەیەک. پلەیەک بوو بەرزتر لە باڕوون.

دیرێکتوار: سیستمێکی حکوومەتی بووە لە دوای شۆڕشی فەڕانسە دامەزراوە.

دێسێر: خواردنی دوای خۆراکی سەرەکی وەک شیرنی و میوەو بەستەنی.

دیکتەکردن: ئیملا، ئەوە کە شتێک بڵێی بۆ ئەوەی یەکی دیکە بینووسێ. وەک ئیملآی قوتابخانە.

دیکوولتە: جۆرێک کراسی ژنانەیە کە ئێخەکەی کراوەیە.

ڕێژە: ڕۆیشتنی ڕێکوپێکی سەربازان لە ڕێوڕەسمەکاندا، (مسیرە).

زەوەڕداخستن: زەخیرەداخستن بۆ زستان یان بۆ کاتی شەڕو تەنگانە.

زێڕچن: ئەو پارچەیە کە هەودای لە زێڕی تێدا بەکار هاتبن، (زربافت).

زیزفوون: گیایەکە بە شکڵی دارێکی جوان لە باشووری فەڕانسە دەڕوێ.

ساتەن: قوماشێکی باشی جلوبەرگی ژنان بووە کە لە لۆکە دروست کراوە.

سالۆن: ژووری زۆر گەورە بۆ کۆبوونەوەو دانیشتنی میوانان.

سەربەمۆر: دەست لێنەدراو، لێرە دا بۆکچی پاکو دەست لێنەدراو بەکار هاتوە، (باکرە).

سەروان: نەقیب، پلەیەکی سەربازی یە.

سوتوان: مولازیم، پلەیەکی سەربازی‌یە.

سووپ: خواردنی سووک و شل کە پێش خواردنی خۆراکی قورس دەخورێ.

سێن: تەختەی شانۆ. ٢-ڕووبارێک لە فەڕانسە.

شارشێوێن: بە جوانێک دەڵێن کە هەموو خەڵک ئاشقی بن (شهرآشوب).

شارلمان: یەکێک لە پادشاکانی فەڕانسە.

شنێل: سەربەرگێکە وەک باڵتۆ بەڵام قۆڵەکانی نادوورێن.

شۆڤال بلان: بەمانای ئەسپی سپی‌یە، بەڵام لێرەدا ناوی کۆشکێکە.

فراک: جۆرێک چاکەتی پیاوانەیە.

کونپشکن: ئەوەی زۆر بەدوای شتدا دەگەڕێو دەیەوێ سەری لێ دەرکا، (کنجکاو).

کونسوول: ڕاوێژکار، نوێنەری دەوڵەتان خوارتر لە باڵیۆز، لەم کتێبەدا بۆ ئەنجومەنێکی دەوڵەتی بەکار براوە کە لە سێ کونسوول پێکهاتوەو کونسوولی یەکەم بە کردەوە سەرۆکی دەوڵەت بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنت: بەرناوێکە وەک شازادە کە دەدرێ بەوانەی خزمەتی گەورەیان کردوە.

کۆنتێس: هاوسەری کۆنت. ٢- ژنێک کە ئەم بەرناوەی وەرگرتبێ.

کیژۆڵە: کیژی تازەپێگەیشتوو، (دوشیزە)، (مادموازێل).

گراند دوشێس: کچانی بنەماڵەی تزاری ڕووس.

گرموولە: هەویر یان هەر شتێکی نەرم کە بە دوو قامک دەیکەنە کڵۆی چووکچووکە.

گەچلان: شەمزان، برینداربوونی میوەی وەک سێوو هەرمێ.

گوجوولە: خونچە، چرۆ، ئەوەی دوای پشکووتن دەبێتە گوڵ یان گەڵای داران.

گیووتین: دەزگایەک بوو بۆ سەرپەڕاندنی دژبەران، لە دەستی دەسەڵاتداراندا.

لاسەر: بەشی ڕاست یان چەپی سەر، (شەقیقە).

لاڵەپەتە: ئەوکەسەی لە قسەکردندا زۆر زمانی هەڵدەنگوێ، (ألکن).

لۆژ: ژوور، پتر بۆ ژووری تایبەتی لە سینەماو تێئاتر بەکار دەبرێ.

لۆنژەلێم:

لیژیۆن دۆنۆر: بەرزترین میداڵی فەڕانسە.

مارچێوە: گیایەکی بەشێوەی دارێکی جوانە لکەکانی وەک سەوزی دەخورێن، (مارچوبە)

ماهاگۆنی: ڕەنگێکە، بەڵام بۆم ساغ نەبۆوە بە کوردی دەبێتە چی. بۆیە وەک خۆی هێنام.

مجری: سندووقی چووکەڵەی هەڵگرتنی شتی گرانبایی.

مووسلین: ئەمەش هەر جۆرە قوماشێکی باشی جلوبەرگی ژنان بووە کە لە لۆکە دروست کراوە.

مۆبڵ: قەنەفە.

مۆتە: مۆتەکە، خوێنڕاوەستان لەخەودا کە مرۆڤ خەونی ناخۆش دەبینێ و ناتوانێ بجووڵێ.

مینیاتۆر: وردەکاری بە بەردو کانزای قیمەتی لەسەر تەختە لە دروستکردنی شتی وەک قەڵەمدان، تەختەنەرد، جێسیگارو...دا.

ناو: کەشتیی سەربازی، کەشتیی شەڕکەر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوگان:        گەلەکەشتی، کۆمەڵێک کەشتیی شەڕکەر، (اسطول).

نەدیمە:        هاودەم، ئەو ژنانە کە بوونە هاودەمی ژنە پادشاو نەجیبزادەکانو باوەڕپێکراو بوون.

نیوقەد:        باڵتۆ یان هەر سەربەرگێکی دیکە کە تەنیا تا سەر پشتێنی بنیادەم دێتە خوار.

واکسێل:

وشکانی:    وشکی، لێرەدا لەجیاتی (قارە) بەکار هاتوە.

وەلیعاد:    لە جیاتی "ولیعهد"مان داناوە، چونکە کوردی نەخوێندەواریش تێیدەگا. پێم باشتر بوو لەوەی بنووسم شازادەی جێ نشین، چونکە وەلیعادو جێنشین فەرقیان هەیە.

یۆنیفۆرم:    یەکشێوە، وەکیەک، ئەو جلوبەرگە هاوشێوەیە کە سەربازان یان قوتابییان دەبەری دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org